

له مههابادهوه تا سیبریا

بیرهوهرییه پڕ له ڕووداوهکانی دکتۆر ئاسۆ

قادر مهحموودزاده - دکتۆر ئاسۆ ■

وهرگیڕانی: خالید فاتیحی ■



له مه‌هاباده‌وه تا سیبریا

قادر مه‌حموودزاده - دکتۆر ئاسۆ

بیره‌وه‌رییه پڕ له ڕووداوه‌کانی دکتۆر ئاسۆ

وه‌رگێڕانی: خالید فاتیحی

ناسنامەی کتێب ...
ناوی کتێب: لە مەهابادەوە تا سیبریا
بیرەوەرییە پڕ لە ڕووداوەکانی دکتۆر ئاسۆ
ناوی نووسەر: قادر مەحموودزادە - دکتۆر ئاسۆ
ناوی وەرگێڕ: خالید فاتحی
پێداچوونەوە و هەڵەبری: مەحموود هۆمەر باوزی
دیزاینی بەرگ و ناوەرۆك: ئیبراهیم ساڵح
نۆرەی چاپ: یەکەم- 2025
تیراژ: 1000
نرخ: 15000

سەرەتای بەسەرهات

لە ساڵی ١٩٢٣ی زاینی بەرامبەر بە ١٣٤٢ی کۆچی مانگی لە ٢٧ی مانگی رەجەب لە شاری کوردنشینی مەهابادی موکری لەدایکبووم. بەرواری لە دایکبوونم باوکم لە کتێبی پیرۆزی (دلائل) یادداشتی کردبوو. مەهاباد، سابلاخ یان ساوجبلاخی کۆن کەوتۆتە باشووری دەریاچەی ورمێ، شاری ئەفسانەیی خەڵکانی کونجکۆڵ و میوان دۆست و غەریبەگرە، هەمیشە کانگای خێر و بەرەکەت بووە بۆ ئەوانەی تازە دەهاتن لە بەرپرسانی دەوڵەتی و خەڵکانی لاوەکی. زۆربەی خەڵکی مەهاباد کوردی موکرین. هەر بۆیە، لە ڕابردوو پێیانگوتووە ساوجبلاخی موکری. لە مەهاباد جولەکە و چەند بنەماڵەیەکی ئەرمەنیش هەبوون. ئەرمەنییەکان زۆربەیان پێڵاودروو بوون و جولەکەکانیش خەریکی کاری بازرگانی و کڕین و فرۆشتن بوون، لە قەراخ چۆمی مەهاباد نیشتەجێ بوون[1].

حەوت ساڵ پێش لە دایکبوونی من لە مەهاباد، لەلایەن کازاخەکانی رووسیاو لە سالانی جەنگی یەکەمی جیهانی کوشتارێکی ترسناک روویدا، زیاتر لە ١٠ هەزار کەس لە دانیشتوانی ١٤ هەزار کەسی مەهاباد لە ژن و منداڵ و پیر و گەنج لە زستانی ساڵی ١٩١٦ لەژێر شمشێری زاڵمانە و مرۆڤ کوژ و خوێنخۆرو لە خوا نەترسە کازاخە رووسەکان، خەڵتانی خوێن کران.

شاری بچووک و بێ بەرگری و گوندەکانی دەوروبەری کرانە گۆمی خوێن. تەرمی کوژراوەکان لە کوچەو لاکۆلانەکان بوونە پارووی دڕەندە و دالاشەکان، کەسیش نەبوو بیاننێژێ. بۆگەنی تەرمی کوژراوەکان هەروەک ئەوانەی دیتبوویان دەیانگوت سالانێک بە بەرلووتیاندا دەهات و ئازاری دەدان کە لە ژێر کەلاوە و خانوە سووتاوەکاندا مابوونەوە و دەدۆزرانەوە.

---

[1] ئێستا جولەکەکان بۆ ئیسرائیل و شارەکانی دیکەی ئێران کۆچیان کردووە و مەسیحییەکان بە دەگمەن لە شاری ماون کە زۆربەیان بەهۆی پیشەکەیانەوە لەوێ مارنەتەوە.

قولایی کارەساتەکە تەنیا بە مەهاباد کۆتایی نەهات، بەڵکو خەڵکی گوندەکانی دەوروبەریشی گرتەوە و ئەوانیش کەوتنە بەر شمشێری جەللادانی کازاخ.
تەرمی ڕێبەری ئەم ڕاپەڕینە گەلی و ئیسلامییەی مەهاباد بەڕێز میرزا فەتاحی قازی کە لەو بەرەنگارییەی لە حەساری مزگەوتی شادەرویش لەلایەن رووسە داگیرکارەکانی تزاریدا شەهید کرا، دوای چەند ڕۆژێک بە خاک سپێردرا. میرزا فەتاحی قازی پیاوێکی زانا و شاعیر و نووسەرێکی بە توانا بوو. لە دەورانی شا موزەفەرەدینی قاجار بۆ ماوەیەک لە تاران زیندانی بووە، دوای ئازاد بوونی لە زیندانی قاجارەکان لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگ و خانەدانی تاران ژن دێنێ و دواتر ژنەکەی لەگەڵ خۆی دێنێتەوە بۆ ساوجبلاخی موکری. لە تەنیشت مزگەوتی قازی لە خانوویەکی گەورەدا دەژیت و بە کاروباری خەڵکی ڕادەگات.
ماڵی باوکم پێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی ماڵیان لە نزیک ماڵی ئەوان بووە، میرزا مستەفای باوکم چەندین جار باسی دیداری ژەنەڕاڵی رووسی و میرزا فەتاحی دەگێڕایەوە کە پێش ڕوودانی کوشتوکوشتاری شار و دەوروبەری لە باڵەکۆنی دادگا دیتبووی. باوکم شایەدی ڕووداوەکە بوو دەیگوت: ژەنەڕاڵە ڕووسەکە بە پێنج سواری کازاخەوە لە پەنا دیواری دەرگا گەورەکەی ماڵی میرزا فەتاح ڕاوەستابوو، بە قسەی ڕەق و نەشیاو بانگی میرزا فەتاحی دەکرد. میرزا فەتاح لە ژوورێکی پەنا دادگا کە بەسەر حەسار و گۆڕەپانی پێش مزگەوتی قازیدا دەیڕوانی، لەوێ دانیشتبوو گوێی لە قسەکانی ژەنەڕاڵ بوو، پەنجەرەکەی کردەوە، بەڕووی باڵەکۆنی دادگا و بەوپەڕی هەیبەت و ویقاری خۆیەوە دەرکەوت.
ژەنەڕاڵ بە تووڕەییەوە رووی لە میرزا فەتاح کردو لە ڕێگەی وەرگێڕەکەیەوە گوتی: میرزا فەتاح بڕوادارەکانت ناهێڵن درێژە بە کاروبارەکانی خۆمان بدەین و ڕێگری لە بەرەوپێشچوونی سەربازەکانمان دەکەن دژی تورکەکان. ئێمە هیچ کارێکمان بە ئەوان نەداوە، با ئارام بن و خۆیان لە کاری دەوڵەتان هەڵنەقورتێنن، ئیمە هیچ دوژمنایەتییەکمان لەگەڵ ئەواندا نییە. ئەگەر دەست لەو شەڕانگێزیەش هەڵنەگرن ئەوە خۆتزانی، من دەڕۆم و دەگەڕێمەوە ئەگەر هەرشتێک ڕوویدا، ئەوە تۆ دەبێ وەڵامدەرەوەی بیت و ئامادەی هەر ڕووبەڕوو بوونەوەیک بی.
میرزا فەتاح زۆر لەسەرەخۆ بە ژەنەڕاڵی گوت: بەڕێز! خەڵکی شارەکەمان هیچ جۆرە دوژمنایەتییەکیان لەگەڵ دەوڵەتی ئێوەدا نییە و پشتیوانی تورکەکانیش ناکەین. ئەگەر

ژمارەیەکی کەم دژی ئێوە درووشم بڵێن، نابێ بە خەتای خەڵکی شار و گەلی کوردی بزانن. لەلایەکی دیکەوە خەڵکی ئەم مەڵبەندە بیروباوەڕیان بە ئاین هەیە و پەیڕەوی لە ئاینی ئیسلام دەکەن، ئەوەی من بیستوومە سەربازانی رووس و کازاخەکانی ئێوە لەناو خەڵکدا بە پێچەوانەی روکنەکانی دین و ئیسلام دەجوڵێنەوە، بەدمەستی دەکەن و دەستدرێژی دەکەنە سەرناموسی خەڵکی. باشتروایە جەنابت پێش بەو دەستدرێژی و بێ ئەدەبیانە بگری، خەڵکی ئێمە و شاری ئێمە میواندۆستن تا ئەو کاتەی میوان دەستدرێژی نەکاو پێ لە بەڕەی خۆی زیاتر رانەکێشێ، هیچ کەسێک کاری بەکاری ئەوان نییە.

ژەنەڕاڵ ئەو قسانەی پێخۆش نەبوون، ئەو دەستەی قامچی ئەسپەکەی پێوەگرتبوو بەرزی کردەوەو گوتی: ئێمە دەڕۆین و بەمزوانەش دەگەڕێینەوە. میرزا فەتاح زۆر لەسەرخۆ و ئارام لە وەلامی ژەنەڕاڵدا گوتی ئێمە ئامادەین بۆ پێشوازیتان. ژەنەڕاڵە رووسەکە لەگەڵ کازاخەکان، ئاوزەنگیان لێدا و رۆیشتن. بە زمانی رووسی جنێویان دەدا.

مانگێک بەسەر ئەم قسەوباسانەدا تێپەڕیبوو، کە لە ئاواییەکانی دەورووبەر هەواڵێکی ناخۆشمان بیست. بەفر هەموو جێگایەکی داپۆشیبوو سەرماو بەستەڵەکێکی سەخت بوو، بەرەبەرە رێگاکان دەگیران. خەڵکی شار لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێدا بوون ئەو کەسانەی توانایان هەبوو ژن و منداڵەکانیان بە ئەسپ و داشقە لە شاری دەبردنە دەرێ و بۆ گوندەکانی سنووری عێراقیان ڕادەگواستن، بەشێکیش لە خەڵکی شار بە سەروەت و سامانیانەوە خۆیان لە ماڵی حاجی ئەحمەدی بازرگانی مەهابادی داویشت وەک دەیانگوت لەلایەن دەوڵەتی رووسەوە باوەڕپێکراوە. هەندێکیش پەنایان دەبردە ماڵی جولەکەکان و شابەندەر خانە (شوێنی پیاوانی ئاینی ئەمریکی لە مەهاباد)[٢]و لەوێ بەدیار چاوەڕوانی چارەنووسێکی ترسناکەوە رۆژیان دەژماردن، گویە حاجی ئەحمەد نێوانی لەگەڵ رووسەکان خۆشەو لەلایەن دەوڵەتی قاجارەوە پلەوپایەی هەیەو لەلای خەڵکی خۆیشیدا باوەڕپێکراو و جێگەی متمانەیە.

ڕووسەکان لەلای میاندواو و، ورمێ وە دەستیان بە کوشت و کوشتاری گوندنشینە کوردەکان کردبوو، بەرەولای ساوجبلاخ (مەهاباد) لە پێشڕەویدا بوون، لە گوندی

[٢] ئەم شوێنە کەوتبووە پشت مزگەوتی سەید نیزام دواتر کرایە قوتابخانەی پەهلەوی نووسەر بۆیەکەمجار لەو قوتابخانەیە دەستی بە خوێندن کردووە.

ئیندرقاش لە نزیک مەهاباد جێگیر بوون، دوای کوشتاری گوندنشینە بێچارەو بێ پەناکان لەوێ دامەزران. لە گوندی ئیندرقاش باوکی دایکم کە ناوی وسێنە جلە بوو لەوێ دەژیا، کازاخەکان باپیرم و کوڕێکی جحێڵی خۆی، پیاو و هەرچی کوڕێژگە بوو لە ئاواییان بردنە دەرێ و لەلای ڕەزەکان ڕیزیان کردن.

جەللادانی خوانەناسی کازاخی بە شاشکا (شمشێری رووسی) گۆشاوگۆش ملیان پەڕاندن و خوێنی ئاڵی ئەو جوتیارە کوردانە بەسەر بەفری زستانی ساڵی ١٩١٦دا ڕژا، جەللادەکان بە هاتوهاواری مەستانە چێژیان لە ڕژانی خوێنی جوتیارە کوردەکان وەردەگرت. سات بە سات ئەم هەواڵە ناخۆش و جەرگبڕە لەلایەن ئەو کەسانەی بەو سەرما و شەختەبەندەوە ڕایان دەرکرد، دەگەیشتن و خەڵکیان وەترسولەرز خستبوو. خەڵک بەناچاری پەنایان دەبردە بەر جولەکەکان و ئەو بەرپرسە دەوڵەتیانەی جلک و بەرگی کوردییان لەبەردا نەبوو. میرزا فەتاح داوای لە خەڵک کرد لە ڕێگای دین و نیشتیمان و ناموس، ئارام و لەسەرخۆ بن، بۆ بەرگری کردن و شەهید بوون، خۆیان ئامادە بکەن و داوای لە گەنجان کرد لەبەرامبەر هێرش و پەلاماری رووس و کازاخە خوێنخۆرەکان سەنگەر بگرن. میرزا فەتاح بە وردی ئاگاداری بارودۆخەکە بوو، باش هەستی بەو ئارامییەی پێش تۆفانەکە دەکرد. پەیتاپەیتا هەواڵی پێشڕەوی رووسەکانیان دێنا بەرەو ساوجبلاخ (مەهاباد)ی موکری، ئەوە بوو شەوی هەینی و کۆتایی مانگ هەواڵیان هێنا پێش قەرەوڵە کازاخەکان و لەشکری زۆروزەوەندی رووسەکان گەیشتوونەتە داوێنی چیای خەزایی (کە کەوتۆتە باکووری مەهاباد و ئەوبەری ڕووباری) یەکەی ئەندازیاری لە داوێنی کێوەکە خەریکی پاککردنەوەی جادەبوون ڕێگایان بۆ هێنانی تۆپخانە و سەنگەر لێدان ئامادە دەکرد.

میرزا فەتاح چەند دەستەیەکی لە فیدایی و ئەو گەنجە لە خۆبووردوانە پێکهێنابوو لە ڕێگا هەستیارو ستراتیژەکاندا جێگیری کردبوون، بۆ خۆیشی لەگەڵ چەند کەسێک لە خزم و هاوبیرانی، لە سپێدەوە لە باڵەخانەی قشڵە ناوەندی دەوڵەتی دەورانی قاجار خەریکی بەسەرکردنەوەی سەنگەرەکان و جێگۆڕکێ کردنی خەباتکاران بوو، لەوانە سالاری کوڕی بە چوار چەکدارەوە، میرزا کەریمی کوڕی قازی مونعیم بەسێ پێشمەرگەوە، سەید کەریمی قوشچی بە چوار چەکدارەوە، هەریەکەو لەو شوێنەی بۆیان دیاریکرابوو لە بەرامبەر کێوی خەزایی و دەشتی عەلی زەمانیان سەنگەریان گرت و ئامادەی ڕووبەڕوو بوونەوە بوون.

لەلای (سێ ئاشان)یش نزیکەی حەفتا کەسی فیدایی لە سەنگەرەکان دامەزرا بوون، لە نێوان ئەو دوو دەستانەش لە خانوەکان و کۆڵانەکان تفەنگچی شارەزاو ئەنگێوە خۆیان بۆ ڕووبەڕوبوونەوە لەگەڵ لەشکری دوو هەزارەی سوارەو پیادەی رووس و کازاخەکان ئامادە کردبوو. لەلای باکووری شار ئەو جێگایەی رووسەکانی لێ دامەزرا بوون، تەمتومان بوو کازاخەکان خۆیان لەناو باخەکانی دەورووبەری شاردا، حەشاردابوو. دوژمن زۆر بە پارێزەوە دەهاتەپێش، دەیویست شاری مەهاباد لەلای ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژئاواوە گەمارۆ بدات.

ناوەناوە لە هەردوولاوە تەقەیەک دەهات، لەناکاو بایەک لە لای شارەوە بەرەو باکوور هەڵیکرد، سەروکەللەی سەربازانی رووس و کازاخ و تۆپخانەکانیان دەرکەوتن، ئەوان گەیشتبوونە قەراخ ڕووبارە بەستووەکە و دەیانویست بەسەریدا بپەڕنەوە، یەکێک لە فیداییەکان هاواریکرد سەربازانی رووس و کازاخ خەریکە بەسەر ڕووبارە بەستەڵەکەکەدا دەپەڕنەوە. هەر لەگەڵ ئەوەی گوللەیەکیان تەقاند تۆپخانە شاریان وەبەر تۆپاندا و تەقە دەستیپێکرد. قارەمانانی رۆژئاوا کە لەژێر فەرمانی میرزا فەتاحدا بوو دلێرانە لێیان هاتنەدەست، ئەو جوامێرانە زۆر بە چاپووکی و بەیەکەم دەستڕێژ ژمارەیەک کازاخییان کوشتن. میرزا فەتاح بۆخۆی شەش قەراوڵی کازاخی ئەنگاوتن و لەسەر ئەسپەکانیانەوە گلان، شەڕ لە هەموولاوە گەرم بوو، کازاخەکان لە لەشکری ئەژدیهای سیبیریا بوون.

فیداییەکانی مەهاباد بەوپەڕی ورەبەرزییەوە بۆ ماوەی سێ سەعات و نیو لە شەڕدا بوون. ژمارەیەکی زۆریان لە داگیرکاران کوشت، لە جەنگەی ئەو شەڕە گەرمەدا لەناکاو دەنگی کەوتنی شتێک لە باڵەخانەی قشڵە بیسترا، فیداییەکان لەپێشدا هەستییان نەکرد، بەڵام کاتێک دیتیان دەنگی ئەڵڵاهو ئەکبەری میرزا فەتاح نەما، جەنگاوەرەکان هەروا لەسەنگەرەکانیاندا سەرگەرمی شەڕبوون، بەڵام دوای چەند ساتێک بۆیان دەرکەوت دەنگی تەکبیر و ئەڵڵاهوئەکبەری میرزا فەتاح نابیستن. سەید کەریم کە لەنزیک فەرماندەی دەستەی میرزا فەتاح شەڕی دەکرد، دیتی میرزا فەتاح لە سەنگەرەکەیەوە پەرت بۆتە خوارێ و خوێن بەناوچاوانیدا دێتەخوارێ. میرزا فەتاح پیاوێکی بەخۆوە و بەهەیکەل بوو، بۆیە لەکاتی کەوتنەخوارەوەی ئەو دەنگە هاتووە، کارلەکار ترازابوو گوللە بە نێوان هەردووک برۆیانی کەوتبوو، شەهید ببوو. مێشکی پژا بوو، سەید کەریم هەستی بە کارەساتێکی دژوار کردبوو ئەوانیدیکەش

لەوەتێگەیشتن کە بەرەنگاری زیاتر هیچ دەرەنجامێکی نابێ، رووسەکان لە رووباری پەڕیبوونەوە و زۆریان نەمابوو بیانگەنێ، فیداییەکانی بەرەی سێئاشانیش کەوتبوونە ژێر گوشارێکی سەختی رووسەکان و خەریک بوو پاشەکشەیان دەکرد. جەنگاوەرەکان بە لاکۆڵان و کۆڵانە پێچاوپێچەکاندا بەدوای دۆزینەوەی پەناگادا دەگەڕان و بە شەڕ و پاشەکشە لە هەوڵوکۆشش دابوون.

سەربازانی رووس و کازاخەکان لە سێ لاوە هاتنە ناوشار و خەڵکیان وەبەر شمشێراندا. بەزەییان بە هیچ کەسێکدا نەهاتەوە، روویان کردەماڵی حاجی ئەحمەد کە مەکۆی دانیشتوانی شار بوو، حاجی ئەحمەد بە جلک و بەرگ و کلاوی فەرەنگی رووسی لەبەر دەرگا ڕاوەستابوو، بە خەندەوە پێشوازی لە داگیرکەران کرد، بەو بیانوەی بەڵکو زەنگی سەرخۆشی سەرکەوتنی کازاخە خوێنخۆرەکان دامرکێنێتەوە و دەست لە تاوان و تراژیدیا هەڵبگرن، نەخێر ئەوان پێش هەموان حاجی ئەحمەدیان شەهید کرد و دواتر هەموو ئەوانەی پەنایان بۆ هێنابوو وەبەر مەودای شمێشزانیان دان و ماڵی حاجی ئەحمەدیان کردە گۆمی خوێن. ماڵەکەی حاجی ئەحمەدیان لەگەڵ دوکان و تێکڕای ماڵەکانی دیکە ئاگردا، وەک گەلی مەغۆل دەستیانکرد بە کوشت و کوشتار و سووتاندن و ئەتک کردن. سێ شەو و ڕۆژان لەو شارە بچووکەدا کوشتاریان کرد، تەنانەت سەگ و پشیلەشیان کوشتن، تاکوتەرای خەڵکی شاری لە ماڵە جولەکەکاندا خۆیان پەنادابوو. بەڵام ئەوانەی پەنایان بردبووە (شابەندەرخانە) هێنایاننەدەر و بە شمشێر ملیان پەڕاندن. لە ماوەی سێ ڕۆژدا زیاتر لە دە هەزار کەسیان شەهید کرد. گورگ و چەقەڵ و داڵاش لەسەر ئەو لاشەوە دەچوونە سەر لاشەیەکی دیکە بۆ ئەوەی یەک بەدوای یەکدا بیانخۆن. کازاخە خوێنخۆرەکان بەناو شاردا دەگەڕان بۆ ئەوەی کەسێکیان دەستبکەوێ و بیکوژن، بەڵام هیچ بوونەوەرێک نەمابوو. دوای سێ ڕۆژ و شەوان دەستوپێوەند و هەڵگیرسێنەرانی ئەم جەنگە دڕندانەیە، بە شەقام و کۆڵانەکاندا جاڕیانکێشا و دەیانگوت کوشتوکوشتار تەواو بوو وەرنە دەرێ کوژراوەکان بنێژن، ئەی ئەوانەی گوێتان لێیە یان خۆتان حەشارداوە وەرنە دەرێ. هەندێک ئەگەر لەبرسانیش هاتبانە دەر نانێکیان دەستنەدەکەوت تا خۆیانی بۆ فیدابکەن.

جولەکەکان بە جلوبەرگی خۆیانەوە وەدەرکەوتن، ئارەق و شەرابیان بۆ کازاخەکان دەبرد و دەیانویست دۆستایەتییان لەگەڵ دروست بکەن. زۆر لەوانەش کە کورد

نەبوون بەترسولەرزەوە لە پەناگاکانیان دەهاتنەدەر. بابم دەیگوت هەر کۆت و شەروالم لەبەردەکرد و شەپقەشم لەسەردەنا و کەمێکیش رووسیم دەزانی. ماڵمان لە نزیک مەیدانی ئاسنگەران بوو، کۆلانەکەمان تەنگەبەر بوو، دوو مەتر پان و شەش مەتر درێژ بوو تەنیا سێ ماڵمان جیران بوون. ماڵی ئێمە کەوتبووە ناوەڕاست، لەلای راستەوە ماڵی حامیدی مەجیدە شەل بوو، لای چەپیشمان ماڵی عەبدوڵلا سوور بوو. رووسەکان لە ماڵە چۆڵەکەی حامید دا نیشتەجێ ببوون. ئێمە لەپشت دەرگا بەردێکی زۆرمان کۆکردبوونەوە و لەسەریەکمان هەڵچنی بوون و ئاومان پێدا کردبوون، یەکسەر ببوونە شەختەو بەستەڵەک.

سەربازانی رووس و کازاخەکان مەست و شمشێر بەدەست لە دەرگایان دەداو لە درزی دەرگاوە شمشێریان دێناژوورێ و دەیانویست دەرگاکە بکەنەوە، بەڵام لەودیو دەرگا، کە بە کەڵەکە بەرد هەڵمانچنی بوو بەستبووشی هیچیان بۆ لەگەڵ نەدەکرا بۆیە ماڵەکەمان وەک ماڵی چۆڵ دەهاتەبەرچاو و دوور دەکەوتنەوە.

باوکم دەیگوت هەندێجار پارچە پەڕۆیەکی سپیمان بە دەرگا هەڵدەواسی و لەسەربانەوە خۆم وەک فارسێک دەناساند، بۆماوەی مانگێک لەسەربانەوە لە بەیانییەوە تا ئێوارێ بە ناونیشانی جۆراوجۆر و بە پشتیوانی خودا ئەو مرۆڤ کوژە بێویژدانانەم لەبەردەرگا دوور دەخستنەوە کە بەشێکی زۆر لە ژن و منداڵ و پیر خۆیان تێدا حەشار دابوو. ماڵەکەمان لە نزیک گەڕەکی جولەکەکان بوو زۆرجار پێیانوابوو ماڵە جولەکەین داوای ئارەق و ڤۆدگایان دەکرد منیش رێنوێنیم دەکردن بۆ ماڵە جولەکەکان کە ئارەقیان دەفرۆشت، زوو زووش ئایەتەلکورسیم دەخوێند و دەستیشم هەر لەسەر ئەو قورئانە بوو کە لەناو گیرفانمدا بوو.

رۆژێک لە حەساری ماڵی حامیدی مەجیدە شەلی جیرانمان، چەند سەربازێک خەریکی مەی خواردنەوە بوون، منیش بۆ ئەوەی خۆم لە بەڵای ئەوان بەدوور بگرم، لەسەربانی راوەستابووم، سەربازێک لەحەسارێ بانگی کردم و گوتی وەرە بخۆرەوە، منیش کڵاوشەقەکەم بە ئاماژەی رێز بەرزکردەوە، سەربازەکەی دیکەیان کە سەرخۆش بوو دەمانچەکەی هەڵکێشاو سێرەی لە کڵاوەکەم گرت و گوللەیەکی تەقاند، گوللەکە بە ویزەویز بە پەناگوێچکەمدا تێپەڕی و هێندەی نەمابوو مێشکم بپژێنێ، خوا ڕەحمی کرد پاشەوپاش کەوتم، سەربازەکە پێیوابوو ئەنگواوم بە جنێودان هاواریکرد لێمدا، منیش لەسەربانی خۆم شاردەوە و سەرم بەرز نەکردەوە

تا ئەوان لە خواردنەوەی خۆیان بوونەوە و بە هاتوهاوار لەوێ دوور کەوتنەوە، خودا ڕەحمی پێکردم ئەو جارەش وەخێر گەڕا، قورئانە بچووکەکەم لە گیرفانم دەرهێناو چەند جارێک ماچم کرد.
چل رۆژ دوای ئەو کوشتوکوشتارەی شار هیچمان لە ماڵێدا نەبوو، نە ئارد نە قەند نە چایی و رۆن، نەوتیشمان نەمابوو، هەتا داری سووتاندنیشمان نەمابوو. خۆم هەڵدایە ماڵی جولەکەیەکی دراوسێمان بە ترسەترس و بە کۆت و شەرواڵەوە بۆ پەیداکردنی پێویستییەکانی ماڵێ لە حەساری دراوسێ کەمان چوومە دەرێ بە ئومێدی ئەوەی بۆ پەیداکرنی ئارد و رۆن بچمە گوندەکانی دەوبروبەر، لە کوچەو کۆلانە تێکوپێکدراوەکان تێپەڕیم تا گەیشتمە ڕێگا بەردچنەکەی سەربازخانە کە دواتر کرایە فەرمانگەی توتن، لەناکاو بەلایەکی ئاسمانی لە رێگام قوت بۆوە کازاخێکی سوارەی شمشێر بەدەست، یەکسەر ڕاماڵی بۆ هێنام، هەر لەگەڵ ئەوەی ویستی بە شمشێر ملم بپەڕێنێ، دەتگوت لە غەیبەوە فریادڕەسێک بەهانامەوە هاتووە، یەهودییەک خۆی هەڵدایە نێوان من و کازاخەکەو گوتی، نیکۆلای ئەوە چی دەکەی ئەوە خۆ کورد نییە فارسە، کابرای یەهودی رووسی دەزانی و دۆستایەتی لەگەڵ کابرای کازاخ هەبوو، بێگومان زۆر باشیش منی دەناسی و جیران دوکان بووین. مۆشە ئارەقی بە کابرای کازاخ دەفرۆشت و تێکەلاوییان هەبوو. کازاخەکە هەر کە مۆشەی دیت دەستی شل بوون شمشێرەکەی هێنا خوارێ و گوتی مۆشە ئەوەش لەبەرخاتری تۆ لە جیات ئەوە دەبێ ئارەقم بۆ بێنی، مۆشە دەستی لەسەر چاوی داناو گوتی نیکۆلای ئێمە دۆستین ئەو قسانە چین، ئێوارێ میوانی منی.
ئەو رۆژەش وەخێرگەڕا و کابرای یەهوودی رزگاری کردم. مۆشە پرسی بۆچی لە ماڵ هاتوویەدەر؟ گوتم چما لێبووردنی گشتییان نەداوە و دەستییان لە کوشتوکوشتار هەڵنەگرتووە؟ گوتی بابەگیان بۆ دەبێ باوەڕ بەقسەی ئەوانە بکەی، گوتم مۆشە لە ماڵێ هیچ شتێکمان نەماوە، نە ئارد نە ڕۆن، چەند ڕۆژێکە ئەوە بۆ ئێستیکانە چایەکی سوێم دەبێتەوە، نەوتیشمان نەماوە، ئەدی چیبکەم، منداڵەکان لەبرسان هەر دەناڵێنن. گوتی بەچاوان شەوێ هەموو ئەوانەت بۆ دێنم، دڵ لەدڵ مەدە، مۆشە هەتا ماڵێ لەگەڵم هاتەوە شەوێ لەگەڵ براکەی هەندێک ئارد و چایی و ڕۆن و تەنەکە نەوتێکی رووسیشی بۆ هێنام تا لە مردن رزگارمان بێ.

دوو مانگ بەمشێوەیە تێپەڕی لە شاردا بێجگە لە حەپەی سەگەلی بەڕەڵڵا و لوورە لووری چەقەڵی مردووخۆر و هاتوهاواری کازاخە سەرخۆشەکان هیچ شتێک نەدەبیسترا، بۆگەنی لاشە پەرتوبڵاوەکان دەهات لەگەڵ ئەوەی زستانەکەشی زۆر سارد بوو. سەربازانی رووس و کازاخەکان لە گوندەکانی دەوروبەرەوە ئەو کەسانەی لە دەمی شمشێر ڕزگارییان ببوو کزولاواز و نەخۆش ناچاریان کردبوون بێن و تەرمەکان کۆبکەنەوە و لە گۆڕی بە کۆمەڵدا بیاننێژن. دواتر دەیانگوت کاکەڕەشی دارۆغە[3] کاتێک تەرمی میرزا فەتاح دەبینێ، ئەنگوستیلە زێڕەکەی سەرنجی ڕادەکێشێ، دەیویست ئەنگوستیلەکە لە دەستی شەهیدی خەباتکار دەربێنێ، بەڵام ئەوەی بۆ ناکرێ پەنجەی دەبڕێ، ئەو کارە پەست و چەپەڵە دەکات. دوای دەرچوونی رووسەکان لە شاری مەهاباد خەڵکی ئەمشارە ئەو دارۆغە چەپەڵە دەگرن و بە بەردەسندۆڵ[4] کەللەسەری پان دەکەنەوە و بەسزای خۆی دەگەیەنن، ئەوکارە لە گەڕەکی مەحموودکانی ڕوودەدات کە ئەوکاتی تەپۆلکەیەک بوو لە قەراخ شاری.

تەرمی شەهیدی خەباتکار میرزا فەتاحیان بە شەو لە حەساری مزگەوتی شادەروێش دەنێژن کە ئارامگای ئەو زاتە دەبێتە زیارەتگای باوەڕداران و پەیڕەوانی شەهید.

بێجگە لەوانە رووسەکان ژمارەیەک لە ڕاکردوان بۆ رووسیا دوور دەخەنەوە ئەویش دوای هاتنە ئارای ئاشتی و هێوربوونەوەی بارودۆخەکە، بۆ نموونە لە دوورخراوەکان سالار عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەو شەهیدە و قازی لەتیف و قازی مونعیم کە بە دیلی دەیانگرن و ڕەوانەی ئۆردووگا ترسناکەکانی سبیریا دەکرێن.

تا شۆڕشی ئۆکتۆبەر و ڕووخانی ڕژێمی سەرکوتکەری تزار ئەوان دوورخرابوونەوە. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەوان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە دوورخراوەکانی مەهاباد و جوتیارانی کورد بۆ نیشتیمان دەگەڕێنەوە و هەندێکیشیان هەر لەوێ ژن دێنن و دەمێننەوە.

دوای ڕۆیشتنی رووسەکان لە ئێران و بەتایبەتیش لە ناوچە کوردنشینەکانی موکریان، بەهۆی نەبوونی کشتوکاڵ و جوتیار و کەلوپەلی چاندن گرانییەکی ترسناک ڕوو لەو مەڵبەندە دەکات، پۆل پۆل خەڵک لە برسان دەمرن، نان پەیدانابێ، گۆشتی پشیلە و سەگ دەخۆن و خواردنیان دەبێتە گژوگیا. بەپێی قسەی ئەوانەی بە چاوی خۆیان

[3] دارۆغە: پاسەوانان.

[4] بەردەسندۆڵ، بەردێکی گەورەی قوچەکیە لە سندۆڵدا دانەوێڵەیان پێ دەکوتا. وەرگێڕ.

ئەوەیان دیتووە، ژن و منداڵ و پیر و گەنج وەرهەمیان هەڵێنا بوو، بە لەشولاری لاواز و هەڵمساو، پێی لەرزۆک لە پەنا کۆڵان و بازاڕی سووتاو و خانوە خاپوورکراوەکان دەکەوتن و بە ناڵەناڵ گیانیان دەسپارد. هەزاران مرۆڤی ڕەشوڕووت و بێچارە و برسی دوای کوشتاری کازاخە خوانەناسەکان لەبرسان مردن و ئەوانیان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا بەخاک سپاردن.کە ئەو شوێنە بە گۆڕستانی برسییەکان ناسرا بوو. سەرەڕای هەموو ئەو بەدبەختییانە تورکە بەناو موسڵمانەکان بە شمشێرو ستارەی گوڵینگەدارەوە ستەمیان دەکرد، خەڵکیان دەکوشت کەسایەتییە ئاینی و پیاوماقوڵەکانیان لەسێدارە دەدا، پاساویان بۆ ئەو سەرکوتکردنە بێ شەرمانەیان ئەوە بوو خۆیان بە ئیسلام و پارێزەری دین دەزانی و بیانووشیان ئەوەبوو ئەوانەی پشتیوانیان لە رووسەکان دەکرد دەیانکوشتن. ساڵانی بەدبەختی ئەم خەڵکە بێچارەیە کۆتایی نەدەهات، نە حکومەتێک لە ئارادا بوو، نە کەس بەهانای ئەو گەلەوە دەهات، بنەماڵەی چەپەڵی قاجاریش تەنیا لە بیری عەیش و نۆش و ڕاو و شکاری خۆیاندا بوون.

سنوورەکانی رۆژئاوای ئێران مەیدانی تەڕاتێنی لەشکری ئەو پاشایانە بوو کە گوێیان بەهیچ یاساورێسایەک نەدەدا. رووسەکان لەدوای خۆیان قاتوقڕیان بەجێهێشت، تورکەکان خەڵکیان بەگژیەکتریدا دەکرد. خەڵک پرزەیان لێ بڕابوو، پەتای نەخۆشی بڵاوببووەوە. لەو کاتەدا ڕاپەڕینی جوامێرانەی جەنگەڵیەکان کۆتایی هاتبوو، قارەمانی ناوداری جەنگەڵ میرزا کوچەک خان شەهید کرابوو. ڕەزاخان سەرلەشکر خاڵۆقوربانی رادەسپێرێ کۆتایی بە ڕاپەڕینی سمایلاغای سمکۆ بێنێ لە ئازەربایجانی رۆژئاوا و بەتایبەتیش لە مەهاباد. سمایلاغای سمکۆ لە تۆڵەی براکەی کە لە تەورێز ناجوامێرانە کوشتبوویان، رووباری خوێنی هەڵبەستبوو، سەربازانی دەوڵەتی وەزاڵە هێنابوو. پلەی عەقیدیان دابووە خاڵۆقوربان، ئەو پێشتر یەکێک بوو لە هاودەستەکانی میرزا کوچەک خان، بەڵام کاتێک دیتی کاری میرزا ڕوو لە کۆتاییە چووبووە پاڵ ڕەزاخان و ببووە داردەست و فەرمانبەری ئەو. ئەو بەرپرسیارەتیەی وەرگرت بێتە ئەم ناوچەیە- ناوچەی موکریان- و زللەیەک لە بناگوێی سمایلاغای سمکۆ بسرەوێنێ! هێشتا ئەو تراژیدیایە لە مەڵبەندی موکریان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا هەر بەردەوام بوو، خەڵک هەروا لەگەڵ مردندا دەستوپەنجەیان نەرم دەکرد، کە بەهۆی کوشتنی مارشیمۆنی گەورە رووحانی لە ساڵی ١٩١٧ بە دەستی سمایلاغای سمکۆ لە شاری

شنۆ شەپۆلێکی تازەی لە کوشت و کوشتاری خەڵکی بێتاوان بە دەستی مەسیحیە چەکدارەکان هێنایە ئاراوە و کارەساتێکی دیکەی تووشی هەزاران ژن و منداڵ و پیر و گەنجی کورد و تورک کرد. سمایلاغا مارشیمۆنی بۆ شنۆی ناوەندی فەرمانڕوایی خۆی بانگهێشت کرد، بۆئەوەی کۆبوونەوەیەک بکەن و هاوپەیمانییەک ببەستن، دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکەیان و لە کاتی گەڕانەوە، کاتێک سواری گالیسکەکەی دەبوو، بە دەمانچە لەدواوە مارشیمۆنی وەبەرگوللەدا و کوشتی. سمایلاغا نەدەبوو ئەو کارە ناشیرن و خراپەی کردبا، ئاخر ئەو بۆخۆیشی قوربانی کارێکی ناجوامێرانەی هاوشێوە بوو کە بوو بەهۆی کوشتنی جەعفەر ئاغای برای لە ساڵی ١٩٠٤ لە کردەوەیەکی ئاوا ناجوامێرانە دا کوژرا بوو، کە لە میوانداری نیزام سەڵتەنەی فەرمانڕەوای ئازەربایجان لە شاری تەورێز رێکخرابوو، بە فەرمانی ناجوامێرانەی محەمەد عەلی میرزا جێگری سەڵتەنەی ئەوکات لە بۆسەیەکدا لە ماڵی نیزام سەڵتەنە و لە کلاوڕۆژنەیەک کە پێشتر ئامادەکرابوو لەلایەن محەمەد حسێن خانەوە سێرەی لێدەگرێ و دەیکوژێ. ئەو کردارە خراپ و گەمژانەیە لەلایەن دەستەڵاتدارانی قاجارەوە پزیسکێک بوو بۆ شۆڕشی چەکدارانەی سمایلاغای سمکۆ برای جەعفەر ئاغای شکاک کە لە تۆڵەی براکەیدا بۆ ماوەی بیست ساڵ ئەو مەڵبەندە بووە مەیدانی شەڕوشۆڕی ئەو پیاوە دلێر و چاونەترسە. هەستی تۆڵەسەندنەوە هێندە کاریگەری کردبووە سەر کە لەوماوەیەدا لە کوشتنی هیچ کەسێک چ کورد چ تورک دەستی نەپاراست. تاڵان و بڕۆ لەلایەن سوارەکانییەوە ببووە کارێکی ئاسایی هەموو رۆژێک. ساڵانێکی زۆر ناوناوبانگی سمایلاغای سمکۆ لەسەر زاروزمانی خەڵکی مەهاباد بوو، هەندێک بە چاکە و هەندێکیش بە خراپە باسیان دەکرد.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٢١ بە ژمارەیەکی زۆر سوار و چەکدارەوە بەرەو مەهاباد هات و دوای روبەڕووبونەوەیەکی کەم لەگەڵ ئەو ژاندرمانەی لە شاری مەهاباد بوون توانی دەست بەسەر شاردا بگرێ و ژاندرمەکانی چەککردن، عەقید مەلەکزادەی فەرماندەی ژاندرمەی مەهابادیشی دەستگیر کرد. ژاندرمەکانی لە دەشتی عەلی زەمانیان و لە داوێنی کێوی خەزایی ریزکردن و وەبەر دەستڕێژی گوللەی دان و هەموو ئەو بێ تاوانانەی شەهید کردن، پاشان وەک سیاسەتێک کە مەبەستی بوو عەقید مەلەکزادەی ئازاد کرد ناردیەوە بۆ تەورێز تا ببێتە دەستەگوڵێک بۆ دەستەڵاتدارانی قاجار، بێ ئاگا لەوەی دوا پادشای قاجار بۆخۆی دووچاری

کێشەیەکی گەورە ببووەوە کە دەرچوون لێی مەحاڵ بوو، ئەویش بەهاتنەسەر کاری سوپاسالار رەزاخانی پەهلەوی بوو، کە باسی دەکەین.
دوای ئەو رووداوە دڵتەزێنە ژمارەیەک لە پیاوانی ئاینی، ڕیش سپی و کەسایەتی و بازرگان و زانایان بە دیاری و خەڵاتەوە چوونە لای سمایلاغا کە لە قەراخ شار و شوێنی کوشتارگاکە بوو، بۆ ئەوەی داوای لێخۆشبوون بۆ ژاندرمەکان بکەن و رێگریش لە تالانی شار بکەن. بەڵام ئەو دەستەیە لە نوێنەرانی شار، یەکەمین کەسانێک بوون کە لەلایەن چەکدارانی سمایلاغای سمکۆوە ڕووت کران و بە دەرپێوە گەڕێنرانەوە شار و ئەو کردارە ناشیرنەش تێکەڵ بە کردەوەی کوشتارەکە بوو. هەر دەستبەجێ شار کەوتە بەرپەلاماری چەکدارانی سمایلاغاو تالانکرا و گەسکیان لە هەموو ماڵێکدا.
قازی لەتیفی[٥] بێچارە کە تازە لە دوورخرانەوەی رووسەکان گەڕابۆوە، ئەویش بەو هەموو ڕەنج و کوێرەوەریە، لەلایەن هێزەکانی شکاکەوە شەهید کرا. تاقە نەخۆشخانەی ئەمریکییەکان کە نزیک مزگەوتی سوور بوو، تالان کرا. بەرێوەبەری نەخۆشخانەیان کوشت و ژنەکەی پەنای بردە بەر سەید تەها ئەویش ژنەکەی پاراست و ناردییە دەرەوە. شاری مەهاباد دوای تالان و بریندارکردن و بێڕێزی و سوکایەتی زۆر دەبنە پاشکۆی هەڵسوکەوتەکانی ئاغا.
سەرۆک عەشیرەتەکانی موکریان ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ سمایلاغا و هەندێکیان خۆبەخشانە ئامادەیی نیشاندەدەن بچنە ناوڕیزەکانی لەشکری سمایلاغاوە. هێندە بەسەر ئەو رووداوە ناخۆشەدا تێنەپەڕیبوو، هەواڵ هات خالۆ قوربان بەرێوەیە و بەمزوانە بۆ دەرپەڕاندنی سمایلاغا دەگاتە مەهاباد و دواتر دەچێتە ورمێ و لەوێشەوە دەچێتە شنۆ. دەستە پارتیزانەکانی خالۆ قوربان کە ساڵانێک لەگەڵ میرزا کوچەک خانی سەرداری جەنگەڵ بوون و لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتی شەڕیان کردبوو، بە کەسانی کاراو ئازا دەناسران. چەند ئەفسەرێکیش لەلایەن سوپاسالارەوە راسپێردرابوون هاوکاری خالۆ قوربانیان دەکرد و تاکتیک و هونەری شەڕیان فێردەکردن. پلەی عەقیدی کە درابووە خالۆ قوربان بەرپرسیارییەتی گەورەی خستبووە سەرشانی، خالۆ بە خەونیش بیری لەو پلە سەربازییە نەکردبۆوە، خالۆ قوربان وەک پاڵنەرێکی بەهێز جۆشوخرۆشی پێ بەخشیبوو، هەربۆیە خێرا لە

---

[٥] قازی لەتیف یەکێك لە کەسایەتییە ناودارەکانی ئەو سەردەم بوو.

تارانەوە بەرەو تەوریز و لە تەوریزەوە بەرەو مەراغە ومیاندواو، لە ویشەوە بەرەو مەهاباد ملی ڕیگای گرتبوو.
گوندەکانی سەر ڕیگا و جوتیارەکان لەلایەن چەکدارەکانی خالۆ قوربان تالان کران و زیانی زۆریان پیگەیشت. ترس و هەڕەشەو تۆقاندن ئەوەندە بلاوبۆوە ئەگەر منداڵیک گریابا و گوتبایان خالۆ قوربان هات لە ترسان هیور دەبۆوە و خۆی لە باوەشی دایکی داویشت.
هەواڵیان بۆ خالۆ قوربان هینا کە سەید تەهای یاوەر و ڕاویژکاری سیاسی سمکۆ لەگەڵ ژمارەیەک لە سوارچاکەکانی لە بانەوە بەرەو مەهاباد بەڕیوەن. خالۆ قوربان لەگەڵ ئەفسەرە ڕاویژکارەکانی کۆدەبیتەوە و نەخشەیەک دادەڕیژن بۆ خستنەداوی سەید تەها. سەید تەها لە بۆکان لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکانی لایەنگری سمایلاغای سمکۆ کۆدەبیتەوە، بۆ رووبەڕوبوونە و دەستەکانی خۆی لەگەڵ چەکدارەکانی ئەوان دابەشدەکا بۆ ئەو شوینەی پیشتر دیاری کرابوو، ڕەوانەیان دەکات. خالۆ قوربان لە گردو کیوەکانی دەوروبەری مەهاباد دادەمەزرێ، لەوانە داشامەجید و کیوی خەزایی، فەرمان دەدا سەنگەر لیبدەن و تۆپ و ڕەشاشەکان ڕوبەڕووی مەهاباد دامەزرینن و جادەکان بخەنەبەر سیرەی چەکەکان بۆ ئەوەی هەر جوڵەیەکی گوماناوییان بینی وەبەر دەستڕیژیان بدەن. سەید تەها بە نهینی شەوێ لەپشت کیوی زاوابووک دامەزرابوو، بەرەولای داشامەجید ئەو شوینەی خالۆ قوربان لیی دامەزرابوون. هەندیکیش هەر شەوێ لەناو شاری و لە دەوروبەری جادەی مەهاباد میاندواو، سەنگەر دەگرن. بەشیکی دیکەش لە چەکدارانی کورد و عەشایری لایەنگری سمکۆ لە باخەکانی باکووری مەهاباد و ئەو بەری ڕووبار و بەرامبەر بەکیوی خەزایی دادەمەزرین.
خالۆ قوربان لەگەڵ فەرماندە باڵاکانی لەشکرەکەی لەخوار کیوی قوڵقوڵاغ و نزیک کەڵەکی بەگزادەی سەر ڕیگای میاندواو مەهاباد خەریکی خۆڕیکخستن و ئامادە سازی شەڕ دەبن. بەلاف و گەزاف لیدان و بە ئومیدی ئەوەی تالان کردنی مەهاباد و دەستگیرکردنی سمکۆ ورەی وەبەر سەربازەکان دەناو هانیدەدان.
خەڵکی مەهاباد پیشتر لەلایەن ئەو کەسانەی هەڵاتبوون، هەڕەشەکانی خالۆ قوربانیان بیستبوو، ترسیکی زۆریان ڕینیشتبوو. بیرەوەری تاڵی کوشتاری کازاخ و رووسەکان و گرانی و قاتوقڕی دوو ساڵ تالانی سمایلاغایان وەبیرخۆیان دینایەوە و ئەژنۆیان

دەلەرزی، لەگەڵ خزم و دۆستانیان ماڵئاواییان لێک دەکرد و هەر چەکێکی شکیان دەبرد بۆ پارێزگاری کردن لە خۆیان هەڵیان گرتبوو. بەیانی جەژنی ڕەمەزان بوو، خەم و نائومێدی باڵی بەسەر خۆشی و شادی خەڵکدا کێشابوو، ڕووی نزاو پاڕانەوەیان لە دەرگای خودای مەزن کردو دەپاڕانەوە لەو شەڕە پارێزراویان بکات. خاڵۆ قوربان دوای ئەوەی ئامادەسازی تەواوی کرد بۆ شەڕ و هەر لەگەڵ ئەوەی ویستی سواری ئەسپەکەی بێت و فەرمانی شەڕ بدات، دەنگی تەقەیەک هات و گوللەیەک بەرسینەی پڕ لەکینە و دڵی نا جوامێرانەی خاڵۆ قوربان[٦] کەوت و لە خوێنی خۆیدا گەوزی. دەنگی دەستخۆشی بەرزبۆوە و جەنگاوەران هێرشیان برد. دوای چەند ساتێک تێکهەڵچوون، دەستەکانی خاڵۆ قوربان ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە فەرماندە و عەقیدە تەزویرەکەیان کوژراوە، بۆیە ورەیان بەرداو بە قونەشەڕ هەڵاتن. خۆشی و شادی شاری تەنیبوو، جەژنی ڕەمەزان خێر و خۆشی هێنا. ترس و نیگەرانی بوو بە شایی و لۆغان. هێزی پەلاماردەر بەرەو میاندواو پاشەکشەیان کرد و تەرمی خاڵۆ قوربانیان لەگەڵ خۆیان بردەوە. ئەو ئاژاوەیە وەخێرگەڕا و خەڵکی شار هەناسەیەکیان وەبەرهاتەوە و دەستییان کردەوە بەکاری ئاسایی خۆیان.

پاشان ئەوە بڵاوبۆوە کە لە تاران سوپاسالار دەستەڵاتی بە دەستەوە گرتووە و سەڵتەنەتی قاجار لە حاڵەتی گیانەڵادایە یان ئەوەتا دەڕووخێ یان بۆ دەستەڵاتی کۆماری دەگۆڕدرێ.

دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەشکری رووسەکان، ئێرانیان بەجێدەهێشت، بەڵام تورکە عوسمانییەکان دەستییان لە داگیرکاری هەڵنەدەگرت شەڕ و پێکدادان لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئێران هەروا بەردەوام بوو، هەندێجار بەشێک لە خاکەکەی دەکەوتە دەست بێگانەکان و دەستیان بەکوشتاری خەڵکی بێ تاوان دەکرد تا ساڵی ۱۹۲۳ ئەو ڕووداوە نەخوازراوانە بەردەوامییان هەبوو.

ئاغا و دەرەبەگەکانیش ببوونە سەرباری هەموو ئەو بەدبەختیانەو خەڵکی زەحمەتکێش و جوتیارە هەژارەکانیان دەچەوساندنەوە. دەرەبەگە چەوسێنەرەکان پرزەیان لە جوتیارە کورد و تورکەکان بڕیبوو. ئەحمەد شا دوا پادشای قاجارەکان خۆی بۆ سەفەری فەرەنسا ئامادە کردبوو، بابوباپیرانیشی پێشتر چووبوونە فەرەنسا،

[٦] ئەو شوێنەی خاڵۆ قوربانی لێ کوژرا کەوتۆتە چوار کیلۆمەتری ئێستای شاری مەهاباد، نێوان کێوی قوڵقولاغ کە بە گڵکۆی بەگزادەکانی کەڵەك ناسراوە.

بەڵام سەفەری ئەمجارە لەگەڵ سەفەرەکانی دیکە جیاواز بوو، دەورانیش گۆڕانی بەسەردا هاتبوو. لەپشتی پەردەوە دەستێکی بەهێز لەکاردابوو کە بووکەڵەیەکی هەڵدەگرت و یەکێکی دیکەی لە جێگا دادەنا. ئەحمەد شا بەفرت و فێڵ رەوانەی پاریس کرابوو، رەزاخان لێزانانە دەوڵەتی کۆنترۆڵ کردبوو شارەگی سەڵتەنەتی پەهلەوی دادەڕشت، سەفەری بۆ هەموو سوچ و قوژبنێکی وەڵات دەکرد، لەگەڵ سەرۆکِ هۆزە تالانچییە ڕاستەقینەکانِ ببوە هاودەست. نەخشەی شەیتانی دادەڕشت، پیاوەڕاستگۆکانی لەسەر کارە گرنگەکان لادەداو کەسانی تەڵەکەباز و بەدناو و فەرماندە تریاک خۆر و دز و بەرتیل خۆرەکان بەڕێوەبردنی وەڵاتیان بەدەستەوە دەگرت. بەهۆی گوشارە بەردەوامەکانی هێزە دەوڵەتی و هۆزە عەشایەرەکانی ناوچەکە، سمایلاغای سمکۆ مەیدانی بەجێهێشت و رووی لە تورکیاو عێراق کرد.

دیمەنی مەهاباد

خەڵکی مەهاباد دوای ئەو هەموو کارەسات و بەدبەختی و کوێرەوەرییە، تازە خەریکبوو پشتی چەماوە و نوزەتیاماوی راست دەکردەوە. خەڵکێکی ماندوو، دەربەدەر، نەخۆش. بەرەبەرە بە پەرێشانی و نەبوونی زۆر بەهاوکاری یەکتر خانوە کەلاوەکانیان چاک دەکردنەوە. بازرگانی پەکی کەوتبوو. هیچ کەس سەرمایەیەکی نەبوو تا کاروکاسبی پێبکات. مزگەوت پەناگای بێ پەنایان و تاراەیەک بۆ هەژاران ئەمان بوو. گرانی و تاتوقڕی هێشتا کەڵبەکانی خۆی نیشان دەداو لاوازەکانی هەڵدەلووشی، گیانی منداڵە نەخۆش و ڕەنگ پەڕیوەکانی درەو دەکرد. لە کوچەو شەقامەکانی شاردا پاک و خاوێنی نەدەکرا. خەڵک ئاوی پیسی ڕووباریان بەکاردێنا. ئەو ڕووبارەی هەموو ئاوەڕۆ و پیسایی گوندەکانی دەوروبەری دەڕژایە ناو، ئەوەش ببووە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە درمە کوشەندەکان. ئاوی خواردنەوەیان لە ڕووباری دێنا. زۆربەی کات بەیانیان ژنان گۆزەیان لەسەرشان دادەناو ئاویان دێنا. تا ئەژنۆ دەچوونە ناو ڕووباری، ئاویان لە گۆزە وەردەکرد بیسمیللاییان دەکرد و گۆزەیان پڕ دەکرد، بەحساب ئاوی خاوێنیان هەڵێنجاوە، دەیانگوت ئەگەر دووباسک لە قولەتێن تێپەڕی ئاوی پاکە. دوای ئەوەی گۆزەکانیان پڕ لە ئاو دەکرد، کیژەکان بێ ئاگا لەوەی ئەو ئاوەی هەڵیان هێنجاوە ئاوی پیسە و سەرچاوەی زۆربەی نەخۆشییەکانە، بەنارەنار دەگەڕانەوە ماڵەکانیان.

لەکۆتایی بەهارێ تا سەرەتای پایز هەموو ساڵێک مەرگ بەرۆکی منداڵانی دەگرت، خەڵک هەر لە گەنج و پیرەوە ڕەنگ زەرد، بە ورگی هەڵمساو، گەردنی باریک و چاوی بەقووڵدا کەوتوو، لە پەنا دیوارەکان، لەبەر بەرۆچکە دادەنیشتن و دەیانناڵاند. لەسەرجێوبانی هەر نەخۆشێک لە چاوەڕوانی مەلایەکدا بوون بە قورئانەوە بێت و یاسینی لەسەر بخوێنێ، یاسین خوێندن تەواو دەبوو یان نەدەبوو نەخۆشەکە گیانی دەسپارد. شار دکتۆرێکی تێدا نەبوو چارەسەری نەخۆشەکان بکات و لە چنگی مەرگ دەربازیان بکا. ئەو کەسانەی لەسەرەمەرگدا بوون هێشتا نەمردبوون گۆڕیان بۆ

هەڵدەکەندن. هەر لەگەڵ ئەوەی دەمردن، یان بێهۆش دەبوون، (اناللە وانااليەالراجعون) یان دەگوت یەکسەر دەیانشووشتن، کفنیان دەکردن و خێرا دەیاننناشتن. زۆرجاری واش هەبووە نەخۆشێک لەهۆش خۆی چووە خستوویانەتە ناو گۆڕ و وەهۆش هاتۆتەوە و هاواریکردووە، بۆ خاتری خوا زیندووم، ئەوە چیدەکەن، هەندێک دەردەپەڕین و هەندێکیش گەشکەیان دەگرت و هاواریان دەکرد مردوو زیندوو بۆتەوە. زۆر جاریش واڕێکەوتووە نەخۆش بێهۆش بووە لە ترسی دیتنی دیمەنی گۆڕستان، زراوی چووە و مردووە.
ئالەکە[٧] و کەچەڵی مەڵبەندیان تەنیبوو، ئەوانە بەجێی خۆیان ئەسپێش ببووە میوانی ڕەزاگرانی هەموو خێزانێکی شار و لادێ. ژنان کاتێک تەندووریان هەڵدەکرد، جلوبەرگی ئەندامانی خێزانیان لە تەندووردا دەوەشاند تا ئەسپێیە کان بکەونە ناو ئاگرو ژمارەیان کەمتر بێتەوە. هیچ ئوتوویەکیش لە ئارادا نەبوو کوڵاندنی جلوبەرگیش مانایەکی نەبوو لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵک توانای دابینکردنی سووتەمەنییان نەبوو جلکە ئەسپێ واویەکانیان پێ بکوڵێنن تا تووشی گرانەتا نەبن. دەشیان گوت هەرکەسێک ئەسپێی لە لەشیدا نەبێ تووشی نەخۆشی گولی دەبێ! مندالانی ئالەکە بە چاوی وەرهەم کردوو دەیانبردنە ماڵی ژنێکی یەهوودی بە ناوی یارە جوو، هەموو ڕۆژێ لە بەیانییەوە تا ئێوارێ لەبەردەرگای ماڵیان ریزیان دەبەست، تا بە ئەنگوستە چلکنەکانی تۆزقاڵێک دەرمانە سوورەی دەستکردی خۆی لە چاوی منداڵە کردباو دراوێکیشی وەرگرتبا. ئەگەر منداڵەکە بەهۆی ئالەکەوە کوێر نەبووبا دەبوو چەند مانگ لە هاتوچۆدابا تا درەنگانی پایز بەهۆی ساردبوونی هەواو کەمبوونەوەی مێش و مەگەس و میکرۆب چاوئێشەکەی کەمتر دەبوو. دەوروبەری چاوی منداڵە نەخۆشەکان سوورهەڵدەگەڕا ئەوەش نیشانەی ئەوەبوو دەرمانی چاوئێشەی یارەجووی بەکارهێناوە.
کەچەڵی لە شار و دێ زۆر ببوو سەریان یەکپارچە زەردو ئەستوور ببوو دەتگوت کڵاوی ئارەق چنن[٨] توێژاڵێکی وشک دایپۆشیبوو کە زۆر بە زەحمەت و دوای چەندینجار شووشتن هەڵدەکەندراو خوێن بەناو پەڵەکاندا دەهات، ئەو کارەش وایدەکرد ئەو هەڵکڕاندنە ببێتە جێگایەکی باش بۆ گەشەکردنی میکرۆبەکان. سەری

[٧] ئالەکە: تەراخووم، نەخۆشییەکی چڵکی چاوە دەبێتە هۆی ترسان لە ڕووناکی، ئازار و فرمێسک ڕێژی و هەندێجاریش کوێر بوون.
[٨] کڵاوی ئارەق چن کڵاوێکی سپی کونکونە. وەرگێڕ

ئەو کەچەڵە بەستەزمانانەیان بە شەب[9] و مووررووی شین دەرمان دەکرد، کاتێک تۆزی ئەو شەبەیان بە برینی ئەو منداڵە بەستەزمانانەدا دەکرد هاوار و قیژەیان دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەک.

دەباخانە[10] بەرلەوەی شەقامەکە لێبدرێ لە ناوەڕاستی شار و نزیک رووباری بوو. بۆگەنی بە هەموولایەکدا بڵاودەبوەوە، ئاوەڕۆکەی بەپێش مزگەوتی قازیدا تێدەپەڕی کە لە نزیک ماڵی باوکم بوو. دەنگی بانگ و سەڵای فەقێکان لە هەیوان و سەربانی مزگەوتی قازی لەگەڵ ئەو دەوروبەرە بۆگەنەی دەباخانە گونجاو نەبوو. کەمێک سەرووتری دەباخانە بازاڕێکی تا ڕادەیەک جوان و قەشەنگ بوو.

وەستاکارانی زین دروو لە بەیانییەوە تا ئێوارێ لەبەردەم دوکانەکانیان خەریکی زین دروین بوون بە نەخش و نیگاری کوردانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە دوکانەکانیاندا زینی ئینگلیزیش دەفرۆشران، بەڵام زینی کوردی ئاسودەتر و موشتەری زۆرتری هەبوو. لە دەوروبەری بازاڕی زین دروان و کەمێک سەرووتر، چەند دوکانێک هەبوون یان باشترە بڵێم کارگەی (کاڵە) چنینی کوردەواری کە تایبەت بوون بە مەڵبەندی موکریان و بۆکان و سەقز. وەستاکاران بە چنینی ئەو کاڵە شەمامەبەندیانە هونەری خۆیان نیشاندەدا. لەگەڵ کارکردن لەبەرخۆیانەوە گۆرانی دڵگیر و خەمگینیشان دەگوتنەوە. هەرچۆنێک با خەرجی ماڵ و منداڵیان دەردێنا و شوکرانەی خودایان دەکرد. لەکاتی بانگیشدا هەموو پێکەوە دەچوونە مزگەوت و جەماعەتیان دەکرد. لەوسەری بازاڕی زین دروان گەرماوی عەباساغای لێبوو، کە لەوێش تێدەپەڕی بازاڕی سەوزەو میوەفرۆشان بوو، لەوێ بازاڕ کۆتایی دەهات. گەرماوی عەباساغا دەبوایە بە پلیکاناندا بچییە خوارێ تا دەگەیشتیە گەرماوەکە.

گەرماوەکانی مەهاباد بە نۆرە بوو، هەفتەی دوو رۆژان تایبەت بوو بە ژنان. ئەو رۆژەی ژنان بۆیان هەبوو بچنە گەرماو، یەکێک بەیانی زوو لەسەربانیڕا زووڕنای لێدەدا، ئەوە نیشانەی ئەوەبوو ئەو رۆژە بۆ ژنان تەرخان کراوە، ئەو زوڕنایەی بۆ ژنان لێدەدرا لە قۆچی گامێش دروستکرابوو، دەنگێکی زۆر ناخۆشی هەبوو.

---

[9] شەب: سولفاتی دوانەی ئالۆمینیۆم و پۆتاسیۆم، تەنێکی بێڕەنگ و نەگۆڕ، زۆرتر لە ناوی گەرمدا دەتوێتەوە و لە کاری ڕەنگکاری و پزیشکیدا بەکاردێ. وەرگێڕ

[10] دەباخانە: جێگەی لە دەباخ دان، چەرم دەهەڵاڵ نان. ئەو شوێنەی هەڵاڵی تێدا خۆشە دەکرێ. وەرگێڕ

ژنان خۆیان دەڕازاندەوە، هەرچی زێڕ و زیو و جلوبەرگی گرانبەهای هەیانبوایە لەبەریان دەکرد و دەچوونە گەرماو. سەکۆی گەرماوەکە دەبوونە شوێنی خۆدەرخستنی ژنان. کچە دەوڵەمەندەکان بە زێڕ و زیوەکانیان خۆیان هەڵدەکێشا، لەبەردەم دایکی کوڕە جحێڵەکاندا خۆیان دەنواند. لە مەهاباد چوار گەرماو هەبوون، گەرماوی عەباس ئاغا و گەرماوی شوور، گەرماوی میرزا رەسووڵ[11] لە نزیک مەیدانی ئاردی و گەرماوی پووتی لە نزیک مەیدانی ئاسنگەران. گەرماوەکان حەوز بوون، خەڵک گەورەو بچووک کەچەڵ و چاوئێشە و سیلدار یان ئەوانەی نەخۆشی پێستییان هەبوو، دەچوونە ناو حەوزەکان و بەحیساب بە ئاوی خاوێن خۆیان دەشووشت. کیسەکێش[12] و سەرتاشەکان لەناو گەرماوەکە بوون، هەر لەوێ سەرو ریشی خەڵکیان دەتاشی، کیسەکێشەکانیش ئامادەبوون بۆ مشتوماڵ کردن و شووشتنی موشتەریەکان، لەبەرامبەر ئەو مشتوماڵ کردن و شووشتنەدا پارەیەکی کەمیان وەردەگرت. سەرتاش و ئەوانەی کیسەکێش بوون خەڵکانی کزولاواز و رەنگ زەرد بوون.

ماڵی ئێمە لە نزیک مەیدانی ئاسنگەران و دەباخانە بوو. لە بەیانییەوە تا ئێوارێ دەنگی کوتکی ئاسنگەران دەهات. دوکانی ئاسنگەرەکان دەرگاکانیان تایبەت بوون پێیان دەگوتن قەپان دادەخران. ئەو دەرگایانە دووبەش بوون، بەشی خوارێ کە تانیوەی دوکانەکەی دەگرت، لە تەختەی ئەستوور و قایم دروست کرابوون. بەشی سەرەوەش تا ناوەڕاست دەهاتەخوار. بەشی خوارەوە بە میلەی ئاسن لێک درابوون و هەردووک لا پێکەوە دەبەسترانەوە. دەرگاکەش لە دوو جێگاوە دادەخران. لە هاویناندا بە داری درێژ بەشی سەرەوەیان بەرزدەکرنەوە لەبەر ئەوەی ژوورێ بەهۆی کورەکەوە زۆر گەرم دادەهات و دەبووە سایەبان و هەواکێشێکی باش. بەشی خواریش میلە ئاسن بوون لەبەر دەرگای دوکان دایان دەنان لە وەرزی بەهار و هاوین هەر لەسەر ئاسنەکان دادەنیشتن و نان و چایان دەخوارد. ئاسنگەرەکان کەسانی بە سەلیقە و بە کەیف بوون. کوورەی ئاسنگەران بە خەڵووزی دار پێدەکران و لەدواوە بەهۆی دەسگایەکی تایبەت کە لە چەرم دروستکرابوو یەکێک لە

[11] لەو چوار گەرماوە دوویان هێشتا هەر ماون ، گەرماوی میرزا رەسووڵ بەو مێژووەی هەیەتی و بەشێوەی بیناسازی هونەرمەندانەی هەر سەرنج راکێشە.

[12] کیسەکێش: ئەو کەسەی لەگەرماو خەڵك دەشوات. وەرگێڕ

شاگردەکان بە نۆرە کوورەکەیان دەهەندمان و هەوا دەهاتە ناو کوورە پڕ لە خەڵوزەکە، ئاگایان لە کەم و زۆری گڕی ئاگرەکە بوو.

تا ئاسن لە کوورەدابێ زیاتر کوورەیان دەهەندمی ئەو کاتەی وەستا پارچەئاسنە سوورکراوەکەی بە گازێکی تایبەت دەردێناو لەسەر سندانەکەی دادەنا، هەندم دانەکە کەمتر دەبۆوە، شاگرد لەپشت دەزگای هەندماندن چاوی لە دەمی وەستا بوو تا فەرمانی پێبکا. وەستا لەگەڵ کوتکی دەوەشاند ئاسنە سوورەبووەکە پزیسکی داویشتن، ئەو جۆر و شێوەی مشتەری داوای کردبوو، لێی دروست دەکرد. دەنگی کووتک وەشاندن ئەویش بەو کوتکە قورسە لە دوورەوە سەرنجی مشتەریەکانی ڕادەکێشا.

لە نزیک گەرماوی عەباس ئاغا بازاڕی کوتاڵ فرۆشان بوو، کە بە تاریکە بازاڕ ناسرابوو، جوانی و شکۆیەکی تایبەتی هەبوو. سەرای کەریم خان کە لە سێ کاوانسەرای بەسەریەکەوە بوون، لە ژمارەیەک ژوور و ڕاڕەوی جیا جیا پێکهاتبوو، بازرگانە ناوخۆیی و دەرەکی و هەتا بێگانەش روویان تێدەکرد. کوتاڵ فرۆشەکان پارچە ڕەنگاوڕەنگەکانیان بەتەنیشت یەکەوە ریز دەکردن ئەوەش جوانییەکی تایبەتی بە تاریکە بازاڕ بەخشیبوو. ناوەڕاستی بازاڕ بە گومبەدی خشتی و کلاوڕۆژنەوە تابلێی سەرنجڕاکێش بوون، تیشکی خۆر بەناو کلاوڕۆژنەکاندا دەهاتە ناو تاریکە بازاڕەکەوە، هاوینان بە ناو ئەو کلاوڕۆژنانەوە هەواگۆڕکێی دەکرد و فێنکی دادێنا، هاتوهاواری موشتەری و فرۆشیارەکان لەو بازاڕە جوانی و سەرنجڕاکێشیەکی زۆری لە زیندوێتی کار و ژیانی رۆژانەی کاسبکار و بازرگانەکاندا نیشان دەدا.

کچانی دێهاتی بە جلوبەرگی ئاڵو واڵاو سەرکوڵمەی سووری سروشتی نیشانەی تەنی دروست بوو، ڕەنج و کوێرەوەری دەروونی دەرەوواندەوە، ئەوان سەرگەرمی کڕین و فرۆشتنی شمەکەکانیان بوون. لە ناو بازاڕی شەربەت فرۆشێک کە شەربەتی مێوژی سەردەشتی پێبوو بەناو بازاڕدا دەیگێڕا.

لەلایەک حاجی شەربەت فرۆش بانگی موشتەریەکانی دەکرد و دەیگوت وەرن شەربەتی سارد و بەتام بخۆنەوە، لەلایەکی دیکەش عەشیرەت[13] بە کولێرە رۆنی

---

[13] عەشیرەت یان عەشرەت ناوی کەسێك بوو کە کولێرە بەرۆنی دەفرۆشت. ئەو کولێرە بەرۆنە هاوسەرەکەی کە ناوی خاتوو گوڵێ بوو، لە ماڵێ دروستی دەکرد عەشیرەتیش دەیخستە ناو بەرچنەیەك و بە بازاڕدا دەیگێڕا بۆ فرۆشتن، ئەو کولێرەیە بە رۆنی خۆماڵی ساز دەکرا.

بەتام سوێی موشتەریەکانی دەبرد. دەروێش بە دەنگە بەسۆزەکەی گاڵەی بە دەفەکەی دەکرد و دەکەوتە ناو دنیای عیرفانی خۆیەوە. بەو دەنگە خۆشەی شیعری مەسنەوی دەخوێندەوە و خەڵکی وەئاگا دێنایەوە خودا فەرامۆش نەکەن. چاکە بکەن و لە خراپە دوور کەونەوە.
کاتێک سەیری بازاڕی سەوزە و میوەفرۆشان دەکەی جوانی و تەڕوپاراویەکی دیکەی هەیە، لە هەر وەرزێکدا چەندین میوە و سەوزەوات کە بەرهەمی جوتیارانن دێنە بازاڕ. چەندان جۆر بەروبووی شیرەمەنی لەپێش دوکانی شیرفرۆشەکان دانراون کە بەرهەمی دەستڕەنگینی ژنانی دێهاتی دەوروبەری مەهابادن.
هەر لەلای بازاڕی سەوزەفرۆشان و بازاڕی کوتاڵفرۆشان، مەیدانێکی گەورە هەیە بەناوی مەیدانی مەنگوڕان، هەر چوار دەوری ئەو مەیدانە گەورەیە لە دوکانی گەورەو بچووک پێکهاتووە، ناڵبەند، خومچی (خومخانە)، خەڵوزفرۆش، مسگەر، ماستفرۆش، قەساب، قاوەخانە، بزمارفرۆش، جگەرفرۆش و کەبابچی، کاڵە و لباد فرۆش تەنانەت میوەفرۆش و شتیدیکەش.
لە ناوەڕاستی مەیدان ژن و پیاوانی دێهاتی بەروبوومەکانی خۆیان دەفرۆشتن، لەوانە کارگ و گەنگر و گیای کوێستانی، شیر و ماست و پەنیر و... خەڵک سەرگەرمی کڕین و فرۆشتنی خۆیان بوون و لەولاشەوە ناڵبەندەکان خەریکی ناڵکردنی ئەسپان بوون. لە مەیدانی مەنگوڕان جگەر و کەبابیش هەیە، موشتەریەکان هەر بەسەرپێیی شیشێک جگەر یان کەبابیان بە پیازەوە دەکردە بابۆڵەو بە ئیشتیاوە دەیانخوارد و پەرداخێک دۆی سارد و ترشی خۆماڵیشیان بەسەردا دەکرد. بۆنی کەباب بە هەموو لایەکدا بڵاودەبۆوە و ئەوانەی بۆنیان بۆ دەهات دەمیان پڕ دەبوو لە ئاو.
لەپێش دوکانی خومخانە پارچەی ڕەنگاوڕەنگ لەوانە شین و سوور و زەرد و گلۆڵە بەنی خوری بە ڕەنگی جۆراوجۆر لە خومخانەیان دەهێنانە دەرێ و بە تەنافیان هەڵدەواسین تا وشک ببنەوە و بیاندەنەوە بە موشتەریە فەڕش چنەکانیان، زۆربەی ڕەنگەکان سروشتی بوون و لە رەگی گیای تایبەت ساز دەکران هەربۆیە ڕمێنێکی زۆریان لەسەر بوو ئەو ڕەنگانە کاڵ نەدەبوونەوە.
ژنانی دێهاتی بە زۆری کراسی جاوی ڕەنگ شینیان لە بەردەکرد و پێڵاوی زنجانیان لەپێ دەکرد کە هەرزانتر بوو زیاتریش خۆی دەگرت. هەژاری و دەستکورتی و زوڵم و تالانی ئاغاو دەرەبەگەکان، جوتیارانی وەزاڵە هێنابوو، ساڵ دوازدەی مانگ کاریان

دەکرد تا زگی ماڵ و منداڵیان بە نانی هەرزن و جۆ و دۆ تێربکەن. ئەو جوتیارانە زۆرتر بە رەنێوهێنانی گەنم و جۆ و هەرزن و توتنەوە خەریک بوون. بەدرێژایی ساڵ ژن و منداڵیش هاوڕای پیاوان کاریان دەکرد. زۆربەشیان نەیاندەتوانی بەو بڕە پارەی دەستیان دەکەوێ خەرجی زستانی پێ دابین بکەن.

لە گوندە کوردەکان قوتابخانە نەبوو. تاکە کەسی خوێندەواری گوندیش مەلا بوو، مەلاش گوێڕایەڵی فەرمانی ئاغا و دەرەبەگەکان بوو. لە وەرزی پایزدا بازاڕی شار ڕەونەقی زیاتری پەیدا دەکرد. جوتیارەکان بەرهەمی یەکساڵەی ژن و منداڵەکانیان دێنا شاری، کە بریتیبوون لە گەنم و جۆ و تووتن، لەوێ دەیانفرۆشتن و بە پارەکەی پێداویستی ماڵییان پێ دەکڕین. بازاڕی کوتاڵ فرۆش و خومچی و ناڵبەند و ئاسنگەر و کاڵەچن و پینەدۆز و زین دروەکان دەبووژانەوە، لە بەیانییەوە تا شەو دادەهات خەریکی کڕین و فرۆشتن بوون.

بۆنی کەبابی برژاو دەنگی ئیستیکان و پیاڵەی چایچی ئەو ناوەی دادەگرت. ترێی هەمەڕەنگ و بەتامی ئیندرقاش کە دەتگوت مەرجانە ڕەونەقی بە بازاڕی میوەفرۆشان دەبەخشی شووتی چواربێستانی دەوروبەری رووباری مەهاباد و کاڵەکی شیرینی خۆوەلاتی مەیدانی مەنگوڕان و مەیدانی ئاردی و هەموو بازاڕیان پڕ کردبوو. کارگی کوێستانەکانی کوردستان کە بە ئەندازەی سینییەک دەبوون دەیانهێنانە بازاڕ و زۆریش هەرزان بوون، کەنگر و ڕێواسی سەرەتای بەهار بەناوبانگ بوون، خەڵک لە شارەدوورە کانەوە دەهاتن و لەگەڵ خۆیان دەیانبردنەوە. هەر کوردێک بەهارێ کەنگر و ریواس و دۆکڵیوی بە گێلاخەی نەخواردبا پێیوابوو ئەو ساڵە تەمەنی بە زایە چووە. لە دوورەوە دەنگی عەشیرەتی کولێرە فرۆش دێت. عەشیرەت جارجارە نان ساجیشی بۆ فرۆشتن بۆ بازاڕ دێنا. شەربەتی مێوژی شیرین و بەتامی حاجی تاریکیش لە بازاڕی پێشوازی لە ڕێبواران دەکرد، دەروێشیش بێکار دانەدەنیشت بۆ ئەوەی شتێکی بدەنێ دەفی دەژەند و بە شیعرەکانی مەولانا جەلالەدینی رۆمی خەڵکی وەجۆش و خرۆش دێنا.

بەراستی چەندە جوان و دڵگیرن رۆژانی پایزی مەهاباد بەتایبەت لە چیاو کێوەکانی داشامەجید و خەزایی و قوڵقولاغ، کانی شێخان و تەپەی وەفایی و بەردەسپیان و زاوابووک و بەردەڕەشان، رووباری مەهاباد و چۆمی یەرغوو، (یەرغوو ناوی یەکێک لە فەرماندەکانی چەنگیزخانە کە لە پەنا ئەو چۆمە ئۆردووی هەڵدابوو).

له ڕۆژانی مانگی ڕەمەزان، خەڵک خەریکی خواپەرستین، هەندێکیان بۆ ڕۆژ بەسەر بردن خەریکی دامەکردنن، شەوانی ڕەمەزانی مەهاباد زۆر دڵگیرن و بەخۆشی بەسەر دەبەن. خەڵک دەچنە مزگەوت و سەردانی دۆست و خزمانیش دەکەن و لە دەوری یەک کۆدەبنەوە، تا درەنگانی شەو بە شیعر خوێندنەوە و یاری جۆرابێن (کاڵەمستێن) و فنجانێنەوە کات بەسەر دەبەن.

هەندێکیش دەچوونە ئەو قاوەخانانەی کە بەیتبێژە ناودارەکان بەیت و داستانی حەماسییان تێدا دەگوت، لەوانە ڕۆستەم و زۆراب و سیاوەش و ئەسکەندەر نامەو ئەمیرئەرسەلان، بەیت بێژ قیافەی دەگرت و بە دەنگی بەرز و نەرم، شادی و خەمناک گوێگرەکانی مەدهۆش دەکرد. عەبدوڵڵا شەل یەکێک لە بەیت بێژە هەرە ناودارەکان بوو، خەڵک خۆشیان دەویست و ڕێزیان دەگرت. لەبەردەم هەر بەیت بێژێکدا سینییەکی مسیان دادەنا، گوێگر دوای تەواوبوونی داستانەکە بەپێی توانا، بڕەپارەیەک بخاتە ناو سینییەکە تا کابرای بەیت بێژیش ژیانی خۆی پێ بگوزەرێنێ.

پیاوان دەتوانن تا چوار ژن بێنن، سیغە لە مەهاباد دا نەبوو، چونکە پێچەوانەی شەرعی سوننەبوو. ئای لەو پیاوانەی ناتوانن چوار ژنان بێنن و باسی دەماری پیاوەتیش دەکەن. لە هەمووشی خراپتر ئەگەر کابرا پیر بوایەو ژنێکی جحێڵی هەبا، ئەوە هاتوهاوار و گریانیان دەگەیشتە دەرێش بەتایبەت ئەوانەی دەوڵەمەند بوون. ژن لەماڵی مێردی هیچ دەستەڵاتێکی نەبوو. پیاوسالاری باڵا دەست بوو. ئەگەر پیاوێک لە بەرامبەر ژنەکەی نەرمی نواندبا بە گاڵتە پێکردنەوە پێیاندەگوت هۆمەر. یانی بێ دەمارە. باوک کاتێک کچەکەی بە شوو دەدات دەڵێ کچم بە زیندوویی دەتنێرمە ماڵی زاوا، تەنیا دەبێ بە مردوویی لەو ماڵە بێیە دەرێ. بە زۆری مام یان سەرۆک هۆز یان خزمێکی سەرۆک هۆز بێ ئەوەی پێشتر باوک یان دایک یان کچە ئاگادار بکاتەوە، کچەی بە مێرد دەدا، باوک یان دایکی کچە لە بەرامبەر ئەو کەسەدا نەیاندەتوانی هیچ نارەزاییەک دەرببڕن، ئەگەر هیچ چەشنە دژکردەوەیەکیان نیشاندابا و ڕازی نەبووبان، ئەوە لە ژێر فەرمانی ئاغا دەچوودەرێ و لەوانە بوو بنەماڵەکەی تووشی کارەساتێکی خراپ بووبا. بۆیە کچە لەبەرخاتری باوکی ناچاربوو سەرۆک هۆز بیداتە هەرکەسێک جا چ پیر با یان کوێر با، یان خروێلکاوی و شەل و گێڕبا، دەبوو ڕازیبا. بەداخەوە ئەو کارە ناشرینە ساڵانێکی زۆر لەناو کورداندا بەردەوام

بوو، بەو ئاواتەی رۆژێک کچ بە ئارەزووی خۆی مێرد بکات و کەس نەتوانێ وەک کۆیلە تەماشای بکات[١٤].

ژنە دەلاڵەکان بۆ ئەوەی لەو خوازبێنیە شتێکیان دەست کەوێ دەستییان دەکرد بە تاریف کردن. هەندێک لە کچە بەستەزمانەکان فریوی ئەو دەلاڵانەیان دەخوارد، کاتێک دەچوونە ماڵی زاوا ئیدی کارلەکار ترازا بوو، دەبوو، لەگەڵ بەختی رەشی خۆیاندا بسازێن. ئەگەر نەش گونجابان ئەوە بە بەخت و شانسیان لێک دەدایەوە و دەیانگوت بە دایکی دەچێتەوە ئەویش بەختی نەبوو، بۆیە دەبوو کچە چارەڕەشی دایکیشی قبووڵ کردباو لەگەڵ چەند ژنێک و لە ماڵی پیرەمێردێکی دەوڵەمەند دا، کونجی قەناعەت بگرێ، کاتێک لە کۆلان و بازاڕدا باس لە بەدبەختی ژنە دەکرا جیرانە جولەکەکان تانەوتەشەریان لە کابرا دەداو دەیانگوت: دوو چاو بۆ دوو چاوان ئەگەر زیاتری بکەی پێی دەترێ. ناو بازاڕ پڕ بوون لە دوکانی جولەکەی ریشدار. بە خۆشی و ئاشتی لەگەڵ خەڵکی شار پێکەوە دەژیان، بەڵام هاتوچۆی ماڵە موسڵمانانیان نەدەکرد، ئەگەر هەشبوایە تاکوتەرا بوو.

کوردەکان لەگەڵ مەسیحیەکان نێوان گەرموگوڕتر بوو، ئەگەر کچە جولەکەیەک بە ئارەزووی خۆی مێردی بە کوڕە کوردێکی موسڵمان کردبا، لە ماڵی باوکی هەلاتباو رووی لە ماڵی قازی یان ماڵی سەرۆک هۆزێک کردبا، دوای ئەوەی دەهاتە سەردینی ئیسلام ئەوسا دەیتوانی ببێتە هاوسەری کوڕە دڵخوازەکەی، (بێگومان دەبوو دایک و باوکی کچەشی رازی کردبان، خۆ ئەگەر رازیش نەبووبان قازی هەر مارەی دەکردن.) ئەو کچانەی دەبوونە موسڵمان خەڵک بە منداڵەکانیان دەگوت بنجوو.

گەڕەکی جولەکان لە نزیک مەیدانی ئاسنگەران بوو. کەنیسەی جولەکە کانیش هەر لە نزیک مەیدانی ئاسنگەران بوو، زۆر لە ماڵی باوکم دوور نەبوو کەوتبووە پشت دوکانی ئاسنگەری کاک عەلی ئاغایی. کاک عەلی پیاوێکی قسەخۆش و دانا بوو، نەخوێندەوار بوو، بەڵام زۆر نوکتەباز و میهرەبان بوو.

لەگەڵ میزا مستەفای دراوسێیان زۆر گیانی بەگیانی بوون. هەشت دوکان ئەولاتر دوکانی میرزا مستەفای بوو کە ماڵەکەشی کەوتبووە پشت دوکانەکەی. ماڵی مەجیدە شەل و عەبدوڵلا سوور دیواربەدیواری میرزا مستەفا بوون، دواتر خانوەکەی عەبدوڵلا سووری کڕی و لەگەڵ خانوەکەی خۆی تێکەڵی کردنەوە. میرزا مستەفای

---

[١٤] بەخۆشحاڵییەوە ئەو کارە ئێستا نەماوە و ژن هێنان و شووکردن بە رەزامەندی دایک و باوک دەبێ.

باوکم کوتاڵفرۆش بوو، لەگەڵ میرزا محەمەد رەسووڵی ناڵبەند و قازی کەریمی کوڕی قازی مونعیم و میرزا سمایل هاوڕێ و دۆست بوون و هاتوچۆیان خۆشبوو.

ئێواران کە لە دوکان دەگەڕایەوە لەگەڵ کاک عەلی ئاسنگەر دەکەوتنە گفتوگۆ و باسی ژیان و کارو کاسبییان دەکردو سەرێکیشی لە کرێچییە دوکاندارەکانی دەدا. کاک عەلی بەردەوام دڵی میرزا مستەفای دەدایەوەو دەیگوت ئینشائەڵلا خودا کوڕێکت پێدەبەخشێ، میرزا مستەفا چەند ژنی هێنابوو، بەڵام منداڵی کوڕی نەببوو. خاتوو مەلەکی دایکی میرزا مستەفا، کە بۆخۆی لە تایفەی فەقێ عیسابیان بوو، کە یەکێکن لە هۆزە بەناوبانگەکان و لەگەڵ باوکی میرزا مستەفای سۆفی مەحموودیش خزم و خوێش بوون. هەر ژنێک کە خاتوو مەلەک بە دڵی نەبا، دەبوو میرزا مستەفای باوکم تەڵاقی دابا.

ئەو سێ ژنی هەبوو، یەکێکیان خوشکی مەلا ئەحمەدی ددانساز بوو، ئەوەی دیکەیان خانمی تورک نەژاد خەڵکی ورمێ و سێیەمیان خاتوو زارای دایکم بوو. لە دەورانی تاڵان و کوشتاری خەڵکی مەهاباد و دەوروبەری لەلایەن رووسەکانەوە، ئەوکات دایکم تەمەنی دە ساڵان بووە، لەگەڵ باوکی لە گوندی ئیندرقاش دەژیان. باوکی خاتوو زارا حسێنە جلە و برایەکی گەنجی رووسەکان لە خوار ئاوایی ئیندرقاش شەهیدیان کردبوون. زارا خاتوون لەگەڵ دایکی و خوشکە گەورەکەی بێ سەرپەرشت مابوونەوە، بۆیە بەناچاری بۆ پەیداکردنی کار روویان لە مەهاباد کردبوو.

مەیدانی ئاسنگەران لەگەڵ ئەوەی زۆربەی دوکانەکان دوکانی ئاسنگەری بوون، بەڵام هەر مەیدانە بۆخۆی شوێنێکی گونجاو بوو بۆ کڕین و فرۆشتنی مەڕ و گاو ئەسپ، یان بۆ فرۆشتنی بەروبوومی شیرەمەنی و سووتەمەنی. خەڵکی گوندەکان بارە تەپاڵە و کشپل و گوێنییان بۆ فرۆشتن دێنا، خەڵوزیشیان بۆ مەیدانی ئاسنگەران دەبرد. هەروەها ئەو ژن و کچانەی هەژار و بێ نەوابوون و هیچ بارەبەرێکیان نەبوو، بەکۆڵێ شتیان بۆ شاری دێنا.

رۆژێک لە رۆژان زارا خاتوونی بچکۆلە و جوان لەگەڵ دایکی و خوشکی سێ کۆڵەدار لە دەوروبەری لێرەواری شاری کۆدەکەنەوە و بۆ فرۆشتن دەیهێنن بۆ مەیدانی ئاسنگەران تا بەڵکو بەو برە پارە کەمە خواردنێک پەیدا بکەن و بگەڕێنەوە گوندی ئیندرقاش.

بازاڕی بەیانی مەیدانی ئاسنگەران، پڕ لە خەڵک بوو، خەریکی کڕین و فرۆشتن بوون. میرزا مستەفا لە ماڵ دێتەدەر تا لەسەر راسپاردەی مەلەک خاتوونی دایکی هەندێک داری سووتاندن بکڕێ، لەو ماڵە، دایکی میرزا مستەفا بۆخۆی نانی دەکرد.
ئەو کچە بەستەزمانانە لەگەڵ دایکیان بە سێ کۆڵەدارەوە لە سوچێکی مەیدانەکە راوەستابوون و چاوەڕوانی کڕیارێکیان دەکرد. کاتێک میرزا مستەفا چاوی پێیان دەکەوێ و دەچێتەلایان و نرخی دارەکانیان لێ دەپرسێ، دوای کەمێک قسەکردن هەرسێ کۆڵەدارەکەیان لێدەکڕێ، ئینجا پێشیان دەکەوێ تا دارەکانی بۆ بێننەوە ماڵێ کە مەوداکەی هێندە دوور نەبوو، بێگومان چاویشی هەر لەسەر کچە جوان و شەرمنەکە بوو، کە سەری نەویکردبوو بە زەحمەت کۆڵەدارەکەی لە کۆڵێ نابوو، ئاخر دوو رۆژ بوو هیچیان نەخواردبوو.
کاتێک گەیشتنە ماڵی میرزا، بە ئاماژەی ئەو خاتوو مەلەک فەرمووی کردن بۆ ژوورێ کە هێشتا سفرەی ناشتا هەڵنەگیرابووەوە. لەپێشدا بەشەرمەوە نکوڵییان دەکرد، بەڵام بەهۆی پێداگری زۆرەوە لە دەوری سفرە دانیشتن. خاتوو مەلەک تێگەیشت زۆریان برسییە، ئەو خواردنەی کە شەوێش مابووەوە لەگەڵ نان و پەنیر لە پێشی دانان و بۆخۆیشی رۆیشتە دەرێ، تا شەرم نەکەن و تێر بخۆن، ئەوان برسییان بوو. خواردنی ژەمێکی تێر لە نان و پەنیر و گۆشتاو وزەیەک بوو بۆ ئەو کچە باوک مردوانە و ئەو بێوەژنە مێرد و کوڕ کوژراوە لەو گرانیەدا. ژنەی دێهاتی لەگەڵ دوو کچەکەی خەریکی نانخواردنی ناشتا بوون، یان باشتر وایە بڵێم نانی چەند رۆژەیان بوو. میرزا مستەفا وەگوێی دایکی هەڵێنا تا سۆزی دایکی بەلای کچە بچکۆلەکەدا ڕابکێشێ و بە هەر شێوەیەک بێ دایکە پەرێشان حاڵەکەی رازیبکا لە ماڵیان وەمێنن، خۆ ئەگەر هەرسێکیشیان نەمێننەوە زارای بچکۆلە وەک وەرگێڕکە لە ماڵیان وەمێنێ و هەقدەستێکیش وەردەگرێ و جلوبەرگ و خواردنیشی دەدەنێ. خاتوو مەلەک لە میرزای پرسی ئاخر تۆ دوو ژنت هەن و زۆر باشیش بە کاروباری ماڵێ رادەگەن، دەی چ کارێکت بەو کیژەی داوە؟ ئەویش لە سەرخۆ گوتی: دایەگیان وەکو وەرگێڕکە و قەرەواشێک لە ماڵێ کاردەکات، ئەوانە بێچارەو لێقەوماون، گرانی هێشتا ماوەو خەڵکی دەکوژێ، ژنەکانی من کابان نین، لە راستیدا هەر خۆشیشم ناوێن. خاتوو مەلەک دیتی تاقانە کوڕەکەی دەست هەڵناگرێ و نابێ دڵی کوڕەکەشی برەنجێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی خێر بەرامبەر ئەو بنەماڵە بەدبەختە دەکات.

زۆر بە پارێزەوە لەو دێهاتییە رووتەڵانە نزیک دەکەوێتەوە، دوای دڵدانەوە هەریەکەو کراسێکی باشی دانێ، ئەو کراسانەی ژنەکانی میرزا مستەفا بۆ زارای بچووک و خوشکەکەی گەورەبوون. دایکی گوتی کچینە هیچ کەمایەسییەکی نییە لە ماڵێ بۆتان بچووک دەکەمەوە خەمتان نەبێ. کچەکان کاتێک چاویان بەو کراسە حەریرانە کەوت، ئاخر شتیوایان هەرگیز بەخۆوە نەدیبوو، لەخۆشیان شاگەشکە بوون، سەرکوڵمەیان وەکو یاقوت سوورهەڵگەڕا بوو تێریش نانیان خواردبوو. هەناسەیەکی قووڵیان هەڵکێشاو لە دەوروبەریانەوە رامان. ماڵی میرزایان پێخۆشبوو. خاتوو مەلەک بەزمانی شیرین رازیکردن چەند رۆژێک لەوێ بمێننەوە تا کەمێک دێنەوە سەرخۆ. دایکە بێوەژن و بێچارەکە وای بەباش زانی چەند رۆژێک لەگەڵ کچەکانی لەلای خاتوو مەلەک بمێننەوە، میرزا مستەفاش ئەو چاکەکاریەی دایکی زۆر پێخۆش بوو، گوتی: دایەگیان بیانبە ژێرزەمینێ تا لەوێ خۆیان بگۆڕن و خۆشیان بشۆن، پێشی گوت دەبێ دڵنەواییان بکات.

چەند رۆژان لە ماڵی میرزا مانەوە، سەرەنجام خاتوو مەلەک دایکی زارای رازیکرد کچەکەی وەک کارەکەر لە ماڵیان وەمێنێ و وەک وەرگێڕکەیەک کاریان بۆ بکات، وەکو چایی هێنان و ئافتاوەو لەگەن بردن بۆ دەست شووشتن، بەکورتی هەرکارێک کە پێبکرێ لە بەرامبەریشدا خواردن و جلوبەرگی بدەنێ لەگەڵ هەندێک هەقدەست. دایکی رازیبوو کچەکەی لە ماڵیان وەمێنێ. دایک و خوشکەکەی زارا گەڕانەوە گوندەکەیان.

میرزا مستەفا لەو شاکارەی دایکی نواندی گەلێک خۆشحاڵ بوو، چەند مەتر کوتاڵی چیتی جوانی لە دوکانەکەی بۆ زارا هێنایەوە و داوای لە دایکی کرد کراسێکی بۆ بدروێ. پێڵاوێکی سووری جوانیشی بۆ کڕیبوو کە زۆری دڵ پێخۆشبوو.

یەک دوو ساڵ ئاوا تێپەڕین، زارای بچکۆلە گەورەببوو رۆژ لە رۆژیش جوانتر دەبوو. دایکی و خوشکیشی زووزوو دەهاتنە لای. زارا هۆگری ماڵی میرزا ببوو، کاتێک دایکی دەیگوت دەبێ بێیتەوە ئاوایی دەگریا، ژیانی خۆشی شار و جلوبەرگی ئاڵووالاو خواردنی باش زارایان زۆر جوان کردبوو. میرزا مستەفا نەک بە دڵێک بە سەد دڵ عاشقی زارا ببوو، بەڵام زارا دەرکی بەو شتانە نەدەکرد، ژیانی بە هەتیوی و هەژاری و برسێتی دەستپێکردبوو. لەو ساڵانەی تەمەنی ١٢-١٣ساڵەی گەنجی کچە دێهاتییەک

کوا مانای عەشقی دەزانی، ئەویش لە ماڵێکدا کە خاتوو مەلەک فەرمانڕەوای بێ ئەملاوئەولای بێت.
دوو ژنەکەی میرزا هەمیشە لەبەریەکدا بوون، رازیکردنی ئاغا کارێکی هێندە ئاسان نەبوو، میرزا هەر لە بیرکردنەوەدا بوو، میرزا دەیویست ئەو کچە جوانە بکاتە هاوسەری خۆی، دەبوایە لە رووی یاسایی و شەرعەوە رێگاچارەیەک وەبینێ. بۆیە میرزا لەگەڵ هاورێکانی کەوتە پرسوراوێژ، تا لە کۆتاییدا رێگاچارەیەکیان دۆزیەوە. کاتێک دایکی خاتوو زارا هات قسەیان لەگەڵ کرد، کراسێکی جوانیشی بۆ ئەو و زارا کڕیبوو، ئاوا قسەی لەگەڵ دایکی خاتوو زارا دەستپێکرد: خات ئامینە ئەو کچە جوان و پاک و بێ ئازارەت تەمەنی بۆتە ١٢- ١٣ساڵ لە روویی شەرعەوە حەرامە هیچ شتێکی لەدەست وەربگرم و نامەحرەمە، بۆ ئەو مەبەستە قسەم لەگەڵ مەلا کردووە ئەگەر لەسەر بۆرەمارەییەک[١٥] مارەبکرێ، نەزەری حەرام نابێ. دایکی زارا خاتوون مارەییەکەی قبوڵ کرد و لە میرزایان مارەکرد. هەر دەستبەجێ ئاگری بن کا بڵێسەی سەند، خۆڵەمێشەکە کڵپەی سەند. بۆرەمارەیی کاری خۆی کرد و زارا خاتوونی بچکۆلە و جوان بوو بە یەکێک لە ژنەکانی میرزا مستەفا. ژنەکانی دیکە بەو هاوسەرگیریە رازی نەبوون و پێیان وابوو سووکایەتییان پێکراوە، چونکە خۆیان بە هاوشانی کچێکی هەتیو و دێهاتی نەدەزانی و بەلایانەوە نەنگی بوو.
خاتوونی ورمێ بەبێ تەڵاق وەرگرتن لەگەڵ دایکی رۆیشتەوە ورمێ و ئیدی هەواڵێکی نەما. پیرۆز خاتوونی خوشکی مەلا ئەحمەدی موسەننەنی ددانساز کە کچێکی هەبوو بەناوی ئاسییە، کچەکەی بەجێشت و تۆرا، دوای چەند ساڵێک کۆچی دوایی کرد. ئاسییەی کچی خاتوو پیرۆز زۆر جوان و بەڕەوشت و لەبەردڵان بوو، هەموو خۆشیان دەویست.
زۆری پێنەچوو زارا خاتوون دووگیان بوو، کچێکی بوو بەناوی خەجێ، تەنیا چەند مانگێک ژیاو مرد. میرزا مستەفا نیگەران بوو، نەبوونی کوڕ خەمێکی گەورەی بوو، رووی لە هەموو دەرگاو تەکیەو شێخێک دەکرد، شەو و رۆژ لە خودا دەپاڕایەوە کوڕێکی پێببەخشێ. تا ئەوە بوو رۆژێک دەروێشێک لەپێش دوکانەکەی راوەستاو گوتی: من لە ئایندەی هەموو کەسێک دەزانم و بەخت و شانسی دەگرمەوە.

---

[١٥] بۆرەمارەیی: واتا لەسەر مارەییەکی کەم

میرزا مستەفا کەمێک راماو گوتی دەروێش گیان لە کوێوە هاتووی، گوتی لە عێراقەوە هاتووم لە شاری بەغدا و لە بارەگای حەزرەتی غەوسی گەیلانی شێخی گەورەو مورشیدی مەزن عەبدولقادری گەیلانی. میرزا بیریکردەوە چ دەبێ گرێی ئەو کێشەیەم بکاتەوە، بەڵکو لە ئایندەش بزانێ. بە پارێزەوە دەرویشی هێنا ژووری دوکانێ و چایەکی بۆ بانگ کرد، لەگەڵ دەروێش کەوتە رازونیاز و دەردە دڵ، باسی لەوەکرد تا ئێستا چەند ژنی هێناوە تەنیا کچی بوون و لەوانیش تەنیا کچێکی ماوە و هەموو ئاواتی ئەوەیە خودا کوڕێکی پێ ببەخشێ. دەروێش لە کەشکۆڵەکەی کتێبی (رمل و اسطرلاب)ی دەرهێناو کەوتە نزاکردن هەستایە سەرپێ، رووی لە قیبلە کرد دەستی لەسەر کتێبی پیرۆزی دەلایل دانا (رمل و اسطرلاب)ی وەکار خست، دوای ئەوەی ماوەیەک سەری نەویکرد بە قەڵافەتێکی پڕ لە شادی دەستی لەسەر شانی میرزا مستەفا داناو چەند دوعایەکی خوێند، چاوی لێکنان و گوتی یا ئەڵڵا. دوای چەند ساتێک چاوی هەڵێناو گوتی ئەی مستەفا بەمزوانە کوڕتان دەبێ کە بەخت و چارەنووسێکی پڕ لە رووداوی دەبێت، ناوی بنێ عەبدولقادر غوڵام و ئاڵقە لەگوێی حەزرەتی غەوسی بکە تا لە هەموو دەردو بەڵایەک بە یاوەری خودای مەزن بیپارێزێ.

میرزا مستەفا بە روویەکی خۆشەوە رووی لە دەروێش دەکاو دەڵێ سوێند بە خودا بەڵێنت پێدەدەم یەکەم کوڕم ناوبنێم عەبدولقادر و ببێتە غوڵامی راستەقینەی حەزرەتی غەوس. هیوادارم ئەو رۆژەش لێرە بتبینم. دەروێش گوتی نا، مستەفا من دەڕۆم و ئیدی نایەمەوە ئەو مەڵبەندە. کاتێک میرزا مستەفا خەریک دەبێ لە سندوقە پۆڵاینەکە کەمێک پارەدەربێنێ و بیداتە دەروێش، هەرکە ئاوڕ دەداتەوە دەروێش سەروسۆراغی نین. ئەو رووداوە لە ناو هەموو هاوڕێکانیدا دەبێتە ویردی سەرزمان و هەموویان دەڵێن ئەوە پیاوی خودا بووە هەواڵی بە میرزا داوە کە دەبێتە خاوەنی کوڕ، ناویشی دەبێ عەبدولقادر بێت.

زۆری پێناچێ خاتوو مەلەک دەڵێ خاتوو زارا دووگیانە و مەگیرانی لە شتی ترش دەکات. جارجار ئەگەر لیمۆیەک یان بەهێیەکی مزریان دەستکەوتبا بۆیان دێنا. زارای بچکۆلە هەموو کارەکانی ماڵی رادەپەڕاند بە لەشولاری بچووک و سەرکوڵمەی ئاڵ و چاوە جوانەکانی، نەشیدەویست وا دەربخا کە دووگیانە. ماڵی میرزا مستەفا بەردەوام ئاوەدان بوو، بەتایبەت خزمانی فەقێ عیسایی، شەو نەبوو پێنج شەش

میوانیان نەبن، دەبوو خواردنیشیان بۆ ئامادە کراباو خزمەتی زۆریان کرابا. خاتوو پیرۆزیش تۆرابوو، خاتوو مەلەکیش بێ تاقەت ببوو. وەرزی پایز خێرا تێدەپەڕی، باری خاتوو زاراش قورستر دەبوو، کاروباری ماڵێ کەوتە سەرشانی خاتوو ئامینەی خوشکی میرزا مستەفا کە تەمەنی دەوروبەری پازدە شازدە ساڵێک دەبوو.

هەوا سارد ببوو، بەفری کۆتا مانگی گەڵارێزانی ساڵی ۱۹۲۳ دەوروبەری شاری داپۆشیبوو. گەڵای درەختەکان خێرا هەڵدەوەرین، هەست بە کەمی ئازوقە دەکراو زستان مانگێک زووتر خۆی نیشان دەدا. دووەم رۆژی مانگی سەرماوەز بەفرێکی ئەستوور باری و بەفرماڵین دەستیپێکرد. بەفری سەربانەکانیان فرێدەدانە حەسار و کۆڵانە تەنگەبەرەکانی دەوروبەری ماڵی میرزا مستەفا. حەساری ماڵە دوونهۆمەکەی میرزا مستەفا پڕ ببوو لە بەفر، ئەو ژوورەی رووی لە باشوور بوو، دەرگاکەی دیارنەبوو، خەڵک لە ترسی هەڵخلیسکان زۆر بە دژواری هاتوچۆیان دەکرد. خاتوو زارا ئیدی نەیدەتوانی شتی قورس هەڵبگرێ، خاتوو مەلەکیش برستی لێبڕابوو نەیدەتوانی هەموو کارێک بکات، ئامینەی کچیشی خەریکی کاروباری ماڵ بوو. خزمەتکارێکی تازەیان گرت بۆ رایی کردنی کاروباری ماڵ و ئاوی خاوێنیان بۆ بێنێ و تەندووریان بۆ هەڵبکا. خاتوو مەلەک هەر بۆخۆی نانی دەکرد، تا دوایی نان کردنەکەیان دایە خاتوو زێنەب، بەڵام کاری چێشتلێنان هەر لە ئەستۆی خاتوو مەلەک و ئامینەی کچی بوو. مانگی سەرماوەز بە سەختی تێپەڕی، خاتوو زارا لە هەندێک کاری ئاسایی نەیدەتوانی هیچ کارێکی دیکە بکات.

سەعاتی چارەنووسساز نزیک دەبووەوە، مانگی رەجەب بوو کە بەرامبەر بوو بە بەفرانباری ساڵی ۱۹۲۳ ئازاری ژان هاتن ئاراو قارای لێبڕیبوو. مام محێدین ئامۆزای میرزا لەوێ بوو کەوتە پەلەپەل، ژن و پیاوەکان کەوتنە پرسوڕاوێژ بۆ ئەوەی مامانێک بێنن، نەخۆشخانە و دکتۆر نەبوو، تەنیا مامانی خۆوەڵاتی ئەویش تاکوتەرا لە شاری هەبوون، دوایی بڕیاردرا مام محێدین بەدوای خاتوو گوڵێی دێدیلەدا بچێ و بیهێنێ. خاتوو گوڵێ ژنێکی کورتەباڵای چاو پڕ لە کل، تاسکڵاوی کوردی و شەدەی لەسەر دەنا، تا بڵێی ژنێکی کارامە و پاکوخاوێن بوو. دوای ماوەیەک مام محیدین لەسەرخۆ و بەپارێزەوە خاتوو گوڵێی هێنایە ماڵی میرزا. خاتوو گوڵێ و خاتوو مەلەک و ئامینەی کچی دەستبەکار بوون، هێشتا سیوادی نەدابوو کە منداڵێکی کوڕ بۆ میرزا هاتەسەر دنیا، پێشبینی دەروێش وەڕاست گەڕا میرزا لەخۆشیان لە پێستی خۆیدا نەدەگونجا،

هەموو شادو کەیف خۆشبوون، پیرۆزباییان لە خاتوو زارا دەکرد و دڵیان دەدایەوە. دایک و خوشکی خاتوو زاراش هاتبوون. منداڵە ساواکە بە قژی لوول و چاوی رەشەوە سەرنجی هەموانی رادەکێشا.

یەکەمین گریانی منداڵێکی کوڕ لە بەرەبەیانییەکی زۆر ساردی ٢٠ی بەفرانبار ماڵی میرزا مستەفادا بیسترا. بوو بە شادی و هەلهەلە لێدان. دوای هەفتەیەک یەکێک لە دۆستەکانی میرزا بە گوێی منداڵەدا بانگی داو داوای بەختەوەری و تەمەن درێژی بۆ منداڵەکە کرد و هەموویان دەستەودوعا لە خودا پاڕانەوە و ناویان لێنا عەبدولقادر. یەکێکی دیکە لە پەیڕەوانی حەزرەتی عەبدولقادری گەیلانی هاتەسەر دنیا و ژیانی پڕ لە بەسەرهاتی ئەو دەستپێکرد.

دوای لەدایکبوونی ئەو منداڵە بەفرێکی ئەستوور باری، هەموو ڕێگاکان بەستران، خەڵک بەسەربانەکاندا هاتوچۆی یەکتریان دەکرد و پێداویستی یەکتریان رایی دەکرد. خاتوو گوڵێ دێدیلە هەتا یەک مانگ نەیتوانی بچێتەوە ماڵی خۆی و هەر لە ماڵی میرزا مایەوە و چاودێری خاتوو زارا و عەبدولقادری دەکرد. دوای مانگێک ساردوسڕی بەرەبەرە کەشوهەوا گۆڕا، لە ناوەڕاستی چلەی گچکەدا لە ٢٠ی ڕێبەندان بەدواوە باڵندە کۆچەریەکان پەیدا بوونەوە. لەکلەکەکان هێلانەکانیان چاک کردنەوە و ئامادەی هێلکەکردن و پێشوازی لە بەهار بوون، بە دەنووکە درێژەکانیان و بە تەقەتەق بانگی یەکتریان دەکرد. ریشۆڵەکان بە ریز لەسەر لکی دارەکان دەنیشتن و بەدوای پەیداکردنی خواردنێکدا دەگەڕان لەسەر جادەو ئەو شوێنانەی رەشانگ بوون.

راوچییەکان بۆ راوە کەو و راوە کەروێشک دەچوونە دەشتودەر، جوتیار و باخەوانەکان خۆیان بۆ کشتوکاڵی بەهاری ئامادە دەکرد. خەڵکی گەڕەکەکان ژن و پیاو ئەو بەفرەی هەڵدرابووە سەریەک بەسەر جادە و پیادەڕۆیەکاندا پەرشوبڵاویان دەکردن بۆ ئەوەی زووتر بتوێنەوە. لە کێو و چیاکانی دەوروبەری شار چاڵە بەفرەکانیان خاوێن دەکردنەوە، پڕیان دەکردنەوە لە بەفر و بە بەرد دەیان پەستاوتنەوە بۆ ئەوەی هاوینێ بیفرۆشن. خەڵکی شار هاوینان و بە تایبەتیش ئێواران بەفری لە رەندەدراویان لە شێوەی قالبە خشتە دەکڕی و ئاو و ماستاویان پێ سارد دەکردن. هاوینان مەهاباد گەرمە، پلەی گەرمی بۆ ٣٠ تا ٣٥ پلە بەرز دەبێتەوە، خەڵک لەو گەرما تاقەت پڕووکێنەدا پەنا بۆ باخەکان دەبەن یان دەچنە ژێرزەمینەکان.

خانوەکەی میرزا مستەفای باوکم پێکهاتبوو لە ژوورێکی گەورە کە رووی لە باشوور بوو، لەگەڵ دوو راڕەو لە هەردوولاشی دوو هۆدەی گەورە هەبوون لەگەڵ هەیوانێکی گەورە بۆ دانیشتن و خەوتنی شەوانی هاوین، پەنجەرەی ژوورەکان دەکرانەوە، تیرۆژ لە شووشە رەنگاوڕەکانی داداو دەهاتە ژووری. لە ژوورەکەی عەبدولقادردا لانکەو سەرلانکەی تایبەت هەبوو. خاتوو گوڵێ دێدیلە هەر چەند رۆژ جارێک دەهاتە لای منداڵەکە، دەیلاواندەوە و شێوازی پەروەردە کردنی منداڵی بە خاتوو زارا دەگوت. خواردنی باش و ئاگالێبوون کاریگەرییان کردبووە سەر قادر. منداڵە ساوایەکە کەمتر دەگریا، بە پەنجەکانی یاری بەو مورووانە دەکرد کە بە لانکەکە هەڵواسرابوون، تەماشایەکی دەوروبەری خۆی دەکرد و بزەیەکی دەهاتێ. لە قەڵافەتی دایکە دڵپاک و بەستەزمانەکەی رادەما. هۆگری دایەگەورەی ببوو، کە دەچووە کۆشی ئامینەی پووری زوو خەوی لێدەکەوت.

خاتوو مەلەک نەیدەهێشت کەس منداڵەکە ماچ بکات، دەیگوت دەموچاوی ئەو منداڵە دەبنە زیپکە. دەیانگوت بە منداڵی زۆر هەستیار و دڵناسک بووم. زوو زوو مەلاشووم دەکەوت، تەنیا خاتوو گوڵێ دەیتوانی بە ئەنگوستی مەلاشووم بێنێتەوە. ساڵێک تێپەڕی و بە ڕەوڕەوە دەڕۆیشتم. وردەوردە باوکم لەگەڵ خۆی دەیبرمە دەرێ، هەندێجار کە ماندوو دەبووم لە باوەشی دەکردم، رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر لەگەڵی دەڕۆیشتم. لە کەنار رووباری کە بەسەر مەزرای مارفە کەچەڵیدا دەڕوانی قاوەخانەیەکی گەورەی لێبوو زۆربەی نێرگەلە کێشەکان لەوێ کۆدەبوونەوە و نێرگەلەیان دەکێشا، شەوانە حیکایەت خوان و بەیتبێژەکان لەوێ کۆدەبوونەوە و حیکایەت و بەیتیان دەگوت. قاوەخانەکە زیاتر جێگەی ئەو کەسانە بوو باسی سیاسەتیان دەکرد و دەمیان لە سیاسەت وەردەدا.

لە تەمەنی سێ، چوارساڵیدا دەمتوانی زۆرتر لەگەڵ باوکم بڕۆم بێ ئەوەی هەست بە ماندوو بوون بکەم. زۆر حەزم لە مانگی رەمەزان و شەوبێداری خواپەرستان بوو. سەعاتە سەرمێزیە فەرەنسییەکە بەو ئاوازو سەنتوورەیەوە سەرنجی بۆ ئایندەیەکی دوور رادەکێشام. دەنگی ئەڵلاهوئەکبەری بەیانیانی مزگەوتی قازی بۆمن ئیلهامبەخش بوون. لە تەمەنی سێ و چوارساڵیدا باوکم فێری نووسین و خوێندنەوەی کردم، بۆخۆی خەتی زۆر جوان بوو، رووکنەکانی دینی فێردەکردم و بۆی باسی گولستان

و بوستان و ئەفسانەی هەزارو یەکشەوە دەکردم. سەرنجی بۆ ئەفسانەو پەندو تەنز رادەکێشام.

لە تەمەنی شەش سالّی ناردمی بۆ قوتابخانە. یەکەم قوتابخانەم قوتابخانەی پەهلەوی بوو کە کەوتبووە پشت مزگەوتی سەید نیزام. قوتابخانە کەوتبووە ناو حەسارێکی گەورە لە کۆمەڵێک ژوور پێکهاتبوو لە ژووری فراوان بە پەنجەرەی گەورەوە. پۆلی یەک لە نهۆمی خوارێ بوو. لە گۆشەیەکی قوتابخانە کولێرە بە رۆن و شیرینی کوردییان دروست دەکردو بە منداڵە قوتابییەکانیان دەفرۆشتن. نانەواکە خزممان بوو پارەی لێوەرنەدەگرتم دەیگوت لەگەڵ باوکت حیسابی دەکەم، خودا لێی خۆشبێ ئەو کارەی ئەو وای لە من کرد دەست والاّ باربێم و سفرەو خوانی خۆڕایی لەسەر حیسابی باوک بدەمە ئەو منداڵانەی هەژار و برسی بوون.

منداڵە هەژارەکان زۆریان حەز لە کولێرەی گەرم بوو، لە دەورەم کۆدەبوونەوە، منیش کولێرەی گەرمم دەدانێ. مانگێک تێپەڕی کابرای نانەوا هیچ بڕە پارەیەکی لە باوکم وەرنەگرتبوو، باوکیشم هیچ ئاگایەکی لەو کارەی من نەبوو. بیرم کردەوە خودایە دەبێ سەرمایەی ئەو نانەوایە چەندبێ؟ کە پارەی لە باوکم وەرنەگرتووە. کاتێک لە مام محێدینی ئامۆزای باوکمم پرسی گوتی ئەو هەژارە، بەلاّم دڵی دەوڵەمەندە. نەمزانی دڵی دەوڵەمەندە یانی چی؟ لە مامۆستاکەمم پرسی، مامۆستا شوجاعی بەڕێوەبەری قوتابخانە بوو، کاتێک گوێی لە پرسیارەکەم بوو گوتی کوڕم خودا دڵی دەوڵەمەند دەداتە کەسێک کە مرۆڤی گەورەن و لە حاڵەتی دەستکورتی و هەژاریدا ناڵاڵێنەوەو ئەوەی خودا بیدات لەگەڵ خەڵکانی دیکە بەشی دەکات و بەوکارەشیان دڵخۆشن. بۆیە ئافەرینم بە سەخاوەتی و دلاّوایی ئەو پیاوە گوت، ئیدی نانم لێ وەرنەگرتەوە، هەرچەندە بانگی دەکردم، دەمگوت تێرم و سوپاسم دەکرد. دواتر باوکم زانی و بۆی قەرەبوو کردەوە.

لە قوتابخانەو لە پۆلی یەک دڵخۆشبووم، هاوڕێی زۆرم هەبوو سەرگەرمی خوێندن بووم، تا رۆژێک کە لەگەڵ قوتابییەکان یاریمان دەکرد بەردێکم هاویشت، وەشووشە پەنجەرەی ژووری بەڕێوەبەرکەوت شکاو خرمژنی هات، بەڕێوەبەر لەسەرڕێرا تەماشای کرد، منداڵەکان ئاماژەیان بۆ من کرد، مامۆستا شوجاعی پەنجەی لێ راوەشاندم و هەڕەشەی لێکردم، منیش لەشەرمان سەرم نەویکرد و گەڕامەوە ماڵێ،

ئیدی نەچوومەوە ئەو قوتابخانەیە. هەرچەندە گوتیان بۆ ناچیتەوە کێ ئازارت دەدا، گوتم حەزم لەو قوتابخانەیە نییەو ناچمەوە ئەوێ.
ئەو ساڵە باوکم زۆر هەوڵی لەگەڵ دام و کتێبەکانی پۆلی یەک و دووم زۆر بە باشی خوێندن، بۆ ساڵی دوایی لەگەڵ باوکم چووینە قوتابخانەی سەعادەت کە لە خانووی میرزا مستەفای پینەچیاندا بوو، دوای تاقیکردنەوەی سەرەتایی لەلایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەوە ناردیانمە پۆلی سێ. مامۆستای پۆلەکەمان مەلا (میم میم) ناوێک بوو. دوای یەک دوو مانگ خوێندن و ئاشنابوون بە بارودۆخی قوتابخانەو هاوپۆلەکانم و هەڵسوکەوتی مامۆستاکەم بۆم دەرکەوت مامۆستاکەم پیاوێکی داوێن پاک نییە، پرسوڕاوێژم بە باوکم کرد و گلەییم لە هەڵسوکەوتی مامۆستاکەم کرد. باوکم زۆر نیگەران بوو، کەوتەبیرکردنەوە دوایی بڕیاریدا لەو قوتابخانەیەم دەربێنێ و بمباتە لای مامۆستایەکی دیکە. چووینە قوتابخانەی مامۆستا فازیلی ئەویش گوتی جێگامان نییە. پاشان چووینە لای مەلا ئەحمەدی ئاکۆیی کە پیاوێکی بەدین و شارەزابوو، لە حوجرەی مزگەوتی قازی و لە نزیک ماڵی خۆمان لەگەڵ ژنەکەی پێکەوە دەژیان، لەبەرامبەر هەقدەستێکی کەم پۆلی سێم لەلای ئەو مامۆستایە تەواوکرد.
لە سەرەتای ساڵی دەستپێکردن، لەگەڵ باوکم چووینە لای مامۆستا میرزا عەلی مەحموودی کە مامۆستای پۆلی چواری قوتابخانەی سەعادەت بوو. باوکم میرزا عەلی خۆشدەویست و زۆر تاریفی دەکرد. میرزا عەلی لەگەڵ باوکم چوونە لای بەڕێوەبەرو منیش لە ڕاڕەوەکەو لەپێش دەرگای ژووری بەڕێوەبەر ڕاوەستابووم. دوای نیو سەعات بەڕێوەبەر هاتەدەرێ دەستێکی بەسەرمدا هێناو گوتی کوڕم تۆ بڕۆ بۆ ژووری پۆل و بە مامۆستا عەلی مەحموودی سپاردم. بەوپەڕی حەز و تامەزرۆیی دەستم بە خوێندنی پۆلی چوارەم کرد لە قوتابخانەی سەعادەت کە لە خانووی میرزا مستەفای پینەچییاندا بوو. مامۆستا عەلی مەحموودی بەڕاستی مامۆستایەکی شارەزاو خوێندەوار و لێهاتوو بوو. وەک منداڵی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ قوتابیەکان دەکرد. ماڵیان زۆر لە ماڵی ئێمەوە نزیک بوو، لە نزیک بازاڕی زین دروان و گەرماوی عەباس ئاغا بوو. لە پۆلەکەماندا محەمەد مەستانی و فەیزوڵلا لە هەموان گەورەتر بوون، ئەو قوتابییانەی دیکەی لەبیرم ماون، عەلی تابانی و حەمید تابانی و ڕەحمەتی عەزیزی و خانباغی و ڕەشیدی بوون...

پۆلەکەی مامۆستا مەحموودی لە قوتابخانە نموونە بوو. قوتابیەکان ڕێکوپێک و خاوێن و ڕەفتار باشبوون. قوتابخانەی سەعادەت لە نزیک گۆڕستانی مەلاجامی[16] بوو. حەساری قوتابخانە زۆر جوان و دڵگیربوو، ئاوی کارێزی هەبوو پڕ بوو لە درەختی میوەو گوڵ و گوڵزار. میرزا مستەفای پینەچیان کابرایەکی داڵەگۆشتی کورتەباڵا بوو، زۆرباش بە درەخت و گوڵەکان رادەگەیشت و خزمەتی دەکردن.

ڕۆژێک لە پۆلدا مامۆستا مەحموودی، محەمەد مەستانی هەستاند بۆسەر تەختەڕەش و پرسیاری لێکرد. محەمەد نەیتوانی وەڵامێکی تەواو بداتەوە. مامۆستا مەحموودی تووڕەبوو، دارشەقەکەی عەلی تابانی دەستدایە، عەلی شەل بوو بە دارشەقەوە دەڕۆیشت، بە هەردووک دەستان لە پشتی مەستانی راکێشا. محەمەد پانڕابوو، گوتی مامۆستا غەڵتم کرد ئیدی لەمەودوا وانابم. میرزا عەلی هەڕەشەی لێکرد ئەگەر جارێکی دیکە وانەکەت باش حازر نەکەی ئاگرت لەسەرپشتێ دەکەمەوە.

لە پۆلەکەماندا عەلی و حەمید تابانی زۆرباش کەمانچەیان دەژەند و فلوتیان لێدەدا. پۆلی چوارەممان بەسەرکەوتوویی و پڕ لە یادەوەری خۆش تێپەڕاند. بەهاری ١٩٣٦ تێپەڕیبوو، پشووی قوتابخانە دەستپێیکرد، لە کۆتایی ساڵی خوێندن بیستمان ماڵی مامۆستا پێویستی بە سواغ و گڵەبان هەیە. هەموو قوتابیەکانی پۆلی چوار لەگەڵ وەستا محەمەدی مەستانی قۆڵمان لێهەڵماڵی بەچەند ڕۆژێک کارەکەمان تێک پەڕاندو خۆشمان گوزەراند. ئای گەنجێتی یادت بەخێر.

---

[16] گۆڕستانی مەلاجامی کەوتبووە سێگۆشەی ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتی مەهاباد، دیمەنێکی زۆر جوانی هەبوو پڕبوو لەدرەختی نارەوەن.

حاجی ئەحمەدی موسەننەن

ئاسییەی خوشکە گەورەمم زۆر خۆشدەویست، کچێکی میهرەبان و لەبەردڵان بوو. دەردەدڵم لەلای دەکرد، زۆر وریاو تێگەیشتوو بوو، خوێندەواریش بوو. زۆر ڕێنوێنی دەکردم و زۆرجاریش لەگەڵ خۆی دەیبردمە ماڵی خاڵە حاجی ئەحمەدی موسەننەنی ددانساز. ماڵەکەیان بەرامبەر مزگەوتی سوور بوو. حاجی ئەحمەد تەنیا دوو کچی هەبوو، فاتمە و نەجیبە. فاتمە لە من گەورەتر بوو، بەڵام نەجیبە هاوتەمەنم بوو، پێکەوە یاریمان دەکرد و دڵنەواییان دەکردم، هەندێجاریش هانیاندەدام بچمە کارگەی حاجی ئەحمەدی باوکیان کە لە بازاڕی سەید عەلی حسێنی بوو.

نۆرینگەو کارگەی حاجی ئەحمەدی باوکیان زۆر لە ماڵی ئێمە دوور نەبوو. فاتمە و ئاسییەی خوشکم بردیانمە لای دکتۆر عەبدوڵڵای ددانساز تا فێری هونەری ددانسازیم بکا، هاوینان وەکو شاگرد لەلای ئەو کاربکەم. دکتۆر عەبدوڵڵا یان باشتر وایە بڵێم میرزا عەبدوڵڵا، ددانسازی لە حاجی ئەحمەدی براگەورەی فێرببوو. حاجی لە قوتابخانە یان لە زانکۆی ددانسازی فێرنەببوو، بەڵکو لە کەسانی بە ئەزموون ددانکێشان و ددان دروستکردن فێرببوو، لە ناوچەی بیجاڕەوە هاتبووە مەهاباد و نۆرینگەو کارگەی کردبۆوە، میرزا عەبدوڵڵا بە وەستا مەحموودی ئامۆزای سپاردم تا فێری شێوازی قالب سازی و ددان دروستکردنم بکات. وەستا مەحموود گەنجێکی بیست و پێنج ساڵەی بەخۆوەو کورتەباڵا بوو، پیاوێکی میهرەبان و بەڕێز بوو.

مانگێکی هاوینی ساڵی ١٩٣٦ لە کارگەی حاجی ئەحمەدی خاڵۆی ئاسییەی خوشکم کارمکرد، شەو و ڕۆژ خەریکی خۆفێرکردن بووم، هەر زۆر زوو شێوازی کارەکەم هاتەدەست، ئەو کارەی خەڵکانی دیکە بە یەک دوو ساڵ فێری نەدەبوون، من لە ماوەی مانگ و نیوێک فێری بووم. حاجی ئەحمەد جارجار دەهاتە کارگەو تەماشای کارەکەی دەکردم و ئافەرینی پێدەگوتم. زۆرخۆشحاڵ بووم کە خەریکە فێری کاری ددانسازی دەبم لەسەردەستی میرزا عەبدوڵڵا و میرزا مەحموود و لەژێر سایەی حاجی ئەحمەدی موسەننەن و ئەو کارەش بۆ ئایندەی نادیارم دەبێتە مەشخەڵێک. بۆ

ئاگا لەوەی میرزا عەبدوڵڵاو میرزا مەحموود تووشی نەخۆشی سیل بوون. میرزا عەبدوڵڵا زوو زوو دەرشایەوە و خوێنی دادەنا. رۆژ لەدوای رۆژ کز و لاوازتر دەبوو، میرزا مەحموودیش بە ئازاری سینەو کۆکەوە دەینالاند، هەردووکیان حەبی جۆراوجۆریان دەخوارد. تاکە کارێک کە لەو تەمەنی مێرمنداڵیەدا دەرکم پێکردبوو ئەوە بوو، نانیان لەگەڵ نەخۆم و بە پەرداخی ئەوان ئاو نەخۆمەوە. هەستم بەوەدەکرد خەتەرێکی ترسناک لە بۆسەدایە، بەڵام عەشقم بە فێربوونی ئەو پیشەیە بەرچاوی تاریک کردبووم. هەموو شەوێ لەگەڵ باوکم باسی کارەکانی خۆم دەکرد ئەویش زۆری پێخۆشبوو کە رۆژێک کوڕەکەی دەبێتە دکتۆری ددان و لەناو کۆمەڵگەدا سەربەرزدەبێ و بۆ خەڵکەکەشی سوودمەند دەبێ.

لە سەرەتای مانگی پووشپەڕ حاجی ئەحمەد کاتێک هەستیکرد زۆر لەوانیدیکە خەریکە فێری هونەری ددانسازی دەبم، گوتی عەبدولقادر بە باوکت بڵێ سبەی شەو پێکەوە بێنە ماڵی ئێمە. منیش کاتێک چوومەوە ماڵێ بابەتەکەم بە باوکم گوت، ئەویش گوتی زۆرباشە، دیارە حاجی ئەحمەد لە کارەکەت رازییەو دەیەوێ کارێکی باشترت پێ بسپێرێ، بەڵام کاتی چوونە قوتابخانەتە ئەگەر داوایەکی لەو جۆرەی کرد بڵێ تەنیا دەتوانم شەوان کاربکەم. بەو داوایەی باوکم رازیبووم، خواخوام بوو زوو شەو دابێ، سەرگەرمی ئەوە بووم هەندێک وشەو دەستەواژەی جوان رێکبخەم بۆ سوپاسگوزای بەرامبەر ئەو کارەباشانەی حاجی بەرامبەر منی کردوون، هەندێجارێش لەوە زیاتر پێم لێ هەڵدێنا، ناکا حاجی بیەوێ کچەکەی دیکەی کە هاوتەمەنی منە بمداتێ و بمکاتە زاوای خۆی.

بە کورتی ئەمشەوە بەو خەون و خەیاڵانەوە تا بەیانی خەوم لێنەکەوت. لەلای خۆمەوە نەخشەم بۆ ئایندەی خۆم دادەنا و لەبەرخۆمەوە دەمگوت جا چ عەیبێکی هەیە ببمە زاوای حاجی، ئەو کوڕی نییە و منیش دەبم بە کوڕی ئەو. لە دوارۆژێکی پڕشنگدارم دەڕوانی و دەمگوت بە تیرێک سێ نیشانە دەنگێوم، یەکەم دەبمە ددانساز، دووەم حاجی حەتمەن دەمکاتە زاوای خۆی، سییەم درێژە بە خوێندنەکەشم دەدەم. سەعات و کاتی دیدارەکەمان لەگەڵ وەستا نزیک دەبووەوە. شەوێ لەگەڵ باوکم و خوشکم بە چرا فانۆسێکەوە بەرەو ماڵی حاجی ئەحمەد وەڕێکەوتین. حەوشەی ماڵی حاجی بەلامەوە ئاشنا بوون و بە هەموو ژوورە کانیشم دەزانین. حاجی لە ژووری سەرێ دانیشتبوو دووکەسی نەناسیاوی لەکن بوون. میرزا عەبدوڵڵای براشی لەوێ

بوو. من و باوکم وەژوورکەوتین دوای سڵاو و هەواڵپرسین و چایی خواردنەوە، حاجی ئەحمەد رووی لە باوکم و گوتی: میرزا مستەفا ئێستا عەبدولقادر زۆر لە کارەکەی شارەزا بووە هێندەی پێناچێ فێری هونەری ددانسازی دەبێ و دەبێتە وەستاکارێکی گەنجی بە ئەزموون، بۆ ئەو مەبەستە شەرت و بەڵێنێکمان لە نێواندا هەبێ بۆ ئەوەی لەدواییدا تووشی گلەیی و گازندە نەبینەوە.

باوکم دوای ئەوەی سوپاسی حاجی ئەحمەدی کرد گوتی: حاجی گیان قادر نۆکەری تۆیە دەبێ چ گلەییەکمان بێتەپێش؟ ماڵت ئاوابێ تۆ کوڕەکەی من فێری ئەو پیشەیە دەکەی، قادر خزمەتکاری تۆیە.

کەوتبوومە دڵەکوتە و ئاراوقارام لێ هەڵگیرابوو، دەمگوت ئێستا نا ئێستا پێشنیاری ئەوە دەکا بمکاتە زاوای خۆی و بمکاتە کوڕی ماڵێ و خوێندنەکەشم پێ تەواوبکات. دەستم هەر لەسەر دڵم بوو. بەچاوی رێزەوە تەماشای حاجیم دەکرد و چاوەڕوانی خێر و بەرەکەتم دەکرد. لەناکاو حاجی برۆی هەڵکێشان و سەدوهەشتا پلە گۆڕا: میرزا مستەفا بۆ فێرکردنی کوڕەکەت دەبێ چل لیرەی رەشادی بدەی تا قادر بتوانێ درێژە بە کارەکەی بدات، دەنا کارەکەمان سەرناگرێ.

ئەگەر گوێم لەو قسەیە بوو دەتگوت سەتڵێک بەفراویان پێداکردووم، لەو خەوە شیرنە راپەڕیم و وشک بووم. بریسکەیەک تەواوی جەستەی داگرتم و نەفرەتێک قوڵایی ناخی داگرتم، چونکە هەرگیز چاوەڕوانی ئەو قسانەم لەو حاجیە دەوڵەمەندە نەدەکرد کە هێندەم خۆشدەویست، هەموو نەخشەکانم هەڵوەشانەوە، ئەو عەشقەی بۆ کچەکەی حاجی و سەروەتەکەیم هەبوو، بوونە خۆڵەمێش.

باوکم بە نیگایەک هەستی بە گۆڕانی ناخم کرد، کەمێک راماو گوتی: حاجی با بیرێکی لێبکەمەوە دوایی وەڵامت دەدەمەوە. ئەو دووکەسەی لەوێ دانیشتبوون سەریان بۆ قسەکانی حاجی ئەحمەد دەلەقاندو بۆیان دەسەلماند، بە باوکمیان دەگوت حاجی زۆر خاتری گرتووی ئەویش لەبەر خاتری ئاسییەی خوارزای کە عەبدولقادری زۆر خۆشدەوێ، تا بەو برە دراوە رازیبوو، دەنا هەقی زەحمەتەکەی زۆر لەوەزیاترە.

لە ناخی خۆمدا هێندە پەرێشان و شێواو بووم لەگەڵ بەختی رەشی خۆم لە کێشمەکێش دابووم، کە بۆ دەبوو ئاوای لێبێ. ئاخر حاجی پێویستی بەو چل سکەزێڕە نییە، پێیەکی لەسەر لێوی قەبرە چەندین کەسی خزم و خوێشی خۆی فێرکردووە، ئاخر چیدەبێ منیش فێربکا. دوای گۆڕینەوەی نیگا بێ ئومێدەکانمان لەنێوان من و

باوکم، هەستاین. لەگەڵ باوکم و خوشکم لە ماڵی حاجی ئەحمەد وەدەرکەوتین. کاتێک گەیشتینەوە ماڵێ باوکم گوتی: بەباشی نازانم لەوێ کاربکەی. هەر لە راوێژی هەموو شتێکم بۆ دەرکەوت. ئیدی نەچوومەوە ماڵیان و نەچوومەوە کارگەکەی. خوشکم هاتوچۆی ماڵی خاڵی دەکرد. بەردەوام هەواڵی ناخۆشمان لە ماڵی خاڵی دەبیست. نەخۆشیەکەی میرزا عەبدوڵلا زۆر دژوار ببوو، دوای دوو ساڵ خوێنرێژی سییەکانی کۆچی دوایی کرد و ئاسییەی خوشکیشم تووشی نەخۆشی سیل بوو. زۆری پێ نەچوو میرزا مەحموودیش بەو نەخۆشییە مرد. فاتمەی کچی حاجی ئەحمەد مێردی بە بازرگانێکی مەهابادی کرد کە تازە ژنەکەی مردبوو چەند منداڵێکی سەروپێچکەشی هەبوون. ئاسییەی خوشکم کە ئەو دیاریەی لە ماڵی خاڵوانی هێنابوو چەند ساڵێک بەو ئازارە کوشەندەوە تلایەوە تا لە ساڵی ١٩٤٢ کۆچی دوایی کرد، ساڵێک دواتر حاجی ئەحمەدیش گۆیا بەهۆی دەرزییەکەوە ئەویش مردو سامانەکەی بۆ کچەکانی بەجێهێشت.

خاتوو فاتمە ئاقڵ بوو پێشتر زێڕ و جەواهێرەکانی بردبوونە ماڵی مێردەکەی، نەجیبەش دوای ماوەیەک مێردی بە کابرایەکی سەقزی کرد، سامانەکەی حاجی لە ماوەیەکی کەمداو دوای مردنی حاجی وەک بەفری بەرهەتاوی مانگی تەمووز توایەوە و لەناو چوو. ژنەکەی حاجی لە خەم و تەنیاییدا سەری نایەوە. ئینجا بەدبەختی یەخەی فاتمەی گرت. خزمەکانی ژنەکۆنەکەی حاجی بوختانێکیان بۆ هەڵبەست گۆیا کاتێک فاتمە لە گەڕاو خۆی شووشتووەو لە کاتی گەڕانەوەیدا لە مەیدانی (تەسبیت) بەرامبەر بە فەرمانگەی گومرگ لە خێوەتێکدا ژوانی لەگەڵ گەنجێکدا بەستووە. حاجی ساویلکە ئەوە دەکاتە بیانوو فاتمە لەماڵ دەردەکاو یەک شتیشی ناداتێ، تا وای لێهات هەموو روویان لە فاتمەی بەستەزمان وەرگێڕا، کە ئەو بوختانەیان بۆ هەڵبەستبوو، کەس پاروەنانێکیشی نەدەدایە. بە ناو خزم و شاگردەکانی حاجی ئەحمەد لە ماڵی خۆشیان رایان نەدەگرت.

دایکی فاتمە کە لەبرسان و لە خەمان مردبوو ناوی فاتمەی داوێنپاکیان زۆر نامەردانە زڕاندبوو، حاجیش سزای ئەو کەمتەرخەمییەی خۆی وەرگرتەوە و وا کەوتبووە ناو زەلکاو کە جیاوازی پاک و پیسی نەدەکردو هەمووشتێکی دەخوارد. ئەوە سزای رۆژگار و کاروکردەوەی چەپەڵە بۆیە دەبێ چاکە بکەین و لەگەڵ هەمووکەس باش بین. سەروەتی دنیا چڵکی دەستانە. خانووەکەی حاجی ئەحمەد کاک

باقی باقییان کڕیەوە، ئەویش خێری لێ نەبینی، خاتوو بەگم ژنە بەڕێز و میهرەبانەکەی دوای ماوەیەک مرد، ئەو خانووە شوومە بوو بە بەڵاو لانەی کوندەپەپوان. هەرکەسێک بەلای ئەو خانووەدا هاتبا بەڵایەک یەخەی دەگرت.
فەرمانگەی تووتن لەسەر بەرزاییەک هەڵکەوتبوو کە بەسەر دەوروبەریدا دەڕوانی، ئەو شوێنە پێشتر سەربازگە بوو، لەپشت فەرمانگەی تووتن مەیدانێک هەبوو کە ئێستاش خەڵکە قەدیمیەکە هەرپێیدەڵێن مەیدانی سەربازخانە. لە دەورانی منداڵی و گەنجێتی لەگەڵ کوڕانی گەڕەک یاریمان دەکرد، یاریەکەشمان تۆپێنەی بەداری بوو. ئەو یاریە یەکێکە لە یاریە کوردەواریەکان. کوڕەکان دابەشدەبوون بەسەر دوودەستەی پێنج کەسی یان شەش کەسی. دارێکی یەک مەتری لە دەستانخۆشمان پێبوو لەگەڵ تۆپێک کە لە خوری دروستکرابوو، تۆپەکە بە ئەندازەی تۆپی تێنس بوو. لەپێشدا شێروخەتمان دەکرد، هەرکاتێک شێر بە ناوی هەر دەستەیەک هەڵدرابا ئەو دارەکەی وەردەگرت و ئەو لە تۆپەکەی دەدا. تۆپەکە هەڵدەدرایە هەواو داربەدەستیش لە تۆپەکەی دەدا، دەستەی تۆپ لێدەر بە مەیدانەکەدا بڵاودەبوونەوە و هەرکاتێک لە تۆپەکەیان دەدا دەبوو یەکێک لە دەستەی بەرامبەر رابکا بۆ ئەو بەری مەیدانەکە، ئەوەی تۆپەکەشی دەگرتەوە دەبوو تۆپەکەی لەو کەسە دابا کە رایدەکرد، یان تۆپەکەی بۆ یەکێک لە ئەندامانی دەستەکەی هاویشتبا کە لە کەسەکە نزیک بوو، ئەو تۆپەکەی پێدادابا، ئەو کەسەی رایدەکرد تەنیا دەیتوانی بە لەپەدەست تۆپەکەی لە خۆی دوورخاتەوە تا دەگەیشتە ئەوسەری مەیدانەکە.
درێژی گۆڕەپانەکە پەنجا تا سەد مەتر بوو، چونکە لەو مەودایەدا دەستەکەی دیکە خۆیان ئامادەکردبوو تۆپەکە بگرنەوە و لە دەستەی بەرامبەری بدەن. ئەگەر تۆپەکە هەر یەکێک لە ئەندامانی دەستە درابا، ئەوە بە دۆڕاو دەژمێردراو دەبوو دارەکەیان وەدەستەکەی دیکە داباو یاری بەردەوام دەبوو. ئەم یاریە کوردەوارییە تا یاری تۆپی پێ هاتە کوردستان و رەواجی پەیداکرد هەر دەکرا.
ڕێگا سەرەولێژەکەی فەرمانگەی تووتن بەردچن کرابوو کە ئۆتۆمبێلی باری بە ئاسانی هاتوچۆی پێدادەکرد. لە ساڵی ١٩٢٨ و دەورانی راپەڕینی مەلا خەلیل دژی رەزاشای پەهلەوی کە لەناو کوردەواریدا بە هەرای مەلا خەلیل ناسراوە. لەسەربانی فەرمانگەی تووتن هێزە دەوڵەتییەکان سەنگەریان لە خەڵکی راپەڕیوگرت، هاوەن و

ڕەشاشیان لەسەربانی دامەزراند دژی هێزی مەنگوڕ کە پشتیوانییان لە مەلا خەلیل دەکرد.

فەرمانگەی تووتن کۆگایەکی گەورەی هەبوو کە تووتنیان تێدا هەڵدەگرت، کڕین و فرۆشتنی تووتن تاکە سەرچاوی پڕ داهاتی کوردستان بوو، کە دەوڵەت سەرپەرشتی دەکرد و کەسیش هەقی نەبوو کڕین و فرۆشتنی پێوە کردبا. جوتیارەکان دەبوو پایزان یان هەرکاتێکی دیکە بوایە، بەرهەمەکانیان بردبایە فەرمانگەی تووتن. فەردە تووتنەکانیان لە حەسارەگەورەکەی ئەو فەرمانگەیە لەسەر یەک هەڵدەچنین و لەلایەن کارمەندێکی پسپۆڕی دەوڵەتییەوە پلەبەندی دەکران و نرخەکانیان دیاری دەکراو پارەکەیان دەدا بە فرۆشیار. ئاغاکان بەشی خۆیان هەڵدەگرت، ئەو بڕەپارە کەمەی دەمایەوە دەدرایە کابرای جوتیار و زەحمەتکێش.

جاریوا هەبوو کابرای جوتیار هیچی بۆ نەدەمایەوە لەبەرئەوەی لە ماوەی ئەو ساڵەدا قەرزی لە ئاغا و بازرگانەکان وەرگرتبوو. بە هەردووک دەستان هەقی زەحمەتی یەک ساڵەیان رادەستی خاوەن قەرزەکانیان دەکرد. لە حەساری فەرمانگەی تووتن سەرەڕای ئەو هەموو فەردە تووتنەی کە لەسەریەکیان هەڵچنیبوون هەرکەسەو ئاگای لە تووتنەکەی خۆی بوو تا نۆرەی دەهات و نرخەکەیان بۆ دیاری دەکرد. جوتیارە قەرزدارەکان لەترسی خاوەن قەرزەکان خۆیان لەناو فەردە تووتنەکاندا دەشاردەوە، تا سەروکەللەی منداڵە بازرگان و بازرگانەکان دوور دەکەوتنەوە، هەژارە دەستکورتەکان ناچاربوون وەک یاری مشک و پشیلە بکەن و خۆیان لە چاوی دوکاندار و خاوەن قەرزەکان بشارنەوە. لەبەرئەوەی ئەگەر قەرزەکانیان دابانەوە هیچیانە بۆ خۆراکی زستان و جلکوبەرگی ژن و منداڵەکانیان نەدەمایەوە، منداڵە رووتەڵە دێهاتیەکان چاوەڕوانبوون باوکیان یان برایان چەند مەتر چیت، یان جاوی شین و کراسی خام حەلاوە یان بۆ بکڕن و خۆیان لە روتوقووتی سەرما بپارێزن.

جلکی ژنە دێهاتییەکان لە خامی رەنگ کراو پێکدەهات بەتایبەتیش رەنگی شین و رەش پێیان دەگوت خامی شین. پێڵاویشیان پێڵاوی زەنجان بوو پاژنە ئاسن و هەرزان و قایم بوون. ئەگەر ئەو ژنانەی هەبووبان کراسی چیت، یان پارچەی ئاڵوواڵایان کڕیبا، ژنانی ئاوایی ئیرەییان پێدەبردن و تیروتوانجیان لێدەدان. جوتیاری کورد پێڵاوی لە لاستیکی ئۆتۆمبێل دروستدەکرا، کە بە چەرمێکی ئەستووری رەنگ

سوور بزمارڕێژ دەکرا.[١٧] جلکوبەرگی پیاوان کەواوپانتۆڵ بوو، کە لە پارچەقوماشی هەرزانی وەک کارزۆنی و فاستۆنی و وەتەن بوون. پشتێنی چیتیان دەبەست کە ساڵانێک خۆی دەگرت. کەواو پانتۆڵی کوردی پێکدەهات لە ئیلەگ کەواوپانتۆڵی مرادخانی، ئێلەگ لەژێر کەوا لەبەردەکرا بەتایبەتیش لە زستانان‌دا. هەندێکیش سەرەڕای ئەوە پاڵتۆشیان لەبەر دەکرد.

گەڕەکی ئێمە کە لە رووباری نزیک بوو پێیان دەگوت (سەرچۆم) دوو دوکانی چەرەسات و وردەواڵەفرۆشی لێبوون، دوکانی مستەفا نەبیلان و دوکانی عەلی بەگ کە ژن بوو، بەڵام جلوبەرگی پیاوانی لەبەردەکرد. لەو دووکانانە جگەرە، شقارتە، مێوژ، نۆکی برژاو، گوێز، ماست و پەنیر، شیر و هێلکەی لێ دەفرۆشرا... منداڵانی شاری ئەو چەند شاییەی پێانبوو دەچوون نوقڵ و شیرینیان دەکڕی و لە گیرفانیان داویشت. لەکاتی یاری کردن مشتێک مێوژ یان نۆکی برژاویان دەخستە ناودەمیان.

لە ساڵی ١٩٢٨ دەستیانکرد بە دروستکردنی شەقام. یەکەم شەقام شەقامی پەهلەوی بوو کە لە گۆڕستانی مەلاجامییەوە دەستیپێدەکرد تا فەرمانگەی گومرگی مەهاباد و لەوێشەوە تا دەگەیشتە باڵەخانە تازەکەی نەخۆشخانە و کەنار رووباری درێژدەبۆوە. ئەو خانوانەی وەبەر شەقامەکە دەکەوتن لەلایەن دەوڵەتەوە قەرەبوو نەدەکرانەوە، خۆ ئەگەر شتێکیشیان دابا زۆر کەم و بێ بەها بوو.

لە تەنیشت شەقامی پەهلەوی جۆگەیان ڕاکیشان و نەمامە چنار و بییان لێ چاندن. ئێواران کرێکارانی شارەوانی بە سەتڵی تەنەکە لە دوولاوە شەقامەکەیان ئاوڕشێن دەکرد. ئەو کاتی قیرتاو نەبوو، تەنیا شەقامە تازەکانیان چەورڕێژ دەکردن و بە باگردێن دەیانپەستاوتنەوە. ئەگەر جۆگاکە ئاوی پێدانەهاتبا بە کوندە شەقامەکەیان دەرشاند.

پاشان شەقامێکی دیکەی بچووکیان بەناوی شەقامی شاپوور لێدا، لە ناوەڕاستی شەقامی پەهلەوی چوارچرا تا نزیک جادەی فەرمانگەی تووتن درێژدەبۆوە. ئەو نیوە شەقامە تا چەند ساڵێک هەر دەتگوت کۆڵانە خانوە کەلاوەکان هەروەک خۆیان بوون. لە نزیک مزگەوتی قازی، ماڵی قازی مونعیم بوو باڵەخانەیەکی سێ نهۆمی گەورە بوو کە هەم دادگا بوو هەم ماڵی قازی مونعیم، حەسارێکی گەورەی هەبوو، بنەماڵەی قازی مونعیم بە خۆی و منداڵ و نەوەکانی تێیدا دەژیان.

---

[١٧] بەو جۆرە پێڵاوانەیان دەگوت کرمانجی، لە مەهاباد میرزا عەبدوڵڵا و شەریفی پێڵاو دروو، دروستیان دەکرد.

هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ نەوەکانی قازی مونعیم ئاشنایەتیم هەبوو. محەمەد قازی یان شینەی قازی کە یەک دوو ساڵ لە من گەورەتربوو، پێکەوە دەمانخوێند، کوڕی میرزا وەهابی قازی مونعیم بوو. رەحمانی قازی کوڕی مەلا کەریم، کوڕە گەورەی قازی مونعیم، کوڕێکی زیرەک و لەبەردڵان بوو، ماڵیان لە ئاوایی قازیاوا بوو کە چەند کیلۆمەترێک لە مەهابادەوە دوور بوو، بەڵام بۆ درێژەدان بە خوێندن سێ وەرزەی پایز و زستان و بەهار دەهاتە مەهاباد و لە ماڵی میرزا وەهابی مامی دەمایەوە. مەلا کەریمی باوکی کە دواتر بوو بە قازی کەریم، پیاوێکی زاناو خەتخۆش و خۆشەویست بوو.

دوای کۆچی دوایی قازی مونعیم لە ساڵی ١٩٤٠ لە ئاوایی قازیاوا ماڵەکەی هێنایە مەهاباد و خەریکی کاری دادوەری بوو. قازی کەریم لەگەڵ باوکم نێوانیان خۆشبوو، جارجار هاتوچۆی ماڵی یەکترییان دەکرد، زۆر چێژم لە کۆڕو دانیشتنەکانیان وەردەگرت و شتیان لێ فێردەبووم، بەتایبەت کاتێک باسی شیعری مەولانا جەلالەدینی رۆمییان دەکرد. ماڵەکەی قازی مونعیم جێگەیەکی گونجاو بوو بۆ منداڵانی گەڕەک دەچووینە سەر دارتووەکان توومان دەچنین ئەو رۆژانەم هەرگیز لەبیرناچنەوە.

لە پشت ماڵی قازی تەویلەیەک و خانووە کەلاوەیەکی لێبوو دەیانگوت خانووی شەهید میرزا فەتاح بووە. ئەو تەویلەیە تەویلەی گامێش و گاو مانگاکانی ماڵی قازی بوو. ئەو ماڵانەی گەڕەک زۆربەیان دوو مانگا و گامێشی دۆیان هەبوو. هەندێک لەو بنەماڵە هەژارانە شیر و ماستەکەیان دەفرۆشت. زۆربەی خەڵکی مەهاباد دەستکورت بوون و ژیانێکی دەروێشانەیان هەبوو. لە تەنیشت تەویلەکەی ماڵی قازی کە رێگاکەی بەبەر دەرگای ماڵی قازیدا تێدەپەڕی خانوویەکی دوو نهۆمی خشتی سووری لێبوو، دیاربوو ئەو خانووە پێشتر خانوویەکی جوان و دڵگیر بووە، دەیانگوت میرزا فەتاحی رەحمەتی لەو خانووەدا ژیاوە.

لە دەورانی منداڵی و مێرمنداڵیم دا، کوڕێکی باش و لەبەردڵان هەبوو، ناوی میمی خان بوو، لە بنەچەدا قەرەپەپاغ[18] بوو، بە بنەماڵەوە هاتبوونە ئێرە. هیچ کات بنەماڵەی میمی خانم نەدیتن. پێکەوە هاوڕێ بووین و باسی دایک و باوکی یەکتریمان نەدەکرد.

•

---

[18] قەرە لە زمانی ئازەریدا واتا رەش و پاپاق یان پپاغ واتا کڵاو، دەبێتە کڵاورەشەکان. لە کۆندا بە هۆزێکی گەورەیان دەگوت قەرەپەپاغ کە لە ناوچەی سندووس دەژیان. کە لە ساڵی ١٨٦٦ لەلایەن عەباس میرزای سەڵتەنە لەو ناوچەیە نیشتەجێ کران.

میمی خان هاوڕێیەکی نزیکی شینە و ڕەحمانی قازی بوو، پێکەوە ڕاوچی بوون بە یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی قازی دەژمێردرا. ڕەحمان ڕاوچییەکی باش بوو.
هێشتا تەمەنم نەببوە هەشت ساڵ بیستم باوکم بە نیازی ژن هێنانە. دەیەوێ ژنێک بێنێ بە ناوی نازەنین کە خوشکی میرزا مەحموودی چۆمەلانە. ئەو بنەماڵەیە خزمایەتییان لەگەڵ بنەماڵەی قازی مونعیم هەبوو. کاتێک بووکیان بۆ ماڵی باوکم هێنا، خەڵک شایی و هەڵپەڕینیان دەکرد، منداڵەکان ئەو شیرنیەی بەسەر بووکیاندا هەڵدەدا خڕیان دەکردنەوە، هەندێک لەو شیرنییەم هەڵگرت و بردمە لای دایکم تا پێیبڵێم بەشداری زەماوەند بکات، تەماشام کرد دیتم دایکم لە پەنا دیواری ساردوسڕەکەی تەندوور دانیشتوە و دەگری. شیرینیەکەم خستە کۆشی دایکم، بەڵام فرمیسکەکانی دایکم ئاگریان لە هەناوم بەردا و لە خەوی غەفڵەتییان وەخەبەرهێنام.
ئەو کارەی باوکم زۆر لە دڵگران بوو، بەڵام هەرگیز بێ ڕێزیم بە بووکی ئایندەی باوکم نەکرد و ڕێزم لێگرت. دوایی تێگەیشتم ئەو ژن هێنانە بە قسەی دایەگەورەم خاتوو مەلەک بووە، بەڵام چی دەکرا، من منداڵ بووم و نەمدەتوانی خۆم لە کاری گەوران هەڵقورتێنم.
لەپێش ماڵی قازی کادێنێکی گەورەی لێبوو، جوتیار و کاردارەکانی ماڵی قازی بە عارەبە[19] کایان بۆ کادێنێ دەکێشایەوە. کادێنەکە چوار مەتر بەرز بوو درێژی و پانیەکەشی دە بە پێنج مەتر بوو. ڕۆژانە لەگەڵ منداڵان بە کولانەدا دەچووینە ناو کادێنەکە، بە هەولۆکۆشێی یەکتری دەهاتینەوە دەرێ، ئەگەر یەکێکیش بێ یارمەتی دان هاتبایە دەرێ، ئافەرینمان پێدەگوت.
عەبدوڵلا مەڕە گاوان بوو، پیاوێکی بەخۆوەی چوارشانە بوو، لە هەمانکاتیشدا پیاوێکی قانع و شوکرانەبژێر بوو.
بەیانیان زوو دەهاتە بەردەرگای ماڵەکان گاو گامێش و مانگاکانی بە وەحا وەحا ڕادەدا، گۆپاڵ بەدەست بە قەراخ ڕووباری و داوێنی کێوە سەرسەوزەکانی دەوروبەری مەهاباد دا، گاڕانەکەی دەبردە لەوەڕێ و ئێواران دەیهێنایەوە. بەردەوام دوو سێ مانگامان هەبوو بەیانیان شیر، ماست، کەرەمان دەخوارد. تفاقیش[20] هەرزان بوو. کڕینی کاو وێنجە بۆ خەڵکی شاری زۆر دژوار نەبوو. لە خوار ماڵی قازی

---

[19] عارەبە: ئامرازی شت گواستنەوە، پێچکدارەو گاو کەڵ ڕایدەکێشن. وەرگێڕ
[20] تفاق: کاو گیای ماڵات بۆ زستان. وەرگێڕ

کۆڵانێکی بنبەستی لێبوو، سەید لەوێ دەژیا، ناوی سەید عەلی بوو پێیاندەگوت سەیدە دێوانە. دەرگای دالانەکەی بە دارگاڵەدانێکی ئەستوور دادەخست و ڕۆژانە دەرگاکەی دەکردەوە گرامافۆنێکی هەبوو لەسەر کورسییەکی دادەنا قەوانێکی قورئانی پیرۆزی دەخستەسەر. بەیانی و ئێواران دەنگی قورئان دەهات، ئەوانەی گوێیان لێدەبوو دڵخۆش دەبوون و ڕەحمەتیان بۆ باوکی سەید دەنارد. سەید تووشی نەخۆشی گەشکە ببوو، خەڵک پێیاندەگوت شێتە، لە کاتێکدا پیاوێکی باش و لەسەرخۆ بوو، شیرینی دەدا بە منداڵان و ئازاری کەسی نەدەدا.
خزمێکی باوکم بە ناوی حەمەڕەسووڵ دراوسێی ماڵی سەید بوو، لە خانوویەکی دوو نهۆمی هەژارانەدا دەژیا، پەنجەرەی ژوورەکەی رووی لە کێوی خەزایی بوو. دانیشتن لەپشت ئەو پەنجەرەی ماڵی وەستا حەمەڕەسووڵ سەفابەخش بوو. شەوانە دەنگی بۆق و باڵندان دەهات. وەستا حەمەڕەسووڵ پیاوێکی دڵاوا بوو. ژیانێکی سادەی هەبوو، کاری سەرتاشی بوو، دوایی بوو بە کیسەکێشی گەرماو. سێ کوڕ و کچێکی هەبوو، حەمەسدیق و حەمەنەزەڕ و ئەحمەد و خاتوو ساحەب. ژنەکەی ناوی زارا بوو، ئەحمەد لە ژنێکی دیکەی بوو. هاورێی گەڕەکم بوو، لەگەڵ قادر سووڵتانی- قادر حەبیب بۆکانی خروێلکاوی، کە هاوسێی حەمەسدیق بوو، وێکڕا بۆ ترێ و میوە دزین دەچووینە باخەکانی دەوروبەری رووبار. لە یاری کردن و مەلەکردنیشدا هەرپێکەوە بووین، کەس ئازاری نەدەداین، ئەو نان و پەنیرەی پێمانبوو لە ژێر سێبەری دارتوویەک یان سێبەری دارگوێزێک دادەنیشتین و نانەکەمان دەخوارد، تێر قسەمان دەکرد و پێدەکەنین، ڕۆژگارێکی خۆشبوو.
ڕۆژێک کە لە یەکێک لە باخەکانی داوێنی چیای خەزایی دەگەڕاینەوە (کوڕەلاو) کە گەنجێکی نزیکەی بیست و دوو ساڵ و شەڕانی بوو، لەسەر ڕێگامان قووت بۆوە. بیانووی بە حەمەسدیق دەگرت کە لە هەمووامان گەورەتر بوو، ئامبازی بوو، حەمەسدیق دەرۆستی نەدەهات ئێمەش لەملاولاوە بە گۆپاڵان دایگژاینێ. کوڕەلاو کاتێک هەستی بە گۆپاڵەکەی من کرد، وەک مارانگازان پێلاقەیەکی بە زگی کێشام و کەوتم. برادەرەکانم دەیانگوت بێهۆش بووی. کوڕەلاو ترسا پێیوابوو مردووی، یەکسەر هەڵات. نیوسەعات بێهۆش بووی دوای ئەوە ئاوی ساردمان بە دەم و چاوداکردی بەرەبەرە وەهۆش هاتییەوە. تا چەند ڕۆژان زگم دێشا و دەرشامەوە، لەترسی باوکم لە ماڵێ هیچم باس نەکرد.

زۆربەی کات دەچوومە دوکانی باوکم ئاگام لە دوکانەکەی دەبوو تا لە کاتی فرۆشتندا شتێک لە باوکم نەدزن. تەمەنم لەنێوان نۆ بۆ دە ساڵان بوو، باوکم برادەرێکی هەبوو ناوی نەقیب بوو، باڵا بەرز و ریشی دووقەڵەمی دەکرد، چاوەکانی دەدرەوشانەوە ئەگەر تەماشات دەکرد هەستت بە سامێک دەکرد. باوکم داوای لێکرد ئەگەر کاتی هەبوو دەرسی مەسنەوی مەولەویم پێبڵێ. سەید داواکەی قبووڵ کرد رۆژانە (بشنو از نی)[21] پێدەگوتم. لە دەریای بێ بنی مەولانادا مەلەم دەکرد و گوشارم بۆ میشکی بچووکم دێنا تا شتێک فێر ببم. ئەو ململانێیە لە دەورانی منداڵیمدا بوو بە سەرمەشقی ژیانی ئایندەم.

لە تەمەنی چوار بۆ پێنج ساڵیدابووم خاتوو ئامینەی پوورم مێردی کرد. ماڵی مێردەکەی زۆر لێمان دوور نەبوون، کابرا ناوی کەریم بوو کوڕی حەسەنە شەلی بوو. باوکی کەریم پێنج کوڕ و کچێکی هەبوو، کچە ناوی فاتیمە بوو، لە هەمووشیان گەورەتر بوو، بە تەرتیب: کەریم (حاجی) میرزا مستەفا عەبدولباقی، سەعید، میرزا هاشم بوون. بێجگە لە هاشم کە تا پۆلی شەشی خوێندبوو ، ئەوانیدیکە هیچ خوێندەوارییەکیان نەبوو. دەیانگوت باوکیان کابرایەکی کورتەباڵاو شەل بووە. ئامینەی دایکیان ژنیکی وریاو قسە خۆش بوو. سەعید هەر لە منداڵییەوە بەهۆی نەخۆشی دەستێکی گۆج بوو، بۆیە پێیان دەگوت سەعیدە گۆج.

کاتێک ئامینەی پوورم چووە ماڵە مێردی، دایکم و دایەگەورە و ئاسیەی خوشکم مانەوە، ئەوانیش وەکو پێویست نەیاندەتوانی بە کاری ماڵێ رابگەن. باوکم زۆر توندە تەبیات بوو، زوو زوو هەڵدەچوو، کەمتر رووی خۆشی نیشان دەداین. باوکم بۆ سەفەری تەورێزی دەبردم. لە یەکێک لە سەفەرەکان لە مەهابادەوە بە سواری ئۆتۆمبێلی باری چووینە تەورێز، من و باوکم و شۆفێر لە پێشەوە سواربووین، چەند کیلۆمەترێک لە خەسرەوشا تێنەپەڕیبووین، لەناکاو ئاوی گەرم بە گوشارەوە بە دەم و چاوی من و باوکمدا هەڵپرژا، باوکم قۆڵی گرتم و لە پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکە فڕێیدامە دەرێ، شوکر بۆ خوا سەلامەت بووم، تەنیا کەمێک دەستم رووشا بوو. شۆفێر ئۆتۆمبێلەکەی راگرت، باوکم زۆر بە زەحمەت دەرگاکەی کردەوە و دابەزی.

---

[21] بشنو از نی. گوێ لە نەی بگرە. یەکێکە لە شیعرە بەناوبانگەکانی مەولەوی

شۆفێر هەتا درەنگ هەر خەریکی ئۆتۆمبێلە شڕەکەی بوو. تاریک داهاتبوو وەڕێکەوتین و درەنگ گەیشتینە تەورێز.

چووینە یەکێک لە ئوتێلەکانی شەقامی پەهلەوی. بۆ نانی شێوان شفتەمان خوارد، هێندە ماندوو بووین تا بەیانی لێی خەوتین. کاتێک وەخەبەرهاتم باوکم هەستیکرد دەموچاوم سوورهەڵگەڕاوە، زۆر نیگەران بوو دەترسا ژاراوی بووبم. چووە لای بەڕێوەبەری ئوتێلەکە و پێیگوت کوڕەکەم بەو شفتەیەی ئێوە ژاراوی بووە. بەڕێوەبەری ئوتێل سوێندی خوارد گۆشتەکەی تازە بووە، بۆ هەموو ئەوانەی خواردوویانە هیچیان ژاراوی نەبوونە. چوینە لای دکتۆر دوای ئەوەی پشکنینی بۆ کردم گوتی کوڕەکەت قالۆچە سوورە پێوەیداوە لەبەر ئەوەی یەکەمجارە قالۆچە سوورە پیوەیبدا ئاوای لێهاتووە. دەرزییەکی لێدام و شرووبێکی بۆ نووسیم لە دەرمانخانە وەرمان گرت هەر دوای نانخواردن کاتێک شڕوبەکەم خواردەوە باش بووم، بەڵام تا یەک مانگ لەشم هەر دەخورا. دوایی چوینە کاروانسەرای حاجی محەمەدی تەقی کە لە نزیک بازاڕی گەورەی تەورێز بوو، ژوورێکمان گرت و لەوێماینەوە. ئەو ژوورەش قالۆچەسوورەی زۆر بوون.

ئەو هەفتەیەم زۆر بەدژواری بەڕێکرد. باوکم کاڵای خۆی کڕیبوو پارچە کوتاڵەکانی بە داشقەچیدا ناردنەوە مەهاباد. داشقەچی لە ماوەی پازدە بۆ بیست ڕۆژ لە تەورێزەوە دەیگەیاندەوە مەهاباد. لە ڕێگا ڕووداوی زۆر ناخۆش روویان دەداو ماڵی خەڵکی لەناو دەچوو. ئێمە بەسواری قەمەرە لە تەورێزەوە گەڕاینەوە مەهاباد، دوای هەژدە ڕۆژ کاڵاکان گەیشتنەوە. زۆر سەفەری دیکەشم لەگەڵ باوکمدا کردوون، باوکم دراوی زیو یان سکەی زێڕ و لیرەی تورکی لەگەڵ خۆی دەبرد. دراوی کاغەزی نەبوو ئەگەر تاکوتەراش هەبوایە رەواجێکی ئەوتۆی نەبوو، خەڵک فێری وەرگرتنی دراوی کاغەزی نەببوون. بازرگانەکان زۆربەیان لە ژووری کاروانسەرادا لەسەر فەرش دادەنیشتن و لە گۆشەیەکی ژوورەکەشدا جێگایەکی تایبەت بۆ میرزای بازرگانەکان هەبوو، ئەو بەشەی خوارەوەی مێزی نووسینی میرزا بۆ سەرەوە هەڵدەدرایەوە، مێزەکە تەختە بوو کە لە ناویدا جێگای دەفتەر و قەڵەم و مەرەکەبی تێدا بوو. میرزا لە پشت مێزەکە دادەنیشت دەفتەر و کاغەز و قەڵەمی دەردێناو خەریکی نووسین دەبوو.

ڕۆژێک میرزا حەسەن پێشنیاری بە باوکم کرد کە هەرکاتێک سەفەری تەورێزی کرد، پێیبڵێ ئەو دەتوانێ لە بانک پارە وەربگرێ، ئەو لێرە چەکێکی بانکی دەداتێ و لەوێ بێ دەردەسەری و گواستنەوەی پارەی زیو و ترسی دزین، لەوێ لە بانکی تەورێز پارەی خۆی وەردەگرێ. باوکم ئەو پێشنیارەی میرزاحەسەنی زۆر پێخۆشبوو، گوتی لەوە باشتر نابێ لە جیات گواستنەوەی ئەو پارەیە پارچە کاغەزێکم پێبێ و پارەکە لە بانک وەربگرم. بەو ئومێدە بڕی دوو هەزار تمەنی دایە میرزا حەسەنی کوڕی حاجی مستەفاو کاک حەسەنیش چەکێکی بانکی دایە.

لەگەڵ باوکم چووینەوە تەورێز، زۆر کەیف خۆش بووم، دوای ئەوەی شتەکانمان سەودا کردن بۆ وەرگرتنی پارەکە چووینە بانک، کاتێک چەکەکەمان داناو دوای ئەوەی تەماشایان کرد گوتیان ئەو بەڕێزە هیچ ڕەسیدێکی بانکی نییە. وەک ئەوەی دنیات بەسەر سەری باوکمدا رووخاندبێ، منیش یەکسەر بۆم دەرکەوت کڵاویان لەسەری باوکم ناوە، زۆر نیگەران بووم. باوکم ناچار بوو هەندێک لە کوتاڵەکە بداتەوە بە خاوەنەکانیان و هەندێکیش بە قەرز یان نرخێکی گرانتر بکڕێ، بە نیگەرانی و بێ دەستکەوت گەڕاینەوە مەهاباد. باوکم چووە لای میرزا حەسەنی خاوەن چەک، بەکورتی دوای شەش مانگ هاتن و چوون و شکایەت و قیست و قیست کاری پارەکەی وەرگرتەوە و زەرەریکی زۆری بەرکەوت، نەفرەتی لە چەک و چەک نووسین کرد.

من کە لە منداڵییەوە چەند جارێک شاری تەورێزم دیتبوو، شار و خەڵکەکەیم خۆشدەویست، خەڵکێکی بە جووڵەو دڵاوا بوون. زۆر کەیفم بە قەیسەری و راستە بازاڕ و بازرگانەکانی دەهات. خانووەکانی تەورێزم زۆر پێ جوان بوون، کابانەکانی تەورێز زۆر دەسترەنگین بوون، شەقام و مزگەوتە مێژوویەکانی ئەو شارە زۆر سەرنجیان رادەکێشام.

دەیانگوت شاری تەورێز سەیزادە زووبێدەی هاوسەری هاڕوونە ڕەشید بنیاتی ناوە. دەربارەی داستانی هەزار و یەکشەوە باوکم بە منداڵی و شەوانی زستان بۆی دەگێڕامەوە. ئەو خەلیفەیەم خۆشدەویست خۆ ئەگەر بەڕاستی شاری تەورێز لەسەر دەستی سەیزادە زووبێدە بنیات نرابێ شایانی ڕێزە. دەڵێن سەیزادە زووبێدە لە ڕێگای سەفەری بەغدا بۆ خوراسان نەخۆش دەکەوێ و تایەکی زۆری دێتێ، لە دەشتاییەکی

خۆش لە ئازەربایجان لادەدەن، زوو تایەکەی دادەبەزێ هەر بەو هۆیەوە فەرمان دەدا لێرە ئاوایییەک دروستبکەن و ناوی بنێن تەورێز.
پاشان بازرگانەکانی مەهاباد وازیان لە کاروانسەرای محەمەد تەقی هێناو دەچوونە ئوتێلی مەهابادیەکان کە پێیان دەگوت ئوتێلی کوردەکان. لە کۆتایی بەهاری ساڵی ١٩٣٦ جارێکی دیکەش لەگەڵ باوکم چووینەوە تەورێز پارەیەکی باشمان پێبوو، دوای ئەوەی کاڵاو کەلوپەلی خۆمان کڕی گەڕاینەوە مەهاباد و کوتاڵەکەشمان بە ئۆتۆمبێلی باری گواستەوە بۆ مەهاباد.
لە پێشوازی پایزدا دوکانەکەمان رازاندەوە و رۆژانی هەینیش دوکانمان دەکردەوە. رۆژی ١٦ی گەلاوێژ کە رۆژی هەینی بوو لەگەڵ هاورێیانی گەڕەک بۆ پیاسەکردن و میوە خواردن و گوڵچنینی باخەکانی عەزیز ئاغا و باخی میکایل دەچووینە دەم رووباری کەیفەماندەکرد و پێدەکەنین هەرلەوێ نان و پەنیریشمان خوارد. لە گۆمەکەی باخی میکایل خەریکی مەلەکردن بووین، لەناکاو رەشەبایەکی توند هەڵیکرد و هەوا تاریک داهات. یەکسەر لە رووباری هاتینەدەر و بەدوای جلکوبەرگەکانماندا رامان دەکرد کە رەشەبا رایدا بوون.
هەوری رەشی هێنان، بووبە هەورە برووسکە و گرمەی هەوران، نیوەڕۆ داهاتبوو بڕیارماندا بگەڕێینەوە ماڵێ، بە راکردن دەڕۆیشتین کە گەیشتینە قەراخ شاری باران بە لێزمە دایکرد لافاو بە کۆڵانەکاندا دەهاتەخوار هێندەی پێنەچوو لافاو هەموو شاری گرتەوە، قەیسەریەو راستەبازاڕی داپۆشی، بەرزی لافاوەکە دەگەیشتە سێ مەتر. ئەو خانوانەی نەوی بوون داڕووخان. ناو دوکانەکان پڕ ببوون لە ئاو هەموو کوتاڵ و کەلوپەلی دوکانەکان لافاو لەگەڵ خۆی بردنی و تێکەڵ بە رووباری بوون.
زۆر ژن و منداڵ و پیریشی لەگەڵ خۆی رادان و خنکان. ئەو بەڵای ئاسمانی بوو کە بەسەر ئەو خەڵکە بەستەزمانەدا هات. ئەو لافاوەی مانگی گەلاوێژی ١٩٣٦ لە ژیانی ئێمەدا چارەنووسساز و کارەساتبار بوو. ئەو کاڵایەی کە کڕیبوومان هیچمان بۆ دەرنەچوو، هەموو سەرمایەی باوکمی لەناوبرد. دوای ئەوەی لافاوەکە دامرکایەوە چووینە بازاڕ دەرگای دوکانەکەی باوکمی هەڵتەکاندبوو، میرزا محەمەدئەمینی فاتحی کە جیران دوکانی باوکم بوو، ئاو بە گوشارەوە دەهاتە ناو دوکانەکەماوە ئەو کوتاڵەی تازە کڕیبوومان هەر هەمووی لەگەڵ قوڕ تێکەڵ بوو. هەر کەسێک شتێکی دەستکەوتبایە هەڵیدەگرتەوە و دەیبرد. ئەو جیرانەی بەرامبەرمان میم کاف ئاغا، پێش

ئەوەی ئێمە بگەینە دوکانێ لەگەڵ نۆکەرەکانی بەشی هەرەزۆری کوتاڵی دوکانەکەیان بردبوو. بەشێکی زۆر کەمی کوتاڵەکەمان لەپێش دوکانێ و لەناو قوڕوقاڵدا هەڵگرتەوە و بردمانەوە ماڵ[٢٢]. دوای شووشتن و وشککردنەوە کوتاڵەکان بەهای خۆیان لە دەستدابوو. ئەوە کارەساتێکی گەلێک ناخۆش و دڵتەزێن بوو.

باوکم سەرمایەکەی لەدەستدا بوو. ئەو خانوەی لە نزیک مەیدانی ئاسنگەران خەریکی دروستکردنی بوو، بە نیوەچڵی مایەوە. شەقامی شاپوور کە تا دەگەیشتە جادەی فەرمانگەی توتن و دەباغخانە و بەشێکی ماڵی ئێمەشی وێران کردبوو. باوکم دەیویست خانووە کۆنەکە بڕووخێنێ و خانوویەکی تازە دروست بکات، بەڵام لافاو هەمووی لەگەڵ خۆی راداو کەوتینە سەرساجی عەلی.

[٢٢] کۆنەبازاڕی جوانی مەهاباد کە بە قەیسەری ناسراو بوو لە ساڵی ١٩٧٣ جارێکی دیکە کەوتەوە بەر کڵپەی ئاگر و سووتا، بەداخەوە سیماجوانە مێژووییەکەی لەناو چوو، ئێستا تەنیا شتێکی کەمی لێ ماوەتەوە کە ئەو جوانی و سەرنجڕاکێشییەی جارانی نەماوە.

خەیام لە مەهاباد

لە ساڵیٚ ١٩٣٦ بەرلەوەی مەهاباد بە سەرپەرشتی میرزا قاسمی پەنجەوی کارەبای بۆ بێت، خودا لە ئەدیسۆن خۆشبیٚ، کارمەندانی شارەوانی ئێواران بە گالۆنێک نەوت و پەیژەو شقارتەوە دەهاتن بە کۆڵان و شەقامەکاندا دەگەڕان، ئەو چرایانەی لە شەقامەکان دانرابوون، نەوتیان تێدەکردن و هەڵیان دەکردن، هەر ئەستوندەی بە بەرزی دوو مەتر و نیو بوون، چرایەکە هەر چوار دەوری شووشە بوو، پلێتەی چراکەیان هەڵدەکێشا و بە شقارتە دایاندەگیرساند. ئەگەر تا بەیانی نەوتەکە بەشی نەکردبا، پلێتەکەی دەسووتا، لەبری ئەوەندە رووناکیەی بۆ خەڵکی شاریان دابین کردبوو، هەزار رەحمەتیان بۆ باوکی سەرۆکی شارەوانی دەنارد. بێگومان ئەو رووناکیە تەنیا لە شەقامە گشتییەکان بوو. کۆڵانەکان لەو نیعمەتە بێبەش بوون و کەوتبوونە بەر ویژدانی دز و شەوگەڕەکان.

لەو ساڵانەی لەبیرمە تا داگیرکردنی ئێران لەلایەن بەرەی سوێندخۆرەکانەوە یانی لە ساڵی ١٩٢٩ تا ساڵی ١٩٤١ ئەو کەسایەتیە ناودارانەی لە مەهاباد بوون بریتیبوون لە کەسانی دەوڵەمەند یان سەرۆک هۆز و بازرگانەکان، وەک میرزا رەحمەتی شافعی و حاجی مستەفای شاتری کە گەورەترین سەرمایەداری مەهاباد بوون. دەتوانین بڵێین لە سەدا چلی بازاڕ، گەرماو، باخ، خانوو، کاوانسەرا هی ئەوان بوون. میرزا رەحمەت پیاوێکی دەستەپیاوی چوارشانە بوو، بنیادەمێکی تێگەیشتوو و، کەمدوێ بوو، مرۆڤێکی دەوڵەمەند و دڵاواو سەخی بوو دەستی هەژارانی دەگرت. میرزا رەحمەت میراتگری حاجی ئەحمەد بوو کە ساڵی ١٩١٦ بە دەستی رووسە تزاری و کازاخەکان شەهید کرا و لە ماڵەکەیدا کوشتوکوشتارێکی زاڵمانەیان کرد. کاتێک بەرێگادا دەڕۆیشت تەنیا سەری نەویدەکرد، هەرکاتێک بە بازاڕدا تێدەپەڕی دوکاندارەکان هەڵدەستانە سەرپێ و سەدان سڵاویان لە ئاغا و خاوەن دوکان و کاروانسەرا دەکرد. هەموو پێیاندەگوت ئاغا.

میرزا ڕەحمەت لەو هەموو سڵاو و ڕێزە تەنیا دەیتوانی وەڵامی هەندێکیان بداتەوە یان بە بەرزکردنەوەی گۆچانەکەی وەڵامی دەدانەوە. بەردەوام لە بیرکردنەوە و ئەندێشەی خۆیدا بوو. دەتوانین بڵێین تاکە ئاغا و دەستڕۆیشتووی مەهاباد بوو. هەر کەسەو بە جۆرێک سەروکاری لەگەڵ هەبوو. پیاوێکی بێ ئازارو لە دنیای خۆیدا نقووم ببوو. کەمتر گرنگی بە گەنجان دەدا، بەڵام بەچاوێکی ڕێزەوە تەماشای ڕەعیەت و دوکاندارەکانی دەکرد. سەروەت و زەوی و زارێکی زۆری هەبوو. تاکە کەسێک کە دەیتوانی لە بازاڕی لافی بەسەردا لێبدا حاجی مستەفای شاتری بوو، حاجی مستەفا بە بەژنوباڵایەکی بەرز و ریشێکی قەڵەمی ماشوبرنجی و کەشیدە لەسەر، کە نیشاندەری ئەوە بوو حاجییە دەیتوانی هاوشانی بێت. باقی هاوشانەکانی سەرۆک هۆزەکانی وەکو عەلی ئاغای حاجی ئێلخانی زادە و قەرەنی ئاغای مامەش و کەریم ئاغای دێبووکری و لەو جۆرە کەسانە بوون. حاجی سالْحی شاتری، یان سەید جامی کە دەیانتوانی هاو مەجلیسی بن. ئەوانی دیکە ڕەعیەت بوون و ڕەعیەتیش لە دیوەخانی ئاغادا جێگایان نەبوو. میرزا ڕەحمەت تەنیا کوڕێکی هەبوو، ناوی سەعید بوو، ئەویش زۆر بە هۆش و گۆش نەبوو، تورەوتوسن دیار بوو، هاودەستەکانی کلکەسووتەیان بۆ دەکرد.

کاک سەعید کچی عەلی ئاغای ئێلخانی زادەی دێبووکری هێناو خوشکەکەشی دایە کوڕی عەلی ئاغا، لە کوردەواریشدا بەوە دەڵێن ژن بە ژنە. سەعید ئاغا حەوت ڕۆژ و حەوت شەوان شایی و زەماوەندی گێڕا، هەزاران کەسی بانگهێشت کرد و لەسەر خوانی ڕازاوەی نانیان خوارد، هەر خوداش دەزانێ ئایا هەژارێک لەسەر ئەو خوانە نانی خوارد یان نا. بەکورتی سەعید ئاغا هەرجارێک دەچوو بۆ باخی یان بۆ بازاڕ دەچوو چەند کوڕە دەوڵەمەندێکی مەهابادی ئەو شانازیەیان پێ دەبڕا بەدوایەوە بن و بە شان و باڵانی هەڵبڵێن، تا بەرەبەرە وایانلێکرد فێری کۆڕی قوماریان کرد. دەڵێن دوای مردنی باوکی چارەنووسێکی باشی نەبوو.

عەلی ئاغا، ئاغای ئێلخانی زادەی سەرۆک هۆزی دێبوکری پیاوێکی باڵابەرزی بەخۆوە بوو، لە شەڕی نێوان مەحمەشە و مەنگوڕان چاوێکی کوێر ببوو. عەلی ئاغا لەناو کوردان و دەوروبەری هۆزەکەشی پێیان وابوو لەگەڵ ئینگلیزانە و فێڵبازە. لەگەڵ شا پەرستەکان نێوانی خۆشبوو لەلایەن هۆزی قاجاریشەوە نازناوی پێدرابوو. شاری بۆکان هی ئەوان بوو، پیاوێک بوو بە هێزو خەڵکێکی زۆری بەدەورەوە بوون.

ماڵی لە گوندی حەمامیانی نزیک بۆکان بوو. عەلی ئاغا دوو برای لەخۆی گەورەتری هەبوون، مەحموود ئاغا و حاجی بایزاغا، ئەوانیش لە بەناوبانگترین و دەستڕۆیشتوو ترین ئاغاکانی ناوچەی موکریان بوون. رەعیەت لەلای ئەوان بەهای پووشێکیان نەبوو. کوشتن و دەرکردن لە ئاوایی یان هەرشتێکی دیکە بەلایانەوە هیچ بایەخێکی نەبوو.

حاجی بایزاغا پیاوێکی سەنگین و تێگەیشتوو بوو، دوای کوشتاری کازاخەکان و ساڵانی گرانی، باوکم بە بنەماڵەوە چووە یەکێک لە گوندەکانی ئەوان و پەنای بۆ حاجی بایزاغا برد، ئەویش پێشوازییەکی باشی لە باوکم و بنەماڵەکەمان کرد و پێداویستی رۆژانەی بۆ دابین دەکردن. خودا لێی خۆشبێ. لە کوردستان کەمتر ئاغایەکت دەدی لەبیری ئەو کەسانەدابن لێیان دەقەومێ و ئاوارەو سەرگەردان دەبن.

حاجی ساڵحی شاتری کە یەکێک بوو لە خزمانی حاجی مستەفای شاتری، پیاوێکی دەوڵەمەند و زیرەک بوو بەرپرسی شیرکەتی نەوتی مەهاباد بوو، کرێکارەکانی ئیدارەکەیان بەڕێوە دەبرد. هیچ کوڕی نەبوو مەهابادیەکان بە چاکە باسیان نەدەکرد، دەیانگوت سیخوڕی ئینگلیزە و چاکەشی بۆ هیچ کەسێک نییە، دەشیان گوت کاتێک مرد خەڵکێکی کەم لەگەڵی چوونە سەر قەبران.

سەید جامی خاوەنی گوندی داشتەمەر بوو، زەوی و زارێکی زۆریشی لە مەهاباد هەبوو. دوو کوڕی هەبوو، سەید رەحیم و سەید قادر. لە مەهاباد سەید رەحیمیان بە پیاوێکی سیاسی و لایەنگری دەوڵەت دەزانی و بە یەکتریان دەگوت خۆی لێ بەدوور بگرن. سەید قادر پیاوێکی باش و خوێندەوار بوو. کاتێک منداڵ بووین رۆژێک لەگەڵ برادەرانی گەڕەک لە مەیدانی ئاسنگەران خەریکی یاری بووین، سەید لە من گەورەتر بوو، هاتە ناو یاریەکەمان دەیویست زۆریمان لێبکات، بەرپەرچم دایەوە ئەویش زللەیەکی مزری لە بناگوێی سرەواندم، لەو کاتەدا باوکم لە بازاڕ دەگەڕایەوە چاوی لێبوو، ئەویش هات لەبری ئەو زللەیە زللەیەکی قایمتری لە بناگوێی سرەواند، سەید قادر بە گریان گەڕایەوە ماڵێ. دوای نیوسەعاتێک نۆکەرەکانی ئاغا سەید هاتن و گوتیان میرزا مستەفا ئاغا سەید جامی دەڵێ چۆن دڵت هات زللە لە قادری کوڕم بدەی؟ باوکم گوتی برۆ بە جەنابی سەید جامی بڵێ سەید قادر چۆن لە خۆی رادیوە زللە لە بناگوێی کوڕی من بدات، نەیدەزانی باوکی نیگەران دەبێ و دڵی دەڕەنجێ، بۆیە سزای کردەوەکەی خۆی وەرگرتەوە. سەید جامی هەرچەندە لە باوکم

دەوڵەمەندتر و بە تواناتر بوو، بەڵام هیچ قسەیەکی نەکرد بەو گفتوگۆیەش نێوان ناخۆشیەکەیان نەما، ئەوەش نموونەیەکی دیکە لە پیاوانی تێگەیشتوو و، سەنگینی مەهابادی شاری ئەفسانەیی.
لە بازاری سەید عەلی و بەرامبەر مەیدانی ئاسنگەران دوکانێک هەبوو بە ناوی ماڵی خوێندنەوەی عیسازادە، خەڵکانی خوێندەوار روویان تێدەکرد و کاتی بێکاری لەوێ کۆدەبوونەوە گۆڤار و رۆژنامەیان لێ دەخوێندەوە، لە بەرامبەریشدا پارەیەکی کەمیان دادەنا. بەرێز عیسازادە پیاوێکی رۆشنبیر بوو، تەمەنی نزیکەی چل ساڵێک دەبوو، کورتەباڵا و قسە خۆشبوو، کەمێکیش دەلەنگی، گۆچانێکی جوانیشی بە دەستەوە دەگرت. خەڵکی هاندەدا کتێب بخوێننەوە و خۆیان فێرە خوێندەواری بکەن. دوکانی ماڵی خوێندنەوەکەی عیسازادە بۆ منی گەنج و ئەوانەی لە تەمەنی مندا بوون گونجاو نەبوو. لە دوورەوە تەماشام دەکرد و کەیفم پێدەهات. خودا لێی خۆشبێ بۆخۆی گەوهەرێک بوو لە ناو زەلکاوی جەهل و نەزانیدا. هەتا خەڵکانی نەزان قسەی نابەجێیان پێدەگوت.
خیامی مەهابادی گەنجیکی سی ساڵە بوو، قژێکی رەشی لوولی هەبوو جار جار شانەی دەکرد، دەنگی رەوان و خۆشبوو. دەیانگوت نەوەی وەفایی شاعیری مەهابادیە. بە دەنگی بەرز شیعری دەخوێندەوە، بۆخۆیشی شاعیر بوو. لە هەموو سوچ و قوژبنێکدا دەیگوزەراند و شەوی رۆژ دەکردەوە. پۆشتەوپەرداخ بوو. زۆریش حەزی لە پاکوخاوێنی بوو. دەنگە بەسۆزەکەی خیامی مەهابادی لە شیعر خوێندنەوەدا زۆر دڵگیربوو. عارفانی بانگ دەکرد و ئەوانەی بێئاگا بوون وەئاگای دێنانەوە. لە دنیایەکی دیکە دەدوا. تەنیا دڵانی پاک تێیدەگەیشتن، خودا لێی خۆشبێ. پیاوێکی خودایی بوو، هات و رۆیشت کەسیش نەیناسی

دادگایی کردنی قازی لەشکر

لە مەهاباد دەنگۆیەک بڵاوبۆوە، کە قازی لەشکر دەستدرێژی سێکسی کردۆتە سەر کچەکەی و بەمزوانە دادگایی دەکرێ، ئەو کارە تاوان و قێزەونە، ئەویش کەسایەتییەکی ئاینی ناوچەکە بیکات، وەک تۆپێک تەقییەوە و کەوتە سەرزاران. هەمووکەس نەفرەتیان لێدەکرد. ئێمەی گەنجانی کونجکۆڵ چاوەڕوانی رۆژی دادگایی کردنەکە بووین. قازی لەشکر پیاوێکی چاویلکە لە چاو بە قەڵافەتێکی رەزاگران و کورتەباڵا، ریشێکی پڕ و جبەیەکی رەشەوە، دەرسی ئاینی بەسەربازان دەگوتەوەو بانگەشەی ئیسلامی دەکرد. هەربۆیە کارێکی ئاوا قێزەون لە کەسایەتییەکی وەک قازی رووبدا، چ هەڵلاوهەنگامەیەک دەنێتەوە.

خەڵک خۆیان ئامادەکەن کوتکوتی کەن. کچە بێتاوانەکەی قازی زۆر جوان و لەبەردڵان بوو، کوڕانی شاری بۆی شێت و شەیدا ببوون. گەنجەکان نزایان دەکرد دەبێ کەنگێ دادگایی کردنی ئەو قازیە نەفرەتییە دەستپێبکات. رۆژی دادگایی کردنەکەیان لە خەڵکی شاردەوە، بەڵام گەنجانی کونجکۆڵ شوێنەکەیان پێزانی و چاوەڕوانی ئەو دادگاییە نهێنیە بوون. بەڵێ دادگاییەکە بە دزیەوە دەستپێکرد. دادوەر سکاڵانامەکەی خوێندەوە و قازی دەغەڵ و رووڕەش سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپاند. کاتێک پرسیاریان لە کچە جوانەکە کرد بۆچی خۆتداوەتە دەست کارێکی ئاوا قێزەون و خۆت تووشی ئەو کارە نەنگییە کردووە؟ کچە لە وەڵامدا دەڵێ، بەدەست خۆم نەبووە، باوکم بێهۆشی کردووم بێئاگا تووشی ئەو کارە شەرمەزارییە بووم. وای لەو باوکە شەیتانە کە بەڵایەکی ئاوا دەخوڵقێنێ. کچە سادەو دڵپاکەکە فریوی ئەو باوکە ریاکارەی خوارد! قازی رووڕەش لە سێدارە نەدرا و دووریان خستەوە.

لە شاری کابرایەک هەبوو پێاندەگوت مامەزاخە پیشەی قەسابی بوو، کابرایەکی کورتەبنەی بەخۆوە بوو، سەرکوڵمە سوور و چاوشین، چۆڵەمەی داچۆڕابوو، لە دوورەوە وەک گایەکی کێوی دەچوو. زۆرتر گۆلک و گای دەکوشتنەوە و گۆشتەکەی دەفرۆشت. منداڵ یان هەرکەسێک پێیانگوتبا مامەزاخە دەهری دەبوو بە کێردە

قەسابیەکەی وەدوایان دەکەوت و راوی دەنان. لەبەرئەوەی پیر بوو تەمەنی لە نێوان شەست بۆ شەست و پێنج ساڵیدابوو نەیدەتوانی زۆر بەدوایاندا رابکات، زوو ماندوو دەبوو، بە چاوی دەرپەڕیو لە دەوروبەری دەڕوانی چاوەڕوانی تۆڵەسەندنەوە بوو. مامەزاخە پیاوێکی بێوەی بوو، خودا عافووی کا، منداڵە مەهابادی ئەزیەتیان دەدا، کەم کەسیش. هەبوون ئەو منداڵە لاسارانەی لێ بتەکێننەوە و مامەزاخەی دەهری نەکەن.

لەنیوان بازرگانەکانی تووتن، فێڵ و تەڵەکەبازی لە ئارادابوو. دەڵێن رۆژێک لە محاڵی لاجان تووتنێکی زۆر دەهێننە مەیدانی کەریم خان، کە شوێنی تووتن فرۆشان بوو. حاجی کەریم و حاجی عەزیز لە کڕین و فرۆشتندا رکابەری یەکتر بوون. کاتێک حاجی کەریم ئەوە دەبیستێ و تووتن هاتۆتە مەیدانێ، خێرا حاجی عەزیز پەیدادەبێ ئەو ناتوانێ بە ئارەزووی خۆی فێڵ لە جوتیار و ئاغاکان بکات و بە نرخێکی هەرزان لێیان بکڕێ، هەر زوو خۆ دەگەیەنێتە لای حاجی و دەڵێ ئەی هاوڕێ و هاوکاری ئازیز لە عەمبارێ هەندێک تووتنم هەیە تا ئێستا نەمتوانیوە بیفرۆشم، توخوا وەرە چاوێکی لێبکە، دەستم کورتە و بەهەر نرخێک دەتەوێ لێم بکڕە و رازیمە، ئەگەر بۆ خۆشت ناتەوێ نرخی لەسەر دابنێ دەیهێنمە مەیدانێ. زمان لووسی حاجی، حاجی فریو دەدا و دەیهێنێتە عەمباری ماڵێ، کاتێک دەگەنە عەمبارێ، حاجی کەریم بە بیانووی چایی هێنان دێتە دەرێ و دەرگای عەمبارێ بەسەر حاجی عەزیزدا دادەخات و بە ژنەکەشی دەڵێ نەکەی دەرگاکە بکەیەوە!

بۆیە حاجی عەزیز زیندانی حاجی کەریمی هاوڕێ و هاوکاری دەبێ، حاجی چاوچنۆک بەبێ رکابەری هەموو تووتنەکە دەکڕێ و دەیباتە عەمبارێکی دیکە و دەیشارێتەوە، دوای ئەوەی کارەکەی دەکات دێتەوە ماڵێ و داوای لێبووردن لە حاجی دڵشکاو دەکات.

لە مەهاباد کابرایەک هەبوو ناوی حسێن قاقی بوو، پیاوێکی قسەخۆش و دەنگ خۆشبوو، بۆ هەر کۆڕ و مەجلیسێک بانگهێشت کرابا بە دەنگە خۆشەکەی خەڵکەکەی وەجۆش دێنا. حاجی کەریم لە یەکێک لە میوانداریەکانیدا حسێن قاقی و کۆمەڵێک خەڵکی دیکەش بانگ دەکا، دوای گۆرانی گوتن سفرە رادەخرێ حاجی بەکەڵکوەرگرتن لە سادەیی و دەستکوتی ئەو هونەرمەندە دەنگ خۆشە، چەند ئەشرەفییەک[٢٣] دەخاتە

[٢٣] ئەشرەفی: جۆرە دراوێکی ئەو سەردەمە بوو. وەرگێڕ

ناو برنجی دەورییەکەو لەپێش حسێنی دادەنێن، هەندێک لەو کەسانەی لەوێ بوون ئاگاداری ئەو کارە قێزەونەی حاجی بوون، بەڵام نایانەوێ ئاشکرای بکەن، کابرای پڵاوخۆر دەبێ نهێنی خاوەن ماڵ بپارێزێ.

حاجی چاوی هەر لەسەر حسێنی بوو، کاک حسێن بێئاگا لەو تەڵەوداوەی حاجی، لەکاتی نانخواردندا هەستدەکا چەند سکەیەک دەکەونە بەرپەنجەکانی، لەسەرخۆ بۆ ئەوەی کەس نەزانێ بەبیانووی دەسرۆکە یەک یەک دەیانخاتە گیرفانی. دوای نانخواردن حاجی دەست دەخاتە گیرفانی گۆرانیبێژ و پێیدەڵێ ناپیاو پێتوایە نانی حاجی زێڕاوە، بیرت نەکردەوە ئەوانە زێڕی منن، بۆچی هەڵت گرتن؟ نانیشت خواردو دزیشت کرد. حسێن قاقی بەشەرمەزاری لە مەجلیسەکە هەڵدەستێ و دەڕوا. ئامادەبوانیش قاقاپێدەکەنن و دەستخۆشی لە حاجی کەڵەکباز دەکەن. ئەوەش یەکێک لە گەمژەیی دەوڵەمەندەکانی ئەو سەردەمە کە بەهای هونەر و هونەرمەندیان نەدەزانی و گاڵتەیان پێدەکردن.

لە ماڵی قازی مونعیم کابرایەک هەبوو ناوی سەعید بابی بوو. زۆر زانا و دانا بوو. یاریدەدەری دادگا بوو. سەڵت بوو هەر لە حوجرەی ماڵی قازی دەمایەوە. زانایەکی گەورە و عارفێکی دانا و ئارام و بێدەنگ بوو، زۆریش ژیا. تاکە ناوێک کە لەگەڵ خۆی برد سەعید بابی بوو. جاهیلەکان تێینەدەگەیشن و پێیان دەگوت بابی، لەکاتێکدا پیاوێکی خواناس و زانایەکی مەزن بوو. (رەمل و اسطرلاب)ی بەباشی دەزانی و لە زانستی پزیشکیش شارەزایی هەبوو. لە زانستی دینیش زۆر ئاگاداربوو. زۆر دوورەپەرێز بوو، مخابن خەڵکی مەهاباد نەیانناسی و رێزیان نەگرت. دەبوایە بیانناسیبا و سوودیان لێوەرگرتبا. ئەفسووس لە دەورانی ستەمی پەهلەویدا دەرفەتێک بۆ ئەو زانایانە نەدەڕەخسا دەربکەون.

لە مزگەوتی شادەروێش و لە نزیک مەزاری شەهیدی میللی و قارەمان، میرزا فەتاحی قازی شاعیرێکی پایەبەرز و مەلایەکی هەڵکەوتوو هەبوو. ئەو زاتە مەلا مارفی کۆکەیی بوو، کە پێشنوێژ و وتارخوێنی ئەو مزگەوتەی دەکرد. ئەو شاعیرە مەزنە لەوپەڕی هەژاریدا دەژیا. شیعری جوانی هەبوو، ئەو شاعیرە مەزن و، ونە پیاوێکی داڵەگۆشت بوو چاویلکەی زەڕەبینی لە چاوی دەکرد. ریشێکی کورتی دەهێشتەوە و گۆچانێکی بە دەستیەوە دەگرت کە نیشاندەری دەورانێکی پڕ لە رەنج و کوێرەوەری و شاعیرێک و مەلایەکی زانای بەیان دەکرد. بەردەوام لە هەیوانی پێش مزگەوتێ

دادەنیشت و لە درەختە یاسەمەنەکان رادەما. لە بەهاراندا یاسەمەنەکان کە شکۆفەیان دەکرد بۆن و بەرامەی ئەو گوڵانە مزگەوتەکەی گوڵاوپرژێن دەکرد. شاعیری هەژار و نەدار بە قەناعەت بوو، بەردەوامیش بە رۆژوو دەبوو. زۆر لە ژیان بێزار بوو، بە پشوودرێژی لە دەوروبەری دەڕوانی، جارجاریش تەماشایەکی مەزاری شەهیدی دەکرد، یەکێک لە جوامێری دەدواو ئەویدیکەش ئایندەیەکی تاڵ بە رووخسارییەوە دیار بوو. لەبەرخۆیەوە شیعری دەخوێندەوە، شیعری عیرفانی دەنووسی و دەیویست لە قەفەسی سینەیەوە باڵبگرێ، بەڵام رۆحی بەرزەفڕی لەبەرامبەر خودای مەزندا تەسلیمی هیچ شتێک و هیچ کەسێک نەدەبوو.

لەگەڵ ئەوەی کەسێکی نەفس بەرز و بە قەناعەت بوو، زۆریش جوامێر بوو، ئەو مەلا داڵەگۆشتە ژیانێکی زۆر هەژارانەی بەسەر برد. هەموو دەیانزانی لە چ دۆخێکدا دەژی، بەڵام کەمتر کەسانێک هەبوون دەرک بەو کەسایەتییە مەزنە بکەن. من بەو منداڵیەی خۆمەوە کاتێک بە پەنا ئەو شاعیرەدا تێدەپەڕیم، هەستم بە لەخۆبایی بوون دەکرد، بەڵام بەچی دەچێ بە هەڵوا هەڵوا زارم شیرن نابێ. ژیانی ئەو پیاوە مەزنە بەرەبەرە بەرەو خامۆشی دەڕۆیشت.

نۆمای خوێناوی[7]

برایەکی بچکۆلەی قژ زەردی جوان و قسەخۆشم هەبوو، ناوی عەبدوڵلا بوو، زۆر زیتەڵەو لەبەردڵان بوو. زیپکەیەک لە لێوی هات، بەرەبەرە زیادی دەکرد، لێوە ناسکەکەی ئاوسا، لە دەمیەوە بۆ گەنیوێک دەهات. لە نەخۆشخانە کۆن و نیوە وێرانەکە، کە بە کۆمەکی نۆبڵی سوێدی ڕەحمەتی دروستکرابوو، جارجارە سەروکەللەی چەند دکتۆرێکی بێگانە پەیدا دەبوون، چەند مانگێک یان ساڵێک دەمانەوە و لەناکاو بزر دەبوون. لەو ساڵەی کە برا ئازیزەکەم تووشی ئەو نەخۆشیە بوو، کە ساڵی ١٩٣٨ بوو، نەشتەرگەرێک بەناوی شالک هەبوو کە خەڵکی زۆر بەباشی باسیان دەکرد.

بە پێویست زانرا عەبدوڵڵای بچکۆلە ببەنەلای شالک. کاتێک دایکم لەگەڵ برا نەخۆشەکەم هاتنەوە ماڵ سەرنجمدا دایکم دەگریا. پرسیم چیبووە؟ چوونە لای دکتۆر؟ گوتی ئا چووین، بە پەنجە ئاماژەی کرد منداڵە تێنەگا، ئینجا گوتی دکتۆر دەڵێ ئینشائەڵلا چاک دەبێ. عەبدوڵلا خەوی لێکەوت، دایکم چووە ژووری چێشتلێنان و زووڕ زووڕ دەگریا و بە هەردووک دەست بە سەری خۆی دەکێشا. گوتم چیبووە؟ گوتی چیدەبێ؟ عەبدوڵلا گیان دەمرێ! ئارامم لێ هەڵگیرا و فرمێسک بە چاوانمدا هاتنەخوار، ساڵانی ساڵ کاتێک ئەو دیمەنەم دێتەوە بەرچاو بەخۆم نییە دەگریم. هاوارم کردو گوتم دایە دەپێمبڵێ چییە؟ دایکم هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی دکتۆر دەڵێ نەخۆشی نۆما[24]یەتی. برینێکی مەترسیدارە، ڕەشە برینە بەرەبەرە پێوەدەچێ، شەوێلاگە و ددان و لێوی دادەگرێ و هەڵدەوەرن و منداڵەکە دەمرێ، ئەو شێرپەنجەیە کاری خۆی کرد لە ماوەیەکی کەمدا دەم و لێوی عەبدوڵڵای جوانی داگرت، چەندە کارەساتبار بوو. بۆگەنیو هەموو ژوورەکەی داگرتبوو، منداڵەکە ڕۆژ بە ڕۆژ وەکو

---

[24] نەخۆشی نۆما noma یەکێکە لە نەخۆشییە دەگمەنەکانی جیهان، ئەو نەخۆشیە بە ترسناکترین نەخۆشی دەناسرێ لە مێژووی پزیشکی دا. زیاتر لە دەم و قوڕگ دەردەکەوێ، هێندە خێرایە هەر زوو گەشەدەکات و زیاتر لە منداڵانی٦ بۆ ١٦ ساڵی دەردەکەوێ. هۆکارەکەشی زیاتر بەدخۆراکییە. وەرگێڕ

مۆم دەتوایەوە تا گیانی سپارد. هەستێکی کونجکۆڵی وایلێکردم بچمە لای دکتۆر شالکی ئەڵمانی و پرسیاری لێبکەم. دکتۆر تێیگەیاندم کە ئەو نەخۆشیە جۆرێک شێرپەنجەیە کە پێیدەڵێن نۆما هیچ چارەسەرێکیشی نییە.

مەرگی ئەو برا جوان و ژیکەڵەم کاریگەریەکی زۆری لە ناخم کرد و بوو بە سەرمەشقی ژیانی ئایندەم. بڕیارمدا ببمە دکتۆر و چارەسەری خەڵکانی هەژار بکەم. هۆگریم بۆ پزیشکی هەر لە دەورانی گەنجیمدا بیری ئاڵۆز کردم. —لەوە بەدوا خەریکی خوێندنەوەی گۆڤارە پزیشکییەکان بووم بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونییەکم هەبێ و رۆژگارێک پێویستیم پێی هەبێ و بە ئاواتی خۆم بکەم- دڵ دەخوازێ و دەست نایگاتێ! بە پشتیوانی خوداو ئاڵقەلەگوێی غەوسی گەیلانی.

لە ساڵی ١٩٣٨ کە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم، بەهۆی زۆر خوێندنەوە چاوم وەژان کەوتن و سوورهەڵگەڕان. سەردانی دکتۆرم کرد. ئەو دکتۆرە لە تەنیشت ماڵی سەید جامی نۆڕینگەی دانا بوو، لە ماڵی بەڕێز ساڵح زادەی دەرمانساز. کاتێک پشکنینی بۆ کردم گوتی تووشی تەراخۆمە[٢٥] بووی تا کوێر نەبوویی دەبێ چارەسەر بکرێی. گوتم چیبکەم؟ رۆژێک نا رۆژێک دێی چارەسەرت دەکەم. ئەگەر رۆژێک نا رۆژێک چووبام دەبوو هەر جارەو دوو تمەنم پارەی چوونە ژوورەوە دابایە و ئەوەشم پێ دابین نەدەبوو یان نەیاندەدامێ، سێ رۆژ جارێک دەچوومە لای دکتۆر پێڵووی چاوی هەڵدێنام و دەرمانێکی تێدەکرد، دەبرژایەوە.

هەموو سەردانێکی دکتۆر دەبوو دوو تمەنم دابایە ئەو بڕەپارەش بۆ ئەو زەمانی زۆر بوو، بۆیە بۆ من ببوو بەکێشە. چارەسەرکردنەکەی دکتۆر زۆری ئازار دەدام و چاوم لە جاران زیاتر ئاوسا بوو، ئاستی بینینیشم کەمتر ببوو. ئازاری چاو و ئامادەکردنی وانەکان بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ، زۆر نیگەران و بێ ئومێدی کردبووم، سەرەڕای دەرس خوێندن، دەرسی وێنەشم دەخوێند و حەزیشم لە هونەری هەڵکۆڵین بوو، بە قوتابییەکی باشیان دەزانیم. دوای پازدە جار سەردانی کردنی دکتۆر، هەستمکرد دۆخی چاوم رۆژ بە رۆژ خراپتر دەبێ، باوکم زۆر نیگەران بوو، تازە کوڕێکی مردبوو، دەترسا منیش کوێر بم. بۆیە ناچار بوو لەگەڵ خۆی بمباتە تاران. یەکەمجار بوو تارانم دەدیت، مەیدانی تۆپخانە زۆر سەرنجی راکێشام و زۆرم پێ جوانبوو. چاویلکەیەکی رەشم لە چاو کردبوو بۆیە هەموو شتێکم بەلێڵی دەدیت. بۆ

---

[٢٥] تەراخۆم: نەخۆشییەکی چڵکی چاوە، دەبێتە هۆی ترسان لە رووناکی ، ئازار و فرمێسک رێژی و هەندێجاریش کوێر بوون.

بەیانی چووینە نۆرینگەی پرۆفیسۆر شەمس، دوای ئەوەی پشکنینی بۆ کردم گوتی کوڕی خۆم کێ ئاوای لە چاوت کردووە، تۆ نەخۆشی تەڕاخۆمەت نەبووە و نییتە، شێوازی چارەسەرکردنەکەت هەڵە بووە، خودا رەحمی پێکردووی کوێر نەبووی. ئەوە چ بەیتاڵێک چارەسەری کردووی؟ گوتم دکتۆرێک بوو بەو ناونیشانە لە شاری مەهاباد، ئاوای بەسەر هێناوم!

پرۆفیسۆر سەری راوەشاند ناوی دکتۆرەکەی یادداشت کرد. راچێتەیەکی بۆ نووسیم، گیراوەی میکرۆکرۆمی بۆ نووسیم لە سەدا دوو بە ئەندازەی بیست سی سی. گوتی رۆژی دووجار لە چاوتی بکە تا دووسێ رۆژی دیکە چاک دەبیتەوە، خەمت نەبێ هیچ نییە. قسەکەی دکتۆر حەقیقی پرۆفیسۆر و بە ئەزموون و زانا وەڕاست گەڕا. دوای یەک دوو رۆژ چاک بوومەوە و چاویلکەکەم فڕێدا و چاوم چاک بوونەوە. خودا لە جەنابی دکتۆر خۆشبێ زانایەکی گەورە بوو.

لەگەڵ باوکم چووینە بازاڕ و شتەکانی خۆی کڕین و گەڕاینەوە شار و ماڵی خۆمان. هەر لە بازاڕی کوتاڵفرۆشان بازرگانێکی تارانی کە لەگەڵ باوکم سەرگەرمی قسان بوون، لە باوکمی پرسی زۆر سەیرە جاران کۆتایی هاوین دەهاتیە تاران، ئێستا سەرەتای بەهارە؟ باوکم هەموو مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە، کابرای تارانی هەناسەیەکی هەڵکێشاو بەسەرهاتێکی بۆ باوکم گێڕایەوە و گوتی: «دەڵێن زەمانی زوو دکتۆرێکی لەو شێوەی لە بوخارا هەبوو. رۆژێک کابرایەکی قەساب کە گایەکی گروو بوو، دەیویست بە ساتۆر پارچە پارچەی بکات پارچە ئێسقانێکی بچووک دەردەپەڕێ و دەچێتەچاوی، کابرای قەساب لەتاو ئازاری چاوی ئاراوقارای نامێنێ. بۆیە دووسێ کیلۆ گۆشت و چەوری زۆر باش و دوو کەللە قەند و گروانکە[26] چایەکی نایاب دەچێتە نۆرینگەی دکتۆری چاو بۆ چارەسەرکردن و دەرهێنانی ئەو ئێسقانە. دکتۆر کاتێک دیاری کابرای قەساب دەبینێ تەماشایەکی چاوی دەکاو چەند قەترە دەرمانێکی ئازارشکێن و کەمێک مەڵهەمی بۆ لە چاوی دەکاو دەڵێ دەبێ رۆژانە بێی دەنا کوێر دەبی! قەسابی بەستەزمان لە ترسی کوێربوون هەموو رۆژێ بە دەست و دیاریەوە سەردانی دکتۆر دەکات، چەند رۆژێک دەچێ بۆ چارەسەر بەڵام هیچ باش نابێ. هەتا رۆژێک کابرای قەساب دیسان دەچێتەوە لای دکتۆر، بەڵام دەبینێ دکتۆر لەوێ نییە، بە ناوچەوان گرژییەوە لە شاگردەکەی دەپرسێ جەنابی دکتۆر لەکوێیە؟

[26] گروانکە: کێشانەیەکە بۆ چای بەرامبەر بە ٤٢٠ گرام. وەرگێڕ

شاگرد دەڵێ جەنابی دکتۆر ئەمڕۆ درەنگ دێت فەرموو با من دەرمانی چاوت بکەم با دڵت نەیەشێ. قەساب بە نابەدڵی رازی دەبێ ئەو رۆژە شاگردەکەی دەرمانی بکات. کاتێک شاگردەکەی دکتور چاوی دەکاتەوە دەبینێ پارچە ئێسقانێکی ورد لە ناوچاویدایە لەسەرخۆ بە (پەنسە) مووکێشێک پارچە ئێسقانەکە دەردێنێ و مەڵهەم لە چاوی قەساب دەکات. چەند رۆژێک تێدەپەڕن قەساب دیارنییە؟ دکتۆر لە شاگردەکەی دەپرسێ ها کوڕە کابرای قەساب سۆراخی نییە؟ شاگردەکە بەخۆشحاڵییەوە دەڵێ جەنابی دکتۆر چەند رۆژێک لەمەوبەر کابرای قەساب هاتبوو جەنابت لێرە نەبووی، زۆر نیگەران بوو، من چاویم دەرمان کرد پارچە ئێسقانێکی بچووک کەوتبووە ناو چاوی و دەرم هێنا. دکتۆرەکە دەڵێ هەی گەمژەی ئەحمەق بۆ پێتوایە من ئەو ئێسقانەم نەدیتبوو! ئەگەر رۆژی یەکەم ئێسقانەکەم دەرهێنابا ئیدی چاوم بە گۆشت و دیاری کابرای قەساب نەدەکەوتەوە!.»

باوکم و کابرای بازرگان زۆر پێکەنین و منیش تەریق بوومەوە. باوەڕم نەدەکرد لە کاری پزیشکیشدا کاری ئاوا قێزەون هەبووبێ لە پێناو پارە وەرگرتن لە خەڵک یاری بە چارەنووسی نەخۆش بکەن. چما دەکرێ لە دنیای پزیشکیشدا کارێکی لەم چەشنە ئەنجامبدرێ؟ ئەوە بووە زەنگێکی ترسناک لە رۆژانی گەنجیمدا و بێدار کردنەوەیەکیش بوو بۆ ئایندەی پڕ لە بەسەرهاتی من.

لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٩٣٧ بۆ ناونووسی کردن چوومە قوتابخانە پێنج پۆلیەکەی پەهلەوی کە باڵەخانەیەکی دوو نهۆمی بە خشتی سوور دروستکرا بوو، حەسارێکی گەورەی هەبوو ئەو باڵەخانەیە هی میرزا مستەفای سوڵتانیان بوو. رێگاکەی بە بازاڕی مەنگوڕان و پەنا مزگەوتی حاجی بایزدا تێدەپەڕی. بەڕێوەبەرەکەمان مامۆستا عەلی زارع بوو، کە خەڵکی خۆی بوو. مامۆستاکانی لای خۆمان بە خراپە باسیان دەکرد بەڵام لە راستیدا وا نەبوو. بە ژن و منداڵەوە لە ژوورێکی تەنیشت پۆلی پێنج دا دەژیان. جەنابی بەڕێوەبەر پیاوێکی جدی و دڵسۆز و وەرزشکار و کەسێکی خوێندەوار و چاکە کار بوو. ژنەکەی زۆر خۆشدەویست و رێزی دەگرت، قوتابیەکانیش بەڕێوەبەریان خۆشدەویست. لە قوتابخانەی پەهلەویدا پۆلی نەهێشتنی نەخوێندەوایش هەبوو. دوای نیوەڕۆیان ئەوانەی نەخوێندەوار بوون بە خۆڕایی دەیانخوێند و لەلایەن مامۆستا خوێندەوار و میهرەبانە کانەوە فێرە خوێندەواری دەکران.

ئەو مامۆستایانەی زۆر سەرنجیان راکێشا بووم و زۆر باش دەمناسین خوالێخۆشبوو میرزا قاسمی قادری و خوالێخۆشبوو مەلا حەسەنی مودەریسی بوون، ئەو مامۆستایانە زۆر بە ئەزموون و داوێن پاک بوون، کاری خۆیان بەوپەڕی دڵسۆزیەوە دەکرد. پیشەی مامۆستایەتی و پەروەردەی منداڵەکان و گەورەکانیان زۆر بەلاوە گرنگ بوو. مامۆستا یانی ئەو سەردەم داهات و مووچەیەکی مەمرەمەژییان هەبوو، ژیانیان گەلێک دژوار بوو. زۆربەیان بە جلکوبەرگی پینەکراو دەهاتنە ژووری پۆل.

لە پۆلی پێنجەم هاوڕێ و دۆستی تازەم پەیداکردن. مستەفا عێراق سانی لە پۆلی ئێمە دا وێنەی دەکێشایەوە، وێنەی شا و کوڕەکانی دەکێشایەوە. کەس فێری نەکردبوو، هەرچەندە باوکی زۆر هەژار بوو، بەڵام باش بە خوێندنەکەی رادەگەیشت و لەگەڵ ئەو هەژاری و نەداریەیدا دەسازا. کوڕێکی بوێر و چاونەترس بوو. هاوێنان کرێکاری دەکردو خەرجی خوێندنەکەی پێ دەردێنا. لە پۆلی چوارەوە دەستم کردبوو بە وێنە کێشان و زۆر هۆگری بووم جارجارەش لە نێوخۆمان دەمەقاڵەمان دەبوو. ئەو لە من گەورەتر و بەخۆوەتر بوو. زۆرجار لە بەریم دادەنواند و لەگەڵم هەڵدەکرد. لەگەڵ کاری وێنەکێشان کاری هونەری هەڵکۆڵینیشم دەکرد و هۆگریەکی زۆریشم بۆ مۆسیقا هەبوو. حەزم دەکرد وەکو عەلی و حەمید تابانی کەمانچەم ژەندبا، خۆ ئەگەر کەمانچەیەکم هەباو لەلای مامۆستای مۆسیقا بەڕێز شەعبانی کە جولەکەیەکی خەڵکی ورمێ بوو، فێری کەمانچە ژەندن بووبام.

زۆر لەبەر باوکم پاڕامەوە کەمانچەیەکی هەرزانم بۆ بکڕێ. ئەوکاتی نرخی کەمانچە هەشت تا پازدە تمەن بوو. باوکم بەڵێنی پێدام کەمانچەیەکم بۆ بکڕێ. لەخۆشیان لە پێستی خۆمدا نەدەگونجام. تا هەفتەیەک هەر رۆژم دەژماردن. جەژنی قوربان هات، ئەو هەلەم قۆستەوە و بابەتی کەمانچەکەم هێنا گۆڕێ. باوکم لەسەرخۆ گوتی کوڕم لەگەڵ برادەرەکانم پرسوڕاوێژم کردووە ئەوان دەڵێن کوڕی تۆ خۆ نابێتە مۆسیقا ژەنی سەماکار و چاوەشی قاوەخانەکان، تا کەمانچەیان بۆ بژەنێ، ئەگەر بڵێی ئەسپ یان چەکی راوێ هەتا بۆت بکڕم، بەڵام بە کەمانچە ژەنین پیاو نابێتە پیاوێکی سەربەرز و ئایندەیەکی رەشی دەبێت و بەسووکت تەماشا دەکەن و حەتمەن دەشبێتە کەسێکی تریاکی. ئینجا ئەوەشی گوت نابێ وێنەی هیچ کەسێک بکێشیتەوە

لەبەرئەوەی زۆربەی مەلایەکان دەڵێن هەرکەسێک وێنەی هەرکەسێک بکێشێتەوە لە قیامەت دەبێ زیندووی بکاتەوە، ئەوە کاری تۆ نییە تۆ دەکەویە بەر عەزابی خودا.
سەرم نەویکردبوو بە دڵێکی شکاو و دنیایەک خەون و ئاواتەوە بە گریان خۆم لە سوچێک خزاندو دەستمکرد بە گریان و بە دەنگی بەرز ناڕەزاییم دەربڕی. باوکم کە بۆخۆی کەسێکی توڕە بوو زوو هەڵدەچوو، هەستایە سەرپێ و هات لێم بدات، هەڵاتم و لە حەوشە تازەکەمان کە زۆر گەورە بوو تازە کاری تێدا دەکرا لەناو خشت و تەختەکاندا خۆم ون کرد، ئینجا لە یەکێک لە ژووورە کانی نزیک مەیدانی ئاسنگەران خۆم شاردەوە. تا نیوەشەو بەبێ کەواو پاڵتۆ و لیفە لە پەنا کیسە چەمەنتۆ و دیوارە شێدارەکان هەڵتروشکام و لەسەرمان هەڵ لەرزیم. بەیانی کە چوومە قوتابخانە پەرێشان و خەمگین لە شوێنی خۆم دانیشتم. حاڵم باش نەبوو. بەرەبەرە سینگم وەژان دەهات و تام دەهاتێ، سدیقی خاتەمی هاوڕێیەکی نزیکم بوو هەستی بە حاڵەتی نالەباری من کردو بەڕێوەبەری ئاگادار کردەوە. بە پەرێشانی و لەرزوتاوە هێنامیەوە ماڵێ. حەوت هەشت ڕۆژان بێهۆش بووم. هەر وڕێنەم دەکرد. تایەکەم دانەدەبەزی. لەگەڵ مەرگ دەستەملان بووم. حەکیم وێنەتان پزیشکێکی ئەرمەنی بە ئەزموون بوو، تاکە حەکیمی مەهاباد بوو، زوو زوو دەهات سەردانی دەکردم و چارەسەری بۆ دەکردم. هیچ ئومێدێک بۆ زیندووبوونم نەمابوو. دایکم و ئاسییەی خوشکی ئازیزم، بەسەر سەرمەوە دەگریان، باوکم چوو بوو بۆ سەفەر، ئاگای لە حاڵی پەرێشانی من نەبوو. کاتێک لە سەفەر گەڕایەوە تێگەیشت حاڵم پەریشانەو لەوانەیە منیش بەدوای عەبدوڵڵای برامدا بڕۆم. باوکم گوتی: «ئەگەر چاک بوویتەوە کەمانچەیەکت بۆ دەکڕم.»
بەکورتی دەرمانەکانی وێنەتانی حەکیم هیچیان نەکرد. مەلایان هێنا و یاسینی لەسەر خوێندم. لە حاڵەتی بێهۆشیدا بووم، خەونی سەیرو سەمەرەم دەدیتن و وڕێنەم دەکرد، لە جێگا دەردەپەڕیم و هەندێجاریش بێهۆش دەبووم. لەو حاڵەدابووم کە لەناکاو سەرو کەڵلەی گوڵێ دێدیلەیی مامانم پەیدا بوو، تەماشایەکی کردم و دەستیکرد بە گریان، گوتی من شەربەتێکی خۆوەڵاتیم هەیە ڕۆنێکە بۆ سییە هەوکردن یەکاویەکە. یەکسەر هەستاو ڕۆیشت. دوای نیوسەعات گەڕایەوە ڕۆنەکەی لە سینەی ماڵیم و ئەو شەربەتەی هێنابووشی بە زەحمەت دوو کەوچکیان بە گەروومدا کرد. خوشکم دەیگوت دوای ئەوەی بە ڕۆنەکە چەوریان کردی و شەربەتەکەیان دەرخوارد

دای، ئارەقەیەکی زۆرت کرد و داوای ئاوت کرد. ئاومان دایەی و ئینجا محەلەبیت خوارد و چاوت هەڵێنان، هەناسەیەکت هەڵێیشاو چاوت پڕ بوون لە فرمیسک. ئێمەش گریاین پێمانوابوو لە گیانەڵادای و دەتەوێ ماڵئاواییمان لێبکەی! گوڵێ دیدەلێلەیی دیسان لەو شەربەتەی دایەوە. دوو سەعاتێک خەوتی و هەناسەت باشتر ببوو تایەکەشت دابەزیبوو. کە چاوت هەڵێنا پێدەکەنی و هەناسەیەکت هەڵکێشا. داوای چایت کرد، ئینجا گوتت راستم کەنەوە. پاڵت بە سەرینەکانەوە دا.

وردەوردە کەوتیە قسەکردن هێلکەی دۆڵەمەیان[٢٧] دایەی بە ئیشتیاوە خواردت کەمێکیش محەلەبیت خوارد. لە مامۆستاو وانە و قوتابخانەت دەپرسی. ئەوانە خوشکم بۆی دەگێڕامەوە، ئەوکاتەی بێهۆش بووم وەبیری دێنامەوە، دەیگوت هاوپۆلەکانت زوو زوو دەهاتن بەڵام تۆ ئاگات لەخۆت نەبوو، سەدیقە سووری هاوڕێت بۆت دەگریا. خوشکم دەیگوت هەر وڕێنەت دەکرد. ئەو نەخۆشیە (سینە پاڵوو)ە، هەوکردنی سییەکان پازدە رۆژی خایاند دوای چاکبوونەوەش چەند مانگ هەر کزو لاواز و بێتاقەت بووم. ئاسییەی ئازیزم هەموو رۆژێ لەگەڵم دەهاتە قوتابخانە تا بەرەبەرە باشبوومەوە، هیچ خەبەریکیش لە کەمانچە نەبوو. بە دزیەوە هەر خەریکی وێنەکێشان بووم، ئیدی باوکم کاری پێم نەبوو. پایز و زستان تێپەڕین. بەڕێوەبەری قوتابخانە جارجار لەدوای نەورۆز دەیبردینە گۆڕەپانی یاری کە شوێنێکی گونجاویش نەبوو، لە نزیک گۆڕستانی بوداغ سوڵتان و کانیە مام قەنبەران بوو. مامۆستای وەرزشمان فێری چەندان جۆر یاری دەکردین. رۆژێک کە تازە یاری بازدانی سەرپەتک پەیدا ببوو فێری دەکردین. لە ناوەڕاستی مەیدان دوو داری بەرزیان چەقاندبوو پەتێکیان لەو سەرەو سەری قایم کردبوو، وەرزشوان دەبوو بەو دارە درێژەی پێیەتی غاریدابایە ناوەڕاستی مەیدان و سەری دارەکەی لە عەردی گیرکردباو خۆی بەسەر پەتەکە هەڵدابا.

مامۆستا عەلی زارع کە بۆخۆی وەرزشوانێکی باشبوو بەو دارە درێژەوە غاریدایە ناوەڕاستی مەیدانێ و سەری دارەکەی لە عەردی گیرکرد و خۆی هەڵێنا تا گەیشتە نزیک پەتەکە، لە هەمانکاتدا کە دەیویست خۆی هەڵداتە ئەو دیو پەتەکە لەو بەرزاییە دارەکە شکاو مامۆستا زارع کەوتە سەر عەردی. هەموو هاواریان کرد مامۆستا مرد! قوتابیەکان هەر هەموو بە نیگەرانییەوە لە دەوری مامۆستا کۆبوونەوە. بەڕێوەبەر

---

[٢٧] هێلکەی دۆڵەمە لە نێوان کوڵان و نە کوڵاندایە. وەرگێڕ

نیوسەعات بێهۆش بوو. هەندێک شانی بریندار ببوو. یەکسەر بردیانە نەخۆشخانە دەرمانیان کرد و بردیانەوە ماڵێ.

دووڕۆژان مامۆستا نەهاتە پۆل و هەر لە جێیدا بوو، هەموومان نیگەران بووین تا بەرەبەرە باشبوو بە لۆژەلۆژ دەڕۆیشت و دەهاتە پۆل. بە دڵخۆشی و سەرکەوتنەوە پۆلی پێنجەمم تەواوکرد. ئەو بەسەرهات و نەخۆشیەشم تێپەڕاند. تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵم بە نمرەی باش و وەرگرتنی خەڵات قوتابخانەی پەهلەویم بەجێهێشت.

یەکێک لە هاوپۆلە باشەکانم لە پۆلی پێنج کاک سدیقی حاتەمی (سدیقە سوور) بوو، کوڕێکی زۆر باش و تێگەیشتوو بوو، هاوڕێیەکی وەفادار بوو. پێکەوە هاوڕێی گیانی بەگیانی بووین. لە زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا یارمەتی دەدام و لە بەرامبەر ملهوڕەکاندا پشتی دەگرتم.

لە مەیدانی حەمەخرچە قاوەخانەیەکی گەورە هەبوو کە پێیاندەگوت قاوەخانەی رەحمەتوڵڵا، زستان و شەوانی رەمەزان جمەی دەهات، دووکەڵی جگەرە و نێرگەلە قاوەخانەکەی قانگ دابوو. لە هەر چوارلاوە گوێت لە قوڵتەقوڵتی نێرگەلە کێشەکان دەبوو. کاتێک تاریک دادەهات، زۆربەیان لە قاوەخانەکە دەهاتنە دەر بەتایبەت ئەوانەی ماڵیان دوور بوو تا زووتر بگەنەوە ماڵێ. تازە دارتێلی کارەبایان لە شەقامەکان چەقاند بوو، شەوانە دوو سەعات گڵۆپەکان دایسان، هەندێک ماڵە دەوڵەمەندیش کارەبایان راکێشا بوو. زۆرجار لەو ماوەیەشدا گڵۆپەکان چەند جارێک دەکوژانەوە و هەڵدەبوونەوە. ئەوانەی زۆر شەیدای حیکایەتی شەوانە بوون لە قاوەخانەی رەحمەتوڵڵا، زۆربەیان فانۆسیان لەگەڵ خۆیان دێنا. دادەنیشتن و چاوەڕوانی حیکاتخوان بوون. دەوروبەری دوای نوێژی خەوتنان بە کۆخەکۆخ و کۆمەکۆم پەیدا دەبوون، لە نزیک دەرگای چوونەدەرێ شوێنێکیان بۆ حیکایەتخوانەکان ساز کردبوو لێی دەدەنیشتن، دوای سەلاوات لەسەر دیداری موحەممەد و ئالی موحەممەد، حەمدو سەنای خودای تاقانە حیکایەتخوان پاشماوەی داستانەکەی دوێشەوی دەگێڕایەوە. ئامادەبوان نقەیان لێنەدەهات. هەموو گوێیان رادەگرت. میرزا عەبدوڵلا شەل هونەری حیکایەتخوانی لە مامۆستاکەی فێرببوو. بەدەنگی بەرز و دەستراوەشاندن داستانەکەی بۆ حازریان دەگێڕاوە و سەرنجی گوێگرانی رادەکێشا. بێجگە لە دەنگی میرزا عەبدوڵلا و ئیستیکان و پیاڵە چایەکان هیچ سرتەیەک نەدەهات. میرزا عەبدوڵلا زستانان و شەوانی رەمەزان و هەتا شەوانی بەهاریش لە زۆربەی قاوەخانە

گەورەکانی شار حیکاتخوانی دەکرد، وەک مامۆستایەک لە قاڵبی داستان و ئەفسانەدا خەڵکی بۆ کاری چاکەو هاریکاری یەکتری رێنوێنی دەکرد. خەڵکی هاندەدا لە کاری نەشیاو دوورکەونەوە.

دەیگوت هەرکارێک کە دەتەوێ خەڵکی نەیزانن مەیکە، لەبەرئەوەی ئەو کارە پێچەوانەی دین و یاسایە و شتێکی ناپەسەندە، بۆیە ناتەوێ خەڵک بیزانن ئەگەر باشبێ ئەوە زۆر بەجێیە با خەڵکیش بیزانن. بۆیە نابێ کاری چاکە لە خەڵک بشاریتەوە. شەوێک لە شەوانی بەهار حەزمکرد بچمە قاوەخانەی رەحمەتوڵلا و گوێ لە حیکایەتی ئەسکەندەرنامە بگرم کە میرزا عەبدوڵلا دەیگێڕایەوە، دەمویست بزانم چیدەڵێ. ئەگەرچی چەند جارێک لەگەڵ برادەرەکانم لە شوێنی دیکە گوێم لە قسەکانی میرزا عەبدوڵلا ببوو، حیکایەت و بەسەرهاتی جوان و خۆشی دەگێڕانەوە. خۆشمدەویست پیاوێکی داناو هونەرمەند بوو. هەر بۆیە دانیشتن لە کۆڕی زانایاندا بەلامەوە گرانبەها بوو.

ئەوجارە بە تەنیا چوومە قاوەخانە و شنەبای بەهاری زیاتر هانیدام چەند ساتێک گوێ لە ئەفسانە بگرم، بەڵکو چەند پەندێکی لێوە فێربم. داستانەکەی میرزا عەبدوڵلا کەمێک درێژەی خایاند، داستانەکە ئەفسانەیەکی خۆشبوو لە سەعات دە لایدا بوو، هیچ کاتێک هێندە درەنگ نەچووبوومەوە ماڵێ، داستانەکەم زۆر پێخۆشبوو لەترسی باوکیشم زراوم چوو بوو، هەوای گەنجایەتیش لە کەللەی دابووم دەمگوت تۆ پیاوی لە چی دەترسی، تەماشاکە پاڵەوانەکانی ئەسکەندەر چەندە ئازاو دلێر و چاونەترس بوون. بەکورتی سەعات یازدەی شەو حیکایەتم بە نیوەچڵی بەجێهێشت و لەپێش هەمواندا هەستام، وەک ئەوانیدیکە هەندێک پارەم بۆ میرزا عەبدوڵلا لەسەر سینی دانا و لە قاوەخانە وەدەرکەوتم، بە مەیدانی ئاریدا بەرەو لای گەرماوی میرزا رەسووڵ رۆیشتم. هەوای فێنکی بەهار و قیرەقیری بۆقەکانی چۆمی مەستییان کردبووم، دەمویست زیاتر بەرەولای چۆمی بڕۆم. بە شەقامی پەهلەویدا و لەوێڕا بچمەوە ماڵێ.

مانگەشەو بوو، لە نزیک ماڵی زارا شەلی جولەکەی ئارەق فرۆش کۆلانێکی تەنگەبەر هەبوو کە بۆلای سەوزەخانەی مارفەکەچەڵی بێستانچی دەچووەوە سەرچۆمی، لەناکاو دیتم خاتوونێک بە جلکی پیاوانەوە لەپێشم قوتبۆوە. زۆرجار لە بازاڕی دەمدی هیچ بەلامەوە گرنگ نەبوو بزانم کێیەو چ کارەیە، ئاوا لە تەمەنی بیست و هەشت

ساڵاندا بوو. بە هەردووک دەستان قۆڵی ڕاستی گرتم و بە ڕاکێش ڕاکێش بەرەولای کۆڵانی سەوزەخانەی پەلکێش کردم. لە من بەتاقەت تربوو، هەرچەندە تازە لە حیکایەتخوانی میرزا عەبدوڵڵا گەڕابوومەوە و خۆم وەک پاڵەوانی ئەفسانەیی دەزانی بۆ ئەوەی ڕیسوا نەبم، بە ناچاری ملم دەبەر ملی ئەو خاتوونە نا، باوەشی لێدام و دەیگوت کوڕە مەترسێ خۆشمدەوێی. منیش پاڵم بەسینگ و مەمکیەوە دەنا و لە خۆم دوور دەخستەوە. ئەو بگرەوبەردەیە بیست خولەکێکی خایاند، لەوکاتەدا حەمەدی وسوەکوتکەی کە شەشدانگ مەست بوو لە ماڵی زارا شەل دەهاتەدەر، هەڵوەستەیەکی کرد لەبەر تریفەی مانگەشەو چاوی لە ڕاکێش ڕاکێشی ئێمە بوو، هاتەپێشێ هەر چاوی بە ژنەتیوە کەوت و تەماشایەکی منی کرد گوتی قەحبە چیت لەو منداڵەی دەوێ؟ ئەو منداڵە بەکوێت ڕادەگا، وازی لێبێنە من چارەت دەکەم. بە کورتی کاک حەمەی وسوەکوتکەی لە دەست ئەو ژنە هەرزەیەی نەجاتی دام و گوتی: «کوڕە بڕۆوە ماڵێ بەو نیوەشەوەی لەدەرێ چ دەکەی، ناکا وەک من هاتبیە ڕاوێ؟»

گوتم: «ناوەڵڵا لە قاوەخانەی ڕەحمەتوڵڵا بووم گوێم لە حیکایەتی میرزا عەبدوڵڵا دەگرت و لەوێڕا دەهاتمەوە تووشی ئەو خاتوونەی بووم و پڕی دامێ.»

گوتی: «ئەو وەکو کوندەبوو شەوانە بەدرەنگەوە دێتە ڕاوێ نازانێ هەڵۆی وەک من شەوانە دێنە ڕاوێ.» هەرلەو قسانەدا بووین چوارکەسی دیکەش لە هاوڕێیانی حەمەدی پەیدا بوون، ئەوانیش سەرخۆش بوون، یەکێکیان خزمی خۆمان بوو تا ماڵێ لەگەڵم هاتەوە.

باوکم خەوتبوو، خوشکم هەر چاوەڕوانی گەڕانەوەم بوو لە وەدرەنگ کەوتنم زۆر نیگەران بوو، کاتێک باسەکەم بۆ گێڕایەوە گوتی وریابە شەوانە درەنگ نەگەڕێیەوە ماڵێ، شەوان دز و سەرخۆش لە کۆڵان و بازاڕی دەگەڕێن. ئەوەش وانەیەک بوو دەرسم لێوەرگرت، ئیدی نەچوومەوە قاوەخانە و حیکایەتخوانی، بەڵام هەر جارێک میرزا عەبدوڵلام دەدیت بە چاوی ڕێزەوە وەک مامۆستایەک تەماشام دەکرد. خودا لێی خۆشبێ دوای ئەوەی نەشتەرگەری ڕیخۆڵەکوێرەی بۆ کرا مرد، ئەوکاتیش من لە ئێران نەبووم.

هەر لە تەمەنی دە ساڵیمەوە شەوانی ڕەمەزان باوکم لەگەڵ خۆی دەیبردمە مزگەوتی قازی بۆ نوێژی خەوتنان و تەڕاویح. پێشنوێژ خوێن ڕەحمەتی مامۆستا مەلا محەمەدی دربکەیی لاجان بوو. پیاوێکی زاناو ئارام و لەسەرخۆ بوو. دوای

ئەنجامدانی چل رکات نوێژی تەراویح هەندێجار سەعاتێکی دەخایاند و هەندێجاریش زیاتر. دوای جەماعەت یان حەدیسی دەخوێندەوە یان تەفسیری ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزی دەکرد. زۆر حەزم لە وتارەکانی بوو سوودم لێوەردەگرتن. مەلا محەمەد لە فەرمانگەی ئەوقاف کاری دەکرد و لە قوتابخانەش دەرسی دەگوتەوە. دوو کچ و کورێکی هەبوو. ماڵەکەی بەرامبەر مزگەوتی رۆستەم بەگ بوو کە یەکێکە لە بەناوبانگترین مزگەوتەکانی مەهاباد، کە مێژوویەکی درەخشانی هەیە. مامۆستا مەلا محەمەد هەرجارێک تووشم بووبا هەواڵی دەپرسیم و هانیدەدام دەرسەکانم باش بخوێنم و درێژە بە خوێندن بدەم.

تا مەلا محەمەد لە ژیاندا مابوو مزگەوتی قازی رەونەقێکی جوانی هەبوو، خەڵک لێی سوودمەند دەبوون. مەلا ئەحمەدی ئاکۆیی بەخۆیی و بە ژنەوە لە یەکێک لە حوجرەکانی مزگەوتی قازیدا دەژیان. مامۆستای خۆشنووسی بوو. خەتی زۆر خۆشبوو. پیاوێکی ئارام و لەسەرخۆ و لەبەردڵان بوو. پێموانییە هیچ کەسێک دڵی لەو دوو پیاوە زانایانە رەنجابێ. خودا لێیان خۆشبێ.

دوای لافاوەکە بارودۆخی دارایی باوکم رووی لە کزی کرد، دوکانەکەی چۆڵ کردو گواستییەوە بۆ یەکێک لەو دوکانە تازەدروستکراوەی خۆمان. کارگەی قوماش تازە نوێنەرایەتییان لە مەهاباد کردبووەوە. ژمارەیان چل کەس بوون هەر دە رۆژ جارێک دەبوو بڕی دوو سەدو پەنجا تمەن پارەی کوتاڵیان وەرگرتبا، دوای ئەوەی دەفرۆشرا پارەکەیان بەقیست دەدایەوە بە نوێنەرایەتی کارگە. دانەوەی ئەو بڕە پارەیەش لە دە رۆژدا بۆ فرۆشیارەکان دژوار بوو، چونکە فرۆش کەم بوو قازانجەکەشی هێندە نەبوو. خەڵک زۆر دەستکورت و نەدار بوون. لەگەڵ ئەوەشدا بەرتیل وەرگرتن لە دامودەزگاکانی دەوڵەت لە برەو دابوو. بەبیانووی جۆراوجۆر خەڵکیان دەگرت و زیندانییان دەکردن.

حاجی مێردی پوورم کە پێشتر بەرگدروو بوو جلکوبەرگی کوردی دەدروو، بازاڕێکی باشی هەبوو دوای ئەوەی شێوازی جلکوبەرگ گۆڕا ئیدی نەیتوانی درێژە بە کارەکەی بدات، سەرپەرشتی و بەخێوکردنی حەوت کەس لە ژن و منداڵەکانی زۆر دژوار بوو، بۆیە بەناچاری دەستیکرد بە قاچاخچێتی کەلوپەلی قاچاخی لە عێراقەوە دێنا و مەمرەمەژی دەژیا. هەر زوو زوو دەهاتن ماڵی حاجییان دەپشکنی، لەبەر

ئەوەی پێکەوە خزمایەتیمان هەبوو زۆر جار ماڵی ئێمەشیان دەپشکنی. باوکم دووربینێکی کۆنی هەبوو لە یەکێک لە ژوورەکان بە دیواری هەڵواسیبوو.
ئیبراهیم خەلیل پۆلیس بوو، هەروەها چەندین کاری دیکەی ئاشکراو نهێنی هەبوو. باجی لە هەموو شتێک وەردەگرت، پیاوێکی بەرتیل خۆر و دەغەڵ و فێڵباز و تریاک کێش بوو. هەفتانە یەک دووجار کە دەهاتە بازاڕ بە پێش دوکانەکەی باوکمدا تێدەپەڕی و سڵاوێکی دەکرد و بە نیگایەکی گوماناوی لە باوکمی دەڕوانی، هەموو جارێ دوو تمەنی لە باوکم وەردەگرت بۆ تریاک بەڵام بەوەشەوە نەوەستا هەتا ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی بانەمەڕی ساڵی ١٩٣٩ بەهۆی سیخوڕی ئیبراهیم خەلیلەوە باوکمیان بانگکردە بنکەی پۆلیس و گرتیان. چەند ڕۆژێک نەمانتوانی چاویشمان پێیبکەوێ. زۆر نیگەران و خەمبار بووین. ئەوە بوو دوای چەند ڕۆژێک بەکاتی ئازادیان کرد، بەڵام شەرت و مەرجیان لەگەڵ دابوو، کە نابێ بییانکاتەوە. کاتێک هاتەوە ماڵ پرسیارمان لێکرد ئەویش گوتی لە یەکێک لەو جارانەی کە دەهاتن ماڵەکەیان دەپشکنی ئیبراهیم خەلیلی تریاکی گۆیا چەکێکی لە ماڵی ئێمەدا دیتووە. باوکم کاتێک لە شوێن و جێگاکەی دەپرسێ تێدەگا ئیبراهیم خەلیل لە حاڵی خوماریدا هەمان ئەو دووربینە کۆنەی لێ بوەتە دەمانچە. باوکم لە وەڵامی بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسدا دەڵێ بەڕێز ئەو چەکەی ئیبراهیم خەلیل باسی دەکا هێشتا لە ماڵێ بە دیواری هەڵواسراوە من لێرەم دەتوانی چەند کەسێک بنێری با تەماشای بکەن. ئەگەر چەک بوو لە ملم بدەن، بەڵام ئەگەر دووربینێکی کۆنەی خراپ بوو، داوا دەکەم ئەو برایم خەلیلە بەڵایەی لەکۆڵ خەڵکی داماوی مەهاباد بکەنەوە.
کاتیک بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیس تێگەیشت تەڵەکەی سەری نەگرت بە باوکم دەڵێ ئێمە دەزانین لەگەڵ گرووپە نهێنیەکانی دژی دەوڵەتی شاهەنشایی پەیوەندیت هەیە. هەرچەندە باوکم سوێند بە خوداو پەیامبەر و پیرۆزیەکان دەخوات، تەماشا دەکا جەنابی بەڕێوەبەر ئەو قسانەی بە گوێدا ناچن. بۆیە لە مەبەستی بەڕێوەبەر تێدەگاو دەڵێ جەنابی بەڕێوەبەر ڕێگامبدە بە کەفالەت بچمەوە ماڵێ تا بتوانم بە تایبەت بێمەوە خزمەتت. بەڕێوەبەر تێدەگا میرزا مستەفا دەستی جوامێری لە گیرفان رادەکاو ئەو کابرا زاڵمەش بەرتیل خۆرەش ڕازی دەکات.
چارە نەبوو، ئەو هەویرە زۆر ئاوێ هەڵدەگرێ. بۆیە فەرشی ماڵی خۆمانی فرۆشت و بە پارەکەی پارچە کوتاڵ و قەند و چایی و شتی دیکەشی کڕی بۆ ئەوەی لە کۆڵی

بێتەوە. لەگەڵ کاک حاجی دیاریەکانم بردنە ماڵی بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیس، ئەگەر چووین لە پەنا مەقاڵەکەی دانیشتبوو خەریکی تریاک کێشان بوو، بە روویەکی خۆشەوە پێشوازی لێکردین و دیاریەکانی لێوەرگرتین.
هەر لەو سەرو بەندەدا باوکم فریوی سەرۆک عەشیرەتێکی دەوروبەری مەهابادی خوارد، بۆیە بە ناچاری دارونەداری لە زێڕ و زیوی چەند ساڵەی ژنەکانی بفرۆشێ لەگەڵ دوکان و خانووبەرەیەک بدات تا بەڵکو بتوانێ گوندێکی پێ بکڕێ و ببێتە یەکێک لە ئاغاکان و خاوەنی رەعیەت و زەوی و زاربێ. هەمزاغای مەنگوڕ کە کابرایەکی کورتەباڵای چاو رەش و موو زەرد و رووومەت سوور بوو، بەڕواڵەت پیاوێکی قسەخۆش و پیاوانە دەهاتە بەرچاو. هاتوچۆی ماڵی ئێمەی دەکرد و بەردەوام لەسەر سفرە و خوانی ئێمە ئامادەبوو لەسەرووی مەجلیس دادەنیشت. چەندانجار نان و نمەکی ئێمەی کردبوو. چەندان سەعات منی کوڕەلاو لە شیپانەی دەرێ دەستەونەزەر رادەوەستام تا بە ئاماژەیەکی باوکم چایی و شیرینی بێنم و ئافتاوە و دەستشۆرم لەپێش لە پێش دادەنا هەتا دەستتان بشواو خاولی خاوێنم بۆ رادەگرت. دیارە پێشتر فێریان کردبووم دەبێ چۆن پێشوازی لە میوانان بکەم.
بەلام دوای مامەڵەو کڕینی گوندی گیادروان کە چەند ماڵێکی بەدبەخت و رووت و رەجاڵ بوو لە بەرامبەر چوار هەزار تمەن پارەی نەقدی، جەنابی هەمزاغا گێچەڵی سازکردو روخسارێکی دیکەی نیشاندا، ئامادە نەبوو نیوەی زەوی و زارەکانی رادەست بکات. کارەکە کێشە و هەرای تێکەوت، باوکم دەستیکرد بە شکایەت و شکایەت کاری. هەمزاغا سەرۆک عەشیرەت بوو دەمیشی لە سیاسەت وەردەدا، دەوڵەتیش دەیویست دڵی رابگرێ. کارەکە گەیشتە دادگا، نوێنەرانی هەردووکلاو پیاوماقوڵان چوونە گوندی گیادروان، ئەرشەد کە لەوسەردەمدا سەرۆک عەشیرەت بوو لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی مەهابادیش چوونە ئەوێ. دوای گفتوگۆیەکی زۆر کە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی هەردووک لایان پێکنایەن، لەسەرئەوە رێککەوتن پارەکە بدرێتەوە بە باوکم و مڵکەکەش بدرێتەوە بە هەمزاغا، گەڕانەوەی پارەکەش دوو ساڵی پێچوو تا لە گەرووی هەمزاغا هاتەوە دەرێ. ئەو دۆستایەتیەش بە نێوان ناخۆشی کۆتایی هات.
باوکم لە کارەکەی ژەوان بوو، زۆریش زەرەری کرد، بۆیە خۆی لە هەموو کەسێک بە دوور دەگرت. گۆشەگیر ببوو بەردەوام لەبەرخۆیەوە قسەی دەکرد، تا ئەوەبوو

برادەرەکۆنەکانی بە هانایەوە هاتن و فریای کەوتن. لەوکاتەدا خوالێخۆشبوو میرزا ئیسماعیلی تەدەین و میرزا رەسووڵی ناڵبەند دەهاتنەلای و قسەیان لەگەڵ دەکرد و دەیانبردە ماڵی خۆیان تا لەو گۆشەگیریە بێتەدەر و ژیانێکی تازە دروستبکاتەوە. بەڕاستی ئەو دوو کەسایەتیە داناو بە ئەزموونانە لەو کاتە دژوارەدا بەهانای باوکمەوە هاتن. خودا لێیان خۆشبێ.

باوکم سالآنێکی زۆر دراوسێی دیوار بەدیواری حەمیدی مەجیدەشەل (حەمیدی سەڕراف)بوو، قەت نێوانیان خۆشنەبوو، هەمیشە کێشە و هەرایان بوو. بەتایبەتیش لەسەر دیوارێک کە لە نێوان ماڵی ئێمەو حەساری ئەواندا بوو. باوکم دەیگوت ئەو دیوارە ملکی منە تاپۆ و قەباڵەکەش ئەوە دەسەلمێنن. بەڵام میرزا مەجید دەیگوت بە هاوبەشیمانە. لەسەر ئەو دیوارە نەفرەتیە ئەو دوو پیاوە ریش سپی و بەتەمەنە زوو زوو لە شەقام و کۆلانێ بەگژ یەکدا دەهاتن و یەکتریان وەبەر مشتەکۆلآن دەدا.

شکایەت و شکایەتکاری دەستپێکرد، ئەوە بوو رۆژێک بەیانی زوو بە دزیەوە لادیوارەکەی داهێناو دوکانێکی لێ دروستکرد و ئیدی جەنگی رۆستەم و ئافراسیاو هەڵگیرسا. هەرچەند دەمگوت بابەگیان بۆ تۆ جواننییە لەسەر دیوارێک با ملکی خۆشتبێ لەگەڵ دراوسێیەک بیکەیە شەڕوهەرای ئەو چەند ساڵەو هەر بەردەوامبێ، وەرە بیکە بە خاتری خودا واز لەو کەللەڕەقیەت بێنە. ئەگەر کەر نەهاتە بن باری ئەوە کەرەکەی بەرە لای باری! وازی لێبێنەو با بۆ ئەو بێت. دیوارەکە هەر دەمێنێتەوە و ئێوە دەڕۆن. کێ گوێ لە قسەی من دەگرێ. گەنجیکی دەمڕووت قسەی لێوەرنەدەگیرا، ئەگەر زاناش بێت، قسەی پووشێک ناهێنێ. سەرەنجامەکەی حەمید و باوکم مردن و دیواری ماڵەکانیش بەیەک گەیشتن. دیوارەکە هەرمایەوە تا کەسێکی دیکە بێت و خاوەندارێتی کاتی بکات.

هەرجارێک بەلای ئەو دیوارەدا تێدەپەڕم بیرەوەرییەکی تاڵی رۆژگاری رەشی گەنجێتی خۆم و شەڕوهەرای باوکم و ئەو دراوسێیەمان دێتەوە بیرم و ئازارم دەدات و کۆنەبرینم دەکولێنەوە. هەناسەیەک هەڵدەکێشم و پێکەنینم بەو کەسانەدێ دڵی خۆیان بە دنیا خۆشدەکەن.

شارەکەمان خەڵکانی قسەخۆش و قۆشمەی زۆری لێبوون، یەکێک لەوان بەرگدروویەک بوو بە ناوی شەریف گاوگاو. کابرایەکی قسەخۆش و نوکتەباز بوو. رۆژێک لەپێش دوکانی باوکم لە تاریکەبازاڕی وەستا شەریف سەردەخاتەسەر وەستا

عەلی دەڵێ عەلی بۆچی هەر ژنێکت هێنا حیز دەردەچێ؟ وەستا عەلی لە وەڵامدا دەڵێ وەستا شەریف تۆش ببیە ژنم حیز دەردەچی! رۆژێک وەستا شەریف لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ تیمسار و تاکە حاکم و فەرماندەی مەهاباد دەڵێ جەنابی تیمسار تۆ زۆر لە کارەکانتدا جددی و توندەتەبیاتی، دەڵێن تۆ خەڵکی خۆی و ئەوانییش زۆر خەڵکی لەسەرخۆن ئەتۆ بۆوای؟ تیمسار دەڵێ هەی نامەرد ئاخری گورزی خۆت وەشاند. دەڵێن لەو رۆژەوە دەبێتە هاوڕێی تیمسار و بۆ هەرکارێکیش رووی لێنابا، دەستی وەبەردەستی نەدەنا، زۆری کەیف بە قسەکانی وەستا شەریف دەهات. خودا لێی خۆشبێ، ئەو پیاوە قسەخۆش و نوکتەبازە ئەگەر نەخوێندەواریش بوو، خۆشەویستی هەموان بوو.

«سەیفولقوزات، بابە خەلیفە، شاژنە فەوزییە و ئەوینی من»

لە خەرمانانی ١٩٣٨ چوومە قوتابخانەی سەرەتایی سەعادەت و بۆ پۆلی شەشەم ناونووسیم کرد. پۆلەکەمان سی و دوو قوتابی بوون لە هەموو چین و توێژێکی شاری و گوندی تێدابوو، هەژار و دەوڵەمەند ئاغازادە و رەعیەت زادە، هەموومان هاورێی یەکتری بووین و یەکتریمان خۆشدەویست. چاودێری پۆلمان کاک عەلی گوڵجەبەینی بوو، لە هەموومان گەورەتر بوو. مامۆستا عەلی مەحموودی بەرێوەبەری قوتابخانە بوو. چاودێری پۆل دەیویست بەهەر شێوەیەک بێ یەکەمی پۆل بێت، یانی ببێتە نموونەی پۆل جا بە هەرەشە یان بە دۆستایەتی و نزیکی لەگەڵ بەرێوەبەری قوتابخانە یان بە هەوڵوکۆششی خۆی.

بەرێوەبردنی پۆل بە دەستی ئەو بوو. بەرێوەبەر دەستەلاتی تەواوی دابۆیە. قوتابیەکان حسابیان بۆ دەکرد و نەیاندەویست لەگەڵی دەرگیر بن. کاک رەحیمی قازی هاوپۆلم بوو، لەسەر یەک نیوتەخت دادەنیشتین. ئەو کورە خان بوو، ئامۆزای شەهید پێشەوا قازی محەمەد بوو. کوری سەیفولقوزات بوو، کە پیاوێکی زاناو شاعیرێکی ناودار بوو، خەڵک رێزێکی زۆریان لێدەگرت. بنەماڵەی قازی محەمەد لەلایەن خەڵکی مەهابادەوە رێزێکی زۆریان لێدەگیرا، قازی عەلی رەحمەتی، باوکی قازی محەمەد زانایەکی هەڵکەوتە و قازییەکی دیار و ماڵ ئاوەدان بوون. کاتێک لە ساڵی ١٩٣١ کۆچی دوایی کرد، من ئەو کاتە منداڵ بووم، بەڵام زۆرباشم لەبیرە کە تەواوی شار و گوندەکانی دەوروبەری شار لە بەخاکسپاردنی ئەو زاناو قازیە گرانقەدرە ئامادەبوون و شیوەنیان بۆ دەگێرا.

کەسایەتیەکی دیکەی روحانی و هەڵکەوتەی دیکەش هەبوو بە ناوی بابەخەلیفە پیری تەریقەت بوو. مریدی زۆری هەبوون دەرویش لە دەوروبەری ماڵ و تەکیەو مزگەوتەکەی زیکریان دەکرد. کاری سەرسورهێنەری دەرویشییان بەجێدێنا. ئەو پیرە

نوورانییە باڵابەرز و داڵەگۆشت، ریشی قەڵەمی دەکرد قەڵافەتێکی نوورانی و لەبەردڵانی هەبوو. ماڵەکەی شوێنی نەخۆش و هەژار و بێنەوایانی ئەهلی خودا بوو. خانەقاکەی لە نزیک شار و چۆمی یەرغوو بوو. لە ئاوی چاڵاوی ئەو ماڵە پیرۆزە هەموو لایەک ئاویان لێ دەخواردەوە، ترۆمپای ئاوی ماڵە بابە خەلیفە شەو و رۆژ لەکاردابوو، ئاوی هەڵدەکێشا. نانەکەی تەبەڕووک و ئاوەکەی وەکو زەمزەم دەست بە دەست دەگەڕا. دوعای گیرا دەبوو.

لە کوڕەکانی سەید حەسەنی ئەتهەڕی هاوڕێ و هاوپۆلی مێرمنداڵی و گەنیجیم بوو. گەنجێکی داوێن پاکو دوورەپەرێز بوو، تابلێی لەبەردڵان بوو. دوای ساڵی ١٩٤١ دوکانێکی بچووکی عەتاری دانابوو خەریکی کاروکاسبی بوو. روحی شاد بەداخەوە دەستی ئەجەل خونچەگوڵی ناکامی ئەوگەنجەی لە هاوینی ١٩٤٣ هەڵوەراند. کاتێک بابەخەلیفە کۆچی دوایی کرد لە ساڵی ١٩٤٣ لە مەهاباد چ قیامەتێک رابوو، هەموو دەگریان. ژن و منداڵ پیر و گەنج ماتەمیان دەگێڕا. خودا رەحمەتی خۆی بەسەردا بڕژێنێ تا ئێستا هیچ کەسێکی ئاوا پایەبەرزو نوورانیم نەبینیوەوە.

بەسەرکەوتوویی پۆلی شەشەمم تەواو کرد ئەویش بە کۆششی مامۆستایانی وەک میرزا عەزیزی مەولەوی و مەلا حەسەنی مودرەریسی و بەڕێوەبەری بەرێز مامۆستا عەلی مەحموودی و بەڕێز یاریدەدەری کاروباری قوتابیان مامۆستا محەمەدی ئەسحابی و تێکڕای مامۆستا بەڕێزەکان، یادیان بەخێر و روحیان شاد.

لە بەهاری ساڵی ١٩٣٩ کە پۆلی شەشەمم تەواوکرد و خەریکبوو لە مێرمنداڵییەوە پێم دەنایە دەورانی گەنجێتی کە زەماوەندی محەمەد رەزاشای وەلیعەهد (جێنشین)ی ئێران لەگەڵ شابانوو فەوزییەی خوشکی مەلیک فاروقی پاشای میسر دەستیپێدەکرد، مەهاباد کرابووە چراخان. لە شەقام و کۆڵان و لە باڵەکۆنەی بازاڕی سەید عەلی حسێنی، بە ئامادەبوونی چەندان مۆسیقا ژەن و گۆرانیبێژی ناوخۆیی و دەرەوەی شار ئاهەنگیان دەگێڕا، گۆرانی فارسی و تورکی و جارجارە کوردیش لە پەسن و پیاهەڵدانی شاو نینەماڵەی پەهلەوی گۆرانییان دەگوت و شاریان پڕکردبوو.

بەمنداڵی محەمەد رەزاشام دیتبوو کە دەبوە جێنشین و لەگەڵ باوکی هاتبووە مەهاباد. هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە کە سەرۆک عەشیرەت و مەلا و بازرگان و دەوڵەمەندەکان لەپێش دەروازەی گومرگ کۆببوونەوە لەسەر جادەی مەهاباد ورمێ نزیک گراوان کە هێندە لە گۆڕی پیرەژنەی رەجم کراو دوور نەبوو، ئەو شوێنە بۆ پاشای بەهێز

و لوتبەرز هەر شیاوی ئەو بوو، چونکە بۆخۆشی زۆری نەبرد ئەویش رەجم کراو لە وەلات وەدەرێ نرا.
یەکەمجار بوو دەمدیت پێشوازیکاران لە بەرامبەر کەسێکی سەرەڕۆ و ملهوڕی وەک رەزاخاندا کڕنۆش بەرن و هێندەی بۆ دوولا بێنەوە لوتیان بگاتەوە عەردێ. باوکم پێیگوتبووم تەنیا دەبێ لەبەرامبەر خودا کڕنۆش بەرین. بەسەرسوڕمانەوە تەماشای ئەو دیمەنە گاڵتەجاڕیەم دەکرد. رەزاشا بەوپەڕی لوتبەرزیەوە بەپێش ئەو کەسانەدا دەڕۆیشت کە دولا هاتبوونەوەو کەسیشی بە بنیادەم نەدەزانی. هاتە حەساری گومرگ کوڕەکەشی بە جلکوبەرگی کۆلێژی ئەفسەری بەدوایدا دەهات. بەرپرسانی سوپاو عەقید و عەمیدە ورگ زل و مل باریکەکان بە قەلافەتێکی رەزاگران لە راست و چەپ دەهاتن و دەچوون بە قەمچییان لە خەڵکیان دەداو دووریان دەخستنەوە، هەروەها بەسەر سەربازە کزو رەنگ پەڕیوەکاندا هاواریان دەکردو دەیانشیڕاند، وەک خولخولە بەدەوری ئەو بتەدا هەڵدەسوڕان.
محەمەد رەزاشای گەنج و جێنشینی ئێران کە تازە ژنی هێنابوو دەیویست ببێتە فەرمانڕەوای ئەو وەلاتە بەلالێدراوە و ئایندەی وەلات بە ئەو بسپێرێ! ئێمەش دەبوو لە مەهاباد هەڵپەڕین و هەڵسووڕێین تا بزانین ئەو چەرخە چەق بەستووە چی بەسەردێ. هەر ئەو شەوە لە شەقامی پەهلەوی و شەقامە نیوەچڵەکەی شاپوور کە جمەی دەهات لەگەڵ سێ هاوڕێی قوتابیم، کاک غەنی بلووریان و کاک ئەحمەدی ساڵحیان و سدیقی خاتەمی پیاسەمان دەکرد. یەکێک لە شەللاتییە سمێڵ بابڕەکان بە ناوی قادر سمێڵی کاڵە دروو لەپێشمان قوتبۆوە، دەیویست بێڕێزیمان پێبکات و سەربخاتە سەرمان. سەرخۆشبوو کە گەیشتەلای من دەیویست لەبەر رووناکایی گڵۆپە کەم شۆقەکانی شار کە تازە دایاننابوو لێم رامێنێ و بەربینگم پێبگرێ، لێی وەرسوڕامەوە زللەیەکی وام لە بناگوێی قادرسمێڵی سرەواند دەنگەکەی بگاتەوە بە گوێی ئاریامێهری تازە زاوا و بزانێ لە مەهاباد بەسەلامەتی ئەو تۆپێکمان تەقاندووە!
قادر سمێڵ لە شوێنی خۆی دەرپەڕی، چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد مەستییەکەی بەریداو وەخۆهاتەوە. دەستی بە بناگوێیەوە گرت، ئەوانەی لە دەوروبەرمان بوون ئاگایان لەو زللەیە بوو. ئەو کارە پیاوانەم لە قوتابخانە ببووە وێردی سەرزمانان لە ژووری پۆل مامۆستاکەم ئافەرینی پێگوتم کە تەمبێم کردووە.

دوای ساڵانێک کاتێ قادر سمێڵ دەیدیتم دەستێکی بە بناگوێیەوە دەگرت و بە مۆڕەوە تەماشای دەکردم، بەڵام غیرەتی ئەوەی نەبوو قسەیەک بکات. ئەوەش لە دەورانی گەنجێتی و شایی بە خۆبوون دڵ پڕ لە شادی چوومە قوتابخانەی ناوەندی کە تازە دروستکرابوو. ئەو قوتابخانەیە ناوی ئێران شار بوو، لە تەنیشت قوتابخانەی سەعادەت بوو، ملکی بنەماڵەی شافعی بوو، کەوتبووە بەرامبەر مزگەوتی سەید نیزام و لە نزیک گۆرستانی قەدیمی مەلا جامی بوو، زۆربەی مەزارەکان پەرۆی سەوز و سپیان لە کلی دارە قەد ئەستوورەکان بەستبوو، گۆڕستانی مەلا جامی جێگایەکی گونجاو بوو بۆ سەعیکردنی قوتابیانی سەرەتایی و ناوەندی. ئێمەی قوتانیان بۆ ئامادەکردنی وانەکانمان دەچووینە ئەوێ و لە ژێر سێبەری درەختەکان و لە پەنا مردووەکانی سەدان ساڵە سەعی خۆمان دەکرد و رازونیازی گەنجێتی خۆشمان دەردەبڕی.

پۆلی یەکەمی ناوەندی لە چەندین قوتابی گەنج و هەڵکەوتە و چالاک پێکهاتبوو. بەڕێوەبەری قوتابخانە مامۆستا نەخجەوانی بوو، قژ زەردو چاوشین، زۆر چوستوچالاک و لەبەردڵان بوو. مامۆستای وەرزشمان مامۆستا بەهرام بوو، وەرزشەوان و پیاوێکی باڵابەرز و بەخۆوەو سەرتاس بوو، تابڵێی میهرەبان بوو. خودا لێی خۆشبێ. مسیۆ شارڵ یەکێک لە ئاشووریەکانی شاری ورمێ بوو، کابرایەکی پوولەکی و بە تەماع و بەرتیل خۆر و دەغەڵکار بوو. بە پارە نمرەی دەداو زۆریشی حەز لە دەعوەت و بانگهێشتن بوو. مامۆستا تورابی دەرسی وێنەی پێدەگوتین، سەنایی مامۆستای ئەدەب و وێژە بوو، شاعیر و نیگارکێش بوو. مامۆستا شەعبانی مامۆستای مۆزیک بوو، زۆر چالاک بوو بەشداری هەموو کۆنسێرتەکانی دەکرد بەوپەڕی عشقەوە قوتابیەکانی رادێنا، هەرکاتێک قەوسەکەی بە کەمانچەکە دادێنا، ئاگر لە هەناوم بەردەبوو. هاوپۆلە نزیکەکانم ئەحمەدی ساڵحیان، غەنی بلووریان، محەمەدی مەحموودیان، رەحیم خەزرایی، محەمەد عەتاری، حسێن ئەسکەندەری، عەزیز عەلیایی، حەسەن قادری و عەباس قادری یان کاک عەباسی کوڕە ئاغای گوندی ماسوێ، بوون.

مامۆستاکانمان پیاوی زاناو خوێندەوار بوون، ئەو کەسەی بە هەڵسوکەوتە ناشیرنەکانی ئازاری دەدام مسیۆ شارڵ بوو. رۆژێک لەکاتی دەرس خوێندن بەرێزەوە رەخنەم لێگرت، بەڵام مسیۆ دوور لە هەڵسوکەوتی مامۆستایەتی وەک ژنە قەزوێنیان

مستێکی توندی له چاوی چەپم راکێشا و پێش چاوم تاریک بوو، خوێن له چاوم زاو ئاوسا. دەستم به چاومەوە گرت و له ژووری پۆل هاتمەدەر. هیچم بەکەس نەگوت و هیچ سکالایەکیشم نەکرد. لەبەرئەوەی هەرچییەک بێ مامۆستا بوو. دەیْ ئەگەر هەمووشیان باشبن ئەوە یەکێکی خراپ نابێته قیاسی هەموو مامۆستاکان. که گەیشتمەوە مالێ، باوکم تازە خەریکبوو دەهاتەدەر. که چاوی به سەروسەکوتم کەوت و دیتی چاوم ئاوساوە، یەکسەر دەرهەڵبوو گوتی کێ وای لێ کردووی؟ ویستم شێورڕێویانی بۆ بێنمەوە وازی نەهێنا. بەناچاری بابەتەکەم بۆ گێڕایەوە. چووەلای بەڕێوەبەری پەروەردە و شکایەتی کرد، بانگی مسیۆیان کرد، قوتابیەکان هەموویان له بەرامبەر مسیۆ باسیان له بەرتیل وەرگرتن و جیاوازی پێکرنی قوتابیەکان کرد. بەڵێنامەیان لێوەرگرت لەمەودوا بێڕێزی به قوتابیان نەکات و بەویژدانەوە لەگەڵیان بجولێتەوە، دەنا ئەو بابەتە دەگەیەننە ناوەندی پارێزگا.

مسیۆ تەمبێ بوو ئیدی بێڕێزی نەدەکرد. بێگومان جەنابی پێیوابوو وەک دەوزانی مەرشیمۆ لێدەخورێ، بێئاگا لەوەی ئەوەی رۆیی رۆیی و ناگەڕێتەوە، ئاو ئەگەر به جۆگادا رۆیشت تازە ناگەڕێتەوە، دەورانی مەرشیمۆ و سمایلاغاش تێپەڕین. من ئەو زەمانی له دایک نەببوم. با پاداشتی چاکه چاکەبێ و خراپەش بەسزای خۆی بگات.

ساڵی یەکەمی ناوەندیم لەگەڵ هاوپۆلەکانم بەسەرکەوتوویی تێپەڕاند. له زستانی ساڵی ١٩٣٩ یەکەمین برووسکەی ئەویینداری دڵی راچڵەکاندم و له هەمان ساڵدا رووناکایی ئومێدێک به ئاینده دنەی دەدام. له دوا رۆژەکانی مانگی رەشەمێ که رۆژێکی خۆرەتاو بوو، هەوایەکی بەهاری هەبوو، بەیانییەکەی دەچوومە قوتابخانە، کچێکی جوان و خەرامان به کۆڵانێکی تەنگەبەردا دەڕۆیشت. جلکی قوتابیانی لەبەردابوو، به لەشولاری جوانەوە سەرنجی رێبوارانی رادەکێشا. منی بەستەزمان دوور له هەموو بیروکەڵکەڵەیەک تەنیا هۆشم لەلای دەرس و قوتابخانە بوو، که کچە جوانەکە له پێچی کۆڵانی قوتابخانە و نزیک ماڵی کاک مەجیدی کەرباسی له پێشم راوەستا و به نیگایەکی ئەفسوناوی لێم راما، بزەیەکی هاتێ و زەرفێکی نامەی بۆ هاویشتم و رۆیشت، کاتێک گەیشتمە لای زەرفەکە له دەوروبەرم روانی کەس دیار نەبوو، داهاتمەوە زەرفەکەم هەڵگرتەوە و به دڵەکوتە له شوێنی خۆم وشکبووم و دەلەرزیم. زەرفەکەم خستە ناو گیرفانی پالتۆکەم، دەستم لێدا پارچە قوماشێکی حەریر و نامەیەک و قەڵەمێکی بچووک و شووشە عەترێکی تێدابوو. یەکسەر غارمدا

بۆ قوتابخانە کچەش بە هەنگاوی خێرا بەرەولای مزگەوتی سەید نیزام دەڕۆیشت و جارجار گورگاوڕێکی دەدایەوە و بزەیەکی دڵڕفێنی لەسەر لێوان بوو. لە ژووری پۆل نامەکەم کردەوە یەکەم رستە کە وەلەرزەی خستم ئەوە بوو: بەڕادەی پەرستن خۆشمدەوێی. ئەقدەسی شێخولئیسلامی[٢٨]. ئەو ناوە لەلام ئاشنا بوو، وەستا نەجەفی خەیاتی خاڵی ئەو کچە لە نزیک دوکانی باوکم دوکانێکی بەکرێ گرتبوو، هاشم چکەسۆلیس شاگردی بوو. نەمدەزانی ئەو کچە لەگەڵ دایک و برایەکی لە مەهاباد دەژین. خاتوو ئەقدەس لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی کچان دەیخوێند. نەمزانی ئەو رۆژە چۆن تێپەڕی. دەتگوت بە نیگایەکی سیحراوی عاشق ببووم، بیستبووم عەشقی گەنجێتی زووتێپەڕە، بەڵام سەعات بە سەعات ئەو ئەوینە کڵپەی دەسەند. بۆ بەیانی لە حەساری قەتابخانە کاتێک وانەکانمان خوێندبوون خەریکی یاری بالە بووم کاتێک سەرم هەڵێنا لەو باڵەخانەی بەرامبەرمان چاوم بە ئەقدەس کەوت کە لەگەڵ دەستەخوشکێکی قسەیان دەکرد، جارجارەش بزەیەکی دەهاتێ. من کە ئەسیر ببووم، ئەوە ئیدی چ یارییەک بوو؟ دوای چەند رۆژێکی دیکە دیسان لە رێیە چاوم پێکەوتەوە بە دڵە خورپە پێکەوە چەند قسەیەکمان کرد، بە حەزەرەوە لە دەوروبەرم دەڕوانی، راوەستابوو چاوەکانی دەدرەوشانەوە، سەرگۆنای وەک گوڵەباخ سوورهەڵگەڕا بوون. برۆ رەش و قەیتانیەکانی بریسکەیان دەدا دەتگوت فریشتەی ئاسمانییەو هاتۆتە سەرزەوی، ئەو دڵە بێچارەم ئارامی لێ هەڵگیرابوو. نە ئەو غیرەتی دەکرد لێم نزیک بێتەوە و قسەیەک بکات نە منیش دەمتوانی وشەیەک دەرببڕم و لەو پەریە رامێنم.

دیسان خەندەیەکی هاتێ و وەکو ئاسکێکی سڵ دەرپەڕی. بڕستم لێ بڕابوو، نەمدەتوانی هەنگاوێک هەڵێنم لە دوورەوە تەماشای دەکردم، چەند هەنگاوێک گەڕایەوە، دیسان گەڕایەوە و رۆیشت کاتێک گەیشتە سەری کۆڵانێ و دیتی تیری ئەوینی نێچیرەکەی پێکاوە گەڕایەوە سەری پەنجەی گرتم و بەدوای خۆیدا رایکێشام، ئیدی ترسم لە هیچ کەسێک نەمابوو، تا گەیشتینە بەردەم قوتابخانە پێکەوە رۆیشتین. ئای چ بەختەوەرییەکی شیرین بوو چ عەشق و سۆزێکی بێ رووکەش بوو. بیرم لە ئایندەی خۆم دەکردەوە و وام هەستدەکرد بەختەوەرم. لەپێشدا نەمدەزانی چ

[٢٨] ئەو کچە خەڵکی ورمێ بوو هیچ خزمایەتییەکی لەگەڵ شێخولئیسلامییەکانی مەهاباد دا نەبوو.

پەیوەندییەکی لەگەڵ وەستا نەجەفدا هەیە. یان ئەو پەریە لەکوێ منی بینیووە و هەڵیبژاردووم. ئەوە بابەتێکە دوایی باسی دەکەم.

سەید محەمەدی هیتلەری کرمانی

زستانی ١٩٣٩ کۆتایی هات. نەورۆزێکی بێ ڕەونەق و دڵبەخەم بوو، ئەو جەنگەی لە ئەورووپا هەڵگیرسابوو، باس هەرباسی سەرکەوتنەکانی ڕژێمی نازی و هیتلەری سەرۆکی نازی بوو. پیاوان و کەسانی زانای شار لە شوێنە گشتییەکان هەر باسی جەنگ و هێرشی نازیەکانیان دەکرد کە وەک برووسکە شارەکانی ئەورووپای داگیر دەکرد. میرزا کەریمی نازمی و عەزیز ئەڵمانی (عەزیز زەندی- لە جەنگی یەکەمی جیهانی چەند ساڵێک لە ئەڵمانیا بووە، بۆیە پێیاندەگوت عەزیز ئەڵمانی) لە سیاسەتوان و شرۆڤەکارە دیارەکان بوون، لە ماڵان و لەپێش قاوەخانەو باخەکاندا وتاریان دەدا. میرزا کەریم ئێواران لەگەڵ چەند کەسێکی دیاری شار لەبەردەم قاوەخانەی ئەحمەدی قاوەچی کە کەوتبووە شەقامی شاپوور و لەسەرووی دەرمانخانەی شار بوو، باسی پێشڕەویەکانی سەربازانی ئەڵمانی دەکردو شرۆڤەی بارودۆخەکەی دەکرد، جارجار لەگەڵ عەزیز ئەڵمانی تێکدەگیران چونکە بۆچوون و ڕوانگای جیاوازیان هەبوو، زۆرجاریش ئامبازی یەک دەبوون. یەکێک دەیگوت هیتلەر هەموو دنیا داگیر دەکات، ئەوەی دیکە دەیگوت ئەگەر هیتلەر هێرش بکاتە سەر سۆڤیەت شکست دێنێ و وەک ناپلیۆن سەربازەکانی بە فەلاکەت دەدا، بەڵام هیچیان نەیاندەتوانی بەڵگەی مەنتقی بیننەوە، هەمووی تەنیا پێشبینی بوو. هەندێک دەیانگوت بەمزوانە ئەڵمانەکان دێنە ئێرانیش لەگەڵ ئەوەی زۆر ڕاوێژکاری ئەڵمانیش لە ئێران بوون، دیارە ڕووسەکانیش بێئاگا نەبوون و کاری خۆیان دەکرد.

لە نزیک ماڵی عەبدوڵلا دەروێش بازرگانێکی ڕووس کە دایکیشی لەگەڵ بوو دوو دوکانی بەکرێ گرتبوون. یەکێک بۆ دۆندرمە فرۆشی یەکێکیش تێیدا دەژیان. ئەو کوڕ و دایکە دۆندرمەی خۆشیان دروست دەکرد، خەڵکی شار بەتایبەتیش گەنجەکان عاشقی دۆندرمەی ئەو کابرایە بوون، هیچ قسەیان نەدەکرد تەنیا بە ئیشارەی موشتەری دوای هەر دۆندرمەیەکیان کردبا لەپێشیان دادەنا. لە دوکانەکە خەڵک دادەنیشتن دۆندرمەیان دەخوارد و باسی سیاسەت و دۆخەکەیان دەکرد. بێئاگا

لەوەی ئەو کابرا دۆندرمە فرۆشە موقەدەمێکی رووسی و ئەندامێکی چالاکی چکا[٢٩] بوو. شۆفێری موقەدەمی پادگانی مەهابادیش یەکێکی دیکە بوو لە ئەندامە چالاکەکانی چکا، کە دوای داگیرکردنی هاوپەیمانان و هاتنی رووسەکان بۆ مەهاباد پلە راستەقینەکانیان لەسەرشان بەست و گاڵتەیان بە خەڵک دەکرد و چوونە باوەشی هێزە داگیرکەرەکان.

ساڵی دووەمی ناوەندیم بە هەوڵوکۆششێکی زیاترەوە دەستپێکرد، ترس و دڵەڕاوکێی ئەو جەنگەماڵوێرانکەرە و بیستنی دۆزینەوەی موشەک و چەکی ئەتۆمیش کە تازە دەکەوتە سەرزاران و چ چەکێکی وێرانکەرە هەموو کەسێکی وەلەرزە هێنابوو. خەڵک لەوە دەترسا ئاخۆ ئایندەی ئێرانیش چی بەسەردێ.

خاتوو ئەقدەس جارجار بەنازەوە خۆی دەنواند و خەمی دڵی دەرەواندم. هەندێجار چەند قسەیەکمان پێکەوە دەکرد و لە یەکتری دەترساین و نەماندەویست روبەڕوی یەک ببینەوە. لەکێ دەترساین و بۆچی هەراسان بووین پەیوەست بوو بە ئایندەمان کە ناکرێ بیدرکێنم. گەنجەکان دەمیان لە سیاسەت وەردەدا. زۆربەیان کەوتبوونە ژێرکاریگەری گۆبلز و گوێیان لە رادیۆی ئەڵمانیا ڕادەگرت پاڵەوانی ئەفسانەییان بۆ هیتلەر هەڵدەبەست. هەتا هەندێک کەسی ئاسایی دەیانگوت لە تاران دەنگۆیە کە هیتلەر بە ئەسڵ ئێرانییە و خەڵکی کرمانە، ناوەڕاستەقینەکەشی سەید محەمەدی هیتلەر بووە ئێستاش لە ئەڵمانیا هەر پێیدەڵێن هیتلەر. پێکەنینم بەو قسانە دەهات و گاڵتەم بەو کەسانە دەهات کە فریوی ئەو قسانەیان دەخوارد.

میرزا سادقی داودی پیرەمێردێکی حەفتا ساڵەی دەستەپیاو ریشێکی سپی کورتی هێشتیبۆوە، بە گۆچانی دەگەڕا، هەناسەیەکی هەڵدەکێشاو دەیگوت تەمەننام لە خودای گەورە ئەوەیە ئەوەندەم تەمەن بداتێ تا ئەنجامی ئەو شەڕەی هیتلەر ببینم. هەر لە منداڵییەوە حەزم لە سیاسەت و سیاسەتبازی نەدەکرد. تەنیا نیشتمانم خۆشدەویست و نەمدەویست هیچ پریشکێکی بەرکەوێ. رقم لە زۆردار و زاڵمان بوو. پێموابوو بێجگە لە ئێران هیچ جێگایەکی دیکە نییە بنیادەم بتوانێ سەربەرزانە لێی بژی. ئاو و خاک و هەوای ئێرانم دەپەرست. چیاکانی دەوروبەری مەهاباد قیبلەگام بوون. رووبارەکەی شار کە هەزاران منداڵ و گەنجی تێدا خنکابوون پەرستگام بوو، لە

---

[٢٩] چکا رێکخراوێکی نهێنی پۆلیسی بوو کە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٧ لە یەکیەتی سۆڤیەت دامەزرا دواتر ناوەکەی بۆ ك گ ب گۆڕا رکابەریەکی توندی رێکخراوە جاسوسیەکانی وڵاتانی رۆژئاوای دەکرد بە تایبەتیش سیا.

قەراخ ئەو رووبارەو لەلای باخەکان سەعیم دەکرد و لەگەڵ هاوپۆلەکانم دەردەدڵمان دەکرد و بە ئاواتی ژیانێکی بەختەوەرانە بووین. بیرم لە ئایندەی خۆم دەکردەوە، پێشموابوو هەموو شتێک بۆخۆی باشدەبێ.

دراوسێی ماڵی قازی مونعیم بووین کە کۆچی دوایی کرد، قازی کەریمی کوڕە گەورەی لە ئاوایی قازیاوا هاتە مەهاباد و دادگاکەی باوکی بەڕێوە دەبەرد، باوکم هاودەمێکی باشی بۆ پەیدا ببوو. بەڕێز قازی کەریم زوو زوو دەچوە دوکانەکەی باوکم کە لە شەقامی شاپوور بوو، دووکانەکە ملکی خۆی بوو کەوتبووە بەرامبەر مزگەوتی قازی و شارەوانی مەهاباد. قازی کەریم هیچ کەیفی بە سیاسەت و هیتلەر و هیتلەرچێتی نەدەهات، زیاتر باس و لێکدانەوەی مەسنەوەیەکانی مەولەوی دەکرد و هۆگری دنیای ئەو شاعیرە عیرفانییە گەورەیە بوو. قازی کەریم بە دەنگێکی خۆش و رەوان گوێگرانی بۆ ئەو دنیا عیرفانییە رادەکێشا. قسەی ئەو لەلای باوکم بێ چەندوچوون بوو، هەر دەردەدڵێکی هەیبا لەگەڵی باسدەکرد.

لە سەرەتای بەهاری ١٩٤١ شەوێک باوکم گوتی هەستە بابڕۆین، خەونێکم دیتووە، با بچینە لای قازی کەریم و خەونەکەم بۆ لێک بداتەوە. باوکم دەیزانی قازی کەریمم خۆشدەوێ و زۆریش رینوێنیم دەکات وەداوی زانست بکەوم، وێنەی سێزدە شاعیری ناوداری ئێرانم کێشابۆوە ئەو قازیە بەڕێزە بە خەتە جوانەکەی ناوی شاعیرەکانی نووسیبوو کە بەدیواری ژوورێم هەڵواسیبوو. لەگەڵ باوکم هەستاین و فانۆسەکەم هەڵگرت. گڵۆپی کۆڵانەکان زوو دەکوژانەوە بە گوتەی ئەوکاتی کارگەی کارەبای مەهاباد ئەو توانایەی نەبوو لە دوو سەعات زیاتر کارەبا بدات. ئەو کارگەیەش بە هەوڵوکۆششی میرزا غەفوری مەحموودی و میرزا قاسمی پەنجەوی دامەزرابوو.

باوکم دەیویست زیاتر لە خزمەت جەنابی قازی بێت بۆیە چرا پێویست بوو، لەگەڵ کاک رەحمانی کوڕی قازی کەریم هاوڕێ و هاو بیروباوەڕ بووین، کاک رەحمان گەنجێکی قسەخۆش و گاڵتەچی بوو، جارجارەش خۆی هەڵدەکێشا. کەیفم بەو لاف و گەزافانە دەهات خۆ ئەگەر هەمووشی راست نەبان نیوەیان راست بوون. گەنجێکی ئازا و چاونەترس بوو. بە کورتی لە خزمەت جەنابی قازی کەریم دانیشتین و چامان خواردەوە، باوکم و قازی سەرگەرمی قسان بوون من و کاک رەحمانیش سەرمەستی دەورانی گەنجێتی بووین، بەڵام دەشترساین لەوەی کە باوکم چ خەونێکی دیتووە و هێندە هەراسانی کردووە!

له ناکاو سەرنجمدا قازی ئاماژەیەکی بۆ کردم لەوکاتەدا رەحمان چووبووە دەرێ. سەرتاپام ببوە گوێ، گوێم لێبوو باوکم خەونەکەی دوێشەوی بۆ دەگێڕایەوە گوتی: جەنابی قازی دوێشەو کە شەوی هەینی بوو دوای نوێژی خەوتنان زوو نووستم. جەمی شێوانیش خواردنێکی سووکم خوارد ئەو رۆژە هیچ نیگەرانی و خەمێکم لە دلّدا نەبوو، تەنیا پێموابوو دەبێ شتێک رووبدات. نووستم لە خەونمدا دیتم ژەنەڕالێکی رووسیم لێ پەیدابوو گوتی مستەفا کوا شمشێرەکەت؟ ترسام گوتم کام شمشێر؟ گوتی نا تۆ شمشێرێکی باشت هەیە، لە بیرم نەمابوو لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی رووسەکان شمشێرێکیان لێ بەجێمابوو، ئەو شمشێرەم لە ماڵێ شاردبۆوە، دیسان گوتم جەنابی ژەنەڕاڵ من شمشێرم نییە. ژەنەڕاڵە رووسەکە گوتی مستەفا تۆ نازانی من بۆت دەبینمەوە. هاتە ژووری چێشتخانە، لە بنمیچی لەناو دارەڕایەکە، کە بە دووکەڵ رەشببوو شمشێرەکەی دەرهێنا، کاتێک شمشێرەکەی لە کالان دەرکێشا تەماشام کرد ژەنگی هەڵێنابوو. گوتم خۆ ئەوە ژەنگی هەڵێناوە ئەوە پارچە ئاسنێکە بە کەڵکی چی دێ؟ گوتی نا تۆ هەڵەی، ژەنەڕاڵ دەستێکی بەسەر شمشێرە ژەنگگرتووەکەدا هێنا، دیتم بریسکەی لێ هەستاو درەوشایەوە. گوتی ئەو شمشێرە بەهادارە و وێیدامەوە. لە ترسی ژەنەڕاڵ و بریسکەی شمشێرەکە وەخەبەر هاتم. دیتم بانگی بەیانییە و وەختی نوێژە، دوای ئەوەی نوێژم کرد چوومەوە ماڵێ خەوم لێنەکەوتەوە تەواوی ئەو رۆژە هەر لە فکرو خەیاڵاندا بووم، هەرلەبیری ئەو خەونەدام. خەونەکەم بۆ لێکبدەوە و لەو پەرێشانییە رزگارم بکە! قازی سەری نەویکرد کەمێک راما رووی لە باوکم کردو گوتی: چەند کوڕت هەن؟ دەیزانی دوو کوڕی هەن، باوکم گوتی دوو کوڕم هەن قادر و مەحموود. قازی گوتی: زۆری پێناچێ رووسەکان دێنە ئێران و یەکێک لە کوڕەکانت رێگای دەکەوێتە رووسیا لەوێ ژیانێکی تازە دەستپێدەکا و لەوێ فێری زانست و پەروەردەیەکی چاوەڕواننەکراو دەبێ وەک دەردەکەوێ چارەنووسێکی پڕ لە رووداو و بەسەرهاتی دەبێ. بە خودای پسپێرە خۆتی پێوە نیگەران مەکە، دڵنیابە لەو هەوراز و نشێوەی ژیاندا سەرکەوتوو و سەربەرز دەبێ، دوای ساڵانێک دەگەڕێتەوە وەڵات و ئینشائەڵلا بەهرەمەند دەبێ. باوکم گوتی ئینشائەڵلا ئەگەر بمێنم. دوای ئەوە لە ماڵی قازی گەڕاینەوە. کەوتمە بیرو خەیاڵی تازەوە.

حاجی ڕەحیمی بانگبێژ پیاوێکی بەخۆوە و ریشێکی درێژی هەبوو. سەرکوڵمە سوور و دەنگ خۆشبوو، ڕۆژانی هەینی لەسەربانی مزگەوتی سوور سەڵای دەکرد، بۆیە خەڵکی مەهاباد پێیاندەگوت حاجی سەڵا. باوکی مامۆستا محەمەد و عوبێدو مامۆستا قاسم بوو. حاجی ڕەحیم پینەدۆز بوو، هەموو جۆرە پێڵاوێکی چاک دەکردنەوە بەتایبەتیش پێڵاوای ژنانەی زنجان. دوکانی نەبوو لەسەرشۆستە و لە نزیک دەروازەی مەیدانی موسڵیان و نزیک دوکانی کاک عەبدوڵڵای نانەوازادە کاری دەکرد، بەردەوام لەبەرخۆیەوە وێردو سەڵاواتی دەخوێند.
حاجی ڕەحیم لەکاتی بانگدان و سەڵاکردن دەستی بە بناگوێیەوە دەگرت و بە دەستێکیش دەستی بە ریشیدا دێنا و چەناگەی دەلەرزاندە وەک مۆسیقی زانێکی لێهاتوو یاری بە نۆتەکانی دەنگی دەکرد. ڕۆژانی هەینی دەنگی حاجی ڕەحیم هەموو مەهابادی دەتەنیەوە. کوڕانی حاجی ڕەحیم هەموویان پیاوی باش و خوێندەوەوار و بێوەی بوون. خودا لە مردووەکانیان خۆشبێ و زیندووەکانیش بێبەڵابن.
لە نزیک گەڕەکی سێ ئاشان و مەیدانی مەلا جامی گۆڕستانێکی کۆن هەیە کە لەسەر تەپۆلکەیەک هەڵکەوتووە، وا مەزەندە دەکرێ ئەو گۆڕستانە دووسەد سێسەد ساڵ دەبێ هەیە. گۆڕستانی گەورەی مەهاباد لە داوێنی کێوی داشامەجیدە، ئەو گۆڕستانەش بەناوی مەلا جامییە. هۆکاری ناونانی ئەو گۆڕستانە بەناوی کەسایەتییەکی ئاینی مەلاجامی نادیارە. لەو گۆڕستانە بچووک و کۆنە ماوەیەک بوو کەسیان لێ نەدەناشت، فەرمانگەی قایمقامیەت لەو نزیکانە دروستکرابوو لەپێش باڵەخانەکەش باخێکی رازاوە دروستکرابوو کە پڕبوو لە داری سەروو، گوڵی جوان و حەوزێکی پڕ لە ئاو. گۆڕستانەکە کەوتبووە پشت فەرمانگەی قایمقامییەت. لەلای ڕۆژئاوای گۆڕستانەکە مەزارگەیەک هەیە کە دەڵێن ئەوە مەزارگەی مەلا جامییە. مێژووی ئەو کەسایەتییە ئاینیە بۆ نزیکەی سەد ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە بەبێ هیچ مێژوویەکی دیار وەفاتی کردووە و لەوێ نێژراوە. وەک پیرەپیاوان پشتاوپشت دەگێڕنەوە گۆیا ئەو پیاوە ئاینیە لە مزگەوتی سوور خوێندوویەتی و پاشان بۆتە پێشنوێژ و وتارخوێنی ئەو مزگەوتە.
زۆرباسی کەراماتی ئەو زاتەیان دەکرد، دەڵێن کاتی سەرەمەرگ وەسیەت دەکات هەر لەوشوێنەی دەیخوێندەوە و خەریکی زیکری خودا بووە بینێژن تا گوێی لە بانگ و قورئانی پیرۆز بێت کە لە مزگەوتی سوور دەخوێندرێن. قایمقامێکی تازە بۆ مەهاباد

هاتبوو کاتێک تەماشای ئەو گۆڕستانە دەکات کەیفی پێنایەت بۆیە فەرمان دەدات تەپۆلکەکەو گۆڕستانەکە تێکبدرێن و تەخت بکرێن و بکرێتە پارک. کاتێک گۆڕستانەکەیان تیکدا و نزیکی مەزارگەی مەلا جامی بوون، خەڵکی مەهاباد هۆشدارییان بە قایمقامدا دەستکاری مەزارگەی مەلا جامی نەکەن، بەڵام قایمقامی لەخۆبایی گوێی بەو قسانە نەدا. قایمقام دوای ئەو فەرمانە لە پلیکانەی قایمقامیەت بەربۆوە، قاچێکی شکاو کەوتەسەرجێ و شەلەل بوو. مەزارگەکەش بە سادەیی هەروەک خۆی مایەوە و ئێستاش خەڵک دەچنە زیارەتی.

لە رەزبەری ١٩٤٠ چوومە پۆلی دووەمی ناوەندی و سەرگەرمی وانە خوێندن بووم. هەروەک پۆلی یەکی ناوەندی زۆربەی مامۆستاکانمان لە دەرەوەی شار هاتبوون، خەڵکی ورمێ و تەورێز بوون. مامۆستای ئاین و عەرەبیمان بەڕێز قازی شێخ موحسین بوو، سەید بوو پیاوێکی چوارشانە بوو پێچی سەوزی لەسەردەنا کە نیشانەی ئەوەبوو سەیدەو ئەولادی پەیامبەرە، چاویلکەی لە چاو دەکرد، زۆر لەسەرخۆ قسەی دەکرد. زۆر سودمان لە ئامۆژگارییەکانی وەردەگرت. پیاوێکی بەڕێز و لەبەردڵان بوو. خودالێی خۆشبێ.

پایز و زستان تێپەڕین، جیهان کەوتبووە ناوبڵێسەی ئەو جەنگەی لە ئەورووپا بەرپا ببوو، زۆریش کەوتبوونە ژێرکاریگەری راگەیاندنەکانی ئەڵمانی و هیتلەر و هێرشی شەوانەی ئەڵمانەکان بۆ لەندەن و پایتەختەکانی دیکەی وڵاتانی ئەورووپا. هەمووکەس لە دەرەنجامی ئەو شەڕە کاولکاریە وەزاڵە هاتبوون. لە کۆڕی زەماوەند و پرسەدا باس هەرباسی ئەو جەنگە بوو.

نەورۆزی ١٩٥١ هات، رەزاشا بە ئاشکرا پشتیوانی لە هیتلەر و رژێمی نازی کرد. هیچ گوێی بە هۆشدارییەکانی هاوپەیمانان نەدا. مانگەکانی خاکەلێوە و گوڵان دوو مانگی پڕ بەرهەم بوون، لە بیستی جۆزەردان تاقیکردنەوەکان تەواوبوون. زووتر لە کاتی خۆی پشوەکانی هاوین دەستییان پێکرد. لەگەڵ هاوپۆل و کوڕانی گەڕەک دەچووینە گەڕان و مەلەکردن.

لەناکاو لە بەرەبەیانی مانگی پوشپەڕی ١٩٤١ رادیۆکانی دەرەوە و راگەیاندنەکانی تارانیش هەواڵی هێرشی ئەڵمانیایان بۆسەر یەکیەتی سۆڤیەتی دراوسێی ئێران بڵاوکردەوە، کە هێرشەکە زۆر بە خێرایی دەچوەپێش. ئەو هەواڵە دڵتەزێنە خەڵکی ئێرانی زیاتر هەژاند و لە ئایندەی خۆیان دەترسان، هیچ دڵخۆشییەکیان بە رژێمی

ڕەزاشا نەبوو دەیانگوت ڕەزاشا خۆی پێ شێرە و ڕێوی تەواویش نییە ئەفسەرانی سوپاکەشی فس فس پاڵەوانن. خوانەکا بلێسەی جەنگ ئێرانیش بگرێتەوە، چونکە سوپاکەی و ئەو ورەی کە لە فەرماندە تریاک کێشەکانیدایە ئەو وڵاتە وێران دەکەن. شرۆڤەکارانی سیاسی لای خۆمان لە ماڵان و لە بازاڕ و قاوەخانەکاندا قسەیان دەکرد. هەریەکەو بەجۆرێک بارودۆخەکەو ئایندەی جیهانیان لێکدەدایەوە. ئەو کاتی لەگەڵ سدیقی خاتەمی زۆر دۆست و هاوڕێ بووین، زوو زوو هاتوچۆی ماڵی یەکترمان دەکرد. ماڵەکەیان لە گەڕەکی ڕەزگەییان بوو، باڵەخانەیەکی خشتی سووری دوو نهۆمییان هەبوو. دوو دەستە خانووبەرەی لێک جیا بوون و بەسەریەکەوە بوون. یەکێک کاک سدیقی خاتەمی و بنەماڵەکەی دایک و خوشک و برایەکی تێدا دەژیان، باوکی نەمابوو، ئەوەی دیکەشیان بەکرێ دابوو، ماڵێکی خەڵکی ورمێی تێدا بوون بەناوی ئازەرلوو ژنەکەشی بنەماڵەکەی وەک من مەحموودزادە بوو، براکەشی ناوەکەیم لەبیرنەماوە پۆلی چواری ناوەندی بوو بۆ پشووی هاوینە هاتبووە مەهاباد و میوانی براکەی بوو. ئەو قوتابیە گەنجە لە هونەری هەڵکۆڵیندا زۆر شارەزا بوو چەند تابلۆیەکی جوانی خۆی پێشکەش کردم، بەڕێز ئازەرلوو گەنجێکی خوێندەوار و چالاک و لەبەردڵان بوو.

ئێمە شادو سەرمەست بووین و هەستمان بە ئارامی پێش تۆفان نەدەکرد. بۆ مەلەکردن دەچووینە گڕاوان. ئەویش کاری وێنەکێشانەکانی منی بەدڵبوون و هانیدەدام. بەخۆشی مانگەکانی پووشپەڕ و گەلاوێژمان بەسەربرد. مانگی خەرمانانی پڕ لە ڕووداو هات. هەواڵی ناخۆشمان لە سنووری باکوورەوە دەبیستن. دەیانگوت ڕووسەکان هێزێکی زۆریان لەسەرسنوور کۆکردۆتەوە. لە سەرەتای مانگی خەرمانان و لەگەڵ یەکەمین هۆشداری هێزەکانی زرێپۆش و سوارە نیزامی ڕووسیا سنووریان بەزاند، لە مەهاباد بەرپرسە سەربازیەکان بە هەواڵە بێبنەماکانیان بڵاویان دەکردەوە کە هێزەکانی شاهەنشاهی هێزی سۆڤیەتیان تێکشکاندووە و بەرەو باکۆ ڕاویان دەنێن و چەند شارێکی نەخچەوانیشیان گرتووە، ڕۆژی بیستی خەرمانان فڕۆکەیەکی ڕووسی بەسەر ئاسمانی مەهاباد دەرکەوت و شاری بۆمباران کرد و هەڕەشەی سۆڤیەت و لەشکرکێشیەکەی لە باکووری ئێران زەنگێکی مەترسیدار بوو کە دەبوو بەرلەڕوودانی ئەو واقعە چارەسەرێک بدۆزرێتەوە.

بەڵام دەستەڵاتدارە هیچ لە باراندا نەبوو و ترپاک کێشەکانی ڕەزاشا هەڕەشەو هۆشدارپەکانی سۆڤیەتیان بە جددی وەرنەگرت تا جەنگێکی نەخوازراو بەسەر گەلانی ئێراندا داسەپا. هەرچەندە دەوڵەت بێ لایەنی خۆی ڕاگەیاند بوو، بەڵام ئێران پڕ بوو لە سیخوڕی ئەڵمانی و رووسەکانیش لەو پیلانگێڕیە بێئاگا نەبوون. پێش هێرشی رووسیاش ئەو دەنگۆیە هەبوو کە چەند سیخوڕێکی رووسی لە دەوروبەری چۆمی مەجیدخان و نزیک میاندواو بە پەڕەشووت لە فڕۆکە دابەزیبون، بەڵام بزر بوون و کەس نازانێ چوونەتە کوێ؟ چەند ڕۆژێک پێش مانگی خەرمانان دەربارەی ئەو ڕووداوە گوماناویە هەواڵ هات کە هێڵی پەیوەندی تەلەفۆنی نێوان ئازەربایجان و ناوەند پچڕاوە هۆکارەکەشی کەس نەیزانی.

هێزەکانی هاوپەیمانان لە سەرەتای مانگی خەرمانان و دوای هۆشدارییەکی یەک رۆژە سنووریان بەزاند و هاتنە ناو ئێران. رووسەکان لەلای باکوور و ئینگلیزەکانیش لەلای باشوورەوە هاتن. هەر خێرا ئازەربایجان گیراو ئەفسەرە پلەباڵاکانی شاهەنشاهی هەڵاتن و پادگانەکانیان بەجێهێشت. لە بیستی خەرمانان سێ فڕۆکەی رووسی لە ئاسمانی مەهاباد دەرکەوتن و یەکەم بۆمبیان لە باڵەخانەی شارەوانیدا کە بەرامبەر ماڵی ئێمە بوو. شێروانییە تەنەکەکانی ئەو باڵەخانەیە لە مەهاباد تاکە شتێک بوون بۆ نیشانەگیری فڕۆکەوانە رووسەکان، چونکە پێشتریش لە ئاسمانی مەهاباد فڕۆکەی نەناسراو دیترابوون.

من لە ماڵ بووم لەناکاو دەنگی تەقینەوەی بۆمبێک رایچڵەکاندم، هەموو پەنجەرەکانی وەلەرزە هێناو شووشەکان وردوخاش بوون. تاکە رێگەیەک کە لەوکاتەدا بە خەیاڵمداهات ئەوە بوو بتوانم لەوساتە هەستیارەدا بیکەم رفاندنی ئێرانی خوشکم بوو کە لەپێش پەنجەرەی بەرامبەر حەسارێ راوەستابوو، لەترسان هاواریکرد کاکە قادر، پڕمدایە و بردمە ژووری چێشتلێنان و خۆمان بە دیواریەوە نووساند. دووەم بۆمب لە بەردەرگای ماڵی میرزا ڕەحمانی وەلیزادە تەقیەوە، لە هەمانکاتدا کوڕەجحێڵەیەکی جوان و تێگەیشتوو وەرزشوان بەناوی ڕەحمەتی وەتەمیشی لە ماڵی خاڵی دەهاتەدەر، کە پارچە بۆمبێکی بەرکەوت، ئەوە یەکەمین قوربانی مەهاباد بوو بەهۆی داگیرکارە بیانییەکانەوە شەهید بوو. ڕەحمەتیان بەڕێزەوە لەو بارودۆخە نالەبارەدا بەخاکسپارد. خەڵکی مەهاباد لە هاتنی رووسەکان دەترسان. سوپای شاهەنشاهی لە هەموو

بەرەکانی شەڕدا پاشەکشەیان کرد. پادگانەکان لەلایەک کەسانی هەلپەرست و ئاژاوەگێڕەوە تالان کران.
ئەوکاتی دەیانگوت پێش هێرشی رووسەکان بۆسەر ئێران سیخوڕە رووسەکان بە پەڕەشووت لە فڕۆکە دابەزیون و کەوتوونەتە دەست جوتیارانی گوندەکانی دەوروبەری میاندواو و گرتوویانن، مستەفاخانی خوریاوا[٣٠] دوو کەسیان لێوەردەگرێ و لە ماڵی خۆیدا دەیانشارێتەوە. هەروەک باسدەکەن بڕینی هێڵی تەلەفۆنی نێوان ئازەربایجان و ناوەند ئەو دووکەسە ئەنجامیاندابوو. کاتێک رووسەکان گەیشتنە میاندواو سیخوڕەکان رادەستی کاربەدەستانی سۆڤیەت دەکا. رووسەکان لەبری ئەو کارەچاکەی لەگەڵ ئەوانی کردووە رێزێکی زۆری لێدەگرن و لەو مەڵبەندە هەمەکارە بووەو بەردەوام دوو سەد سواری چەکدار بە ئەسپ و فەرەنجییەوە بەدواوەی دەبن، مستەفاخان خەڵکی گوندی خوریاوابوو، چەند گوندێکیشی لەبەردەستدا بوو. ئەو باڵادەستیەی ئەو لەچاو ئەوانیدیکە، چاولێکەری و کێبەرکێی بەدوای خۆیداهێناو لە کۆتاییدا تووشی کارەساتی کرد. زۆربەی خەڵکی مەهاباد شاریان چۆڵکردبوو.
خەڵک کوشتاری رووسەکانی ساڵانی ١٩١٥ و ١٩١٦یان لەبیر نەچووبۆوە، پێیانوابوو ئەوجارەش دەستدەکەنەوە بە کوشتوکوشتاری خەڵکی بێتاوان. سەربازانی سۆڤیەتی بە ئۆتۆمبیل و زرێپۆش چێشتخانەی مەیدانی لەسەر ئۆتۆمبێلەکان، تۆپخانە و تانک و رەشاش و کەلوپەلی جەنگی و پاڵشتی هەوایی لە رێگای میاندواو ورمێ گەیشتنە مەهاباد. بۆنی بەنزین و نەوت و گازی رووسی تەواوی هەوای شاری داگرتبوو وات هەستدەکرد بۆنی بێگانان دێ ئەویش بۆنێکی ناخۆش و بێزارکەر. دۆخەکە گۆڕاو رەزاشا دوورخرایەوە و کوڕەکەی لە جێگەی دانرا. هۆزەکانی دەوروبەری مەهاباد چەکدار بوون. هەر رۆژ یەکێک خۆی بە خان و دەمڕاست دەزانی، پشێوی باڵی بەسەر شاردا کێشابوو. دزەکان بوونە خاوەن چەک، ئەو دزە چەکدارانە ماڵ و دوکانی خەڵکیان تالان دەکرد، یان بە زەبری چەک ئەوەی ویستبایان دەیانبرد. هاوشاریەکانم لەبیری ئەوەدابوون بۆ پاریزگاری لە خۆیان و ماڵ و ناموسیان چەکوچۆڵ پەیدابکەن.
هەر شەوە دەنگۆیەک بڵاودەبۆوە، هەربینا ئەمشەو یان بەیانی زوو مەنگوڕەکانی پشت تەپ و هەمزاوا هێرش دەکەنە سەر مەهاباد. حکومەتی شار هەر رۆژەو

---

[٣٠] خوریاوا، گوندێکە کەوتۆتە دەم چۆمی تەتەهوو لە دەشتی حاجی حەسەنی مەهاباد.

بەدەست سەرۆک هۆزێکەوە بوو، لە هەندێ جێگاش هەر گەڕەکەو سەرۆک هۆزێک فەرمانڕەوابوو. پشووی قوتابخانەی بوو، سێ مانگ درەنگتر لە کاتی خۆیدا کرایەوە. لە سەرەتای بەفرانباری ١٩٤١ ئێمەی قوتابیان توانیمان بچینەوە سەر پۆلەکانمان. مامۆستایانی دەرەوەی شار نەهاتنەوە، چەند کەسێکیش کە تازە خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانیان لە ورمێ تەواوکردبوو بە ترسولەرزەوە وەک مامۆستا هاتن لە قوتابخانەکەمان دەستبەکاربوون و پۆلی سێیەمی ناوەندی کرایەوە. سالانی ١٩٤١-١٩٤٦ سالانێکی پڕ لە دلەڕاوکێ و نیگەرانی بوون. دوای رووداوی خەرمانان و روخانی رژێمی پەهلەوی و رەزاشا و بوونی هێزی بێگانە لە ئێران حەوت هەشت مانگ خەلکی مەهاباد لە دلەخورپەو سەرلێشێوایدا دەژیان.

دوای تالانی پادگانەکانی سەقز و مەهاباد و بۆکان و سەردەشت و چەکدار بوونی سەرۆک هۆزەکان کە سالانی سال بە ئاواتی ئەوەبوون چەکیان دەستبکەوێ بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕان، ئێستاش هەلومەرجەکە رەخسابوو بۆ وەدیهاتنی ئەو خەونە دێرینەیان بەمفتە چەکیان دەستکەوتبوو، دەیانویست بەو چەکە خەونەکانیانی پێ وەدەست بێنن و سنووری قەلەمڕەوی خۆیانی پێ فراوانتر بکەن. ئەو پاروەچەورەی لە قۆناخی یەکەمدا چاویان تێبڕیبوو، شاری مەهاباد بوو، بەبڕوای خۆیان ئەوێ کۆگایەکی پڕە لە زێڕ و جەواهێرات و کەلوپەلی گرانبەها و بە بۆچوونی خۆشیان خەلکی شار دەستوپێ سپین و ناتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن. هەربۆیە لەدەوروبەری شار هەوالی ناخۆش دەبیستران. بۆ نموونە لە گوندی پشت تەپی نزیک مەهاباد یان لە ئاوایی قازیاوا و هەمزاوا مەنگوڕەکان کۆبوونەتەوە و دەیانەوێ بەسەرشاریدا بدەن. لە رابردوودا خەلکی شار کەوتبوونە بەر شالاوی تالانی عەشایرە هاوزمانەکانیان و بەردەوام کێشەو هەرایان بووە، لەگەل ئەوەی ژن و ژنخوازیشیان پێکەوە هەبوو سەدانجار نان و نمەکی یەکتریان کردبوو، بەلام زمانی توندوتیژی و چەک ئەو جۆرەشتانە نازانێ. عەشایرە چەکدارەکان بە زەبری چەک دەیانویست خواستە ناڕەواکانیان بسەپێنن، هەندێکیان بەو نەخوێندەواریەی خۆیانەوە هەوای سەرداری عەشیرەت و فەرمانڕەوایی شاریان لە کەللە دابوو. ئەوان پێیانوابوو هەقی رەوای خۆیانە چۆنیان بوێ ئاوا هەلسوکەوت لەگەل جوتیارەکاندا بکەن. گوندنشینەکان لەبەرامبەر ئاغاو دەرەبەگەکاندا هیچ دەستەلاتێکیان نەبوو، هەتا خاوەنی گیان و مال و نامووسی خۆشیان نەبوون. بۆنموونە ئەگەر هەندێک ئاغا

ویستبایان بچنە راوێ و لەسەر رێگای راوێ گوندێکیان هاتبایە سەررێگا، گوتبایان بۆ نانی نیوەڕۆ یان بۆ نانی شێوان لەو کاولگەیە دەمێننەوە، پرسیاری ماڵی ئاغا یان ماڵی کوێخایان دەکرد و دەچوون لەبەردەرگا دادەبەزین. خاوەن ماڵ دەبوو بە باشترین شێوە پێشوازییان بکا، دەنا بە پێی دابورەسمی عەشایەری بۆ ئەو نەنگی و شەرمەزاری دەبوو. زۆربەی ئەو ئاغا رووتانە هیچیان لە بەرکێدا نەبوو تا ئەو میوانە چلوملانە تێربکەن. دەبوو چییان کردبا؟ بانگی نۆکەریان دەکرد هۆی برۆ ناو گوندی ئەوەی دەستتکەوت بیهێنە! نۆکەرە برسی و شەرانیەکان بە زەبری چەک و گۆپاڵ پەلاماری ماڵە جوتیارەکانیان دەدا و ئەوەی پەیدایان کردبا لە مریشک، کاور، رۆن و هێلکە و چایی و قەند و نان، ئازووقەی ساڵی خێزانە جوتیار و ژن و منداڵە برسییەکانیان دەستاندو لە دیوەخانی ئاغا برای ئاغا چلوملەکان، چەندان خواردنیان دروستدەکرد، ئەو جەماعەتە شەوان قوماریان دەکرد و رۆژانەش دەنووستن، جارجاریش دەچوونە راوێ یان لەم گوندەوە بۆ ئەو گوند لە ژەمان دەگەران. گوندنشینە هەناسەسارد و دڵبریندارەکان نەفرەتیان لەو ستەمکارانە دەکرد و بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە بەرێیان دەکردن، لەبنلێوانەوە دەیانگوت، برۆن و ئاوەوئاوچن و بەغدا نیوەی رێیەتان بێ و چاومان پێنەکەونەوە.

دوای رۆیشتنی ئەو ئاغایانە منداڵە برسی و رووتەکان لە دەوری تەندوورە دامرکاوەکان دادەنیشتن و بۆ حاڵی خۆیان دەگریان. جوتیارە کوردەکان لە دەورانی شادا بەدەست ژاندارمە مفتەخۆرەکانیشەوە دەیانناڵاند. لە شەڕی نێوان سەرۆک عەشیرەتاندا تەنیا جوتیار دەکوژران. ئاغاو منداڵە ئاغا بەسواری ئەسپی بەختیانەوە خۆیان رادەنا کە لە فلان شەڕدا چەند کەسیان لێ کوژراوەو چەندیش لە دوژمن کوژراون. ئەوەیە تراژێدیای گەلێک کە رێڕەوی ژیانێکی پێشکەوتوو گەیشتن بە ئامانجە باڵاکانی مرۆڤایەتی ونکردووە و لەپێناو هەواو هەوەسی شەیتانیدا نغرۆ بووە.

ئاژاوە

لە بەهاری ١٩٤٢ کۆمەڵێک گەنجی ڕۆشنبیر شانۆگەریەکیان بە ناوی (دایکی نیشتیمان) نمایش کرد، کە زۆر پڕ ناوەرۆک بوو. هەر ئەو گەنجانەش ڕۆڵیان تێدا دەگێڕا. ناوەرۆکی شانۆگەریەکەش بریتیبوو لە رابردووی حاڵی گەلی کورد. لە سەلاحەدینی ئەیووبییەوە دەستییپێدەکرد و قارەمانانی گەلی کورد لە جلوبەرگی ئاینی و ئارمانی مرۆڤایەتی پێشکەش دەکرد تا ئەو زەمانەی ملهوڕەکان وەکو زەروو خوێنی گەلێکیان دەمژی و سەروەریەکانی رابردوو و ئایندەی درەوشاوەیان بۆ پشێوی و وێرانی دەکێشا.

ئەو گەنجانەی ڕۆڵی ئەو شانۆگەریەیان دەگێڕا، ڕۆڵەکان جیاواز بوون، خەڵکی بێئاگایان لە هەموو چین و توێژەکان چ کورد چ تورک وەئاگا دێنایەوە، کە پێکەوە یەکگرتووبن و دژایەتی یەکتر نەکەن، دووبەرەکی وەلابنێن، دینمان یەکە و گەلیش یەکە و وەڵاتیش هەریەک وەڵاتە، پەیڕەوی دینی محەممەد بکەن هەروەکو سەلاحەدینەکان و پەیڕەوی لەوان، هەوڵبدەین بۆ ژیانێکی شایستە لە ریزی گەلانی زیندووی دنیادا. ئەو شانۆگەریەی دایکی نیشتیمان لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەتایبەتیش لەو ناوچە پشێوەی ئازەربایجانی رۆژئاوا بەسەرکەوتوویی نمایش کراو کاریگەریەکی باشیشی لەسەر خەڵک دانا، لە خەوی غەفڵەتی بێدار کردنەوە و وەخۆ هاتنەوە. ئاخ چی لە داخ لەدڵی و خراپەکاری دەکەی. ئەو چەکانە تازەو هەمەجۆرەی کەوتبوونە دەستی کەسانی خراپەکار هەر رۆژەو کارەساتێکی دەنایەوە.

باوکیشم وەک تێکڕای خەڵک بۆ پارێزگاریکردن لە ماڵ و شارەکەی تفەنگێکی سێ تیری کۆنی کڕیبوو، ئەو شەوانەی نۆرەئێشکمان بوو لە گەڕەکی خۆمان ئێشکم پێدەکێشا. سەردەستەی ئێشکچیەکانی گەڕەکی خۆمان کاک حسێن فروهەر بوو کە بە حسێنی زێڕنگەر ناسرابوو. کاک حسێن پێشتریش هەر پاسەوان بوو، پیاوێکی داڵەگۆشتی توندەتەبیات و جددی بوو. ئەو شەوانەی نۆرەئێشکم بوو دەچووم ئێشکم

دەگرت. لە بەهاری ١٩٤٢ رۆژی سێزدەبەدر خەڵکێکی زۆر لەوبەری پردی سوور[٣١] کۆببوونەوە و نیشانەیان داکردبوو خۆیان لەسەر تفەنگ هاویشتن رادێنا. منیش بە کەچە تفەنگە سێ تیرەکەم چووبوومە ئەوێ، دیارە باوکم ئاگای لێنەبوو تفەنگەکەم بردووە دەنا نەیدەهێشتم. بەکورتی بە دزیەوە منیش حەزم لێبوو لەنێو پیاوان دەربکەوم. هەوای تفەنگ لە کەللەی دابووم و تەماشای تفەنگ هاویژەکانم دەکرد. سەرنجمدا کەسیان نیشانەکەیان نە ئەنگاوت، من شێوازی تفەنگ هاویشتن لە باوکم و کاک حسێنی فروهەری سەردەستەی گەڕەک فێرببووم، بەڵام تا ئەوکاتە هیچ گوللەیەکم نەهاویشتبوو. لەوکاتەدا ویستم خۆم تاقیبکەمەوە و پیاوەتی خۆم نیشانبدەم. هەستامەسەرپێ و سێرەم لە نیشانەگرت، کە گوللەکەم تەقاند لە نیشانەکەمدا. دەنگی ئافەرین بەرزبۆوە، کاتێک دیتیان گەنجێک ئاوا دەستڕاستە و نیشانەی پێکاوە سەریان سوڕما، دەستیان لە ئافەرین هەڵنەدەگرت.

دوایی جەماعەت بۆ خۆنواندن یان باشتروایە بڵێین نیشاندانی هێز لە بەرامبەر عەشایرەکان کە وەکو کەڵبەیەکی بەهێز گوێیان هەڵخستبوو و، لە کەمین دابوون، ریز بوون و بە رێنوێنی چەند کەسێکی خاوەن ئەزموون لە هونەری سەربازی ئێمەیان چوارکەس چوارکەس وەک سەربازانی دەورانی شاهەنشاهی ریزکرد. بە جلوبەرگی ناجۆری کوردی و کۆت و شەرواڵ، بە کڵاو و بێ کڵاو مەندیل بەسەر و مێزەر بەسەر و چەندان جۆر تفەنگی تازەو کۆنی برنەو و پێنج تیر و سێ تیر، بە ریزێکی دوورو درێژ بەرەو شار وەڕێکەوتین. کاتێک گەیشتینە ناوەندی شار چەند گوللەیەکمان بۆ ترساندنی نەیارەکانمان تەقاند و بەرەوماڵ بووینەوە.

لە قوتابخانە ئەو مامۆستایانەی تازە خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانیان لە ورمێ تەواوکردبوو لەوانە: مامۆستا رەحمان حەلەوی و هاشم شیرازی، سوڵتان ئوتەمیشی، محەمەد مەجدی، مەولایی و هاشم خەلیل زادە، ئیدارەی قوتابخانەیان بەڕێوەدەبرد. سێ مانگ درەنگتر بەهۆی نالەباری بارودۆخی ناوچەکە بەسەرکەوتوویی ساڵی خوێندمان تەواوکرد. لەگەڵ قوتابیەکان بڕوانامەی سێیەمی ناوەندیمان وەرگرت بەسێ مانگ دواکەوتنەوە، ئەوەش لەسەر بڕوانامەکانمان نووسرابوو.

[٣١] پێش دروستکردنی بەنداوی مەهاباد و روخانی پردی سوور کە مێژوویەکی کەونارای هەبوو بەشی باشووری، کە پڕبوو لە دار چنار و سپیداری زۆر و دەشتێکی پان و بەرین کە پێیان دەگوت قۆپی مەولەوی، ژوانگەی عاشقان و گەنجان بوو، بنەماڵەکانیش رۆژانی پشوو لەوێ کۆدەبوونەوە بەتایبەت رۆژانی سێزدەبەدەر.

با ئەوەشمان لەبیرنەچێ لەماوەی ئەو شەش مانگەی زستان و بەهاردا منداڵە هاروهاجەکان دەستیان لە بەدفەڕی خۆیان هەڵنەدەگرت و گاڵتەیان بە مامۆستا فیداکار و لەخۆبووردوەکان دەکرد، لەژێر نیوتەختەکاندا ترەقەیان دادەنا کاتێک مامۆستا.لەسەری دادەنیشت ترەقەکە دەتەقیەوە و ئەوانیش قاقا پێدەکەنین و چێژیان لەو کارە قێزەونەی خۆیان وەردەگرت. ئەوەش یەکێکە لەو کارە دزێوانەی کە دەبێتە هۆی ڕێگری لە خوێندنی ئەوانیدیکە. فەرمانبەرەکانی دەرەوەی شار کە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵک باشبوو لەلایەن خەڵکەوە دەپارێزران و لەکاتی تەنگانەدا دەیانبردنە ماڵەکانی خۆیان. بەڵام ئەو ماستەش بێ موو نەبوو. دەستێکی نادیاری (کا. گ. ب) یان چکای قەدیم کاری خۆی دەکردو بەکرێگیراوی جۆراوجۆریان لەناو خەڵک و لەناو هۆزەکاندا هەبوو. هەندێکیان بە ئاشکرا کاری خۆیان دەکردو شانازییان بە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ رووسەکاندا دەکرد. ئەفسەر و فەرمانبەرانی رووس دەچوونە ماڵەکانیان و ئەوانیش لە پەنا ئەواندا دەهاتن و دەچوون و قاچاخچێتی خۆیان دەکرد جا چ چەکوچۆڵ با یان کەلوپەلی دیکە ترسیان لە هیچ کەسێک نەبوو. ئەو برادەرانە بەڵێنی بێبنەمایان بە خەڵکە ساویلکەکە دەدا کە ئەگەر هات و بەسەر ئەڵمانەکاندا سەرکەوتن ئاواوئاوایان بۆ دەکەن. نەقیبێکی دەسگای چکا کە بە ئەسڵ خەڵکی باکۆی ئازەربایجان بوو بەناوی نەماز عەلییۆف بارەگاکەی لە میاندواو بوو، یەکێک لە چالاکانی مایشا بوو، چ تاوانێکی نەکرد! هەرکاتێک ئاماژەی بۆ کەسێک کردبا، ئەوە یەکسەر دەکوژرا. ترسولەرز لە نەماز عەلییۆف لە هەموو جێگایەک بڵاوببووەوە. هەر کاتێک هاورێ عەقید بە چاوێکی پڕ لە غەزەب تەماشای کەسێکی کردبا یان توند لەگەڵی دوابا، ئەوە چارەنووسی ئەو کەسە تیداچوون بوو. یەکەمین پریشکی تیرۆر لە بەهاری ١٩٤٣ لە کۆڵانێکی شەقامی پەهلەوی گەڕەکی جولەکەکان روویدا کە قازیزادەی بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئامار تیرۆر کرد.

قازیزادە دوو ژنی هەبوو، شەوێ چەند کەسێکی چەکدار بەسەردیواری ماڵەکەیدا دێنەژوور لە باوەشی ژنەکانیدا دەیکوژن، بێ ترس فەرش و کەلوپەلە بەنرخەکانی ماڵەکەشی دەبەن. بەیانی زوو وەکو خەڵک چوومە ماڵەکەی کە دیتم لە خوێندا شەلاڵ ببوو، ژنەکانیشی هەریەکەو لە سووچێکی ژوورە چۆڵەکەدا دانیشتبوون و دەگریان. خەڵکەکە زۆر نیگەران و پەرۆش بوون. ئەوانەی لە ئێمە ئاگادارتر بوون دەیانگوت ئەوە بۆ ترساندنی کارمەندانی دەوڵەتی بووە و بە فەرمانی نەماز عەلییۆف ئەو

کارەیان کردووە، تا ناوچەکە چۆڵبکەن. دەیانگوت بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئامار پەیوەندی ژێربەژێری بە دەوڵەتی ئێرانەوە هەبووە و راپۆرتی بۆ نووسیون. بەکورتی تا ماوەیەک خەڵکی مەهاباد نیگەرانی ئەو کارە تاوانبارەی بەکرێگیراوانی بێگانە بوون. ترس هەموو جێگایەکی داگرتبوو. پێیانوابوو دوای رۆیشتنی کارمەندانی دەوڵەتی رژێمی پێشوو ئارامی و ئازادی بەدوادادێ.

لە هەمان ساڵ و لە کۆتایی جۆزەردان لە مەیدانی ئاردی دەنگی تەقەی دەمانچەیەک هات، خەڵک شڵەژان و بەدوای شوێنی تەقەکەدا رۆیشتن. دیتم لە چواررێیانی پەهلەوی و نزیک مزگەوتی سوور، بەرامبەر مەشروبخانە و ریستۆرانی سەرکێو ئاغازادەیەک بەناوی سەیفە[32]ی موکری گوللەی لە ئەسپە گرانبەهاو جوانەکەی داوەو لە گیانەڵا دابوو. ئەو خەڵکانەی لەوێ بوون زۆر نیگەران بوون و تەماشای ئاغازادەی گەمژەو ئەو دیمەنەیان دەکرد، لە یەکتری رادەمان. لە یەکێکم پرسی ئەوە چیبووە؟ گوتی ئەو کوڕە ئاغایە بەسواری ئەسپەکەی دەهات، ئەسپەکەی لە پشیلەیەکی ژێرپێی سڵەمیەوە و راوەستا. ئاغا هەیهای لێکرد، بەڵام ئەسپەکەی نافەرمانی کردو لە شوێنی خۆی نەجوڵا. ئاغازادە توڕەبوو بە دەمانچەکەی یەک گوللەی لە سەری ئەسپەکەیداو کوشتی.

لە مەهاباد قاچاخچیەک هەبوو ناوی رەحمان بوو، لەگەڵ عێراقیەکان زۆر تێکەڵ بوو. ئەو سەردەم لەبەرئەوەی سنوورەکان کۆنترۆڵ نەکرابوون و پاسەوانیان نەبوو عێراقیەکی زۆر هاتوچۆی مەهاباد و شارەکانی دیکەی ئێرانیان دەکرد، کەس لێی نەدەپرسین خەڵکی کوێن؟ لە کوێرا هاتوون و بۆکوێ دەچن؟ بەکورتی کاروانسەرایەک بوو بێ دەروازە و پاسەوان. ئەو پیاوە بەڕواڵەت بەرێزە کەلوپەلی لەوان دەکڕی و بەوانیشی دەفرۆشت. مامەڵەو کڕین و فرۆشتنی زیاتر لەگەڵ عێراقیەکان بوو. وەک باسدەکەن پێشتریش لە عێراق بووە. کابرایەکی دەوڵەمەندی خەڵکی عێراق بەناوی میکایل کە تەمەنی سی و پێنج ساڵ بوو لەگەڵ ئەو کابرایە دەبێتە ئاشناو هاتوچۆیماڵیان دەکات. ژنەکەی رەحمان خوشکێکی جوانی هەبوو ناوی زارا بوو، هێشتا مێردی نەکردبوو. بە قسەی رەحمانی زارای بە لەنجەولاری ژن خوشکی چای بۆ میوانان دێناو بزەیەکی عاشق کوژانەی بۆ میکایلی عێراقی

[32] سەیف خانی میرموکری یەکێك لە نەوەکانی فەرەخ خانی میرموکری میاندواو بوو، کە نادرشا فەرمانیدا هەردووك چاوی کوێر بکەن.

دەکرد. میوانی عێراقی نەک بە دڵێک هەزار دڵ عاشقی خاتوون دەبێ، بە بیانووی جۆراوجۆر هاتوچۆی ماڵی رەحمانی دەکا، کچە هەرجارەو بە جۆرێک عیشوەوناز دەکا و کابرای بێچارە شێت و ماخولیای خۆی دەکا، تا کار بەو جێگایە دەگات خوازبێنی زارا خاتوون لە رەحمانی دەکا. رەحمان کە دەبینێ کابرای عێراقی شێت و شەیدای زارا بووە، بیانوان دێنێتەوە کە زارا خوازیاری زۆری هەن و تەواوی گەنج و کەسایەتی دیاری مەهاباد و سەرۆک هۆزەکان خواخوایانە زارا ببێتە هاوسەریان و خوازبێنی کاری زۆرن. ناتوانم بەڵێنت پێبدەم.

میکایل زۆر پێداگری دەکاو دەکەوێتە دەستوداوێنی رەحمانی و پارەیەکی زۆر لەپێش رەحمانی دادەنێ و بەڵێنی پێدەدا ئەگەر مرادم حاسڵ بکەی لە ئێراق زەویەکانیشم دەفرۆشم و دەیدەمە تۆ و زارا. رەحمان کاتێک دەزانێ تیرەکەی ئامانجی پێکاوە بە میکایلی بەستەزمان دەڵێ هەرچی هەتە بیفرۆشە و بیکە بە پارەو بیهێنە منیش شەوێک بەدزی دەتبەمە لای مەلایەکی دۆستی خۆم پارەیەکی دەدەمێ و لێت مارە دەکەم و پاشان هەر خۆم تا سەر سنوور لەگەڵتان دێم. ئەگەر ئاوانەبێ بەهیچ شێوەیەک ناکرێ، ئەگەر مەهابادیەکان بزانن زارام داوەتە تۆ کەوڵم دەکەن و کوتکوتم دەکەن. کاک میکایل بۆخۆت دەزانی مەهابادی بە دەگمەن نەبێ کچی خۆیان نادەنە عێراقیان، مەگەر کچ یان ژنە هەژارێک بێ و هیچ پەناگایەکی نەبێ.

میکایلی ساویلکە باوەڕ بە قسەی رەحمان دەکاو تەواوی کەلوپەلی هەرزانفرۆش دەکاو پارەکە دێنێ و دەچێتە ماڵی رەحمانی. نیوەشەوێک لە کاتێکدا شار چۆڵبوو لەگەڵ رەحمان و زارا هەر یەکەو سواری ئەسپێک دەبن و بۆ خۆیشی سواری ئەسپیکی تیژڕەو دەبێ و لە شار وەدەر دەکەون و بەرەولای پردی سوور وەڕێدەکەون تا بچنەلای مەلای ئاوایی و زارا لە میکایل مارە بکەن.

لە پردی سوور تێدەپەڕن و بە قەراخ بێشەڵانی نێوان مەهابادو قازیاوا[٣٣] دا تێدەپەڕن. رەحمان بە میکایل دەڵێ تۆ لە پێشەوە بڕۆ ئەگەر تارماییەک یان هەر شتێکت بینی وەرە خەبەرم بدەیە، هەردووکیان چەکیان پێبوو. میکایل بێئاگا لەو پیلانە شەیتانیەی رەحمان پێشتر بۆی دارشتبوو، لەپێشەوە دەڕوا لەوکاتەدا رەحمان ناجوامێرانە لە پشتەوە وەبەر دەسترێژی دەمانچانی دەدا و مێشکی کابرا عێراقی دەپژێنێ و دەیکوژێ. دوای ئەنجامدانی ئەو تاوانە ترسناکە، هەڕەشە لە زارا دەکات و پێیدەڵێ

---

[٣٣] قازیاوا گوندێکە لە رۆژئاوای مەهاباد.

ورتەت لە دەم بێتەدەر تۆش دەکوژم. زاراش لە ترسان هەڵدەلەرزێ و جورئەت ناکا یەک قسەش بکات. زارای بەستەزمان دوای ئەو رووداوە سامناکە چەند مانگێک نەخۆش دەکەوێ، خوشکەکەی کە ژنی رەحمان بوو دوای بیستنی ئەو هەواڵە دڵتەزێنە لە ماڵەکەی رەحمان رادەکاو سەرگەردان دەبێ. رەحمان کاتێک زانی تەواوی شار ئەو تاوانەیان زانیوە خۆی دەشارێتەوە و بزر دەبێ دەڕواو تا ئێستاش کەس نەیزانێ سەری خۆی بۆکوێ هەڵگرتووە. ئەوە نموونەی شەڕانگێزی و پەستی ئەو مرۆڤانەیە کە بە زەبری چەک ئەنجامی دەدەن.

رۆژێک دەنگۆیەک بڵاوبۆوە کە ل-م براکەی خۆی کوشتووە، کە گەنجێکی بەخۆوە و جوانچاک بوو، تازە ژنی هێنابوو لە پێناو پێنج تمەن لە گەرماوی ماڵەکەی وەبەر دەمانچانیدەداو دەیکوژێ. ئەوەش یەکێکی دیکە لەو تاوانانەی کە لەو سەردەمەدا روویدا. کەللەڕەقی و چەکیان نەگوتووە، هەرکەسێک کەللەڕەق بێ کاتێک چەکی بە دەستەوەبوو تاوان دەخولقێنێ.

کابرایەکی دیکە بەناوی (هـ) لەسەر سەکۆی گەرماوی گشتی ئەو جێگایەی جلکانی لێ دادەکەنن برایەکی خۆی وەبەر دەمانچان دەدا، وەخێر گەڕا تەنیا بریندارببوو هۆکاری ئەو تیرۆرە ئاشکرا نەبوو.

لە ئێوارەیەکی زستانی ١٩٤٢ لەگەڵ دوو هاوڕێم دەگەڕاینەوە ماڵێ سەرگەرمی قسان بووین و ئاگامان لە دەوروبەرمان نەبوو پێدەکەنین، لەناکاو ئێشکگرێکی سەرخۆش بە تفەنگی پێنج تیرەوە هەڕەشەی لێکردم و جنێوی دەداو دەیگوت پێمپێدەکەنی؟

من و هاوڕێکانم سوێندمان بۆ خوارد تۆمان هەر نەدیوە و بە تۆ پێنەکەنیوین، هۆشمان لە جێگایەکی دیکە بووە، خوانەکا بە تۆ پێبکەنین، ئێمە هاوڕێین و لە پیاسە دەگەڕێینەوە و قسە دەکەین، ئێوە سەروەری ئێمەن. کابرا وازی نەدەهێنا، تا مەیدانی ئاسنگەران و نزیک ماڵێ هەر هەڕەشەی دەکردو جنێوی دەدا، لولەی تفەنگەکەی لەسەر سینەم راگرتبوو. چەند ریش سپی و پیاوماقوڵێک هاتن و بە پاڕانەوە لە دەست ئەو ئێشکچیە نەزانەیان نەجاتدام، خۆ ئەگەر هاتباو تەقەشی لێکردبام ئەوە هیچ سزاو لێپێچینەوەیەکیش لە ئارادا نەبوو. هەر ناکەسێک کە چەکی بە دەستەوە دەگرت خۆی بەسەر خەڵکیدا هەڵدەسووڕاندو قسە هەر قسەی ئەو بوو.

ڕۆژێک سۆفی ئەحمەدی گادانی کە پیاوێکی قسەخۆش و بنیادەمێکی بێ زەڕ و لە خواترس بوو، لە دوکانەکەی خەریکی کاروکاسبی ڕۆژانەی دەبێ، لەناکاو کابرایەکی چەکداری لێ پەیدادەبێ و دەڵێ سۆفی ئەحمەد سەد تمەنم پێ قەرزداری لە فلان کاتی پارەی زیادەت لێوەرگرتووم و تا ئێستا نەتداومەوە. سۆفی ئەحمەد کاتێک تەماشای کابرای چەکدار دەکا تێدەگا هاتووە شەڕی پێبفرۆشێ، دەڵێ ئاڕەحمان ڕاستدەکەی ئەوە دەچم پارەکەت بۆ دێنم تۆ لێرە لەپێش دەرکی دوکانێ دابنیشە تا دەگەڕێمەوە. سۆفی ئەحمەد دەچێتەوە ماڵێ، ڕەخت و فیشەکدانی لە خۆی دەبەستێ و تفەنگە بڕنۆیەکەی دەستدەداتێ و دەگەڕێتەوە. یەکسەر تفەنگەکەی سواردەکا و لەسەر سینەی کابرای ڕادەگرێ و دەڵێ ئاڕەحمان چەندت پێ قەرزدار بووم؟ کابرا دەستەپاچەدەبێ و دەمی تەتەڵە دەکاو دەڵێ سۆفی ئەحمەد شۆخیم[٣٤] لەگەڵ کردی، ئێمە لە قەدیمەوە یەکماڵین، نۆکەری تۆم. بەوشێوەیە کابرای چەکدار لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە.

میرزا ڕەحمانی شافعی پیاوێکی بەتەمەن و بەڕێز و خۆشەویست بوو، باوکی میرزا مارف و دکتۆر جەعفەری شافعی بوو. کابرایەک بە ناوی هاشم ئاسنگەر لە ناوەڕاستی بازاڕی و بە نوێژی نیوەڕۆ وەبەر دەمانچانیداو دەستبەجێ گیانی سپارد. کاتێک ئەو هەواڵە گەیشتەوە سەرۆک هۆزە چەکدارەکان بە هەلیانزانی و بە خوێن ئەستێنی یەکێک لە خزمانی میرزا ڕەحمەتی شافعی گەورە دەوڵەمەندی مەهاباد شوێنی هاشم هەڵدەگرن و لە ئاودەستی یەکێک لەو ماڵانەی خۆی تێدا شاردبۆوە وەبەر دەسترێژی گوللانی دەدەن و دەیکوژن، تەرمەکەشی لەسەر تاتەنوێژی حەساری مزگەوتی عەباساغا دادەنێن تا ببێتە پەندو عیبرەت بۆ ئەوانی دیکە و خەڵک دەستە دەستە بێنە تەماشای. ئەوەش تاوانێکی دیکەی کەللەشەقی و چەک.

دوکانی باوکم لەسەرەڕێی بازاڕی قەیسەریە بوو، کە ڕوبەڕووی قاوەخانەی عیماد و لە نزیک کەبابخانەی ئەحمەدەشەل هەڵکەوتبوو. لە تەواوی ئەو مەڵبەندە کەبابی ئەحمەدەشەل بەناوبانگ بوو لە شارەکانی دوور و نزیک کە دەهاتنە مەهاباد دەبوایە کەبابی ئەحمەدەشەل بخۆن و چای ڕەحمان عیمادیش بخۆنەوە.

---

[٣٤] شۆخی: گاڵتە.

ئەگەر کەسێک هاتبایە مەهابادو لەو دوو نیعمەتەی نەخواردبایە دەیانگوت نەچوویەتە مەهاباد[٣٥]. بەڵام ئێمە لەپەنا ئەو دوو نیعمەتە بووین و لێشی بێبەش بووین، شەوان خەومان نەبوو دڵنیا نەبووین ئەو کوتاڵەی لە دوکانەکەمانە هەر لە دوکان دایبنێین و تا سبەی لێمان نەدزن. بۆیە ناچار بووم بۆماوەی سێ ساڵ ئێواران کوتاڵەکە ببەمەوە ماڵێ و بەیانان بیهێنمەوە دوکانێ. بە دوو قەد کوتاڵە چیتەکەم لە پشت دەبەست و بە ئەبندازەی توانای خۆم دەمبردەوە ماڵێ، لەبەرئەوەی نەدەکرا هەموو رۆژێ حەمباڵی بۆ بگرین چونکە ئەویش خەرجی خۆی دەویست و قازانج سەری مایەی دەخوارد.

هەر رۆژەو هەواڵێکی ناخۆش لە سوچ و قوژبنێکی شار دەبیسترا، جا چ شەو بوایە چ رۆژ، ئەو دۆخە نالەبارەی رۆژانەش لەلای خەڵکی ببوونە شتێکی ئاسایی. رۆژێک لەو ساڵانەی پڕ لە پشێوی و نالەباریە لەگەڵ عەزیزی فەرهادی رەحمەتی پیاسەمان دەکرد، گوتیان عەزیز کرمانج لەپێش شارەوانی وتار دەخوێنێتەوە. هەروەکو دەیانگوت واش دەرچوو، کاک عەزیز کرمانج لەژێرکاریگەری حسێن فروهەر دابوو دەیویست شۆڕش بکاو وڵات ببێتە سۆسیالیستی، کارمەندانی ئاسایش کە بەڕواڵەت تاکە نوێنەری دەوڵەت بوون لە شار وەدەربنێن. بۆیە دوای وتارەکەی کاک عەزیز، سۆفی ساڵحی ئەحەدی بە سەڵاوات لێدان خەڵکی هاندەداو هەر لەناو خەڵکەکە بانگی وەستا عەبدوڵڵای مینەی خاڵندی دەکا، کە وەستایەکی باش و دەنگ خۆشبوو، پێیدەڵێ

---

[٣٥] مامۆستا هەژار لە بەشێک لە شیعری بەرەوە موکریان دەڵێ:

بۆ هەژار دیتنی بازاڕ دەردە
دەس کە واڵایە دەسی لێ بەردە
تۆ بڵێی، تازە بخۆین تێر و تەسەل
چای عمادیش و کەبابی حەمە شەل!
خەڵکی بازاڕە کە هەروا مەردن!
گوڵی بەر دۆست و لە دوژمن بەردن!
چاخی دژواری لە مەیدان دەچەقن
تای تەرازووی یەک و تێکڕا دەتەقن!
هەر بە بێگانە دەکەن گاڵەی خۆش
دەردی سەرتیپە تەماتەی بێهۆش!

وەرگێڕ

برۆ ئەو ئاگاداری نامەیە بدە دەستی بەرپرسی بنکەی ئاسایش. ئەو پاسەوانانەی لە بنکەی ئاسایش بوون کاتێک ئاپۆرای ئەو خەڵکە دەبینن و گوێیان لە سەلاواتی سۆفی ساڵح دەبێ و لە هرووژمی ئەو پیاوانە ترسیان ڕێدەنیشێ، یەکێک لە پاسەوانەکان کە خەڵکی شار بوو، بە ناوی محەمەد خانەمیری عەبدوڵڵای بەستەزمان وەبەر گوللەدەداو دەیکوژێ.

خەڵکە هەلپەرستەکە کەڵک لە دۆخەکە وەردەگرن بۆ ئەوەی چەکوچۆڵیان دەستبکەوێ هەڵدەکوتنەسەر کارمەندانی ئاسایش و دایاندەپلۆسن و حەوت کەس لە پۆلیسەکانی ئاسایش دەکوژن.

ئەوەش بەرهەمێکی دیکەی تاڵی بێسەرەوبەرەیی و پاشاگەردانی. لەو تەقوتۆقەی هەردوک لادا من و عەزیز فەرهادی چوینە ماڵی میرزا عەبدوڵڵا دەروێش و خۆمان پەنادا تا دۆخەکە ئاسایی بۆوە، تەرمی کوژراوەکان لەپێش بنکەی ئاسایش کەوتبوون، تا بەیانی کەس جورئەتی نەکرد بە خاکیان بسپێرێ. بە هەوڵوکۆششی بەرێز جەنابی قازی محەمەد کە لەلایەن خەڵکەوە ڕێزێکی زۆری لێدەگیرا، تەرمی پۆلیسەکان بە خاک سپێردران و بەرێوەبەری ئاسایشیش لە ماڵی قازی محەمەد خۆی شاردبۆوە. رووسەکان ئاگاداری ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە بوون و لەبنەوەش بەکرێگیراوانی خۆیان دنە دەدا.

لە میاندواو و، لە ناوەڕاستی بازاڕ دوو دەستە عەشایری چەکدار کە پێکەوە دژو ناکۆک بوون یەکتریان وەبەر تفەنگ و دەمانچاندا و خەڵکێکی زۆریان لە یەکتری کوشت. هەمان ئەو ڕووداوە ناخۆش و ترسناکە وایان لە خەڵکی شاری کرد بۆ پارێزگاریکرد لە گیان و ماڵ و نامووسی خۆیان ڕێکخراوێک بەناوی ئەنجوومەنی بازاڕیان پێک بێنن و هەر ماڵەو کەسێکیان شەوانە ئێشک بگرن و یەکگرتووبن لە بەرامبەر دەستدرێژیە چاوەڕوانکراوەکانی عەشایرەکان. هەر بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەک لە کەسایەتییە دیارەکانی شار بانگهێشت کران تا هەندێک ڕێکار بگرنەبەر بۆ ئاسایشی شار و دابینکردنی ژیانێکی ئارام و بێ دڵەڕاوکێ بۆ خەڵکی شار.

هەر بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەوەیەک لە نهۆمی دووەمی ماڵی میرزا غەفووری مەحموودی سازکرا، کە تازە هۆڵی ئاوا گەورە لە شاری دروست دەکرا. ماڵی میرزا غەفوور لە شەقامی پەهلەوی بوو لە خوار مزگەوتی عەباس ئاغا. بەرێز قازی محەمەدیش بانگهێشت کرابوو، جەنابیان لەگەڵ هەژار و هێمن شاعیرانی ناوداری

کورد لەو کۆڕەدا بەشدارییان هەبوو، کە لەلایەن خەڵکەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا. دوای وتار و ستایش و ئەو فیداکاریەی جەنابی قازی کە لەو کاتە پڕ لە دژواری و چارەنووسسازەدا نواندوویەتی، بەرز نرخێندرا. چەند کەسێک شیعریان خوێندەوە. منیش لەلایەن توێژی بەزازانەوە پارچە شیعرێکم نووسیبوو لەوێ خوێندمەوە. مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمنیش شیعریان خوێندەوە. خەڵکیان بۆ یەکگرتوویی و برایەتی و دوور کەوتنەوە لە هەرچەشنە دەرگیرییەک ڕێنوێنی دەکرد. لەدوایشدا بەیاننامەیەک بڵاوکرایەوە کە لەمەودوا جەنابی قازی مەرجەعی چارەسەرکردنی تەواوی کێشەو گرفتەکانی شاردەبێ. جەنابی قازی داوای ئامادەبوان و چین و توێژەکانی شاری قبووڵ کردو فەرمووی لە پێناو خەڵک و گەلەکەمدا ئامادەی هەر چەشنە هاوکارییەکم هەتا ئامادەم گیانی خۆشم فیدا بکەم.
لەو ساڵە پڕ لە ڕووداوانەدا لەگەڵ ئەوەی یارمەتی باوکم دەدا بەردەوام لە گۆڕەپانی ڕووداوەکانیشدا ئامادە بووم، بەڵام تاکە هیواو ئومێدم درێژەدان بە خوێندن بوو. بۆیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە و ئەویش لەو دۆخە ناهەموارەدا دەبوایە ڕێگاچارەیەک وەبینم. باوکم ئامادەنەبوو لێی جودا ببمەوە منیش بە تەنیایی و بێ پارە نەمدەتوانی وەدوای ئامانجە سەرەکییەکەم بکەوم، ئەویش درێژەدان بە خوێندن بوو.
بە منداڵی بیستبووم یەکێک لە براکانی مامە محێدینم، کاک مەجید چۆتە عێراق و بۆتە هاووڵاتی عێراقی و سەرپەنایەکی پەیداکردووە و لە سوپای نووری سەعیددا بۆتە پۆلیس. مام محێدین چەند ساڵێک بە ئاواتی دیداری براکەی ماڵ و حاڵە باشەکەی لە دەستداو ڕێگای عێراقی گرتەبەر دوای دوو سێ ساڵان بە دەستی بەتاڵ گەڕابۆوە، بەڵام ئەوەشم بەهەند وەرنەدەگرت پێموابوو کاک مەجید حاڵوگوزەرانی زۆرباشە، جارجارە نامەیەک و هەندێک ڕاسپاردەی دەهاتن.
هەرکاتێک نامەیەکی کاک مەجید دەهات سەروکەللەی پۆلیس و ژاندەرمەکانی شاهەنشاهی پەیدا دەبوون و باوکمیان بانگ دەکرد و کێشەیان بۆ دروست دەکرد، دوایی بە هەندێک دەم چەورکردن لە کۆڵی دەبوونەوە.
یەکێکی دیکە لەو خزمە دوورانە، ساڵحە کەڕی پوورزام بوو کە ئەویش بەدوای بۆنی کەبابدا چووبووە عێراق و لەوێ گیرسابووەوە، لەوێ کرێکاری دەکرد هەر دوو سێ ساڵ جاریک بە دزیەوە دەهاتەوە لەسەرخۆ و بێ خەبەر پێڵاوەکانی لەپێش دەرگا ڕیز دەکردن و لە گۆشەیەکی ژووری دادەنیشت. پیاوێکی کورتەباڵا بوو، بە

گوێیانیش گرانبوو بۆیە پێیاندەگوت ساڵحەکەڕ. لە شێوازی جلوبەرگ و هەڵسوکەوتی و بەقسەی خۆی لە شوێنی خۆی ئەفەندییە. کاتێک تەمەنم لە نێوان چواردە بۆ پازدە ساڵاندا بووم، هەوای ئەوەم لە کەللەدا بوو لەو ژینگە خنکێنەرەی ماڵێ و کێشمەکێشمی بێ پاساوی باوکم هەڵێم، دەمپرسی مامە عێراق چۆن شوێنێکە؟ دەیگوت خراپ نییە، بەڵام دەڵێن سوریا لە عێراق خۆشترە، چونکە بەهەشتی وادەلێدراو لە سوریایە و هەرکەسێک لەوێ بمرێ دەرگای بەهەشتی بەڕوودا دەکرێتەوە. گوتم مامەگیان ئێستا لە بیری مردندا نیم تا ئارەزووی بەهەشت بکەم، بەڵکو دەمەوێ درێژە بە خوێندن بدەم. دەیگوت وەڵڵا لەوبارەیەوە شارەزاییم نییە بۆ خۆم نەخوێندەوارم و بێجگە لە کرێکاری هیچ شتێکی دیکەش نازانم. شەو و ڕۆژ لەبەر ئەو سوورەتاوە لە ڕێگای شەمەندەفەر کاردەکەم تا ورگم تێربێ و تا ئێستا تەمەنم چل و هەشت ساڵە و نەمتوانیوە ژن و ماڵم هەبێ. لە حاڵوگوزەرانی کاک مەجیدم دەپرسی دەیگوت لە بەغدا شورتەیە، چەند منداڵێکیشی هەن و تا ئێستا هەر کرێچییە. گوزەرانی خراپ نییە.

لەبەرخۆمەوە بیرم دەکردەوە کەسێک چەندین ساڵە نیشتیمانی بەجێهێشتووە و دامەزراوە و موچەخۆری دەوڵەتە، خاوەن ژن و منداڵە بەڵام تا ئێستا سەرپەنایەکی نییە و نەیتوانیوە کاولە خانوویەکی هەبێ. بیرم لەو چارەنووسە دەکردەوە و خەتێکی ڕاست و چەپم بەسەر دەستەڵاتدارانی وڵاتانی سوریاو تورکیاو عێراق و تێکڕای وڵاتانی عەرەبیدا دێنا. دیسان دەگەڕامەوە بۆ دایکی نیشتیمان و ستایشی ئاو و هەواو خاکەکەیم دەکرد. سەختی ژیان و جیاوازی بیروڕام لەگەڵ باوکم لە دوڕیانێکیان هێشتبوومەوە، لەپێش چاوم خوشکە ئازیزەکەم دەتوایەوە و وشک هەڵدەهات.

لە پایزی ١٩٤٢ دواجار وینەتانی حەکیمی ئەرمەنی بە باوکمی گوت ئاسییە کاری تەواوە لە مانگێکی دیکە زیاتر ناژی و دەمرێ. لە حاڵێکدا ئاسییە بە چاوە بێ ڕەونەقە کانیدا ئاگری هەناوی منی لە چاوە پڕ لە فرمێسکە کانمدا دەخوێندەوە و فرمێسک بە سەرکوڵمە ساردە کانیدا دەهاتنە خوار، دەپیرسی قادر گیان وینەتای حەکیم دەڵێ من دەمرم؟ دەمگوت نا خوشکم وانییە. دەیگوت بۆخۆم گوێم لێبوو. ئاسییە دەیگوت:

«ماڵە نەفرەتیەکەی خاڵم تووشی ئەو ڕۆژگارە ڕەشەی کردم، باشبوو بە شاگردیان وەرنەگرتی دەنا تۆش تووشی ئەو دەردە پیسە دەبووی.» دەیگوت:

«قادر گیان توخوا زوو زوو وەرە سەرگۆڕەکەم. درەختێک لەسەر گۆڕەکەم بڕوێنە و ئاوی بدە تا سەوز دەبێ، هەرکاتێک هاتی لەژێر سێبەری ئەو دارە دابنیشە، ئەوسا رۆحم ئاسوودە دەبێ و تۆ دەبینێ و کردارە باشەکان دەبینێ.»

چەندە کاتێکی تاڵ و ناخۆشبوون! هەموو خۆیان لە خوشکم بەدوور دەگرت. من وەک پەپوولە بەدەوریدا هەڵدەسووڕام، چیگوتبای بۆم جێبەجێ دەکرد. ئاخر لە گیانی خۆم خۆشتر دەویست، ئاسییەی گیانم بەوپەڕی دەردو ئازارەوە لەم دنیایە رۆیشت و دەریایەک خەم و کەسەری بۆ بەجێهێشتم. ئەو مەرگە لەناکاوە بووبە خاڵێکی وەرچەرخان لە بڕیاردانی ئایندەی پڕ لە کێشەو نادیارمدا.

هەر ئەو ساڵە چەند گەنجێکی پێگەیشتوو و، لاوچاک بە نەخۆشی گرانەتا مردن یەکێک لەوانە هاوڕێی قوتابخانەم محەمەدی مەحموودیان بوو، کە حەسرەتی ئەوینی کچە دراوسێکەی بردە ژێر گڵ. ساڵێکی زۆر تاڵ بوو بەڵام چارەنووسساز بوو.

ئەو برە پارەییەی باوکم وەک خەرجی رۆژانە دەیدامێ دەمدایە مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی، تا زوو فێری ئەو دوو زمانە ببم بەڵکو رۆژێک بە کەڵکم بێن. دەرسی عەرەبیم لەلای مامۆستا یان شێخ ئەحمەدی مەولایی و مەلا حسێنی گڵۆڵان دەخوێند، جارجارەش دەچوومە لای مامۆستای پایەبەرز مەلا حسێنی مەجدی، زانایەکی هەڵکەوتەو بەناوبانگ بوو، بێ ئەوەی هیچ چاوەڕوانییەکی لە من هەبێ رێنوێنی دەکردم و زۆر بابەتی زانستیشی بۆ شیدەکردمەوە.

بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزیش دەچوومە نەخۆشخانەی مەهاباد و لەلای مادام میس دالی[٣٦] سویدی دەمخوێند کە ئینگلیزی باش دەزانی. دەرسی ئینگلیزی پێدەگوتم و لە ژیانی پڕ لە چەرمەسەری خۆیەوە دەرسی ژیانیشی فێردەکردم. خودا لێی خۆشبێ. هاوسەری ئاغای حەبیبی بوو، کوڕێکی بە تواناو لەبەردڵان بوو، بە مستەفا دالی ناسرابوو، کە لە شانۆگەری دایکی نیشتیمان رۆڵی سەرەکی دەگێڕا. لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیدا باش چووبوومە پێش، گوێم لە رادیۆ بێگانەکان رادەگرت و بۆ خەڵکم وەردەگێڕان و رای خۆیشم دەردەبڕی. ئەوە تاکە هۆکارێک بوو بۆ دەربڕینی بیروڕای تایبەتی خۆم.

---

[٣٦] میس دالی یان خاتوو دالی خەڵکی سوید بوو کە شووی بە کابرایەکی مەهابادی کردبوو لە نەخۆشخانە خزمەتێکی بەرچاوی دەکرد.

گوشاری چەکدارە عەشایرەکانی دەوروبەر، بەرەبەرە ڕێکخراوی پیشەوەرانی ناچارکرد هەیکەلی خۆی بگۆڕێ و وەک حزبێکی سیاسی بە ناوی ژێ کاف[٣٧] دەربکەوێ. ئەو حزبە بەرەبەرە تەواوی ئیدارەی شاری بە ئاشکراو بە نهێنی وەرگرت و لەگەڵ نوێنەرانی سیاسی سۆڤیەت راستەوخۆ لە پەیوەندیدا بوون. چ لە تەورێز یان ورمێ یان لە تاران. دوای ماوەیەک داوەتی قازی محەمەدیان کرد و بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژێ کاف. کۆمەڵە ئەوی وەکو ڕێبەری میللی و پێشەوا قبووڵ کرد. قازی محەمەد بوو بە بڕیاردەری کۆمەڵەی ژێ کاف و هەموو ڕێبەرە سیاسییەکان پەیڕەوییان لێدەکردو پرسوڕاوێژیان پێدەکرد.

بۆیە بە پێویست زانرا سەرۆک هۆزەکان بانگهێشت بکرێن و پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەیان لەگەڵدا باسبکرێ. لە ساڵی ١٩٤٣ – ١٩٤٤ چەندین جار سەرۆک هۆزەکان هەر لە ماکۆوە تا کرماشان بە چەکدارەوە بۆ مەهاباد بانگهێشت کران و گفتوگۆیان لەگەڵ کرا. مەهاباد توانای لە خۆگرتنی ئەو هەموو میوانە چەکدارەی نەبوو، بۆیە بە ناچاری بەسەرماڵاندا دابەشیان دەکردن. بارودۆخی ژیانی خەڵکیش هێندە باشنەبوو کە بنەماڵەیەکی کەمدەرامەت وەڵامدەرەوەی ئەو میوانە چەکدار و نەناسانەی هەبێ. کاروکاسبی بەرەبەرە رووی لە کزی دەکرد، بێگومان بوونەسەرباری بنەماڵەیەکی کەمدەرامەت دەرەقەتی نەدەهات. بۆیە لێکەوتەی خراپی هەبوو لەناو خەڵکی شار و ناڕەزایەتییەکان زۆر بوون. رۆژێک حەوت چەکدار لەگەڵ زیرۆی هەرکی هاتنە ماڵی ئێمە، باوکم زۆر دەستکورت ببوو، هەموو داهاتمان ئەو بڕە پارە کوتاڵە بوو کە رۆژانە دەمبردە دوکانێ و دەمهێنایەوە، بەحاڵ گوزەرانمان پێدەکرد. باوکم زۆر تورەبوو لە ماڵێ وەدەرکەوت، منیش کە ئاگام لێبوو دەمزانی توڕەیەو لەوانە شتێکی نەخوازراوی بۆ بێتەپێش، وەدوای کەوتم. باوکم بەرەولای شارەوانی دەڕۆیشت، مامەغەنی خوسرەویان سەرۆک شارەوانی بوو، لەگەڵ زیڕۆی هەرکی روبەروو بوونەوە. باوکم چووەلای مامەغەنی گوتی بەڕێز خوسرەوی ئەگەر کەس نەزانێ جەنابت زۆر باش ئاگات لە حاڵوگوزەرانی منە، چۆن دەتوانم میوانداری چەکدارانی زیڕۆ بکەم و خواردنیان بدەمێ. مامەغەنی هیچی نەگوتبوو زیڕۆ لە مەسەلەکە حاڵی بوو بەسەریدا شیڕاند. لەوکاتەدا دوو چەکداری زیڕۆ تفەنگیان راداشتە من و باوکم و گوللەیان وەبەردا. خوا رەحمی کرد مامە غەنی خوسرەوی بە پێکەنینە

---

[٣٧] ژێ کاف: کورتکراوەی دوو وشەی ژیانەوەی کوردە.

سحراویەکەی زیڕۆ و پیاوە شەڕانیەکانی هێور کردنەوە، زیڕۆ لە چەکدارەکانی ڕاخوڕی ڕاوەستن.

مامە غەنی زیڕۆی بردە پەنایەک و ماوەیەک پێکەوە قسەیان کرد و لەکۆڵ شەڕی ئەو کابرا شەڕانیەی کردینەوە. خودا لە مامە غەنی خۆشبێ. پیاوێکی چاکەکار و شەریف بوو. دەیانگوت لە چێشتخانەی ماڵی مامە غەنی خوسرەوی هەموو ڕۆژێ حەوت هەشت سینی خواردن بۆ ماڵە هەژارەکان دەچوو، هەرچەندە بۆ خۆیشی هێندەی بە گورچوانەوە نەبوو، بەڵام خودای مەزن هیچ کات ئەو کابرا سەخی و نانبدەیەی موحتاج نەکرد.

لە خەرمانانی ١٩٤٥ قەراربوو ڕێزدار قازی محەمەد وتارێک بۆ خەڵکی مەهاباد بخوێنێتەوە و داوا لە هاوشاریانی مەهاباد بکات ددان بەخۆیاندا بگرن و گوێ نەدەنە پیلان و دەسیسەی هەندێک لە سەرۆک هۆزە ئاژاوەگێڕەکان. هەر بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ هەندێک لە کەسەکانی لە ماڵەکەی هاتەدەر، لەپێش شارەوانی خەڵکێکی زۆر کۆببوونەوە کە پێشتر زانیبوویان، دەیانویست لەو کۆبوونەوە فراوانەدا لە زمان قازییەوە گوێبیستی ئەو ڕووداو و پێشهاتانەبن.

ئەحمەد قەوام سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی ئێران لەگەڵ ستالین لە کەین و بەیندابوون. هەروەها دەنگۆی ئەوەش هەبوو کە لە مەهاباد حزبێکی کۆمۆنیستی نوێ دامەزراوە بە ڕێبەرایەتی میرزا غەفووری مەحموودیان و دژایەتی دەستەڵاتی قازی محەمەد دەکەن و ڕۆژ بە ڕۆژیش لە زیادبووندان. کاتێک جەنابی قازی محەمەد لە بەرامبەر خەڵک ڕاوەستا و دەیویست قسەبکا، لەناکاو لە بەرزایی پێش شارەوانی کە ژمارەیەک چەکداری تورە کۆببوونەوە کاک حاجی (ک. ب)ی مێردی پوورم بە دەنگێکی بەرز ڕووی لە قازی محەمەد کرد و قسەی ڕەق و ناشیرنی پێگوت و داوایکرد گۆڕەپانەکە جێبهێڵێ و ڕادەستی خەڵکی بکات، یانی مەبەستی ئەو کەسانەبوو کە لە دەوری کۆببوونەوە.

من لەو کۆڕەدا لە پەنا قازی محەمەد بووم تەنیا دوو مەترمان نێوان بوو، بێئاگا لەو پیلانەی پێشتر داڕێژرابوو، سەرم سوڕمابوو. لە پەنا قازی چەند کەسێکی چەکداری لە خۆبووردوو ڕاوەستابوون، بە بچووکترین ئاماژە لەوانەبوو گەرماوی خوێن هەستێ. لەو ساتە هەستیار و ناسکەدا جەنابی قازی محەمەد زۆر بە دڵفراوانی و گەورەیی خۆی، بێ ئەوەی قسەیەک بکا یان وەڵامێکیان بداتەوە بەوپەڕی ویقارەوە

گەڕایەوە ماڵێ. بەو هەنگاوە زانایانەو وردبینانەی جەنابی قازی ئەو پیلانە ترسناکە هەڵوەشایەوە.
بەڵام لەناو خەڵکدا ئەو دەنگۆیە بڵاوبۆوە کە ئەو راپەڕینە لەژێر سەری میرزا غەفوری مەحموودیاندا ئەنجامدراوە، هەروەها دەشیانگوت بەڕێز مەحموودیان لەوانەیە بێتە جێگای قازی و ناوچەکە بەڕێوە ببات. نەماز عەلییۆفیش بەوە رازیببو، گۆیا ئەو بۆ ئەو کارە ترسناکە گوشاری بۆ هێناوە. میرزا غەفوور یەکێک لە کەسایەتییە دیارو خۆشەویستەکانی مەهاباد بوو. کەمتر لە کاروباری سیاسیدا بەشداری دەکرد. میرزا غەفوور کەسێکی ئارام و لەبەردڵان بوو. ئەو قسانەی کاک حاجی بە گومانی ئەوە لێکدرانەوە کاک غەفوور لە پشتییەوە بێت.
لە کۆبوونەوە تایبەتیەکاندا ئەو بابەتانە باسدەکران کە میرزا غەفوور ناچێتە ژێرباری نەماز عەلییۆف و باوەڕ بە قسەکانی ناکات، بۆیە دەبێ سزای خۆی وەربگرێ. نەماز عەلییۆف هەوسار بەدەستی (ئێم. گ. ب)[38] بوو، بۆ ئەوەی پەیوەندییە نهێنیەکانی لەگەڵ میرزا غەفوور ئاشکرا نەبن وای نیشاندەدا گۆیا میرزا غەفوور لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی پەیوەندی هەیە و سیخوڕی بۆ ئێران دەکا. بۆیە ئەگەر سیخوڕییەک لەو ناوچەیە هەبێ حەتمەن دەسیسەی یاریەکانی نەماز عەلییۆف ئاشکرا دەبن و لە کەناڵە راگەیانە جیهانییەکانەوە بڵاودەبنەوە و هەموو کەس دەیزانن.
دوای دوو رۆژ لە راگەیاندنی حکومەت لەلایەن قازی محەمەد و دەستبەکار بوونی ئەو، بۆ ترساندنی دژبەرەکانی دەبوایە کەسایەتییەکی دیاری ناوچەکە ببێتە قوربانی و سەرۆک هۆزەکانیش حسابێک بۆ خۆیان بکەن. نەماز عەلییۆف بەو کارە شەرمەزاریەی تاوانێکی دیکەی خستەسەر تاوانەکانی ستالین و خەڵکەکەی بە تەواوی خستە ژێر رکێفی ئیدارەی مەرکەزی سۆڤیەت، یانی یەکەی چالاک لە باکۆ بە سەرۆکایەتی میرجەعفەر باقرۆفی لەزگی کرد. کەواتە بە فەرمانی نەماز عەلییۆف میرزا غەفوور بۆ شارەوانی بانگ دەکرێ لەبەر ئەوەی ئەو ئاگاداری ئەو پیلانە نەبوو بێترس لەگەڵ سەعیدی حەمە قالەی دەچێتە شارەوانی، گۆیا دەڵێن بە مەبەستی رێزگرتن لە کەسایەتی میرزا غەفوور پێیدەڵێن ئەگەر بە ناوەڕاستی بازاڕیدا لەگەڵ خۆمانت ببەین، بۆ کەسایەتی تۆ باشنابێ بۆیە واباشترە بە مەیدانی ئاسنگەراندا و بە کۆڵانی جولەکەکاندا بچینە شارەوانی. میرزا غەفووری بەستەزمان سوپاسی ئەو

[38] دەسگای ئام گ. ب: دەسگای سیخوڕی سۆڤیەت بوو.

ناکەس بەچانە دەکاو لە پێشیانەوە دەڕوا و لەبەر دەرگای ماڵی دادە نیسانی زێڕنگەری جولەکە لە پشتەوە یەک گوللەی لە کەللەسەری دەدەن و مێشکی دەپژێنن.
بێگومان قازیش ئاگای لەو پیلانە نەبوو هەتا دەڵێن کاتێک ئەو هەواڵەی بیست دەستیکرد بە گریان و ئەو رۆژە هیچ شتێکی نەخوارد و هەر لەگژفکران راچوو بوو.
نەماز عەلییۆفی ترسنۆک بە کوشتنی میرزا غەفوور هەم دەیویست زللەیەک لە بناگوێی سەرۆک هۆزەکان بسرەوێنێ و هەم ئەو کەسەی پێشنیارەکەی رەتکربۆوە لە ناوی بەرێت و بەو ئاوە ئاگرێک بکوژێنێتەوە.
خەڵکی مەهاباد ئەو کردەوە قێزەونەیان بە بەدبەختیەک لێکدەدایەوە و بە پێ و قەدەمێکی شوومیان دەزانی. لە بەرامبەر خۆیاندا دێوەزمەیەکی ترسناکی دیکتاتۆرێکیان وێنا دەکرد. بیریان لە دەرەنجامی کارەکە دەکردەوە.

قازی محەمەد،
کۆماری مەهاباد و گێڕانەوەیەکی نوێ[٧]

لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٤ و سەرەتای ١٩٤٥ سیاسەتەکانی پشتی پەردە زیاتر دەرکەوتن. لە مەهاباد چاپخانەی کوردستان دامەزرا. لە نێوان تەورێز و مەهاباد سەرکردە سیاسیەکانی حزبی تودە و کۆمەڵەی ژێ کاف هەر لە هاتووچۆدا بوون. حزبی تودەی مەرکەزیش کەسانی خۆی بۆ ئەو ناوچەیە دەنارد. دەنگی خودموختاری[٣٩] لە ئازەربایجان و کوردستان رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبوو. حکومەتی ناوەندیش بۆ راکێشانی سەرنجی خەڵک بۆ کۆپین (بایەعی) قەند و چایی بەسەر هەندێک خەڵکدا دابەشدەکرد. تاوایلیهات سەرۆک هۆزەکان بۆ وەرگرتنی زیاتری قەند و چایی ناسنامەیان لە هەموو دانیشتوانی گوندەکان وەرگرت بۆ کۆپین. ژمارەی خەڵکیش رۆژ بە رۆژ هەر لەخۆڕا زیاد دەبوون. زۆرداران زیاتر قەند و چایان وەردەگرت و سوودێکی زۆریشیان وەردەگرت، وەک دەڵێن خەڵکانی بەرژەوەندخواز روویان لە دوو قیبلان کرد. رووگەیەک قەند و شەکری تاران و رووگەیەکیش سەرۆک هۆزی و وەزارەتی خەیاڵی و چەکدار بوون و لە ئایندەیەکی نزیکدا سازان لەگەڵ ستالین، چونکە ئەویان بە رزگارکەری مرۆڤایەتی دەزانی. بێئاگا لەوەی ئەو تاوانبارە مێژوویە رووی چەنگیزخانی سپی کردۆتەوە.

رووسەکان لە بیری ئەوەدابوون ئازەربایجان و کوردستان لە ئێران داببڕن. لەو یاری شەترەنجە سیاسیەدا خەڵکە هەلپەرست و لە خۆبایی و چاوچنۆکەکان زیاتر کەڵکیان لە کەسانی راستگۆ و نیشتیمان پەروەری وەک قازی محەمەد وەردەگرت کە تاکە کەسبوو لە گۆڕەپانەکە. گەندەڵی بەسەر پاکیدا زاڵ دەبوو. لە تاریکی ئەنگوستەچاودا ئەگەر چرایەکی بێ شەوقیش ئایسابا هەر دیار بوو، بۆیە بە حوکمی تەقدیر و بە گوشاری باڵای کۆمەڵەی ژێ کاف و لەژێر کاریگەری تەورێز و لە سەرووی ئەویش،

---

[٣٩] خودموختاری: خۆ بەرێوبەری. ئۆتۆنۆمی.

کۆمەڵە بوو بە حزبی دێموکراتی کوردستان. لە تەورێزیش فیرقەی دێموکرات دامەزرا و خودموختارییان ڕاگەیاند. لە تەورێز پیشەوەری و لە مەهابادیش قازی محەمەد دەستەڵاتی حزبیان بە دەستەوەگرت، بەڵام کەسایەتی ئەو دووانە زۆر لێک جیاواز بوون.

قازی محەمەد لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ١٩٤٥ وەکو پێشەوا هەڵبژێردرا و بە خەڵکی گوت ئەو کورسی سەرۆکایەتییە کورسی سێدارەشی بەدوادا دێ. هەروەکو چەند جاریکی دیکەش گوتوومە من لە خەڵکم و خوازیاری ئاشتی و ئازادیم. دەمەوێ دادپەروەری لە وڵاتەکەمدا باڵادەستبێ و خەڵک لە بەختەوەری و ئازادیدا بژین.

لەو دانیشتنەدا حاجی سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی کەسایەتی دیاری ئاینی و حاجی بابەشێخ و مەلا مستەفای بارزانیش ئامادە بوون. ئەوەش نیشانەی لایەنگری کەسایەتییە ئاینییەکان بوو لە قازی محەمەد دژی ڕژێمی پەهلەوی. زیرۆ بەگی هەرکی بە فەرمانی نەماز عەلییۆفی ئەفسەری (ئێم. گ. ب) دوای وتارەکەی قازی محەمەد هەندێک قسەی هەڵیت و پەڵیتی کردن و هێرشی کردەسەر جەنابی حاجی سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی و تۆمەتی هاوکاریکردنی ئینگلیزی خستەپاڵ، قازی محەمەد ژیرانە قسەکانی زیرۆی ڕەتکردنەوە و پەسنی کەسایەتی میللی حاجی سەید عەبدوڵڵای کرد و درووودی بۆ باوکی شەهیدی شێخ عەبدولقادری شەمزینی نارد کە بە دەستی مستەفا کەمال شەهید کرابوو، ڕێزی لە بنەماڵە بەڕێزەکەیان گرت. ئەو خەڵکانەی لە ڕۆژی ئازادی کوردستانی خودموختاردا ئامادەبوون زۆر نیگەران بوون کە ڕێگرێکی بێشەرمی وەک زیرۆ چۆن جورئەتی کردووە بە فیتی کابرایەکی بێگانە ئەو قسە هەڵلەق مەڵلەقانە بکا و دەبوو سزای خۆی وەرگرتبا. بۆ بەیانی لە مەیدانی چوارچرا گردبوونەوەیەکی فراوان لە مەهاباد سازکرا و مانۆرێکی سەربازیش بەڕێوەچوو وێنەی ڤیدیۆیشی لێ هەڵگیرایەوە، هەروەها سێ ئەفسەری رووسیش کە لە ئۆتۆمبێلێکدا بوون، لە دوورەوە تەماشایان دەکرد. بەکرێگیراوان و خۆفرۆشان هەر لە هاتوچۆدابوون و قسەیان بۆ دەبردن.

هەر ئەو ڕۆژە مەڵبەندی مەهاباد و چەند شارێکی نزیک و تەواوی ئازەربایجان حکومەتیان ڕاگەیاند و پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ناوەند پچڕاند. مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەفسەرانی سوپای عێراق لەو کۆڕە فراوانەدا بەشدار بوو. پێشمەرگەکانی بارزانی چەند مانگ لەمەوبەر هاتبوونە کوردستانی ڕۆژهەڵات، دوای

چەندین ساڵ شەڕ لەگەڵ حکومەتی خۆفرۆشی نووری سەعید و لە ژێر گوشاری هێزی ئاسمانی ئینگلیز ناچاربوون پەنا بۆ ئێران بێنن و لە کوردستان و لە بەشی ئازەربایجانی رۆژئاوا بگیرسینەوە. پیشمەرگەکانی بارزانی دژی جموجووڵەکانی رژێمی ئێران چالاکانە بەشدارییان هەبوو جووڵە سەربازییەکانی بەرەکانی شەڕی شکست پێهێنا و دەوڵەتیان وەزاڵە هێنابوو. هەندێک لە پێشمەرگەکانی بارزانی بەهۆی تووشبوون بە نەخۆشی گرانەتاوە مردن. بنەماڵەی بارزانی لە بارودۆخێکی زۆر دژواردا تا هاتبوونە کوردستانی رۆژهەلات. بارزانی هاتە قوتابخانە چوارپۆلیەکەی ناوەندیمان کە چەند مانگێک بوو دروستکرابوو، دەربارەی نیشتیمان پەروەری و خەبات دژی ئیستیعمار قسەی بۆ کردین و ئێمەش چەپڵەمان بۆ لێدا. چەند ئەفسەرێک کە لەگەڵ بارزانی هاتبوونە مەهاباد لە قوتابخانەکەی ئێمەدا دەرسیان دەگووتەوە لەوانەش مستەفا خۆشناو و خەیروڵڵا بوون.

هێندەی پێنەچوو دەنگۆیەک لەناو خەڵک بڵاوبۆوە کە قوتابییان دەنێرن بۆ دەرەوەی وەڵات یانی بۆ یەکیەتی سۆڤیەت. پێشتریش لەلایەن رێکخراوی فەرهەنگی ئیران و سۆڤیەت (ڤۆکس)ەوە ژمارەیەک قوتابی لە تەورێز و مەهابادەوە بۆ کۆلێژی پزیشکی باکۆ نێردرا بوون و هەواڵی خۆش و سەرکەوتوویان لێدەگێڕانەوە. ئەو هەواڵە خۆشی خستبووە ناو دڵی قوتابیان و گەنجانی تینووی زانست و فێربوون. هەر هەموو داوایان دەکرد. بەڵام هەتا کوڕە سەرۆک هۆز و دەوڵەمەند و دووڕوو هەبن کوا بۆ کوڕە هەژاران.

ئەو کەسانەی دەستڕۆیشتوو بوون منداڵەکانیانی خۆیان وەپێش دەخست، بۆ رۆژی مەبادا ئەگەر ئەوەش نەبا ئەوە بێ، حکومەتی سۆسیالیستی سۆڤیەتی لەوانەیە لە ئێران دابمەزرێ هەر هیچ نەبێ دەبێتە پەناگایەک و کوڕەکەیان خوێندن تەواو دەکاو هیچ نەبێ رۆژێک دەفریایاندێ، چەندە خەڵکانی دووڕوو بوون.

منیش وەک هەزاران کەس داوانامەیەکم نووسی، بەڵام ئومێدێکی ئەوتۆم پێنەبوو، تا نامەکەی من لەناو ئەو هەموو نامە دەستڕۆیشتوانەدا بگاتە جێی خۆی و ئاوڕێکم لێ بدەنەوە.

نامەکانیان دەبردنە لای جەنابی قازی محەمەد، لەناو هەموو نامەکاندا چەند نامەیەکیان بۆ ئاشنابوون لە جۆری داواکارییەکەیان دەخوێندنەوە. یەکێک لەو نامانە نامەکەی من بوو کە بە دەستی گەیشت. کاتێک جەنابی قازی محەمەد نامەکە

دەخوێنێتەوە، شیعرەکەی منی وەبیر دێتەوە کە لە کۆڕەکە خوێندمەوە و بەدڵی بوو، دەڵێ ئەو گەنجەش لەگەڵ قوتابیانی سەرۆک هۆزەکان و هەندێک لە خەڵکانی زەحمەتکێش بنێرن کە زۆرم مەبەستە. باوکم ئاگای لەو کارەی من نەبوو.
لە یەکێک لە رۆژەکانی رەشەمەی ١٩٤٥ ئاگادار کراینەوە، بە ریز راوەستا بووین، قازی محەمەد قسەی بۆ دەکردین و ئامۆژگاری دەکردین، ناویان خوێندینەوە و سواری گەلابەیەکیان کردین، باوکم بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە هاتەلام و بەناچاری گوتی: «کوڕم بە تەنیا بەجێم دێڵی، بڕۆ بەخودات دەسپێرم.»
با ئەوەشمان لەبیر نەچێت پێیانگوتبووین کە لە سۆڤیەت هەرکەسێک حەزی لە چ رشتەیەک بێت دوای تێپەڕاندنی دەورەی سەرەتایی فیربوونی زمان و وەرگرتنی دیبلۆم دەتوانێ بچێتە رشتەی خوازیاری خۆی لە کۆلێژ و زانکۆ.
نزیکەی پەنجا قوتابی کورد بووین چووینە تەورێز. چەند رۆژێک لە سەربازگەکانی تەورێز ماینەوە کە لەلایەن فیرقەی دیموکرات و رووسەکانەوە بەڕێوە دەبرا، هەر لەوێ پشکنینیان بۆ کردین و دەرزی دژە بەکتریایان لێداین، سواری شەمەندەفەری باری کراین کە نزیکەی چوارسەد قوتابی دەبووین بەرەو باکۆ وەڕێکەوتین. دوای ئەوەی لە سنوور تێپەڕین و چاومان بەو بارودۆخە نالەبارەی خەڵکە برسیەکە کەوت کە بە حیساب دوای ئەو جەنگەی نیشتیمانی دروستببوو، تازە وەخۆدەهاتینەوە کە دەمانەوێ دەچینە وڵاتی برسییەکان. چونکە لە هەر وێستگەیەکی شەمەندەفەر رادەوەستاین سەدان ژن و پیاو و منداڵی نیوەڕووت و برسی هێرشیان بۆ واگۆنەکان دێناو داوای نانیان دەکرد. چەند قوتابییەکی هێزی ئاسمانیشمان لەگەڵ بوون کە پێشتر لە سوپادا فڕۆکەوان بوون و بۆ تەواوکردنی خوێندن بۆ کیرۆف ئاوا نێردرابوون، هەمان گەنجەی کۆن کە زادگای حەکیمی نیزامی شاعیری بە ناوبانگی ئێرانی بوو، لەوێ کۆلێژێکی فڕۆکەوانی جوانی لێبوو. بە درێژایی رێگاکە کە سێزدە رۆژی خایاند فڕۆکەوانەکانی ئایندەی کۆماری خودموختاری ئازەربایجان لێمان جیابوونەوە. کاتێک گەیشتینە باکۆ بردیانینە قازارما شوێنی حەوانەوەی کۆلێژی ئەفسەری سالیانسکی کە بە سالیانسکی قازارما ناسرابوو. شەوێ درەنگ گەیشتینە کۆلێژی ئەفسەری ئەوەش بۆ ئەوە بوو خەڵک نەمانبینن. بردیانین بۆ گەرماو جلوبەرگیان لێوەرگرتین خستیانە ناو بوخچەیەکی تایبەت و ناوی خۆمانیان لەسەر نووسین و ژمارەیان لێدا و ژمارەشیان وێداینەوە و جلوبەرگی سەربازیان پێ

لەبەرکردین. جا هەبوو گەورە بوو، هەبوو گچکە بوو. زۆر پێکەنیناوی بوو، بەڵام سەرمان سوڕمابوو، ئاخر بۆ پێکەنین نەدەبوو. لە یەکتریمان دەپرسی خۆ بە ئێمەیان گوتبوو هەر جێگایەک بمانەوێ دەمانبەنە ئەوێ، بەڵام بۆ سەربازگەیان هێناوین؟ پێشتریش قوتابیان بۆ کۆلێژی پزیشکی باکۆ ناردبوون، ئەدی بۆچی نامانبە لای ئەوان؟ هیچ چارەیەکمان نەبوو. نە زمانمان دەزانی و نە یەکتریشمان دەناسی، قەرەوێڵەی شوێنی نووستنمان ئاسن بوو دوو قات بوو. دەمویست بچمە قاتی سەرێ ئەوێم پێخۆشتر بوو، کاتێک دەمویست سەرکەوم قوتابیەکی ناقۆڵای چاو وریلانە قاچی گرتم و رایکێشامە خوارێ. ئەو رقە بێجێیە لە یەکەم شەوی کۆلێژی ئەفسەری لەگەڵ کەسێکی ئێرانی بەلامەوە زۆر ناخۆشبوو. منیش پاڵێکم پێوەناو دیسان ویستم سەرکەومەوە، ناوی نووری ئازەر بوو، شەڕەکە ساز ببوو کە سەید کەریم ئەیوبی هات لێکی کردینەوە، من چوومە قاتی دووەم و خەوتم، سەید کەریمیش لە قاتی خوارێ درێژ بوو یەکسەر خەوتین. خەوێکی قوڵ لە وڵاتی غەریبایەتی، ژیانێکی تازەو نادیار.

سەعات شەشی بەیانی بە دەنگێکی گڕی عەریفێکی رووسی کە گوتی (پادیۆم) هەستن، دەرپەڕیم. هێشتا هەوای سارد بوو. جلکەکانمان هاوینی و تەنک بوون. خێرا جلکەکانمان لەبەرکردنەوە. لە پەلەپەلیان سەراوبن لەبەرمان دەکردن، یەکێک پانتۆڵی لەسەری دەکرد و یەکێکیش چاکەتەکەی لەپێ دەکرد. پازدە خولەک خەریکی جلک لەبەرکردن و پۆستاڵ لەپێکردن بووین، بەرەو کۆلێژ غارماندا و بە فەرمانی سەردەستە کەوتینە غاردان. سەعاتێک خەریکی وەرزشی بەیانی بووین. ئینجا کردیانینە دەستە دەستە، ئەوەی زانیاری زیاتر بوایە دەیانبردە بەشی تۆپخانە و هاوەن، ئەوانیدیش بۆ دەستەی ڕەشاش و پیادە لێکیان جیاکردینەوە. هەر هەموویان تێکەڵ کردین، ئازەری کورد و ئەرمەن و ئێرانی.

رووسی زان و تورکی نەزان هەمووی بە زمانی ئازەری لە کۆلێژدا دەرسیان پێدەگوتین، ئەو رۆژە دوای وەرزشی بەیانی بردیانین بۆ چێشتخانەی ستۆلۆیا بۆنێکی ناخۆشی شۆربای ماسی دەهات هەموو دڵمان گیرا. کوردەکان زۆربەمان نانی بەیانیمان نەخوارد تەنیا کەمێک نانەڕەقەمان خوارد، بە برسیەتی گەڕاندنیانینەوە مەیدانی راهێنان. من وەبەر سریەی تۆپخانە کەوتم. ئازەریم دەزانی ئەویش ئازەری ئێرانی نەک قەفقازی. هەر لە یەکەم رۆژەوە کەمتر لە قسەی ئەفسەران و فێرکارانی

کۆلێژ حاڵی دەبووم، بەڵام بەرەبەرە باشتر بووم و خوازیاریم بۆ فێربوونی زمان زۆر باشبوو. لەو سریە ئەو کوردانەم لەگەڵ بوون، سەید کەریم ئەیوبی، سەید تەها ئەیوبیان، محەمەد رەببانی، عەلی گەلاوێژ، ئەحمەد فاتحی و حەسەن حیسامی. پێکەوە زۆر هاورێی گیانی بە گیانی بووین، لەگەڵ تێکرای قوتابییە ئازەریەکان هاورێ و میهرەبان بووین. وانەکانی کۆلێژی ئەفسەری بۆ ئێمە زۆر چڕ و دژوار بوون ئەویش لە رۆژانی سەرەتادا زۆر تاقەت پڕووکێن بوون، ئاخر دەبوو لە ماوەی ساڵێکدا کۆلێژی ئەفسەری تەواوبکەین و بگەڕێینەوە نیشتیمان، بۆیە وا بڕیار درابوو کە هێزی دێموکرات لە ئازەربایجان و کوردستان بە ئێمە بسپێردرێ و ئێمە راهێنان بە ئەفسەرەکانی خۆمان بکەین و فێری هونەری شەڕیان بکەین.

لە رادەبەدەر ماندوویان دەکردین و راهێنانیان پێدەکردین تا بۆ مانۆڕی ١ی ئایاری ١٩٤٦ لە مەیدانی کەناری خەزەر و بە ئامادەبوونی سەرۆککۆماری ئازەربایجان میرجەعفەر باقرۆفی دیکتاتۆر ئامادەمان بکەن. هەتا وای نیشانبدەن کە لە ماوەی مانگێکدا ئەو ئێرانیانەیان راهێناون، کە هیچیان لە هونەری شەڕ نەدەزانی لەگەڵ سەربازانی سوپای سوور مانۆڕ دەگێڕن. بەراستی یەکێک بوو لەوساتانەی لەبیرناچنەوە، بەوپەڕی هەژانەوە بە ریزی ٩×٩ ئێمە بەپێش تریبوونی میرجەعفەر باقرۆف و تێکڕای ئەفسەرە پلەبالاکانی (ئێم. گ. ب) لە تەنیشت سەرۆککۆمار میرجەعفەر بوو دەستەکانی ئێمەی نیشاندەدا ئەویش دەستی بۆ رادەوەشاندین و چەندینجار کڵاوە ڕەشەکەی بە ئاماژەی رێز بۆ ئێمە بەرز کردەوە. ئەفسەرانی رووس بە کڵاوی پێستی کە پێیاندەگوت قەراقۆل دەردەکەوتن. ئەفسەرانی کۆلێژی ئەفسەری هەموویان ئازەری بوون. پیاوانی قاڵبووی شەڕ و سیاسەتوانانی بە ئەزموون بوون لە فەلسەفەی مارکسیزم و لینینیزم، دەرسیان پێدەگوتین لەوانە، عەقید حەق ڤیدۆرۆڤ، عەقید ئەسلانۆف (عەقید ئەسلانۆف دەرسی سیاسی پێدەگوتین بۆ خۆیشی یەکێک بوو لەبەرپرسانی دیاری ئاسایشی سۆڤیەت کە لە دادگایی کردنی سەرانی نازی لە نۆرنبێرگ بەشداری چالاکانەی هەبوو) عەقید عەلیۆف، عەقید حاجیۆف، نەقیب ئاغایۆف، ژەنەڕاڵی رووسی مالچایۆف بەرپرسی کۆلێژ بوو. عەقید حاجیۆف بەرپرسی هەنگ بوو، نەقیب رەسوولۆف کە لە ئازەربایجان و کوردستاندا

خزمەتی سەربازی کردبوو، تەنیا شتێک کە لە ئێران فێری ببوو بە یادگاری لەگەڵ خۆی هێنابۆوە (پدرسوختە[٤٠]) بوو کە حەواڵەی قوتابیەکانی دەکرد.
حاجیۆف پیاوێکی باش و رووخۆش بوو، کاتێک بانگی دەکردین دەیگوت کوڕەکانم.
دەورەکەمان زۆر بەخۆشی دەستپێکرد، لە پڕێکدا لەلایەن حکومەتی ئازەربایجانەوە سەرو پارچەیەک شیرینی و چەرەساتیان بۆ ناردین. لە کوڕەکانیش جاوید و گاویان و شەبستەری و تێکڕای بەناو زڕە ئەفسەرانی دەوڵەتی شل و شلۆقی ئازەربایجان لە ئێرانەوە زوو زوو دیاریان بۆ دەهات و حاڵووەزعیان باشبوو، زۆربەشیان خزم و کەسوکاریان لە باکۆ هەبوو، رۆژانی پشوو دەچوونە ماڵە خزمەکانیان و هەستیان بە غەریبایەتی نەدەکرد. هەتا زۆربەشیان لە باکۆ لە دایک ببوون.
کاک رەحیمی قازای برازای قازی محەمەد پلەی نەقیبی ئیفتیخاری هەبوو سوودمەندی پلەکەی بوو، هەروەها حسێن فەتاحی پلەی مولازمی یەکی هەبوو. بێجگە لە ئێمە مەنزڵیشیان هەبوو ژیان و گوزەرانیان باشبوو. سەید عەبدولعەزیز کوڕی حاجی سەید عەبدوڵلا ئەفەندی کە پێشتر لە عێراق ئەفسەر بوو کۆلێژی ئەفسەری تەواو کردبوو، لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی بۆ ئێران هاتبوو، ئەویش لەگەڵ ئێمە بوو پلەی نەقیبی هەبوو، بەڵام رووسەکان زۆریان روو نەدەدایە و بەردەوام خستبوویانە ژێر چاودێری. پیاوێکی لەسەرخۆ زاناو خوێندەوار بوو، خۆی لە زۆر شت دەپاراست چاکەکار و دووربین بوو. خۆی لە سیاسەت بەدوور دەگرت. پێیوابوو رزگار بوون لەو داوە هێندە کارێکی ئاسان نییە، بۆیە پشوو درێژی و بێدەنگی هەڵبژاردبوو. ئەو بەڵێنانەی بە ئێمەیان دابوو بۆ درێژەدان بە خوێندن کە لە هەر جێگایەک بمانەوێ، بوونە بڵقی سەرئاو.
لەکاتی دەورەی فێربوونی هونەری سەربازی کاتێک عەقید عەلیۆفی ئەفسەری تۆپخانە گوتی پێش هێرشکردن دەبێ یەکەی تۆپخانەی ئێمە سەنگەرەکانی دوژمن بە چڕی تۆپباران بکەن هەرکاتێک دیتت لە سەنگەرەکانی دوژمن دەست و قاچ و کەللەسەر بە هەوادا بڵاوبوونەوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئامانجەکەمان پێکاوە! لەو قسەیڕا بەتەواوی حیسابی خۆم کرد. لەبەرخۆمەوە گوتم تۆ دەتویست ببیتە دکتۆر و خزمەت بە خەڵک بکەی و بەهانای بێنەوایانەوە بچی و چارەسەریان بکەی ئێستاش بتەوێ یان نا هاتوویە ناو جەرگەی بنیادەم کوژان و لەبەرەی ئەوانی؟ ئێستا دەبێ

---

[٤٠] پدرسوختە: ناپیاو، دەغەڵ، سەگباب. وەرگێر

بیکەی؟ زەمانی زەمانی ستالینی دیکتاتۆر و براوەی بەرلین و خوێنڕێژی بێ ئەمانە، ئەگەر هیچ دژکردەوەیەک نیشانبدەی کارێکت بەسەردێنن با بەدەواری شڕی نەکردبێ.

هەروا لەبەرخۆمەوە بیرم دەکردەوە و لەگەڵ خۆم دەدوام. لە تاقیکردنەوەی سێ مانگی یەکەمدا پلەی نایابم بەدەست هێنا. لەناو قوتابیە کوردەکاندا چوارکەسمان پلەی نایابمان بەدەست هێنا. من و عەلی گەلاوێژ لە فەوجی تۆپخانە و مەجید وەلیزادە لە فەوجی رەشاش و کاک سەید عەزیز شەمزینی لە ئەفسەرانی ئیفتیخاری سوپای سوور کە پلەی نەقیبی هەبوو، پلەی نایابی بەدەستهێنا، وێنەیەکی یادگاریشمان گرت لەگەڵ ژمارەیەک قوتابی پلە نایابی ئازەری.

هاوین خێرا تێپەڕی. چەند جارێک بۆ مەلەکردن دەیانبردینە کەناراوی شار و نزیک بەلواری باکۆ کە پڕ بوو لە گازوایل و رۆنەڕەشەی پیس، مەلەمان دەکرد کاتێک دەهاتینەدەر لە ئاوێکی خاوێندا بە سابوون خۆمان دەشووشتەوەو جلکی سەربازیمان لەبەردەکردنەوە، ریز دەبووین و بە خوێندنەوەی سروودی ئازەری دەگەڕاینەوە قازمارا.

دوای سەرماوەزی ١٩٤٦ کە سەربازو ئەفسەرانی سۆڤیەت لە ئێران گەڕانەوە و هەندێکیان هاتنە کۆلێژەکەمان و باسی بارودۆخە کارەساتبارەکەیان بۆ گێڕاینەوە کە بەرپرسانی سۆڤیەت چۆن فێڵیان لە ئازەری و کوردەکان کردووە و بەهۆی سیاسەتەکانی ستالینەوە هەڵخەڵەتێنراون ئەو خەڵکە سادەیەش بەهۆی سفتەبازە[٤١] پیشەییەکانی ستالینەوە لە بەرامبەر وەرگتنی نەوتی باکوور و فریوخواردنی ستالینی رێبەری شۆڕشی گەورەی ئۆکتۆبەر لە بەرامبەر قسە تەنزئامێزو بردنەوەو دۆڕاندنەکانی ئەحمەد قەوام، هەموومانی لە ناخەوە هەژاند.

ئێمە دەمانزانی کڵاویان لەسەر رێبەرانی ئێمە ناوە و ئێمەش لە جیاتی خوێندن لە کۆلێژە ئینسان دۆست و مرۆڤ سازەکاندا، بووینەتە گوللە تۆپ و یاری نا جوامێرانەی دەوران. ئەدی چارە چییەو دەبێ چیبکەین؟ هەموو وازمان لە خوێندن هێنا. قوتابییە کوردەکان ددانیان بە فریوخواردنی خۆیاندا هێنا، بەڵام ئازەرییەکان هێندە بەتەمای گەڕانەوە نەبوون، ئەوان مانەوە و درێژەیان بە خوێندنی خۆیاندا.

---

[٤١] سفتەباز: سفتە بەڵگەیەکی یاساییە وەك چەکی بانك وایە کەسێك یان لایەنێك دەیداتە کەسێك یان لایەنێك و برەکەی لەسەر دەنووسرێ و رێکەوتی دیاری کراوە و دەبێ برە دیاریکراوەکە بدات. لێرەدا سفتەباز وەك کڵاوچی بەکار هاتووە. وەرگێڕ

مانگرتنەکەمان سێ مانگ درێژەی کێشا، هەڕەشەو هاندان هیچ کاریگەری نەبوو، هەموو بڕیاری خۆمان دابوو، کە بگەڕێینەوە ئێران. ڕووداوی ۲۱ی سەرماوەزی ۱۹٤٦ ڕەنگی مانگرتنەکەی تۆختر کرد و کارگەیشتە جێگایەک هەندێجار قوتابیە بەکرێگیراوەکانی بێگانە پەرست موناقەشەیان دەگەیاندە تێکهەڵچوون، هەتا چەند جارێک بە دەمانچەی بێ فیشەک یانی سەرەنێزە هێرشیان دەکردینەسەر و برینداریان دەکردین.

ژەنەڕاڵە ڕووس و ئازەریەکان و کەسەسیاسیەکانی سەرووتر ئامۆژگارییان دەکردین و دەیانگوت ئایندەیەکی پڕشنگدارتان لە پێشە. خواردنە خۆشەکانی ئێرانی لە قازارمای کۆلێژی ئەفسەری سالیانسکی لە رستۆراندا شوێنی شۆربای ماسی گرتەوە و شیرینی و ڕۆنەکەرە لەسەر مێزی نانخواردن پەیدا بوون، بەڵام ئەو فێڵەشیان سەری نەگرت، هەموو یەکدەنگ گوتمان بشفرێ هەربزنە، بمانگەڕێننەوە بۆ ئێران. هەتا لە سالۆنی دانسیش کچە جوانە ڕووسەکان دەهاتن و داوایان لێدەکردین دانسیان لەگەڵ بکەین تا بەڵکو کوڕە ئێرانییەکان بخەنە داوی عشقەوە. هەست و خۆشەویستی نیشتیمان باڵی بەسەر هەمووشتێکدا کێشا بوو، دێوەزمەی ستالینیش کەسی نەدەترساند. تا لە کۆتاییدا بڕیارێک لە مۆسکۆوە هات قوتابییە کوردەکان لە قوتابییە ئازەرەکان جیابکەنەوە و نامەی خوازیاری خۆیان لێوەربگرن تا بزانین ئەوان چ بڕیارێک دەدەن.

پیشەوەری و غولام یەحیا لە سنوور هاتبوونە ئەو دیو، سەروکەڵلەی نوێنەرەکانیان لە کۆلێژی ئەفسەری دەرکەوتن. دڵنەوایی قوتابیەکانیان دەکرد و دەیانگوت نیگەران مەبن لە دوورخراوەیی دەوڵەت دادەمەزرێنین و هێندەی پێناچێ لەگەڵ سووپای سوور دەچینەوە بۆ ئێران، وادەکەین و وا دەکەین. ئەو فیلانەش کاریان لە قوتابییە کوردەکان نەکرد و بڕیاری کۆتایی بوو. وەرگرتنی بەڵێننامەو گەڕانەوەمان بۆ وەڵات نیگەرانی کردبووین، لەبەر ئەوەی گومانمان هەبوو، پێمانوابوو ستالین وا بە ئاسانی وازمان لێناهێنێ و ڕەوانەی ئێرانمان ناکاتەوە. ئەوەمان دەبیستەوە کە دەستوپێوەندەکانی ڕژێمی شا لە ئازەربایجان چ کوشتوکوشتارێکیان کردووە، ئەوەش ببووە مایەی ترس و دڵەڕاوکێمان.

هەر لەوکاتەدا دەنگۆیەک بڵاوبۆوە لەوانەیە قوتابیە کوردەکان لە جیات گەڕانەوەیان بۆ وەڵات، بۆ سیبیریایان بنێرن.

هەروەها لەناو خۆشماندا زۆر دوودڵ و سەرلێشێواو بووین. ڕەحمان گەرمیانی و سەید کەریم ئەیووبی و حسێن حیسامی و عەلی گەلاوێژ و ئەفسەری ئیفتیخاری ڕەحیم قازی و سەید عەبدولعەزیز، گوتیان ناگەڕێینەوە بۆ ئێران. کەواتە چارە چییە؟ بەڵێننامەیان لێوەرگرتبووین کە ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ئێران هەرچی بەسەرتانبێت لە ئەستۆی خۆتانە و ئێمە خەتابارنین! یانی بەرپرسانی سۆڤیەتی هێندە مرۆڤ دۆستن ئەگەر زیانێکمان پێبگات وەڵامیان دەبێت؟ وەڵامی کێ؟ دەوڵەتی شەق و شڕی پیشەوەری لە شارۆچکەیەکی نزیک باکۆ جێگای خۆیان گەرم داهێنا بوو. خەڵکی کوچەو بازاڕەکانی ئێران هیچیان لە سۆڤیەت نەدەویست تا ئەوان وەڵامدەرەوەیان بن. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەرگەرمی پیلانگێری خۆیان بوون. حکومەتی شا دژی ئەوە بوو ئازەربایجان لە ئێران داببڕن. پیلانگێڕان بە توندی سەرکوتی ئازادیخوازانیان دەکرد.

بۆیە دەبوو ئەو ماستەبێ موو نەبێ، ئەگەر ئەو شەمەندەفەرەی ئێمە پێی دەگەڕاینەوە نیشتیمان، بەرەو سیبیریا چووبا ئێمە نەشماندەزانی بە شەو دەبێ و ئەگەر بشمانزانیبا چیمان پێدەکرا؟ دوور نەبوو بڵێن ئێمە بە ساغوسەلامەتی تەسلیمی پۆلیسی سنووری ئێرانمان کردوونەوە و لەسەر سنوور ژاندەرم هەموویان کوشتوون و شوێنە ونیان کردوون. بۆیە دەبوو ئەو داوانامەیەی کە دەینووسین بۆ گەڕانەوە بۆ وەڵات بە وردی بیری لێبکەینەوە و لێزانانە بینووسین بۆ ئەوەی نەکەوینە تەڵەوە.

هەر یەک لە قوتابییە کوردەکان بە سەلیقەی خۆی، یان بەڕێنوێنی هاوڕێیان داواکاری خۆی بۆ بەرپرسانی کۆلێژی ئەفسەری و بەرپرسانی (ئێم. گ. ب) بنووسێ. من دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر و خۆ دوورخستنەوە لە هەموو وەسوەسەو دڵەڕاوکێیەک و کەللەڕەقی نامەیەکم نووسی کە مەترسی بۆ دوارۆژم نەبێ. لەسەر دوڕیانێک مابوومەوە دوای نووسینی داواکارییەکە ناوی ناسناوی خۆم نووسی و زۆر سوپاس و پێزانینم هەبوو بۆ وەڵاتی سۆڤیەت و بەرپرسەکانیان، نووسیم لەبەرئەوەی گەنجم و ئارەزووی خوێندنم هەیە و پێشتریش بە ئاواتی درێژەدان بە خوێندنی دڵخوازی خۆم هاتوومە وەڵاتی یەکیەتی سۆڤیەت بۆیە داواکارم ڕێگامبدەن لە کۆلێژی ئەفسەری نەمێنم و دوای تێپەڕاندنی دەورەی سەرەتایی تەواو بچمە ڕشتەی خوازیاری خۆم لە بەشی نەوت یان پزیشکی.

ئەو داوانامەیەم لە دوولاوە جێگەی گرنگی بوو یەکەم ئەگەر زیندانییان کردباین دەمگوت (من نەمگوتوە دەگەڕێمەوە وەلات کە رژێمی شاهەنشاهی فەرمانڕەوایەتی.) دووەم ئەگەر بۆ ئێرانیشیان گەڕاندباینەوە چانسی ئەوەم هەبوو درێژە بە خوێندن بدەم و ئاواتە دێرینەکەم وەدی بێنم کە درێژەدانە بە خوێندن. بەداخەوە وا دەرنەچوو، نامەکان وەرنەگیڕدران و نەخوێندرانەوە. داواکاریەکانیان وەکو خوازیار بە گەڕانەوە بۆ ئێران حساب کردبوون. ئەوانەی داوا نامەیان نووسیبوو کۆیان کردنەوە و بە دوو ئۆتۆمبێلی باری بردیانین بۆ کونسولخانەی ئێران لە نزیک زانکۆی سیاسی مارکسیزم لینینیزم. کاتێک چووینە ناو باڵەخانەی کونسولخانەو لەگەڵ بەرپرسانی سیاسی ئێران روبەڕووبووینەوە لە خۆشیان لە پێستی خۆماندا نەدەگونجاین، داوای ئاومان کرد واماندەزانی ئەوە ئاوی ئێرانە بە ئیشتیاوە خواردمانەوە.
بەکورتی دوای کەمێک پرسیار و ناونووسی سواری شەمەندەفەریان کردین و تا جەلفا بێ پشکنین و راوەستان شەوێ وەڕێکەوتین. ئەو جگەرەیەی وەکو جیرە (بەش) دەیاندایێ لەماوەی ئەو نۆ مانگەدا کۆم کردبۆوە و فرشتم و بە پارەکەی پاڵتۆیەک و دوو جووت پێڵاوی قاوەیی و دەستێک جلکی دەستی دووم پێکڕین.
کاتێک لە قاتی دووەمی شەمەندەفەر خەوتبووم، کۆت و شەرواڵەکەم لەبەر کردبوو، پاڵتوکەشم لە خۆم لوولدابوو، زستان بوو هەوای سارد بوو. پێڵاوەکانم لە جێگای شت هەڵگرتن دانابوو، کاتێک لە سنوور دەمویست دابەزم تەماشامکرد پێڵاوەکانیان دزیبوون. زۆر نیگەران بووم، چوومە لای کارمەندانی شەمەندەفەر و لە پێڵاوەکانم پرسینەوە گوتیان نازانین. بەفر زەوی سپی کردبوو دەبوو دابەزین منیش پێڵاوم نەبوو تا لەپێی بکەم. ئەدی چارە؟ کە دابەزین یەکێک لە کارمەندەکانی شەمەندەفەر گوتی یەکێک لە هاوڕێکانت شەوێ دوو جووت پێڵاوی نوێی بە دەستەوە بوون، گوتم بۆکوێ دەچی گوتی جێگاکەم دەگۆڕم، ئیدی هەستم بەوە نەکرد پێڵاوی تۆیان دەستدابێتێ. ئەو کابرایە کە ئازەری بوو داواملێکرد ئەو کەسەم نیشانبدات، کابرا گوتی ئەو گەنجە باڵابەرزەیە. ئاماژەی بۆ (م. و) کرد. رق و تووڕەییم لە رادەبەدەر بوو. کارمەندی شەمەندەفەرەکە جووتێک پێڵاوی لاستیکی بۆ هێنام تا لە سنوور دەپەڕینەوە لە پێیان بکەم. هەندێک لە کورە قۆشمەکان پێمپێدەکەنین بەڵام وەسەرخۆم نەهێنا.

له سنووری جەلفای سۆڤیەتی تەماشای کەلوپەلەکانیان کردین و ئەو برە پارەیەی پێمانبوو لە گیرفانیان دەهێناین و ئێمەیان تەسمیلی بەرپرسانی سنووری ئێران کردەوە. هەندێک ژاندرمە و ئەفەسەرێک سەرژمێرییان کردین و وەریان گرتین.
بەفر جەلفای وێرانی ئێرانی داپۆشیبوو خانوەکان زیانی زۆریان بەرکەوتبوو مزگەوت و قاوەخانەی شار تێکڕووخا بوون. یەکێک لە کوڕەکان لێم نزیک بۆوە و گوتی: دوێشەو (م. و) پێڵاوەکانتی لە پەنجەرەوە فڕێدانە دەرێ ئەوەندەی پێمگوت بە قسەی نەکردم. وەسەرخۆم نەهێنا و نەفرەتم لەو ناپیاوەتیەی کرد. ئەگەر قسەم کردبا دەبوو بە شەڕ و هەرا و ئەوەشم بۆ گەڕانەوەم بە نەنگی دەزانی. بۆیە بە خراپەی ئەوم نەکردو لێی دوور کەوتمەوە.
پرسیارمان کرد ئەرێ لێرە شەڕ روویداوە گوتیان بەڵێ، کاتێک دێموکراتەکان لە سنوور تێپەڕیوون شەڕ دروست بووەو شاریان تالان و وێران کردووە و هەڵاتوون. ئێمەیان بردە قاوەخانە وێرانەکە لە گۆشەیەک وەک مێگەل سەرمان پێکەوەنا. بە کورتی شەوی یەکەممان لە جەلفا زۆر بە ناخۆشی تێپەڕاند. بۆ خواردن هیچمان پێنەبوو، ناچاربووین ئەو شتانەی پێمانبوو زیادە بوون بیانفرۆشین، وەکو کراس و خاولی و کراوات یان ئەو شتە زیادانە. لەناکاو سەروکەللەی کابرایەکی رووسی دەرکەوت گوتیان ئەوە نوێنەری بازرگانەکانی ئێران و سۆڤیەتە. بەڵام لەو دیدارە کورتەدا هیچمان بۆ روون نەبۆوە. چەند جارێک بە پێشیدا هاتم و چووم و ئەو شتانەی بە دەستمەوە بوون و دەمویست بیانفرۆشم تا بتوانم پاروەنانێکی پێبکڕم، راوەستام و پێشنیارم پێکرد، ئەویش سەری بادا یانی نایەوێ شتەکانم لێبکڕێ.
بەرپرسی پۆلیسەکانی سنوور عەقیدێک بوو، کوڕەکان چوونەلای و داوای خواردنیان کرد، عەقید گوتبووی برووسکەم بۆ تەورێز کردووە بەمزوانە گەڵابەو پارە و خواردنتان بۆ دێنن. وەک ژاندرمەکان دەیانگوت رێگا گیرابوو. زۆربەیان کورد بوون و خەڵکی هەرسین و سەنقەری دەوروبەری کرماشان بوون. کاتێک حاڵی ئێمەیان دیت، داری سووتاند و خواردنیان بۆ هێناین و دڵیان داینەوە. بۆ دڵنەوایی و لابردنی خەمان کۆڕێکی خۆشیان سازکرد و گۆرانیان بۆ گوتین و هەڵپەڕین. ئێمەش دڵمان پێیانکرایەوە، بەڵام دزینی پێڵاوەکانم زۆری پەرێشان کردبووم بۆیە گومانم لە هەموو هاوسەفەرەکانم هەبوو.

بۆ بەیانی کتێبێکی مێژووی سۆڤیەتم بە دیاری لەگەڵ خۆم هێنا بوو بۆ یادگاری ئەو ڕۆژانەی ئەوێ، لە بندیواری کاولە خانوویەک بە خاکم سپارد و ماڵئاواییم لە مێژووی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کرد تا بۆ هەندێ کەسی ترسناک نەبێتە بەڵگە.
کاک مەجید لەبنەوە خێسەی دەدامێ نازانم ویژدانی ئازاری دەدا و لەوکارە ناپەسەندەی شەرمەزار بوو، یان کاتێک لە پێڵاوە لاستیکەکانم رادەما پێی دڵخۆشبوو. بەهەرحاڵ دوای سێ ڕۆژ مانەوە لەو دۆخە ناخۆشەدا بیستمان سێ گەلابەی سەربەخێمە لە تەورێزەوە هاتوون بمانبەنەوە. جەنابی عەقید بانگی کاک غەنی بلووریانی نوێنەری ئێمەو کەسێکی دیکەشی کرد. دوای نیوسەعات گەڕانەوە و گوتیان عەقید دەڵێ پێنج سەد تمەنیان بۆ ناردوون و ئێستاش وەک برایان بەشی دەکەین، دووسەد و پەنجا تمەن بۆ من وەک خاوەن ماڵ دووسەد و پەنجا تمەنیش بۆ ئێوە کە هەریەکەی پێنج تمەنتان بەردەکەوێ. بەڵێ پێنج تمەنیان دایە هەر یەک لە قوتابییە بەدبەخت و بێچارەکان. ئەوەش نموونەیەکی دادپەروەری شاهەنشاهی و راستگۆیی بەرپرسەکانی رژێم کە دەرهەق بە ئێمە کردیان، هیچ چارەیەک نەبوو ئەوەش دەستکەوتێکە. پێنج تمەنەکانمان وەرگرتن و لە گیرفانی بەتاڵمان هاویشتن و وەڕێکەوتین تا گەیشتینە مەرەند.
کە گەیشتینە ئەوێ ئێوارە بوو زۆریش سارد بوو. لەوێ لە پادگان و هەندێک ماڵ جێگایان بۆ کردینەوە، بۆ بەیانی چوینەلای ئامر فەوجی مەرەند. ئامرفەوج پیاوێکی قسەخۆش و لەبەردڵان بوو، کورتەباڵاو داڵەگۆشت بوو نزیکەی چل و پێنج ساڵێک دەبوو، زۆر قسەخۆش و گاڵتەچی بوو. لەگەڵمان کەوتە قسەو هەندێک پرسیاری لێکردین. ئینجا لەناو قسەکانیدا ئاماژەی بە کابرایەکی کوردی ئاشقە چەک کرد و گوتی: چەند ساڵێک لەمەوبەر لە کوردستان خزمەتی سەربازیم دەکرد بەرپرسی بنکەیەکی ژاندرمە بووم. یەکێک لە پاسەوانەکانم کابرایەکی کۆنەکار و شارەزای ناوچەکەو خەڵکەکەی بوو. دەیگوت رۆژێک کابرایەکی دێهاتی کورد دێتەلای و دەڵێ کاکی ژاندارم چەکەکەت بە من بفرۆشە هەرچی دەڵێی دەتدەمێ. کابرای پاسەوان کە پیاوێکی دنیادیدە و قسەخۆشبوو دەڵێ چەکەکە بە پارە نافرۆشم. کابرا کوردە دەڵێ ئەدی چیت دەوێ بتدەمێ. ژاندرمە دەڵێ: گوللەیەکت لێدەدەم و چەکەکەت دەدەمێ. کابرا لە خۆشیان هاواردەکاو دەڵێ کوڕە حەزدەکەی دە گوللانم لێدە بەڵام دەبێ

چەکەکەتم بدەیەی! ئەو قسە ژەهراوی و گاڵتەئامیزو پڕ مانایە و پێکەنینی پڕ لە تانەوتەشەری جەنابی عەقید دەتگوت خەنجەرەو لە دڵیان راکردووم.
دوای سوپاس و قەدرزانی لە میوانداری جەنابی عەقید بەیانیەکەی سواری گەلاًبان بووین و چووینە تەورێز. سەعات یازدە گەیشتینە تەوریز. ئێمەیان بە شەقامی پەهلەویدا برد کە پڕ بوو لە خەڵکی توورە، ئۆتۆمبێلەکانیان لەبەردەرگای ناوەندی سوپا راگرت. هەندێک خەڵکی هەلپەرست و ئاژاوەگێڕ بە پرسیاری ئازاردەر و بێمانا دەورەیان دابووین و هاواریان دەکرد، ئەفسەرانی ستالینی و پیشەوەری هاتنەوە. یەکێک لەپەنا لۆریەکەمان راوەستابوو گوتی بۆ گەڕانەوەنەتەوە. سوورەی خوسرەوی کە یەکێک بوو لە قوتابیانی مەهابادی و کوڕێکی بەجەرگ و تێگەیشتوو بوو بە تورەیی گوتی: هاتووینەوە تا چاوت دەربێنین.
کە گوێیان لەو قسەیە بوو هێرشیان بۆ هێناین، خۆ ئەگەر ژاندەرمەکان پێمان رانەگەیشتبان لەلایەن هەزاران ئاژاوەگێڕ و پیاوانی شاهەنشاییەوە کەوڵیان دەکردین. ئەوانە هەمان ئەوکەسانە بوون کە چەند مانگ پێشتر هوتافیان بۆ پیشەوەری دەکێشاو ئێستاش هاواریان دەکرد بژی شا. چ دەورانێکە؟
بەهەزار زەحمەت و کوێرەوەری بردیانییە ناو بارەگای سوپا. دوای سەعاتێک چوینەلای سەرلەشکر زەرغامی. پیاوێکی بە هەیکەل و پتەو بوو، سەرمەست لە سەرکەوتنی شەڕی دیموکراتەکان و کوشتنی هەزاران کەسی بێچارە لە گەورەو بچووک، ژن و پیاوی تەورێزی بە دەست چەقۆکێشەکانی پەهلەوی. شار هێشتا بۆنی خوێنی لێدەهات و ئەوانەی تینووی خوێن بوون بە کوچەو شەقامەکانی شاردا دەخولانەوە و بەدوای بیانوویەکدا دەگەڕان. ئەو سەردەمە چ تاوانێکیان نەکرد!
ئێمەیان بردە بەشەناوخۆیی زانکۆی تەورێز کە تازە دروستکرابوو. ژاندەرمە چاودێریان دەکرین. بە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی زۆرەوە رۆژمان کردەوە. بەیانی لە سالۆنی زانکۆ کۆیان کردینەوە، سیناتۆر دکتۆر رەزازادە بەیانی شەبەقی هاتبوو، وتارێکی خوێندەوە دوایی شانۆگەریەکی گاڵتەئامێزیان لەسەر دیموکراتەکان نمایش کرد. بە پارێزەوە چووینە ناوشاری. بۆ بەیانی بەدزیەوە چووەمە هوتێلی شەبوستەری باسی بارودۆخی مەهابادم لە بەڕێوەبەری هوتێلەکە پرسی، گوتی قازی محەمەد و خەڵکێکی زۆری دیکەشیان زیندانی کردوون. زۆر گەڕام هیچ کەسێکی مەهابادیم

نەدیت. پاشان چوومە بازاڕی پێڵاوفرۆشان و پێڵاوێکی مامناوەندیم بە دوو تمەن کڕی و پێڵاوە لاستیکەکانم دوور فڕێدان.
هەمان ڕۆژ بردیانینە پادگانی تەورێز لە دواناوەندی سەربازی ئەوێ بۆ نانی نیوەڕۆ بانگهێشت کرابووین زۆر هانیاندابن لەوێ بمێنینەوە و درێژە بە خوێندنی سەربازی بدەین و ببینە کارمەندی دەوڵەتی، جا چ لە سوپا بێت یان لە بەشی پۆلیسی یان بەشی ئەفسەری. بەڵام ئێمە مارانگازبووین لە گوریسی ڕەش و سپی دەسڵەمینەوە.
ئەو کارەساتەی لە تەورێز و ورمێ و ئەردەبیل و شارەکانی دیکەی ئازەربایجان ڕوویاندابوو، زۆر خەمبار و نیگەرانی کردین و هەڵسوکەوتی زۆرێک لە ئەفسەران و بەرپرسانی دەوڵەتی بێزاریان کردبووین.
وێنەی شایان بەسەردا دابەشکردین هەمووومان خستنە ناو ئاودەستخانەکان. دوایی بڕیاردرا بمانبەنەوە مەهاباد و لەوێشەوە هەر کەسەو بچینەوە ماڵ و حاڵی خۆمان.
ئاغای شەمس ئابادی کە یەکێک لە بازرگانە ناودارەکانی میاندواو بوو گەڕانەوەی ئێمەی وە ئەستۆی خۆی گرت و بە پاسەکەی خۆی ئێمەی گەیاندەوە مەهاباد. شەوێ گەیشتینەوە مەهاباد، پاسەکەمان چووە ناو گەراجی مەرکەزی پاسەوان لەبەردەرگا وەستا بوو. لەپێش گەراجەکەش تانکێک دیاربوو، لە گەراج ڕایان گرتین تا مۆڵەتی چوونەدەرەوەمان لە ناوەندی ستادەوە بۆ هات و ئازادیان کردین. خزم و کەسوکاری کوڕەکان تا شەو درەنگان لە شەقام وەستابوون لەبەرئەوەی قەدەغەی هاتوچۆی شەوانە ڕاگەیەندرابوو، ژاندرمەکان دەورەیان دابوون. شار بە سەربازگە کرابوو.
قازی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی لەو کەسایەتییە دیارانەی حکومەتی خودموختاری کوردستان بوون و خەڵکێکی دیکەی زۆریش لە کاربەدەستانی پێشێ زیندانی کرابوون.
بارزانیەکان لە ناوچەکە چالاک بوون و ترسی ئەوە هەبوو کارەسات ڕووبدات. لە تێکهەڵچوونەکاندا بارزانیەکان زیانی زۆریان بە دەوڵەت گەیاندبوو. سەربازانی دەوڵەتی خۆیان لێ دەپاراستن. ژەنەڕاڵ مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەفسەران و هاوکارەکانی بۆ تاران بانگهێشت کرابوون، دەنگۆی ئەوە هەبوو کە شا پێشنیاری بە بارزانی کردووە، با بارزانییەکان لە ئێران بمێننەوە، بە تایبەتیش لەو جێگایەی دواتر بۆیان دیاری دەکرێ لەوێ زەوی و کێڵگەیان دەدرێتێ. بەڵام دیار نەبوو بۆچی بارزانی وەدرەنگ کەوتووە. ئەو قسانە دەکران.

باوکیشم لەناو خەڵکەکە دەرکەوت بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە بزەیەکی هاتێ. کە چوومەوە ماڵێ هەموویان خۆشحاڵ بوون، بەڵام بارودۆخی ژیان و گوزەرانی ماڵێ ئەوەی دەردەخست لە دۆخێکی خراپدان، وەسەرخۆم نەهێنا، لە کردەوەی خۆم ژەوان بووم. ئەو چەند هاوڕێیەمان کە لە باکۆ مابوونەوە و چارەنووسیان دیار بوو، کەوتبوونە سەر زارو زمانان کە ئەوان بنیادەمن بەڵام ئێوە هیچ لە باراندا نەبوون. بەیانی یەک بە یەک هاتینەدەر و سەرێکی بازاڕمانداو پرسیاریان لیکردین. هەموو ناڕازیبوون لەوەی هاتووینەوە و دەیانگوت لە ژیاندا جارێک بەخت روت تێدەکا، رووی لە ئێوەش کرد، بەڵام نەتانتوانی سوودی لێوەربگرن. دەیانگوت قازی محەمەد لە زیندان زۆر لەوکارەی ئێوە نیگەران بووە...

ئێوارێ بە تەنیا لە شەقامی پەهلەوی و کەنار رووباری پیاسەم دەکرد، توشی مامۆستا عەلی مەحمووی بووم، مامۆستا عەلی پیاوێکی زاناو لەبەردڵان بوو. دوای سڵاو و هەواڵپرسی گوتی: میرزا قادر بۆ گەڕایەوە؟ گوتم: مامۆستا نیشتیمان وایلێکردم بگەڕێمەوە! بە تووڕەیی گوتی: مەهابادی نیشتیمانت وێران بووە و بۆتە زیندان لەگەڵ ئەو رووبارە بۆگەنەدا، کەواتە لێرە وەمێنە و لێرەشدا بمرە لەو دۆخە خنکێنەرەو ستەمی شاهەنشاهیدا، جارێ ئەوە سەرەتای کارە. دوایی بۆت دەردەکەوێ چ هەڵەیەکی گەورەت کردووە؟

قسەکانی مامۆستا عەلی مەحموودی وەک نەشتەر لە دڵم چەقین، تازە لە خەوی غەفڵەتێ وەخەبەر دەهاتم. چەند رۆژێک تێپەڕیبوون باوکم گوتی: ئەگەر پیاوێکی ئاقڵ بای نەدەهاتیەوە؟ هاوڕێکانت لەوێ چوونەتە زانکۆی پزیشکی و دەبنە دکتۆر. سەید رەحمانی ئەیووبی و میرزا حەسەنی گەرمیانی نامەیان هاتووە، ئەوان حاڵوئەحواڵیان زۆرباشە و دەخوێنن، تۆش لێرە لە کۆڵانان دەخولێیەوە، تەماشای حاڵی من بکە.

گوتم: باوکە تۆ نەتنووسیبوو ئەگەر باڵم هەبا دەفڕیم و دەهاتمەلات... ئێستا چۆنە سەدو هەشتا پلە سوڕایەوە؟ بە تووڕەیی لێم راماو هیچ قسەیەکی نەکرد.

مانگی رەشەمەی ١٩٤٦ خێراو بەوپەڕی دڵەخورپەوە تێپەڕی. باسوخواسی دادگایی کردنی قازی محەمەد و هاوڕێکانییان دەکرد. زۆرجێگەی خەم و پەژارە بوو دەیانگوت جەنابی قازی و براکەی و برازاکەی کە تازە لە سۆڤیەت گەڕابۆوە حوکمی لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە، ئەو بڕیارەش پەسەند کردن و پەسەند نەکردنی پەیوەستە بە واژۆی شای گەنجەوە. خەڵک دەیانگوت: شا دەبێ ئەوەندە ئاقڵەی هەبێ تاوانی وا

نەکا، چونکە قازی محەمەد ئەو مەڵبەندەی لە کوشتوکوشتار و تاڵان و بڕۆی رووسەکان رزگار کرد، بۆیە شایانی تەقدیر و ریزە. هەندێکیش دەیانگوت یان دەیکەنە پارێزگاری کاشان یان هەمەدان، تا چەند ساڵێک دوور لە مەملەکەتی خۆی دەبێتە فەرمانبەری دەوڵەت.

تا بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ١٩٤٧ خەڵکی مەهاباد بە شیوەن و گریان رژانە شەقامەکان و گۆڕەپانی چوارچرا، سێ سێدارەیان دانابوو، سروەی بەیان لە جەستەی بێگیانی ئەو مرۆڤە ناودار و فیداکارانەی دەدا. خەڵکی شار زۆر نیگەران و رق ئەستوور بوون. میرزا برایمی مەحموودی، برای غەفوور مەحموودی لە ناوەڕاستی مەیدان راوەستابوو قسەی دەکرد و بە گۆچانەکەی ئاماژەی بۆ تەرمی قازی محەمەد دەکرد گۆیا ئەو قاتڵی براکەی بووە، لە کاتێکدا قازی هیچ ئاگایەکی لەو تاوانە ناجوامێرانەی نەماز عەلیۆف نەبوو.

خەڵک جنێویان بە برایم دەدا، بێئاگا لەوەی ئەویش دڵی پڕ لەخەمەو ناچاریان کردووە بەیانی زوو لەو تاوانەی شا ئامادەبێت و پێیانگوتبوو قسان بکات. خەڵک بە پەرێشانییەوە بە دەوری تەرمەکاندا هەڵدەسوڕان، سەرباز و ژاندەرمەیەکی زۆریش لەوێ کۆببوونەوە کە شەوێ گوێیان لە قسەکانی جەنابی قازی محەمەدیش ببوو. سەربانەکانی دەوروبەری چوارچراش پاسەوانیان لێ دانابوون. کوشتنی ئەو مرۆڤە ناودارانە بوونە هەوێنی تۆڵە و خەباتی گەلەکەی. خەڵک بەوپەڕی رق و تووڕەیی تەماشای جەللادانی رژێمی شایان دەکرد و نەفرەتیان لێدەکردن. نەفرەتیان لە شا و رژێمەکەی دەکرد.

ئێمە چەند گەنجێک بووین لە گۆشەیەکی مەیدانی چوارچرا راوەستابووین و تەماشای پەیکەری ئەو مرۆڤە گەورانەمان دەکرد و نەخشەمان بۆ ئایندەی نادیاری خۆمان دادەڕشت. تا بەرەبەری نیوەڕۆ تەرمەکان هەر لەوێ هەڵواسرا بوون. هێزی بارزانی لە چەند کیلۆمەتری ئەو رووداوە بوون. خەڵک دەیانگوت مەلا مستەفای بارزانی لە دادگا چۆتەلای قازی محەمەد و پێشنیاری پێکردووە لە مەهاباد وەدەرکەوێ، بەڵام قازی دەڵێ مردن و ژیانم لەگەڵ ئەو خەڵکەیە. ناتوانم وازیان لێبێنم و بیاندەمە دەست ئەو ئاژاوەگێڕانە. مەلا مستەفای بارزانی بە نائومێدی دەڕوات.

پەرویزخانی وێنەگر و زاوای وینەتانی حەکیم وێنەی تەرمەکەیانی دەگرت[٤٢]، هەندێک لە چەکدارە عەشایرەکان کۆتی کۆیلایەتییان لە مل کردو لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەت بەشدارییان کرد لە شەڕی بارزانییەکان.

هەندێک لە کەسایەتییە ئاینیەکان لەوانە مەلا سدیقی سدیقی[٤٣] و مەلا حسێنی مەجدی بە شیوەن و گریانەوە لەگەڵ خەڵکێکی زۆر تەرمەکانیان لە سێدارە کردنەوەو بردیانن بۆ مزگەوتی حاجی سەید بایەزیدی بەرامبەر شارەوانی. نەیاندەهێشت خەڵک تەرمەکان هەڵبگرن، دوای شوشتن تەرمەکانیان بردنە گۆڕستانی مەلا جامی لە داوێنی کێوی داشامەجید هەرسێکیان بە تەنیشت یەکەوە بە خاکسپاردن، کە دوایی بوون بە زیارەتگای خەڵک. منیش لەگەڵ کەسوکاری جەنابی قازی محەمەد تا سەرقەبران لەگەڵیان چووم. مینا خانمی خێزانی قازی محەمەد بەردی پێدادەدام و دەیگوت بڕۆ با تووشی بەڵایەکت نەکەن. بەڵام گوێم نەدایەو خۆم لێ کەڕ کرد. بێجگە لە تراژیدیای شاهەنشاهی هەستم بە هیچ شتێکی دیکە نەدەکرد. نەفرەت لە شاو لە رژێمی شاهەنشاهی.

خەڵکی تازیەبار لە کوچەو شەقامەکاندا دەگەڕان و بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە سەرەخۆشییان لە یەکتری دەکرد. بزە و خەندەت لەسەر لێوی هیچ کەسێک نەدەدیت... دوای هەفتەیەکی دیکەو لە بەرەبەیانی ١٧ی خاکەلێوە تاوانێکی دیکەیان ئەنجامداو چوار کەسی دیکەیان لە کەسە باش و نیشتیمان پەروەرەکان لە سێدارەدا ئەوانیش رەسووڵ نەغەدەییان و محەمەد نازمی و حەمید مازووچی و عەبدوڵڵای رۆشنفکر بە دەستی مرۆڤ کوژانی دەوڵەتی شاهەنشاهی چوونە کاروانی نەمرانەوە. دوای سەعاتێک خەڵکی تورە بە تەنیشت یەکەوە ئەو سێ قارەمانە نیشتیمانیانەیان بەخاکسپاردن. هەندێک خەڵکی خۆفرۆش و پەست بەر لە سێدارەدانی قازی محەمەد و هاوڕێکانی تۆمارێکیان واژۆ کردبوو داوایان لە شا کردبوو ئەوانە لە سێدارە بدەن، ئەو کەسانە لەناو خەڵکدا بێزرا بوون.

---

[٤٢] ئەو وێنانە لە کتێبی (مەهابادی خوێناوی تا کەناری رووباری ئاراس) نووسینی نەجەفعەلی خانی پسیان چاپکراوە.

[٤٣] مەلا سدیقی سدیقی ئاخرین کەسی مەهابادی بووە کە وەسیەت نامەکەی قازی محەمەدی نووسیوەتەوە و ئێستاش ئەو وەسیەتنامەیە لەلای هاوڕێی لێکۆڵەر بەرێز کاک سەید محەمەدی سەمەدی هەیە و فۆتۆکۆپیەکیشی بۆ من ناردووە و هیوادارم بەمنزیکانە لە دووتوێی کتێبێکدا بەناونیشانی (ئاوڕدانەوەیەك لە مێژووی مەهاباد) چاپ بکەم. م. پ. زۆزان

لەو پەژارە نیگەرانیەدا لەبەردەم دوکانەکەی باوکم پیاسەم دەکرد، لەناکاو یەکێک لە دواوە دەستی لەسەر شانم دانا، تێکرا بووم و ئاورم دایەوە. کابرایەکی نەناس بە قەلافەتێکی خەمناک و بە زمانی تورکی پێیگوتم: ئەقدەس چی لێهات! گوتم: کام ئەقدەس؟ گوتی: چەندە بێوەفای! چما لەبیرت کردووە، کاتێک لە دواناوەندی دەتخوێند بەر لە رووداوی ساڵی ١٩٤١ کچێکی جوان بە ناوی ئەقدەس تۆی خۆشدەویست تۆش ئەوت خۆشدەویست، کاتێک ئەقدەس لەگەڵ دایکی و براکەی لە مەهاباد رۆیشتنەوە نەیانتوانی لەو ئاڵۆزی و بێسەرەوبەرەییەی شار وەمێنن و گەڕانەوە ورمێ. لەوێ یەکێک لە خزمەکانی ئەقدەس هاتە خوازبێنی، کچە دەیگوت هەرگیز شوو ناکەم، بەڵام کێ گوێی لێدەگرت. بە زۆر دایانە ئامۆزاکەی کە تازە بە ئیجازە لە ئابادان هاتبووەوە، باسی جوانی و شۆخوشەنگی ئەقدەسی بیستبوو، هەزاران کیلۆمەتری بڕیبوو بۆ خوازبێنی، ئەقدەسیش سەرەڕای ئەوەی کابرا پلەیەکی بەرزی دەوڵەتی هەبوو، موچەخۆر و ماڵ و هەتا ئۆتۆمبێلیشی هەبوو نەیویست شووی پێبکات و دەیگوت کەسێکی دیکەم خۆشدەوێ.

ئەقدەسی بەستەزمان. هەروەها گوتی: دەردەدڵی لەلای هاوسەرەکەم دەکرد کە خوشکی کاک نەجەفی بەرگدرووی کرێچی باوکت بوو. هەمیسان گوتی: من باشت دەناسم، کاتێک بۆ ئەندازەگرتنی کۆت و شەرواڵت دەهاتیە لای کاک نەجەف تۆم دیتبوو، کە لەپێش دوکانی باوکت دادەنیشتی بە سەرنجەوە لێت رادەمام و قەلافەتی تۆم هەر لەبەرچاوان بوو. ئەوکات گەنجێکی جوان و لەبەردڵان بووی، هەموو کچێک عاشقت دەبوو. ئەقدەسی ئێمەش عاشق و شێت و شەیدای تۆ بوو. هەموو ئەوقسانەی لەلای هاوسەرم باسکردوون، ئەوسا زانیم باسی کام ئەقدەس دەکات، ئەو کچە چاو و برۆ رەشە کە دەتگوت مانگە، بەو بەژن و باڵا عەرعەرەی وەک فریشتان دەچوو، وەک ئاسکێکی سڵ وابوو. بە دڵەوە گوێم لە قسەکانی مەشەدی حسێن گرت لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: بەڵێ بە زۆر دایانە ئامۆزاکەی و مارەیان کرد، بەبێ رەزامەندی خۆی بانگی مەلای گەڕەکیان کرد، بە گریانەوە بە زۆر لەگەڵ جەعفەری ئامۆزای ناردیانە ئابادان.

تا مانگێک خۆی راگرت، دوایی هەواڵێکی ناخۆش و جەگبڕمان بیست. بەبێ سەبری گوتم: چ هەواڵێک؟ گوتی: کاتێک ئەقدەس دەزانێ دەستی بە هیچ جێگایەک راناگاو تۆش چوویەتە یەکیەتی سۆڤیەت، هەمیشە ناوی تۆی لەسەر زاری بوو دەیگوت قادر

گیان لەکوێی، تا دوا چرکەسات ناوی تۆی لەسەر زاری بوو. گوتم: چما چ شتێکی ناخۆش روویداوە؟ گوتی: ئەقدەسی بەستەزمان بە تەنەیەک نەوتەوە دەچێتە گەرماو ئاگر لە خۆی بەردەداو وەکو شاژنێکی جوانی وەک پەپوولە لە رێگایَ عشقەکەی خۆی دەسووتێنیَ و بەدەم قادر گیان قادر گیانەوە لەم دنیایە دەڕوات و دەبێتە قەرەبرووت. ئەوەش ئەنجامی عەشقێکی پاک و ئاگرینی گەنجایەتی کە خزم و کەسە نەزانەکانی هیچ بایەخێکیان بۆ دانەنا و گوێیان لە هەستی پاکی نەگرت، تا خۆی تووشی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەکردو لە ئاگری عەشقی تۆدا سووتا. قسەکانی تەواو نەکردبوو هەردووکمان دەستمانکرد بە گریان و نەفرەتمان لەو جۆرە بە شوودانە بە زۆرە کرد کە دابونەریتی بابوباپیرانمانە. زۆر گریاین و لێکمان روانی بەڵام سوودی چییە کارێک بوو نەدەبا کرابا. باڵندەی رۆح لە سینەی ئەو پەپوولە فڕیبوو.

یەکەی بەرگری

یەکەی بەرگری دژی شاو رژێمی بێزراو هەر لە رۆژی لە سێدارەدانی ئەو کەڵەمێردانە لە مەیدانی چوارچرا دروست بوو. دوای ئەو رووداوە دڵتەزێنە من و غەنی بلووریان و محەمەد رەیانی کە بەردەوام لە پەیوەندیدا بووین بڕیارماندا لە مەهاباد بڕۆین و بەدوای چارەنووسی نادیارماندا بچینە تاران.

بیستبوومان ژمارەیەک قوتابی بۆ کۆلێژی پزیشکی لەلایەن (ڤۆکس) رێکخراوی فەرهەنگی ئێران و سۆڤیەت بۆ باکۆ نێردرا بوون خوێندبوویان و بۆ وەڵات گەڕابوونەوە و ئێستاش تا کارەکانیان یەکلایی دەکرێتەوە لە بەشی راهێنان و ئامادەکردنی سەرەتایی دەمێننەوە لە شەقامی رۆزڤێلت. کاتێک گەیشتینە تاران بۆ بەیانی چووینە لایان و چاومان پێکەوتن، هەندێکمان دەناسین. ئەوانیش هانیاندابن بچینەلای وەزیری رۆشنبیری و داوای هاوکارییان لێبکەین تا وەڵامی داواکاریەکەمان دەدرێتەوە لە بەشە ناوخۆیی بمێنینەوەو تا پشووی هاوینە دەستپێدەکا جێگەو خواردنمان بدەنێ.

جەنابی وەزیر پیاوێکی خواپەرست و مرۆڤێکی باشبوو داواکاریەکەی قبووڵ کردین کە بەلای ئێمەوە زۆر گرنگ بوو. ئێمەیان لەگەڵ ئەو قوتابیانە تێکەڵ کرد کە دەرکرابوون و گۆیا لەیەکێک لە شەونشینیەکانی باکۆ بە سەلامەتی شا شەرابی خواردۆتەوە و جنێوی بە یەکیەتی سۆڤیەت داوە، تەڕو وشکیان پێکەوە سووتاند و زۆربەیان دەرکران.

لەناو ئەو قوتابیانەدا ئەحمەد قەرەچەمەنی هەبوو، کوڕێکی تێگەیشتوو و، نیشتیمان پەروەر بوو لە هەموان زیاتر دەهاتەلامان، هەتا لە پشووی هاوینەش لەگەڵمان هاوسفرە بوو. لە هاوینی ١٩٤٧ زۆربەی خواردنمان بریتیبوو لە هەنجیر و پەنیر و نانی سەنگەک، بەو بڕە پارە کەمەی کە هەمانبوو مەمرەمەژی پێمان دەگوزەراند و لەسەرسفرە کاغەزیەکە، کە لەسەری نووسرابوو سفرەی نەگبەت نانمان دەخوارد. ئەو سێ هاوڕێیەمان کاتێک دەچووینە شاری ئەو کۆت و شەرواڵە دەستی دووەی

لە باکۆ کڕیبووم، بە نۆرە لەبەرمان دەکرد. جلکوبەرگەکەمان سادەو هەژارانە بوون. لە یەکێک لە ڕۆژەکان کە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە ژوورێکەوە دەچووینە ژوورێکی دیکە تووشی دکتۆر کەیوان پووری موکری بووم، کە سەرۆکی پێشووی ئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد بوو. کاتێک چاوی بە سەرو هەیکەلی ڕەنگ بزڕکای ئێمە کەوت هەر زوو زانی ئێمە برسین، هەموو ڕۆژانی هەینی بۆ ماڵەکەی خۆی داوەتی دەکردین، تا تێر پڵاو خۆرشت بخۆین و برسێتی ڕۆژانی ڕابردووی پێ تێهەڵبێنینەوە. ئێمە ئەو خواردنانەی ماڵی دکتۆر موکریمان تەنیا بە خەون دەدیت. سەرەڕای خواردنە خۆشەکان ماڵەکەی مەکۆی خەڵکانی زاناو شاعیران و هونەرمەندان بوو. ئێمەش سوودمان لە قسەکانیان وەردەگرت. هەتا ڕۆژێک لە ماڵەکەی جەنابیان بە دیداری حاجی سەید عەبدوڵڵای شەمزینی و ژەنەڕاڵ نووری پاشای قارەمانی شەڕی نەتەوەیی دژی ئەتاتورکی فاشی شاد بووم. خودا پاداشتی دکتۆر موکری بداتەوە. بەڕاستی لەو ڕۆژە دژوارانەی برسێتیدا یارمەتی داین.
یەکێک لە ڕۆژەکانی سەرەتای مانگی پوشپەڕی ١٩٤٧ لە ڕستۆرانێکی هەرزان نانمان دەخوارد هێندەی پێنەچوو من و غەنی بلووریان توشی زگ ئێشە بووین. من توشی زگچوون بووم و خوێنم دادەنا، غەنی بلووریانیشیان بردە نەخۆشخانەی پێنجسەد قەرەوێڵەیی قەراخ شار و نزیک زانکۆی تاران. زگ ئێشەکەی غەنی بلووریان ڕیخۆڵەکوێرە بوو لەوێ نەشتەرگەرییان بۆ کردو چەند ڕۆژێکیان خەواند.
بەهار و هاوینی ١٩٤٧ بەوپەڕی ڕژدی شەو و ڕۆژ خەریکی فیربوون و خۆ ئامادەکردن بووم بۆ ئەوەی بچمە دواناوەندی یان هەر جێگایەک بمانگەیەنێتە وێستگەی ئامانج. دیبلۆممان نەبوو، بۆ وەرگرتنی دیبلۆم دەبوایە زۆر هەوڵوکۆشش بکەین. خەبەریان پێداین لە دواناوەندی دارایی قوتابی وەردەگرن بۆیە ڕێگای ئەوێمان گرتەبەر و چووینە دواناوەندی دارایی، بۆ ئەوەی چاومان بە بەڕێوەبەر بکەوێ. بەڕێز بەڕێوەبەری دارایی ناوی ئازاد بوو، پیاوێکی لەخۆبایی و لوتبەرز بوو، گوتی دەتوانێ چاوی بە یەکێکمان بکەوێ بۆیە تیروپشکمان کرد ناوی غەنی بلووریان دەرچوو، ئەویش چوو بۆ دیدەنی جەنابی مامۆستا ئازاد، بە نووسراوەوە چووە ژوورێ. دوای چەند ساتێک کاک غەنی بە خەمباری گەڕایەوە و گوتی بەڕێوەبەر ڕاشکاوانە پێیگوتم هیچ هەماهەنگییەکمان لە کوردەکان نەدی، بۆیە لەو ناوەندەدا جێگاتان نابێتەوە! بابڕۆین دەرگاکان بە ڕوومandا داخراون.

کاتێک گەڕاینەوە پێیانگوتین مانەوەتان لە بەشەناوخۆیی قەدەغەیە، سەردانی بەڕێوەبەری فەرهەنگی تارانمان کرد بەڕێز یەزدانفەر پیاوێکی چوارشانەو سەرکولمە سووری دەرپەڕیو بوو کاتێک سکالا نامەکەمان دایە و تکامان لێکرد تا ئەو یەک دوو مانگە لەبەشەناخۆیی دەرمان نەکەن، بە توڕەیی گوتی بەشەناوخۆیی جێگای بەلشەویکەکان نییە.

چووینە ئوتێلی حەقیقەت لە مەیدانی تۆپخانە تا چانسی خۆمان لە دواناوەندی سەربازی تاقیبکەینەوە. چەندین سکالانامەمان بۆ شا نووسیبوون ئەویش ئێمەی رەوانەی لای سەرلەشکر رەزم ئارا کردبوو. سەرلەشکر وەریگرتین و رەوانەی دواناوەندی سەربازی کۆلێژی ئەفسەری کردین. بەڵگەنامەکانمان بردن بۆ بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەی بەرایی.

ئەو رۆژە زۆر دڵم توندو خەمبار بوو. هاوڕێیان لە ئوتێل خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون. لە بازاڕی پیاسەم دەکرد و بەرەولای ئەنجوومەنی میللی دەڕۆیشتم، لەبەردەگا چاوم بە غەوارەیەک کەوت کە وەک کوردان دەچوو، ویستم پێکەوە دەردە دڵییەک بکەین پرسیم خەڵکی کوێی؟ گوتی کرماشانیم، لە دڵی خۆمدا گوتم تیرەکەم ئەنگاوتی ئەوە هاوزمانێکم دەستکەوت تا پێکەوە بە زاراوەی کرماشانی قسە بکەین. گوتم کوردی؟ بە تووڕەیی گوتی بەڵێ کوردی زەحمەتکێش بۆ ئێوەی ئاغای تارانی. پێکەنینم هات. گوتم ماشەڵڵا لەگەڵ چ ئاغایەک رووبەروو بووی، بەلام کابرای کرماشانی رانەوەستا وەلامی بدەمەوە وەکو گوللە بە بۆڵەبۆڵ دەرپەڕی.

بە خەمباری گەڕامەوە ئوتێل و لەسەر قەرەوێڵە راکشام و کەوتمە بیرێکی قوڵەوە لە ئایندەی نادیاری خۆم نیگەران بووم. بۆ بەیانی بە فەرمانی رەزم ئارا لەگەڵ تێکڕای خوازیاران تاقیکردنەوەی سەرەتاییان لێوەرگرتین و دەبوایە بۆ رۆژی تاقیکردنەوەی دیکە ئامادەبین.

لە حەساری کۆلێژی ئەفسەری پیاسەمان دەکرد و پێکەوە قسەمان دەکرد، ئەفسەرێکی بالابەرز کە مولازم بوو لێمان نزیک کەوتەوە و گوتی ئەوانەی لە سۆڤیەت گەڕاونەوە ئێوەن؟ ئێمەش خۆشحاڵ بووین پێمانوابوو هەواڵێکی خۆش هەیە و رێگاچارەیەکیان بۆ داناوین. گوتمان بەڵێ قوربان. دوای کەمێک رامان و وردبوونەوە لە دەوروبەر و دڵنیا بوون ئێمەی بردە بەرسێبەری درەختێک و گوتی کوڕینە من خەڵکی سنەم و دەزانم ستەمیان لێکردوون بێنەواو سەرگەردانن. لە

کۆبوونەوەی راوێژکاری سەربازی و بە ئامادەبوونی تیمسار رەزم ئارا فەرمان لەسەرەوە هاتووە کە ئێوە وەربگرن و لەچەند راهێنانێکی سەربازیدا یەک بەدوای یەکدا تەقەتان لێبکەن و بتانکوژن. لەبەر ئەوەی لێتان بە گومانن. بۆیە دەبێ وریابن نابێ کەس بزانێ ئەو قسانەم پێگوتوون. لەبەرئەوەی ژیانم دەکەوێتە مەترسییەوە. ئێمەش زۆر سوپاس و پێزانینمان بۆ ئەو ئەفسەرە بەشەرەف و مرۆڤدۆستە دەربڕی. بەیانووی هێنانی بڕوانامە کشاینەوە و لە تاران هەڵاتین و رێگای مەهاباد مان گرتەوەبەر.

با ئەو رۆژگارەتاڵانە تووشی هیچ کەسێکی دیکە نەبنەوە و هیچ کەسێکیش دووچاری ئەو رۆژگارە رەشانە نەبێتەوە. لەبەرئەوەی نائومێدی لە دەورانی گەنجێتیدا ترسناک و کارەساتبارە. ئێمە کاتێک گەڕاینەوە مەهاباد دەبوو بچینە سەربازی و دەورانی سەربازی تەواو بکەین. ئەوەش گرێیەکی دیکە بوو لە کاری ئێمەو کردنەوەشی مەحاڵ بوو. دەی با بزانین سبەی رۆژگار چیدەکات. دوای چەند رۆژژێک پشوودان شەوێ باوکم پێیگوتم کوڕم سۆفی حسێنی مەحمەشەی حەفتاو پێنج تمەنم پێ قەرداره و دوو ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە هێشتا نەیهێناوەتەوە، تۆ دەتوانی بچیە مەحمەشە هەموویان سۆفی حسێنی دەناسن. بڕۆ وەیبینەو بە زمانێکی خۆش ئەو قەرزەی لێوەربگرەوە. گوتم بابەگیان هەر ئەمرێکی بڵێی بەچاوان، بەڵام شارەزای مەحمەشەی نیم. گوتی کێشە نییە، ئەسپێکت بۆ لە میرزا محەمەد رەسووڵی وەردەگرم و بەسواری ئەسپی لەگەڵ خەڵکی دێهاتی مەحمەشەی دەتنێرم کە هەموو رۆژێ دێنە شاری.
سەرەتای مانگی رەزبەری ١٩٤٧ بوو. دوای رۆیشتنی بارزانیەکان ئارامییەکی کەم ناوچەکەی گرتبووەوە. پێشمەرگە پەرتەوازەکانی کۆماریش لە دەوروبەری ناوچەکە مابوون و زۆربەشیان چەکیان پێبوو، لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەت تێکهەڵچوونیشیان هەبوو.
بەیانی زوو باوکم ئەسپێکی باشی لە میرزا محەمەدی ناڵبەند وەرگرت و لەگەڵ دووکەسی ئاوایی مەحمەشە کە ژن و مێرد بوون و سواری وەڵاغ بوون، وەڕێکەوتین. دوای نیوەڕۆ گەیشتینە مەحمەشە، بە رێنوێنی ئەو پیاوەی لەگەڵم بوو چوومە مەزرا[٤٤]ی سۆفی حسێنی کە زۆر لە ئاوایی دوور نەبوو.

---

[٤٤] مەزرا: کێڵگە، مووچە، بێستان. وەرگێڕ

سۆفی حسێن بە خاووخێزانەوە هاوین و دوو مانگی پایز لە بێستانی دەمانەوە. چەند جارێک سۆفی حسێنم لە دووکانی باوکم دیتبوو، زۆرباش دەمناسی. سۆفی کە چاوی پێکەوتم زانی مەسەلە چییە. لەشوێنی خۆی هەستا و گوتی میرزا قادر سوێند بە خودا لەبیرم بوو کە دوای دە پازدە رۆژی دیکە بێمە خزمەت باوکت و پارەکەشم حازر کردووە و دەیدەمە جەنابت. داوای لێبووردن لە باوکت دەکەم. هێشتا دانەبەزیبووم و گوێم لە قسەکانی دەگرت، بەدوای سۆفی حسێن دابەزیم و لەبن کەپرێ دانیشتین. چایان لێنا و هێلکەو رۆن و میوەی بێستانیان هێنا، گیاشیان لەپێش ئەسپەکە رۆکرد. دوای چەند سەعاتێک کە نانی نیوەڕۆمان خوارد سۆفی رووی لە ژنەکەی کرد و گوتی: خەجێ ئەمشەو میرزا میوانمانە و دەبێ بچینەوە گوندی. هیچم دەربارەی گوند و ژیانی جوتیاران نەدەزانی. بەسواری چووینەوە گوند. لە حەسارێ ئەسپەکەیان لەپێش ئاخورێکی پڕ کاو جۆ بەستەوە و فەرشێکیشیان لەپێش پەنجەرەی مالێ راخست.

گوند نیوەچۆڵ بوو. هەموویان چووبوونە مەزراو کێڵگەکانیان. حەوشەکەیان ئاوڕشێن کردبوو، نانی شێوانمان هەر لەوێ خوارد. پاش کەمێک رووی لە ژنەکەی کردو جێی میوانە خۆشەویستەکەمان لەسەر بانی راخە. ژوور پڕە لە کێچ ناهێڵن میرزا قادر بخەوێ، باشتر وایە هەر لەسەربانی بخەوێ. دوای کەمێک خەجێ چوستوچالاک جێوبانێکی خاوێنی بۆ لەسەربانی راخستم. تا نیوەشەوێکی درەنگ هەر بە خەبەربووم و لە ژێر تریفەی مانەشەو لە ئاسمانم دەڕوانی. عەوعەوی سەگەلی ئاوایی لە وەڵامی لوورەی گورگە برسییەکان دەبیسترا و دیمەنی ژیانی جوتیارانی گوندی دێنا بەرچاوم. کەی خەوم لێکەوت نازانم. بەیانی زوو هێشتا دنیا رووناک نەببوو لە قوقەی کەڵەشێرەکانی ئاوایی وەخەبەر هاتم. هەستام و جلکەکانم لەبەرکردنەوە. کە بە پلیکانەدا هاتمەخوار کابرایەکی چوارشانەی کورتەباڵای سمیڵ بابڕ لەپێشم قووتبۆوە. گوتی میرزا قادر بەخێربێی، کە سەرنجمدا مارفی پوور زەریف بوو، کە یەکێک لە پێشمەگە قارەمانەکانی دەورانی قازی محەمەد بوو. تۆقەمان کرد و لە هەواڵم پرسی. گوتی خراپ دەگوزەرێ! لەگەڵ دەوڵەتی ستەمکار شەڕ دەکەین. هەروەها مارف گوتی دوێنێ زانیمان جەنابت دێی، لە هاوڕێکانم جیابوومەوەو هاتمە دیدارت. دوای کەمێک وتووێژ گوتی: « تا هەوا رووناک نەبووە دەڕۆم. سڵاو لە هاوڕێکانم بکە.» گوتم: «ئاگات لەخۆتبێ.» گوتی: «پەنا بەخودا.»

ناوتێلانە[٤٥]

لەوسالانەی بەرێ خاتوو ئامینەی دایکی کاک کەریم (ناسراو بە حاجی) بەهجەتی هاموشۆی ماڵی ئێمەی دەکرد. زیاتر لەلای کاک باقی کوڕە ناوەنجیەکەی دەژیا. کاک باقی کابرایەکی نەخوێندەوار بوو، بەڵام زۆر زیرەک و مامەڵەچییەکی کارامە بوو. لە نێوان ئێران و عێراق دەهاتوو دەچوو خەریکی کاری قاچاخچێتی بوو. کاک باقی سێ کچی هەبوون، و کوڕی نەبوو، سێ ساڵ بوو ژنی یەکەمی دایکی کچەکانی مردبوو. خاتوو ئامینە هانیدەدام و دەیگوت بۆ ژن ناهێنی، باقی کچێکی جوانی هەیە، وەرە ببە زاوای و هەم ببە کوڕی باقی. هەم کابرایەکی دەوڵەمەندەو هیچ کوڕیشی نین. زۆریش کچە گەورەکەی خۆشدەوێ، ئەگەر ببیە زاوای بەختەوەرت دەکات. حەیفە ئەو یاقووتە بکەوێتە دەست کەسێکی دیکە. وەرە ببە کوڕی باقی، ئەتۆی زۆر خۆشدەوێ پێموایە ئەگەر هەنگاوێک هەڵێنی نەک ناڕازی نابێ بەڵکو یارمەتیشت دەدا بە ئارەزووی خۆت درێژە بە خوێندن بدەی.

ئەو قسەیە کەڵکەڵەو جوانی رەعناش وایان لێکردم بیر لە ژنهێنان بکەمەوە. بە دزی بە خاتوو ئامینەم گوت ئەگەر تۆ یارمەتیم بدەی زۆرم پێخۆشە هاوسەرینی لەگەڵ خاتوو رەعنا بکەم بە مەرجێک دایک و باوکیشم رازی بکەی. خاتوو ئامینە گوتی ئەوان لێگەڕێ بۆ من.

پێشتر رەعنام دیتبوو، نەک هەر زۆریشم بەدڵبوو بەڵکو تیری ئەوینی لە دڵی دابووم، بەڵام نەدار بووم. هیچ کارێکم نەبوو ببمە سەرباری خێزانداریش هەر کارێکی ناجوامێرانە بوو. باقی کەمتر لە ماڵ بوو. زۆرتر لە گوندەکان دەگەڕا. ماڵەکەشی لە میاندواو لە پشت گەراجی گشتی بوو. کاک باقی ژنێکی دیکەشی هێنابوو لەگەڵ کچەکانی پێکەوە دەژیان، سەرەڕای ئەوە خاتوو ئامینەی دایکی و برایەکیشی بە ناوی سەعید لە ماڵەکەی ئەودا بوون و ئاگاداری باخ و ماڵەکەیان دەکرد. خاتوو ئامینە دنەیدام سەفەرێکی میاندواو بکەم و وەک میوان شەوێک لە ماڵی کوڕەکەی وەمێنم

---

[٤٥] ناوتێلانە: بارگە، جیازی بووك بۆ ماڵی زاوا. وەرگێر

و له نزیکەوە بارودۆخەکه هەڵسەنگێنم. قسەکانی خاتوو ئامینه کاریگەرییان لێکردم تا سەفەرێکی میاندواو بکەم، به خەیاڵی خۆم دەمگوت ئەگەر بەختم هەبێ به تیرێک دوو نیشانه دەشکێنم، یەکەم دەبمه خاوەن ژن و دووەمیش به سامانی خەزوورم درێژه به خوێندن دەدەم، تا بەڵکو خەونی مێرمنداڵی و گەنجێتیم وەدی بێنم.

خاتوو ئامینه دایک و باوکمی رازیکردبوو. بەیانییەکی زوو به سواری پاس بەرەو میاندواو وەڕێکەوتم، هاو سەفەریشم کاک رەحیمی سوڵتانیان بوو. له نزیک میاندواو پاسەکەمان وەرگەڕا، لەو دۆخەدا توانیم شووشەی پەنای خۆم بشکێنم و لەگەڵ کاک رەحیم بێینه دەرێ. کەمێک بریندار ببووم، بەڵام هیچ نەبوو، ئەوەش بوو به بیانوویەکی باش دوای ئەو وەرگەڕانه شەوێک له میاندواو بمێنمەوە و سەرێک له ماڵی کاک باقی بدەم.

ئەوە یەکەمجار بوو دەچوومه ماڵی کاک باقی. له دەرگامدا، خاتوو رەعنا دەرگای کردەوە لەپێشدا نەیناسیم، بەڵام دوای کەمێک رامان ناسیمیەوە سەرکوڵمەی سوور هەڵگەڕان، فەرمووی کردم بۆ ژوورێ. کاک باقی له ماڵ نەبوو. ئێوارێ درەنگ له گوندەکانی دەوروبەری میاندواو گەڕایەوە و پێشوازی لێکردم. ئاگام لەوەش هەبوو برایەکی له زیندانی تەورێز نەخۆشه و نەشتەرگەری گورچیلەیان بۆ کردووە و حاڵی باشه، ئەوە تەنیا شتێک بوو که وەبیرم هاتەوە، بیکەمه بیانوویەک دەچمه تەورێز و ئەگەر نامەیەکت هەبێ بۆ میرزا هاشمی دەبەم. کاک باقیش زۆری پێخۆشبوو نامەیەکی نووسی تا سبەی لەگەڵ خۆم بۆی ببەم. میرزا باقی له مەبەستی سەفەرەکەم نەگەیشت، ئەو شەوە له ماڵیان مامەوە هەموو هەڵسوکەوتی رەعنام لەبەرچاو گرت. پێمگوت «دەمەوێ بچمه تاران هیچت پێویست نییە؟» گوتی: «پێویستیم به هەندێک سووف[٤٦] هەیه بۆمبێنی» پارەی لەپێش دانام، گوتم با سووفەکەت بۆ بکڕم و بیهێنمەوە ئەوسا لێت وەردەگرم. بەیانی کاتێک له ماڵی حاجی باقی وەدەردەکەوتم و بەرەو تاران دەڕۆیشتم له گەراج تووشی کابرایەکی مەهابادی بووم لێم پرسی بۆکوێ دەچی، گوتی دەچم بۆ تەورێز خزمێکم له زیندانه سەردانی دەکەم. منیش داوام لێکردو گوتم مادام هەردەچی بۆ زیندان نامەیەکم پێیه بۆ میرزا هاشمی برای میرزا باقی ئەویش هەر له زیندانی تەورێزه و نەخۆشه. ئەویش گوتی به چاوان و نامەکەی لێوەرگرتم. ئەو ناپیاوە دوای ئەوەی من رۆیشتم یەکسەر

[٤٦] سووف: جۆرێك كڵاوەی گوڵدۆزی. وەرگێڕ

چووبووه ماڵی میرزا باقی و مەسەلەکەی بۆ کاک باقی و بنەماڵەکەی گێڕابۆوە نامەکەی نیشاندابوون و گوتبووی ئەو نامەکەی نەبردووە من دەیگەیەنم. بۆیە میرزا باقی تێگەیشتبوو ئەو ماستە بێ موو نییە، بەڵام وەسەرخۆی نەهێنابوو.

کاتێک لە تاران گەڕامەوە و چوومەوە ماڵی میرزا باقی سووفەکەم وە خاتوو رەعنا دا، ئەوەندەی تکای کرد پارەکەی لێوەربگرم کە بایی دوو تمەن بوو لێم وەرنەگرت، کاتیک سووفەکەم وێدەدا سەرپەنجەم گوشین، کوڵمەی سوورهەڵگەڕا و دەرپەڕی، دوو سەعاتێک لەوێ مامەوە، بەڵام خۆی پێنیشان نەدامەوە.

گەڕامەوە مەهاباد و مەسەلەکەم بۆ باوکم گێڕایەوە. ئەویش بانگی کاک کەریمی کرد بێتە ماڵێ و بابەتی خوازبێنیەکەی لەگەڵ باسکرد. کاک کەریم زۆر خۆشحاڵ بوو، سوێندی خوارد و گوتی رەعنام لە کوڕ و کچەکانم خۆشتر دەوێ. سبەی لەگەڵ میرزا قادر دەچینە خوازبێنی، باقی برا چووکەم قسەی من لە عەردی نادا. بێئاگا لەوەی خاتوو ئامینە لەگەڵ کوڕەگەورەکەی نێوانیان خۆشنییە و بۆ کارەکەم زەرەری هەیە، ئاگام لەو نێوان ناخۆشییەی دایک و کوڕە نەبوو. لەگەڵ کاک کەریمی هاتینە میاندواو کاک کەریم خەریکی ئامادەکاری مەراسیم بوو لە ماڵی کاک باقی، منیش هاتمەدەرێ پیاسەیەک بکەم. لەبەردەم گەراج راوەستا بووم پاسی مەهاباد گەیشت، پێموابوو باوکمی تێدایە. لەبەرئەوەی قەرار بوو ئەو ئێوارێ بێت. کە چوومەپێشێ خاتوو ئامینە و کاک سەعیدی کوڕە چووکەی تێدا بوون، بە توڕەیی دابەزین ئەو خاتوو ئامینە میهرەبانە ببووە شەیتان و چووبووە کەوڵی بنیادەمان. لێم راما و یەکسەر چوونە ماڵی باقی، پاش کەمێک منیش چوومەوە ئەوێ. تەماشامکرد شەڕ و هەرایە. دایک جنێوی بە کوڕەی دەداو دەیگوت ئەتۆ بۆ خۆتێهەڵدەقوورتێنی؟ پیاوێکی دیکە داوای رەعنا دەکات، دەوڵەمەندە و خاوەن زەویوزارە. بۆیە دەیدەمە ئەوێ.

کاک باقی لەسەر کورسییەک دانیشتبوو پێیان پێدەکەنی. کاک کەریمیش توڕە ببوو و، هاواریدەکرد پیرەژن تۆ بۆخۆت سەدجار بە میرزا قادرت گوتووە ئەو کچە شایانی تۆیە و تۆش شایانی ئەوی. ئێستا بۆوا دەهری بووی؟ خاتوو ئامینەش بەسەر کوڕەیدا دەشیڕاند و دەیگوت بەرتیلت وەرگرتووە؟ ئاوا خۆت شیرین دەکەی. کاک سەعیدیش لایەنگری دایکی دەکرد و دەینەڕاند. رەعناش لە ژوورێ لەسەر کورسییەک دانیشتبوو تەماشای دەکردن. من لە ژووری پێشوازی لەگۆشەیەک بە خەمناکی دانیشتبووم و جنێوم بە بەد شانسی خۆم دەگوت. کاک باقی دوای بیستنی قسەی هەردووک لایان

گوتی ڕەعنا شوو بە هەرکەسێک بکات دەیدەم بە ئەو. کە گوێم لەو قسەیە بوو کەوتمە دڵەکوتەیەکی توونده. لەلایەک لە خۆم دەترسام ناکا کچە حاشام لێبکا و دەستم بەڕوانەوە بنێ و ئابڕووم بەرێ. ئەگەر شتێکی وا ڕووبدا هیچ کەس کچم ناداتێ. لە ڕەعنایان پرسی و گوتیان دەی تۆ قسەیەک بکە شوو بە کێ دەکەی؟ ئەویش ئاماژەی بۆ من کرد و گوتی مێردی ئایندەم ئەوە. ئەوم خۆشدەوێ!

بۆیە پیرەژن و مام سەعید لە شوێنی خۆیان وشک بوون و بێدەنگ بوون. مام کەریم بردیەوە، ئێواریش باوکم هات. مەلایان هێناو ڕەعنایان لێ مارەکردم. حاجی مامی خاتوو ڕەعنا گوتی ئێوارەی چوار شەممە یانی دوو ڕۆژی دیکە لەگەڵ خۆی دەیهێنێتە مەهاباد. لەو بێنەوبەرەدا کاک باقی ڕووی تێکردم و گوتی جیازیە خۆشەویستەکەشم ئەو دوو شتەن: ئاماژەی بۆ کۆنە رادیۆیەک کرد کە لەسەر تاقێک دانرابوو گڵۆپێکیشی سووتا بوو کاری نەدەکرد، ئەوەی دیکەش کۆنە فەرشێکە کە لە هۆڵێ ڕاخراوە. تێگەیشتم نیشانەکەم نەپێکاوە و ناکرێ لەژێر ڕووناکی ئەو مۆمە کزە بە ئامانج بگەی. بۆیە پشت و پەنا بەخودا بزانین چۆندەبێ! دوای دوو ڕۆژ کاک کەریمی مامی خاتوو ڕەعنا بە ئۆتۆمبێلی خۆی بووک و جیازی بووکێی هێنایە بەردەم ماڵی خۆمان و دایبەزاندن. بەبێ هیچ ئاهەنگ و زەماوەندێک لەبەرئەوەی شار هەر لە ماتەمی پێشەوا قازی و هاوڕێکانیدا بوون، مامێکی خاتوو ڕەعناش هێندە نەبوو کۆچی دوایی کردبوو لەخوار مەزاری شەهیدانی ڕێگای ئازادییان بە خاکسپاردبوو. تاکە کەسێک کە بۆ ماڵێ بانگهێشتم کرد کاک ڕەحیم خەزایی هاوسێ و هاوڕێی قوتابخانەی ناوەندی و دۆستی لە مێژینەم بوو. بۆیە چارە نەبوو دەبوایە ئەو پێکگەیشتنە بەبێدەنگی ئەنجامبدرێ. کە هەمیشە بیرەوەری ڕۆژانی تاڵی و ناکامی من بوو لە هەموو زەماوەندەکانی دەرەوەی وڵات و ناوخۆی وڵاتیشدا دەهاتەوە یادم. گوڵێ ڕەیحان ئەو شێرەژنە بەربووک بوو، زۆر ئومێدی پێبەخشیم، خاوەن ژن بیت و هیچ کاروکاسبیەکت نەبێ، زۆر ئازاری دەدام و ویژدانم ئاسوودە نەبوو.

کۆتایی مانگی ڕەزبەر بوو بیستم کە دکتۆر موکری هاتۆتە مەهاباد و لە یەکێک لە ژوورەکانی سەید عەلی میوانە، چوومە خزمەتی دوای ئەو هەموو ڕێزەی کە لە تاران لە ئێمەی گرت، وەک وەفایەک بانگهێشتم کرد بۆ ماڵێ. هەروەها ئاغای شەفیع زادەو چەند کەسێکی ڕۆشنبیریشم بانگ کردن. لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ ئاغای شەفیع زادە کە پیاوێکی تەورێزی و بەڕێز بوو گوتی میرزا قادر بۆ نابیتە مامۆستا،

دوکانداری و ببیته سەربار بۆ باوکت کارێکی باشنییە. گوتم جەنابی بەڕێوەبەری فەرهەنگ کێ بە مامۆستا وەرمدەگرێ. گوتی تۆ داواکارییەک بنووسە من بۆت جێبەجێ دەکەم. هەر لەوێ نامەیەکم بۆ بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگ نووسی و داوای ئەوەم کرد وەک مامۆستا دابمەزرێم. بەڕێز شەفیع زادە نووسراوەکەی لێوەرگرتم و لە گیرفانی هاویشت، دوای دە رۆژان لە فەرمانگەی فەرهەنگ لەدوایان ناردم و گوتیان وەرگیراوی. فەرمانی دامەزراندنت لە ورمێ وە هاتۆتەوە وەک مامۆستا و مووچەی مانگانەشت سەد و پەنجاتمەنە، لە مرۆوە تۆ وەک مامۆستا ناسراوی و لە سبەینێوە لە قوتابخانەی پەهلەوی پشت مزگەوتی بازاڕ و نزیک ماڵی کاک عابیدی قەننادی و عەلی ئاسنگەر دەچیتە ژووری پۆل و خۆت بە بەڕێوەبەر دەناسێنی.

بۆ سبەی چوومە قوتابخانەی پەهلەوی و پۆلی پێنجم وەرگرت، پیشەی پیرۆزی مامۆستایەتی بەلامەوە زۆر گرنگ و جێگەی شانازی بوو. پێوقەدەمی خاتوو رەعنا گرێی بەختی کردمەوەو لە چاولەدستی باوکم نەجاتیدام. بۆخۆم بوومە یارمەتیدەری باوکم. ئەو رادیۆیەی خاتوو رەعنا وەک جیاز لەگەڵ خۆی هێنا بوو کاری نەدەکرد و دەبوایە چاک بکرێتەوە. لە هەموو شاری تاکە رادیۆساز کاک محەمەدی تەکمەچی بوو. کابرایەکی دەستڕەنگین و وەستای زۆر کاران بوو. گوتیان ببیە لای وەستاو بۆت چاک دەکاتەوە. چوومە لای وەستا و گوتی بۆت چاک دەکەمەوە تا گوێ لە هەواڵەکانی دنیای دەرەوە بگری و لە دنیای زانست و تێگەیشتن بەجێ نەمێنی.

دوای دوو رۆژان کاک محەمەدی تەکمەچی گوتی شەوێ کاتێک دەچوومەوە ماڵێ لەگەڵ خۆم بردبوو لە رێگا سەهۆڵبەندابوو لە سەرەولێژی گەڕەکی خرێ هەڵخلیسکام و رادیۆکە لە دەستم پەڕی و شکا. من بەو ئومێدەی کە لەو دەورانە سەرکوتکەرەی رژێمی شاهەنشاهی دڵم بەو کەچە رادیۆیە خۆشبوو، ئەویشم نەما، زۆر بۆی نیگەران بووم. بەڵام کاک محەمەد تەکمەچی گوتی میرزا قادر نیگەران مەبە رادیۆیەکی دیکەم بۆ پەیدا کردووی لەلای کاک سەعید پیرانی کوڕی حەسەنەپیرەی بەقاڵ بە بڕی سەد و هەشتا تمەن لە جیات رادیۆکەی خۆت وەرە بابچین و تەماشای بکە ئەگەر بەدڵت بوو هەڵیبگرە. پێکەوە چووینە ماڵی میرزا سەعید، رادیۆیەکی مامناوەندی فیلیپس بوو شوشەیەکی جوان و مەوجەکانی دەگەڕان، بەدڵم بوو. کاک محەمەد زەرەرەکەی وە ئەستۆ گرت و رادیۆکەی دامێ و بە دڵخۆشی پیرۆزبایی لێکردم و نیگەرانیەکەم نەما. خودا لە بەڵایان بیپارێزێ.

دوای ماوەیەک لەگەڵ خاتوو ڕەعنا بە مەبەستی سەردانی ماڵە خەزووران بۆ چەند ڕۆژێک بەرەو میاندواو وەڕێکەوتین. خاتوو ئامینەی نەنکی ڕەعناو سەیزادەی زڕدایکیشی کە دوای مردنی دایکی شووی بە باوکی کردبوو ئەوانیش لەوێ بوون.
کاک باقی ڕۆژانە دەچووە گوندەکانی دەوروبەر بۆ کڕین و فرۆشتنی کاڵاکەی و خۆی لە چاوی ژاندەرمەو پاسەوانەکان بەدوور دەگرت، کە لە بیانوویەک دەگەڕان، بەرژەوەندی کارەکەی کاک باقیش لەوەدابوو کەمتر دەرکەوێ. بۆ پیاسەکردنێک بەناو شاردا وەدەرکەوتم لەبەردەم گەراج تووشی مەئمورێکی تریاکی باڵابەرزی کزی ڕەقەڵە بووم، هاتەپێشێ و یەخەی گرتم دەستیکرد بە گوڕەگوڕ و دەیگوت کاک باقر بۆچی تا ئێستا باجی داهاتی باخەکەت نەداوە؟ هێندەی گوتم کاکە من باقر نیم، وازی نەدەهێنا و شەڕی پێدەفرۆشتم. منیش تاقەتی شەڕ و هەرام نەبوو، هێندەم دەردو خەم و کەسەر هەبوون بە ئەندازەی کێوێک. ئێستا ئەوەش ببوو بەسەربار. دوای بگرەوبەردەیەکی زۆر و شایەدی دوو کەسی ئاشنا لەکۆڵ ئەو ملۆزمەیان کردمەوە. کە گەڕامەوە ماڵێ گوتم: «خاتوو ڕەعنا هەستە با بڕۆینەوە مەهاباد. ئێرە جێگای من نییە، تا تووشی بەڵایەکی دیکە نەبووم با لێرە بڕۆین.» هەر ئێواری گەڕاینەوە مەهاباد.
هەموو ڕۆژێ بەیانیان سەعات حەوت هەڵدەستام و بەیادی دەورانی مێرمنداڵی و گەنجێتی بەرەولای مزگەوتی قازی پیاسەم دەکرد و دەورانی منداڵیم دەهاتنەوە یاد کە لەگەڵ باوکم بۆ نوێژ و تەراویح دەهاتینە ئەو مزگەوتە. دوایی دەهاتمەوە ماڵێ، نانی بەیانیم دەخوارد و بەرەو قوتابخانە بەڕێدەکەوتم. لە کاتی وانەگوتنەوەدا بەتایبەتی مێژوو دارشتن هەمیشە ڕووداوگەلێکم باسدەکرد و دەمویست ئاستی هونەری دەربڕینی خۆم تاقیبکەمەوەو لەکاتی قسەکردندا بە سەرنجەوە حاڵەتی دەروونی قوتابیەکانم هەڵدەسەنگاند. لەناوچەوانی ئەواندا هەستی کاریگەری خۆم دەدیتەوە. هەندێکات قوتابیەکان هێندە بە هۆگریەوە گوێیان دەگرت ئاگایان لەوە نەدەما زەنگی پشووە، بەڵکو حەزیان دەکرد زیاتر بمێننەوە و گوێیان لە قسەکانم بێت، کە بەلایانەوە لە کاتی یاری و پشوو گرنگتر بوو.
لەگەڵ مامۆستاکان نێوانم خۆشبوو، هەموویان لە چینی زەحمەتکێش و کەسانی باشبوون. ڕێزم لە گەورەکان دەگرت و لەگەڵ گەنجەکانیش خۆمانە بووم. لە کۆڕی گەنجانی نیشتمانپەروەر و دژی ڕژێمی پاشایەتی بەشداری چالاکانەم هەبوو،

بەرپرسی شانەیەکی فیداکار و لەخۆبوردوو بووم، بە پرسوڕاوێژی من بانگەشەو چالاکی دەرەوەی شار ئەنجامدەدرا.
پایز و زستانی ساڵی ١٩٤٧ لەژێر زەبروزەنگ و ئازاری رژێم زۆر بەسەخت و دژواری تێپەڕی. دراوسێی دیواربەدیوارمان کاک حامیدی مەجیدەشەل لە یەکێک لەو رۆژە ساردو سەختەی مانگی بەفرانبار کۆچی دوایی کرد، تەنیا چەند کەسێک بەشداری بە خاکسپاردنەکەیان کرد. کە دەبوو بە سەعات شەش شەیپووری لەناکاوی قەدەغەکردنی هاتووچۆ لێدەدراو خەڵکی وەکو پەلەوەری ماڵی دەخزانەوە لانەکانیان. ئەگەر کەسێک نەخۆشی هەبا یان کەسێکی مردبا دەبوو تا سپێدە شیوەن بکەن و کەسیش گوێی لێیان نەدەبوو.
ئەو ساڵە زستانەکەی زۆر سەخت و تووش و سەهۆڵبەندان بوو، خەڵک لە دۆخێکی زۆر ناهەمواردا دەژیان. بازرگانی وەستابوو، نە کەسێک بۆ شار دەهات و نە کەسیش توانای هەبوو بۆ هیچ لایەک بچێ. سیخوڕ لە هەموولایەک سەروکەللەیان دەردەکەوت، وەکو شەیتانی نەفرەتلێکراو لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەیەکدا گوێیان هەڵدەخست. ماستاوچی و کاسەلێسی رەواجی هەبوو. فەرمانبەرە بەرتیل خۆرەکان وەکوو زەروو خوێنی ئەو خەڵکەیان دەمژی بەبیانووی کەمکردنەوەی ماوەی زیندانی زۆربەی کەسوکاری زیندانیان بەجۆرێک گرفتار ببوون. نیوەشەوێ خەڵکیان لەماڵان دێنا دەرو کەس نەیدەزانی بۆ کوێیان دەبەن و تووشی چ چارەنووسێکی شوومیان دەکەن. هەربۆیە لەوحاڵەتانەدا تاڵان و بڕۆ گەیشتبووە ئەو پەڕی. ئەفسەر و عەریف و ئەمنییەکان هەریەکەو بۆخۆیان حکومەتێکیان هەبوو. دەورانی مامۆستایەتیم لە قۆناغێکی خراپدا دەستپێکرد. لە ژووری پۆلدا چاودێریان لەسەر دانابووم و قسەکانیان دەکردم بە راپۆرت. پلەو ریزبەندی سیخوڕی لە مەهاباد لە بەهاری ١٩٤٨ لە ئیدارەی فەرهەنگ دەستپێکرد بەڕێوەبەری فەرهەنگ بەڕێز شەفیع زادە کە پیاوێکی ئیماندار و شەریف و مرۆڤ دۆستبوو گۆڕییان و دزێکی کارامە کە بەرپرسی دارایی ئیدارەی فەرهەنگ بوو لە جێگای ئەویان دانا و بوو بە بەڕێوەبەری فەرهەنگی مەهاباد و بۆکان. ئەو کابرایە کە دەستێکی نەبوو ناوی جەلال سەمیعی بوو، شێوازی بەرتیل خۆری و دزی دیتبوو خەڵکە هەژارەکەی وەزاڵە هێنا بوو. لە ناپاکیدا لینگەی نەبوو. هەرکەسێک دادەمەزرا دەبوو موچەی سێ مانگی بداتە ئەو دزە.

ئێستاش سەرەتای کار بوو، لەو موچەکەمەی مامۆستایە یان هەر کارمەندێکی دیکەی بێچارە دەبوایە سەدا دەی موچەکەی بداتە ئەو بەڕێزە! ئەگەر کەسێک خوانەکردە بە پێچەوانە جولابایەوە و منگەیەکی کردبا ئەوە مۆرێکی سیاسییان پێوەدەنا و زەرەرمەنێی دنیاو قیامەت دەبوو، دەکەوتە بەردەست لێکۆڵەرانی پلەدوو کە وەکو مشکێک بکەوێتە بەردەست پشیلە برسییەکان و تا تووشی چ رۆژگارێکی رەشی دەکەن.
من بێئەوەی ئاگام لەو پیلانەبێت لە یەکەم مانگی بەهاری ١٩٤٨ بەڕێز ئاغای سەمیعی بەدوایدا ناردم. بەتەنیا لە ژوورەکەی دانیشتبوو. کاتێک دانیشتم بە بزەیەکی فێڵاوی لە هەواڵی پرسیم و فەرمانیدا چایەکم بۆ بێنن. پاشان قیافەی خۆی گۆڕی گوتی کاک فلانی دوو مانگە من بوومەتە بەڕێوەبەری ئیدارەی فەرهەنگ، بەڵام جەنابت ئەوەندە ئەزیەتەت بەخۆت نەداوە بێی پیرۆزبابیم لێبکەی، لە کاتێکدا من تۆم لە زۆر کێشەو بەلایان پاراستووە و نەمهێشتووە سەرودڵت بگرن. سەرم سوڕما، تێکڕابووم و گوتم بەڕێز سەمیعی چما چیم کردووە؟ بە بزەیەکی ژەهراوی گوتی تۆ لە یەکیەتی سۆڤیەت گەڕاویتەوە و بوویتە مامۆستا! چما دەکرێ هەروا سادەو ئاسان منداڵی خەڵکت بدەینەدەست. هەروەها لە ژووری پۆل منداڵان هەڵدەخەڵەتێنی و بیستوومە دژی رژێمی شاهەنشاهی قسان دەکەی! لە وەڵامدا گوتم خەم و دەردم هێندە زۆرن توانای سەرخوراندنشم نییە، هێندەش خۆشیم لە سیاسەت نەدیوە و کارم بەکاری کەس نییە. گوتی بەهەرحاڵ خۆت کۆبکەوە و بزانە لەگەڵ کێ تەڕەفی، من شەفیع زادەنیم، ئەمن جەلالی سەمیعی خزمەتکاری شام پێدەڵێن. ئەوشتانە هێندە کاریگەرییان لێکردم نەفرەتم لە شاو رژێمەکەی کرد.
کاتێک گەڕامەوە ماڵێ زۆر نیگەران بووم. باوکم هەستی بە پەرێشانیم کرد و پرسی چیبووە؟ گوتم لە دوێنێوە سەرئێشەمە. هیچیشم بە رەعنای هاوسەرم نەگوت. ئەو بابەتەم لەگەڵ کاک قاسم قادر باسکرد. ئەو کابرایەکی دنیادیدە و تێگەیشتوو بوو. میرزا قاسم ماوەیەک راما بزەیەکی خۆشەویستی هاتە سەرلێوان و گوتی، میرزا قادر ئەو ناپیاوە زۆر خوێڕی و ترسناکە. ماری قوڵەوەیباب لەوی باشترە. موچەکەت سەد و پەنجا تمەنە، چاوی بڕیوەتە موچەکەت، هەروەکو دەزانم مانگانە لە دوازدە کەسان وەردەگرێ، ئێستاش دەیەوێ تۆ بکاتە یەکێک لە مریدەکانی خۆی، ئەگەر مل نەدەی سەرئێشەت بۆ ساز دەکات.

گوتم کاک میرزا قاسمی خۆشەویست سوێند بە خودا لە سێدارەشم بدەن لەو برە موچەیەی بە ئارەقی ناوچەوانم پەیدای دەکەم یەک فلسیش نادەمە ئەو تەرەسەی. هەرچی دەبێ بابێ پەنا بەخودا.
مانگێک بەسەردا تێپەڕیبوو خوالێخۆشبوو عەزیز فەرهادی کە یەکێک بوو لەو قوتابیانەی لە یەکیەتی سۆڤیەت پێکەوە بووین هاتەلام و گوتی فلانی لەگەڵ کوڕێکی سنەیی پێکەوە سەربازین لەبەرئەوەی ئازادیخواز و نیشتمان پەروەرە لە سەربازگە زۆر ئازاری دەدەن و هەتا نانیشی نادەنێ دەیەوێ قسەت لەگەڵ بکات. ئێستاش کە تۆ لە سەربازی بەخشراوی دەتوانی یارمەتیەکی بدەی.
ژنهێنانم لە پایزی ١٩٤٧ خێری دایەوە بەپێی ئەو یاسایەی لە پەرلەمان دەرکرابوو ئەوانەی لەو ساڵەدا ژنیان هێناوە لە خزمەتی سەربازی دەبەخشرێن. لەگەڵ ئەوەی بۆ سەربازیش داوا کرابووم بەلاّم پێوقەدەمی خاتوو رەعنا نەجاتی دام.
هەموو هاوڕێکانم داوا کرابوون و بردبوویاننە ژێر ئالا. عەزیز فەرهادی جلکوبەرگی سەربازی لەبەردا بوو، قسەکانی کاک عەزیز کاریگەرییان لێکردم و گوتم با بزانم ئەو برا سنەییە چ کارێکی پێمە، کە ناوی ئەسعەدی خودایاری بوو، بەڵکو بتوانم بۆی جێبەجێ بکەم؟ بۆیە لەگەڵ عەزیز فەرهادی قەرارمان دانا شەوی هەینی کۆتایی مانگی جۆزەردان لە گەڕەکی قوڵێ قەبران[47] و نزیک ماڵی سەید رەحمانی ئەیوبی و لە ماڵی کاک خدر مەولان سەعات نۆی شەو چاومان پێک بکەوێ. بێئاگا لەوەی ساواک[48] چ تەڵەیەکیان بۆ ناومەتەوە. بێباکانە لەگەڵ کاک عەزیزی هاوڕێم بە پلیکانەکاندا سەرکەوتین لە ژوورێکی مامناوەندی چاوم بە گەنجێک کەوت دانیشتبوو حاڵی پەرێشان دیاربوو بە شڵەژانەوە تەماشای دەکردم. خاوەن ماڵ کە گەنجێکی تەمەن بیست و هەشت ساڵان بوو لەبەردەم دەرگا راوەستا بوو، کاتێک چوومە ژوورێ و دوای سلاو و هەواڵ پرسین، کاک سەعیدی خودا یاری ئاماژەیەکی بۆ خاوەن ماڵ کرد، ئەویش دەرگاکەی پێوەدا و رۆیشتەدەر، یانی لەشوێنی دانیشتنەکە دوور کەوتۆتەوە. پاش کەمێک کاک سەعید گوتی کاک میرزا قادر، کاک عەزیز فەرهادی هاوڕێت دەزانێ لە سەربازگە زۆرم ئازار دەدەن، بێجگە لە راکردن هیچ

[47] قوڵێ قەبران: ناوی گەڕەکێکە لە مەهاباد و گۆڕستانێکیشی لێبوو، ئێستا ئەو گەڕەکە بۆتە ناوجەرگەی شاری مەهاباد.
[48] ساواك: رێکخراوی سیخوڕی رژێمی پەهلەوی. وەرگێڕ

چارەیەکی دیکەم نییە بۆ دەربازبوون لەو رژێمە سەرکوتکەرەی پەهلەوی. بۆ خاتری خودا یارمەتیم بدە با لە ئێران وەدەر کەوم و پەنا بۆ یەکیەتی سۆڤیەت ببەم.
وەک ئەوەی لە لایەن خوداوەندەوە ئیلهامم بۆ هاتبێ وەخۆ هاتمەوە و دەرکم پێکرد. گوتم کاک سەعید ئەگەر سۆڤیەت باشبووبا نەدەگەڕامەوە (بەڵام لە دڵی خۆمدا دەمگوت دەبێ هەربڵێم ئەو نانە بەو دۆشاوەی). بەلامەوە سەیر بوو بۆچی ئەو برادەرە ئەو بابەتەکەم لەگەڵ باسدەکا و داوای یارمەتیم لێدەکا، لەکاتێکدا هەر بەڕاستی هیچ کارە نەبووم، لە قوتابییەکی بەدبەختی فریوخواردوو زیاتر هیچ شتێکی دیکە نەبووم، کە لەو قۆناغەدا گەڕابوومەوە ئێران، ئەو هاوڕێیەشم کە لەوێ مابوونەوە هەر یەکەو نوایەکیان پەیدا کردبوو شتێکیان دەستکەوتبوو.
گوتم کاک سەعید بەهەڵەچووی من نە سەلکی سیرم و نە قنچکی پیازم. باشتر وایە سەربازیەکەت تەواوبکەی ئەوسا دەتوانم یەکێک لە دوکانەکانی مەیدانی ئاسنگەرانت وێبدەم کە ملّکی باوکمە، دەتوانم سەرمایەکی کەمیشت بدەمێ تا بتوانی دوکانێکی نانەوایی پێ دابنێی. واباشترە ئاوارەی وڵاتی غەریبایەتی نەبی ئەویش دیارنییە چ ئایندەیەکت دێتە پێش. ئەو ئامۆژگاریەم لە رووی مرۆڤ دۆستییەوە بەو برادەرە گوت ئەویش زۆری پێخۆشبوو. کاک سەعید خودایار زۆر سوپاسی کردم و گوتی بیری لێدەکەمەوە و پاشان بە کاک عەزیز دەڵێمەوە. دوای ئەو دیدارە لەو ماڵە وەدەر کەوتم و ئیدی نە ئەسعەدم دیتەوە و نە هەواڵێکم لێ زانی.
لە مانگی پوشپەڕی هەمان ساڵ لەلایەن گەنجانی خەباتکار و شۆڕشگێڕەوە لە تیرو پشکێکدا ناوی غەنی بلووریان دەرچوو بۆ عێراق. چوو بۆ عێراق و لەوێ لەگەڵ ئازادیخوازانی ئەوێ پەیوەندی گرت و باسی لە ستەم و چەوسانەوەی رژێمی پەهلەوی کرد. قەراربوو لە گوندی سیتەک کە یەکێکە لە گوندەکانی دەوروبەری سلێمانی و ملّکی شێخ مەحموودی نەمرە چاپخانەیەکی بچووکی بۆ دابنێن بۆ بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو بڵاوکراوەکای شۆڕشگێرانی ئازەربایجان و کوردستان.
کاک غەنی بلووریان توانی هەندێک بڵاوکراوە دژی شا و ساواک چاپ و بڵاوبکاتەوە، ئەوکارە تا ناوەڕاستی پایزی ١٩٤٧ درێژەیکێشاو لە مانگی گەڵاڕێزانی هەمانساڵ هەندێک لەو بڵاوکراوانەمان پێگەیشتن و دامانن بە گەنجانی فیداکاری شار تا لەناو شاردا بڵاویان بکەینەوە.

بۆ ئەم مەبەستە و بۆ شێوازی بڵاوکردنەوە و خۆپاراستن لەهەر کێشەیەک کۆبوونەوەیەکی بەپەلەمان ئەنجامدا. پێشنیارم کرد بڵاوکراوەکان لوول بدرێن ئاوا جێگاش کەمتر دەگرن، دوای ئەوەی فڕێیان دەدەین دەکرێنەوە هەریەکەو چەند بڵاوکراوەیەک لە گیرفان بهاوێ و لە کۆڵان و شەقام و مزگەوتەکان فڕێیاندەدەین، کە بە ئەندازەی جگەرەیەک دەبن، دوایی لە شوێنەکە دوور دەکەوینە، دوای چەند خولەکێک بڵاوکراوەکان لەسەرعەردی دەکرێنەوەو سەرنجی خەڵک رادەکێشن. برادەران پێشنیارەکەی منیان پەسەند کرد.

شەوێک دوای خۆرئاوابوون بڕیاری بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانمان دا. دەروبەری مزگەوتی سوور و نزیک باخی سیسەک بەرمن کەوتن. کاتێک چوومە مزگەوتی سوور ژمارەیەک سەرباز و عەریف خەریکی دەموچاو شووشتن بوون توانیم هەندێک بڵاوکراوە فڕێبدەم و لەو شوێنە مەترسیدارە دوور بکەومەوە. ئەرکی ئەو شەوەم بەباشی ئەنجامدا، بڵاوکراوەکانم لە ماڵێ شاردبوونەوە بۆ ئەوەی هەڵەی چاپیان چاکبکەمەوە. کاتێک چوومەوە ماڵ دیتم رەعنا زۆر شڵەژاوە، هەستیدەکرد خەریکی کارێکی ترسناکم و ئەویش ئاگای لێ نییە. ئەو بیری لە ئایندەی خۆی و ئەو منداڵە دەکردەوە کە چاوەڕوانی دەکرد، بۆیە زۆر نیگەران بوو. بۆ بەیانی جموجووڵی ژاندەرمە و پیاوانی ساواک لە بازاڕی زۆر بوون و ژمارەیەک خەڵکیشیان گرت، بەتایبەتیش ئەو کەسانەی پێشینەیان هەبوو یان ئەوانەی لە حکومەتی کۆماردا کاریان کردبوو. هەندێک لەوانەی گیرابوون قادر ریحانی و سدیق خاتەمی بوون. مەنسوور خوسرەوی ساواک کە خەڵکی سنە بوو وەک سێبەر بەدوامەوە بوو، چەند هاورێیەکی منیش گیران.

لە سەرماوەزی ساڵی ١٩٤٨ ئەنوەری کوڕم لە دایک بوو، بوو بە ئومێدێکی گەورە بۆ درێژەدانم لە خەبات. بۆیە نیازم وابوو ئەگەر کوڕم هەبێ و لەدوای من ئاگای لە دایکی بێت و ببێتە یادگارییەک لەدوای من، درێژە بە خەبات و تێکۆشان بدەم دژی رژێمی پەهلەوی، سوپاس بۆ خودا ئەو ئاواتەشم وەدیهات، کەواتە درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدەم. رۆژێک وەک خووی هەمیشەییم دمویست بچمە مزگەوتی قازی. دیتم لەبەردەم ئیدارەی فەرهەنگ کە لە باڵەخانەی دووەمی کاروانسەرای سەید عەلی بوو، دووکەس راوەستا بوون. پۆلیسێکی گەنج و کابرایەکی کۆت و شەرواڵ لەبەر، بەڵام نەمناسی پێموابوو مەهابادیە. دەمویست بەرەولای مزگەوت بڕۆم، هەندێک

گۆڤاریشم لەگیرفاندا بوون و خستبوومنە ژێر پاڵتۆکەم، نیازم وابوو لەناو خەڵکدا بڵاویان بکەمەوە. ئای لەو بێ پارێزیە ترسناکە! پۆلیسەکە هاتەپێشێ و گوتی کاکە، لە ئاسایش کاریان پێتە. گوتم زۆرباشە مۆڵەتم بدە بچمە ئاودەست دوایی دەچین. کابرا گوتی نا، ئاسایشیش ئاودەستی لێیە. کە گوێم لەو قسەیە بوو مەرگم بەچاوی خۆم دیت، یەکسەر ئەوەم هاتەوە یاد هاوڕێکانم بەبێ بەڵگەیەک گیراون و ئەشکەنجە دەدرێن تۆش بە گیرفانی پڕەوە دەچیتە کوشتارگا، واوەیلا چیت بەسەر دێنن.

خۆم تێک نەدا، پەنا بەخودا ئارام ئارام لەگەڵ پۆلیسەکە دەڕۆیشتم لە شەقامی پەهلەوی بەرەولای شارەوانی دەڕۆیشتین، لەگەڵ کابرای پۆلیس کەوتمە قسەکردن، لەو کاتەدا محەمەدی بەهمەنی هاوپۆلی قەدیم و هاوڕێی دیرینم چاوی پێکەوتم. لە کاتی قسەکردندا بە کابرای پۆلیسم گوت پێموایە بەهەڵە منت هێناوە و لەگەڵ خۆتم دەبەی، بۆیە بەرپرسیاریەتی ئەو هەڵەیە لەسەر خۆتە و تووشی لێپێچینەوە دەبی. لەبەرئەوەی من بە نهێنی کار بۆ دەوڵەت دەکەم و لەلایەن تیمسار رەزم ئاراوە راسپێردراوم و تۆش ئاشکرام دەکەی، ئەوەش وەک درکاندنی نهێنی دەوڵەتە.

خودا رەحمی کرد پۆلیسەکە دڵی نەرم بوو، لە ئەنجامی کارەکەی دەترسا. گوتی دوێنێ ئێوارێ چ شەرواڵێکت لەبەردابوو؟ یەکسەر تێگەیشتم دوێنێ ئێوارێ منیان ناسیوە کە شەرواڵێکی شینم لەبەردابووە، ئێستاش شانسم هەبوو کە ئەمڕۆ شەرواڵێکی سوورمەییم لەبەردابوو، بۆیە بە فرسەتم زانی و گوتم دوێنێش هەمان شەرواڵم لەبەردا بووە، بەڵام برایەکم شەرواڵێکی شینی لەبەردایە و زۆر پێک دەچین. ئەو قسەیە کاری لە پۆلیسەکە کردو گوتی تۆ بگەڕێوە قوتابخانە بەڵام مەچۆوە ماڵێ! گوتم بەچاوان.

لە ماڵێ دوو دەرگامان هەبوو یەکیان بە دیوی بازاڕیدا دەکرایەوە و ئەوەی دیکەش بەلای مەیدانی ئاسنگەراندا. خواحافیزیم لە پۆلیسەکە کردو گوتم زۆرباشە دەتەوێ براکەم لەگەڵ خۆت ببەی؟ گوتی ئیدی ئەو کارە پەیوەندی بە تۆوە نییە تۆ وەدوای کاری خۆت بکەوە. لەلای ئەو کەمێک بەرەولای قوتابخانەی خەیام رۆیشتم و چوومە ناوبازاڕ، لەوێشەوە خێرا لەپشت دوکانی وەستا عەلی ئاسنگەرەوە خۆم گەیاندەوە ماڵێ و لە دەرگامدا، زۆر پەشۆکا بووم، باوکم دەرگای کردەوە و گوتی نەچوویەتە قوتابخانە؟ گوتم باوکە مەترسییەکی گەورەمان لەپێشە! چوومە ژوورێ و گوتم وێنەی شا و منداڵەکانی کە پێشتر لە پۆلی پێنج وێنەم کێشا بوون بیانهێنن بە دیواریان

هەڵبواسن. بەیاننامەکانیشم دانە دایکم و گوتم بیانخە ناو تەندوور کە تازە هەڵیان کردبوو. بە مەحموودی براشم گوت ئەو شەرواڵە شینەی من لەبەربکە و لەدەرگای کۆڵانێ بچۆدەرێ، مەترسە دەتبەنە ئاسایش ئەگەر پرسیان براکەت لەگەڵ کێ هاوڕێیە و هاتووچۆی ماڵی کێ دەکا، ناوی هەندێک لە لایەنگرانی (شا)م پێگوت چ لە مامۆستاو چ لە کەسانی بازاڕی بڵێ ئەوانە هاوڕێی ئەون. هەروەها پێشمگوت نەترسی کەس کاری بە تۆ نییە، ئەگەر تا دەتناسن یەک دوو زللەیەکشیان لێدای بە عۆدەی من. دوای ئەنجامدانی ئەو کارە خێرا بۆ قوتابخانەی پەهلەوی گەڕامەوە دوای کەمێک دواکەوتن خەریکی وانە گوتنەوە بووم.

دوای سەعاتێک یەکێک لە مامۆستاکان بە گوێییدا چپاندم ماڵی ئێوەیان گەمارۆ داوە و دەڵێن بێ سیمێکیان تێدا دۆزیوەتەوە و ناهێڵن کەس بچێتە ژوورێ یان بێتەوە دەرێ. ماڵەکەتان دەپشکنن و براکەشتیان بردۆتە ئاسایش. بەوپەڕی لەسەرخۆیی دوای وانەگوتنەوە چوومەوە ماڵێ. دیتم لەبەر دەرگای ماڵمان هەمان پۆلیسە گەنجەکە وەستاوە زۆریش خەمبارو نیگەرانە، داوام لە بەرپرسەکەیان کرد و گوتم من کوڕی ئەو ماڵەم ڕێگام دەدەن بچمە ژوورێ. دوای ئەوەی مۆڵەتیان لە مولازم وەرگرت ڕێگایاندام بچمە ژوورێ. دیتم چوار کەس لە ژوورێن یەکێک لەوان تورجانی زادەیە. ڕەعنا بە منداڵە مەلۆتکەکەی ڕاکشاوە و ئەوانیش تەماشای ئەو تابلۆیانە دەکەن کە من کێشا بوونمەوە و هیچیان دەستنەکەوتبوو.

بەڕێز تورجانی زادە باسی منی کردو گوتی ئەو برادەرە کەسێکی نیشتیمان پەروەرەو شای خۆشدەوێ ئەوەش نیشانەی وەفاداری ئەوە بە ڕژێمی شاهەنشاهی و ئەو وێنەکێشانە جوانەش بۆخۆی کێشاونی و لە ژوورەکەی خۆیشی هەڵیواسیون. نەقیب موەحدی پەیدا بوو بانگی پۆلیسەکەی کردو گوتی سەگباب ئێمە ئەوەمان دەویست و تۆش کێت هێناوە؟ نێچیرەکەت هەڵاتووە و کڵاوی لەسەری ناوی. ئینجا زانیم لەبەر من مەحموودی براشم دارکاری کراوە. بەڵام هیچ نەدەکرا. لە یاری شەترەنجدا سەرباز فیدای وەزیر دەکرێ، مەحموودی براشم بە کەفالەت ئازاد کرا. ڕزگاربوونم لەداوی ئەو پیلانە موجیزە بوو، کە بەپشتیوانی خودا نەخشەکەیان سەری نەگرت.

لە بەهاری ١٩٤٩ بە کۆمەڵێک گۆڤار و بڵاوکراوەی دژە ڕژێم بە ئەرکێک چوومە مەحاڵی شامات و گوندەکانی تالاو و خوریاوا و دەشتی حاجی حەسەن. ڕۆژانی

پشووی نەورۆز بوو. بە چەمەدانیەکی پڕ لە بڵاوکراوەی دژەرژێم لە ماڵ وەدەرکەوتم، قەرار بوو لە پشت میوانخانەی خوسرەوی ئۆتۆمبێل چاوەڕێم بێت، بە خۆم و چەمەدانی سەعات هەشتی بەیانی سواری ئۆتۆمبێل ببم و بڕۆم. کە گەیشتمە بەردەم میوانخانە تەماشایەکی ئەملاو ئەولام کرد، دیتم سەروسەکوتی مەنسووری خوسرەوی کە ساواکیەکی ترسناک بوو، دەرکەوت. بە گومانەوە تەماشای دەکردم. منیش چەمەدانەکەم لەپێش دوکانی عەتاری خەزرایی داناو چوومە ژووری، وەک ئەوەی چەمەدانەکە هیچ شتێکی گرنگی تێدانییە. ئەویش بەدوای مندا وەژوور کەوت. چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد مەنسووری بخافڵێ، کە هەلم دەستکەوت بێدەنگ لە دوکانەکە هاتمەدەر چەمەدانەکەم دەستدایەو بە کۆڵانێکدا غارمدا. تەماشامکرد ئۆتۆمبێل لە پشت کەلاوە خانوویەک چاوەڕوانم دەکات، یەکسەر سوار بووم و رۆیشتین، بە لاڕێیاندا خۆم گەیاندە جادەی مياندواو هەر بە خێرایی رێگای مەبەستم گرتەبەر، بۆ نیوەڕۆ گەیشتمە گوندی تاڵاو.
سوڵتان ئاغای شێخ ئاغایی لە رێگا چاوەڕوانم بوو. بابەتەکەم بۆ گێڕایەوە زۆر نیگەران بوو. ئەوەی لەناو چەمەدانەکەدا بوو بەتاڵم کردو دامنە دەست کەسانی جێگەی متمانە چووینە دیوەخانی ئاغاو دانیشتین. چەند ئاغایەکی دەوروبەریشی لێبوون. لەناکاو منداڵێکی پێنج شەش ساڵان وەژوور کەوت، هەموو یەکپێ لەبەری هەستان و دەستیان بۆ بە سینگەوە نا. بە پێکەنینەوە گوتم ئەو کەسایەتییە گرنگە کێیە؟ گوتیان مەحموود ئاغای کوڕی مستەفا خانی خوریاوایە -ئاغایەکی بەناوبانگ و بە دەستەڵاتی ناوچەکە بوو، چەند ساڵێک لەمەوبەر بە پیلانێکی خیانەتکارانە لەلایەن ئاغایەک کە بۆ ماڵەکەی خۆی بانگهێشتی کردبوو، لەسەر رێگا کەمینی بۆ دانابوو ناجوامێرانە کوشتبوویان- ئەو کارە نەنگییە ببووە پەڵەیەکی رەش بە ناوچەوانی ئەو بنەماڵەیەو هەموو نەفرەتیان لێدەکرد.
بە کورتی دوو رۆژ لە گوندی تاڵاو و دەوروبەری مامەوە و لەگەڵ هاوڕێی دێرین و قسەخۆش کاک سوڵتان ئاغای شێخ ئاغایی خۆشمان بردەسەر. نەورۆزێکی خۆشمان گوزەراند. دوایی کە دەمویست بگەڕێمەوە مەهاباد گوتیان عەلی شا لێرەیە. یەکێک بوو لە شێخانی بەناوبانگی زەمبیل و لەو ناوچەیە مریدێکی زۆری هەبوو. کاتێک لە دیوەخانی ئاغای چووینەدەر دیتم گەنجێکی تەقریبەن سی ساڵەی جوانچاک و بە ویقار لەگەڵ خەڵک قسەدەکات و ژن و منداڵی ئاوایش دامێنی شاقەلەکەیان

زیارەت دەکرد. چوومەلای جەنابی شێخ و تۆقەم لەگەڵ کرد. بەپێچەوانی دابونەریت کە دەبوو دەستی ماچ بکەن. بەڵام لەگەڵ یەکەم دیدار و دوادیداریدا لەگەڵ ئەو شێخە گەنجە بیرەوەریەکی خۆشی خستە ناو دڵمەوە.

ماڵئاواییم لە تاڵاو و هاوڕێ و خەڵکەکە کرد و بەرەو مەهاباد گەڕامەوە.

سەمیعی لە دژم خەریکی پیلانگێڕان بوو. منیش هەستم پێکردبوو. بەهارێکی بێ باران و وشکەساڵی بوو. هاوینەکەشی گەرم و بێ حاسڵات بوو بۆ ناوچەکە. بۆنی گرانی لە ئازەربایجان ومیاندواو و بناو و مەلەککەندی دەهات. بێکار و برسییەکانی ئەو ناوچەیە روویان لە مەهاباد و شارە کوردیەکان کردبوو. کرێی پاڵە زۆر کەم ببوو. ئەنوەر یان سیرووسی بچکۆلە ئومێد بەخشی من و رەعنا بوو. ئەو برە پارەیەی لە مووچە وەرمدەگرت دەمدایە باوکم. لە دوکان و دوکانداری و خەم و نیگەرانی و نەبوونی شەریک و هاوبەشی باوکم بووم. کاروکاسبی زۆر کز ببوو.

دوورخرانەوە

سەرەتای پایز و بەپیلانگێڕی سەمیعی نارەسەن لە ورمێ وە فەرمانێک هات کە من بۆ بۆکان گواستراومەوە. نەفرەتت لێ بێ سەمیعی مەلعوون و بەرتیل خۆر، لێدانەکەت کاریگەر و کەمەرشکێن بوو. لە ماوەی دوو رۆژدا فەرمانی گواستنەوەم وەرگرت و لەگەڵ رەعناو منداڵە بچکۆلەکەم و دوو خوشکم خورشید و ئێران چووین بۆ بۆکان.

خانوویەکم لە دەوروبەری حەوزی بۆکان بەکرێ گرت کە هی وەستا رەشیدی پێڵاوفرۆش بوو، مانگی بە پازدە تمەن. ژوورێکی بچووک لەسەرێ و لەخوارێش ژوورێک بوو بۆ دارو سووتەمەنی زستانە و ژوورێکی چێشتلێنانی هەژارانەی مامۆستایەک کە مانگانەکەی سەدو پەنجا تمەن بوو، لە بۆکان نیشتەجێ بووم و چوومە قوتابخانەی سەرقەڵا و خۆم بە بەڕێوەبەر و بەرپرسی ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان ناساند کە بەڕێز سلێمانی خانەمیری بوو، پیاوێکی زۆرباش و لێبووردە بوو، هاوسەرەکەی خوشکی سوڵتان ئاغای شێخ ئاغایی هاوڕێم بوو، ناوی زیبا بوو.

لەماڵێ پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین و چەند رۆژێک لە ماڵیان میوان بووین تا خانووەکەمان گرت. کاک مەلا عەبدوڵڵای فەزلیش لەوێ بوو. بۆیەکەمجار لە بۆکان بوومە خاوەن ماڵ و سەرپەرشتیاری ژن و منداڵ و دوو خوشکم کە لە پۆلی سێیە م و چوارەمی سەرەتایی دەیانخوێند. دوای ماوەیەک کە مەحموودی براشم سەرباز بوو بۆ بۆکان گواسترایەوە و ئەویش هاتەلامان. لە بۆکان ژیانێکی ئارام و بێ سەرئێشەم هەبوو، بە هەوڵوکۆششێکی زۆر خەریکی گوتنەوەی وانەی پۆلی یەکەم و دووەمی ناوەندی بۆکان بووم، کە لە باڵەخانەیەکی کۆنی قەڵا بوو. وانەی کیمیا و ئینگلیزی و ئەدەبیاتم دەگوتنەوە. قوتابیەکانی سەرەتایی و ناوەندی زۆریان خۆشدەویستم و رێزی زۆریان لە خۆم و بنەماڵەکەم دەگرت. وانەی تایبەتیشم دەگوتەوە و سەرەڕای سەدو پەنجا تمەنی مووچەی مامۆستایەتیم مانگانە لە گوتنەوەی وانەی تایبەت و فێرکردنی قوتابییە ئاست نزمەکان نزیکەی سەد تەمەنێکم وەردەگرت، بەو برە پارەیە ژیانمان بەباشی دەگوزەراند، جارجارەش میوانمان

دەهاتن. بێجگە لە من هاوشاری هاو قوتابییەکانم بەڕێزان ئەحمەدی فاتحی کە لەبەشی سەربازگیری کاری دەکرد و داهاتێکی باشیشی هەبوو، یەکێکی دیکە ئەحمەدی خاتەمی ئەویش لە فەرمانگەی باری کەسێتی کاری دەکرد. ئەویش داهاتێکی باشی هەبوو. ماڵی ئەو دووانە بەردەوام پڕ بوو لە خەڵک بەتایبەت ئەوانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان خەریکی وەرگرتنەوەی ناسنامەو سەربازی بوون. ئەوان لە کاری خۆیاندا پسپۆڕ بوون. خەڵکی گەڕەک بەخیلیان پێدەبردن و باسیان دەکرد. یەکێکی دیکە لە کەسایەتیەکانی گەڕەک کاک حسێنی فاتحی بوو بەڕێوەبەری تاکە میوانخانەی بۆکان لە نزیک گەراج بوو، قاوەخانە و میوانخانەکەیان لە ناو گەراج دابوو، برایەکی کاک حسێن زاوای وەستا رەسووڵی ئەفخەمی کە خزمایەتییمان پێکەوە هەبوو، هەروەها هاوبیر و هاوڕێش بووین.

جیرانێکی دیکەمان گەنجێکی کورتەباڵا و قسەخۆش و لەبەردڵان بوو، ناوی کاک عەلی حەڵەبی، خەریکی کاری بازرگانی بوو.

قوتابخانەی ناوەندی بۆکان لە دوو نهۆم پێکهاتبوو. کوڕەکانی بنەماڵەی ئێلخانی زادەکان کە ئاغای بۆکان و دەوروبەر بوون، زۆر لەخۆبایی و لەخۆ رازیبوون. بۆیە رەعیەتەکان زۆر ملکەچیان بوون. ئەو ئاغازادانە زۆر رێزیان دەگرتم، هەمیشە دەیانگوت بەمزوانە لەگەڵ هەندێک مامۆستا بۆ گوندی حەمامیان و بۆلای سەرۆکی عەشیرەت بانگهێشتان دەکەین. ئەو شەش مانگە تێپەڕی پاروەنانێکی ئەوانم نەخوارد و کیلۆ ماستێکم لێ نەدیتن، لەگەڵ ئەوەی ئەو ساڵە گرانی بوو خەڵکێکی زۆری هەژار و نەدار لە ئازەربایجانەوە تورکی ئازەری روویان لە کوردستان کرد و لە پەنا خەڵکانی مێرخاسی وەک شاعیری ناوداری کورد هێمندا گیرسانەوە و لە برسێتی رزگاریان بوو.

هەندێک لەو داماوانە کچ و ژنی خۆشیان بە چەند کیلۆ نان یان ئارد یان بڕەپارەیەکی کەم دەفرۆشت، کارەساتێکی نیشتیمانی بوو. دەوڵەتی شا بێباک لەو بەدبەختییە خەریکی خۆشگوزەرانی خۆیان بوون و خواردنی جۆراوجۆریان لە دەرەوەڕا بۆ دەهات. هەتا چێشتلێنەری فەرەنسییان دێنا. دوای سێ مانگ کارکردن و هەوڵوکۆشش توانیم رادیۆیەکی پاتری ئاندریا بکڕم.

رۆژێک لە رۆژەکانی مانگی گەڵاڕێزان کە هەوایەکی خۆشی هەبوو نامەیەکم لە باوکمەوە بۆ هات لەناو پاکەتی نامەکەشدا پسووڵەیەکی تێدابوو بەناوی مەلا باپیری

دانیشتووی گوندی پاشبلاخ که سالانیک بوو یەک پووت[٤٩] رۆنی زەنگ بە باوکم قەرزدار بوو. یانی ئەو رۆنە سەلەم[٥٠] بوو کە دەبوو لە پایزی ١٩٤٥ بۆ باوکمی هێنابا، بەڵام مەلا باپیر خۆی دەگنخاند و نەیدەدا. ئەگەر دەهاتە مەهابادیش خۆی نیشان نەدەدا. ئەوم دیتبوو کابرایەکی پشت کوورِ و چەناگە درێژ بوو. لەبیرمە کاتێک لەگەڵ باوکم لە دوکانێ کارم دەکرد چەندینجار دەچوومە فەرمانگەی توتن لێم دەپرسی دەیانگوت هاتووە بەڵام هەر نەمدەدیتەوە.
لە نامەکەدا نووسیبووی هێشتا مەلا باپیر قەرزەکەی نەهێناوە کە یەک پووت رۆنی زەنگە پاشبلاخیش زۆر لە بۆکان دوور نییە ئەگەر بتوانی ئەو رۆنە وەربگری بەشی زستانێتان دەکات بۆ تۆش زۆر باشدەبێ خێزانیشتان زۆرە. ئەو ئاماژەیەی باوکم دنەی دام بەڵام شارەزای ئەو گوندە نەبووم. لەگەڵ کاک حسێنی فاتحی پرسوراوێژم کرد، گوتی زۆر باشە بەیانی رۆژی پێنج شەممە مۆڵەت وەربگرە منیش ماینێکت بۆ پەیدا دەکەم سەحەرێ برۆ بە پرسیاران دەیبینیەوە بچۆ ئاوایی بووگەبەسی بۆلای کاک حەبیبوڵلاخان کە دۆست و هاوبیری خۆمانە لەوانەیە کەسێکیشت لەگەڵ بنێرێ.
بۆیە بریارمدا بەیانی زوو ماڵئاوایم لە رەعناو منداڵەکان کردو بە ئومێدی وەرگرتنی رۆنی قەرز وەرێکەوتم. ماینەکە باش دەرۆیشت. بەپرسیاران و بەتاقی تەنێ ملی رێگام گرت، وەک ئەوەی ئەگەر ساردی و سەرما یان بەفریش بباریێ هیچ خەمێکم نەبوو، بە ئومێدی وەرگرتنی رۆنی زەنگ و ئەویش پووتێک، زۆر دڵخۆش بووم تا گەیشتمە گوندی بووگەبەسی.
ئێوارێ کاتێک لە ماڵی ئاغای ئاوایی و دیوەخانەی حەبیبوڵلام پرسی، دەرگایەکی بەرزو کراوەیان نیشاندام کە بە ئاسانی وشتری تێوەدەچوو. چوومە ژووری حەساری و دابەزیم یەکێک لە نۆکەرەکانی خان بێئەوەی بمناسێ رێشمەی ماینەکەی لێوەرگرتم و زینەکەی لێکردەوە و ماینەکەی بردە تەویلەی ئاغا و لەناو کۆمەڵێک ماینیدا جێگای بۆ کردەوەو کای لەپێش رۆکرد. حەبیبوڵلاخان میوانی زۆر بوون، زیاتر لە سی کەس لە ئاغایانی بەگزادە بە نۆکەرەوە لەوێ کۆببوونەوە. هۆکاری ئەو کۆبوونەوەیەم نەدەزانی، پرسیم حەبیبوڵلاخان لەکوێیە؟ حەبیبوڵلاخانیان نیشاندام. بەپیرمەوە هات. کابرایەکی شیک پۆش و تەمەن مامناوەند و هەڵکەوتوو. وەک هەر

---

[٤٩] پووتێك شازدە کیلۆیە. وەرگێر

[٥٠] سەلەم: پێش فرۆش. وەرگێر

کوردێک میوانی نەناسیاوی بەوپەڕی ڕووخۆشیەوە بەخێرهێناو گوتی کاکی بەڕێز بەخێرهاتی. خۆم پێناساند دیسان باوەشی لێدام و ماچی کردم و گوتی کاک حسێن فاتحی زۆری تاریفی تۆ بۆ کردووم، ئارەزووی دیداری تۆم دەکرد خوداوەند له ماڵی خۆم ئەوەی بە نسیب کردم. پێکەوە چووینە ژووری دیوەخان و لەسەرووی مەجلیس جێی بۆ دانام.

دوای چاخواردنەوە نانیان هێنا، دوای نانخواردن و قسەو گفتوگۆی خۆش، ئاغاکان خەریکی قوومار کردن بوون. منیش بۆ ئەوەی سەفەرەکەم بەکەم نەگرم بە حەبیبوڵلاخانم گوت بەکارێکی حزبی هاتووم دەمەوێ بچمە گوندی پاشبلاخ، بەبیانووی ڕۆن وەرگرتنەوە هاتووم تا ئەگەر تووشی کێشەیەکیش بووم لەگەڵ دەوڵەت بتوانم باوەڕم پێبکەن. ئەویش باوەڕی پێکردم و گوتی ئەوەی لە دەستم بێت درێغی ناکەم. بۆیە داوای یارمەتیم لێکرد ئەگەر جێگایەک هەبێ بتوانم بخەوم و بەیانی زوو بچمە پاشبلاخ، لەبەرئەوەی دەبێ ئێوارێ بگەڕێمەوە بۆکان. ئاغای گوند فەرمانیدا لە یەکێک لەوتاقانەی دیوەخان جێوبانێکی خاوێنیان بۆ هێنام، بۆیان ڕاخستم و فەرمووی نووستنیان کردم. کاتێک سەرم خستە سەر سەرین خەوم لێکەوت و هیچ ئاگام لە هەراو هاتوهاواری قومارچییان نەما. شەو ڕاشکا بوو، دەروبەری سەعات سێی بەیانی نۆکەرێکی حەبیبوڵلاخان لە شیرین خەوی هەستاندم و گوتی قوربان بانگت دەکەن بۆ نانخواردن. نەمزانی سەعات سێی بەیانی و چ سفرەوخوانێک، هەرچۆنێک بوو هەستام و خۆم لەبەرکردەوە و چوومە ژووری مەجلیس. حەبیبوڵلاخان بانگی کردمە لای خۆی و لەسەرووی مەجلیسی دانام و تاریفی دەکردم و دەیگوت ئەوە یەکێکە لەوانەی سۆڤیەتی بینیووە و تازە گەڕاوەتەوە و ئێستا لە بۆکان مامۆستایە. هەموو بە ئاماژەی ڕێز سەریان نەویکرد و هەواڵیان پرسیم و دەستیان کرد بە پرسیارکردن دەربارەی سۆڤیەت. دوای گفتوگۆیەکی زۆر دەربارەی ناوخۆ و دەرەوە لە حەبیبوڵلاخانم پرسی ئەوە چ خوان و دەعوەتێکە بەو نیوەشەوەی؟ پێکەنی و گوتی ئێمەی بەگزادە عادەتی خۆمانە دوای هەڵگرتنەوەی بەروبووی پایزە زستانان زۆربەی شەوان لە جێگایەک میوان دەبین و تا درەنگانی شەو خەریکی یاری جۆرابێن و وەرەقێن دەبین و سەعاتی سێ و چواری بەیانی کاتێک کەڵەشێر دەخوێنن لە دەورەی سفرە کۆدەبینەوە و کەبابی سینگی قەلمان بۆ سازدەکەن، دوای کەباب خواردن و نوێژی بەیانی هەتا نیوەڕۆ یان تا ئێوارێ لێی

دەخەوین ئەگەر هەواشی خۆشبێ دەچینە راوێ. ئەوە دابونەریتی دێرنەی خۆمانە و تۆش پێت سەیرە.

بەڵێ دوای خواردنی کەباب و نوێژی بەیانی هەوا دنیا رووناک بوو. داوام لە حەبیبوڵلاخان کرد ئەگەر فەرمانبدا ماینەکەم بۆ سازبکەن وەڕێدەکەوم. خودا لێی خۆشبێ فەرمانیکرد ئەسپ و ئازووقەی رێگام بۆ ئامادەبکەن و نۆکەرێکی خۆشی لەگەڵ ناردم ناوی خدر بوو. سەعات شەشی بەیانی لە ئاوایی بووگەبەسی وەڕێکەوتین بەرەو پاشبلاخ، لەسەر رێگا تووشی گۆڕێک بووین پرسیم ئەوە مەزاری کێیە؟ گوتی ئەوە مەزاری کوڕی مەلا مارفی کۆکەیی شاعیری بەناوبانگە کە لە دەست زوڵم و ستەمی دەوڵەت تفەنگی هەڵگرتبوو لەگەڵ چەند کەسێک لە دەوڵەت یاخی ببوون، شەش مانگ ئەو مەڵبەندەیان گەمارۆ دابوو تا لە کۆتاییدا بەهۆی خۆفرۆشێکەوە کەوتە کەمین و دوای ئەوەی چەند ژاندەرمەی مریشکخۆری کوشت ئەویش کوژرا و هەر لەو سەر رێگایە ناشتیان بۆئەوەی بۆ خەڵکی ببێتە پەند. سەعات یازدەی پێش نیوەڕۆ گەیشتینە ئاوایی پاشبلاخ و لە ماڵی مەلا باپیرمان پرسی. کاتێک چووینە ماڵی مەلا خانوویەکی بچووکی هەبوو لە پەنا تەندوور دانیشتبوو تەسبیحێکی درێژی بە دەستەوە بوو. سلاومان کرد و لە ئەحواڵی مەلام پرسی. ناسیمیەوە. مەبەستی هاتنەکەم لەگەڵ باسکرد. گوتی راستە پووتێک رۆن بە میرزا مستەفا قەرزدارم، بەڵام ئەو برە رۆنەم نییە. لەو قسانەدابووین برایەکی لەخۆی بچووکتری وەژوورکەوت بە ناوچەوان گرژی گوتی هیچ رۆنێکمان نییە بتدەینێ. با میرزا مستەفا ئەو رۆنەی وەک زەکات و سەدەقە بداتە مەلای.

منیش گوتم بەڵگەی باوەڕپێکرام پێیە ئەگەر رۆنەکەی نەدەن بە ژاندرمان دەڵێم و واز لە خێرو بێری رۆنەکەی دێنم و پسووڵەکەی دەدەمە ئەوان ئەوسا دوو بەرابەر لێتان دەستێنن. کاتێک برای مەلا گوێی لەو قسەبوو نەرم بۆوە و دەستیکرد بە پاڕانەوە.

بەکورتی دوای بگرەوبەردەیەکی زۆر توند و نەرم بوون بە چوار کیلۆ رۆن پێکهاتین. چوار کیلۆ رۆنی زەردیان لە هیزەیەک کردو وێیاندام. منیش قەباڵەکەم وە مەلا باپیر و برایەکەی دایەوە کە زۆر رووهەڵماڵاو و دنیادیتە بوو.

لە ئاوایی پاشبلاخ وەدەرکەوتین و بەرەو بۆکان گەڕامەوە، لە بووگەبەسی ماڵئاواییم لە خدر کرد و سلاو و پێزانینم بۆ حەبیبوڵلاخان نارد کە لە ماڵ نەبوو. بە ئومێدی

ئەوەی مایەکە ڕێگاکە شارەزابوو جڵەوم بۆ شلکرد. دوای سێ سەعات لە تاریکە شەودا مایەکە ڕێگای بڕی تا لە دوورەوە گڵۆپەکزەکانی شاری بۆکان دەرکەوتن.
مایەکە ئارام ئارام دەڕۆیشت تا گەیشتەوە بەردەرگای ماڵی کاک حسێنی فاتحی و لەوێ ڕاوەستا. لە مایەکە دابەزیم لە دەرگامداو بانگی میرزا حسێنم کرد، بۆخۆی لە ماڵ بوو هاتەدەرێ و جڵەوی مایەکەی گرت. زۆرسوپاسم کرد، ماندوو بووم گوتم سبەی ئێوارێ بەسەرهاتەکەت بۆ دەگێڕمەوە. ئێستا دەبێ بچمەوە ماڵێ، ڕەعناو منداڵەکان چاوەڕێمن. خێرا چوار کیلۆ ڕۆنە زەنگەکەم لە خورجێنی دەرهێنا لە بنهەنگڵم گرت، لە تاریکی شەو کەڵکم وەرگرت و بە نهێنی چوومەوە ماڵێ. دەرگا کراوە بوو دراوسێکان دەهاتن و دەچوون. هێواش چوومە سەرێ و دەرگام کردەوە. تەماشامکرد ڕەعنا خاتوون چاوەڕێمە و نیگەرانە، هیزە ڕۆنەکەم لە گۆشەیەک داناو تەماشایەکی منداڵەکانم کرد هەموویان خەوتبوون، پاروەنانێکم بە پەنیری خواردو باسەکەم بۆ ڕەعنا گێڕایەوە، خەوێکی خۆشم لێکەوت. بەیانی چوومە قوتابخانە، کەس ئاگای لە سەفەرە لە ناکاوەکەم نەبوو. دوای ماوەیەک لە مەهابادەوە نامەیەکی نهێنی بۆ ئاغای ئەمیری بەڕێوەبەری فەرهەنگی بۆکان هاتبوو بە بۆنەی لابردنی چارشێو و لەچک لەسەر ژنان لە ساڵۆنی قوتابخانە کۆبوونەوەیەک سازبکرێ و منیش لەو کۆڕەدا قسەبکەم و بە شان و باڵای شاو ڕژێمدا هەڵبڵێم. شتێک کە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئایدیاو هزری مندا نەدەگونجا. نوێنەرێکیش لەلایەن سەمیعیەوە هاتبوو تا گوێ لە قسەکانم بگرێ و بیکاتە ڕاپۆرت.
لە پەنا تریبوون ڕاوەستام تەماشایەکی خەڵکەکەم کرد، بۆنی پیلانگێڕیەکی سەمیعیم دەکرد. بۆیە دەبوو شتێک بڵێم نە باسی پیاهەڵدانی شا بکەم و نە پێشم بکەوێتە تەڵەی سەمیعیەوە. بۆیە بەر لە مێژوو دەستمپێکرد لە پەیدابوونی هۆز و سەرۆک هۆزەکانەوە تا پاشاکان و دەورانی ڕابردوو هەمووم پێکەوە گرێدانەوە. ماوەی قسەکردنەکەم سەعاتێک بوو. قسەکانم لە دوو بواردا لێک گرێدانەوە کە هیچ کەسێک لێی حاڵی نەبێ. کۆبوونەوەکە کۆتایی هات و نوێنەرە تایبەتەکە هیچی دەست نەکەوت و بۆلای سەمعیی گەڕایەوە.
زستانی ١٩٤٩ بە خۆشی تێپەڕی. بەفرێکی کەم باری، ڕێگاوبان نەگیران. بۆنی بەهار بۆ عاشقانی سروشت دەهات. ئاغازادەکان بەڵێنیان دابوو لە جەژنی نەورۆز و لە میواندارییاندا بەشداری بکەم. هێشتا مانگی ڕەشەمێ تەواو نەببوو شەوێک خەونێکی

زۆر ترسناکم بینی، لە خەونمدا لەسەر پشت راکشا بووم کە ورچێکی رەش چنگی لەسەر سینەم داناو دەیویست بمخنکێنێ. منیش لە ژێرەوە بە پەنجەکانم دەستێکی ورچەڕەشەم گرتبوو بە گوشارەوە دەمویست لە خۆمی دوورخەمەوە زۆرم بۆخۆم هێنا ئارەقەم دەرکردبوو تینم بۆخۆم هێنا تا توانیم وەرچەکە بە پشتدا بخەم و سواری سینگی بم، ئیدی لە خەو راپەڕیم.

لێکدانەوەی ئەو خەونەم هەڵگرت بۆ بەڕێز قازی کەریم. نیازم وابوو بۆ پشووی نەورۆز کە چوومەوە مەهاباد سەردانی بکەم و خەونەکەم بۆ لێک بداتەوە. بەیانی کە چوومە قوتابخانە کارگوزارێک گوتی بەڕێز ئەمیری کاری پێتە. چوومە ئیدارەی فەرهەنگ، بەڕێز ئەمیری خەمگین دیار بوو، نامەیەکی وێدام کە پاکەتی نامەکە کرابۆوە. کاتێک نامەکەم خوێندەوە دیتم بە پیلانی سەمیعی لە بۆکانەوە بۆ ورمێ دوورخراومەتەوە، دەبوو لە ١٤ی خاکەلێوەی ١٩٥٠ خۆم بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی حەمەڕەزاشای پەهلەوی بناسێنم. دیمەنەکە ئاوەژوو بووەوە. ئەو هەواڵە وەکو تۆپێک لە شاری بۆکان بڵاوبۆوە. ئەوانەی دەوروبەرم نیگەران بوون. دۆستان رووی خۆیان لێوەردەگێڕام. ئەوانەی کڕنۆشیان بۆ دەبردم کاتێک لە دوورەوە دەیاندیتم پشتیان تێدەکردم و بە بیانووی جۆراوجۆر خۆیان دەخافڵاند. لەبیری کۆکردنەوەی کەلوپەل و گواستنەوەدا بووم، کە ئۆتۆمبێلێکی میرزا باقی خەزوورم بە بەتاڵی لە سەقزەوە لەگەڵ خەزوورم بۆ میاندواو دەگەڕایەوە. تکام لە میرزا باقی کرد خاتوو رەعناو منداڵەکان و کەلوپەلەکەی ماڵێم بۆ بباتەوە مەهاباد. ئەویش کەلوپەل و منداڵەکانی لە رۆژی ١٧ی مانگی رەشەمێی ١٩٤٩ بە ئۆتۆمبێلەکەی بردنیەوە بۆ مەهاباد. منیش دوو رۆژ لەوێ مامەوە بۆ رایی کردنی کارەکانم لەگەڵ ئیدارەی فەرهەنگ و وەرگرتنی مووچەکەم بەتەنیا لە ماڵێکی چۆڵدا مامەوە. شەوی دوایی کە دەبوو بۆ سبەی بگەڕێمەوە مەهاباد کاک عەلی حەڵەبی بانگهێشتی کردم، تا شەودرەنگان لە ماڵەکەی بووم، هەر چەندی گوتی: ئەمشەو لێرەبە. رازی نەبووم گوتم دەمەوێ ئەمشەو بەتەنیا لە ماڵ بم و لەگەڵ بەختی خۆم رازو نیاز بکەم.

مانگەشەو بوو کەمێکیش سارد بوو. لە ماڵی کاک عەلی حەڵەبی هاتمەدەر و هاتمەوە مەنزڵەکەم، تەماشامکرد دەرگا داخراوە، چەند جارێک لە دەرگام دا کەس دەرگای نەکردەوە، لەبەرخۆمەوە گوتم دراوسێکان نووستوون، باشنییە وەخەبەریان بێنم. بۆیە پێم باشبوو بچمە ماڵی یەکێک لە هاوڕێکانی دێرینی مەهابادیم و ئەمشەو لەوێ

بمێنمەوە و بەیانی زووش وەڕێبکەوم. لەپێشدا چوومە ماڵی میرزا ئەحمەدی خاتەمی، ماڵەکەی لە خانوویەکی کۆندا بوو لە دەرگامدا پیرەژنی خاوەن خانوو دەرگای کردەوە. گوتم بە میرزا ئەحمەد بڵێ میرزا قادر هاتووە دەیەوێ ئەمشەو میوانت بێ، ماڵ و منداڵەکەی ناردوونەوە مەهاباد هیچ جێگایەکیشی نییە ئەمشەو لێی بمێنێتەوە و هاتۆتە لای تۆ. لە ژووری دەنگەدەنگ دەهات کە دەربارەی ناسنامە قسەیان لەگەڵ میرزا ئەحمەد دەکردو دڵنیای دەکردنەوە و دەیگوت دەبێ ئاوا بکەن و ئاوا نەکەن. کە پیرەژن گەڕایەوە دەنگەدەنگەکە نەما. دوای ماوەیەک پیرەژنی بۆکانی هاتەوەو گوتی میرزا ئەحمەد لێرە نییە نازانین کەنگیش دەگەڕێتەوە. بە نائومێدی و خەمبارییەوە گەڕامەوە و داوای لێبووردنم لە پیرەژن کرد، پیرەژنیش دەیبۆڵاند و نیگەران بوو دڵیشی پێدەسووتام. گوتی ئەگەر هیچ جێگات نین بیانچییەی وەرە لە ژووری چێشتلێنانەکەم بخەوە، جێگات بۆ دەکەمەوە.

هیچ وەڵامم نەدایەوە، کۆڵەگریم هاتبۆیە وام نیشاندا گوێم لێ نەبووە. لەوێڕا یەکسەر چوومە مەنزڵی میرزا ئەحمەدی فاتحی کە هاوڕێیەکی دێرین و هاو دەورەی کۆلێژی ئەفسەریم بوو لە باکۆ. مەنزڵەکەی حەساری نەبوو لە باڵەخانەی سەرێ دەژیا. بە پلیکانەکاندا سەرکەوتم و لە پەنجەرەی ژوورەکەی میرزا ئەحمەدم دا. گوێم لە دەنگی میرزا ئەحمەد بوو. خەریکی قسەباسان بوو لەگەڵ ئەوانەی ناویان بۆ سەربازی گەڕابۆوە و کارەکانی بۆ ڕێکدەخستن. لە دەنگە دەنگەکەوە دیاربوو بازاڕی گەرمە. کاتێک دەرگایان کردەوە کارگوزارێکی میرزا ئەحمەد کە گەنجێکی بیست و پێنج ساڵان بوو زۆرباش دەیناسیم، گوتی جەنابی مامۆستا کارێکت هەبوو؟ باسەکەم تێگەیاندو تکام لێکرد بە میرزا ئەحمەد بڵێ دەمەوێ ئەمشەو لە مەنزڵەکەی وەمێنم تا سبەی دەگەڕێمەوە مەهاباد. کابرا گوتی بەچاوان. چووەژوورێ دوای دە پازدە خولەک بە خەمباری گەڕایەوە و گوتی جەنابی مامۆستا ببوورە میرزا ئەحمەد لە ماڵ نییە. تا ویستم بڵێم گوێم لە قسەکانی بووە، یەکسەر دەرگای پێوەدا. گەڕامەوە بۆ میوانخانەی حسێن فاتحی لە گەراج، ئەوەندەی لە دەرگامدا کارگوزارە ترپاک کێشەکە وا خەوتبوو ئاگای لە هیچ نەبوو، دەرگای نەکردەوە. دەتگوت ئەوناوە گۆڕستانە.

بۆیە هیچ چارەیەکم نەبوو تا بەیانی لە شەقام و کۆڵانەکانی بۆکاندا لەگەڵ سەگە بەرەڵڵاکان خولامەوە، تەماشای مانگ و ئەستێرە درەوشاوەکانم دەکرد و بیرم لە ئایندەی نادیاری خۆم دەکردووە. مات و خەمگین کەسێک نەبوو بۆماوەی چەند

سەعاتێک لە گۆشەیەکدا جێگام بکاتەوە. زۆر دڵم بە حاڵی خۆم دەسووتا، ئاهی ساردی بێ هاودەمی ئەو شەوەم تەنیایی بوو، لەژێر تریفەی مانگەشەودا لەگەڵ ئەستێرەکان رازونیازم دەکرد و بیرم لە خەونە ترسناکەکەی ورچەڕەشەکە دەکردەوە. بەیان ئەنگوت و گەڕامەوە میوانخانەی کاک حسێن فاتحی، دوای نیوسەعات لە دەرگادان چایچییە تریاک کێشەکە بە چاوی هەڵمساو کاتێک بە دەستە چڵکنەکانی چاوی هەڵدەگلۆفین دەرگای کردەوە. چوومە ژووری و لەسەر نیوتەختێک دانیشتم تا چایچی چای لێدەنێ خەوم لێکەوت. نازانم چەند خەوتووم، دەستێکیان لەسەر شانی دانام، لەخەو ڕاپەڕیم دیتم کاک حسێن فاتحی خاوەنی میوانخانە لەسەر سەرم راوەستاوە، پرسیاری کرد بەو بەیانییە زووە لێرە چیدەکەی. باسەکەم بۆ گێڕایەوە، زۆر نیگەران بوو کە بۆچی نە چوومەتە ماڵی ئەوان، ئەوەندە خەمبار بوو دەستیکرد بە گریان و لە باوەشیگرتم، منیش فرمێسکم بە چاواندا هاتنەخوار، بە دەسرۆکەکەی گیرفانم زوو زوو فرمێسکەکانم دەسڕینەوە، خەمم لەوەی دەخوارد بێوەفایی بۆ وا دەکات.

دوای ئەوەی نانی بەیانیم خوارد میرزا حسێن کرێی ئۆتۆمبێلیشی بۆ دام و بە پاسی میاندواو لەگەڵ کاک مەعروفی فتوحی رەوانەی میاندواوی کردم. بەڕێز فتوحی لە بۆکان مامۆستای سەرەتایی بوو، کامێرایەکی وێنەگرتنیشی پێبوو. کاتێک لە میاندواو دابەزرین، چووینە گەراج هێشتا پاسی مەهاباد نەهاتبوو. لە بازاڕ پیاسەمان دەکرد هەندێک گەدا لەبەردەم شارەوانی کۆببوونەوە و خەریکی نانخواردن بوون. بارودۆخیان زۆر دژوار بوو. بە بەڕێز فتوحیم گوت وەکو یادگارییەک وێنەیەکیان بگرە. کاتێک ویستی کامێرەکەی دەربێنێ و وێنەیەکیان بگرێ پۆلیسێکی تریاک کێش گەیشتە ئەوێ، کامێراکەی لێوەرگرت، لە شێوازی قسەکانی بۆی دەرکەوت خەڵکی ئەوێ نییە و تورک نییە. بۆیە دەستگیرکردنی مسۆگەر بوو. لەگەڵ خۆی بردی بۆ بنکەی ئاسایش، ئینجا منیش وەدوایان کەوتم. کاتێک چوومە ژووری بەڕێوەبەری ئاسایش تەماشامکرد بە رژدی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەن و تۆمەتباری دەکەن سیخوڕی و دەڵێن تۆ جاسووسی رووسەکانی ئەو وێنەیەش بۆ ئەوان دەنێری. فیلمەکەیان لە کامێراکە دەرهێناو لەبەر رووناکاییان راگرت بۆ ئەوەی بسووتێ و رەش بێتەوە.

زۆر لەسەرخۆ چوومە ژووریّ سڵاویّکی گەرمم لە بەڕێز مولازم کردو تۆقەم لەگەڵ کرد، ئەویش دەستیهێناو بەگەرمی دەستی گوشیم. دەستپێشخەریم کردو گوتم بەڕێز جەنابی مولازم ئەو برادەرە مامۆستایەکی بەڕیزەو لە بۆکانەوە دەچێتە مەهاباد. کەسێکی نیشتیمانپەروەر و شا پەرستە و زۆریش دەیەویّ یارمەتی نەداران بدات. ئەو دەیویست وێنەیان لەگەڵ بگریّ و مووچەی مانگانەی خۆی بەسەر ئەواندا دابەشبکات. ئەو هیچ مەبەستێکی دیکەی نەبووە کاتێک جەنابی پۆلیس هات و ئەو وێنە یادگارییەش چی بەسەر هات؟ بۆیە پێکەنینێکی گاڵتەئامێزم هاتیّ و جەنابی مولازمیش پێیخۆشبوو، رەنگی روخساری گۆڕا. نەیزانی من کێم و بۆچی پارێزگاری لە جەنابی فتوحی دەکەم، هیچ پرسیارێکیشی نەکرد. پێیوابوو من یەکێک لە ئەندامانی دەزگا ئەمنیەکانم، بە نهێنی جارناجارێک بە ناونیشانی جۆراوجۆر لە فەرمانگەکان دەردەکەون. دوای ئەوەی سڵاوی سەربازی بەجێگەیاند داوای لێبوردنی لە بەڕێز فتوحی کرد و گوتی ئێمە هەڵەمان کرد، یان باشتروایە بڵێین پۆلیسەکە هەڵەکەی کردووە، تکایە بیبەخشە. دوای وەرگرتنەوەی کامێراکەی بەڕێز فتوحی، پێکەوە گەڕاینەوە مەهاباد. بەرپرسی ئاسایش بەسەرسوڕمانەوە لەدواوەڕا تەماشای دەکردین. لەڕێگا بەڕێز فتوحی بە گاڵتەوە گوتی بە گرتیشت دام و ئازادیشت کردم. هەربژی. بە گاڵتەوپێکەنینەوە گەیشتینەوە مەهاباد و هەرکەسەو چووینەوەماڵی خۆمان.

بۆ بەیانی چوومەلای جەنابی قازی کەریم و خەونەکەم بۆ گێڕایەوە بۆ ئەوەی خەونەکەم بۆ لێکبداتەوە، فەرمووی خودا رەحم بکات و لە بەڵای رۆژگار بتپارێزیّ. ئاگات لەخۆتبیّ، ئایندەیەکی پڕ لە کارەساتت لە پێشە زۆر کوێرەوەریان دەبیتی، بەڵام لە کۆتاییدا سەردەکەوی. هەرگیز خودات لەبیرنەچیّ، خودا پشت و پەنای هەموانە، بێجگە لەو کەس نییە.

دوای دە رۆژ پشوودان لەگەڵ کاک مستەفای موئمینی کە ئەویش بۆ ورمیّ دوورخرابۆوە، بەرەو ورمیّ وەڕێکەوتین تا خانوویەک بگرین بۆ ئەوەی ژن و منداڵەکان ببەین. دوای دووڕۆژ گەڕان و واسیتە ژوورێکمان لە خانووی جولەکەیەک بەکرێگرت دەمانویست ژوورەکە خاوێن بکەینەوە و کەلوپەلەکان بگوازینەوە، مستەفا دەیویست بچێت سەتڵەئاوێک لە بیری حەساری جولەکە بێنیّ، هەر دەستیدایە

سەتڵەکە لە چواردەوری حەسارە گەورەکە کردیانە هەرا، دەست لەو سەتڵەیە مەدە ئێوە مردارن.

 مستەفا گەڕایەوە و گوتی چ جۆرە جێگایەکمان گرتووە، ئێمە جولەکەمان پێ پیس نین، بەڵام ئەوان ئێمەیان پێپیسە، چما جولەکەکانی ورمێ ئاوان؟ دەی ئەدی کێ پاکە؟ بە کورتی شەوەکەمان زۆر بە دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەوە بەسەربرد، هەر خوا دەزانێ. بەیانی زوو بە هاوکاری کاک میرزا قادری قاسمی لە نزیک مزگەوتی سونییەکان خانوویەکمان لەکاک حسێنی کەبابچی مەهابادی بەکرێ گرت، مانگی بە بیست تمەن. رۆژی چواردەی خاکەلێوە خۆم بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی حەمەڕەزاشای پەهلەوی ناساند، ئەویش پۆلی پێنجەمی سەرەتایی دامێ. دوای چەند رۆژێک باوکم رەعناو نووری لەگەڵ خۆی هێنان هەندێک کەلوپەلی ماڵیشی هێنا بوو. باوکم دڵخۆشبوو لەوەی کوڕەکەی لە ورمێ مامۆستایەو مووچەخۆری دەوڵەتە، بەڵام نەیدەزانی کۆتاییەکەی چۆندەبێ و توشی چ چارەنووسێک دەبێت.

کۆچکردن

لە ورمێ دەستبەکار بووم لەگەڵ هاوشاریەکانم بەڕێزان مستەفا موئمینی مامۆستای وەرزش و میرزا قاسم قادری مامۆستای دوورخراوە و میرزا کەریم ئەحمەدین و عەزیزی فەرهادی و رەحمانی ئووەیسی لە پەیوەندیدا بووین و رۆژانی بێکاری لەدەوری یەک کۆدەبووینەوە.

لە ژیانی پڕ لە دڵەڕاوکێی خۆمان وەزاڵە هاتبووین. مستەفا موئمینی بە گوێیان گران بوو ئەگەر لە قسەیەکمان حاڵی نەبووبا لە جۆری هەڵوسوکەوتمان دوودڵ دەبوو، لە بارودۆخێکی زۆر هەژارانەدا دەژیا، لەگەڵ کۆمەڵێک منداڵی ورد و گەورە گرفتار بوو. زوبێدە خاتوونی هاوسەری ژنێکی بە وەفاو قانع بوو. مستەفا گەنجێکی باش و سادەو بێوەی بوو. لە حاڵی دەستکورتیدا یارمەتی بێنەوایانی دەدا، لە دەمی خۆی دەگرتەوە و دەیدایە ئەوان.

کاک غەنی بلووریان هاوڕێی دێرینم لە ورمێ سەرباز بوو، جارجار پەیوەندی پێوە دەگرتین. عەزیزی فەرهادی لە ژیانی نالەباری هەمیشە دەردەدڵی لەگەڵ دەکردم و دەیگوت کارێکی چەندە خراپمان کرد لە یەکیەتی سۆڤیەت گەڕاینەوە و تووشی ڃ رۆژگارێکی رەش بووین. ئەو دەورانی سەربازی تەواو کردبوو، لە ورمێ بێکاربوو ببووە سەربار بەسەر باوکی کە لە ورمێ لە کاروانسەرایەکدا دوکانێکی کردبۆوە و لە خانوویەکی بەکرێدا دەژیا. لە ناخەوە ئازاری دەکێشا کە بۆچی ببێتە سەربارو نەتوانێ کارێک بکا تا یارمەتی باوکی بێچارەی بدات. برا گەورەکەی میرزا مارف کارمەندی دەوڵەت بوو، مووچەکەی دەدایە دەستی باوکی. عەزیز نەیدەتوانی کارێکی ئاوا بۆ بنەماڵەکەی بکات. عەزیز هەر منداڵ بوو دایکی مردبوو، لەگەڵ زڕدایک و براو خوشکەکانی دیکەی کە لە دایکەکەی دیکەی بوون، دەژیا. بە هەموو شتێک هەستیار بوو دڵی دێشا. هەر چەندە جیاوازییان پێنەدەکرد. بەڵام لەبەرامبەر بێ دڵدانەوەیی خۆی ڕانەدەگرت. چەند جارێک ویستبووی خۆی بکوژێ. خۆشمدەویست

گەنجێکی میهرەبان و فیداکار و راستگۆ بوو. قسەکانم کاریان لێدەکرد بەردەوام هیوام پێدەبەخشی.

رۆژێکی سەرەتای مانگی گوڵان عەزیز سەفەرێکی بۆ مەهاباد کرد و لەگەڵ هاورێکانیٚ پێک شاد ببوونەوە، زۆر بەدڵخۆشی گەڕابۆوە و هاتەماڵێ. گوتی کارێکم پێتە. لە ماڵ وەدەرکەوتین. دوای پێشەکییەک دەربارەی گەنجانی شۆڕشگێڕی دژی رژێمی پاشایەتی گوتی کاک سولّتانی شێخ ئاغایی و چەند هاورێیەکی دیکە دەیانەوێ بتبینن و دەربارەی بابەتێکی گرنگ قسەت لەگەڵ بکەن. ئەگەر بکرێ رۆژی پێنج شەممە بچیتە مەهاباد و بەیانییەکەی بگەڕێوە. قسەکەم پێخۆشبوو، بە رەعنام گوت لە ئیدارەی پەروەردەی مەهاباد داوایان کردووم سەرێکی مەهاباد دەدەمەوەو دەگەڕێمەوە. رەعنا لە هەڵسوکەوت و سرتەی هاورێیانم وەگومان کەوتبوو بەردەوام بەخەم و دڵەڕاوکێ تەماشای دەکردم و دەگریا. دەیگوت قادر شتێکت لەبن سەریدایەو لێم دەشاریتەوە. دڵنیام دەکردەوە کە هیچ شتێکی لێ ناشارمەوە. دوای ئەوەی رازیم کرد ئێوارەی پێنج شەممە بەرەو مەهاباد وەرێکەوتم. شەوێ گەیشتمە مەهاباد و یەکسەر چوومە لای هاورێیان، رەحیم سولّتانی و کاک سولّتان شێخ ئاغایی. گوتیان مزگێنیت لێبێ لە تەورێز بەڕێز هیلال ناسری دوای ئەوەی پەیوەندی بە وانیا ئاسووری کردووە لە کونسولّخانەی سۆڤیەت لە تەورێز مۆڵەتی ئەوەی وەرگرتووە دوو سێ کەسمان بنێرن بۆ سۆڤیەت. ئێستاش کەسمان لە تۆ بە شیاوتر نەزانی، بۆیە ئەگەر ئامادەی هەرکەسێکی دیکەی پێتخۆشە پێیان دەناسێنین و دوای وەرگرتنی مۆڵەت دەتوانن لە رێگای خوراسان و تورکەمەن سەحراوە بچن بۆ تورکەمەنستانی سۆڤیەت و لەوێشەوە دەچنە باکۆ.

لە خۆشیان لە کەوڵی خۆمدا نەدەگونجام، ژن و منداڵ و دایک و باوکم لەبیر چووبوونەوە، عەشقی خوێندن شێتی کردبووم. هاورێکانم هەموویان لە دەست ساواک وەزاڵە هاتبوون، لە زیندانەکانی تەورێز و ورمێ و مەهاباد ئازاریان دەکێشا، سەمیعیش دەستی لێ هەڵنەدەگرتم، دەترسام رۆژێک بمخاتە تەڵەو رزگارم نەبێ.

لەلایەکی دیکە ژن و منداڵ و باوکێکی پیر و دەستکورت و نەخۆش کە رەنگە هەرگیز نەیبینمەوە. لەسەر دورپیانێک مابوومەوە و نەمدەتوانی وەڵامێکی یەکلایی کەرەوە بەوان بدەمەوە. هاورێی ئەو رێگا گەورەیەم هەڵنەبژاردبوو، نەمدەتوانی لەگەڵ هەر کەسێک ئەو هەنگاوە پڕ لە خەتەرە بنێم. بۆیە لەماوەی ئەو دوو رۆژەدا رێگاچارەم

دیتەوە، لەگەڵ هاوڕێ و هاوبیرەکانم گوتم لە ورمێ وەڵامی یەکلایی کەرەوەتان دەدەمێ و هاوڕێی هاوسەفەریشمتان پێ دەناسێنم.

گەنج و بێ ئەزموون بووم. چوومە ماڵی باوکم، ماوەیەک لەلای باوکم و دایکم و خوشکێ و براکانم دانیشتم و پێمگوتن ژیانێکی باش و ئارامم هەیە. ئێواری گەڕامەوە ورمێ. عەزیز چاوەڕوانبوو لە بەردەم گەراج پیاسەی دەکرد کاتێک چاوی پێکەوتم گەشایەوە، بەرەوپیرم هات و لە باوەشی گرتم و گوتی چیبووە؟ گوتم ئیشاڵڵا کارەکان رایی دەبن و لەو گێرەوکێشەش رزگارمان دەبێ. چوومەوە ماڵێ خاتوو رەعنا و ئەنوەر لەگەڵ ژن خوشکی خاوەنماڵ کە ژنێکی زیرەک و قسەخۆشبوو پێکەوە قسەیان دەکرد. هاوسەرەکەم کە چاوی پێکەوتم لە قەڵافەتم ڕا هەستیکرد کارێکی گرنگم بۆ هاتۆتەپێش. دەپرسیارانی گرتم. بەڵام خۆم دەبوارد و هەرچۆنێک بوو رازیم کرد، بەڵام هاوسەرە ئازیزەکەم بە دوو دڵۆپ فرمێسک وەڵامی قسە بێسەرەوبەرەکانی دامەوە و تێیگەیاندم: دەزانم شتێکت لەبن سەریدایە و لێم دەشاریەوە. بڕیاری خۆمدا بوو. تەمەنم بیست و پێنج ساڵ بوو، ئاواتی خوێندن و گەیشتن بەو ئامانجەم لە سەرووی هەموو کەس و جگەرگۆشەکانم دانابوو. هەڵەی رابردووم، گەڕانەوەم لە سۆڤیەت زۆر ئازاری دەدام.

رژێمی ستەمکاری پاشایەتی و ئەو هەموو وەدواکەوتن و چاوسوورکردنەوانە وەک پەتێک وابوو بخرێتە گەردنم. دەی ئەدی کێ لەگەڵ خۆم ببەم؟ نەخشەی رێگام بەجوانی داڕشت. لەپێشدا دەمویست غەنی بلووریان لەگەڵ خۆم ببەم، بەڵام لەبەرئەوەی غەنی سەرباز بوو هەمووشیان وەکو شۆڕشگێڕێک دەیانناسی شاردنەوەی لە دیدی سیخوڕەکانی شاهەنشاهی مەحاڵ بوو. کاک مستەفا موئمنی هەڵبژاردەی دووەمم بوو، بەڵام ئەو زۆر بە گوێیان گران بوو، هەروەها بنەماڵەیەکی زۆر و هەژار بوون. بۆیە لەگەڵ خۆم بردبا کارێکی باشم نەدەکرد. هەر خوا دیزانی چ بەسەر ژن و منداڵەکانیدا دەهات. بۆیە مستەفا بۆ ئەو رێگا پڕ مەترسییە نەدەبوو. لە کۆتاییدا عەزیز مەهابادی کە گەنجێکی لەخۆبوردوو و فیداکار و راستگۆ و هۆگری من بوو، بوو بە تاکە کاندیدی من بۆ ئەو سەفەرەو پێکەوە نیشتیمان بەجێبێڵین.

دوای دوو رۆژ بەهۆی یەکێک لە پەیکەکان هەواڵم نارد کە من و عەزیز پێکەوە ئامادەین بۆ سۆڤیەت. هاوڕێ و هاوبیرەکانمان لەگەڵ تەورێز لە پەیوەندیدا بوون. ئەوە بوو لە کۆتایی جۆزەردان وەڵام هاتەوە کە کاری هەموان ئامادەکراوەو مۆڵەتیش

وەرگیراوە، ئێوە دەتوانن لە کۆتایی مانگی جۆزەردانی ۱۹۵۰ کاتێک قوتابخانە نییە کە هاوکاتە لەگەڵ مانگی رەمەزان لەورمێ وەرێکەون. لەپێشدا کاری خۆم رایی کردبوو. بەڵێننامەیەکم لە ژمێریاری ئیدارەی پەروەردەی ورمێ بە ناوی میرزا قاسم قادری بەجێهێشتبوو کە موچەی سێ مانگەی هاوینم بۆ وەربگرێ تا لە تاران دەگەڕێمەوە، بیدەنە میرزا قاسم و ئەویش بیداتە هاوسەرم.

میرزا قاسمی رەحمەتی ئاگای لە رۆیشتنی من نەبوو، کەسی دیکەشم لەوی باشتر پێشک نەدەهات. مستەفا موئمنی زۆر بەکونجکۆڵی ئاگای لە بارودۆخەکە هەبوو. غەنی بە ئومێدی ئەوەی دوای مۆڵەت وەرگرتن هەرسێکمان پێکەوە سەفەر دەکەین، زۆر دڵخۆشبوو. لە ۱۵ی جۆزەردانی ۱۹۵۰ کەلوپەلی ماڵیم بە ئۆتۆمبێلێکدا ناردەوە مەهاباد و کرێی سێ مانگیشم پێشەکیدا بۆ ئەوەی دوای گەڕانەوەم مەنزڵێکم هەبێ و هیچ گومانێکیشم لێ نەکەن. بەڵام خاتوو رەعنا قەناعەتی نەدەکرد زۆر دڕدۆنگ بوو، بەردەوام دەگریاو چاوبەفرمێسک بوو. بە رەعنام گوتبوو تا لە تاران دەگەڕێمەوە بچێتەوە ماڵی باوکی لە میاندواو لەگەڵ گوڵخاتری خوشکی و دایەگەورەی لە باخی باوکی بمێننەوە. بەو ئومێدەی کە دوای سەفەرەکەم بە حیساب بۆ تاران، ئەو بچێتەوە ماڵەباوانی.

لە مەهاباد قسەم لەگەڵ هاوڕێیان کرد و پێیان گوتم نیگەران مەبە تۆ کە چوویە تەورێز لە قەیسەری ئەمیر و لە دەستی راست دوکانی کاک هیلال ناسری وەبینەو خۆتی پێبناسێنە، هەموو کارەکانت بۆ رایی دەکات. من و عەزیز پێمانوابوو کاتێک گەیشتینە تەورێز هەموو کارەکانمان رایی کراون، وەک ئەوەی لە باکۆ بین یەکسەر دەچینە زانکۆ یان لانیکەم دوای دوو سێ مانگان پێشوازیمان لێدەکەن و ئینجا دوای بەسەربردنی دەورەی سەرەتایی و خۆ ئامادەکردن دەچینە یەکێک لە زانکۆ دڵخوازەکانی خۆمان.

لە ماڵێ بە دایکم گوتبوو ئەگەر درەنگ گەڕامەوە پاڵتۆ و جلکەکانم بداتە مەحموودی برام، ئەویش نەیزانی مەبەستم لەو قسەیە چییە! باروبنەی سەفەرم تێکناو بەیانی زوو بەرەو ورمێ لە ماڵ وەدەرکەوتم، ئەنوەری بچکۆلەو ئایزم بەدوامدا غاریدەداو دەیگوت باوکە بۆکوێ دەڕۆی؟ بۆ بەتەنیا بەجێمان دێڵی؟ ئەدی بۆ دایکم لەگەڵ خۆت نابەی؟ گوتم کوڕی شیرینم زوو دەگەڕێمەوە، لە تاران شیرینی بۆ تۆ و دایکیشت

دێمەوە، بە چاوی پڕ لە فرمێسک و گریانی خاتوو ڕەعنا لەماڵی باوکم وەدەرکەوتم و بەرەو ڕێگای پڕ لە هەوراز و نشێو و ترسناکی ژیان وەڕێکەوتم.
کاتێک گەیشتمە ورمێ عەزیز چاوەڕوانم بوو. دوای یەک دوو ڕۆژ مانەوە لەوێ، سەد تمەنم لە دکتۆر ئەشرافی بە قەرز وەرگرت کە پێکەوە ئاشنا بووین. بە پاسی تەورێز و لە مانگی ڕەمەزاندا بەرەو تەورێز وەڕێکەوتین. لە ئوتێلی گەیلانی نوێ ژوورمان گرت و بۆ بەیانی چووین کاک هیلالی ناسری وەبینین. هەر زوو دوکانەکەمان دیتەوە. پیاوێکی شیکپۆش و دانا، سەرسپی کە لەگەڵ تەمەنەکەی نەدەهاتەوە دەرکەوت. بە میهرەبانییەوە پێشوازی لێکردین و باسمان لە سەفەری سۆڤیەت کرد. بەڕێز هیلال گوتی دەبێ دوو سێ ڕۆژان چاوەڕوانبن تا کەسێکی جێگەی متمانە لە شاری (بێلەسەوار) پەیدادەبێ ئەوسا دەتوانن بە خەیاڵی ئاسوودە لەگەڵی بڕۆن، ئیشاڵڵا سەرکەوتوو دەبن.
هەروەها لە مەهابادیش ناونیشانی سەعاتسازێکی ئاسۆرییان دابووینێ کە دوکانەکەی لە شەقامی پەهلەوی بوو، کە بچینە ئەوێ و بەدوای وانیا دا بگەڕێین چونکە پەیوەندی سەرەکی وانیا بوو. وەک دەیانگوت کلیلی سەرەکی ئەوە. هەتا ئەو گڵۆپی سەوزمان بۆ هەڵنەکا نەماندەتوانی لەو دەرگا پۆڵاینە نەفرەتیەو لەو پەردەی کۆیلایەتییە تێپەڕین. هەر زوو دوکانی سەعاتسازمان دیتەوە، کوڕەجحێڵەیەک لەوێ بوو پرسیارمان لێکرد، بە بزەیەک گوتی دوای سەعاتێکی دیکە دێتەوە. پیاسەیەکمان کرد و دوای سەعاتێک هاتینەوە. لە دوکانەکە گەنجێکی هەڵکەوتەی بەخۆوە دانیشتبوو کە لووتێکی هەڵۆیی و قژ لوول و چاوشین لە دەرگاکە ڕاوەستا بوو، وەک ئەوەی چاوەڕێی ئێمە بکات. کاتێک براکەی ئێمەی وانیا ناساند لە جێی خۆی هەستا، بێ ئەوەی هیچ گرنگییەک بە ئێمە بدات بە زمانی ئاسووری شتێکی بە براکەی گوت و لە دوکانێ وەدەرکەوت. براکەی لەسەرخۆ گوتی ئێوەش بەدوایدا بڕۆن، بەڵام وریابن کەس وەدواتان نەکەوێ، تا لەوجێگایەی بۆلای ڕاست ئاماژەتان بۆ دەکاو بچنە ژوور. ئێمەش دووراودوور بەدوایدا دەڕۆیشتین تا لە کۆڵانێک سووڕایەوە، تەماشایەکی دەوروبەری کرد، کاتێک دڵنیا بوو کەس بەدوامانەوە نییە بە دەست ئاماژەی بۆ ژێرزەمینی ریستۆرانێک کرد کە کابرایەک لەوێ ڕاوەستا بوو وەک ئەوە دەچوو چاوەڕوانی کەسێک بێ. بەپلیکانەکاندا چووینە خوارێ. کابرا بۆ گۆشەیەکی چۆڵی بردین و دەرگاکەی پێوەداو ڕۆیشت. نیوسەعاتێک بە چاوەڕوانی دانیشتین، لە

پشتمانەوە دەرگایەک کرایەوە وانیا بە قەلافەتێکی شاد و دەم بەخەندەوە دەرکەوت و گوتی: هاوڕێیان بەخێربێن. پێیانگوتم دوو ڕۆژە وەڕێکەوتوون منیش چاوەڕوانتان بووم. منیش هاتنی ئێوەم بە کاربەدەستانی بالا گوتووە و مۆڵەتم بۆ وەرگرتوون. دەتوانن بڕۆن. ئەو قسەیە رایچڵەکاندم لەگەڵ عەزیز تەماشایەکی یەکترمان کرد، ئەوەندە خۆشحاڵ بووین ئیدی جێگای هیچ پرسیارێکی بۆ نەهێشتینەوە تا بپرسین ئەو بەرپرسانە کێن؟ کێ مۆڵەتەکەی داوە؟ دەبێ بەکوێدا بڕۆین؟ کەی بڕۆین؟ تۆقەمان لەگەڵ کردو یەکترمان ماچ کرد. وانیا دووبارە گوتی: کاتێک گەیشتنە ئەوێ هەموو کارەکان جێبەجێ دەبن و خۆتانیان پێ بناسێنن. دوای ئەو گفتوگۆ کورتە سەرەڕای ئەوەی ئەو بەرێزە کێشەکەی ئێمەی چارەسەر کردووە هیچ پرسیارێکمان نەکرد. ئای گەنجێتی و بێ ئەزموونی. کە دەگەڕاینەوە بۆ ئوتێل تووشی ئەحمەد فوکەلی شۆفێر بووین دوای چاکوچۆنی گوتی سبەی دەگەڕێمەوە مەهاباد ئەگەر هەرکارێکتان هەبێ لە خزمەتدام. خودا لێی خۆشبێ فریشتەیەک بوو لێمان پەیدا بوو. یەکسەر ئەوەم بە خەیاڵداهات نامەیەک بۆ خاتوو رەعنای هاوسەرم بنووسم. ئەوە فرسەتێک بوو دەبوایە لە دەستی نەدەم. لەگەڵ خۆمان هێنامانەوە ئوتێل. کاک ئەحمەد تا لەگەڵ عەزیز سەرگەرمی قسان بوون نامەیەکم بەناوی رەعنای هاوسەرمەوە نووسی تەقریبەن ناوەرۆکەکەی ئاوابوو: هاوسەری ئازیزم وەدوای چارەنووسێکی نادیار کەوتووم. ئەگەر سەرکەوتوو بووم کوڕەشیرینەکەم بەختەوەر دەبێ. ئەگەر هاتوو لەو سەفەرەدا تێداچووم بمبوورە، بە پشتیوانی خودا چاودێری ئەنوەر بکەو ئاگات لێبێ. بەڕادەی پەرستن خۆشمدەوێی. توخوا مەگری. هیچ چارەیەکی دیکەم نەبوو. ئەو ڕێگا دوورو درێژەم بۆ داڕێژرا بوو، دەبوایە ئەو رێگایە بپێوم هەرچی دەبێ بابێ! پەنا بە خودا.

تکام لە کاک ئەحمەد کرد ئەو نامە تایبەتەم بداتە دەست خاتوو رەعنای هاوسەرم. دوای دوو رۆژ چووینە لای کاک هیلال ناسری گوتی دانیشن ئێستا دێت. دوای ماوەیەک کابرایەکی تەمەن سی ساڵەی کورتەباڵای لادێی پەیدابوو، لە قەلافەتیڕا دیاربوو کابرایەکی کاراو زیرەکە. کاک هیلال ئێمەی پێناساند. بە خۆشحاڵی پێشوازی لێکردین، قەرارمان دانا لە گەراج چاوەڕوانی بین. دوای دوو ڕۆژان لە کاتی دیاریکراودا راوەستاین تا کاک جەعفەر هات. چووین لە گەراج سێ بلیتمان وەرگرت سەعات هەشتی بەیانی لە تەورێزەوە بەرەو ئەردەبیل وەڕێکەوتین. ئێوارێ گەیشتینە

ئەردەبیل. شارێک پڕ لە گالیسکە، ناوشار خاوێن نەبوو. بە یاوەری کاک جەعفەر لە ماڵی پیرەژنێک ماینەوە تا خۆمان بۆ سەفەر ئامادە دەکەین. شاری ئەردەبیل هەر لە یەکەم سەرنجدا شارێکی پڕ لە گالیسکەو شەقامەکانیشی پڕ بوون لە تەرسی ئەسپی گالیسکەچییەکان. بە راستە بازاڕدا رۆیشتین دیمەنێکی ئەوتۆ جوانم نەدیت. لەچاو بازاڕ و قەیسەریە پڕ لە جەنجاڵەکان و ئەو هەموو کالا جۆراوجۆرانەی تەورێز، هیچ نەبوو. لە خواردنگەیەک نانمان خوارد عەزیزی هاوسەفەرم ژاراوی بوو زگچوونی گرت و خوێنی دانا. هەوڵماندا زۆر نەکەوینە بەرچاوان، لەوە دەترساین لە کۆتایی سەفەرە کەماندا دەرگیری پیاوانی دەوڵەت بین و بکەوینە زیندانەکانی رژێمی شاهەنشاهی.

بۆیە کاک جەعفەر دەرمانی دژە زگچوونی بۆ عەزیز پەیدا کرد. چووینە مەزارگەی شێخ سەفی. سەردانی ئارامگای ئەو و شا ئیسماعیل سەفەوی خەتاییمان[٥١] کرد. ئەو تاوانانەی زنجیرەی سەفەوی لە مێژوودا خوێندبوومنەوە هەمووم هاتنەوە یاد. کوشتوکوشتار و کاولکردنی شارە کوردنشینەکان بە دەستی قزڵباشەکان و سووتاندنی شاری لەج لە نزیک مەهاباد[٥٢] و کوشتنی بەرهەڵستکاران و بە زیندوویی سووتاندنیان بە دەستی ئەو مرۆڤکوژانە، دیسان هاتنەوە بەرچاوم. ئەو بێدینانە چ کارەساتێکیان بەناوی دینەوە کردووە.

دوای دوو رۆژ گەڕان بەناو ئەردەبیل دا بە تویتایەکی ڤانێتی باری بەرەو پیلەسوار وەڕێکەوتین. کۆت و شەرواڵی خاوێن و قژی ماشوبرنجی و جانتای دەستمان وای نیشاندەدا کارمەندی دەوڵەتین کە تازە کارخانەیەک لە موغان کرابۆوە و خەڵکیان وەردەگرت. لە رێگا پاسەوان لێیان دەپرسین بۆکوێ دەچن؟ دەمانگوت کارمەندی کارخانەین دەچین کارەکان بەسەر دەکەینەوە. ئۆتۆمبێلەکەمان بێ کێشە دەڕۆیشت. لە رێگا بۆ چایی خواردنەوە لە قاوەخانەیەک لاماندا. مانگی رەمەزان بەرەوکۆتایی دەچوو، رۆژی عارەفەبوو. بڕواداران دەستنوێژیان هەڵدەگرت و نوێژیان دەکرد، رێبوارە کەم دەرامەتەکان نان و چایی و پەنیریان دەخوارد. دوای نیوسەعات

[٥١] لە ئازەربایجان شا ئیسماعیلی سەفەوی بە خەتایی ناودێنن.

[٥٢] لە مێژووی کۆمەڵایەتی ناوچەکەدا تا ئەو جێگایەی ئاشکرایە هیچ شارێك بە ناوی لەج بوونی نەبووە و تۆمار نەکراوە. گوندێکی کۆن کە گەرماوێکی دێرینی هەیە لە رۆژهەڵاتی رووباری مەهاباد (جانداران) هەیە کە پێیدەڵێن گوندی لەج. بەڵام ئەوە روون و ئاشکرایە کە قزڵباشەکان لەو مەڵبەندە لەگەڵ هێزی بەگزادە و موکریان شەڕێکی خوێناوییان هەبووە.

پشوودان وەڕێکەوتینەوە. لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا نزیکەی دوازدە کەس بووین لە ژن و منداڵ و پیر و گەنجی خەڵکی بیلەسوار. ڕێزیان لێدەگرتین پێیانوابوو کارمەندی دەوڵەتین. سەعات حەوتی ئێواریێ چەند کلیۆمەترێکمان مابوو بگەینێ ئۆتۆمبێلەکەمان لەکارکەوت.

شۆفێر دوای ئەوەی تەماشایەکی ئۆتۆمبێلەکەی کرد تێگەیشت وا بەئاسانی چاک ناکرێتەوە و زۆری پێدەچێت. بەرەبەرە تاریک دادەهات تا سنووریش مەودایەکەی هێندە نەبوو، بۆیە وای بەباشزانی بە سەرنشینەکان بڵێ: بیلەسوار هێندە دوور نییە، دەتوانن تا شەو دانەهاتووە بە پێیان بڕۆن. ڕەنگە چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکە زۆری پێبچێت. ئێرە سەرسنوورە، هەندێجار رووسەکان لێرەوە خەڵکیان بردوونەتە سنووری خۆیان. بۆیە پەلەبکەن تا درەنگ نەبووە بڕۆن.

ئەوە کاتێکی زۆر باشبوو. سنووری سۆڤیەت سەد هەنگاوێک لێمانەوە دوور بوو. کاتی خۆرئاوابوون، هیچ کێشەیەک نەبوو، دەربازبوون لە سنوور زۆر ئاسان بوو. دێهاتییەکان خێرا دابەزین و بەرەو بیلەسوار وەڕێکەوتن، تا نەکا لەگەڵ سەربازانی سەر سنووری سۆڤیەت تووشی گێرەوکێشە بن. بۆیە لە نێوان من و عەزیزدا نیگایەکمان گۆڕیەوە، کاک جەعفەر گوتی دابەزن کاتی ئەوەیە لە سنوور تێپەڕن، ئێستا باشترین کاتە. بۆیە هەرسێکمان دوای کەمێک ماتڵ بوون تا دێهاتییەکان دوور کەونەوەو کەمێک ڕۆیشتن تا لە شۆفێرەکە دوور کەوتینەوە. لەڕێگا ئەوەی پێمبوو خستمە ناو بوخچەیەک و دامە کاک جەعفەر گوتم: زۆر سوپاس چاکەی تۆمان لەبیرناچێتەوە ئەو دیاریە بچووکەش بۆ جەنابتان خێرا بڕۆ ئەگەر خوا نەکردە شتێکیش هاتەپێش یەخەی تۆ نەگرێتەوە. هەروەها گوتم کە چوویەوە بیلەسوار لەوێ تەماشای دیاریەکەم بکە. خێرا ڕۆیشت و ونبوو. بوخچەکەم تەنیا چواردە ریاڵ و کۆنە سەعاتێکی دەستی و چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی تێدابوو، تەنیا شتێک بوو کە تا کۆتایی سەفەرەکەم هەڵمگرتبوون. تاریک داهاتبوو. بەرەولای ڕاست وەرسووڕاین تەماشامان کرد سنووری سۆڤیەت هەر سەد هەنگاوێک لێمان دوورە، ڕۆیشتین تێلدڕوەکانی سنوورمان لێ دەرکەوتن. خاڵی چاودێری لەسەر تەپۆلکەیەک هەڵکەوتبوو کە بەسەر دەشت و ڕووبارە وشکبووەکەیدا دەڕوانی. سەربازێک بە دووربین لە دەوروبەری دەڕوانی و ئاگای لە چوونی ئێمە بوو. ئێمەش هەنگاومان خێرا کردن گڵۆپە بلاجکتۆرەکان هەڵکران و ڕوویان پێ لە ئێمەکرد. کە لە سنوور

نزیک بووینەوە سەربازێکی رووس بە تفەنگەوە لەسەنگەر هاتەدەر و سێرەی لێگرتین و گوتی بوەستن و دەستتان بەرزبکەنەوە. ئێمەش بەو چەند وشە رووسیەی دەمانزانی و بە زمان تێکەڵ پێکەڵی سەربازەمان حاڵیکرد کە لە دەست رژێمی پاشایەتی رامان کردووە و دەمانەوێ ببینە پەنابەری سۆڤیەت. کابرای رووس گوێی بەو قسانە نەدا و ئێمەی بردە بنکەی سنوور. بانگی بەرپرسی بنکەی سنووری کرد، مولازمێکی رووسی مل ئەستوور پەیدا بوو تورکی دەزانی. خۆمان پێناساند دوای چەند خولەک گفتوگۆ ئاماژەی بۆسەربازێک کرد بمانباتە تەویلەی بنکە. بردیانینە تەویلە و دەرگایان لەسەر داخستین و قەراوڵێکیشیان لەبەر دەرگا دانا.
شەوی جێژنی رەمەزانی ١٩٥٠ مان لە تەویلەیەکی تاریک و بۆگەنی سنووری بیلەسوار بەسەربرد. نانی شێوانمان نانەڕەقەو کەرەو سووپ بوو. هەر لەیەکەم ساتی چوونمان بۆ وەڵاتی سۆڤیەت زەبروزەنگی جەللادی ستالینیمان بۆ دەرکەوت. یەکەمین شەوی تاریک و ترسناکمان لە ژیانی پڕ لە رووداوی ئێمەدا ئەوێش لە شەوی عەرەفەی مانگی پیرۆزی رەمەزان، لە وڵاتێکی غەریبەو چارەنووسێکی نادیار چەندە سامناک بوو.
لە تەویلەی بنکەی سنووری بیلەسوار لەگەڵ عەزیزی هاوڕێم لەسەر کۆنەبەتانییەکی سەربازی دانیشتین و چارەنووسی ئایندەی خۆمان دێنایە پێش چاو. وامان بڕیاردا بۆ ئەوەی هەریەکێکمان تووشی گرفتاری بین هەرچی لە عەزیزیان پرسی بڵێ من تەنیا لەگەڵی هاتووم و ڕێنیشاندەر بوومە. ئێمە لەوە دەترساین نەکا پرسیاری وامان لێبکەن و شتی دیکەمان بخەنەپاڵ وەک ئەوەی بۆ ڕیش هاتبین سمێڵیشی لەسەر دانێین. شتی زۆرمان بیستبوو لە رابردوو و ئێستاشدا دەگوترا هەرکەسێک پێی نابێتە ئێرە یانی ئەو جێگایەی ئێمەی لێین، ئیدی نەگەڕاوەتەوە. ئێستا عەزیز ژن و منداڵی نییە و بەهەرحاڵ رێگایەکی گرتۆتەبەر بێ ئەوەی بیر لە چارەنووسەکەی بکاتەوە، بەڵام من ئەگەرچی سێ ساڵە ژنم هێناوە و منداڵێکی جوانکیلەی هەژدە مانگەشم هەیە، دەزانم چارەنووسم چی لێدێ. ویژدانم ئازاری دەدام و لەو کردەوەی خۆم پەشیمان بووم کە بۆچی بێبوار لە رووباریم داوە، لەوانەیە لەو بەستێنەدا کە بەدوای چارەنووسی نادیارمدا دەڕۆم تێدابچم. وەکو هەزارانی وەک ئەو گەنجە بەدبەختانەی لەژێر مەکینەی وردوخاشکەری سۆسیالیزمی ستالینی بپلیشێمەوە.

شەوێکی تاریک بوو. بایەکی ساردی دەهات. لەوکاتەی هاتبووین تا درەنگانی شەو، لەگەڵ عەزیز قسەمان دەکرد. خەوم نەدەهات، بیرم لەو دیوی سنوور دەکردەوە. قەلافەتی رەنجاو و لاواز و تورەی باوکم دەهێنا پێش چاوم، فرمێسکی گەرمم دەدیت کە بە روومەتی زەرد هەڵگەراوی رەعنای هاوسەرمدا دێنەخوار، لە کاتێکدا منداڵە ئازیزەکەی لەباوەشگرتووە.

منداڵە بێناز و پێخواسەکەی خۆم دەهاتەوە یاد کە وەدوام دەکەوێ و دەڵێ باوکە-باوکە. گوێم لە دەنگیەتی. دۆست و هاورێکانم بەپێش چاومدا تێدەپەرن، کابووسێک باڵی بەسەردا کێشاوم. عەزیز قسەی دەکرد و دەگریا، لە قسەکانی حاڵی نەدەبووم، دەتگوت کەرم، پێموابوو ئەوەی رۆیی رۆیی، ئەوانەی لەودیو سنوورن ئیدی نایان بینمەوە. ماڵئاوا ئەی نیشتیمانی خۆشەویست و دڵگیر! ماڵئاوا ئەی مەهابادی جوان و لەدلاشیرین و ئازیزم. خودا ئاگادارت بێ! ماڵئاوا ئەی هەموو ئەوانەی خۆشمدەویستن. ماڵئاوا هاوسەر و منداڵ، دایک و باوک و خوشک و برا... لەودیو سنوورەوە هەموو شتێکم بەجێما. دڵێکی هەڵوەداو جەستەیەکی بێ گیان- لەکاتێکا لە هەوڵی ئەوە دابوون پێکەوە گرێبدرێنەوە. لە پرێکدا بە خەیاڵمداهات، با بەبیانوی چوونە سەرئاو تەماشایەکی دەوروبەر بکەم بەڵکو بتوانم سوود لە تاریکی شەو وەربگرم و دەرفەتێک هەڵکەوێ و بگەرێمەوە نیشتیمانەکەم بۆ ئەوەی لەو گێژاوە هەڵێم و ئەو دەرگا داخراوە بکەمەوە. لە دەرگای تەویلەمدا بە دەنگێکی لەرزۆک بانگی پاسەوانم کرد (ئووبوورنی) واتا دەچمە سەرئاو. کابرا بەبۆڵەبۆڵ و جنێودان دەرگای کردەوە، بە تفەنگەوە لەپێشم قوتبۆوە. بە دەنگێکی زبرو فەرمانبەرانە گوتی وەرە. کە هاتمەدر دەرگای لەسەر عەزیز داخست. لایتێکی پێبوو، رێگاکە بەردەلان بوو، ئاودەستی نیشاندام. بایەکی ساردی دەهات، تاریکەشەو بوو نەتدەتوانی پێش خۆت ببینی و شتەکان لێک جیابکەیتەوە. سەربازە پاڵێکی پێوەنام و هاواریکرد برۆپێش لە دەوروبەرت مەروانە. بلاجکتۆرەکانی سنوور دەوروبەریان رووناک کردبۆوە وەک رۆژێ بەلام ناو پاسگا دەتگوت تاریکەشەوە. دەمویست رابکەم، بەلام عەزیزم وەبیرهاتەوە دەمگوت ئەگەر گریمان نەجاتیشم بوو چی بەسەر عەزیز دێنن؟ هەر چوار دەوری سنوور تێلدروو بوو تەڵقەتەندوورەشیان هەڵدەدا. لە ئاودەست ئەو هەموو شتانەم لێک دانەوە دوایی دەخۆم راخورِی، خۆتراِبگرە نە سەری خۆت بە هیلاک بدە و نە بەلایەکیش بەسەر هاورێکەت بێنە. مادام لەو هەموو ساڵەی بەرێ

خۆت ڕاگرتووە، ئێستاش خۆت ڕابگرەو مەشڵەژێ! خودا کەریمە. لەدوای هەر تاریکییەک ڕووناکاییەک هەیە.
لە ئاودەست هاتمەدەر تەماشامکرد سەربازە رووسەکە بە کلاشنکۆفەکەی لەسەنگەردایە، ئەگەر چووکترین جوڵەی گوماناوی بکەم دەکوژرێم. بە گوتنی (سپاسیبا) سوپاست دەکەم، سوپاسی سەربازەم کرد. وەڵامی نەدامەوە تێپڕاخوڕیم برۆ. ئەو لایتەی پێبوو ڕێگاکەی نیشاندام بگەڕێمەوە شوێنی خۆم.
عەزیز چاوەڕوانم بوو. ئەو کەڵکەڵەیەی لە ناخمدا هەبوو بە عەزیزم گوت، گوتی هەرگیز بیر لە شتیوا مەکەوە دەتکوژن. شەومان لە تەویلەدا بەسەر برد بەیانی بە دەنگی مۆسیقای وەرزشی سەحەری سەربازەکان بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ وەخەبەرهاتین. لە درزی دەرگاوە تەماشای دەرێمان دەکرد سەیری کێوەسەرسەوز و جوانەکانی ئێرانمان دەکرد، سووکە بزەیەکیان دەهاتێ و بە شنەبای سپێدە کە لە درزی دەرگای تەویلەوە دەهاتە ژوور لە کاکۆڵیان دەدایِن. دەرگا کرایەوە، بردیانینە دەرێ بۆ سەرئاو و دەست و چاو شووشتن. سەربازەکان لە سێ لاوە دەورەیان دابووین. دوایی هەندێک نان و سوپیان بۆ هێناین لەگەڵ یەک چادان چایی و دوو کڵۆ قەند، دەرگایان لەسەرپێوەداین. کاتەکە زۆر لەسەرەخۆ تێدەپەڕی. ئەو ڕۆژەمان زۆر بە نیگەرانی بەسەربرد و لێیان نەپرسینەوە ئێوە چ کارەن و بۆچی هاتوون؟ شەوی دووەم زۆر دژوارتر و بە ئازارتر بوو. دەمانویست لە یەکەم دیدار لەگەڵ نوێنەری سیاسی دەوڵەتی سۆسیالیستی یەکیەتی سۆڤیەت قسەبکەین و گلەیی ئەوەیان لێبکەین کە بۆچی ئێمەیان دەسبەسەر کردووە، وانیشانبدەین کە ئێمە شانازی بەوە دەکەین پەنامان بۆ وڵاتی سۆسیالیستی هێناوە و لەدەست ڕژێمی ستەمکاری شا هەڵاتووین، بێئاگا لەوەی ئەو خەیاڵە منداڵانەیەی ئێمە بەگوێی ئەواندا ناچێ و گوێیان لەو قسانە نییە. هەتا ڕژێمی ستالینی هەرکەسێک کە دێتە وڵاتەکەی بە چاوی سیخوڕ تەماشای دەکەن. جا چ گەورەبێ یان بچووک، هەر هەموویان دەبێ بەژێر مەکینەی دۆزەخی گۆشت و ئێسقان شکێنی دەزگای (ئێم. گ. ب)دا تێپەڕن. ئەگەر لە هەزار کەس یەکێک بە زیندوویی دەربچێ ئەوە تا دەمرێ دەبێ لەژێر چاودێریدابێ و بەو هەموو بەدبەختییەوە ژیانێکی مەمرەمەژی بژی یان دەبێ ملکەچی هەموو فەرمانەکانیان بێ. ئەگەر کەسێک بەکەڵکیان هات ئەوە دەیکەنە سیخوڕ تا ئەوکاتەی پێویستییان پێیەتی و ئەگەر زانیشیان بێسوودو تەمبەڵە ئەوە خانەنشینی دەکەن و موچەیەکی

مەمرەمەژی دەنێ. بەڵام ئەگەر وشیار و زیرەک بوو دەیهێڵنەوە. ئەو بابەتەمان لەیەکەم رۆژ و دووەم رۆژی هاتنمان لەگەڵ عەزیزی گەنگەشەکرد و ڕێگا چارەیەکمان دیتەوە.

بۆیە خۆمان تۆکمەکرد و بڕیارماندا لە هیچ شتێک نەترسین و لە بەرامبەر هەموو ناخۆشی و تەنگوچەڵەمەکاندا خۆڕاگربین. رۆژی دووەم دوانیوەڕۆکەی سەربازێک بانگی کردم و منیش لەگەڵی رۆیشتم. دیتم عەقیدێکی کڵاو سەوزی ئازەری بە قەڵافەتێکی مۆن و چاوی تیژەوە لێم دەڕوانێ و دەیەوێ بە نیگایەک بیروباوەڕم هەڵسەنگێنێ. زۆر لەسەرخۆ سڵاوم کرد، وەڵامی سڵاوەکەی نەدامەوە، ئاماژەی بۆ کورسییەکی دارین کرد کە لە پەنا خۆی بوو لەسەری دانیشم. دوای هەواڵپرسینێکی سارد بە زمانی ئازەری پرسی کێی؟ ناو و نازناو و پیشەی خۆم پێگوت، بەکورتی هەندێک باسی نالەباری خۆیشم بۆ کرد. لەکاتی قسەکردندا چاوی لە چاوم بڕیبوو دەیویست هیپنۆتیزمم بکات و هەر لە یەکەم دیداردا لە پەلوپۆم بخا. بەڵام خۆڕاگری و توانا و ئیرادەم لە بەرامبەر ئەو بایەدا بەلادا نەهات.

گوتی بۆچی هاتووی؟ گوتم پێشتر مۆڵەتمان وەرگرتبوو بێینە وڵاتی سۆڤیەت لەگەڵ بەرپرسانی باڵا دەربارەی ئەو ستەمەی لەگەڵ گەلەکەمان دەکرێ داوای پشتگیری لە شۆڕشی گەلەکەمان بکرێ دژی رژێمی بۆگەنی شاو بیروخێنین. لەگەڵ عەزیز راوێژمان کردبوو کە ئەو جۆرە قسانە لەگەڵ کەسانی ئاساییدا باس نەکەین، هەروەها باسی درێژەدان بەخوێندنیش بەکەس نەڵێین، لەبەرئەوەی پەنابەریەتیە راستەقینەکەمان لە دەستدەدا. هاوڕێ عەقید قسەکانی منی یادداشت دەکرد، زیاتر پرسیاری دەکرد تا بگاتە وەڵامی بۆچوونەکانی خۆی بنووسێ و بیکاتە دۆسیە.

دوای سەعاتێک پرسیار و وەڵام گوتی: «ئەوەندە لەگەڵ تۆ بەسە با بزانین هاوڕێکەت چیدەڵێ.» گەڕاندیانمەوە شوێنی خۆم، بانگی عەزیزیان کرد، پۆلیسێک بردی بۆلای عەقید، عەزیز زووتر لە من گەڕایەوە، تەنیا بەکورتی وەڵامی چەند پرسیارێکی دابووەوە، گوتبووی من وەک ڕێنیشاندەر لەگەڵی هاتووم. باسی حزبی رزگاری دەری گەلی نەکردبوو. عەقید بە عەزیزی گوتبوو رەنگە سبەی هەردووکتان بنێرینە بارەگای فەرماندەیی لەنکەران و لەوێ دەربارەی ئێوە بڕیار بدرێ. بەیانی سەعات یازدە لە تەویلەیان هێنایندەر بە ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی زیندانی سەرداپۆشراو قەفەسی کە چەند پاسەوانێکیش بە تفەنگەوە لەگەڵمان بوون رەوانەی جێگایەکی نادیاریان کردین. دوای

دوو سەعات ئۆتۆمبێلەڕەشەکە ئێمەی بردە شوێنێک کە هەر چواردەوری تێلدڕوو و، بورجی ئاسنین بوو، پاسەوان بە تفەنگەوە لەبەردەم بارەگاکە ڕاوەستابوون. ئێمەیان لە ئۆتۆمبێل هێنایەخوار لە ژێر چاودێریەوە بە دالانێکی درێژ و ترسناکدا بردیانین کە هەموو دەرگاو پەنجەرەکانی ئاسن بوون. زانیمان ئێرە زیندانە یان شوێنی لێکۆڵینەوەی بارەگای ناوەندی لەنکەران بێ.

ئەوانەمان تەنیا وەک گومانێک لێک دەدایەوە، کەس قسەی لەگەڵ نەدەکردین تەنیا فەرمانیان دەکرد. بۆمان نەبوو لە هیچ کەس بپرسین ئێرە کوێیە. بە هەڕەشەو تورەیی لە ژوورێکەوە دەیانبردینە ژوورێکی دیکە و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکردین. ئینجا بردیانینە گەرماوی زیندان، جلکەکانمان داکەندن و دامانن بە بەرپرسی کورەخانە، چووینە گەرماوێکی سارد بە دوو کەچەسەتڵەو پارەوەسابونێک دەبوو خۆمان بشۆین، هێندەی پێنەچوو سەرتاش هات و سەری تاشین. ئەوسا زانیمان زیندانین، وێنەیان گرتین و دۆسیەیەکی تازەیان بۆ کردینەوە. زانیمان دەبێ ماوەیەک لە چاوەڕوانی لێکۆڵینەوەو ئەو تۆمەتە بێ جێیانەدابین تا بزانین چی لێ شێن دەبێتەوە و چارەنووسی نادیارمان بەکوێ دەگات.

پازدە رۆژمان لەو کۆنە زیندانە پڕ لە قالۆچەیە بەسەربرد. رۆژانە دووجار نانیان دەداینێ، کەمێک نان و شۆربا یان سوپی ماسی یان برویش لەگەڵ ئاوێکی زەردکاو بەناوی چا و کەوچکێک شەکر. قەرەوێڵە ئاسنە ژەنگاویەکان بۆ سەردەمێکی کۆن دەگەڕانەوە. دۆشەکەکان پڕکرابوون لە گیای دەریایی بەرگەکەشیان چەرمێکی رەنگ رەش بوو. سەرینەکانیش هەر بە گیای دەریایی پڕ کرابوون بۆنێکی ناخۆشیان لێدەهات. کۆنە بەتانییەکی سەربازی دوو سەرچەفی زەرد ئەوە هەموو جێوبانی ئێمە بوو، ئەو سەرچەفانە هێندە شۆرابوون و دەرمانی دژە بەکتریایان لێدرابوو نەتدەزانی رەنگی ئەسڵیان چییە. وەک زیندانەوانەکانی سۆڤیەت هیچ رەونەقێکی جوانییان نەبوو وەک جەللادانی سەدەکانی ناوەڕاست دزێوو ناقۆلابوون.

لە ماوەی ئەو پازدە رۆژە پڕ لە چاوەڕوانییە دووجار بانگیان کردین و قسەیان لەگەڵ کردین، دووجاریش بردیانینە بەناو گەرماو، جێگایەک کە نەدەبوو پێیبڵێن گەرماو هەتا ئەوەندە ئاوەشی تێدانەبوو بتوانین بە باشی خۆمانی پێبشۆین و ئەو چڵکوچۆڵەی لەشمانی پێ خاوێن بکەینەوە. بۆگەنیوی سابوونەکە تێکەڵ بە بۆنی ئارەقەی جەستەمان دەبوو. کەس گوێی لە گلەیی و گازندەی ئێمە نەدەگرت، دەتگوت

کەوتووینە ناو کۆمەڵێک کەسی کەڕ و لاڵەوە. دوای ئەو ماوەیە لەناکاو بەیانییەکی زوو لە ژوورە پڕ لە قالۆچەکەیان هێنایینەدەر و سواری ئۆتۆمبێلێکی سەرداپۆشراویان کردین و ڕۆیشتین. ماوەیەکی نادیار بەڕێوە بووین لە ڕۆیشتنی ئۆتۆمبێلەکەو هەڵبەزو دابەزی ئەوە دەردەکەوت بەلاڕێیاندا دەڕوات جادەکە خۆڵ بوو، بێگومان ئەوە ڕێگای تایبەتی دەزگای (ئێم. گ.ب) بوو، کە ئێمەیان دەبردە ئەوێ.
ئەو کەسانەی لەگەڵیان سوارکردبووین یەکێکیان ئێرانی بوو خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری ئەردەبیل بوو یەکیشیان ئاستارایی بوو. بۆمان نەبوو پێکەوە قسەبکەین تەنیا بە ئاماژە و چاو یەکتریمان حاڵی دەکرد. ئێوارێ کاتێک گەیشتینە باکۆ بە هەندێک شەقامی نادیاردا تێپەڕین تا گەیشتینە شەقامێکی کەنار بەڵواری شار. پاسێک لە پێشمانەوە دەڕۆیشت. گوێمان لە دەنگی گۆرانی بێژی ناودار ڕەشید بێهبدۆف بوو کە لە بڵنگۆکانی سەرشەقام دەنگی دەهات. ئۆتۆمبێلەکە لەبەردەم باڵەخانەیەکی سێ نهۆمی ڕاوەستا، دەرگا ئاسنینەکەی بە دەنگێکی تۆقێنەر کرایەوە و ئۆتۆمبێلەکە چووە شوێنێکی تاریک دەرگای یەکەم داخرایەوە و دەرگای پێشەوە بە هەمان دەنگی ترسێنەر بە ڕووی ئێمەی بەخت ڕەشدا کرایەوە. ئۆتۆمبێلەکە چووە ناو حەوشەکە، کە زۆر گەورە نەبوو، دەرگای دووەمیش داخرایەوە. دایانبەزاندین و بردیانینە سالۆنێک کە میلەکانی ئاسنی ئەستوور و پتەو بوون. کاتێک چووینە ناو باڵەخانەکە کە بەڕواڵەت ئارام بوو زۆر لە بارەگای سەرەکی حکومەتی ئازەربایجانی سۆڤیەتی سۆسیالیستی دوور نەبوو، هەمان زیندانی ترسناکی دەزگای (ئێم.گ.ب)ی دۆزەخی کە زۆرجار دەربارەی بێ بەزەیی و تاوانی ئەو دەزگا ترسناکە شتمان بیستبوو. بەڕیز چووینە ناو ژوورەکە، کە پەنجەرەکەی میلەی ئاسن بوون.
یەک یەک بردیانینە ژووری پشکنین لە سەری پەنجەوە تا بەری پێیان پشکنین. پەنجەیان لە هەموو کونی جەستەمان ڕۆکرد، شانە و ریش تراش و قایش پشتێن، فلچەی ددان شووشتن، دەفتەرۆکەی باخەڵ و هەموو ئەو شتانەی پێمانبوو لێیان وەرگرتم و لە کیسەیەکیان هاویشتن، مۆریان کردو ژمارەیان لەسەر نووسی بە جلوبەرگ و سەری تاشراو بەڕیز بردیانینە ژوورێکی بچووک و تاریک، وێنەیان گرتین. وێنەی نیو باڵاو تەواو باڵا، پەنجەمۆریان لێوەرگرتین. دوای ئەو هێنان و بردن و ئازارە ڕوحیە پێنج کەسیان بردینە ژوورێکی شێدارو پیس کە پڕ بوو لە قالۆچەی گەورە. لە ژوورێ دوو قەرەوێڵەی ئاسنی ژەنگاوی بێ دۆشەک و بەتانی لێبوو،

لەگەڵ عەزیز لەسەر قەرەوێڵەیەک دانیشتین. نەدەکرا لەسەر عەردە پیسەکە دابنیشی، هەندێک لە زیندانیەکان فەرقیان پێنەدەکرد و لێی رادەکشان و پرخەپرخ لێی دەخەوتن.
لەگەڵ عەزیز لەسەر ئەو قەرەوێڵە زبرە هەستمان بە ئازار دەکرد بۆیە ناچاربووین کۆتەکانمان راخەین و لەسەریان رابکشێین. زۆر بە ئازار بوو ژوورەکە گەرم بوو بۆ ·گەنیوی لێدەهات. بۆیە ناچاربووین لەگەڵی رابێین و پشت بە خودا ببەستین، چاوەڕوانی هەر جۆرە رووداوێکی ناخۆش بین. ئەو شەوە من و عەزیز و چەند کەسێکی دیکە تا بەیانی نەخەوتین. سەیری دیمەنی ترسناکی ئەو ژوورە پیسەو لاشەی ئەو قالۆچە مردوو و زیندوانەمان دەکرد، بە گومان و دڵەڕاوکێ هەر لەسەر هەست بووین. چرایەکی بێشۆق لە ژووری زیندان دایسا. جارجار دەرگای زیندان دەکرایەوە، تەماشایەکیان دەکردین و دەرگایان پێوەدەدایەوە. لەگەڵ عەزیز تەماشای زیندانیەکانی دیکەمان دەکرد هەموویان پەرێشان، رەنگ زەرد و نیگەران لە ئایندەی تاڵی خۆیان دەڕوانی. کەس تاقەتی ئەوەی نەبوو لەوی دیکە بپرسێ خەڵکی کوێی؟ بۆچی زیندانی کراوی؟ لەبەرئەوەی هەموو لە یەکتری دەترسایین هەریەکەو پێیوابوو ئەوی دیکە سیخوڕی دەزگای (ئێم. گ. ب)یە. بەبێ بڕوایی و ترسەوە لە یەکتریمان دەڕوانی.
بەیانی زوو دەرگایان کردەوە بە نۆرە بردیانین بۆ سەرئاو. سەتڵێکی ژەنگاوی کە لە ژووریدابوو وەزیندانییەکیان دەدا تا ئەو میزەی لە دوێشەوەوە تێیدایە و بۆگەنیوەکەی ژوورەکەی داگرتبوو بیبات و لە ئاودەست بەتاڵی بکات. زیندانیەکانیان خێرا وەدەردەنان و پەلەپەلیان لێدەکردن و هەموو هەڵسوکەوتێکی زیندانیەکانیان خستوونە ژێر چاودێری. ئینجا هەریەکەیان بردینە ژوورێکی دیکە کە دوێشەو لەلایەن بەرپرسانی زیندان بۆیان ئامادە کردبووین. کاتێک لە ئاودەست هاتمەدەر عەزیزیان لە من جیاکردەوە و بردیانە ژوورێکی دیکە. منیشیان بردە ژوورێکی تاکەکەسی بچووک کە قەرەوێڵەیەکی ئاسنی ژەنگاوی و دۆشەکێکی پڕ لە گیای دەریایی و کۆنەبەتانییەک و دوو سەرچەف و چەکمەجەیەک، سەتێڵک بۆ میز و قرۆشکە[٥٣]یەک. بەو جۆرە ژوورانە دەڵێن ژووری تاکەکەسی.
دوو سێ رۆژ لەو ژوورە تاکەکەسیەدابووم کەس لێی نەپرسیمەوە تەنیا بەیانییان دەرگایان دەکردەوە دەیانبردینە ئاودەست و خێرا دەیانهێنایەنەوە ژوورەکان. رۆژانە

[٥٣] قرۆشکە: کوپی و ناوخواردنەوە لە چینکۆ دروستکراوە دەسکێکی کانزایی هەیە. وەرگێڕ

دووجار خواردنیان دەداینێ بەیانیان و نیوەڕۆ، خواردنەکەشمان بریتیبوو لە شۆربای کەلەم سوپی جۆ، شلکەبرنج لەگەڵ پارچەنانێکی رەشی دووسەد گرەمی، ئیستیکانێک زەرداو وەکو قاوە یان چایی و کەوچکێک شەکر.

ژوورەکان پڕبوون لە قالۆچەی باڵدار و گەورە، ئەوەندەی بە دەمپایە[٥٤] دەمکوشتن تەواو نەدەبوون. ئەو گیاندارە بێزارکەرە هەموو زیندانیان پڕ کردبوو، هیچیان لەگەڵ نەدەکرا ئەوەش جۆرە ئەشکەنجەدانێکی رۆحی بوو. کاتێک لە ئێران وەدەرکەوتم دەستێک کۆت و شەرواڵی قاوەیی رێرێم لەبەردابوو کە قادر سوڵتانی هاوگەڕەکم بۆی درووبووم لەگەڵ شەرواڵێکی سورمەیی دەستی دوو، جووتێک پێڵاویشم لە تەورێز کڕیبوو. هەر لەگەڵ هاتنمان بۆ زیندانی دەزگای (ئێم. گ.ب)ی باکۆ، شەواڵە زیادەکەو کەلوپەلی ریش تاشینیان لێوەرگرتین و لە کیسەیەکیان هاویشتن و ژمارەیان لەسەر نووسین و هەڵیان گرتن.

دەمپایەم پێ نەبوو لەلایەن زیندانیشەوە بێجگە لە بیجامەیەک و جلوبەرگی زیندانی ناقۆڵاو قێزەون، جووتێک کاڵەی شڕ و گەورە، کەوچکێکی دار و قرۆشکەیەک بە حیساب بۆ قاوە و چایی خواردنەوە هیچ شتێکی دیکەم پێنەبوو. هەتا قایشپشتێنەکەشیان لێ ستاندبووم.

شەوی چوارەم لای نیوەشەو لە خەویان هەستاندم و گوتیان خۆت ئامادە بکە. جلکەکانم لەبەرکردنەوە دەستم لە پشتەوە گرتبوون و لەپێش پاسەوانی زیندان دەڕۆیشتم. بە دالانێکی درێژدا رۆیشتین راڕەوەکە کپ و بێدەنگ بوو، چەند چرایەک کز دایسان. چرای ژووری بەرپرسەکان دایسا لە دوورەوە لە ماڵێکی نزیک دەنگی پیانۆیەک دەهات، چەندە دڵگیر بوو. بە چاوی خەواڵوو و، داهێزاو لەبەردەرگایەک گوتیان بوەستە. راوەستام تا پاسەوان لە دەرگایداو ئیزنی چوونە ژوورەوەی وەرگرت. بردمی بۆ ژووریَ لەگەڵ یەکەمین بەرپرسی زیندانی (ئێم. گ. ب)ی باکۆ رووبەڕوو بووم کە مولازمێکی داڵەگۆشتی چاوشینی کورتەباڵا بوو. لە ژووریَ چرایەک لەسەرمێز دانرابوو دایسا، خوارەوەی رووناک بوو سەرەوەشی نیوەڕووناک باش یەکتریمان دەدیت. تەماشای سەرەوەمکرد زانیم لەکوێم. لە ژووری لێکۆڵەر مێزێک و چەند کورسییەکی لێ بوون کورسییەک بەرامبەر لێکۆڵەر بوو بۆئەوەی زیندانیەکان لەسەری دابنیشن.

---

[٥٤] دەمپایە: دەمپێ. سۆل. نەعلە. وەرگێڕ

یەکەم پرسیار کە جەنابی لێکۆڵەر لێیکردم گوتی چۆنی؟ گوتم لە سایەی سەری ئێوە خراپ نیم. ئینجا خۆی پێناساندم گوتی مولازم یوسف زادەم. بە زمانی ئازەری قسەی لەگەڵ دەکردم، زمانی فارسیشی دەزانی. لە ژووری لێکۆڵەر وێنەی ستالین و چەرجینسکی و بیریا هەڵواسرابوون، وێنەیەکی لینینیش لە پشت سەری مولازم هەڵواسرابوو. ژوورەکەی لیکۆڵەر کە پەنجەرەکەی کەمیک کرابۆوە و پەردەی لادابوو لە خانوەکەی بەرامبەری کچیکی جوان کە کراسێکی شینی لەبەردابوو پیانۆی لیدەدا. دوای ماوەیەک جەنابی مولازم لە ناو و ناسناوی پرسیم و هەمووی یادداشت کردن ئینجا لە بنەچەی پرسیم. پاشان گوتی بە چ مەبەستیک هاتووی و بارودۆخی ئێران چۆنە؟ باسی هەلومەرجی نالەباری ئێران و ستەمی رژێمی حەمەڕەزاشام کرد، قسەکانی دەبڕیم و باسی شتێکی دیکەی دێناگۆڕێ و پرسیار کوتی دەکردم.

جەنابی مولازم یەکسەر دەیویست بمکاتە سیخوڕێکی تەواو عەیار. دواتر بۆم دەرکەوت کە هەر لێکۆڵەرێک ئەگەر لە کاتی لێکۆڵینەوەدا جاسووسێکی ئاشکرا کردبێ پلەی بەرز دەکەنەوە، جا چ راستبێ و چ ناڕاست. کاتێکیش کارلەکارترازا ئیدی ناتوانی بیسەلمێنی کە بە چ نیازێکەوە بۆ ئیرە هاتووم. بەڵکو لەڕووی سادەیی و دڵسافی، خۆم دەخەمە داوی دەزگای (ئێم. گ. ب) و نەکرا بڵێم فریم خواردووە. ئێستاش دەبوو بەرلەوەی کارلەکاربترازێ راستی و نیازپاکی خۆم بڵێم دەنا کارێکم پێدەکەن با بە دەواری شڕی نەکردبێ.

دوای قسەوباسێکی زۆر و پرسیار و وەڵام باس هاتەسەر باسی زیندانە تاکەکەسی و خواردن. گوتم قالۆچەکان زۆر ئازارم دەدەن خواردنەکەش تەنیا مەمرەمەژیە. بەپێکەنینەوە گوتی زیندان زیندانە و بارودۆخی زیندان لەوەباشتر نابێ. گوتم دیارە قالۆچەکانیش بەشێکن لە پێکهاتەی زیندان؟ هیچ قسەی نەکرد هەر خەریکی یادداشت کردن بوو. بە بزەیەکی دەستکرد و وشک گوتی فەرماندەدەم تا هەفتەیەکی دیکە خواردنەکەت بگۆڕن، بەڵام دەبێ راستییەکەی بڵێی، گوتم راستی چی؟ گوتی کێ تۆی ناردووە؟ گوتم هاوبیرە شۆڕشگێڕەکانی نیشتیمانم کە لە بەرامبەر ستەمی شاهەنشاهی وەستاونەتەوەو دەیانەوێ ئێران ئازادبێ و سەربەهیچ بێگانەیەک نەبێ و وەکو ئێوە بەختەوەربین. لێکۆڵەر پێکەنی منیش پێکەنیم. کاتێک دیتی خەریکە پێی لێهەڵدەبڕم، ناوچەوانی تێکنا! ئینجا گوتم ئێمە پێمانوایە هاوڕێی راستەقینەی ئێمە ئێوەن کە لە راگەیەنە گشتییەکاندا شەوڕۆژ دەڵێن ئێمە لایەنگری زەحمەتکێشان و

گەلانی ژێردەستەو چەوساوەکانین، بۆیە بە هەمان مەبەست روومان لە ئێوەناوە هاوکارمان بن بۆ ئەوەی لە چنگ رژێمی پاشایەتی و ئەمریکای ئیمپریالیزم و نوکەرەکانیان رزگارمان بێ؟ هاورێ یوسف زادە لە وەڵامدا گوتی کۆتا قسەت چییە؟ گوتم راسپێردراوم لەگەڵ خودی سەرۆککۆمار هاورێ باقرۆفی باوکی ئازەربایجان قسەبکەم.

مەبەستم لەوقسانە ئەوە بوو خۆم بە کەسایەتییەکی گەورە نیشانبدەم تا لە چنگی دەزگای (ئێم. گ. ب) نەجاتم بێ. بەو ئومێدەی لەو کۆڵەکەوە بۆ ئەو کۆڵەکە دەریچەیەک هەیە. بێئاگا لەوەی باقرۆف و ئەوانیدیکەش هەموویان یەک قوماشن و لەناو پیسیشدا جیاوازی رەش و سپی نییە. ئەوەی پیسبوو هەر پیسە جا بە هەر شێوەیەک بێت. لێکۆڵینەوەکەم نزیکەی دوو مانگی کێشا. هەندێک شەو عەقید عەلیۆف کە کابرایەکی چل ساڵە و شیکپۆش و چوارشانەو بەرپرسی ئەو بەشە بوو، پرسیار کوتی دەکردم.

عەلیۆف بە چاوەتیژەکانی لە چاوە بێ رەونەق و کزەکانی من راما بوو، وێنەیەکی ستالینیی بە پایپەکەیەوە لەپشت سەری هەڵواسرا بوو، جارجار بە ساویلکەیی من پێدەکەنی و باشدەیزانی وەکو هەزاران گەنجی ئێرانی فریودراوم و بە ئاوازی زوورنای درۆینی کۆمۆنیزم و بەهەشتی وادەلێدراوی لینین و مارکسیزم لە نیشتیمان هەڵاتووم و رووم کردۆتە دۆزەخی پرۆلیتاری و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا. ئێستاش دەبێ سزای ئەو فریوخواردنەم بدەم. عەقید عەلیۆف لە باشکردنی خواردنی زیندان رۆڵێکی سەرەکی هەبوو. ئەو قسەو باس و پیاهەڵدانەی من دەربارەی وڵاتی سۆسیالیستی دوو مانگ درێژەیکێشا. تا لە کۆتایی مانگی گەلاوێژی ١٩٥٠ و سەعات چواری ئێوارێ پێیانڕاگەیاندم خۆت ئامادەبکە. پێموابوو دیسان دەمبەنەوە بۆ لێپرسینەوە، بەڵام ئەوجارە نەیانبردمەوە جێگای پێشوو، بردیانمە باڵەخانەی سەرێ، راڕەوەکە رووناکتر و فەرشی سووریان لێ راخرابوو.

لەبەردەرگایەک راوەستاین، روویان پێ لە دیواری کردم و دەستم لە پشتەوە گرێدان، ئەوجارە دوو پاسەوانم لەگەڵ بوون، یەکیان لە پەنام راوەستاو ئەوەی دیکەش چووە ژوور. دوای چەند ساتێک بردیانمە ژوورێکی پاکوخاوێن و رازاوە. سێ کەس لە ژوورەکە بوون دوویانم دەناسین یەکیان ژەنەڕاڵ ئاتاکیشیف بوو کە لە دەورانی داگیرکاری ئازەربایجانی ئێران یەکێک لە ئەندامە دیارەکانی دەزگای (ئێم. گ. ب) بوو

بەرپرسی یەکەمی ئازەربایجانی رۆژئاواو رۆژهەڵات بوو. زۆرباش قازی محەمەدی دەناسی پێکەوە نێوانیان خۆشبوو.
کاتێک ئێمە لە کۆلێژی ئەفسەری باکۆ دەمانخوێند جارجار سەردانی دەکردین. ئەوەی دیکەش هاورێ حەسەن ئۆف بوو بە سکرتێری دووەمی باقرۆف هەژمار دەکراو کەسایەتی دووەمی ئازەربایجانی سۆڤیەت بوو. کابرایەکی نەرمونیان، کورتەباڵاو بەخۆوە بوو. پیاوێکی میهرەبان بوو دەیانگوت رەحیمی قازی دەبێتە زاوای ئایندەی ئەو کابرایە. ئەوەی سێیەم کە نەمدەناسی زۆر بە خەزوورم دەچوو. لە رواڵەتدا کەسێکی داخ لەدڵ و خۆبەزلزان دەردەکەوت، دیاربوو لەوانیدیکە پلەی بەرزترە.
هەردووک رێزیان دەگرت و وەکو نۆکەران دەیانگوت ئاغا بەڵێ، وەک تووتی ئەوەی ئەو گوتبای بۆیان دەسەندەوە و هەر دەیانگوت بەڵێ، بەڵێ. دوایی بۆم دەرکەوت ئەو پیاوە ژەنەراڵ یەمەلیانۆفی بەرپرسی دەزگای (ئێم. گ. ب)ی ئازەربایجانی سۆڤیەتییە جەللادی هەزاران مرۆڤی بێتاوان بوو. بێبەزەیی ئەو مرۆڤە خوێنخۆرە وێردی سەرزاری ئازەریەکان بوو.
ژەنەراڵ ئاناکیشیڤ بە ئاماژەی یەمەلیانۆف پرسی کاتێک گەڕایەوە چاوت بە قازی محەمەد کەوت. گوتم کە گەرامەوە ئەو زیندانی بوو دوایش لە سێدارە باندا. پرسیاری دووەمی ئەوەبوو کاتێک ئێوە گەڕانەوە قازی محەمەد پێیخۆشبوو. گوتم نەخێر! بەڵکو دەیویست لێرە درێژەمان بە خوێندن دابا. بەڵام دەڵێی چی گەنجی و بێ ئەزموونی ئەوکاتە بەنرخەمان لەدەستدا بزانە تووشی چ بارودۆخێک بووین. گوتی چۆنتزانی کە قازی محەمەد پێیخۆش نەبووە؟ گوتم کاتێک قازی محەمەدیان لە زیندانەوە دەبردە گەرماوی پووتی[55] بەرێکەوت تووشی سوورەی خوسرەوی دەبێ پێیگوتبوو بە چ زەحمەتێک ئێوەم ناردووە بچن بخوێنن بۆچی هاتوونەوە؟ دەیویست پرسیار پێچم بکا گوتی چما قازی پاسەوانی دەوڵەتی لەگەڵ نەبوون؟ گوتم بەڵێ لەگەڵی بوون، بەڵام ئەوان بە کوردی قسەیان دەکرد و پاسەوانەکانیش کوردییان نەدەزانی تا بزانن باسی چیدەکەن ئینجا هێندەش پێکەوە قسەیان نەکرد. ئیدی لێرەوە وەستام، تیری خۆم هاویشتبوو چاوەڕوانبووم بزانم دژکردەوەیان چۆندەبێ، کاتێک قسەکانیان بۆ ژەنەراڵ یەمەلیانۆف وەرگێرا. ئەو وەڵامە پێدەچوو بڕوایان پێهێنابێ ئەو رۆژە زۆر

[55] گەرماوی پووتی: ئێستا ناوی گەرماوی شافعیە کە لە ناوەراستی بازاڕی مەهابادە.

گەرم بوو، ژووری بەرپرسانی سیاسی سۆڤیەت فێنک بوو موبەریدەی گازییان هەڵکردبوو ئاوی سازگاری باژرۆم[56] و بادامیان لەپێش بوو ئەوەندە ئارەزووم لەو ئاوەبوو بەڵام جورئەتی ئەوەم نەبوو داوای قومە ئاوێک بکەم لەگەڵ ئەوەی دەمم وشکبوو بە زەحمەت دەمتوانی قسەبکەم.

چرکەساتێکی چارەنووسساز بوو. لەنێوان مەرگ و ژیاندا تەنیا هەنگاوێک بوو. یەمەلیانۆف لەگەڵ ئەوانیدیکە هەندێک قسەیان کرد، بەڵام هیچی لێ حاڵی نەبووم. ئاناکیشێف گوتی ئێمە وەرت دەگرین بەڵام بەمەرجێک هەرچی ئێمە پێتدەڵێین دەبێ وابکەی؟ ئەو قسەیە لەناکاو لە خەوی غەفڵەتی وەئاگا هێنامەوە و وزەیەکی تازەی خستە دڵمەوە. گوتم هاورێ ژەنەراڵ من لەپێناو خزمەتکردن بە نیشتیمان گیانی خۆیشم دەبەخشم. ژەنەراڵ بزەیەکی تاڵی هاتێ و گوتی جارێ واز لە نیشتیمانت بێنە تۆ دەبێ بێیتە ناو ریزەکانی خەباتکاری نهێنی ئێمەوە. زانیم مەبەستی ژەنەراڵ چییە. رووم لە حەسەنۆف کردو گوتم هاورێ حەسەنۆف ئەگەر کەسێک بە هاوکاری و چەکی ئێوە لەو دیو سنوور لە دژی رژێمی شاهەنشاهی خەبان بکات نابێتە سەربازێکی گیانفیدای نیشتیمان؟ ئیدی نهێنی بوونەکەی چ مانایەکی هەیە؟

کاتێک ئەو قسەی منیان بۆ وەرگێرا، ژەنەراڵ تورەبوو هەرەشەی لێکردم. چەند قسەیەکی توندی کرد کە تا ئێستاش نەمزانی چیگوتووە، کەسیش پێینەگوتم ئەو ورچە تورەیە چی دەڵێ!

کاتێک گەراندیانمەوە زیندان بارودۆخی ژیانم بە تەواوی گۆرا، نە ئەو برە خۆراکە زیادە ما کە عەلیۆف بۆی برِیبوومەوە، نە خەندەکانی مولازم یوسف زادە، زۆر کەمیش لەگەڵ عەلیۆف روبەرِوو دەبووم. دوای چەند رۆژێک کەسێکی ئێرانیان هێنایە ژوورەکەم بە ناوی مولازم حەسەن خانلوو هەر لەگەڵ یەکەم دیداردا تێیگەیاندم وەک سیخورِ ناردوویانە، گوتی وریای خۆتبە. کابرایەکی رووسیشیان هەر هێنایە ژوورەکەم. چەند رۆژێک پێکەوە بووین حەسەن پیاوێکی باش و فیداکار بوو. پەشیمان ببوەوە. یەکێک بوو لەو ئەفسەرانەی رایانکردبوو کە ببووە قوربانی پیلانی غولام یەحیای سەرۆکی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان. خەڵکی ئەردەبیل بوو لە بنەماڵەیەکی ناوداری ئەو شارە بوو. دوای ئەوەی سنووریان برِیبوو گوێرِایەڵی فەرمانەکانی غولام یەحیا نەببوو بۆیە لەگەڵ ژمارەیەک ئەفسەری نیشتمانپەروەری

---

[56] باژرۆم: ناوچەیەکی کوێستانییە لە گورجستان

فریوخواردوو، دابوویاننە دەست دەسگای (ئێم. گ.ب) بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکەن بزانن ئەوانە سیخوڕن یان نا؟
هەروەک دەڵێن وشترێک رایدەکرد لێیانپرسی بۆکوێ رادەکەی، گوتبووی لە ترسی کەوڵکردنی رێویان، گوتیان ئاخر ئەتۆ وشتری خۆ رێوی نیت؟ گوتی تا دەیسەلمێنم وشترم و رێوی نیم کەوڵم لە حاجەت دەکەن. ئێستاش ئەو ئەفسەرە فیداکارو نیشتمانپەروەرانە تا دەیسەلمێنن سیخوڕنین ئیدی لە زیندانە چاڵەڕەشەکانی ستالیندا دەڕزن. ئەو کابرا رووسەی لە ژوورەکەم بوو دیاربوو لە کازاخە مرۆڤ کوژەکانی دەورانی نیکۆلای دووەم بووە و دەستی لە کوشتوکوشتاری خەڵکی بێتاوانی مەهابادیشدا هەبووە، زوو زوو جنێوی بە ستالین دەدا. بۆیە ترسی ئەوەم هەبوو نەکا کاتێک حەسەن خانلوویان برد بۆ لێپرسینەوە بیانووی ئەوەم پێبگرن لە پەنا من جنێویان بە ستالین داوە و هیچ دژکردەوەم نەبووە، بۆیە کابرا پیرەم وەبەر پێلەقاندا و کلۆکۆی خۆم پێ دەرکرد.
لە دەرگایاندا گوتیان ئەوە چییە؟ گوتم سووکایەتی بە هاوڕێ ستالین دەکات و منیش توانای ئەو بێڕێزیەم نەبوو. دوای یەک دوو سەعات کابرای رووسیان لە ژوورەکەی من گواستەوە و دوای ئەوە ئیدی حەسەن خانلووش نەهاتەوە لام. خەڵکی جۆراوجۆر سەیرسەیریان دێنا ژوورەکەم. بەڵام من هەمیشە وەفاداری خۆم بۆ حکومەتی سۆسیالیستی و رێبەرەکەی دەردەبڕی و نەفرەتم لە ئەمریکاو ئیمپریالیزم و هاوشێوەکانی دەکرد.
لە زیندانی ناوەندی (ئێم. گ. ب) هەفتەی جارێک و بۆماوەی نیوسەعات دەیانهێنایە دەری حەساری کە هەرچوار دەوری باڵەخانە بوو، بێجگە لە ئاسمانی دووکەڵاوی باکۆ هیچ شتێکی دیکەمان نەدەبینی. لە پەنجەرە بچووکەکانیشەوە بۆ چەند ساتێک هەتاو دەهاتەژوور و ئومێدی رۆژانی ئازادی بۆ دێنایین.
زیندانیانی جۆراوجۆر و سەربەکێشە بۆ من بوونە دەرسێکی گەورە لە ژیانمدا. لە ماوەی دوو سێ مانگدا توانیم فێری زمانی رووسی بم و مەبەستی خۆم لە رووسەکان حاڵی بکەم. جارجار دەنگی ناڵەناڵ و ئەشکەنجەم دەهاتەبەرگوێ و زوو خامۆش دەبوو. ژنێکی رووسی پلەدار کە لە ڕارەوەکەی ئێمەدا ئێشکی دەگرت، هەر کاتێک بیرم لە چارەنووسی خۆم دەکردەوە و لە گژفکران رادەچووم، گوێم لە پژمینی ئەو دەبوو، ئەوەشم بە خاڵێکی باش لێک دەدایەوە و هیوام بە ئایندەی رووناکی خۆم

دەبوو. ئەو ئەشکەنجە رۆحیە هەشت مانگی تەواو درێژی کیشا جارجار لە مانگەکانی کۆتاییدا، یانی بەسەربردنی شەش مانگ داوام لە عەقید عەلیۆف کرد و گوتم کارەکەم بەکوێ گەیشتووە دەیگوت کارەکەی تۆمان بۆ مۆسکۆ ناردووە و کۆبوونەوەیەکی تایبەتت لەسەر دەگرن. وای بۆ دەچووم کۆبوونەوەی تایبەت بەو مانایەیە حەتمەن خەڵکانی بەشەرەف هەن هەست بە بەبێ تاوانی من و عەزیز بکەن، رای باشیان لەسەر ئێمە هەبێ و رێزمان بگرن و هەقی ئەو چەند مانگ زیندانیەشمان بۆ قەرەبوو بکەنەوە، رەوانەی شارێکمان بکەن و ژیانێکی شایستەمان بۆ دابین بکەن. بێ دەرپێ هەر دووگەزەجاوی لە خەوێ دێ! هەیهات! بێئاگا لەوەی کۆبوونەوەی تایبەت هەمان کۆبوونەوەی ترسناکە کە وەکو گیوتەنی فەرەنسا ئەلکساندەر سۆلژنتسینی نارازییان بۆ دوورگەی کۆلاک ناردن و هەزاران بنەماڵەیان بێ سەرپەرشت هێشتنەوە و ملیۆنان فیداکار و خەڵکی شەریف و بە ویژدانیان زیندەبەگۆڕ کرد.

کابرایەکی نەخچەوانی مانگ و نیوێک پێکەوە لە ژوورێک بووین، بە تۆمەتی گەندەڵی و بە تاوانی کەمی سەرمایە کە دابوویانێ و لە دوکانەکەیدا کەمی هەبوو، چەند مانگێک بوو زیندانی کرابوو، بە ورگ و قاچی ئاوساو، رەنگ زەردو نەخۆشەوە، سەرەڕای ئەوەی خوێندەواری کەم بوو، بەڵام ئەو هاوڕێ عەباسۆفە کابرایەکی کارکوشتەو دنیادیدە بوو ساردوگەرمی رۆژگاری چەشتبوو. بۆ ئەوەی سزاکەی کەمبێتەوە بیست و دووکەسی ئاشکرا کردبوو باسی کۆبوونەوەی سێ قۆڵی دەکرد.

عەباسۆف تووشی نەخۆشی ئیکینکۆسی جگەر ببوو پێیانگوتبوو دەبێ نەشتەرگەریت بۆ بکرێ دەنا دەتکوژێ. دەیگوت پێش ئەوەی ببێتە دوکاندار پێشتر شوان بووە لەوانەیە ئەو نەخۆشیەی لە مەڕەکانی گرتبێتەوە، ئەو کابرا تەمەن چل ساڵەی کردبووە شتێکی دزێو و ترسناک. بە دەمپێیی کۆن و رزیو لەو ژوورە سێ مەتریەدا لە بەیانییەوە تا شەو هەر دەهاتودەچوو، لە بەرخۆیەوە قسەی دەکردو دەیگوت ئەو سەگی سەگبابە چیکردووە. دەیگوت قادر تازە ئازادی بەخۆتەوە نابینی، لەبەرئەوەی دەربازبوون لە ترۆیکا کاری هەمووکەسێک نییە. لەو قسە ئازاردەرە رۆحیانە و پژمینی خاتوونی رووسی کە منی لەو خەوەترسناکەی عەباسۆف وەئاگا دێنا، ئایندەیەکی رووناک یان لانیکەم باشترم دەبینی.

رووداوێکی چاوەڕواننەکراو روویدا. لە ژوورەکەم بە تەنیا بووم. ئاگام لەوەی نەبوو حەوتی نۆڤەمبەر رۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەورەی ئۆکتۆبەرە و خەڵکی سۆڤیەت

هەموو جێژن دەگێڕن و شایی و لۆغان دەکەن و لەبەردەم ڕێبەرە ڕەشپۆشەکانیان بە نمایشی سەربازی دەڕۆن و گوڵبارانیان دەکەن.
لەو بەرەبەیانیەدا دەرگا کرایەوە لەگەڵ ئەوەی خواردنی بەیانیمان تا ـ رادەیەک باشترببوو تەماتەیەکی شینی ترش و خراپیان بۆ هەڵدام و گوتیان ئەوە جێژنانەیە، جێژنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە. ئەو تەماتە سەوزو ترشە کە نیوەی خرابپوو وەک مەمکی دایکم مژیم. ئاوەکەیم وەک شیری دایکم خواردەوە تا لە بەرهەمی سۆسیالیزم و شۆڕشی ئۆکتۆبەر و لە ژێر سێبەری چەکوچ و داسەکەی بەهرەمەند بم. لەو زیندانە نەفرەتییەدا بیرم دەکردەوە و لەبەرخۆمەوە دەمگوت: دەبێ ڕۆژێک بێ دۆشەکێکی لۆکە یان خوریم هەبێ، یان سەرچەفێکی سپی بەخۆمدابدەم. ئەوەم بە مەحاڵ دەزانی و بیرم لە ئایندەی لیلی خۆم دەکردەوە کە ژنە دیسان پژمی و وەئاگای هێنامەوە. پەنا بەخوا.

شەبرۆڤ ئۆردووگای کاری زۆرەملی[7]

دوای هەشت مانگ نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بەیانییەکی ساردی زستانی مانگی ڕێبەندان پێیانڕاگەیاندم خۆت ئامادەبکە بۆ ئیتاب[57] بیستبووم ئەو زیندانیانەی بۆ ئیتاب ڕەوانە دەکرێن دەبێ لەوێ ماوەی زیندانیەکەیان بەسەربەرن یان بەڵێنی درۆینەی ئازاد بوونیان ببەنە گۆڕەوە. ناردنی ئێمە بۆ ئیتاب یانی ڕەوانەکردنی چارەنووسێکی نادیار. بەو کەلوپەلە هەژارانەیەی کە پێمبوو بردیانمە باڵەخانەی خوارێ لە ژووری پاسەوانەکان دوای هەشت مانگ چاوم بە عەزیزی هاوڕێم کەوتەوە لە باوەشمگرت و پێکەوە زۆر گریان و فرمێسکی شادیمان ڕشت. یەکێک لەپشت مێزەوە بە قەلافەتێکی جەللادانە تێیڕاخوڕین وەرنە پێشەوە، ئەو فەرمانەی ترۆیکا واژۆ بکەن. پرسیم ئەو فەرمانە چییە؟ گوتی فەرمانی سێ ساڵ زیندانتان لە لاگیر[58] بۆ بڕاوەتەوە، ئێوە شانستان هەبووە، لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا نەماندیوە هیچ کەسێک لە دە ساڵ کەمتری بۆ بڕابێتەوە.

بە چاوی پڕ لە حەسرەت و واق وڕمانەوە رووم لە عەزیز کردو گوتم غەدرمان لێدەکەن من واژۆی ناکەم. لە ژێر فەرمانەکە نووسییان ئەوانە ناڕازین و فەرمانەکە واژۆ ناکەن. قیروسیا چیدەبێ با ببێ. دیسان لە دوورەوە گوێم لە پژمینێک بوو، بەلام ئەو جارەیان پژمینەکە[59] هی پاسەوانێکی دیکەی زیندان بوو کە دەیویست لەو شوێنە ترسناکەمان بەرێتە دەرێ. ئێمەیان بردە بەشی هەرەخوارێ ئەو جێگایەی پێشتر پێیدا هاتبووینە ژوور و پشکنینیان بۆ کردبووین ئێستاش بەرپرسانی ئیتاب تەماشای جلکوبەرگە نارێکەکەمان دەکەن کاتێک دیتیان پێلاوەکانم شڕودڕاون و بەکەڵک لەپێ کردن نایەن بەرەو باکوور، سیبریای ساردو ترسناک کۆنەپێلاوێکی لاستیکێک و بالاپۆشێکی گەورەی پینەکراوی سەربازییان لەپێش دانام و گوتی: ئەوانە هەڵبگرەو

---

[57] نیتابد شوێنی کاری زۆرەملێ

[58] لاگیر: ئۆردووگای کاری زۆرەملێ.

[59] لە کوردەواریدا ئەگەر کەسێك لەسەر سەفەربێ و یەکێك بپژمێ، سەفەرەکەی دوا دەخا، یان ئەگەر کەسێك نیازێکی لە دڵدابێ و یەکێك بپژمێ دەڵێن لەوانەیە پێچەوانەی بۆچوونەکەت بێت. بۆیە کورد حیسابێکی تایبەت بۆ پژمین دەکەن. وەرگێڕ

لەبەریان بکە لەگەڵ هەندێک کۆنەگۆرەوی لە پێمکردن و توند قایمم کردن تا پێڵاوە گەورەکان لەپێم نەیەنە دەرەوە بۆ رۆیشتنی ئەو رێگا دژوارو چارەنووسسازە. باڵاپۆشەکۆنەکەم لەسەر ئەو جلکانەوە لەبەرکرد کە لە ئێرانەوە لەگەڵ خۆم هێنابوومن. ببوومە دێوەزمەیەکی سەیر بە راستی جێگەی پێکەنین بووم بۆ ئەو رژێمەی پەنام بۆ هێنابوو بێزار کەربوو، هەرچەندە هیچ ئاوێنەیەک نەبوو تا خۆمی تێدا ببینم بەڵام لە شووشەی پەنجەرەی زیندانەوە کاتێک سەیری خۆم دەکرد دیمەنێکی زۆر ناقۆڵام هەبوو دڵم بە حاڵی خۆم دەسووتا و لە کرداری خۆم پەشیمان بووم، بەڵام چ سوودێکی هەبوو تازە تیر لە کەوان دەرچووبوو، ئێمە کەوتبووینە تەڵەیەکی ترسناکەوە، نە سەرەتاکەی دیار بوو نە کۆتاییەکەی.

لە چۆنیەتی جۆری ئەو جلکوبەرگەی عەزیز لەبەری کردبوو چارەنووسێکی نادیارم هەستپێدەکرد. شەرواڵە سوورمەییەکەم لەبەردابوو لەسەر ئەویشەوە باڵاپۆشەکەم لەبەرکردبوو بە سێتایەکیش لە ناو قەدم قایمکردبوو، کۆنە کڵاوێکی توکنی سەربازیشم لەسەرنا. بردیانینە ناو ئۆتۆمبێلە رەشەکانی زیندان کە دەرگاو پەنجەرەکانیان میلەی ئاسن بوون و لەوێیان پەستاوتین. جێگایەکی تەنگەبەر و لەگەڵ کەسانی دز و چەقۆکێش، مرۆڤ کوژ و مافیای زۆر چاوەڕوانی ئەو شەمەندەفەرانەمان دەکرد بمانگوازنەوە. دزەکان هەتا لەناو ئۆتۆمبێلەکانیشدا خەڵکیان رووت دەکرد و ئەوەی هەیانبا لێیان دەستاندن، هەتا زۆرجاری وا هەبوو دەشیانکوشتن. دیارە کەسیش نەیدەزانی ئەوە چۆن و بۆچی روویداوە.

باڵاپۆشە درێژو سەربازیەکەم هێندە ناقۆڵابوو هەتا دزەکانیش خۆیان لێ نەدەداو هەتا بیریان لەوە نەدەکردووە بزانن لەژێر ئەو باڵاپۆشەدا چی هەیە. کۆنە کڵاوە سەربازیەکەو ئەو جلکوبەرگە شڕە منیان لە بەڵای لابەلا رزگار کرد. هەر لە یەکەمین رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو دزە کارامانە وەک دوو جەمسەری دژ بەیەک منیان لە شەڕی ئازەری و ئەرمەنی و تاتاری وەلانا. بەتایبەت کاتێک سواری واگۆنی تایبەت بە زیندانیەکانیان کردین، وەک ماسی سلۆتکا[٦٠] هەڵیاندایینە سەریەک. ئەوانەی بەهێزبوون جێی خۆیان دەگرت و ئەوانەی لاوازیش بوون دەکەوتنە بەرپێیان. خۆ ئەگەر یەکێک خواردنێکی پێبوایە بە ئاماژەی سەرۆکی دزەکان لێیان دەستاند کە لە

---

[٦٠] جۆرە ماسییەکی وردە.

هەموو جێگایەک هەبوون دەیانگوت (فەرایر[٦١] ئەوە خواردنی تۆ نییە، سەرۆک برسییەتی).
دەستەو دایەرەی سەرۆکی دزەکان ئەو پاروە چەورەی دەستیان دەکەوت بۆ سەرۆکیان دەبرد. سەرۆکی دزەکان بەشێوەیەکی ناشرین و لە خۆباییانە خواردنەکەی دەخوارد و بە خەڵکەکە پێدەکەنین. دزەکان بە چاوی سووک تەماشای خەڵکەکەیان دەکرد. دزە رووسەکان ئەوانەی قژڕەش بوون پێیاندەگوتن جانەوەر یان قوون ڕەش. ئەوانەی تۆبەشیان کردبوو پێیاندەگوت دێڵەسەگ ئیدی هەر ناووناتۆرەیان لێک هەڵدەدا. لەناو زیندانەکانی سۆڤیەت دەیان دەستەو تاقمی جیاواز هەبوون کە بە خوێنی سەری یەکتر تینووبوون.
کاتێک لە باکۆ سواری شەمەندەفەریان کردین گوێمان لە پاسەوانەکان بوو دەیانگوت شەمەندەفەر بەرەو رستف نادانۆ دەڕوات. رستف لەبەر ئەوەی لەسەر رووباری دۆن هەڵکەوتبوو پێیاندەگوت رستف نادانۆ. ئەو زیندانیانەی لەگەڵمان بوون لە ڕێگا باسی چاپووکی و تەڕدەستی دزەکانیان دەکرد. ئەو شەمەندەفەرەی سواری ببووین زۆر بە هێواشی بەو دەشتە پانوبەرین و بەناو ئەو دارستانە کاج و سەروەدا تێدەپەڕی، وادەهاتە بەرچاو جیهانێکی مردوو بێت هیچ کەسێک دیار نەبوو. ساتێکی خەمبار و چارەنووسێکی نادیارمان لەپێش بوو.
دوای دوو رۆژان گەیشتینە پەنا شاری رستف نادانۆ. شەمەندەفەر راوەستا، بەڕیز و دەستە دەستە سواری واگۆنی تایبەتیان کردین و بەرەو زیندانی ناوەندی (ئێم. گ. ب)یان بردین. کاتێک دابەزین زۆر ساردو شەختەبەند بوو، لە حەسارەگەورەکەی زیندان کە هەرچواردەورەی تێلبەند بوون گڵۆپە بە شۆقەکان ئەو ناوەیان رووناک کردبۆوە، پاسەوانەکان سەگی پۆلیسیشیان پێبوو. یەک یەک بردیانینە ژوور، لەوێ جلکەکانمان داکەندن. هەموو جلکەکانم داکەندن و خستنمە ناو باڵاپۆشەکەو بە سێتایەکە بەستمن و بە سینگێکم هەڵواسین، کە تایبەت بوو بە جلک هەڵواسین. لە وێ هەموو جلکەکانیان دەرمان لێدەدا لە ژوورێکی دیکەو لە بەشی گەرماو دەشۆردران و دوایی وە زیندانەکانیان دەدانەوە. من و عەزیز لەگەڵ باقی زیندانەکانی دیکە چووینە ناو گەرماوە ترسناکەکەی زیندان کە هیچ وەک گەرماوێکی ئاسایی نەدەچوو. هەریەکەو پارچە سابوونێکی بچووکیان وێداین کە بە ئەندازەی شقارتەیەک

[٦١] فەرایر. دەستەواژەیەک بە مانای ترسنۆک

دەبوو، لەگەڵ سەتڵێکی دار تا خۆمانی پێبشۆین. ئاومان لە بەلوعە ساردو گەرمەکان تێدەکرد تا خۆمانی پێبشۆین، تەنیا نیوسەعاتیش مۆڵەتمان هەبوو، هەرچۆنێک بێ دەستێکمان بەسەرو روخسارماندا هێنا و چووینەوە لای جلکەکانمان بۆ ئەوەی دزەکان هەست بەوەی نەکەن لەناو کۆنە جلکەکانمدا جلکی بە کەڵکیشی تێدایە، بۆیە خێرا خۆم گەیاندەوە جلکەکانم و لە سوچێک جلکەکانم لەبەرکردنەوە بێ ئەوەی کەس هەستم پێبکات، تا لەبەرم دانەکەنن دەنا رووت و قووت دەماوە.

دوای ئەو گاڵتەجارِی و بەحیساب خاوێنکاریەی ستالینی بردیانینە هۆڵێکی گەورەی دوو تەبەقە و هەرکەسەو شوێنێکی بۆخۆی دەستنیشان دەکرد و لێیدادەنیشت، هەر زیندانییەکی سەنگین دەیویست خۆی لە دز و تاوانبارەکان جیابکاتەوە و هەرنەبێ لەبەرچاوی ئەوان دوور بێت. من و عەزیز کابرایەکی ئازەریمان بینی کە کۆڵەپشتییەکی پێبوو، هیچ کەسیش کاری پێینەبوو، چووینەلای و لێمان پرسی ناوت چییە گوتی ناوم ئەندازیار حسەینۆفە. چاکوچۆنیمان لەگەڵ کرد و بووینە هاورِێ. لە کۆڵەپشتەکەیمان پرسی گوتی ئەو دەستەنوێنە بۆ هاوسەرەکەم دەنێرمەوە. لەگەڵ عەزیز بەکەیف بووین لەگەڵ ئەوەی هەوای ژووری ساردبوو تازەش لە گەرماو هاتبووینەدەر لەسەرمان هەڵدەلەرزین داوامان لە هاورِێی ئەندازیار کرد بەتانییەکمان بداتێ بەسەرخۆمانی دابدەین بۆ ئەوەی هەم سەرمامان نەبێ و هەم لەبەر چاوی دزەکانی زیندان دیارنەبین کە بەدوای نێچیری تازەدا دەگەڕان. بەڵام هاورِێی ئەندازیار داوایەکەی رەت کردینەوە.

لە گۆشەیەک خۆمان کرووشم هەڵێنا و بە خەبەر بووین، لە پەنای ئێمە چەند کەسێکیان رووت کرد ئەوەی پێیانبوو لێیان ستاندن و بردیان، بەستەزمانانە هەتا نەیانتوانی ورتەیەکیش بکەن. لە گۆشەیەکی هۆڵەکە کابرایەک سەری بەرەو ئاسمانی سەقفی هۆڵەکە هەڵبرِیبوو دەپاڕایەوە. کاتێک چوومەپێش و بە پارێزەوە هەواڵم پرسی، چاوی پڕ بوون لە فرمێسک، لەپێشدا دەترسا و دوودڵبوو، بەڵام کاتێک چاوی بە سەروسەکوتم کەوت بزەیەکی دەستکردی هاتێ گوتی خەڵکی باکۆم ناوم ئەسفەندیارە ناسناوم مەعسوود زادەیە. کە گوێم لە زادە بوو کەیفم پێهات لە جیاتی ئۆف، بووینە ئاشنا. ئەو لە باکۆ بەرپرسی فرۆشگایەکی دەوڵەتی بووە کاتێک لیژنەی پشکنین دێن دەبینن هەندێک کەلوپەل لە دوکانەکەیدا کەمی هەیە. کابرایەکی دیندار بوو، نوێژی دەکرد و بەردەوام وێردی دەخوێند. دوای پشکنینی دوکانەکەی و دیاری

کردنی سزاکەی داوایان لێکردووە بەرتیل بدات. کاک ئەسفەندیار لەبەر ئەوەی خۆی بە بێتاوان دەزانی نەیتوانیبوو بچێتەژێرباری ئەوان لەگەڵ ئەوەی یەکسانی سۆسیالیستی مافی ئەو ژێرپێ نەخاو بەبێ تاوان دەرکەوێ لەگەڵیان نەسازابوو، بەپێچەوانە: دادگای بێدادان ئەو پیرەمێردە شەست ساڵەی بە دە ساڵ زیندانی لە سیبریا سزا دابوو بە ئەنجامدانی کاری زۆرەملێ خۆ ئەگەر ماوەکەشی بۆ کەم بکەنەوە دەبێ پێنج ساڵ لە دوورخراوەیی و لە سووچێکی دوورخراوەی وڵاتی پانوپۆڕی سۆڤیەتی درێژە بە ژیانی پڕ لە کوێرەوەری خۆی بدات و لە ژن و منداڵی خۆی دووربێ.
ئەو کابرا ئازەریە میهرەبانە بەردەوام دەگریا و لە قاپی خودا دەپاڕایەوە رزگاری بکات. ئێمە سەرەڕای پەرێشان حاڵی خۆمان، دڵمان دەدایەوە و ببووینە هاوڕێ. دوای دوو رۆژ مانەوە لە زیندانی رستف من و عەزیزیان لێک جیا کردەوە، لەگەڵ مەعسووم زادە بەرەو مۆسکۆ سواری شەمەندەفەریان کردین. چەند رۆژێک بەناو بەفردا بە رێگاوە بووین شەمەندەفەر زۆر بەهێواشی دەڕۆیشت. نیوەشەو گەیشتینە دەوروبەری مۆسکۆ و شەمەندەفەر راوەستا. بۆنی مۆسکۆمان بۆ دەهات. دیکتاتۆری ستالینی دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە هەرلایەکەوە هەستپێدەکرا، دێوەزمەی تیرۆر و زیندان لە هەموو لاوە دەبینرا. دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەند سەعاتێک وەستاین واگۆنەکانی ئێمەیان لە شەمەندەفەر جیاکردنەوەو لە واگۆنی یەرسلاو رۆژهەڵاتی باکووری مۆسکۆیان بەستنەوە و وەڕێکەوتین. دوای دوو رۆژان گەیشتینە زیندانی یەرسلاو. لە شەمەندەفەر دابەزین و بە لۆکۆمۆتیۆی تایبەت بردیانینە زیندانی ناوەند. کاتێک دابەزین و گەیشتینە حەساری زیندان بەڕیز وەستاین رادیۆ هەواڵی دەخوێندەوە کە سەرمای ئەمشەوی یەرسلاو ٣٨ پلەی ژێر سفر بووە. سەرمای سەختی باکوور بە پێڵاوی لاستیک و کۆنە باڵاپۆشی سەربازی پینەکراو جلکوبەرگی هاوینەی ئێرانی گەلێک دژوارە.
هەرکە پێم لەسەر زەوی سەهۆڵبەندان دانا وام هەستکرد کەوتوومەتە ناو چاڵەبەفرێک. دەستمکرد بە هەڵبەزودابەز. زۆری پێنەچوو بردیانینە ژووری زیندان. دوای ئەوەی جلکەکانیان لێوەرگرتین وەک جاران پارچە سابوونێکی بچووکی بۆن ناخۆشیان وێدان لەگەڵ سەتڵێکی دار و کەمێک ئاو تا خۆمانی پێ بشۆین، دوای ئەوەی خۆمان شووشت و جلکوبەرگمان لەبەرکردنەوە پۆل پۆل بردیانینە هۆڵێکی

گەورە کە هەر چواردەوری لە تەختەی ئەستوور بوو. لەگەڵ مەعسووم زادە لەپەنا یەک بووین، لە رستف لە عەزیزیان هەڵبرِیم نەمدەزانی بۆکوێیان رەوانە کردووە. زۆرم بیر دەکرد. مەعسووم زادە بەتانییەکی زیادەی پێبوو دای بە من تا بەخۆمی دابدەم. ژوورەکە تا رادەیەک گەرم بوو ماوەیەک وەنەوزم دا لەناکاو بە دەنگی هاتوهاوارێک وەخەبەر هاتم، سەرنجمدا دزێک بابۆڵەی کابرایەکی پیرەمێردی گوندییەکی رووسی دزیبوو بە ئیشتیاوە دەیخوارد، کابرای پیرەمێردیش .جنێوی پێدەداو دەیگوت دوو رۆژە زگم دێشێ و هیچم نەخواردووە، ئەوە تاکە پاروو بوو هەمبوو دەمویست بیخۆم.

بەڵام دزە نانەکەی خواردبوو، بە کابراش پێدەکەنی و دەیگوت تۆ هەر دەمری! ئەرێ بۆ هەر زیندووی؟ دوو رۆژ لە یەرسلاو ماینەوە. هەندێک لە زیندانییەکانیان لە ئێمە جیاکردنەوە و کەسانی تازەو دیاریان هێنانە جێگای ئەوان. ئەو کەسانەی کە هێنایاننە هۆڵەکەی ئێمە غەیرە رووسی بوون. دوای لێکۆڵینەوە بۆم دەرکەوت ئەوانە دوورخراوە و زیندانیانی سیاسی کۆمارە بە رواڵەت تازەکانی سۆڤیەتن کە خراونەتە سەر یەکیەتی سۆڤیەت لە دەریای بالتیک کە لاتش و ئیستوانی و لیتوانین.

خەڵکانی داناو ئەهلی زانست و هونەربوون. زۆربەی ئەو کەسانەیان دوورخستبوونەوە و زیندانی کرابوون، چونکە ئەوانە زۆر نارازیبوون لەوەی بەزۆری و پیلانی ستالین ئەو سێ کۆمارە خرابوونە سەریەکیەتی سۆڤیەت. گەنجەکان دەستیاندایە خەباتی چەکدارانە. زاناکان دەستیان کردبوو بە نارەزایەتی دەربرِین. ئەو کارەش زۆر بەکەیفی ستاین نەبوو بۆیە دەبوو بە کۆمەڵ دووربخرێنەوە و زیندانی بکرێن، هەر بۆیە بەکۆمەڵ لە شار وماڵی خۆیان دووریان خستبوونەوە بۆ سیبریاو ئۆرال و دالنیو ستۆک (رۆژهەڵاتی دوور) لە چاوەروانی چارەنووسێکی کارەساتباردا بوون. ئەو کارە شەرمەزارییە چەند ساڵێک بوو دەستپێکرد بوو هەروا درێژەی هەبوو.

ئەو دوورخراوانە بە کۆمەڵ لە قەفقاز و چیچان و ئەنگۆش و ئەستین و تاتار و کەریمە بۆ شوێنە دوورە دەستەکانی ئاسیای ناوەراست و کازاخستان راپێچ دەکران، لە راستیدا ئەوە ببووە بەڵایەکی گەورەی نێودەڵەتی و بەردوام هەر لە زیادبوونیشدا بوو، ئەو زیندانیانە بە شەمەندەفەر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دوور دەخرانەوە.

هەموو ناچاربوون کاری زۆرەملێ بۆ ڕێبەری گەورەی پرۆلیتاریا بکەن و ئەو مەکینە گەورەو ترسناکەی ستالینی جەللاد وەگەڕ بخەن.
لە مەڵبەندە دوور و نزیکەکانی مۆسکۆ، شاری زۆر هەبوون کە گۆشتی خواردنیان نەدەگەیشتێ. خەڵک بە نرخی زیاتر لە نرخی دەوڵەت پێداویستییەکانیان لە شارەکانی دیکە دەکڕی کە نەکەوتبوونە ڕیزبەندی. چونکە شوراکان شارەکانیان پلەبەندی کردبوون، پلە ١-٢-٣ بوون. خواردن و پێداویستییەکانی ژیان زیاتر بۆ شارەکانی پلە یەک و هەتا بۆ پلە دووش دەنێردران، کە مۆسکۆ و لینینگراد بوون. ئەوانەی دیکەش جیرە بەندی بوون. زۆر بەدژواری دەیانتوانی لە سفرەوخوان و نیعمەتی سۆسیالیستی بەهرەمەندبن، ئەویش جارجار و بەشێکی کەم. لە کاتی گواستنەوەی زیندانییەکان لەگەڵ خەڵکانی گەلانی دیکەی سۆڤیەت ڕووبەڕو دەبووم. هیچ کەسێک لە ژیانی مەرگباری ئەو ژیانە ڕازی نەبوو. خەڵکانی ئاگاو تێگەیشتوو پێیانوابوو نزیکەی پازدە ملیۆن خەڵکی بێچارە لە زیندان و ئۆردووگای کاری زۆرەملێ بە هەقدەستێکی کەمی مەمرەمەژی کاردەکەن و ژیانی پڕ لە مەینەتی خۆیان تێدەپەڕێنن. ئەو پۆلە لە زانایانی لیتوانی و ئەستۆنی و لایشی بوون و هێنابوویاننە هۆڵی زیندانەکەی ئێمە، هەڵسوکەوتێکی تایبەتیان هەبوو. دەستە دەستە لە دەوری یەک کۆدەبوونەوە و بیروڕایان دەگۆڕیەوە و بە سەرنجەوە لە کەسانی دەوروبەریان دەڕوانی و دوورەپەرێز بوون.
کابرایەکی چاویلکە لە چاو کە ڕیشێکی کورتی هێشتبۆوە، کڵاوێکی ئەڵمانی لەسەری نابوو پاڵتۆیەکی باشی لەبەردابوو لێم نزیککەوتەوە و بەڕێزەوە چاکوچۆنی لەگەڵ کردم. شەو بوو ئەوانەی دیکە لە تەبەقەی سەرێ دانیشتبوون و هەندێکیش لەخوارێ خەریکی یاری شەترەنج و یاریە میللیەکانی خۆیان بوون. بە زمانی ڕووسی وەڵامم دایەوە، دوودڵبووم دەمگوت ئەو کابرا تازە هاتووە بۆچی لە چاو هەموان هاتۆتە لای من و هەواڵم دەپرسێ؟ گوتی ببوورە تۆ کێی و چ گەلێکی؟ گوتم ئێرانیم و پەنابەری فریوخواردووی وەڵاتی شووراکانم؟ بەو قسەیە ڕاچەنی و بە زمانی فارسی کەوتە ئاخاوتن و شیعرێکی سەعدی خوێندەوە بەنی ئادەم ئەندامی یەک جەستەن...
چاوەڕوانی دژکردەوەو وەڵامی من نەبوو، بە زمانی لیتوانی بانگی چەند هاوڕێیەکی خۆی کرد... کولیا، نیکۆلای، نیکۆس، مارکۆس... لەو جۆرە ناوانە بوون، گوتی وەرن بۆ ئێرە نوێنەری خەیام و حافز و سەعدییم لەو زیندانە نەفرەتییە دۆزیوەتەوە. پێنج

شەش کەس خێرا هاتنەلامان و بە زمانی فارسی پیرۆزباییان لێکردم، لە وەڵامدا گوتم چ پیرۆزباییەک رۆژی ماتەم و شیوەنە، چما زیندانی بوونی سۆڤیەتیەکان شایانی پیرۆزبایی پێگوتنە؟ گوتیان نازانی ئەمڕۆ چ رۆژێکە؟ گوتم رۆژی بەدبەختی و رۆژی ناردنی مرۆڤەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە. هەموو یەک دەنگ گوتیان ئەمڕۆ ٢١ی مارسە رۆژی نیشتیمانی ئێرانیان- جەژنی نەورۆزە! حەپەسام. ئاگام لە رۆژ و مانگەکانی ساڵ نەبوو. بیرم لە چارەڕەشی خۆم دەکردەوە. کاتێک گوێم لە قسەی ئەو کەسە بێگانانە بوو کە هەزاران کیلۆمەتر لە نیشتیمانەکەم دوورن و لەو شەوەڕەشەی زیندانی یەرسلاو ناوی ئێران و جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٥١ دەبیستم، فرمێسکم بە چاودا هاتنەخوار.

ئەو میوانە تازانە مامۆستای زانکۆکانی شاری ریگای پایتەختی لیتۆنی بوون و چەند کەسێکیان رۆژهەڵات ناس و ئێرانی ناس بوون، زۆر بەجوانی بە فارسی قسەیان دەکرد. لەو ساتەی بەختمدا خوداوەند ئەو کەسە باشانەی بۆ ناردم تا ببنە هاودەم و شادی بەخشی رۆژانی پڕ لە کوێرەوەریم. ئەو رۆژە لە دەوری یەک کۆ بووینەوە و سفرەی نەورۆزیان بەناوی حەوت سین رازاندەوە. پەنیری ئەستۆنی، کالباسی لاتشی و رۆنی کەرەی لیتوانی و شیرینی و دوو دەنکە سیریان لەسەر سفرە دانا. بە یادی نیشتیمانی ئازیز زۆر قسەیان کردو باسی شاعیران و ناوداران کرا، زۆر دڵخۆش بووین و پێکەنین کە لەو دۆخە جەهەننەمیە دنیایەکی عیرفانیمان لە مەلەکوتی کاتۆلیک و موسوڵمانمان رەخساندووە و هەموومان وەکو هاوڕێی گیانی بەگیانی لە باوەشبدەگرین و جەژنی نەورۆز پیرۆز دەکەین.

شەوێکی لەبیرنەکراو بوو کە لە هزری مندا بەجێگیری مایەوە، بەڵام هێندەی پێنەچوو لێکیان دابڕاندین و هەریەکەو بەرەو چارەنووسێکی نادیار رۆیشتین. بۆ بەیانی من و چەند کەسێکی دیکە لە وانە مەعسوم زادەو ئەو کەسەی بە هاوڕێکانی ناساندم بەرەو شاری کیرۆفیان رەوانە کردین. تا لە وێشەوە بەرەو دوا مەنزگا یانی بۆ شاری سۆردلۆف مان رەوانە بکەن ئەو جێیەمان بکەن کە بنەماڵەی تزار نیکۆلای دووەمیان بۆ ناردبوو، دواتر بە شێوەیەکی دڕندانە کوشتبوویانن. شەوی دواتر درەنگانێک هەندێک لە ئێمەیان سواری شەمەندەفەرێکی تایبەتی زیندان کرد، شەمەندەفەر بەرەولای کیرۆف وەڕێکەوت لە مەودای نێوان سەر سلاو شاری کیرۆف شەمەندەفەرەکەمان چەند جارێک وەستا، هەوای زۆر سارد بوو مانگەشەو بوو کە

گەیشتینە وێستگەی کیرۆف، واگۆنەکانی ئێمەیان لە شەمەندەفەری ئەسڵی جیا کردنەوە تا گەیشتینە زیندانی کیرۆف. لەوێ دایانبەزاندین و لە ژێر چاودێری پاسەوان و سەگی راهێنراو بردیانینە حەساری گەورەی زیندان. رادیۆ پلەی سەرمای خوێندەوە ٣٦ی ژێر سفر بوو. ژمارەی زیندانیەکان سەد کەس زیاتر بووین. دەستە دەستە جیایان کردینەوە و بردیانینە ناو زیندان، زیندانێکی درێژ و بەرین بوو، لەوسەری راڕەوەکە گەرماو و ژوورێکی بوخار هەبوو چاوەڕوانی ئەو زیندانیانەیان دەکرد کە تازە دەهاتن. وەک عادەتی هەمیشەیی لەگەڵ باقی زیندانیەکان خۆم رووتکردەوە و جلکەکانم خستنە ناو باڵاپۆشەکە و لە شوێنێکم شاردنەوە دزەکان نەیبینن. ئەسفەندیاری مەعسوم زادەم لەگەڵ بوو. بەردەوام نزای دەکردو لە خودا دەپاڕایەوە. پێکەوە چووینە گەرماوی زیندان، لەوێ لە شوێنەکانی دیکە ئاوی زیاتریان داینێ، گەرماوەکە گەرم بوو. ئەو ئاوەی بۆیان دانابووین سێ سەتڵ دەبوو. لەگەڵ ئەسفەندیار پشتی یەکتریمان شووشت. ئینجا کراس و دەرپێمان لە پێکردنەوە و چووینەوە لای جلکەکانمان. بەزەحمەت دیتماننەوە خۆمان پۆشتەکردەوە و باڵاپۆشەکەم لەسەر هەڵکێشان و کڵاوە شڕە سەربازیەکەم لەسەر ناو لەگەڵ باقی سەربازەکان پۆل پۆل چووینە تەبەقەی سەرێ. هەر کەسەو کوێی پێخۆشبوو لێی دانیشت. لەگەڵ یەکێک لە لاتشیەکان ببوومە هاوڕێ، لەگەڵ مەعسووم زادە سێ بەسێ لە پەنایەک دانیشتین. دوای چەند ساتێک بەهۆی ماندوو بوون و گەرماوی باشتر و مشتوماڵ کردنی پشت و ملمان خەوم لێکەوت.

بەیانی زوو بە دەنگی زیندانەوان لە خەو راپەڕیم، خۆم ئامادەکرد بۆ ئەوەی بچمە سەرئاو و دەموچاو بشۆم. ئینجا نۆرەمان گرت بۆ ئەوەی شۆرباوێک و پارچە نانێکی رەش و زەرداوێک بەناوی چا، چوومە ریزەوە. شۆرباکەیان بۆ لە قاپێکی ئەلەمنیۆم دەکردین ئەوە خواردنی بەیانیانەمان بوو. هەریەکەو گەڕاینەوە جێگای خۆمان، سێ رۆژ لە کیرۆف ماینەوە. دوای ماوەیەک دیسان ریزیان کردینەوە و بەناو ئەو بەفرە زۆرەدا بردیانینەوە ناو واگۆن و بە شەمەندەفەری هێڵی کیرۆف- سۆردلۆفیان بەستینەوە. دوای دوو شەو و رۆژ هێواش هیواش و وەستانی زۆر، کە کۆمەڵێک زیندانی هەمەڕەنگ بووین، بە ئازار و گوشارێکی زۆرەوە نیوەشەو گەیشتینە شاری سۆردلۆفی ئەفسانەیی. دیسان پۆل پۆل سەرژمێرییان کردین و بردیانینە نهۆمی دووەمی زیندانی ترسناکی (ئێم. گ. ب)ی سۆردلۆف. وەک جاران گەرماویان پێکردین

و له ژووره گەورەکانیان خزاندین. هیچ دۆشەک و بەتانییەک لە ئارادا نەبوو. لە کۆنە قاپی ئەلەمنیۆم شۆرباو، زەرداوی چا و دوو کلۆقەند و کەمێک نانیان دەداینێ، کاتێک لە کیرۆف دەهاتین مەعسووم زادەم لێ هەڵبڕا، چووبووە واگۆنێکی دیکە، بەڵام دووبارە لە سۆردلۆف دیتمەوە. ئەسفەندیار گوتی چەند رۆژێک نەخۆشبووم ئاواتەخواز بووم لەسەرەمەرگدا تۆم لەلا بێت. دڵنەواییم دایەوە گوتم پشتوپەنات بە خودا بێت.

ئەو ژوورەی ئێمەی لێبووین، سەرما دەهاتە ژوورێ. کۆنە بەتانییەکمان پێبوو پێکەوە بە خۆماندادەدا. بە جلوبەرگەوە دەنووستم. ئەسفەندیار لە باکۆوە جلکی زستانەی لەگەڵ خۆی هێنا بوو، بەردەوام باسی ژن و منداڵەکانی دەکرد. زۆری خەم بوون. چەند بەیتەشیعرێکم بە زمانی ئازەری بۆ نووسیی کە باسی دووری نێوان باوک و جگەرگۆشەکانی دەکرد، زۆری پێخۆشبوو. شیعرەکەم بۆ دەخوێندەوە ئەویش بە قەڵەم دارێک لە گۆشەیەکی سپی گۆڤارێکی رووسی بە خەتی ئازەری لاتینی دەینووسیەوە، گوتی گەیشتینە شوێنی خۆمان- شوێنی نادیار. ئەو شیعرە لەگەڵ نامەیەک بۆ کوڕ و هاوسەرەکەم دەنێرم و دەڵێم ئەو شیعرە شیعری شاعیرێکی زیندانی ئێرانییە کە پێکەوە زیندانین. پێنج رۆژ لە زیندانی سۆردلۆف بووین. ئەو ماوەیەمان زۆر بەناخۆشی بەسەر برد.

ئەو مەڵبەندە ئەو زیندانە شوێنی دەیان دەستەو زیندانی جۆراوجۆری هەموو یەکیەتی سۆڤیەتی تێدا کۆببوونەوە. شێوازی ئاڵوگۆڕکردنی زیندانییەکان بە لافاوێکی ترسناک دەچوو کە مرۆڤی بەیادی سەدەکانی ناوەڕاست دێنایەوە، وەک سەردەمی بابلیەکان و ئاشوریەکان. دیارنەبوو ئەو هەموو زیندانیەیان لەکوێ کۆکردوونەوە و تاوانی ئەو هەموو خەڵکە چییە؟ زیندانیانی سیاسی لە هەموو جۆرێک، دزو قاچاخچی و مرۆڤ کوژ دەستە دەستە، شەمەندەفەر لەدوای شەمەندەفەر بە هەموو کونوقوژبنێکی مەملەکەتی شوراکاندا بڵاوکرابوونەوە.

تا نۆرەمان نەهات نەمدەزانی بۆ کوێمان دەنێرن. نیوەشەو بە شەمەندەفەرێکی ترسناکی رەشی ستالینی لە سۆردلۆفەوە بەرێیان کردین. خۆشبەختانە مەعسووم زادەم لەگەڵ بوو، هاودەمێکی باش و کەسێکی دوورەپەرێز و خواناس، قسەخۆشبوو، لەو کاتە دژوارەدا نیعمەتێکی گەورە بوو. هەموومان تێکخزا بووین و کەوتبووینە خەوێکی بێهۆشی. شەمەندەفەر جار جار دەوەستا و واگۆنەکان لێکدەکرانەوە و لە

شەمەندەفەرێکی دیکە دەبەسترانەوە، تا گەیشتینە جێگایەک کە زیندانییەکان شارەزا بوون و هەندێکیان چەند جارێک لەوێ زیندانی کرابوون، گوتیان «ئێرە سووسوایە بە ناوچەی ئۆرالی باکوور هەژماردەکرێ.» سووسوا شارێکی کرێکاریی و مەڵبەندی تەختەبڕی و ئاڵودار بڕی بوو لە تەنیشت تیگایە[٦٢] لە کەنار روبارێک بە هەمان ناوی سووسوا، هەر بەهۆی ئەو رووبارەوە دار و درەختێکی زۆر و تەختە رەوانەی مەڵبەندە جۆراوجۆرەکان دەکرێن. لەوێ بێجگە لە ناوەندی فەرماندەیی لە باڵەخانەیەکی دوو نهۆمی کە لە دار دروستکرا بوو، باقی ژوورەکانی دیکە یەک نهۆمی بوون لە داری ئەستوور دروستکرابوون کە پێیاندەگوتن (شالبان). لەوێش گەرماویان پێکردین و جلکەکانیان لە بووخار هەڵکێشاین و لە ژوورەکاندا جێگایان بۆ کردینەوە. خەڵکانی جۆراوجۆر، بێگانە، خەڵکانی ناوخۆ، زانا، دانیشمەند، گەمژە، هەڵکەوتە، خەڵکی باش و قۆڵبڕ، دز و خواناس، لە هەموو چین و توێژێک دەهاتن و دەچوون و رەوانەی شوێنە دوورەکان دەکران.

کەمترین ماوەی زیندانی هی من بوو کە بەوحاڵەوە رەوانەی ئەوێ کرابووم. چوار رۆژ لەوێ ماینەوە. ئەوانەی شارەزا بوون دەیانگوت هەفتەی دووجار شەممەو چوار شەممان زیندانیەکان بە کەشتی تایبەتی زیندان دەگوازنەوە بۆ باکوور. من و مەعسووم زادە دەپاڕاینەوە و دەمانگوت حەتمەن لێرەوە دەمانبەنە جەمسەری باکوور تا ببینە هاوسێی ورچە سپیەکان. شەوێک هەواڵیان هێنا بەیانی هەندێک لە ئێوە رەوانەی سیرۆف دەکرێن و لە وێشەوە بۆ شوێنێکی دیکە رەوانە دەکرێن. ژنانی زیندانیش لەوێ شوێنێکیان بۆ کردبوونەوە. ئێوارێ کە زیندانیەکان لە ژوور و ڕاڕەوەکاندا دەهاتن و دەچوون و جارجارەش دەچوونە حەساری زیندان، ژمارەیەک دز و چەقۆکێش و پیاوکوژیش لەوێ بوون و خەریکی کاری خۆیان بوون. لەو هەنگامەیەدا لەگەڵ ئەسفەندیار لە ژوورێکەوە دەچووینە ژوورێکی دیکە تەماشامان کرد گەنجێکی رووسی کە دواتر بۆمان دەرکەوت ئەو کوڕە دزێکی کارامەو پیشەییە بە چەند بڕگەیەکی کوشتن سزای بیست و پێنج ساڵیان بۆ بڕیبووەوە، دەستی کچێکی رووسی زیندانی گرتبوو لە ناوەڕاستی ڕاڕەوەکە کۆنە بەتانییەکیان بە خۆیاندادابوو لەبەرچاوی هەموان قاچ و بەلەکە بلووریەکەی خانم هەڵبەزودابەزی دەکرد، دەتگوت ئەسپێک سواری ماینێک بووە. هەندێک پێدەکەنین و هەندێکیش لیکیان لەدەم

---

[٦٢] تیگا: دارستانەکانی باکووری سیبریا

دەهاتەخوار. تا کارەکە تەواو بوو، کابرا و ژنەتیو هەستانەوە جلکەکانیان لەبەرکردنەوە، بە ماچێکی گەرم کۆتاییان بەو دیمەنە هێناو ماڵئاواییان لە یەکتر کرد. ژنە بانگی کرد کولیا لەبیرت ناکەم، کوڕەش گوتی ناتاشا خۆشمدەوێی.
ئێوارێ سواری کەشتییان کردین، زیندانییەکانیان بردنە بەشی خوارێ کە لە ناوەڕاستەوە بە تەختە کرابووە دووبەش. بەشێک بۆ ژنەکان و بەشێکیش بۆ پیاوان. ژنە زیندانییەکان بەرپرسێکی پیشەیی تاترۆیان هەبوو کە ژنەکانیان دەبردنە شوێنە جیاوازەکان. لەگەڵ ئەسفەندیاری بەستەزمان لە ناوەڕاستێ راکشاین و بە تانیەکەمان بە خۆماندادا و کەوتینە خەوێکی تاڵ. هێشتا بتڵێکی شەو رانەکشا بوو، دیواری نێوان ژن و پیاوان نەما، ئەوەی چالاکتر و بەخۆوەتر بوو نێچیری خۆی گرت و کامە جوان و لەبارە لەگەڵ خۆی بردە پەسیوێک، هەر هەڵۆیەو سواری تەوارەکەی خۆی بوو. لاق و بەلەکی خانمانی رووسی و ئەرمەنی لەو تاریکییەدا وەک پشکۆ دەدرەوشانەوە کە دەهاتن و دەچوون و هەڵدەسووڕان، نازو نیونازیان گوێی کەڕ دەکرد. چ هەڵلاوهەنگامەیەک و چ بگرەبەردەیەک لەو شەوە تاریکەی رووباری سووسوار روویدا، نە کافر بیبیستێ و نە موسڵمان ببینێ.
تا بەیانی ئەو یاری شەترەنجە بەردەوام بوو، دەستاودەستی دەکرد. من و مەعسووم زادە توند خۆمان پێکەوە نووساندبوو. هەر دەمانگوت خودایە تۆبە لەو بەلاو تاوانە بمانپارێزە. بەکورتی بە سەبر و خۆڕاگری سەرەنجامی ئەو ئازارە کۆتایی هات بەدوای شەوی یەڵدادا رۆژهەلات.
دوای یەک رۆژ رۆیشتن بە رووباری سووسوار و دیتنی دیمەنی جوان و گوندی رازاوە و باڵەخانەی کەلەپووری رووسان، گەیشتینە شاری سیرۆف. زیندانیان و کیژۆڵەکانی زیندانی رووس و ئەرمەنی و ئەستۆنی و لاتشی یان لە کەشتییەکە هێنانەخوار و رەوانەی شوێنی کاری زۆرەملێیان کردن لە سیرۆف. ئێوارێ بەبێ ژنەکان کەشتییەکەمان بەرەولای باکوور وەڕێکەوت. تا گەیشتینە دوا خاڵی ئۆرالی باکووری نێوان ئاسیاو ئەوروپا، لە داوێنی چیاو دەشتەکانی ئۆرال و لە پەنا گوندێک بەناوی شبرۆف راوەستا. زیندانەکان کەوتبوونە لای راستی رووبار و گوندەکەش کەوتبووە لای چەپ. ئێمەیان بردە شبرۆف لە مەڵبەندی ئۆرالی باکوور، کە ئۆردووگای کاری زۆرەملێی زۆر بوون. هەندێک تایبەت بوون بە دز و تاوانباران، ئەو ئۆردوگایەی من و مەعسووم زادەو نیکۆلاسی لاتشی یان بردینێ، وەک دەیانگوت

باشترین ئۆردووگای ئەو مەڵبەندە بوو. زیندانەکانی ئەوێ هەموویان ماوەی زیندانییان جۆراوجۆر بوو، هەندێکیان هەرلەوێ کاریان دەکردو لە گوندەکەی نزیک ئەوێ دەژیان، ژنیان هێنا بوو ببوونە خاوەن ماڵ، پێیاندەگوتن زیندانی ئازاد، بە مۆڵەتی تایبەتی (پرۆپۆسکا) دەیانتوانی بە داشقەو ماتۆڕ و پایسکیلی خۆیان هاتوچۆ بکەن.

ئەو شوێنەی من و ئەسفەندیاری بۆ چووین (بەراک)[٦٣]ێکی گەورەی هەبوو کە جێگەی زیاتر سەد کەسی تێدا دەبووەوە. زیندانییەکان لەسەر قەرەوێڵەی دوو تەبەقەی چوار کەسی دەخەوتن. ئەو قەرەوێڵانە کە لە دار دروستکرابوون لێک دەکرانەوەو پێکەوە دەلکێنرانەوە، بەبێ ئەوەی بزمارێکیان لێدرابێ خۆیان بۆ چوار کەسی بەخۆوە رادەگرت، تەبەقەی خوارێ یانی قەرەوێڵەی یەکەم بۆ دانیشتن و دەردەدڵ زۆرجاران چەند کەسێک بەرامبەری یەک لەسەری دادەنیشتین بێ ئەوەی ئەو قەرەوێڵەیە تەکانێک بدات. بەو قەرەوێڵانەیان دەگوت نار کە ساڵانێکی زۆر مابوونەوە و زیندانی زۆر و جۆراوجۆریان بەخۆوە دیتبوو، بە دەردو ئازارەوە رەوانەی چارەنووسیان کردبوو. جێگرتنی جێگا پەیوەندی بە هێزی جەستەییەوە هەبوو، ئەوەی بەهێزتر و شەقاوەتر بوایە بەشی خوارێی بۆخۆی دەگرت. ئەوانەی تازە دەهاتن زیاتر دەچوونە قاتی سەرێ. بەشی خوارێ هەوای خۆشتر بوو، چونکە هەر لەگەڵ ئەوەی دەرگا دەکرایەوە، هەواگۆڕییەکە بۆ ئەوێ دەچوو، هەوا پیسەکە زیاتر بۆ سەرێ هەڵدەکشا. بەشی سەرێ بەهۆی کەمی ئۆکسجین و زۆری خەڵک دەبووە گازی کاربۆنیک و سەرەگێژە و هەتا ژاراوی بوونیش.

بۆ هەر زیندانییەک دۆشەکێکی لۆکەی پلە سێی زستانی دوو بەتانی هاوینەو دوو سەرچەف و سەرینێکی تووکە مریشک و زەمبیلەیەک بۆ چوار کەسان تا خواردنی تێدا هەڵبگرین، بەڵام لەبەرئەوەی متمانە نەبوو ئەوانەی سەرێ شتەکانی خۆیان لەلای خۆیان هەڵدەگرت. لە گۆشەیەکی ژوورەکە ئاگردانێکیان لە خشت دروستکردبوو سەرەکەشی ئاسنیان بەسەر راهێشتبوو. هەر جارێک ئاگردانەکەمان هەڵدەکرد بە داری وشکی دارستان هەموو جارێ چێشتی دڵخوازی خۆمان لێدەنا. ئەو ئاگردانە رووسیە بۆ چێشتلێنان زۆر باشبوو. ئێمە پێنج کەس بووین کەوتبووینەلای یەک، یەک لەوان نیکۆسی چاویلکە لە چاو بوو. لە وێ گەرماو و سەرتاشمان هەبوو،

[٦٣] بەراك: ژووری زیندان کە لە دارو تەختە دروستدەکرا

سەرتاش کابرایەکی چل ساڵەی سەرکوڵمە ئاوساو، کابرایەکی ئەرمەنیش بەناوی قەنبەر تورکی باش دەزانی. هەر زوو بووینە هاوڕێ، کابرایەکی باش و بێ وەی بوو، ئەرمەنیەکی دیکەشمان لەگەڵ بوو ناوی عەمبەر سوومیان بوو بە تاوانی دزی بۆ ماوەی دە ساڵ زیندانی کرابوو، زۆر جاری دیکەش کەوتبووە زیندان، کابرایەکی باش نەبوو، کلی لە چاوان دەدزی بەناچاری لەگەڵی ببووینە ئاشنا بۆ ئەوەی خۆمان لەشەڕی ئەو لابدەین، جارجار بۆ چایخواردنەوە بانگمان دەکرد.

ئەو رۆژەی کە هاتین نوێن و پێداویستی سادەیان داینێ، لە هۆڵی چێشتخانە خواردنی تایبەتی زیندانیان لێدەنرا. مەرجی زیندان جۆرێک بوو کە خواردنی باش چێشتلێنەر و سەردەستەی زیندانیانی زۆرەملێ و شەقاوەکان دەیانبرد و پاشماوەکەشی بەر ئێمەی بێچارە دەکەوت. بەو خواردنە و ئەنجامدانی ئەو کارە تاقەت پڕووکێنە وەکو داربڕین و کاریتە هێنان و کۆکردنەوە و قڵت و بڕکردنیان کاری من نەبوو، هەر تاقەتیشم پێ نەدەشکا. درەختەکانی ئەوێ زۆرتر داری کاج و چنار و سەروو بوو. لەو مەڵبەندە کارخانەی داربڕین و تەختەو کورسی سازی زۆر بوون. ئەو دارانەی دەبڕدران لە وەرزی زستاندا بەشێوەیەکی تایبەت لە کەنار رووباری دەکرانە لیژنە و هەڵدەچنران، کاتێک بەهار دەهات و سەهۆڵبەندان دەتوایەوە کاریتەکانیان دەهاویشتنە ناو رووباری و لەخوارێ دەیانگرتنەوە. ئەو کارە تاقەت پڕووکێنە لێزانی و وزەی جەستەیی دەویست، لەگەڵ بچووکترین هەڵە لە بەردانەوەی ئەو درەختە ئەستوورانە بۆناو رووبار گیانی ئەو بنیادەمانە دەکەوتە مەترسییەوە، هەموو ساڵێ لە شوێنە جۆراوجۆرەکان سەدان کەس دەبوونە قوربانی.

کاتێک چووینە شبرۆف هێشتا بەفر هەر مابوو. شەوانە زۆر سارد بوو، ئەو جلوبەرگەی دابوویانینێ هەموویان دەستی دوو بوون کۆن و پینەکراو بوون، چەکمە و پۆتینەکان کۆن بوون. رۆژێک لە بەهاری ساڵێ ١٩٥١ کاتێک جلوبەرگمان لە بەرپرسی بەش وەردەگرت، نارەزایەتیم دەربڕی و گوتم بۆچی هەندێک جلوبەرگی نوێ وەردەگرن و کۆنەکانیش دەدەن بە ئێمە، ئەوەش لەگەڵ یاسای سۆسیالیستی و بەرابەری نایەتەوە. لەپڕێکدا لەدواوە رووسێکی مل ئەستوور مستێکی وای لە کەللەم راکێشا دنیام لەبەرچاوان تاریک بوو، سەرم لەگێژەوە هات و کەوتمە سەرعەردی. ئەسفەندیار بەزەحمەت راستی کردمەوە، لەوکاتەدا قەنبەریانیش هات داوای لێبووردنی لە بەرپرسی جلوبەرگ کرد کە بۆخۆێ یەکێک بوو لە سەردەستەی

دزەکان و گوتی ئێمە نەمانزانیوە و ئاگان لە ڕێساکانی ئێرە نییە. دەنا شەوێ ملیان بە پەتیدا دەکردم! مەعسووم زادە زۆر دڵی دامەوە و زۆریش گریا، نیکۆسی زانا لەگژفکران ڕاچوو، قەنبەریان زۆر پەرێشان بوو لەوەی نەکا بەهۆێ ئەو لێدانەوە بمرم. ئەوسا زانیم لێرە یاسای جەنگەڵ حوکمڕانە و دەبێ بە بیروڕاوێژ کاری خۆت بکەی. گلەیی و گازندە بستێک ناڕوات. ئەو کارە تاقەت پڕووکێنەی ڕۆژانە، ئەویش بە جەستەیەکی لاواز و بێهێز نەتدەتوانی مانگانەیەک وەربگری و کەمی خواردنی پێ تێهەڵێنییەوە. بەیانی دیتم ناتوانم کاربکەم، چوومە بەشی داودەرمان و بە بەڕێز میشامم گوت سەرئێشەمە و هەر دوای ئەو لێدانەی دوێنێ سکیشم زۆر دێشێ. میشا پشکنینی بۆ کردم، ئەو پەرستار بوو خەڵکی کیرۆف بوو، کابرایەکی خراپ نەبوو ئەویش هەر زیندانی بوو. لە پشکنینەکە بۆم دەرکەوت شتێکی وانییە، ئەو کاتەی غەنی بلووریان لە تاران تووشی نەخۆشی ریخۆڵەکوێرە ببوو نیشانەکانیم دەزانین، گوتم ریخۆڵەکوێرەمە ئەویش هێندە شارەزا نەبوو یەکسەر گوتی ریخۆڵەکوێرەتە! دەبێ بخەوێنرێی، ئەوەش بەدڵی من بوو. ئەوێ نەشتەرگەری لێنەبوو تا نەشتەرگەری ریخۆڵەکوێرەم بۆ بکا، میشا پێیوابوو ریخۆڵەکوێرەمە بۆیە گوتی دەبێ لەژێر چاودێریدابێت. بۆیە فەرمانیدا بمخەوێنن و حەپی سۆلفامید و پەنسلینی بۆ نووسیم و گوتی دەبێ کەمتر بجووڵێی.

لەوێ لەگەڵ کەسێکی کالمیک بوومە ئاشنا کە هۆزێکن لە تاتار، خەتێکی جوانی هەبوو رووسیشی باش دەزانی، بەهۆی ئەو دەیان سکاڵام بۆ ستالین و مۆلۆتۆف نارد و داوای بێتاوانی خۆم کرد و بە شیعرێکیش باسم لە دادپەروەری ستالین و میوانداری سۆڤیەتییەکان کرد و داوام کرد فارسی زانانی مۆسکۆ بابەتەکەم وەربگێڕن، هەموو ئەوانەم لەڕێگای زیندانییە ئازادەکانی شبرۆفەوە بەڕێکردن. هەموو وەڵامیان دایەوە نامەکەت گەیشتووە بەڵام هیچم نەدی. شەوانە لەگەڵ مەعسووم زادەو قەنبەریان پرسوڕاوێژمان هەبوو، نە ئەوان بیریان بە شتێک دەشکاو نە منیش لەو دووڕیانەدا دەمتوانی بڕیارێکی یەکلایی کەرەوە بدەم. مامە میشیا سۆزی بەرانبەرم نواند فەرمانیدا خواردنی زیاترم بدەنێ. میشیا بەهۆیەکی نادیار بە حەوت ساڵ زیندانی حکوم درابوو، لەلای ئێمە دەورانی زیندانیەکەی بەسەر دەبرد، زیندانییەکان خۆشیان دەویست و گەنجەکان پێیان دەگوت مامە. لەگەڵ ئەوەی بەتەمەن نەبوو ئەوانەی بەتەمەنیش بوون هەرپێیان دەگوت مامە. لە بەشێکی

نەخۆشخانە خەواندیانم کاتێک سەهۆڵم لەسەر سکم دادەنا و سەروکەڵلەی مامە میشا دەردەکەوت هاتوهاوارم دەکرد. بۆیە داوای لە بەشی کۆمسیۆنی پزیشکان کرد سێ مانگ لە کاری زۆرەملێم ئازاد بکەن و داواش دەکەم لە سیرۆف پزیشکی نەشتەرگەربێت و نەشتەر گەریت بۆ بکات.

سەرنجمدا خەریکە فێڵکەم خراپ بکەوێتەوە، بۆیە گوتم مامە میشیا زۆر لە نەشتەرگەری دەترسێم، دوورە وەڵاتم و کەسم نییە توخوا لێم گەڕێ بەڵکو خودا رەحمێکم پێبکات و چاک ببمەوە و تووشی ئەو نەشتەرگەریە نەبم. مامە میشیا رازی بوو، حەوت رۆژ لە خەستەخانە خەواندیانم، منیش بەرەبەرە نەخۆشیەکەم هێورتر کردووە و لەگەڵ پزیشکە بێ ئەزموونەکەم کە پێیوابوو ریخۆڵەکوێرەمە هەر لە ژێر چاودێری ئەودابم. کاتێک لە سانچاست هاتمەدەر و مۆڵەتی سێ مانگیان پشوودامێ، هەلێکی زۆرباشبوو بۆ ئاشنا بوون لە دەوروبەرو وردەکاریەکانی دوایی کە دەبوو کردبامن. زۆر بە رژدی خەریکی خوێندنەوەی زمانی رووسی بووم کتێبەکانی دەرسی دواناوەندیم دەخوێندنەوە. هاوینەکەم لەژێر دارسەروویەکی کۆنەساڵدا بەسەر برد کە پێیاندەگوت سەرووی بێ بەشان. لکەدارێکم لەو دار سەروەکردەوە و وەکو یادگار هەڵمگرت. ئەو مەڵبەندە لە مانگی بانەمەڕەوە تا ئەو کاتەی سەرما پەیدا دەبێ و بەفر دەبارێ مێشوولەیەکی رەشی لێیە پێیدەڵێن ماشکا، پێوەدەدا و ئازاری زۆرە، کرێکارەکان کڵاوێکی تۆڕی رەشیان لەسەردەنا و دەمووچاویان پێدادەپۆشین و دەچوونە دارستان. هەتا لە ئۆردووگای شوێنی مانەوەشمان ئەو مێشوولانە زۆر بوون. قەنبەریان کڵاوێکی بۆ پەیدا کردم لە کاتی خوێندنەوە لەسەردەنا بۆ ئەوەی مێشووله پێوەم نەدەن.

بۆ نانخواردن لەگەڵ مەعسووم زادە هاوسفرە بووین، چام لێدەنا و خواردنیشم ساز دەکرد، لە باکۆ وە دیاری بۆ دەهات کە دیاریەکانی زۆر باشبوون. هەندێکی وەک بەرتیل دەدان بە سەرۆکی زیندانەکان. ئەو برە پارەیەی وەک هەقی کار دەیاندایە لەگەڵ من خەرجی دەکرد. برادەرانی لیتوانی و ئەستۆنییش یارمەتییان دەدام. ئەو کالباسانەی لە رێگا بۆیان دەنارد لە ترسی دزەکان لەناو سەریندا دەمشاردنەوە، ئەگەر کەس دیار نەبا دەمخوارد. ئەسفەندیار بۆ داربڕین هەموو رۆژێ دەچووە کارگە مووچەیەکی کەمیان دەدایە. ماوەی زیندانییەکەی دە ساڵ بوو، هیچ ئومێدێکی بە رزگار بوون لەو زیندانە نەفرەتییە نەبوو. بەردەوام دەستی بەرەو ئاسمان

هەڵدەبڕی، نزای دەکردو لە خودا دەپاڕایەوە. لە لاگیری شوێنە کەمان سەردەستەی کرێکاران کە پێیاندەگوتن بریگادەر چوار کەس بوون، یەکێکیان گورجی بوو ناوی ئەبراما شویلی بوو، هاوڕێی قەنبەریان بوو پێیگوتبوو هەرکاتێک مۆڵەتەکەی تەواوبوو دەیبەمە لای خۆم. قسەی ئەبراما شویلی لەلای بەرپرسانی زیندان ڕەت نەدەکرایەوە. کاتێک سێ مانگەی مۆڵەتەکەم تەواو بوو ڕۆژێک لەگەڵ چەند کەسێکی بەخۆوەو تێکسمڕاو بردیانینە دەرەوەی لاگیر بۆ جادە لێدان. جادەکەیان بەناو لێرەواردا لێدەدا بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلەکان بەباشی هاتووچۆی پێدابکەن. ئەو جادەیە گوند و لاگیرەکانی تیگای پێکەوە دەبەستنەوە. ئەو کارە تاقەت پڕووکێنە بۆ من زۆر دژوار بوو، منێکی داڵەگۆشتی کزە بە ڕاستی لە توانای من بەدەر بوو. ئەگەر کاریشم نەکردبا لە برسان دەمردم، خواردنی ئەوێش لە ڕاستیدا بۆ ئەو کارە نەشیاو بوو، شتێکیان دەداینێ ئەوێش مەمرەمەژی هەر تەنیا ناوی خواردن بوو، خۆ ئەگەر شتێکیش هەبا نەدەگەیشتە ئێمە. کەواتە چارە چیبوو؟ بابەتەکەم لەگەڵ ئەسفەندیار هێناگۆڕێ ئەویش لەگەڵ قەنبەریانی سەرتاشی گارگە پرسوڕاوێژیکرد. قەنبەریان گوتی پێشتر لەگەڵ ئەبراما شویلی قسەم کردووە و دیارییەکیشم داوەتێ، تا بمباتە لای خۆی. منیش هیچم نەبوو تاکو بیدەم بە بەرپرسی تازە، دەی چارە چییە؟ شەرواڵێکی سوورمەییم هەبوو بیرم کردووە بیفرۆشم، قەنبەریان بە ٤٠ ڕۆبڵ بۆی فرۆشتم و پارەکەم دایە ئابراما شویلی یەهوودی گورجی تا بمباتە لای خۆی و دەریچەیەک لە خوانی وەڵاتی سۆسیالیستیم بەڕوودا بکرێتەوە. ئەو بەرتیلە جێی خۆی گرت.

ئەبراما شویلی بردمیە کارگەکەی خۆی و لەبەشی داربڕین دەستبەکار بووم وەکو تازەکار تا توانیم فێری چورکە بڕین بم. (چورکە بڕین ئەو وردە دارانەن کە بەکەڵک نایەن و دواتر بە بیور ورد دەکرێن بۆ سووتەمەنی کەڵکیان لێوەردەگرن.)

هەر زوو توانیم فێری ئەوکارە بم و بەباشی ئەنجامی بدەم و لە جێگای ساشا سەمیرۆف دەستبەکار بم. ئەو کارە زۆر سەخت نەبوو دەمتوانی دەرەقەتی بێم. هەروەها ئەبراما شویلی موچەی مانگانەی زیاتری بۆ دەنووسیم و پارەی زیاترم دەستدەکەوت، هەموو مانگێکیش سمێڵی ئەبراما شوەیلیم چەور دەکرد و شتێکم لەو پارەیە دەدایە. بەرەبەرە ژیانم بەرەوباشتر دەچوو پارەیەکی باشم دەستدەکەوت بە جۆرێک دەمتوانی لە دوکانی خۆراک خواردەمەنی پێبکڕم وەکو ڕۆن و ماگارین و

کالباس و... لەگەڵ مەعسووم زادەی هاوڕێ و وەفادارم هاوخەرج بووین. خواردنی باشمان هەبوو. رۆژبەڕۆژیش لەکارەکەم سەرڕاستتر دەبووم و مانگ بە مانگیش داهاتم زیاتری دەکرد، لەسایەی سەری ئەبراما شویلی بە نوایەک گەیشتم و ناوبانگێکم پەیدا کردو بوومە کرێکاری نموونەیی.

٧

نوێژی هەینی لە سیبریا

پایز و زستانی ساڵی ١٩٥١ تێپەڕی و بەهاری ١٩٥٢ هات. هەوای لاگیر ڕۆژبەڕۆژ خۆشتر دەبوو، لە لاگیر زۆربەی خەڵکەکە و زیندانیەکانم دەناسین، زۆرجاریش بانگهێشتی مامە میشامم دەکرد تا لە کاتی پێویستدا بتوانم مۆڵەتێک وەربگرم و پشوویەک بدەم. وێنەی یادگاریشمان گرت، ڕەنگ و رووخسارم دەگەڕایەوە سەرحاڵەتی جاران و لەگەڵ شوێنەکەش ڕادەهاتم و بەرەبەرە نیگەرانییە روحیەکانیشم کەم دەبوون. لە لاگیر کابرایەکی خواناس هەبوو تەمەنی سی و چوار ساڵ بوو، هەموو ڕێزیان دەگرت. ئەو کابرا خواپەرستە ناوی مەولانا عەبدولسەمەد بوو. بە رووسی پێیاندەگوت سووما. هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەربوو، جارجار دوای نوێژ بە دەنگە بەسۆزەکەی قورئانی بۆ دەخوێندین و روحی ژاکاوی پاراو دەکردین. پێکەوە نوێژمان دەکرد و ڕۆژانی هەینی ئەگەر پێکەوەباین جومعەمان دەکرد. رووسەکان و بێگانەکانی لاگیر تەماشایان دەکردین کە ژمارەمان حەوت بۆ هەشت کەس دەبووین، بەلایانەوە سەیر بوو. بە ئێمەیان دەگوت لوودی بووژیا (پیاوانی خواناس) خەڵکە خواپەرستەکەی لاگیر لە ئۆزبەک و تاجیک و ئازەری و ئێرانی ڕێزیان دەگرت، چەند کەسێکی رووسی حەزیان دەکرد بێنەسەر دینی ئیسلام. رووسەکان ڕێزیان دەگرت و دەیانویست دڵی ڕابگرن، ئەگەر کارێکی کەم و ئاسانیان دابایە تورە دەبوو، دەیگوت کاری سەختم بدەنێ. ئەو خەڵکی تاجیکستان بوو، خوێندنی ئاینی لە بوخاراو ئەندیجان لەلای زانایانی ئەوێ تەواو کردبوو. پێیان دەگوت مەولانای بوخارایی. لەبەرکردنی قورئانی لە بوخاراو تاشکەند تەواو کردبوو. پێکەوە دۆست و هاوڕێ بووین باسی عیرفان مان دەکرد، مەسنەوی مەولەوی دەخوێندەوە و ئاشقی ئەدەبیات و مەسنەویەکانی ئەو مرۆڤە مەزنە بوو. بە تۆمەتی خوداناسی بە حەوت ساڵ زیندان حوکمیان دابوو.

بۆ گۆڕینی کارەکەم زستانی ١٩٥٢ بوومە بەرپرسی ماسی کاپچونکا (ماسی دوکەڵاوی) ماسییەکانمان لە شوێنێکی تایبەت هەڵدەواسین و بە دووکەڵ وشکمان

دەکردنەوە. لە ناو رووسەکان و باقی گەلانی سۆڤیەت رمێنێکی زۆری هەیە لەگەڵ مامە میشیای ئۆکراینی کە پیرەمێردێکی دنیادیدە و قسەخۆش بوو پێکەوە کارمان دەکرد. کابرایەکی دووربین و دانا بوو ئەبراما شویلی بۆ لاگیرێکی دیکە گوازرایەوە.
لە بەهاری ١٩٥٢ لە بریگاردی کۆزنتسۆفی ئەلەسکی سەرگەرمی کار بووم. کارەکەم دیسان چوورکا بڕی بوو کە بە مشاری تایبەت و دەستگای تایبەت کاری پێدەکرا. لەگەڵ سەردەستەی کرێکاران نێوانێکی خۆشم هەبوو، جارجار پارەو ڤۆدگام دەدایە. هێشتا موچەی کارەکەم هەر باشبوو. لە پایزی ١٩٥٢ رووداوێکی ناخۆش روویدا. منیان وەکو کرێکارێکی نموونەیی ئیستیخا نۆڤچی[٦٤] لەگەڵ ژمارەیەک کرێکاری لاگیر نارد بۆ نێژنی تاگیل تا لەگەڵ ئەو کرێکارە نموونەییانە بەشداربم. هەر لەگەڵ ئێمە چەند کەسێکی ئیستوانی و لیتوانی، ئازەری و تاجیک و دوو ئێرانیش بووین من و حسێن ئاقانی کە خەڵکی میانە بوو. هەروەها مەولانا عەبدولسەلام و ئەسفەندیار مەعسووم زادەی هاوڕێی وەفاداریشم لەگەڵ بوون. مەولانا قورئانێکی بچووکی باخەڵی پێبوو کە لێی ئاشکرا بوو. پاسەوانە خوانەناسەکە فڕێیدا دەیویست بیخاتە ژێرپێ و سووکایەتی بە جەنابی مەولاناش بکا کە هەموومان بە دەنگی بەرز گوتمان ئەڵلاهوئەکبەر و چووینە پێش. ئێمە هەشت کەس بووین پێشتر شتیوامان نەدیبوو پێشبینیشمان نەدەکرد. بێڕێزی بە قورئان و سووکایەتی بە مەولانا پێمان قبووڵ نەدەکرا، چووینە پێش و بە گوتنەوەی ئەڵلاهوئەکبەر ناڕەزایەتیمان نیشاندا. هەموو سەریان سووڕما. هەشت کەس لەپشت سەرێی مەولانا راوەستاین و قورئانەکەمان لەسەر عەردی هەڵگرتەوە و بە سنگی خۆمانەوە نووساند، ئەسفەندیار و حسێن لە پەنا من بوون. مەولانا نوێژی دابەست، ئێمەش لەپشتی نوێژمان دابەست، بەنیشانەی ناڕەزایی دەستمانکرد بە نوێژ خوێندن.
پاسەوانەکان بەسەرسووڕمانەوە تەماشایان دەکردین. بێگانەو زیندانییەکان هوتافیان دەکێشاو چەپڵەیان بۆ لێدەداین. ئەوە یەکەم نموونەی ناڕەزایەتی بوو بە نوێژکردن. لە رژێمی دیکتاتۆری ستالینیدا کاردانەوەیەکی لەو شێوەیە نەهاتبوەپێش. دوای ئەوەی نوێژی بە جەماعەتمان کرد وەک ناڕەزاتییەک بەنارانبەر بە بێڕێزیکردن بە قورئان بەشداری کۆبوونەوە کەشمان نەکرد. ئەوە بوو لەژێر چاودێریەوە گەڕاندیانینەوە بۆ زیندان. دوای دادگایی کردنێکی رووکەشی هەریەکەیان بۆ جێگایەک ناردین،

[٦٤] ناوی یەکێک لە کرێکارانی نموونەیی و لێوەشاوەی سۆڤیەت بوو کە ببووە سەرمەشقی کرێکاران.

مەولانایان بۆ ماگادان نارد. قەراربوو من و مەعسووم زادەش بۆ بەقرەقووم بنێرن کە شوێنێکی گەرم و دۆزەخی سۆڤیەت بوو. ئەوە بوو مانگی ژانویەی ساڵی ١٩٥٣ هات ستالین زۆر نەخۆشبوو، ماوەی زیندانی منیش هێندەی نەمابوو تەواو بێت. لەبەرئەوەی بێگانە بووم دادگایی کردنەکەی من بە دەستی ترۆیکا بوو، کە دەبوو لە مۆسکۆ کارەکەم یەک لایی بکرێتەوە. چاوەڕوانی هەواڵی ناخۆشم دەکرد کە ماوەی زیندانییەکەم درێژتر بکرێتەوە، کە هەواڵی مەرگی ستالین مان بیست. پێنج خولەک بە شانازی ئەو دیکتاتۆرەی سەدە لە تەوای سۆڤیەت کارەبای هەموو کارخانەکان کوژانەوە و مەکینەی پیشەسازی سۆڤیەت لەکار کەوت و کەشتی و شەمەندەفەر و میترۆکان وەستان.

چارەنووسی هەموو زیندانییەکانی بێگانە ئاشکرا کرا، کە هەمویان دوای تەواوکردنی دەورانی زیندانی ئەگەر بکوژ نەبن رەوانەی وڵاتەکانیان دەکرێنەوە. دەورانی زیندانیم بەرەو تەواو بوون دەچوو، هەموو رۆژێ لەگەڵ ئەسفەندیار تەور بەدەست دەچووینە داربڕین ئەسفەندیار دەیگوت «حەقیقەت لە دنیادا بوونی نییە ئەگەر هەشبێت ئەو دارەیە کە ئێمە دەیبڕین».

لە رێبەندانی ١٩٥٣ پشوو بوو رۆژی یەکشەممە لە حەسارێ پیاسەم دەکرد، لە ژوورێ ئۆکۆردیۆنیان لێدەدا لەناکاو دەنگی ئۆکۆردیۆنەکە نەما و بوو بە ئاشی ئاو لێبڕاو. ماوەیەک لەمەوبەر دیتم ئیڤان ئیڤانۆڤیچ سەردەستەی خراپ کاران و شەقاوە لەگەڵ چەند کەسێک وەژوور کەوتن. چەند کەسێکی دیکەش بەدوای ئەودا پەیدا بوون. ترسم رێنیشت. لەسەرخۆ دەڕۆیشتم تەماشامکرد هەموو زیندانییەکان لە گۆشەیەک خزێنراون و کوڕەجحێڵەیەک کە تازە هاتبوو لە سووچێکی دیکە رەنگی بەڕوانەوە نەمابوو پرچ ئاڵۆز دەپاڕایەوە، هاتوهاوار و پاڕانەوەی ئاگری لە دڵی بەردام، بێئەوەی بیر لە هیچ شتێک بکەمەوە چوومەپێشێ، رووم لە ئیڤان ئیڤانۆڤیچ کرد دەتگوت دێوی ترسناکە، گوتم هاورێ ئیڤان ئیڤانۆڤیچ ئەو کوڕە گەنجە خۆ هیچ گوناهێکی نەکردووە، دەتەوێ چی لێبکەێ؟ بە رقەوە تەماشایەکی کردم لە دوورەوە گوێم لە دەنگی ئەسفەندیار بوو دەیگوت قادر وەرە ئێرە ئەوە پەیوەندی بە تۆوە نییە. تا ویستم قسەیەکی دیکە بکەم قەنبەریانی سەرتاشی لاگیر هاتەپێش دەستی منی گرت و رایکێشا، داوای لێبووردنی لە ئیڤان ئیڤانۆڤیچ کردو گوتی ئەو کابرایە سەری

لەوکارانە دەرناچیٚ بە گەورەیی خۆت لێی خۆشبە. ئیڤان ئیڤانۆڤیچ بە بزەیەکی تاڵ ئاماژەی کرد تا من لەو مەیدانە ببنەدەریٚ و بەرەولای مەعسووم زادە فرێیاندام.

هاتمە لای ئەسفەندیار تا هۆکاری ئەو کارەی لیٚ بپرسم. گوتی ئەوانە پێشتر هەموویان دز بوون، ئیڤان ئیڤانۆڤیچ سەردەستەیان بووە، ئەوانەی لەگەڵیدان تۆبەیان لەسەردەستی ئیڤان ئیڤانۆڤیچ کردووە، بەڵام ئەو گەنجە ئەوانی ئاشکرا کردوون. ئێستاش کە بەرێکەوت یان بە هەڵە یان بە سیخوڕی بۆ لاگیری تۆبەکارانیان ناردووە ئەوانیش پێیان زانیوە دەیانەویٚ لێکی دەرکەن. چ ئێستا لەبەرچاوی هەموان بیٚ یان شەویٚ بەنهێنی. دوای ئەوەی دارکارییەکی باشی کوڕەیان کرد بەیانی زوو تەرمەکەیان دۆزییەوە.

لە بەهاری ١٩٥٣ ماوەی زیندانییەکەم تەواو بوو. کاریان نەدەدامیٚ و لەماوەی زیندانیشم تێدەپەڕی و هەواڵێک نەبوو.

لە کۆتایی مانگی پوشپەڕ بانگیان کردم دوای ئەوەی کەلوپەلی زیندانیان لێوەرگرتمەوە لەگەڵ چەند کەسێکی نەناس لە لاگیری شبرۆفەوە بردیانینە گوندی شبرۆف و لەوێشەوە بردیانینە سوسواو لەوێش بۆ شاری سۆرلدۆف. لە شاری سۆردلۆف نزیکەی چل بۆ پەنجا کەس ئێرانی لە زیندانی ئەویٚ هەبوون، کە ملازم کوزەکەنایش یەکێک بوو لەوان. بە شەمەندەفەر لە سۆردلۆفەوە رەوانەی تاشکەندیان کردین. لەناوچەی تارگیل عەزیزی هاوڕێم دیتەوە زۆر خۆشحاڵ بووم. لە رێگا تا دەهات ژمارەی ئێرانی زیادیان دەکرد. دوای چەند رۆژ رۆیشتن بە سواری شەمەندەفەر گەیشتینە شوێنێکیٚ بیابان و وشک بیٚ دارو درەخت گەرما لە باشووری دەریاچەی ئۆرال. لە شەمەندەفەر دایان بەزاندین گوتیان ئێرە شارێکی تازە دروستکاراوە بەناوی تاشائۆس کە ئۆردووگایەکی گەورە بوو بەناوی (ئەزبوونی پونکت). نزیکەی شەشسەد کەسی ئێرانی فریوخواردووی بێچارەو بەستەزمان لەویٚ کۆکرابوونەوە تا رەوانەی ئێرانیان بکەنەوە. بارودۆخی ئەوسای ئێران زۆر ئاڵۆز بوو موسەدیق سەرۆک وەزیران بوو لەگەڵ حەفتاو دوو میللەت لە کێشمەکێش دابوو. دەیویست شا وەدەرنیٚ و حکومەتێکی گەلی دابمەزرێنیٚ و رژێمی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشاهی بڕووخێنیٚ.

رادیۆیەکی ریکۆردی باشی رووسیم کڕیبوو لەگەڵ عەزیزی هاوڕێم گوێمان لە هەواڵەکانی ئێران دەگرت. کاک ئەحمەدی قەرەچەمەنی یاری تارانیش پەیدابوو، کە لە

کۆلێژ هاوسفره بووین- سفرەی نەکبەت لەگەڵ عەزیز پێکەوە لە ئۆردووگایەک بوون. هەر لەوێ کاک محەمەدی شیرازی ·برای دکتۆر هاشم شیرازیش هاتەلامان، ئەویان لە ئۆردووگای ترسناکی مادگانەوە هێنا بوو، محەمەد باسی سەرگوزەشتەی تاڵی خۆی بۆ عەزیز دەگێڕایەوە باسی زۆر تاوانی زیندانی ئەوێی دەکرد. دوای دوو ڕۆژ مانەوە لەو ئۆردووگایە بەیانییەک عەزیزی هاوڕێم بە دڵخۆشی هاتەوە ژووری و گوتی هەواڵێکی خۆشم پێیە. گوتم چییە؟ پێموابوو ئازادمان دەکەن. گوتی چاوم بە محەمەدی مەولودیان کەوت. پێم سەیربوو، گوتم محەمەدی مەولودی لەکوێ و ئێرە لەکوێ؟ ئەو لە ئێرانە و لەوێ دژی ڕژێمی شا خەبات دەکات. گوتی وەرە بابچین لە دوورەوە تەماشای بکەین و لەسەرەخۆ بانگی بکەین تا نەکا لەخۆشیان شاگەشکەبێ. لەگەڵ عەزیر هاتینەدەر لە دوورەوە دیتم محەمەدی مەولودیان عەقیدی دەورانی قازی محەمەد و قارەمانی گەل خەریکی هەڵگرتنەوەی قونکە جگەران بوو. ئەو توتنەی تێیدا مابوو کۆی دەکردنەوەو لە پارچە ڕۆژنامەیەکدا جگەرەی لێ سازدەکرد تا بیکێشێ و خەمانی پێ بەبابکات.
کاتێک ئەو دیمەنم دیت تێکڕا بووم. عەزیز خۆی لەجێگایەک پەنادا و بانگی کرد حەمەد، حەمەد. کاک محەمەدی مەولودیان کە دوولا هاتبۆوە تا قونکە جگەران هەڵبگرێتەوە لە پڕێکدا ڕاست بۆوە تەماشایەکی ئەوملاو ئەولای کرد، گوێی خوراند و ئەنگوستی لە گوێی ناو خوراندی. دیسان دوولا هاتەوە ئەو جارە عەزیز بە دەنگێکی بەرزتر و ڕەوانتر هاواری کرد حەمەدی مەولودی- کاک حەمەد. مەولودیان وەک شێتان دەیڕوانی و ئەملاو لای دەکرد تا عەزیز وەدەرکەوت و بۆلای من هات. حەمەدی بەستەزمان کە چاوی بە ئێمە کەوت و ناسینیەوە بە غاردان هات لە خۆشیان وەک منداڵان دەگریا لەباوەشی گرتین. بردمانە لای خۆمان و بووینە هاوسفرەو خوان. من و عەزیز لە ئۆردووگای کاری زۆرەملێ پارەیەکی تا ڕادەیەک باشمان پەیدا کردبوو. لەناو زیندانیەکان وەک دەوڵەمەندان سەیریان دەکردین. ئێمەش بە شانازی دۆزینەوەی کاک حەمەدی مەولودیان قارەمانی میللی و دوژمنی سەرسەختی ڕژێمی پاشایەتی لە فرۆشگای ئوردووگا برنج و ڕۆن و هەندێک پێداویستی دیکەمان کڕی و بە هاوکاری هاوڕێیان پڵاوێکی خۆشمان لێنا، نزیکەی دە کەسمان بۆ نانی نیوەڕۆ بانگهێشت کردبوو. لە دەوری یەک کۆبووینەوە خواردمان و پێکەنین بە حەرەکاتی کاک حەمەد پێدەکەنین کاتێک کە دۆزیمانەوە، قسەی خۆشمان دەکرد.

مەولودیان ماوەیەک بوو خواردنێکی ئاوا چەوروچۆڵیَ نەخواردبوو، ریخۆڵەکانی بە ئەندازەی پێویست چەورییان بۆ نەچووبوو. دوای نانخواردن و شەویَ کاک حەمەد تووشی زگئێشان و زگچوون هات، زۆر لەوە دەترسا بمریَ. چووین دەرمانمان بۆ وەرگرت، بەڵام کاک حەمەد هەر هاواری بوو. کاتێک هاوڕێیان رۆیشتنَ و من و عەزیز لەلای ماینەوە، کاک حەمەد رووی لە من کردو گوتی میرزا قادر من دەمرم و ناگەڕێمەوە ئێران بەڵام وەسیەتێکم هەیە لەتۆ و لە عەزیز دەبیَ بۆم جێبەجیَ بکەنَ. گوتم «کاک محەمەد ئینشائەڵلا هیچت لیَ نایە، بەڵام فەرمووچ ئەمرێکت هەیە.» کاک محەمەد مەولودیان گوتی لە مەهاباد باخێکمان هەیە نیوەی هی منەو نیوەشی هی عەلی توتنچییە کوڕی حاجی کەریمی شیری بازرگانی بەناوبانگی توتنی مەهاباد. ئەو دارە قەیسیەی لە ناوەڕاستی باخی نیوە کراوە ئەوە هی منە ئەگەر چوویەوە مەهاباد مەهێڵە کاک عەلی توتنچی دەست بەسەر ئەو دار قەیسیەی دابگریَ. بەڵکو دەبیَ کارێک بکەی ئەو دارە وەک میرات بدرێتە کوڕەکەم و ئامینی کچم. لەگەڵ عەزیز زۆر پیکەنین، بەڵام کاک محەمەد دەیگوت کاری پێکەنین نییە. هەر بەڕاستیبوو. ئەوەش نموونەیەک لە ساویلکەیی پیاوێک کە رۆژانێک سەردەستەی ژمارەیەک لە پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکان بوو.

دەربازبوون

کاک سەعید خانیان نەرسیسی تەوریزی و بەڕێز قەرەچەمەنی و محەمەدی کە لەگەڵ عەزیز پێکەوە لە ئۆردووگایەک بوون و باش یەکتریان دەناسی، ڕێزێکی زۆریان لە عەزیز دەگرت. هاتنە لای ئێمە و بووینە هاوسفرەو خوان. هەریەکەو کارێکی دەکرد. بێجگە لە خواردنی ئۆردووگا، بۆخۆمان خواردنی خۆمان سازدەکرد. ئێمە لەو ئۆردووگایە کارمان نەدەکرد. چاوەڕوانی چارەنووسی خۆمان دەکرد. قەرار بوو دوای مەرگی ستالین چارەنووسی ئێمەش یەکلایی بکرێتەوە. لە یەک بە یەکی ئێمەیان دەپرسی کێ دەیەوێ بگەڕێتەوە ئێران. زۆربەی زیندانییەکان داوایان دەکرد بگەڕێنەوە ئێران. بەلای ئەوانەوە گرنگ نەبوو چ ڕژێمێک لەسەرکارە، شاهەنشاهی، فاشستی یان دەوڵەتێکی گەلی. چونکە هەمووشیان دەیانزانی ئەو ڕژێمە لە بارودۆخێکدایە و بە دڵ دەیانویست بگەڕێنەوە بێ ئەوەی ئەوەیان لەبەرچاوبێ تووشی چ دەرەنجامێک دەبن. چارەنووسی من و عەزیز و ئەحمەد قەرەچەمەنی و سەعید خانیان و محەمەدی و حەمەدی مەولودیان لەوان جیاواز بوو. حەمەدی مەولودیان سزای لە سێدارەدانی بۆ بڕابووەوە بۆیە هەر لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ ئێران لە سێدارە دەدرا. نەرسیس سەعید خانیان ئەفسەری چالاکی فرقەی دیموکرات بوو کە چارەنووسێکی ڕەش چاوەڕوانی دەکرد، یەکێکی دیکەش لەگەڵ ئەوەی لە تەوریز ژنی هەبوو عاشقی کچێکی رووسی ببوو لە سەفارەتخانەی تەوریز، ئەوان کە گەڕابوونەوە مۆسکۆ ئەو گەنجە عاشقە وەک شێتانی لێهاتبوو بەدوای لەیلادا سەرگەردان ببوو، لەگەڵ ئەوەی مۆری سیاسی لە خۆیدابوو تا وەریبگرن.

محەمەدیش دەیگوت فیرقە کارێکی وای کردووە کە بگەڕێتەوە مەترسی لەسەرە، بەڵام چارەنووسی ئێمە لەوان جیاواز بوو. ئێمە دەمانویست لە سایەو سێبەری سۆسیالیستی و وەک دەڵێن بێوێنەی ستالینی کە ڕاگەیاندنەکانی یەکیەتی سۆڤیەت دەهۆڵ و زووڕیان بۆ دەکوتا بە نوایەک بگەین و شتێکمان دەستبکەوێ کە بە کەڵکی ئایندەمان بێت. بۆیە گەڕانەوەمان بۆ ئێران ئەویش بەو هەموو ئازارو کوێرەوەریەی

دیتبوومان و هیچ دڵخۆشییەکیشمان بەو رژێمە نەبوو، بۆیە گەڕانەوەمان بە باش نەزانی و مانەوەمان پێباشتر بوو بەڵکو بتوانین درێژە بە خوێندەنەکەمان بدەین، نەک بگەڕێینەوە بۆ ئێران و بکەوینە دەست ئەمنییەو پۆلیسەکانی شاهەنشاهی.

بەرێز قەرەچەمەنی گەنجێکی چالاک و میهرەبان بوو خەڵکی قەرەچەمەن بوو پێشتر لە تەورێز خوێندبووی لەلایەن ڕێکخراوی واکس بۆ خوێندن بۆ کۆلێژی پزیشکی باکۆ نێردرابوو، لە ئەنجامی هەندێک کاری قوتابیانی شا پەرست کە هاو دەورەی بوون، لەگەڵ هەندێک لەو قوتابیانە بۆ ئێران داوەت دەکرێن کە ئاغای قەرەچەمەنیشیان لەگەڵ دەبێت. دوای سەرگەردانییەکی زۆر و هەوڵێکی بێوچان ناتوانێ بچێتەوە کۆلێژی پزیشکی لە تاران. بێ چانسی و بێسەرەوبەرەیی رژێمی شا ئەو گەنجە نیشتیمان پەروەرە دەرک پێناکەن، دوای رەنج و ئازێکی زۆری دەروونی وادەکەن ئەو گەنجە دیسان ڕێگای هەندەران بگرێتەوەبەرو روو لە وڵاتی شوراکان بکاتەوە و لەوێش تووشی چارەنووسێکی نادیاربێ و سێ ساڵ لە ئۆردووگای کاری زۆرەملێ بەسەربەرێ و ئێستاش کە ستالین مردووە و بابەتی گەڕانەوە بۆ ئێرانی شاهەنشاهی لەگۆڕێیە بیرەوەری تاڵی چەمەنی لە گەڕانەوە بۆ وڵات، ئەویش هاوڕای ئێمە بڕیاریدا بمێنێتەوە، بەڵکو بتوانین بەرەی خۆمان لە ئاوێ دەربێنین و بگەینە کەنارێکی ئارام.

لە ئۆردووگا کاریان داینێ نەسیس سەعیدخانیان بوو بە لێپرسراوی چێشتخانە و بەرپرسیارێتی پاکوخاوێنی گەرماویشیان بە من سپارد کە هەفتەی جارێک پشکنین بە زیندانیەکان بکەم و بیبانێرمە گەرماو و جلکی هەندێکیشیانم لە کورەی هەڵمی هەڵدەکێشا.

چەند مانگی پێچوو تا چارەنووسمان روون بووەوە، کە هەرکەسێک دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئێران. ئەگەر کەسێکیش نەیەوێ بگەڕێتەوە با داواکارییەک بنووسێ و داوا لە کاربەدەستانی سۆڤیەت بکات وەک پەنابەر وەربگیرێ، ئەگەر داواکارییەکەی قبوڵکرا ئەوە لە سۆڤیەت دەمێنێتەوە. بارودۆخی سیاسی لە ئێران بەخێرایی لە گۆڕانکاریدا بوو هەندەی پێنەچوو کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ سەرکەوت و شا لە ئیتالیاوە بۆ ئێران گەڕایەوە و موسەدیقی قارەمانی نیشتیمانی زیندانی کرا و وەزیری دەرەوە دکتۆر فاتمی نامەردانە لە سێدارەدرا.

له سۆڤیەت ئەو بارودۆخە لە قازانجی ئێمە بوو بۆ مانەوەمان لەو وڵاتە. داواکاریمان نووسی و داوای مانەوەمان کرد، بە پشتیوانی خودای گەورە. لەسەر دوڕیانێک مابووینەوە یان ئەوەتا بە جێگایەک دەگەین و درێژە بە خوێندن دەدەین یان لەژێر باری کرێکاریدا دەپلیشێینەوە. پشتمان بە کەس نەبەست تەنیا بە ئیرادەی خۆمان و سۆزی پەروەردەگار نەبێت. داواکاریەکەمان وەکو تیر نیشانەی پێکا و پەسەندیان کرد دوای مانگێک واتا لە کۆتایی مانگی خەرمانانی ساڵی ۱۹۵۳ پێیانڕاگەیاندین هەر جێگایەک بتانەوێ دەتوانن لێی بمێننەوە. هەمووومان باکۆمان هەڵبژارد. دوای چەند رۆژێک ئێمەیان لە تاشائۆسی دۆزەخی ناردە مەڵبەندی ئەندیجان. ئەندیجان شارێکی خۆش و پڕ دارو درەخت و میوە بوو، خەڵکەکەی زەحمەتکێش و چالاک بوون، سێ رۆژ لە زیندانی مەرکەزی (ئێم. گ. ب)ی ئەندیجانیان هێشتینەوە و پسوڵەی مۆڵەتی زیندانیان داینێ کە تاکە بەڵگەیەک بوو پێمان، هەریەکەو سەد رۆبڵیشیان داینێ کە پارەیەکی هێندە نەبوو پارەی بلیتی شەمەندەفەری تا کراسنۆدسک و کەشتی تا باکۆشیان داینێ و لە زیندانیان وەدەرنایەن. رۆژێک لە ئەندیجانماینەوە و بە شەمەندەفەری ئەندیجان کراسنۆدسک لە نزیک دەریای خەزەر وەڕێکەوتین، تا گەیشتینە ئەوێ. شەوێک لە کراسنۆدسک ماینەوە بۆ بەیانی بلیتی کەشتی نێوان کراسنۆدسک باکۆمان وەرگرت و رۆیشتین. با ئەوەشمان لەبیر نەچێ کاتێک لە ئۆردووگای شبرۆف بووم ویستم ئەو دۆست و هاوڕێیانەی لە باکۆ بوون تاقییان بکەمەوەو بۆ یەکەمینجار لە تەمەنمدا داوای یارمەتییان لێبکەم. بە هەزار زەحمەت و کوێرەوەری لە فەرمانگەی ئاماری شاری باکۆ ئادرەسی کاک رەحیمی قازیم پەیداکرد و نامەیەکم بۆ نووسی کە من لە ئۆردووگای شبرۆفم و باری داراییم زۆر خراپە و داوای یارمەتی لەو هاوڕێیانەدەکەم کە حاڵ و بارودۆخیان لەبارە. ئەوانیش دوای دوو مانگ کادۆیەک کە کتێبێکی مێژووی سیاسی بوو بە زمانی فارسی و دوو ماسی وشککراوە کە لە باکوور زۆر بوون، هەندێک کشمیش و سەدو پەنجا رۆبڵ پارەی نەقدی، لەلایەن ژمارەیەک دکتۆر و قوتابی زانکۆ و کەسانی سیاسی کە هەموویان کاری باش و پارەیان هەبوو لە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بۆیان رەوانە کردم. سەرەڕای بێ موبالاتی و دڕدۆنگی دەربارەی کاری ئێمە ئەوە بوو کاک رەحیمی قازی زەحمەتیکێشابوو نامەیەکی بۆ من نووسیبوو کە دنیام لەبەرچاوان تاریک داهات. ناوەرۆکی نامەکەی ئاوابوو پێمبڵێ کێ ئێوەی ناردووە؟ لە ڕێگا بە حەمەدی

مەولوودیم گوت کە کاک رەحیم لێیپرسیوم کێ ئێوەی ناردووە؟ ئاغای مەولوودیان گوتی دەبوو گوتبات دایکت منی ناردووە. ئێستاش ئێمە بۆ جێگایەک دەچین کە ئەو بەڕێزە هەمەکارەیەو جێگری غولام یەحیایە، بە کورتی گەیشتینە باکۆ و چووینە ئوتێلێکی پلە سێ بەناوی ئوتێلی گوندییەکان لە کەنار شاری و داوای شوێنمان کرد. کاتێک چاویان بە بەڵگە نامەکانی ئێمە کەوت گوتیان ناتوانین. بە پاڕانەوەو تکایەکی زۆر خاوەنی ئۆتێلەکە بە دزیەوە گوتی لە ژێر زەمین شەوێک دەتوانین راتان بگرین و دووبەرابەری ئوتێل پارەمان دەوێت، ئێمە پێنج کەس بووین بەهەزار زەحمەت و کوێرەوەری لەسەر قەنەفەیەک رۆژمان کردەوە. کاتێک بەیان ئەنگوت بەهەزار کوێرەوەری ئیدارەی فیرقەی دێموکراتەکانمان لە ناوەندی شار و لە شەقامی خاقانی دیتەوە. ئیدارەی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانی ئێران، لە باڵەخانەیەکی دوونهۆمیدا بوو دەرگای حەسارێی ئاسن بوو، وەک دەیانگوت ماڵی یەکێک لە خانەدانەکانی پێش شۆڕش بووە. چووینە ئەوێ کاک رەحیمی قازی جێگری غولام یەحیا دانشیان بوو لەگەڵ عەلی گەلاوێژ کارمەندی پلەباڵای ئیدارەی سیاسی فیرقەی دێموکرات بوون. چووینە ئەوێ. زۆر بەخۆشحاڵی پێشوازییان لێکردین، بەڵام هیچ یەکێک لەو هاوڕێ دێرینانە بانگهێشتی ماڵێیان نەکردین. کە چاویان پێکەوتین کەمێک لێمان دڕدۆنگ بوون. ناچاربووین بچینە لای غولام یەحیا داوای لێبکەین تا چارەسەرێکمان دەکەن ژوورێکمان بدەنێ بۆ ئەوەی تێیدا بحەوێینەوە. ئەوکابرا بێ رەحم و خوێنخۆرە دڵی پێسووتاین فەرمانیکرد ژوورێکمان بدەنێ هەرپێنج کەسمان وەک مەڕان سەرمان پێکەوەنا و چاوەڕوانی فەرمانی (ئێم. گ. ب)ی نەفرەتی و بەرپرسانی فیرقەمان دەکرد. دوو کۆنەبەتانی و چادانێکیان داینێ. بەتانیەکانمان لە ژوورێ راخستن چادانەکەش ئاومان تێدا گەرم دەکرد. کاک رەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژ دوو کۆنە پاڵتۆی بەهارییان دایە من و عەزیز تا خۆمانی پێ لەسەرمای پایز و زستان بپارێزین. پەنجا رۆبڵێشیان داینێ پیاسەیەک بەناو شاردا بکەین. پەنجا رۆبڵەکەم لە گیرفانی هاویشت و بۆ پیاسە سواری تۆتۆبۆس بوین، تا سەرێک لە بەلواری شار بدەین. کاتێک چەند شەقامێکمان تەیکرد و ویستمان دابەزین کە دەستم لە گیرفانم راکرد دیتم پارەکە نەماوە، تومەز دزە باکۆییەکان گیرفانیان بڕیبووم و ئەو دیاریەی دۆستانیان لێ دزیبووم. لە گیرفانم دەگەڕام و تەماشای ئەملاولام دەکرد، تەماشایەکی شۆفێرم کرد لە قەلافەتی خەمگینم راماو گوتی پارەیان لێ دیزیوی؟ بە سەرئاماژەم بۆکرد بەڵێ.

شۆفێر گوتی وریای خۆتانبن ئێوەش نەدزن، ئێرە باکۆیە! زۆر لەو کارە دزێوە نیگەران بووم. هەرچەندە عەزیز بڕی هەزار ڕۆبڵی پێبوو لە ژێر ئێلەگەکەیدا شاردبوویەوە و دەستی دزانی نەدەگەیشتێ. بەڵێ ئەوە بریسکەیەک بوو لە بێداری وەئاگا هێناین.
دوای چەند ڕۆژێک من و عەزیز و حەمەدی مەولوودیان بۆ ژیان و کارێکی تازە، ڕەوانەی قووبایان کردین. شاری قووبا شارێکی ئاو و هەواخۆش و ناوەندی سێو بوو، پڕ بوو لە باخی سێو. بێگومان ڕۆیشتنی ئێمە خێری هەموو دۆستانی پێوە بوو، چونکە ئێمە شارەزا نەبووین و هیچ جێگایەکیشمان پێ نەدەزانێ. کاک ئەحمەدی قەرەچەمەنی و نەرسیس سەعید خانیان و محەمەدی بە ئارەزووی خۆیان ڕەوانەی کیرۆف کرانەوە، بۆ ئەوەی لەوێ درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن. حەمەدی مەولوودیان لە سۆخۆزی ژمارە ١٢ی نزیک شاری قووبا بوو بە باخەوان و خانوویەکیشیان دایەو تاپڕێکیشان دایە. من و عەزیز هاتینە قووبا و بەهاوکاری کاک فەرەجی دەست گوشادە نوێنەری فیرقەی دێموکرات لە قووبا و دوای چەند ڕۆژ هەوڵوکۆشش و تکا، ژوورێکی بچووکیان لە بەشەناوخۆیی پێگەیاندنی مامۆستایان داینێ. کاتێک ژوورەکەیان داینێ لەگەڵ عەزیز زۆر خۆشحاڵ بووین، بەدوای پەیداکردنی کاردا دەگەڕاین و دەمانویست لەگەڵ ئەوەشدا درێژە بە خوێندن بدەین.
کاتێک لە ئۆردووگای شبرۆف بووم تاکە یادگارییەک کە لەگەڵ خۆم هێنایەوە ئەو چڵەدار سەروە بوو کە لە داری بێبەشانم کردەوە. چەند مانگێک لەژێر سێبەری ئەو دارە خەریکی فێربوونی زمانی ڕووسی بووم و کتێبە دەرسییەکانی دواناوەندیم دەخوێندنەوە بۆ ئایندەی نادیارم. ئەو چڵەدارە وشکەم هەرپێبوو ئێستاش ڕەونەق بەخشی ژووری نۆڕینگەکەمە و بیرەوەری ڕۆژگارە تاڵەکانمە. ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی مانگی خەرمانان دوای ئەوەی لە بلندگۆی ڕادیۆ گوێم لە گۆرانی ژنێکی تاجیکی بوو لە ئۆردووگا، کە لە مۆسکۆوە پەخش دەکرا، نیشتیمانی وەبیرهێنامەوە، ئەو دەنگە بەسۆزەی ژنە تاجیکەکە زۆر لە زمانی فارسی نزیک بوو، وام هەستدەکرد لە نیشتیمانی خۆمدام و لەلای ژن و منداڵەکەم. کتێبەکانم کۆکردنەوە و لکەدارێکم لەو دار سەروە کردەوە تا کە گەڕامەوە لەگەڵ ئەسفەندیار دەردەدڵ بکەم و خەمی دڵی خۆم هەڵڕێژم. کاتێک لەکاتی کارکردندا خەریکی وردکردنی دارەکان بووین پێکەوە دەمانگوت حەقیقەتی سۆڤیەت هەر ئەوەیە کە ئێمە وردیان دەکەین تا بۆ سووتەمەنی

ئۆتۆمبێلە بارییەکان بەکەڵک بێن لە ئەنجامدا ببنە دوکەڵ. کاتێک تەماشای ئەو چڵە دارە دەکەم هەموو ئەو بیرەوەرییە تاڵانەم دێنەوە بەرچاو. کاتێک لە زیندانی تاشائۆس بووم لە ڕێگەی کاک کەریمی ئەیوبی کە لە ناو زەرفی نامەیەکدا بۆی ناردبووم ئەوە یەکەم نامەبوو بەبێ ناوهێنانی باوکم وەرمگرت کە لەوێدا ئاماژەی بەوەکردبوو کوڕیکی دیکەمان بووە و ناومان لێناوە بەهمەن، ئەوسا زانیم بوومەتە خاوەنی دوو منداڵ بەڵام بەچی دەچێ، دڵ دەیخوازێ و دەست نایگاتێ!

کاتێک بۆ باکۆیان گواستینەوە، لە فەرمانگەی پۆلیس بانگیان کردین و فۆڕمیان داینێ. باسی حاڵ و گوزەرانی خۆمانِ هەمووی خستە سەر کاغەز و نووسیمان کێین و چ کارەین لەگەڵ سێ وێنەی ناقۆڵا دامانن بەو ئیدارەیە تا ناسنامەی باکۆییمان بدەنێ. دوای دوو مانگ ناسنامەی (بینرگراژداستوا) هاوولاتی دەرەوەی سنووریان لە فەرمانگەی ئۆڤێری باکۆیان داینێ و تێکەڵ بە راکردوان و پەڕاگەندەی وڵاتی پان و بەرینی یەکیەتی سۆڤیەت بووین کە لە هیچ مافێکی مەدەنی سوودمەند نەدەبووین و هەر پازدە رۆژ جارێک دەبوایە خۆمان بە فەرمانگەی پۆلیسی قووبا ناساندبا کە بەرپرسەکەی مولازم لەزگی بوو، کە بەردەوام مەست بوو. ئەو مولازمە دواتر هەڵسوکەوتی ئێمەی خستبووە ژێر چاودێری و بەوەخت و بێوەخت لە حاڵی مەستیدا دەهات و هەڕەشەی لێدەکردین و دەیگوت دەزانم سەربەکێ و کوێن و لەلایەن کام بەرپرسانی ئەمریکایی فەرمان وەردەگرن.

کاک رەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژ دوو کۆنە شەپکەیان دابووینێ کاتێک لەسەرمان دەنا و بە شەقامەکانی قووبادا دەگەڕاین منداڵە لووسکەو شەقاوەکان وەدوامان دەکەوتن و یەکدەنگ دەیانگوت سیخوڕی ئەمریکا سیخوڕی ئەمریکا. وای چ رۆژگارێکی ناخۆش و پڕ ئازار بوو. ناچاربووین بەرەبەرە شکڵوشێوەی خۆمان بگۆڕین و خۆمان وەک شکڵوشیوەی ناقۆڵای ئەوان لێ بکەین تا لەدەست ئەو منداڵە شەڕانی و بێ ئەدەبانە رزگارمان بێت و نەکەوینە بەر پلاروتوانجی مولازمی گەمژەو سەرخۆش، چونکە لەوکاتانەدا سەروکەللەی پەیدا دەبوو. خۆمان وندەکردو بە کۆڵانێکدا لێدەهالاین. دوای چەند رۆژێک بە پێشنیاری کاک فەرەجی دەست گوشادە عەزیز لە فەرمانگەی هاتووچۆی قووبا دامەزرا و خەریکی بلیت فرۆشتن بوو لە نێوان شارو گوندەکاندا، منیشیان ناردە کارگەی خشت بڕین.

کاتێک چوومە ئەوێ تەماشام کرد ئەوانەی لەوێن هەموویان ژن و پیاوی بە هەیکەل و بەخۆوەن و قاڵبە خشتەی گەورەو قورس هەڵدەگرن، سەرنجمدا دەرەقەتی ئەو کارە نایەم. بۆیە ناچاربووم بچمەلای بەڕێوەبەری کارخانەو باسی حاڵی خۆمی بۆ بکەم. بەڕێوەبەری ئەو کارگە گەورەیە کابرایەکی وەنێوکەوتووی لەزگی بوو. دوای گفتوگۆ لێیپرسیم خوێندەواریت چەندە. گوتم لە زمانی فارسیدا تا نزیکەی دیبلۆم. گوتی کرێکارەکانی ئێرە هەموویان دیبلۆمیان هەیە و هیچ کەسێکی نەخوێندەواری لێ نییە. خوێندن لە یەکیەتی سۆڤیەت تا دیبلۆم ئیجبارییە. دوایی گوتی دەتوانی درووشم بنووسی و کارەکانی کارگە پەرەپێبدەی؟ گوتم چۆن. تابلۆیەکی وێدام وشەکانی نا ئاشناو لێک نەدەدرانەوە بۆ یەکەمینجار ئەو وشە ئازەریانەم دەبیست و بەزەحمەت دەمتوانی بیانخوێنمەوە، بەڵام هیچیان لێ حاڵی نەدەبووم. ویستم بە ڕێنوێنی بەرپرسی کارگە ئەو وشانە ڕێک بخەم زۆرم هەوڵدا هیچم بۆ ڕێک نەخرا. کاتێک بەرپرسی کارگە تەماشای دەست و قەڵەمی منی کرد زانی هیچم لێ هەڵناوەرێ، بۆیە نامەیەکی بۆ بەشی کاگێڕی نووسی تا کارێکی دیکەم بدەنێ. چەند سەعاتێک لەو کارگەیە خۆم هێناوبرد تا توانای خۆم لە کارێکدا وەبینم، تێگەیشتم ئەو کارە قورسە پشتم دەشکێنێ بۆیە کارەکەم بەجێهێشت. ژن و پیاوە بەهەیکەلەکان پێم پێدەکەنین، ئەو دەست و پەنجە کزولاوازانە لەکوێ و پێمەڕەو قالبی خشتی قوڕ لەکوێ.

هێندەی پێنەچوو عەزیزی هاوڕێم پەیدا بوو، هەندێک سیو و هەرمێ وشکەی بۆ هێنام. هەندێک پارەشی پەیدا کردبوو لە پێشی دانام. لە بارودۆخی ژیانی پرسیم گوتم لە کارگەی خشتبڕین ئاوام بەسەرهات و کارەکەم سەری نەگرت. عەزیز گوتی خەمت نەبێ شەوانە دەخوێنین و ڕۆژێش ئەوە من کارم هەیە بزانین خودا چ دەرگایەکمان لێدەکاتەوە، ئەگەر کارێکی گونجاوت دەستکەوت چ باشتر دەنا حەتمەن دەبێ بخوێنی، منیش هەم دەخوێنم هەم کاریش دەکەم. هیوادارم بتوانین ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین.

لەگەڵ عەزیز چووینە خوێندنی شەوانە کە هێندە لە مزڵەکەمان دوور نەبوو. لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە بووینە ئاشنا. مۆڵەتی خوێندنمان لە بەڕێوەبەری پەروەردە وەرگرت بێ هاوکاری بەڕێوەبەری قوتابخانەی شەوانە وەرگیراین. بەوپەڕی هەوڵوکۆشش دەستمان بە خوێندن کرد. مامۆستاکانمان هەموویان پیاوی باش و

بەتوانا بوون. مەبەستمان لە درێژەدان بەخوێندن لە قوتابخانەی شەوانە ئەوە بوو فێری هونەری خوێندنی دواناوەندی و شێوازی کاری سۆڤیەتی و سۆسیالیستی بین تا بەڵکو لە کۆتایی ساڵدا لە تاقیکردنەوەی کۆتایی بەشداربین و دبلۆم وەربگرین کە ئەوە کلیلی هەموو کێشەکان بوو.

لە ئۆردووگا کاتی بێکاری زۆر بەرژدی خەریکی فێر بوونی هونەرەکانی دواناوەندی بووم و تەواو خۆم ئامادە کردبوو، بەنیازی ئەوەی لە تاقیکردنەوەدا بەشداری بکەم. دەرسەکانی فیزیا و کیمیای ئەوێ لەگەڵ ئەوەی ئێران جیاواز نەبوون، بەڵام مێژوو جیاواز بوو. لێرە مێژووی سۆڤیەت و راپەڕینە گەلییەکانیان تێدابوو، لە کاتێکدا مێژووی ئێران هەرباسی پاشاکانی ئێران و جەنگەکانیان بوو.

خۆکوشتن

نووسین به زمانی رووسی یان ئازەری بۆ ئێمە گرنگ بوو دەرۆستی نەدەهاتین، سەردانی پەروەردەمان کرد کە ئینشاو ڕێنووسی ئێمە بە پیتی فارسی- عەرەبی دەنووسرێ، لە بنەڕەتدا ناوەرۆکی نووسینمان لەبەرچاو بگرن، نەک شێوازی ڕێنووسی ئەلفبێ و ڕێنووس بەپیتی رووسی یان ئازەری کە ئەو توانایەمان نییە. ئەوانیش رازیبوون کە تەنیا نارۆک لە ئێمە وەردەگرن. هەندێک لە مامۆستا کۆنەکان نووسینی فارسییان دەزانی و بە پیتی فارسی نامەیان بە زمانی ئازەری دەنووسی، لەگەڵ عەزیز چووینە قوتابخانەی شەوانە. دەرسی ئەوێ بۆ ئێمە دژوارو تاقەت پڕووکێن بوو. عەزیز دوای مانگێک مانەوە لە قوتابخانە تاقەتی خوێندنی نەماو وازی هێنا.

من بە هەوڵوکۆششی زۆر و پێشینەی خۆڕاهێنان بە سەرکەوتنەوە توانیم لە تاقیکردنەوەی کۆتایی دواناوەندی ئەنتەرناسیۆنالی شاری قووبا لەگەڵ تێکڕای قوتابیانی شار و دەوروبەر بەشداری بکەم و بە پلەیەکی باش دبلۆمی دواناوەندی بەدەستبێنم، کە یەکەمین بەڵگەنامەی زانستییە لە یەکیەتی سۆڤیەت.

ئەو دبلۆمە کلیلێکی ئەساسی بوو بۆ بەشداریکردن لە کۆنکۆری سەرانسەری زانکۆ و کۆلێژەکانی یەکیەتی سۆڤیەت کە بەدەستم هێنا بوو. ژووره بچووکەکەم لە نێوان بەشەناوخۆیی قوتابخانەی منداڵە هەتیوەکان بوو کە شوێنێک بوو بۆ گردبوونەوەی قوتابیانی پەیمانگای مامۆستایان چ کچ و چ کوڕ. پەنجەرە شەبەکە دارە ئاسنەکەی ژووری منداڵە هەتیوەکان دیمەنێک بوو کە لەو دیو پەردەوە کەین و بەینەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانە دەبینرا، کە ژنێک بوو بەناوی نەزیرە خاتوون خۆی ژنێکی زانکۆیی و هەڵگری بڕوانامەی ماستەر بوو، خەڵکی گنجە بوو. ئەو یەکێک لەو ژنە حەکەدارانەی رۆژرگار بوو. دەرگایەکی ئەو قوتابخانە بەلای ئێمەدا دەکرایەوە و لە پشتەوە دادەخرا. هەرکاتێک حەزی لێبوایە لەخۆڕا دەرگای دەکردەوە و دەهاتەژوور.

لەپشت دەرگاوە دەمانبیست ئەو خاتوونە لە هەزینەی منداڵان لەگەڵ کارگێڕەکەی چ دزی و گزییەک بە بەشی ئەو هەتیوانەوە دەکات.

شەوێک لە ژوورەکەی خۆم خەریکی سەعیکردن بووم، چاوەڕێی عەزیز بووم بگەڕێتەوە، چونکە شەوانە درەنگ دەگەڕایەوە، کە خاتوون دەرگای کردەوەو هاتەژوور. خاتوو نەزیرە ژنێکی بەخۆوەی شان پان و باڵابەرز بوو. مێردەکەی کابرایەکی جوانچاکی قژ لوول و ماشوبرنجی بوو، نزیکەی پەنجا ساڵێک دەبوو، سێ کوڕی هەبوو کە لە دواناوەندی دەیانخوێند. کاتێک دەرگا کرایەوە خاتوو نەزیرە هاتەژوور، جوان ئارایشی کردبوو بۆنی لەخۆیدا بوو کراسێکی تەنکی لەبەردابوو کە تەواوی لەشی دیار بوو. کاتێک ئاوام بینی ترسم ڕێنیشت، دەترسام پیلانێکی لەبن سەریدابێ شەرمم دەکرد لەوەی لەوکاتەدا بێنە ژوورەکەم بمانبینن.

هەستام کتێبەکانم کۆکردنەوە بە چاوی خومار و پڕ لە هەوەس بە بزەیەکی گاڵتەئامێز رووی تێکردم و گوتی کوڕە لەچی دەترسی، هەموو خان و بەرپرسانی ئەو مەڵبەندە شانازی بەوەدەکەن بە روویانەوە پێبکەنم. تۆ قوتابییەکی هەژاری چما دڵت نییە هەستی گەنجێتیت مردووە؟ بۆ وا لەو قوژبنەی خۆت کرووشم هەڵێناوە و لێم راماوی! حەزدەکەی بچینە ژوورەکەی تەنیشتمان و پێکەوە قسەبکەین؟ ئەگەر برادەرەکەشت هاتەوە بۆ نانی شێوان بانگی دەکەم نانمان لەگەڵ بخوات.

خاتوو نەزیرە بەرەولام هات. زۆرترسام، گوتم توخوا خاتوون لێم نزیک مەکەوە شەرم لە تۆ و لە مێردەکەت دەکەم، من چووکەی ئێوەم. رەحمم پێبکە، با ریسوا نەبم! لەو رۆژەی هاتوومەتە ئەو سنووورە هەستی پیاوەتیم مردووە. من تەنیا بیر لە فێربوونی زانست دەکەمەوە. تۆ خوشکی گەورەمی، تاجی سەری منی! خاتوو نەزیرە راوێژی قسەکانی گۆڕی و گوتی من مامۆستای زانکۆم و هەموو مامۆستاکانی زانکۆ هاوڕێمن. ئەگەر تەلەفۆنێکیان بۆ بکەم بەبێ تاقیکردنەوەی وزاری، وەرت دەگرن و داخلی زانکۆی ئاکۆ دەکرێی[٦٥] وەکو من دەبیتە مامۆستاو موچەیەکی باش وەردەگری و لە کۆمەڵگا سەربەرز دەبی.

قسەو کێشمەکێشی من و خاتوو نەزیرە درێژەی کێشا، خاتوون خەریکبوو تورە دەبوو رەنگی گۆڕا چاوە پڕ لەقینەکانی تەنگتر بوونەوە، کە لەدەرێ دەنگی پێیەک دەهات و نزیک دەبوەوە، خاتوو نەزیرە خێرا دەرپەڕی و چووەوە ژوورەکەی خۆی

[٦٥] ئاکۆ: ناوی کورتکراوەی (ئازبایجانسکی گسوودار سوینی ئۆنۆرستییت)ە بەمانای زانکۆی ئازەربایجان کە لە شاری باکۆیە.

و دەرگای داخست. لەوکاتەدا عەزیز هاتەوە رەنگم بەڕوانەوە نەمابوو لە پەرێشان حاڵی پرسیم و گوتی بۆ وا شێواوی؟ بابەتەکەم بۆ گێڕایەوە.
دوای نانخواردن خەوتین، ئەو لێفانەی دابوویانێ، بێگومان بە راسپاردەی نوێنەری فیرقەی دیموکرات ئاغای دەست گوشادە، زۆر بچووک بوون، بۆ منداڵان و گەنجانی کورتەباڵا دروستکرا بوون. بۆیە ناچار بووین هەردووک لێفەکە لێک بدرووین تا هیچ نەبێ بە هەردووکیان ببنە لێفەیەک و بەو کۆنە لێفەیە رۆژگاری رەشی خۆمان تێپەڕێنین.
لەگەڵ عەزیز چووینە باکۆ بۆ ئەوەی بچێتە کۆلێژ یان زانکۆی باکۆ. عەزیز وای بەباشزانی ئەو هاوڕێیانەی خوێندەوارییەکەیان هێندە نییە لە کۆرسە سەرەتاییەکانی قوتابخانەی سیاسی دەستپێبکەن. لەوێ موچەیەکی باشیان بۆ بڕیەوە لە بەشەناوخۆیی زانکۆش لەگەڵ تێکڕای قوتابییە ئێرانیەکان شوێنیان دایە. لەوبارەیەوە بیرم دەربارەی عەزیز ئاسوودە بوو شوکر بۆخوا دەست بەخوێندن دەکاو ئایندەیەکی رووناکی دەبێت. منیش دوای دوودڵی بەڵگەنامەکانی خۆم دان بە زانکۆی نەوتی ئازی لە تاقیکردنەوەی وزاری که زۆر زەحمەت بوو بەشداریم کرد ئەویش لە بەشی رووسی کە دەرچوونم لە خوێندنی فارسی و رووسی تازە سەرپێ کەوتوو زۆر مەحاڵ بوو، بەکورتی نیشانەکەم نەپێکا و لە تاقیکردنەوەی وزاری دەرنەچووم. بە نائومێدی و خەمبارییەوە دەتگوت کێوی دەماوەندم لەسەر شانە، لەو پەرێشان حاڵییەدا شەوان لە باڵەکۆنی ماڵی کاک رەحیمی قازی دەخەوتم. دۆشەکم کۆنە بەتانییەک و لێفە شڕەیەک بوو. رۆژانە لە قەراخ دەریاو لەسەر نیوتەختێک دادەنیشتم و دەمخوێندەوە و سەعیم دەکرد و خۆم بۆ تاقیکردنەوەیەکی دیکە لە زانکۆیەکی دیکە ئامادە دەکرد، ئەوجارەیان بە زمانی ئازەری.
ژێرکراسەکەم چڵکن ببوو کاتی ئەوەم نەبوو بیشۆم، جلوبەرگەکەم (پرۆسین) بوون – کە جۆرە کوتاڵێکی هەرزان بەها بوو لە سۆڤیەت نەدارەکان لەبەریان دەکرد- هەرزان و بۆ ئاووهەوای باکۆ لەبار بوو. خاتوو ریمای هاوسەری رەحیمی قازی کاتێک چاوی بە ژێرکراسەکەم کەوت، دڵی پێم سووتا و گوتی قادر ژێرکراسەکەت دانێ بۆت دەشۆم. منیش ژێرکراسەکەم دانا و ویم دا، لە باڵکۆنی ماڵێ خەریکی خوێندنەوە بووم کە کاک رەحیم هاتەوە. کاتێک چاوی بە ژێرکراسەکە کەوت زانی هی منە لە هاوسەرەکەی پرسی ئەو ژێرکراسە هی کێیە؟ خاتوو ریما گوتی هی کاک

قادره! ئەویش بە توندی گوتی بۆچی بۆخۆی نایشوات؟ کاتێک گوێم لەو قسەیە بوو، دەتگوت دنیایان بەسەردا رووخاندووم، راوەستام تا کاک رەحیم نانی نیوەڕۆ دەخوات و دەچێتەوە سەر کار. کاتێک رۆیشت لەسەر خۆ ژێرکراسەکەم هەڵگرت، خاتوو ریماش لە ماڵ نەبوو، بە ئاوی سارد شووشتم و لەگەڵ خۆم بردمە بەڵواری شار و بەسەر نیوتەختێکم دادا تا وشک بێتەوە، شەوێ نەچوومەوە ماڵی هاوڕێ بێوەفاکەم و هەر لە پارکی ناوەند- پارکی پارەپیتە- کە دواتر بووە پارکی کارل مارکس، لەوێ دانیشتم. دوای ئەوەی دوو کولێرەی هەرزانم خوارد کە بایی پێنج کەپک بوو، کتێبەکانم خستنە ژێر سەرم تا خەڵک بڵاوەیان لێکرد.

لەسەر نیوتەختێک راکشام و بیرم لە چارەنووسی لێڵی خۆم دەکردەوە تا خەوم لێکەوت. نازانم چەندە تێپەڕیبوو کە لە دەنگی دوو کەسان وەخەبەرهاتم کە پێکەوە هەرایان بوو، چاوێکم هەڵێنا و لێیان رامام، زانیم ئەوانە دزی شەوانەی ترسناکن. خەریکبوو گیرفانی سەرخۆشێکیان دەبڕی کە لە پەنا نیوتەختەکەی من بوو، کەوتبووە خەوێکی قوڵەوە. دوای ئەوەی گیرفانیان بڕی لەسەر دابەشکردنی پارەکە سەرنجیان کەوتە سەر من. یەکێکیان گوتی ئەدی ئەوەیان. ئەوەی دیکە گوتی چما نابینی ئەوە قوتابییەکی بێنەوایە و کەپێکی لە گیرفاندانییە، لەخۆڕا خۆت ماندوومەکە من بە بۆن دەزانم کێ پارەی پێیەو کێ پارەی پێ نییە، ئەوەی دیکە گوتی با بەدوای نێچیرێکی دیکەدا بگەڕێین.

هەناسەیەکم هەڵێشاو حەسرەتم بۆ ئایندەی نادیاری خۆم خواردو ئیدی خەوم لێنەکەوتەوە. هەستام بە دەوری بەڵواری شاردا دەستمکرد بە پیاسەکردن، ئەو سەعاتەی لە چوارڕیانەکە بوو، چواری بەرەبەیانی نیشاندەدا. تا بەیان ئەنگوت لەژێر گڵۆپەکانی پەنا شانۆی کۆمیدی موزیکال خەریکی خوێندنەوە بووم.

عەزیز زۆر بەجددی خەریکی خوێندن و خۆ ئامادەکردن بوو. چوومە بەشەناوخۆیی ئەوان، تەماشام کرد زۆر نیگەران و خەمبارە، لە هۆکارەکەیم پرسی گوتی دەرەقەتی خوێندنی کۆلێژی سیاسی نایەم ئەوەندەی بۆم شیدەکەنەوە دەڵێی گوێزانم بۆ دەژمێرن. یەکێک لە هاوشاریەکانی عەزیز پێیگوتبوو ئەگەر یەکێک لە تاقیکردنەوەی سەری مانگ دەرنەچێ لە قوتابخانە دەری دەکەن. عەزیز دەیگوت ئەوە بۆمن دەبێتە شوورەییەکی گەورە و پێم تەحەموول ناکرێ. پێمگوت: «دەمەوێ سەرێکی مۆسکۆ بدەم، دەڵێن مەلا مستەفای بارزانی لەوێ پێگەیەکی تایبەتی هەیە. دەچم دەربارەی

ئایندەی خۆم پرس و ڕاوێژی پێدەکەم. لەبەرئەوەی لێرە، یانی هاوڕێیانی دانیشتووی باکو ئەوەندە دڵسۆز نین تا ڕێگایەکی باشمان نیشانبدەن.»
عەزیز گوتی زۆرباشتر تۆ بڕۆ لەوانەیە چاومان بەیەکتری نەکەوێتەوە، گەردنم ئازاد بکە. گوتم .عەزیز گیان ئەوقسانە چن. من ئێستا دەرنەچووم حەتمەن ئەمڕۆ یان سبەی لە بەشەناوخۆیی کۆلێژی نەوت دەرم دەکەن سبەی بلیتی شەمەندەفەر وەردەگرم، ناونیشانی مەلا مستەفای بارزانیم پەیدا کردووە، دەمەوێ سەفەرێکی ئەوێ بکەم و لەگەڵ دکتۆر سەڵماسی دەچمە لای بارزانی. کە گەڕامەوە ئیشاڵڵا بە کەیف و سەرکەوتوویی دەتبینمەوە. عەزیز بزەیەکی تاڵی هاتەسەرلێوان و گوتی سبەی پێش ئەوەی بڕۆی سەرێکم لێبدە.
بۆ سبەی بلیتی شەمەندەفەری مۆسکۆم وەرگرت، ئەو شەوە لە بەشەناوخۆیی مامەوە بەیانی کەلوپەلەکانم رادەست کردنەوە تەنیا جانتایەکی هەژارانەم پێبوو کە هەندێک کەلوپەلی تێدابوو، بۆلای عەزیز وەڕێکەوتم. تەماشام کرد پێش دەرگای قوتابخانەی سیاسی کۆمەڵێک ئێرانی و قوتابی ئێرانی و فیرقەچیی دێموکراتەکان رەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژ کۆبوونەتەوەو چپەچپیانە. لە یەکێکم پرسی چیبووە؟ کوا عەزیز؟ گوتی عەزیزی هاوڕێت لە ژێرزەمینێ بەشەناوخۆیی خۆی خنکاندووە.
ئەو هەواڵە تاڵ و جەرگبڕە تاساندمی گێژ بووم چەند ساتێک هاوسەنگی خۆم لەدەستداو دوایی غارمدایە ژووری. عەزیز بەوکارە ناژیرانەی ویستبووی خۆی لەو رەنج و بەدبەختییە رزگار بکات. هاوڕێ و هاوپۆلێکی گوتی عەزیز زۆر نائومێد ببوو، ئەو حەزی لەو قوتابخانەیە نەبوو، بەزۆر بردبوویان. بەردەوام دەیگوت ئەگەر لە تاقیکردنەوە دەرنەچم خۆم دەکوژم. یەکێک لە هاوڕێکانی ئێوە پێیگوتبوو ئەگەر هەرکەسێک لە تاقیکردنەوەی سێ مانگی یەکەم دەرنەچێ لێرەو لە بەشەناوخۆیی دەردەکرێ. عەزیز لەو ریسواییە دەترسا پێیگوتم نابێ پێشم پێبگری، من لە ژێرزەمین خەریکی سەعی کردن دەبم. یەکێک لە قوتابییە رەشتییەکان کاتێک دەچێتە ژێرزەمین و جەستەی بێگیانی عەزیز دەبینێ هاوار دەکاو دەبوورێتەوە. قوتابییەکان گوێیان لە هاوارەکەی دەبێ غاردەدەن تا بزانن چیبووە، کاتێک دەچن دەبینن عەزیز خۆی بە تەنافێک هەڵواسیوە. تەنافەکە دەپسێنن و لاشەکە دێننە خوارێ بەرپرسانی لێ ئاگادار دەکەنەوە.

یەکسەر تەرمی عەزیز دەنێرنە نەخۆشخانە بۆ بەشی توێکاری نەخۆشخانەی سماشکا. دوای توێکاری لەلایەن فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لەگەڵ چەند کەسێکی کەم لە هاورێیان و دۆستان تەرمی عەزیزی قسەخۆش و فیداکار و دڵپاک لە گۆرستانی باکۆ بە خاک سپێردرا. مخابن بۆ ئەو کارەساتە گەورەو پڕ لە ئازار و لەبیرنەچووەوە. ئەی سۆزی سروشت، ئەی ئەستێرەکان ئەوە چ شتێکە دەیبینم، ئەی شیرنترین هاورێی وەفادار، ئەوە چ کۆستێکە ئاوا بەکەسەر و شیوەنیەوە دانیشتووم؟ پێنووس بشکێی ئەگەر درۆیەک بنووسی، زمان لاڵ بی ئەگەر قسەی ناڕاست بڵێی، ئەی چاو، ئەدی دیدەی خەمبار بۆچی ئاوا لەمنت هەڵبڕی ئاخ چیبڵێم کە لەو ساتەوەختەدا چیم بەسەرهات، چۆن ئەو هەموو هەست و سۆزە بگێڕمەوە. خودایە بۆچی ئاوا چارەنووسی رەشی منت رەشتر کرد. خوداحافیز هاورێی دێرین، ئەی عەزیزی عەزیزم، هیچ کات لەبیرت ناکەم.

مەلا مستەفای بارزانی و حەمەڕەزا شا

دوای ئەو کارەساتە ناخۆشە بڕیارمدا بچمە مۆسکۆ. بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک سەفەرەکەم دواکەوت بۆ ئەوەی دیدارێک لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانیدا بکەم و لە نزیکەوە لەگەڵی ئاشنا بم، بۆیە هەرچی زووتر پەلەم لە سەفەرەکەم کرد. مەلا مستەفای بارزانی دوای ئەوەی سنوورەکانی ئێران و عێراق و تورکیەی بڕین، لەگەڵ هێزی هەر سێ وڵات لە بەهاری ١٩٤٧ تووشی شەڕ و تێکهەڵچوون بوو، دوای ئەوەی زیانێکی زۆری بە هێزی بێگانەو جاشە خۆفرۆشەکان گەیاند، بە پێنجسەد پیاوی شەڕکەرەوە رووباری پڕ لە کەفوکوڵی ئاراسی بڕی و لە هەوایەکی ساردو کەسیرەدا گەیشتە وڵاتی سۆسیالیستی و پەنای بۆ برد.

لە سنووری سۆڤیەتی ئازەربایجانی باکوور دەروازەکان کرانەوە و پەردەی ئاسنین هەڵدرانەوە. مەلا مستەفا سەربەرزانەو سەرکەوتوانە لەچنگ جەللادانی هەرسێ دەوڵەوتی خۆفرۆش و زاڵم تێپەڕی، بەو ئومێدەی لەودیو سنووری بەهەشتی پان و بەرینی سۆسیالیستی جێگایەکی ئەمان پەیدابێ، تا لە هەمان کاتدا ئەوانەی ماندوو و، بریندار و فیداکارن، بحەسێنەوەو لە زانست و هونەر بەهرەمەند بن. بە ئاواتی ئازادی، بە ئومێدی بۆن و بەرامەی ئەو سفرە ئەفسانەییەدا هاتن و ئێستاش دەبێ لە بەهەشتی وادەلێدراوی سەرزەوی وڵاتی سۆڤیەت بە ئاواتە دێرینەکانیان بگەن. چەندین جار پێیانگوتبوون لە وڵاتی یەکیەتی سۆڤیەت یەکسانی تەواو هەیە و هەرکەسەو بەگوێرەی خۆی لە نیعمەتە زۆرەکانی کۆمۆنیزم بەهرەمەند دەبێ و لە هەمانکاتدا هەرکەسەو بە ئەندازەی توانای خۆی کاری دەبێ.

بارزانییەکان لە گوندو شارۆچکە برسی و داماوەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەت جێگیر بوون کە دوای جەنگی دوەمی جیهانی لەژێر باری گران و بێ ئەمانی هیتلەر کلۆڵ و قەتیس مابوون و لەسەر لێواری هەڵوەشانەوە بوون. کاری سۆسیالیستی و جیرەبەندی[٦٦] دەوڵەتی پرۆلیتاری، وادەوبەڵێنەکانی هەموویان بوونە بلقی سەرئاو.

---

[٦٦] جیرەبەندی: دابەشکردنی خۆراک و پێداویستی دیکە. کە لە دەورانی سۆڤیەت پیادە دەکرا.

حەقیقەتێکی تاڵ و کوشەندە باڵی بەسەر خەڵکیدا کێشابوو کە بەو ژیانە کولەمەرگی و ئەو هەموو کارە زۆرەوە رانەهاتبوون، بەرەبەرە خەریکبوو لەگەڵ ئەژدیهای ترسناک و دیکتاتۆریەتی خوێن رێژ بە حاڵەتی مەمرەمەژی رادەهاتن. بارزانی لە بارودۆخی پێشمەرگەکانی ئاگادار بوو، شەریکی هەموو خەم و کەسەرەکانیان بوو. کەواتە چارە چییە؟ سەرۆک کۆماری ئازەربایجان میرجەعفەر باقرۆفی سەرەڕۆ و جەللاد و سوێند خۆری ستالین لەپێشێلکردنی مافی گەلان و کەمە نەتەوەکانی ئازەربایجاندا دەستێکی باڵای هەبوو. ئەو هەتا نکۆڵی لە گەلی کورد دەکرد و تەواوی ئەو کوردانەی دانیشتووی ئازەربایجانی سۆڤیەت بوون، لەترسی باقرۆف ناچار بوون حاشا لە نەتەوەیی خۆیان بکەن. ئەوانەی تازەش دەهاتن لە ناسنامەدا لە جیاتی کورد بوون دەیاننووسی ئازەری. خۆ ئەگەر کەسێک نارەزایی دەربڕیبا ئەوە دەسگای (ئێم. گ. ب) و فەرمانگەی رەگەزنامەی تایبەت بە بێگانان هەر خوا دەیزانی تووشی چ دەردەسەرییەکیان دەکردی.

هەموو ئەو کوردانەی دانیشتووی قەرەباغ و لاچین و خانکەندی و کەلبجار دوورخرابوونەوە دەستییان لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان هەڵگرتبوو. سەرۆک هۆزە کوردەکان لە چاڵە بەفرە کانی دەسگا دۆزەخیەکانی باقرۆفدا رەق هەڵدەهاتن. لەبەرئەوەی ژوورێکی تایبەتی چاوەڕوانی باقرۆف سەهۆڵبەندان بوو کە هەندێکیان دەبردنە ئەوێ بە بیانووی چاوپێکەوتن لەوێ دەیانهێشتنەوە تا رەق هەڵدەهاتن و بە دزیەوە لاشەکانیان دەشاردنەوە. باقرۆف عادەتی وابوو دژەکانی خۆی بەو شێوەیە لەناوبەرێ.

میرجەعفەر باقرۆف مەلا مستەفای بارزانی بۆ نانخواردنی شێوان بانگهێشتی یەکێک لە کۆشکەکانی دەکات کە دروستکراوی دەورانی پێشوو بوو لە نزیک ئازنەفت، ژمارەیەک خەڵکیش ئامادەییان دەبێت لەو بانگهێشتنەدا.

لەکاتی نانخواردندا بەبۆنەی پەنابەری مەلا مستەفا و ئامادەبوان باس و تاریف لە باقرۆف و قارەمانییەکانی بارزانییەکان دەکەن و هەمووی بە باقرۆف دەڵێن. ئەویش پێکەکەی هەڵدەداو دەیەوێ بە سەلامەتی بارزانی هەڵیبدا کە لەوکاتدا چ قارەمانیەتیەکی پێبڕاوە، بەڵام مەلا مستەفای بارزانی کە لەگەڵ حازریان لەسەرپێیان راوەستا بوو پەرداخە شەربەتەکەی لە جیاتی ئەوەی مەشروب هەڵگرت و رووی لە باقرۆف کردو گوتی: بەڕێز جەنابی سەرۆککۆمار من ئەو کاتە دڵخۆش و سەرمەست

دەبم لە ئەنجامی کار و خەباتی خۆم، کە خەباتکارەکانم لە برسێتی و نەداریدا لە ولاتی شوراکاندا رزگاریان بێ و لە ئۆردووگاکان و چاو سورکردنەوەی سیخورەکان لە ئەماندا بن.

بارزانی پەرداخەکەی لەسەر مێزەکە دانایەوەو نەیخواردەوە. باقرۆف ئەو هەڵسوکەوتەی بارزانی پێخۆش نەبوو، هەمان شەو تەلەفۆنی بۆ ستالین کرد و دوای چەند رۆژێک مەلا مستەفای بارزانییان لەگەڵ هەموو بارزانییە قارەمان و فیداکارەکان بە کەشتییەک دوورخستنەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست و ئۆردووگای کاری زۆرەملێ و لەوێ پەرتەوازەیان کردن. هەتا مەلا مستەفاشیان بۆ ئۆردووگایەکی بیابانی و رووت و قووتی ئاسیای ناوەڕاست دوور خستبووەوە کە لەوێ قورەکاری دەکرد و هەموو هەق و زەحمەتەکەی نان و پەنیرێکی دەرنەدەهێنا.

هێندەی پێنەچوو دوای مردنی ستالین باقرۆفیش زیندانی کراو ژەنەڕاڵ ئەتاکیشۆف و ژەنەڕاڵ یەمیلیانۆف لە دادگای سەربازی سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەچوو. بەهۆی ژنێکی رووسی ئەو کارەناڕەوایەی بەرامبەر مەلا مستەفای بارزانی خەباتکارەکانی کرابوو، بە گوێی مالینکۆف دەگات و ئەویش فەرمانی ئازاد کردنی بارزانی و پێشمەرگەکانی دەدات. مەلا مستەفای بارزانی بۆ مۆسکۆ بانگهێشت دەکرێ و ئاپارتمانێکی باشی لە ناوەندی مۆسکۆ لە شەقامی کراسنی پرسسکا دەدەنێ و ناوی خوازراوی مەمەدۆفی فەرمانگەی نیشتەجێکردن تۆمار دەکرێ. لەسەر پاکەتی نامەکان دەبوایە بنووسرێ مەمەدۆف، دراوسێکانی بە مەمەدۆف دەیانناسی. ساڵێک بەرلەوەی بچێتە مۆسکۆ دکتۆر مستەفا سەڵماسی لە باکۆ بۆماڵەکەی خۆی بانگهێشتی کردم، ماڵی خەزووری لە شەقامی سونسوا بوو. کاتێک چوومە ماڵەکەی کەسی لێنەبوو، دیتم دکتۆر ئەو کۆنە چاکەتەی زانکۆ کە بە پارەی دەوڵەتی ئێران دابوویانێ دەهاتەوە، چاکەتەکە ئاوەژوو دەکاتەوە و بە دەستدروو دەیەوێ چاکەتێکی جوان و مۆدێرنی لێ ساز بکات تا رەونەقێکی جوانتری هەبێت. لە هەمان کاتدا ئەو کارە گاڵتەجاڕیەو ئاگاداری من لە بارودۆخی هەژاری ماددی و مەعنەوی دکتۆرێکی نەشتەرگەری پسپۆڕ لەو ولاتە ترساندمی و وەئاگای هێنامەوە کە چارەنووسی دکتۆرێکی ئێرانی لە سۆڤیەت ببینە!

سەرنجمدا دکتۆر کووڕ بۆتەوەو لەژێر قەرەوێڵەکاندا بەدوای شتێکدا دەگەڕێ. گوتم دکتۆر ئەوە چیدەکەی؟ گوتی خەسووە شێتەکەم پەتاتەکانی ژماردوون و نیشانەی

کردوون و شاردوونیەوە تا کەس پێیان نەزانێ و دەستیان لێنەدا. گوتم ئێوە چەند کەسن؟ گوتی من و خاتوو دکتۆری خێزانم ئەرینا نیکۆلایۆنا و خەزوور و خەسووم. مستەفا دوای گەڕانێکی زۆر لە ژێر یەکێک لە قەرەوێڵە کۆنەکاندا سندوقۆکەیەکی دەرهێنا هەندێک پەتاتەو پیازی تێدا بوو. دکتۆر بە پارێزەوە پەتاتەکانی جیاکردنەوە و لەسەرخۆ لە شوێنی خۆی دانانەوە نەکا خەسووی پێبزانێ خوانەکردە جەنابی دکتۆر مستەفا دەستی دابنێ و میوانێکی هێنابێتەوە. بەکورتی بە ترسولەرز هەندێک پەتاتە و رۆنی هێناو خێرا سووری کردنەوە، قاپەکانمان شووشتن و وشکمان کردنەوە و لەجێی خۆی دامان نانەوە و هەناسەیەکی ئاسوودەمان هەڵکێشا. لە ماڵی خەسووی دکتۆر مستەفا وەدەرکەوتم کە بنەماڵەیەکی دوورەگەی رووسی و یەهوودی بوون. دکتۆر مستەفا چەند مانگێک بو بە هاوکاری جەنابی مەلا مستەفای بارزانی چووبووە مۆسکۆ، خانووی وەرگرتبوو لەگەڵ ژنەکەی و منداڵە ساواکەی دەژیان و لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی مۆسکۆ خەریکی کار بوو.
دکتۆر مستەفا ئادرەسی ماڵەکەی بۆ ناردبووم و بانگهێشتی کردبووم بۆ مۆسکۆ، کاتێک بۆ یەکەمینجار چوومە مۆسکۆ ماڵەکەیم دیتەوە. هاوسەرەکەشی بەهۆی بارزانییەوە کە رێزێکی زۆری لێدەگیرا، کارێکی دەستکەوتبوو. چونکە لە مۆسکۆ ماڵ دانان و خانوو گرتن هەموو کەسێک دەرەقەتی نەدەهات. ئەو شەوە لە ماڵە یەک ژوورەکەی دکتۆر مستەفا میوان بووم، پێشوازییەکی گەرمیان لێکردم. لەگەڵ هاوسەری دکتۆر بووینە ئاشناو کوڕە کەیانم ماچ کرد کە ناوی ژیان بوو.
بۆ بەیانی لەگەڵ دکتۆر چووینە دیدەنی بەرێز مەلا مستەفای بارزانی. کاتێک گەیشتینە باڵەخانەکە تەماشامکرد خەڵێکی زۆر لە دەوری ژەنەڕاڵی هەڵوەدا بەناوی خوازراوی مەمەدۆف (جەنابی بارزانی) کۆبوونەتەوەو سەرگەرمی قسانن. بارزانی لە دکتۆری پرسی ئەوە قادرە؟ گوتی بەڵێ مامەگیان. بارزانی منی نەدیتبوو خۆ ئەگەر لە مەهابادیش لەناو قوتابییەکاندا منی دیبێ لەوانەیە لەبیری چووبێتەوە.
رووی لە دکتۆر کردو گوتی عەزیز هاوڕێی زیندانی ئەو بوو، کە خۆی خنکاندووە؟ دکتۆر گوتی بەڵێ. بارزانی زۆر نیگەران بوو پێچی دەخوارد. دیاربوو پێشتر بابەتی زیندانی من و عەزیزی بیستبوو. لەبەرئەوەی بۆخۆیشی لە زیندان و ئۆردووگا بوو، بارودۆخی ئێمەی هەستپێدەکرد. بارزانی بە بزەیەکی تاڵ و قەڵافەتێکی خەمگین تەماشای کردم و دەیویست حاڵەتی پەرێشانی و دەروونیم بڕەوێنێتەوە و بزەم بخاتە

سەرلێوان. پرسی کوردی؟ گوتم بەڵێ، ئێرانیم و خەڵکی مەهابادم. جەنابی بارزانی بە روویەکی خۆشەوە گوتی (لەزین) دەزانی، لە وشەی لەزین حاڵی نەبووم، راوەستام و بێدەنگ بووم بەسەرسوڕمانەوە تەماشام دەکرد. لە پەنا خۆی کابرایەکی بەتەمەن بە قەڵافەتێکی فەیلەسوفانە و قژ ماشوبرنجێ بە لەهجەی کوردی باکوور گوتی باوە لەزین یانی شایی. بارزانی گوتی ئەوە قەناتی کۆردۆیە ئەوە بۆی شیکردیەوە، ئێستا ئەگەر کوردبی دەبێ شایی باش بزانی! گوتم جەنابی بارزانی ئەگەر کوردایەتی بە هەڵپەڕین مەیسەردەبێ تا بەیانی هەڵدەپەڕم. هەموو دایانە قاقای پێکەنین و خەم و کەسەر لەسەر رووخساریان نەماو بزە کەوتە سەرلێوانیان. بارزانی گوتی قادر وەرە لەلای من دانیشە. لەنێوان مامۆستا قەناتی کۆردۆ و بارزانی، لەسەر کورسییەک دانیشتم. بارزانی زۆر دڵنەوایی کردم و زۆریش خەمی عەزیزی هاوڕێمی هەبوو. گوتی ئەگەر عەزیز حەزی نەدەکرد لە قوتابخانەی بەشی سیاسی بخوێنێ بۆ دەیاننارده ئەوێ، ئەوەیان کرد بۆ ئەوەی پارەیەکی زیاتر وەربگرن، هەڵەیەکی گەورە بووە. وەک من بیستوومە عەزیز کوڕێکی بەتوانا بوو دەتوانرا سوودی زۆر باشی لێوەربگرن و بۆ نەتەوەی ئێمەش سوود مەند بێت بەداخەوە. ئەو کارە ناشایستانە هەمووی لەبن سەری رەحیمی دان، چونکە بۆخۆی بەو رێگایەدا رۆیشتووە دەیەوێ ئەوانیدیکەش وەدوای خۆی بدات و بەدبەختییان بکات. گوتی ناکا تۆش چووبیتە ناو ئەو قوتابخانە سیاسیە! گوتم نەخێر جەنابی بارزانی من لەو سیاسەتە بێزارم و ئەو تاڵاوەشم چەشتووە کە نەدەبوو خواردبامەوە.

هەناسەیەکم هەڵکێشاو چاوم پڕ بوون لە فرمێسک. بارزانی دەستی لەسەر شانیدانام و گوتی خەم مەخۆ ئیشاڵڵا هەموو شتێک باش دەبێ. ئینجا باسی ئەو سەرگوزەشتە ناخۆش و پڕ لە حەماسەی گێڕایەوە و گوتی: دەمزانی قازی محەمەد تەسلیم دەبێ لە سێدارەی دەدەن. کاتێک لە مەڵبەندی مەهەباد دەمویست بەرەو عێراق پاشەکشە بکەین چوومە لای جەنابی قازی. ئەو لە دادگا بوو کۆمەڵێکیشی لە دەورە بوون، پێشنیارم پێکرد وەرە تا لەو تەنگانەیە دەربازبین من و هەموو پێشمەرگەکانم پارێزگاریت لێدەکەین و تۆشمان وەکو رێبەر قبووڵە، شێخ ئەحمەدی برام فەرمانی پێکردووم لەو مەڵبەندە دەربازت بکەم. بەڵام قازی محەمەد گوتی: جەنابی بارزانی من لەگەڵ ئەو خەڵکەم و تا دوا هەناسەش دەستییان لێهەڵناگرم. ئەگەر ئێستا لەگەڵت بێم دەڵێن کاتێک گوڕەپانی لێ تەنگ کرایەوە لەگەڵ عێراقییەکان هەڵات، هەزار نەفرەتم

لێدەکەن. ئەگەر لە مەهاباد بچمەدەر کارەساتی گەورەتر لەلایەن هۆزەکانەوە کە چەکدارن تووشی خەڵکی مەهاباد دێت، ئاگر لە شاری بەردەدەن و کوشتوکوشتار دەکەن دەوڵەتی ناوەندیش پشتیوانییان لێدەکات و گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکردوون، خەڵکی خراپ دەستدرێژی دەکەنە سەر نامووس و ماڵی خەڵک و شارەکە تاڵان دەکەن. با من ببمە فیدای ئەو خەڵکە.

بارزانی گوتی دوایی بیستمەوە لە دادگا رووکەشەکەی شاهەنشاهی قازی محەمەد هەموو گوناهو تاوانەکەی خستبووە ئەستۆی خۆی بۆ ئەوەی ئەوانەی لە کۆماری کوردستاندا بەشدار بوون هیچ رۆڵێکیان نەبووە و هەمووی بە فەرمانی من بووە، کە ئەو بزووتنەوە سیاسییە دامەزراوە. ئەوەش هەموو قارەمانێتی و لە خۆبوردوویی ئەو مرۆڤە گەورەیە نیشاندەدات. خودا لێی خۆشبێ.

بارزانی گوتی کاتێک ئێمە لە نەغەدە بووین و خۆمان ئامادە دەکرد دوا گورز لە هێزی دەوڵەتی و جاشە خۆفرۆشەکان بدەین، لە تارانەوە نوێنەری شا هات و گوتیان شا بۆ تارانی بانگهێشت کردووی، بۆ مەبەستی ئاشتی، تا بچم لەگەڵ شا دانوستان بکەم و هەر داوایەکی هەمبێ جێبەجێی بکات. مەڵبەندی ئازەربایجانی رۆژهەلات و رۆژئاوا دووچاری کێشەو ململانێ و کوشتارێکی زۆر ببووەوە، بەتایبەت لە شارەکانی تەورێز و ورمێ و ئەردەبیل و میانە و مەراغە و میاندواو و، شارەکانی دیکەش. چەتەو رێگر هەڵیاندەکوتایە سەر بازاڕ و کۆنە رقیان لێک دەردەکرد و بە بیانووی جۆراوجۆر خەڵکیان تاڵان دەکردو دەستدرێژیان دەکردە سەر نامووسی خەڵک، بەناوی لایەنگری لە شا چ تاوانێکیان نەدەکرد. دەستدرێژیان دەکردە سەر ژنان و پیاوانیان لە ژێر ئۆتۆمبێلدا دەپلیشاندنەوە و سەری منداڵی بێگوناهیان دەبڕی. مەمکی دایکانیان دەبڕین و ماڵ و دوکانیان دەبڕین، ئەوانەو زۆر شتی ناخۆشتریشمان دەبیستنەوە.

ئەو بانگهێشتنەی (شا)ش ئێمەی زیاتر وە شکوگومان دەخست کە نەکا کوڕی رەزاخان تەڵەیەکی بۆ من و هەموو پێشمەرگەکانم نابێتەوە. لەگەڵ سەرانی هۆز و ئەفسەرانی پلەباڵای عێراقی و براگەورەم شێخ ئەحمەد و ئەنجوومەنی جەنگی و بەرژەوەندی گەل کۆبوونەوەیەکمان ساز کرد. لە ئەنجامدا بڕیاردرا من و چەند ئەفسەرێکی عێراقی بچینە تاران و لە نزیکەوە لەگەڵ شا گفتوگۆ بکەین تا پێش بەو خوێنڕشتنە بگیرێ.

لەو دانیشتنەدا کاتێک جەنابی بارزانی ئەو قسە مێژووییانەی دەکرد بێجگە لە جەنابی قەناتی کۆردۆ میرحاج و چەند کەسێکی دیکەشی لێبوون کە من نەمدەناسین. بارزانی درێژەی بە قسەکانیدا و دەیویست تێمبگەیەنێ کە پیاو دەبێ مەردی رۆژی تەنگانەی بێ.

گوتی: من و سێ کەس لە هاورێیانم لەگەڵ چوار کەس لە کەسانی سیاسی و ئەفسەری پلەباڵای شا چووینە تاران. کاتێک گەیشتینە تاران بردیانینە ئوتێلێکی دوورەدەست. پاسەوانی نهێنی و ئاشکرایان دانا بوون و ئێمەیان خستبووە ژێر چاودێری، ئێمەش بێئەوەی وەسەرخۆمان بێنین وامان نیشاندەدا کە ئاگامان لە هەڵسوکەوتەکانیانە و خەریکی کاری ئاسایی خۆمانین. سێ رۆژ چاوەڕوان بووین، رۆژی چوارەم پێیانڕاگەیاندم کە شا لە سەعات چواری دوانیوەڕۆ چاوی پێتدەکەوێ. من پێموابوو ئەو کەسانەش کە لەگەڵمدان ئەوانیش دێن، بەڵام ئەفسەری پاسەوان یانی سکرتێری شا پێیگوتم شاهەنشا دەیەوێ بە تەنیا بتبینێ و قسەت لەگەڵ بکات. بۆیە لە سەعاتی دیاریکراو بە ئۆتۆمبێلێکی ئەمریکایی و دوو پاسەوان بردیانم بۆ کۆشکی سەعدئاباد، لەوێش سەرلەشکر ئەحمەدی پرسی چەکت پێیە؟ گوتم کاتێک لە کوردستانەوە هاتووم چەکەکەم داوەتە پێشمەرگەکانم. من بۆ گفتوگۆ هاتووم، چەکم بۆ چییە؟ سەرلەشکر بزەیەکی دەستکردی هاتێ و گوتی: کاتێک چوویتە حزووری شا دەبێ کڕنۆش بەری و ئاواو ئاوا بکەی! لە وەڵامدا گوتم ئێمە عادەتمان نییە کڕنۆش بەرین. کڕنۆش بردن تەنیا بۆ خودایە. سکرتێر رەنگی بەڕوانەوە نەمابوو کە زەنگی ئامادەبوون لێیدا. گوتی فەرموو. کاتێک چوومە ژوورە گەورەکە لە گۆشەیەک مێزو کورسی گرانبەها دانرا بوون، لەو لاترەوە دەرگایەک کرایەوە شا وەژوور کەوت، تۆقەی لەگەڵ کردم دوو پاسەوانیش بەدوای ئەودا دەهاتن بە ئاماژە پێیاندەگوتم کڕنۆش بەرە، منیش نەمدەتوانی ئەو کارە بکەم بۆیە بۆخۆیان کڕنۆشیان برد تا منیش وا بکەم. بەڵام دەتگوت من لە دنیایەکی دیکەدام و ئاگام لە شا و دەوروبەرەکەی نییە. شا تێگەیشت خۆناچەمێنمەوە، بۆیە بە ئاماژە پێیگوتم فەرموو دانیشە.

لەسەر کورسییەک دانیشتم جگەرەی بۆ راداشتم، گوتم جگەرە ناکێشم. شا لە هەواڵی پرسیم و گوتی: وەرن چەکەکانتان رادەستی سوپا بکەن منیش زەوی و کێڵگەو کەلوپەلی ژیانتان دەدەمێ. ئێمە یەک گەل و یەک نەژادین، فریوی رووسەکان مەخۆن.

ئەوان درۆتان لەگەڵ دەکەن، قازی محەمەدیش خەتایەکی گەورەی کرد دەوڵەتی لەسەر قسەی رووسەکان دامەزراند. دیتت فیرقەچی و پیشەوەری و غولام یەحیا و داروودەستەکەیان چۆن هەڵاتن. بارزانی گوتی منیش گوتم بەڵێ زۆربەی ئەوانە لە شارەکانی ئێران کوژران و دەستدرێژیشیان کردە سەر ماڵ و نامووسی خەڵکی بێتاوان. هەروەها بارزانی گوتی: بە فارسی قسەم لەگەڵ شا دەکرد و هەندێ وشەی عەرەبیشم بەکاردێنا، کە شا باش تێیدەگەیشت جارجار بە عەرەبیش قسەی لەگەڵ دەکردم. بەکورتی دوای بەڵێنێکی زۆر شا پێیگوتم تۆ دەگەڕێیتەوە، چەکەکانتان رادەستی سوپا بکەن، ئێمەش خواردن و پێتاکمان بۆ ناردوون و ئێستا لە رێگادان، بەمزوانە بەدەستتان دەگات. شا گوتی دەزانم لە تەنگانەو نەبوونیدان ئێمە کێشەکانتان چارەسەر دەکەین. لە دەوروبەری هەمەدان شوێنی باشتان دەدەینێ کە لە کوردستانی خۆتان باشتر بێت. بارزانی گوتی بە بزەیەکی گاڵتەئامێز بە شام گوت: ئایا شتێک هەیە لە نیشتمانی ئازیز باشتر بێت؟ بەکورتی دوای ئەو قسانە قەراربوو راوەستن تا پرسوڕاوێژ دەکەین و وەڵامێکی یەکلاکەرەوەیان لەماوەی دوو رۆژان دەدەینەوە. بارزانی گوتی: کاتێک گەڕامەوە ئوتێل و لەگەڵ برادەران پێشنیارەکەی شام لەگەڵ باسکردن، ئێمە کەوتبووینە دوڕیانێک یان دەبێ چەکەکانمان رادەست بکەین و خۆمان تەسلیمی دەوڵەتی شا بکەین، (شا)ش بمانکاتە قوربانی خواستە ناجوامێرەکانی خۆی. خۆ ئەگەر بڵێین چەکەکانمان رادەست ناکەین ئەوا لە زیندانەکانی تاران زیندانیمان دەکاو کەسیش بە هاوارمانەوە نایەت. یەکیەتی سۆڤیەتیش هیچی لەدەست نایە و بە ئاواتی نەوتی باکوور خەونی حوشتر دەبینێ. ئەمریکاو بەریتانیاش کە بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵن خوازیاری لەناوبردنی ئێمەن.

دوای پرسوڕاوێژی نیوسەعاتە بڕیارماندا وەڵاممان ئاوابێت: بەڵێ هەم چەکەکانمان رادەست دەکەین، هەم ئاڵای ئێرانیش لەسەربانی شارەوانی نەغەدە هەڵدەدەین بە مەرجی ئەوەی کە دەبێ لەگەڵ شێخ ئەحمەدی برام کە سەرۆکی هۆزە پرسوڕاوێژی پێبکەم و بۆ ئەو مەبەستە رازی بکەم. بۆ ئەو پێشنیارە دوو مەبەستم هەبوو، یەکیان دەربازبوون لەو داوەی شاو دووەم گەیشتنەوەم بۆلای هاوخەباتەکانم لە نەغەدەو هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناوچەکە.

دوای پێنج رۆژ مانەوە و نیگەرانی، شا بەو زەمانەتەی کە هەم چەکەکانمان رادەست بکەین و هەم ئاڵای ئێرانیش هەڵبدەین، بە سەربازەوە ناردینیەوە بۆ نەغەدە. دوو

عەقید و نەقیبێکمان لەگەڵ بوون بۆ نەغەدە، ئەوانم لەگەڵ خۆم بردنە لای شێخ ئەحمەدی برام بۆ گفتوگۆ کردن. بڕیار درا ئەوەی لەسەری ڕێککەوتووین جێبەجی بکرێ. بۆیە لەگەڵ نوێنەرەکانی شا چووینە سەربانی شارەوانی، نوێنەری سەرلەشکر هومایونیش هاتبوو. چەند پێشمەرگەیەکی چەکداریشمان لەگەڵ بوون. کاتێک گەیشتینە سەربانی شارەوانی یەکێک لە ئەفسەرەکانی شا ئاڵای ئێرانی وێدام تا بەپێی بەڵێنەکەی دابووم بۆخۆم ئاڵاکە هەڵبدەم. پاشان تفەنگێکم لە پێشمەرگەیەکی بارزانی وەرگرت، دامە نوێنەری شا. گوتم ئەوە چەک و ئەوەش ئاڵا، ئەوەی بەڵێنم دابوو ئەنجامم‌دا. ئەوە لەگەڵ شا لێکمان دەرکرد. بارزانییەکەی دیکە چەکەکەی وەرگرتەوە و ئاڵاکەشمان هێنایەوە خوارێ. هەروەها بە نوێنەری (شا)شم گوت ئاگادارین تا ئێمە ناوچەکە چۆڵ دەکەین هیچ کارێکی نابەجێ نەکەن و دەبێ ئازووقەکەشمان بۆ بنێرن ئێمە دەڕۆین.

نوێنەرەکانی شا گەڕانەوە، ئێمەش بەرەو سنووری عێراق وەڕێکەوتین. کۆمەڵێک لە سەرۆک هۆزە خۆفرۆشەکان ڕێگایان لە هێزەکانی ئێمە گرتبوو، دەیانویست زەربەمان لێبدەن و تاوانەکانی شا بەو کارە ناجوامێرانەیان قەرەبوو بکەنەوە، بەڵام قارەمانەکانی ئێمە وشیارانەو لە کاتی خۆیدا وەڵامێکی ددانشکێنیان دانەوە و بەسزای گەلیان گەیاندن و رەوانەی دۆزەخیان کردن.

شێوازی شەڕ و پاشەکشەمان بە تاکتیکی پارتیزانی بوو. ژن و منداڵەکانمان لەگەڵ شێخ ئەحمەدی براگەورەم تا ناو خاکی عێراق ناردنەوەو چەند ئەفسەرێکی عێراقیشیان لەگەڵ بوون کە خۆیان تەسلیمی سوپای عێراق کردەوە. ئەفسەرە گەڕاوەکان دوای ماوەیەکی کەم لە سێدارە دران، شێخ ئەحمەد و ژن و منداڵە بارزانییەکانیان لە دۆخێکی دژواردا دوورخستنەوە. ئێمەش لە حاڵی شەڕ و پاشەکشەدا بە ناو سنووری عێراق و تورکیاو ئێراندا ڕۆیشتین لەکاتێکدا لەگەڵ سێ هێزی پڕ چەکی سێ دەوڵەتدا ئەو مەودایەمان بڕی گەیشتینە سنووری سۆڤیەت. بێ زیان لە رووباری ئاراس پەڕینەوە.

چەند مانگێک لە سۆڤیەت پێشوازییان لێکردین ئەویش لە وەزعێکی خەفەتبار. هەوەک دەزانی باقرۆف ناجوامێرانە ئێمەی بۆ ئاسیای ناوەڕاست دوور خستەوە و لە ئۆردووگا زۆرەملێکاندا ناچاریان کردین کاری زۆرەملێ بکەین بە خواردنێکی مەمرەمەژی، تا مردنی ستالین چەند ساڵێک لە دۆخێکی نالەباردا بووین لەو مەڵبەندە

وشکارۆ و بیابانە رووتەنەدا بەسەرمان برد. چەند کەسێکی ئێمەیان لە گوند و وێستگەکانی شار جێکردنەوە و کاری تاقەتپڕوکێنیان پێدەکردن. بێئاگا لەوەی خەباتکارانی ئێمە بەردەوام پەیوەندییان پێکەوە هەبوو لەگەڵ ئەو دۆخە ناهەموارەشدا راهاتن وماڵیان پێکەوەناو ژنیان هێنا، درێژەیان بە خوێندن دا، ئینجا ئاماژەی بۆ من کردو فەرمووی پێتوانەبێ هەر ئەتۆ رەنج و کوێرەوەریت دیوە و ستەمیان لێکردووی. ئینجا باسی ژیان و ماڵ و منداڵەکەی کردم کە لە ئێران دەژیان. مامۆستا قەناتی کۆردۆ هەمووی یادداشت دەکردن. باسی هەموو ژیانی خۆم بۆ کرد هەر لە زیندان و گەڕانەوەم لەگەڵ عەزیز بۆ یەکیەتی سۆڤیەت، زۆر نیگەران بوو، دەستی لە ملی وەرێنام و ناوچەوانی ماچکردم و گوتی: کوڕی خۆم نیگەران مەبە خودا کەریمە من لەگەڵ بەرپرسانی سۆڤیەت باسی ژن و منداڵەکەت دەکەم تا بزانین چ رێگا چارەکەمان دەستدەکەوێ و لەو خەم و نیگەرانیەت رزگار بکەین. تۆ ئێستا خەریکی درێژەدان بە خوێندنبە دڵنیام سەرکەوتوو دەبی. بۆ هێنانی ژن و منداڵەکانیشت بزانین چیمان پێدەکرێ. هەتا لە عێراقیش بە کەسانی خۆم دەڵێم بەڵکو لە ئێرانەوە بێن-و لە رێگای عێراق و بە هەر رێگایەک کە دەکرێ رەوانەی مۆسکۆیان بکەن، یان لە رێگای سەفارەتخانەی سۆڤیەتەوە لە هەر وەلاتێکدا بێ، بەڵکو کارێکمان پێبکرێ.

منیش بەو هیوایەی رۆژێک بەدیداری ژن و دوو منداڵە جگەرگۆشەکانم دەگەمەوە زۆر دڵخۆشبووم، بڕوام بە بەڵێنی مەردانەی مەلا مستەفای بارزانی هەبوو، ئەوەش هێزێکی گەورەی بە دڵم بەخشی بۆ ئەوەی زیاتر هەوڵوکۆشش بکەم. کاتێک لە ماڵی بارزانی وەدەردەکەوتم پێیگوتم ئەو قسەوباسانە لەلای کەس باس مەکە، لەبەرئەوەی ئەوە تەنیا لە نێوان و من و تۆ و قەناتی کۆردۆیە کە یادداشتی کردوون. بارزانی گوتی: من لە رێگاو کاناڵی گونجاو هەوڵی خۆم دەدەم. نەمدەزانی مەبەستی لە رێگاو کاناڵی گونجاو چییە؟ و لە رێگای گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە گرنگە بێئاگا بووم. بۆیە هیچ چارەیەکم نەبوو کە ماڵئاوایی لە جەنابی بارزانی بکەم و بەرەو باکۆ بگەڕێمەوە.

گەڕانەوە بۆ پیشەی مامۆستایەتی

بە شەمەندەفەر گەڕامەوە بۆ باکۆ و چوومەوە شوێنی پێشووترم لە قووبا. لەو بارەیەوە قسەم لەگەڵ کەس نەکرد. کاتێک گەیشتمەوە قووبا تەماشامکرد لە بەردەگا چۆڵەکەم کە هێشتا کەلوپەلەکەم لەوێدا بوون سەگێکی گورگی کە پێیان دەگوتن سەگی ئیفچیارکا، لەوێ بەسترابۆوە.

هەرکە چاوی پێکەوتم راماڵی بۆ هێنام و دەیویست بمگرێ، بەڵام لەبەر زنجیرەکەی ملی نەیدەتوانی بمگاتێ، ئەو کارەش پێشتر بەرنامەڕێژی بۆ کرابوو، لەلایەن خاتوو نەزیرەوە. منی بەدبەخت و بێچارە لەملاو لەولا تێماوم و بێ شوێن و سەرپەنایەک رووم کردە فەرمانگەی فیرقەچیەکان و چوومە لای کاک فەرەجی دەست گوشادەو داوام لێکرد بۆ ماوەیەک یارمەتیم بدەن، ئەویش تەلەفۆنی بۆ خاتوو نەزیرە کرد بۆ ماوەی هەفتەیەک ڕێگام بدەن بمێنمەوە و سەگەکەش لەبەردەرگا لاببەن تا بتوانم شوێن و پەنایەک دەبینمەوە.

لەو فکرو خەیاڵانەدا بووم لە شەقام پیاسەم دەکرد پۆلیسێک پێشی پێگرتم و گوتی ئەوە لەکوێ بووی وەرە لە فەرمانگە کاریان پێتە. کاتێک چوومە فەرمانگەی پۆلیس چاوم بە مولازم لەزگی تورەوتۆسن کەوت لە شوێنی خۆم وشک بووم نەمدەزانی چیبووەو بۆچی بانگیان کردووم. مولازم خەریکی نووسین بوو گوتی: هاوڕێ برۆ ژووری چاوەوەڕوانی دانیشە. یەکێک لە پۆلیسەکان دەرگای کردەوەو ڕێنوێنی کردم بۆ ژوورێ کە مێزێک و سێ کورسی لێبوون. لەسەر کورسییەک دانیشتم و چاوەڕوانی پێشهاتی نەخوازراوم دەکرد. لەناکاو کاپیتانێکی رووسی کەتەی زلەی کڵاو سەوز وەژوور کەوت. تۆقەی لەگەڵ کردم و گوتی من بابیۆف ساشام ئەو ئەرکەم پێسپێردراوە لە بارودۆخی تۆ بکۆڵمەوە و کارێکت بۆ بکەم. پاشان ئەفسەرێکی دیکەش هاتەژوور و لەسەر کورسییەکەی دیکە دانیشت، ئەو دەفتەرەی بە دەستییەوە بوو لێکی کردەوە. بەڕێز بابایۆف باسی ئەو شتانەی کرد کە بەسەر من و عەزیزی هاوڕێم هاتبوون، هەروەها هەڵسوکەوتی بەرپرسانی دەزگای

سیخوڕی (ئێم. گ. ب) بەر لە مردنی ستالین و ئەو ئۆردووگایانەی لێیان بوین. ئەو باسوخواسە چەند سەعاتێکی خایاند و هەموویان یادداشت کرد. ئینجا بە بزەیەکی ساختەوە گوتی هاوڕێ ببوورە هەڵەیەک لە کاری تۆدا هەبووە. تۆ زوڵمت لێکراوە و لە خۆڕا زیندانی کراوی ئەو دەسگایەی پێشێی بیریا و تۆیکای مۆسکۆ بووە. ئێستا ئێمە بۆمان دەرکەوتووە ئێوە دوژمنی یەکیەتی سۆڤیەت نین و بە نیازپاکییەوە هاتوونە ئێرە. مخابن درەنگ هەستمان بە نیگەرانیەکانی عەزیز کرد و کار لەکارترازابوو. لە مۆسکۆوە هەواڵمان بۆ هاتووە کارئاسانیت بۆ بکەین، ئینشائەڵلا لە ساڵی ئایندە لە تاقیکردنەوەی وزاری بەشدار دەبی و بە هەوڵوکۆششی خۆت ئومێد هەیە سەرکەوتوو بی.
دەربارەی ژن و منداڵەکانیشت بەشی دیبلۆماسی لەسەرخەتن هاوسەر و منداڵەکانت لە ڕێگای سەفارەتخانەی مۆسکۆ لە تاران پەیوەندی بکەن و ئەوانیش هاوکاریان دەبن.
سەرم لەو بەڵێنە بێ بنەمایانە دەرنەدەکرد و دڵم پێخۆش نەکردن. ئینجا پرسی: دەتەوێ چیبکەی؟ گوتم لە ئێران مامۆستا بووم و زمانی ئینگلیزیش دەزانم. گوتی زۆرباشە تا دوو سێ ڕۆژی دیکە بڕیار دەدەین چ کارێکت بۆ وەبینین. خواحافیزیم لێکردن و یەکسەر چوومە لای کاک فەرەج. گوتی پێشنیارم کردووە ببیتە بەڕێوەبەری یەکێک لە پارکەکانی شاری قووبا، سەرپەرشتی پارک و کرێکارەکان بکەی. ئەو کارەم زۆر پێخۆشبوو بەڵام دوایی دەرکەوت ئاغای دەست گوشادە ئەو کارەی داوەتە براکەی. لەو کارەش بێبەش کرام. سەرم لە هەموو ئەو جێگایانەدا کە کارێکیان لێ دەستدەکەوێ.
ڤاسیلۆنا چپریکۆی بەڕێوەبەری ژینگەناسی لە دواناوەندی ئەنتەرناسیۆنال زۆر هاوکاری کردم تا بکەمەوەسەرپێ، لەگەڵیدا مەسەلەی خاتوو نەزیرەم بۆ گێڕایەوە، پەنجەی خۆی گەست و سەری سوڕما. ئەو چەند ڕۆژەی لەوێ مامەوە ڕۆژانێکی تاڵ بوون لەگەڵ خاتوو نەزیرە. بەرەبەرە سەرما دەهات، دیسان لە میلیساوە بانگ کرامەوە، کاتێک چوومەوە ئەوێ بەڕێز ساشا بابایۆف بە ڕوویەکی خۆش و دەم بە خەندەوە گوتی تۆ دەبێ بچیتە باکۆ و سەردانی کۆلێژی زمانە بیانییەکان بکەی، ئەو نامەیەشیان بدەیە. فەرمان بە سەرۆکی ئەنیستیتۆ کراوە تاقیکردنەوەت لێوەربگرن،

کاتێک سەرکەوتووبووی بەڵگەنامەیەکی کاتیت دەدەنێ تا لە وەزارەتی پەروەردە وەرت بگرن و وەک مامۆستا لە شاری قووبا دەستبەکار دەبی.
نامەکەم وەرگرت، تەماشامکرد دیتم لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی ئازەربایجان بۆ ئەنیستیتۆی زمانە بیانییەکان لەسەر پاکەتی نامەکە نووسراوە و دەبێ لە بیستی ئۆکتۆبەری ١٩٥٤ سەعات دەی بەیانی بۆ تاقیکردنەوە ئامادەبم. دوای خواحافیزی لە بابایۆف ئێوارەکەی بە سواری شەمەندەفەر بەرەو باکۆ وەڕێکەوتم.

چوونم بۆ کۆلێژی زمانەبیانییەکان

بەیانی زوو بە نامەوە چوومە کۆلێژی زمانەبیانییەکان و نامەکەم لە پرسگەی سەرۆکی ئەنستتیۆ دانا. دوای نیوسەعات دوو خاتوونی بەتەمەنی مامۆستای زمان و سەرپەرشتیارێک کە ئەویش هەر ژن بوو هاتن و بردیانم بۆ ژوورێکی تایبەت و گوتیان لە پەنا ئەو تەختەڕەشە راوەستە. بۆ ماوەی نیوسەعات تاقیکردنەوەیان لە زمانی ئینگلیزی لێوەرگرتم بە نووسین و بە قسە، بە ئینگلیزی قسەم لەگەڵ دەکردن. پاشان ئەو دوو خاتوونە پێکەوە قسەیان کرد، ئینجا گوتیان لە ژوورێکی دیکە چاوەڕوانبە.

دوای سەعاتێک چاوەڕوانی نامەیەکیان دامێ کە بۆ وەزارەتی پەروەردەی ئازەربایجانی سۆڤیەت نووسرابوو، تا بیبەم بۆ لای وەزیر. هەمان رۆژ نامەکەم برد بۆ وەزارەتی پەروەردە نامەکەم دایە سکرتێری وەزیر. لە راڕەوەکە پیاسەم دەکرد کە بابایۆف پەیدابوو گوتی ها، هاوڕێ چیتکرد؟ گوتم وەڵلا تاقیکردنەوەیان لێوەرگرتووم، بەڵام ئەنجامەکەیان پێنەگوتووم. گوتی با بزانم چیبووە. بەسرتە قسەی لەگەڵ سکرتێرەکە کرد، سکرتێر لە شوێنی خۆی دەرپەڕی و دەرگای کردەوە، بابایۆفی بۆ ژووری وەزیر رێنوێنی کرد. دوای چەند ساتێک بۆ ژووری وەزیریان بانگ کردم.

کە چوومە ژووریێ چاوم بە وەزیر کەوت کابرایەکی بەخۆوە لە شوێنی خۆی دانیشتبوو، لەولاش هاوڕێ بابایۆف دانیشتبوو، کە لە قەڵافەتیڕا دیاربوو بەکەیفە و بزەی لەسەرلێوان بوو، تەماشای کردم و گوتی جەنابی وەزیر فەرمانیداوە داتبمەزرێنن. تاقیکردنەوەکەت زۆر سەرکەوتوانە ئەنجامداوە. وەزیر بە روویەکی خۆشەوە گوتی هاوڕێ پیرۆزبایت لێدەکەم کە هاتوویەتە بەشی پەروەردە. مامۆستاکان زۆرت لێ رازیبوون و نمرەی نایابیان داوە بەتۆ، هەر بۆیە لە شاری قووبا دادەمەزرێی، لە رۆژی دووشەممە سەردانی پەروەردەی قووبا بکە تا کارەکانت بۆ رایی بکەن و وەک مامۆستای زمانی ئینگلیزی دەستبەکاربیت.

هەمان ڕۆژ بەسواری شەمەندەفەر گەڕامەوە بۆ قووبا. تەماشام کرد دەرگای بەشەناوخۆیی داخراوە کارگوزارەکە نەیهێشت بچمە ژوور و گوتی: خاتوو نەزیرە گوتی کەلوپەلەکانت کۆکراونەتەوە و لە کۆگای بەشەناوخۆیین بەیانی دەتوانی وەریان بگریتەوە. لەو شارە غەریبەدا تاکو تەنیا مابوومەوە، ناچاربووم ڕوو لە ماڵی کاک ئیبراهیمی بابازادەی قاوەچی بکەم کە ئێرانییەکی سەخاوەت و خانەدان بوو. پێشتریش چەند جارێک لە گەڵ عەزیز بانگهێشتی کردبووین و دڵنەوایی کردبووین. بۆخۆی خەڵکی ئەردەبیل بوو هاوسەرەکەشی خەڵکی قووبا بوو، ژنێکی خواناس و میهرەبان بوو. بۆ نموونە من کە ناسنامەی کاتیم هەبوو لە ئوتێلە دەوڵەتییەکان وەریان نەدەگرتم، بۆیە ناچار بووم ئەو بنەماڵە بەڕێزە بەو نیوەشەوە وەخەبەربێنم. کاک ئیبراهیم دەرگای کردەوە بە بزەیەکی شیرین و چاوی خەواڵوو فەرمووی کردم. هاوسەرەکەی هەستاو بەخێرهاتنی کردم، پاشان نان و چایان بۆ هێنام. هەر لەکاتی نانخواردندا باسی خۆکوشتنەکەی عەزیزیش هاتەگۆڕێ باسەکەم بۆ دەگێڕانەوەو بەکوڵیش دەگریام. ئەوانیش وێڕای من دەگریان. سەعاتێک گریان.

لە ژوورەکەی تەنیشت جێوبانێکی خاوێنیان بۆ ڕاخستبووم. ئینجا چوومە گەرماوی ماڵێ و خۆم شووشت. ماندوێتی ڕێگاو ئازاری خاتوو نەزیرەم لە جەستەدا توانەوە و کەوتمە خەوێکی قووڵ. لە خەوندا چووبوومەوە بۆ ئێران و بەناو کوچەو کۆڵانەکانی مەهاباد دا دەگەڕام. لە دنیای خەونیشدا باوەڕم نەدەکرد ئەوە ڕاستبێ و هەر بە ڕاستی لە کۆڵان و شەقامەکانی مەهاباد دەگەڕێم، دەمویست بە نهێنی بچمەوە ماڵێ و بەدەوری ماڵێدا سووڕێک بدەم و سەرێک لە هاوسەر و منداڵەکانم بدەم کە لە شیرن خەودان، بە گەڕەکی ڕەزگەییاندا بێمە خوارێ تا گەیشتمە پەنا ماڵی سۆفی مینەی زەبیحی باوکی مامۆستا عەبدولڕەحمانی زەبیحی، تەماشای دیوارە سواخ دراوەکەم کرد چنگم لە دیواری گیر کرد هەندێک سواخم لێکردەوە و لەسەر دڵم دانا. خۆ ئەگەر خەونیش بێت هەرنەبێ یادگاریەکم لە نیشتیمان لەگەڵ خۆم هێناوەتەوە. لەو دڵە ڕاوکێیەدا لە خەو ڕاپەڕیم دەستم لەسەر دڵم دانا، بەڵام بەداخەوە هیچ گڵە سواخێکی دیواری ماڵی سۆفی مینەی مەهابادیم بە دەستەوە نەبوو، بەخۆم نەبوو فرمێسک بە چاوانمدا هاتنەخوار. هێندە شڵەژابووم دەلەرزیم. سپێدە ئەنگوتبوو، هەستام و کاک ئیبراهیم وەژوور کەوت و گوتی هاوڕێ تەواوی ئەو شەوە دەتبزرکاند و دەتناڵاند، چیبووە؟ بۆ وا نیگەرانی؟ چما دنیا خرابووە، خۆ ئەمن

نەمردووم! سەرم نەویکردو بە دوو دلۆپە فرمێسک وەک وەڵامێک بۆ هەست و سۆزی کاک ئیبراهیم و هاوسەرەکەی لە چاوانم هاتنەخوار. باوەشی پێداکردم و دیسان هەردووکمان گریان. گوتی سوێند بە خودا ئەوەی هەمە دەیخەمە بەرپێت، هەتا تاقانە منداڵەکەشم دەکەمە قوربانی تۆ.

ئەو قسەی کاک ئیبراهیمی غەوارە بەڵام پیاوانە زیاتر هانیدام خۆڕاگر بم. دەخۆم راخوڕی ئەی پیاو بۆ خۆت دەدۆڕێنی، پەوبە. دەماری تۆیان گرتووەو دەویانەوێ وەک عەزیزی بتڕووخێنن. تۆ دوو منداڵ و ژنێک چاوەڕوانت دەکەن. پیاوبە. دوای ئەوە وەخۆ هاتمەوە و خۆم دۆزیەوە. یەکسەر چوومە کۆگای بەشەناوخۆیی و کەلوپەلەکانم هەڵگرتن کە بە زۆری کتێب و جلوبەرگی شڕەو کەوچک و قاپ بوون، یەکسەر بردنمە قاوەخانەی کاک ئیبراهیم و لە گۆشەیەکم دانان و بەدوای ژوورێکدا دەگەڕام، بۆیە چوومە لای هەمان مامۆستای میهرەبان. ئەگەر چووم لە ماڵ بوو بابەتەکەم بۆ باسکرد، هەرچەندە بۆ نیوەڕۆش بانگهێشتی کردم، بەڵام کوا کاتی نانخواردن بوو. دەبوو بەدوای ژوورێکدا گەڕابام. پێکەوە تا ئێواریَ بە شەقام و کۆڵانەکانی شاردا گەڕاین، بە رێنوێنی خەڵکی قووبا لە قەراخ شار ژوورێکی شێدارمان دیتەوە کە لە ژێرزەمینێکدا بوو، گوتیان ژوورێکی پاکوخاوێن و بێکێشەیە. هیچ چارەیەکم نەبوو مانگانە بە پازدە رۆبڵ بەکرێم گرت. ژوورەکە شێدار و تاریک بوو دەتگوت ئەشکەوتە. ئەو ژوورە قەرەوێڵەیەکی کۆنی ئاسن و مێزێک و دوو کورسی تێدا بوون. هەمان شەو بە هاوکاری خاتوو رەئیسا ڤاسیلۆناو کاک ئیبراهیم لە هەر ماڵە ئاشنایەک لێفەیەک یان دۆشەکێک یان سەرینێکیان کۆکردنەوەو بۆیان هێنام. خەڵکانی خێرخواز ماڵێکیان بۆ پێکەوەنام. ئەو کەوێڵە هەژارانەیەم پێخۆشبوو.

ئەو شەوە لە سەعات دووی نیوەشەو خەوێکی ناخۆشم لێکەوت. بێخەبەر لە هەموو شتێک. بەیانی کاتێک وەخەبەر هاتم تەماشام کرد لێفەو دۆشەکەکەم تەڕ بوون هەوای ژووریَ خنکێنەر بوو. بۆیە دەبوو پەنجەرە بچووکەکەی روو لە حەساریَ بکەمەوە، هەرچەندە هەتاو لێیەوە نەدەهاتە ژوور، بەڵام هەواکەی دەگۆڕی و تا رادەیەک باشتر بوو.

بۆ بەیانی کە چوومە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە تەماشام کرد رەئیسیا ڤاسیلۆنا لەوێیەو چاوەڕێمە، بە خۆشحاڵییەوە گوتی فەرمانەکەت گەڕاوەتەوە ئێستا بەڕێوەبەری پەروەردە دەیەوێ قسەت لەگەڵ بکات. پێکەوە چووینە ژووری

بەڕێوەبەر. کابرایەکی کورتەباڵای نزیکەی چل ساڵێک دەبوو بە میهرەبانییەوە پێشوازی لێکردم و تۆقەی لەگەڵ کردم، گوتی هاوڕێ بۆ پەیوەست بوونت بە بەشی پیرۆزی مامۆستایەتی بە گەرمی پیرۆزبایت لێدەکەم لە شاری قوبا شوێنی بەتاڵی مامۆستای ئینگلیزیمان نەبوو، تەنیا باشترین شوێن بۆ تۆ لە شەش کیلۆمەتری شار و لە شارەدێی ئامسارە، دواناوەندییەکی لێیەو کۆمەڵێک مامۆستای خاوەن ئەزموونی لێن کە جێگایەک هەیەو دوو مانگە مامۆستای زمانی ئەڵمانی نەگەڕاوەتەوە و مامۆستای زمانی بیانییەکانی لێنییە. بۆیە جەنابتم پێشنیار کردووە بچیتە ئەوێ، بەو نامەیە خۆت بە بەڕێوەبەری دواناوەندی ئامسار بناسێنی تا کارەکەت بۆ رایی بکات.

خاتوو رەئیسیا بە سەر ئاماژەی بۆ کردم رازیبم، منیش رەزامەندیم دەربڕی. بەڕێز بەڕێوەبەری پەروەردە تۆقەیەکی گەرمی لەگەڵ کردم و دوایی نامەیەکی نووسی و وێیدام. ئیدی هەستم بە دڵنەواییەک دەکرد و دەبوومە خاوەنی کارێکی ئابڕوومەدانە، پیشەی مامۆستاییم لە ئێران دەستپێکردبوو ئەوە لە یەکیەتی سۆڤیەتیش درێژەی پێدەدەم. بۆ نانی شێوان داوەتی ماڵی رەئیسیا بووم، لەوێ لەگەڵ خاتوو والیای خوشکی یەکتریمان ناسی. بەڕێکەوت دایکیشی کە لە یەکێک لە گوندەکانی دەوروبەری قووبا دەژیا، ئەویش لەوێ بوو. ئەو ژنە میهرەبانە زۆر دڵی دامەوە و ورەی وەبەرنام نموونەی بۆ دەگێڕامەوە تا خەم و کەسەرم لە دڵدا نەمێنێ.

بۆ بەیانی بەسواری پاسی بەینی گوندەکان چوومە گوندی ئامسار و یەکسەر چوومە قوتابخانە. کارگوزاری قوتابخانە لەگەڵم هات بۆ ژووری بەڕێوەبەر. بەڕێوەبەری قوتابخانە کابرایەکی بە تەمەنی داڵەگۆشت بوو نزیکەی پەنجا ساڵێک دەبوو. کابرایەکی میهرەبان و میواندۆست و کەسێکی زاناو تێگەیشتوو بوو. باوەشی بۆ کردمەوە، لە کاتی زەنگی پشوو بە هەموو مامۆستاکانی ناساندم. لەگەڵ جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانە کە پیاوێکی کورتەباڵای بەخۆوە بوو، پێکەوە چووینە پۆلی وانەی ئینگلیزی. قوتابییەکان کە کچ و کوڕ بوون هەستانە سەرپێ و بە زمانی ئازەری بەخێرهاتنیان کردم. هەموو لێکرا گوتیان مامۆستا بەخێربێی، پێ و قەدەمت لەسەر چاوان. کاتێک چاوم بەو منداڵە پاک و سادانە کەوت دڵم خۆشبوو و، هۆگریان بووم. دوای ماوەیەک وێنەیەکی یادگاریشمان گرت. لە ئامسار دامەزرام کاری من بەیانیان و ئێواران بوو دەبوو بەسواری ئۆتۆمبێل هەموو رۆژێ شەش کیلۆ مەتر بڕۆم لە قووباوە بۆ ئامسار. بڕیارمدا ئەگەر کەشوهەوا خۆشبێ ئەوە بەپێیان بڕۆم هەم دەبێتە

وەرزشێک و هەم لە خەرجی رۆژانەشم کەم دەکاتەوە، هەروەها چێژ لە دیمەنی سروشتی ڕێگاش دەبینم کە پڕ دارو درەخت بوو.

پایز و زستانی ساڵی ١٩٥٤- ١٩٥٥ لە بەختی من زۆر خۆشبوو بەفرێکی ئەوتۆ نەباری، ئەگەر جارجار هەوا بارانیش بوایە هێندە دژوار نەبوو. لەو ژوورە شێدارەدا خەریکی خۆ ئامادەکردن بووم بۆ تاقیکردنەوەی وزاری کۆلێژی پزیشکی کە بڕیارمدا بوو بەشداری بکەم. لەگەڵ ئەوەشدا رۆژانە خەریکی دروستکردنی نانی نیوەڕۆیان و شێوان دەبووم و چەند سەعاتێکیش دەخەوتم. بەیانییان سەعات سێ هەڵدەستام ئەو کارانەی پێویست بوون دەمکردن، دوایش کەمێک وەرزشم دەکرد و ئینجا خەریکی خوێندنەوە دەبووم. کارەکانم بە ڕێکوپێکی دەچوونەپێش، جارجاریش دەچوومە باکۆ، بێگومان بەدزی، چونکە ناسنامەکەم تەنیا بۆ ناو شار بوو نەک بۆ دەرەوە.

بارودۆخی ئێرانییەکانی باکۆ بەلامەوە گرنگ بوو. لەگەڵ یەکێک لە کوردەکانی ئەوێ دۆستایەتیمان هەبوو سەردانم دەکرد، کە خەڵکی کرماشان بوو، ئەویش کاک عەبدوڵلای رەزم ئاوەر بوو، کە مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو لە کۆلێژی زمان لە باکۆ. ئەو پیاوە هیچ وەک مرادی برای نەدەچوو. عەبدوڵلا لە باکۆ لەگەڵ مامۆستایەک هاوسەرگیری کردبوو منداڵێکیشیان هەبوو بەناوی فەیرووز. خەسووی کاک عەبدوڵلا خاتوو دۆستی دکتۆری ژنان بوو خانەنشین بوو، کاری کورتاژ (لەباربردن)ی دەکرد لەگەڵ ئەوەی یاساغ بوو دەبوو لە نەخۆشخانەی دەوڵەتی ئەو کارە بکرێ کە بڕی پارەکەی پێنج رۆبڵ بوو، بەڵام هەندێک لە ژنان بەرژەوەندی کارەکەیان لەوەدابوو بە نهێنی کاری لەباربردن بکەن و پارەیەکی زیاتریشیان دەدایە خاتوو دۆستی. خۆ ئەگەر دەرەنجامێکی خراپیشی هەبوایە گوێیان لێنەبوو.

یەکێکی دیکە لە هاوشاریەکانم دکتۆر سوڵتان وەتەمیشی بوو، گەنجێکی جوانپۆش پیاوێکی زاناو بە ئەزموون بوو، لە نەخۆشخانەی تورکاڵ کاری دەکرد. هەموو دکتۆرەکان و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەش لێی رازیبوون. لە بەشەناوخۆیی پانسیۆنات دەژیا کە بۆ قوتابیانی ئێرانی تایبەت کرابوو. یەکێکی دیکە لە دەرچوانی کۆلێژی پزیشکی باکۆ دکتۆر حەسەنی حیسامی بوو، کە ژنی هێنابوو، ژنەکەشی ناوی خاتوو ڤیکتۆریا بوو، خاتوو ڤیکتۆریا دکتۆر بوو، هەم تێگەیشتوو بوو، هەم جوانیش بوو.

شوێنی کاری دکتۆر حەسەنم بۆ روون نەبووەوە. ئەو هەمان ئەو کەسە بوو کە لە کۆلێژی ئەفسەری پێکەوە بووین، بەڵام نەگەڕایەوە بۆ ئێران.

یەکێکی دیکە دکتور رەحمانی گەرمیانی بوو، کە لە یەکێک لە ناوەندەکانی کرێکاری مەیدانی نەوتی دەوروبەری باکۆ بەناوی ئارتۆم خەریکی کاری دکتۆری بوو، هێشتا ژنی نەهێنا بوو لە خانوویەکی کرێدا دەژیا. کاک کەریم ئەیوبی کۆلێژی رۆژهەڵاتناسی تەواوکردبوو، ژنەکەی خەڵکی باکۆ بوو، منداڵێکیان هەبوو ناوی رەئوف بوو، لە ماڵی ژنەکەی دەژیان کە لە دەوروبەری باکۆ بوو، هەندێجاریش ماڵیان دەهاتە باکۆ.

کاک رەحیمی قازی جێگری غولام یەحیاو ژەنەراڵی بندیواری فیرقەی دێموکرات، ماڵ و ژیانێکی باش و موچەی باشی وەردەگرت و لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتییەوە رێزێکی تایەتی لێدەگیراو گوێیان لێدەگرت. ئەو رێزگرتنەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە بەهۆی گیانفیدایی قازی محەمەدەوە بوو کە لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی رووسەکان بوو، کاک رەحیم ئامۆزای قازی محەمەد بوو. کاک رەحیم ژنەکەی خەڵکی لینینگراد بوو، ناوی خاتوو ریما بوو، دوو کچی هەبوو ناویان ماریناو کارینا بوو. ئەو ژنە وا دەردەکەوت لە جولەکەکانی لینینگراد بێ کە دوای هێرشی هیتلەر بۆ سەر لینینگراد و گەمارۆدانی ئەو شارە لەگەڵ دایک و باوک و خوشکەکەی هاتبنە باکۆ و لێرە گیرسابنەوە.

خاتوو ریما لەگەڵ دەستەیەک لە کچانی دەرمانڕشێن رێگایان دەکەوێتە ماڵی کاک رەحیمی رەبەن، کاک رەحیم نەک دڵێک بەسەد دڵ عاشقی خاتوو ریما دەبێ تا کار دەگاتە ئەوەی لێی دووگیان دەبێ. خاتوو ریما بە رێنوێنی یەکێک لە هاورێنیانی مەهابادی کاک رەحیم وەزاڵە دێنن تا ناچاری دەکەن هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، ئەوەش بۆ کاک رەحیم کارەساتبار بوو.

حەمەدی مەولوودیان لە نزیک قووبا لە ساوخۆزی ژمارە ١٢ کە تایبەت بوو بە ئێرانییە پەنابەرەکان، خەریکی باخەوانی بوو لە باخی سێو. موچەیەکی باش و ئەسپێک و تفەنگێکی راوێییان دابۆیە. کاک عەلی گەلاوێژ کۆلێژی سیاسەت و مێژووی تەواو کردبوو. سەرەڕای کاری زانکۆیی لە ئەکادیمیای ئازەربایجانی سۆڤیەت، کە لەوێ کارمەند بوو، لە فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجانیش رۆڵی هەبوو. رۆژنامەی کوردستان و ئازەربایجان بەشی کوردی لەلایەن ئەو و رەحیمی قازی بەڕێوە دەچوو

بۆ خەبات دژی رژێمی شا. رادیۆی سەراسەریش هەر لەرێگای رۆژنامەوە بە رێوەدەچوو.

دکتۆر مستەفا شەڵماشی یان سەڵماسی بە پشتیوانی مەلا مستەفای بارزانی و پێداگری هاوسەرەکەی بۆ تەواو کردنی بڕوانامەی پڕۆفیسۆری خۆی گواستیەوە بۆ مۆسکۆ. لەوێ خانوویەکی گرت ژیانی کولەمەرگی و پڕ کوێرەوەری باکۆی گۆڕا. لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی مۆسکۆ دامەزرا، هاوسەرەکەشی لە نەخۆشخانەیەکی دیکە و لە بەشی مندالان دەستبەکار بوو. دکتۆر مستەفا لەو ژنە نیوە جولەکەیە منداڵێکیان بوو ناویان لینا ژیان.

حەمەدی مەولوودیان لە ساوخۆز ژنی هێنا و ماڵی پێکەوەنا، کچێکیان بوو ناویان لینا رووناک. ئەوە کورتەڕاپۆرتێک بوو لەسەر بارودۆخی ئەو کوردە ئێرانیانەی لە یەکیەتی سۆڤیەت بوون. نەرسیس سەعیدخانین کە هاوسەفەر و هاورێی زیندانی ئۆدووگامان بوو لە تاشائۆس، لە باکۆ ژنی هێنا، دوای تەواوکردنی قۆناغی دواناوەندی چووە ئەنیستیتۆی کینۆماتۆگرافیای مۆسکۆ. زۆری شایی بەخۆی بوو کە دەبێتە هونەرمەند و وێنەگر. بۆ ئەوەی کاتێک گەڕایەوە نیشتیمان ببێتە تاقانە هونەرمەندی ئێرانی دیموکراسی. بیستم کاک ئەحمەدی قەرەچەمەنیش لە گەنجە وەکو من خوێندنی دواناوەندی تەواو کردووە و لە تاقیکرنەوەی وزاری بەشداری کردووەو چووەتە کۆلێژی پزیشکی باکۆ. هەروەها لە ماڵی خزمێکی دەژیا لە کۆنە قەلا.

کاک ئەحمەد کە دوایی بوو بە دکتۆر ئەحمەد زۆر لەخۆڕازیبوو، شانازی بە سەرکەوتنی خۆی دەکرد خەریکبوو دەورانی زیندانی لەبیر دەچۆوە و دەگیشتە دەورانی کۆت و شەرواڵ بۆینباخ و پێلاوی بریقەدار. گەنجێکی جوانپۆش و لەبەرچاوان بوو. خۆشمدەویست و رێزم دەگرت.

بە هەمان رەنج و کوێرەوەری ژیانی رۆژانەم لە قووبا بەسەر دەبرد، رۆژانە بەیانی زوو شەش کیلۆمەتر بەپێیان دەڕۆیشتم بۆ ئامسار و دوانیوەڕۆیانیش هەر بەپێیان دەهاتمەوە مەنزڵەکەم. رۆمان نووسین و کاری کۆمیدی لە شەوانی ساردی زستاندا بەردەوام بوون و بەیانیانیش زوو خەریکی وانەگوتنەوەو خوێندنەوەی هونەرەکانی زانکۆ دەبووم. قوتابیانی هەڵکەوتەی پەیمانگای مامۆستایانی قووبا هاوکارییان دەکردم و کارە سەختەکانی وانەیان بۆ شیدەکردمەوە. مامۆستا موسا مامۆستای

فیزیا هەمیشە لەگەڵم سەرو رووخۆشبوو، سەرکەوتنی منی بەئاوات دەخواست. تووران مامۆستای ئەدەبیات هاورێم بوو لە زۆر شتدا ڕێنوێنی دەکردم.
ڕۆژێک لە پارکی میللی قووبا دانیشتبووم و خەریکی سەعیکردن بووم، گەنجێکی لەزگی هات لەلام دانیشت، بەخەم و نیگەرانییەوە باسی عەزیزی دەکرد. گوتی تۆ ساراو خاتوو هەنارت دەناسین، وەبیرت دێ لە پەیمانگای مامۆستایان دەیانخوێند. گوتم بەڵێ دوو کچی زۆر جوان و لەبەردڵان بوون، جارجار دەهاتنەلامان. گەنجەکە گوتی: خوشکە گەورەکەی سارا لە سارا جوانتر بوو لە گوند دەژیا، وەک باسدەکەن لەو سەفەرانەی عەزیز بۆ گوندەکانی دەکرد عەزیز بەینی لەگەڵ ئەو کچە هەبوو یەکتریان خۆشدەویست. ئێمە درەنگ پێمانزانی. ئەو کچە خزمی ئێمەیە و جیرانمانە، نازانم چۆنی زانیبوو عەزیز خۆی خنکاندووە، ئەویش وەک عەزیز لەماڵی خۆیان بە پەتێک خۆی دەخنکێنێ، ئیدی شین و شەپۆڕ ئەو ناوەی داگرت. لە نامەکانی ئەو زانیبوویان عاشقی عەزیز بووە و نەیتوانیوە بەبێ ئەو بژی و هەستاوە خۆی بکوژێ. ئەو هەواڵە ناخۆشە ئاگری لە هەناوم بەردا، لەگەڵ ئەو کوڕە قوتابییە لە پارکی شاری قووبا تێر تێر گریاین و دروودمان بۆ ڕەوانی ئەو دوو گەنجە ناکامە نارد.
هێندەی پێنەچوو ڕۆژێک کارمەندێکی ئیدارەی پۆست نامەیەکی بۆ هێنام، بەڵا ئەو نامە وەک نامەکانی پێشوو نەبوون و قەبارەی گەورەتر بوو. خێرا نامەکەم کردەوە تەماشامکرد خاتوونێکی لەزگی نامەی بۆ نووسیوم، لە سەرەوەی نامەکە نووسیبووی سەعات دووی نیوەشەو ئەو نامەیەت بۆ دەنووسم. ئەو کیژۆڵە لە نامەکەیدا ڕێزو خۆشەویستی زۆری بەرامبەر من نواند بوو. ئادرەسی خۆیشی بۆمن ناردبوو. دواناوەندی شارەدێی دەوەچی نزیک قووبا. باسی لە ژیانی پڕ لە دەردو ڕەنجی خۆی دەکرد و دەیگوت لەو ڕۆژەی لە بەشەناوخۆیی نەماوی بەدواتدا هەڵوەدام و دەگەڕێم تا سۆراغێکت بزانم و دەردە دڵیەکت لەگەڵ بکەم. ئێستاش کە تۆم دۆزیوەتەوە و ئادرەکەستم دەستکەوتووە ئەو نامەیەت بۆ دەنووسم.
خاتوو هەنار لە نامەکەیدا باسی لە عەشقێکی فراوان دەکرد بەرامبەر بەمن و دڵەی خەمباری منی ڕادەچڵەکاند و ژیلەمۆی گەنجێتیمی دەگەشاندەوە، بەڵام ئەفسووس ئەو نامە و دەستخەتە ناخ هەژێنەو ئەو کیژە جوانە لەگەڵ ڕێڕەوی ژیانم نەدەهاتنەوە. کاتێک لە حاڵ و گوزەرانی خۆم دەڕوانی تەنیا چارەنووسێکی لێڵم لەپێشە. هەنار نووسیبووی زۆر لە قوتابییەکانی زانکۆ و دکتۆر و ئەندازیار داواکارمن و من ڕەتم

کردوونەوە، تەنیا دڵم بە تۆوەیە. (ئای عەشقی بێچارە). دوایی نووسیبووی نامەم بۆ بنووسە و رای خۆتم پێبڵێ. من لە سارای خوشکم بێ غیرەتتر نیم، بەبێ تۆ ژیانم ناوێ. خۆشمدەوێی، تا رادەی پەرستن خۆشمدەوێی.
ئەو قسانەی دوایی ناخی ئەنجنیم چاوم لە رەشەوە هاتن. بە زمانی ئازەری دەربڕینێکی وام نەدەزانی وەڵامدەرەوەی هەناری ئازیزبێ. سەرەڕای ئەوەش ئاخر من ژن و دوو منداڵم هەبوون. دەبوایە بەوان وەفاداربم. خۆ ئەگەر دڵم دووچاری عەشقێکی دیکەبێت، بنەماڵەی بەجێهێشتووم لەبیر بکەم و خۆم تووشی عەزابێکی دیکە بکەم. بۆیە بەباشم زانی پارچە شیعرێکی عاشقانەی بۆ بنووسم، لەو شەوە تاریکەدا دەستم بە هۆنینەوەی شیعرەکە کردو پێشانی بەڕێز کەلانتەریمدا کە قوتابییەکی پەیمانگای مامۆستایان بوو شیعر دۆستیش بوو، تا بە خەتی ئازەری بۆم بنووسێتەوە. شیعرەکەم بۆ خوێندەوە ئەویش دەستێکی پێداهێناو هیوای بەردەوامی بۆ خواستم. نامەکەم پۆست کردو بۆم نارد. دوای چەند رۆژێک کە ماندوو کەلەلا لە ئامسار دەگەڕامەوە خاتوو هەنار لەبەردەرگای ماڵە هەژارانەکەم راوەستا بوو. ئافاتی دین و گیان و شاژنی جوانی و پەیکەری بێهاوتا، هاوشێوەی مەعشوقەکەی شێخی سەنعان لە بەرامبەرم راوەستابوو، دەبوو چیبکەم. بەدوامدا هاتەژووری، چایی و میوەم لەپێش داناو لەبەرامبەریدا چۆکم داداو ستایشی عەشقە پاکەکەیم کرد، فرمێسک بە چاوانمدا هاتنەخوار، باسی چارەنووسی تاڵ و نادیاری خۆم بۆ بەیان کرد. هەنار سەرتاپا ببوەگوێ و دەگریا، چ شەوێکی خەمناک بوو، قەڵافەتی ئەو فریشتە ئاسمانییە، ئەو نیگارەی کە دەتگوت مۆزەخانەی چین هەڵاتووە و هاتۆتە کەوێڵەکەی من، هەتاوێک بوو ماڵە تاریکەکەی منی رۆشن کردبۆوە. ئارامی دڵ هاتبوو، روحێکی تازەی بەردا کردبووم. لەناو دنیای خەون و خەیاڵی خۆمدا بووم. لەبیرم چووبوو کە هەنار لەکوێوە هاتووە. من شیعرم دەخوێندەوەو ئەویش ئاوازی عیشقی لێدەدا، ئۆرکسترایەکی گەورە بوو بەبێ ئەوەی هیچ مۆسیقایەکی لێبێت، شەوێکی رووناک بوو لە تاریکی شەوی یەڵدا، لەناکاو زەنگی سەعات پێنجی بەیانی لێیدا.
ئێمە هێشتا لە کۆڵانەکان بووین و گوڵ و بولبول بەبێ سروەی بەهاری دەیانچریکاند. چەندە شەوێکی لەبیر نەکراو بوو، لە دنیای روحانی و پاکیدا بەبێ غەریزەی حەیوانی! زەنگی سەعاتەکە ورپاکردنەوەیەک بوو بۆ هەناری ناسک و لەبەردڵان. شەوی گریان

و شێتی دوایی هات. دوو ئازیزی نەناسراو، بە دەگمەن یەکترییان دیتبوو لێک جیا بوونەوە. چاوەکانی هەنار وەک ئەستێرەی موشتەری دەدرەوشانەوە. بە مژۆڵە شەڕانییەکانی ئاگری لە دڵم بەردەدا. لێک جیا بووینەوە دەستیم ماچکرد بۆنم بە پرچە بۆنخۆشەکەی کرد. ماوەیەک لە باوەشم گرت و بەخۆمەوە گوشی گوێم لە ترپەی دڵی بوو کە خەریکبوو لە سینەی بێتەدەر. بەگریانەوە ڕۆیشت و منیش بەدوایدا ڕۆیشتم بەرەو ئامسار و هەر دەگریام.

دوو جاران هێندەی نەمابوو ئۆتۆمبێل بمپلیشێننەوە. چاویلکەیەکی رەشم لە چاو کردبوو تا هەستم پێنەکەن، بەڵام مامۆستاکان هەستیان بەحاڵی پەرێشانم کردبوو زانییان توشی گرفتارییەک بووم. مخابن کەمتر کەسانێک هەن هەست بە حاڵەت و دۆخی پەرێشانی عاشقان بکەن. قسەی خۆش و ئاوازی دڵگیری هەزاران مەجنوون و فەرهاد چوونەتە ناو مێژوو بوونەتە وێردی سەرزمانان.

تا لە قووبا بووم نامەی هەنارم بۆ دەهات و منیش بەشیعر وەڵامم دەدایەوە تا بەرەبەرە دەرکی بەوەکرد ئەو عەشقە هیچ بەهرەیەکی نابێ و ئەو دوو نەمامە پێک ناگەن. لەبەر ئەوەی سروشتی زاڵم هەریەکەمانی لە جێگایەکی دیکە داناوە و بۆیە دەبێ ڕێگای خۆمان بزرنەکەین. نابێ چارەنووسی ئەو کچە نازدارە بشێوێنم.

لە کاری ڕۆژانەم بەردەوام بووم. لەگەڵ قوتابییەکان بەو پەڕی دڵسۆزیەوە وانەم پێدەگوتنەوە. هەموو مامۆستاکان و بەڕێوەبەر لێم ڕازیبوون و نێوانمان خۆشبوو. شەش مانگ لە گوندی ئامسار مامەوە.

پەڕینەوە لە ئاراس

بیست رۆژ لە بەهاری ١٩٥٥ تێپەڕیبوو نامەیەکم بۆهات سەردانی پەروەردەی قووبا بکەم. کاتێک چوومە ئەوێ بەڕێوەبەری پەروەردە گوتی پێیان ڕاگەیاندووم کاری تو لێرە تەواو بووە و کارێکی دیکەیان بۆ دیاری کردووی، ئێمە هیچ ئاگایەکمان لەو کارەت نییە و خزمەتی تۆ لێرە کۆتایی پێهاتووە. بەڕێوەبەری پەروەردە گوتی هیچ نیگەران مەبە ئەوە فەرمانی وەزارەتی پەروەردەیە ئێمە ناتوانین هیچ بڵێین. بۆیە بەیانی ئەو نامەیە ببە بۆ بەڕێوەبەری دواناوەندی ئامسار و ماڵئاوایی لە مامۆستاو قوتابییەکان بکە.

لە سەرەتای مانگی بانەمەڕی ١٩٥٥ کە لە قوتابخانەی ئامسار لەگەڵ مامۆستا و قوتابییەکان ماڵئاواییم کرد، دەستی هەموویانم گوشی، بەڕیوەبەر نامەیەکی شوکروتەقدیری بۆ نووسیم و ویێدام. قوتابییەکان هەموویان دەگریان تا دەرەوەی قوتابخانە بەڕێیان کردم. یەکێک لە کچەجوانەکان کە قوتابی دوا قوناغی ناوەندی ناوی عیسمەت بوو نامەیەکی وێدام نامەکەم لە گیرفانم هاویشت بە ئۆتۆمبێلی جێگری بەڕێوەبەر گەڕامەوە بۆ قوبا و ماڵئاواییم لێکرد.

سەرم لێشێوابوو نەمدەزانی چ چارەنووسێکی شووم چاوەڕێم دەکات. بۆیە دەبوو ئامادەی هەر ڕووداوێکی ناهەمواربم. کە گەیشتمەوە ماڵێ نامەی کچەم کردەوە کە تەمەنی شازدە ساڵ بوو. باسی لە عەشق و ئەویینداری من دەکرد. نووسیبووی لەو رۆژەی هاتوویەتە ئامسار و چاوم پێکەوتووی خۆشمویستووی نەک بە دڵێک بە هەزار دڵ عاشقت بووم.

گاڵتەم بەو عەشقە منداڵانەیە دەهات. خەریکی کاری رۆژانەی خۆم بووم سەرێکم لە خاتوو رەئیسیا دا و بابەتەکەم بۆ باسکرد. گوتی حەتمەن بۆ باکۆ دەتگوازنەوە. یان دەبێ کەسێک هەبێ لە خەمی تۆدابێت و هەوڵی بۆ دابی. دوو رۆژ لە وازهێنانم لە قوتابخانە تێپەڕیبوو، خەریکبوو خۆم بۆ سەفەرێکی نادیار ئامادە دەکرد، لە کاتی

گەڕانەوەم بۆ ماڵێ تەماشام کرد عیسمەت لەگەڵ ژنێک لەبەردەرگای ماڵێ ڕاوەستاون هەروا بەبێ قەراری بەملاولادا دەڕوانێ.
کاتێک عیسمەت چاوی پێکەوتم بە چاوی پڕ لە فرمێسک و شڵەژانەوە غاریداو باوەشی پیداکردم و زووڕ زووڕ دەگریاو دەیگوت مامۆستا لەگەڵ خۆتم بەرە. دایکی گوتی لەو ڕۆژەوە لە ئامسار نەماوی ئەو کچە خواردن و خەوی لێبڕاوە، شەو و ڕۆژ دەگریت. فەرمووم کردن بۆ ژووریَ بە دڵدانەوەیەکی مامۆستایانە دەستم بەسەری کچەدا هێنا و دڵم دایەوە. گوتم بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆیۆس بۆ باکۆ یان بۆ مۆسکۆ دەچم، ڕەنگە چەند مانگێکم پێبچێ، تۆ دەبێ تا من دەگەڕێمەوە بەباشی دەرسەکانت بخوێنی و خۆت بۆ تاقیکردنەوە ئامادە بکەی تا بەباشی دەورەی دواناوەندی تەواو بکەی ئەوسا من و تۆ لە زانکۆ یان لە کۆلێژی دڵخوازی خۆمان ناونووسی دەکەین و پێکەوە درێژە بە خوێندن دەدەین، ئیشاڵلا ژیانێکی باشمان دەبێ لە ئایندەدا. بەهەزار زەحمەت و دڵدانەوە تا کچەم ڕازیکرد لەگەڵ دایکی بگەڕێتەوە و درێژە بە خوێندن بدات. ئەوەش باسی عەشقێکی منداڵانەی قوتابییەک لەگەڵ مامۆستایەکی بەدبەختی وەک من.
دووسێ ڕۆژی پێنەچوو بوو بۆ بنکەی میلیسیایان بانگ کردم. لەویَ چاوم بە هاوڕێ ساشا بابایۆف کەوت، بە ڕوویەکی گەش و لێو بە بزەوە تۆقەمان کردو دەستیگوشیم. دوای هەواڵ پرسین گوتی لە مۆسکۆوە فەرمان هاتووە ئەویش بە تکای ڕێبەری گەلی خۆتان مەلا مستەفای بارزانی کە کارێکی مەترسیدارت پێبسپێرن، ئەگەر دەرەقەتی هاتی و سەرکەوتوو بووی بەختەوەردەبی و بە خێزانەکەت دەگەیەوە و پێکەوە دەژین. سەرم سوڕما گوتم ئەوە دەبێ چ ئەرکێک بێ پێم دەسپێرن؟ گوتی دوایی دەزانی خۆت ئامادە بکە دووسبەی دەچی بۆ باکۆ چەند ڕۆژێک لەسەر خەرجی دەوڵەت لە ئوتێلی ئینتۆریست دەمێنیەوە تا دوایی فەرمانت بۆ دێت. ماڵئاواییم لە دۆست و هاوڕێیان کرد لەوانەش کاک ئیبراهیم و ڕەئیسیا، ئەو کەلوپەلانەی لێم وەرگرتبوون بۆم بردنەوە. کتێب و کەلوپەلەکانم دوو چەمەدانی بوون، بەسواری پاسی قووبا بەرەو باکۆ وەڕێکەوتم. هاوڕێ بابایۆف ژمارەی ژووری ئوتێلی ئیتۆریستی دامێ و گوتی بەو ژمارەوە بچووە لای کاک سەمەدۆف ئەو کارەکانت بۆ ڕایی دەکات و ژمارەی دیکەت دەداتێ تا نانخواردنی نیوەڕۆ و شێوانت لەسەر حسابی دەوڵەت بێت.

. ئەو پێشنیارە بەلامەوە چاوەڕواننەکراو و، ئازار بەخشبوو، دەی چارەچییە هەرچی دەبێ بابێ پشتوپەنام بە خودا بەست و بەرەو چارەنووسێکی نادیار وەڕێکەوتم. کاتێک گەیشتمە ترمینالی باکۆ بە تەکسییەک چوومە ئوتێلی ئینۆریست و خۆم بە بەڕێز سەمەدۆف ناساند. تەماشایەکی کردم و ژمارەی ژوورێکی دامێ. گوتی کەمتر خۆت دەرخە، نانوخواردنت بۆ دێنن و سەردانی هاوڕێکانیشت مەکە! ئەو ئاگادارکردنەوەیە ئازار بەخشبوو. دوای دوو رۆژان هاوڕێ بابایۆف پەیدا بوو، گوتی ئەو کەلوپەلانە لە کۆگای ئوتێل بە ئەمانەت دابنێ بڵێ ئێمە بەسەفەر دەڕۆین. چ سەفەرێک و بۆکوێ نەمدەزانی، پرسیاریشم نەکرد. چونکە وام هەستدەکرد پرسیارکردن لەوانە گونجاو نییە.

به تەکسییەک چووینە وێستگەی شەمەندەفەر، هاوڕێ بابایۆف جلکی مەدەنی لەبەردابوو گوتی بەدوای مندا وەرە، بەڵام قسەم لەگەڵ مەکە. کاتێک گەیشتینە نزیک شەمەندەفەر لێی نووسرابوو باکۆ- ئێریڤان. پێم سەیربوو بۆچی دەمبەن بۆ ئێریڤان. لەگەڵ هاوڕێ بابایۆف سواری شەمەندەفەر بووین جێگای من لەسەرەوە و جێگای ئەو لە خوارێ بوو. شەوێ شەمەندەفەر وەڕێکەوت. خەریکی خەوتن بووم، بەڵام هەستمدەکرد رائید بابایۆف ناخەوێ، زوو هەڵدەستێ و تەماشایەکم دەکات. دوای چەند سەعاتێک لەخەوڕاپەڕیم. مانگەشەو بوو لە پەنجەرەی واگۆنەوە تەماشای دەرێم دەکرد. بتڵێکی شەو راشکابوو کاری سەراوێم هەبوو چوومە ئاودەست. بابایۆف خەوتبوو. هێندەی پێنەچوو لە دەرگای ئاودەستیان دا گوتم سەبرت هەبێ. کاتێک هاتمەدەر رائید بابایۆف بوو لەبەردەم ئاودەستەکە راوەستا بوو، پەرێشان دیاربوو، لە قەلافەتیڕا دیاربوو نیگەرانی منە شەمەندەفەر لە سنووری ئێران و سۆڤیەت تێدەپەڕی.

پرسی لە مێژە هاتوویە ئاودەست؟ گوتم نەخێر هەر پێنج خولەک دەبێت. ئەوسا زانیم لەبەرئەوەی لە سنوور تێدەپەڕین وایزانیبێ نەکا خۆم فڕێدابێ و بچمە ئەو دیوی سنوور. ئیدی چارەم نەبوو هەر کاتێک کاری سەرئاوێم هەبا، بە هاوڕێ بابایۆفم دەگوت. بابایۆف ئیدی نەخەوت، تا وێستگەی جەلفا چاوی لەسەرم بوو. کە گەیشتینە جەلفا و دابەزین جیبێک چاوەڕێی دەکردین. بە ئۆتۆمبێلی پۆلیسی سەرسنوور بە کۆڵانەکانی نەخچەواندا رۆیشتین تا گەیشتینە بەردەم ماڵی پیرەژنێک، لەوێ ژوورێکیان بەکرێ گرتبوو، دەرگای بۆ کردینەوە. دوای ماوەیەک پشوودان چایی و

نانی بەیانییان بۆ هێنایین. رائید بابایۆف جانتاکەی کردەوە دەستێک جلکوبەرگی ئەفسەری رووسی دەرهێناو گوتی لەبەریان بکە. جلکەکانم لەبەرکردن، سەرنجمدا دوو ئەستێرەم لەسەر شانە پلەی مولازمی یەکەمیان دابوومێ. دیسان سەرەدەرم لێنەدەکرد، من لە کوێ و نەخچەوان لەکوێ، جلکوبەرگی ئەفسەری یانی چی؟ ناکا دیسان بمبەنەوە کۆلێژی ئەفسەری. بەلام وەسەرخۆم نەهێنا. بەپێکەنینەوە گوتم هاورێ بابایۆف لەکەیەوە بوومەتە ئەفسەری سۆڤیەت؟ گوتی گرنگ نییە ئەوە نهێنی کارییە تۆ وەک ئەفسەرێکی سنووری کلاوسەوز لێرە بۆ چەند رۆژێک دەمێنیەوە و راهێنانی پێویست وەردەگری، ئینجا دەگەرێیتەوە بۆ ئێران تا ژن و منداڵەکانت بێنی، چۆنیەتی چوون و گەرانەوەو هەر پێشهاتێک رووبەروو بووی فێرت دەکەین چی بکەی. پێویستیت بە پیادەرۆیی تەواو هەیە، تا پێییەکانت رابێن.

ماوەی بیست رۆژ خەریکی شاخەوانی و گەران بووم بە جادەکانی نێوان گوندەکانی دەوروبەری نەخچەوان بە رێبەرایەتی رائید بابایۆف کە زۆر جددی بوو. دەهات و مەزراکانی سەرسەوز و درەختی زۆر و کانیاوی فێنک و ئاوی زوڵاڵ سەفابەخشی رۆحی هەر بینەرێک بوون. بەلام چارەنووسی نادیارو ئایندەی لێڵ و پێشهاتە چاوەروان نەکراوەکانم لەپێش بوون. شاداغی پەنا نەخچەوان لەلام بچووک و کەم جیلوە بوو. شوتی شیرین و تەماتەی نەخچەوان زۆر بەتام بوون تامی تایبەتیان هەبوو.

رۆژی ١٨ی جۆزەردانی ١٩٥٥ بەیانییەکی زوو جیبێک لەبەردەم مەنزڵەکەم راوەستا رائید بابایۆف و ژەنەراڵێک و عەقیدێک لەناو جیبەکە دابوون و چاوەروانیان دەکردم. بابایۆف هات و گوتی هاورێ مولازم ئامادەی؟ هەموو رۆژێ سەعات حەوت وەک قەراری هەمیشەیی دوای ئەوەی دەموچاوم دەشوشت و نانی بەیانیم دەخوارد چاوەروانی بابایۆف دەبووم و چاوەروانی هەواڵی تازەبووم. بەلام ئەمجارە دەتگوت سەفەرەکەم بۆ ئێران حەتمی بوو. من لەگەڵ بابایۆف و جەنابی ژەنەراڵ و عەقیدە رووسەکە سواری جیبەکە بووین و رۆیشتین. دوای ئەوەی نیوسەعات رۆیشتین کاتێک جیبەکە بە پەنا بێشەلانێکی کەنار رووباریدا دەرۆیشت بە ئاماژەی ژەنەراڵ دابەزین و لەسەر چیمەنێکی جوان و دڵگیر بەتانی ئەستوورمان راخستن و لەسەریان دانیشتین.

ژەنەڕاڵ تۆقەی لەگەڵ کردم و خۆی بە نیکۆلای سەرگیبۆڤیچ ناساند. بەڵام عەقید لە بنلێوانەوە شتێکی گوت کە نەمزانی خۆناساندن بوو یان هەواڵپرسی. تەنیا کاتێک تۆقەمان کرد بە چاوە تیژەکانی لە قەڵافەتم راما وەک ئەوەی بیەوێ بە چاوەکانی لە هزریدا وێنەم بکێشێ ئەگەر خوانەکردە بزر بووم وێنەی منی بێتەوە بەرچاوان. بەدروستی نەمدەزانی ئەوانە کێن و هۆکاری کۆبوونەوەی ئەو سێ کەسەش چییە. بەڵام هیچ چارەیەکم نەبوو بە بزەیەکی دەستکرد و نیگەرانییەوە لەو دیمەنەم دەڕوانی. هەوڵمدەدا زەق تەماشایان نەکەم تا لێم وەشک نەکەون لەوەی شڵەژاوم، چونکە لە سیستەمی رێکخراوی سیخوڕی (ئێم. گ. ب)دا زۆر لە هەرشتێک رامای دەبێتە هۆی ئەوەی لێت وەگومان کەون و لەوانەیە توشی سەرئێشەت بکات. لەوماوەیەی لە زیندان و لێکۆڵینەوەی بەرپرساندا بووم تا ئەندازەیەک ئاشنایان بووم. هەرچۆنێک بوو بە هەستی دەروونی تیژبینیم، ئایندەم وەک ئاوێنەیەک دەهاتەبەرچاو. بۆم دەرکەوت لەگەڵ بەرپرسانی باڵای رێکخراوی (ئێم. گ. ب) رووبەڕووم. بۆیە لە خۆم راخوڕی وریابەو تێنەکەوی، باش هەست و هۆشت کۆبکەوە.

ژەنەڕاڵی فیلباز و عەقیدی کونجکۆڵ بە بزەیەکی ساختەو دەربڕینی حاڵەتی هاودەردی باسیان لەوەکرد کە لە رابردوودا زوڵمم لێکراوە و زۆر داوای لێبوردنیان کرد، هەریەکەو لەبەرخۆیەوە نییەتپاکییان دەبڕی، کە تۆ دۆستی یەکیەتی سۆڤیەتی و بەرپرسانی سۆڤیەت خۆشیان دەوێ. دوای نیوسەعات گفتوگۆ لەناکاو ژەنەڕاڵ کە لەسەر کەلەکە راکشابوو، خۆی راستکردەوە رووی تێکردم و گوتی هاوڕێ مولازم ئێمە لەسەر راسپاردەی قارەمانی نەتەوەییتان ژەنەڕاڵی ئیفتیخاری دەوڵەتی سۆڤیەت جەنابی مەلا مستەفای بارزانی یارمەتیت دەدەین بچیتەوە بۆ ئێران و ژن و منداڵەکانت لەگەڵ خۆت بێنی. هێنانیشیان کارێکی ئاسان نییە، جوامێری و لێوەشاوەیی دەوێ. لەو کارە گرنگەدا بەتەنیا نی، بۆ ئەو کارە پیاوانی ئێمەو بڕواپێکراوانی بارزانیش هاوکارت دەبن. چ لە رێگای ئێران بێت یان لە رێگای عێراق، ماوەی ئەرکەکەشت تەنیا یەک مانگە. هەرکاتێک لەو ماوەیەدا گەڕایتەوە ئێمە شەو و رۆژ لە چاوەڕوانی تۆداین و بە بنکە سنووریەکان دەڵێین هەر لەگەڵ گەڕانەوەت خۆت بناسێنی بڵێ لە باکۆ کارم بە هاوڕێ بابایۆفە. ئەو رەمزە نهێنیە بە بەشی تایبەتەوە گرێدراوە و یەکسەر بابایۆف دەگاتە لات. بەڵام وریابە بچووکترین هەڵەولەڕێ لادان نەکەی، بێجگە لەو کەسانەی ئێمە پێتدەناسێنین پەیوەندی نەکەی و

نهێنی ئێمه بەکەس نەڵێی دەنا بەرپرسە نهێنیەکانمان لە هەرکوێیەک بی دەتبیننەوەو دەتکوژن.

کاتێک ئەو قسانەی دەکرد قەلافەتی راستەقینەی ژەنەراڵی کەیف خۆش و لەبەردڵان دەرکەوت. وەک گورگێکی خوێنخۆر لە قەلافەتی خەمگینی منی دەڕوانی و دەویست بزانێ چ خەیاڵێکم لەسەردایە.

زۆر لەسەرەخۆ و بەدەربڕینی سوپاس و پێزانین گوتم من وەفادارم بە رێبەرایەتی یەکیەتی سۆڤیەت و رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکەی. ژەنەڕاڵ و عەقیدم دڵنیا کردنەوە کە بێجگە لەو کارە پیرۆزە کە رزگارکردنی ژن و منداڵە بێ پەناکانمە لەژێر چەنگاڵی رژێمی شاهەنشاهی لەبیری هیچ شتێکی دیکەدا نیم.

ئینجا ژەنەڕاڵ بە قەلافەتێکی جددی تر گوتی ئێمە تەنیا تکامان لەتۆ ئەوەیە کاتێک بە ئومێدی خودا لەگەڵ ژن و منداڵەکانت گەڕایتەوە لەسێڕیانی قەرەزیادین و ماکۆ و خۆی لە گوندی تازەکەندە کە رێگایەکی بەلای چەپدا بۆ ماکۆ و رێگای باکووریش بەرەو لای سنووری یەکیەتی سۆڤیەتە، بەڵام تۆ راستەوڕاست بەلای راستی رۆژهەلاتی باکوور دێی و دەگەیە سنوور. لە نزیکی رۆژئاوای باکوور قاوەخانەی تازەکەند تەقریبەن یەک کیلۆمەتر سەرتر لە پەنا دەستە راستی جادە و لە قەدپاڵی کێوی بەردێکی گەورەی سێ گۆشەیی لێیە، هەر لەخوار ئەوێ بەردێکی سپی دەبینێ، لە پشت ئەو بەردە پانە بەردێکی دیکەی چوار گۆشە هەیە بەردەکەی بەرزکەوە و کەمێک هەڵیکۆڵە شتێکی تێدا شاردراوەتەوە وەبینەو لەگەڵ خۆتی بێنەوە. بەڵام ئەو کارە دەبێ بەشەو بکرێ، کاتێک مانگ هەڵدێ و نابێ کەس بزانێ. هەروەها باقی کارەکانی دیکەش هاورێ بابایۆف پێتدەڵێ.

لەگەڵ روونکردنەوەی ئەو چالاکیەو وریاکردنەوەی چەند بارە، ژەنەڕاڵ هەستا توند دەستی گوشیم و تەماشایەکی سەرتاپای کردم و سواری جێبەکەی بوو، ئینجا عەقیدیش توند دەستی گوشیم و ئەویش رۆیشت. ئەوان رۆیشتن و من و بابایۆف ماینەوە. دوای ماوەیەک قسەو باس و دەردەدڵ، بابایۆف لەسەرخۆ گوتی: با بگەڕێینەوە، دوای نیوەڕۆ بە فەرمانی تازەوە دێمەوە لات.

لەسەر رێگا چایخانەیەکی دڵگیری لێبوو کەمێک دانیشتین، چایمان خواردەوە. یەکێک لە بێستنانچییەکانی پەنا چایخانەکە شووتییەکی بۆ هێنایین، هەر بۆخۆی بە چەقۆی بەرپشتێنی قاشی کردو کردیە چوار بەش و لەپێشی داناین. تا ئەو کاتە شووتی ئاوا

بەتام و شیرینم نەخواردبوو. بەڕاستی بەچێژ بوو. خودا ماڵی ئەو جوتیارە ئاوەدانکا، کە بەو خوڵقە جوانەی گوندیانەی کە دەربڕی سەفاو ڕاستگۆیی بوو، ئەو کینەو دەغەڵیەی کابرای پێشێی لە مێشمکدا تا ڕادەیەک کەم کردەوە. ئومێدم بە خودا بەست و نزای پشتیوانیم کرد.

لەگەڵ هاوڕێ بابایێف سواری پاسی خەت بووین گەڕاینەوە نەخچەوان و چوومەوە مەنزڵەکەم. لەوفکرانەدابووم دەمگوت خودایە دەبێ چۆنبێ! ئاخر ئەگەر سەرکەوتوونەبم، خوانەخواستە کەوتمە بەردەستیان حەتمەن مۆری ناپاکیم بە ناوچەوانەوە دەنێن و ئەو ڕەنج و کوێرەوەریەی بەهەزاران زەحمەت وەدەستم هێناوە کۆتایی دێت و خێزانە بەدبەخت و منداڵە بێچارەو بێ تاوانەکانم دەبنە قوربانی هەواو هەوەسی من. لە مەنزڵەکەم بەتەنیا بووم، لە ئایندەی لێڵ و نادیاری خۆم دەڕوانی، دڵی خەمبارم تاقەتی نەهێنا، کۆڵەگرووپەک بینی گرتم و چاوم پڕ بوون لە فرمێسک. زۆر بۆ حاڵی خۆم گریام کە هاوڕێیەکی گیانی بەگیانیم لە دەستداو ئێستاش نۆرەی ئەو بەد ناوی و ڕۆژگارە ڕەشە بێت، کە هەر خودا دەزانێ کۆتاییەکەی چۆن دەبێ. لەو حاڵە پەرێشانییەدا خەریکبوو شێت دەبووم، کە لە دەرگایاندا.

پیرەژن چوو دەرگای کردەوە. هاوڕێ بابایێف لەگەڵ کابرایەکی چل ساڵە کە کۆت و شەرواڵی خۆڵەمێشی لەبەردابوو وەژوور کەوتن. دوای ئەوەی هاوڕێی تازەیان پێناساندم کە زمانی فارسی و تورکی دەزانی، ئەو هاوڕێ تازەیە نامەیەکی لەپێش دانام و گوتی ئەو نامەیە لەلایەن ئەسفەندیاری بەندایە کە هاوپۆلت بووە لە کۆلێژی ئەفسەری بەشی تۆپخانە، کە تۆ دەیناسی و بە ناونیشانی (خۆی) نامەیەکی بۆ یەکێک لە خزمەکانی نووسیوە تۆ بە ئاسانی دەیبینیەوە، نامەکە دەدەیتە کاک حسێن و ئەویش ڕێنوێنیت دەکات. کاتێک چاوم بەسەردێڕی نامەکە کەوت کە بە پیتی ڕووسی ئازەربایجانی سۆڤیەتی نووسرابوو، لەسەرەوە نووسرابوو، شاری خۆی، شەقام و ژمارەی پلاکی ماڵ بە خەتی فارسی بوو.

نامەکە سەربەستە بوو، وەرمگرت. ئەو کابرایە دوایی نەخشەی شاری خۆی هێنا لە شەقامی مەرکەزی و ئەو شوێنەی بۆخۆی مەبەستی بوو نیشانەیەکی + داناو گوتی ئێرە دوکانی وردەواڵەفرۆشی کاک جەعفەر ناوێکە تۆ دەیبینیەوە و دەڵێ هاتووم مەڕان بکرم ئایا هاوکاریم دەکەی؟ ئەویش دەڵێ باشەو هاوکاریت دەکات. لەپێشدا بەرەولای قتوور دەڕۆی، ڕێنوێنەکە لە سنووری تورکیاو ئێران بە کەسێکی دیکەت

دەناسێنێ، ئەو کابرایە شوێنەکەت بۆ دیاری دەکات. یان لە سنووری نێوان تورکیاو عێراق تۆ دەگەیەنێتە مەهاباد یان لە سنووری عێراق، ئەوەی بەلایەوە پەسەند بوو. تۆ دەشارێتەوە پاشان ژن و منداڵەکانت دێنێتە لای تۆ لەوێشەوە کام ڕێگا گونجاوتر بوو تا سنوور لەگەڵت دێت. ئەگەر هاتوو ڕێگای قتوور باش نەبوو دەگەڕێیەوە و لە ڕێگای سەڵماسەوە و دەچیتە گوندەکانی سنووری تورکیا و ئێران و لە نزیک ئەو گوندە چایخانەیەکی لێیە ناوی کوێخا رەسووڵە پێیدەڵێی ئێرە دەبێ مەڕی فرۆشتنی لێبێ، دوای هەواڵپرسی ئەگەر گوتی کاک خدر چۆنە ئەوە دەتناسێ و یارمەتیت دەدات. ئەو کابرایە زاراوەی سۆرانی باشدەزانی، زۆرباش مەلا مستەفای بارزانیش دەناسێ و ئاشنایەتی. هەرچۆنێک بێ دەتگەیەنێتە شوێنی مەبەست.

بەو وەسف و ئامادەکارییە پێموابوو کارەکەم ئاسان و بێ دەردی سەرە دەتوانم بە ئاواتی دێرینەی خۆم بگەم و ژن و منداڵەکانم لەگەڵ خۆم بێنم. بەڵام ئەوەی لێیدەترسام ئەوە بوو کاتێک چاوم بە باوکم و دایکم و بنەماڵەکەم بکەوێ ڕێگەنەدەن بگەڕێمەوە یەکیەتی سۆڤیەت و درێژە بە خوێندن بدەم. خۆ ئەگەر نەچووبامە لایان و دەرفەتێکی دیکەی ئاوام بۆ هەڵنەکەوێتەوە، هەرگیز ناتوانم بگەڕێمەوە ئێران و بیانبینمەوە. هەوڵمدا بەسەر مێشکمدا زاڵبم و واز لەو خەیاڵانە بێنم. دوای ئەوەی پێیان گوتم بە هیچ شێوەیەک ناتوانی بچیتەوە مەهاباد. بە ئاماژەی سەر تێمگەیاند تێگەیشتم.

دوای ئەوەی ئەو عەقیدە ڕۆیشت، بابایۆف ناسنامە ئێرانیەکەی وێدامەوە، کە پێشتر لە زیندان لێیان وەرگرتبووم، چەند وێنەیەکیان گرتم. لەکاتی شاخەوانی و ڕێ ڕۆیشتنی ڕۆژانە وێنەی زۆرمان بە جلکوبەرگی ئەفسەری سوپای سوور چەندین وێنەیان گرتبووم. نەمدەزانی ئەو هەموو وێنەگرتنەیان بۆ چییە. هەر پەنا بەخودا کەوتبوومە گێژاوێک هەر خودا دەیزانی چیم بەسەردێت.

هاوڕێ بابایۆف گوتی دوای نانی نیوەڕۆ بخەوە، چونکە شەوێ دەچینە سنوور و لەوانەیە هەر ئەمشەو لە سنوور دەربازت بکەین، لەبەرئەوەی نیوەشەوێ تاریکە، تۆ دوو سەعات سوود لە تاریکی شەو وەردەگری و دواتر بە ڕووناکی دەڕۆی. لانوێنیشیان[٦٧] دامێ. جانتایەکی پێبوو گوتی بە کۆت و شەرواڵی خۆت بگەڕێوە بۆ

---

[٦٧] لانوێن: قیبلەنوما. جەمسەرنما. جەمسەر نوێن. ئامێرێکە بۆ ناسینەوەی چوار لایەنی باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. وەرگێڕ

ئێران، ئەو کۆت و شەرواڵە هەر هی خۆتن با گومانت لێنەکرێ. هەزار تمەنیش پارەی ئێرانیان دامێ بۆ خەرجی رۆژانە. چەند سەعاتێک بە پەرێشانی راکشام، بەڵام خەوم لێنەکەوت. ئێوارێ بابایۆف هاتەوە، بەسواری جێب بۆ شوێنێکی نادیار وەرێکەوتین. لەناو جێب دەرێ دیار نەبوو، تەنیا بە هەڵبەزو دابەزی جێبەکە دیاربوو بە رێگایەکی ناخۆشدا دەڕۆین. دوای نزیکەی چل پەنجا خولەکێک جێبەکە راوەستاو گوتیان دابەزن. شۆفێرەکە ئەفسەرێکی گەنج بوو، لەگەڵ هاورێ بابایۆف دابەزین. بابایۆف پلەی رائیدی هەبوو. لەپێش دەروازەی پۆستی ئێشکگری راوەستاین. پاسەوان تفەنگێکی ئافتۆماتی پێبوو ئێشکی دەگرت. کاتێک زەنگی تایبەت لێدرا عەقیدێکی باڵابەرز و چاوشینی رووسی لەگەڵ دوو ئەفسەری کڵاوسەوز پەیدا بوون. سڵاوی سەربازییان بۆ بابایۆف کردو تۆقەشیان لەگەڵ من کرد. منیش سڵاوی سەربازیم کرد و چووینە ژوور. لە ژووری بەرپرسی سنوور لەسەر نیوتەختێکی چەرمی دانیشتم. دوای چەند خولەکێک بە ئاماژەی بابایۆف جلکە سەربازیەکانم داکەندن و کۆت و شەرواڵەکەم لەبەرکردنەوە. ئینجا چووم لە شوێنی خۆم دابنیشمەوە کە تەماشام کرد تەنیا بابایۆفی لێیە. پارەکەم لەکن ئەو دەرهێنا و خستنمە ناو گیرفانم.

بابایۆف گوتی ئەوە خەرجی چوون و هاتنەوەتە، پێموایە بەشت بکات، ئەگەر بەشی نەکردی هاورێکانت یارمەتیت دەدەن. بابایۆف پێیگوتم ئەگەر دەترسی تا کەسێکی دیکەت لەگەڵ بنێرین. بۆخۆم وام پێباشبوو ئەو کارە پڕ مەترسییە بە تەنیا ئەنجامی بدەم و بەتەنێ تاقیبکەمەوە.

سەرەڕای ئەوەش دەترسام ئەگەر هاورێیەکەم هەست بەترس بکات لەوانەیە ئاشکرام بکا، بە ئاوات نەگەم و ریسەکەم لێ ببێتەوە بەخوری و رەنج بە خەساربم. بۆیە داوای هاوسەفەرم نەکرد. پەنا بەخودا خۆم ئامادەی سەفەر کرد بەرەو نیشتیمان.

ئەگەر تاریک داهات بە هەزار تمەن پارەی ئێرانی و ناسنامەی خۆم و جلکوبەرگی ئێرانی و لانوێن و گۆپاڵێک هاتمە کەنار رووباری ئاراس. هەمان عەقیدی باڵابەرز بە دوو سەربازو بەلەمێکی پلاستیکی کە لەسەر شانیان دانابوو گەیشتینە دەم رووباری. هاورێ بابایۆف بە جلکوبەرگی ئەفسەری و عەقیدی رووسی تۆقەیان لەگەڵ کردم، پێنج ریاڵ و چەقۆیەکی زامنداریشیان دامێ. بابایۆف گوتی پێویستیت بە دار و چەقۆ دەبێ با هەر پێت بن، بەڵام کاتێک گەیشتییە ئەو بەری رووباری پێنج ریاڵەکە بدە

کابرای بەلەمەوان کە جلکوبەرگێکی سادەی لەبەردابوو. ئەوە نیشانەی ئەوەیە تۆ بە سەلامەتی پەڕیویتەوە.

بلاجکتۆرەکانی سنوور بە مەودای دوو کیلۆمەتر ئەو بەری سنووری ئێران و ئەو ناوەیان رووناک کردبۆوە. هەموو گیاندارێکی ئەوبەری سنوور دەبینران. ئەو جێگایەی ئێمەی لێ پەڕینەوە بێشەلان بوو، رووباری ئاراس بە ئارامی دەڕۆیشت. بلاجکتۆرەکان لەوێ دیار نەبوون. کاتێک دابەزیم پێنج ریالەکەم دا بەکابرای بەلەمەوان ئەویش خێرا گەڕایەوە.

شنەبایەکی بەهاری لەلای سنووری ئێرانەوە هەڵیکردبوو، بۆنی ئازادیم دەکرد. هەستمدەکرد سووکبالم. بە هەنگاوی پتەو و خێرا بۆ ماوەیەک بە بێشەلانەکەدا رۆیشتم تا گەیشتمە دەشتێ، لە دوورەوە چرا نەوتی گوندێک دایسان، پێموابوو ئەوێ یان گوندە یان بێستانەوانن، دوای گەڕانەوە لە کاری رۆژانە خەریکی نانخواردن و پشوودانن. هەندێک نان و پەنیریان وێدابووم، هەروەها دووسێ تەماتەو خەیار و خوێشم پێبوو، وەکو توێشووی رێگا. مەتارەیەکیشم پێبوو، لەو دەشتە نیوەتاریکە بەزەحمەت بەرپێی خۆم دەدیت بە گۆپالەکەی دەستم خێرا بەرەولای باشوور دەڕۆیشتم. لە دوورەوە گەیم لە دەنگی سەگەل و لوورەی چەقەڵ و گورگان بوو. لەپێشدا ترسم رێنیشت دەمگوت ناکا کەمینیان بۆ دانابمەوە و بەرلەوەی بەدیداری ژن و منداڵەکانم شاد ببمەوە کەلوکوتم کەن و لەو دەشتە کاکی بەکاکی و نەناسراوە دووچاری چارەنووسێکی خراپ بم.

بەردەوام ئایەتەلکورسیم دەخوێندەوە. دوای یەک دوو سەعات رۆیشتن بەرەبەرە رووناکی دادەهات و بەردەمی خۆم باشتر دەدیت. خێرا بەسەر بەردەلان و قوڵکاندا دەڕۆیشتم. شەوێ لە دوا کاتەکانیدا نامەکەی ئەسفەندیارم بیرکەوتەوە زۆر ئازاری دەدام، دەمگوت خوانەخواستە بمگرن و ئەو نامەیەشم پێ ببینن کە لە سۆڤیەتەوە هێناومە و بە خەتی رووسی ئازەری نووسراوە، حەتمەن لە ناویشدا شتێک نووسراوە هاوکاریم بکەن، بۆیە بەناچاری نامەکەم دڕاندو بەدەم باوە فڕێمدا، ئینجا بە خاترجەمی دەستمکردەوە بە رۆیشتن، هەتا سەعاتە کەشم بەباش نەدەدی تا بزانم سەعات چەندە، تەنیا سەرنجم لەسەر دەوروبەر و پێش خۆم بوو. زوو زوو تەماشای لانوێنەکەم دەکرد بۆ ئەوەی لە رێ رۆیشتنەکەم دڵنیابم. پێشتر لەسەرنەخشە شوێنەکەم بەراورد کردبوو. سپێدەی دابوو دوای شەش حەوت سەعات رێگا رۆیشتن

له تەپۆلکەیەک سەرکەوتم و تەماشای دەوروبەرم کرد. لەلای راستەوە ئۆتۆمبێل دیار بوون بۆ لای سەرێ و خوارێ دەڕۆیشتن، بە مەزەندە بۆم دەرکەوت کە ئەوە جادەی نێوان خۆی و ماکۆیە و ئەو رێگایەی پێشێش حەتمەن جادەی قەرەزیادینە. لە خوار تەپۆلکەکە چاوم بە گوندێک و چایخانەیەک کەوت، کە چەند دارێک لەبەردەم چایخانەکە دەشەکانەوە. تێگەیشتم کە ئەوە هەمان گوندی تازەکەندەو ئەوەش هەمان چایخانەیە. بۆیە وەک پارێز بەلای راستدا هاتمەخوارێ تا گەیشتمە بەردەم چایخانە، دوو ئۆتۆمبێلی باری و ئۆتۆمبێلێکی سواری، لەوێ راوەستا بوون.

دەنگی کەڵەشێر و عەوعەوی سەگەل لە گوندی تازەکەندی نزیک چایخانەوە دەبیستران. لەسەر نیوتەختێکی پێش چایخانەکە دانیشتم، تەپوتۆزی جلکەکانم تەکاند، لە کانیەکەی پێش چایخانەش دەموچاوم شووشتن و کەمێک ئاوم خواردەوە. مەتارەکەم هەڵدایە ناو قوڵکەیەک. پاشان لەسەرخۆ لەدەرگامدا. لە ژوورێ یەکێک گوتی کێیە. گوتم دەرگاکە بکەوە رێبوارم. چایچی بە چاوی خەواڵوو دەرگای کردەوە، پێش ئەوەی قسەیەک بکات گوتم ئۆتۆمبێلەکەمان لە رێگا خرابووە بۆ یارمەتی هاتوومە ئێرەو دەمەوێ نان و خواردن بۆ منداڵەکان ببەم. چایچی گوتی چایمان حازرنییە، دەبێ چاوەڕوانبی. کاتێک چوومە ژوورێ تەماشام کرد دوو ژاندەرمەی لێن. یەکێکیان راستبۆوەو تەماشایەکی کردم، گوتم بەرێز ئێوە ئۆتۆمێلتان پێیە ئۆتۆبێلەکەی ئێمەی پێ راکێشن. گوتیان کاکە ئێمە پەلەمانە و دەچینە ماکۆ. کە ئەوەیان گوت تێگەیشتم دەبێ بڵێم ئۆتۆمبێلەکەی من لەنێوان قەرەزادین و چایخانەی تازەکەند خرابووە. بۆیە ئەوە لەگەڵ رێڕۆیشتنی ئەوان نەدەگونجا. بۆیە بە نیگەرانی لە چایخانەکە وەدەرکەوتم و وام نیشاندا زۆر پەرێشانم و دەبێ هەرچی زووتر پێیان رابگەمەوە.

لەوکاتەدا ئۆتۆمبێلێکی باری لەلای ماکۆوە دەهات، لەبەردەم چایخانە رایگرت، بە شۆفێرەکەم گوت کاکە بە پەلەم و دەمەوێ بچمە خۆی ئەگەر لەگەڵ خۆتم ببەی مەمنوون دەبم و هەقی خۆیشت دەدەمێ. شۆفێر کە گەنجێک بوو گوتی کاکە با پاروەنانێک بخۆین جا دەڕۆین. گوتم هێشتا چایی لێنەنراوە، باشتروایە بڕۆین و لە چایخانەیەکی دیکەی سەرڕێگا نان دەخۆین و میوانی منی. شۆفێر سەرێکی بە ژووری چایخانەدا کردو گوتی مەشەدی حسێن دیسان هیچت حازرنییە؟ شەو و رۆژ هەرخەریکی هەڵدەمسێی! مەشەدی حسێن بە چاوی هەڵمساوەوە گوتی کاک عەلی

پەلەت نەبێ زوو سازی دەکەم. شۆفێر دیاربوو بەپەلەیە گوتی نا مەشەدی بەپەلەم دەبێ بڕۆم ئەو برادەرەش لەگەڵ خۆم دەبەم. چاپچی گوتی ئەو بەستەزمانە ژن و منداڵی لەناو ئۆتۆمبێل بەجێماون و ئۆتۆمبێلەکەیان خرابووە. لەبەرئەوەی خومار و خەواڵوو بوو نەیگوت لە کام جێگان.

لەگەڵ عەلی سواری ئۆتۆمبێل بووم و بەرەو خۆی وەڕێکەوتین. لە ڕێگا عەلی گۆرانی دەگوت، دەنگیشی خۆشبوو، ئاهێکی بە دڵدا دێنام و نیگەرانی دوێشەوی لەبیردەبردمەوە. لەسەر ڕێگا لە چایخانەیەکی خۆش و باسەفا لاماندا و لەژێر دارچنار و داربییەکاندا نان و پەنیر و چاییمان خوارد و سواربووینەوە.

نیوەڕۆ گەیشتینە شاری خۆی، شارێکی ئارام و کەم هاتوچۆ. داوام لە کاک عەلی کرد لەبەردەم ئوتێلێکی نزێک چوارڕیانی مەیدان بۆم رابگرێ. دوای ئەوەی پارەی کرێیەکەم دایە بە خۆم و جانتایەکی بچووک دابەزیم و بەرەو ئوتێل وەڕێکەوتم. ئوتێلەکە دوو نهۆم بوو، حەسارێکی گەورەی هەبوو، تاڕادەیەکی باشیش پاکوخاوێن بوو. چوومە لای بەڕێوەبەری ئوتێل و ژوورێکم گرت. دوای کەمێک پشوودان هاتمەدرێ، هەر لەو نزیکانە گەرماوێک هەبوو، چووم ریشم تاشی خۆم شووشت. بە کۆت و شەرواڵی دێرینەو بۆینباخێکی قاوەیی لە گەرماو وەدەرکەوتم. چاویلکەیەکی دژەخۆرم لە چاو کردو بە شەقامەکاندا دەگەڕام. چوومە هەمان چوارڕیانی کە لە نەخشەکە ئاماژەیان پێکردبوو. دوکانەکەم دیتەوە، دوکانی وردەواڵە فرۆشی بوو. کوڕێژگەیەک لەوێ بوو لە کاک جەعفەرم پرسی، گوتی چۆتەوە ماڵێ، هەربینا هاتەوە. دوای نیوسەعات تەماشام کرد کابرایەکی رووخۆشی باڵابەرزی وەنێوکەوتوو، کە قژی ماشوبرنجی بوو، پەیدا بوو. کوڕێژگە گوتی کاک جەعفەر ئەو برادەرە لە تۆ دەگەڕێ. کاک جەعفەر بە بزەیەکەوە گوتی سڵاو. کاکە کارت بە منە؟ گوتم بەڵێ، هاتووم مەڕان بکرم و پێویستیم بە هاوکاری تۆیە. کاک جەعفەر کاتێک گوێی لەو قسەیە بوو سوورهەڵگەڕاو چاوی پێ زەق بوون. تەماشایەکی کردم و لەخۆڕا چەند هەنگاوێک کشایەوە. ئینجا خۆی کۆنتڕۆڵ کردو کەمێک وەستا. گوتی کەی هاتووی؟ گوتم دوێشەو، روخساری کرایەوە و سەری سوڕما. ئینجا کەمێک هێورتر ببۆوە، گوتی بۆ کوێ دەچی؟ گوتم بۆ قتوور. ئینجا تێگەیشت دەبێ چ کارێکم لەگەڵ بکات.

گوتی بەڵێ وەبیرم هاتەوە، لەسەرخۆ گوتی تۆ دەتەوێ ژن و منداڵەکانت ببینی! گوتم بەڵێ. کاک جەعفەر گوتی کەی دەتەوێ بڕۆی؟ گوتم هەتا زووتربێ باشترە.

گوتی سبەی وەرەوە پێتدەڵێم. بە چاویلکەی دژەخۆرەوە بە شەقامەکانی شاری خۆیدا دەگەڕام. سەرم لە زۆر دوکاندا، لە دووکانێکی چڵەوکەبابی نزیک ئوتێل چڵەوکەبابێکی[٦٨] خۆشم خوارد کە ساڵانێک بوو بە ئاواتەوە بووم بیخۆم و چایەکی بەتامیشی بەسەردا بکەم. گەڕامەوە ئوتێل کەمێک راکشام و لە بنمیچی ژوورەکە رامام تا خەوم لێکەوت. کاتێک وەخەبەر هاتم دیتم سەرمامە، سەعات چواری بەیانی بوو.

وا کەوتبوومە خەوێکی قووڵ دەتگوت بێهۆشم. خووی پێشترم لەبیر چووبۆوە کە دەبوو لە کاتی نووستندا شتێک بەسەرخۆم هەڵکێشم، پێشتر یان بەتانی یان لێفەیەکم بەسەرخۆم هەڵدەکێشا، لەبەرئەوەی عادەتی هەمیشەییمە، بەڵام ئەوجارە لەبەر ماندوێتی لەبیرم چوو بوو.

کاتێک وەخەبەرهاتم تەماشام کرد سەعات چواری بەیانییە. جلکەکانم دانان و لێفەکەم بەسەرخۆم هەڵکێشا دیسان خەوم لێکەوتەوە. سەعات نۆ وەخەبەرهاتم، دوای ئەوەی نان و چایم خوارد چوومە لای دوکانی کاک جەعفەر، کە کەمێک دوورتر پیاسەی دەکرد و لەگژفکران راچووبوو. کاتێک چاوی پێکەوتم بەرەولام هات و بەخۆشحاڵییەوە پێشوازی لێکردم. گوتی کەسێکت وەک رێنوێن لەگەڵەو ئەسپیشی پێیە، تا قتوور لەگەڵت دەبێ کرێیەکەشی من دەیدەم، تۆ کارت پێی نەبێ. تەنیا پێمگوتوە ئەوە چێودارەو مەڕەکانی ئێرە کە باشترین مەڕن ناهێڵن لە سنوور بۆ تورکیا ئاودیوبن. بەڵام کاتێک تۆ گەیشتییە قتوور، کابرای رێنوێن بە کاک عەزیزت دەناسێنێ، ئەویش کارەکانی دیکەت بۆ رایی دەکات.

بۆ رۆژی دوایی سەعات حەوتی بەیانی لەگەڵ کابرای رێنوێن بەسواری ئەسپ بەرەو قتوور بەڕێکەوتین. رێگای خۆی بۆ قتوور زۆر دژوار و ناهەموار بوو. ئێوارێ گەیشتینە قتوور. کاتێک کابرای رێنوێن ماڵی کاک عەزیزی دیتەوە گوتی کاک جەعفەر ئەو برادەرەی بۆ لای تۆ ناردووە تا بۆ کڕینی مەڕان هاوکاری بکەی. کاک عەزیز هەر ئەوکاتە منی بردەوە بۆ ماڵێ و شەوێ لەوێ مامەوە.

بۆ بەیانی من و کاک عەزیز بەسواری ئەسپەوە و رێنوێنیش بە پێیان لە قتوورەوە بەرەو لای گوندەکانی سنووری تورکیا بۆ کڕینی مەڕان وەڕێکەوتین. بۆ بەیانی بۆ تەماشاکردنی مەڕی قەڵەو و دابەستە میوانی ئاغای گوند بووین کە لەسەر سنووری

---

[٦٨] چڵەوکەباب: بەناوبانگترین خواردنی ئێرانییە. کە پێکهاتووە لە کەباب و برنج و کەرەو سماق و تەماتە. وەرگێڕ.

تورکیا بوو، دوو سەربازی تورک و ئەفسەرێکی ئێرانیش میوانی ئاغا بوون، من و کاک عەزیز و کابرای ڕێنوێنیش لەو مەجلیسەی نانخواردنە بەشدار بووین.

سنوورپارێزەکانی تورکیاو ئێران لە ماڵی ئاغای گوندی بە ئیفتیخاری من داوەت کرابوون. لەسەر خوانی نانی شێوان مەشرووبیان هێنابوو ناوی مەسیج بوو کە ئارەقی تورکیان پێدەگوت. سنوورپارێزەکان ئەو مەشرووبە بێ ڕەنگەیان وەک ئاوێ لە پەرداخان دەکرد کاتێک ئاویان تێدەکرد ڕەنگی سپی هەڵدەگەڕا وەک شیری لێدەهات، تا ئەوکاتی شتیوام نەدیتبوو. لەکاتی خواردنەوەدا سنوورپارێزەکان بەسەلامەتی سەرۆکەکانیان پێکەکانیان هەڵدەدا. یەکێک بە سەلامەتی شاو ئەوەی دیکەش بەسەلامەتی سەرۆککۆماری تورکیا. ئێمە تەنیا تەماشای خواردنەوەکەمان دەکرد. دوای قسەوگفتوگۆی ئاسایی، یەکێک لە سەربازە تورکەکان لیرەیەکی وەک یادگار دامێ بۆ ئەوەی منی جەڵەبکرِ کاتێک گەڕامەوە تاران یادێک لەو سەربازە تورکە بکەمەوە.

من لەناو دنیای خۆمدا بووم، ئەوانیدیکەش بێجگە لە عەزیز و کابرای ڕێنوێن و ئاغای ئاوایی هەموویان سەرخۆشبوون، قسەی هاتەران پاتەرانیان دەکرد. چاوم هەر لەسەر عەزیزی بوو دەمگوت نەکا قسەیەکی لەدەم دەرچێ، یان ئاگای لەشوێنی مەستەکەم هەبێ. ئەو دانیشتنە تا درەنگانی شەو درێژەی کێشا، ئینجا هەرکەسەو لە گۆشەیەکی دیوەخانێ لەسەر جێوبانی خاوێن لێی نووستین. بەیانی سەعات شەش وەخەبەرهاتم تەماشای دەوروبەرم کرد دیتم سنوورپارێزە تورکەکان کە دووکەس بوون ڕۆیشتبوون، ئاغاش کەلەکەوکەلەکەی دەکرد. عەزیز لە بنمیچی ژوورێ ڕامابوو. کاتێک زانی بەخەبەرم هەستاو گوتی ئاغا بەخەبەری؟ گوتی بەڵێ. منیش هەستام و جلکەکانم لەبەرکردنەوە و هاتمەدەرێ. لە حەسارێ تەماشام کرد دوو گوێرەکە لەسەر گیای پاڵکەوتوون، چەند مریشکێکیش چینەیان دەکرد، کەڵەبابێکی سووریش پێپڕکەی دەکرد.

لە دەرگای حەسارێ هاتمەدەرێ، تەماشایەکی دەوروبەرم کرد مەخفەری سنووری تورکەکان لەسەر تەپۆلکەیەکی نزیکمان بوو، دیاربوو ئەو سەربازانەی دوێشەو لەوێوە هاتوون. ئاغا نێوانی لەگەڵ ئەوان خۆشبوو. لە گفتوگۆی شەوی ڕابردوو ئەوەم بۆ روون بۆوە کە ئاغاو خەڵکی ئاوایی بۆ کڕین و فرۆشتن هاتوچۆی تورکیا دەکەن. دوای ماوەیەک عەزیز هات و سەرێکی لە ئەسپەکاندا و بە نۆکەری ئاغای

گوت تا ئێمە نانی بەیانی دەخۆین ئەسپەکان ئامادە بکاو تفاقیان لەپێش دابنێ، هەرچەندە دوێنێش باش بە ئەسپەکان راگەیشتبوون.
ئاغای ئاوایی زۆر دڵخۆشبوو لە فرۆشتنی مێگەلەکەی قازانجێکی باشی پێدەبڕا. بۆیە هەوڵیدەدا سەرنجی من رابکێشێ. دوێشەو قسەوباس لەسەر ئەوە بوو من نوێنەری خۆم بۆ لای ئەوان بنێرم و ئاغاش هاوکارمانبێ بۆ مەڕکڕین و گواستنەوەیان بۆ تاران. بۆیە سودێکی زۆر لە مێشکی ئاغادا دەگەڕا.
عەزیز لێم نزیک بۆوەو گوتی با بچینەوە ژووری نانەکەمان بخۆین، دوایش دەچین تەماشای مێگەلەکەی سەعید ئاغا دەکەین. پێکەوە گەڕاینەوە ژووری سفرەیەکی جوانیان رازاندبۆوە، قەیماغ و کەرەو هەنگوین، هێلکەوڕۆن و نانی گەرمی تەندوور ئیشتیای دەکردیەوە. دوای ئەوەی نانی بەیانیمان خوارد من و کاک عەزیز و کابرای رێنوێن و ئاغاش بە دوو نۆکەرەوە بەسواری ئەسپ بەرەو هەوارگە وەڕێکەوتین. لەرێگا تووشی دوو ژاندەرمە هاتین کە بەسواری ئێستر دەچوون بۆ قتوور، لەگەڵ عەزیز چاکوچۆنییان کرد و بەچرپە شتێکیان پێگوت و رۆیشتن. دوای ئەو دیدارە چاوەڕواننەکراوە عەزیز گۆڕاو تا رادەیەک وەگومان کەوت، بەڵام وەسەرخۆی نەهێنا. گەیشتینە لەوەڕگای مێگەلەکە، کە لەنێوان دوو گردان هەڵکەوتبوو. تەماشای هەندێک لە مەڕەکانمان کرد، دڵنیاییم دایە سەعید ئاغا کە بەمزوانە نوێنەرێکی خۆم و بەرپرسێکی ئەمنی دێینەوە لای جەنابت. هەروەها زۆر سوپاسم کرد بۆ ئەو میوانداریەی لێیکردم، زۆر بە دڵخۆشیماڵئاوایم لێکرد و بەرەو قتوور وەڕێکەوتین.
هەر لەگەڵ ئەوەی لە قتوور نزیک بووینەوە، لە نزیک مەخفەری قتوور کە لەسەر بەرزاییەک بوو، عەزیز گوتی چاوەڕوانبە تا دێمەوە. لە ئەسپەکە دابەزیم بە دڵەڕاوکەو نیگەرانییەوە چاوەڕوانبووم و پیاسەم دەکرد. لە روخسارو شڵەژانی عەزیزەوە بۆم دەرکەوت ئەوماستەبێ موو نییە و منیش ئاگام لە هیچ شتێک نەبوو. بۆیە گوتم خودایە پشت و پەنا بەتۆ بزانین چۆندەبێ. عەزیز بێ ئەوەی هیچم پێبڵێ چووە مەخفەر. دوای نیوسەعات لەگەڵ ژاندەرمەیەک هاتەوە، گوتی بەرێز رائیدی مەخفەر داوات دەکات. منیش نیگەران بووم وردەوردە بە پلیکانەکانی مەخفەردا سەرکەوتم و لەگەڵ عەزیز چووینە ژوور. عەریفێکی گەنج و دەم بە خەندە هەستاو گوتی فەرموو، ئاماژەی بۆ کورسییەک کرد، چووم لەسەری دانیشتم و داوای ئاوم کرد، عەریفەکە ئاوی بۆ هێنام. دوای کەمێک بێدەنگی رووم لە عەریفەکە کردو گوتم پێم سەیرە منیان

هیناوەتە ئێرە؟ چما نازانی ئەو کەسانەی خەڵکی ئەم دەڤەرەنین تا پەنجا کیلۆمەتری بمێنێ بۆ ئەو مەڵبەندە یاساغە. هەرکەسێک بیەوێ بێتە ئێرە دەبێ مۆڵەت لە قایمقامیەتی خۆی وەربگرێ. گوتم دەبوایە لە دەروازەی قتوور ئاگادارییەکتان نووسیبایە. من چوزانم ئێوە چ فەرمانێکتان داوە. ئەگەر وابوایە حسابی خۆم دەکردو بۆ جەڵەبکڕی دەچوومە شوێنێکی دیکە. مولازمێک لەوێ بوو گوتی مەنوچەهر بڕۆ بزانە جەنابی رائید کەی دێت.

مەنوچەهر سڵاوێکی سەربازی کردو رۆیشت. لە مولازمم پرسی ئەرێ بەرپرسی مەخفەر کێیە؟ گوتی بەرێز رائید وا لەگەرماوە ئاوێک بەخۆیدادەکات، لەوانەیە دوای نیوسەعاتی دیکە پەیدابێت. دوای دە پازدە خولەک عەریفەکە ئاماژەیەکی بۆ مولازم کرد. دوای ئەو ئاماژەیە عەریفەکە بانگی محەمەد حسێن ناوێکی کرد. ئەو ئەفسەرە کە کابرایەکی بەخۆوە بوو هاتەژوورێ، بە ئاماژەی مولازم هاتەپێش و گوتی هەستەسەرپێ و دەست بەرزکەوە! دەخۆم راخوری بەسەرخۆتدا زاڵبە کاتی ئەوەیە تێنەکەوی دەنا سەرت تێدادەچێ. منیش بە بزەیەکی ساختە و روویەکی خۆشەوە دەستم هەڵێنا، کاک محەمەد حسێنی پشکێنەر هەموو جەستەی پشکنیم و گیرفانەکانم گەڕا، ناسنامەو پارەو چەقۆیەک و هەندێک وردەپارە و چاویلکە دژەخۆرەکەو دەفتەرێکی یادداشتی لە پێش مێزی مولازم دانا، شانی هەڵتەکاندن یانی هیچی دیکەی پێنییە. مولازم دیسان چاوێکی لە عەریفەکە داگرت، عەریفەکە رۆیشت بۆلای رائید. دوای بیست خولەک جەنابی رائید بە کوڵمەی سوور و جلکوبەرگی رێک و پێک بە پلیکانەکاندا سەرکەوت، رووی لە من کردو گوتی کاکە چما نەتدەزانی ئەو دەوروبەرانە پڕن لە سیخوڕی رووسی. تۆ چۆن بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت زاتی ئەوەت کردووە بێیتە ئەو مەڵبەندە. ئینجا رووی لە عەزیز کرد کەوەک گەچ سپی هەڵگەڕابوو، گوتی ئەدی ئەتۆ بۆچی هەر لەگەڵ هاتنی ئەو کابرایە بۆ قتوور بۆ هەواڵت پێنەداین؟ چما ئەتۆ کارت ئەوە نییە هەر کەسێک بێتە ئێرە هەواڵمان پێبدەی! چوومە ناو قسەکانی رائیدو گوتم بەڕێز جەنابی رائید ئەوە هەڵەی منە، من یەکەمجارە دێمە ئێرە، ئەویش بە نیازی خێر و بەدوای کاسبیەکی حەڵاڵ، من چێودارم و دەمەوێ خێرێک بە خەڵکی ئێرەش بگات. منیش دەمەوێ بە هاوکاری و یارمەتی جەنابتان لەو ناوچەیە کاری بازرگانی بکەم و نوێنەرایەتیم هەبێ. ئەگەر بەڕێزتان لوتفتان هەبێ خێر بە هەموومان دەگات. هەم بۆ من و هەم بۆ ئێوەو بەرپرسانی ئێرەش خێری دەبێ.

بازرگانییەکەی ئێمە بەرفراوانە و سەرمایەیەکی باشمان هەیە. کاک عەزیز پێیوابووە من شارەزام و حەتمەن مۆڵەتم وەرگرتووە، یەکەمجارە ئەوەی دەبیستم. لە کاتێکدا ئێرە ئێرانە و وڵاتی منە. ئازادم کە بمەوێ بۆ هەر جێگایەک بڕۆم و کاری بازرگانی بکەم و سوودێک بە خەڵک بگەیەنم. ئایا ئەوە کارێکی خراپە؟ کێشە نییە، دەتوانم بە ئاسانی ئەو مۆڵەتە لە ناوەند وەربگرم.

ئەو قسانەم تا رادەیەک لە هەڵچوونەکەی رائیدی کەم کردەوە. بە قەڵافەتێکی جددی پرسی ناکا جەڵەبەکەت بۆ تورکیا بنێری؟ پێکەنیم، گوتم نا، لەژێرچاودێری جەنابتان و بەرپرسە راستگۆ و فیداکارەکان هەموو جەڵەبەکەم لە دۆڵی قتوورەوە بە شوانی خۆماڵی بۆ خۆی و لەوێشەوە بە ئۆتۆمبێلی باری دەگوازمەوە بۆ تاران. بەڵام دەبێ بەڵێنم پێبدەی لەو کارەدا هاوکاری من و نوێنەرەکەم بیت، دەنا ناچارم شوێنی کارەکەم بگوازمەوە بۆ شوێنێکی دیکە. جەنابی رائید بەڕێزتان حاکمی ئەو مەڵبەندەن و لەلایەن شاهەنشاکەمانەوە بەرپرسی ئەو ئاو و خاکەن.

رائید گەڕایەوە سەرحاڵەتی ئاسایی خۆی و داوایکرد چای بێنن، بردمیە ژوورەکەی خۆی. ئینجا گوتی برای بەڕێز من ئامادەم لەو کارە خێرەتدا هاوکاریت بکەم، بەڵام پێویستە لەناوەندی فەرماندەیی خۆی مۆڵەت وەربگری، لەوبارەیەوە جەنابی عەقید ئاگاداربکەوە، ئەویش مۆڵەت بە خۆت و نوێنەرەکەت دەدات، هەتا هیچ بەرپرسیارەتییەک بۆ من و هاوکارەکانم نەیەتەپێش.

جەنابی رائید ناونیشانی عەقیدی دامێ، منیش گوتم بەیانی یان دووبەیانی هەربگەمەوە خۆی دەچمە خزمەتی. کاتێک لە ژووری رائید هاتمەدەر عەزیز گوتی منیش دەمەوێ لەگەڵت بێمە شاری خۆی. یەکسەر تێگەیشتم عەزیزیان وەدوا خستووم تا بزانێ چیدەکەم. هۆکارەکەشی ئەوە بوو شکوگومانی رائید نەڕەویبۆوە. تا ئەوەی تووشی هیچ بەرپرسیارەتییەک بێت، خۆ ئەگەر پارووەیەکی چەوریش بێ، با لێی بێبەش نەبێ. بۆیە لەگەڵ عەزیز خواحافیزیمان کرد و لەو مەڵبەندە پڕ ترسە دوورکەوینەوە.

ئەسپەکان لەخوارێ چاوەڕوانمان بوون. لەگەڵ عەزیز سواربووین رێنوێنێنەکەش لە پێشمانەوە دەڕۆیشت. لەو بارەیەوە هیچم بە عەزیز نەگوت، بەڵام تێگەیشتم مانەوەم لێرە مەترسی هەیە. بۆیە بەهەرشێوەیەکبێ رۆیشتنم باشتر بوو.

عەزیز ئەگەر هەستی بەشتێک کردبێ یان نەیکردبێ زۆرم بەلاوە گرنگ نەبوو. لەسەر ڕێگا گەیشتینە بنکەیەکی ژاندەرمەری. چووینە بنکەی ژاندەرمەری کە خانوویەکی قوڕبوو. ژەندەرمەکان خەریکی ئێشکگرتن بوون یەکێکیان پەیدابوو کاتێک تەماشای کردم ناسیمیەوە، گوتی میرزا قادری کوڕی میرزا مستەفای سلاو چۆنی؟ بەخێربێی بۆ ئێرە. زۆر نیگەران بووم نەکا عەباس ئاگای لەوەی بێت ونبوومەو حەتمەن ئەوەش دەزانێ.چوومەتە سۆڤیەت و ژن و مندالم بەجێهێشتوون و ئێستاش پەیدا بوومەتەوە. بەلام عەباس پێش ڕۆیشتنی من لە مەهاباد نەمابوو، خودا ڕەحمی پێکردم و شانسم هەبوو.

عەباس کابرایەکی رووخۆشبوو، بردنی بۆ ژووریَ و چای بۆ بانگ کردین. گوتی کاکە ئەو بێ شەرەفانە بە شارستانی (خۆی)یان گوتووە سیخوڕێکی رووسیان گرتووە. یەکسەر گوتم دەبێ ئەوە چ بەستەزمانێک بێ کەوتبێتە دەست ئەوانە و کردوویانە بە سیخوڕ. ئێستا ئەوە دەزانم تۆ بووی. کاک عەباس بەسرتە پێیگوتم وریای عەزیزی بەو لە خۆیش بەرتیلێک بدە بە جەنابی عەقید تا بەزمێکت بۆ ساز نەکەن. زۆر سوپاسی کاک عەزیزی ژاندەرمەم کردو گوتم براله لێرە بە کاری چێودارییەوە خەریکم. ئەوەشت بە گرنگ لێوەردەگرم. دەستی لەسەرسینەی داناو گوتی بەچاوان ئەوەی لەدەستم بێت درێخی ناکەم.

ئینجا خواحافیزیمان کردو ڕۆیشتین. ماوەی دوو سەعاتێک ڕۆیشتین تووشی ئاواییەک بووین، عەزیز گوتی ئاغای ئەو گوندە ئاشنامە بچینە مالّیان پاروەنانێک بخۆین و پشوویەک بدەین، دوایش وەڕێ دەکەوینەوە. بە نابەدلی لەگەل عەزیز و کابرای ڕێنوێن چووینە مالّی ئاغا.

کابرایەکی نزیکەی سی و پێنج سالّە و سوونە مەزهەب بوو، بە تورکی قسەی دەکرد، خوێنداری هەبوو کابریەکی سەرورووخۆش بوو. باسی مەڕ و گا و ئەسپی ناوچەکەمان کرد، گوتی مەڕی ئێرە زۆرباش و پڕ گۆشتن و خوری چاکیشیان هەیەو بۆ کڕین و فرۆشتن لە بازاڕی نامێننەوە. دوای ئەوەی نانی نیوەڕۆمان خوارد خواحافیزیمان کردو وەڕێکەوتینەوە. ئێوارێ گەیشتینە خۆی، پارەی کابرای خاوەن ئەسپم دا، لەگەل عەزیزیش قەرارماندانا بەیانی سەعات نۆ بچینە فەرمانگەی ناوەندی سنوور و خۆمان بناسێنین تا بزانین چیمان بۆ دەکەن. لەگەل عەزیز لێک هەلبڕاین، چوومەوە هەمان ئوتێل و داوای هەمان ژووری پێشووم کردەوە و پارەی سێ ڕۆژانم

دابۆیە. دوای ئەوەی نانی شێوانم خوارد و ویستم پیاسەیەک بەناوشاردا بکەم، چاویلکەکەم لە چاوم کردەوە تا کەمێک چاوەکانم هێور ببنەوە. چەند هەنگاوێک رۆیشتبووم لەناکاو تووشی کاک مستەفای بارنجی بوم. ئەو زۆرباش منی دەناسی، کاتێک چاوی پێکەوتم لێم راما و ناسیمیەوە. تەماشام کرد راوەستاوەو تەماشای دواوەی خۆی دەکات. ئیدی زانیم کارلەکار ترازاوە، ناسیومی و ئاشکرا بووم.

لەبەرخۆمەوە گوتم ئەو کابرا مەهابادیە ناسیومی و سبەی هەموو مەهاباد دەزانن هاتوومەتەوە. بەرەوپیری کاک مستەفا رۆیشتم و گوتم سڵاو کاک مستەفا! دوای ئەوەی یەکتریمان ماچکرد، کاک مستەفا بە سەرسوڕمانەوە گوتی ئاخر دەیانگوت تۆ و عەزیز فەرهادی چوونەتە یەکیەتی سۆڤیەت؟ ئەدی چۆنە لیرەی؟ گوتم نا! بەرێز بارنجی من و عەزیزی هاورێم کە لە مەهاباد وەدەرکەوتین نیازمان ئەوە بو بچینە کوەیت، ئێستاش سێ ساڵە خەریکی کارو کەسابەتی خۆمانین شوکر بۆخوا حاڵمان زۆر باشە. هاتووینەوە نیشتیمان و دەمانەوێ خەریکی کاروکەسابەتی چیوداری بین. عەزیزیش لە تارانە و بەمزوانە بە پارەوە دێتە ئێرە. کاک مستەفام تێگەیاند بە هەڵەچووە و ئەوەی گوتوویانە درۆیە. پاشان لێک جیابووینەوە، بەنیگەرانی و دڵەخورپە گەڕامەوە ئوتێل، شەوێ خەوم لێنەکەوت. بەیانی سەعات هەشت چووینە فەرمانگەی سنوور. دوای ئەوەی خۆم ناساند پێیانگوتم چاوەڕوانبە تا جەنابی عەقید بانگت دەکات.

تەماشامکرد عەزیزیش پەیدا بوو، دوای ماوەیەک چووینە لای عەقید دەستم بۆ درێژکردو بە گەرمی دەستیم گوشی، ئەویش ناچاربوو دەستم بگووشێ و گوتی فەرموو. پێش ئەوەی عەقید قسەیەک بکات، گوتم جەنابی عەقید لەگەڵم بێ خولق بوون، لە قتوور پێیانگوتم ئێرە نابێ هیچ کەسێکی بۆ بێت، لە کاتێکدا من بەخێر و بەرەکەتەوە لە تارانەوە مەڵبەندی ئێوە هاتووم، داوا لە بەرێزتان دەکەم هاوکاریم بکەن. هەرشتێک خێر و بەرژەوەندی دەوڵەتی تێدایە ئاوابکەن.

جەنابی عەقید وەقسەهات و گوتی کاکە گیان ئێمە هیچ مەبەستێکی تایەتیمان نییە، ئەرکی ئێمە پارێزگاری کردنە لە سنووری وەڵاتمان. هەرکەسێک بەڵگەنامەیەکی باوەڕپێکراوی پێنەبێ ناتوانێ لە پەنجا کیلۆمەتری سنوور تێپەڕێ. بە بزەیەکەوە گوتم جەنابی عەقید ببوورە ناکرێ لەو شوێنانەی یاساغن تابلۆیەک وەک ئاگادار کردنەوە بنووسن، لێرەوە یاساغەو دەبێ مۆڵەتت هەبێ.

عەقید گوتی، لەو مەڵبەندە هەموو کەسێک ئەوە دەزانێ. یەکێکی وەکو تۆ کە دانیشتووی تارانی ئاگات لەو یاسایە نییە و ئەوەی نازانی. کاتێک رائید گوتی تۆ دانیشتووی تارانی، ئاهێکم بەبەردا هاتەوە، داوای لێبووردنم کرد، سوپاسم کردو گوتم ئێستا ئەگەر جەنابی عەقید بەڵێنی هاوکاریم پێبدا لێرە بازرگانییەکی گەورە وەڕێدەخەم کە بۆ هەموو لایەک سوودی هەبێ و جەنابی عەقیدیش سەداسەد لێم رازیبێت.

عەقید بەپێکەنینەوە گوتی بەچاوان ئەوەی لە دەستم بێ و یاسا رێگابدات درێخی ناکەم. عەقید دەستی بە زەنگەوەنا ئەفسەرێک هاتەژوور سڵاوی سەربازی کرد، جەنابی عەقەید گوتی ئەو برادەرە ببە ژووری تایبەتی و کارەکەی بۆ رایی بکەن. لەگەڵ عەزیز چووین کابرایەکی باڵابەرز کە کۆت و شەرواڵێکی خۆڵەمێشی لەبەردابوو، سڵاومان لێکرد، ئەویش بەبێ تاقەتی وەڵامی سڵاوەکەی داینەوە. دەتگوت هەر خومارەو تا ئێستا بەرینەداوە، گوتی فەرمووون. باسوهۆکاری چوونم بۆ ئەو دەڤەرە بۆ باسکرد. چەند شتێکم نووسی و داوای لێبووردنم کرد، کە لە بێئاگایی خۆمەوە چوومەتە ئەوێ بۆیە ئێستا دەمەوێ مۆڵەتم پێبدەن. نامەکەم واژۆ کرد. لەگەڵ عەزیز خواحافیزیم کردو بەجێمهێشت و هەرگیز نەمدیتەوە.

گەڕامەوە ئوتێل لەبەردەرگا راوەستا بووم، هەربیرم لە نەخشەی دواتر دەکردەوە، کە سەرم هەڵێنا کاک محەمەدی فاررووقی مامۆستای مەهابادیم لێ دەرکەوت کە لە دوورەوە لێم دەڕوانێ و دەیەوێ بێتە لام. ئەگەر دیتم زۆر ترسام، چونکە لە مەهاباد باسیان دەکرد کە پیاوی دەوڵەتە. تۆقەم لەگەڵ کردو لاچاوە خروێلکاویەکانم ماچ کرد. ئینجا گوتم بەڕێز فارووقی ئەحواڵت چۆنە، دوێنێش چاوم بە بەڕێز بارنجی کەوت، وەرە با پیاسەیەک بکەین. ئەویش گوتی ئەمڕۆ بارنجیم دیت گوتی دوێنێ چاوی بە تۆ کەوتووە، زۆرم پێ سەیر بوو، بۆیە هاتم چاوم پێت بکەوێ، زۆر خۆشحاڵم. بەڵام لە مەهاباد دەنگۆ بوو دەیانگوت تۆ و عەزیز بۆ یەکیەتی سۆڤیەت هەڵاتوون. گوتم بەڕێز فارووقی مەهابادیەکان هەر لە دەنگۆ سازکردن ئازان. منی بێچارە و عەزیز لە دەستکورتی و گوشاری روحی لەدەست سەمیعی ناپاک سەری خۆمان هەڵگرتوو چوینە کوەیت، دوای چەند ساڵ هەوڵوکۆشش شتێکمان وەسەریەک ناوەو ئێستا دەمانەوێ لێرە خەریکی کاری چێوداری بین، مەڕوماڵات لێرەوە

دەگوازینەوە بۆ تاران و ئیسفەهان و مەشهەد. ئەویش گوتی کارێکی باش دەکەن.
ئەدی عەزیز کوا؟ گوتم لە تارانە دوای یەک دوو ڕۆژی دیکە ئەویش دێت.
لەو قسانەدا بووین تووشی کوڕیژگەیەک بووین مریشکی دەفرۆشت. بەڕێز فارووقی گوتی ئەوە کوڕی میرزا ئیبراهیمی مەحموودیانە. لەگەڵ کوڕیژگەکە بە کوردی قسەم کردو هەواڵم پرسی. فارووقی گوتی میرزا برایم و خێزانەکەی زۆر دەستکورتن کوڕەکەشیان لێرە مریشکان دەکڕێ و دەیانفرۆشێتەوە.
دەستم بەسەری کوڕیژگەکەدا هێنا و گوتم هیچ دەستمایەکت هەیە؟ گوتی نا. مریشکەکان بە نرخێکی هەرزان بە قەرز وەردەگرم و دەیانفرۆشم. شتێکی کەمم دەست دەکەوێت. زۆر نیگەران بووم کە کوڕی یەکێک لە بنەماڵە ناسراوەکانی مەهاباد ئاوا لە شاری خۆی دەژیت. بیست تمەنم لە گیرفانم دەرهێناو دامێ، گوتم با ئەوە دەستمایەت بێت. کوڕیژگە زۆر خۆشحاڵ بوو، ڕۆیشت.
لەو قسەو باسانەدابووین سەروکەللەی عەبە بابازادە دەرکەوت. بەڕێز فارووقی گوتی پێتخۆشە بانگی عەبەی بکەم. گوتم نا، لەبەرئەوەی لە مەهاباد دەیانگوت سەر بە ساواکە. زووتر لەلایەن چەند برادەرێکەوە زۆرشتم دەربارەی بیستبوون. زۆر لەوەی نیگەران بووم نەزانێ لە شاری خۆیم. بۆیە لەگەڵ کاک محەمەد زوو لەو شوێنە دوورکەوتینەوە. بەزۆر تکا چوومە ماڵەکەی. خوشکی زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردین و بۆ نانی شێوان خواردنێکی خۆشی ئامادەکردبوو. بە ئیشتیاوە لەناو هاوشاریەکانم نانم خوارد، ئینجا لە کاک محەمەدم پرسی بۆچی ژنت نەهێناوە؟ ملی نەویکردو گوتی وەڵڵا بارودۆخی دارایيم تا ئێستا گونجاو نەبووە. گوتم خەمت نەبێ میزا محەمەد گیان ئیشاڵڵا کاتێک کارەکەم کەوتەسەرڕێ ژنت بۆ دێنم و هەموو خەرجیەکەشی لە ئەستۆی من.
سوپاسی کردم و هیواخواز بوو ڕۆژێک بە هاوکاری منەوە ببێتە ساحێب خێزان. لەنێوقساندا باسی میرزا حەبیبی سۆفیانی زاوای کاک ئیبراهیمی ئامۆزای خاتوو ڕەعنای هاوسەرم هاتەگۆڕێ، کە لە خۆی کارمەندی دەوڵەتە و باری ژیان و گوزەرانیشی باشە. شەوێ دەوروبەری سەعات دە لە ماڵی میرزا محەمەد بەرەو ئوتێل گەڕامەوە. تەماشامکرد دەرگاری ژووری بەڕێوەبەری ئوتێل لەگەڵ ئەو مەنوچێهرە سەرگەرمی قسانن. یەکسەر تێگەیشتم ئەو کابرایە وەشوێن من کەوتووە، حەتمەن عەزیز پێیگوتووە لێرەم.

کارەکەم بەلاوە دژوار بوو، زۆر نیگەران بووم، خۆ ئەگەر برووسکە بۆ بنکەی ساواکی مەهاباد بکەن ریسەکەم لیّ دەبیّتەوە بەخوری و یەکسەر دەستگیرم دەکەن. بۆیە دەبیّ ریّگاچارەیەک وەبینم. سلاوم لە مەنوچیّهر کرد و بەخیّرهاتنم کرد. گوتی یەک دوو رۆژیّک لە خۆی کارم هەیە و دەمەویّ لیّرە وەمیّنم، ئوتیّلیّکی باش و پاک و خاویّنە. گوتم لە ژوورەکەی من قەرەویّلەیەکی بەتالّی لیّیە، زۆر خۆشحالّ دەبم پیّکەوە بین، خەرجی ئوتیّلیشت لەسەر من. ئەو قسەیە ریّک لەگەلّ ئەو کارەبوو کە رایان سپاردبوو، یەکسەر رەزامەندی نیشاندا. بردمە ژوورەکەی خۆم. پیّش ئەوەی بپرسیّ تا ئیّستا لەکویّ بووی و بۆ درەنگ هاتوویەوە، بۆخۆم دەستپیّشخەریم کردو گوتم، شاری خۆیم نەدیتبوو زۆریشم پیّخۆشبوو، بە شەقامەکاندا دەگەڕام و کەیفەم دەکرد. ئەو شەوە لەگەلّ کاک مەنوچیّهر لەپەنا یەک خەوتین. کاتیّک لە ژووریّ دەهاتمەدەر یان دەچوومە سەرئاو، هەستم دەکرد تەماشای جیّوبان و جانتاو گیرفانی کۆتەکەشم دەکات و دەیانپشکنیّ. بەلاّم هیچ وەسەرخۆم نەهیّنا. یانی ئاگام لە هیچ نییە. بە رووخۆشی و وادەوبەلّیّن رازیم کردو نانی بەیانی و نانی نیوەڕۆیەکی باشیشم دەرخواردا، تا هیچ گومانیّکی لیّم نەبیّت.

ئیّواریّ لە شەقامەکانی خۆی پیاسەم دەکرد، تەماشامکرد کاک محەمەدی فارووقی لەگەلّ کابرایەکی وەنیّوکەوتوو بەرەو لای من دیّن. بەڕیّز فارووقی گوتی ئەوە کاک حەبیبی سۆفیانییە. تۆقەمان کردو یەکتریمان ماچ کرد، لە ئەحوالّی خاتوو توران و هاوسەرو منداڵەکانم پرسی. گوتی خاتوو تووران کاتیّک بیستی لیّرەی، زۆر خۆشحالّ بوو حەزدەکات سبەینیّ بۆ نانی شیّوان میوانی ئیّمە بیت. گوتم ئەگەر نەگەڕیّمەوە تاران و عەزیزی هاوڕیّم بیّت ئیشاڵلا دیّینە خزمەتتان. خواحافیزیم لەکاک میرزا حەبیب کرد. بەڕیّز فارووقی گوتی سبەی قەرارە میرزا فارووقی مەحموودی لە تارانەوە بیّتە ئیّرە. حەزم دەکرد ئەو هاوڕیّ دیّرینەم ببینم کە خزمی مامۆستا عەلی مەحموودی بوو. بەلاّم دەترسام تووشی کیّشەبم، بۆیە بۆ تیّپەڕاندنی کارەکەم سەریّکی سەلّماس بدەم، ئەگەر لەویّ کەسیّکی جیّگەی متمانەم دیتەوە هەرچی زووتر بگەڕیّمەوە تا نەکەوتوومە دەست راوچییە بیّ مروەت و زاڵمەکان و خۆم و مالّ و منداڵم تیّدا نەچووین. بۆیە لە هاوڕیّیان جیابوومەوە، بە بیانووی ئەوەی نیگەرانی عەزیزم دەمەویّ زوو بخەوم، گەڕامەوە ئوتیّل ئەو شەوەشم لەگەلّ مەنوچیّهری بردەسەر.

بەیانی مەنوچێهر بەڕێیکردم، چوومە گەراج و سواری پاسی سەڵماس بووم بەرەو جادەی سەڵماس قەسری یەک کە گوندێکی سەرسنوور بوو، لەسەر ئەو ڕێگایە دابەزیم. بەپرسیاران چەند کیلۆمەترێک ڕۆیشتم. کە گەیشتمە نزیک قەسری یەک ماندوو پەرێشان لەژێر سێبەری درەختێک دانیشتم تا کەمێک بحەسێمەوە و پرسیار لە گوندی قەسری یەک بکەم. کابرایەکی وەنێوکەوتووی کورتەباڵاو قسەخۆشی شکاک پەیدابوو، کە بەرەولای قەسری یەک دەڕۆیشت. بانگم کرد گوتم ئەرێ حاجی سەعید لە قەسری یەکە یان نا؟ هەر لە خۆڕا ئەو ناوەم گوت، ئەگەر ئەو ناوە هەبێ بە بیانووی ئەو هەندێک پرسیاری لێدەکەم و لە بارودۆخی ئەو مەڵبەندەش شتێکم دەستدەکەوێ. ئەو کابرا باشە گوتی کوڕەلاو حاجی سەعید چەند ساڵێکە مردووە کوڕەکانیشی لە ورمێن، تۆ ئەگەر بچیە قەسری یەک و کەسێک نەناسی پشتیوانیت بکات، دەکەویە دەست ژاندرمەی چاوچنۆک و تا پارەیەکت لێ نەستێنن وازت لێ ناهێنن. ئەو مەڵبەندە لەگەڵ تورکیا هاوسنوورە و بۆ کەسی غەوارە قەدەغەیە، هەر کەسێکی غەوارە بیگرن لانیکەم مانگێک دەستبەسەری دەکەن تا دەزانن چ کارەیە ئازادی ناکەن.

ئەو ئاگادارکردنەوەیە بۆ من شتێکی باشبوو. بە بیانووی هەڵگرتنی جانتاکەم لە کابرای پیرەمێرد جیابوومەوە و چوومە خوارێ و بزر بووم. خێرا دەڕۆیشتم تا گەیشتمەوە سەڵماس. نانی نیوەڕۆم لە کەبابخانەیەک خوارد و بەسواری ئۆتۆمبێل گەڕامەوە خۆی. چوومە بازاڕ جووتێک پێڵاوی هاوینەو چوار سەعاتی دەستی و هەندێک شتیدیکەشم کڕین، چاویلکەی دژەخۆرم لە چاوکردو هاتمەدەر پیاسەیەک بکەم. بە بەڕێوەبەری ئوتێلیشم گوت درەنگ دەگەڕێمەوە ئەگەر کەسێک لێی پرسیم بڵێ لێرە نییە. کاتێک گەڕامەوە گوتی دوو کەس هاتن و لێیان پرسی، منیش گوتم لێرە نییە. ئەو شەوە بە نیگەرانی و دڵەخورپە ڕۆژم کردەوە. بوخچەیەک کە هەندێک گۆڤارو ڕۆژنامەی تێدابوون خستنمە ناو جانتایەک و بە بەڕێوەبەری ئوتێلم گوت با ئەو ئەمانەتەم لەلای تۆ بێت تا دەگەڕێمەوە، تەنیا چەند ڕۆژێکم پێدەچێ و دێمەوە. بەڕێوەبەر پێیوابوو شتێکی گرانبەهای تێدایە لێیوەرگرتم و لە سندوقی کۆگای داناو گوتی خەیاڵت ئاسوودەبێ تا دەگەڕێیەوە لێرە پارێزراو دەبێ.

پێش قیستی دوو ڕۆژانیشم دابۆیە گوتم دەچمە گوندەکانی دەوروبەر بۆ کڕینی مەڕ و مالات، هەرکەسێک لێی پرسیم بڵێ دوای دوو ڕۆژی دیکە دێتەوە. بەیانی زوو

چوومە گەراج پاسی ماکۆ قەرەزیادین ئامادەی ڕۆیشتن بوو، بە پارەیەکی زیاد بلیتێکم کڕی و سوار بووم. ڕۆژنامەیەکم بە دەستەوە گرت بەبیانووی خوێندنەوە ڕوخساری خۆم پێ داپۆشی. لە کورسی پێشەوەی پاسەکە سەروکەللەی چوکەڵی شافعیم دیت. لە پشتێن بەرەو خوارەوەم وشکبوو. چونکە ئەگەر دیتبامی دەیناسیمەوە و ئاشکرای دەکردم، خوا ڕەحمی کرد ئاگای لە من نەبوو، بەڵام کابرای بلیت فرۆش گوتی ئەتۆ دەتویست بچیتە سەڵماس بۆ ئێستا بەرەو باکوور دەڕۆی؟ بەبێ تاقەتی گوتم لە جێگایەک مەڕ و ماڵاتی هەرزان هەبێ ڕوو لەو جەهەننەمە دەکەم، جا باشوور بێت یان باکوور. بەو قسەیە مەشەدی بلیت فرۆشم لەکۆڵ خۆم کردەوە.
پاسەکە وەڕێکەوت، بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز و ئایەتەلکورسی وەڕێکەوتم. ناچار بووم لە ترسی گیانی خۆم، لە دیداری ژن و منداڵ و باوک و دایکم دەستهەڵبگرم و لەو مەیدانە پڕ لە کێشەو ناهەموارە دوور کەومەوە. پاسەکە لە سێ ڕیانی قەرەزیادین ڕایگرت، شۆفێر ڕووی لە ڕێبوارەکان کردو گوتی ئەوەی دەچێتە قەرەزیادین با دابەزێ، من بەرەو ماکۆ دەچم. لەگەڵ چوار پێنج ژن و منداڵ و پیاو دابەزین و بەرەو قەرەزیادین وەڕێکەوتین. کاتی نیوەڕۆ لەبەردەم کەبابخانەیەک کە هەم میوانخانەش بوو، نانم خوارد و کەمێک پشوومدا، دوایی هەندێک تەماتەو خەیار و نان و پەنیرم کڕی، بەڵام لەبیری ئاودا نەبووم، پێموابوو لەسەر ڕێگا حەتمەن ئاوم دەستدەکەوێ. ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە لە ئێران بووم بە مەبەستی ئەوەی خێزانەکەم لە چنگی جەللادانی ساواک ڕزگار بکەم، لەگەڵ سوورەییا خاتوونی هاوسەری لە سورچیای شاری گەشتیاری سەرانی سۆڤیەت پشوویاندەدا کاتی مانەوەیان لە سێ ڕۆژ بۆ پازدە ڕۆژ درێژ کردبۆوە.
کە لە خۆی بووم دەنگۆیەک لەناو خەڵکدا بڵاوبۆوە کە ژمارەیەک سۆڤیەتی هاتوونە ئێران و دەستگیر کراون. سەرچاوەی ئەو پڕوپاگەندانە ڕۆژنامە و ڕادیۆ بوون. ئەو پڕوپاگەندانە لەلایەن گروپ گەلێکەوە بڵاودەکرانەوە کە لایەنگری ڕۆژئاوا بوون. نیگەرانی ئەوەشبوون کە نەکا شا لەگەڵ ڕووسەکان پێک بێن و ئەوان گلۆڵەیان بکەوێتە لێژی. هەتا چەند جارێک برووسکەیان بۆ شا لێدابوو کە گۆیا لەبەرژەوەندی دەوڵەت بگەڕێنەوە وڵات. ئەو گرژیە سیاسیە خەڵکی ئاساییش هەستیان پێدەکرد و کەمتر کەسانێکیش هەبوون پەی بە ناوەرۆکی بابەتەکە بەن.

هەروەها لەوەش نیگەران بووم نەکا دەوڵەتی سۆڤیەت لەژێر پۆششی چەتری مرۆڤدۆستیدا بەرامبەر بە من و زۆر کەسیدیکەش سیخوڕی رەوانە کردبن. بۆیە ناچار بووم ئێوارێ خۆم بگەیەنمە چایخانەکەی تازەکەند و بەجۆرێک لە چایخانەکە تێپەڕم و ئەو بەردەسپیە و نیشانانەی پێیانگوتووم بیانبینمەوە و لە هەمان پەناگا شتێک وەبینم بە کەڵکم بێت. زیاتر بیرم بۆ ئەوە دەچوو دەمانچەیەک یان شتێکی دیکە هەبێ بۆ پارێزگاری لەخۆم، بۆ گەڕانەوەم بۆ سۆڤیەت، لەبەرامبەر هێرشی لەناکاو جا چ مرۆڤ بێ یان گیانلەبەر.

جادەکە چۆڵ بوو جارجار دەنگی ئۆتۆمبێلێک یان ماتۆڕێک دەهات، خۆم لە قوڵکەیەک یان بن بەردێک دەشاردەوە. دەنگی فڕۆکە دەهات، پێموابوو فڕۆکەی سیخوڕی بێ بۆ دەستگیرکردنی من هاتبێ، یەکسەر لە قوڵکەو پەنا گابەردەکانی جادە خۆم دەشاردەوە. ئەو پارێزکاریە زۆر لەکاتی گرتم، ناچاربووم راوەستم تا تاریک دادێ. دوای دوو سەعات رۆیشتن بە تاریکی لە دوورەوە رووناکایی چرای گوندێک دەرکەوتن. بەرەولای ئاوایی وەڕێکەوتم، حەپەی سەگەلی ئاوایی دەهات کە بۆلام دەهاتن، بۆیە بەرەوبەرزایی کێوەکە پێهەڵگەڕام و لە ئاواییەکە دوور کەوتمەوە.

لەسەرێ تەماشای خوارێم کرد دارچنارەکەی بەردەم چایخانەکەی تازەکەندم لێدەرکەوت. لەوێوە بەرەو لای جادەو ئەو شوێنەی بۆیان دانابووم وەڕێکەوتم. ئەوەندەی گەڕام نە بەردێکی وام دیت و نە پەناگایەک. سەعاتێک بەو ناوەدا گەڕام، بەڵام هیچ شتێکم نەدیتەوە. بۆیە بە هاوکاری ئەو مەشخەڵانەی لە دوورەوە دەبینران بەرەولای باکووری رۆژهەڵات رۆیشتم.

زۆر رۆیشتم جارجار بابۆڵەپەنیرێکم دەخوارد. ماوەی نیوسەعاتێک لە پەنا گابەرێک سەرخەوێکم شکاند، کاتێک چاوم هەڵێنا دیتم سپێدەیەو بەرەبەرە رووناک دادێ. بۆیە رۆیشتنم لەو ناوچە سنووریە بێ مەترسی نەبوو. بۆیە وام بەباشزانی لە کەلێنە شاخێک خۆم بشارمەوە تا وزەم دێتەوەبەر. دوای کەمێک خەوتن چاوم هەڵێناو تەماشای دەوروبەرم کرد، لە دوورەوە دوو مێگەلە مەڕ و شوانم دیتن. بەڵام غیرەتی ئەوەم نەکرد لە شوێنەکەم بێمەدەر. گەرمایی هەتاو و، تینوێتی بڕستیان لێبڕیبووم، هەستم بە بێتاقەتی دەکرد. ناچار بووم هێواش هێواش لە پەناگاکە بێمەخوارێ و بەرەو ئاواییەکانی بەهلوول ئاواو پەناکەندی، یان نەزەرعەلی و قیقاچ بڕۆم و لەناو ئەو گوندانەدا سەرگەردان بووم. بەباشی نەمدەزانی سەرەنجامم بەکوێ دەگات.

له هەرجێگایەک جۆگەئاوێکم دەدیت هەمووی گواو بوو پڕبوو له دەیان میکرۆب. له تینوان دەسرەکەم به دەممەوە دەگرت و قومێکم لەو ئاوە بۆگەنیوەم دەخواردەوە، له خودا دەپاڕامەوە پشت و پەنام بێت. به کێوەکەدا هاتمەخوارێ که هەمووی رەوەز بوو. لەناکاو لەو بەشتەدا سەرو کەللەی کابرایەکی سی و پێنج ساڵەم لێدەرکەوت. وەگومان کەوتم، گوتم حەتمەن پیاوی نهێنی دەوڵەتە. سڵاوم لێکردو گوتم گوندی نەزەرعەلی لەکوێیە، رێگام لێ ونبووە. گوتی بەو کوێرەرێگایەدا برۆ دەچێتە نەزەرعەلی. بەو رێگایەدا نەڕۆیشتم، دەترسام نەوەکو خەبەرم لێبدا. بۆیە ناچار بووم کەمێک برۆم و خۆم بشارمەوە. بۆ خواردن و خواردنەوە هیچم پێنەبوو. برسی و تینوو لەو دەشتە وشک و بێ ئاوەدا هەڵوەدا بووم، بەو جۆرە ئەو رۆژە ناخۆش و پڕ له ترسەم تێپەڕاند. بەرەبەرە تاریک دادەهات، شەوەکە بۆ رۆیشتن گونجاوتر بوو. لەبەرئەوەی شەوێ له کەس نەدەترسام بمبینێ، هەروەها رووناکایی بلاجکتۆرەکانی سنووری یەکیەتی سۆڤیەتم لێوە دیاربوون. لانوێنەکەم کاتێک چوومە چایخانەی تازەکەند له جێگایەک شاردبۆوە، کاتێک گەڕامەوە ئەوەندەی گەڕام نەمدیتەوە. ئەو رێڕەوەم بێ لانوێن به یارمەتی ئەستێرەکان و رووناکایی سەر سنوور گرتەبەر.

ڕێ رۆیشتنی دواشەوم بەرەو سنووری سۆڤیەت دەکەوتە ناو پەرێزە گەنمان. لەو دەوروبەرانە کەسم بەرچاو نەکەوت. له دوورەوە رووناکایی چرایەک دەبینرا. زۆر ماندوو کەلەلا بووم، هەندێجار له ماندوویيان رادەکشام و ئاگام له خۆم نەدەما. لەترسی ئەوەی تا شەوە و تاریکی وەکو قەڵایەک پەناگامە، دەبوو خۆم گەیاندبایە ئەو بەری سنوور و ئەمین. نیشتیمان بۆ من مەترسیدار بوو، دەمویست له نیشتیمان دوور کەومەوە. بێجگە له هەڵوەدا بوون له نیشتیمان هیچ چارەیەکی دیکەم نەبوو، بۆیە به هێزی دڵ و پشتیوانی خودا دەڕۆیشتم و له سنوور نزیک دەبوومەوە. تا گەیشتمە بێشەڵانی رووباری ئاراس. بەناو درەختەکاندا سەد مەترێک رۆیشتم تا گەیشتمە سەر رووباری. چەند تۆپێکی لاستیکم لەگەڵ خۆم هێنا بوون، بۆ کاتی پێویست، بەو مەبەستەی نەکا له کاتی پەڕینەوەم له رووباری کێشەیەکم بۆ دروستبێ، هەر چەندە مەلەشم دەزانی، چوار تۆپەکەم فوودان و توند به حەبلێک لێکم بەستن. ئینجا جلکەکانم خستنە ناو جانتا پلاستیکیەکەم. تۆپەکانیشم له قەدم بەستن و جانتاکەم لەسەر شانم داناو پەنا بەخوا خۆم به ئاوێ دادا.

مەوداکەی هێندە نەبوو، بەو تاریکە شەوە لەلای باشووری رووبار بەرەو باکووری رووبار کەوتمە مەلەو خۆم گەیاندە سنووری یەکیەتی سۆڤیەت. جلکەکانم لەبەرکردنەوە، وا بە تەنیشت تێلدڕوەکاندا دەڕۆیشتم شوێن پێم دیار نەبن، بەختم هەبوو کاتێک پێم دادەنا رۆنەچوون. لە تێلدڕوەکە تێپەڕیم و بەرامبەر پۆستی ئێشکگرتن لەسەر عەردی لێی راکشام و خەوتم. کاتێک چاوم هەڵێنا خۆر هەڵکشابوو، سەرنجمدا دوو سەربازی رووس بە چەکەوە لە پەنام راوەستا بوون و لێم رامابوون و پێکەوە قسەیان دەکرد. بە زمانی رووسی سڵاوم لێکردن و گوتم هەواڵ بە باکۆ بدەن با، بابایۆف بێت.

ئەوە ئاماژەیەک بوو هەموو بنکە سنووریەکانی ئەو ناوەی نەخچەوان و جلفا دەیانزانی. پاش کەمێک ئەفسەری ئێشکگر بردمی بۆ ژووری دەفتەری بنکەی سنوور. گوتم زۆر برسیمە و خەویشم دێت، هەروەها حەزیشم لە چایە. خاتوونی ئەفسەر چای بۆ سازکردم و هەندێک شووتیشی بۆ هێنام. ئەفسەرەکەو خاتوونی ئەفسەر تەماشایان دەکردم و سەریان سوڕما بوو. بەلایانەوە شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو. مۆڵەتم لێوەرگرتن و گوتم کەمێک پشوودەدەم. گەرماویان پێشاندام، چووم ئاوێکم بە خۆمداکردو ئینجا لەسەر قەرەوێڵەیەک راکشام. پێش ئەوەی بخەوم پرسیان بۆ نیوەڕۆ حەزت لە چییە؟ ئەگەر سووپی برش بێ زۆر باشدەبێ. ئینجا لێی خەوتم.

دوو سەعات نووستم، تا رادەیەک هاتبوومەوە سەرخۆ، وەبیرم هاتەوە بۆ پارێزی ئەو سەعاتانەی لەگەڵ خۆم هێنابوون دەبوو بیانشارمەوە، بۆیە دەبوو لەناو دەرپێی کورتەکەمدا بیانشارمەوە کە پێشتر جێسازیم بۆ کردبوو. خۆم بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بابایۆف ئامادەکردبوو. لە ژووریّ هاتمەدوەر دوای ئەوەی دەست و چاوم شووشتن هاتمە حەساریّ، ئەفسەرێکی ئێشکگر بە رێزەوە بردمیە ژووری نانخواردن. دوای خواردنی سووپی برشی رووسی، چامان خواردەوە. لە دەریّ دەنگی ئۆتۆمبێلی بابایۆف هات، ئەفسەری ئێشکگر غاریدا دەریّ، ئینجا ئەفسەرو رائید بابایۆف هاتنەژوور. کەسێکی نەناسیاویشیان لەگەڵ بوو. بابایۆف یەکسەر گوتی ژن و منداڵەکانت کوان؟ گوتم بەداخەوە سەرکەوتوو نەبووم کە لەگەڵ خۆمیان بێنم، زۆریشی نەمابوو دەستگیرم بکەن.

دوای کەمێک دانیشتن و شەربەت خواردنەوە بە ئاماژەی بابایۆف هەرسێک کەس سواری ئۆتۆمبێلی ڤۆلگای دروستکراوی رووسی بووین و وەڕێکەوتین. من و

بابایۆف لەدواوە سواربووین، کەسی سێیەمی نەناس شۆفێر بوو. رائید بابایۆف لە جانتاکەیدا دەستێک کۆت و شەروالی رێرێی رەساسی دەرهێنا وپێدام و گوتی کۆت و شەرواڵە ئێرانیەکەت دانێ و ئەوانە لەبەر بکە، هەتا کراس و ژێر کراس و دەرپێ کورتەشی هێنا بوو. بەسەرنجەوە تەماشای جلک گۆڕینەکەی دەکردم، تا گەیشتە سەر دەرپێ کورتەکە. بابایۆف دەیویست ئەویش دابنێم. نارەزایەتیم دەربڕی کەپێم شەرمە، بۆیە سەرزەنشتم کرد کە لەبەرامبەر کەسایەتییەکی ئاوا بۆمن شەرمەزارییە، بە کورتی هەرچۆنێک بوو بێجگە لە دەرپێ کورتە کە سەعاتەکانم تێدا شاردبوونەوە ئەوەی پێمبوو لێیوەرگرتم. ئەو کۆت و شەرواڵە تازەیە کەمێکم بۆ گەورەبوون. دوایی گوتم ئەو دیاریانەشم هێناون. گوتی نا، بەکورتی کە گەیشتینەوە بارەگای فەرماندەیی نەخچەوان بە هەزار زەحمەت و راوێژ لەگەڵ بابایۆف و بەرپرسی فەرماندەیی، هەتا توانیم جووتێک گۆرەوی و ئەو پێڵاوە هاوینەی لە خۆی کڕیبووم بمدەنەوە. زۆر لەوە نیگەران بوون کە ئەو ئەمانەتەی لەلای چایخانەی تازەکەندم نەهێنابۆوە.

باسی مەترسی و سەگەلی ئاوایی و زۆر شێرو رێویم بۆ هێنانەوە تا وازیان لێ هێنام. دوای دوو رۆژ مانەوە و نووسینی راپۆرتێکی سەفەرنامە سەرنەکەوتوەکەم بۆ ئێران، دووبارە گەڕامەوە باکۆ.

من لەو کارە بەناو مرۆڤ دۆستییەی ئەوان کە رێگایان دابووم بچمەوە نیشتیمان تا ژن و منداڵەکانم بێنم ئەویش لەسەر خەرجی خۆیان، کە بۆم هەڵنەسوورا، سەرم لێ دەرنەدەکرد. کە ئایا بەڕاستی لەبەر خاتری مەلا مستەفای بارزانی بووە، یان مەبەستێکی دیکەیان هەبووە.

زانکۆ

چەند رۆژێک چوومەوە قووبا و میوانی کاک ئیبراهیمی مرۆڤ دۆست و خواناس بووم. کاتێک چوومە باکۆ هەندێک کەلوپەلم لە ماڵی ئەوان دانابوو، تەماشایەکم کردن و ئەو بەڵگەنامانەی پێویست بوون بۆ بەشداری کردن لە تاقیکردنەوەی کۆلێژی پزیشکی کە زۆر دژواربوو، هەڵمگرتن. ماڵئاوایم لە کاک ئیبراهیم و رەئیسا واسلۆنا کرد کە خاتوونێکی دڵسۆز و نەفس بەرزو میهرەبان بوو. هەروەها خواحافیزیم لە تێکرای مامۆستا و قوتابی و ئەو کەسانەکرد کە دۆستایەتیم لەگەڵیاندا هەبوو، بە ئومێدی خودا گەڕامەوە باکۆ. ئەو شتانەش کە لە کۆگای ئینۆریست دابوون، ئەوانیشم وەرگرتنەوە، ئەو بەڵگەنامانەی پێویست بوون بردنم بۆ بەشی وەرگرتنی قوتابیانی کۆلێژی پزیشکی باکۆ، لە بەشەناوخۆیش بەشێوەیەکی کاتی جێگایان کردمەوە تا ئەگەر قبووڵ بووم لەوێ بمێنمەوە، دەنا دەبوو لەوێ بڕۆم.

تەواوی مانگی پووشپەڕ و بەشێکی مانگی گەلاوێژ هەوڵوکۆششێکی زۆرمدا، لەکەنار دەریاچەی خەزەر و پارکەکانی شار هەر خەریکی سەعی کردن و خۆ ئامادەکردن بووم بۆ ئەو تاقیکردنەوە چارەنووسسازە بۆ کۆلێژی پزیشکی. تاقیکردنەوە دەستپێک لە ١٢ی گەلاوێژی ١٩٥٥ دەستپێدەکرد، دەبوو لە چوار تاقیکردنەوە بەشداری بکەم. ژمارەی نمرەی قبووڵی ئەوەی بۆخۆیان پێیاندەگوت (بال) هێشتا دیار نەبوو. بەکورتی لە شازدە بال کەمتر نمرەت هێنابا خراپ بوو شانسی قبووڵکردن زۆر لەخوارێ بوو.

نمرەی نایاب لە سۆڤیەت پینج بوو/ بەرامبەر بە نمرەی (بیست) ی ئێران. نمرەی چوار باشبوو یانی لە ١٤ تا ٢٠ نمرەیە، نمرەی سێ مامناوەندە. ١٦بال یانی لە هەر چوار تاقیکردنەوە دەبێ ١٦ نمرەت هێنابێ. خوازیارانی پەنابەری ئێرانی کە لە لایەن فیرقەی دیموکراتی جێگیر لە باکۆوە ئیدارە دەدران و بوجەیەکی تایبەتیان هەبوو، بەرپرسەکەشیان غولام یەحیای دانشیان بوو، دەنێردران چاوپۆشییان لێدەکرا. ئەگەر نمرەی قبوڵیان وەردەگرت بە پێی ژمارەو شوێن کە بۆ فیرقە دیاری کرابوو، قوتابیان

وەردەگرت. بۆ ڕێکخستنی فریقەی دیموکرات و بە پێی فەرمانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لە هەر ئەنستیتیۆ و دانیشگا چەند کورسییەک بۆ ئەوان لەبەرچاو گیرابوون. لەگەڵ داواکاران و قوتابیانی فیرقەی دیموکرات، وێڕای تێکڕای خوازیاران کە تاقیکردنەوەی وزاری تا بڵێی سەخت و دژوار بوو هەموو وەکو یەک بوون. بۆیە دەبوو بۆ فیرقەی دیموکرات و گریمانەی حکومەتی دیموکراتی سەر بە یەکیەتی سۆڤیەت لە ئێران ئامادە بکرێن. لە هەر هونەر و رشتەیەکی تایبەتمەند رابهێنرێن و ئامادە بکرێن.

من لەو ئیمتیازە سودمەند نەبووم، چونکە نە ئەندامی حزبی دیموکراتی ئازەربایجان بووم و نە لە فیرقەچییەکان و سەروسەکوتی غولام یەحیا کە جاسووسی بێوێنە و تاوانباری دەسگای ڕێبەری بوو، هیچ خۆشیم لێنەدەهات. کەواتە چارە چیبوو؟ دەبوایە بە تاقی تەنێ و تاقەسوارە لەو مەیدانەدا خەبات و کۆشش بکەم و شانی بدەمەوبەرێ. پشتوپەنا بەخودا هاتمە مەیدانێ بۆ تاقیکردنەوەی وزاری و تاقیکردنەوەی نا ئاشنای کۆلێژی پزیشکی. تاقیکردنەوەکان بەباشی دەچوونەپێش. تەنیا نیگەرانی لە تاقیکردنەوەی زمانی رووسی بوو، کە وەک ئەو قوتابیانەی یازدە ساڵ وانەی زمانیان خوێندووە ئامادەییم نەبوو. یەکێکی دیکەش لە هونەری زمان یەکێک بوو لەو مەترسیانەی کە هەموو وردەکاریەکانی کە لە درز و کەلێنەکانی دەکەوتم. دوا تاقیکردنەوەشمان زمانی رووسی بوو. لەوکاتەدا چاودێری تاقیکردنەوەمان کابرایەکی لەبەردڵان و سمێڵ بابڕ و بەتەمەن بوو، بەرپرسی هەموو چاودێرانی زمانی رووسی بوو، تاقیکردنەوەی لێوەرگرتین. ئەو مامۆستایە ناوی شاسوار ئۆف بوو. لەکاتی نووسینی رستەی رووسیدا لەسەر سەرم راوەستا بوو تەماشای نووسینەکەی دەکردم. بۆی دەرکەوت کە من لە هەموو ئەوانەی کە حەڤدە هەژدە ساڵە بوون گەورەترم و قەڵافەت و جۆری جلک و بەرگ و پێڵاوە هاوینیەکەم کە لە ئێران هێنا بووم و لە پێمدا بوون، لەگەڵ ئەوانی دیکە جیاواز بوو. پرسی هاوڕێ خەڵکی کوێی؟ گوتم ئێرانیم. گوتی چ نەتەوەیەکی؟ گوتم کوردم. شاسوار ئۆف بە روویەکی خۆشەوە گوتی ئافەرین دیاربوو کوردی! دەرست نەخوێندووە و نووسینی تۆ لەوەی هەموویان باشترە. بەڕێز شاسوار گوتی ئاخر منیش کوردم، بە لەهجەی باکووری تورکیا چەند قسەیەکی لەگەڵ کردم، یەکسەر وەڵامم دایەوە، دەستێکی لەسەر شانم داناو گوتی خودا سەرکەوتووت بکات. لە قەڵافەتت رادیارە زۆر رەنج

و کوێرەوەریت دیتوون، ئەوەش کراسێکە بە باڵای هەموو کوردانی دنیا بڕاوە. لەو قسە بوێرانەی مامۆستا سەرم سوڕما، دوایی پێیان گوتم ئەو لە هیچ کەس نەدەترسا، لە بەرئەوەی زیندان و دوورخراوەیی دیتبوو، پیاوێکی زاناو هەڵکەوتەو میهرەبان بوو.

لە بیستی مانگی ئووتی ۱۹۵۵ تاقیکردنەوەکانی سەرەتایی کۆلێژی پزیشکی تەواو بوون. دوای دوو رۆژ رایانگەیاند کە نمرەی ١٤ بال قبووڵە، لە کاتێکدا تێکڕای نمرەکانی من ١٦ بوون. سەردانی لیژنەی تاقیکردنەوەم کرد، گوتیان دەرچووی. ئەو هەواڵە هێندەی خۆشحاڵ کردم، لە پێستی خۆمدا نەدەگونجام. موژدەم بە هەموو هاوڕێ مەهابادیەکانمدا کە دەرچووم. کاک رەحیمی قازی لە باکۆ نەبوو چووبوە بساناتۆریای شوێنی گەشتیاری دەوڵەتی. من لەگەڵ ئەوەی هیچ کارێکم نەماوە و یەکێکم لە دەرچووەکان و دە رۆژم ماوە بۆ دەستپێکردنی خوێندن، پیمباشبوو سەرێک لە مۆسکۆ بدەم و بچمە خزمەت جەنابی مەلا مستەفای بارزانی و باسی ئەوەی لەگەڵ بکەم کە نەمتوانی بە خێزانەکەم بگەم، دەردە دڵیەکی لەگەڵ بکەم و بزانم چ رێگا چارەیەکم بۆ دادەنێ. هەروەها دەرچوونم بۆ کۆلێژیشی پێبڵێم. دەمزانی خۆشحاڵ دەبێ و هاودەردیم لەگەڵ دەکات.

بەسواری شەمەندەفەر چوومە مۆسکۆ. کە گەیشتمە مۆسکۆ چوومە ماڵی دکتۆر مستەفا سەڵماسی، باسی تاقیکردنەوە کەو شاسوارۆفم بۆ گێڕایەوە. شەوێ نووسینەکەم پێشاندا، دکتۆر مستەفا گوتی پەیوەندی بە پڕۆفیسۆر بەرتەلسی رۆژهەلاتناسەوە بکە، با ئەو نووسینەکەت ببینێ. بۆ بەیانی لەگەڵ دکتۆر مستەفا چووینە خزمەت مەلا مستەفای بارزانی. کە چاوی پێکەوتم خۆشحاڵ بوو. بەسرتە بابەتی سەفەرەکەی لێپرسیم، هەموو باسەکەم بۆ گێڕایەوە. زۆری پێناخۆشبوو، گوتی خودا کەریمە، ئەگەر دەرگایەک دابخرێ، هەزار دەرگا دەکاتەوە. بۆیە خۆڕاگربە و دەرسەکانت بەباشی بخوێنە، ئینشائەڵڵا سەرکەوتوو دەبی. ئێستا دەبێ هەموو هەست و هۆشت لەسەر خوێندنەکەت بێت.

دوای ئەوەی لەلای جەنابیان رۆیشتم، چووم بۆلای پڕۆفیسۆر بەرتەلس، شوێنی کارەکەیم دیتەوە، سکرتێرەکەی کە کچێکی جوان بوو گوتی پڕۆفیسۆر چۆتە لینینگراد بەشدارە لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی رۆژهەلاتناسی. هەروەها هەم لە لینینگراد و هەم لە مۆسکۆ نووسینگەی هەیە. دەربارەی نووسینەکانی خۆم قسەم لەگەڵ کرد. ناوی

ئالیا بوو، فارسی زۆر باش دەزانی. نووسینەکانم ویدا و تکام لێکرد کاتێک پرۆفیسۆر هاتەوە نووسینەکەی بداتێ. لەبەرئەوەی سەرنج و تێبینی ئەو لە بڵاوکردنەوەو وەرگێڕانی بە پێویست دەزانم. خاتوون بە رووخۆشیەوە نووسینەکانی لێوەرگرتم و پرسی شارەزای مۆسکۆی؟ گوتم نا. گوتی ئەگەر وایە ئێواریێ وەرە دەچینە شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی مۆسکۆ، بۆ ئەوەی ببێتە بیرەوەریەکی خۆش بۆ تۆ و بۆ مۆسکۆ و خەڵکی مۆسکۆ.

بە خۆشحاڵییەوە پێشنیارەکەم پەسەند کرد. هەروەها گوتی ئەمڕۆ سەعات شەشی ئێوارە لەبەردەم ئوتێلی مۆسکۆ و نزیک مەیدانی سوور چاوەڕێی بم و پێکەوە کەمێک لە دەوروبەری کۆشکی کرملین بگەڕێین و شوێنە مێژوویی و جوان و سەرنجڕاکێشەکانیم پێنیشانبدا. لە کاتی دیاریکراودا خاتوو ئالیا پەیدابوو، وەک کەوێکی خەرامان و ئاسکێکی جوان بەرەو لام دەهات. بە لێوە جوانەکانی بزەیەکی بۆ منی بێچارەو سەرگەردان کردو بە دەستە گەرم و ناسکەکانی کە دەتگوت تووکی قوون، دەستە وشک و ئازار چەشتووەکانی منی گوشی، زۆر دۆستانە تۆقەمان کرد گوتی با پیاسەیەک بکەین.

لەو کاتەدا کە خەریکبوو لەگەڵ ئەو شێوە پەریە خەریکی قسەکردن و سەرسامی جوانی و لارولەنجەکەی بووم، باران دەستیکرد بە بارین. گوتم لە بەختی منی بێچارە ئاسمانیش تورەبووە و ناهێڵێ دوای ساڵانێک کوێرەوەری و رەنج و ئازار، چەند خولەکێک دەست بخەمە ناو دەستی ئەو فریشتەیە و بە مەیدانی سوور و کرملیندا پیاسەیەک بکەین. خاتوو ئالیا گوتی ئەوە دەڵێی چیێ؟ گوتم خۆر بەرەوڕووم پێکەنی تا ویستی گەرمم بکاتەوە و هێزێک بە گیانم ببەخشێ، هەورێکی رەش هات و دەیەوێ بە گریانی خۆی رووخسارم بشواتەوە. ئەو قسانەم بە فارسی پێگوتن، خاتوو ئالیا زۆری کەیف پێهات. گوتی زمانی فارسی چەندە شیرین و پڕماناو کنایەیە. خاتوو ئالیا شانی راستی بە شانی چەپمەوە نووساند، دنیایەکی گەرم و گڕ و پڕ لە چێژی بە پەیکەری شێواوم بەخشی، دەمویست باڵبگرم بە ئاسماندا هەڵفڕم، لەو گۆی زەویە پڕ لە رەنجە بڕۆم. بەڵام کێشی بە هێزی خاتوو ئالیای جوان لە جێی خۆم وشکی کردم و چەقیم.

بە زمانی فارسی و رووسی رازونیازمان دەکردو لەژێر چەتری ئەو پەیکەری جوانییە، چاوەڕانی ئەوە بووم بارانەکە بیکاتەوە، کە لەناکاو سەرنجمدا ئۆتۆمبێلیکی ڤۆلگا لە

پێشمان و لەبەردەم ئوتیل مۆسکۆ راوەستا. دەرگای پێشەوە کرایەوە و جەنابی مەلا مستەفای بارزانی کە لە تەنیشت شۆفێر دانیشتبوو، بانگی کرد: قادر! تەواوی جەستەم وەلەرزین کەوت، کە لە دنیای خەون و خەیاڵی خۆمەوە هەڵدەفڕیم، بەربوومەوە سەر دنیای پڕ لە ئازاری خۆم. بەرەو لای جەنابی بارزانی غارمدا، بە قەڵافەتێکی جددی و پتەو پرسی کاکی قوتابی ئەوە کێیە؟ بە زمان هەڵەنگوتنەوە گوتم جەنابی ژەنەڕاڵ ئەوە کچی پرۆفیسۆر بەرتلسە کە یادداشتەکانی خۆم بۆ هێناوە بۆ وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە، ئەویش منی هێناوە بۆ ئێرە تا شوێنە سەرنجڕاکێش و مێژووییەکانی مۆسکۆم نیشانبدات. جەنابی بارزانی بزەیەکی هاتێ و گوتی ناوی چییە؟ گوتم ناوی ئالیایە واتا زێڕ. گوتی چ زێڕێکت پەیدا کردووە. دیاربوو جەنابی بارزانیش کچەی پێ جوانبوو. ئێنجا گوتی سبەی وەرە بۆلام کارم پێتە. دەرگاکە پێوەدراو ئۆتۆمبێلەکە رۆیشت. ئالیا پرسی ئەوە کێیە؟ گوتم ئەوە جەنابی مەلا مستەفای بارزانییە قارەمانی میللی و ژەنەڕاڵی ئیفتیخاری یەکیەتی سۆڤیەتە.

کیژە وای هەستکرد شڵەژاوم چونکە دەتگوت تەنەکە ئاوێکی ساردیان بەسەردا کردووم. دڵەکوتەم بوو، لەو سەرزەنشت کردنەی نیگەران بووم. چەند سەعاتێک لەگەڵ خاتوو ئالیا پیاسەمان کردو پێکەنین، باسی زۆر شتمان کرد، بەڵام بیرم ئاڵۆز بوو.

دوای ئەوەی لە یەکێک لە ریستۆرانەکانی شەقامی گۆرکی نانی شێوانمان خوارد لەگەڵ کچە خواحافیزیم کردو تکام لێکرد هەر کاتێک پرۆفیسۆر گەڕایەوە کارێک بکە چاوێک لە نووسینەکانم بکات. خاتوو ئالیا بەڵێنیدا بەدواداچوونم بۆ بکات. هەروەها گوتی لە کۆتایی مانگی سپتامبەر تەلەفۆنی بۆ بکەم. بە سوپاس و رێزەوە ماڵئاواییم لێکرد.

بۆ بەیانی بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە لەگەڵ دکتۆر مستەفا چووم بۆ لای جەنابی مەلا مستەفای بارزانی. بەپارێزەوە لە دەرگامدا، بارزانییەک دەرگای کردەوە و گوتی جەنابی بارزانی چاوەڕێت دەکات. زیاتر نیگەران بووم، بە ترس و دڵەڕاوکێ چوومە ژوورێ، کاتێک وەژوور کەوتم تەماشامکرد بارزانی لەگەڵ دوو کەس لە هاوخەباتکارەکانی دانیشتوون و سەرگەرمی قسانن. سڵاوم لێکردن. فەرمووی قادر دانیشە. بە بزەیەکی پڕ لە خۆشەویستیەوە لە هواڵی پرسیم، منیش بە شەرمەوە وەڵامی خۆشەویستییەکەی ئەوم دایەوە و سەرم نەویکرد.

دکتۆر مستەفا رووی لە بارزانی کردو گوتی مامە (مەهابادییەکان بە بارزانییان دەگوت مامە.) ئەو راسپاردەی دوێنێ پێتگوتم بەتەواوی جێبەجێم کرد. چاوەڕوانی فەرمانی دیکەی بەڕێزتانم. بارزانی گوتی بەڵێ ئامۆژگاریەکەی منت جێبەجێ کرد، بەڵام قادر نا، ئەویش وەک زۆربەیان لە مۆسکۆ خەریکی عاشقێنیە، نە ژنی لەبیر ماوە و نە منداڵەکانی! ئێستاش کە بۆتە قوتابی زانکۆ دەبێ چۆنبێ، هەر خوا دەزانێ. سەرم هەڵێناو بەوپەڕی رێزەوە گوتم، سوێند بە شەرەفم دەخۆم نە عەشقێک لە ئارادایە و نە دەست گەرم کردنەوەیە. لە نووکەوە باسەکەم بۆ گێڕایەوە و گوتم ئەگەر نووسینەکەم پەسەند بکرێ لە وانەیە بە نوایەک بگەم و لەو دەستکورتییە رزگارم بێت. قسەکانم کاریگەریان لەسەر دانا، جەنابی بارزانی ئەو پارەیەی لە گیرفانیدابوو لە پێشی دانام و گوتی ئەوەی هەمە دەیدەم بە تۆ، برۆ خەرجی بکە و دەستێک بە حاڵ و گوزەرانی خۆتدا بێنە.

منیش گوتم نا مامەگیان بەخوای مەبەستم پارە نییە، ئەو شانۆنامەیە ئەگەر باش بێت هەم ناوێک و هەم پارەیەکی باشم دەستدەکەوێ. پارەکەم لێ وەرنەگرت. لە بەرامبەر ئەو هەموو رێز و خۆشەویستی میهرەبانییەی دەستیم ماچ کرد، ئەویش بە خەندەوە سەری ماچ کردم و گوتی پێموابوو تۆش وەک تێکڕای کوڕەکان بەدوای خۆشگوزەرانیدا دەگەڕێی! خودا ئاگادارت بێت. ئومێدی زۆرم بەتۆیە، ئەوەی لە دەستیشم بێت بۆت جێبەجێ دەکەم، بەڵام نەچیتە ژێرکاریگەری رەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژ.

بارزانی لەگەڵ رەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژ نێوانی خۆشنەبوو، یەکەم رەحیمی قازی لافی بەرابەری بەرامبەر بە ئەو دەنواند بەڵام لە زۆر شوێنان بەخراپە باسی دەکرد، کە بەگوێی گەیشتبووەوە. عەلی گەلاوێژیش گۆیا کاتێک لە سنوور تێپەڕیبوون لەگەڵ مرادی رەزم ئاوەر ناردبوویاننە ناو بارزانیەکان کە ببنە پەیوەندی نێوان بارزانیەکان و بەرپرسانی یەکیەتی سۆڤیەت بۆ چارەسەرکردنی پێداویستی و کێشەو گرفتەکانیان. بە گەلاوێژیان گوتبوو نابێ لەلای ئەو باسی قەومیەتی خۆی بکات و ئەوەی ئەوان دەیڵێن یەکسەر بە بەرسانی باڵای سۆڤیەتی رابگەیەنێ. هەرچەندە عەلی گەلاوێژ لە ئەنجامدانی ئەرکەکەی و ویژدانی خۆی سەرپێچی نەکردبوو، بەڵام زۆر لە کێشەو گرفتەکانی بۆ جێبەجێ کردبوون. بەڵام بە ناو و ناسناوی خوازراو خۆی بە مەلا مستەفای بارزانی ناساندبوو. زگماک خاڵێکی گەورەی عەلی گەلاوێژ لە هزری

ڕێبەری بارزانیەکاندا نەخشی بەستبوو. بەناوی خوازراو ئەوی دەناسی، بەڵام نەیدەزانی چ قەومێکە، پێیوابوو یەکێکە لە بەرپرسانی پلەباڵای ئازەربایجانی سۆڤیەت، لەبەرئەوەی تورکیەکی باشی دەزانی. تا ئەوە بوو ڕۆژێک لە باکۆ لە کۆبوونەوەیەکی لەناکاو ئەنجامدەرێ و بازانیش ئامادە دەبێت. هەرچەندە ناوی عەلی گەلاوێژیش دێنن کە بەشداری کۆبوونەوە کەیە، بەڵام دیارنییە. لەناکاو مەلا مستەفا لە ڕاڕەو تووشی دەبێ و دەیەوێ بە فارسی دەربارەی کارێک پرسوڕاوێژی پێبکات، لە پڕێکدا یەکێک لە ئەندامانی فیرقە بە دەنگێکی بەرز دەڵێ هاوڕێ گەلاوێژ ئەوە لەکوێی؟ لە ژووری کۆبوونەوەی حزبی چاوەڕێی تۆن.

عەلی گەلاوێژ دەستەپاچەدەبێ و بە بیانوویەک لەلای بارزانی دوور دەکەوێتەوە. لەوکاتەدا مراد ڕەزم ئارا پەیدا دەبێ و تۆقە لەگەڵ بارزانی دەکات. مەلا مستەفای بارزانی دەپرسێ ئەو کابرایەی خاڵێکی ڕەشی لە ناو دوو برۆیانیدایە کێیە؟ مراد دەڵێ ئەوە عەلی گەلاوێژە، کوردە و خەڵکی دەوروبەری مەهابادە. بارزانی توڕەدەبێ و دەڵێ ئەو کابرایە دوو مانگ لەلای ئێمە بووە، یەک وشەش بە کوردی قسەی نەکردووە. خۆی بە کارمەندێکی دەوڵەتی ئازەربایجانی سۆڤیەتی ناساندووە. ئێمە بڕوای زۆرمان پێکردووە. لەوکاتەدا مراد ڕەزم ئاوەر هەلەکە دەقۆزێتەوە و بۆ ئەوەی خۆی لە بارزانی نزیکتر بکاتەوە، زیاتر بۆی تێدەگوشێ و دەڵێ بەڵێ ئەوە پیشەی سیخوڕیە. مراد ڕەزم ئاوەر کە ئەو قسەیە دەکات دەیەوی تا خۆی لە بارزانی نزیکتر بکاتەوە و نیازپاکی خۆی نیشانبدا. لەکاتێکدا هەموو دەیانزانی مراد سیخوڕی دەزگای (ئێم. ب. گ) بوو، دواتر بوو بە پیاوی ئینگلیز و عێراق.

مەلا مستەفای بارزانی ئەو ڕۆژەش باسی عەلی گەلاوێژی کرد کە لەلایان بووە هەرچی ئەوان گوتوویانە بە دزیەوە یاداداشتی کردووە و لە چارەنووسی شوومی ئەواندا ڕۆڵی هەبووە. من زۆر شارەزای ئەوە نەبووم و نەمویست لەو بارەیەوە هیچ بڵێم و ڕایەکم هەبێ. هەستی کونجکۆڵیم وای لێکردم لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوەیەکی ورد بکەم تا بتوانم خەمی ئەو خەباتکارە دلێرەی ناوداری کورد کەم کەمەوە. ئینجا لەلای ئەو خواحافیزیم کرد. بە دنیایەک ڕێز و سوپاس لە ماڵەکەی وەدەرکەوتم کە لە شەقامی کراسنا پریسکایا بوو، لەگەڵ دکتۆر چووین بۆ وێستگەی شەمەندەفەر و گەڕامەوە بۆ باکۆ.

بۆ بەیانی چوومە کۆلێژ و تەماشای لیستی دەرچووەکانم دەکرد. سەرنجمدا ناوی من لەو لیستەدا نییە، بەیانیش رۆژی دەوام کردنە کە یەکی سپتامبەر بوو. چوومە لای (دێکان/ بەرپرسی وەرگرتنی قەتابیان) گوتی ئاگام لە هیچ نییە. ئینجا داوای جێگرەکەی کرد و پرسیاری لێکرد دوای نیوسەعات گەڕان (دێکان) هاتەوەو گوتی ناوی ئەو بەڕێزە خەتیان بەسەرداهێناوە، لەلایەن فیرقەی دیموکراتەوە رەت کراوەتەوە، پێیان گوتووین لە ناو نووسیندا هەڵەیەک کراوە. قادر مەحموودزادە کوڕی مستەفا نییە بەڵکو سۆنا خاتوونی مەحمودزادەی کچی مستەفایە، کە لە جێگای ئەو نووسراوە. گوتم چما شتیوادەبێ، من رەنجم کێشاوە و تاقیکردنەوەم کردووە، ئەویش لە وڵاتی یەکیەتی سۆڤیەت و لە ژێر ئاڵای سۆسیالیستی. ئێستا فیرقەی نابەکار چ غەڵەتێک دەکا ناوی من لادەباو کاندیدی خۆی لەجێی من دادەنێ. لە جیاتی ئەوەی من دەرچووی راستەقینەم و هەموو بەڵگەنامەکانم گەواهیدەرن ئێستا یەکێکی دیکەی خۆیان لە جێی من دادەنێن.

دێکان کاتێک دیتی تووڕەم و خەریکە شێت دەبم گوتی هاوڕێ سەبرت هەبێ من بەیانی لێکۆڵینەوە دەکەم و تۆش بەدواداچوون بکە بزانە بۆ وایە. جێگری دێکان گوتی ئەو بەڕێزە شازدە بالی هێناوە، بەڵام سۆنا خاتوون کە لەلایەن حزبی دیموکرات ناسێنراوە هیچ بالێکی نەهێناوە. هەر دەریش نەچووە. تاقەتی چاوەڕوانی و ئەو قسانەم نەبوو، یەکسەر چوومە بارەگای فیرقەی دیموکرات بۆ لای غولام یەحیای زاڵم. زۆر بە بێتاقەتی کێشەکەی خۆم بۆ باسکردو باسی سەرکەوتنەکەی خۆمم بۆ کرد. غولام یەحیا دوای ئەوەی گوێی لە قسەکانم بوو ئاوا بە هەیەجان و نیگەرانییەوە دەمکردن، گوتی هاوڕێ تۆ لەلایەن فیرقەوە نەناسێنراوی. لەخۆڕا چووی تاقیکردنەوەت داوە، تا ئێمە نەڵێین ناتوانی بچیتە هیچ کۆلێژێکی یەکیەتی سۆڤیەت. دەبێ ببیتە ئەندامی چالاکی فیرقە و خزمەتت هەبێ، ئینجا ئەگەر پێمان باشبوو دەتناسێنین، تا لە تاقیکردنەوە بەشداری بکەی. ئیدی دەستم لە گیانی خۆم شووشتبوو دەمزانی بە توڕەیی هیچ لەگەڵ غولام یەحیا ناکرێ، بەڵکو دەرەنجامی خراپیشی دەبێ، لەبەرئەوەی زۆر کەسی تووشی زیندان و هەتا لە سێدارەدانیش کردبوو. رق و کینەم لە بەرامبەر ئەو ناجوامێریەی هەڵکشا و دەستم لە هەموو شتێک هەڵگرت، لەبەرخۆمەوە گوتم ئەوەی دەبێ با ببێ. لە بەرامبەر هۆکاری ئەو ناپیاوە دوو مانگان سەرگەردان بووم و لە کۆلێژ دواکەوتم. پەیوەندیم بە زۆر بەرپرسی سۆڤیەتییەوە

کرد، تا سەلماندم و مافی یاسایی خۆم وەرگرتەوە زۆر هاتم و چووم. ئەوەش نموونەیەک لە دادپەروەری و بەرابەری لە یەکیەتی سۆڤیەت.

کاتێک چوومە کۆلێژ تەماشامکرد قوتابییەکان زۆریان خوێندووە. دەبوایە شەو و رۆژ کاربکەم تا بگەمەوە ئەوان. دەفتەرێکم پێبوو بە سێ زمان یادداشتم دەکرد، یانی وشەکانی لاتینیم بە زمانی رووسی و ئازەری و فارسی دەنووسینەوە، بەردەوام بە دەستمەوە بوو. کاتێک بە شەقامدا دەڕۆیشتم یان سواری تراموا دەبووم، لە هەرجێگایەک بچووکترین دەرفەتم هەبا ئەو وشانەم بە ماناوە لەبەر دەکردن. بەیانییان زوو بە دەرسە دواکەوتووەکانمدا دەچوومەوە. زۆربەی کات بە کولیچەی هەرزان قیمەتی پێنج کۆپی و نانەڕەقەو پەتاتەو تەماتە خۆم تێر دەکرد. ئەو بڕە دیاریەی کە رەئیسا ڤاسیلۆتا لە قووباوە بۆی دەناردم، لە بەشەناوخۆیی گشتی لەژێر قەرەوێڵەکەمدا دەمشاردنەوە، تا ئێواران ئەو سێو و هەرمێ و گوێزانەی بۆی دەناردم شتێکیان لێ بخۆم و وزەیەک بەجەستەم وەربگرم، بۆ ئەوەی قاچەکانم توانای رێگا رۆیشتنیان هەبێ بۆ کۆلێژ کە هەموو رۆژێ چوار پێنج دەرسمان دەخوێند. دەسەکانی کۆلێژی پزیشکی لە چەندان باڵەخانەی گەورەی شاری باکۆدابوون. هەر بەشەو لە باڵەخانەیەک بوو، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بە ئۆتۆمبێل، یان بە پێیان یان بە تراموا[٦٩] دەهاتم و دەچووم تا لەکاتی خۆیدا لەسەر دەرس ئامادەبم. ئێواران کە دەگەڕامەوە بەشەناوخۆیی و دەمویست شتێک لەو دیاریانەی رەئیسای میهرەبان بخۆم دەمدیت دزیویانن و توێکڵەکەشیان بەگۆڕێ وەردەکرد. هەندێک لەو قوتابیانەی دەمانەوە ئەو کارە ناشرین و قێزەونانەیان دەکرد.

منیش دەرەقەتی ئەو لات و شەقاوەو چەقۆکێشانە نەدەهاتم، ناچاربووم بێدەنگەی لێبکەم. لە هەر بەشێک مامۆستایانی کارامە لە هۆڵ و تاقیگاکان دەرسیان دەگوتەوە. وانەی تاقیکاریش لە هەمان باڵەخانەدا بوو. ئێمەی قوتابیان بێجگە لە وانە خوێندن زۆر دەهاتین و دەچووین و ماندوو دەبووین. ئێوارانیش هیچ شتێکی وانەبوو بیخۆم، بێگومان ئەو دزیە قێزەونە هەر بەردەوام بوو تا سەرەنجام بەهۆی پێشهاتێکی چاوەڕواننەکراو بوومە خاوەن خانوویەکی هەژارانە و لەدەست ئەو قوتابییە دزانە رزگارم بوو. دوای سێ مانک گەڕانەوەم لە مۆسکۆ، بیرم کەوتەوە قەول و قەرارێکم لەگەڵ سکرتێری پرۆفیسۆر خاتوو ئالیادا هەبوو. یەکسەر بیرم لەوە کردەوە کە ساڵی

---

[٦٩] تراموا: شەمەندەفەری کارەبایی

نوێی زاینیە و دەبێ پیرۆزبایی لە پڕۆفیسۆر و خاتوو ئالیا بکەم و باسی چۆنیەتی بەرەوپێش چوونی کارەکەشم پرسیار بکەم.
چوومە تەلەفۆنخانە و تەلەفۆنم بۆ خاتوو ئالیا کرد و هەڵیگرت، کاتێک گوێی لە دەنگی من بوو زۆر خۆشحاڵ بوو گوتی پڕۆفیسۆر ئەوە هاوڕێ قادرە. پڕۆفیسۆر تەلەفۆنەکەی وەرگرت، منیش پیرۆزبایی ساڵی تازەی ١٩٥٦ی زاینیم لێکرد و گوتم زۆر بەداخم کاتێک لە مۆسکۆ بووم نەمتوانی بە خزمەت جەنابتان بگەم. پڕۆفیسۆر بە زمانی فارسی پێیگوتم شانۆنامە کۆمیدیەکەت زۆر زۆر باشە و سوودم لێوەرگرتووە، ئەگەر دەتەوێ بە ناوی تۆوە بڵاوبکرێتەوە و بێتەسەر تەختەی شانۆ ئەویش بە هاوکاری یەکێک لە شانۆنامەنووسەکان و هاوکاری بکەی پێویستە بۆ ماوەی دوو سێ مانگ بێیتە مۆسکۆ تا زارەکی لە هەندێک شوێن کە کینایەی تێدایە چارەسەر بکرێ. چونکە لە زمانی فارسیدا هەندێک دەستەواژە هەن کە وەرگێڕانیان دژوارەو هەتا مەحاڵیشە و لەگەڵ زمانی رووسی یەک ناگرنەوە. گوتم جەنابی پڕۆفیسۆر من توانایەکی وام نییە لەبەر ئەوەی تازە چوومەتە زانکۆی پزیشکی ئەویش دوای دوو مانگ دواکەوتن! تۆ ئەوەی بە پێویستی دەزانی بیکە. دوای ئەوەی چەند قسەیەکمان کرد تەلەفۆنەکەی دایەوە بە خاتوو ئالیا. پێمگوت بارودۆخی ژیانم هێندە باش نییە، تۆ بۆ خۆت کارێکم بۆ بکە و گرێی کێشەکەم بۆ بکەوە. خاتوو ئالیا گوتی سبەی تەلەفۆنم بۆبکە بزانم دەتوانم چ کارێکت بۆ بکەم. ژمارە تەلەفۆنی ماڵێی دامێ و گوتی سبەی شەو سەعات هەشت یان نۆ چاوەڕوانی تەلەفۆنی تۆم. سبەی شەو تەلەفۆنم بۆ کرد بە پێکەنینێکی ناسک پیرۆزبایی لێکردم و گوتی ئەو شانۆنامەیەی تۆ دوای ئەوەی بۆ سەر زمانی رووسی وەردەگێڕدرێ، لەلایەن پڕۆفیسۆرەوە دەدرێتە یەکێک لە شانۆنامە نووسەکان و ئەوانیش لە بەرامبەردا لە ئێستادا دە هەزار رۆبڵت بۆ دەنێرن، پێت چۆنە؟ منیش بە پێکەنین و خۆشحاڵییەوە سوپاسم کرد، گوتم هەرچی دەبێ بەخێربێت. ناونیشانی عەبدوڵڵا رەزم ئاوەری هاوڕێم دایە. دوای دوو رۆژ دە هەزار رۆبڵ بە برووسکە لە مۆسکۆوە گەیشت. عەبدوڵڵا پارەکەی وەرگرت و بۆی هێنام. منیش پارەکەم لە بانک دانا، بۆ ئەوەی بزانم چی پێبکەم. کێشەی پارە چارەسەر بوو. بۆیە دەبوو لەبیری خانوویەکدابم تا بتوانم بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە خەریکی خوێندن بم و ماڵ و حاڵێک پێکەوە بنێم و لە دەستی دزانی بەشەناوخۆیی رزگارم بێت.

خانوو بەکرێگرتن لە باکۆ ئەویش بۆ کەسانی رەبەن زۆر دژوار بوو. خانوو کڕینیش پێچەوانەی یاسای یەکیەتی سۆڤیەت بوو. لەگەڵ زۆرکەس پرسوڕاوێژم کرد و رووم لە زۆر دۆست و ئاشنایانیش نا، ئەوە بوو رۆژێک لە کتێبخانەیەک کە ناوەندی کتێبفرۆشی پزیشکی بوو، لەگەڵ خاتوو رۆزای ئەرمەنی گلەیی و دەردەدڵم دەکرد، باسی بێ خانووییم دەکرد. خاتوو رۆزا زۆر دڵی بە حاڵی من سووتا و هاوخەمی دەربڕی. لەوکاتەدا خاتوونێکی قژ زەرد و ناسک و نازداری یەهوودی بۆ کڕینی کتێبێکی دەگمەن هات. رۆزا گوتی سارا کێشەیەکم هەیە ئەگەر بۆم چارەسەر بکەی ئەو کتێبەت بە دیاری دەدەمێ. کیژە گوتی کێشەکەت چییە؟ رۆزا ئاماژەیەکی بۆ من کردو گوتی ئەو گەنجە قوتابی زانکۆی پزیشکییە و پیاوێکی زۆر باشە و رەبەنە. ژن و منداڵی نییە، دەیەوێ خانوویەک بەکرێ بگرێ. سارا کەمێک بیری کردەوە و گوتی دژوارە، بەڵام من هەوڵی خۆم دەدەم بەڵکو بۆی پەیدا بکەم. لە ناونیشانی سارام پرسی گوتی ماڵی لە پشت سینەمای نیشتیمانە. گوتم دراوسێی کاک رەحیمی قازی؟ گوتی بەڵێ. چۆن دەیناسی؟ گوتم هاووەڵاتیمە و هاوڕێی منداڵیمە. سارا گوتی خاتوو ریما هاوڕێمە. سارا تۆقەی لەگەڵ کردم و بەڵێنیدا بە زوویی ئەو کێشەیەم چارەسەر بکات.

رۆزا بە بزەیەکی دۆستانە گوتی هاوڕێی قوتابی، لەگەڵ خاتوو سارا پیاسەیەک بکەن تا باسی خانوو بەکرێگرتنت بۆ بکات. لەگەڵ خاتوو سارا بەرەو پارکی کارل مارکس رۆیشتین. بە پیاسەکردن و قسەی خۆشەوە لە بارودۆخی ژیانی ئەوم پرسی. گوتی بەرگ درووم و لەو رێگایەوە بژێوی ژیانی خۆم دابین دەکەم، سێ خوشکیشم هەیە، هەر یەکەو هونەر و پیشەیەک دەزانێ. لەگەڵ خاتوو سارا پیاسەیەکمان کردو یەکتریمان ناسی. ئەو خاتوونە دەربارەی کێشەو گرفتی دراوسێکان و ئاڵوگۆڕکردنی ماڵەکان رۆڵی هەبوو. خاتوو سارا بۆ ئەوەی مێردێکی باش بخاتەداو، دەیویست کارێکی باش و نایابم بۆ ئەنجامبدات.

پێکەوە چووینە رستۆرانتی ئینتوریست و پێکەوە نانی شێوانمان خوارد، درەنگانی شەو تا بەردەرگا لەگەڵی چوومەوە ماڵێ. خاتوو سارا بەڵێنی پێدام لە ماوەی چەند رۆژێک پەیوەندی لەگەڵ لایەنی بەرپرس دەکا، بەتایبەتیش بەرپرسی خانووەکانی دەوڵەتی و وەڵامم دەداتەوە. بەسواری تراموا گەڕامەوە بەشەناوخۆیی. لە ڕێگا دوو شەقاوەی باکۆیی دەیانویست جلکەکانم لەبەرداکەنن، بەڵام کاتێک دیتیان بەرەنگاریان

دەبمەوە و جلکەکانیشم بەهای ئەو شەڕو هەرایەیان نییە وازیان لێهێنام و یەخەی ڕێبوارێکی دیکەیان گرت و سەعاتە دەستییەکەیان لێ ستاند و گیرفانیان بەتاڵ کرد.

لە بەشەناوخۆیی تا درەنگانی شەو هەر خەریکی سەعیکردن بووم و نەخشەم بۆ ئایندەم دادەنا. خەوێکی کورت و پڕ لە نیگەرانی چاوی قورس کردم، لەسەر قەرەوێڵە ئاسنەکە لێی راکشام و نووستم. تا چوار رۆژان نەمتوانی بچمە کتێبخانە و سەردانی رۆزاو سارا بکەم. لە بەشی کیمیا دەگەڕامەوە دەمویست سواری تراموا بم، یەکێک بە دەنگێکی ناسک بانگی کرد قادر. کە ئاوڕم دایەوە خاتوو ساراو خوشکە جوانەکەی دۆرا راوەستا بوون. سارا گوتی با بچینە لای خاتوو شەوکەت بەرپرسی خانوەکانی گەڕەکی ئێمە. گوتم چما هیچ شتێک هەیە؟ گوتی بەڵێ، پیرەژنێکی رووس کە ناوی کاتیایە لە شەقامی تۆلستۆی بە ژمارە ١٥٧ خانوویەکی گونجاوی هەیە دەیەوێ بەهۆی خاتوو شەوکەتەوە بفرۆشێ کە ژوورێک و هۆڵێکە. ئەوە بۆ تۆ زۆر گونجاوە، دراوسێکانیش خەڵکی باشن. نزیکەی سی سانتیمەتر لە حەسارێ بەرزترە، یانی بەیەک پلیکان دەچیە ژوورێ. ئەو هەواڵەم بە چانسێکی باش لێکدایەوە، بەپەلە لەگەڵ خاتوو ساراو دۆرای خوشکی چووینەلای خاتوو شەوکەوتی بەرپرسی خانووەکانی گەڕەک.

کەچووین لە شوێنی کارەکەی نەبوو، لەگەڵ سارا چووینەماڵیان. ژنێکی میهرەبان و دەم بەخەندە، کورتەباڵا، تەمەنی نزیکەی پەنجاو پێنج ساڵ دەبوو، قژی ماشوبرنجی سیمایەکی جوانی پێبەخشیبوو. پێشوازی لێکردین، چایەکی خۆشی بۆ هێناین، ئینجا مرەبای گێلاسی هێنا. هەر لەگەڵ یەکەم دیدار گوتم ئینشائەڵلا کارەکەم سەردەگرێ. خاتوو شەوکەت دوای بەخێرهێنان و دڵدانەوە گوتی خانوەکەی پوورە کاتیا لە نزیک شوێنی کارەکەمە. لەگەڵ خاتوو شەوکەت وەڕێکەوتین و بەرەولای شەقامی تۆلستۆێ رۆیشتین. لەبەردەم باڵەخانەیەکی گەورە راوەستاین، باڵەخانەکە کۆن و باڵەکۆنەکانی درێژ بوون. خەڵکی جۆرەها نەتەوەی لێ دەژیان، رووس، تاتار، گورجی و ئەرمەنی. پەیوەندی دراوسێیەتییان زۆر باش و دۆستانە بوو. گچکەکان بە گەورەکانیان دەگوت پوورێ و مامە، گەورەکانیش گچکەکانیان دەلاواندنەوە و ئامۆژگارییان دەکردن. ماڵەکان لێکجیا بوون یەک ژووری و سێ ژووری. ئاودەستیان لە نهۆمی خوارێ بوو. هەندێک ئاوی لوولەکێشییان هەبوو، هەندێکیش لە ئاوی حەسارێ کەڵکیان وەردەگرت.

ماڵەکەی خاتوو کاتیا لە سووچی لای چەپی حەساریَ بوو بەرامبەر ئاودەستیَ گشتی، کە شوێنێکی زۆر گونجاو نەبوو. لەگەڵ ئەوەش خۆزگە پوورە کاتیا لە فرۆشتنی ژەوان نەبا. خاتوو شەوکەت رووی لە خاوەن خانوو کردو گوتی مشتەری باشم بۆ پەیدا کردووی پێم باشە خانوەکەی پێبفرۆشی، بەڵام نابیَ فرتوفێڵان بکەی. ئەوە پەنابەری دەوڵەتی ئێمەیە. خاتوو کاتیا خاچێکی لەسەر سینەی کێشاو گوتی نا خاتوو شەوکەت من بە شەرەفم و لەسەر قسەو بەڵێنی خۆم سوورم، چونکە ناتوانم لە ژوورێکدا بژیم دەچمەوە لای کچەکەم و دوارۆژەکانی تەمەنم لەویَ بەسەر دەبەم.
پوورە کاتیا پیرەژنێکی تەقریبەن هەشتا ساڵە و داڵەگۆشت بوو. بەقسەی ساراو خاتوو شەوکەت بەردەوام سەرخۆشبوو. گوتم خاتوو شەوکەت مامەڵە لەگەڵ ئەو ژنەی ترسناکە. گوتی نا مەترسە من پشتیوانتم، کلکی لەبەر دەستی مندایە. بە کێنایەو بە زمانی ئازەری قسەمان دەکرد. پوورە کاتیاو کچەکەی لە دنیایەکی دیکەدا بوون و حەزی پارەی مفتە مەستی کردبوون. لەبەرئەوەی ئەو خانووە مولکی دەوڵەت بوو ئەوان هەقی فرۆشتنیان نەبوو، منیش مۆڵەتی ئەوەم نەبوو بیکڕم. بەڵام چارەم نەبوو. کەوتبوومە حاڵەتێکی زۆر تەنگاوی، بە پشتیوانی خودا قیرووسیام لێکردو رەزامەندیم دەربڕی کە خاتوو شەوکەت و سارا لەگەڵ پوورە کاتیا و کچەکەی مامەڵەکە بکەن.
ئەوان لە دە هەزار رۆبڵەوە بۆ کڕینی خانوەکە دەستیان کرد بە تاریفی خانوەکە هەر لە شوێن و پێگەکەی بۆ قوتابییەک. بەڵام خاتوو سارا وەک پارێزەرێک پارێزگاری لە من دەکرد و خاتوو شەوکەتیش وەک دادوەرێک بە وێژدانەوە لە هەردووکمان قسەی دەکرد تا بە حەوت هەزار رۆبڵ کڕیمان. بەڵێننامەیەکی نا رەسمیمان لە نێوان من و ئەو ژنەدا نووسی. بڕیار وابوو سبەی ماڵەکە چۆڵ بکات و منیش لە ڕێگای خاتوو شەوکەتەوە پارەکەی بۆ بنێرم. بە رێکەوت ماڵەکەی کاک عەبدوڵڵا رەزم ئاوەریش هێندە دوور نەبوو. بانگی ئەویشمان کردو بە شایەدی ئەویش مامەڵەکەمان کرد.

بەیانی رۆژی یەکشەممە بوو پشووی رەسمی بوو. پوورە کاتیا ماڵەکەی چۆڵ کردو منیش بۆ رۆژی دوایی کە پشوو نەبوو پارەکەم لە بانک وەرگرت و دامیَ. هەر شەویَ کەلوپەلە هەژارانەکەم بردنە ماڵیَ، بە هاوکاری خاتوو سارا و دۆرای خوشکی ژوورەکەمان خاوێن کردەوە. ڕۆژی دوایی لەژێرچاودێری ساراو ژنە دراوسێیەک کاغەزی دیواری شینی گوڵدارمان کڕی و لە دیوارمان دا. بەو سیَ هەزار رۆبڵەی کە

مابووەوە هەندێک کەلوپەلم پێکڕی دۆشەکێکی لۆکەو قەرەوێڵەو بەتانی و وردە پێداویستی مالێ، مێزێک کورسی باش لەگەل غازێکی دووچاوە.
جەژنی سەری ساڵی ١٩٥٦م بەبۆنەی ماڵی تازە و ژیانی تازە لەو ماڵە گێڕا. پێنجسەد رۆبڵیشم دا بە خاتوو شەکەوت وەکو هەقی ماندوو بوون. بێگومان ئەو پارەیەی خاتوو شەوکەت، پشتیوانییەکی باش بوو بۆ من لەکاتێکدا ئەو ژنە رووسە سەرخۆشە، تا پشتیوانیم لێبکا هەرواش دەرچوو. هاوشاری و چەند هاوڕییەکی ئێرانیم میوان بوون نهێنی ئەوەی چۆن بوومەتە خاوەن خانوو، هەر بە مەتەڵۆکە مایەوە. ئەو خانووە بچووکە بۆ من شادی هێنەر بوو، بەلام بێ دەردەسەریش نەبوو. بە پشتیوانی خودا هەموو ئەو کێشەو گرفتانەی دەهاتنە سەرڕێگام بە بیرکردنەوەو ددان بە خۆداگرتن تێپەڕاندن. بە سەرکەوتوویی درێژەم بە خوێندن دەدا.
مانگێک لە زستانی ساڵی ١٩٥٦ تێنەپەڕیبوو کە ڤالیای خوشکی رەئیسا ڤاسیلۆ بە جانتایەکی بچووکی زانکۆیی بۆ درێژەدان بە خوێندن هاتە باکۆ. بوو بە میوانم. ڤالیا دەیویست خانوو بگرێ یان لە بەشەناوخۆیی زانکۆ جێگایەک پەیدا بکات. بەلام بۆی مەیسەر نەبوو لەبەرئەوەی هەموو خانوو و، بەشەناوخۆییەکان پڕ بوون. هەر بۆیە ڤالیا لە ماڵەکەی من مایەوە. ناچار بووم قەرەوێڵەیەکی بۆ پەیدابکەم و لە هۆلەکە شوێنێکی بۆ بکەمەوە. لە ماڵێ ئاومان نەبوو دەبوو بۆ قومەئاوێک راکەینە حەساری، ئەویش زۆر دژوار بوو، بۆیە بە هەوڵی کاک عەبدوڵلای رەزم ئاوەر لوولەکێشێکمان هێنا و لە حەسارێوە ئاوی بۆ ژووری هۆڵەکە بۆ راکێشاین. ئەوە باشترین خۆشبەختیمان بوو. هەر لە ژووری هۆڵەکە کە شوێنی نووستنی ڤالیا بوو کردمانە ژووری جێشتلینانیش. ئەو هەم کاروباری ماڵێی دەکردو هەم دەرسیشی دەخوێند.
رۆژ بە رۆژ زیاتر هۆگری یەکتری دەبووین. کاتێک لە کۆلێژ دەگەڕامەوە ماندوو کەلەلا تەماشام دەکرد هەموو شتێک ئامادەیە، نانی بەیانی و نیوەڕۆ و شێوان بە کۆششی ڤالیا لەسەر مێز ئامادە دەکرا. ڤالیا هیچ چاوەڕوانییەکی لە من نەبوو. خاتوو سارا و خاتوو دۆرای خوشکە بچووکەکەی کە کچێکی دڵڕفێن و جوان بوو، زوو زوو دەهاتن. ئەو دوو خوشکە دەیانویست یەکێکیان بخوازم. زیاتر سارا خوازیار بوو، دۆرا لەو کێبەرکێیەدا پاشەکشەی کرد. منیش هیچ نیازێکم نەبوو. یەکەم درێژەدان بە خوێندن و فێربوونی هەرچی زیاتری هونەری پزیشکی لەپێش هەموو شتێکەوە بوون. دووەم خۆشەویستیم زیاتر بۆ ڤالیا بوو. هێنانی ژن و منداڵەکانم لە

ئێرانەوە بۆ سۆڤیەت کارێکی مەحاڵ بوو. لە وەڵامی ئەو داواکاریانەی لێکدا لێکدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت و بەشی کونسوڵخانەم دەنووسی، دەیانووسی با ژن و منداڵەکانت پەیوەندی بە سەفارەتخانەی سۆڤیەت بکەن لە تاران ئەوان کارەکانیان بۆ رایی دەکەن. چوونی ئەوان بۆ سەفارەتخانە بۆ هاوسەرەکەم و منداڵەکانم نەدەکرا، لەبەر ئەوەی کەس نەبوو بیانباتە تاران و رێنوێنییان بکات.

باوکی پیر و نەخۆش و کەم حەوسەلەم، شەڕی لەگەڵ ئاسمان و زەوی دەکرد. سیاسەتی دیکتاتۆری وەرهرام[٧٠] کە حاکمی موتڵەق و سەرەڕۆ و چاو و گوێی شا بوو لە ناوچەکە و بەتایبەتیش لە مەهاباد. کاتێک زانیبووی گەڕاومەتەوە بۆ ئێران ماڵی ئێمەیان زیاتر خستبووە ژێر چاودێرییەوە و نەدەکرا لە مەهاباد بێنەدەر؟ سوپاسالار وەرهرام بۆخۆی چەند جارێک چووبوە ماڵی ئێمەو بەحیساب دڵی منداڵەکانی دابووەوە، ویستبووی شتێک لە خاتوو رەعنا هەڵکڕێنێ.

هەستی بە جموجوڵی ماڵی ئێمە کردبوو. پێیوابوو لە رێگای تاران و بەهۆی سەفارەتخانەوە رەنگە بنەماڵەکەم بنێردرێنە سۆڤیەت. هەر بۆیە لەلایەن سەفارەتخانەی سۆڤیەتەوە نامەیەک بە ناوی خاتوو رەعنا بە ناونیشانی مەهاباد نێردرابوو، بۆ ئەوەی کارەکانیان رایی بکرێ سەردانی سەفارەتخانەی سۆڤیەت بکەن. نازانم ئەو نامەیە راستەوخۆ لە مۆسکۆوە نێردرابوو یان لە سەفارەتخانەی سۆڤیەت لە تاران. بەهەرحاڵ ئەو نامەیە کەوتبووە دەست ساواک و هەرگیز بە دەست ژن و مندالەکانم نە گەیشتبوو. ئەوە بووەهۆی ئەوەی کە لە دەوروبەری ماڵی باوکم لە مەهاباد زیاتر چاوی بخرێتەسەر و هەموو هاتن و چوونێک بخەنەژێر چاودێری ورد. ئەو نامانەی لە مەهابادەوە دەهاتن زۆر درەنگ دەگەیشتن جاری وابوو پێنج بۆ شەش مانگ تاخیر دەبوون. لەو نامانەدا ئەوەی جێگەی ئومێدبێ لە بەیەک گەیشتنەوەمان بەدی نەدەکرا.

---

[٧٠] وەرهرام: سوپاسالار کەریم وەرهرام ماوەیەک لە مەهاباد فەرماندەی سوپای سێ بوو، خەڵکی خۆی بوو دواتر بووە سیناتۆری شا.

هاوسەرگیری

بە هاندانی دۆستان و بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی بارودۆخی نالەبارم و ڕزگار بوون لە دەست داو و تەڵەی خاتوو سارا و خوشکەکەی، وایان بە باشزانی لەگەڵ خاتوو ڤالیا هاوسەرگیری بکەم، تا ئەویش ئومێدەواربێ و دەستی بە جێگایەک بگا. بۆیە بانگی مەلا سەعیدی ئەردەبیلی مان کرد، کە پەنابەرێکی ئێرانی بوو پیاوێکی باش و قسەخۆشبوو، تا مەراسیمی مارەکردنەکەمان بۆ ئەنجامبدات. بە ئامادەبوونی سێ کەس لە هاوڕێ و هاوشاریەکانم ئەو هاوسەرگیرییە بە مەراسیمێکی زۆر سادە ئەنجامدرا و ڤالیای خوشکی ڕەئیسا ڤاسلۆنا بە فەرمی بوو بە هاوسەری من، بەرەبەرە ساراو دۆرام لێ دوور کەوتنەوە. سەرەڕای خوێندنی زانستی لە کۆلێژ و بەشە جۆراوجۆرەکان دەستمکرد بە کاری تاقیکاری و ئەزموونی. لە دەرزی لێدانەوە بگرە تا پشکنین و چارەسەری ژنان و کاری فریتاگوزاری. ڕۆژ بە ڕۆژ کارەکەم زیاتر پەرەی دەسەند، لە کاری ئەزموونی داهاتێکیشم دەستدەکەوت، مووچەی قوتابیم سێسەد و حەفتا ڕۆبڵ بوو، دوایی پێنجسەد ڕۆبڵ لە ریفۆرمی ١٩٦٠ کە بڕە پارەیەکی کەم بوو بۆ ئەو قوتابیانەی ژن و منداڵ وماڵیان هەیە دەیاندرایە. دوایی داهاتم لە ڕێگای دەرزی لێدان و خەتەنە کردنی منداڵان زیادی کردو دەگەیشتە دوو هەزار ڕۆبڵ. ئەوە بۆ دابینکردنی ژیان و گوزەرانمان پارەیەکی باشبوو.

ماڵی ئێمە ببووە مەکۆی دۆستان و غەریبان. ڕادیۆیەکی بچووکی ریکۆردم هەبوو، کە ڕادیۆیەکی تایبەتی ئێرانیانی دەستکورت بوو. لە کۆلێژ مامۆستا گەلێکی وەک حەسەنۆف مامۆستای ئەزموونی توێکاریمان هەبوو، کە لەناو قوتابییەکاندا زۆر خۆشەویست بوو، کەسێکی زۆر زانابوو دەرسی پێدەگوتین، زۆر خۆشی دەویستم، چێژی لە لەهجەی ڕووسی و ئازەری من وەردەگرت، بەردەوام هانیدەدام زیاتر هەوڵوکۆشش بکەم.

پرۆفیسۆر بالاکشیف نووسەری چوار بەرگ بوو لە کتێبی توێکاری بە زمانی ئازەری و بەشی توێکاری بوو، پیاوێک بوو شارەزایی زۆری هەبوو لە توێکاری زانستی، لە

ئادیتۆریای گەورەی بەشی توێکاری کە باڵەخانەیەکی گەورەو تازە دروستکراوی تەنیشت نەخۆشخانەی هەزار قەرەوێڵەیی سماشکا، کە ناوەندی ئوستادان و پرۆفیسۆرە پلەبەرزەکانی نەشتەرگەری بوو. جێگایەکی تایبەتیان بۆ ئەنجامدانی کاری ئەزموونی قوتابیانی هەموو نەتەوەکان دامەزراند بوو. لەو کۆمەڵگا زانستییە کە بە شاری زانست بەناوبانگ بوو، وەک دەریایەکی بێ بن شیفابەخش و ئیلهام بەخشی فێرکارانی زانستی پزیشکی و ئەزموونی بوو، ببووە ماڵی شەو و رۆژم. فێربوون تاکە ئارەزووم بوو.
لە سەرەتای بەهاری ١٩٥٧ رەئیسا ڤاسلۆنا هاتە ماڵێ، کاتێک زانی من و ڤالیا هاوسەرگیریمان کردووە، زۆر تورە بوو، سەرزەنشتی کردم کە لەگەڵ ڤالیا هاوسرگیریم کردووە، گوتی ئەو هاوڕێیە ژن و منداڵی هەیە لە یەکیەتی سۆڤیەت نامێنێتەوە بۆ چێ هاوسەرگیریت لەگەڵ کردووە. بەکورتی دوای بەزم و هەرایەکی زۆر فەرمانیدا ڤالیا بباتەوە قووبا گوتی دەبێ دایک و باوکم بڕیاری لەسەر بدەن. ڤالیا حەزی نەدەکرد لێم جیابێتەوە، بەڵام پێداگری رەئیسای خوشکە گەورەی ناچاری کرد واز لە خوێندن بێنێ و لەگەڵ خوشکەکەی بگەڕێتەوە قووبا. دوای رۆیشتنی ڤالیا دیسان هەڵوەدا بوومەوە و کێشەم بۆ دروست بوون. ئیدی لەکاتی خۆیدا خواردن ئامادە نەبوو، لە چێشتخانەو کافەکانیش بۆ قوتابییەکی هەژاری وەک من گرفت بوو. بۆ خۆم هەرکاتێک دەرفەت هەبا، بە تایبەتیش شەوانە خواردنی رۆژێشم ئامادە دەکرد و لە بەفرگرەکەدا هەڵم دەگرت و بەیانی گەرمم دەکردەوە.
لە بەهاری ١٩٥٧ ئانفلۆنزا تەواوی یەکیەتی سۆڤیەتی گرتەوە و زۆربەی خەڵک نەخۆش بوون. منیش لە مانگی جۆزەردان ئەو نەخۆشییە بەرۆکی گرتم و نەخۆش کەوتم. چەند رۆژێک لەناوجێدا کەوتم، تایەکی زۆرم لێبوو. نەمدەتوانی خواردن بۆ خۆم ساز بکەم. دراوسێیەکم هەبوو، بنەماڵەیەکی ئازەری بوون زۆر میهرەبان و بەڕێز بوون، کچەکەیان ناوی فاتمە بوو ئێوارەیەک قاپێک سووپی گەرم و نانی تازەی بەربەری و هەندێک ماستی بۆ هێنام. دڵی پێسووتام، دەیزانی شەو و رۆژ خەریکی خوێندنەوەم و کەسیشم نییە. کاتێک بابەتەکەی ڤالیای زانی نیگەران بوو. کچی دراوسێم هەلەکەی قۆستەوە ئەو خواردنەی دایکی لێیدەنا بۆی دەهێنام منیش پێم خۆشبوو. گوتم سوپاس بۆ خودا ئەوە کەسێک پەیدا بوو لە حاڵم بپرسێ. ویستم هەستم فاتمە دەستی گرتم و گوشی. منیش بە نیشانەی سوپاس دەستیم گوشی، بە

رووخۆشییەوە سوپاسم کرد. کچە گوتی کارت نییە؟ گوتم مەمنوون خوات لەگەل.
ئەو سینیە خواردنەی لە پێشی دانابووم بە ئیشتیاوە خواردم. دوایی کچە چایەکی پڕ ڕەنگیشی بۆ هێنام و کەمێک دانیشت، چایەکەم خواردەوە، کچە قاپەکانی کۆکردنەوە، منیش راکشام، بەتانیەکەی بەسەر هەلکێشام و دەستی بە ناوچاوانمدا هێنا، بە بزەیەکی شیرینەوە وەدەرکەوت. نووستم، نازانم چەندە خەوەکەم درێژەیکێشا، بەلام کاتێک وەخەبەرهاتم هەستم کرد جەستەم سووک بووە و تایەکەشم دابەزیوە.
هەستام بە بیجامەوە هاتمە حەسارێ و لەبەردەرگا راوەستام، زۆر سوپاسی دایکی فاتمەو کچەکەیم کرد، خاتوو فاتمەش کە تازە دواناوەندی تەواو کردبوو، بەلێنم پێدا دیاریەکی بدەمێ. فاتمە لە پەنا دایکی راوەستابوو بە تیلەنیگاوە لێی دەڕوانیم و چاوی دادەگرت. لە مەبەستەکەی نەدەگەیشتم، بەلام بە ئاماژەی دەست و سەر سوپاسم کرد. دوای چەند رۆژێک، حالم باشبوو خەریکی کارەکانی کۆلێژ و مالێ بووم.
رۆژێک کە پشوو بوو سەرگەرمی خوێندنەوە بووم و هیچ یەک لە دراوسێکان لە مال نەبوون، دیتم بە هێواشی لە دەرگا دەدەن. هەستام دەرگام کردەوە تەماشام کرد فاتمەیە زۆر جوان خۆی رازاندبووەوە بۆنی لەخۆی دابوو، جلوبەرگی مۆدەی پۆشیبوو، یەکسەر هاتە ژوورێ و لەسەر کورسییەک دانیشت. بێ پێشەکی و فەرمانبەرانە گوتی بەڕێز قادر کەی زەماوەندەکەمان دەکەین و کەی خوزابێنی کاران دەنێری؟ سەرم سووڕما. کیژە چاوەکانی وەک مەشخەلێک دەدرەوشانەوە. گوتم چما هیچ قەول و بەلێنێک لە نێوانماندا هەبووە؟ گوتی ناکا لەبیرت چووبێتەوە کاتێک خواردنم بۆ دێنای دەستت گوشیم. ئەوە نیشانەی خوازبێنی و پێشنیاری هاوسەرگیریە. گوتم فاتمە گیان من هیچ نیازێکی ئاوام نەبووە، تۆ لە رووی میهرەبانییەوە دەستت گوشیوم و منیش لە بەرامبەردا دەستم گوشیوی. ئاخر لە لایەن منەوە هیچ ئاماژەو ئامادەکارییەک نەبووە و نییە. فاتمە لەو قسەیەم تووڕەو بوو، گوتی سێ رۆژ مۆلەتت دەدەمێ ئەگەر خوازبێنی کارت نارد باشە دەنا نەوتی بەخۆم دادەکەم و خۆم دەسووتێنم، دەنووسم تۆ بوویتە هۆکاری خۆکوشتنەکەم. کاتێک تەماشای کچەم کرد هەستم کرد وەک شێتانی لێهاتووە و بۆنی ترسێک دەهات، کچە لەسەرکارەکەی خۆی سوورە رەنگە بە ناخۆشی هیچ نەکرێ. بەسەبرەوە دەبوو چارەسەرم کردبا. بە بزەیەکی خۆشەویستییەوە گوتم فاتمە گیان دەی دایک و باوکت دەلێن چی؟ گوتی ئەگەر تۆ بێیە پێشێ ئەوان رازین. دیتم کارلەکار ترازاوە حەتمەن

کچە پێشتر زەمینەی رەخساندووە، ئیدی کارەکە دژوارترە. گوتم باشە ئەگەر دایک و باوکت رازیبن هیچ قسەیەکم نییە و لە خزمەتدام، بەڵام دەبێ دوو رۆژ مۆڵەتم بدەیە، تا بەکارەکانم رابگەم و لەگەڵ تۆ لەو بارەیەوە قسەبکەین و قەول و قەرارێک دابنێین کە دواتر هیچ ناخۆشییەکمان نەیەتە پێش. فاتمە هێور بووەوە گوتی چ ناخۆشییەک، من ئێستا لە خزمەتدام. لە شوێنی خۆی هەستاو لەسەر قەرەوێڵەکەم دانیشت. گوتم فاتمە گیان ئێستا بڕۆوە ماڵێ تا کەسێک لێرەی نەدیوی و دەنگۆیەک بڵاونەبۆتەوە دووسبەی وەڵامت دەدەمەوە. فاتمە گوتی باشە بۆ وەڵامی دوایت دێمەوە.

دوای رۆیشتنی لەگژفکران راچووم، زۆری کردن و رووهەڵماڵاوی ئەو کچە سەرسام و نیگەرانی کردم. زۆرم بیر کردەوە، تا سەرەنجام رێگاچارەیەکم دیتەوە و چاوەڕوان بووم تا کاتی دیدارەکە دێت. ماڵەکەم هەڵوەژارد، چایی و شیرینیم ئامادەکرد، لە ژووریَ هەردەهاتم و دەچووم و نەخشەکەم هەڵدەسەنگاند. رێک لە سەعاتی دیاریکراودا لە دەرگا دراو خاتوو فاتمە بەهەزار نازوعیشوە وەژوور کەوت. ئەو پێشتر دایکی بۆ جێگایەک ناردبوو، منداڵەکانیش لە کۆڵانێ خەریکی یاری بوون، ئاگایان لە هاتنی فاتمە نەبوو. فاتمە هات لەسەر کورسییەک دانیشت و بە خەندەیەکەوە گوتی هاوسەری ئایندەم شانازیت پێوەدەکەم، کەی خوازبێنیکاران دەنێری؟ دوای ئەوەی کەمێک راوەستان بە قەڵافەتێکی خەمبارانە هەناسەیەکم هەڵکێشاو گوتم فاتمە گیان من رازیم و دەمەوێ هەر ئەمشەو هاوڕێ و دۆستەکانم بۆ خوازبێنیت بنێرمە لای دایک و باوکت، بەڵام نهێنییەک هەیەو دەمەوێ پێتی بڵێم، ئەگەر رازیبووی باشە دەنا خۆت دەزانی ئەوکاتی من هیچم پێ ناکرێ. ئەو وشانەم بەو پەڕی زاکوونەوە دەبڕین، فاتمە تێکڕابوو خێرا گوتی چ نهێنییەک؟ بە خەمناکییەوە گوتم ئازیزم چوار ساڵ لەمەوبەر لە کۆماری ئستۆنی کارم دەکرد و تووشی نەخۆشییەکی ترسناک بووم، شەرم دەکەم باسی بکەم، دکتۆرەکان گوتیان رێگاچارەت تەنیا ئەوەیە نەشتەرگەریت بۆ بکرێ و دەماری (پیاوەتیت) ببڕن. گوتیان دوای ئەو نەشتەرگەریە ناتوانی ژن بێنی، هەر بۆیە بوو ڤالیاش حەوسەلەی نەماو لێم جیا بووەوە و رۆیشت. بەشەرمەوە تکات لێدەکەم با کەس ئەو رازە نەزانێ. ئێستاش بیربکەوە ئەگەر رازی، ئامادەم، هەرکاتێک دەفەرمووی دێمە خوازبێنیت. بەڵام لە منی پیاو هیچ شتێکت دەستناکەوێ. هەروەها دەمەوێ ئەوەشت پێبڵێم دوای

ئەوەی هاوسەرگیریت لەگەڵ کردم ئەگەر خیانەتم لێبکەی سزات مردنە، ئەوە عادەتی ئێمەیە.

فاتمە بیری کردەوە گوتی باشە. ئەو باشەیە دوا پەیوەندی من و فاتمە بوو، ئیدی خودا رەحمی کرد هێندەی پێنەچوو خانوویەکی تازەیان دانێ و لەوێ رۆیشتن و لەکۆڵ ئەو شەڕەی فاتمە بوومەوە.

ساڵانی دواتر هەر کاتێک چاوم بە فاتمە دەکەوت بزەیەکی دەهاتێ و سەری بادەدا. دوای رۆیشتنی ڤالیا و چاک بوونەوەم ساراو دۆرا دیسان هاتنەوە ماڵێ کچ و بێوەژنەکان وەک مێش بە دەوری شیرینیدا هەڵدەسووڕان و بە خەیاڵی خۆیان مێردێکیان پەیدا دەکرد. سەرەتای هاوینێ لە ناکاو ڤالیا هاتەوە زۆر خۆشحاڵ بووم، بەڵام ئەو خەمبار بوو. گوتم بەخێرهاتی، گوتی تووشی کێشەهاتووم. گوتم چۆن؟ گوتی دووگیانم! ئەوە چوار مانگەو ناکرێ لەبەرخۆمی ببەم. گوتم ئەدی رێگا چارەچییە؟ وەرەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆت. گوتی رەئیسا ناهێڵێ. ڤالیا گوتی با منداڵەکەتم ببێت. گوتم لەلام وەمێنە. گوتی نابێ، ئێمە گوێڕایەڵی گەورەکانمان دەبین. گوتم ئەدی بۆچی شووت پێکردم؟ گوتی تەنیا دەمویست منداڵێکم ببێت چاوی وەکو چاوی تۆ بن. گوتم ئەوە بێ ویژدانییە. گوتی کێ ویژدانی هەیە تا من هەمبێت. گوتم ئەدی گوناهی من چییە؟ گوتی نیشتیمانەکەی خۆت جێهێشتووە ئەوە گەورەترین گوناهی تۆیە. گوتم نیشتیمان بۆ من نەبوو، نەمدەتوانی لەوێ بەختەوەربم. گوتی ئێستاش بەختەوەرنی، دوایی بۆت دەردەکەوێ تووشی چ بەڵایەک بووی! لەوکاتەدا قسە حەکیمانەکەی ڤالیا دەربارەی توندەتەبیاتی و خوێنرێژی و ئەو ژیانە سەخت و نالەبارەی دایک و باوکە زڕەکەیم دەزانی. دوایی بەرەبەرە بۆم دەرکەوت کە لەم وڵاتە پان و بەرینەی سۆڤیەت کە بەڕواڵەت فریودەرانەیە، چ گەندەڵی و خراپەکارییەک لە ئارادایە کە دڵی هەر مرۆڤێکی تێگەیشتووی رادەچڵەکاند. ڤالیا دیسان بەجێی هێشتمەوە و وەدوای چارەنووسی خۆی کەوت.

دراوسیکەی تەنیشتم تاتارێک بوو لە وەچەی چەنگیزخان، ژنێکی نەخۆشی هەبوو. کابرای تاتار بەردەوام خومار بوو، کاتێک سەرخۆش دەبوو، بەمنیەوە دەگرت دەینەڕاندو دەهاتە ژوورەکەم، هەڕەشەی لێدەکردم و دەیگوت بۆچی هاتووی؟ بۆ ئێرەت گرتووە؟ وەک دراوسێکان باسیان دەکرد ئەو کابرایە نێوانی لەگەڵ پوورە کاتیا هەیەو رووی لە ژنە نەخۆشەکەی وەردەگێڕا. بەردەوام لەگەڵ کاتیا

دەیخواردەوە، ئێستاش کاتیا لێرە نەماوەو من کەوتوومەتە بەر بێڕێزی و گێچەڵی ئەو کابرا شەڕانیە. ئەو دراوسێیە زوو زوو ئەو کارە قێزەونەی دووبارە دەکردنەوە. پوورە کاتیاش جارجار بە مەستی لەگەڵ کچەکەی سەروکەللەی دەردەکەوت، دەیگوتماڵەکەم چۆڵکە. ئینکاری دەکرد لەوەی پارەم داوەتێ و خانوەکەم لێ کڕیوە. ئەو سێ کەسە ببوونە هاودەستی یەک، تاتار و پوورە کاتیاو کچە تاترۆیەکەی، ڕۆژ بە ڕۆژ گوشارەکانیان زیاتر دەکرد.

بۆ دەربازبوون لە تەنیایی و ئەو گێچەڵە پێشنیارم بە دکتۆر ڕەحمان گەرمیانی کرد بێتەلام و پێکەوە بژین، ئەویش لە کرێچێتی ڕزگاری دەبێ و منیش لە تەنیایی، دەبینە هاودەم و گوزەرانیشمان باشتر دەبێ و کەمتریش هەڕەشەو گوڕەشەمان لێدەکەن. لەبەرانبەردا من زیاتر ئارامم دەگرت و ددانم بەخۆمدا دەگرت، بە زمانی خۆش خۆم لە شەڕو گێچەڵی ئەوان بەدوور دەگرت، بێگومان ئەویش بە جوامێری خاتوو سارای جولەکەو هاوکاری خاتوو شەوکەوتی بەرپرسی خانوەکان، ئەو شەڕەم لەخۆم دوور دەخستەوە. کاتێک دکتۆر ڕەحمانیش هات بوو بە پشتیوانییەکی باش بۆ من، ئەویش لەو کێشەو هەرایانەدا بەشداری دەکرد.

لە کۆتایی هاوینی ١٩٥٧ کاتێک گەڕامەوە ماڵێ چاوم بە کچێکی کورتەباڵا کەوت، ئاشنا دەهاتە بەرچاو. کاتێک ویستم بچمە ژوورێ بانگی کردم قادر نامناسییەوە یۆلیا (گولێ)م. ئەو کچەی لە خانەی منداڵانی قووبا دەژیام و دەرسم دەخوێند، بەردەوام چاوم لەسەر هەڵسوکەوتی تۆ و عەزیز بوو. لە دڵەوە خۆشمدەویستی.

لەگەڵ یۆلیا ڕاوەستابووم و قسەمان دەکرد کە کاک عەبدوڵڵای ڕەزم ئاوەر پەیدابوو، بە کوردی و بە پێکەنینێکی دۆستانە گوتی یەکێکی دیکەت پەیداکردووە، دەتەوێ دووبارە ژن بێنیەوە؟ گوتم با بزانین چۆندەبێ کاک عەبدوڵڵا. عەبدوڵڵا ڕۆیشت. فەرمووی یۆلیام کرد بۆ ژوورێ، لە حاڵوگوزەرانیم پرسی. گوتی ئەمساڵ دواناوەندیم تەواوکرد و بۆ درێژەدان بە خوێندن هاتمە باکۆ، جا نازانم لە تاقیکردنەوە دەردەچم یان نا؟ گوتم دەتەوێ بچیتە چ بەشێک؟ گوتی ئەگەر کۆلێژی پزیشکی بێت زۆرم پێخۆشە. دەنا بەڵگەنامەکەم دەبەمە پەیمانگای تەکنیکی. ئینجا هاتینە سەرباس و خواس و دەردەدڵی و باسی کارە قێزەونەکانی خاتوو نەزیرەمان کرد کە بەڕێوەبەری خانەی منداڵان بوو. دوایی یۆلیا گوتی لە تاقیکردنەوەی کۆلێژی پزیشکی دەرنەچوومە

و ئەمڕۆ لە بەشەناوخۆیی دەرکراوەو هیچ جێگایەکیشی نییە بیچێتێ و هیچ پارەیەکیشی پێ نییە.
لەو پێشهاتە چاوەڕواننەکراوە زۆر نیگەران بووم و دڵم پێی سووتا، گوتم ئێستا ئەگەر هیچ جێگایەکت نییە بۆی بچی لێرە وەمێنە، لەگەڵ دکتۆر رەحمانیش قسە دەکەم کە پێکەوە دەژین و هاو مەنزڵین، بزانین خودا چیمان دێنێتە ڕێ.
خاتوو یۆلیا بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە رازیبوو. کەلوپەلەکانی لە کۆگای بەشەناوخۆیی وەرگرتنەوە و هێنایە ماڵێ، قەرەوێڵەیەکی سەفەریم بۆ کڕی، دۆشەک و لێفەشم بۆ پەیداکرد، هۆڵەکەمان دایە کە هەم لێی بخەوێ و هەم چێشتیشمان بۆ لێبنێ، ئێستا ببووینە سێ کەس. گێچەڵی کابرای تاتار و پوورە کاتیاو کچەکەشی بەرەبەرە کەم ببوونەوە. جێگایەکی دیکەیان دایە کابرای تاتار و ئاوەوئاوچوو، هێندەی پێنەچوو ژنەکەی مردو بۆخۆیشی کەوتە سەرجێگا و سزای کارە قێزەونەکانی وەرگرتنەوە.
لەو کەوێڵە هەژارانەیە ژیانێکی دەرویشی و دوور لە هەموو خوارو خێچییەکمان بەسەردەبرد. رۆژێک لە ماڵێ دانیشتبووم لەناکاو ڤالیا لەگەڵ کوڕە خنجیلانەکەی لە دەرگایداو وەژوورکەوت. سەرم سوڕما. ڤالیا بە پێکەنین و خۆشەویستییەوە تەماشای کردم و گوتی تەماشاکە چاوەکانی هەر دەڵێی چاوی تۆن. ئەوە ڤلادمیرە. ڤالیا گوتی ڤلۆدیا کوڕی خۆم ئەوە باوکتە. منداڵەکەم لە باوەشگرت و دەستم بەسەریدا هێنا، فرمێسکی حەسرەت بە چاوەکانمدا هاتنەخوار. خاتوو یۆلیا بەسەرسوڕمانەوە لەو دیمەنەی دەڕوانی، زووڕ زووڕ دەگریا. ڤالیا پێدەکەنی و دەیگوت پێویست بەو گریانە ناکات. دەبێ خۆشحاڵ بی، منداڵێکی جوانکیلەم بۆ هێناویتە سەر دنیا. پرسیم ڤالیای ئازیزم ئێستا چیدەکەی؟ گوتی وەدوای چارەنووس و سەرگەردانی خۆم دەکەوم. رەئیسا نازانێ منداڵم بووە، ئێستاش دەمەوێ منداڵەکە بدەمەوە بە باوکی. ئەوەندەی پاڕامەوە ڤالیا نەمایەوە ڤلۆدیای دوو مانگەی بەجێهێشت. خاتوو یۆلیا وەک دایکێکی میهرەبان بەخێوی دەکرد. کوڕێکی جوانکیلەو لەبەردڵان بوو، هۆگرم ببوو، پێیدەگوتم بابە.
لە پڕێکدا لە ناوەڕاستی رەزبەری ١٩٥٧ خاتوو رەئیسا ڤاسلۆنا پەیدا بوو. بە پێکەنینێکی پڕ لە قین گوتی کەی منداڵەکەی هێناوە؟ منیش بە رووخۆشی پێشوازیم لەو خاتوونە میهرەبانە کرد. یۆلیا خواردنێکی باشی ئامادە کردبوو بۆ نیوەڕۆ. پێکەوە نانەکەمان خوارد و دوای پشوودانێک گوتی دکتۆر ئەوە یەکەم کەس بوو پێمبڵێ

دکتۆر لەبەرئەوەی من هێشتا قوتابی بووم، گوتم بەڵێ رەئیسای ئازیزم چ فەرمانێکت هەیە. گوتی واباشترە ئەو منداڵە لەلای من بێت. تۆ ناتوانی خزمەتی بکەی و پەروەردەی بکەی. دایکی مێردی بە کابرایەکی لەزگی کردووەو چووەتە شاری بسوومقایەت. گوتم ئەدی بۆچی ئەوەی بە من نەگووتوە؟ گوتی بەهەرحاڵ بەبێ مۆڵەتی من ئەو کارەی کردووە. گوتی ئێستا لە رووی ویژدانییەوە بەخێوکردنی ئەو منداڵە لە ئەستۆی منە، تا گەورە دەبێ لەلای من دەبێت. ئەوەندەی تکام کرد خاتوو رەئیسا قبوولی نەبوو، منداڵەکەی لەگەڵ خۆی برد.

سەفەرێک بۆ مۆسکۆ

بۆ دیدارێکی تازەو گەڕانێک بە ناو شاری مۆسکۆدا، بەرەو مۆسکۆ وەڕێکەوتم. دیسان چوومەوە ماڵی دکتۆر مستەفاو چەند رۆژێک لەوێ مامەوە. دکتۆر مستەفاو هاوسەرەکەی لە نەخۆشخانە جۆراوجۆرەکانی مۆسکۆ کاریان دەکرد. ژیانێکی سەربەرزانەیان هەبوو. چەند جارێک چوومە خزمەت مەلا مستەفای بارزانی و لە قسە پڕ بەهاکانی ئەو سەرۆکە کوردە سودمەندبووم. هەڵسوکەوتە سادەکەی لەگەڵ هاوخەباتەکانی جێگەی رێزو ستایش بوو. کۆڕ و دانیشتنی بارزانی مەکۆی زانایانی کوردو رووس و ئەرمەنی و عەرەب و فارس بوو. ئەو عاشقی ئاو و خاکی کوردستان بوو. زۆرتر بە پێیان دەڕۆیشت، پێشنیاریان پێکردبوو ئۆتۆمبێلێکت دەدەینێ، بەڵام وەری نەگرتبوو، لێم پرسی ئەزبەنی بۆچی ئۆتۆمبێلەکەت وەرنەگرت؟ گوتی ئەگەرخوو بە سواری ئۆتۆمبێل بگرم، ئیدی ناتوانم بەسەر چیاکانی کوردستاندا سەرکەوم. من دەبێ بگەڕێمەوە ناو گەلەکەی خۆم. ئێمە لێرە غەوارەین. ئەوە ئەو وشانەبوون بەردەوام دەیگوتنەوە.

لە رێز و خۆشەویستی جەنابیان کەڵکم وەرگرت و ویستم نێوانی جەنابیان و رەحیمی قازی ئاسایی ببێتەوە و ئەو نیگەرانیەی چەند ساڵێک هەیانە نەمێنێ. دوای چەندجارێک دانیشتن لەگەڵ جەنابی بارزانی، رۆژی ئاخیر کە دەبوو بگەڕێمەوە باکۆ، تکام لە جەنابیان کرد کە رێگا بدات رەحیم بێتەلای بەڕێزیان و گەورەیی بنوێنێ و لە گوناهەکانی خۆشبێ. ئەویش بە خەندەیەکی مانادارەوە گوتی هیچ کێشەیەک نییە کاتێک هاتە مۆسکۆ با بێتەلام و دەیبەخشم. ئەو پەیامە خۆشحاڵی کردم و لە خزمەت جەبیان روخسەتی رۆیشتنم خواست.

بلیتی شەمەندەفەرم بۆ بەیانی وەرگرت و چوومەوە ماڵی دکتۆر مستەفا. ئەو شەوە لەگەڵ دکتۆر مستەفاو هاوسەرەکەی و ژیانی کوڕی و دراوسێیەکیان و دووکەس لە کوردانی سۆڤیەت بەناوەکانی کۆلۆس و جەمیل کۆڕێکی خۆشمان هەبوو تا درەنگانی شەو دانیشتین و باسمان لە زۆر شت کرد. بەیانی سەعات هەشت شەمەندەفەر

دەڕۆیشت. هەر زوو دکتۆر مستەفام وەخەبەر هێنا تا بەڕێم بکات. ئەو زۆر خاو و خلیچک بوو، سواری تاکسی بووین و بەرەو وێستگا بەڕێکەوتین. کاتێک گەیشتینە ئەوێ شەمەندەفەر لەسەرخۆ وەگەڕ دەکەوت، بە ناچاری جانتاکەم هەڵدایە ناو واگۆنێک و سەرکەوتم، دەستم بۆ دکتۆر مستەفا راوەشاندو ماڵئاواییم لێکرد.

کاتێک گەیشتمەوە ماڵی خاتوو یۆلیا بە تەنیا بوو، پرسیم دکتۆر رەحمان لەکوێیە؟ گوتی هەر دوای تۆ ئەویش چۆتە بساناتۆریابەلگا[71]، قەرارە دوای شەش رۆژی دیکە بگەڕێتەوە.

لە کۆرسی دووەمی کۆلێژ لەگەڵ مامۆستاو ئوستادانی تازە ئاشنا بووم و لە بەهرەی زانستی ئەوان سوودمەند بووم. رۆژ و مانگەکانی خوێندنم زۆر بەخۆشی تێدەپەڕین. هیچ هەستم بە غەریبی و نیگەرانی لە شێوازوجۆری ستەم و جیاوازی رەگەزی نەدەکردەوە. دۆستان و هاوشاریانم زۆربەی ئێواران دەهاتنە ماڵەکەم پێکەوە دەچووینە گەڕان.

هاوینان دەچووینە کەنار لێوارەکانی بۆزۆنیاو بەلگاو شیخۆف و مەردکان و زۆر شوێنی دیکەی باسەفا و سەرنج راکێش. ئێوارانی رۆژی پشووش زۆرتر لەسەر نیوتەختەکانی بەلواری دەریای خەزەر خەریکی خوێندنەوەو فێربوونی هونەری پزیشکی و دەرسی زانستی بووم، لە کاتێکدا هەموو رۆژێ سەعات شەشی دوانیوەڕۆ خاتوونێکی کتومت وەک خاتوو رەعنای هاوسەرم دەدیت بە هەمان قەدوباڵاوە دەڕۆیشت و بە نیگایەکی خەمناک و چاوی پڕ لە فرمێسکەوە بە پێشمدا تێدێپەڕی و نیگایەکی پڕ مانای لێدەکردم، بەڵام من هەرگیز غیرەتی ئەوەم نەکرد لێی بپرسم تۆ کێی و ناوت چییە؟ ئەو دیمەنە راچڵەکێنە چەند ساڵێک درێژەی کێشا.

قەوانێکم هەبوو کاتێک ئەو لە بەلوار دەگەڕایەوە بە دەنگی حەزینی گۆرانیبێژی ئازەری ئان سن هارداقادلین (تۆ ئێستا لەکوێی) هەڵم دەکردو گوێم لێدەگرت، دەکەوتمە ناو خەیاڵێکی قووڵ. دەنگی ئەو گۆرانیبێژە کوێرە لە ئۆپێرای شێخی سەنعان دەچوو لە دنیای خاکییەوە دەیبردمە ئاسمانی بەرین.

هاودەورەکانم زۆربەیان کوڕەدێهاتی و جوتیاری ئازەری بوون لە شار و شارۆچکەو گوندەکان، هیچ قوتابییەکی ئێرانیم لەگەڵ نەبوو. من لە گرووپی ٤٢ بووم، خاتوو سۆنای مەحمودزادەی کچی مستەفاش کە ئەو هەموو کێشەیەی بۆ دروست

---

[71] شوێنێکی هاوینەهەواری زۆر خۆشە.

کردبووم له گرووپی ٤١ دەیخوێند، ئەو مەتەڵۆکەیەی کوڕ و کچێک بەیەک ناسناو و یەک باوک، وە گومانی خستبووم. دەمگوت ناکا ئەو کچە لە هەمان ژنی ورمێی نەژاد تورک بێ کە باوکم پێش دایکم هاوسەرگیری لەگەڵ کردبوو، ئێستاش لێرە سەری لێرە وەدەرناوەو دوو مانگ ڕێگرم بوو بۆ چوونە کۆلێژ.

لەگەڵ خاتوو سۆنا قسەم کرد و پرسیارم کرد سەر بە چ نەژادێکە، گوتی باوک و دایکم پەنابەربوون، ئەوان لە دایکبووی باکۆن، مێردەکەشی ئالۆشا بەڕێوەبەری کۆگایەک بووە لە باکۆ لە ناوچەی بابیلۆف. ئالۆشا لەگەڵ من لە کۆلێژی ئەفسەری دەیخوێند، هاتەوە بیرم و ناسیمەوە، بەو قسانەی خاتوو سۆنا گومانەکانم ڕەوینەوە. ئەوەشم لە بەدبەختی خۆمەوە دەزانی.

لە گرووپەکەی مندا قوتابییەک هەبوو ناوی سابر عەلیۆف بوو، خەڵکی کەلەبجار بوو. دەیگوت باوک و دایکم کوردن، بەڵام زمانی کوردی نەدەزانی. سابر دەیگوت لە ترسی باقرۆفی سەرۆککۆماری لەزگی نەژادی ئازەربایجانی نەماندەتوانی بڵێین کوردین. بە تەواوی نەژادی ئێمە لەبەین چووە و کراونەتە ئازەری. لە ناسنامەکانماندا نووسراوە ئازەربایجانی. هەتا پێش جەنگی جیهانی دووەمیش هەر کەسێک گوتبای من کوردم زیندانی دەکرا، یان دوور دەخرایەوە.

بەرپرسانی دەوڵەتی دەیانگوت نەتەوەیەک بە ناوی کوردەوە بوونی نییە. ئێوە هەمووتان ئازەربایجانین. زۆرکەسی وا هەبوون هەتا یەک وشەی ئازەریشیان نەدەزانی، بەڵام بەچی دەچێ ئەوانە هیچ شتێکیان بە مێشکدا نەدەچوو. ئەو قسانەی وەئاگایان هێنامەوە کە دەڵێن دەنگی دەهۆڵ لە دوورەوە خۆشە. لە دەورەی دووەم و سێیەم پرۆفیسۆرانی زاناو کیمیازانێکی وەک پرۆفیسۆر ئەفەندیۆف دەرسی پێدەگوتین کە دەریایەک بوو لە زانست و لە قەفقاز هاوتای نەبوو، کاتێک وانەی لەکسیای دەگوتەوە هەموو قوتابیەکان سەرتاپا دەبوونە گوێ، بۆ ئەوەی سوود لە زانستەکەی وەربگرن.

لە دەورەی سێیەمی کۆلێژی پزیشکی ئوستادێکی گەورەمان هەبوو قژ سپی و کورتەباڵا ئارام و لەسەرخۆ، کڵاوێکی گەرگەڕی بە دەستەوە دەگرت و دەرسی پێ دەگوتین. لەکسایەکەی زۆر بە نرخ. چەندین پرۆفیسۆر لێی فێر دەبوون. ئەو زانایەکی بێوینە بوو. ئەویش پرۆفیسۆر ئەمین ئەفەندیف بوو. زۆر ڕێزم دەگرت، ئەویش بە چاوی خۆشەویستی لێی دەڕوانیم. لە فێربوونی نەخۆشی هەناویدا و وەک دکتۆرێک

بۆ من رۆڵی گرنگی هەبوو. پرۆفیسۆر سادقیۆف و محەمەدۆف لە ژێر دەستی ئەودا کاریان دەکرد.

دکتۆرێکی کورد، کە خەڵکی تەورێز بوو، لەوێ لەژێر دەستی ئەو پرۆفیسۆرە کاری دەکرد. ئەو دکتۆرە لە رێگای ئەنجوومەنی هاوئاهەنگی ئێران- سۆڤیەت بۆ خوێندن رەوانەی ئازەربایجان کرابوو. دوایی بوو بە دکتۆر و نامەی دکتۆراکەی وەرگرت و لەلای دکتۆر ئەمین ئەفەندی دەستبەکار بوو. لە باکۆ دەژیا ژنی هێنابوو هاوسەرەکەی ئەرمەنی بوو، ئەویش دکتۆرای تاقیگەی وەرگرت و لە نەخۆشخانەی ژمارە پێنج کاری دەکرد.

ئەو قوتابیانەی زۆر پێکەوە نێوانمان خۆشبوو سێلایف و عسمەت حاجی یۆف (کوردی کەلبەجەر)، سابر عەلی یۆف و عارف دەمیرۆف بوون. ئەوان لە چاو کورە دێهاتیەکانی دیکەی ئازەری و لەزگی باشتر و بەڕێزتر بوون. ژیانی قۆناخی کۆرسەکانی سێیەم و چوارەم بە رەواڵەتی سروشتی و کۆششی زۆرەوە درێژەم پێدا.

کودەتای عەبدولکەریم قاسم

لە کۆتایی ساڵی قۆناخی چوارەمی پزیشکی لەسەر داوای کاک رەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژ و عەبدوڵلای رەزم ئاوەری مامۆستای زمانی ئینگلیزی کوردی کرماشانی، بوومە ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان لە ئاوارەیی، ئەوەش بە مەستی موچەی شەش سەد تا حەوت سەد رۆبڵ بوو، کە لە میزانیەی رۆژنامەی کوردستان دیاری کرابوو. دەنا ئەو پارەیە لەنێوان بەڕێوەبەرانی رۆژنامەدا دابەش نەدەکراو دەچووە گیرفانی غولام یەحیا و هاودەستەکانی. بوومە پیتچنی رۆژنامەو مانگانە شەش سەد رۆبڵم وەردەگرت.

لە رۆژێکی سەرەتای هاوینی ١٩٥٨ لە ژووری دەستەی نووسەرانی رۆژنامە لەگەڵ کاک رەحیمی قازی دانیشتبووین، لە گەرمان ئارەقەمان دەردابوو، پێکەوە سەرگەرمی قسان بووین و دەردە دڵمان دەکرد، کاک رەحیم سەری قسەی کردەوە و گوتی لەسەر بەڵێنی تۆ چوومە مۆسکۆ و لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی ئاشت بووینەوە. هەرچەندە ساڵی رابردوو بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی رۆژهەلاتناسی کە چووبوومە تاشکەند، بارزانییە ناڕازیەکان لە ئاسیای ناوەڕاست و دەستەی سلێمان بەگ و کوڕەکەی زرار رواندزی و ژمارەیەکی دیکەش گردبوونەوە و بەلایەنگری لە من درووشمیان دەدا. ئەوکات زانیم ئەوانە مەلا مستەفایان خۆشناوێ و پشتیوانی لێ ناکەن. هەروەها کاک رەحیم گوتی بەڵێنم پێدان کە رێبەرایەتییان دەکەم و ئامادەم بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی و سەید عەزیزی شەمزینی.

ئێستاش نامەیەکی سکالا نامەو شکایەتم لەلایەن ئەوانەوە ئامادەکردووە دژی مەلا مستەفاو رادمەنش و غولام یەحیا، دەمەوێ راپۆرتێکی تێروتەسەل بۆ کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەت بنێرم و ئەوان بە خیانەتکار بناسێنم.

پێکەنینم بەلاف لێدان و قسە بێسەرەو بەرەکانی کاک رەحیمی قازی دەهات، زۆر نیگەران بووم. چونکە ئەو کارە ناشیرن و نا جوامێرانەیە، بەڵکو بە تاوانم دەزانین،

دوورخستنەوە لەو کارە دوژمنکارانەی پێشنیارم کرد و گوتم کاک رەحیم ملبەملە لەگەڵ سێ کەسان بۆ تۆ دەبێتە گرفت و کێشە، لەپێشدا لەگەڵ بارزانی دەبەریەک رامەچۆ... پێشتر توانای خۆت لەگەڵ غولام یەحیای سەرۆکی فیرقەی دیموکرات تاقیبکەوە، ئەگەر سەرکەوتی ئینجا لەگەڵ رادمەنشی سکرتێری حزبی توودە دەبەریەک راچوو. ئەگەر ئەویشت لە عەردیدا ئەوسا لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی کارەکەت ئاسانتردەبێ و دەتوانی بەسەریدا زاڵبی. خۆ ئەگەر بڕیاری تەواویشت داوە لە غولام یەحیاوە دەستپێبکە، یان واز لەو کارەت بێنە.

هێندەی پێنەچوو کودەتای عەبدولکەریم قاسم لە ٨ی تەمموزی ١٩٥٨ لە عێراق روویداو یارییەکە پێچەوانە بۆوە. مەلا مستەفای بارزانی لە چیکۆسلۆڤاکیا وەدەرکەوت، گۆیا هەر لەوێ ژیاوە. هەر دوای کودەتاکە بە شکۆمەندی و وەک قارەمانێکی میللی لەگەڵ هاوخەباتکارەکانی گەڕانەوە نیشتیمان و پێشوازییەکی شایانەی لێکراو لە رۆژنامەو ڕاگەیەنە گشتییەکانەوە باسیان لەو رووداوە مێژووییە دەکرد.

دوای یەک دوو مانگ بەسەر ئەو رووداوەدا کاک رەحیم گوتی باشنەبوو راپۆرتەکەم نەنارد دەنا دەبوومە مایەی ریسوایی خۆم. منیش گوتم بریا ئەو رۆژە هەر نەچووبایە ئاسیای ناوەڕاست و لەلایەن چەند کەسانێکەوە دەسخەڕۆ نەکرابای.

سالێک پێش ئەم رووداوە کاک رەحیم کاتێک لە سەفەری زانستی و کۆنفرانسی رۆژهەلاتناسی ئاسیای ناوەڕاست دەگەڕایەوە بۆ باکۆ، یەکسەر هاتە ماڵی من و بە لە خۆبایی و لووتبەرزییەوە گوتی قادر پێتوانەبێ من پیاوێکی هێندە کەم و بچووکم. تەواوی بارزانییەکان بە رێبەری خۆیانم دەزانن. هەر ئەوکاتە بەو هاوشاری و هاوڕێی دەورانی قوتابخانەم گوت پەلەی مەکە جڵەوی ئەسپی سەرکێش شل مەکە نەکا سەرەنگرێت بکات! ئای شوێن و پلەوپایە چەندە شەیتان سفەتی! ئەویش نە جێگایەک هەبێ و نە پلەو مەقامێک هەمووی لە دنیای خەیاڵدا.

لە کۆرسەکانی سێیەم و چوارەم دەچوومە نەخۆشخانەی شائۆمیان و نەخۆشخانەی ژمارە چوار و نەخۆشخانەی چاوی پزیشکی لە بائیلۆف، سوودی زۆرم لە توانایی پرۆفیسۆرانی وەک فوئادۆف و تۆپچی باشیف و ئیبراهیم تۆپچی و خاتوو گوڵێ وەردەگرت و شێوازی چارەسەرکردنی زۆر فێر بووم. شەو و رۆژ لە نەخۆشخانەی

ژنانەی عەزیز بەگ و سماشکا و نەخۆشخانە بەناوبانگەکانی شار خەریکی کاری ئەزموونی بووم.

لە کۆتایی کۆرسی سێیەم بە فەرمان و مۆڵەتی پرۆفیسۆر میرکازیمۆف یەکەم کاری نەشتەرگەریم ئەنجامدا کە ئەویش نەشتەرگەری رەحم بوو، کارەکەشم سەرکەوتوو بوو. پرۆفیسۆر میرکازیمۆف پیاوێکی بەخۆوەی تەمەن حەفتاو پێنج بۆ هەشتا ساڵان دەبوو. پیاوێکی زۆر ئارام و لەسەرخۆ و زانا بوو، بەرپرسی بەشی نەخۆشیەکانی ئافرەتان بوو. زۆرباش وانەی لەکسای دەگوتەوە و قوتابییەکان سوودی زۆریان لێوەردەگرت، بۆ هەموو کارە پراکتیکیەکان دەچوو و، لە هەموو نەشتەرگەریەکانیشدا بەشدار دەبوو.

پرۆفیسۆری بەشی نەشتەگەری گشتی لە کۆرسی سێ زولفەقار مەمەدۆف بوو، پیاوێکی هەڵکەوتە و چوارشانە بوو. لە پشتیوانی هەژاراندا زۆر جددی و شێلگیر بوو. خەڵکی گەنجە بوو، شانازیشی بە گەنجەوی دەکرد. یەکێک لە بیرەوەرییە جوانەکانی ئەوە بوو کاتێک لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانییدا دەبنە ئاشنا لە نەخۆشخانەی سماشکا.

پرۆفیسۆر دەیگوت بارزانی پیاوێکی گەورەو قارەمانی گەلی کوردە، مایەی شانازیمە کە وەک خەباتکارێک و پزیشکێک لە خزمەتیدابم، لەبەر ئەوەی بۆ خۆم دیتم چۆن ئاگاداری لە نەخۆش و برینددارەکان دەکردو دڵنەوایی دەکردن، رێبەر دەبێ ئاوابێ.

پرۆفیسۆر گولی قوربنۆف کابرایەکی تورەوتۆسن بوو، بەڵام نەشتەرگەرێکی شارەزاو لێهاتوو بوو. پرۆفیسۆر گینز بۆرگ دکتۆری نەشتەرگەری منداڵان بوو. ئەویش هەر لە سماشکا بوو. پرۆفیسۆر عەلیۆف کوردبوو بەرپرسی نەشتەرگەری و زانایەکی گەورە بوو. ئەو ئوستاد و مامۆستا هەڵکەوتوە و زۆر هۆگری کارەکەیان بوون، شەو و رۆژ خەریکی کارکردن بوو، جێگەی رێز و ستایش بوون. ئەو دەستەبژێرانە کەمتر رێزیان لێدەگیرا و هەندێجار لەلایەن بەرپرسانی نەزان و بێ نرخ زیانیان بە کەسایەتی و زانستی ئەوان دەگەیاند.

لەو بگرەوبەردەیەدا هەر خەریکی هەوڵوکۆششی خۆم بووم. کۆرسی چوارەمم تەواوکرد و چاوەڕوانی پشووی هاوینەم دەکرد.

پێشتر ئەو نامانەی بۆ ئێرانم دەناردن و بە تایبەتیش دوای کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم، ئاماژەم بۆ ئەوە دەکرد بۆ پشوودان بچنەماڵی مامم ئاماژەیەکی باشبوون بۆ

هاوسەرم کە دەرچوونی ئەوان تەنیا لە ڕێگای عێراقەوە مەیسەر دەبێ. لە نامەیەکی دیکەدا ئاماژەم بەوە کردبوو کاتێک سەفەرتان کرد بۆ ماڵی مامم منداڵەکان سواری ئەسپ بکەو قاچیشیان بخە ناو خورجێن لەبەرئەوەی نەکا لە ڕێگا سەگەل پڕیاندەنێ و بیانگرن.

دوای کۆدەتای ١٩٥٨ و لە پایزی ئەو ساڵەدا ژمارەیەک کەسایەتی وەکو نوێنەری ئاشتی بە ڕێبەرایەتی شێخ لەتیف و کەسایەتییەکی عەرەب هاتبوونە سۆڤیەت.

شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودی نەمر کە خەباتیان دژی ئینگلیزان لەسەرزاران بوو. دەوڵەتی عێراق و بە تایبەتیش عەبدولکەریم قاسمی سەرۆککۆمار دەیویست سەرنجی کوردەکان رابکێشێ. دەستەکە لەوانە پێک هاتبوون: شێخ لەتیف و لوقمانی کوڕی مەلا مستەفای بارزانی و گۆرانی شاعیر و مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و کوڕە گەنجێکی موسڵیش بە ناوی حەمید کە دواتر بەدەستی بەعسیەکان شەهید بوو. ئەوانە هاتبوونە باکۆ لە ئەکادیمیای باکۆ چاوم پێکەوتن و لەگەڵیان بوومە ئاشنا.

شوێنی حەوانەوەیان لە ئوتێل ئین تۆریست بوو، لە شەقامی ئازنەفتە. شێخ لەتیف پیاوێکی قسەخۆش قەڵەو و کەم جووڵە بوو. لەگەڵ حەمەدی مەولوودیان کە پێشتر لە عێراق پێکەوە زیندانی بوون، قسەی خۆش و جەفەنگیان هەبوو. شێخ لەتیف زۆر بە بابەتی بزنەکەی حەمەدی مەولوودیان پێکەنی بوو، خەڵکیش دەماودەم دەیانگێڕایەوە. حەمەدی مەولوودیان لە ساوخۆزی نزیک قووبا بوو، بزنێکی کڕیبوو بۆ شیری. یەکێک لە ئێرانیە قۆشمەکان دەڵی کاک حەمەد منداڵێکی بەدفەڕ بزنەکەتی گاوە. حەمەدی ساوێلکە پێیوایە ڕاستە، بزنەکەی دەکوژێتەوە و گۆشتەکەشی داوێتە پێش سەگان، ئەوە ببووە ئاماژەیەک بۆ یەکێک لە هاوشارییەکانمان کە ژنەکەی هەڵینەدەکێشایەوەو مێردەکەشی لە بەرامبەر کارەکانی ئەو تاترۆیەی هیچی نەدەگوت لەبەر ئەوەی کەسێکی بێ دەمار بوو، بێ غیرەتی ئەو پیاوە ببووە وێردی سەرزاران دەیانگوت حەمەدی مەلوودیان بزنەکەی بە سزای خۆی گەیاند و گۆشتەکەشی هاویشتە بەردەم سەگان. بەڵام فلانی هێشتا شانازی دەکاو خۆی پێ پیاوە و پلەوپایەی هەیەو خۆی بەسەر چەند کەسێکی بێنەواشدا هەڵدەسووڕێنێ. نازانێ ئابڕووی تکاوە. بۆیە دەڵێن چی بچێنی ئەوە دەدروویەوە، گەنم لە گەنم و جۆ لە جۆ. کەسێکم نەدی لە هەندەران ژنی هێنابێ و باش لەگەڵ هاتبێتەدەر و ژیانێکی سەربەرزانەی هەبووبێ.

ڕەعنای وەفادار و جوامێریەکی دیکە[7]

لە کۆتایی مانگی جۆزەردانی ١٩٥٩ لەماڵی بووم دەمویست بە مووس سەرم بتاشم، تا لەژێر تیشکی خۆری باکۆ پرتر بێتەوە و هێندە نەوەرێ. نیوەی قژی سەرم تاشیبوو کە لە ناکاو لە دەرگایاندا. پۆستەچی نامەی هێنابوو وە خاتوو ئۆلیای دابوو. کاتێک نامەکەم وەرگرت دیتم لە مۆسکۆوە هاتووە و لە بەغداوە نووسرابوو، هەواڵی خاتوو ڕەعناو دوو کوڕەکانی تێدابوو کە لە بەغدا چاوەڕوانمن.

کەوتمە پەلەپەل و چووم بۆ مۆسکۆ، لە هەر دەرگایەکم دا ئومێد بەخش نەبوو، تەواوی وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت گەڕام هەر لەسەرێوە تا خوارێ، داوای یارمەتیم دەکرد، پێیان دەگوتم بۆ پەلەتە ژن و منداڵەکانت مانگێکە لەوێن، خەڵکی واهەیە سێ ساڵە لەپشت دەروازەکانی سۆڤیەت چاوەڕوانی هاتنن بۆ سۆڤیەت بۆ ئەوەی بە بنەماڵەکانیان بگەن. منیش کە تاقەتم لێبڕابوو بێ ترس دەمگوت ئەوە بۆ دەستگای یەکسانی خوازی سۆڤیەت کەمایەسیەکی گەورەی ئیداری و بۆرۆکراسی ناشیرنە.

بەڵام بێسوود بوو، کێ گوێی لە قسەی من دەگرت. تا دوای دوو مانگ لەلایەن کەریمی حیسامی کە دواتر بە کەریم دیموکرات ناسرا، نامەیەکم بۆ هات کە دەیانەوێ بۆ ژن و منداڵەکانت سواڵ بکەن و پارەی بۆ کۆبکەنەوە، ئەگەر دەتوانی پارەی بلیتی فڕۆکە بە دراوی بەڕمێنی وەک دۆلارمان بۆ بنێرە تا لێرە کارەکانی بۆ رایی بکەین، هەرکاتێک پارەی کڕینی بلیت گەیشت ژن و منداڵەکانت ڕەوانەی مۆسکۆ دەکرێن.

هەروەها ئەوەشی نووسیبوو بەرەبەرە سارد دەبێ. مەبەستیان ئەوەبوو دوژمنانی عەبدولکەریم قاسم خەریکی پیلان ڕێژین بۆ لابردنی ڕژێم خۆ ئەگەر خوای نەکردە شتێکی ئاوا ڕووبدا لەوانەیە هەرگیز بە ئاواتی خۆت نەگەی.

هەواڵی ناخۆش لە زۆربەی وڵاتان دەبیسترا دەربارەی بەغداو ئارامی دوای تۆفان، ڕووداوی نالەبارو ناخۆشی موسڵ کاتێک ڕوویدا کە ژن و منداڵەکانم هەر لە بەغدا بوون. یەکسەر لە باکۆوە چوومە مۆسکۆ، لەگەڵ دکتۆر مستەفا شەڵماشی خەریکی

ڕێگاچارەیەک بووین، بۆ من کڕینی دۆلار و ناردنی زۆر دژوارو نەکردەنی بوو، خۆ ئەگەر هەشبوایە کڕین و فرۆشتنی لە خاکی سۆڤیەت یاساغ بوو بە تاوان هەژمار دەکرا.

لەو گێرەوکێشەو نیگەرانیەدا بووم هەواڵ هات کە ژمارەیەک لە نوێنەرانی فیرقەی دیموکرات لە ئازەربایجانەوە هاتوونەتە مۆسکۆ. لەگەڵ دکتۆر مستەفا چووین و چاومان بە کاک ڕەحیمی قازی کەوت کە یەکێک بوو لە ئەندامانی دەستە. بابەتەکەمان لەگەڵ باسکرد و داوای یارمەتیمان لێکرد، کاک ڕەحیمی قازی بەڵێنیدا بەیانی لەگەڵ یەکێک لە کاربەدەستە پلەباڵاکانی دەفتەری سیاسی سۆڤیەت کە دیدارم هەیە ئەو بابەتەشی لەگەڵ باسدەکەم. بەڵێنەکەی بە جێگەیاند. ئێواریٚ کە چوومەلای بە خۆشحاڵییەوە گوتی کاری منداڵەکانت جێبەجێ بووەو پارەی پێویستیش بۆ کڕینی بلیت ڕەوانەی سەفارەتی سۆڤیەت کراوە، ئەو سەفیرە تازەی یەکیەتی سۆڤیەت کە لە بەغدایە ئەو کارەی پێسپێردراوە. بۆیە تۆ بگەڕێوە بەمزوانە هەواڵی خۆشت پێدەگات.

منیش بێکار دانەنیشتم بە ناونیشانی مەلا مستەفای بارزانی و مراد ڕەزم ئاوەر دەیان برووسکەم نارد و وەڵامێکم وەرنەگرتەوە. دە ڕۆژ لەو گفتوگۆ و داواکاری کاک ڕەحیمی قازی لەگەڵ بەرپرسان تێنەپەڕیبوو کە برووسکەیەکم لە دکتۆر مستەفاوە پێگەیشت کە خاتوو ڕەعناو ئەنوەر و بەهمەن لە مۆسکۆ لە ماڵی ئێمەن، هەرچی زووە وەرە چاوەڕێی تۆن.

لەماڵێ شتێکی ئەوتۆم نەمابوو هەمووم فرۆشتبوو لە خەرجی بروسکە گرانبەهاکانم دا بوو. سەرەڕای ئەوەی ئەوان دەبێ لەژێر یەک لێفەدا بخەون، شەوی پێش ڕۆیشتنم بۆ مۆسکۆ لەگەڵ خاتوو یۆلیا لە پارچە قوماشی چیت و لۆکە لێفەیەکی گەورەمان درووی، بۆ بەیانی چوومە مۆسکۆ.

دکتۆر ڕەحمان چەند مانگێک دوای کودەتا بە هاوکاری مەلا مستەفای بارزانی و بەهۆی دەرگیری لەگەڵ کاک ڕەحیمی قازی لەکن من و زراری کوڕی سلێمان بەگ بە پشتیوانی لە مەلا مستەفای بارزانی چووبووە مۆسکۆ و نۆڕینگەیەکی کردبووەوە و خەریکی کاری پزیشکی خۆی بوو، لەگەڵ دکتۆر حیسامی لەیەک شوێندا دەژیان، بێگومان بۆ ماوەیەکی کەم، دوایی خانوویان دایەو هەر لە مۆسکۆش ژنی هێنا.

بەسواری فڕۆکە چوومە مۆسکۆ. کاتێک گەیشتمە بەردەم ماڵی دکتۆر مستەفاو دەستم بە زەنگی دەرگاوە نا، دکتۆر مستەفا بە بیجامەی ژنانەو پێڵاوی هاوسەرەکەی دەرگای کردەوە. دوای نۆ ساڵان چاوم بە خاتوو رەعنا کەوتەوە، تەماشام کرد کزولاواز و ورگی هەڵمساو مل بارێک، وەک تارماییەکی نیوەگیان بە پێشوازیمەوە هات و بەچاوێ پڕ لە فرمێسکەوە لە باوەشی گرتم و دەستیکرد بە گریان، منداڵەکان وەخەبەرهاتن و خۆیان لە باوەش هاویشتم و گوتیان تۆ باوکی ئێمەی؟ گوتم ئەگەر ئێزن بدەن بەڵێ! من و رەعناو منداڵەکان سەعاتێک باوەشمان پێکدا کردبوو دەگریاین، دکتۆر مستەفاش وێڕای ئێمە دەگریا. رەنجی چەند ساڵ دووری و پێک شاد بوونەوە و فرمێسک ڕشتن، بەرەبەرە نەماو خۆشی و شادی جێگایان گرتەوە.

کاتێک خاتوو رەعنا لە بەغداوە بۆ مۆسکۆ دەهات، سەرەتای مانگی رەزبەر بوو، هەوای بەغدا گەرم و هەوای مۆسکۆش سارد بوو، شەش پلە لەسەرووی سفرەوە بوو. جلکوبەرگی هاوینەیان لەبەردا بوو. لە مۆسکۆش لە جیاتی جلکی هاوینە جلکوبەرگی زستانەیان لەبەردەکرد. هاوسەرەکەی دکتۆر مستەفا لە ماڵ نەبوو. کڕینی جلکوبەرگیش لە مۆسکۆ پێویستی بە پارەی نەقدی بوو، منیش ئەو پارەیەم نەبوو. بۆیە وام بە باشزانی هەرچی زووترە بچینەوە باکۆ.

لە باکۆش چەند ساڵێک بوو لە هەوڵی ئەوەدابووم خانووم بدەنێ، کاک رەحیمی قازییش لەوبارەیەوە هەوڵی زۆریدا. کاتێک گەیشتینەوە باکۆ هاوشاریەکانم پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین. دۆستان وایان بەباش زانی لەسەرخەرجی خۆم لە ئوتێل بمێنمەوە تا بەڵکو زووتر خانوومان بدەنێ. دوای شازدە رۆژ مانەوە لە ئوتێل بە کۆششی کاک رەحیمی قازی لە شارۆچکەی مونتیم لە نزێیک باکۆ لە باڵەخانەیەکی چوار نهۆمی خانوویەکیان داینێ کە پێکهاتبوو لە دوو ژووری نووستن، گەرماو، ئاودەست و هۆڵ و باڵەکۆنێک. گواستمەوە بۆ خانووە تازەکەم، کەلوپەلێکی ئەوتۆم نەبوو، هێشتا هەر قوتابی بووم. کەلوپەلی ماڵی پێشووشم شتێکی هێندە بەنرخ نەبوون تا بیانگوازمەوە.

کاک رەحیمی قازی دیسان دەستبەکار بوو لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە توانی هەندێک کەلوپەلی دەستی دووم بۆ پەیدا بکات، وەکو قەنەفەو قەرەوێڵە، بەتانی و دۆشەک. فەرشێکی هەرزانیشم بە قیست کڕی. ژیانم شێوەیەکی تازەی بەخۆوەگرت، منداڵەکانم لە دەوری خۆم و هاوسەرم بوون.

لەو رۆژەی خاتوو رەعنا هاتبوو دەچوومە پارکی شار و لە هەمان سەعاتی دیاریکراو خەریکی خوێندنەوە و سەعی کردن بووم، بەڵام ئەو ژنەی وەک رەعنا دەچوو هیچ سۆراخێکی نەبوو. ئەوە چ رەمزێک بوو کە خودا نیشانی دابووم.
حەمەدی مەولوودیان کاتێک هاتە ماڵێ دەیگوت خودایە چەندە گەورەو مەزنی کێ بە خەیاڵیدا دەهات خاتوو رەعنا و منداڵەکانی بێنە ئێرە. تۆ لەکوێ و ئەوان لەکوێ، رووی لەمن دەکردو دەیگوت دەبوو عەبدولکەریم قاسم کودەتای کردبا، تا رێگایەک بکرێتەوە و تۆش بە ژن و منداڵەکانت شادبیتەوە. ئەوەیە موجیزەی ئیلاهی!
عەبدوڵڵای رەزم ئاوەر زوو زوو دەهاتە ماڵێ و دڵی دەکرایەوە. دکتۆر جەواد موسەوی مەراغەیی زۆربەی کات لە ماڵی ئێمە بوو، وەک برایەکی گیانی بەگیانی پێکەوە نان و نمەکمان کردبوو خەروارێک گەنم و برنجمان خوارد، بەڵام کاتێک دەگەڕایەوە بۆ ئێران پشتی لەو هەموو رێز و خۆشەویستی و میوانداریەی ئێمە کرد. لە میوانداریەک کە لەلایەن ئەوەوە سازکرابوو بە ئامادەبوونی رەعنای هاوسەرم و دکتۆر قەرەچەمەنی لە رستۆرانی گۆگۆل، هەندێک پلاری هاویشتن و نیگرانی خۆی دەربڕی. تا ئێستاش نەمزانی چ ناکەسێک دنەی دابوو ئەو دۆستایەتیەمان تێکبدات. کە بۆ ئێران گەڕایەوە زۆر بەداخ و نیگەران بووم ماوەیەک زیندانی کراو ئەوەی دەشیویست بۆی نەهاتە پێش و وەک دکتۆریش دانەمەزرا بوو.
هاتنی خاتوو رەعنا بە دوو منداڵەوە، هەموانی سەرسام کردبوو. وەک جوامێری ژنێکی ئێرانی نووسەران و شاعیران شیعر و وتاریان بۆ نووسی. خاتوو رەعنا چەند رۆژێک لە نەخۆشخانەی پەنابەران مایەوە تا پشکنینی بۆ بکرێ. لە قەرەوێڵەکەی تەنیشتیشی پیرەژنێکی لەبلەبان و شارەزا لە زمانی فارسی و رووسی و تورکی و کەمێکیش کوردی، چاودێری هەڵسوکەوتی رەعنای دەکرد. دوایی کاک رەحیم گوتی ئەو ژنە بۆ ئەوە راسپێردابوو تا هۆکاری هاتنی خاتوو رەعنای بەستەزمان بزانێ، نەکا هاتنی زەری بۆ یەکیەتی سۆڤیەت هەبێ.

سەربووردەی خاتوو رەعنا

دوای ونبوونی من خاتوو رەعنا ئاوا سەربووردەی خۆی بۆ گێڕامەوە: کاتێک پشووی هاوینەی ساڵی ١٩٥٠ تەواوبوو تۆ نەگەڕایەوە، یەکسەر زانیم چوویەتە سۆڤیەت. لە تەورێزەوە نامەیەکت بە ئەحمەد فولەکیدا ناردبوو، دوای سێ مانگ باوکت نامەکەی وێدام، زۆرنیگەران بوو کە بۆچی لە نامەکەدا تەنیا باسی تۆ و ئەنوەری کردووە کە بۆ خۆشبەختی ئێوە ئەو رێگایەی گرتۆتەبەر. موچەی هاوینەی تۆ میرزا قادری رەحمەتی دەیدایە باوکت. خاتوو رەعنا باسی ئەو نۆ ساڵ و نیوە پڕ لە ناخۆشی و نیگەرانی و تورەیی باوکمی دەکردو شتگەلێکی دەگێڕایەوە. دەیگوت کاتێک باوکت خانوەکەی مەیدانی ئاسنگەرانی بە نرخێکی هەرزانی حەفتاو چوار هەزار تمەن فرۆشت ژیانمان لێک هەڵوەشا. رێز و خۆشەویستیمان نەما. باوکت هەر لە بیانوان دەگەڕا.

دەیگوت باوکت دەیگوت، بۆیە خانوەکەم فرۆشت لەبەرئەوەی مەحموودی کوڕم بەبێ مۆڵەتی من ژنی هێناوەو لە دوکانێ بە بڕی سێ هەزار تمەن جلکوبەرگی بوکێی هەڵگرتووە و خستوویەتە سەر حیسابی من. دوای فرۆشتنی ئەو خانوە گەورە و تازە دروستکراوە کۆنە خانوویەک لە نزیک تەسبیت دەکڕێ، ئەوێش پڕ بوو لە دوپشکەو جاڵجاڵۆکەو هۆڵەپەزەی ژەهراوی. لەوێشەوە چووینە خانوویەکی بچووک لە نزیک نەخۆشخانە کە تازە کڕیبووی. هاوسەرەکەم دەیگوت بەردەوام لە ماڵێ لەژێر دژوارترین بارودۆخ و ئازاری روحیدابووم. خوشکەکانیشت پێکەوە نەدەسازان. باوکیشم بەردەوام لەگەڵیان لە کێشەو هەرادابوو. مەحموودی براشت بە هەزار زەحمەت توانیبووی دەورەی فێرکاری ڤێتەرنەری تەواو بکاو دابمەزرێ. دەیگوت نامەکانت هەمیشە بۆ من هیوابەخش بوون. ئینجا گوتی چەند ساڵێک لەمەوبەر نزیکەی ساڵی ١٩٥٦ یان ٥٧ بوو نامەیەکت نووسیبوو گوتبووت تۆ ئازادی دەتوانی تەڵاق وەربگری و شوو بکەیەوە. زۆر بەو قسەیە نیگەران بووم، منیش لە وەڵامدا بۆم نووسیەوە تا لە ژیاندا مابیت بە ئاواتی دیداری تۆ ساتەکان دەژمێرم.

چەند جارێک تیمسار وەهرام هاتە ماڵێ و نەیهێشتبوو باوکم خانوەکە بفرۆشێ، پێیگوتبوو حاجی ئاغا فریویان داوی، ئەو خانووە زۆر لەوە زیاتر دێنێ کە پێیان گوتووی. منداڵەکانت سەرگەردان مەکە، ئەگەر پێتخۆشبێ ئەو مامەڵەیە هەڵدەوەشێنمەوە. بەڵام باوکم گوتبووی جەنابی تیمسار قسەی پیاوان یەکە و پەشیمان نابمەوە.

دوای کودەتای عەبدولکەریم قاسم خاتوو رەعنا وای بە باش زانیبوو بە رەزامەندی باوکی و باوکم سەفەر بکا، حاجییەکی مرۆڤدۆست و خواناس کە لەگەڵ باوکی رەعنا چەندین ساڵ ئاشنا بوون و بۆخۆی لە عێراق دەژیا و خەڵکی ئەوێش بوو، بەڵێنی بە میرزا باقی خەزوورم دابوو کە هاوسەرم و منداڵەکان بە سەلامەتی دەگەیەنێتە بەغدا. سەرەنجام لە کاتی دیاریکراودا لە کۆتایی جۆزەردانی ۱۹۵۹ دوای تەواوبوونی قوتابخانەی سەرەتایی خاتوو رەعناو منداڵەکانی لەگەڵ خۆی سواری ئۆتۆمبێل دەکا، بێ ئەوەی خاتوو رەعنا هیچ بە خزم و کەسوکاری بڵێ لە مەهابادەوە بەرەو سەردەشت وەڕێدەکەون. مەجیدی ئامۆزاشی لەگەڵیان دەچێ. ئەو شۆفێرەی رەعناو منداڵەکانی لە نزیک تاقەداری مەهاباد سوار دەکا ناوی کاک ئەحمەد بووە کە پیاوێکی باش و میهرەبان بووە. هەر لە رێگا کوڕە ئاغایەک دادەبەزێنێ تا جێگای رەعناو منداڵەکان ئاسوودەتر بێ. ئەوان بە سواری ئۆتۆمبێلی باری بەرەو سەردەشت دەڕۆن. حاجی عێراقی لە سەردەشت دەچێتە ماڵی عەلیەکەچەڵی ئامۆزای دڵشاد و لەوێ دادەبەزن. میرزا باقی خەزوورم دوای مردنی هاوسەرەکەی دەیەوێ دەسگیرانی ئەو کابرایە بێنێ، ئیدی دەبێتە کێشەو هەراو دوژمنایەتییان. کاتێک عەلیەکەچەڵ دەزانێ ئەوە کچی باقییە یەکسەر خەبەر بە مەخفەری ژاندەرمەری دەداو دەڵێ ئەو ژن و منداڵانە لە مەهابادەوە رایان کردووە و دەیانەوێ لە رێگای عێراقی تازە کودەتا کراوەوە بچنە یەکیەتی سۆڤیەت. حاجی ئاگای لەو بابەتە نەبوو، بۆخۆی پێیوابوو باشترین و دڵنیاترین ماڵی پەیدا کردووە. ئەوەبوو ژنە دراوسێیەکیان کە ژنێکی باش و خواپەرست بوو بە خاتوو رەعنا دەڵێ هەرچی زووە لەو ماڵە بڕۆن و خۆتان بشارنەوە. رەعنا دەستبەجێ لەگەڵ منداڵەکان لەو ماڵە بەدفەساڵە رادەکەن و لە سووچێکی گەراجی سەردەشت خۆیان دەشارنەوە. شەوێ بە تاریکی و بە هەزار زەحمەت حاجی دەبیننەوە و بابەتەکەی بۆ باس دەکات.

حاجی لە ژوورێکی کەلاوەی گەراجیان دادەنێ و بۆخۆیشی لە شوێنێکی دیکە خۆی دەشارێتەوە. حاجی لەوە دەترسێ بیانناسنەوە، خاتوو رەعنا وەک پارێزێک لە ژوورەکە دێتەدەرو لەو دیوی گەراجی لە گۆشەیەک خۆیان دەشارنەوە تا حاجی دەگەڕێتەوە و یەکتر دەگرنەوە. دەڵێ دوای ئەوەی لە ماڵی عەلیەکەچەڵ هاتوونەدەر ژاندەرمە دەڕژێنە کۆڵان و بە دواتاندا دەگەڕێن. حاجی رەعناو منداڵەکان دەباتە ماڵی پیرەژنێک و لەوێیان دەشارێتەوە هەر ئەو شەوە دوو ئێسران بەکرێ دەگرێ و ساحەب ئێستر بە خۆی و کوڕێکی دەیانبەنە گوندی بێژوێی سەرسنوور. هەر لەوێش خزمێکی خاتوو رەعنای لێدەبێ بەناوی محێدینی خوسرەوی کە مامۆستا دەبێ، بەڵام لەبەر خۆپارێزی و خۆ بە دوورگرتن لە هەر بەڵایەک خۆی نیشان نادا.

بە زەحمەتێکی زۆر بەسواری و بە پێیان بە کێو و لاپاڵاندا دەڕۆن و لە چۆمی کەڵوێ بەسواری کەڵەک دەپەڕنەوە و دەچنە گوندی قامیشی سەر سنووری عێراق. خاتوو رەعنا قاچی دەئاوسێن و پۆرگ دەکەن، دوای چەند رۆژێک دەرمانکردن لە گوندی قامیش دەمێننەوە و لەگەڵ حاجی بەرەو شاری سلێمانی بەڕێ دەکەون و دەچنە ماڵی محەمەدی شەربەتچی. خاوەن ماڵ پێشوازی لە خاتوو رەعناو منداڵەکان دەکات.

هەروەها محەمەدی شەربەتچی لەگەڵ میرزا کەریم ئەحمەدین[٧٢] خزمایەتییان هەبوو، هاوسەری دووەمی میرزا باقی لەگەڵ خێزانی میرزا کەریم خوشک بوون. بۆیە ئەو خزمایەتییە دەبێتە جێگەی خۆشحاڵی خاتوو رەعناو منداڵەکان. خاتوو رەعنا دەڵێ لە مەهاباد لەسەر راسپاردەی مێردەکەم داوای کردبوو بچمە ماڵی شێخ لە تیف کە پیاوێکی بەناوبانگ و دەستڕۆیشتوو بوو، بەڵکو ئەو بتوانێ بۆ گەیشتنم بە سۆڤیەت رۆڵی هەبێ. بەڵام هاوڕێیانی وەفادار بە هەندێک هۆکار نەیانویست خاتوو رەعنا و منداڵەکان بچنە ماڵی شێخی. با ئەوەشمان لەبیرنەچێ شۆڕشگێڕە راستەقینەکان شێخیان خۆشنەدەویست، دەیانگوت شێخەکان دەبنە هۆکاری بەدبەختی گەلی کورد یان هەر گەلێکی دیکە.

خاتوو رەعناو منداڵەکان چەند رۆژێک لە شاری سلێمانی دەمێننەوە. حاجی ئەوان بە دوو کەسی ئەمین و فیداکار دەسپێرێ تا بیانگەیەننە بەغدا و بەڵکو دەروویەکی بەخێریان لێ بکرێتەوە. خاتوو رەعنا و ئەنوەر و بەهمەن دەبەنە ئوتێلێک لە بەغدا، ئەو دوو رێنوێنە گەیشتنی ئەوان بەو مەهابادیانەی بەغدا رادەگەیەنن، ئەوانەی لە

---

[٧٢] کەریم ئەحمەدین. وەزیری پۆست و گەیاندنی کۆماری مەهاباد بوو.

چایخانەکەی محەمەدی رەشادی خەریکی چای خواردنەوەو نێرگەلەکێشانن هەموویان دەچنە شوێنی مانەوەیان. کاک محەمەدی رەشادی پیاوانە دێتەپێشێ و دەڵێ ناهێڵم ئەو ژن و منداڵە مەهابادیانە لە ئوتێلە کانی بەغدا بمێننەوە، ئاخر خۆ منیش کەلاوەیەکم هەیە، هەرچۆنێکبێ من زیاتر دڵم بە ئەوان دەسووتێ لە عەرەبێکی خاوەن ئوتێل. بۆیە کاک محەمەد رەشادی مەهابادی خاتوو رەعناو منداڵەکان دەباتەوە ماڵی خۆیان و وەدواکەوتنی کارەکەشی بە خەباتکارێکی نیشتیمان پەروەر و دوژمنی سەرسەختی رژێمی پاشایەتی دەسپێرێ بە ناوی سەید عەبدوڵڵای ئیسحاقی کە لەوێ بە ئەحمەد تۆفیق ناسرا بوو.

ئەحمەد تۆفیق بۆ پێڕاگەیشتن بە منداڵەکان و ئامادەکاری رۆیشتنیان بۆ سۆڤیەت و وەرگرتنی ڤیزای سەفەر بۆ بنەماڵەیەکی ئێرانی بێ پاسەپۆرت کە زۆر دژوار بوو، هەوڵی شێلگیرانە دەدات. ئەحمەد تۆفیق گەنجێکی فیداکار و لە خۆبووردوو، کوڕی یەکێک لە کەسایەتییە ناودارەکانی شارستانی مەهاباد بوو. لە قۆناغی سەرەتایی یەکتریمان دەناسی، بەڵام لەبەرئەوەی بە تەمەن لە من بچووکتر بوو زۆر تێکەڵاو نەبووین. لە کاروچالاکی حزبیدا دژی رژێمی شا رۆڵی بەرچاوی هەبوو، لە شانۆگەری دایکی نیشتیمانیشدا رۆڵی سەرەکی هەبوو. بۆیە ئەحمەد تۆفیق لە رووی ئەخلاقییەوە خۆی بە بەرپرس دەزانی کە هاوکاری ئەو خێزانە بێ پەنایە بکات و هاوخەمیان بێت. لەوکاتەدا و بەپێی قسەکانی خاتوو رەعنا هەڵسووڕاوانی حزبی دیموکراتی کوردستان و لەوانەش عەبدولڕەحمانی قاسملوو و، کەریمی حیسامی هەموویان لە خانوویەکی گەورەدا دەژیان. ژنەکەی عەبدولڕەحمانی قاسملوو ناوی خاتوو نەسرین بوو، دەرسی ئینگلیزی دەگوتەوە، بەڵام ئەوان دوو دەستە بوون و لە هەندەران پێکەوە ناکۆکییان هەبوو. هەریەکەو بۆ لایەکی رادەکێشا.

ئەحمەد تۆفیق لە هەموویان چالاکتر و ناسراوتر بوو، مەلا مستەفای بارزانی زۆر رێزی لێ دەگرت. لە چوون و هاتنەوەی خاتوو رەعناو منداڵەکان بۆ سەفارەتخانەی تازە دامەزراوی سۆڤیەت لەگەڵیاندا بوو. یەکەم سەفیری سۆڤەیەت دوای کودەتای عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٩ کە دوای ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییە سیاسییەکان و دووبارە ناردنەوەیان بۆ بەغدا، کەسێک بوو کە تورکی دەزانی و مۆڵەتی فەرمی بنەماڵەکەی منی بۆ سۆڤیەت کە ساڵانێک هەوڵم بۆدابوو لەگەڵ خۆی بردبوو، لەیەکەم دیداری لەگەڵ خاتوو رەعناو منداڵەکان دەڵێ موژدەم بدەنێ مۆڵەتی

چوونی ئێوەم بۆ سۆڤیەت لەگەڵ خۆم هێناوە. هەرکاتێک ڤیزای ڕۆیشتنتان لە عێراق وەرگرت دەتوانن بە فڕۆکە بڕۆن.
هەر لەوکاتەدا لە ئێران هەواڵ بە خاتوو ڕەعنا گەیشت کە ساواک بە ڕۆیشتنی ئێوەی زانیوە، باوکت و میرزا مستەفای خەزوورتیان بۆ ورمێ ڕەوانە کردوون و زیندانییان کردوون. خەزوورت لەبەرئەوەی پیرە دوای چەند ڕۆژێک ئازادیان کردووە، بەڵام هەموو تاوانی ڕاکردنەکەی تۆیان خستۆتە ملی باوکت و لە ورمێ زیندانی دەکرێ و ئەشکەنجەی دەدەن. خاتوو ڕەعنا زۆر نیگەران و خەمبار دەبێ، بەڵام هیچ چارەیەکی نابێ. دەسگای بێزراوی ساواک بۆ ئەوەی دڵنیایی تەواو وەربگرێ یەکێک لە کەسە بۆگەن و خۆفرۆشەکانی بە ناوی ئەسعەدی خودایار کە پێشتریش ئاماژەم پێکردووە، ئەو دەیویست بمخاتە تەڵەی ساواکەوە. بەڵام من بە وریایی و پشتوپەنای خودا گوتم بڕۆ ئەو تەڵەیە بۆ مەلێکی دیکە دابنێ نەک بۆ سیمرغێک کە هێلانەکەی بەرزە.
ئێستاش هەمان ئەسعەدی خودایار بەدوای نێچیرێکی دیکەوەیە و دەچێتە بەغداو لەڕێگای مەهابادییەکی ساویلکەوە دەچێتە ماڵی کاک محەمەدی ڕەشادی و چاوی بە خاتوو ڕەعنا دەکەوێ. لە خاتوو ڕەعنا دەپرسێ ئێوە لەگەڵ کێ هاتوون؟ خاتوو ڕەعنا یەکسەر دەزانێ ئەوە سیخوڕێکی بۆگەنی ساواکە و نێردراوی ئەوانە و دەیەوێ هەڵیخەڵەتێنێ. هاوسەرەکەم دەڵێ بۆخۆم بڕیارم داوە لە ئێران بڕۆم و وەدوای چارەنووسی خۆم بکەوم و بچمە لای هاوسەرەکەم و لەگەڵ قاچاخچی نەناس، بەڵام خوداناس هاتووم، ئێستاش دەبینی لێرەم. من نە ئەوانم پێشتر دیتووە و نە دەشیانناسم، هەر لەبەر خاتری خودا ڕێنوێنییان کردووم.
ئەسعەد دەپرسێ بە کام ڕێگادا هاتی؟ وەڵام دەداتەوەو دەڵێ چوزانم بە چ ڕێگایەکدا هاتووم خۆ من قاچاخچی نیم خۆمن بەو ڕێگایانەدا نەهاتووم تا بزانم کوێیە. بەکورتی وەڵامێکی تەواو وەرناگرێ. ڕۆیشتنی خاتوو ڕەعناو منداڵەکانی بۆ ڕوون دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە مەهاباد. هەروەها بۆ داپۆشینی جەوهەری پیسی خۆی لەگەڵ کچی یەکێک لە شۆڕشگێڕە ناسراوەکان هاوسەرگیری دەکات تا سەنگێک بە کەسایەتی خۆی بدات، خەڵکیش کە پێشتر ئەویان ناسیبوو بە هۆی ئەوەی زاوای کاک (م. م)ە ڕێزیان دەگرت و دەردەدڵیان لەگەڵ دەکرد. نەیاندەزانی گورگێکی دڕەندە خۆی لە جەستەی مرۆڤێکدا شاردۆتەوە. پێشتر موچەخۆر و ئاڵقە لەگوێی ساواک بووە. ئەو ئەسعەدی خودایارە دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران و هەواڵی خاتوو ڕەعناو منداڵەکانی

لە چنگی دەسگای ساواک و لە ژێر کۆنترۆڵی دیکتاتۆرێکی وەک وەرهەرام گەیاندەوە، سزای باوکی خاتوو رەعنای قورستر کردبوو، ئەشکەنجەکەشی زیاتر دەبوو. تا ئەوەی خەزوورم رێگاچارەیەکی دیتەوە و دەڵێ، ئازادم کەن تا بچم کچەکەم و منداڵەکان بێنمەوە.

میرزا باقی دوای ئەوەی ئازاد دەکرێ ماوەیەک لە گوندەکانی سەرسنوور و گوندەکانی میاندواو خۆی دەشارێتەوە. تا بە بەرتیلێکی زۆر و دەم چەور کردن وازی لێدێنن. بەڵام دوای ئەو هەموو ئەشکەنجە زۆرەی لە زیندانی ورمێ لێیان کرد، لەشساغی جارانی نەگەڕایەوە. ئەوەبوو ماوەیەک لەگەڵ میز خوێن دادەنێ و تووشی نەخۆشییەکی سەخت دەبێ.

سەرەنجام حاجی عێراقی کە خاتوو رەعنای بردبووە عێراق دەکەوێتە دەست ساواک و دوای سزادان و ئەشکەنجەیەکی زۆر حاجی دێننە ریزی ساواک و لە رێگای زۆری و توندوتیژیەوە بەڵێنیان پێدەدات هاوکاریان بێ. کارەباشەکەی حاجی ئەوەبوو سیخوڕەکان ئاشکرابکا و کارە قێزەونەکانی ئەسعەدی خودایار لە عێراق ئاشکرا بکاو خەڵکی لە هاتوچۆکردنی ئەو کابرا ناپاکەوە بەهۆی لەداو خستنی شۆڕشگێڕان وەئاگا بێنێ. دوای ماوەیەک کە دەرکەوت میرزا باقی خەزوورم بەهۆی سیخوڕی ئەو پێوە بووە، هەر لەسەر سنووری عێراق ئێران دەیکوژن و بەسزای خۆی دەگەیەنن. کوشتنی ئەسعەد خودایاری مۆری سەرەکی دەزگای ساواک زەربەیەکی کەمەرشکێن بوو لە دەسگای سیخوڕی ساواک. ئەوەش گرنگیەکی زۆری هەبوو.

خاتوو رەعنا دوای چوار مانگ چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێ لە دۆخی ناڵەباری عێراق و دوای ئەوەی لە مۆسکۆوە پارەیان بۆ نارد بۆ کڕینی بلیتی فڕۆکە لە بەغداوە بۆ مۆسکۆ، سەرەنجام بە زەحمەتێکی زۆر دەچێتە فڕۆکەخانەو لە کاتی سەرکەوتن بۆ ناو فڕۆکە لەگەڵ نوێنەری دۆستایەتی عێراق و چین، کە دەچوون بۆ مۆسکۆ و لەوێشەوە دەچوونە چین، لەوکاتەدا خاتوو رەعنا بە بەرپرسی ئەو شاندە دەسپێرن بەناوی مامۆستا ئەنوەر کە کوردێک بوو، بۆ ئەوەی ئاگای لێبێت تا دەگەنە شوێنی خۆیان. هاوسەرم دڵنیادەبێ لەوەی کە کەسایەتییەکی بەرێزیان لەگەڵدایە وەک سەرپەرشت و لەکاتی پێویستدا بە هانایانەوە دێ. بێئاگا لەوەی بەرپرس و نوێنەری دەوڵەتی عێراق کابرایەکی خۆبەزلزان و کەمتەرخەمە. کاتێک فڕۆکەکەی ئەوان لە فڕۆکەخانەی رۆما بۆ بەنزین وەرگرتن دەنیشێتەوە و سەرنشینەکانیش بۆ ماوەی

سەعاتێک لە فڕۆکە دادەبەزن، کاکی بەرپرس ئەنوەرخان بە خاتوو رەعنا دەڵێ لەگەڵ منداڵەکان لە رستۆرانی فڕۆکەخانە بن تا کاتی سواربوونی فڕۆکە بۆ خۆم بە دواتاندا دێم چاوەڕێم بن. بەڵام کاکی رێنوێن و بەرپرسی شاندەکە بەهۆی سەرلێشێواوی و سەرقاڵی، لەبیری دەچێتەوە کە ئەو بنەماڵەیان بە ئەو سپاردووە و ئاگا لێبوون و پاراستنیان ئەرکێکی ئەخلاقی و ویژدانییە. خاتوو رەعنا دەگێڕێتەوە کاتێک زانیم سواربوونمان وەدرەنگ کەوتووە، لە ساڵۆنی رستۆرانەکە دێتەدەر و تەماشادەکا خەریکە پلیکانەی فڕۆکەکە بەرزدەبێتەوە و هەر ئەو سەرنشینەی بەجێ ماوە بانگی دەکەن.. رەعنا... رەعنا. کاتێک دەزانێ ئەو فڕۆکەیەی دەیەوێ بفڕێ هەمان ئەو فڕۆکەیە، دەستی منداڵەکان دەگرێ و بە غاردان خۆی دەگەیەنێتە پلیکانەکانی فڕۆکەو خێرا سەردەکەون.

ئەنوەر خانیش لەپێشەوە راوەستاوەو تەماشایان دەکات. ئەوانەی لەناو فڕۆکەکە بوون لە کوردو عەرەب سەرکۆنەی ئەنوەری دەغەڵ دەکەن و دەڵێن تۆ ئەگەر نەتوانی ئاگات لە بنەماڵەیەکی بێچارەو سەرگەردانبێ چۆندەتوانی ببیتە نوێنەری دەوڵەتێک کە دەیەوێ لەگەڵ دەوڵەتێکی گەورەی وەکو چین پەیوەندی سیاسی و دۆستایەتی دروست بکات.

بەکورتی خاتوو رەعنا لەو نوێنەرە بێکەڵکە دوور دەکەوێتەوە و دەچێتەلای بنەماڵەیەکی عێراقی کە ژنەکەی کوردەو مێردەکەشی عەرەب بوو، تا پراگ پێکەوە دەبن. لە ئوتێل پراگ پێشوازییەکی گەرم لە خاتوو رەعناو منداڵەکان دەکەن و ئینجا بەسواری ئۆتۆمبێلی گەشتیاری تایبەت بەناو شاریانیادا دەگێڕن و دەیانبەنە شوێنە مێژوویی و سەرنج راکێشەکانی پراگ. دوای دوو رۆژ مانەوە بە فڕۆکەیەکی دیکە دێنە مۆسکۆ. لە فڕۆکەخانەی مۆسکۆ کە قەرار بوو دکتۆر مستەفا پێشوازییان لێبکا، وەدرەنگ دەکەوێ. لەوێ لە ژووری چاوەڕوانی دایان دەنێن تا دکتۆر دێت، دوای ناساندنیان لەگەڵ دکتۆر، بە سوپاسگوزاری لە کارمەندانی ئاسایش دەچنەوە ماڵی دکتۆر. دکتۆریش هەر لەگەڵ گەیشتنی ئەوان یەکسەر برووسکەم بۆ دەکات. منیش یەکسەر خۆم دەگەیەنمە مۆسکۆ و بە فڕۆکە لەگەڵ هاوسەرەکەم و منداڵەکانم هاتینەوە باکۆ. دوای چەند رۆژێک دەستمکرد بە گوتنەوەی فێربوونی زمان، بە هاوسەر و منداڵەکانم.

گرژی و ئاڵۆزی لە نەخۆشخانە

ڕۆژێک لە کۆرسی چوارەمی کۆلێژی پزیشکی لە نەخۆشخانەی ژمارە چوار سەرەڕای ئەنجامدانی کاری ئەزموونی و زانستی، چاوم بە نەخۆشێک کەوت زۆر پەرێشان و بە ئازار بوو. ئاشنا هاتە بەرچاوم. کاتێک بە سەرنجەوە لێم ڕوانی دیتم هەمان نەقیب لەزگییە بەردەوام سەرخۆشە کە لە قووبا هێندەی ئازار دام و هەڕەشەی لێدەکردم. کاتێک ناسیمیەوە گوتی دکتۆر دەمناسییەوە؟ گوتم بۆ؟ گوتی گەردنم ئازاد بکە زۆرم ئەزیەت داوی. کاتێک تەماشای ڕاچێتەکەیم کرد بۆم دەرکەوت تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی سییەکان بووە و خوداوەندی مەزن تووشی ئەو نەخۆشیە ترسناکەی کردووە. ڕووبە دەرگای خودا کڕنۆشی شوکرانەم برد کە ئەو کابرا خراپ و مرۆڤ ئازاردەرە سزای کارە چەپەڵەکانی وەرگرتۆتەوە.

دوای ئەوەی ژن و منداڵەکانم هاتن ڕۆژ بە ڕۆژ ژیانمان بەرەو باشتری دەچوو، نەخۆش بە کۆمەڵ ڕوویان لە ماڵێ دەکرد. دوای ئەوەی لە نەخۆشخانەی شائۆمیان دامەزرام دەهاتنە ئەوێ. بە تەواوکردنی دەورەی حەوت ساڵەی کۆلێژی پزیشکی کێشەیەکی گەورە بوو، دەبوو بەردەوام هەوڵوکۆششی زۆرم کردباو شەو و ڕۆژ هەر خەریکی خوێندنەوە بام. بە نمرەیەکی زۆر باش ساڵی ١٩٦١ کۆلێژی پزیشکیم تەواو کرد و چوومە دەورەی پسپۆڕی. کارکردن بۆ دکتۆرێک کە تازە کۆلێژی تەواو کردووە لە نەخۆشخانەکانی زانکۆ کە لەوێدا بەش و ئوستادی هەڵکەوتەو دکتۆری بە ئەزموونی لێن مەرجی سەرەکی و ڕێگا خۆشکەری هەموو کێشەکان بوو. بێجگە لە نەخۆشخانەی دەوڵەتی پلی کلنکی زۆریشی لێبوون کە دکتۆریان وەردەگرت و کاریان دەدانێ، بەڵام ئەو لەکوێ و ئەوان لەکوێ، ئەرز و ئاسمان لێک جیاواز بون.

لە نەخۆشخانەکان زانستیان فێردەکردی و ئەزموونت وەردەگرت. پسپۆڕیت وەدەست دێناو ئەزموونت زیاتر دەبوو، باشتر دەناسرای و نەخۆش لە دەورەت دەهاڵان. ئەگەر لێهاتوو بای هەر زوو ناوبانگت دەردەکرد. هەل و مەرجی کار و ژیان لە نەخۆشخانەکانی سۆڤیەت بتەوێ و نەتەوێ پزیشکە گەنجەکانیان بۆ

کاروچالاکی هاندەدا. ئەگەر هونەرمەندبێت هونەرەکەی دەردەکەوێ و دەچێتەپێش. ئەگەر هونەریشی نەبێ لەشوێنی خۆی دەمێنێتەوە و کاری دژوار و قورسی دەدەنێ. بۆمنێکی غەوارە کە ئومێدم هەبوو رۆژێک بگەڕێمەوە نیشتیمان، پێویست بوو لە باشترین نەخۆشخانەکان و لە ژێر چاودێری گەورەترین ئەکادیمی و زاناو پرۆفیسۆر بە کاری پزیشکی و لە رشتەی نەشتەرگەری درێژە پێبدەم. لە قۆناغی کۆلێژ بە ئاواتی ئەوەبووم لە نەخۆشخانەی شائۆمیان و کلینکی ئەکادیمی تۆپچی باشیف کە بە باوکی نەشتەرگەری لە ئازەربایجان ناسرابوو لەوێبام، بەڵام دەڵێی چی، دڵ دەیخوازێ و دەست نایگاتێ. کارکردن و دامەزراندن لەو نەخۆشخانەیە یان لە-نەخۆشخانەی ژنانی عەزیز بەکف کە زۆر لەوێ کارم کردبوو، بەهیچ کەس نەدەکرا بەبێ هیچ پشتیوانەیەک نەدەکرا بگەیە ئەوێ.

دوای تاقیکردنەوەکانی کۆلێژ، بیستم کە مەلا مستەفای بارزانی بە نهێنی هاتۆتە مۆسکۆ و گۆیا لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم نێوانیان تێکچووە و لەوانەیە بارودۆخی عێراق لە نێوان کوردو حکومەتی ناوەند دا ئاڵۆزبێ.

بۆیە هاتنی مەلا مستەفای بارزانی بێهۆ نەبوو. بۆیە بە پێویستم زانی بچمە مۆسکۆ و لە نزیکەوە بیبینم. بە پەلە لە کۆتایی مانگی جۆزەردان بە فرۆکە چوومە مۆسکۆ و لە رێگای دکتۆر شلماشی کە هاووڵاتی بوونی عێراقی قبووڵ کردبوو چوومە خزمەت جەنابی بارزانی. ئەو بە ناوێکی خوازراو لە ئوتێل مۆسکۆ بوو، هەمان ئەو ئوتێلەی چەند ساڵێک لەمەوبەر لە بەردەم ئەو ئوتێلە کاتێک لەگەڵ خاتوو ئالیا سەرگەرمی قسان بووین، بارزانی کە لە ئۆتۆمبیلدا بوو لەبەردەم ئێمە راوەستاو گوتی وەرە بۆلام. دوای ئەوەی قسەوباسێکی زۆرمان کرد، بە تەنیا لە ژوورێکدا لەگەڵ بارزانی دانیشتم، هیوای سەرکەوتنم بۆ خواست و زۆر ستایشم کرد.

جەنابی بارزانی گوتی بۆچی بۆچی مافی هاووڵاتی بوونی عێراقی وەرناگری و ناتەوێ بێیتەلای ئێمە؟ منیش هۆکارەکەم بۆ دووشت گێڕایەوە. یەکەم ئەزموونی پزیشکیم وەکو پێویست نییەو دەمەوێ کاربکەم و لە بواری نەشتەرگەریدا پێش بکەوم. هەم ببمە نەشتەرگەرێکی باش و هەم ژنیکۆلۆژیستێکی باش، بەڵام دەڵێی چی ناتوانم لە نەخۆشخانەکانی باکۆ کارێک پەیدا بکەم. دووەم منداڵەکانم بچووکن و لە پانسیۆناتی شاری ئیڤانۆف لە نزیک مۆسکۆن و هێشتا لە دەورەی سەرەتاییدان و دەستیان لە هیچ جێگایەک گیر نەبووە. بارزانی دوای کەمێک رامان گوتی من داوا لە بەرپرسان

دەکەم هەر جێگایەک بتەوێ کارت بدەنێ تا پێدەگەی و دەبیە نەشتەرگەرێکی باش، بەو مەرجەی هەرکاتێک داوام لێکردی بێیە لای ئێمە. منیش بەڵێنم دا کە دوای یەک دوو ساڵ هەرکاتێک تۆ ئەمر بفەرمووی لە خزمەتتدا ئامادەم بێمە عێراق و وەک دکتۆرێکی نەشتەرگەر لە ناو کوردە چەوساوەکاندا خەریکی کاری خۆم بم. ئەگەر خوانەکەردە شەڕێکیش هاتەپێش ئامادەم وەک دکتۆرێک لە بەرەکانی شەڕدا گیانی خۆم فیدای گەلە ستەمدیدەکەم بکەم.

بارزانی یاداشتی کرد بەڵێنیداو گوتی داوا لە بەرپرسانی پلەباڵا دەکەم

لە باشترین شوێنی نەخۆشخانەکانی باکۆ ئەو جێگایەی بۆخۆت دەتەوێ کارت بدەنێ و خەریکی کاری نەشتەرگەری بیت.

هەروەها بیستبووم کە لە یەکیەتی سۆڤیەت بە نهێنی ژمارەیەکی کەم لە قوتابیان بۆ وەرگرتنی رشتەی ژنیکۆلۆژی نەشتەرگەری بۆ ماوەی شەش مانگ دەنێردرێنە فەرەنسا ئەوانە وەک ئاڵوگۆڕی قوتابیان، بەڵام کەم ئاگایان لێبوو. ئەوەم بە مەلا مستەفای بارزانی گوت کە من کۆلێژم بە نمرەی نایاب و وەک قوتابییەکی مومتاز تەواو کردووە ئەگەر لوتفتان هەبێ با ئەوەش ئێمە بگرێتەوە. ئەگەر پشتیوانی بەرێزتانم هەبێ و داوا بکەی لەوانەیە منیش لەگەڵ ئەو قوتابیانە بچمە پاریس و جێگەی خۆشحاڵییە جەنابتان هاوکارم بن. جەنابی بارزانی ئەو داوایەی منی بە هەند وەرگرت و بەڵێنیدا دەربارەی ئەو دوو کارەی من لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت قسە دەکات. ئینشائەڵڵا جێبەجێ دەبێ. هەرچەندە کاری زۆرم هەن کە دەبێ جێبەجێیان بکەم، بەڵام ئەوکارەی تۆ پشتگوێ ناخەم، ئەگەر لە عێراقیش بم لەوێش بەدواداچوونی بۆ دەکەم. بەخاترجەمی گەڕامەوە باکۆ.

دوای دوو رۆژ لە کۆمیتەی ناوەندی ئازەربایجانی سۆڤیەت بانگیان کردم و گوتیان بودجەی تەواویان بۆ دیاری کردووی تا لە نەخۆشخانەی شائۆمیان دابمەزرێی کە خواستی خۆت بووە، هەروەها ناردنیشت لەگەڵ قوتابیانی دیکەی کۆمارەکان بەمزوانە مەیسەر دەبێ. بەیانی زوو چوومە نەخۆشخانەی شائۆمیان وەک دکتۆری نەشتەرگەری ئۆردیناتۆر لە ژێرچاودێری ئەکادیمی تۆپچی باسیف چوومە دەورەی پسپۆڕی و دەستبەکار بووم.

لەگەڵ هەژدە قوتابی دیکەی کۆمارەکان ناوم هاتەوە. لە سەرەتای مانگی پوشپەڕ لەگەڵ خاتوو رەعنای هاوسەرم کە دووگیانیش بوو، چووینە مۆسکۆ و لەوێ لەگەڵ

کۆمەڵێک دکتۆری گەنج دوای هەندێک ڕێکاری پێویست ڕەوانەی پاریس کراین. پاریسم نەدیبوو، ئەوانەی لەگەڵم بوون بێجگە لە کەسێکی تاجیکی بەناوی سابر و کەسیکی رووس بە ناوی نیکۆلایۆف کە هەر زوو بووینە ئاشنا، هیچ پەیوەندییەکی دیکەم بە ئەوانیدیکەوە نەبوو. ئێمە سێ کەس بووین لە بەشی ژنانی نەخۆشخانەکانی پاریس و لەژێر چاودێری کەسێکی دیکەی رووس کە زمانی فەرەنسی بە باشی دەزانی، خەریکی فێربوونی هونەری پزیشکی بووین بە شێوازی فەرەنسی و لەژێر چاودێری پرۆفیسۆرە لێزان و دکتۆرە بە ئەزموونەکان، شەو و رۆژ کارمان دەکرد. لە باڵەخانەیەکی دەوروبەری پاریس دوو ژووریان دابووینێ، قوتابیەکانی دیکەش لە ژوورەکانی دیکەی ئەو باڵەخانەیەدا بوون. بەیانییان بە پاسی تایبەت و ڕێنوێنی کار بەسەر بەشەکاندا دابەشیان دەکردین. بۆ ماوەی شەش مانگ لەو شارە جوانەو ناوەندی زانست و هونەر خەریکی خوێندنی زانستی پزیشکی و نەشتەرگەری نەخۆشیەکانی ژنان بووم.

خاتوو رەعنا لەو شارە مێژووییە کچێکی بوو، ناومان لێنا ژیکەڵە. قوتابیەکان بە بۆنەی لە دایک بوونی منداڵەکەمان کۆڕێکیان سازکرد و ئێمەیان خۆشحاڵ کرد.

لە کۆتایی مانگی سەرماوەز گەڕاینەوە سۆڤیەت. لەو هەژدە کەسە تەنیا یازدە کەس لەگەڵ من گەڕانەوە، حەوت کەسەکەی دیکە هەر لەوێ مانەوە و درێژەیان بە خوێندن دەدا. چ رۆژگارێکی خۆشی دەورانی خوێندنی پزیشکی و بەهاری ژیان بوو. لە مۆسکۆ زۆر پرسیاریان لێکردم و جۆری بیرکردنەوەی منیان هەڵدەسەنگاند. پێیان وابوو مێشکم ساغڵەمە و هیچ ئاڵۆزییەکیان لە مێشکمدا بەدی نەکرد. وەرگرتنی دبلۆمی پسپۆڕی نەشتەگەری و نەخۆشی ژنان لە پاریس جێگەی قبووڵ بوو. لەبەرئەوەی کە ئێمە دەورەکەمان تەواوکرد بوو بڕوانامەی تەواوکردنی دەورەی پسپۆڕییان نەداینێ، ئێمە زۆر نیگەران بووین کە خوانەخواستە نەکا خەتایەکمان لێ روودابێ کە شایانی وەرگرتنی دبلۆم نەبووین. بەڵام وەکو دەرکەوت شێوازی کاری ئەوان ئاوابوو، ئەو قوتابیانەی خۆیان کە لە دەرەوەی وڵات بڕوانامەی تەواوکردنی خوێندیان لەو وڵاتە نادەنێ تا دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان. کاتێک بڕوانامەی کۆتایی دەورەی پسپۆڕیم وەک نەشتەرگەری ژینکۆلۆژیست لە پاریس وەرگرت، زۆر خۆشحاڵ بووم. کاتێکیش گەڕامەوە باکۆ دبلۆمی کۆلێژی پزیشکیم وەرگرت، بە لۆگۆی تایبەتی نەشتەرگەری.

چوونەوەم بۆ نەخۆشخانە ئەویش بە چەند مانگێک دواکەوتن ببووە کێشەو دەنگۆی تێکەوت، تا لەرێگەی کۆمیتەی ناوەندی بەهۆی بیانوویەکی رەوا لە رێگای وەزارەتی تەندروستییەوە نەخۆشخانەی شائۆمیان ئاگادار کردەوە کە دواکەوتنی من پەیوەست بووە بە نەخۆشی هاوسەرەکەم و بابەتەکەش پەیوەست بووە بە بابەتێکی یاسایی و قبوولکراو، دەستمکردەوە بە کاری دکتۆری لە بەشی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی شائۆمیان و دەستبەکار بوومەوە. شەو و رۆژ لە نەخۆشخانە لەگەڵ دکتۆرە لێزان و زاناکان خەریکی فێربوونی هونەری نەشتەرگەری نەخۆشەکان بووم لە هەر گەل و نەتەوەیەک. بەرەبەرە ناوبانگم پەیدا دەکرد.
لە بەهاری ساڵی ١٩٦٢ بە رێبەری پرۆفیسۆر ئیبراهیم تۆپچی باشیف و داوای کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، وەک دکتۆرێکی عێراقی کە دەبێ دوای تەواوکردنی دەورەی پسپۆڕی بچم بۆ عێراق نەشتەرگەری رزیکسای گەدە (سێ لەسەر چواری نەخۆشێک لابردنی نەشتەرگەریەکی زۆر گەورە هەژمار دەکرا) ئەنجامم دا. ئەو نەشتەرگەریەی گەدە بۆ پیاوێکی ئازەری بوو بەناوی جەلیل حسێن ئۆف و بەو پەڕی لێهاتوویی ئەنجامم دا. ئەو نەشتەرگەریە سەرکەوتووە دوای شەش مانگ ئەزموونی کاری نەشتەرگەری ئەو نەشتەرگەرانە کە ماوەی دە ساڵ ئەزموونی کاریان هەبوو، مۆڵەتی نەشتەرگەرییەکی ئاوایان زۆر بە دەگمەن دەدانێ. هەتا بۆ برینداربوونی گەدە ئەگەر ترسناک بوایە دەبوو دکتۆری ئێشکگری شەوانە چاودێری کردبا.
بۆیە بۆ نەشتەرگەرێکی گەنج و کەم ئەزموونی وەک من ئەو کارە گەورەیە پڕ لە وەسوەسەو دڵەڕاوکێ و بەرپرسیارەتی بوو. تا لە کۆتاییدا پرۆفیسۆر ئیبراهیم تۆپچی باشیف لە کۆبوونەوەیەکی پێنج خولەکی بەرەبەیانی لەبەردەم هەموو نەشتەرگەر و ئوستادانی کۆلێژ ئەو تازە فێرکارە بەمزوانە دەچێتە عێراق و فەرمانیان بە من داوە ئامادەی بکەم و لە ماوەیەکی کەمدا هەموو رێکارەکانی فێرکاری و شێوازەکانی نەشتەرگەری کە لە نەخۆشخانەکانی یەکیەتی سۆڤیەت کاریان پێدەکرێ پێیبڵێم و لە نیشتیمانی خۆشیدا ببێتە نەشتەرگەرێکی نموونەو لێهاتوو.
ئامادەبوان دوای ئەوەی گوێیان لە قسەکانی پرۆفیسۆر بوو دەتگوت ئاویان بە ئاگردا کردووە و بووەتەهۆی ئەوەی رق و کینەی نەشتەرگەرە پیرەکان هەستێنێ. بەڵام سەرۆکی بەش دکتۆر سەید عەلیۆف دوای شازدە ساڵ کارکردن لە بەشی

نەشتەرگەری و کلکەسووتێی زۆر بۆ پرۆفیسۆر و بەرپرسی بەشەکان، تازە مۆڵەتی ئەوەی وەرگرتبوو جارجار کاری نەشتەرگەری لەسەر گەدە بکات. لەگەڵ ئەوەی تووشی دەیان هەڵەی ترسناک دەبوو بە هەزار زەحمەت و بەرتیل دان و ماستاوکردن رزگاری دەبوو. یانی هەڵگرتنی ئەو ریخۆڵە گەورەیەی نزیک ریخۆڵە کوێرە، کە بووە هۆی مردنی کابرایەکی ئەرمەنی گەنج، کە من ئاگام لەو تاوانەی ئەو نەخوێندەوارە خۆ بەزۆر زان و ماستاوکەرە بوو. قەلافەتێکی بێزراوی هەبوو.
کاتێک دەمدیت سەرو کەللەی محمەدخانی قاجارم دەهاتەوە بەرچاو، کە لە خوێنرێژیدا هیچی لەو کەمتر نەبوو. ئەو کابرایە کە خۆی بە سەید دەزانی، زۆری کەیف بە من نەدەهات. هەزار جۆر کێشەی بۆ دروست دەکردم. پەرستار و بەردەستی پەرستارەکانی بەشی نەشتەرگەری لەگەڵی هاودەست بوون. هەر نەخۆشێکی پەککەوتەو سەرەمەرگیان بۆ من دەنارد. ئەگەر قەرەوێڵەی بەتاڵیشم نەبوایە لەسەر دەفتەرچەی نەخۆش ناوی منیان دەنووسی، هەرچەندە ئەوە پێچەوانەی یاسای دابەشکردنی نەخۆشان بوو لە بەشەکەدا. بەڵام بەسەرمنیان دا دەسەپاند.
هەر لە کۆنەوە رێساکە ئاوابوو هەر نەخۆشێکی تازە کە دەهاتە نەخۆشخانە ئەگەر قەرەوێڵەی هەبوایە لەوێ دەخەوێنرا و دکتۆری بەرپرسی ئەو بەشە نەخۆشەکانی بەسەر دکتۆرەکاندا دابەش دەکرد. ئەگەر نەخۆشێک بە ناوی پرۆفیسۆر یان بەردەستەکەی هاتبا، هەمان دکتۆری پەیوەندار نەشتەرگەریەکەی لەگەڵ پرۆفیسۆر یان بەردەستەکەی نەشتەرگەریە کەیان ئەنجامیام دەدا.
هاورێ سەید عەلیۆف کە کابرایەکی باڵابەرزو رەقەڵە بوو، هەموو یاساو رێساکانی رەفتاری هاوکاری دەخستە ژێرپێ بۆ ئەوەی ناوبانگێک پەیدا بکات. هەر نەشتەرگەریەکی کردبا دوای وەهۆش هاتنەوەی نەخۆش بە تایبەتیش ئێواران کە نەخۆشخانە چۆڵ دەبوو، دەچووە پەنا نەخۆش و دادەنیشت و لەگەڵ کەسوکاری نەخۆشەکان باسی نەشتەرگەریە نایابەکەی خۆی دەکرد، یان ئەگەر یەکێک نەشتەرگەریەکی کردبایەو سەرکەوتوو نەبوایە لەگەڵ پەرستارە دەلالەکانی نەخۆشخانە بەرپرسیارەتییان هەبوو بەجۆرێک پیلانیان بۆ نەخۆشەکان دادەرشت تا بکەونە ناو تەڵەکانیان و نەخۆش ناچاربکەن پارەی زیاتری بدەنێ بۆ ئەوەی ئەگەر نەخۆشەکەش دەمرد ئەوان پارەی خۆیان هەر وەربگرن.

ئەو گوشارە روحیە زۆر کاریگەری لەسەر من دانابوو. بێدەنگ نەبووم و بە نهێنی و بە پارێزەوە پارتیزانانە کاری خۆم دەکرد، هێرش بردن و کشانەوە. سەید عەلیۆف کە دەیدیت ناتوانێ دەرۆستم بێت، دکتۆر رەشال کەلیمی دەغەڵی ـ لەگەڵ خۆی کردبووە هاودەستی خۆی تا بە دووزمانی و بوختان هەڵبەستن بتوانن لەبەرچاوی پرۆفیسۆرێکی وەک تۆپچی باشیف و مامۆستاکانی دیکە لەبەرچاویان رەشم بکەن. تا زەمانێک دکتۆر شەمخال قاسمۆف بەرپرسی نەخۆشخانە بوو ئەوان نەیاندەتوانی هیچ شتێک بکەن. دکتۆرەکانیش گوێیان بەو قسە هەڵلەق مەڵلەقانەی ئەوان نەدەدا و دەیانزانی ئەو دووکەسە ئاژاوەگێڕن و چاویان بە من هەڵنایە. دکتۆر قاسمۆف پیاوێکی باش و بەڕێز بوو، بەردەوام پێیدەگوتم وریای خۆتبە. ئەو باش دەیزانی کە ئەنوەر عەلیۆف کابرایەکی ناخ بۆگەنیو و خراپە.

جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانە بابا جەبارۆڤیچ بە چاوەکوێرە موشەکانی دیاربوو کەسێکی پیس و گەندەڵە. جارجار لە خۆڕا دەهاتە بەشی فریاگوزاری نەخۆشی ژنان و لەخۆڕا پشکنینی بۆ کچانی دە دوازدە ساڵە دەکرد و دڵسۆزی دەنواند، بەڵام هەڵسوکەوتی ناشایستەی وایدەکرد کە لە پێگەی ئەو نەدەهاتەوە، دەستی لە شوێنی هەستیاری کچەکان دەدا کە هیچ زەروور نەبوو، لەگەڵ نەخۆشیەکەشی نەدەگونجا. دەستی لەسەر سینەی ئەو کچە هەرزەکارانە دەدا کە ئەو پیرەمێردە شەست ساڵە چێژی لێوەردەگرت. بەڵام کارمەندانی نەخۆشخانە نەفرەتیان لەو هەڵسوکەوتەی ئەم کابرایە دەکرد.

تا دکتۆر قاسمۆف لەسەرکار بوو رێگای بەو بێ ئەدەبیانە نەدەدا و ئەو رووهەڵماڵاوانەی دەمکوت دەکرد. کاتێک دکتۆر قاسمۆف خانەنشین بوو، ژنێکی نارەسەن و بەدفەساڵ بەناوی عادلە حسێنۆڤا هاتە جێگای و بوو بە بەرپرسی ئەو نەخۆشخانە گەورەیە، ئیدی نەخۆشخانەی کردە جێگەی گەندەڵی و بەرتیل وەرگرتن. ئەو ژنە بۆگەن و نارەسەنە بەهۆی یەکێک لە خزمەکانی کە لە دەسگای (ئێم. گ. ب) بەرپرس بوو، ئەو پلەیان دابۆیە ئەو نەخۆشخانەیەی لەگەڵ هەندێک چڵکاوخۆر دەستیان بەسەریدا گرتبوو. بازاڕی سەید عەلیۆف و رەشال و مەمەدۆف هەر گەرم دەبوو. عادلە بە قسەی ئەوان هەڵدەسووڕاو کاروباری نەخۆشخانەی بە ئارەزووی خۆی هەڵدەسووڕاند. مەمەدۆف بەرپرسی بەشی وەرگرتنی نەخۆشان بوو. دەڵاڵی و واستەکاری هەر لە یەکەم هەنگاوی نەخۆشخانەوە دەستیپیدەکرد و گەندەڵی و

گەندەڵکاری و فرتوفێڵ لە نەخۆشان برەوی دەسەند. ئەو نەخۆشانەی پارەیان هەبوو یەکسەر حەواڵەی عەلیۆفی چڵێس دەکران. ئەوانەش کە نەدار و چارەڕەش بوون وەک لێشاو دەهاتن لەسەر قەرەوێڵە بەدبەختەکانی من رادەکشان، کە دەرمانی پێویستی لێنەبوو تا بەپێی پێویست پیان ڕابگەم. ئەوانەی سەردانی نەخۆشیان دەکرد ڕێگایان نەدەدان لەلای نەخۆشەکانیان بمێننەوە لە کاتێکدا هەر لە پەنای ئەوان ئەو نەخۆشانەی پارەیان هەبوو شەقاوە بوون باشترین دەرمان و ژیان و هاتوچۆیان بۆ دابینکرابوو، بێ مۆڵەت وەژوور دەکەوتن و لەلایەن عەلیۆفەوە هەموو شتێکیان بۆ دابین کرابوو.

پێڕاگەیشتن و چارەسەری نەخۆشی سەخت لە یەکیەتی سۆڤیەت جێگەی گرنگی پێدانە ئەگەر دکتۆر بەوێژدان بێت تا دوا ساتەکانی ژیانی نەخۆش هەوڵوکۆشش دەکەن و ئەوەی لە دەستیان بێت بۆی دەکەن. ئەویش بۆ گەنجێکی وەک منی نەشتەرگەر زۆر بە زیان بوو. بۆ نموونە ئەگەر نەخۆشێک دەمرد بۆ دکتۆری چارەسەری کارەسات بوو. دادگای پزیشکی بە ئامادەبوونی ئوستادان و دکتۆری پسپۆڕ، توێکاری بۆ دەکرا. ئەگەر خوانەخواستە دکتۆر لە کاتی چارەسەرکردندا نەخۆشە مردووەکەی خەتایەکی هەبوایە، یان ئەگەر لەکاتی نەشتەرگەریدا هەڵەیەکی کردبا، واوەیلا بوو. خۆ ئەگەر لایەنی بەرامبەر سکاڵایەکی هەبوایە لەوانەبوو دکتۆرەکە لە نەخۆشخانە دەربکەن یان بۆ جێگایەکی دیکەی بنێرن و جێگای دکتۆری دەرکراو بە پارەیەکی زۆر بفرۆشنەوە و کەسێکی دیکەی لە جێگا دابنێن. مەبەستی سەید عەلیۆف و هاوکارەکانی هەر ئەوە بوو کە لەوێم دەرپەڕێنن. جا حیسابی خۆتی بۆ بکە لە سیستەمی تەندروستی سۆڤیەت شەڕی هێز و یاسای جەنگەڵ حوکمڕانە.

هاوڕێ ئەنوەر سەید عەلیۆف لەبەرئەوەی کارامەو لە هەموو فێڵبازیەکاندا لەکڵ هاتبووەدەر، لەپێشدا کەسوکاری نەخۆشەکانی بە جگەرەکێشان و داودەرمان و دڵسۆزی نیشاندان و ئەشکی تیمساحی رازیدەکرد، نەخۆشی سەرەمەرگ ئەگەر دووچاری شێرپەنجە بوایە ئەگەر دوای نەشتەرگەری بە سەلامەتی دەرچووبا کارێکی باشبوو ئەو ئەنجامی داوە و خۆی پێوە رادەنا، بەڵام ئەگەر نەخۆشەکە مردبا ئەوە دەیگوت ئەوە کاری خودایەو هەر دەبوو مردبا. خۆ هیچ لەگەڵ چارەنووس ناکرێ دەبێ بە قەزاوقەدەر رازیبین. ئەو هاوڕێیە کابینەیەکی تایبەتی هەبوو بۆ هەڵخەڵەتاندنی نەخۆش و کەسوکاری و هەتا چای نایابیشی دەدانێ.

بەرپرسی پەرستاران مرەبای دێنا، ئەو خاتوونەی چای دێنا لەکاتی چاداناندا تاریفی بەرپرسەکەی دەکردو دەیگوت مردوان زیندوو دەکاتەوە.
بەڵێ کاتێک خاتوو عادلە هات و بوو بە بەرپرسی نەخۆشخانە بارودۆخی ئارامی و سروشتی نەخۆشخانەی هەزار قەرەوێڵەیی تێکچوو، ئەو هاوڕێ و شەقاوەکانی پێشوو کە پێکەوە سەروکاریان هەبوو هەمووی هێنانەپێش و پلەوپایەی دانێ. یەکێک لە کارە قێزەونەکانی ئەو خاتوونە بەناو دکتۆرە نارەسەنە ئەوە بوو لەناو کۆڕی دکتۆرەکاندا بانگی یەکێکی دەکرد کە قسەی لەگەڵ بکات، بۆ ئەوەی کەسایەتی ئەو دکتۆرە بشکێنێ، ئەو کلیلانەی لە ناو دەستیدا هەڵیدەسووڕاندن بە ئەنقەست فڕێیدەدان، ئەو کەسەش کە دکتۆرێکی دڵپاک و میهرەبان و بەڕێز بوو، بۆ ڕێزگرتن لە بەهای ئافرەت دادەهاتەوە و کلیلەکانی لە ژێر پێی ئەو خاتوونە عفریتە هەڵدەگرتەوە و دوودەستی بۆی رادەگرت. هەستی ئەو بەو کارە فێڵبازانەی وای لە بەرامبەرەکەی دەکرد بیر لە ئایندەی خۆی بکاتەوەو خاتوو عادلە وەک مارێکی کوڵەوەیباب پێوەی بدات و پیلانێکی بۆ نابێتەوە و لە نەخۆشخانە دەریبکات. ئەرێ بەڕاست دەکرێ دکتۆرێک بە چەندین ساڵ خزمەت ئاوا بە ئاسانی ترۆبکرێ و لە شوێنی کارەکەی دەری بکەن؟ ئەوە بە مانای مردنێکی حەتمی و دواکەوتنە لە کاروانی پێشکەوتن. بۆیە ئەژنۆی دلێرەکانی دەلەرزاند. شوێن پەیداکردن لە نەخۆشخانەکان کارێکی مەحاڵ بوو. سەرەڕای لە خۆبایی بوونی بەڕێوەبەری نەخۆشخانە کلینیکەکانی سۆڤیەت و بەتایبەتیش لە باکۆ شێوازێکی دیکەی هەبوو.
هەر پرۆفیسۆرێک بۆخۆی خودموختار و هەندێجار سەربەخۆیی خۆی هەبوو. سەرۆکی بەش ئەگەر ویستبای دەیتوانی نەخوێندەوارێک بگەیەنێتە پلەی پرۆفیسۆری و کەسێکی بێ بەهرەو تالانچی تەسلیمی کۆمەڵگا بکات. زۆربەی ئەو پرۆفیسۆرە خۆ بەزۆرزانانە ئاواتی سەرەکییان پارە وەسەریەکنان بوو. ئەوانەی لەبەردەستی ئەوان کاریان دەکرد ناچاریان دەکردن فەرمانە گەمژانەییەکانیان جێبەجێ بکەن. ئەگەر کارێکی نەشتەرگەری بەوان جێبەجێ نەکرابا دەیاندانە دکتۆرە بە ئەزموون و لێزانەکان. زۆربەی ئەو زاناو پرۆفیسۆرە ساختانە لە قەسابخانەی نەخۆشان شارەزا دەبوون و ئەگەر دوای نەشتەرگەرییەکی ئەوان نەخۆشێک بمرێ چ گەنج یان پیر ناوچەوانی تێکنانێ بەلای ئەو گرنگ نییە کەس ناچێتەلایان، بەڵکو پزیشکی چارەسەری بێچارە شەو و رۆژ وەک پەپوولە بە دەوری نەخۆشەکاندا هەڵدەسووڕێ

و تەمەنی خۆی فیدای کارە ناشایستەکانی بەڕێوەبەر دەکەن و لە دواییشدا بە خەتابار لە قەڵەم دەدرێن.
بۆ نموونە رۆژێک یەکێک لەو پرۆفیسۆرە ساختانە نەشتەرگەریەکی سادەی بۆ گەنجێک کردبوو، خۆی عادەت وایە دوای نەشتەرگەری لەسەر سکی نەشتەرگەری ریخۆڵەکوێرە بۆ ماوەی دوو سەعات کیسە سەهۆڵێکی لەسەر دابنێن و لەسەر دەفتەرچە (تەبەڵە)ی نەخۆشیش بنووسرێ. ئەو گەنجە دوای نەشتەرگەری حاڵی تێک دەچێ، بەگریمانەی زۆر شوێنی نەشتەرگەریەکە لەسەر ریخۆڵەکانی جێ بەخەکان کون دەبن و لە ئەنجامدا تووشی هەوکردنی ناوەکی دەبێ و دەمرێ.
دکتۆری بێچارە بە خەتابار دەزانن و تۆمەتی کوشتنی دەخەنەپاڵ کە دکتۆر سەهۆڵی لەسەر سکی نەخۆش دانەناوە. هەرچەندە سوێندی دەخوارد و دەیگوت بە خودا دامناوە بۆخۆم دامناوە. دەیانگوت نا ئەگەر داتنابایە لەسەر دەفتەرچەکەی نەخۆش دەتنووسی بۆیە درۆدەکەی. نەخۆشەکە بەهۆی هەڵەی تۆوە مردووە و زەحمەتی جەنابی پرۆفیسۆرت بەهەدەر داوە و بە ئەنقەست نەخۆشەکەت کوشتووە! جا وەرە ئەو کەرەی لەو قوڕەی دەرێنە! ئای لەو بێدادیانە! کاری دکتۆری نەشتەرگەر بووبە هۆکاری دەرکردنی بۆ ماوەی سێ مانگ لە نەخۆشخانەو دوایش هەرگیز نەیتوانی بچێتەوە شوێنی خۆی، لەبەرئەوەی جێگاکەیان فرۆشتبوو. لەناو دکتۆرەکاندا ببووە دەنگۆ کە پرۆفیسۆری ساختە پارەیەکی زۆری وەرگرتبوو نەیدەویست بیداتەوە، هیچ چارەیەک نەبوو بێجگە لە قوربانی کردنی یەکێک لە دکتۆرە بە وێژدان و فیداکارەکان. هەندێجار تاوانی مردنی نەخۆشیان دەخستە ئەستۆی ئابستیزۆلۆگی دکتۆری بێهۆشی. ئەو شەڕ و هەرایە بۆ ژیانی هەندێکان لە زۆربەی نەخۆشخانەکانی سۆڤیەت لە ئارادابوو. بەهێز لاوازی قوتدەداو دەیپڵیشاندەوە. لەسەر جەستەی قوربانیان توێکاری و کاری زانستییان دەکردن.
بارودۆخی ژیانم دوای هاتنی خاتوو رەعناو منداڵەکان لە ماڵی تازەمدا رۆژ بە رۆژ بەرەوباشتری دەچوو، خانووە کۆنەکەم دایە خاتوو یۆلیاو دواتر توانی بیخاتە سەرخۆی. یۆلیا جارجار دەهاتە ماڵێ و لەگەڵ خاتوو رەعنا نێوانیان خۆشبوو. هەتا دوای ماوەیەک مێردی کرد، پەیمانگای پەرستاری تەواوکرد و لە نەخۆشخانەی بایل کە یەکێکە لە نەخۆشخانەکانی شاری باکۆ دەستبەکار بوو.

ڕاپەڕاندنی ئەرکێک

لە کۆتایی بەهاری ١٩٦١ کە تازە کۆلێژی پزیشکیم تەواوکردبوو، خۆم بۆ سەفەری مۆسکۆ ئامادە دەکرد، شەوێ سەعات دە لە زەنگی دەرگایاندا. دەرگام کردەوە تەماشامکرد گەنجێکی چاویلکە لە چاو لەبەردەرگا راوەستاوە. سڵاوم کردو پرسیم جەنابت کێی و کارت بە کێیە؟ گوتی خاتوو رەعنا دەمناسێ. گوتم رەعنا وەرە بزانە ئەو برادەرە کێیە داوای تۆ دەکات و من نایناسم دەڵێ ئەو دەمناسێ.

کاتێک خاتوو رەعنا هات گوتی سڵاو ئەوە کاک عەبدولڕەحمان قاسملوویە، کاتێک لە بەغدا بووم لەگەڵ کاک ئەحمەد توفیق لەوێ یەکتریمان ناسی. بۆیە فەرموومان کرد بۆ ژووریێ و بۆ شەوێ نانێکی شایانەمان خوارد. لە کاک عەبدولڕەحمانی قاسملووم پرسی ببوورە تۆ لێرە غەوارەی کێ تۆی هێنا بۆ ئێرە؟ چۆن ماڵی ئێمەت دیتەوە؟ ئەویش پێکەنی و گوتی بە پرسیاران. ئینجا گوتی دکتۆر با واز لەوقسانەبێنین، من شارەزام، هاتووم رای تۆ بزانم کە ئایا دێیەوە بۆ کوردستانی عێراق؟ ئێستا لە عێراق جوڵانەوەیەکی ئازادیخوازانەی کوردەکان دەستپێکردووە و ئاڵوگۆڕەکان خێراو چاوەڕواننەکراوەن. نێوانی مەلا مستەفای بارزانی و عەبدولکەریم قاسم بەرەو ئاڵۆزی دەچن. ئێستاش کە ئەتۆ بە کادیرێکی حزبی هەژماردەکرێی و نیشتیمانپەروەرێکی راستەقینەی، زۆر پێویست دەکات لەوکاتە قەیرانەدا بگەڕێیتەوە بۆ کوردستان! منیش گوتم کاک عەبدولڕەحمان یەکەم تازە کۆلێژم تەواوکردووە و منداڵەکانم هەر سەرەتایانەو دام نەمەزراندوون، دووەم ناکرێ بەجێیانبێڵم و بە چارەنووسێکی نادیاریان بسپێرم و خۆم لەو دەریایەی باوێم کە ئاڵۆز و ترسناکەو ئەنجامەکەی دیارنییە، چی بەسەردێ. ئەوە شەڕی هێزە هەزاران هەزار کەسی پاک و شۆڕشگێڕ تێیدا دەکوژرێن. دوای گفتوگۆیەکی زۆر سەعات یەکی نیوەشەو، کاتێک کاک عەبدولڕەحمانی قاسملوو دیتی هیچی لەمنی شۆڕشگێڕ و خوازیاری گێڕانەوە دەستناکەوێ. گوتی زۆرباشە خۆشحاڵم بە ناسینی جەنابت و لە نزیکەوە بەدیدارت شاد بووم، کەواتە مۆڵەتم بدە مەرەخەس دەبم. گوتم بۆکوێ دەچی، ئێستا شەو

درەنگە هیچ جێگایەکت دەستاکەوێ لێی بنووی، لێرە بخەوە. گوتی نا، چاوەڕوانم دەکەن. جێگا هەیە، نیگەران مەبە. کاک عەبدولڕەحمان قاسملوو کاتێک دەیویست بڕوات گوتی تکایە بەڕێم مەکە. لەخوارێ ئۆتۆمبێل هەیە بۆ خۆم دەڕۆم. خواحافیزیم لێکرد. کاتێک لە پلیکانەکان دەچووە خوارێ و دوای چەند ساتێک دەنگی گڕەی ئۆتۆمبێلێک هات و بۆ شوێنێکی نادیار ڕۆیشت. نەمدەزانی لەکوێوە هات و بۆکوێ ڕۆیشت.

هێندە بەسەر هاتنی خاتوو رەعنادا تێنەپەڕیبوو، منداڵەکان لە حەساری باڵەخانەکە یارییان دەکرد، ئێوارە بوو، گوێم لە دەنگی گریانی بەهمەن بوو، خێرا دەهاتەوە ماڵێ، من کە تازە لە نەخۆشخانە دەگەڕامەوە خەریکی کاروباری خۆم بووم، گریانەکەی بەهمەن هەراسانی کردبووم و لە هۆکاری گریانەکەیم پرسی. گوتی لەگەڵ منداڵەکان یاریم دەکرد کابرایەکی نەناس زللەیەکی توندی لەبناگوێی دام. گوتم رەعنا تۆ دراوسێکان لە من باشتر دەناسی، بڕۆ بزانە کێ لێیداوە. ئەویش خێرا چووەخوارێ و لە منداڵەکانی پرسی کێ لێیداوە. گوتیان ئاشووتی دراوسێ، باوکی دکتۆر ئۆلگا. بەهمەن جنێوی دەدان و ئەویش هات زللەیەکی لێدا. خاتوو رەعنا هاتەوە و باسەکەی بۆ گێڕامەوە. منیش جلکم لەبەرکردنەوە و بە توڕەیی چوومە ماڵی ئەو کابرا ئەرمەنییە.

لە دەرگامداو دەرگا کرایەوە، دیتم دکتۆر ئاشووتی هاوسێی قسەخۆش و دنیادیدە بە زەردەخەنەوە پێشوازی لێکردم و گوتی دکتۆر گیان فەرموو بۆ ژوورێ. تا ویستم قسەیەک بکەم و توڕەیی خۆم دەرببڕم و گلەییەک بکەم، گوتی وەرە دانیشە و لەسەرخۆبە تا بابەتەکەت بۆ باسبکەم. چوومە ژوورێ لە توڕەییان دەلەرزیم، بەڵام دکتۆری بە تەمەن و دنیایەک ئەزموونی ژیان بەرێزەوە گوتی ئازیزم تۆ غەوارەی و ئاگاداری بارودۆخی ئێرەنیت. منداڵەکانی تۆ کاریان بەسەر منەوە نییەو نەبووە، بێڕێزییان بە من نەکردووە، کاتێک دەگەڕامەوە دیتم کوڕەکەت جنێوی پیسی دەدان. دەمزانی تۆ و بنەماڵەکەت ئێرانین و تازە هاتوون منداڵەکانت هەر بەوزوانە فێرە جنێو بوون ئەوە ترسناکە، بۆیە هەر لەخۆڕا بۆ تەمبێ کردنی منداڵەکە زللەیەکم لێدا، ئێستاش چیدەڵێی ئامادەم. ئەگەر حەزدەکەی وەرە زللەیەکم لێبدەوە. بەڵام ئەگەر بەقسەی دکتۆری پیردەکەی هەرچی زووە منداڵەکانت بنێرە بەرخوێندن با فێرە پەروەردە بن، نەک لێرە فێرە جنێوبن و سبەی فێری کاری دیکەش دەبن. سوپاسی

دکتۆر ئاشووتم کرد، دەمویست بچمەوە ماڵێ و لەبیری ڕێگاچارەیەکدابم، بەڵام دکتۆر گوتی دانیشە بزانە چیتپێدەڵێم.
دکتۆر ئاشووت دەستی بە قسان کرد و گوتی، من دکتۆرێکی گەنج بووم کە شەڕی کوردەکانی تورکیا لەگەڵ مستەفا کەمالی مەلعوون دەستیپێکرد و خەڵکێکی زۆر لە ژن و منداڵ و پیری کورد بەهۆی بۆردومان و تۆپبارانی زۆرەوە بەرەو ئەرمەنستانی سۆڤیەت هەڵاتن، کە تازە دادەمەزرا. ئەو خەڵکە بێچارە بۆ وەڵاتی لینین پەنایان هێنابوو. کەچی لەبەرخاتری مستەفا کەمال هیچ رەحمێکیان بەو ئاوارانە نەکردو لەسەر سنوورەوە بە شەمەندەفەری بارهەڵگر رەوانەی سیبریا کران.
باوەڕبکە لەو پازدە هەزار کەسە بەشێکی زۆر کەمیان گەیشتنە شوێنی مەبەست، ئەوانەی دیکەش دوای دوو مانگ لەژێر کاریگەری و سەرماو نەخۆشی لەبەین چوون. ئەوەبوو دەستپێکی وەڵاتی سۆسیالیستی کە بنچینەی حکومەتەکەی لەسەر ئێسقانی بێنەوایان و فریوخواردوان و بانگەشەی پووچ بنیات نرا! ئاشووت گوتی بۆیە ئەو قسانەت پێدەڵێم چونکە دەزانم لە شوێنی دیکە ئەوانە ناڵێم خۆ ئەگەر ئەو قسانەش بڵێم باکێکم نییە، من تەمەنی خۆم کردووە ئەوەندەی ماویشەتەوە هەرچی دەبێ بابێ.
ئەو قسانەی دکتۆر ئاشووت وەئاگای هێنامەوە. سوپاسی ئەو زڵلەو روونکردنەوەی ئەو رووداوە دڵتەزێنەم کردو لە ماڵەکەی وەدەرکەوتم.
کاتێک چوومەوە ماڵێ خاتوو رەعنا هەروا شڵەژابوو. گوتم کاری چاکی کردووە، هەرباسی مەکە. باسەکەم بۆ گێڕایەوە و لەگەڵ هاوسەرم پرس و ڕاوێژمان کرد کە منداڵە ئێرانی زۆریان بۆ پانسۆنی[٧٣] شاری ئیڤانۆف دەنێرن کە لە نزیک مۆسکۆیە و لەوێ پەروەردە دەکرێن و فێری زمانیان دەکەن. بۆیە ناردنی منداڵەکانی ئێمە پێویستی بە مۆڵەتی فیرقەی دیموکرات بوو، بە تایبەتیش غولام یەحیا کە زۆرم کەیف پێ نەهات. بۆیە بەناچاری رووم لە کاک رەحیمی قازی ناو لە رێگای ئەو ئەویش بە زەحمەتێکی زۆر و سەردانی زۆر لە بەرپرسان تا مۆڵەتمان بدەنێ. لە پێشدا گوتیان یەکێک لە منداڵەکان دەنێرین و ساڵی ئایندەش ئەوەی دیکە دەنێرین. دوای تکایەکی زۆر و واستەو دیاری بەخشین تا توانیم هەردووک منداڵەکان لەگەڵ منداڵانی ئێرانی کە چووبوونە قوتابخانەی سەرەتایی شاری ئیڤانۆف بنێرم. جلکوبەرگی پێویست و جوانم بۆ کڕین و لەگەڵ تێکڕای منداڵەکان سواری شەمەندەفەرمان کردن. لەکاتی

---

[٧٣] پانسۆن: شوێنی حەوانەوە بۆ ماوەیەک.

ڕۆیشتندا منداڵەکان دەگریان. خاتوو ڕەعناش زۆر پەرێشان بوو دەستیکرد بە گریان. بەڵام چارە نەبوو بۆ پەروەردەکردنێکی باش دەبوایە خۆڕاگربین.
کاتێک هاوینێ منداڵەکان لە ئیڤانۆف گەڕانەوە دیتم زمانی کوردییان لەبیرچۆتەوە و زۆرباشیش فێری زمانی رووسی نەبوون، جلکو بەرگەکانیشیان لە شەمەندەفەر دزرابوون و قوتابخانە جلکو بەرگی بۆ دابین کردبوون. منداڵەکان تا ماوەیەکی زۆر لە ماڵێ وەک گێژان بوون و بە باشی نەیاندەتوانی قسەبکەن، ئیدی بەرەبەرە هاتنەوە سەر حاڵەتی ئاسایی و ساڵ بە ساڵ باشتر لە دەربڕینی وشەی رووسی و تورکی و کوردی و فارسیدا، شارەزاتر دەبوون.
لە مانگی گوڵانی ساڵی ١٩٦٣ کاتێک ئێوارەکەی لە ماڵێ بووم، لە زەنگی دەرگایاندا، کاتێک دەرگام کردەوە کابرایەکی کەتەی زلەی سمێڵ بابڕی قژ ماشوبرنجیم دیت کە شەرواڵێکی سوورمەیی لە بەردابوو ددانێکی پێشەوەشی زێڕ بوو. بە بزەیەکی دەستکرد سڵاوم کرد و بە زمانی رووسی ئەحواڵی پرسیم. کارتی ئاسایشی یەکیەتی سۆڤیەتی پێنیشاندام و گوتی دەمەوێ کەمێک پێکەوە قسەبکەین. گوتم فەرموو بۆ ژوورێ. گوتی نا ماڵێ ژن و منداڵی لێن دەمەوێ بەتەنیایی قسەت لەگەڵ بکەم. حەزدەکەم لە شیرینیخانەیەکی نزیک ماڵی خۆتان بۆ چەند ساتێک دەربارەی کارێکی گرنگ پێکەوە قسەبکەین. منیش بە ناچاری گوتم باشە. بە خاتوو ڕەعنام گوت لەگەڵ ئەو برادەرە پیاسەیەک دەکەین. هاوسەرم نیگەران بوو، گوتم جێگەی نیگەرانی نییە، ئەگەر خوانەکردە کێشەیەکیش هەبوایە شەوێ دەهاتن دەیانبردم، بۆیە نیگەران مەبە. لەگەڵ کاکی تازە هاتوو بە پلیکانەکاندا هاتینەخوارێ و بەورە و لای شیرینیخانەو رستۆرانی پارکەکەی نزیک ماڵێ ڕۆیشتین. لە گۆشەیەک سێ کورسییان دانابوون و کەسێکی دیکەش لەوێ لەسەر کورسی دانیشتبوو، چاوەڕێی ئێمەی دەکرد. سڵاومان کردو تۆقەمان کرد، لەسەر کورسییەکان دانیشتین. دوای چاکوچۆنی و هەواڵپرسین، ئەو کابرایەی هاتبووە ماڵێ گوتی من گریشینم و ئەوەش هاوڕێ ئیڤانۆفە ئێمە لە مۆسکۆوە هاتووین. ئینجا گوتی حەتمەن ئاگاداری لە عێراق لە نێوان کورد و دەوڵەتی ناوەندی شەڕێکی سەخت هەڵگیرساوە، ئێمە دەمانەوێ ژمارەیەک لە پزیشکەکانی بێسنوور بنێرینە باکووری کوردستانی عێراق بۆ چارەسەر کردنی نەخۆش و بریندارەکان. بۆ ئەو مەبەستە پزیشک و نەشتەرگەری کارامەی غەیرە کورد زۆرن، بەڵام ژەنەڕاڵ مستەفای بارزانی بۆخۆی داوای کردووە لەگەڵ ئەوانەی دەچن

تۆشیان لەگەڵدابیت و بۆ عێراق رەوانە بکرێن. مووچەکەشت پارێزراوە و هەر دەدرێت. لەسەر دووریانێک مابوومەوە، بیرم دەکردەوە و لەبەرخۆمەوە دەمگوت ئەگەر بڵێم ناچم لەوانەیە بە جۆرێکی دیکە لەو بابەتەیە بڕوانن و کارەکەم لێ ئاڵۆزبێت و ببێتە هۆی بەدبەختی ژن منداڵەکانم. ئەگەر رەزامەندیش دەرببڕم ئەدی چارەنووسی منداڵەکانم چی دەبێت؟ لەوانەشە هەر نەگەڕێمەوە، ئەوە شەڕە. ئەگەر شتێکم بەسەربێت ژن و منداڵەکانم لە غەریبایەتی چییان بەسەردێت.
ئەوان چاوەڕوانی وەڵامی من نەبوون. هاوڕێ ئیڤانۆف بە چاوەشینەکانی چاوی لەسەر چاوم هەڵنەدەگرت. دەستپێشخەری کردو گوتی لەگەڵ هاوسەرەکەت پرس و ڕاوێژێک بکەن، هیوادارم ئەویش رازی بێت. ئەو قسەیە وەسەرخۆی هێنامەوە کە نەکا هەڵەیەک بکەم. پیمگوتن باوەڕناکەم خێزانم ناڕازی بێت، لەپێناو ئازادی نیشتیمانەکەمدا ئامادەم گیانی خۆیشم فیدا بکەم. بەو قسەیەم خۆشحاڵ بوون، گوتم با پرس و ڕاوێژێک لەگەڵ هاوسەرەکەم بکەم لەبەرئەوەی رەزامەندی ئەو زۆر پێویستە. لەوێ ماڵئاوییم لەو دوو کەسە کردو بە نیگەرانییەوە چوومەوە ماڵێ.
تەماشامکرد خاتوو رەعنا لەگەڵ خاتوو فاتمەی جیرانمان پێکەوە لەبەردەرگا دانیشتبوون، خاتوو فاتمە ژنێکی وریاو میهرەبان و دڵسۆز بوو، چاوەڕوانی گەڕانەوەی منیان دەکرد. باسەکەی بۆ خاتوو فاتمە گێڕابۆوە و پێکەوە هەر چپەچپیان بوو. کاتێک لە پێشیان قوتبوومەوە و سڵاوم کرد، خاتوو رەعنا لە خۆشیان کوڵمەی سوورهەڵگەڕان و چاوی پڕبوون لە فرمێسکی شادی. بە ئاماژە لە خاتوو فاتمەی گەیاند کاری پێمە، خواحافیزی لێ کردو پێکەوە چووینەوە ماڵێ. خێزانم لە قەڵافەتم رامابوو، بە نیگای کونجکۆڵی بیرکردنەوەم بخوێنێتەوە و بزانێ چی روویداوە و چییان پێگوتووم و چیم بەسەر هاتووە. بەکورتی بە دڵەخورپەوە چووینە ژووری و هەموو باسەکەم بۆ گێڕایەوە. خاتوو رەعنا لەگژفکران راچوو، ئینجا دەستیکرد بە گریان، منیش چاوم پڕبوون لە فرمێسک. منداڵەکان لە ماڵ نەبوون تا ئاگایان لەو دیمەنە خەمناکە بێت.
خاتوو فاتمە بە رەعنای گوتبوو ئەوانە بنیادەمی باش نین، چووبنە هەرماڵێک بەدبەختییان لەگەڵ خۆیان هێناوە. لەگەڵ خێزانم تا بەیانی و کاتی دیدار لەگەڵ ئەوان هەر لە دڵەڕاوکێدا بووین. بڕیارماندا رازیبم، هیچ چارەیەکی دیکەم نەبوو. ئێواری سەعات شەش چوومەوە هەمان شوێنی گۆرین، تەماشامکرد لەوێن و چاوەڕوانیم

دەکەن. چووینەوە شیرینیخانەکە هاورێ ئیڤانۆف هەستا و بە بیانوویەک رۆیشت. بە هاورێ گریشینم گوت لە ریگای نیشتیمان و ئازادی گەلی ستەمدیدەی کورد دا ئامادەی هەر جۆرە فیداکارییەکم. گریشین لە وەلامدا گوتی بەیانی بە نەخۆشخانە دەڵێین مۆڵەتی دوو مانگت بدەنێ. بە ملکەچی رەزامەندیم نیشاندا. بەیانی کە چووم بۆ نەخۆشخانە و سەرگەرمی کاری خۆم بووم، بەرێوەبەر بە دوایدا ناردم و گوتی لە وەزارەتی تەندروستی تەلەفۆنیان بۆ کردووم مۆڵەتی دوومانگ پشوویان داوە بە تۆ، لیستەکە ئامادەیە برۆ لە ژمێریاری واژۆی بکەو پارەکەشت وەربگرە. ئینجا پرسی بۆکوێ دەچی؟ منیش بە ناچاری و وەک پێشتر پێیان گوتبووم گوتم بۆ دەورەیەکی دوو مانگی دەچم بۆ مۆسکۆ. تێگەیشت کارێکی گرنگ لە گۆرێیە و دەبێ ئەنجامی بدەم.

بۆ بەیانی گریشن هات و پێیگوتم بەیانی سەعات هەشت لە پەنا یانەی وەرزشی شەقامی خاقانی و تەنیشت ئیدارەی فیرقەی دیموکرات ئامادەبە، باقی کارەکانی دیکەت پێدەڵێن. بەیانی سەعات هەشت لەبەردەم یانەی وەرزشی پیاسەم دەکرد، لە ژوورەوە بانگیان کردم. دەرگا کرایەوە و چوومە ژوورێ، کابرایەکی وەرزشکار و مامۆستای پەرەشووت تۆقەی لەگەڵ کردم، کاک گریشن لە هۆڵی وەرزش پیاسەی دەکرد. مامۆستای وەرزش گوتی دەبێ فێری فرین بە پەرەشووت بی و هەفتەیەک لێرە راهێنانت پێدەکەین. فێرکاریەکەش یەکێکی دیکە فێرت دەکات. هەموو رۆژێ بەیانییان تا سەعات دووی دوانیوەرۆ لە هەمان یانەی وەرزشی بە پەرەشووتی بەستراو لە بنمیچی هۆڵەکە راهێنانم دەکرد. چۆنیەتی هاتنەخوارەوە و گرتنی پەرەشووتیان لەکاتی هاتنەخوارەوە فێردەکردم.

دوای شەش رۆژ گوتی باشە، من راپۆرتی خۆم دەنووسم، بەیانی سەعات هەشت لێرەبە تا بزانین باقی کارەکانی دیکە چۆن دەبن. ئەو شەوە تا بەیانی لەگەڵ خاتوو رەعنا نەخەوتین. وەسیەتم دەکرد و بۆ ئایندەی تاریک و چارەنووسی خێزانەکەم زۆر نیگەران بووم. بەیانی چوومەوە هەمان شوێن. دوای چەند ساتێک هاورێ گریشن پەیدابوو گوتی ئێوارێ بەرەو شاری گەنجە دەرۆین، برۆرەوە ماڵێ کەلوپەلی پێویست بۆ ماوەی هەفتەیەک لەگەڵ خۆت بێنە و کەمێک پشووبدە، سەعات شەش لە وێستگەی شەمەندەفەر چاوەڕوانم بە. سەعات شەش لە شوێنی دیاریکراو لە

ویستگە راوەستا بووم، کە لە دواوەڕا دەستێکیان لە پشتیدام گوتی وەرە، کە ئاوڕم دایەوە گریشن بوو. سواری شەمەندەفەری باکۆ بۆ تفلیس بووین.
کاتێک لە ماڵ وەدەردەکەوتم ماڵئاواییم لە خاتوو رەعنا کردو بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە لێک جیابووینەوە. بە هیوا نەبووم جارێکی دیکە بیبینمەوە، بەڵام وەسەرخۆم نەهێنا، تا هاوسەرەکەم لەوەزیاتر نیگەران نەبێ. منداڵەکان ئاگایان لە هیچ نەبوو.
شەوێ کاتێک بە سواری شەمەندەفەر دەڕۆیشتین، لە نزیک شاری دێرینەی گەنجە لە شەمەندەفەر دابەزین. بەسواری ئۆتۆمبێل بۆ شوێنێکی دوور لە چاوان رۆیشتین. ژوورێکی بچووکیان دامێ کە هەموو کەلوپەلی سەربازێکی تێدابوو، وەک قەرەوێڵە و مێز و کورسی و هەندێ شتی دیکەش. کەمێک پشوومدا، خاتوونێک چای بۆ هێنام و نانێکی سووکم خوارد. بەیانی بە سواری جێبێک چووینە فڕۆکەخانە، ئەفسەری فڕۆکەخانە بە سڵاوی سەربازی پێشوازی کردو بەخۆشحاڵییەوە گوتی ئەو فڕۆکە شەڕکەرەی کە لە گۆڕەپانی فڕۆکەخانەیە لە خزمەت بارزانیدایە. تۆ لەگەڵ باقی پزیشکەکان کە دوایی دێن و دوای فێرکاری چەند رۆژێک، دەچن بۆ بەغدا. جەنابی ژەنەراڵ بارزانی چاوەڕێی تۆ و پزیشکەکانە. گوتیشی شەڕەکە هەروا توندتر دەبێ. لە گوندو چیاکانی کوردستانی عێراق رۆژ بە رۆژ بریندار زیاتر دەبن. منیش ئامادەیی خۆم بۆ هاوکاری نەخۆش و بریندارەکانی ئەو جەنگە داسەپاوە دەربڕی.
دوای هەندێک رێنوێنی سەرەتایی و ئاشنا بوون و چۆنیەتی سواربوونی فڕۆکەو دانیشتن لەسەر کورسی و بەستنی پەڕەشووت و باقی رێنوێنیەکان، چوار سەعاتی تەواو خەریکی ئەو تاقیکاریە سەربازیە بووم. بەیانی سەعات نۆ بردیانم بۆ فڕۆکەخانەو شوێنی تایبەتی فڕۆکەی پەڕەشووت وانان، کە ژمارەیەک خەڵکی نەناسیشم لەگەڵ بوون و سواربووین. پێشتر راهێنانی تەواویان پێکردبووم کە چۆن بەبێ ترس لە فڕۆکە بە پەڕەشووت خۆت فڕێدەدەی. پێیانگوتبووم کە خۆت فڕێدا پەڕەشووتەکە بۆ خۆی دەکرێتەوە و هێواش بۆ سەرزەوی دێنێتەخوار.
رۆژی یەکەمی فڕینمان لەگەڵ تێکڕای چەتربازان بە کەمێک دڵەڕاوکێ، بەڵام بە سەرکەوتوویی ئەنجامدان دا. رۆژی دواتر راهێنانی سەرزەوی بوو لە شوێنێکی تایبەتی دەوروبەری فڕۆکەخانە لەگەڵ شەش کەسی دیکە کە ئەوانیشم نەدەناسین. رۆژێکی دیکە دیسان سەعات چواری دوای نیوەڕۆ ئەنجامدرا ئەوجارەیان زۆر

ئازایانەتر هاتنەخوارەوەم ئەنجامدا. دوای هاتنەخوار و کۆکردنەوەی پەڕەشووت فەرماندەی دەستە ئافەرینی لێکردم و گوتی تەنیا یەک جاری دیکەتان ماوە ئەویش رۆژی پێنجشەممە دەکرێ، دواتر لەوانەیە بتاننێرن بۆ عێراق. ئەو شەوە زۆر نیگەران بووم و خەونی ناخۆشم دیتن. بە دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە بەیانیەکەی بردیانمە فڕۆکەخانە. ئیدی گریشنم نەدیتەوە. ئەفسەرێکی دیکەی رووس رێبەری دەکردین. ئێوارێ هەمیسان هەشت کەس سواری فڕۆکە بووین لە ئەندازەی خۆی زیاتر بەرزببووەوە، دەرگا کرایەوە پەڕەشووتوانەکان یەک لەدوای یەک خۆیان فڕێدا، نۆرەی من هات، بەگومانبووم کە پاڵیان پێوەنام لە هەوا هەڵبڕام و دوای کەمێک پەڕەشووتەکەم کرایەوە. لەوحاڵەدا هەندێک ئەهوەن بوومەوە. بە باشی خوارەوەم دەدیت، پەڕەشووتەکەم باش کرابۆوە، هێدی هێدی دەهاتمەخوار. لە یەک لەحزەدا سەرم لە گێژەوە هات و بێهۆش بووم. کاتێک چاوم هەڵێنا دیتم بە دەستەبەرە دەمبەنە لای ئەو ئامبولانسەی لە ناوەڕاستی فڕۆکەخانە بوو. چاوم هەڵێنا دیتم ئەفسەری راهێنەر و دوو کەسی دیکەی نەناس بە نیگەرانی و رەنگ پەڕیوی لێم راماون. سەرم زۆر دێشا داوای ئاوم کرد، ئاوەکەم خواردەوە هێڵنجم هاتێ، دەمویست هەستم بەڵام هەستمکرد چاوم رەشکەوپێشکان دەکەن. سەرم زۆر دێشا. دەمویست بخەوم، بە زەحمەت دەمتوانی پێڵوان هەڵێنم. بە ئامبولانس بردیانمە نەخۆشخانەی سەربازی.

ئەو ژوورەی منیان تێدا خەواندبوو پڕ بوو لە فڕۆکەوانی دەست و قاچ و سەر شکاو. زۆر قسەیان دەکرد، ئەوانەی خەریکبوو چاکدەبوونەوە گۆرانییان دەگوت و گوێیان لە رادیۆ رادەگرت. ئەو دەنگە دەنگە ئازاری دەدام. سەرم ئازاری زۆری پێگەیشتبوو، پێویستم بە پشوودان و شوێنێکی ئارام بوو، ئەوەشم نەبوو.

بۆ بەیانی دکتۆرێکی نەشتەرگەر لە تفلیسەوە هات بۆ نەشتەرگەری پۆنسکیا[٧٤] لە نێوان بڕبڕەی پشتم هەندێک شلەمەنی دەرهێنا، کاتێک چاوم بە رەنگەکەی کەوت هەمووی خوێن بوو. حسابی کاری خۆم کرد بە پارێزەوە بۆ گرتنی تیشکی ئێکسی کەللەسەر بردیانمە ژووری رادیۆگرافی[٧٥] و وێنەیان گرت، لە وێنەکەدا دەرکەوت کەللەی سەرم درزێکی گەورەی تێکەوتووە. نەشتەرگەری گورجی بە ئاماژە و

---

[٧٤] ponkcya

[٧٥] رادیۆگرافی: وێنەگرتن بە تیشکی ئێکس.

دەنگێکی کز بەو کەسەی گوت کە تازە هاتبووە ژووری و نەمدەزانی کێیە تێیگەیاند کاری ئەو تەواوە (واتا من) یانی دەمرێ.

ئیدی دەستم لەو دنیا پڕ لە رەنج و بەدبەختییە شووشت. فرویسکم بۆ خاتوو رەعناو منداڵەکان هەڵوەراند. کچە پەرستارێکی ئەرمەنی کورتەباڵا، پەرستارم بوو دەرزی لێدەدام. جوان کاسۆم وێرمی لێدەدام. داوام لێکرد کاغەز و قەڵەمێکم بۆ بێنێ. بەدزی نامەیەکم بە زمانی کوردی بۆ خاتوو رەعنا نووسی کە رۆژگاری من گەیشتۆتە کۆتایی، زۆر چاوەڕوانی من مەبە، ئاگات لە منداڵەکان بێت، مووچەی مانگانەشم کە سەدو دە رۆبڵە دەتدەنێ. ئەو پارەیە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ئەوان زۆر کەمبوو. لە نامەکەدا ئاماژەم بەوەش کردبوو، با منداڵەکان درێژە بە خوێندن بدەن و هەر رشتەیەکیان پێخۆشە با لەوێ بخوێنن. بە کەسیش مەڵێ چیم بەسەر هاتووە. من لە رووداوێکی فڕۆکەوانیدا زۆر بە دژواری بریندار بووم. بە زەحمەت ئەو وشانەت بۆ دەنووسم. جێگاکەم نادیارە لەوانەیە سبەینێ نەمێنم. بۆم مەگری. خوداحافیز بەخواتان دەسپێرم.

دوایی تکام لەو کچە میهرەبانە کرد لەسەر پاکەتی نامەکە بە ناونیشانی خاتوو فاتمە ئەو نامەیە بنێرێ. نەوەکماڵی ئێمە لەژێر چاودێری دابێت و نامەکە بە دەستی خاتوو رەعنا نەگات. لەبەر ئەوەی بە منیان گوتبوو بە کەس نەڵێم بۆکوێ دەچم و بۆچی دەچم. دوای تکایەکی زۆر کچە ئەرمەنی قبووڵی کرد. ئەو دەیزانی حاڵم خراپە و گریمانەی ژیانم زۆر کەمە، بەزەیی پێداهاتمەوە و پەنجەی لەسەر لێوی دانا یانی وسبە، سەبرم هەبێ بەدزی کاغەز و قەڵەمەکەی هەڵگرت، ئینجا بە بیانووی ئەوەی حەزت لە خواردنێکە تا بۆت ئامادەبکەم کە لەوێ ئاسایی بوو، ناونیشانی دراوسێکەی نووسیم و نامەکەم دایە. بەیانی ئەگەر هاتەوە نەخۆشخانە بە زمانی رووسی گوتی کارەکەم رایی کرد. تا رادەیەک ئاسوودە بووم و دڵم خۆشبوو.

ژنی فڕۆکەوانە رووسەکان کاتێک ئێواران دەهاتنە سەردانی مێردەکانیان و بە دەست و دیاریەوە دەهاتن، دەیانزانی بێکەسم و غەوارەم، دڵیان پێدەسووتام، سێو یان هەرمێ یان شووشەیەک کامپۆت، یان پارچە چوکلیاتیان لەبن سەری دادەنام و دڵیان دەدامەوە. سەرئێشەکەم تا دە رۆژان هەر زیاتر دەبوو، ئەوەندەی بە پەرستارەکەم دەگوت بۆخۆیشم دکتۆرم، شوێنی قەرەباڵغ بۆ من خراپە و زیاتر زیانم پێدەگەیەنێ،

بمبەنە شوێنێکی ئارام، کەس گوێی لێ نەدەگرتم. دوای بیست ڕۆژ بەرەبەرە باشتر دەبووم و هەڵدەستام، دەتگوت کفنەکەم دڕیوە و بە لۆژەلۆژ دەڕۆیشتم.

ئەو پەرستارە میهرەبانە خواچاکەی بداتەوە چەند جارێک خواردنی باشی لە ماڵی خۆیان بۆ دێنام و دڵنەوایی دەکردم. بیست و یەک ڕۆژ دوای ڕووداوەکە، کە لە یەکیەتی سۆڤیەت عادەت وایە هەر نەخۆشێک کە زەربەی مێشکی دیتبێت، دوای ئەو ماوەیە دوارۆژی مانەوەی دەبێت لە نەخۆشخانە و دەردەکرێ. منیش بە ئومێدی دەربازبوون لەو نەخۆشخانە زیندانە چوومەلای بەرپرسی نەخۆشخانە کە عەقیدێک بوو. گوتم بیست و یەک ڕۆژە لێرە خەوێندراوم، زۆر قەرەباڵغە بۆخۆشت دەزانی ئەو نەخۆشانەی زەربەی مێشکیان بەرکەوتبێ دەبێ شوێنەکەیان ئارام بێت. بۆیە داواکارم لەسەرخواستی خۆم ئازادم بکەن دەچمەوە ماڵێ ئەگەر بشمرم با لەلای ژن و منداڵەکانم بمرم. دەمزانی منداڵەکانم لە شاری ئیڤانۆف گەڕاونەتەوە چونکە پشووی هاوینە دەستیپێکردبوو. زووتریش دەیانناردنەوە.

بەرپرسی نەخۆشخانە گوتی سەبرت هەبێ با لەگەڵ بەرپرسان قسەبکەم، سبەی یان دوو سبەی وەڵامی کۆتایت دەدەمەوە. بەڵام دەبێ بۆ خۆت داواکارییەک بنووسی و بڵێی لەسەرخواستی خۆم لە نەخۆشخانە دەچمەدەر و هیچ جۆرە بەرپرسیارەتییەک لە ئەستۆی کارمەندانی نەخۆشخانە نییە.

دوای دوو ڕۆژان کەسێکی نەناس هات لەسەر سەرم ڕاوەستاو گوتی هاوڕێ دکتۆر چۆنی؟ گوتم لەسایەی سەری ئێوە خراپ نیم، بەڵام تا هیچ شتێکی ناخۆش ڕووینەداوە حەزدەکەم بچمەوە لای ژن و منداڵەکانم. زۆر سوپاستان دەکەم ئەو داواکاریەم جێبەجێ بکەن. گوتی نیگەران مەبە ئەمشەو پێکەوە دەچینەوە باکۆ. جانتاکەیان وێدامەوە، ریشم تراشی و بۆنم لەخۆمدا، پسووڵەی نەخۆشخانەم وەرگرت کە تا ئێستاش هەرماومە لەگەڵ تیشکی ئێکسی سەرم. هەر بە ئۆتۆمبێلی ئەو برادەرە بەرەو وێستگەی شەمەندەفەر وەڕێکەوتین و سواری شەمەندەفەر بووین. بۆ بەیانی گەیشتینەوە باکۆ، خواحافیزیم لەو هاوڕێیە کرد.

کاتێک گەیشتمەوە ماڵێ و لە دەرگامدا خاتوو ڕەعنا بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی کێیە؟ گوتم منم. کاتێک دەرگای کردەوە و چاوی پێکەوتم، خۆی لە باوەشم هاویشت و دەستی بە گریان کرد. منداڵەکانیش غاریانداو بە قاچمەوە هەڵڕۆسکان و دەیانپرسی بابەگیان لەکوێ بووی؟ بۆ وات لێهاتووە، چما نەخۆشبووی؟ لەکوێ خەوێنرابووی؟

بۆ وات لێهاتووه. دەیان پرسیاری دیکە، بەڵام هیچ وەڵامم نەدانەوە. خاتوو رەعنا ئارامی کردنەوە و لە وەڵامی منداڵەکاندا گوتی ئۆتۆمبێلەکەیان وەرگەڕا بوو، باوکت دەیویست بۆ چارەسەری نەخۆشان بچێتە ئاواییەکانی دەوروبەر تووشی ئەو حاڵەتە بوون. خوا رەحمی کرد و وەخێر گەڕا، زۆریان مردن شوکر بۆ خوا باوکتان سەلامەت دەرچوو. هەتا ئێستاش منداڵەکان نەیانزانی چیم بەسەر هاتووە لەبەرئەوەی ئاشکراکردنی ئەو نهێنیە یاساغ بوو.

دوای هەفتەیەک پشوودان و کۆتایی مۆڵەتەکەم چوومەوە نەخۆشخانەی شائۆمیان و دەستمکردەوە بەکاری رۆژانەم، بەڵام ئەو جارەیان لە بەشی یەک نا بەڵکو ناردیانمە بەشی دوو لەژێر چاودێری دکتۆر عەلی عەباس حسێنۆف، کە ئەویش بەردەوام لەگەڵ دکتۆر مەهدیۆفی پزیشکی ئێسقان و جومگە هەر لە کێشمەکێش دابوون. رۆژانی شەممە دوانیوەڕۆیەکەی کە بۆ سبەی رۆژانی یەکشەممە پشووی رەسمی بوو، لە هۆڵی ئەکادیمیا کە ژوورێکی رێکوپێک بوو جێگای چل کەسی تێدا دەبووەوە، هەموو دکتۆرە نەشتەرگەرەکان لە هەر بەشێک کۆدەبوونەوە و کۆنفراسێکی زانستی رێکدەخرا. تا باشتر بە نەخۆشان رابگەن و باشتر شیکاری بۆ نەخۆشەکانیان بکرێ. ئەو توێژینەوە زانستیانەی لەسەر ئاستی جیهان و یەکیەتی سۆڤیەت دەکران، گفتوگۆ و راگۆڕینەوەیان لەسەر دەکرا. پرۆفیسۆر ئیبراهیم تۆپچی باشیف کە نەشتەرگەرێکی لێهاتوو و، زانا بوو، هەروەها پرۆفیسۆر عەلیۆف عەبدولڕەحیم، کە زانایەکی بە ئەزموون بوو تەمەنی نزیکەی شەست ساڵ دەبوو، هەموو وتارە زانستیەکانیان دەخوێندنەوە و دواتر گفتوگۆیان لەسەر دەکرا. لەو بەشەدا دوو ئوستاد هەبوون بەناوی خاتوو گوڵ جیهان و خاتوو بۆرتیکۆڤا هەردووکیان ئوستادی کۆلێژی پزیشکی بوون. خاتوو گوڵ جیهان لە نەتەوەی لەزگی بوو، هەر بە گەنجی هاتبووە باکۆ و خوێندنی تەواو کردبوو تا بوو بە ئوستادی کۆلێژی پزیشکی و هەر لە شاری باکۆش مێردی کردبوو مابۆوە. لە دەورانی خوێندنیدا لەژێر دەستی پرۆفیسۆر تۆپچی باشیف کاری کردبوو، ئێستاش تەمەنی گەیشتبووە شەشت ساڵی هێشتا شانازی بەوەوە دەکرد لەلای ئەو پرۆفیسۆرە خوێندوویەتی.

گوڵ جیهان نەخۆشی گوارتەر[٧٦]ی هەبوو پرۆفیسۆر چەند ساڵێک لەمەوبەر نەشتەرگەری بۆ کردبوو. شوێنی چەناگەی نەشتەرگەرییەکەی پێشانی هەموان دەدا

[٧٦] نەخۆشی گوارتەر: زەریکە، خانەبا، نەخۆشی گەورە بوونەوەی لووی تیرۆئید بەهۆی کەمبوونەوەی یۆد لە لەشدا.

تا بزانن هیچ شوێنەوارێکی نەماوە. دەیگوت مستەفا بەگ (ناوی پرۆفیسۆر تۆپچی باشیف) نەشتەرگەرییەکەی بۆ کردووم. خاتوو گوڵ جیهان ژنێکی تێگەیشتوو قسەخۆش بوو. لە هەر چەشنە نەشتەرگەرییەکی ترسناک خۆی دەپاراست. ئەو ئوستادە بۆ خۆ پاراستن هەر نەخۆشێک لە بەشەکەی ئەو خەوێندرابا یەکسەر دەینارده لای تۆپچی باشیف و لەسەر تەبەڵەی نەخۆشەکەش دەینووسی لە فلان رۆژ و سەعات پرۆفیسۆر توپچی باشیف ئەو نەخۆشەی دیتووە و ئاوای گوتووە. ئەوەش بە باشترین بەڵگە هەژمار دەکرا، خۆ ئەگەر نەخۆشەکەش مردبا یەکسەر دەنگی بەرز بوو، دەیگوت هەر رۆژی هەوەڵ پێشانی دکتۆر تۆپچیم داوە. ئەوەش قەڵغانێک بوو بۆ گوڵ جیهان.

ئەو جۆرە پارێزکارییە لە نەخۆشخانەدا بە جۆرێک لە زیرەکی و خۆ دوورخستنەوە لە کاری مەترسیدار لە قەڵەم دەدرا. ئەگەر کەسێک لەو جۆرە پارێزکارییە خۆی بەدوور گرتبا ئەوە دەیانگوت بێ ئەزموونە یان لە خۆ رازییە. دکتۆرە کۆنەکارەکان یان باشترە بڵێین بە ئەزموونەکان دوو جۆر بوون. بەشێکیان فیداکار و لە خۆبووردوو، زەحمەتکێش و مرۆڤ دۆست و خوێندەوار بوون. بەشەکەی دیکە کەم خوێندەوار و قۆڵبڕ و پارەپەرست و هەلپەرست بوون. خۆیان لە بەلایان بە دوور دەگرت و دەیانخستە ئەستۆی هاوکارەکانیان. نموونەی بەرچاویش لەو نەخۆشخانەیە و لە بەشی پرۆفیسۆر توپچی باشیف و دکتۆر خاتوو دڵشاد شەفیع بوون. ژنەی کەڵەکباز و دووڕوو، پارەپەرست و درۆزن و ماستاوکەچی، هەموو شتێکی خراپی لێدەوەشایەوە.

رۆژێک لەگەڵ ئەو خاتوونە ئێشکچی شەوێ بووین. خەریکی دەرمانکردنی نەخۆشێک بووم لە بەشی فریاگوزاری کە نەخۆشێکی سەرخۆش بە رووداوی هاتوچۆ بە ئۆتۆمبێلی هونەرمەندێکی ئازەرییان هێنابووە بەشی فریاگوزاری، کابرای نەخۆش پیرەمێردێک بوو. کچەکەشی پزیشکی منداڵان بوو لە هەمان نەخۆشخانە. کوڕێکی کابرای ئەرمەنیش لە دەسگای (ئێم. گ. ب) کاری دەکرد. کاتێک لە تیمارکردن بوومەوە تەماشامکرد هەمان خاتوو دڵشاد لەگەڵ سێ کەسی بە ڕواڵەت دەوڵەمەند قسەی دەکرد و بەڵێنی هاوکاری پێدەدان، لە کاتێکدا یەکێک لەو سێ کەسانە زۆر پەرێشان و نیگەران بوو. من بەدوای کارێکا رۆیشتم و دوور کەوتمەوە. دوای نیوسەعات کاتێک گەڕامەوە، بەرپرسی نەخۆشەکان کە قوتابییەکی ساڵی پێنجەم بوو

به ناوی نادر، گەنجێکی باش و تێگەیشتوو گوێڕایەڵ بوو. هاتم تا بزانم نەخۆشی تازەیان هێناوە یان نا، یان کارێک هەیە تابیکەم. نادر گوتی دکتۆر ئەو نەخۆشە دکتۆر شەفیع قبووڵی کردووە، بەڵام گوتی ناوی تۆ لەسەر تەبەڵەکەی بنووسن. گوتم بۆ؟ چما خاتوو دڵشاد قبووڵی نەکردووە؟ گوتی لە پێشدا پشکنینی بۆ نەخۆشەکە کردوو فەرمانیکرد وەریبگرم و بینێرم بۆ گرتنی تیشک، بەڵام نازانم بۆچی گوتی لەسەر تەبەڵەکەی ئەو پیاوە نەخۆشە ناوی تۆ بنووسم، لەکاتێکدا تۆ ئەو نەخۆشەت نەبینییوە. بەڵام من ناوی تۆم نەنووسی لەبەرئەوەی دەمزانی پێچەوانەی یاسایە.
چوومە ژووری پزیشکانی ئێشکگر دیتم خاتوو دڵشاد بە پێکەنینەوە دەیوست خۆی لەوکارە بدزێتەوە. گوتم خاتوو دڵشاد نەخۆشەکەت بینیوەو پشکنینت بۆ کردووە و تیشکت بۆ وەرگرتووە، ئینجا فەرمانت کردووە وەریبگرن، بۆیە دەبێ لەسەر تەبەڵەی ئەو نەخۆشە ناوی تۆ بنووسرێ و چۆنیەتی نەخۆشیەکەو رای خۆشت بنووسی. خاتوو دڵشاد بە مەرایی کردنەوە گوتی قادر گیان من کەمێک حاڵم باشنییە تۆ بۆخۆت چارەسەری ئەو نەخۆشە بکە.
گوتم نا ئەو نەخۆشە نەخۆشی تۆیە چۆن خێرت لێ بینیوە ئاواش دەرەنجامەکەی قبووڵ بکە. چونکە نادر پێیگوتووم خاتوو دڵشاد ئەوانەی لە نەخۆشەکەیانداوە رازییان کردووە، یانی بەرتیلیان داوە کە لەکۆڵ ئەو هەرایەی بکەنەوە. من ئاگام لەوە نەبوو کە نەخۆش دوای ئەوەی تووشی ئەو رووداوە دەبێ بە ئۆتۆمبێلی کابرای هونەرمەند سەخت برینداردەبێ و لەگەڵ میز خوێن دەدەڵێنێ. دواتر دەرکەوتبوو گورچیلەیەکشی نییە.
خاتوو دڵشاد هەموو ئەو شتانەی دەزانین و هەستیشی بە حاڵەتی ترسناکی ئەو نەخۆشە کردبوو. هەروەها پارەیەکی باشیشی وەرگرتبوو کە کابرای هونەرمەند لە بەلای نەخۆشەکە بپارێزێ و منی غەوارەو بێکەس، لە وەڵاتی هەمان خاتوونی فێڵباز بکەنە قوربانی.
ئێوارە بوو، بۆ بەیانی یەکشەممە و پشوو بوو، نۆرە ئێشکی نەخۆشخانەی بەشی فریا گوزاری بە دەست دکتۆر ئاخوندۆف بوو. ئاخوندۆف بنیادەمێکی باش و خاکەڕا و دڵسۆزی نەخۆشان بوو، تابڵێی دکتۆرێکی لێزان بوو. دکتۆرێکی نەشتەرگەری بە ئەزموون بەناوی باغردایی مەعسووم زادە لە پەنا ژووری پزیشکانی ئێشکگر ژوورێکی ئاوەدان کردبووەوە، هەر لەوێ پشکنینی دەکرد، ئەو ژوورە دەتگوت ماڵێکە

لەناو نەخۆشخانەدا. هەم چای هەبوو هەم چیشتیشی تێدا لێدەنا. هەر خۆی هەڵدەکێشا. دەیگوت لە زەمانی گەنجییەوە لەگەڵ پرۆفیسۆر تۆپچی باشیف کاری کردووە. پرۆفیسۆر بەهۆی بە تەمەنی و سەید بوونی رێزیان لێدەگرت. بەڵام ئەو سەیدە دووڕوو لە خۆڕازییەوە هەم لە نالّی دەداو هەم لە بزمار، رووخسارێکی شاردراوەی هەبوو. وەک گوڵەبەڕۆژە وا بوو هەرجارەو بەلایەکدا دەسووڕا.
دکتۆرە گەنجەکان لە ترسی زمان پیسی، ماستاویان بۆ دەکرد و دەستیان ماچ دەکرد تا لەتانەو تەشەری بە دووربن.
کاتێک باغردایی هاتە ژوورەکەی خۆی، خاتوو دڵشاد چووە لای و دوای نیوسەعات هاتەوە دەرێ، خوداحافیزی لە هەموان کرد لە من نەبێ و رۆیشت. باغردایی لە ژوورەکەی هاتەدەر و لەبەردەرگا راوەستا تەماشایەکی بەشی فریاگوزاری کردو چاویلکەکەی لە چاوی هێناخوار. نیگایەکی رقاوی لە من کرد کە هۆکارەکەیم نەزانی. دکتۆر ئاخوندۆف کە تازە هاتبوو باغردایی لەگەڵ خۆی بردەژوورێ، ماوەیەک پێکەوە قسەیان کرد. خەریکبوو دەچوومەوە ماڵێ، دکتۆر ئاخوندۆف لە ژووری باغردایی هاتەدەر لە ژووری پزیشکاندا گوتی قادر ئەوە چیت کردووە؟ نەمزانی چیبووە. گوتی خاتوو دڵشاد بە دکتۆر باغردایی گوتووە کە نەخۆشێکیان هێناوە کە ئەتۆمبێل لێیداوە زۆر بە سەختی برینداره و گورچیلەشیان دەرهێناوە و خوێن دەدەڵێنێ. تۆ چارەسەریت بۆ نەکردووە و خۆت لێ بواردووە. ئەگەر پرۆفیسۆر ئەوەی بزانێ دەزانی چ بەلایەکت بەسەردێ. ئەو نەخۆشە ئەگەری زۆری هەیە بمرێ. کچێکی لەو نەخۆشخانەیە کاردەکاو ئەندامی کۆمیتەی محەلییە، کوڕێکیشی لە دەسگای (ئێم. گ.ب)یەو تابڵێی شەڕانی و دەم هەراشە.
کاتێک گوێم لەو تۆمەتەی دکتۆر و خاتوو دڵشاد بوو وەک شێتانم لێهات. دکتۆر ئاخوند گوتی بۆخۆت دەزانی باغردایی کێچێ دەکا بەگامێش، پێش هەموان ئەو لێت لەقاو دەداو دەیگەنێتە پرۆفیسۆر. قسەی ئەویش لای پرۆفیسۆر حیسابی بۆ دەکرێ. گوتم دکتۆر سوێند بەخودا درۆیە، بابەتەکە جۆرێکی دیکەیە. نادر دەزانێ و هێشتا نەڕۆیشتۆتەوە. دکتۆر ئاخوندۆف گوتی زووکە لەگەڵ نادر بچنەلای باغرۆف و بابەتەکەی تێبگەیەنن، تا ئاگرەکە زیاتر خۆش نەبووە و کوژانەوەی ئەستەم نەبووە، راکە. بانگی نادرم کرد و پێکەوە چووین لە دەرگامداو چووینە ژوور سڵاوم کرد. لە بن چاویلکەکەیەوە تەماشایەکی کردم، پێش ئەوەی هیچ بڵێ گوتم کاک نادر باسەکەی

بۆ بگێڕەوە کە دوێنێ ئێوارێ ئاگات لێ بووە با بۆخۆی بڕیار بدات، ئەو گەورەی هەموومانە و دەستەڕاستی جەنابی پڕۆفیسۆریشە، ئەگەر دەردەدڵێک مان هەبێ هەر دەبێ بەوی بڵێین بەکێی دیکەی بڵێین. ئەو قسەیە تاڕادەیەک باغردایی هێور کردەوە. نادر هەموو بابەتەکەی بۆ گێڕایەوە. زۆر مەردانە چی روویدابوو بۆی باسکرد. باغردایی کاتێک گوێی لەو قسانە بوو، چاویلکەکەی لە چاوی کردەوە، رووی لە من کردو گوتی ئەو قەحبەیە شتێکی دیکەی بە من گوتووە، کڵاوی لەسەرناوم. ئەی خودا نەفرەتت لێبکا ژنی هیچ و پووچ. ئەوە هەربۆیە دوازدە مێردی کردوون فرتوفێڵ و کەڵەکە باز بووە بۆیە تەڵاقیان داوە. ئەمن دەزانم چ قوڵبڕێکە و لینگەی نییە. ئەگەر ناوەندی زانستی و خودی پڕۆفیسۆر نەبوایە کەس رێگای نەدەدا پێ بنێتە ئەم نەخۆشخانەیە.

گوتم بەڕێز باغردایی پڕۆفیسۆری دارێکی گەورەو پەرشوبڵاوە و سێبەرەکەی زۆر پان و پۆڕە، لەژێر ئەو سێبەرەدا سەدان تیمساح خەوتوون. مەبەستی من لەو قسەیە ئەوە بوو کە باغردایی لەوە تێبگەیەنم کە لەژێر سایەی تۆشدا خەوتوون، بەڵام خۆشبەختانە تێنەگەیشت. قسەکەی سەلماندم و گوتی کوڕم تۆ غەریبەی فێڵبازی و دەغەڵکاری نازانی، لەگەڵ ئەو جۆرە بنیادەمانە ئێشک مەگرە، با کڵاوت لەسەری نەنێن و تووشی بەڵایەکت بکەن. ئەو تاترۆیانە هەزاران گەنجی وەکو تۆیان وەکو پارووپەک قوتداوە. ئێستاش ئەوە تۆبووی بە لێوەشاوەیی خۆت و- ئاماژەیەکیشی بۆ نادرکرد، نە کەوتیتە ناو ئەو تەڵەیە. ئەو نەخۆشە لەسەرەمەرگدایەو دەیانویست بیخەنە ئەستۆی تۆ، بەڵام باشبوو من پێمزانی. سبەی لەگەڵ پڕۆفیسۆر مستەفا بەگ قسەدەم، نیگەران مەبە.

کاتێک گوێم لەو قسانە بوو بریسکەیەک بە لەشمداهات و بێئاگا لەسەر کورسییە چلکنەکەی ژووری باغردایی دانیشتم و دەستم بەسەرمەوە گرت. بیرم لە ئاقیبەتی خۆم دەکردەوە و لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەگەر هاوکارە دکتۆرەکەت ئەو کارەت لەگەڵ بکات و پیلانت بۆ دابڕێژێ، چی بە خەڵکانی دیکە دەڵێی؟ ئەو بابەتە بەهۆی باغردایییەوە بەخێر تێپەڕی و خاتوو دڵشادیش توشی هیچ شتێک نەبوو.

رووداوێکی دیکە لەو نەخۆشخانەیە کە تووشی بووم، شایانی گێڕانەوەیە.

نەخۆشێکی سی و پێنج ساڵەم هەبوو بە ناسناوی ئیسمی یۆڤا، بەدەست ئازاری جگەرەوە دەیناڵاند. هەستیدەکرد لەلای راستی قورساییەک هەیە و بە دەست لێدان

دووشتی هەڵتۆقیوی دەگرت. ژنە دەترسا شێرپەنجە بێت. دوای پشکنین و تاقیکردنەوە و تیشکگرتن دەرکەوت ئەکینکوکوز (جۆرێک گەنەی بەکۆمەڵ-هیدراتیک)ی جگەربن. لە وێنەدا وا دەردەکەوت یەکێک لە دوومەڵە ئاهەکیەکان مردووەو یەکیشیان زیندووە. بۆ نەشتەرگەری ئامادەم کرد، هەر بۆ خۆپارێزی بە خاتوو گوڵ جیهان و هەم بە پرۆفیسۆر تۆپچی باشیفم نیشاندا. ئەویش گوتی تیشکێکیش لە گورچیلەی راستی بگرە نەکا گورچیلەی گەورە بووبێ. منیش چوومە لای دکتۆر رامز سالایۆف کە پزیشکی تایبەتی تیشکی گورچیلە بوو. دکتۆر سالایۆف بە رواڵەت لەگەڵم دۆست بوو، لوتفی دەنواند. ئەزموونی بیست و پێنج ساڵ نەشتەرگەری هەبوو. گوتی فەرمانی پرۆفیسۆر لەسەر چاوانم. قۆڵی لێهەڵماڵی و ژنەی بەستەزمانی لەسەر قەرەوێڵە درێژکرد. سیسکۆبی بردەناو میزڵدانی و لە کونێکی لای راستی میلەیەکی تایبەتی بردە ناو گورچیلەی راستی و بە سەرنجەوە، بەهۆی ئەو دەرمانەی پێشتر ئامادەی کردبوو لەناو میزڵدانەکە بە گوشارێک لەگەڵ خوێن بە دەم و چاوی ئەو پیاوەدا هەڵپرژا. ئافەرینم پێگوت یەکسەر بە نەقالە بردمە ژووری تیشک. ئوستاد ئەبکارۆف کە ئەرمەنییەکی باش و بە ئەزموون بوو، کاری تیشک گرتنەکەی بۆ ئەنجامدا.

دوای ئەنجامدانی ئەو کارە و دەرکەوتنی وێنەکان دەرکەوت گورچیلەی راستی کەمێک گەورەتر بووە. بەڵام لە پشکنینەکان و جۆری ئازاری نەخۆشەکە دەرکەوت ئەو هەڵاوسانە هیچ پەیوەندی بە گورچیلەی راستییەوە نییە.

ئوستاد ئەبکارۆف گوتی ئەو دوو هەڵاوسانە پەیوەندی بە گورچیلەوە نییە. بە خۆشحاڵییەوە وێنەو تەبەڵەکەم بردنەوە بۆلای پرۆفیسۆر و گوتم جەنابی مستەفا بەگ ئەوە وێنەو تەبەڵەی نەخۆشەکەی ئوستاد ئەبکارۆفە. پرۆفیسۆر چاوێکی پیداگێڕان و گوتی گورچیلەی راستی جێی گومانە و دەبێ جارێکی دیکە تیشکی بۆ بگیرێتەوە، دووبارە کردنەوەی ئەو کارەش بۆ ئەو نەخۆشە کزو داڵەگۆشتە زۆر بە ئازار بوو.

بەکورتی دیسان بە ناوی پرۆفیسۆرەوە چوومەوە لای سالایۆف و سەرنجی شیفی بەرپرسم پێگوت. ئەویش هەمیسان ئەشکەنجەی ناسۆرەکەی دووبارە کردەوە، وێنەکە هەمان شت بوو. دیسان بردمەوە لای دکتۆر مستەفا بەگ بەڵام قەناعەتی نەهێناو گوتی ئەو دوومەڵانە پەیوەندی بە گورچیلەوە هەیە. ئیدی خەریکبوو

دەرهەڵدەبووم، کاتێک ویستم لە ژووری بەرپرس بچمەدەر، دیسان گەڕامەوە گوتم جەنابی مستەفا بەگ ئەوە ئەکنۆکوکوزی جگەرە لەگەڵ گورچیلە جیاوازە. داوای مۆڵەتت لێدەکەم ڕێگام بدە نەشتەرگەریەکە دەکەم ئەگەر قسەکەی من ڕاست بوو بڵێ ئافەرین، ئەگەر هەڵەش بووم ئەو باڵاپۆشی دکتۆریە بۆ هەتایە دادەنێم و واز لە پیشەی نەشتەرگەری دێنم.

کۆمەڵێک کەس لەلای پڕۆفیسۆر بوون وەک ئوستادی کۆلێژ و پڕۆفیسۆر عەلیۆف و ئوستاد قولیوا و ئوستاد بۆرتیکۆ دکتۆر سالایۆف. پڕۆفیسۆر گوتی کوڕم بە ئەندازەی تەمەنی تۆ ئەزموونی پزشکیم هەیە. ئیدی زانیم هیچم پێ لەگەڵ ناکرێ و ناشێ لەگەڵی پێدا بچم، ئەوانەی لە دەوروبەرمان بوون هەموویان قسەکەی ئەویان پەسەند دەکرد.

بەنیگەرانی چوومە لای ئوستاد ئەبکارۆف و هەندێک دەردەدڵم لەگەڵ کرد. گوتی کوڕی خۆم ناکرێ یەک و دووی لەگەڵ پڕۆفیسۆری بڵێی، ئەو وەک کێوێکەو تۆش بچووکی. کەوایە واز لە خێرو شەڕی ئەو نەخۆشەی بێنە. لێیگەڕێ با وەدوای کاری خۆی بکەوێ. لەوکاتەدا سالایۆف هاتەژووی ئەبکارۆف، بە توڕەیی گوتی بۆ پڕۆفیسۆری گەورەمان دەڕەنجێنی؟ پێیانڕاسپاردووی لەناوی ببەی، خودا دەزانێ لەکوێرا هاتووی و پیاوی کێی! لەو قسانەی سالایۆف سەرم سوڕما، دیسان پێیگوتمەوە کە لەکوێی و لەگەڵ چ کەسانێک تەڕەفم. بەڵام ڕەنج و ئازاری ئەو ژنە لادێییە ئازاری دەدام.

ئەو ژنە برایەکی هەبوو مێژووناس بوو، لە ئەکادیمیا کاری دەکرد و خەریکی توێژینەوە بوو. چوومەلای و قسەوباسم لەگەڵ کرد و دڵنیام کردەوە کە ئەو نەخۆشیە شێرپەنجە نییە و بەڵکو ئەکنۆکوکۆزە (گەنەی ئاژەڵی) لەناو جگەریدایە و نەشتەرگەریشی هیچ کێشەیەکی نابێ و زۆر سادەو بێترسە. بۆیە وام بەباش زانی کە لە نەخۆشخانە بچێتەدەر تا لە فرسەتێکی گونجاودا چارەسەری بۆ بکەم و لەکۆڵ ئەو دەردو ئازارەی بکەمەوە. ئیسمیوام ڕازیکرد کە لەسەر داوای خۆی لە نەخۆشخانە بچێتەدەر. لەگەڵ براکەی ئیسمیوا پەیوەندیمان هەبوو، پێمگوت تا ماوەیەک ئەو شتە لەبیردەچێتەوە بچێتەوە ماڵێ، ئەوە بوو شەوێک کە لەگەڵ دکتۆر ئاخوندۆف ئێشکمان هەبوو بە براکەی ئیسمیوام گوت شەوێ خوشکەکەی بەناوی خوازراوی ئیسماعیلۆ بە ئۆتۆمبێلی نەخۆشخانە بهێنن بۆ بەشی فریاگوزاری بڵێ

سکم دێشێ، منیش کارەکەی بۆ رایی دەکەم. دوای مانگێک خاتوو ئیسماعیلۆیان هێنایە بەشی فریا گوزاری کە لە دەرەوەی دەرمانخانە بوو، خەواندم و وەک دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکی لەناکاو نەشتەرگەریم بۆ کردووە. هەروەکو پێشتر نەخۆشیەکەم دەستنیشان کردبوو دوومەڵانێکی مردوو و، یەکی زیندوو بە ئەندازەی یەک هێلکە مریشک بە جگەری هەڵواسرابوون. زۆر بە ئاسانی نەشتەرگەرییەکەم کرد و لە ماوەی نیوسەعاتدا ئەو نەشتەرگەریە بەباشی ئەنجامدرا و نەخۆش بەناوی ئیسماعیلۆ لە قاوشی فریاگوزاری خەوێنرا.
بە نەخۆشم گوت کاتێک دکتۆرەکان هاتن سەردانیان کردی سەری خۆت داپۆشە، لەبەرئەوەی ئەو نەخۆشە لە نەخۆشخانە ناسرابوو.
لە رۆژی شەشەم لەناکاو خاتوو دڵشاد چاوی پێدەکەوێ و دەیناسێتەوە. چووبوو لێی پرسیبوو تۆ ئیسمۆوا نیت؟ ئەو بێچارەیە دەڵێ نەخێر من ئیسماعیلۆم. گوتبووی ئەدی ماوەیەک لەمەوبەر لێرە نەخەوێنرابووی؟ گوتبووی نا خاتوون من هەرگیز لێرە نەخەوێنراوم. دکتۆر دڵشاد گوتی ئەو نەخۆشە زۆر بە نەخۆشەکەی تۆ دەچێت. گوتم نا، خاتوو دڵشاد ئیسموا هەڵات. ئەو نەخۆشە ئەونییە بەڵکو یەکەمجارە دەیبینم و نەشتەرگەریم بۆ کردووە.
با ئەوەشمان لەبیرنەچێت دوای نەشتەرگەرییەکە جورئەتی ئەوەم نەکرد ئەو دوو دوومەڵانەی دەرم هێنابوون لەگەڵ ئەوانەی نەشتەرگەرییان کردبوو، کە دەبوایە لە پێنج خولەکی کۆنفرانسی بەرەبەیانی کە بەردەوام سازدەکرا، نیشانی بدەم. بۆیە ناچار بووم چۆنیەتی و جۆری نەخۆشیەکە بگۆڕم و ناوێکی دیکەی بۆ دابنێم. هەر بۆ بەیانی بێ ئەوەی تەقەڵەکانی دەربێنم لەسەرخواستی نەخۆش لە نەخۆشخانە رۆیشتە دەر، بۆئەوەی نەکا دوژمنەکانم بۆم لە کەمین دابن و هەرایەک بنێنەوە. دوای دوو رۆژی دیکە تەقەڵەکانم بۆ دەرهێنانەوە.
دوای ماوەیەک کە بەرەبەرە ئەو بابەتە لەبیر دەچووەوە، بەیانییەک دیتم پرۆفیسۆر دەیویست بەرەو لای هۆڵی کۆنفرانس بچێ، چوومە لای و دوای هەواڵپرسین گوتم جەنابی پرۆفیسۆر لەبیرتە ئەو نەخۆشەی کە ناوی ئیسموا بوو کە تۆ رازی نەبووی نەشتەرگەری بۆ بکەم، منیش عەرزی جەنابتم کرد ئەکینۆ کۆزیەتی و جەنابت هاوڕام نەبووی. ئەو نەخۆشە کاتێک لێرە رۆیشتووە بردوویانەتە نەخۆشخانەی سماشکاو نەشتەرگەرییان بۆ کردووە، دەرکەوتووە هەمان ئەو نەخۆشیەی هەبووە کە من

عەرزی جەنابتم کرد. مستەفا بەگ بێ ئەوەی ناوچەوان تێکبنێ گوتی دەمزانی تۆ راستدەکەی، بەڵام ئوستادە ماستاوچییەکان بەردەوام بوون پێداگرییان دەکرد ئەوسا مەردایەتی تۆم بۆ دەرکەوت. دیتم هیچیان وەک تۆ سەریان لێدەرنەکردووە، ئەگەر هەستیشیان پێکردبا لەبەرخاتری من بێدەنگ بوون. گوتم بۆچی ئوستاد ئەبکارۆف. گوتی تۆ ناتوانی لەگەڵ پرۆفیسۆر مناقەشەی زانستی بکەی. پرۆفیسۆر پێکەنی و گوتی دەزانم دوای چەند رۆژێک نەشتەرگەریت بۆ کرد، کارێکی باشت کرد، بەڵام باسی مەکە. خاتوو دڵشاد هەموو شتێکی پێگوتووم. من سوپاسی ئەو بوێریەت دەکەم سەرکێشەکی مەترسیداربوو کردت. ئەلحەمدولیللا وەخێر گەڕا. لەمەودوا ئەو سەرکێشیانە مەکە.

دیدارێک لەگەڵ ئامینە

لە هاوینی ١٩٦٤ بەیانییەک کە دەچوومە قاوشی نەخۆشەکانم، خاتوونێکی گەنج بە سەروچاوی بریندار و حاڵەتێکی خەمناک لەسەر قەرەوێڵەیەک راکشا بوو، هەر دەینالاند. لەگەڵ پەرستارێک چووینەلای و هەواڵم پرسی. گوتی دوێنی ئێوارە ئۆتۆمبێل لێیداوم و دەموچاوم برینداره و حاڵم زۆر خراپە. ئەو نەخۆشە زۆر لەسەرخۆ قسەی دەکرد و بە زەحمەت دەنگی دەهات. پیرەژنێکیش لەلای دانیشتبوو، ئاگای لەو نەخۆشە بوو. بە زمانی رووسی لە پیرەژنەم پرسی کە زۆر پەرێشان حاڵ بوو، گوتم ئەو خاتوونە چی تۆیە. گوتی نەوەمە. لە ناوی نەخۆشم پرسی. نەخۆش بە سەرو رووخساری پێچراو بە چاوی نیوەباز و بە دەنگێکی ناسک گوتی (ئامینە) گوتم ئامینە تۆ رووسی یان ئازەری؟ گوتی باوکم ئازەرییەو دایکم رووسە، ئەوەش دایەگەورەی میهرەبانمە لە دوێشەوەوە نەخەوتووە و ئاگای لە منە. شۆفێری لەعنەتی لێدام، راینەگرت و هەلات. تا ئامبولانس هات و هێنامی بۆ ئێرە. منیش دڵم دایەوە و ئومێدم پێبەخشی. وەک تێکرای نەخۆشەکان بە ئامینە رادەگەیشتم، دەرمانم دەکرد و چارەسەریەکەشی بە شێوەیەکی باش دەچووەپێش. ئامینە بەرەبەرە وەقسە دەهات. تەماشمکرد لە ژێر ئەو چارەسەرەو ئەو پەڵەخوێنانەدا کە شەوێ خێرا دەرمانیان کردبوو خۆرێکی درەوشاوەی شاردراوە لە جوانیدا دەرکەوت. کیژە تەمەنی بیست و چوار ساڵە بوو، بالایەکی مامناوەند و شووش، جوان و لەبەردڵان و قسەخۆش بوو.

هەر زوو برینەکانی بەرەو چاکبوونەوە دەچوون. ئەو ژوورەی ئەوی لێ خەوێنرابوو، دوازدە ژنی دیکەشی لێ خەوێنرابوون و دوو دکتۆر سەرپەرشتیان دەکرد. یەکیان من بووم و ئەوەی دیکەش خاتوو دڵشاد بوو. سەرۆکی بەشیش دکتۆر عەلی عەباس حسێنۆف بوو. ئەو عاشقی ژنی جوان بوو، زۆریش لە ژنەکەی دەترسا. بە ئامینەی گوتبوو پێویست ناکا دایەگەورەت شەوانە لەلات بمێنێتەوە، من چاودێریت دەکەم.

بەڵام ئامینە زۆر لەوە زیرەکتر بوو عەلی عەباس هەڵی خەڵەتێنێ. دوای هەفتەیەک ئامینە هێواش هێواش دەستیکرد بە رۆیشتن.
بەیانییەک کاتێک نەخۆشەکانم بەسەردەکردنەوە گەیشتمە لای قەرەوێڵەی ئامینە، ئامینە دانیشت. کەسی لەلا نەبوو، لە هەواڵیم پرسی، بەتکاوە گوتی دکتۆر دەستمبگرە با هەستم، بزانە باش دەتوانم برۆم. هەموو ژنەکان تەماشایان دەکردم. منیش دەستی ئامینەم گرت و راستم کردەوە، تەکانێکی داو لەسەر پێ راوەستا. گوتی یارمەتیم بدە چەند هەنگاوێک برۆم. منیش بێئاگا لە هەمووشتێک چەند هەنگاوێک لەگەڵی رۆیشتم و دەستم گرتبوو. دوای ئەوەی چەند هەنگاوێک رۆیشت هەستی بە بێ تاقەتی کرد و دەستی لە ملم وەرێنا، وای نیشاندەدا خەریکە بەلادا بێت. ئامینە بزەیەکی هاتێ و بە ئاخ و ئۆفەوە تەماشای گۆشەیکی دەکرد. نەمزانی مەبەستی لەچی بوو. ئامینە هاتەوە جێگاکەی و گوتی دکتۆر من سەرکەوتم. منیش گوتم ئینشائەڵڵا هەمیشە سەرکەوتوو دەبی.
دوای دە رۆژان حاڵی باشبوو بۆ بەیانی لە نەخۆشخانە مەرەخەس کرا: لەگەڵ پرۆفیسۆر چووینە ژووری نەشتەرگەری. نەشتەرگەرییەکەمان زۆر درێژەیکێشا، نزیکەی لە سەعات هەشتی بەیانی تا دووی دوانیوەڕۆی خایاند. ماندوو و، مجرۆ لە ژووری نەشتەرگەری دەگەڕامەوە ژووری پزیشکان، تەماشامکرد لە ڕاڕەوەکە خاتوو ئامینەی جوان و بەژن زراڤ و چاومەست، کە دەتگوت مانگە راوەستاوە و نازی لێدەبارێ. کەسی لەگەڵ نەبوو. کاتێک چاوی بە من کەوت هاتەپێشێ و گوتی دکتۆر گیان بۆ هێندەت پێچوو؟ گوتم نەشتەرگەریەکی سەخت و دژوارم هەبوو. گوتم بۆچی نەرۆیشتوویەتەوە؟ گوتی ویستم تا نەتبینم نەڕۆمەوە ماڵێ، دایکم و دایەگەورەم ناردنەوە گوتم بۆخۆم دێمەوە. هەروەها گوتی دکتۆر عەلی عەباسی بەرپرسی بەش دەستم لێهەڵناگرێ و دەڵێ کارت بە من نییە؟ دەمگوت نا. چەند جارێک هاتۆتەلام. ئێستا مادام هاتوویەتەوە با برۆین. جلکەکانم گۆڕین و پێکەوە لە نەخۆشخانە هاتینەدەر.
لەبەردەم نەخۆشخانە باخچەیەک هەبوو بەسکی برسی بردمی بۆ ئەوێ، گوتی ئەو رۆژەی کە وامکرد لە ژوورێ بمگێڕی لەگەڵ ژنی عەقیدێکی رووسی کە یەکێک لە ژنە جوانەکانی ئەو رۆژگارە بوو دکتۆر دڵشاد چارەسەری بۆ دەکرد شەرتێکمان دانابوو کە تۆ دەبی بە هی من. هەر بۆیە لە ژوورێ دەستم لە ملی وەرێنای. جا

حیسابی خۆتی بۆ بکە، من عاشقت بووم. مێردم نییە، ئەگەر سەد ژنیشت هەبێ ژنی سەد و یەکەمت منم. ئەگەر پێشم رازی نیت پێمبڵێ تا بیر لە چارەیەک بکەمەوە و کۆتایی بە ژیانی خۆم بێنم. دیتم کارەکە خەریکە ئاڵۆزدەبێ. گوتم بۆچێ نا، خۆشمدەوێی. بەڵام ئێستا نا. گوتی بەڵێنم پێبدە، ئێنجا بە خەیاڵی ئاسوودە دەچمەوە ماڵێ. ئەوەندەی ویستم شێرورێویانی بۆ بێنمەوە سوودی نەبوو. کاتی نیوەڕۆیەو بازاڕی عەشقێنی گەرمتر دەبێ.
بەسکی برسی لە بەرامبەر ئەو دلبەرە دڵگیرە توانای بەرەنگاریم نەبوو. ئەو ئاسکە سڵە بە نیگا ئەفسوناویەکانی شێت و شەیدای کردبووم. هەموو شتێکم لەبیر چووبۆوە. گوێم لە هەناسەکانی راگرتبوو کە بەڕیتمێکی سەرنجڕاکێش سینەی بلووڕینی دەلەراندەوە، سەرکوڵمەکانی دەتگوت گوڵەباخن و چاوە کاڵەکانی دەتگوت دوو مەشخەڵن. دەستم خستە ناودەستی و بە سواری تەکسییەک بردمەوە ماڵی خۆیان. ئامینە وەک خەرامانێک چووە ماڵێکی هەژارانە. خۆر چووە ناو کەلاوەیەک و لە درزی دەرگاوە بە چاوە جوانەکانی لێیدەڕوانیم، تا دوور کەوتمەوە و خانوو و، ئامینەم لێڕا ونبوون.
بۆ بەیانی خاتوو ئامینە لە نەخۆشخانە تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی ئەمڕۆ سەعات هەشت لەبەردەم ئازنەفت چاوەڕوانتم. خێرا ئەوەندەی گوت و تەلەفۆنەکەی داخستەوە، دەتگوت کەسێکیان لە ماڵییەو نەیویستووە گوێی لێبێت. هەتا نەمتوانی نەبڵێم دێم نە بڵێم نایەم. بەڵام لە رووی ڕێزەوە دەبوایە لەکاتی دیاریکراودا لەوێ ئامادەبم. بۆیە بە ناچاری سەعات هەشت لەبەردەم ئازنەفت پیاسەم دەکرد. تەماشامکرد کابرایەکی چل ساڵە بە هەڵسوکەوتێکی نەشیاو بەرەولام دێت و جنێوان دەدا. پێموابوو سەرخۆشە. بەرەوڕووم هات و دەیویست بەمشت لێمبدات. لێکدا لێکدا هەڕەشەی لە منی نەناس دەکرد و هەڕەشەی لێدەکردم. پاشەوپاش کشامەوە و خۆم لێ لادا، خەڵکەکە ئاگایان لێ بوو. چەند هەنگاوێک لە من دوور نەکەوتبووەوە کەوتە سەرعەردی و خوێن لە دەمی هاتەدەر. خەڵکەکە کۆبوونەوە و ئامبولانس هات، ئەو کابرا بەستەزمانەیان بردە نەخۆشخانەی سماشکا.
ئەو رووداوە ناخۆشەم بە دیداری چاوەڕواننەکراوی ئامینە لێک دەدایەوە. دەمویست لەوێ دوور کەومەوە، ئامینە بە بزە سیحراویەکانی وەک خەرامانێک پەیدا بوو. سڵاوی کرد و تۆقەمان کرد. دەستی دەتگوت برووسکەیە، دڵی لەرزاندم. ئامینە

هەستیکرد پەرێشانم. بابەتەکەم بۆ باسکرد، پێیناخۆشبوو. گوتی بێگومان نەخۆشی دەروونی یان نەخۆش دڵی هەبووە، لە حەژمەت دەردو ئازاری خۆی جنێوی بە خەڵکی داوە، بۆ ئەوەی ناخی پڕ لە ئازاری خۆی پێ هێور بکاتەوە، تا خودا ئەو بەڵایەی بەسەر هێنا. گوتم حەتمەن لە نەخۆشخانەی سماشکا بەدواداچوونی بۆ دەکەم. لەگەڵ ئامینە لە پارکی نزیک ئازنەفت کەمێک پیاسەمان کرد، بەڵام هەست و هۆشم لەلای ئەو کابرایە بوو. ئامینە تیگەیشت بۆ دکتۆرێک بەدواداچوون بۆ بابەتێکی ئاوا لە هەموو شتێک لە پێشترە. تا سەعات دەی شەو هەر لەو پارکە بووین، شوێنێکی ئارام و هەوایەکی فێنک بەدەم پیاسە کردنەوە باسی زۆر شتمان کرد.
ئامینە باسی ئەو دەردوکەسەرانەی دوای هاوسەرگیری خۆی دەکرد کە مێردەکەی تێداچوو. دوای دوو مانگ لە هاوسەرینی، مێردەکەی بە رووداوی هاتوچۆ مرد. ئامینە چاوی لەسەر چاوم هەڵنەدەگرت دەیویست زیاتر کاریگەریم تێبکات. باسی ئەوەم لەگەڵ کرد کە ژن و منداڵم هەیە و باسی ئەو دەردو کوێرەوەریانەم بۆ کرد کە لە رابردوودا بەسەرم هاتبوون.
ئامینە لە وەڵامدا گوتی دکتۆری ئازیزم بەلای منەوە تۆ ئیلهام بەخشی و دەتوانی لە دەریای خەم و ئازاری رۆژگار دەرم بێنی. دەمەوێ هاودەمی تۆ بم. لەگەڵ بنەماڵەکەت دەبینە دۆست و لەگەڵ هاوسەرەکەشت لە نزیکەوە ئاشنا دەبم. هەتا دەمرم لە خزمەت ئێوەدا دەبم. زۆر شیعری ئازەری جوانی بۆ خوێندمەوە. سەعات دەی شەو خاتوو ئامینەم بردەوە ماڵەکەیان و بە دنیایەک خەم و پەژارەوە بەجێم هێشت.
نەخۆشخانەی سماشکا هێندە لە ماڵی ئامینە دوور نەبوو، چوومە ئەوێ. کاتێک پرسیارم کرد نەخۆشێکی لەوشێوەیان هێناوەتە ئێرە، گوتیان بەڵێ هێناویانەو مردووە. ئێستا لە ژوورێیەو لەگەڵ پزیشکی دادوەری توێکاری بۆ دەکرێ. بە کەڵک وەرگرتن لە کارتی پزیشکی و ئاشنایی لەگەڵ هاوپیشەکانم لەوانە دکتۆر سالایۆف چوومە شوێنی توێکاری. باڵاپۆشێکی تایبەتم لەبەرکردو چوومە سەر تەرمەکە. لەوێ چۆنیەتی رووداوەکەم بۆ گێڕانەوە کە دکتۆر سالایۆف گوتی باشبوو کە جوابت نەداوەتەوە یان پاڵت پێوەنەناوە دەنا ئەو بەڵایەت بە ملدا دەهات. ئەو کابرایە نەخۆشی

ئانۆریسمی[٧٧] هەبووە هەر لەگەڵ ئەوەی بەربۆتەوە یەکسەر مردووە. تۆ دەبێ قوربانییەک بکەی لەو بەڵایە رزگارت بووە. شوکری خودام کرد و گەڕامەوە ماڵێ.
بابەتی ئەو کابرا بەستەزمانەم بۆ خاتوو رەعنا گێڕایەوە، بەڵام نەمگوت تووشی پەرییەک بووم و ماوەیەک پێکەوە لە پارک پیاسەمان کردووە. چونکە ئەو لەڕادەبەدەر بەو بابەتانە هەستیار بوو. پەیوەندیی راستگۆیانەو دوایێپاکیم لەگەڵ خاتوو ئامینە ساڵێک درێژەی کێشا. هەرکاتێک کێشەو گرفتی ژیانمان هەبوایە پێکەوە دادەنیشتین و دەردەدڵمان دەکرد، بە نیازپاکییەوە خەمی یەکتریمان دەرەواندەوە، دڵمان پڕ دەبوو لە میهرەبانی.
شەوێک لە شەوەکان بە سواری تراموا ئامینەم دەبردەوە ماڵێ. تراموا لە بەرامبەر کۆڵانی ئەوان راوەستا، ئامینە دابەزی، نەیهێشت لەگەڵی دابەزم، بە چاوی پڕ لە خۆشەویستییەوە لەو کەوی خەرامانەم دەڕوانی کە بە شەقامدا دەڕۆیشت. دیتم کابرایەک وەدوای دەکەوێ و پێشی پێگرت، کاتێک تراموا دەڕۆیشت لەو کاتەدا وەک چەتربازێکی شارەزا خۆم هەڵدا شوکر بۆ خودا هاوسەنگیم تێک نەچوو توند لەسەر قاچم وەستام، یەکسەر بەرەو لای کابرا و ئامینە غارمداو لە دوورەوە هاوارم کرد ئامینە ئەوە هاتم. ناپیاوە هەر کە دیتی بەرەولای ئەو غاردەدەم هەڵات و وازی لە ئامینەی ئازیزم هێنا. زۆر نیگەران و پەشێو بوو هەر جنێوی بە کابرا دەدا. لە باوەشم گرت و لاواندمەوە و تا بەردەرگا لەگەڵی رۆیشتم. لەوێوە بەسواری تەکسی چوومەوە ماڵێ.
دوای ماوەیەکی زۆر ئامینە گوتی خوازبێنیم هەیە، ئایا رێگام دەدەی شوو بکەم. گوتم ئامینە گیان دەستەڵات لەبەردەستی خۆتدایە، بەڵام هەمیشە دڵم لەلای تۆیە. تۆ خاتوونێکی میهرەبان و لەبەردڵان و وەفاداری.
ئامینە کە مێردی کرد تا ساڵێک نەمدیتەوە، رۆژێک لەبەردەم کۆلێژی پلی تەکنیک راوەستابووم، یەکێک لە پشتەوە قۆڵی گرتم. کە ئاوڕم دایەوە ئامینەی میهرەبان بوو. چاوی پڕ بوون لە فرمێسک، نەیدەتوانی هیچ وشەیەک دەربڕێ، لە بانگی گریانێیدا. ئەوانەی لە دەوروبەرمان بوون هەستیان بەو هەستە بەسۆزەی ئامینە کرد. منیش بێئاگا لە هەمووشتێک لەباوەشم گرت و ناوچەوانیم ماچ کرد. لە ئەحواڵ و ژیانیم پرسی. گوتی هەموو شتێکم هەیە بێجگە لەتۆ. تاکە رووناکایی دڵی منی، ئاراوقارام

[٧٧] ئانۆریسم: دیاردەی نا ئاسایی و هەمیشەیی فراوانبوونەوەی دەماری خوێن (زۆرتر رەگەسوورە) و کۆبوونەوەی خوێن تێیدا.

نین، شەو و رۆژ خەونت پێوە دەبینم. منیش بێجگە لە فرمێسک رشتن و کەسەر هیچی دیکەم نەبوو. نیوسەعاتێک پێکەوە رازونیازمان کرد و لێک جیابووینەوە، ئیدی هەرگیز ئامینەم نەدیتەوە. کە بیرەوەریەکانیم لێرەدا نووسینەوە. ئەگەر رۆژێک ئامینە یان منداڵەکانی ئامینە ئەو بیرەوەریانە بخوێننەوە و درووود بنێرن بۆ رۆحی پاکمان.
لە نەخۆشخانەی شائۆمیان تا دکتۆر شامخال قاسمۆف بەرپرسی نەخۆشخانە بوو، هیچ کێشەیەکم نەبوو تا رادەیەکیش کارەکانم رایی بوون. پرۆفیسۆر تۆپچی باشیف کە نەشتەرگەرێکی لێهاتوو بوو، سەرێکی هەبوو هەزار سەودا. کاتێک زانی سەفەرەکەم بۆ عێراق زۆری پێچوو، هەواڵی بۆ وەزارەت و بەرسان نارد و هیچ پشتیوانییەکیشی لێ نەکردم، تەنیا سەرپێی هەواڵی دەپرسیم و تێژ تێدەپەڕی. جارجارە بەڵێنێکی دەدا، بەڵام هیچیانی جێبەجێ نەدەکردن. زۆری حەز لە ژنان بوو، پیاوێکی چاوباشقاڵ و ژنانی بوو. بەردەوام عاشق دەبوو. ژنی دێنا تا دەبوو بە خاوەنی دوو سێ منداڵ. شیعری بۆ دەگوت و پیانۆی بۆ لێدەدا. بەڵام ئەگەر ژنێکی جوانتری دەدیت، دەست و پێی خۆی وندەکرد، هێندەی بە دەورەدا دەهات و دەچوو تا سەرەنجام هاوسەرینی لەگەڵ دەکرد و ژنەکەی دیکەی واز لێدێنا و خەرجیشی دەکێشا.
لە نەخۆشخانەش کاری زۆر بوو. کیژۆڵەیەک کە تازە کۆلێژی پزیشکی تەواو کردبوو بەناوی ئایدین بیمۆڤا، چاوی چووبووە سەر. هێندەی نەمابوو کە بیکاتە بەرپرسی بەش، بەڵام لە جێگایەکی دیکە عاشقی گۆرانیبێژێک بوو بەناوی فلۆرا کەریمۆڤا، ئاخرەکەی هەر لەماڵەکەی ئەودا جەڵتە لێیداو مرد. باوکی کەیفی بە ئاکارەکانی نەدەهات، بەڵام هیچ چارەی نەبوو تاقانە کوڕی بوو، کە کەڵکی لە ناوی ئەو وەردەگرت و پێی لە بەڕەی خۆی زیاتر رادەکێشا.
لە ساڵی ١٩٤٦ بەرپرسی نەخۆشخانە گۆڕدرا، کە ژنێکی خراپ و بەدناو بوو بە ناوی عادلە حسێنۆڤا. ئەو ژنە پشت ئەستوور بوو بە دەسگای (ئێم. گ. ب) و خزمێکی نزیکی لەو دەسگا نەفرەتییە کاری دەکرد. وەزیری تەندروستی پشتیوانی دەکرد. خاتوو عادلە حەزی دەکرد پیاوانی نەخۆشخانە ماستاوی بۆ بکەن و لە بەرامبەریدا دەستی بۆ بە سینگەوە بنێن. خۆشبەختانە منیش ئەو شتانەم نەبوو. کاتێک بەلایدا تێدەپەڕیم سڵاوم دەکرد ئەویش وەڵامی نەدەدایەوە و بە ڕقەوە تەماشای دەکردم.

سەید عەلیۆف وەک ماری کوبرا بە دەوریدا هەڵدەسووڕا و پێیدا هەڵدەگوت. لە دژی پرۆفیسۆر ئیبراهیم تۆپچی باشیف هانیدەدا، هەر لەژێر ڕێنوێنی ئەو پیاوە ناپاکەدا خاتوو عادلە رقی خۆی بە هەموان دەڕشت. هێندەی دکتۆر یوسف زادەی بێچارە ئازاردا تا لە نەخۆشخانە جەڵتە لێیداو مرد، چوار کچ و ژنێکی ئەڵمانی بە هەزار مەکروناز کە لە سۆڤیەت ڕۆیشتبوون لە چاوەڕوانی باوک و مێردا بە ناکامی مانەوە. ئەو دکتۆر یوسف زادە لە جەنگی دووەمی جیهانی دیلی ئەڵمانیا بوو لەوێ ژنی هێنا بوو، لەوێڕا چوو بووە ئەمریکا و لەوێ ژیانێکی باشی هەبوو، بەڵام عەشقی بۆ نیشتیمان وای کرد بگەڕێتەوە و گرفتاری دەستی ئەو ژنە بەدکارەبێت و هەزاران ئاوات لەگەڵ خۆیدا بباتە ژێر گڵەوە.

بەرەنگاربوونەوەی دکتۆر یوسف زادە لەگەڵ عادلەی دەورە دیدەو فێڵباز تەنیا لە ڕێگای مشکانەوە بوو. دکتۆر کاتێک تووڕە دەبوو هیچ کارێکیشی لە دەست نەدەهات، کەسیش گوێی لێنەدەگرت و هیچ پشت و پەنایەکیشی نەبوو، ناچار بوو چەند مشکێک بگرێ و بیانخاتە ناو کیسەیەک و لە ژوورەکەی عادلەدا بەرەڵلایان بکات، خۆ هیچ نەبا دەیقیژاند، دکتۆریش لە قیژەی عادلە کەمێک دەروونی ئەهوەن دەبۆوە، تا گۆپاڵ بەدەستەکانی خاتوو عادلە دەگەیشتنێ لەوانە سەید عەلیۆف و رەشالی جولەکە، بە مشت و پێلاقە وەدەریان دەنان. سەرەنجام دکتۆر یوسفی تووشی جەڵتەی مێشک کردو لەناو نەخۆشەکان رووی لە عادلە کرد و گوتی تۆ منت کوشت، ئەوەی گوت و دوا هەناسەی هەڵکێشا.

کێشمەکێشی ئەو خاتوونە لەگەڵ پرۆفیسۆر گەورەتر بوو تا گەیشتەوە بەرپرسانی سەرێ. بەڵام ئەو ژنێک نەبوو مەیدانەکە بەجێبێڵێ. هەتا دەیانگوت لە ژێر کاریگەری رۆحی تاقانە کوڕەکەی پرۆفیسۆر تۆپچی باشیف، پرۆفیسۆر ئیبراهیم لە ماڵی خۆشەویستەکەی خاتوو فلۆرا لە ئەنجامی نیگەرانی و دەمبەدمەیەک لەگەڵ ئەو ژنە بەدکارە لە ژێر کاریگەری نەخۆشی دڵ لە تەمەنی چل و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

باوکی دکتۆر ئیبراهیم لەو کێشەو هەرایەی ئەو ژنە بەدکارە زۆر نیگەران و خەمبار بوو، بەڵام وەسەرخۆی نەدەهێناو کوڕەکەشی هەر لەو گێرەو کەشەیە تێدا چوو.

ئەو گێرەوکێشەیە بەهۆی دکتۆر ئەنوەر سەید عەلیۆف و محەمەد قاجاری و رەشاڵ، تیری ژەهراوییان ئاراستەی من کرد. ئەزیەتیان دەدام، تۆمەتیان بۆ هەڵدەبەستم. لە

ئێشکی شەوانە کە سەرچاوەی داهاتم بوو دووریان خستمەوە. پرسیاری بێجێیان لە نەخۆشەکانم دەکرد. لە کۆڕی پزیشکان تۆمەتیان بۆ هەڵدەبەستم، منێک کە ملم بۆ نەدەدان لەو شەڕە درۆینەدا بە دەسیسەی ژنێک کە پێشتر نەخۆشی من بوو پیلانێکیان داڕشت، ئەو نەخۆشیەکی درێژخایەنی هەبوو کە بەتەوای چارەسەر ببوو. ئەو ژنە دراوسێی عادلە بوو. ئەو ژنە نەخۆشە دەڵێ ئەو برینەی لە قاچم بوو ساڵانێک پێیەوە دەتلامەوە و هەموو پزیشکەکان نەیانتوانی چارەسەری بکەن دکتۆر قادر بە دەرمانێکی تایبەتی خۆی چارەسەری بۆ کردم و برینی قاچم چاک بووەوە، سەرەڕای ئەوەش دەرمانێکی دیکەی داومەتێ کە هەرکاتێک پێویست بوو، پێی دەرمان بکەم.

عادلە ئەو دەرمانە کە پێکهاتبوو لە فیزیۆلۆژی و ئەدرنالین و کەمێک میکرۆکرۆم بوو، لەو ژنەی وەردەگرێ بە بیانووی ئەوەی دەیەوێ کاری لەسەربکات. بەمەبەستی شوێنەونکردنی کارەکەم چەند دڵۆپە گیراوەیەکی میکرۆکرۆمی لە سەدا دووم تێکەڵی ئەو گیراوەیە دەکرد کە رەنگی پەمەیی هەڵگدەڕا، چونکە لە سۆڤیەت دەستنەدەکەوت و لە تاقیگەکانشدا نەیاندەتوانی پەی پێ ببەن. ئەو پێکهاتەش بێجگە لە گیراوەی ئادرینالین کە گیراوەیەکی دژەهەوکردنی دروستکراوی سۆڤیەت بوو گیراوەیەکی فیزیۆلۆژی، پێکهاتەی سێیەم دەهاتەوە و ماتڵ دەبوون. بۆیە عادلە لە کۆنفۆانسی گشتی دکتۆرەکان بەبێ شەرمی کاتێک دیتی ناتوانن لە رێگای زانستی و ئەزموونەوە زیانێکم پێبگەیەنن، ئەو گیراوەیەی لەگەڵ خۆی هێنابوو. لە پشت مایکرۆفۆنەوە گوتی دکتۆرێکی بەڕێز ئەو گیراوەیەی بە فلان کەس فرۆشتووە، لەگەڵ ئەوەی برینەکەشی چاک بۆتەوە، بەڵام فرۆشتنی ئاردینالین کە لە نەخۆشخانەکان بە خۆڕایی دەست دەکەوێ، یاساغەو پێچەوانەی یاساکانی پزیشکییە. ئەو جۆرە تۆمەتانە لە ناوەندە گشتییەکاندا تا ئەوکاتە وێنەی نەبووە.

سەید عەلیۆف پرسی خاتوو عادلە کێ ئەو کارەی کردووە. گوتی فلان کەس (ئاماژەی بۆ من کرد). لە رادەبەدەر نیگەران بووم. ئەو پیلانە لە مێژبوو دارێژرابوو، کە من نەمدەزانی. تەماشامکرد سەید عەلیۆف و رەشاڵ پچەپچیانە و بە ئیشارە رەزامەندی خۆیان بۆ بەرپرسی نەخۆشخانە دەردەبڕن. هەستام. گوتی کەس رێگای بە تۆ نەداوە قسەبکەی. گوتم لەوکاتەدا مۆڵەتم ناوێ. گوتم بەڵێ بە رێبەرایەتی تۆ رەشاڵ و سەید عەلیۆف گای بە کولانەیدا هەڵدەکێشن، بەڵام ورتەی لێوەنایە، سەرچەفەکان دەدزن

کەسێک ناپرسێ کێ ئەوانەی بردووە. نەخۆشان تاڵان دەکەن و کەسیش بە هانایانەوە نایەت. تۆ خۆت بە بەرپرسی نەخۆشخانە دەزانی پێت شەرم نییە درۆدەکەی؟
کۆنفرانس شڵەژا. عادلە بوورایەوە و لەهۆش خۆی چوو. رەشاڵ و سەید عەلیۆف غاریانداو ئاوی ساردیان دایەو کۆڕەکە تێکچوو. هەموویان بە دزیەوە دەستخۆشیان لێدەکردم، ئافەرین ئافەرین لە هەموولاوە دەهات. عادلە راپۆرتێکی بۆ وەزارەتی تەندروستی نووسی کە دکتۆرێکی ئێرانی سوکایەتی بە بەرپرسی نەخۆشخانەیەکی سۆڤیەت کردووە کە پانزە ساڵە لە ریزەکانی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت کاردەکات. ئێستا دەبێ چارەنووسی ئەو دکتۆرە یەکلایی بکرێتەوە. یان من دەبم، یان ئەو! منیش دەستەوەستان دانەنیشتم سکالانامەیەکم لە رێگای کاک رەحیمی قازییەوە بۆ کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان نووسی. دوای هەفتەیەک وەزارەتی تەندروستی داوای من و عادلەی کرد و نوێنەرێکی کۆمیتەی ناوەندیش ئامادەی دانیشتنەکە بوو.
عادلە دەستیکرد بە تۆمەتی ناڕەوا و قسەی هەڵلەقمەڵەق. لە کۆتاییدا گوتی وەک بەرپرسی نەخۆشخانەش حسابم بۆ ناکات. کاتێک قسەکانی تەواو بوون گوتم: یەکەم هەرکاتێک سڵاو لەو خاتوونە دەکەم وەڵامی سڵاوەکەم ناداتەوە. دووەم: ئەو خاتوونە حەزدەکا لە بەرامبەریدا کڕنۆش بەرم، ئەوەشیان نازانم. بوختانم پێدەکا تا لەناو دکتۆرەکاندا شەرمەزاربم. بە شێوازی جۆراوجۆر داوای بەرتیلم لێدەکا، کە توانای ئەوەشم نییە. راوێژکارەکانیشی سەید عەلیۆف و رەشاڵن کە تەواوی نەخۆشخانەیان تاڵان کردووە و ئەو خاتوونەش متەقی لێوەنایە. لە بەیانییەوە تا ئێوارێ ئەو خاتوونە جنێوی پیس بە خەڵک و کارمەندەکان دەدا، کە پێم شەرمە باسیان بکەم. ئەگەر پێویست بکات دەتوانم رووبەرووی ئەو سوێند بە قورئان بخۆم. ئەگەرچی ئەو باوەڕی بە قورئان نییە.
بێئاگا لەوەی نە نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی و نە وەزیری تەندروستی دکتۆر وەکیلۆف باوەڕیان پێ نەبوو. گوتم یوسف زادەش ئەو ژنە کوشتی. بەردەوام کێشەشی لەگەڵ پرۆفیسۆر تۆپچی باشیفە، کە پیاوێکی دیارو زانایەکی نیودەوڵەتییە و لە دەستانی وەزاڵە هاتووە. هەموو ئەو قسانەم راستن و بەڵگەم هەن. عادلە هیچ چارەیەکی نەما لە بەردەم وەزیر و نوێنەری حزب وام ریسوا کرد سەری نەویکردو دەستیکرد بە گریان.

ئاماژەیان بۆ کردم لە ژووریٚ بچمەدەر، دوای نیوسەعات لەو دیودەرگاوە بانگیان کردمەوە، دوای سەرکۆنەیەکی بێجێ و هەندێک ئامۆژگاری گوتیان لەگەڵ خاتوو عادلە دەبێ وەک خوشک و برا بن. گوتم تا ئەو خاتوونە گوێ لە قسەی ئەوانە بگری کاری نەخۆشخانە لەوەباشتر نابێ و رۆژ بە رۆژیش خراپتر دەبێ. بە کورتی سەرپێی ئاشت بووینەوە هێندەی نەمابوو ناچارم بکەن سەرگۆنا بێزراوەکەشی ماچ بکەم، بەڵام بە بیانوونی شەرمەوە لەو گوناهە گەورەیە خۆم لادا. بە تۆقەیەکی ساردوسر لە وەزارەت و عادلە دوور کەوتمەوە و گەڕامەوە نەخۆشخانە. لەو بارەیەوە لەگەڵ هیچ کەسێک قسەم نەکرد و خەریکی کاری خۆم بووم. مانگێک تێپەڕی خاتوو عادلە هیچ پلارێکی دیار نەبوو، تەنیا جارجار بە مۆڕەوە تەماشایەکی دەکردم و یەک دوو قسەی هەڵیت و پەڵیتی دەکرد، بەڵام وەسەرخۆم نەدەهێنا.

بەیانییەک لە کۆنفرانسی پێنج خولەکی نەخۆشخانە سەروکەللەی خاتوو عادلە دەرکەوتەوە. دکتۆر شەمیلۆف کە پزیشکێکی بێچارەو زەحمەتکێش و بە شەرم بوو. لە کوردانی هۆزی جەلالی نیشتەجێی سۆڤیەت بوو، کە لە تورکیاوە هەڵاتبوون. باڵابەرز و چوارشانەو تێکسمڕاو بوو، بەڵام کەمدوێ بوو، توانای پارێزگاریکردنی لەخۆی نەبوو. پرۆفیسۆر ئیبراهیم تۆپچی کۆنفرانسەکەی بەڕێوەدەبرد. دکتۆر شەمیلۆف باسی رووداوی شەوی رابردووی دەگێڕایەوە. شەوێکی زۆر ناخۆش و پڕ زەحمەت و چەندین نەشتەرگەرییان بەسەرکەوتوویی ئەنجامدابوو، بەڵام نەیان توانیبوو هەموو تەبەڵەکان بنووسنەوە. پرۆفیسۆر بەهۆی کاری ئەو خەتا بچکۆلەیەی کردبووی، چاوپۆشی لێکرد. بەڵام خاتوو عادلە بە دەنگێکی بەرز چەند قسەیەکی بێسەرەو بەرەی کرد. دکتۆر شەمیلۆفی بەستەزمان راوەستابوو وەکو داری بی دەلەرزی. ژنەی بەدکار لەناو هەموو دکتۆر و قوتابی ئوستادانی زانکۆ بە دەنگی بەرز گوتی ئەگەر ئێرە نەبوایە دەمزانی چیت لێدەکەم. کاتێک دیتم دەیەوێ دکتۆر محەمەد عەلی شەمیلۆف بشکێنێ و ئەویش غرەتی ئەوەی نییە لەبەرامبەری بوەستێ و هیچ قسەیەک ناکات و هەروا تەماشای ئەو دیمەنە سووکایەتیی پێکردنە دەکا، لە جێگای خۆمەوە گوتم: خاتوو عادلە ئەوە کارێکی هێندە دژوار نییە ئەگەر لێرەش ناتوانی کارێک بکەی لەگەڵ خۆت بیبەوە ژوورە چۆڵەکەت و هەرچی دەتەوێ لەگەڵی بکە.

هەموو لە قاقای پێکەنینیاندا و کۆنفرانس تێکچوو. عادلە بوورایەوە و ماستاوچییەکان کەوتنەخۆ ئاویان بۆ هێنا و وەهۆش خۆیان هێنایەوە. ڕاپۆرتێکیان ئامادەکرد کە فڵان دکتۆر لەبەرچاوی هەموان سووکایەتی بە بەرپرسی یەکێک لە نەخۆشخانەکانی سۆڤیەتی سۆسیالیستی کردووە، کە ئێمە لەوەزیاتر ئەوەمان پێ تەحەممول ناکرێ.
هەموو واژۆیان کرد بێجگە لە دکتۆر فازل ئاخوندۆف و پرۆفیسۆر ئیبراهیم تۆپچی باشیف و پرۆفیسۆر عەلیێف و دکتۆر ئالیک عەباسۆف. پیلانێکی تازەیان داڕشتبوو، گەلەکۆمەکە لە دژی من پێکهێنراو بە واژۆی ژمارەیەک پیلانەکە شێوازێکی دیکەی بەخۆوە گرت. دکتۆر قادر جەعفەرۆف کە دکتۆرێکی تا ڕادەیەک جوانچاک بوو جێگری عادلەو بە ڕاوێژکاری یاسایی ئەو ناسرابوو کە بە کەڵەگای ژمارە دووی عادلە ناسرابوو، ئاغالارۆفِ عادل کە کابرایەکی بەخۆوە بوو، کەڵەگای ژمارەیەک بوو. سەید عەلیێف و ئەوانی دیکەش کە توانای جەستەییان کەمتر بوو، کەڵەگای مامناوەند بوون. ئەوانیش بە یەکێک لە نزیکان و هاونشینانی ئەو هەژمار دەکران. خاتوو دڵشادو خاتوو مریەم ئەحمەد بزەیان دەهاتێ و لەو پارێزگاری کردنەی من لە شەملیۆفەوە دەیانگوت ئەو بەو قەدوقەڵافەتە زلەوە کە دوو بەرابەری تۆ دەبێ ئەگەر نەتوانێ پارێزگاری لە خۆی بکات ئەتۆ چ کارت پێداوە.
دوای ئەوە ئێشکگرتنی شەوانەشیان لێ وەرگرتمەوە کاریگەری کردە سەر داهاتیشم. کاتێک زانیم بارودۆخەکە زیاتر خراپ دەبێ و کەسیش نییە پشتیوانم بێت و خۆم کەسێکی غەریبەم دەبێ ڕێگاچارەیەک وەبینم. کاتێک لە نەخۆشخانە دەهاتمەدەر دیتم دکتۆر قادر جەعفەرۆف لە وێستگەی پاسەکان ڕاوەستاوەو چاوەڕوانی پاس دەکات. لێی نزیک کەوتمەوە و گوتم ناپیاو ئەوە چ کارێک بوو کردت؟ ئاخر ئێمە هاوڕێ بووین. ئێستاش لەبەرامبەر ئەو کارە ناجوامێرانەت مژدەیەکم هەیە تا بە مەعشوقەکەتی بڵێی خۆشحاڵ دەبێ و زیاتر لە باوەشت دەگرێ و ماچت دەکات. گوتی ئاخر تۆ سووکایەتیت بە بەرپرسی ئێمە کرد. گوتم چ سووکایەتییەک. ئەو بێ ئەدەبانە قسەی کرد و منیش بێ ئەدەبانە وەڵامم دایەوە تا ببێتە دەرسێک بۆ ئەو. با لەو قسانە گەڕێین مژدەی بدەیە من لەو نەخۆشخانەیە ڕاژەکەم دەگوازمەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی دیکە و بەمزوانە لەکۆڵ بەزمی ئێوە دەبمەوە. جەعفەرۆف گوتی بەڕاستیتە، گوتم ئەو قسانەچن؟ چما تا ئێستا درۆت لەمن دیوە؟ بەگیانی تۆ بەڕاستمە

تا چەند رۆژێکی دیکە خۆم بۆ نەخۆشخانەی ژمارە پێنج نەقڵ دەکەم، وەزیریش ڕەزامەندی دەربڕیوە.
جەعفەرۆف لە شوێنی خۆی دەرپەڕی یەکسەر بۆ ماڵی خاتوو عادلە غاریدا. بۆ بەیانی جەعفەرۆف هاتەلام و گوتی خاتوو عادلە دەیەوێ لەگەڵت ئاشت بێتەوە. بۆ هیچ جێگایەک مەڕۆ، ئەو ناهێڵێ بۆ هیچ نەخۆشخانەیەک خۆت نەقڵ بکەی و بەجێمانبێڵی. ئەو دەڵێ کادیرێکی ئاواباشم دەستناکەوێتەوە. من هەڵە بووم، لەوەی ڕەنجاندوومە خودا ئەو شەیتان و شۆفارانە بە نەفرەت بکا. ئینجا گوتی دەتەوێ خۆت بۆ کام نەخۆشخانە بگوازیتەوە؟ گوتم خۆ دوێنێ پێمگوتی بۆ نەخۆشخانەی ژمارە پێنج لە نزیک ماڵی خۆمان و نزیک گۆڕستانی ئەرمەنەکان، کە نەخۆشخانەیەکە تازە دروستکراوەو پێنج نهۆمە. جەعفەرۆف بزەیەکی فێڵبازانەی هاتێ دەستی لەسەر شانی دانام و گوتی پیرۆزە ئەگەر خاتوو عادلە ڕێگات بدات! تێگەیشتم کە عادلەی نارەسەن دەیەوێ کلکی تێوەردات. پێشتر ئەوەم زانیبوو کە بەرپرسی بەشی دووەمی نەشتەرگەریەکەی بیوک کیشی ئاقایۆف بوو، کە بۆخۆی لە وەزارەتی تەندروستیش کاری دەکرد. ئەوکابرا هەڵەوەڕ و پلەوپایە پەرست و ناکەس بەچە، هەرکاتێک هەستی کردبا ڕێگیریەکی لەپێشە بە هەزار فرتوفێڵ لەسەررێگای خۆی لادەبرد. بۆیە هەواڵی پێدابوو کە من کەسێکی ترسناکم بۆ ئەو و، نەخۆشخانە کەو کابرایە دەیەوی بەتەواوی دەستی بەسەردا بگرێ.
هەروەها زووتریش ماهییەتی ئەو پرۆفیسۆرە تازە بەسەرداکەوتووە ئاگادار بووم، کە دەتگوت ماری کوڵەوەیبابە. ئەو کوڕە جوتیارێک بوو، باوکی کارمەندی فەرمانگەی کارەبا بوو لە گوندی سابیرئاوا. ئەو کابرایە پێشتر لە نەخۆشخانە وەکو پزیشکی بێهۆشی ئیشکگر بوو. چەندجارێک لە نەخۆشخانەی شائۆمیان دیتبووم. عادلە هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەو کابرایەی دەزانی. هەرکە زانی دەچمە نەخۆشخانەی ژمارە پێنج و ئەو کابرایەش بەرپرسی ئەوێیە، بە تەلەفۆن ئەوەندەی توانیبووی باسی خراپەی منی کردبوو. هەروەها هۆشداریشی دابۆیە ئەگەر من پێم بکەوێتە بەشی نەشتەرگەری ئەو نەخۆشخانەیە، بارودۆخی نەخۆشخانەکە دەشێوێ. ئەو پرۆفیسۆرە دەیویست ماستاوچییە بێنرخەکان وەربگرێ، کە ناکا دروویەک لە قاچی هەڵچێ.

بەرپرسی ئەو نەخۆشخانە تازەیە دکتۆر محەمەدی تارزەنی بەناوبانگ بوو، کە تەنیا دبلۆمی پزیشکی وەرگرتبوو. هەرگیز کاری دکتۆریشی نەکردبوو، لافی نەشتەرگەریشی لێدەدا. عادلە پێیگوتبوو خۆ لە من بپارێزێ و نەهێڵێ بچمە نەخۆشخانەکەی. ئەو کاک محەمەدۆفە کە لە ئاهەنگێک مۆسیقا لێدەدا و وەزیری تەندروستیش لەوێ ئامادە دەبێت، کەیفی بە مۆسیقاکەی دێت و لە پاداشتدا وەکو پادشایانی قەدیم، دەیکاتە بەرپرسی نەخۆشخانە پێنج سەد قەرەوێڵەکە.
دوای ماوەیەک هەستمکرد کاری گواستنەوەکەم وەدرەنگ کەوتووە و هەر ئەمڕۆ و سبەم پێدەکەن، زۆر نیگەران بووم. تا ئەوەبوو رۆژێک پرۆفیسۆر ئاقایۆف لەدوای ناردم، تاکو بچمە وەزارەت و لە نزیکەوە قسەی لەگەڵ بکەم. رۆژی دیاریکراو سەعات چواری دوانیوەڕۆ چوومە وەزارەتی تەندروستی و چوومە ژووری ئەو پرۆفیسۆرە لووت بەرزە. دوای سڵاوێکی ساردوسڕ پرسی بۆ دەتەوێ بگوازیتەوە. گوتم ئەو نەخۆشخانە تازەیە لە ماڵەکەم نزیکە و بیستوومە جەنابتان کەسێکی باش و پرۆفیسۆرێکی داناو لێهاتوون، دەمەوێ لەژێر سایەی جەنابتان شتێک فێربم و توێشووی سەفەرم بۆ نیشتیمان پڕ زانیاریتر بکەم. گوتی باشە تۆ لەلای پرۆفیسۆر تۆپچی باشیفی، ئەو ئوستادی هەموومانە، دەی پێمبڵێ دەزانی چ جۆرە نەشتەرگەرییەک بکەی. گوتم هەر لە تۆقی سەرەوە هەتا نینۆک، بۆ من جیاوازی نییە. نەشتەرگەری گەدە یان کیسەی زەردواو یان نەشتەرگەری فتق... دەتوانی دوایی کارەکانم ببینی تا بزانی نەشتەرگەرێکی باشم یان نا.
پرۆفیسۆر ئاقایۆف کەمێک شانی هەڵتەکاندو بە قەڵەمەکەی شتێکی یادداشت کرد و ئەو نامەیەی بە دەستیەوە بوو نیشانیدام و گوتی سکاڵایان زۆر لەسەرت هەیە. دەڵێن ئاژاوەگێڕی. پێکەنیم و گوتم نا جەنابی پرۆفیسۆر من راستگۆم و دژی ماستاوچێتی و درزیم، ئەو قسە گاڵتەجاڕیانە لە مێشکی عادلەو هاوشێوەکانیەوە هاتوتەدەر. ئەگەر لەنگییەک لە گواستنەوەم رووبدا دەچم بۆ مۆسکۆ و سکاڵاکەم دەبەمە لای کاربەدەستە باڵاکان. ئەو قسەیەم تا ڕادەیەک پرۆفیسۆری پلەوپایە پەرستی هێنایەوە سەرخۆ، زانی دەست لە مافی خۆم هەڵناگرم و تا شوێنی خۆی وەدوای دەکەوم. بەبێ وەڵام لەلای پرۆفیسۆر وەدەرکەوتم.
بەیانی چوومەوە نەخۆشخانەی شائۆمیان دیتم دکتۆر جەعفەرۆف بەدوامدا دەگەڕێ. بەخۆشی و ناخۆشی بردمیە لای عادلە. ئەو ژنە فێڵبازە بە قەلافەت و بزەیەکی

دەستکرد گلەیی لێکردم، کە ئەوەندەی دەمویست لێت نزیک بکەومەوە تۆ زیاتر دوور دەکەوتیەوە. پیرۆزبایی جەژنی نەورۆزم بۆ ناردی وەڵامت نەدامەوە. تۆ هیچ گرنگیەکت بە من نەدەدا و پاڵت وە ئیبراهیم تۆپچیەوە دابوو. ئەگەر تۆ ببیتە هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی دەتکەمە جێگری خۆم. لە وەڵامدا گوتم، نا خاتوو عادلە سوپاسی لوتفی بەڕێزتان دەکەم، ئیدی بەسە و وازم لێبێنە. هیچ پێویستم بە تۆ نییە و دەستم لێهەڵگرە. من بۆ جێگایەکی دیکە دەچم، تۆ لەبیر دەکەم و هەموو کارەخراپەکانیشت فەرامۆش دەکەم. توخودا وازم لێبێنە. لە هەموو شتێک و لە هەموو کەس بێزارم.

عادلە گوتی بەڵێنم پێدەدەی بە خراپە باسم نەکەی. گوتم هیچ کارێکم بە تۆ نییە، ئەوە تۆی دەستم لێهەڵناگری. تۆ پشتت قایمە ئەگەر شتێکیش بڵێم بێسوودە. ماسی لە سەرێرا بۆگەن دەکا. دوای ئەو گلەیی و رازونیازانە فەرمانی نەقڵەکەمی دەرکرد و دۆسیەی دەورانی خزمەتمی هێشتەوە. دەیویست بپاڕێمەوە تا دۆسیەکەم بداتەوە. کاتێک دیتی لەبەری ناپاڕێمەوە و خەریکی رۆیشتن بووم بە جەعفەرۆفم گوت ئەگەر تا نیوەڕۆ دۆسیەی کارەکەم نەداتەوە ئەوە من دەزانم و خاتوو عادلەش، ئیدی گلەیی نەکا خراپەی دەرهەق دەکەم. هەموو نهێنیەکانی ئاشکرا دەکەم. ئەوەم گوت و بە پلیکانەکاندا هاتمەخوار. دوای نیوسەعات دکتۆر جەعفەرۆف دۆسیەی کارەکەی بۆ هێنام. خواحافیزیم لە هاوڕێ و ئاشنایان کرد، هەندێکیان خەمگین بوون و هەندێکیش دڵخۆش بوون، بەڵام دڵم هەر لەو نەخۆشخانەیە بەجێما زۆر شتی لێوەفێربووم و یادەوەری تاڵ و شیرینم لێی هەبوو.

ئەوەی لەوێ دیتم و لێی فیربووم ئیدی هەرگیز نەمدیتەوە و نەگەیشتنەوە ئەو ناوەندە گەورەی پڕ لە زانست و نەشتەرگەری.

بۆ بەیانی بە فەرمانی گواستنەوە چوومە نەخۆشخانەی ژمارە پێنج و ژووری محەمەدۆفی تارزەنی بەرپرسی نەخۆشخانە و خۆم پێناساند. ئەویش وەک ئەکتەرەکان توڕەبوو گوتی ناهێڵم هیچ کەسێک بەبێ مۆڵەتی من پێ بخاتە ناو ئەو نەخۆشخانەیەوە. منیش ملم نەدا. بابەتی بوونە بەرپرسی ئەو کابرا تارزەنەی کە بۆیان باسکردبووم، لەو چرکە ساتەدا وەک پەردەی سینەما هاتنەوە بەرچاوم. دەڵێن ئەو کابرا تارزەنە لە ئاهەنگێکی شادی دەبێ و لەوکاتەشدا وەزیری تەندروستی بەڕێز وەلیۆفیش ئامادە دەبێت. کاتێک کەللەی گەرم دەبێ و کاکی تارژەنیش تارێکی ناوازەی

بۆ دەژنێ، وەزیر دەڵێ محەمەدۆف هەرچی دەتەوێ بیڵێ تا بۆت بکەم. ئەویش دەڵێ ئەو نەخۆشخانەی ژمارە پێنجە کە لە نزیک گۆڕستانی ئەرمەنەکانە بمکە بە بەڕێوەبەری جا بزانە دەیکەمە چ نەخۆشخانەیەکی نموونەیی. وەلیۆف دەڵێ ئاخر ئەتۆ هیچ شارەزاییەکت نییە. هەر لەوکۆڕەدا بەڕێز وەزیری تەندروستی بەڵێن دەدات بەرپرسیاریێتی ئەو نەخۆشخانە بداتە کابرایەکی نەزان و کۆلکەخوێندەوار لە بواری پزیشکیدا.

ئێستا محەمەدۆف کە بەو پلەیە گەیشتووە پێیوایە ئێرە ماڵی بابیەتی. بەکورتی دوای شەش حەوت رۆژ وەرەو برۆ فەرمانی گواستنەوەم لەسەرەوە دەدەن. سەرەنجام هەردووک پرۆفیسۆر و محەمەدۆفی بەرپرسی نەخۆشخانە رازی دەبن. بەڵام بە چاوێکی بێگانە لێم دەڕوانن. هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشاو گوتم خودایە شوکرو هەزار جار شوکر لە فێڵ و تەڵەکەی عادلە و پیلانی سەید عەلیۆف و رەشاڵ رزگارم بوو.

چەند بیرەوەری دیکە لە نەخۆشخانەی شائۆمیان

هەر ساڵی یەکەم کە چوومە نەخۆشخانەی شائۆمیان، خستیانمە ژێردەستی دکتۆر رامز سلایف نەشتەرگەری ئۆرۆلۆژی (میزەڕۆ). ئەو باشترین دکتۆر بوو بیست ساڵ بوو لەوبوارەدا خزمەتی دەکرد. من چوومە بەردەست ئەو دکتۆرە تا شێوازی نەخۆشی و چۆنیەتی چارەسەر و نەشتەرگەری هەر لە بچووکەوە تا گەورەم فێربکات. ئەو کابرایە کەسێکی لە خۆبایی بوو کارە بچووکەکانی گەورە نیشاندەدا. بۆ ئەوەی کەسانی دیکە قەناعەت پێبێنی بەردەوام تورە دەبوو، هاواری دەکردو هەڵدەچوو. کەسی خۆش نەدەویست لە ناخی خۆیدا لەگەڵ هەمووان دوژمن بوو. بەخراپە باسی هەمووانی دەکرد چەند مانگێک کە پێکەوە هاوکار بووین، ئەوانی دیکە هەموو لێم درِدۆنگ بوون. هەر کارێکی دەمکرد زۆر بە پارێزەوە ئەنجامم دەدا.
دکتۆر سالایف یەکەم نەشتەرگەری هیدرۆسلە (دەرهێنانی ئاوی کۆوەبوو لە گونی پیاوان)ی فێرکردم. ئەو نەشتەرگەرییە تاڕەدەیەک سادەو بێ مەترسی بوو. لەبەرئەوەی هیچ جۆرە نەشتەرگەرییەک ناتوانی بڵێی سەداسەد بێ مەترسییە. هەربۆیە نەشتەرگەری گەنج لە سۆڤیەتدا نەدەبوو زۆر بە پارێزەوە کاری نەشتەرگەری بکا، هۆکاری سەرنەکەوتنی نەشتەرگەری گەنج دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی و بێ بڕوابوونی و هەتا ئەوانەی لە دەوروبەریشدان وەک بێ توانایی و لێهاتوویی تەماشای دەکەن.
یەکەم کاری نەشتەرگەری گەورەم لەسەر گەدەی جەلیل حسێنۆف ئەنجامدا. پرۆفیسۆر ئیبراهیم تۆپچی باشیف و مەعشوقەکەی نەخۆشخانەی دکتۆر ئایدین بیکۆڤا یارمەتیدەرم بوون، کارەکەش سەرکەوتوو بوو. بەڵام برینی نەخۆشەکە لە ناوەوە تووشی هەوکردن بوو، بۆ چەند رۆژێک حاڵی نەخۆش تێکچوو دەرِشایەوەو

تای لێبوو. سەید عەلیێوف دەستیکرد بە دەنگۆی نابەجێ و تۆمەتی ناڕەوا. لەکاتێکدا ئەو کابرایە لە کۆڕی تایبەتدا باسی کارە سەرکەوتووەکانی دەکردم.

دوای خاوێنکردنەوەی برینەکە نەخۆشەکە حاڵی بەرەوباشبوون چوو. بڕیاربوو دوای دە ڕۆژ مانەوە نەخۆشەکە بنێردرێتەوە ماڵ. کاک جەلیل کابرایەکی زەحمەتکێش و شەرم بەخۆ بوو، لە گەرماوی گشتی کاری دەکرد بیستبوویەوە ژنەکەی سەرەڕای ئەوەی چوار منداڵی هەبوون خیانەتی پێدەکا و لەگەڵ ئەملاوئەولا دەستی تێکەڵ کردووە. بە دزی لە نەخۆشخانەوە دەچێتەوە ماڵێ، تەماشادەکا ژنەکەی لە ماڵ نییە. ماوەیەک چاوەڕێ دەکا بەڵام هەر ناگەڕێتەوە. بۆیە بە ناچاری بە سواری تراموا دەگەڕێتەوە نەخۆشخانە. لە ڕێگا کە تراموا بەخێرایی دەڕوات، ژنەکەی دەبینێ قۆڵی لە قۆڵی کابرایەکی غەریبە ناوەو بێ ترس وەک ژن و مێرد بە ڕێگادا دەڕۆن. ئەو دیمەنە ناخ هەژێنە وا لە جەلیل دەکەن لە ترامواکەوە خۆی فڕێداتە سەر شەقامەکە. کابرای تازە نەشتەرگەری بۆکراو دەکەوێتە سەرعەردی و برینەکەی دەکرێتەوە و بەو حاڵە پەرێشانەوە دیسان دەیهێننەوە بۆ نەخۆشخانە.

ئەو حاڵەتەو لەوکاتە هەستیارو پڕ لە قسەوقسەڵۆکی بێجێ، لە هەمووولاوە تەماشای منیان دەکرد. جەلیل بیست ڕۆژی دیکەش لە نەخۆشخانە مایەوە و نەشتەرگەری تازەی بۆ کرا. ئەو جارە شەو و ڕۆژ ئاگام لێبوو، تا ڕۆژی دەرکردنی لە نەخۆشخانە، یەکسەر خۆی بەسەر پێڵاوەکانمدا داو ماچی کردن. جنێوی بە یەک دوو کەس دەدا کە لەوێ بوون و قسەیان بە من دەگوت.

جەلیل پیاوێکی بە غیرەت و نمەکناس بوو. بەردەوام سەردانی دەکردم و سوپاسگوزاری دەردەبڕی. ژنە هەرزەکەی تەڵاقدا و سەرپەرشتی منداڵەکانی دەکرد. لە ساڵانی یەکەم هەموو دکتۆرەکانم هەڵسەنگاندبوون کەسایەتی هەموویانم دەناسی تا وەرگرتنی پلەی پسپۆڕی کە لە سۆڤیەتدا بە پلەی مومتاز و یەکەم و دووەم دابەش دەکران لەژێر دەستی نەشتەرگەری ژمارەیەک یان ئێشکگری شەوانە لە بەشی فریاگوزاری کارم دەکرد، هەر نەشتەرگەرییەک سەرۆکی ئێشکگر دیاری کردبا و هەر نەشتەرگەرێک حەزی لێ بوایە، کاری نەشتەرگەریەکە پەیوەستی بە لێهاتوویی ئەو نەشتەرگەرەوە بوو کە پێی دەسپێردرێ. دابەشکردنی نەخۆشانی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەکانی سۆڤیەت پلەبەندی دەکرێن. ئەوانەی دەوڵەمەندن و پارەیان هەیە سەرۆکی ئێشکگر پێشتر کارەکەی لەگەڵ خۆی یان لەگەڵ کەسوکاری یەکلایی

دەکاتەوە. دوای ئەوەی پارەکەی خۆی وەردەگرێ دەیبەنە بەشی نەشتەرگەری و نەشتەرگەریەکەی بۆ دەکرێ. زۆرجاران ئەوەم دیتووە کە نەشتەرگەری بۆ ئەو نەخۆشە پێویست نەبوەوە، بەڵام لە بەرئەوەی پێشتر پارەکەیان لێوەرگرتووە، لە خۆڕا نەشتەرگەرییان بۆ کردووە. ئەو جۆرەکارانە زۆر ئازاریان دەدام. بەڵام هیچ چارەیەکم نەبوو، زۆربەی هەرەزۆریان لەو بابەتانە بوون. زۆربەی نەشتەرگەریەکان بە ناهەق دەکران.

رۆژێکی پشووی کۆتایی مانگی جۆزەردانی ١٩٦٤ لە نەخۆشخانەی شائۆمیان ئێشکگر بووم. لەکاتی بەسەرکردنەوەی نەخۆشانی دوای نەشتەرگەری، لە ژووری دوای نەشتەرگەری کردن چاوم بە نەخۆشێکی ئەرمەنی کەوت بەناوی ساشا ئاکوپیان، کە بارودۆخی زۆر خراپ بوو. ئەوەی دەیخوارد لە کەلەکەی راستی و لە جێگای نەشتەرگەریەکەی دەهاتەوە دەر. چوومەلای و لێم پرسی کێ نەشتەرگەری بۆ کردووی؟ گوتی پڕۆفیسۆر عەلیۆف عەبدولڕەحیم کە یەکێک لە پڕۆفیسۆرە زانا کان بوو، هەروەها نەشتەرگەرێکی باشیش بوو. پرسیم ئەدی دکتۆری چارەسەرت کێیە؟ گوتی دکتۆر ساری بەدلف. تەماشامکرد نەخۆشەکە حاڵی زۆر خراپە پێستەکەی ناسۆری هەڵێناوە و دوای نەشتەرگەری گەدەی بۆتە برین و بەهۆی دەڵینی زۆر و شلەی گەدە زەرداو و کولانەوەی برینەکە ئازارێکی زۆر بە نەخۆش دەگەیەنێ، بەستەزمانە لە برسان و لە خوران و سووتانەوە هەرگینگڵان دەدا و بەدەنگێکی خەمناک دەڵێ فریام کەون.

نەخۆشەکە دەیگوت دکتۆر بەدلف گوتوویەتی بمبەنەوە ماڵێ و لەوێ چاودێریت دەکەم. ئەرێ توخوا ئەوە وێژدانە، لێرە نەشتەرگەریم بۆ کراوە، بەپێی خۆم هاتووم دەیانگوت دوازدە گرێتە، رازیبووم نەشتەرگەریم بۆ بکەن دوای سێ رۆژان کە دەستم کرد بە خواردنەوەی ئاو و شلەمەنی برینەکەم هەوی کرد، تایەکەم چووە سەرێ کاتێک چەند تەقەڵێکیان دەرهێنا دیتیان ئەوەی دەیخۆم لەوێڕا دیتەوە دەرێ. ئێستاش دەبێ بۆ مردن بچمەوە ماڵێ. ئەی دادو بێداد، ئەوە کەسێک نییە فریام کەوێ. نەخۆشەکە دوای ئەو قسانە دەستیکرد بە گریان. دڵم دایەوە داوام لە پەرستارەکە کرد تەبەڵەکەیم بۆ بێنێ. تەماشامکرد لە خوارێ نووسراوە نەخۆش لەسەر خواستی خۆی داوای چوونەوەی ماڵ دەکات، هەروەها ئەوەش نووسرابوو هێندە ناژیت.

بەوردی کەوتمە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نەخۆش و جۆرو چارەسەری نەخۆشیەکەم دیتەوە. کە بەهۆی گوێ پێنەدانی دکتۆرەکەی بەبێ ئاگاییەوە بووەو نەخۆشیەکەی نەدیتۆتەوە. بەوپەڕی دڵنیایی بە مێردی خوشکەکەی ساشام گوت کە کابرایەکی ئەرمەنی دنیادیدەو تێگەیشتووبوو، پێشنیارم کرد کە داوا لە دکتۆری چارەسەرو ئەو پرۆفیسۆرەی کە نەشتەرگەرییەکەی بۆ کردووە، تکای لێبکەن کە ئەو نەخۆشە ببەنە لای دکتۆرێکی هەوکردن. ئەگەر گوتی کێت دەوێ ناوی چەند دکتۆرێک بێنە لەوانە ناوی من بۆ ئەوەی هیچ گومانێک نەکەن. ئێنجا پێداگری لەسەر ئەوە بکە نەخۆشەکە بهێننە لای من، رەنگە پرۆفیسۆریش ناڕازی نەبێ، لەبەر ئەوەی ساشای نەخۆش وەک دەڵێن هەر دەمرێ جا چ جیاوازیەکی هەیە چ کەسێک لەسەر تەبەڵەکەی دەنووسێ مردووە. لەبەرئەوەی هیوایان بە چاکبوونەوەی نەمابوو. مێردی خوشکەکەی ساشا ناوی زائۆر بوو پیاوێکی چل و پێنج ساڵەی بەخۆوە و میواندۆست بوو، لە ناو ئەرمەنەکان رێزێکی زۆری لێدەگیرا.

کاتێک ئەوەیان بیست و پێشتریش پێیان گوتبوو کە چارەسەرکردنی ساشیا دەدرێتە من، زۆر خۆشحاڵ بوو. دکتۆر بەدلف بە پلارەوە گوتی تەبەڵەکەی نەخۆش ئامادەبکە ساشا حەتمەن دەمرێ. بە بزەیەکەوە گوتم لێگەڕێ با نەخۆشەکە نیگەران نەبێ. مردن و زیندوو بوونی بە دەستی خودایە. من هەوڵی خۆم دەدەم پەنا بە خودا. دەستم کرد بە چارەسەرکردنی ساشا پێش هەموو شتێک شێوازی دانیشتن و ئێنجا دەرمانکردنەکەیم بە جۆریک کرد کە ئەوانی لەوێ بوون بەلایانەوە سادەو بێ ئەنجام بوو. دەلانەکە لە رۆژی سێیەمدا وشک بوو. برینەکانیشی دوای پێنج شەش رۆژ وشک بوون و تەڕاییان نەما.

نەخۆش دەستیکرد بە رۆیشتن و پێکەنین و خواردن و نوکتەگێڕانەوە، لەگەڵ هەموان قسەی خۆشی دەکرد و دەیگوت کفنی بەدلیفم دڕیوە. لەناو نەخۆشەکاندا بووبە هەڵڵا. لەناو نەخۆشخانەدا بوو بە دەنگۆ دەیانگوت دکتۆر قادر موجیزە دەخوڵقێنێ. پرۆفیسۆر عەلیۆف و پزیشکەکانی دیکەش چۆنیەتی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەیان لێدەپرسیم، بەلام دەرکی حەقیقەت و تێگەیشتنی ئەم نهێنیە هەر بە شاردراوەیی مایەوە. لەبەرئەوەی ئەوان هێندە لەخۆڕازی و روح زل بوون حەقیقەت بەرچاوی تاریک کردبوون تا بیانەوێ شت لە کەسانی دیکەوە فێربن.

دوای مانگێک نەخۆشێکی دیکەیان هێنا بەناوی خاتوو زەینەب حسێنۆف ئەویش دووچاری هەمان نەخۆشی ببوو. پرۆفیسۆر ئیبراهیم توپچی نەشتەرگەریەکەی بۆ کردبوو. کیسەی زەرداوی دەرهێنابوو لە نێوان ڕیخۆڵەی زەرداو و دوازدەگرێ پێکەوەی بەستبوونەوە، پێکەوە نەلکێنرابوونەوەو تەقەڵەکان هەڵوەشابوونەوە. نەخۆشیان تووشی حاڵەتێکی ترسناک کردبوو. ئەو نەخۆشە دوای ئەوەی حاڵی پەرێشانتر دەبێ، پرۆفیسۆر بۆخۆی چارەسەرکردنەکەی بە من سپاردو گوتی دکتۆر گیان، ئەوە خاتوو زەینەبە بزانم چ کارێکی بۆ دەکەی بۆ ئەوەی لەناو خەڵکی بزۆنیا شەرمەزار نەبم و لە هەیبەتم کەم نەبێتەوە.
چارەسەرم بۆ ئەو خاتوونەش کردو دوای چەند ڕۆژێک برینەکەی قەتماغەی بەست و لە مردن ڕزگاری بوو، ژنە شەو و ڕۆژ نزای بۆ من و ماڵ و منداڵم دەکرد. پرۆفیسۆر دەیویست سرِی ئەو کارە بزانێ بەڵام سەرقاڵی زۆر و خۆ بەگەورەزانینی بەرچاوی تاریک کردبوو. ئەو کارە دەگمەنانە بۆ عادلەو سەید عەلیۆف و تێکڕای بەرچاوتەنگەکان شتێکی بێنرخ بوو، لەگەڵ ئەوەی کارێکی گەورە بوون، بەڵام چاویان پێ هەڵنەدەهات و ئەو پەسنەی دەیانبیستەوە خۆیان لێ کەڕ دەکرد.
لە هاوینی هەمان ساڵ نامەیەکم لە دەسگای (ئێم. گ. ب)وە بۆهات. داواکردن لەو دەسگا ترسناکە جێگەی نیگەرانی بوو. لەگەڵ خاتوو ڕەعنا پرسوڕاوێژم کرد. خاتوو ڕەعنا بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە لە خودا دەپاڕایەوە بێ بەڵابم. بۆ ئەو مەبەستە خاتوو فاتمەی جیرانیشمان تێگەیاند. لەکاتی دیاریکراودا چوومە ئیدارەی پۆلیسی نهێنی سۆڤیەت، لەو جێگایەی کە هەشت مانگ تێیدا زیندانی بووم، بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ ڕۆیشتم. لێکدا لێکدا دوعام دەخوێند. لە شوێنی چاوەڕوانی لەسەرپێیان ڕاوەستام. دوای نیوسەعات لە ژوورەکەی تەنیشتم بانگیان کردم. نەقیبێکی باڵابەرزی قژڕەش و سمێڵ بابڕ لەپشت مێزێک دانیشتبوو، بە قەڵافەتێکی وشک و سارد وەڵامی سڵاوەکەی دامەوەو ئاژمەی کرد دابنیشم. کاتێک لەسەر کورسییەکی دار دانیشتم، پرسی محەمەد ئەمینی تورابی دەناسی؟ گوتم نا. وێنەیەکی لە دۆسیەیەک دەرهێنا، ئەوەندەی تەماشامکرد نەمتوانی بیناسم. خاوەنی وێنەکە کەسێکی داڵەگۆشتی بێ برۆ و، چاو بەقوڵداچوو ترسناک. گوتم هەرگیز خاوەنی ئەو وێنەیەم نەدیووە. ئەفسەری لێکۆڵەر گوتی برایەکی هەیە لە قوبا بەناوی حەمەد مەولوودیان. ئەوسا تێگەیشتم کە ئەو هەمان محەمەد ئەمینی کوڕی مەلوودیە، کە بیستبووم لە سەرسنووری عێراق

کەوتۆتە دەست هێزە ئەمنیەکانی ڕژێمی شاهەنشاهی و هێندەیان ئەشکەنجە کردووە تا شێت بووە.
گوتم ئەگەر ئەوە هەمان محەمەد ئەمین بێت کە مێشکی تێکچووەو شێت بووە، ئەویش بەهۆی ئەشکەنجەدانی ڕێکخراوی ساواک و بەرپرسانی شاهەنشاهیَ خۆی ڕانەگرتووەو ئاوەزی تێکچووە. هاوڕێ نەقیب بە زمانی ئازەری و ڕووسی گوتی نا دکتۆر لە زیندانی پەسخۆلۆژ پشکنینیان بۆ کردووە و نووسیویانە ساغ و سەلامەتە و لەناو ئەو کەسانەی ناوی هێناون کە دەیناسن، ناوی تۆش بووەو دەڵێ تۆ دەیناسی.
گوتم هاوڕێ ئەوە کابرایەکی بێ زیان و بەدبەختە لە هەموو لاوە ڕەتێنراوە، نە لە عێراق و نە لە ئێران جێگایەک نەبووە تێیدا بژی پەنای بۆ یەکیەتی سۆڤیەت هێناوە. بۆیە شایانی ئەوەیە لە بەرەکەتی سۆسیالیستی بەهرەمەند بێت و بینرنە لای حەمەدی مەلوودیانی برای کە لە قووبایە، تا پێکەوە ژیانێکی باشیان هەبێت. دوای ئەو پرسیار و وەڵامانە مۆڵەتیدام بگەڕێمەوە ماڵێ. دوای مانگێک لە دەرگای ماڵییاندا، دیتم هەمان حەمەدەمینە لە بارودۆخێکی نالەباردا بوو، جلکەکانی هەموو شڕ و چڵکن بوون. یەکسەر ناردمە گەرماو، دەستێک کۆت و شەرواڵی تازەو کڵاو شاپۆیەک و پێڵاوی تازەو چاویلکەو بۆینباخ و سەعاتێکی دەستیم دایە، لەگەڵ کامێرایەک. بەکورتی ئەوەی بۆ کەسێکی زگورتی پێویست بوو دامێ و هەندێک پارەشم دایە. دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە ماڵێ چووەلای کاک ڕەحیمی قازی ئەویش لەلایەن فیرقەی دیموکراتەوە هەندێک هاوکاری باشی بۆ هێنا.
کاک عەشق خانی برای ئارام ئەرمەنی کە گەراجی هەبوو پیاوێکی ناوداری میاندواوی بوو، پێشنیاری کرد کە دەیباتە لای خۆی و دەیکاتە باخەوان و مانگانە پەنجا ڕۆبڵی دەداتێ و خەرجی خواردنیشی دەکێشێ، هەتا ئەگەر حەزبکات ژنیشی بۆدێنێ و دەشینێرێتە قوتابخانەی شەوانە. عیشق خان چاکەی زۆری لەگەڵ حەمەدەمین کرد. حەمەدەمین بەردەوام سەردانی براکەی دەکرد و دوای دەمبەدمەیەکی برایانە، دەگەڕایەوە باکۆ و جنێوی بە هەموو ئۆرگانەکان دەدا. دوای ئامۆژگاری کەسانی دەوروبەری دیسان دەگەڕایەوە لای عیشق خان و دەچووەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆی. کێشە و هەرای حەمەدەمین لەگەڵ هەموان ببووە وێردی سەرزمانان.
عیشق خان تاپڕێکیشی دابووە حەمەدەمین تا شەوانە بۆ پارێزگاری کردن لەخۆی پێی بێت، لە ترسی هێرشی گورگ و چەقەڵان کەڵکی لێوەربگرێ.

ڕۆژێک ئەو کاک حەمەدەمینە لەگەڵ کابرایەکی ئازەری دەبێتە دەمەقاڵەیان و پەلاماری دەدا و لەدواوەڕا تاپڕێکی پێوەدەنێ و دەبێتە هاتوهاوار کە حەمەدەمین ئەو کابرا بەستەزمانەی کوشتووە. حەمەدەمین فیزماڵکی دەداتێ و هەڵدێ. شەوێ دەچێتە ماڵی عەلی گەلاوێژ، لە دەرگا دەداو لەبەردەرگا بە عەلی گەلاوێژ دەڵێ پیاوێکم کوشتووە و خۆم لە ماڵێ هاویشتووی. کاک عەلی کە بۆخۆی زۆرباش لە بارودۆخی سۆڤیەت شارەزابوو، هەروەها ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی ئازەربایجان بوو، دەڵێ کاک حەمەدەمین چما ئێرە کوردستانە هەرکەسێک بکوژی و خۆت لە ماڵی شێخ و ئاغایەک باوێی و پەنات بدەن، چما نازانی ئێرە وەلاتی یەکیەتی سۆڤیەتە و کەڵ بە موو بەندە. بۆیە بە حەمەدەمین دەڵێ دانیشە تا کارەکەت بۆ رایی بکەم. حەمەدەمین لە ماڵی کاک عەلی دادەنیشێ تا دەرگای ئومێدێکی لێ دەکرێتەووە. کاک عەلی بە تەلەفۆن فەرمانگەی پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە حەمەدەمینی هەلاتوو دوای چەند ساتێک دەکەوێتە دەست پۆلیس.

دوای ماوەیەک زیندانی بە پێنج ساڵ کاری زۆرەملێ رەوانەی ئۆردووگاکانی سیبریا دەکرێ. حەمەدەمین لەوێش بەهۆی دەمشڕی و شەڕ و هەرا لەگەڵ زیندانییەکان زۆری تێهەڵدەدرێ و ماوەی زیندانی کردنەکەشی درێژ دەکرێتەوە. تا بەڕێکەوت لە ئۆردووگایەک لەگەڵ دکتۆر شەڵماشی یەک دەگرنەوە، کە ئەویش لەوێ زیندانی بوو. دکتۆر مستەفا کاتێک کارە سەیروسەمەرە و ناڕەواکانی دەبینێ ئامۆژگاری دەکاو ڕێگای راستی نیشاندەدا، ئیدی حەمەدەمین توڕەدەبێ و دەکەوێتە وێزەی گیانی دکتۆر مستەفاو لێیدەدا، ئیدی خەڵکەکە لە دەستانی دەردێنن و دکتۆری لێ دوور دەخەنەوە.

حەمەدەمین پێش ئەوەی بچێتە زیندان کە بەردەوام لەگەڵ براکەی شەڕ و هەرایان بوو، دەیگوت «کاکە ئەمن هاتووم خزمەتت بکەم.» کاک حەمەدی مەولوودیانیش دەیگوت خودا لەکۆڵت کاتەوە. ئەمن لە دەستی تۆ لە عێراقەوە هەلاتم بۆ سۆڤیەت، ئێستا نازانم بۆکوێ هەڵێم.»

حەمەدەمین چەند جارێک هەوڵی هەلاتنی دابوو، هەموو جارەکان بەیانگرتەوەو زیندانیەکەی زیاتر دەبوو. تا لە کۆتاییدا رژێمی سۆسیالیستی هەڵوەشایەوەو یەکیەتی سۆڤیەت لەبەریەک هەڵوەشاو سنوورە ئاسنینەکان کرانەوە، حەمەدەمینیش توانی بگەڕێتەوە ئێران و لە نزیک بەنداوی مەهاباد کەوێلێکی هەژارانە پێکەوەبنێ.

حەمەدەمین کە گەڕایەوە لەگەڵ خزمەکانیشی نەدەسازاو بەردەوام شەڕو هەرای بوو لەگەڵیان.
دوای ئەوەی لە کۆلێژی پزیشکی وەرگیرام زۆربەی کاتەکانم لە پارک بەسەر دەبرد و لەوێ خەریکی خوێندنەوەو سەعیکردن بووم. لەبەرئەوەی کەناری دەریای خەزەر شوێنێکی ئارام و پڕ بیرەوەری بوو، ئاو و هەوای ئەوێ زۆر وەک ئاو و هەوای ئێران دەچوو. سەرگەرمی خوێندنەوە بووم، لەناکاو گوێم لە دەنگێک بوو گوتی سڵاو هاوڕێ. کاتێک ئاوڕم دایەوە دیتم کاک حەسەن خانلووی ئەفسەری هەڵاتووی هاوزیندانیم بوو لە دەسگای (ئێم. گ. ب). زۆر خۆشحاڵ بووم، یەکتریمان ماچ کرد. باسی ژیانی پڕ لە چەرمەسەری خۆم بۆ کرد. کاک حەسەن گوتی واز لە هەموو شتێک بێنەو بگەڕێوە بۆ ئێران. ئامۆژگاریەکەم بەدڵ نەبوو. گوتم ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە زەحمەت و کوێرەوەرییە تازە دەستم لە جێگایەک گیر بووە، چۆن دەکرێ هەروا بە ئاسانی وازی لێبێنم. کاک حەسەن زۆر بێ ئومێد و دڵشکاو بوو. گوتی چوومەتە کونسوڵخانەی ئێران لە مۆسکۆ و داوام کردووە بگەڕێمەوە بۆ ئێران. هەرچی دەبێ بابێ، با لە سێدارەم بدەن تەنیا لە وەڵاتی سۆسیالیستی نەجاتم بێت. هەمووی درۆ و دەلەسە بوو کە ئێمەیان تووشی ئەو چارەڕەشیەی کرد.
دوای نیوسەعات گفتوگۆ و دەردەدڵ لێک جیابووینەوە ئیدی هەرگیز نەمدیتەوە، نازانم چی بەسەرهات. با بگەڕێینەوە بۆ نەخۆشخانەی شائۆمیان. بەڕێوەبەرێکی کۆگای دەوڵەتی کە یەکێک لە دەوڵەمەندەکان بوو، یانی لە ڕێگای دزی و گەندەڵییەوە پارەیەکی زۆری وەسەر یەک نابوو لەژێر دەسگای سیخوڕی دەیبیننەوەو زیندانی دەکەن. بەکورتی ڕۆژێک یەکێک لەو دەوڵەمەندو بەڕێوەبەری کۆگایانە دێتە لای دکتۆر سەید عەلیۆف و دەڵێ کاکە مایەسیریمەو زۆریشم ئەزیەت دەکا. کاک سەید دەڵێ لەکەنگێوە؟ دەڵێ ساڵێک دەبێت. دەڵێ ئەدی بۆچی تا ئێستا نەهاتووی؟ ئیسحاق دەڵێ دەترسام. بۆخۆت دەزانی موسڵمانەکان دەڵێن جوولەکە ترسنۆکن. دکتۆر سەید عەلیۆف دەڵێ نا ئیسحاق مەترسە، تۆ دەزانی من و تۆ برادەرین، ئێستا پشکنینت بۆ دەکەم ئینجا بڕیار دەدەم چیت بۆ بکەم. کاک سەید دەستەوانە لە دەستی دەکات و بەرپرسی کۆگا بۆ پشکنین لەسەر قەرەوێڵە درێژ دەکات. لەو پشکنینەدا بەرلەوەی نێوانم لەگەڵ سەید تێکبچێ و هێشتا هەر لە دەورەی پسپۆڕی بووم، چاوم لێبوو ئەو پیاوەی چەند ئازار دەدا. کاتێک ویستی پەنجەی بخاتە کۆمی ئیسحاق هاواری

لێهەستاو گوتی کاکە ئەوە چیدەکەی. گوتی لەسەرخۆبە ئیستا بە ئەنگوستە چووکەم پشکنینت بۆ دەکەم. لە کاتێکدا بە پەنجەی چووک ناتوانی ئەو کارە ئەنجامبدەی.
کاتێک بە هەزار زەحمەت پەنجەی خستە کۆمی. کۆگادار گوتی وای ئیسحاق دەردەکەت خراپە، ئەگەر نەشتەرگەریت بۆ نەکرێ تووشی شێرپەنجەت دەکا. ئیسحاق گوتی کاک سەید مایەسیرەکەم چەند گرێیە؟ گوتی ئیسحاق ئەوە پەیوەندی بە ئەسکیناسی دە ڕۆبڵیەوەیە، تا زۆرتربێ زیاتر چارەسەرت دەکەم و ریشەکێشی دەکەم. ئیسحاقی بەستەزمان نەیدەزانی گرێی مایەسیری لە سێ دانە زیاتر نین، لەوانەیە ئەگەر وێک دێنەوە. بۆیە گرێ لێدانی ناشیانە دەبێتە هۆی تەنگ کردنەوەی کۆم و نەخۆش دوای ئەو نەشتەرگەریە ناشیانە تووشی دەردو ئازاری زۆر دەبێت و دیسان دەبێ کۆمی گەورە بکەنەوە. ئیسحاق هاواری دەگەیشتە کەشکەلان. ئیسحاق گوتی کاکە هەرچی دەتەوێ دەتدەمێ. پێکەنین گرتبوومی، لەوێ دوور کەوتمەوە. لە پێناو پارەدا چ بەلایەکی بەسەر ئیسحاقدا هێنا، هەر خودا دەزانێ. بەلام دوای چەندین ساڵ دەمدیت ئیسحاق قاچێکی هەر لە نەخۆشخانەیە و ئەنگوستی سەید لە کۆمی ئەو نەدەهاتەدەر.

رەفیع بەگلی و یاوەرەکانی

رەفیع بەگلی گەنجێکی سی ساڵە و دکتۆرێکی هیچ لە باراندا نەبوو، مەشرووب خۆر و بەردەوام مەست بوو. کابرایەکی دووڕوو فێڵباز و چاوباشقاڵ بوو. بە جۆرێک لە دەوری پڕۆفیسۆر ئیبراهیم تۆپچی باشیف هەڵدەسووڕا، تا یارمەتی بدات و نامەی دکتۆراکەی وەربگرێ، کە سەرچاوەیەکی باشی وەردەگرت و رەنگە پلەی زیاتریشی پێ وەرگرتبا.

ئەو پڕۆفیسۆرە گەنجە بێ ترس ئەو جۆرە هەرچی و پەرچیانەی هەبوون و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشتیوانی لێدەکردن و گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکردبوون. ئەوانە چەند دەستەیەک بوون، یەکێک گۆشتی ماڵێی بۆ دابین دەکرد و یەکێکی دیکە گەوادی بۆ دەکرد، هەندێکیشیان کارەکەری ماڵیان بۆ دەکردو لە نەخۆشخانەش دەڵاڵیان بۆ پڕۆفیسۆر دەکرد.

ئەو بەڕێزانە بەردەوام لە خزمەت باشیف دا بوون. ئەو سەرکێشە هەروەک پێشینان دەڵێن سەگ بە هێزی کلکی ئێسقانی دەشکێنێ، بە ئومێدی پاڵپشتی لەلایەن پڕۆفیسۆرەوە جووتەشی داویشتن و بیانووی بە هەموو دکتۆرە چالاکەکان دەگرت کە کوڵەکەی نەخۆشخانە بوون. هەتا ئەو شەللاتیانە هەڕەشەشیان دەکرد.

ڕۆژێک ئێشکگر بووم، ئێوارەی یەکشەممە پشوو بوو، سەردانی کردنی نەخۆش زۆر بوون. کارمەندانی بەشی وەرگرتنی نەخۆش هەریەکەو خەریکی راییکردنی کاری خۆیان بوون، لەو کاتەدا هەمان کابرای سەرخۆش هاوڕێ رەفیع بەگلی کە شەشدانگ مەست بوو هاتە بەشی پێشوازی لە نەخۆشان. کارێکم بۆ هاتەپێش و لەسەر کورسی مێزی وەرگرتنی نەخۆش هەستام، ئەویش رێک لە جێی من دانیشت. گوتی با ئەو نەخۆشە بێت. تەماشامکرد ژنێکی رووسی بەڕەڵڵای وەدوای خۆی دابوو دەیویست لە نەخۆشخانە بیخەوێنێ. لە کاتێکدا بەپێی یاسای نەخۆشخانەکان لە سۆڤیەتدا دکتۆری ئێشکگر بەرپرسی ئەوەیە نەخۆش وەربگرێ یان نا. وەرگرتنی نەخۆش بەبێ رەزامەندی دکتۆری ئێشکگر مایەی سەرزەنشت و ئاگادارکردنەوە بوو. بۆیە ئەو

کابرایە دەیویست لەلای ئەو ژنە خۆی بە دەستەڵاتدار و هەمەکارە نیشانبدات. گوتم جەنابی دکتۆر هاوڕێ ڕەفیع بەگلی ئەو نەخۆشە چییەتی؟ گوتی بەتۆ چێ؟ دەمەوێ ئەو خاتوونە لە قەرەوێڵەی تایبەتی خۆم بیخەوێنم. با بزانم نەخۆشیەکەی چییە؟ گوتی ئەوە پەیوەندی بە تۆوە نییە. گوتم ئاخر ئەمن ئەمڕۆ بەرپرسی بەشی نەشتەرگەریم. لە وەڵامدا قسەیەکی زۆر ناخۆشی کرد. هیچ گوێم نەدایە دەمویست خۆم لە شەڕ و هەرای کەسێکی سەرخۆش و بێ ئاوەز و ماستاوچی و خوێڕی بەدوور بگرم. بەرەولای بەشی نەخۆشەکان ڕۆیشتم. لە پشت مێزێک دانیشتم، کە بتڵەئاوێکی ڕایای پەرستاری لەسەر بوو. کابرا بتڵەئاوەکەی دەستدایەو لە پشتەوە لە کەللەسەری گرتم و هاویشتی. خودا ڕەحمی کرد وەسەرم نەکەوت دەنا داغانی دەکردم. شووشەکە وەدەرگاکە کەوت و هەپروون بە هەپروون بوو. ئاوڕم دایەوە بە ڕقەوە لەو ناپیاوە ڕامام، تەلەفۆنم هەڵگرت لە خۆڕا چەند ژمارەیەکم لێدا و گوتم ڕێکخراوی (ئێم. گ. ب)یە. هەر بۆخۆم گوتم بەرپرسی ئێشکگر کێیە. بۆخۆم بە دەنگی بەرز گوتم جەنابی ئیڤانۆڤیچ من فڵان کەسم لە نەخۆشخانەی شائۆمیان تەلەفۆن دەکەم و کاتت دەگرم. ئەمڕۆ من ئێشکگری نەخۆشخانەم لە بەشی وەرگرتنی نەخۆشان، هاوڕێ ڕەفیع بەگلی بە سەرخۆشی هاتۆتە ژووری و خەریکی ئاژاوەگێڕانە و هەڕەشەم لێدەکاو بتڵەئاوێکیشی پێداداوم و ناهێڵێ کاری خۆمان بکەین، جنێوان بە بەرپرسانی دەوڵەتیش دەڵێ و گاڵتەیان پێدەکات. ئێستا ئێمە چیبکەین؟ هەر بۆخۆم لە زمان ئەوەوەوە گوتم دەستبەسەری بکەین... ئاخر ڕاناوەستێ و دەست دەکاتەوە... دیسان گوتم ئاگاداری بکەمەوە... هەر ئێستا بە چاوان... تەلەفۆنەکەم داخستەوە و گوتم کاک ڕەفیع بەگلی تۆ دەستبەسەری! هەر ئەگەر گوێی لەو قسەیە بوو وە ئاگا هاتەوە، هەستاو دەرپەڕی. گوتم ڕامەکە بەدواتدا دێن... هەڵات و ژنەش بەدوایدا ڕایکرد.

بەو دیمەنە زۆر نیگەران بووم، نەفرەتم لە خۆی و گەورەکانیشی کرد. دوای ئەوەی هەڵات نەخۆشخانە ئەهوەن بووەوە، خاتوو یاریا خەریکی کارەکانی خۆی بوو. دوای دوو سەعات تەماشامکرد ڕەفیع بەگلی هاتەوە دوو کەسیشی لەگەڵ بوون. یەکێکی باڵابەرزی چوارشانە و ئەوەی دیکەش کورتەبنە بوو. لەبەردەرگا ڕاوەستابوو، کڕنۆشی برد و بە پیاوەکانیشی گوت کڕنۆش بەرن و داوای لێبووردن لە دکتۆر بکەن.

ئەوانیش وەکو تووتی کڕنۆشیان برد و داوای لێبووردنیان کرد. گوتم ئێوە هیچ خەتایەکتان نەکردووە. رەفیع بەگ گوتی ئەوانەو من نۆکەری تۆین، من ئاڵقەلەگوێی تۆم. تکایە بمبوورە، من هەڵەبووم. گوتم ئاغاکەتان بێڕێزی کردووە ئێوە هیچ تاوانێکتان نییە. نازانم ئەوە چ بەزمێکە. رەفیع بەگ بێڕێزی کردووە ئەدی ئەوانە کێن؟ خاتوو رایا شکوگومانی منی هەست پێکرد و گوتی ئەوانە نۆکەری رەفیع بەگن، ئەوانەی بۆیە هێناون ئەگەر کێشەیەک بۆ ئاغا دروست بێت، بەهانایەوە بێن. هاتوون داوای بەخشینی بۆ بکەن.
بێزم لەو جۆرەکارانە دەبۆوە. گوتم رەفیع بەگلی هیچ کارێکم بەتۆ نییەو لەکۆڵم بەوە. ئێستاش کارلەکارترازاوە دۆسیەیان بۆ کردوویەوە. بە رەفیع بەگلیم گوت دوای ئەوەی تۆ رۆیشتی تەلەفۆنم بۆ دەسگای (ئێم. گ. ب)کرد کە تۆ هەڵاتووی. ئەوانیش گوتیان ئێمەش دۆسیەمان ئامادەکردووەو سبەی لەگەڵ پرۆفیسۆر قسەدەکەین. رەفیع بەگلی کاتێک گوێی لەو قسانە بوو دەستیکرد بە گریان. فس فس پاڵەوانەکانیشی لە بانگی گریانێیاندا و کەوتنە سەرپێیانم و دەپاڕانەوە. خاتوو رایا کە ژنێکی ئاقڵ و تێگەیشتووی ئەرمەنی بوو، هەستی بە مەسەلەکە کردبوو دەشیزانی تەنیا بۆ ترساندن ئەو کارەم کردووە، تا لەوەزیاتر خەڵکی ئازار نەدەن، هاتەپێشێ و گوتی: دکتۆر بە گەورەیی خۆت بیانبەخشە. ئەگەر سبەی بێنەلای پرۆفیسۆر حەتمەن یارۆ لە نەخۆشخانە دەردەکەن و بەدڵنیایی زیندانیش دەکرێ. هەڵەیەکەو کردوویەتی، هاوڕێ رەفیع دوولاهاتەوەو گوتی ئەرێ بەخوای غەڵەتم کرد، نەمزانی... خوارد؟... بمبوورن، مەمدەنە دەستی دەسگا. لەناخەوە پێکەنینم دەهات لە دڵی خۆمدا دەمگوت ناپیاوە وادەزانێ من بەرپرسی دەسگای (ئێم. گ. ب)م. بە ئاماژە بە رایانم گوت بزانم چیم پێدەکرێ، دەچمەسەرێ و تەلەفۆنێک دەکەم... رایا لەوێ دووری خستنەوە تا زیاتر نەخۆشەکان ئەزیەت نەدەن.
لەناو سەردەستەی ئێشکگرەکانی شەوانە دکتۆر بەغدانۆڤا ڤالنتینا ئیڤانۆڤا لە هەموان پاکتر و بێ فرتوفێڵ تربوو، ژنێک بوو نزیکەی پەنجاو پێنج ساڵان دەبوو، چاوشین و قژ زێڕین. مێردەکەی عەقید بوو کارمەندی دەسگای (ئێم. گ. ب) بوو. کابرایەکی میهرەبان و بێوەی بوو. ڤالنتینا گوێی لە قسەکانی من دەگرت و رێزی دەگرتم. مێردەکەی بەهۆی خوێنڕێژی گەدە دوای ئەوەی پرۆفیسۆر تۆپچی نەشتەرگەری بۆ کرد، کۆچی دوایی کرد. ئەوە کارەساتێکی گەورەبوو لە ژیانی ئەو ژنە میهرەبانە.

شەوێک پێکەوە ئێشکگر بووین گەنجێکی سی ساڵەی ئەرمەنی بەناوی سەمباتیان بە ئامبولانس هێنایە نەخۆشخانە. کاتێک تەماشای نەخۆشەکەم کرد و پشکنینم بۆ کرد، نیشانەکانی برینی گەدەی تێدا دەردەکەوت. کاتێک تیشکیشمان بۆ گرت هەر وا دەرکەوت. سەمبات بەبێ حاڵی دەیگوت لە بەیانییەوە تا ئێستا لە نەخۆشخانەکانی باکۆم دەگێڕن تەنیا دەرزی ئازار شکێنیان لێداوم و ناردوویانمەوە ماڵێ، تا ئێستا نەیانتوانیوە بە دروستی جۆری نەخۆشیەکەم ببیننەوە، سات بە ساتیش حاڵم خراپتر دەبێ،

بە دکتۆر بەغدانۆڤام گوت ئەو کابرایە دەبێ نەشتەرگەری بۆ بکرێ دەنا دەمرێ. ئەو لەبەرئەوەی لە نەشتەرگەری گەدەی مێردەکەی ترسا بوو، دوودڵبوو، بەڵام کاتێک لێبڕاوانە گوتم حەتمەن دەبێ نەشتەرگەری بۆ بکرێ، دەشیزانی کارەکەی من چۆنە گوتی تۆ نەشتەرگەرییەکەی بۆ بکەو منیش هاوکارت دەبم. زۆرجار بۆ ئەو جۆرە نەشتەرگەریە گەورانە ئەوانەی لە ئێمە شارەزاتر بوون لە ماڵێڕا بانگ دەکرانەوە، تا ئەگەر شتێکیش بوو بڵێن فلانەکەسیان لە ماڵێڕا هێناوەتەوە و نەشتەرگەری بۆ کردووە، بۆیە سەرکێشی نەشتەرگەری ئێشکگر لەو حاڵەتانەدا کەمتر دەبوو لە کاتێکدا ئەگەر نەخۆشەکەش مردبا بەڵگەکەی بەهێزتر دەبوو. هەر بۆیە ئەگەر نەشتەرگەرێک لە ماڵێڕا بانگکرابا بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری ئەوە زیاتر خۆی پێوە هەڵدەکێشا و زیاتریش رێزی لێدەگیرا.

من و ڤالنتیا بڕیارماندا نەشتەرگەری گەدەی سەمبات بکەین. ئەو نەشتەرگەرییە یانی دوو لەسەر سێی گەدەی هەڵبدڕین، بە کونێک ریخۆڵەی دوازدە گرێیەکەم لە ماوەی سەعاتێک و چل خولەکدا بەشێوەیەکی زۆر باش ئەنجامدا. لەناو گەدەو ناو سکیدا سۆندەم[٧٨] دانا. لە ئەنجامدانی ئەو نەشتەرگەرییە کلاسیکیە هەموومان رازیبووین. بەیانی لە کۆنفرانسی پێنج خولەکی کە بەغدانۆڤا راپۆرتەکەی خوێندەوە، هەموو نەشتەرگەرە پیرەکان کەوتنە چپەچپ. عادلە حسێنوڤای بەرپرسی نەخۆشخانە دوای کۆنفرانس، بانگی دکتۆر بەغدانۆڤای کردبوو کە بۆچی سەید عەلیۆف تان لە ماڵەکەی نەهێناوەتەوە یان تەلەفۆنتان بۆ نەکردووە؟ بەغدانۆڤا لە وەڵامدا گوتبووی دکتۆر قادر ئەو نەشتەرگەریەی لە هەموان باشتر ئەنجامداوە. خۆزگە مێردەکەشم هەر ئەو نەشتەرگەری بۆ کردبا. ڤالنتیا روکوڕەوان پێیگوتبوو خاتوو عادلە تۆ هەڵەی ئەو لە

---

[٧٨] سۆندە: ئامرازی لێگێڕان یان هەراوکردنەوەی دەراوێکی لەش.

ئەنجامدانی ئەو نەشتەرگەریە لە سەید عەلی دۆستت زۆر شارەزاترە. تۆ ئەو دکتۆرەت خۆشناویّ و چاوت پێی هەڵنایە هەر بۆیە ناتەویّ پێشبکەویّ و ببێتە سەردەستەی نەشتەرگەرانی فریاگوزاری.
ڤالنتیا ئەوەشی پێگوتبوو کاتێک لەگەڵ ئەو ئێشکدەگرم هەست بە ئارامی دەکەم. دکتۆر ڤالنتیا بە نەفس بەرزییەوە گوتبووی لەگەڵ ئەوەی بیست و چوارساڵە کاری نەشتەرگەری دەکەم، زۆر شت لەو دکتۆرە گەنجەوە فێر بووم. شوکر بۆ خودا حاڵی سەمبارتیش رۆژ بە رۆژ بەرەو باشتربوون دەچیّ و لە هەشت رۆژ زیاتر لە نەخۆشخانە نامێنێتەوە و بە ساغ و سەلامەتی دەچێتەوە ماڵیّ.
هەموو ئەرمەنیەکانی دانیشتووی شاری هەشت کیلۆمەتری باکۆ، کە مەوداکەی تا باکۆ هەشت کیلۆمەترە ناوی ئەو شارەیان نابوو هەشت کیلۆمەتری، ئەو سەمبارەش لەویّ دەژیا. مامی ئەو سەمبارە ژەنەڕاڵێکی کارامەو بەناوبانگ بوو کە لە تاشکەند و لە بەشی تۆپخانە خزمەتی دەکرد و مەڵبەندێکی فراوانی لەژێر دەستدا بوو.
لە بەهاری ساڵی ١٩٦٨ ژەنەڕاڵ ژنی بۆ کوڕەکەی دێنا لە گوندی ساقیان قەرەباغ کە جێگایەکی تا بڵێی خۆش و پڕ دارودرەخت و مەڵبەندیّ تریّی نایاب بوو لە ئازەربایجان و ئەرمەنستان و گورجستان زۆر بەناوبانگ بوو، ئێمەشی بە بنەماڵەوە بانگهێشت کرد. ئەرمەنییەکانی ساقیان لە ناوی گوندەکەیانەوە دەردەکەویّ کە لە کۆنەوە باشترین شەرابیان بۆ کاربەدەستانی دەوڵەتی مۆسکۆ دروست دەکرد و بۆیان دەناردن. ئەو گوندە کە شوێنی لەدایکبوونی ژەنەڕاڵ بوو هەموویان ئەرمەنی بوون و گوندەکانی دەوروبەریشی هەر ئەرمەنی بوون. شوێنی ئاوا بە بەرەکەت، پڕ دارودرەخت و خۆشم لە هیچ جێگایەک نەدیبوو. کێوەکانی دەوروبەری ساقیان هەمووی رەز بوون. گوندی ساقیان لە داوێنی کێوێک هەڵکەوتبوو، من کە بە بنەماڵەوە داوەت کرابووین دوو شەو و رۆژان لەویّ ماینەوە، زەماوەندێکی یەکجار زۆر خۆشبوو. بەرپرسانی هەرسیّ کۆماری جیران بەشدارییان کردبوو. هەموویان هەڵدەپەڕین و دەیانخواردەوە. لەبەر ئەوەیّ جێگای منیان لەسەریّ دانابوو هەموویان بە سەلامەتی من پێکیان هەڵدەدا.
ژنە ئەرمەنییەکان شانیان ماچ دەکردم و بۆ شایی بانگیان دەکردم، لەبەردەم من و هاوسەرەکەم بە دەسماڵێکی حەریرەوە سەمایان دەکرد و گۆرانییان دەگوت. منیش لەبەرامبەردا دەستم لەسەر دڵم دادەنا و سوپاسم دەکردن.

کاتی گەڕانەوە مەڕێکی قەڵەویان لە ئۆتۆمبێلی ژەنەڕاڵ هاویشت و بۆیان هێنایەوە ماڵێ. تا لە سۆڤیەت بووم ئەو بنەماڵەو ژەنەڕاڵ و تێکڕای خزمەکانی ئەگەر زەماوەندیان هەبوایە لە ئێمەشیان دەگێڕایەوە.
هەڵسوکەوتی نالەباری خاتوو عادلەو هاوئاوازەکانی تەنگیان پێهەڵچنیبووم. متمانەشم بە دکتۆرەکانی دیکە نەبوو. لەناو ئەو دکتۆرانەی کە لە شائۆمیان بوون دکتۆر عەلی ئەفەندیۆف پیاوێکی باش و میهرەبان، قانع و لەبەردڵان بوو. ئەو نەشتەرگەرێکی زۆر کارامە بوو. دەیگوت لە کوردەکانی گورجستانم و شانازی بە نەتەوەکەی خۆمەوە دەکەم، بەڵام زمانی کوردی نەدەزانی، بێ پەردە پێکەوە قسەمان دەکرد و لە هیچ کەسیش نەدەترسا. زۆریان دەچەوساندەوە، کاری زۆریان پێدەکرد و خەڵکانی دیکە لێی سوودمەند دەبوون.
رۆژێک دکتۆر عەلی بانگهێشتی کردم بۆ ماڵەکەی، گوتی برایەکم تازە لە گورجستان هاتووە و دیاریەکی نایابی بۆ هێناوم. عەلی گوتی جۆرە ماسییەک لە دەریاچەی نزیک گوندەکەمان هەیە تەنیا بۆ ستالینیان دەبرد. خەڵکی دیکە هەقیان نەبوو ئەو ماسیە راوبکەن. بەڵام براکەم شەوێ بە دزی و دوور لە چاوی پاسەوانانی دەریاچەکە بە تۆڕ ئەو ماسیانەی گرتوون و بۆ براگەورەکەی هێناون. گوتم حەتمەن دەبێ ئەو جۆرە ماسییە جۆرە گەوهەرێک بێت بۆ مانەوە بە گەنجی کە دیکتاتۆری سۆڤیەت دەیخوات و نایداتە خەڵکانی دیکە. ئەوقسانە خەیاڵیان ورووژاندم، ئێوارێ چوومە مەنزڵەکەی. ماڵێکی هەژارانە، عەلی ژنی نەبوو، کرێچی بوو. تەمەنی لەسی و پێنج ساڵ تێپەڕیبوو.
لەسەر سفرە شتێکی وام بەرچاونەکەوت کە دکتۆر عەلی تاریفی دەکرد. بەبێ حەوسەلەیی گوتم عەلی گیان کوا خواردنە ستالینیەکەت، بۆ لەسەر سفرەی نابینم؟ دکتۆر عەلی لەسەر تەباخە غازەکە قاپێکی سەرداپۆشراوی هێناو لە پێشی دانام. خێرا سەرەکەیم هەڵگرت تەماشامکرد چەند ماسییەکی پازدە سانتیمەری سەرگەورەی تێدان. عەلی گوتی بەو ماسیانە دەڵێن فاریل و ئێسقانیان نییە، لە دەریاچەیەک دەژین و گەرا دادەنێن کە کەوتۆتە سەرکێوێک. براکەم بەشەو ئەو ماسیانەی راوکردوون دەنا هیچ کەسێک هەقی نییە لێیان نزیک بکەوێتەوە و راویان بکات. ماسیەکەم خوارد بەڕاستی بەتام و خۆش بوون. گوتم عەلی گیان بە ڕاستی بەتام و نایابن بەڵام کەمن. عەلی گوتی هەرکەسێک دوو دانە لەو ماسیانە بخوات هەرگیز پیر نابێت و نامرێ.

دەستمانکرد بە قسەی خۆش، گوتم ستالین دەیخوارد، پیریش بوو، ئاخیرەکەی هەر مردیش. کەواتە ئەوانە تەنیا قسەن، بەڵام بە ڕاستی ماسییەکی بێوێنەن، من تا ئێستا ماسی ئاوام نەدیتوون.

لە نەخۆشخانەی شائۆمیان دکتۆرێکی کورد بەناوی محەمەد عەلی شامیلۆڤ کاری دەکرد، هەرکارێکی تاقەت پڕوکێن بوایە بەویان دەسپارد. کابرایەکی زەحمەتکێش و ئیشکەر بوو. لەو نەخۆشانە ماندوو نەدەبوو بە سەبر و حەوسەلەوە پێیانڕادەگەیشت، چارەسەری دەکردن و دڵی دەدانەوە.

ژنێکی میهرەبانی هەبوو ناوی جەمیلە بوو، دایکی جەمیلە بێژەری بەشی کوردی رادیۆی یەریڤان بوو، ژنێکی قسەزان و دنیادیدە بوو. خەزووری بەرپرسی سیاسی دەزگای (چەکا) بوو. خەزووری دکتۆر شامیلۆڤ لە کاتی جەنگی جیهانی دووەم لە ئێران بوو، بەتایبەتیش لە ئازەربایجانی ڕۆژئاواو کوردستان چالاکی سیاسی دەکرد. شێوەزاری کوردی باکوور و تورکی زۆر باش دەزانی. محەمەد عەلی چوار کچ و کوڕێکی هەبوو، لە ماڵێ پیانۆیان هەبوو ئۆرکێسترایەکی تەواویان پێکدێنا. هەموو گۆرانییان دەگوت و پیانۆیان لێدەدا. محەمەد عەلی هێندە دەنگی خۆش نەبوو، بەڵام لەبەر دڵخۆشی میوانەکانی گۆرانی حەماسی دەگوت.

پێشتر خانووی نەبوو دکتۆر کەریم ئەیووبی لە لینینگراد کەوتە هەوڵ و کۆشش، لێرەش کاک رەحیمی قازی لە باکۆ وەخۆکەوت تا خانوویەکی زۆرباشی بۆ محەمەد عەلی پەیداکرد کە هەموو پێداویستییەکی تێدابوو. دکتۆری بێچارە لە کرێچێتی و ماڵ بە کۆڵی رزگاری بوو. بەردەوام باسی ئەو چاکەیەی دەکرد کە دەرهەقیان کردبوو.

محەمەد عەلی پیاوێکی میواندۆست و نانبدە بوو. ماڵەکەی بەردەوام پڕ بوو لە میوان، میوانەکانی زۆربەیان کوردانی دانیشتووی ئەرمەنستان بوون. دەیگوت لە ئێران و تورکیا خزمم زۆرن. دکتۆر لە هۆزی جەلالی بوو. پێکەوە هاوڕێ بووین و بەردەوام پارێزگاریم لێدەکرد.

لە ساڵی ١٩٦٨ هەر لەسەر ئەو محەمەد عەلیە بوو لەگەڵ خاتوو عادلەی بەرپرسی نەخۆشخانە تووشی دەرگیری هاتم و سەرەنجام ناچار بووم لە نەخۆشخانەی شائۆمیان بڕۆم. بەردەوام دەیگوت هەرکاتێک بتەوێ بانگهێشتی یەریڤانت دەکەم. تا ساڵی ١٩٧٨ کە یەکیەتی سۆڤیەتم بەجێهێشت پەیوەندیمان هەر هەبوو، هاتووچۆی یەکتریمان دەکرد.

محەمەد عەلی یەک بەدوای یەکدا کچەکانی بە شوودان، منداڵە هەرە بچووکە کەیان ناوی شەمۆ بوو، زۆر وەک خۆی دەچوو. جەمیلە ژنێکی رووخۆش و زمان شیرین بوو. کاتێک لە باکۆ گەڕاینەوە لەگەڵ خێزانەکەی بەڕێیان کردین.
لە ساڵی ١٩٨٦ کاتێک بۆ جاری دووەم لە ڕێگای تورکیاوە کە ئەوکات ڕێگایەکی ترانزێتی بوو لە ئێران چوومەوە سۆڤیەت، لە ڕێگای ئەرمەنستان لنین ئاکان وَ لە وێوە بەسواری ئۆتۆمبێل لەگەڵ گەنجێکی زەنجانی کە خزمەکانی داوەتیان کردبوو، بەرەو باکۆ وەڕێکەوتین. لەو سەفەرە هاوسەرەکەم و کچ و نەوەیەکیشم لەگەڵ بوون. لە ڕێگا زۆر ناخۆشیمان بەسەر هاتن دوایی باسیان دەکەم. کاتێک لەگەڵ بنەماڵەکەم گەیشتینە باکۆ بۆ بەیانی تەلەفۆنم بۆ محەمەد عەلی کرد و هەواڵم پرسی. بۆ دووسبەی لە نەخۆشخانەی شائۆمیان چاوم پێکەوت، دوای چاکوچۆنی وەک ڕەوالی جاران گوتم ئەمشەو دێینە ماڵی ئێوە. ئەویش قبووڵی کرد، بەڵام کاتێک چووینە ماڵیان سێ میوانی هەبوون دوو کچ و پیاوێک پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین. بەڵام هەڵسوکەوتی محەمەد عەلی گۆڕا بوو، ئەو هەست و خۆشەویستییەی جارانم تێدا بەدی نەدەکرد. لە کاتی قسەکردندا گوتی هەرکاتێک لە ڕێگای یەریڤانەوە گەڕایەوە دەبێ چەند ڕۆژێک میوانی من بیت و لە ماڵی خۆم پێشوازیەکی شایانەتان لێدەکەم. هەر بەمزوانەش خزمێکمان زەماوەندیان هەیە حەتمەن دەبێ لەو زەماوەندە بەشداربن. ئێمەش بڕوامان بە محەمەد عەلی کردو کاتێک بەسواری شەمەندەفەر لە باکۆوە بەرەو یەریڤان دەڕۆیشتین ئاگادارمان کردەوە. ئەویش گوتی من پێش ئێوە بە فڕۆکە دەڕۆم و دەچم کاری پێشوازی ئێوە رایی دەکەم. کاتێک لە وێستگەی یەریڤان دابەزین محەمەد عەلی دیار نەبوو. دوای دووسەعات چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێ لەگەڵ دکتۆر بەهمەنی کوڕم کە لە باکۆوە لەگەڵمان هاتبوو، سەروکەللەی محەمەد عەلی دەرکەوت کۆت و شەرواڵێکی جوانی لەبەرکردبوو، بۆینباخێکی سووریشی بەستبوو. کابرایەکی نەناسیاویشی لەگەڵ بوو. سواری ئۆتۆمبێلیان کردین و ئەو کابرا نەناسە ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕی. محەمەد عەلی گوتی لە ماڵێ جێگای وامان نەبوو پێشوازیتان لێبکەین ئێستا دەچینە ئوتێل. کابرای شۆفێر لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی دیار بوو کە کارمەندی دەسگای (ئێم. گ. ب)یە و محەمەد عەلیش لە ترسی گیانی خۆی خەبەری دابوو کە بنەماڵەیەکی بێگانەی میوانن، بەڵام من بەبێ ئیزنی ئەوان ناتوانم وەریان بگرم. خۆزگە پێشتر ئەوەی پێگوتبام.

بەکورتی ئۆتۆمبێلەکە لە بەردەم ئوتێلێکی نایاب رایگرت و چووینە دەفتەری میوانخانە کە ژنێکی قەڵەوی ئەرمەنی لەپشتی مێز دانیشتبوو. داوای ژوورمان کرد، ژنە داوای پاسەپۆرتی کرد. ئێمەش ڤیزاو پاسەپۆرتەکانمان نیشاندان. لە ناسنامەی بەهمەن مانەوەی چەند رۆژێک لە یەریڤانی لێ نووسرابوو، بەڵام لە ڤیزای ئێمە تەنیا لنین ئاکان نووسرابوو کە بەشێکە لە کۆماری ئەرمەنستان و چەند کیلۆمەترێک لە یەریڤانەوە دوور بوو. ژنە گوتی ئێوە ناتوانن لێرە وەمێنن ئێوە بێگانەن. بەڵام ئەو برایە ئاماژەی بۆ بەهمەنی کورم کرد ئەو دەتوانێ چەند رۆژێک لێرە وەمێنێ. کاتێک ئەوەم دیت دڵم لە محەمەد عەلی ئێشاو رقم لەو دوورڕوییەی بۆوە. بەکورتی هەرلەوێ ئۆتۆمبێلێکمان بە پەنجا رۆبڵ گرت هەتا قوومە ئاوێکیشمان لە یەریڤان نەخواردەوە بەرەو لنین ئاکان وەرێکەوتین و لەوێشەوە گەڕاینەوە ئێران. ئەوەش بیرەوەریەکی تاڵ و ئەو هەڵسوکەوتە ڤێزەونەی محەمەد عەلی بوو. ئەو هاوڕێیەی چەندین ساڵە لە ترسی خۆی کارمەندی دەسگای سیخوڕی لەگەڵ خۆی هێنابوو تا لەکۆڵ خۆیمان بکاتەوە. خۆ هەر لە باکۆ دەیتوانی بڵێ ناتوانم بتانبەمەوە ماڵێ. ئەو دۆستایەتییە بەو هەڵسوکەوتە ناجوامێرانەی تێکچوو. دکتۆر بەهمەنی کوڕیشم لە باکۆ پەیوەندی لەگەڵ پچڕاند.

شەوێک لەگەڵ دکتۆر بەغدانوڤا لە نەخۆشخانەی شائۆمیان ئێشکگربووم، ئەو بەرپرسی وەرگرتن و نەشتەرگەری نەخۆشان بوو، من وەک نەشتەرگەری پلە دووی ئەو لەگەڵیدا بووم. یەکێک لە قوتابیانی کۆلێژی پزیشکی کە گەنجێکی زیرەک و تێگەیشتوو بوو، لە هەمان کاتدا لە بەشی وەرگرتنی نەخۆشان ئێشکگر و کارمەندی ئەو بەشە بوو بە ناوی یاشار حسێنۆف، جارجار چایی بۆ لێدەناین. یاشار چایەکی مەخمەری چاکی لێنابوو، چایەکەی هێناو هەندێک کالباسی باشی لەسەر مێزەکە دانا. والنتیا ئیڤانۆڤ زۆر حەزی لە کالباس بوو بە ئیشتیاوە دەستیکرد بە خواردن و ئینجا چایەکیشی بەسەردا کرد. دوای خواردنی گوتی یاشار چایەکەت زۆر شیرین کردبوو، بەڵام تامێکی تایبەتی هەیە.

گوتی خاتوو ڤالنتیا ئیڤانۆڤ ئەو چایە چای گورجستانەو تایبەتە بە کەسایەتییە گەورەکان. کەمێک پێکەنین و گوتم تۆ ئەمشەو بەشێکی لە کەسایەتییە دەستەبژێرەکان، لەبەرئەوەی چای تایبەت هەر گەورەکان دەیخۆنەوە. هێندەی پێنەچوو ڤالنتیا دەرگای ئێشکگرەکانی لە دواوە داخست و خرپ لێی نووست.

ئێمە ئەو شەوە نەشتەرگەری زۆرمان هەبوون، هێندەی لە دەرگامان دەدا ڤالنتیا هیچ خەبەرێکی نەبوو. هەموو کارەکانم لەگەڵ یاشار و قوتابییەکی دیکە بەناوی ئیسماعیلۆف و دواتر لەگەڵ دکتۆر شامیلۆڤ کە بۆ بەسەرکردنەوەی نەخۆشەکانی هاتبوو رایی کردن. ئەو شەوە نەشتەرگەری زۆرمان هەبوو، تا بەیانی دوازدە نەشتەرگەریمان کرد و تەبەڵەی نەخۆشەکانم بە جۆرێکی باش و رێکوپێک نووسین. رێکخستن و نووسینی تەبەڵەی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی سۆڤیەت زۆر گرنگی پێدەدرێ لەبەرئەوەی دەبێتە بەڵگەیەک بۆ دادگایی کردن و دەربازبوونی پزیشکی چارەسەر و ئێشکگر. دەڵێن تۆ تەبەڵەکە وا رێکبخە ئەگەر کەسێک خوێندییەوە بڵێ ئەو نەخۆشە لەسەرەمەرگدایە، ئەگەر چاک بووەوە با وابزانن تۆ موجیزەت خوڵقاندووە.

بەیانی سەعات حەوت ڤالنتیا لە جێوبانی گەرم و نەرم هاتەدەر هەرباوێشکی دەدا، بە پێش دەرگای ئێشکگرەکاندا دەهاتەخوار گوتی قادر کارەکان چۆن دەچنەپێش، ئەگەر تەبەڵەی نەخۆشەکانت پێیە ئەمرۆ بۆ خۆت راپۆرتەکە بخوێنەوە من حەوسەلەی پرسیار و وەڵامم نییە. یاشار گوتی ڤالنتیا نەخۆشێکی ئەوتۆمان نییە تا نیگەران بی. ڤالنتیا وەپێش کەوت و منیش باوەشێک تەبەڵەی نەخۆشانم پێبوو لەسەر مێزی پرۆفیسۆرم داناو یەک یەک بۆم شیکردەوە. دوازدە نەشتەرگەری کرابوون بەبێ بەشداری ڤالنتیا ئیڤانۆڤا، ئەوە سەرکێشیەکی گەورەبوو، ڤالنتیا سەری لێشێوابوو نەیدەتوانی یەک قسەبکات. لەبەرئەوەی ئەو وەک رێبەری نەشتەرگەران کە بەرپرسیارێتی هەبوو، سەری سورمابوو کە ئەو هەموو نەشتەرگەریە کراوە و هەر ئاگاشی لێنەبووە.

کاتێک کۆنفرانس تەواو بوو، پیرۆزباییان لە ڤالنتیا کرد وەکو سەرئێشکگر کە گیانی دوازدە کەسیان رزگار کردووە. ئەویش لە بەرامبەردا مات و پەرێشان بوو، ئەوەی زۆر ئازاری دەدا ئەوە بوو ئەو نەشتەرگەریانە چۆن کراون و هۆکاری ئەو خەولێکەوتنەشی نەدەزانی. دوایی لێیپرسیم بۆ وەخەبەرت نەهێنام؟ گوتم خەریکی کاری نەشتەرگەری بووم و تۆش لە خەوێکی شیرین دا بووی، ئەوەندەی لە دەرگایاندا دەرگات نەکردەوە. ئەو هەموو نەخۆشەش نەدەکرا هەر چاوەڕوانی هاتنی تۆ بن و بدرێنە دەست قەزاوقەدەر تا تۆ لە خەو هەڵدەستی، ئەوە گوناهێکی گەورەیە. بە پێکەنین و قسەی خۆش ئەو بابەتە کۆتایی هات.

بۆ بەیانی یاشار حسێنۆف پێیگوتم دەرمانی خەوم بۆ لە چای کردبوو، چونکە ئەگەر بەخەبەر بوایە دەیکردە هاتوهاوارو وەک پیشەی هەمیشەیی هیچمان پێنەدەکراو دکتۆر شامیلۆفیش کە ڕۆژانە بە حەسرەت نەشتەرگەریەکی بچووک وەک پەپوولە هەڵدەسووڕێ ناتوانێ چوار نەشتەگەری باش ئەنجامبدات. کەواتا کارێکی باشم کرد و ئەنجامێکی باشیشی هەبوو. چ ڕۆژگارێکی خۆشبوو.

نەخۆشێکی ئەرمەنی چەندین جار هاتوچۆی نەخۆشخانەی شائۆمیانی کردبوو، چووبووە لای چەندین دکتۆر، دەیگوت ریخۆڵەکوێرەمەو دەبێ نەشتەرکەریم بۆ بکەن. بەڵام کەس گوێی نەدابۆیە. دەیانگوت تۆ نەخۆشی گورچیلەتە نەک ریخۆڵەکوێرە. ئەو ئەرمەنیە بەدبەختە، بە زمان شیرینی ڤالنتیا ڕازیدەکا کە ریخۆڵەکوێرەیەتی و ئەوانی دیکە دەرکیان پێنەکردووە. ئەویش بە دیاری نایابەوە کاتێک ڤالنتیا نۆرەکێشکیەتی دێتەلای و نەشتەرگەری بۆ دەکا. دوای نەشتەرگەری و بڕینی ریخۆڵەکوێرەی بەستەزمان کابرای ئەرمەنی کە تەمەنی سی و پێنج ساڵان و کابرایەکی بەخۆوە بوو، دەبوایە تەقەڵەکانی دەربێنن، یانی لە ڕۆژانی حەوتەم و هەشتەمی دوای نەشتەرگەری. بەیانی زوو کە ڕۆژی حەوتەمی بوو من ئێشکگر بووم پەرستارێک بە هەڵەداوان هاتەلام و گوتی کابرای ئەرمەنی حاڵی زۆر خراپە بە ئاستەم هەناسە دەداو ڕەنگی شین هەڵگەڕاوە. تا گەیشتمە سەری دیتم لە ئەنجامی ئەو نەشتەرگەرییە جەڵتەی دڵ لێیداوە.

بەیانی زوو تەلەفۆنم بۆ ماڵی ڤالنتیا کرد و هەواڵەکەم پێگەیاند. ئەویش بە سەروحاڵێکی نالەبار و سەروپرچی ئاڵۆزو، کراسی ئاوەژوو بە غاردان هاتە نەخۆشخانە. یەکەم پرسیاری ئەوەبوو گوتی قادر گیان سەرگێی لە دوا ساتدا چی گوت؟ منیش لەسەرەخۆ گوتم دەیگوت بژی ڤالنتیا ئیڤانۆڤا! گوتی شکڵت خواتەوە ئێستا کاتی گاڵتەکردنە. گوتم ڤالنتیای ئازیز دکتۆرەکانی دیکە کەربوون نەشتەرگەرییان بۆ نەکرد. ئەوە هۆکارێکی هەبوو بۆ ئەو سەرکێشیەت کرد، تەماع وای لێکردی. وەک هاوڕێیەکی دڵسۆز بووین پێکەوە. گوتی بەخودا ڕاستدەکەی، کابرای ئەرمەنی تەماعی دامێ بێگومان ئەجەلیشی بە دەستی من هاتبوو. بەردەوام پێکەوە دەردەدڵمان دەکرد و ئەویش حسابی بۆ دەکردم و لە زۆر شوێنان پارێزگاری لە من دەکرد.

لە نەخۆشخانەی شائۆمیان دکتۆری زۆر باش و دەست و داوێنپاکی لێبوون، وەک محەمەد ئاغا موختارۆف کە پیاوێکی چل ساڵەی دانیشتووی شارۆچکەی مەشەدی ئاغا بوو، کە زۆر لە باکۆ دوور نەبوو. خەڵکانی خواپەرست و پەیڕەوانی ئەهلی بەیت بوون. ژنەکانی مەشەدی ئاغا لە دەورانی ستالینیشدا هەر باڵاپۆش بوون و چارۆکەیان لەسەردەنا. ڕۆژانی تاسوعاو عاشوورا لە مزگەوت کۆدەبوونەوە و سینەزەنی و ڕەوزەیان دەخوێند. محەمەد ئاغا یان مەمەد ئاغا زۆر پێکەوە هاوڕێ و دۆست بووین، پێکەوە دەردەدڵمان دەکرد و پرسوڕاوێژمان بەیەکتر بوو. بیروڕامان لێک نزیک بوو.

لە ساڵی ١٩٧٦ لە شارۆچکەی ئەحمەدلی کە لە نزیک باکۆ و لاپەڕ بوو، لەوێ خانووی گرتبوو ژیانێکی ئارام و بێدەردەسەری هەبوو. دایک و هاوسەرەکەی خوداناس و نوێژخوێن بوون.

لە بەشی فریاگوزای دوای ڕۆیشتنی دکتۆر قاسمۆفی بەرپرسی پێشووی نەخۆشخانە بابا جەبارۆڤیچ مەمەدۆفیان هێنا کابرایەکی ناڕەسەن کە پێشتر جێگری بەرپرسی نەخۆشخانە بوو لەو شوێنە هەستیارەیان دانا. ئەو کابرا یەک چاوە تەمەنی زۆر بوو لە شەست ساڵی بەسەرەوە بوو. بەیانیان پشکنینی بۆ نەخۆشان دەکرد و بۆ ئەو بەشانەی دەناردن کە بۆخۆی دەیویست. ئەگەر نەخۆشەکە چەور و چۆڵ با، یانی پارەی هەبا بۆلای سەید عەلیۆفی یاوەری دەنارد. بەو کارەی شوێن پێی خۆی قایمتر دەکرد تا لە پێوەدانی عادلە لە ئەماندابێ، لەوکارەی دەستێکی بۆ ئاگر ڕادەداشت سمێڵیشی پێ چەور دەکرد تا لە پاشەملە قسەی پێ نەڵێن.

ئەو ئاغا محەمەدۆفە لە قسەوقسەلۆک هەڵبەستن دەستێکی باڵای هەبوو، ئەوانەی دیکەی دەخستنە ناو داوی عادلەوە. یەکێک لە کارە ناشیرنەکانی ئەو کاتێک کچۆڵەیەکی شەش حەوت ساڵەی نەخۆشیان هێنا بۆ بەشی فریاگوزاری، ئەو کابرایە هاتەپێشێ و بەوپەڕی شەهوەتەوە وەک شێتان پشکنینی بۆ کچە کردو دەستی بەسەر ئەندامی ئەو منداڵەدا دێنا. ئەگەر لەو حاڵەتەدا هەرکەسێک بانگی کردبا وەڵامی نەدەدایەوە و خۆی لە کەڕی دەدا.

پەرستارە کۆنەکارەکان دەیانگوت بابا جەبارۆڤیچ کە ناوی باب و باپیری بوو هەر گوێی لێ نەدەبوو. هەموو پێدەکەنین و نەفرەتیان لێ دەکرد. لەو بارەیەوە بە خاتوو

عادلەشیان گوتبوو، بەڵام بێسوود بوو ئەویش هەمان قوماش بوو، تەنیا یەک جیاوازییان هەبوو ئەو ژنباز بوو ئەویش پیاوباز.
ئەو بابا جەباروڤیچە بەڕواڵەت لەگەڵ من شیروتیری نەدەسوی، بەڵام هێندەش چاوی بە من هەڵنەدەهات. کاری ماهیرانەی دەکرد کە بە ناڕەوایی گوشاری دەخستە سەر من. گوتنی گوشاری ناڕەوا بە هەزاران شکڵ و شێوە لەو رژێمەو لەو چواردەورە کە من تاکوتەنیاو بێ پشت و پەنام کارم دەکرد هەر بەڕاستی بێزارکەرو تاقەت پڕوکێن بوو. راستییەک لە ئارادا نەبوو هەموو یەکتریان هەڵدەخەڵەتاند. ئەوەی بە دەستەڵاتتر بوو پارووی گەورەتر بوو. تاڵان و گەندەڵی لە نەخۆشخانە شتێکی ئاسایی رۆژانە بوو.
سەرچەفەکان کە تازە دەهاتن تەنیا چەند سەعاتێک دیاربوون بۆ بەیانی سەرچەفی کۆنیان لەجێ دادەنان. کەلوپەلی پزیشکی و نەشتەرگەری لەناو گەندەڵکاراندا بە وردودرشتەوە دەگۆڕدران. لە خواردنی نەخۆشان بەشە باشەکەی بۆ بەرپرسی نەخۆشخانەو کاربەدەستان رەوانەدەکرا، ئەو بابا جەباروڤیچە وەک دەڵێن گورگی باران دیدە، لە هێلکە زەردێنەکەی دەردێنا بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی لێ بەجێ بهێڵێ. جا بۆیە بۆخۆتان لێکی بدەنەوە چ کەسانێک نەخۆشخانەکانی سۆڤیەتیان بەڕێوەدەبرد. ئەگەر کەسێکی باش و دەستپاکیش بەڕێکەوت پلەیەکی وەرگرتبا بەو مەرجە بوو دەبوو دەمی بەرپرسانی باڵای چەور کردبا، دەنا هێندە جێگرتوو نەدەبوو. بۆ وەرگرتنی پلەی زانستیش هەروابوو، ئەگەر دکتۆرێک پرۆفیسۆرەکەی رازیکردبا ئەوە دەکەوتە بەرچاوانی شتێکی وەردەگرت. خۆ هیچ زانایەکی گەورەی بواری نەشتەرگەری نەیدەتوانی دەست بخاتە کاروباری پرۆفیسۆرەکان. ئەو بەناو پرۆفیسۆرەش چ بزانێ یان نەزانێ ئەوە کاری نەشتەرگەری خۆی دەکرد. ئەگەر ئەنجامەکەشی خراپ بوایە ئەوە دەیانخستە ئەستۆی شێرپەنجە و لەکۆڵ خۆیان دەکردەوە، یان چەند رۆژێک خۆی بزردەکرد تا بابەتەکە دیزەبەدەرخۆنە دەکرا.
من لەو ماوەیەدا هەمیشە هەستم بە مەترسی دەکرد، کە نەکا خوانەخواستە بێ ئاگا توشی بەزمێکم بکەن و ریسوام بکەن. لەبەرئەوەی لەو دڕدۆنگی و نیگەرانیەدا بەرپرسێکی وەک عادلە نەخۆشخانەی بەڕێوەدەبرد. وەک رووسەکان دەڵێن ماسی لەسەریەوە بۆگەن دەکا. دەوڵەت خەڵکی بەناوی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دەچەوساندەوە و خەڵکیش لە دەوڵەتی دەدزی. ژیانێکی مامناوەند بە مووچە مەحاڵ

بوو. مانگانه دەوڵەت موچەیەکی مەمرەمەژی دەدا بە موچەخۆرەکانی. بۆیە هەرکەس لەبیری ئەوەدا بوو لە چ ڕێگایەکی دیکەوە ژیانی ڕۆژانەی خۆی دابین بکا تا منداڵەکانی برسی نەبن. هەر ئەوەش بووە هۆکاری ئەوەی ئەو دەوڵەتە زلهێزەی ئۆراسیا بڕووخێ. لەناوچوونی ئەم ڕژێمە ساڵانێک پێشتر پێشبینی کرابوو، بەڵام هەڵوەشانەوەی بەو خێراییە کەس پێشبینی نەدەکرد.

ڕۆژێک لەژێر پیرە دارچنارەکەی حەساری نەخۆشخانە دانیشتبووم، کە پەرستاری بەشی نەشتەرگەری خاتوو ئانا جانۆ بانگی کردم و گوتی دکتۆر گیان کچێکی بێچارەو بێ نوای شاری کۆرسکی هاتووە لە بەشەکەی ئێمە وەک پەرستار دامەزراوە. ئەو بابا جەبارۆڤیچە مەلعونە بە دەوریدا دێت و دەچێ و دەیەوێ بیخاتە ناو تەڵەی خۆیەوە. وەرە ئەو پیاوەتیە بکەو لە داوی ئەو ناکەسەی ڕزگار بکە. خاتوو ئانا وایلێکردم قۆڵی مەردانەی لێ هەڵماڵم و بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی دیکە خۆم ئامادە بکەم. هاتمە ناومەیدانی بەرەنگاری. ناوی ئەو کچە جوانە سیما ئالیا بوو، خەڵکی کۆرسکی بوو، تەقریبەن بیست و دوو ساڵان دەبوو، منداڵێکیشی هەبوو.

لەبەرئەوەی مێردەکەی بەسەرخۆشی تاوانێکی کردبوو بە زیندانی درێژماوە حوکم درابوو بۆ شوێنێکی نادیاریان ناردبوو. ئالیا لەگەڵ کوڕەکەی لە کۆرسی دەڕۆن و لە نزیک ئاناجۆ و لە باڵەخانەیەک لە باکۆ خانوەکەی دەگۆڕێتەوە. لە نەخۆشخانەی شائۆمیان وەک پەرستار دادەمەزرێ و لە بەشی چێشتلێنان دەستبەکار دەبێ. بابا جەبارۆڤیچ مرخی لێخۆش کردبوو ئەو توحفە نایابە بۆ کەسێک ببات، تا لەو ڕێگایەوە بە پلەو پۆستێکی باڵاتر بگات.

چوومە بەشی فریاگوزاری و چاوم بەو پەری شێوەیە کەوت کە بە جلکوبەرگێکی شڕ و ڕووخسارێکی شێواو، بەڵام سەرنجڕاکێش، کە چاوەکانی وەک دوو گەوهەر دەدرەوشان و زوڵفەکانیشی دەتگوت زێڕوەشان کراون، سەرکوڵمەی هێندە سپی و سوور بوون، دەتگوت هەنگوینە سەرنجی مێش و مەگەسی ڕادەکێشا.

هەر لەخۆڕا ئەو هەستەم بۆ پەیدا بوو کە دەبێ پشتیوانی لێبکەم. ئانا پێیگوتبووم ناوی ئالیایە. بۆیە لەسەرخۆ بانگم کرد، ئالیا کارم پێتە وەرە نهۆمی سەرێ لەوێ چاوەڕێتم. خاتوو ئاناش ئاماژەی بۆ کردو حاڵی کرد کە کابرایەکی بێوەی و جێگەی بڕوایە. هێواش هێواش لەبەرچاوی بابا جەبارۆڤیچ دوور کەوتمەوە. ئالیاش بە بیانوویەک هاتەلام، بەکورتی باسی چارەنووسی ئەسەفباری خۆی بۆ کردم، هەروەها

باسی ئەو تەڵەو داوانەشی بۆ کردم کە لەو ڕۆژەوەی هاتۆتە نەخۆشخانە بابا جەبارۆڤیچ بۆی ناوەتەوە. کەوتبوومە دووڕیانێک، دەمویست یارمەتی بدەم، بەڵام بە چ شێوەیەک و بە چ ناوێک. خۆشبەختانە کەس لە نەخۆشخانە نەیاندەزانی ژن و منداڵم لە ئێرانەوە هێناونە یەکیەتی سۆڤیەت و ماڵەکەشم هەر لە نزیکی نەخۆشخانەیە و تەلەفۆنیشم نەبوو تا کەسێک لێم ببێتە مێمڵ. ئەو دوو سێ کەسەی پێکەوە هاوڕێ بووین باش دەیانناسیم لێیان دڵنیا بووم نەخشەڕێگاکەم ئاشکرا ناکەن. لەگەڵ ئالیا ڕێکەوتین بۆ ئەوەی لە چنگ ئەوانەی ڕزگاربکەم، ئەو دەنگۆیە بڵاوبکاتەوە کە پێکەوە بە فەرمی هاوسەرگیریمان کردووە، ئەوسا بۆ پارێزگاری کردن لە نامووسی خۆم دەمتوانی هەنگاو هەڵێنم و سینەی خۆم بکەمە قەڵغان. ئالیا نەخشەکەی پەسەند کردم و دەستی ماچ کردم. هەر بە هۆی خاتوو جانۆ لە شەوێکی ئێشکگرتن کە چەند دکتۆرێکی نەشتەرگەریشم لەگەڵ بوون، داوەتێکی تایبەتیم سازکرد وەک میوانی دوای مارەبڕین لە زاکس، ئالیا وەک هاوسەری من ناسێنرا. لەوەی نیگەران بووم خوانەکا خاتوو ڕەعنا بیری خراپ بکاتەوە. بۆیە دەبوو چارەسەری ئەوەشم کردبایە. منداڵەکان دوای تەواو کردنی قۆناغی دواناوەندی لە بەشی زمانی ڕووسی هەندێک کەموکووڕییان هەبوو، ئەو لاوازیەش لە ئەدەبیاتی زمانی ڕووسی دەبووە هۆکاری نەچوونیان بۆ کۆلێژ، بۆیە دەبوو زمانی ڕووسیان لە لەهجەی کەسێکی ڕووسەوە فێربووبان. لە ماڵێ پێشنیارم کرد خاتوونێک لە نەخۆشخانە کاردەکات و ئامادەیە بە هەقدەستێکی کەم دەرسی زمانیان پێبڵێ. خاتوو ڕەعنا پێشنیارەکەی پەسەند کرد و دەرگای ماڵمان بۆ خاتوو ئالیا کرایەوە. هەر لەگەڵ ئەوەی هەواڵی هاوسەرگیری من و ئالیا بڵاوبۆوە بابا جەبارۆڤەکانیش دەستیان هەڵگرت. منیش بۆ بەشداریکردن لە پەیمانگای پەرستاران هەوڵمدا تا ئالیا لەوێ وەربگرن، ئەویش بۆخۆی زۆر هەوڵیدا تا لە تاقیکردنەوەی سەرەتاییدا سەرکەوت بۆ پەیمانگای بەناوبانگی باکۆ. جێگری ئەو پەیمانگایە خاتوو گوڵشەن بوو کە لە نەخۆشخانە و لە بەشی نەشتەرگەری هاوکارم بوو. ئەو خاتوونە زۆر میهرەبان و تێگەیشتوو بوو هەموو ڕێزیان دەگرت. خاتوو گوڵشەن لەبەرخاتری من و بەحیساب

هاوڕێیەکی ئێرانیم بەناوی محەمەدی موعەلیم کە کارەکەی فێرکاری شۆفێری بوو، ماڵەکەی لە شارۆچکەی هەشت مەتری لەگەڵ خاتوو ئالیا گۆڕییەوە. خاتوو ئالیا زۆر سەربەرزانە لەگەڵ منداڵەکەی دەژیا، هەم کاری دەکرد و هەم دەشیخوێند. ئالیا

پەیمانگای پەرستاری بە سەرکەوتوویی تەواو کردو لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی دەوروبەری باکۆ دامەزراو هاوسەرێکی شیاوی پەیداکرد، شووی پێکردو بەختەوەربوون.
دوایی لە نەخۆشخانە تێگەیشتن ئەو هاوسەرگیریە ساختەیی بووە و تەنیا بۆ پارێزگاری لە کەرامەتی خاتوونێکی بە شەرەف و ستەم دیدە بووە.
خاتوو گوڵشەن لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا باسی ئەو جوامێری و بێ باکانەی منی دەکرد، کە بووە بیرەوەرییەکی لەبیرنەکراو بۆ من.
لە ژێر کاریگەری دەنگۆی سوورشال کەلیمی و سەید عەلیۆفی میری کارمەندان و پزیشکانی نەخۆشخانە کە پێکەوە پەیوەنییان هەبوو، لە جۆری هەڵسوکەوتیان دیار بوو کە منیان خۆشناوێ و بە چاوێکی پڕ لە گوماناوی لێم دەڕوانن. منیش ناچار بووم لەوانەی لە دەوروبەرمن بە گومان بم. کابرایەکی داڵەگۆشتی باڵابەرزی قژ سپی بە ناوی ئیبراهیم کە ئێرانی بوو لە بەشی فریاگوزاری کاری دەکرد، لەگەڵم هاوڕێ بوو، زوو زوو لە مەترسی پێشهات ئاگاری دەکردمەوە. تا بەرلەوەی کارەکە رووبدات چارەسەرێک وەبینم و خۆم لە شەڕی ئەوان بەدوور بگرم. خودا چاکەی بنووسێ. دوو کەسی دیکەش هەبوون بە ناوی مورسیل و سەلیم لە بەشی شکستەبەندی کاریان دەکرد. کە بنیادەمی شەریف و داوێنپاک بوون.
بەرپرسی بەشی تیشک دکتۆر عەلیۆف کابرایەکی چوارشانەو کەسێکی ئارام و لەسەرخۆ بوو، بە مانای وشە ئوستادێکی تاقانە بوو. لێهاتوو بە ئەزموون بوو، بۆ هەرکێشەیەک ئامادەبوو، نەخۆشەکان خۆشیان دەویست. کابرایەک بوو هیچ چاوەڕوانییەکی نەبوو. زۆر رێزی دەگرتم. هەندێک ئەگەر لەگەڵ پزیشکی چارەسەر نێوانیان خۆشنەبا بە مۆڕەوە تەماشای نەخۆشەکانیان دەکرد و وایان نیشان دەدا کە پزیشکی چارەسەری لەوانەیە لەو نەشتەرگەریەی کردوویەتی هەڵەیەکی کردبێ کە بووەتە هۆی دڵەڕاوکێی نەخۆشی بەستەزمان و ساردییەک لە نێوان پزیشک و نەخۆشدا بێتە ئاراوە. ئەو کارە ناشیرن و ناشایستە پێچەوانەی کاری پزیشکی و هاوکاری لە قەڵەم دەدرێ.
دوای رووخانی ڕژێمی سەڵتەنەتی لە عێراق و هاتنەسەرکاری عەبدولکەریم قاسم و دوای ئەویش عارف و بەدوای ئەوانیشدا ئەحمەد حەسەن بەکر و سەددام حسێن. قوتابییەکی زۆر لە عێراقەوە رەوانەی یەکیەتی سۆڤیەت کرابوون و لە هەموو

شارەکانی سۆڤیەت لە بەشەجۆراوجۆرەکاندا لە زانکۆ و کۆلێژەکاندا خەریکی خوێندن بوون. زۆریشان مافی پەنابەرێتی سیاسیان وەرگرتبوو. زۆربەی ئەو قوتابییانەی بۆ باکۆ هاتبوون لە بەشی نەوت و وزەو هێزی دەریایی خەریکی خوێندن بوون.

قوتابییە کوردە عێراقیەکان زوو زوو دەهاتنەلام و ماڵەکەشم مەکۆیەک بوو بۆ ئەوان. هەرکەسێک پێداویستییەکی هەبوایە یان نەخۆش بووبا، سەردانی نەخۆشخانەو ماڵەکەمی دەکرد.

رۆژانی پشوو یان رۆژانی جەژن زۆربەیان دەهاتنە ماڵێ و ئاهەنگیان دەگێڕا. وێنەیەکی گەورەی مەلا مستەفای بارزانیم لە ژووری پێشوازی هەڵواسیبوو. سێ قەفەسیشم هەر لە هۆڵەکە دانابوون کە پڕ بوون لە بولبول و کەناری، گوڵی ناوگوڵدانەکانی رەعناش دیمەنێکی جوانیان دەبەخشی. چریکەی بولبول و کەناریەکان، بۆنی گوڵەکان و گۆرانی و ئاوازی ئێرانی و عێراقی، جا چ کوردی و چ فارسی و چ عەرەبی، سەرنجی رێبوارانی دەوروبەری ماڵی ئێمەی بۆخۆی رادەکێشا. قوتابیەکانی زانکۆ دوای نانخواردنی شێوان نەشەیان لە ئاوازی مۆسیقاو چریکەی ئەو باڵندانە وەردەگرت و دەستیان دەکرد بە هەڵپەڕکێ.

میوانە بەردەوامەکانی ماڵی ئێمە بریتیبوون لە عزەدین مستەفا رەسووڵ کە دوایی پرۆفیسۆری لە زانکۆی بەغدا وەرگرت و خەڵکی سلێمانی بوو. کابرایەکی دنیادیدەو نووسەرێکی دیار و قسەخۆش بوو، بەڵام زۆر نەوسن و کەمێکیش رووهەڵماڵاو بوو. پێش ئەوەی لەگەڵ خاتوو رووناک هاوسەرگیری بکا لە باکۆ قوتابی بەشی ئەدەبیات بوو، رۆژانە سەری بە چەندان ماڵدا دەکرد، جا چ ماڵە تورک با یان ماڵە کورد داوای خواردنی دەکرد. ورگێکی هەبوو پڕ نەدەبوو. چاکەی زوو لەبیر دەچوو، دەست و دڵ ئاوالاش نەبوو.

گەنجێکی دیکەش هەبوو بە ناوی کەمال مەزهەر ئەویش خەڵکی سلێمانی بوو، قوتابی بەشی رۆژهەلاتناسی و ئەدەبیات بوو. کابرایەکی دڵساف و دڵناسک بوو، لە هەمانکاتیشدا زۆر نیشتیمانپەروەر بوو. لە مۆسکۆ ژنی هێنا بوو کوڕێکی هەبوو.

نەسرین فەخری بێژەری پێشووی رادیۆی کوردی بەغداش یەکێک بوو لەو قوتابیانەی لە باکۆ دەژیاو باڵەخانەکیان دابۆیە، هێشتا خوێندنی تەواو نەکردبوو مێردی بە قوتابییەکی عەرەب کرد و چوونە ئەمریکا. هیچ سیفەتێکی باشم لەو خاتوونەدا بەدی نەکرد، بەڵام زۆر بە ئابڕوو بوو.

قوتابییەکی دیکەی هێزی دەریایی بە ناوی موحسین دزەیی کە گەنجێکی خوێن گەرم و لەبەردڵان و نیشتیمانپەروەری راستەقینە بوو، زۆر بەڕێز و داناو دووربین بوو.
چەند قوتابییەکی دیکەش هەبوون لەوانە شێرزاد و فەهمی و هەرگوڵ، قوتابی کۆلێژی نەوت بوون کە زۆر لێهاتوو بوون. ئەکرەم ناوێکیش لە کۆلێژی نەوت دەیخوێند کابرایەکی ناقۆڵاو پەڕپووت بوو، زۆر درۆزن و فێڵباز بوو، لەوێ دەیخوێند. کاک رەشاد کەرکوکی بازرگانێکی لێزان، قسەخۆش و سەماکارێکی باشبوو. لە کۆڕ و دانیشتنەکاندا هەمووی وەجۆش دێنان، لەسەر هەر سفرەیەک پاروویەکی دەخوارد.
ساڵانێک لە پەیمانگا و بەشی پەرستاری بوو، هەر زوو ژنی هێنا، خانوویەکیان دایە بەڵام هەرگیز لەگەڵ ژن و دوو منداڵەکەی پێکەوە نەبوون، وەک باڵندە هەر رۆژەو لەسەر لکی دارێک دەنیشتەوە. کابرایەکی بێوەی بوو، بەڵام زەمانەتی راستگۆییەکەی ناکەم. ئەگەر کڵاوی لەسەری یەکێک نا، خەتای من مەگرن.
کاک حەمەدی مەولوودی کە لە ئێمە گەورەتر و پیاوماقوڵی هۆزەکەی بوو، پیاوێک بوو زوو دەڕەنجا و توڕە دەبوو. دوو ماڵی هەبوون یەکێکیان لە قووباو ئەوەی دیکەشیان لە باکۆ بوو. دیواری ماڵەکەی باکۆی کونکون کردبوو بە یادی رۆژانی رابردوو دەورانی پارتیزانی و قاچاخچێتی و یاخی گەری لە دەوڵەت، پێیوابوو لە هەموو لاوە بەدوایدا دەگەڕێن، جا چ لە ماڵێ بێت یان لە دەرەوە. هەر بۆیە لە باڵەخانەکەی کە دابوویانێ، سەنگەر و کونی زۆری لێدا بوون، تا ئەگەر لە هەر لایەکڕا بە خەیاڵ هێرشیان بۆ هێنا، خۆی دەرباز بکات. ئەو کاک حەمەدە بۆ هەموومان ببووە مەلای مەشهوور. کابرایەکی قسەخۆش بوو، بەڵام زۆر جارانیش لەخۆڕا توڕە دەبوو، پاش ماوەیەک هەستیدەکرد هەڵە بووە.
کاک حەمەدی مەولوودیان لە دەورانی حکومەتی پێشەوا قازی محەمەد پلەی کاپیتانی هەبوو، ئینجا بوو بە عەقید و بە سەردەستەی چالاکی پاتیزانی لە قەڵەم دەدرا. کاتێک بیرەوەرییەکانی دەگێڕانەوە شتی زۆر خۆشی باس دەکرد. دەیگوت کاتێک پێشم بە لەشکری شا گرت لەسەر رێگای سەقز، سەردەشت دوو عەقیدم دەستگیر کردن، چاوم بە دوو قەفەس کەوتن کە دوو کۆتریان تێدا بوو. کۆترەکانم لە قەفەسەکە ئازاد کردن، کابری عەقید هاواریکرد، ئەوە چیدەکەی؟ ئەوانە کۆتری نامەبەرن. حەمەدی مەولوودی لە وەڵامی عەقیدەکەی شاهەنشاهی سەری هەردووک کۆترەکە دەبڕێ و دەڵێ دەیانبرژێنم و دەیانخۆم تا ئیدی نامەی ئێوە بۆ دەسگای سەڵتەنەتی نەبەنەوە.

حەمەدی مەولوودیان پێش ئەوەی لە ئێران بڕوات ماوەیەک لە ناوچەکانی دەوروبەری مەهاباد و بۆکان و سەردەشت تووشی چەندین شەڕ ببوو لەگەڵ هێزی دەوڵەتی.

لە ساڵانی ١٩٤٩- ١٩٥١ هەر شەڕ و تێکهەڵچوونێک روویدابا دەیانخستە ئەستۆی حەمەدی مەولوودیان. بۆ دەستگیرکردنی لە لایەن دەوڵەتەوە پاداشتێکی زۆر دانرابوو. لە کۆتایی ساڵی ١٩٥١ کاک حەمەدی مەولوودیان لە ڕێگای چیاکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران، ئەو ڕێگایەی کە مەلا مستەفای بارزانی و خەباتکارەکانی بڕیبوویان هەر بەوێدا دێن و لە رووباری ئاراس دەپەڕنەوە و دێنە ناو خاکی سۆڤیەتەوە و دەبنە پەنابەر. ئەویش بە سێ ساڵ زیندانی حوکم دەدرێ و دەینێرنە ئۆردووگای کاری زۆرەملێ. هەروەکو پێشتریش باسم کرد لە چ بارودۆخێکی نالەباردا دیتمەوەو هاتەوە لای ئێمە. حەمەدی مەولوودیان دەیگوت لە تیرۆرکردنی قازی زادە، لەوێ بووە بەڵام ئەو، ئەوکارە تیرۆرەی نەکردووە، بەڵکو هەمیشە حەسرەتی ئەوەی دەخواست کە بۆچی لەگەڵ ئەو دەستە شەڕانگێزە هێرشیان کردۆتە سەر ئەو کابرا بێ دیفاعەو کوشتوویانە و ماڵەکەشیان تاڵان کردووە.

بەردەوام ئارەزووی ئەوە بوو هاوسەرەکەی و تاقانە کوڕەکەی بێنە سۆڤیەت و بێنەوە لای خۆی. بەردەوام خەمی ئەوەی بوو نەکا کوڕەکەی وەدوای ڕێبازی باوکی نەکەوێ و ببێتە کەسێکی خۆفرۆش.

لە باکۆ بەردەوام لەگەڵ کاک رەحیمی قازی لە ململانێ و گێرەوکێشەدا بوون. کاتێک زانیبای کاک رەحیم لە ماڵ نییە دەچووە ماڵیان و بێترس ئەوەی ویستبای لە رادیۆ و تەلەڤزیۆن هەڵیدەگرت و لەگەڵ خۆی دەیبرد، هاوسەرەکەی کاک رەحیمیش هیچی نەدەگوت و کاک رەحیمی قازیش لەو کارەی حەمەد ناوچەوانی تێکنەدەنا و دەیگوت دەڵێی چی کاک حەمەد سەرداره، ماڵ ماڵی من نییەو ماڵی خۆیەتی. کاک حەمەد ڕۆژێک هاتبووە ماڵی ئێمە لەبەردەرگا بە پێکەنینەوە بە خاتوو رەعنای هاوسەرم دەڵێ، موژدەم بدەیە کاک رەحیمی قازی تووشی نەخۆشی بەردی گورچیلە بووەو لە نەخۆشخانە خەواندوویانە. هەروەها دەڵێ ئەو بەردەش هەمان ئەو زەردەچێوەیە کە لە ئێرانەوە بۆیان ناردووم و ئەویش دەستی بەسەرداگرتووەو خواردوویەتی و لێی بۆتە بەردی گورچیلە. دەیویست ئەوە بڵێ هەرکەسێک بیەوێ ستەمی لێبکات،

خودا تۆڵەی لێدەکاتەوە، لە کاتێکدا ئەو لە ژیانی سەربەگێچەڵی خۆیدا زوڵمی لە سەدان کەس کردووە. بۆیە چاوەڕوانی کردەوەکانی خۆتبە.
دەڵێن دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران مۆڵەتی گەڕانەوەیان دابووە کاک حەمەدی مەولوودیان تا بگەڕێتەوە بۆ ئێران، ئەویش لەخۆشیان جەڵتە لێیدەواو دەمرێ و لە گۆڕستانێکی باکۆ بەخاک دەسپێردرێ.
نەخۆشخانەی شائۆمیان بە هەزاران بیرەوەری تاڵ و ناخۆشیەوە لە ئەزموونی پزیشکیم بە پێچەوانەی مەیلی خۆم وازم لێهێناو لە نەخۆشخانەی دایکەوە چوومە نەخۆشخانەیەکی تازە دامەزراوی ژمارە پێنج کە تازە وەسەرپێ دەکەوت.
لەسەرەتای زستانی ١٩٦٨ بۆئەوێ گوازرامەوە. هەروەکو پێشتر ئاماژەم بەوەدابوو، خاتوو عادلە و هاوشێوەکانی وەکو سەید عەلیۆف و رەشاڵ، کە پێشتر ئاوێکی وایان ڕشتبوو چەندین مانگی پێچوو تا سەلماندم بەوشێوەیە نەبووە کە ئاوا بەخراپی باسی منیان کردووە من کەسێکی مەترسیداربم و ئازاری هیچ کەسێکیش نادەم. بەڵکو کەسێکی زەحمەتکێش و پشوودرێژم.
لە نەخۆشخانەی ژمارە پێنج سەرپەرشتیاری بەشی نەشتەرگەری دکتۆر عیسمەت حاجییۆفی هاودەورەم بوو، براکەی لەگەڵ پرۆفیسۆر ئاغایۆف بیوک کیشی هاوڕێ بوون، پێشتریش لەگەڵ پرۆفیسۆر عەلیۆف کە زانایەکی هەڵکەوتەو بەرپرسی بەشی نەشتەرگەری بوون، پەیوەندی نزیکایەتی و هاونەتەوەیی یانی کورد بوونیان هەبوو. پرۆفیسۆر عەلیۆف کە مەرجەکانی پێویستی دکتۆرای بۆ دکتۆر حاجییۆف ئامادەکردبوو. ئێستاش بۆتە پرۆفیسۆری یاریدەدەرو وانە بە قوتابیان دەڵێتەوە. کاک عیسمەتی هاونەتەوەم کابرایەکی دووڕوو، لە هەموان دڕدۆنگ و هەلپەرست و درۆزن و خۆپەرست بوو. لەگەڵ من لافی برایەتی و دۆستایەتی لێدەداو بەردەوام وێنەی یادگاریمان دەگرت و لەپشتەوەش خەنجەری لێدەدام. ئەگەر نەشتەرگەرییەکی گەورەم لە شەوانی ئێشکگرتنم ئەنجامدابایە، کە لە توانای ئەو بەدەربوو، پرۆفیسۆر ئاغایۆفی بەرپرسی بەشی دنەدەدا کە دەبوو بۆ ئەو نەشتەرگەرییە پرۆفیسۆرت لە ماڵێ بانگ کردبایەوە. منیش دەمگوت بۆ نەشتەرگەرییەکی لەم شێوەیە هەموو جۆرە ئامادەییەکم هەیە و پێویستیم بە کەس نەبووە لە ماڵ بیهێنمەوە. تا دواتر وایلێهات هەموو پزیشکەکان ئەگەر لە شەودا ئێشکگر بوون و کێشەیەکیان بۆ دەهاتەپێش بانگی منیان دەکردەوە، تا ئەوانی دیکە. ئەو جیاوازکارییە بۆلای من پرۆفیسۆر

ئاغایۆفی دوودڵ و نیگەران کردبوو، کە دەشێ لەمەودوا زیاتر روو لە من بکەن تا ئەو.

رۆژێکی پشووی بەهاری بوو نەخۆشێکیان هێنا کە گەدەی خوێنڕێژییەکی زۆری دەکرد. گەنجێکی رووسی جوانچاک بوو لە سەرەمەرگدابوو، فشاری خوێنی هاتبووە خوارێ و هیمۆگلۆبینی کەم ببووە. بۆیە هیچ چارەیەکم نەبوو دەبێ دەستبەجێ نەشتەرگەری بۆ بکەم. لە نەخۆشخانە بەرپرسی نەخۆشخانە جارجار سەردانی دەکردین. من لەکاتی ئەو نەشتەرگەرییە کە بە خێرایی و بۆ رزگارکردنی گیانی ئەو نەخۆشە لەگەڵ دوو پەرستار لە ژووری نەشتەرگەری و پزیشکی ئێشکگر کارم دەکرد ئاگام لەوە نەبوو کە دکتۆر محەمەدۆفی بەرپرسی نەخۆشخانە لەپشت سەرم راوەستاوە و ئاگای لە خێرایی کارەکەمە. ئەو نەشتەرگەرییە لە ماوەی سەعاتێک و بیست خولەک بە لابردنی دوو لەسەر سێی گەدەو مەترسی خوێنڕێژی ریخۆڵەی دوازدەگرێ بەوپەڕی سەرکەوتوویی ئەنجامدرا.

کاتێک لە ژووری نەشتەرگەری دەهاتمەدەر و لە ڕاڕەوی نهۆمی پێنجی بەشی نەشتەرگەری کە ژوورەکەی خۆم لەوێ بوو، تەماشامکرد پڕە لە کەسانی دیار و بەرپرسانی باکۆ لەوێ کۆببوونەوەو چاوەڕوانی ئەنجامی نەشتەرگەریەکەیان دەکرد. کاتێک چاویان بە من کەوت پیرۆزباییان لێکردم کە ئاوا خێراو سەرکەوتوانە ئەو نەشتەرگەریەم ئەنجامداوە. لەو کاتەدا پرۆفیسۆر ئاغایۆف هات، لەبەر ئەوەی کورتەباڵابوو هەروەها قەڵافەتێکی وا سەرنجڕاکێشی نەبوو کە شایستەی پرۆفیسۆری بێت، ئامادەبوان هیچ گرنگییەکیان پێنەداو لە دەوری من کۆبوونەوە. لە نیگا شەڕانگێزەکانیەوە هەستم بە رق و کینەی ئەو جوتیارزادەیە کرد و تێگەیشتم کە دارم لە کونە زەردەواڵە وەژاندووە و دەرەنجامێکی باشی نابێ. بۆیە بە ناچاری رووم لە ئامادەبوان کردو گوتم ئەوە جەنابی پرۆفیسۆر و ئوستادو رێبەری ئێمەیە. بە ئەوانم ناساند تا بەڵکو رق و کینەی کەم بێتەوە و لەوکارە باشەی کە کردوومە سوپاسم بکات. یەکەم پرسیاری رق ئەستوورانەی کە کردی ئەوە بوو، بۆ لە ماڵێ ئاگادارت نەکردمەوە و تەلەفۆنت بۆ نەکردم؟ لە کاتێکدا بۆ پارێزکاری خۆم کەسێکم ناردبوو، بەڵام لە ماڵ نەبوو. ئەوەشم پێگوت کە جەنابتان لە ماڵ نە بوون. بە کورتی ئەو کەشە هاتبووە ئاراوە کە ئاوای لێک دەدایەوە. دواتر بەرپرسی نەخۆشخانە کە دەزانێ لە کابینەکەی خۆیدایە دەچێتەلای، بە قسەی یەکێک لە پەرستارەکان کە

ئەویش لەوێ دەبێت گوێی لێدەبێ کە دکتۆر محمەدۆفی بەرپرسی نەخۆشخانە زۆر تاریفی منی کردووە و گوتوویەتی دکتۆر ئاغایۆڤیچ بەخوای لە کاتی نەشتەرگەریدا دەست و پەنجەت نەدەدیتن هێندە خێرا نەشتەرگەری دەکرد، دەتگوت لە هەموو تەمەنیدا ئەو کابرایە لە ژووری نەشتەرگەریدا ژیاوە، هێندە کارێکی جوان و لێزانانەی کرد. بیوک کیشی پرۆفیسۆریش دەڵێ قوتابخانەکەی پرۆفیسۆر تۆپچی هەمیشە ئاوا بووە و کادیری باشی پەروەردە کردوون. بەلام دووزمانی و قسەوقسەلۆکی عیسمەت حاجییۆف و دڕدۆنگی پرۆفیسۆر دۆخێکی نالەباری لە بەدبینی هێنایەوە گۆڕێ کە دیسان بە جۆرێکی دیکەو بەربلاوتر لێم چوونەوە دە سەنگەرێ. هێندەی پێنەچوو کە پرۆفیسۆرێکی ناقۆلاو نەزانیان بە ناوی شامل بەشیرۆڤیچ بە عینوانی پرۆفیسۆری ژمارە دوو هێناو لە بەشی دوویان داناو بوو بە هەمەکارە. منیشیان لە بەشی یەک بۆ بەشی دوو گواستەوە، ئەو زانا ساختەیە تازە هاتبوو فەرمانی دەکرد و نەشتەرگەرییەکانی دابەش دەکرد. بۆ خۆیشی نەشتەرگەری بچووک یان هی گەورەی کردبایە دوای یەک دوو رۆژ نەخۆشەکەی رەوانەی ئەو دنیا دەکرد.

ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر باڵی بەسەر هەموو نەخۆشخانەکەدا کێشا بوو، نەخۆشەکان لە بەشی دوو رایان دەکرد. دوای مردنی پرۆفیسۆر عەلیۆف دەستەلات کەوتە دەست پرۆفیسۆر بیوک کیش کە تاقە سواری مەیدانەکە بوو. ئەو بەردەوام دەیویست هاوکارانی کەسانێکی دەستوپێ سپی و هیچ نەزان بن تا خۆیان بەسەردا هەڵکێشێ و کەس جورئەتی ئەوە نەکا باسی کارە چەپەڵەکانی بکات.

هاوڕێ دکتۆر محەمەدۆف خەڵکی لەنکەرانی تازە بوو کە هاتبووە نەخۆشخانەی ژمارە پێنج لە لەنکەرانیش بە پشتیوانی وەزیری تەندروستی کە بۆخۆیشی لەنکەرانی بوو، گوازرابۆوە و ببووە بەرپرسی بەشی دوو.

شەوانە هەموو نەشتەرگەرییە سەختەکانی خۆی بە من دەسپاردو ئەگەر ئێشکگریش نەبام بە هانایەوە دەچووم و نەشتەرگەرییەکانیشم بەناوی ئەو ئەنجام دەدران و خێرەکەشی هەر بۆخۆی بوو، بەر لەوەی نەخۆشەکە وەهۆش بێتەوە، لە نەخۆشخانە دەچوومە دەر. هەمووشیان ئەوەیان دەزانی و گلەییان دەکرد، بەلام ئەو دەیگوت ئەو هاوکارمە و لەو بەشەی مندا پێکەوە کاردەکەین و پێویستیم بە هاوکاری کەسی دیکە نییە. لەبەرئەوەی پشتی بە وەزیری تەندروستی قایم بوو، هێندەی گوێ بەو پرۆفیسۆرە لەخۆباییە نەدەدا.

ئەو بەڕێوەبەرە بەڕێزە دکتۆر مەمەدۆف نەخۆشی تەنگەنەفەسی هەبوو، بەردەوام دەکۆکی. لەکەسانی دەوروبەری دڕدۆنگ بوو، کەسێکی زۆر وشکی ئیداری بوو. دوو ساڵ بەرپرسی بەشی نەشتەرگەری بوو. دوایی کردیانە بەڕێوەبەری ساناتۆری مەردەکان بۆ ئەوێ گوزرایەوە ئەویش لە سایەی هاوڕێی قەدیمی و هاوشاری، واتا وەزیری تەندروستی پرۆفیسۆر عەبدوڵلایۆف. دەروویەکی بەخێری لێکرایەوە و گاڵتەی بە خەڵکی بێچارە و ستەمدیدەکانی سۆڤیەت دەهات. هێندەی پێنەچوو ئەو نیعمەت و بەرەکەتەی بەسەریدا ڕژابوو لێی بوو بە ژەهرەمار و کوشتی.
دوای ئەو دکتۆر کەمال کازمۆف بوو بە بەرپرسی بەش، ئەویش کابرایەکی تووڕەو تۆسن و دەمشڕ و پارەپەرست بوو. لە نەشتەرگەرییەکانیدا زۆر تووڕەو هەڵەشە بوو، زۆر جار لە نەشتەرگەرییەکانیدا تووشی زۆر هەڵەی کوشەندە دەبوو، کەچی هیچ وەسەرخۆی نەدەهێناو مێشێکیشی میوان نەبوو. ئەو کابرایە لەگەڵ کەسانی دیار و ماستاوچی هاوسفرەو هاوپیاڵە بوو. زۆر جاریش لەگەڵ دکتۆرە چالاکەکانی نەخۆشخانە تێکدەگیرا.
نەخۆش یان نەشتەرگەرییە تایبەتەکانی بە بیانووی جۆراوجۆر بۆ نموونە خزم و خوێش دەناردنە لای من تا نەشتەرگەرییان بۆ بکەم. ئەو نەخۆشەی پزیشکی چارەسەر چەند ڕۆژ، کاری لەسەر کردبوو زەحمەتی لەگەڵ کێشا بوو، ئامادەی کردبوو بۆ نەشتەرگەری، لە دەستانی دەردێناو پزیشکەکەی ناچاردەکرد ملکەچی بێت.
نەشتەرگەری هاوسەرم:
خاتوو ڕەعنای هاوسەرم لە ساڵانی ١٩٧١- ١٩٧٢ تووشی نەخۆشی ژنانەی ڕەحم و خوێنڕێژی بوو، زۆری ئازار پێوە دەکێشا. بۆیە زۆر پێویست بوو نەشتەرگەری بۆ بکرێ و ڕەحمی دەربهێنرێ، بەڵام چۆن ئەو نەشتەرگەرییەی بۆ بکرێ و بەکێ بڵێم نەشتەرگەری بۆ هاوسەرەکەم بکات؟ زۆر نیگەران و دوودڵ بووم.
لە نەخۆشخانەی ژمارە پێنج کارم دەکرد، ئەو دکتۆرە خۆ بەزۆر زان و بێ توانایانەی نەخۆشخانەکەیان بەڕێوە دەبرد، هەموو جۆرە نەشتەرگەرییەکیان دەکردو دەربەستی دەرەنجامەکەشی نەبوون، بەردەوام دوای نەشتەرگەری نەخۆشەکانیان دەمردن و تەبەڵەی نەخۆشەکانیان دەگۆڕین بە شێوەیەک زیانی بۆ ئەوان نەبێت. ئەو مۆتەکە ترسناکە هەراسانی کردبووم و بەدوای ڕێگاچارەیەکدا دەگەڕام. لەگەڵ دکتۆر کەمال

کازمۆف کەوتمە راوێژ کە بەرپرسی بەشبوو. لەو قسەوباسانەدا بووین دکتۆر کامەران تاروێردیڤ کە دکتۆرێکی سی ساڵەی کەللەرەق و فێڵبازبوو، هاتە ژووریٔ؟ دکتۆر کەمال وێڕای هاودەردی لەگەڵم گوتی واباشە لە شوێنێکی دیکە نەشتەرگەری بۆ هاوسەرەکەت بکەی و لە دەست بیوک کێشی و شامل بەشیرۆڤیچیان دووری خەیەوە. بۆ خۆت دەزانی ئەوانە رۆژ نییە کەسێک نەکوژن و مێشێکیشیان میوان نییە. ئەگەر خوانەخواستە حاڵەتێکی ناخۆش بۆ هاوسەرت هاتەپێش بەدبەخت دەبی و ناتوانی کاربکەی و هەردەبیٔ لە ئەژنۆی خۆت بدەی. ئامۆژگاریەکەی ئاقڵانە بوو.
دکتۆر کامەران تارۆیردۆف کە لە خزمە نزیکەکانی مام ئۆغلوو تارۆدیرۆفی شۆڕشگێڕی ناودارو کەسایەتی دیاری مێژووی ئێران لە دەورانی شۆڕشی جەنگەڵ و بزووتنەوەی مەشرووتە خوازان بەر لە هاتنەسەرکاری رەزاخان لەناوچەی مازەندەران و ئازەربایجان لە قەڵەمدەدرا، هەرکەسێک خزمی ئەو کەسایەتییە مێژووییە بوایە، خۆی لەخۆیدا شانازیەکی گەورەبوو.
ئەو کابرایە خۆی پێڕادەنا، بەڵام بۆخۆی کەسێکی فێڵباز و دەم پیس بوو.
کامەران هاتەناوقسان و گوتی ئەگەر بە قسەم بکەن نەشتەرگەرێکی زۆر شارەزای لەزگی دەناسم بەناوی شامخالف لە نەخۆشخانەی عەزیز بێکفە، کە دایکم بەرپرسی بەشی لە دایکبوونە، داوای لێدەکەم نەشتەرگەری بۆ هاوسەرت بکات و لەو نیگەرانییە رزگارت بێت. زۆرم پێخۆشبوو، باوەڕم پێکرد بێئاگا لەوەی دایکی لەگەڵ عادلە دۆستی نزیکی دەورانی زانکۆن. رەزامەندیم دەربڕی و گوتم بۆ نیوەڕۆش میوانی منن. گوتم مادام وایە با منیش نیوەڕۆخوانێکی باشیان بۆ ئامادەبکەم. لەسەرخواستی ئەوان بتڵێک ڤۆدگاو کەباب و تەماتەو خەیار و ساردی سیٔ کەسان بکڕم. کامەران گوتی نزیکەی بیست ڕۆبڵی دەوێت. پەنجا ڕۆبڵم وێدا تا بچیٔ هەم خواردنەکە بکڕیٔ و هەم سەرێکیش لە نەخۆشخانەی عەزیز بێکف بدات و بچێتە لای دکتۆر شامخالف تا بەڵێنی لێوەربگریٔ و هاوسەرم ببەمە نەخۆشخانەو لەویٔ نەشتەرگەریەکەی بۆ بکریٔ.
دکتۆر کامەران پارەکەی وەرگرت و چاوێکی لە دکتۆر کازم داگرت، دەرپەڕی خۆی گۆڕی و بەسواری ئۆتۆمبێلی ڤۆلگای کازمۆف رۆیشت. دڵم بەتوندی لێیدەداو چاوەڕوانی گەڕانەوەی دکتۆر کامەران و هەواڵەکەی بووم. دوای سەعاتێک دواکەوتن کە بۆ من بە ساڵێک بوو، دکتۆر کامەران هاتەوە، بە جانتایەکی پڕ لە کەباب و میوەو

مەشرووبەوە هاتەوە ژووری کازمۆف. منیش بەدوایدا چوومە ژووریّ و پرسیم چیت کردووە. گوتی دکتۆر شامخالف ئەو نەشتەرگەرەی کە دەبیّ نەشتەرگەری بۆ هاوسەرت بکات لە نەخۆشخانە نەبوو، بەڵام حەتمەن ئێواریّ یان سبەی دێتەوە.

دەربارەی راستگۆیی ئەو کامەرانەی خزمی بەناوبانگ گومانم هەبوو، هەروەها هەستیشم بە فرتوفێڵەکانی کردبوو. کەسێکی جێگەی متمانە نەبوو. ئەوەش جۆرێک لە قۆڵبڕی هاوکاران بوو! هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشا، بەڵام ئەو دوانە ئاگایان لە نیگەرانییە دەروونیەکانی من نەبوو. جانتا پڕ لە خواردنەکە لەسەر مێزی کازمۆف بوو، بۆنی کەباب ژوورەکەی پڕ کردبوو. چاوەکانی کامەران و دکتۆر کەمال لە خۆشیان دەبریسکانەوە و دەمیان پڕ ببوو لە ئاو.

دکتۆر کەمال خێرا پێیگوتم دکتۆر گیان بە خەجێی بەرپرسی خواردن بڵێ کەمێک نانمان بۆ بێنێ. هاتمەدەریّ و پەیامەکەی بەرپرسی بەشی نەشتەرگەریم بە خەجیّ راگەیان. کاتێک گەڕامەوە ژوورەکەی دکتۆر کەمال دەرگام کردەوە و دەمویست بچمە ژووریّ، تەماشامکرد جانتای دەستی دکتۆر کەمال لە پەنا جانتا خواردنەکە دانراوەو زنجیرەکەشی کراوەتەوە. دکتۆر کامەران بە دزی ئەو تەماتەو خەیارە سەربەگوڵانە بخاتە جانتاکەی کازمۆف دەیەویّ پیاوەتی بە ئاوی حەمامێوە بکات و دۆستایەتییەکەی لەگەڵ دکتۆر کەمال توندوتۆڵتر بکات و ئەو خواردنەی کە دەبوو پێکەوە بیخۆین نیوەی بداتە بەرپرسی بەش. ئەو دیمەنە قێزەون و ناشیرنە لەشوێنی خۆی وشککردم، گەڕامەوەو گوتم بانگم دەکەن. ئەوانیش خەریکی بەشکردنی دەستکەوتەکەیان بوون. منیش لە بیری ئایندەی خاتوو رەعنای نەخۆش و بەستەزماندا بووم. کوڕەکانم ئەنوەر و بەهمەن دواناوەندییان تەواو کردبوو هێشتا نەیانتوانیبوو بچنە زانکۆ.

قوتابیانی عێراقی کورد و عەرەب و تورکیش لەگەڵ من نێوانیان زۆر خۆشبوو، زۆر دەهاتنە ماڵێ. خواردنە خۆشەکانی خاتوو رەعنا نیشتیمانی وەبیردێنانەوە و بە خاتوو رەعناشیان دەگوت دایە. زۆریان خۆشدەویست و رێزیان دەگرت.

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەش گۆڕدرابوو لەنکەرانییەکی دیکەیان بە ناوی کەمال عیسائۆڤیچ ئاغایۆف هێنابووە جێگای ئەو. کابرایەکی باڵابەرزی جوانچاک بوو، پێشتر ئەفسەری سوپای سوور بوو. کاتێک خانەشین کرا، هاوشاریەکەی وەزیری تەندروستی بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەی لە محەمەدۆف تارزەن وەرگرتەوەو دای

بە ئەو. کەمال عیسا ئۆڤیچ بەخۆی دەنازی. ڕۆژانی پێنج شەممەی هەر هەفتەیەک وەک پیشەی بەڕێوەبەری پێشووی نەخۆشخانە سەردانی هەموو نەخۆشەکانی دەکردو دکتۆرەکانی وەدوای خۆی دەداو هەندێک فەرمانی دەردەکردن. جارجاریش بە منی دەگوت کەی دەگەڕێیتەوە نیشتیمانت؟ ئەوەش لە دڵسۆزیانی نەبوو، بەڵکو لەبیری ئەوەدا بوو شوێنە بەتاڵەکەی من بە پارەیەکی زۆر بفرۆشێتەوە و لەگەڵ وەزیر برایانە بەشی بکەن. منیش لە هەموو ڕووبەڕوو بوونەوەیەک بە ڕووخۆشیەوە خۆم لێ دەرباز دەکرد، جارجارەش دیارییەکم بۆ دەبرد؟ بە وشترملم شوبهاندبوو نە هێلکەی دەکرد و نە هەڵیش دەفڕی.

ئەو ڕۆژە بە سەرخۆشی دکتۆر کازمۆف و دکتۆر کامەران پێکەوە نەشتەرگەری ڕیخۆڵەکوێرەیان بۆ کچە ئەرمەنییەکی دراوسیمان کردبوو، کە بۆ بەیانی حاڵی نەخۆش بەرەو خراپی دەچوو. بنەماڵەی ئەو دراوسێیەمان هێرشیان هێنایە سەرماڵی ئێمە و دەیانگوت دکتۆر لە نەخۆشخانە تۆمان نەدیتەوە ئانژاڵ حاڵی تێکچوو بە ئامبولانس بردمانە نەخۆشخانەکەی تۆ. دکتۆر کازمۆف گوتی ئەگەر ئێستا نەشتەرگەری بۆ نەکرێ دەمرێ. ئێمەش ئەوەندەی گوتمان تۆمان دەوێ ئەویش بەسەریدا قیژاندین و دەیگوت ئەو لەبەردەستی مندایە و من بەرپرسی بەشم دەبێ شانازی بەوە بکەن کە ئامادەم نەشتەرگەری بۆ بکەم. ئێمەش ناچار بووین مل بدەین، پێشتریش دوو بەرابەر پارەی لێوەرگرتین تا دکتۆ کەمال نەشتەرگەری بۆ کرد. ئێستاش سەعات بە سەعات حاڵی نەخۆشەکەمان خراپتر دەبێ.

گوتم ناتوانم خۆ لەو کارە هەڵقورتێنم بڕۆن بە پرۆفیسۆر ئاغایۆفی بەرپرسی بەش بڵێن تا بەڵکو ڕێگا چارەیەکتان بۆ وەبینێ. ئەوان چووبوون پرۆفیسۆریان لە ماڵێ بردبووە نەخۆشخانە، دوای ئەوەی پشکنین بۆ نەخۆشەکە دەکات دەڵێ نەخۆشەکەتان (پریتۆنیت)[79]ی هەیە دەبێ دیسان نەشتەرگەری بۆ بکرێتەوە. ئەو بگرەوبەردەیە دوو ڕۆژ درێژەی کێشا، کاتێک دیسان سکیان هەڵدڕیەوە دەرکەوت جەنابی دکتۆر بەو گیرەیەی برینەکەی پێ کونکردووە ڕێخۆڵەکوێرەکەی هەوی نەکردووە، بەڵکو کیسەی هێلکەدانی ڕاستی درزی داوە، جەنابیان لە حاڵی مەستیدا پێیوابووە ڕیخۆڵەکوێرەکە سالم بێت دەبێ پشکنین بۆ باقی ئەندامانی سکی و بەتایبەتیش لە ژناندا دەبێ هێلکە دانەکەی پشکنینی بۆ بکرێ. بەداخەوە ئەو کچە گەنجە بیست و چوار ساڵە بەهۆکاری

---

[79] هەوکردنی پەردەی سک.

نەشتەرگەری بێجێ و ناڕاست پەڕەی گوڵی ژیانی هەڵوەری. ئەو تاوانە بەهۆی پشت ئەستوور بوون بە کەسانی بەرپرس دیزە بە دەرخۆنە کراو دوای چەند رۆژیک قاقاو پێکەنین لە نەخۆشخانە بەرز بوونەوە و گاڵتەیان بەم و بەو دەکرد.
لەو گێرەوکێشەو هەرایەدا هەر لە نزیک نەخۆشخانە بەشێکی تایبەت کرابۆوە هەندێجار نەخۆشیان لێ چارەسەر دەکردن، بۆیە داوام لە هاوڕێ کەمال عیسا ئۆڤیچ کرد کە هاوسەرەکەم لێرە دەخەوێنم و تاقیکردنەوەی پێویستی بۆ دەکەم تا بزانم چیم پێدەکرێ. دوای ئەوەی دیتم جەنابی بەڕێوەبەر لەگەڵ شەمخال و شەمخال چییەکان هاوکارە ئیدی هیچ ئومێدێکم پێی نەما. هیچ یەکێک لە هاوکارەکانیشم بۆ ئەو نەشتەرگەریە بەدڵ نەبوون. لە دووڕیانێک مابوومەوە، بەرپرسی بەشیش رازی نەبوو بۆ خۆم نەشتەرگەری بۆ هاوسەرم بکەم. تێمابووم، ئەو دکتۆرەی دەبوو بێهۆشی بکات وەلی یۆفی چاو و گوێی پرۆفیسۆر ئاغایۆف و ئاڵقەلەگوێی ئەو بوو، هەرکاتێک هەستی بەکارێک کردبا یەکسەر راپۆرتی خۆی دەگەیاند. بۆخۆیشی هێندە جێگەی متمانە نەبوو تا بێهۆشکردنی هاوسەرمی پێبسپێرم، بۆیە خۆم لێی دوور کەوتمەوە. پەرستارەکانی بەشی بێهۆشی هەندێکیان لەگەڵ دۆلێوفی پزیشکی بێهۆشی و هەندێکیشیان لەگەڵ پرۆفیسۆر پەیوەندییەکی باشیان هەبوو، هەموو شتەکان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندابوو.
بەکورتی کەوتبوومە ناو شەبەکەیەکی سیخوڕی زۆر بەهێز. ئەگەر هەڵسوکەوتێکی ناسروشتیم کردبا هەموو نەخشەکانم کە دەمێک بوو دامڕشتبوون هەڵدەوەشان. بۆیە راوەستام تا شەوێک کە نۆرەئێشکگرتنی من بوو. دکتۆر فرانکبزگی هاوکار و دۆستی گیانی بە گیانیم، کابرایەکی چاکەکاری جولەکەو داوێن پاک بوو، پێکەوە ئێشکگر بووین، پێشتر لەگەڵ دوو کەسی دیکەش لەگەڵ هاوڕێ و هاوبیرەکانم دکتۆر حاجیۆف عیسمەت و دکتۆر میرۆف عارف بەڵێنمان دابوو هەرکە تەلەفۆنم کردو بانگم کردن یەکسەر ئامادەبن و بێنەهانام. سەرەتای دەستپێکردنم زۆر بە پارێزەوە دەستپێکرد. بە ئامبولانسی نەخۆشخانەو بە عینوانی پشکنینی دڕانی هێلکەدان بەشەو بەهەمەنی کوڕم دایکی بە راکێش راکێش هێنایە نەخۆشخانە و یەکسەر داخلمان کردو فەرمانم بە کارمەندانی ژووری نەشتەرگەریدا ئامادە کاری بکەن. دوو پەرستاری ژووری نەشتەرگەری و دوو شووشە خوێن، فرانکبزگی وەکو دکتۆری بێهۆشی و دکتۆر دەمیرۆف عارف وەکو هاوکار ئامادە بوون. بۆ خۆم بڕیارمدا نەشتەرگەری

بۆ هاوسەرە خۆشەویستەکەم و یارویاوەری غەریبی و دایکی سێ منداڵەکانم بکەم، کە ئەوە نەشتەرگەرییەکی ترسناک بوو. خوێنەرانی خۆشەویست بڕوابکەن کاتێک ئەو سەرکێشیە گەورەیەم کرد، لە رووی هەواو هەوەس نەبوو، بەڵکو لە رووی ناچارییەوە بوو، کە باوەڕم بەو کەسانەی دەوروبەرم نەدەکرد.

لە ژووری نەشتەرگەری دکتۆر عارف دەمیرۆف بە هاوکاری یاوەرانم دەستبەکار بووم.

تەلەفۆنیان بۆ عسمەت حاجی یۆف کرد لە ناوەڕاستی نەشتەرگەری پەیدابوو. دکتۆر شەشدانگ مەست بوو خۆی بەسەرپێوە ڕانەدەگرت. کەم خوێنی تایبەتمەندی خوێنەکەی خاتوو رەعنا نیگەرانی کردبووم. سیخوڕەکانی وەلی یۆف چووک و گەورە لەوکاتە ناسکەدا سەروکەللەیان دەرکەوت. نەشتەرگەرییەکە خێراو بەشێوەیەکی باش، بەڵام لەژێر گوشارێکی روحیدا ئەنجامدرا. کاتێک دوا تەقەڵم لێدەدا بەهمەنی کوڕم کە لە گەڵم لە ژووری نەشتەرگەری بوو، رەحمی دایکی هەڵگێڕو وەرگێڕ دەکرد کە زۆر گەورەبوو. تەماشای روخساری بێ رەونەقی خاتوو رەعنام دەکرد، وەک شێتان لە ژووری نەشتەرگەری هاتمەدەرێ، جلکەکانم گۆڕین و چووم دەست و چاوم شووشتن، بەخۆم نەبوو دەستمکرد بە گریان. لەناکاو پەرستارێکی ئەرمەنی کە قەدوباڵایەکی بەرز و میهرەبانی هەبوو، دەستێکی بە ناوچاوانمدا هێناو گوتی دکتۆر گیان چیبووە، شوکر بۆخوا نەشتەرگەریەکەت بەسەرکەوتوویی ئەنجامداوە، بۆ نیگەرانی و بۆ دەگری؟

ئانا ئاگای لە ژانی هەناوی من نەبوو. دنیایەک دڵەڕاوکێ و نیگەرانیم بەو گریانەوە دەردەبڕین.

کاتێک لە ژووری نەشتەرگەری دەهاتمەدەر لەبەردەم ژووری نەشتەرگەری و لە ڕاڕەوەکە چاوم بە منداڵەکانم ئەنوەر و ژیکەڵە کەوت کە لەگەڵ موحسین دزەیی قوتابی هێزی دەریایی عێراقی لەوێ راوەستا بوون، زۆر نیگەران و پەرێشان بوون. نەمویست هەست بە حاڵەتی گریانەکەم بکەن، بە دەسرۆکەیەک کە ئەننەما ئارەقەی ناوچەوانم دەسڕم، فرمێسکەکانم سڕینەوە و بە پەنایاندا تێپەڕیم و چوومە ژوورێکی تەنیشت ژووری نەشتەرگەری. پێشتر داوام لە بەڕێوەبەری نەخۆشخانە کردبوو کە یەکێک لە ژوورەکانم بداتێ بۆ خەواندنی هاوسەرم. ئەویش بە بیانووی ئەوەی خزمی یەکێک لە وەزیرەکان لەوێ دەخەوێنرێ، داوایەکەی رەت کردبوومەوە، بەڵام کاتێک

دیتم ژوورەکەی تەنیشتی چۆڵە فەرمانم کرد ئەو ژووره ئاماده بکەن تا خاتوو رەعنا لەوێ بخەوێنین.
ئێستا بەو هەموو دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەوە دەبوایە تەبەڵەی نەخۆشەکە ئامادەبکەم تا سبەی لەبەردەم پرۆفیسۆرو ئامادەبوان خۆم لە بەردەم سەرکۆنەو قسەی نابەجێیان رابگرم.
گەڕامەوە ژووری نەشتەرگەری تەماشامکرد کەسی لێ نییە، پێم لە رەحمی دەرهاتووی هاوسەرەکەم نا، تا وایلێبکەم لە ئەنجامی خوێنڕێژی زۆر لەناو سکیدا مەترسی مردنی هەبووە، بۆیە ناچار بووم، ئەو نەشتەرگەرییە ترسناک و سەرکێشیە ئەنجامبدەم. بەو جۆرەی پێویست و گونجاو بوو تەبەڵەکەم بە هاوکاری دکتۆر فرانکبەرگی میهرەبان رێکخست و خۆم بۆ کۆنفرانسی پێنج خولەکی بەیانی ئامادەکرد. بارودۆخی خاتوو رەعنا لەو شەوەدا زۆر ئاڵۆز و ترسناک بوو لەسەر هەڵدێرێکدا وەستا بوو، لە خودای مەزن پاڕامەوە پشت و پەنام بێت. ئەو دۆخە نالەبارە زۆر بە سستی تێدەپەڕی. دوای سەعات شەشی بەیانی خاتوو رەعنا هێواش هێواش چاوی هەڵدێناو لە دەوروبەری دەڕوانی. یەکەم قسەی ئەوە بوو گوتی قادر هەست بە هەموو شتێک دەکەم هەتا گوێم لە قسەکانیشت بوو، ئازارم زۆرە. هەتا گوێم لێبوو عسمەتیش هاتبوو گوتت بۆ بە سەرخۆشی هاتووی؟ بۆ ئاوا بەوشێوەیە بێهۆشتان کردووم، شۆک بووم، هەتا ئێستاش هەر شۆکم. لەخۆڕا هەستام دوولا هاتمەوەو چاوەکانیم ماچ کرد، فرمێسکم سەرگۆنای هاوسەرە نازەنینەکەمی تەڕ کرد، بەڵام ئەو دەستی بەسەرمدا هێناو گوتی نیگەران مەبە، تۆ زۆر زەحمەتت کێشا. خودا ئاگادارتبێ و لە شەڕی شەیتان و شۆفاران بتپارێزێ. خاتوو رەعنا دڵی دەدامەوە. بۆخۆی لە حاڵی پەرێشانیدا ورەی وەبەر من دەنا.
بەیانی لە کۆنفرانسی پێنج خولەکی بە رێبەرایەتی پرۆفیسۆر شامیلۆڤیچ، راپۆرتەکە خوێندرایەوە، رەحمەکەیان هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد. پرۆفیسۆر بە نییەتێکی خراپەوە گوتی تۆ مەبەستت ئەوە بووە هاوسەرەکەت بکوژی، بۆچی بۆ خۆت نەشتەرگەریت بۆ کردووە؟ گوتم ناچار بووم ئەو کارەم کردووە بۆئەوەی هیچ دەستێکی ناپاک نەیگاتێ، بۆیە ئەو کارەم کردووە؟ کاتێک ئەو قسەیەم کرد هەموویان بێدەنگ بوون. زۆریان پێیانوابوو چارەنووسێکی خراپم لەپێشدایە تا دادگایی دەکرێم. بەڵام بە پشتیوانی خودا سات لەدوای سات خاتوو رەعنا حاڵی باشتر دەبوو. لە دووەم رۆژدا

دەستیکرد بە هاتن و چوون و وای بەسەر هات ئەو نەشتەرگەریەم لە تەواوی شار گەڕاو بووە وێردی سەر زمانان. سوپاسی ئەو لێوەشاوەییەی منیان دەکرد. زۆربەیان وایان لێک دەدایەوە بڕوابوون بە خۆم و بێ بڕوایی بە هاوپیشەکانم وایان کرد دەست بدەمە ئەو کارە پڕ مەترسییە.

دوای شەش ڕۆژ بە سەلامەتی خاتوو ڕەعنا گەڕایەوە ماڵێ و ئەو کاولەئاشەی ئاوەدان کردەوە. دۆست و هاوڕێی غەریبەو یارانی ڕاستەقینە دەهاتنە ماڵێ و پیرۆزباییان پێدەگوتین و لە تەندروستی خاتوو ڕەعنایان دەپرسی. ئەو پێشهاتە چاوەڕواننەکراوەو ئەو سەرکێشیە لەبەرامبەر کۆمەڵێک دژ و لەخۆڕازی بە پشتیوانی خودا بەباشی تێپەڕی و تا ماوەیەکی زۆریش وێردی سەرزمانان بوو.

دراوسێکان[٧]

حەمید گەنجێکی ئێرانی بوو لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگی مەهاباد بوو، ئەو ساڵەی مەلا مستەفای بارزانی، لەگەڵ هێزی بارزان بەرەو یەکیەتی سۆڤیەت پاشەکشەی کرد، ئەویش رەگەڵیان کەوت و چارەنووسی ئەویش وەک ئەوان پڕبوو لە بەدبەختی و تاڵی و سوێری. حەمید لەگەڵ بارزانییەکان هاتبووە ئاسیای ناوەڕاست و بۆ ئەوێ دوورخرابووەوە. حەمید لە مەهاباد مامۆستا بوو، بە هەوڵوکۆششێکی زۆر توانیبووی دکتۆرا لە کشتوکاڵ وەربگرێ. حەمید گەنجێکی چالاک و بەدڵ و میهرەبان بوو. لە ئاسیای ناوەڕاست لەگەڵ خاتوونێکی بیلارووس هاوسەرینی کرد و ببووە خاوەنی دوو کوڕی جوانکیلەو ژیر. لۆبای هاوسەری کاک حەمید ژنێکی فیداکار و هونەرمەند و خاوەنی چەندین بڕوانامە بوو. لە نیگارکێشی دەرودیوار و تراکتۆر سازی و ئەندازیاری کستوکاڵی و هونەری کارەبادا سەرقافڵەی هەموان بوو. وەک پیاوان جلوبەرگی دەپۆشی و لە کێشەو گرفتەکانی ژیاندا یارویاوەری مێردەکەی بوو، بە پەروەردەکردنی منداڵەکانیشی رادەگەیشت.

حەمید لەگەڵ خاتوو رەعنا خزمایەتییان هەبوو، کاتێک هاتە باکۆ سۆراغی کردین و هاتەلامان، ئەو چەند ساڵەی لە باکۆ بووم دوو نامەی حەمیدم پێگەیشتبوو. ئەو لە تاشکەند دەژیا و گوزەرانێکی باشی هەبوو. ماڵ و خانوو ئۆتۆمبێلیشی هەبوو. یەکەم کەس بوو هەواڵی خۆکوشتنی عەزیزی هاوڕێمی بۆ مەهاباد ناردەوە.

بارزانییەکان دوای ئەوەی چوونە یەکیەتی سۆڤیەت هاتوچۆیان لەگەڵ حەمید هەبوو، بە یەکێک لەخۆیان حیساب دەکرد. مەلا مستەفای بارزانیش رێزی دەگرت. ئەو بوومەلەرزەی ساڵی ١٩٥٨ لە ئاسیای ناوەڕاست هات، دارونەداری حەمیدی لەناوبرد. ماڵەکەی فرۆشت و خانوەکەی رووخا. خەڵکی تاشکەند هەموویان ئاوارە بوون. حەمیدیش لەگەڵ ژنەکەی دوای چەند ساڵێک لە رۆیشتنی بارزانییەکان بۆ عێراق بڕیاریدا بچنە بیلارووسیای نیشتیمانی هاوسەرەکەی. لەسەر رێگای تاشکەند مۆسکۆ لە رێگای دەریای خەزەر دێنە باکۆ و، چەند رۆژێک میوانی ئێمە بوون. لە نزیکەوە

که لەگەڵ حەمید و هاوسەرەکەی لۆبای هونەرمەند و دوو کوڕە بە تەربیەتەکانی ئاشنا بووم، بەڕاستی نموونەی بنەماڵەیەکی شەریف و داوێنپاکی دوو نەتەوەی لێک جیاواز بوون، کە بەڕاستی جێگەی ڕێز و ستایشن. لۆبا کاتێک چاوی بە خانوەکەم کەوت کە دەبێ نۆژەن بکرێتەوە و منیش ئەوەندە سەرقاڵ بووم هێندە لەبیری نۆژەنکردنەوەیدا نەبووم، ئەو خاتوونە قۆڵی هیممەتی لێهەڵماڵی و بۆخۆی ماڵەکەی خاوێنکردەوە و کاغەزی دیواری لە دیوارەکاندا.
دوای چەند ساڵ لە گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ عێراق، سەرەنجام حەمیدیش بڕیار دەدا هەمان ڕێگا بگرێتەبەر و بگەڕێتەوە عێراق و لەوێشەوە بۆ مەهاباد.
زۆر دواتر بیستم لە مەهاباد وەک ئەوەی پێویست بووە بنەماڵەکەیان زۆر ڕووی نادەنێ، ساواکیش چەند مانگێک دەیگرن، زیندانی دەکەن و ئەشکەنجەی دەدەن. خزمەکانیشی زۆر لەگەڵ هاوسەرەکەی ناگونجێن بۆیە ناچاردەبێ بە بنەماڵەوە بچێتەوە عێراق و بە گومناوی بەسەربەرێت.
کوردێکی دیکەی کرماشانی کە پێشتر چووبووە عێراق و دوای کودەتای بەعسییەکان لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە هاتبوونە سۆڤیەت و لە باکۆ نیشتەجێ دەبێ و ژن دێنێ، ناوی ئەحمەد بوو. کابرایەکی چل ساڵە لە سەوداو مامەڵەدا زۆر کارامە بوو.
ئەو کاک ئەحمەدە جارجار دەهاتە ماڵی ئێمەو داوەتیشی دەکردین بۆ ماڵی خۆیان. رادیۆ و تەسجیلێکی بۆ پێشنیار کردم کە بە دڵم بوو، بە حەوتسەد ڕۆبڵ لێم کڕی. لە نەخۆشخانە لەلای کازمۆف و دکتۆر کامەران باسی ئەو رادیۆ و تەسجیلەم کرد.
دکتۆر کامەران زۆر پاڕایەوە تا بەهمەنی کوڕم بهێنمە ئەو نەخۆشخانەیە. بەهمەن و ئەنوەر بە هەوڵوکۆششی زۆر دوای سێ ساڵی بەردەوام لە کۆنکۆر تێپەڕین و سەرکەوتنیان بە دەستهێنا و چوونە کۆلێژی پزیشکی. ئەوان لە وانەی ئەزموونی و بەشی پراکتیکی نەشتەرگەری بۆ خۆیان لە ژێر چاودێری من و دکتۆر وێردیۆف بوون لە نەخۆشخانەی ژمارە پێنج و شائۆمیان. بەهمەن جارجار لەگەڵ دکتۆر کامەران ئێشکی دەگرت. دەیگوت کاتێک لەگەڵ بەهمەن پێکەوە ئێشک دەگرین خەمی هیچ شتێکم نییە لەبەرئەوەی دەزانم دەرۆستی هەموو کارێکی نەشتەرگەری دێت و ئەگەر کێشەیەکیشی بێتەپێش ئەوە باوکی لە پشتیەتی جا چ لە نەخۆشخانە بێ یان لە ماڵێ. ئەو قسانەی دەکردن و بزەیەکی گەمژانەی دەهاتێ.

بەهمەن لە کۆرسی چوارەم لە کاری نەشتەرگەری هێندە لێزان بوو، زۆربەی دکتۆرە گەنجەکان تاریفیان دەکردو ئێشکیان لەگەڵ دەگرت.
بەهمەن بە راسپاردەی من و تکای دکتۆر کامەران ئەو رادیۆ و تەسجیلەی هێنایە نەخۆشخانەو نیشانی دکتۆر کازمۆف و دکتۆر کامەرانی دا، زۆر کەوتە بەردڵی ئەو دکتۆرە قۆڵبڕ و فێڵبازە. بە پاڕانەوەیەکی زۆر و تکای کازمۆف رادیۆ و تەسجیلەکەم بەنرخی خۆی پێ فرۆشتەوە. مانگێک تێنەپەڕیبوو کە هەمان دکتۆر کامەران شەوێک کە لەگەڵ بەهمەن پێکەوە ئێشکگر دەبن لە کاتی گۆڕینی جلکەکانیدا بە بەهمەن دەڵێ دکتۆر گیان بڕە پارەیەکم پێیە و ناتوانم بیشارمەوە تۆ ئەو هەزار رۆبڵەم بۆ هەڵبگرە و دوای نەشتەرگەری بمدەوە. بەهمەنی سادەو بێ غەل و غەش پارەکەی لێوەردەگرێ و لەبەرچاوی ئەو لە گیرفانی داوێ، ئەو دکتۆرە کاتێک دەچێتە ژووری نەشتەرگەری، دوای چەند سانێک پەرستارەکە بەدوای بەهمەندا دەنێرێ تا زوو بێتە ژووری نەشتەرگەری و دکتۆر کامەران بە دەست ئەو ریخۆڵەکوێرەوە تێماوەو هیچی پێ لەگەڵ ناکرێ.
بەهمەنیش ئاگای لەو فرتوفێڵ و دەغەڵکاریەی دکتۆری ناوبراو نییە، یەکسەر خۆی دەگۆڕێ و جلکەکانی لە تەنیشت جلوبەرگی دکتۆر کامەران هەڵدەواسێ و دەچێتە یاریدەی دکتۆر کامەران و نەشتەرگەریەکەی بۆ دەکات. دکتۆر کامەران کارەکەی بە نیوەچڵی بەجێدێڵێ و بە بیانووی ئەوەی نەخۆشێکی دیکەی هەیە باقی کارەکان بەسەر بەهمەندا بەجێدێڵێ و دەڕوات. دەچێ پارەکە لە گیرفانی بەهمەن دەردێنێ و دەچێتەوە ژووری نووستنی. بەهمەنیش کارەکە رایی دەکات و دوایی دەچێ جلکەکانی لەبەردەکاتەوە و دەچێتە ژووری پشوودان بۆلای دکتۆر کامەران. دوای ئەوەی چایەک دەخۆنەوە بە بەهمەن دەڵێ تکایە پارەکەم بدەوە، بەهمەن کاتێک دەست لە گیرفانی رادەکات تەماشا دەکا گیرفانی بەتاڵ و حەتاڵە، دەی چیبکات. پارەکە دزراوەو بێجگە لە دکتۆر کامەران کەس ئاگای لە شوێنی ئەو پارەیە نییەو کەسیش بێجگە لەو نەچۆتە ئەو شوێنە. کەواتە دزەکە ئاشکرایە. بەهمەن نیگەران دەبێ و سەری لەکاری ئەو دزە کارامەیە سوڕدەمێنێ. ئەو جەنابی دکتۆرەش خۆی ناشڵەژێنێ و دەڵێ هیچ گرنگ نییە ئەگەر پارەت نییە بە قوربانی خۆتبێ. بەهمەنیش دەڵێ پارەکەی تۆ لەلای من بووە و لە من دزراوە، بۆیە دەبێ سزاکەی بدەم و پارەکەت بۆ بگێڕمەوە. بەهمەن هیچ پارەیەکی نەبوو بۆیە دەبوو من قەرەبووی بکەمەوە. دوای راپۆرتی سپێدە

هەستمکرد بەهمەن نیگەران دێتە بەرچاو. دوای هەندێک هێنان و بردن راستییەکەی پێگوتم، گوتم کورِم ئەو پارە بۆخۆی بردوویەتی، ئەوە نەخشەیەک بووە دەمێک بووە دایڕشتووە و کڵاوی لەسەری ناوی. دەیەوێ رادیۆ و تەسجیلەکەی بە مفتە دەستکەوێ و پارەیەکیشی بۆ ئارەق هەبێ تا لەگەڵ هاوپیاڵەکانی بیخواتەوە.

بەهمەن سەری نەوێکرد و هیچی نەگوت. پرسیم بۆ پارەکەت لێوەرگرت، ئەو قۆڵبڕە هەزاران شوێنی هەیە شتی تێدا بشارێتەوە، بۆچی کەوتیتە بەرتیری ناجوامێرانەی ئەو.

بە کامەرانم گوت ئەو فرتوفێڵەت ئاشکرا دەکەم و دزیەکەت بە هەموان دەڵێم. بەهمەن گوتی بابە هەڵەکە لە من بووە، بمبوورە و لە هەڵەکەم خۆشبە. ئێمە ناتوانین دەرەقەتی ئەو زۆڵانەبێین کە هیچ شەرەف و ویژدانێکیان نییە. بە نێوانگیری دایکی و پاڕانەوەی بەردەوامی بەهمەن ناچاربووم هەزار رۆبڵ کەرانە بدەمە ئەو دزە کارامە و دژبەرێکی دیکە بۆ خۆم دروست نەکەم. ئەوەش نموونەیەکی دیکە لە دووڕوویی و دەغەڵکاری هاوپیشەکانم لە نەخۆشخانەی ژمارە پێنجی باکۆ.

لە بەهاری ١٩٧٣ ئێوارەیەک لە دەرگایاندا، وامزانی نەخۆشە، تەماشامکرد گەنجێکی جوانچاک و قژ لوول گوتی باوکە من ڤلۆدیام، هاتووم چاوم پێتبکەوێ، پوورە رەئیسام چۆتە سیمۆرۆپل بۆلای کچەکەی کە لەوێ لە زانکۆیە، منیش ئەوەم بەهەل زانی و هاتووم بۆلای ئێوە تا چاوم پێتان بکەوێ.

پێکەوە لە ژوورێکی دیکە دانیشتبووین و قسەمان دەکرد، کە خاتوو رەعنا دەرگای کردەوە و هاتەژوورێ. ڤلۆدیا باوەشی لە خاتوو رەعناداو بانگیکرد دایە. رەعنا دەستیکرد بە گریان و دڵی کوڕەی دایەوە. رەعنا بەو پەیوەندییە کاتیەی دەزانی و زۆریش حەزی دەکرد منداڵەکەم ببینێ، بەڵام رێکنەکەوت، نەشمدەزانی ڤلۆدیا لەکوێ دەژی. ڤلۆدیا گوتی لە سومقایت لەگەڵ دایکم دەژیم، ئەو مێردی کردووە و سێ منداڵی هەن.

ڤلۆدیا هەم دەیخوێند و هەم لە کارخانەیەکیش لە سومقایت کاری دەکرد. خاتوو رەعنا ڤلۆدیای کەوتبووە بەردڵی و خۆشیدەویست، بە ئەنوەر و بەهمەن و ژیکەڵەی ناساند. پارەو جلوبەرگی پێویستمان دایە لەبەرئەوەی بەپەلە بوو هەمان رۆژ گەڕایەوە سومقایت.

دوای مانگێک به دنەدانی ناجوامێرانەی چەند هاوتەمەنێکی نامەیەکی به پۆستدا بۆ ناردم و هەڕەشەی لێکردبووم دەبێ ئۆتۆمبێلێکی سواری ڤۆلگای رەشم بۆ بکڕی دەنا وەڵڵاهی...! نامەکەم منداڵانە هەڵسەنگاند و چوومە سومقایت ناسنامەکەم گۆڕی و کردم بە ڤلادیمیر مەحموودزادە و خەرجی ئەویشم وە ئەستۆگرت، لەوەبەدوا بوو بە ڤلادیمیر مەحموودزادە. چەند جارێکی دیکەش یەکتریمان بینی و پارەم بۆ دەنارد تا لە ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ کچێکی رووس هاوسەرگیریی کردو ژیانێکی سەربەرزانەیان پێکەوە نا. لەو رووهەڵماڵاویەی بەرامبەر بە منی کردبوو دەیانجار داوای لێبووردنی دەکرد.

لەناو ئەو دکتۆرانەی لە نەخۆشخانەی ژمارە پێنج و لە بەشی دوو لەگەڵ من کاریان دەکرد، دکتۆرێک هەبوو بەناوی زەینەڵ ڤێردیێف نزیکەی سی و پێنج ساڵان بوو، هەموو پێیاندەگوت مامۆستا زەینەڵ. دکتۆرێکی چالاک بوو نەشتەرگەرییە مامناوەندیەکانی بەشی ئەنجامدەدا. بەڵام لە ماوەی دە ساڵ کارکردن لەگەڵ مندا لەو نەخۆشخانەیە نەمدیت نەشتەرگەرییەکی گەورە بکات. یان خۆی دەپاراست یان ئەوەبوو توانای ئەنجامدانی نەشتەرگەری نەبوو.

نەخۆشەکانی بۆ نەشتەرگەری پرۆفیسۆرەکان زۆر بە باشی ئامادە دەکرد، پاروویەکی چەوریشی وەردەگرت. ئەو شەوانەی ئێشکگر بوو تەلەفۆنی بۆ نەخۆشەکان دەکرد و دەیگوت تۆ بەختت هەیە کە ئەمشەو من ئێشکگرم و هاتوویەتە نەخۆشخانە دەنا وەڵڵا...!

شەوێک لە شەوانی رۆژی یەکشەممە کە من ئێشکگر بووم و بۆ بەیانیش پشووی فەرمی بوو، هەمان دکتۆر ڤێردیێف کە دەبوایە نۆرە ئێشکگریەکەم لێ وەربگرێ. نەخۆشێکی پیریان هێنا کە لە گیانەڵادا بوو. ئەو نەخۆشە لە ئەنجامی گیرانی ریخۆڵەکانی دوو رۆژ بوو لە عەزابدا بوو، لە گیانەڵادا بوو. سکی بای کردبوو دەتگوت دەهۆڵە نەدەکرا دەستی لێبدەی. یەکسەر ئەوەم بۆ دەرکەوت کە دەبوو دوو رۆژ پێشتر نەشتەرگەری بۆ کرابا. ئێستاش بەپێی یاساکانی سۆڤیەت دوای مۆڵەت وەرگرتن لە نەخۆش و کەسوکاری نەشتەرگەری لاپراتۆمیای[80] بۆ بکرێ. هەروەها چ نەشتەرگەری بۆ بکرێ یان بۆی نەکرێ مردنی هەر مسۆگەر بوو، هیچ رێگا چارەیەک نەبوو. کچەکەی کە نزیکەی پەنجا ساڵێک دەبوو بانگم کردو بابەتی کارو

[80] لاپراتۆمیا: تونکاری سک

دەرەنجامەکەم پێگوت. کچە گوتی ئەگەر هەر دەمرێ با لە ماڵی خۆی و لەلای خێزان و کەسوکاریدا بمرێ. هەوڵ و کۆششی من و دکتۆر فرانکبرگ کە پێکەوە ئێشکگر بووین بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشت.
لە سۆڤیەت ئەگەر مۆڵەتی نەخۆش و کەسوکاری لەسەرنەبێ بۆ نەشتەرگەری یاساغە. بۆیە هیچ چارەیەک نەبوو بێجگە لەوەی نووسراوێکیان لێوەربگرم و لەگەڵ تەبەڵەی نەخۆشی دابنێم. بەری بەیانی کچەکەی رۆیشت تا بچێ ئۆتۆمبێل بێنێ و بیباتەوە یەکێک لە گوندەکانی دەوروبەری باکۆ کە خەڵکی ئەوێ بوون.
بەیانی کاتێک دکتۆر زەینەڵ هات بابەتەکەم تێگەیاند. ئەویش گوتی کێشە نییە تۆ برۆ منیش کارەکەی رایی دەکەم هەرکاتێک کچەکەشی هاتەوە نەخۆشەکەی پێدا دەنێرمەوە. خەیاڵت ئاسوودەبێ. منیش بڕوام پێکرد، ماندوو مجرۆ چوومەوە ماڵێ.
بۆ بەیانی کە دوو شەممە بوو چوومە کۆنفرانسی پێنج خولەکی بەیانی بۆ ئەوەی لە راپۆرتی شەوی شەممە ئامادەبم. لە راپۆرتی رۆژی شەممە دکتۆر زەینەڵ لە خوێندنەوەی راپۆرتەکەی گوتی نەخۆشێک کە لە حاڵەتێکی خراپدا بوو نەخۆشی دکتۆر قادر بوو لەسەر داوای کچەکەی نەشتەرگەری قانگرینای هەبوو ریخۆڵەیەکی یەک مەتر و نیویم لێکردەوە، هێشتا نەشتەرگەریەکە تەواو نەببوو نەخۆشەکە مرد.
گوتم جەنابی پرۆفیسۆر ئەو نەخۆشە و کچەکەی مۆڵەتی نەشتەرگەییان بە من نەدا، لەگەڵ ئەوەی نەخۆشەکە لەسەرەمەرگدا بوو. دوایی چەند قسەیەکی رەقم پێگوت.
دوای ئەو کارە ناجوامێرانەی کە لەلایەک هاوکارێکمەو پێکەوە کارمان دەکردو لەسەر مێزێک نانمان دەخوارد، ئاگادارکردنەوەیەوک بوو بۆ من. ئەو زەینەڵە خۆ ماڵمان هێندە لە نەخۆشخانە دوور نەبوو، ئەگەر قەسدێکی خراپی نەبوایە بانگی دەکردم و پێکەوە نەشتەرگەریەکەمان دەکرد، بەلام وەرگرتنی پارەی نارەوای ئەو کابرا نەخۆشە چەند سەعاتێک زووتری ناردە ئەو دنیا ئەویش لە پێناو برە پارەیەکی بێ بەهادا، کە چووە گیرفانی دکتۆر زەینەڵ. ئەوەش نموونەیەکی دیکە لە هاوکارانی ئەودیو سنوور.
لە هاوینی ١٩٧٥ رۆژێکی یەکشەممە کە ئەو رۆژە پشوو بوو، من ئێشکگر بووم. زۆربەی جاران رۆژانی پشوو زووتر لە کاتی خۆی دەچوومە نەخۆشخانە بۆ ئەوەی ئاگام لە بارودۆخی ئەو نەخۆشانەبێ کە پێشتر نەشتەرگەرییان بۆ کرابوو، سەردانی نەخۆشەکان بکەم و لە بارودۆخیان بپرسم. کاتێک چوومە ژووری فریاگوزاری دیتم

گەنجێکی بیست و چوارساڵەی ئازەری بە چەقۆ دەستی راستی بڕدرا بوو خوێنی لێدەچۆڕا. چوومەلای و یەکسەر دوای چارەسەرەری سەرەتایی خوێنڕێژیەکەم بەست و فەرمانمدا بۆ ژووری نەشتەرگەری ئامادەی بکەن تا دەمارەکانی بدرووومەوە و گیانی .ئەو نەخۆشە لە مەرگی حەتمی رزگار بکەم. نەخۆشەکەیان لەسەر دەستەبەرە داناو بە ئاسانسۆر بردیانە نهۆمی پێنجەم کە ژووری نەشتەرگەری لەوێ بوو. بۆخۆم خێرا بە پلیکانەکاندا سەرکەوتم، هەر گەیشتمە نهۆمی پێنج لە بەشی ژنان بوو بە هاتوهاوار و قیژەقیژ. ئەو گەنجەی چەقۆی لێدرابوو ماددەی هۆشبەری خواردبوو خومار بوو. دەیشیڕاند و دەیویست بێ ئەدەبی بەرامبەر بە ژنەکان بکات و پەلاماریان بدات. کە گەیشتمە ئەوێ داوام لێکرد ئارام بێت گوتم لەگەڵم وەرە تا برینەکەت بدرووومەوە دەنا دەمری. شووشە ئاوێک کە لە پەنا نەخۆشێک بوو پڕیدایەو تێیگرتم. خۆم پەنادا شووشەکە وەدیواری کەوت و وردوخاش بوو. لەگەڵ ئەو شووشە هاویشتنەی تەقەڵی دەستی کابرای بریندار کرانەوە و خوێن هاتەخوار. سەری لە گێژەوە هات و وەعەردی کەوت.
بەهاوکاری پەرستار و دکتۆرەکان خستمانەوە سەر دەستەبەرەکەو بردمانە ژووری نەشتەرگەری و برینەکەم بۆ دروویەوە.
لە نەخۆشخانەکانی سۆڤیەت دەستوور وابوو هەر برینداریک جا چ بە چەقۆبێ یان شووشەو یان هەرشتێکی دیکە دەبێ بنکەی پۆلیس ئاگادار بکرێتەوە. بۆ ئەوەش پەرستاری بەشی وەرگرتن لەسەریەتی ئەو کارە ڕاپەڕێنێ و ئەو بەرپرسیارەتیەی لەسەرە. کاتێک نەشتەرگەری ئەو کابرایە تەواو بوو، پۆلیسەکان گەیشتنە ئەوێ و گوتیان سێ رۆژە بەدوای ئەو کابرایەدا دەگەڕێین. هەروەها گوتیان ئەو کابرایە ئالوودەی ماددەی هۆشبەرە و دزێکی دیار و چەقۆکێشە. بۆ خۆی لە بنەماڵەیەکی ئازەربایجانییە و برا گەورەکەی وەزیری بازرگانی ئازەربایجانە. پۆلیسەکان ئەوەشیان گوت کابرایەکی بە چەقۆ کوشتووە و دوو کەسی دیکەشی بریندار کردوون و چەندین دزیشی کردووە، ئەوانە چەند کەسێکن سێ کەسمان لێ دەستگیر کردوون، ئەو بەرێزەش مانگێکە دەورانی پێنج ساڵ زیندانییەکەی تەواو کردووە. گەنجە چەقۆکێشەکە لێکدا لکێدا جنێوی دەداو هەڕەشەی لە هەموان دەکرد چ ئەوانەی لە ژووری نەشتەرگەری بوون و چ ئەوانەی لە دەرێ بوون. پۆلیس دوایی نامەیەکیان لە من وەرگرت کە بردنی نەخۆش بۆ زیندان دەربارەی برینەکەی جێگەی مەترسی

نییە، ئەو دێوەزمەیان بە قۆڵبەستراوی لە نەخۆشخانە بردە دەرێ و سواری ئۆتۆمبێلیان کرد.
دوای سێ مانگ دادگایی کردنەکەی لە بابلیۆف دەستپێکرد و منشیان بۆ دادگا بانگ کردبوو. لەگەڵ ئەوەی پێشتر لە زۆرلاوە پەیوەندییان بە منەوە کردبوو کە لە تاوانەکەی خۆشبم، ئەوە یەکەمجارم بوو لە دادگا ئامادە دەبووم، دوای ئەوەی سوێندم خوارد بابەتەکەم هەمووی بە وردی بۆ گێڕانەوە. دزەی بریندار گوتی دکتۆر هەڕەشەی لێکردووم و گوتوویەتی دەتکوژم، بۆیە لەگەڵی بەشەڕ هاتووم. دادوەر پرسی تۆ بتڵی شووشەت تێگرتووە و بێ ڕێزیت پێکردووە، ئەو بۆ خۆی نەشتەرگەری بۆ کردووی یان کەسێکی دیکە؟ کابرا ددانی بەوە دانا کە ئەو دکتۆرە بۆخۆی نەشتەرگەری بۆ کردووم و خوێنڕێژیەکەی وەستاندووم. بۆیە دادگا دوای گوێگرتن لە چەند کەسێکی دیکەش دەربارەی ئەو گەنجە تاوانبارە جەلەسەیان گرت و دوای نیوسەعات رایان گەیاند کە بە هەشت ساڵ زیندانی و حەوت ساڵ دوورخستنەوە بۆ سیبریا حوکم دراوە. ئەوەش دیمەنێکی دیکە لە تاوانەکانی وەڵاتی سۆسیالیستی کە بێ ئامانج لە زیندانی و بۆ زیندانییەک و فێرکردنی تاوان و کوشتن بە شێوازێکی دیکەی تاوانبارانە، ژیانی ئەوانە بەهەدەر دەدەن و ساڵانی گەنجێتی خۆیان لە گۆشەی زیندان بەسەر دەبەن و دواتر ئەگەر بمێنن ئەوە دەبنە کەسانێکی بێکەڵک و بۆ بنەماڵەکانیان دەنێرنەوە. دیسان سەرلەنوێ دەستپێدەکەنەوە تا مەرگ بەرۆکیان دەگرێ.
دکتۆر محەمەدۆف ئەسڵان و دکتۆر رافەک ئاغایۆف: دوو دکتۆری پیر و گەنج پێکەوە بۆ نەخۆشخانەیان ناردن. یەکێک نەشەرگەرێکی پیر و خانەنشینی سوپا، لە خۆڕازی و خۆ بەزلزان و ئەوەی دیکەش ماستاوچی کەللەڕەق و هیچ نەزان. یەکێکیان لەسەرێ لە نزیک پرۆفیسۆر ئاغایۆف جێگای خۆی کردەوە کە گۆیا پێشتر یەکتریان ناسیوە لەبەرئەوەی گەنج بوو بەیانییان زوو بە نیشاندانی نییەت پاکی و ڕێزگرتن وەک پارێزخوازانی دەرباری سەڵتەنەتی لە پەنا کورسی پرۆفیسۆر کورسی دادەناو لەوێ دادەنیشت، بەڵام پرۆفیسۆر هیچ گرنگیەکی پێنەدەدا و هیچ خۆشی لێ نەدەهات.
دکتۆر ئەسڵان ئۆف نزیکەی پەنجاو پێنج ساڵان دەبوو. تازە هاتبوو، لەلای هەموو نەشتەگەرەکان باسی لە شاکارەکانی خۆی دەکرد کە لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی چیکردووە. هێشتا نەشتەرگەرییەکی نەکردبوو تینووی خوێن بوو. بەرپرسی

بەشی دوو هێشتا دکتۆر یوسف محەمەدۆف بوو کە پێشتریش ئاماژەم پێکردبوو کە تووشی نەخۆشی تەنگەنەفەسی ببوو، بەردەوام ئازاری دەکێشا. ئەو خۆی لە نەشتەرگەری گەورەو پڕکێشە نەدەدا.
چەند ساڵێک لە لەنکەران بەرپرسی نەخۆشخانە بوو لەوێ خۆشی بۆ دەگوزەرا و ئێستاش هاوشاریەکەی وەزیری تەندروستییە، ئیدی پارووی کەوتوتە دەرۆنی و لە باکۆ بە بێڵ پارەی کۆدەنەوە. یەکێک لە نەشتەرگەرە قۆشمەکان بۆ هەڵکەندنی لە لەنکەران ئەو تاریفەی بۆ کردبوو کابرای پیرەمێردی بە ئومێدی پارە کۆکردنەوە لەوێ هەڵکەند بوو.
دکتۆر محەمەد تارزەن بەڕێوەبەری نەخۆشخانەش جارجار نەشتەرگەری ریخۆڵەکوێرەی دەکرد، خۆی گوتەنی بێ دەردیسەر بوو، نەخۆشەکانی لە دەست دکتۆرەکان دەرفاندو بە ئارەقەکردنێکی زۆر نەشتەرگەرییە نیوسەعاتیەکەی بە دوو سەعاتان تەواو دەکرد، ئەویش بە هاوکاری نەشتەرگەرە لێزانەکان.
رۆژێک من ئێشکگری رۆژانەی وەرگرتنی نەخۆشان بووم. شەوی پێشتریش هەر ئێشکگر بووم و نەشتەرگەرییەکی زۆرم کردبوو. سەعات دوازدە و سی خولەک نەخۆشێکی قەڵەویان هێنا فشاری لەسەرێ بوو. کاتێک چاوم پێکەوت و پشکنینی دکتۆری فریاگوزاریم سەلماند کە ریخۆڵەکوێرەی سەختی هەیە. بۆ ئەوەی درەنگ نەبێ یەکسەر هاتمە ژووری نەشتەرگەری تەماشامکرد دکتۆر محەمەدۆفی بەرپرسی نەخۆشخانە تەماشای ئەو دکتۆرەی دەکرد کە خەریکی کاری نەشتەرگەرییە. بە پەرستارەکانی ژووری نەشتەرگەریم گوت ئامادەبن ریخۆڵەکوێرەیەکی سەخت هاتووە و دەبێ دەستبەجێ نەشتەرگەری بۆ بکرێ. دکتۆر محەمەدۆفی تازە هاتوو گوێی هەڵخستبوو تا بەڵکو ئەو نەخۆشەی تازە هاتووە بدەن بە ئەو. بەڵام بەرپرسی نەخۆشخانە هاتەپێشی و گوتی دکتۆر ئەو نەخۆشەی بنێرە تا من نەشتەرگەری بۆ بکەم. بە ئاماژە تێمگەیاند کە ئەوە کاری تۆ نییە. ئەویش وەک ئەکتەرێک تێیگەیاندم دەبێ بڕوات. گوتی کارم هەیە با دکتۆر یوسف نەشتەرگەرییەکەی بۆ بکات؟ دکتۆر یوسف گوتی ئەگەر تۆ هاوکاریم بکەی نەشتەرگەرییەکەی بۆ دەکەم. گوتم دکتۆر گیان لە دوێشەو ئێشکگر بووم و نۆرە ئێشکم ئەوە تەواو دەبێ، ئەو نەخۆشەش کاتی زۆری دەوێ و رەنگە دوو سەعاتێک بخایەنێ، با نەشتەرگەری ئێشکگر کە دوای نیوسەعاتی دیکە دێت نەشتەرگەری بۆ بکات.

لەوکاتەدا دکتۆر ئەسلان محەمەدۆف کە تازە هاتبوو گوتی کێشە نییە من و دکتۆر رافەک پێکەوە نەشتەرگەرییەکەی بۆ دەکەین و نموونەیەک لە نەشتەرگەری تازەتان فێردەکەین. پێکەنینم هات و گوتم ئافەرین، دەمزانی جەنابتان نەشتەرگەرێکی لێهاتوون بەڵام مخابن. گوتی بۆ مخابن بۆ هیچ بووە؟ گوتم پیربووی، بەڵام دەمت بۆنی قاورمەی لێدێ. گوتی ئێستا دەبینی چۆن نەشتەرگەرییەکی بۆ دەکەم.
هاواریکرد رافەک خۆت ئامادەبکە. ئینجا بە گالیای پەرستاری گوت تۆش خۆت ئامادە بکە. گالیا گوتی هاورێ محەمەد من نەخۆشم و مۆڵەتم وەرگرتووە دەبێ بڕۆم. فایا لێرەیە و هاوکاریت دەکات. خاتوو فایا پەرستارێکی جولەکە بوو، زۆر شارەزاو ڕووخۆش بوو. گوتی دکتۆر ئەسلان ئەوە عەرزو ئەوە گەز، با بزانم لەگەڵ دکتۆر رافەک چیدەکەن. من چوومەوە ماڵێ. یەکەم شەوی ئێشکگرتنی هاورێ ئەسلان محەمەدۆف و رافەک کارەساتی لێکەوتەوە. نەخۆشیان بە پەستانی زۆر و ورگی زلەوە لەسەر تەختی نەشتەرگەرییان درێژ کرد. کاتێک ورگی نەخۆشیان دڕی دکتۆر محەمەدۆف بە دەستە خەپلەکانی دەیویست سیکەمەکەی دەربێنێ، ریخۆڵەگەورەی سیکەم لە پەنا ریخۆڵەکوێرەیە، بەردەوام رایدەتەکێنێ، ئەوانە خاتوو فایا بۆی گێڕامەوە. تەماشادەکا سیکۆمەکە نایەتەدەر، برینەکە ئاواڵا دەکاتەوە و بە یەک تەکانی پاڵەوانانە دەریدەکێشێ. فایا هاواردەکا دکتۆر ئەوە چیدەکەی، کابرای نەخۆش کە دەیانەوێ بە بێهۆشی نەشتەرگەری بۆ بکەن هاوار دەکا و دەڵێ دکتۆر مردم. هاورێ ئەسلان و رافەکی دلاوەر دەستەپاچە دەبن و بانگی دکتۆر وەلیۆفی بێهۆشی دەکەن بێت دیسان نەخۆشەکە بێهۆش بکاتەوە. ئەوەش زۆر دەخایەنێ. لەو هاتوهاوارەدا ئوستاد قولیۆف بە هانایانەوەدێ. تەماشادەکا هەلاهەلایان کردووە و حاڵی نەخۆشیش زۆر خراپە. دەڵێ ئەسلانی مامۆستا دەست رابگرە، بۆخۆم چارەسەری دەکەم. دوای سێ سەعات سەرکەوتوودەبێ ریخۆڵەکوێرەی قانگرینا دەربێنێ و بە هەزار زەحمەتیش سیکەمە دەرهاتووەکە لە ریخۆڵەی سەرەکی بدروێتەوە. ئەو نەشتەرگەرییە ناشیانەی ئەو دوو دکتۆرە تازە هاتوانە دوای سێ رۆژان تووشی هەوکردن دەبێ، من لە ماڵ بووم دراوسێیەکمان بانگی کردم گوتی دکتۆر لە نەخۆشخانە کاریان پێتە. کاتێک تەلەفۆنەکەم وەرگرت دیتم ئەسلانی مامۆستایەو دەڵێ دکتۆر لە شوێنی برینەکە غازات دێتەدەرێ و بۆ گەنیوی لێدێ. گوتم هەرچی زوویە تەقەڵەکان بکەنەوە ئەوە شوێنی نەشتەرگەرییەکە هەوی کردووە. بەگومان

بوو چۆن دەکرێ لە رۆژی سێیەم دەربهێنرێنەوە. دوای ئەوەی پرسوڕاوێژ دەکات قسەکەی من دەسەلمێنن و لەشوێنی برینەکە چڵک و کێم دێتەدەر. ئەو نەخۆشە بەستەزمانە دوای بیست رۆژ دیسان نەشتەرگەری بۆ دەکرێتەوە، بەڵام لە رۆژی بیست و یەکەم تراسۆفی بێچارە دەمرێ.

دوای ئەو رووداوە ناخۆشە هەرسێ محەمەد بوونە دژم. بەڵام بەرپرسی نەخۆشخانە محەمەدۆفی تارزەن سوپاسی دەکردم. دکتۆر یۆف محەمەدۆف دەیگوت تۆ ئاماژەت بۆ کردووم کە ئەوە کاری تۆ نییە، چاکت کرد، هاوڕێیەکی باشی. بەڵام محەمەدۆفی سێیەم ئەسلانی مامۆستا دەیگوت تۆ دەتزانی ئەو نەخۆشە دەمرێ هەر بۆیە هەڵاتی نەشتەرگەریت بۆ نەکرد. منیش گوتم نا ئەسلان گیان تۆ ئەوت کوشت، دەنا ئەو نەخۆشە نەدەمرد. ئەسلان دەیگوت خەتای رافەک بوو. دوای چەند رۆژێک بەرلە مردنی تراسۆف، محەمەدۆف گوتی لە تراموا چاوم بە کچی تراسۆف کەوت لێی پرسیم دکتۆر چۆن بوو باوکم مرد. منیش پێمگوت ئەوە کاری خودایە

ئەسلان دوای ئەو رووداوە ئارامتر بووەوەو جڵەوی ئەسپی سەرکێشی توند کرد و زۆر پارێزی دەکرد.

ئەوەش دیاردەیەکی دیکە کە نەشتەرگەری ناشی ئەگەر هیچ پلەوپۆستێکی نەبێ زووتر ئاشکرا دەبێ، بەڵام ئەگەر پلەوپۆستێکی هەبێ کەسی زندوو دەکوژن و تەقە لە دوو بەردانیش نایەت.

ماڵەکەمان لە مەڵبەندی موتین و لە نهۆمی چوارەمی باڵەخانەیەکی گەورەی پێنج نهۆمی دابوو. لە وێستگەی میترۆی نەریمانۆف دوور نەبووین. شوێنی دابەزین و سواربوونی میترۆ لەبەردەم باڵەخانەکەی ئێمەدا بوو. هەروەها لەبەردەم ماڵی ئێمە پارکێکی گەورە هەبوو بە ناوی نەریمان نەریانۆفی پەیکەرساز، کە پەیکەرێکی گەورەی خۆیبوو. ئێواران خەڵکانی دەوروبەر دەهاتنە ئەو پارکە کە پڕبوو لە کەلوپەلی یاری منداڵان. خانوەکانی شارۆچکەی مونتین هەموویان تازە دروستکرابوون کە چەندین نهۆم بوون. شوێنی ماڵەکەم لە نزیک نەخۆشخانەی ژمارە پێنج و پەنا گۆڕستانی ئەرمەنییەکان هەڵکەوتبوو، بە پێیان دە خولەک بوو. باڵەخانەکەمان لە سێزدە بەش پێکهاتبوو کە هەر بەشێکی پازدە ئاپارتمان بوو. ئاپارتمانەکان لە دوو ژوور تا چوار ژوور پێکهاتبوون. لە سۆڤیەت بەپێی ژمارەی خێزان خانوویان دەدایەی. هەرکەسێک منداڵی زیاتر بوایە ژووری زیاتر و فراوانتریان

دەدایە. عەردەکەی بە تەختەی نایاب تەختەبەند کرابوو. هەموو ئاپارتمانەکان گەرماو و، ئاودەستی جیاو باڵەکۆنی تیدابوو. ئاو، گاز و ئاوەڕۆی ژێرزەمینی لە هەموو شارەکانی سۆڤیەت گرنگی زۆریان پێدەدرا. هیچ چاڵێک بۆ کۆکردنەوەی ئاوەڕۆ لە ئارادا نەبوو. دراوسێکان زۆر لەگەڵ یەک میهرەبان بوون. لە چەندین نەتەوەی وەک رووس و ئازەری و ئەرمەنی و جولەکە پێکەوە دەژیان و لە شادی و شینی یەکتریدا شەریک بوون. رەگەزپەرستی لە ئارادا نەبوو. یەکێک لەو بنەماڵانەی کە لەپەنای ئێمە دەژیا بنەماڵەی دکتۆر رەحمان قولی یۆف بوو، کە لە جەنگی دووەمی جیهانی گوللە بەرمێشکی کەوتبوو بیستنی لەدەست دابوو. ئەو کابرایە بە ئەندازەی توانای خۆی کاری دەکردو هەرکاتێک پێویستی بە پشوو بوایە مۆڵەتیان دەدا. شەترەنج بازێکی باش و ماسیگریش یەکێک لە کارەکانی رۆژانی پشووی بوو. خاتوو فاتیمەی هاوسەری ئەو کابرایە، ژنێکی میهرەبان و داناو دەستەخوشکی خاتوو رەعنا بوو، پێکەوە دەردەدڵیان دەکرد. دانیشتن لەگەڵ خاتوو فاتمە بۆ هاوسەرم چێژبەخش بوو. دراوسێ میهرەبانەکەمان باسی جۆراوجۆری ئەو رێکخراوە سیخوڕیەی بۆ دەکردین بەڵام پێشی رازیبوو. هەرچەندە پۆلیسی نهێنی بە عنوانی جۆراوجۆر ئازادی خەڵکیان کپ دەکردەوە و بەردەوام لە سیخوڕە جۆراوجۆرەکان دەترسان.

هەر لە پەنای خۆمان عەقیدێکی پۆلیس هەبوو، کابرایەکی باش و قانع بوو. دەیگوت شەوانە بە ئاسوودەیی دەخەوم لەبەرئەوەی تا ئێستا بەرتیلم لە هیچ کەسێک وەرنەگرتووە و خراپەشم لەگەڵ هیچ کەسێک نەکردووە.

دراوسێ دەستەڕاستە کەشمان کابرایەک بوو بەناوی سوڵتان مەهدی زادە. ئەو کابرایە لە جەنگی دووەمی جیهانی هێندێک ئازایەتی نواندبوو کە کەوتبووە بەردڵیان لە کۆگای خواردنی دەوڵەتی شتی باش و نایابیان بە نرخی هەرزان دەدایە، بەڵام ئەو کابرایە بەردەوام سەرخۆش بوو. لەگەڵ ڤالنتیای هاوسەری کە رووس بوو، هەمیشە لە شەڕو دەمبەدمە دابوون. ڤالنتیای هاوسەری هاوڕێ سوڵتان لە بەدمەستی هاوسەرەکەی ناڕازیبوو و، جنێوی پێدەدا. ئەو کابرایە باوکێکی بەتەمەنی هەبوو لە تەمەنی هەشتا ساڵیداو لە ماڵی کوڕەکەی نەخۆش بوو. ژنەتیوە لە باڵەکۆنی تەنیشتمانی دادەناو بەرماوەی دەدایە. خاتوو رەعنا کاتێک ژنەتیوە لە ماڵێ دەڕۆیشت، لە باڵەکۆنەوە خواردنی گەرم و میوە و چایی بۆ دەبرد. ئەو کابرا پیرەمێردە

سەرگەردانە سکالای لە بێ دەماری کوڕەکەی دەکرد، ئەوە بوو دوای چەند رۆژێک لە گەرماوی ماڵی کوڕەکەیدا مرد و لە ئازاری ژیان ڕزگاری بوو.

لە باڵەخانەی سێیەم دوو دراوسێمان هەبوون بە ناوی ئافراسیاو و سلێمان کە پێکەوە نێوانمان خۆشبوو. ئافراسیاو دوو کوڕی هەبوو هەر دووکیان لە زانکۆ دەیانخوێند. خێزانی ئافراسیاو کە ناوی شورابوو جولەکەبوو، بە ئافراسیاو و ئەوانەی دەوروبەریان دەگوت ئوتاته[81]. ئافراسیاو بە زمانی تایبەت و نزیک لە فارسی لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی دەدواو قسەی دەکرد. لە فەرمانگە کانی دەوڵەتی لە پۆستی جۆراوجۆر وەک بەرپرس و جێگر کاری دەکرد. کابرایەکی باش و دراوسێیەکی بێ ئازار بوو. پێکەوە زۆر تەبا بووین. کاک سلێمانی هاوسێی دیکەمان لە جەنگی دووەمی جیهانی لە ئێران بووەو پیشەی دوکانداری بووە لە مونتین. تاقەکوڕێکی هەبوو ناوی بابا بوو، زۆربەی کات لە زینداندا بوو. گەنجێکی توڕەوتۆسن بوو بەردەوام لەگەڵ باوکی شەڕو هەرایان بوو. نە ئەو بۆ باوکی دەسەلماندو نە باوکیشی بۆ ئەوی دەسەلماند. زۆرجاریش پێک هەڵدەپڕژان. کاتێک ئێمە لەوێ بووین لە ساڵی ١٩٧٥ باوکی ژنی بۆ هێنا. ژنەکەی ناوی سەکینە بوو، ژنێکی باش و میهرەبان بوو، ئەو کابرا دوکاندارە بڕوای بە ژنەکەی نەبوو زێڕ و زەمبەرەکەی لەلای ژنێکی دراوسێیان بە ئەمانەت دادەنێ. کاک سلێمان تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی سییەکان دەبێ، نەیدەزانی وازوو دەمرێ. شێرپەنجەکە زوو گەشەی سەندو لە پەلوپۆی خست. رۆژێک لەناکاو کاک سلێمان نوتقی دەگیرێ و ناتوانێ هیچ قسەیەک بکات. هەردەیگوت فا.. فا. ئەوانەی لە دەوروبەری بوون وادەزانن بانگی فاتمەی خوشکی دەکات. بەڵام کاک سلێمان بە دەست و سەر ئاماژە بۆ زێڕو زەمبەرەکەی دەکات کە بە ئەمانەت لەلای دراوسێیەکیانی داناوە، کەسیش نازانێ مەبەستی ئەوەیە. سلێمان مرد و شتەبەنرخەکەی لەلای ئەو ژنە دراوسێیە مایەوەو بۆیان نەگەڕاندەوە. ئەوەش چارەنووسی دوکاندارێکی سۆڤیەت.

لە نهۆمی پێنجەم بنەماڵەیەکی جوولەکە هەبوو. کابرای ئەو بنەماڵەیە ئەفسەری (ئێم. گ. ب) و (ک. گ. ب)ی تازە بوو. ژنەکەی دکتۆر بوو گەلێک جوان و چاولەدەر بوو. ژنە بێجگە لە کاری دکتۆری کاری ناشرینی دیکەشی دەکرد زۆربەی کات لە پارکی شار لەگەڵ ئازەریە شەقاوەکان رایدەبوارد. منداڵ و مێردەکەشی بەسەر پیرە

---

[81] ئوتات هۆزێکن لە دەوروبەری خەڵخاڵ و تالش

دایکەکەیدا بەجێدەهێشتن و بۆخۆیشی بزر دەبوو. مێردەکەی دەرەقەتی نەدەهات. لە خەفەتان تەنیا مەشروبی دەخواردەوە. ژنە خێرا بە پەنایدا تێدەپەڕی و هیچ گرنگیەکی بۆ دانەدەنا. کابرای سەرگەردان ئەوەندەی وەدوای دەکەوت نەیدەگەیشتێ. ئەوەش نموونەیەک لە ژنی تاترۆ کە وەدوای هەواو هەوەسی خۆی دەکەوت. ژنە نزیکەی بیست و هەشت ساڵ و کابراش سی و دوو ساڵ بوو. کە دەبوو چێژ لە ژیان وەربگرن، بەڵام گرفتاری دوو جەمسەری دژ بە یەک ببوون.
خاتوو رەعنا لەناو دراوسێکاندا رێزێکی زۆری لێدەگیرا و هەموو خۆشیان دەویست. جیرانەکانمان ئوستادانی دیاری زانکۆ و ئەندازیار و کەسانی ناودار بوون. لە هەموو زەماوەندەکاندا بانگهێشتیان دەکردین و لەگەڵیان بەخۆشی دەمانگوزەراند.
دوای دوو سێ ساڵی زیندان و بێبەشی لە ژیان و دووری بنەماڵەکەم، خۆشی رووی تێکردبووین. قوتابیانی کورد و ئەفغانی و عێراقی، سووری و ئێرانی، دەهاتنە ماڵمان و لەسەر سفرەی ئێمە نانیان دەخوارد و لەگەڵمان دڵخۆش بوون. یارمەتی دارایی زۆربەیانم دەدا، بارودۆخی داراییم باشبوو. کاتێک دەهاتمەوە ماڵێ بارودۆخی ماڵەکەمان نموونەی ماڵێکی ئێرانی بوو بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە، کە ماندووبوونی نەخۆشخانە و دەرگیری لەگەڵ کەسانی ناخ بۆگەنیو ماندوێتیان لەبیر دەبردمەوە و هێزێکی تازەیان پێدەبەخشیم، دیسان دەچوومەوە مەیدان و لەگەڵ هاوکاران و بەرپرسە لەخۆبایی و هیچ لە باراندا نەبووەکان رووبەڕوو دەبوومەوە.
هەستم بە جیاوازی نەژادی نەدەکرد. ئەگەر فرتوفێڵ و دەغەلی هەندێک کەسیش دەهاتەپێش شانم وەبەردەدا و بە ماهییەتی کەسەکەم دەزانی. لە بەرنامەی سۆسیالیستی و یاسای پێشکەوتنی بۆ ژیانێکی شایستە ئومێد بەخش بوو، بەڵام لە مەیدانی کرداردا وا نەبوو. هەر کەسەو لەبیری خۆیدا بوو هەموو دزییان لە دەوڵەت دەکرد. دەوڵەت بەو هەموو گەورەییەی خۆیەوە شیری کەمی دەدا بە منداڵە برسییەکان ئەوانیش ناچار بوون بۆ ئەوەی ئەو کەموکوڕیە پڕ بکەنەوە دەست بۆ کاری دیکە درێژ بکەن. بەناچاری پەنایان بۆ بەرتیل و کاری لەو جۆرە دەبردو زیاتریش برەوی دەسەند.
دامەزراندنی میترۆ بۆ خەڵکی شار لە سۆڤیەت خۆشکوزەرانییەکی بەرچاوی هەبوو. خەڵکی سۆڤیەت بە گشتی ئەهلی کەیف و خۆشکوزەرانین. خواردنی خۆش و

جلوبەرگی باش. هیچ دژایەتییەک لەگەڵ ئەو جۆرە ژیانەدا لە گۆڕێ نەبوو بە مەرجێک لە یاساکان زیاتر پێ رانەکێشن.

لە باکۆ و تێکڕای شارەکانی دیکە مزگەوت و کڵێسا هەبوون. لە ناوەڕاستی باکۆ دەنگی بانگ لەگەڵ زەنگی کڵێسا پێکەوە ئاوێزان دەبوون. کڵێسەی ئەرمەنەکان لە پەنا پارکی پارپیپ یان پارکی کارڵ مارکس بوو. لە شوێنی موسڵمان نشینەکانیش و لەلای قەڵای باکۆ، لە هەر جێگایەک کە مزگەوتی لێبوو پڕ بوو لە نوێژخوێن. موسڵمانان مردووە کانیشیان لەسەر شێوازی دینی ئیسلام کفن و دفن دەکردو مەسیحیەکانیش بەپێی دەستووری ئاینی خۆیان بە جلوبەرگی تازەو ئوتوکراو ریشی تراشراو و ئۆدکڵۆنەوە مردوەکانیان دەبردنە گۆڕستانی مەسیحیان، مۆزیکیش لەپێشەوە مارشی تازیەی لێدەدا. کەسانێکیش هەبوون کە هەم هاتووچۆی مزگەوتیان دەکردو هەم هاتووچۆی کڵێساشیان دەکردو بەشداری سرووتە ئاینیەکانیان دەکردو بۆ قازانجی خۆیان کەڵکیان لێوەردەگرت. دوکان و مارکێتەکان هەموویان دەوڵەتی بوون، کەلوپەلیان لەلایەن دەوڵەتەوە پێدەدرا، هەموو خەڵکی سۆڤیەت کارمەندی دەوڵەت بوون.

ڕێکخراوە بازرگانیەکان کالآیان بەسەر دوکان و مارکێتەکاندا دابەشدەکرد و کەسێکیش بەناوی بەرپرسی کۆگاکان دادەمەزراو مووچەی لە دەوڵەت وەردەگرت. لەلایەن پشکێنەرانی دەسگای (ئۆ. ب. خ. ئێس)ەوە بەردەوام دەپشکێنران، ئەگەر کەموکوڕییەک هەبوایە بەرپرسی کۆگایان دادگایی دەکرد و رەوانەی زیندانیان دەکرد. میوەفرۆشەکان دوو جۆر بوون، دوکانی میوەفرۆشانی دەوڵەتی لە بازاڕی ئازاد هەرزانتر و باشتر بوون. بازاڕێکی دیکە بەناوی بازاڕی کۆڵخۆز هەبوو کە گوندنشینان بەرهەمی خۆیان تێدا بە بازاڕ دەکرد و دەیانفرۆشت.

گۆشتفرۆش و قەسابەکانیش بە هەمانشێوە دەوڵەتی و تایبەت بوون. لە دەوروبەری شاری باکۆ هەندێک کەس کە خاوەن هێز بوون، یان باخی بچووکی میوەیان هەبوو، لە ترێ و هەنجیر و توو، سەوزەوات کە پێیان دەگوتن داچا[٨٢]، هاوینان یان رۆژانی پشوو بە بنەماڵەو دۆستانیانەوە دەچوونە ئەوێ و بەروبوومیان رەنێودێنا.

بیستبووم پرۆفیسۆر موتەلیبی ئێرانی داچایەکی باشی هەیەو بامیەشی لێ چاندووە. بامیە لە سۆڤیەت پەیدا نەدەبوو، لە باخەکەی خۆی چاندبووی و هاتبووە بەرهەم.

---

[٨٢] داچا: باخی بچووک

داوام لێکرد هەندێک بامیەم بۆ بێنێ بۆ گۆشتاو. گوتی چەند کەسن. لە مەبەستی نەگەیشتم گوتم پێنج کەسین خۆم و هاوسەرم و سێ منداڵم هەن کە تازە لە خوێندن لە شاری ئیڤانۆفی دەوروبەی مۆسکۆ گەڕاونەوە بۆ پشووی هاوینە. پڕۆفیسۆر گوتی بە چاوان دووسبەی دەچم بۆ داچا، بەشی خۆتان بۆ دێنم تا گۆشتاوێکی ئێرانی بە بامیەی سۆڤیەتی پێ لێبنێن و بیخۆن. کەمێک پێکەنینم بەو قسەیەی پڕۆفیسۆر هات. کاتێک گەڕامەوە ماڵێ و بە منداڵەکانم گوت پڕۆفیسۆر دووشەممە بامیەمان بۆ دێنێ، دەستمانکرد بە خۆ ئامادەکردن و بە هەزار زەحمەت تا گۆشتی تازەم دەستکەوت و لە چاوەڕوانی هاتنی بامیەدا بووین.

ڕۆژی دووشەممە بەیانیەکەی چوومە نەخۆشخانە پێش هەمووشتێک چوومە ژووری پڕۆفیسۆری ئێرانی. دوای چاکوچۆنی پاکەتێکی بچووکی وێدام، کاتێک کردمەوە تەنیا پێنج بامیەی تێدا بوو، کابرای تەورێزی زۆری منەت کردبوو کە پێنج دەنکە بامیەی لە باخەکەیەوە بۆ هێنابووین.

جەنابی پڕۆفیسۆر بۆخۆی تەورێزی بوو لە ساڵی ١٩٤٥وە لەلایەن پەیوەندی فەرهەنگی ئێران و سۆڤیەت لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە بۆ خوێندنی پزیشکی هاتبوونە باکۆ. دوای تەواوکردنی کۆلێژ بە هەوڵو کۆششێکی زۆر توانیبووی بگاتە پلەی پڕۆفیسۆری و بۆردی نەخۆشیەکانی دڵ بەدەست بێنێ. هەر لە باکۆ ژنی هێنا، ژنەکەی ئازەری بوو خەڵکی دەوروبەری کازەخەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەت بوو. ژنێکی باڵابەرز و تورەو لەخۆڕازی. پڕۆفیسۆری ئێرانی بە هەزار زەحمەت توانیبووی دایکە پیرەکەی لە تەورێزەوە بێنێتە لای خۆی. دایکی پیرەژنێکی حەفتا و پێنج ساڵەی نوورانی و قسەخۆشبوو. بە لەهجەی تەورێزی قسەی لەگەڵ دەکردین. ژنەتیوەی نانەجیبی دکتور موتەلیب لە کەوڵی شەیتانی خۆی هاتەدەرو ڕۆژگاری لەو دکتۆر موتەلیبی لێهاتوو و، پیرە دایکەکەی ڕەش کرد. هەرچەندە دکتۆر موتەلیبی ئێرانی لەو ژنەتیوە کوڕ و کچێکی هەبوو کە چووبوونە زانکۆ و، ژنەکەشی مامۆستا بوو، بەڵام دەڵێی چی ڕەسەنایەتی نەبێ ژیان تێک دەچێ. ناوی ئەو ژنە نا موبارەکە رایان بوو، بەحیساب ناوێکی رووسی لەخۆی نابوو. ئەو ژنە دەستی لە زوڵم و چەوسانەوەی ئەو پیاوە تەورێزی و زانایە هەڵنەدەگرت. ئەو خاتوو رایانە دەستی لەگەڵ دەسگا سیخوڕیەکان تێکهاڵاندبوو، لەوێ فەرمانی وەردەگرت. موتەلیبی بە غیرەت و

جوامێری ئازەری نەیدەتوانی فەرمانەکانی ئەو نارەسەنە قبوڵبکات، تا سەرەنجامی کێشەو هەرایان سەری بۆ ئەوە کێشا، ئەو دلاوەرەی کوشت و لە بەینی برد.
پرۆفیسۆر موتەلیب گوتاربێژێکی دیار و لەگەڵ غولام یەحیای بەرپرسی فیرقەی دیموکرات لە بگرەوبەردەیەکی سەخت دابوون و لە هەرجێگایەک با لێی لە هەڵلا دەدان. ئەوەش بەلای بەرپرسانی ئازەربایجانەوە خۆش نەبوو.
ژنەتیوە چەند جارێک نائاگا لەپشتەوەڕا گۆپاڵی لە کەللەسەری پرۆفیسۆری ناودار دابوو، کە وایلێکردبوو بیبەنە شێتخانە. رژێمی بێزراوی سەڵتەنەتی ڕێگای گەڕانەوەی پێنەدا، دەسگای چەپەڵی پۆلیسی سۆڤیەتیش ڕێگایان نەدەدا بچێتەوە ئێران. موتەلیب لەنێوان دوو ئاگردا مابۆوە. بەردەوام دەچووە کونسوڵخانەی ئێران لە باکۆ. رۆژێک لە بەردەم کونسوڵخانە پاسەوان ریگای پێدەگرێ و ناهێڵێ بچێتە ژوور، تا سەرەنجام پرۆفیسۆر لەگەڵ پاسەوانەکە دەبێتە شەڕ و هەرایان و دەیبەنە بنکەی پۆلیس. ئەو عاشقی ئێران و نیشتیمانەکەی بوو. دیوانی شەهریاری لەسەر مێزەکەی دادەنا. لە کۆڕو کۆبوونەوەی حزبی دیموکراتی ئازەربایجان هێرشی توندی دەکردە سەر غولام یەحیا. فیرقەچییە خۆفرۆشەکان دەیان بوغزاند.
ئەو کابرا زاناو بەناوبانگە خەڵک خۆشیان دەویست. تا سەرەنجام کاری بەوەگەیشت لە ماڵەکەی خۆیدا دەماری دەستی ببڕێ و بە پەتێک خۆی بخنکێنێ.
دایکە پیرەکەشی کە بە جیا دەژیاو خانوویەکی بۆ بەکرێ گرتبوو، بێکەس مابووەوە. دواتر بیستم سەفارەتی ئێران رەحمیان بەو پیرەژنەدا هاتوتەوەو ڤیزەیان دابۆیەو گەڕابووە بۆ ئێران. ئەو تراژیدیایە لە ئەنجامی دوو جەمسەری دژ بەیەک دروست بوو یەکێک سیخوڕ و یەکێکیش لەو پەڕی دانایی و جوامێری کە لەژێر پێی کەسێکی چەپەڵدا ببێتە قوربانی و کەسیش بەهانایەوە نەچوو. ئای ئێرانی پاک نەژاد چەندە جوان و درەوشاوەی، رەسانایەتیت ڕێگانادا لە زەلکاودا بژی. زەلکاو بۆ ژیانی تۆ نابێ، کوشەندەیە راکەو لەو زۆنگاوە مەرگ هێنە خۆت دەربازکە.
ئەوە کارەساتێکی گەورە بوو کە لە ناوەڕاستی شاری باکۆ روویدا. خاتوو یارا هەر ناوچەوانیشی تێک نەنا، هەر خەریکی خۆشڕابواردنی خۆی بوو. موتەلیب زمانی فارسی فێری ئەو عیفریتە کردبوو تا لە ئامۆژگاریەکانی سەعدی و حافز پەند وەربگرێ، بەڵام مخابن تەیری گول عاشِق بە داری ژەقنەبووتە. ئای موتەلیب بەو هەموو زیرەکی و تێگەیشتنەی خۆت کەوتیتە داوی کێ؟ ئەوەیە چارەنووسی ئەوانەی

له دەرەوەی نیشتیمان ژن دێنن یان لەگەڵی رادێن، یان وەک موتەلیبەکان گۆڕغەریب دەبن.

پرۆفیسۆرێکی دیکەی ئازەری کە زانایەکی دیار و پسپۆڕ بوو ناوی حسێنۆف بوو. چەند ساڵێک زیندانی و ئۆردووگای زۆرەملێی ستالینی بەسەر بردبوو. وەک گەوهەرێکی درەوشاوە لە نەخۆشخانەی ژمارە پێنج و لە بەشی نەخۆشیەکانی دڵ کاری دەکردو ئوستادی زانکۆ بوو. ئەو پیاوە بە تواناو قسەخۆشە وەک مەشخەڵێکی رووناک هێندەی نەخایاند بەرگەی ئەو هەموو رەنج و ستەمە بگرێ و لەوپەڕی تواناییدا بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کردو دنیایەک خەم و کەسەری بۆ هاوڕێکانی بەجێهێشت.

لە نەخۆشخانەی ژمارە پێنج کەسێکی قۆڵبڕ بە ناوی پرۆفیسۆر عەباسۆف لە بەشی نەخۆشییەکانی هەناوی کاری دەکردو دەرسیشی دەگوتەوە. ئەو هاوڕێیە شەو و ڕۆژ لەبیری بەتاڵکردنی گیرفانی نەخۆشە دەستکورتەکاندا بوو. ئەو دەرمانەکانی دەوڵەتی کە چەند دەرمان بۆ هەندێک نەخۆشە دژوارەکان دانرابوون و لەژێر دەستی ئەو ناپیاوەدابوون، کە بۆخۆیشی بەرپرسی بەش و ئوستادی زانکۆ بوو، دەرمانەکانی لە بەفرگری ژوورەکەیدا هەڵدەگرت و بە دزیەوە بە نرخێکی زۆر بە نەخۆشە دەستکورتەکانی دەفرۆشتنەوە.

سەرەڕای ئەوەش لە بەشەکەی بە ناوی جیا جیا چەند مەعشوقەیەکی هەبوون. لەگەڵ ئەوەی تەمەنی زۆر بوو، بەڵام ئەو کارەی وەک کارێکی هەمەڕەنگی ژیان دەزانی. بە چاویلکەی گەورەو چاوی دەرپەڕیوی دەتگوت دێوەزمەیە. زۆر رقم لە هەڵسوکەوتی ئەو پرۆفیسۆرە ساختەیە دەبووەوە و خۆشم نەدەویست. چەند جارێک لەگەڵی دەرگیر بووم. ئەو خۆی لێ بەدوور دەگرتم، کاتێک چاوی پێدەکەوتم بەو سەروکەللە زلەو چاویلکە گەورانەی سەری نەویدەکرد و تێدەپەڕی. لەگەڵ ئەو کابرایە پرۆفیسۆرە بەشیرۆفی زاناو قسەخۆش و میهرەبان کاری دەکرد و لەگەڵ ئەو عەباسۆفە زمانێکی هاوبەشیان پەیداکردبوو ژیانێکی ئاشتی خوازانەیان هەبوو. یەکێکیان پارەپەرست و ئەوەی دیکەیان زمانلووس، کەس رێگەی لەوی دیکە نەدەگرت و لەونێوەشدا نەخۆش و ژنە جوانەکان دەکەوتنە بەر ئامانجی ناجوامێرانەیان. ئەو کابرایە هەر لەڕێگای ئەو ناسکۆڵانە سەری خۆیشی دانا.

زوویا پاولۆنا:

لەبەشی وەرگرتنی نەخۆش خاتوونێک هەبوو ناوی زوویا پاولۆنا بوو، لەوێ کاری دەکرد کە زۆر دەمەوەڕ و لەخۆڕازی و هەڵسووڕاو بوو. ئەو کەسەی خۆشدەویست تاریفی کردبا. منیش لەبەر خواستی کارەکەم جارجار وەسفێکی جوانیم دەکرد، خاتوو زوویا یەکسەر هەڵدەستاو لەپێش ئاوێنە رادەوەستا، پرچە تەنکەکەی بەسەرشانآندا پەرێشان دەکرد؛ بە راست و چەپدا هەڵدەسووڕاو تاریفێکی دیکەی ئەو بەژن و باڵا نازەنینەی ئەو دڵسافەم دەکرد. ئەو خاتوونە رووسە لەگەڵ هەموو کەموکورپیەکانی کەسێکی بێوەی و بۆ رزگارکردنی نەخۆشی سەخت ئەو پەڕی فیداکاری دەکرد و چاوەڕوانیشی لە هیچ کەسێک نەبوو. بەردەوام لەگەڵ مێردەکەشی کێشەو هەرایان هەبوو.

مێردەکەی زۆر مەشرووبی دەخواردەوە و بە ژنەکەی رانەدەگەیشت. کە دەرەنجامی دەرگیریەکەیان خاتوو زوویا بە رق هەستاوی دەهاتە نەخۆشخانەو دوای ماوەیەک بزە دەکەوتە سەرلێوانی و ناوچەوان گرژیەکەی نەدەما، دەردەدڵی لەگەڵ هاوەڵەکانی دەکرد و دەیگوت مێردەکەم پێمدەڵێ دەڵێی مانگای، ئینجا رووی لە گوێگرەکان دەکردو دەیگوت توخوا کوێم بە مانگا دەچێ. منیش کە دەگەیشتمە ئەوێ و گوێم لەو سکاڵایانە دەبوو دەمگوت زوویا ئەو نازانێ تۆ چەندە خاتوونێکی جوان و لەباری، مێردەکەت دەیەوێ وەکەیفت بێنێ. بە نیگایەکی کونجکۆڵانە دووپاتەی دەکردەوە توخوا دکتۆر بەڕاست وادەڵێی. دەمگوت بە گیانی تۆ ئەوە راستییە . زوویا پێدەکەنی و قسەو نوکتەی رووسی بۆ حازریان دەگێڕایەوە و بۆخۆیشی قاقا پێدەکەنی. دڵێکی پاک و بێ غەلوغەش. خودایە دەست بە باڵی ئەو جۆرە بنیادەمە دڵسافانەوە بگرە و دڵخۆشیان بکە.

مەرگی باوک و گەوهەری درەوشاوەی عێراق

مردنی باوکم گەلێک خەمهێنەر بوو. لە مانگی پوشپەڕی ساڵی ١٩٦٩ هەواڵی مەرگی باوکم رایچڵەکاندم و زۆر نیگەران بووم، لە ماڵی تازیەبار بووم و بەو کۆستەوە دانیشتم. ئارەزووی ئەوەم دەکرد بە دیداری باوکم شاد ببمەوە. ساڵانێکی زۆر هەوڵمدا بگەڕێمەوە نیشتیمان. رژێمی چەپەڵی شاو دەستگا دۆزەخیەکەی ساواک ئەو خواستە یاساییەی منی وەرنەگرت، لەگەڵ ئەوەی لە ئێران و هەتا لە سۆڤیەتیش پێشینەی سیاسییم نەبوو، بەڵام ئەو قسانە بەگوێی دەستەڵاتداراندا نەدەچوو. لە ساڵی ١٩٦١ کاتێک خوێندنم تەواوکرد لە ئێران و سۆڤیەت لە لایەن بنەماڵەکەم و خۆیشمەوە دەیان داواکاریمان بۆ بەرپرسانی پەیوەندیدار نارد، بەڵام بەداخەوە وەڵامێکی ئەوتۆمان نەبیستەوە.

ئێستاش کە بارودۆخێک هاتۆتەپێش بۆ رۆیشتن لە سۆڤیەت بە عنوانی رۆیشتن بۆ عێراق و تێکۆشان لەگەڵ بارزانییەکاندا تا رادەیەک جێگەی قبوڵی بەرپرسانی سۆڤیەت بوو، بۆ نابێ سوود لەو دەرفەتە وەربگرم. بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە بەهۆی قوتابیانی عێراقی کە بەردەوام دەهاتنە ماڵی ئێمە و لەوانەش نوێنەری تایبەتی بەعسیەکان کە جارجار دەربارەی بیروڕای سیاسی و تێڕوانینم بۆ بارودۆخی عێراق و دەرگیری لەگەڵ کوردەکان هاتوچۆیان دەکردم. من ئەوانەم نەدەناسین. ئەو وێنەیەی مەلا مستەفای بارزانی کە لە ماڵەکەم هەڵواسرابوو، هەستیارییان بەرامبەر بە من زیاتر کردبوو. بەعسیەکان هەوڵیاندەدا بە هەر شێوەیەک بێ هانم بدەن بگەڕێمەوە بۆ عێراق و لەوێ دەست بەکاری پزیشکی بکەم و وەک پسپۆڕێک هەموو شتێکم دەخەنە بەردەست.

نوێنەرەکانیان لە کورد و عەرەب هانیاندەدام ناسنامەی عێراقی وەربگرم بۆ چوونە دەرەوە لە سۆڤیەت ئەو جێگایەی بەرەبەرە بارودۆخی ئابووری بەرەو خراپی دەچوو، هەروەها لەبواری سیاسیشەوە گەیشتبووە بنبەست. نەمدەویست بێجگە لە ئێران بچمە هیچ جێگایەکی دیکە. بەڵام هەلومەرجی نالەبارو پیلانی کەسانی خراپ و داخ لەدڵ وایان لێکردبووم بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەم و بەهەرجۆرێک بووە لە

وەڵاتی سۆڤیەت بڕۆم. جا چ ئەفغانستان بێت یان عێراق، هەتا لیبیاش بێت. هەندێجار وام بە خەیاڵدا دەهات بچمە مەڕاکیش یان جەزائیر و لەوێ جێگایەک وەبینم.
ئەو کەڵکەڵەیە لە ساڵی ١٩٧١ زیاتر رەگی داکوتاو بۆ چارەسەری ئەو گرێ کوێرەیەش بۆ هەر جێگایەک کە پێویست بوو، دەستم درێژ دەکرد و هەر کەسێک کە ئومێدێکی لێدەکراو کارێکی پێدەکرا خزمەتێکم دەکرد و دیارییەکم دەدایە.
دوای کودەتای بەعسیەکان هەندێک لە عەرەبە دەستەڵاتدارەکان و پرۆفیسۆر و شاعیر و پلەدار هاتبوونە سۆڤیەت و مافی پەنابەرێتی سیاسییان وەرگرتبوو. قوتابییە عێراقیەکان لە شارە گەورەکانی سۆڤیەت لە رشتە جۆراوجۆرەکان خەریکی خوێندن بوون. لەگەڵ کوردە عێراقیەکانی دانیشتووی باکۆ و مۆسکۆ و لینینگراد پەیوەندییەکی باشم هەبوو. ئەوان کەسانی بە تواناو زانا بوون، چێژم لە کۆڕی دانیشتنیان وەردەگرت. ماڵی ئێمە مەکۆی قوتابیان و پەنابەرە سەرگەردانەکان بوو، سفرەمان شەو و رۆژ بۆ ئەوانە راخرابوو. لە رووی داراییەوە حاڵم باشبوو هەتا مانگانە یارمەتی داراییم دەدایە دە دوازدە قوتابی بۆ درێژەدان بە خوێندن و مانگانە پەنجا تا سەد رۆبڵم دەدانێ. لەسەر خەرجی خۆم کەلوپەل و خەرجی زەماوەندم بۆ چوارکەسیان دابین کرد.
لەگەڵ ئەبوو خەلیل نێوانمان خۆشبوو، کە ئەفسەرێکی پلە باڵای عەبدولکەریم قاسم بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بە یەکێک لە دەوڵەمەندەکانی عێراق هەژماردەکرا. ئەو عەقیدە لەگەڵ دوو سێ لە هاوڕێکانی بەردەوام دەهاتنە ماڵی ئێمە و منیش گەلێک شەوان بۆ گوێگرتن لە مۆسیقای عەرەبی و تەماشاکردنی سەمای سەماکارێکی لێهاتووی عەرەب کە قوتابی بوو و، لەگەڵ ئەبوخەلیل نێوانیان خۆشبوو، دەچوومە ماڵیان و کەمێک خەمی زەمانەمان بە با دەکردو سەرلەنوێ وزەی تازەمان وەردەگرت، تا درەنگانی شەو لەلای ئەو مرۆڤە ئازادیخوازە عەرەبانە دەمامەوەو دوایی دەگەڕامەوە ماڵێ.
لەناو ئەو هاوڕێ تازانەدا کەمال مەزهەر کە دوایی بوو بە ئوستادی زانکۆی بەغداو ئوستاد عزەدین مستەفا رەسووڵ کە قوتابی قۆناخی پۆست دکتۆرا بوو لە مۆسکۆ و یەکێک بوو لە نووسەرە دیار و ئازادیخوازەکانی عێراق دەبینران.
لە یەکێک لە میوانییەکانی کوردانی عێراقی کە بە بۆنەی جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٧٠ سازکرابوو، ئاشنایەتیم لەگەڵ زاناو پیاوێکی نەفس بەرز بەناوی ئەلحەیوو

هەبوو، کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە. پێکەوە لەپەنا یەک دانیشتبووین. بە رووسییەکی شرۆشەق قسەی دەکردو لە بەشەخواردنیشدا فەرمووی دەکردم. کاک فەهمی ئەندازیاری نەوت ئەو کابرا عەرەبە موسڵاوییە قسەخۆش و زانایەی پێناساندم و گوتی: بەڕێز ئەلحەیوو یەکێک لە قورئان خوێنە باشەکانە. لە قسەکانی فەهمی تێگەیشتم دۆستایەتیم لەگەڵ ئەو پیاوە بەڕێزە بە قازانجی خۆم و منداڵەکانمەو دەتوانن بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی کەڵکی لێوەربگرن. بەڕێز ئەلحەیوو یەکێک بوو لە ئازادیخوازانی دیاری موسڵ و لەژێر جەوروستەمی بەعسییەکان و رووداوە ناخۆشەکەی شەووافی موسڵ لە وەڵاتی خۆی ئاوارە دەبێ و لە ڕێگای ئێرانەوە خۆی دەگەیەنێتە سۆڤیەت و دەبێتە پەنابەری سیاسی. ژنەکەی بە ئەسڵ ئاشووری ئێرانی تەورێزی و خوشکی هەمان وانیا بوو کە منی ڕەوانەی سۆڤیەت کرد.

ئەلحەیوو دوو کچی جوانی هەبوو، بارودۆخی ژیانی هێندە باش نەبوو. لە پێشدا وەک مامۆستای زمانی عەرەبی دامەزرابوو، رادەی زانستی ئەویان بەبێ بەڵگەنامەی خوێندن بۆ کەسانێک کە زمانی عەرەبییان نەدەزانی بەلایانەوە گرنگ نەبوو. بۆیە ئەلحەیوو زۆر دەستکورت و نەدار بوو. بەو بڕە پارەکەمەو مووچەی ژنەکەشی کە پەرستار بوو بەشی ژیانی خۆیانی نەدەکرد. رووی لە هیچ کەسێک نەدەناو بۆ هیچ پلەو پایەکیش سەری نەوی نەدەکرد. مەمرەمەژی ژیانی دەگوزەراند. ئەو ئازادیخوازە عەرەبە موسڵاویە نموونەیەکی بەرچاوبوو لە نەتەوەی عەرەب، کە خەریکبوو لەو زۆنگاوەدا نقووم بێت و دەستی هاوکاریشی بۆ هیچ کەسێک درێژ نەدەکرد. ئەو گەوهەرێکی درەوشاوە بوو کە لە باتڵاغێکی ترسناکدا لەبەرچاوی هەموان نغرۆ دەبوو. هەر زوو دەرکم بەوەکرد کە دەبێ ڕێز لەو کەسایەتییە بگیردرێ. هەر لەو کۆڕی دانیشتنە ناونیشانی خۆمم دایەو بۆ ئێوارێ بە خێزانەوە بانگهێشتم کردن بۆ ماڵێ و هاتن. دوای کەمێک ئاشنایەتی و یەکترناسین بۆم دەرکەوت هاوسەری ئەلحەیوو خوشکی هەمان وانیاری ئاشووریە کە لە تەورێز و لە ژێرزەمینی رستۆرانێک پێیگوتم کاتێک ئێوە چوونە سۆڤیەت پێشوازیتان لێدەکەن. بەڵام ئەو پێشوازیەی خاتوو وانیار دەیگوت بریتیبوو لە چوار ساڵ زیندانی و سەرگەردانی و هاوڕێی ئازیز و میهرەبانم عەزیزی فەرهادیم لەژێر کاریگەری ناجوامێرانەی دەسگای (ئێم. گ. ب) و هەڵسوکەوتی خراپی بەرپرسانی حزبی لەگەڵ ئەو کوڕە گەنجە کە

دنیایەک خەون و ئاواتی هەبوو، سەرەنجام وایان لێکرد خۆی بکوژێ و بە تەنیا لەو دووره وەڵاتییه سەرگەردانم بکات.
لەگەڵ ئەلحەیوو و هاوسەرەکەی سەرگەرمی قسان بووین. خوشکەکەی ناونیشانی وانیاری دامێ زاواکەی کاک ئارامی ئەرمەنی بوو کە لە فیرقەی دیموکرات بەرپرسی سندوقداری و ئەمانەتداری حزبی دیموکراتی ئازەربایجان بوو. داوام لە ئەلحەیوو کرد لەکاتی دەستبەتاڵیدا دەرسی قورئان و زمانی عەرەبی بە منداڵەکانم بڵێ، بەڵکو خودا رەحمێک بکاو دەرگایەکی رزگاربوونمان لێ بکرێتەوە. لە ماڵێ قورئانێکی کۆنمان هەبوو کە بە خەتێکی زۆر جوان نووسرابوو بە زمانی فارسیش لێکدانەوەی بۆ کرابوو. ئەو قورئانە کاک مەحموودی سەرابی تارانی کە هاوڕێیەکم بوو، لە داغستان بۆیان ناردبوو ئەویش کردیە دیاری بۆ من. ئەو قورئانە پیرۆزەم دایە بەڕێز ئەلحەیوو، تکام لێکرد ئەگەر ئەو قورئانە لەناو قوتابیانی دینی باکۆ و کەم خوێندەوارەکاندا بڵێتەوە دەبێتە تروسکاییەکی گەورە لەناو خەڵکانی چارەڕەش. بەوکارە هەم قورئانەکە ئازاد دەبێ و هەم خەڵکیش لە خوێندنەوەی ئەو کەلامە ئاسمانییە بەهرەمەند دەبن.
ئینجا ئەوەشم پێگوت مانگانە سەد رۆبڵ لەوانەیە زیاتریشی بدەمێ. ئەلحەیوو رازیبوو، پیاوانە قۆڵی لێهەڵماڵی و دەستیکرد بە وانەگوتنەوەی منداڵەکانی من و چەند مەلایەک لە مزگەوتێکی باکۆ. رمێنی دینی محەممەدی دەستپێکرد و زمانی عەرەبیش گەشایەوە و ئەلحەیووش لە هەژاری رزگاری بوو. تا لە سۆڤیەت بووم ئەوکارە خێرە بەردەوامی هەبوو. لەگەڵ ئەلحەیوو دوو هاوڕێی راستەقینەو مامۆستایەکی باشی زمانی عەرەبی بوو، بۆ من و منداڵەکانم و تێکڕای ئەو منداڵانەی لە ماڵ و مزگەوتی باکۆ دەیانخوێند.
لە یەکێک لە رۆژەکانی مانگی گوڵانی ١٩٧٥ کە لە نەخۆشخانە سەرگەرمی کارکردن بووم، پێیانگوتم هاوڕێ دکتۆر تیفریس لیئۆنتی گاوریلۆڤیچی جێگری بەڕێوەبەر بانگت دەکات. خێرا چوومە ژوورەکەی تەماشام کرد لەوێ نەبوو. سکرتێرەکەی گوتی لە ژووری بەڕێوەبەرە و ئەسەدۆفی بەرپرسی تەندروستی باکۆ و بەرپرسی نەشتەرگەرانی کۆماری لە ژوورەکەی کۆبوونەوەیان هەیەو چاوەڕوانی تۆن. سەرم سوڕمابوو چوومە ژوورێ و سڵاوم کرد کەس وەڵامی سڵاوەکەی نەدامەوە. بە پێکەنینەوە لێیان نزیک بوومەوە و دەستم راداشت تۆقەیان لەگەڵ بکەم، بەڵام

خواستێکی ئەوتۆم لە پەروەردەکارانی سۆسیالیستی نەبینیٖ. تێگەیشتم بارودۆخەکە نالەبارە. ئەو کابرا کەللەزلەی قژ ماشوبرنجی و چاو دەرپەڕیوە، چوارشانەو ورگ زلە، دەبیٖ هەمان ئەسەدۆف بێت، کە هەموو باسی بەرتیل خۆرییان دەکرد.
یەکێکی دیکە کابرایەکی چل ساڵەی ڕێکپۆش و برۆبەبڕشت و ناوچاوان گرژ دانیشتبوو. پرسیم هاوڕیٖ تیفریس چ باسە؟
ئەسەدۆف تەبەڵەی نەخۆشێکی کردبۆوە و تەماشای پەڕەکانی دەکرد: گوتی دکتۆر ئەو کابرایەی ئەو شەوەی تۆ ئێشکگربووی و هێنابوویانە نەخۆشخانە و نیشانەکانی ڕوودەبەند[٨٣]ی تەوای تێدا نووسراوە و بۆخۆیشت ئاماژەت پێداوە. دکتۆر زەینەڵ دوای تۆ نەشتەرگەری بۆ کردووە ئەوە چییە؟
گوتم ئەو نەخۆشە نەخۆشیەکەی زۆر خراپ بوو لە گیانەڵادا بوو، ماوەی دوو سیٖ ڕۆژ بەسەر ڕیخۆڵەگیرانی تەواویدا تێپەڕیبوو. بەو حاڵەش زۆر هەوڵم لەگەڵ کچەکەیدا نەشتەرگەری بۆ بکەم، بەڵام کچەکەی و نەخۆشەکەش کە بە حاڵ قسەی دەکرد ڕازی نەبوون نەشتەرگەرییەکە بکەم. هەتا نامەشم لێوەرگرتن کە نایانەویٖ نەشتەرگەری بۆ بکریٖ و لەگەڵ تەبەڵەکە هاوپێچم کردووە بە واژۆی خۆیان. خێرا تەبەڵەکەم وەرگرت و لاپەڕەکانم هەڵدانەوە، هەتا ئەو جێگایەشم لە یاد بوو کە نامەکەم لە چ لاپەڕەیەک هاوپێچ کردبوو. نامەکە لێکرابۆوە، یەکسەر بۆم دەرکەوت ئەوە پیلانێکی ناجوامێرانەی زەینەڵە لە بەرامبەر مندا کردوویەتی و لە پشتەوە خەنجەری لێداوم.
ئەوەندەی پێداگریم کردو سوێندم بە خودا و بە پێغەمبەر خوارد سوودی نەبوو. دوای ئەوەی کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی دکتۆرەکانیان ئەنجامدا، تەبەڵەکەیان وا ڕێکخستبوو تاوانبارم بکەن. زەینەڵی ناپیاو یەک قسەشی نەکرد. دوای ئەوەی نامەیەکی سەرکۆنەی فەرمییان دامیٖ، بۆ ماوەی شەش مانگ لە کاری نەشتەرگەریش دووریان خستمەوە. دکتۆر کازمۆف دوایی پێیگوتم ئەو زەینەڵە بەوکارەی خۆی دەزانی حەزی دەکرد بۆ ماوەیەک دەست بۆ کاری نەشتەرگەری نەبەی تا بەڵکو لە پاشماوەکانی تۆ خێرێکی پیٖ ببڕیٖ.
ئەوکارە ناجوامێرانەیە لەلایەن هاوپیشەیەکم و بۆ بەرژەوەندی خۆی شتێکی ئاسایی بوو لە نەخۆشخانەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەت. بۆیە دەبوو پزیشکی نەشتەرگەر زۆر

---

[٨٣] ڕوودەبەند: چینێکی پان لە کراسبەز کە ڕیخۆڵەکان بە پشتی سکەوە دەنووسێنیٖ.

بە پارێزەوە ئاگای لە دەوروبەرو هاوپیشەکانی خۆی بێت. وەک دەیانگوت دەبێ تەبەڵەی نەخۆش وارێکبخەی پێت نەکەوێتە دادگا. خوا بمانپارێزێ.

شەش مانگ سزای ناجوامێرانەم بەهۆی خیانەتی هاوپیشەیەکم بە شەش سالٚ دوورخرانەوە لێ تێپەڕی. لەکاری نەشتەرگەری دووریان خستبوومەوە کەس نەبوو هەق لە ناهەق جیاکاتەوە.

بەلاٚم دوای ڕۆیشتنم لە سۆڤیەت هێندەی پێنەچوو زەینەلٚ سزای کردەوەکانی خۆی وەرگرتەوە و لە دەرگیری کردن لەگەلٚ پرۆفیسۆر ئاغایۆف بە جەلٚتە مرد. دایناسۆری گەورە دایناسۆری گچکەی قوتدا.

لەگەلٚ ئەوەی هەموو نەخۆشخانە ئاگایان لەو کێشمەکێشەی ئەو و، پرۆفیسۆر هەبوو، زەینەلٚ بە ئاغایۆفی گوتبوو ئەگەر شتێکم بەسەربێ تۆ تاوانباری، زۆرت ناهەقی لەگەلٚ کردم. سالاٚنێک خزمەتم کردی و بێ ئەنجام بوو، بەلاٚم بەچی دەچێ شەڕی ژیان ئەوەی نازانێ.

هەرچی بوو خودا لێی خۆشبێ. خراپەی کرد و خراپەشی هاتەوەڕێ. پیاوەتی و راستگۆیی چەندە سیفەتێکی گەورە و جوانن بۆ بنیادەم.

لە دوای سالاٚنی ١٩٧١ زۆر قوتابی زانکۆی عێراقی لە کورد و عەرەب کە نەخۆش دەبوون دەهاتنە نەخۆشخانە و داوای منیان دەکرد. لەبەر ئەوەی لە زمانی رووسیدا پیتی (ق) نییەو ئەویان بە (ر)ێ دەردەبڕی، لە پۆلیسی بەردەرگایان دەپرسی دکتۆر عەبدولقادر و کابرای پۆلیسی رووسیش پێیوابوو کە ئادی کادری بەشی کاگێڕی دەوێ، بۆلای ئەویان دەنارد. تا لە کۆتاییدا کارمەندێکی بەشی کارگێڕی کە خاتوونێکی تێگەیشتووی ئەرمەنی بوو دەرکی بەوە کرد و ئەو کەسانەی داوای من دەکەن نەک ئادل کادر، بۆیە هەرکاتێک عەرەبێک یان کوردێک هاتبایە نەخۆشخانە بۆ لای منیان دەنارد.

لە ناوەڕاستی سالٚی ١٩٧٤ کونسولٚخانەی عێراق لە باکۆ کرایەوە و لە میوانخانەیەکی کەنار دەریاو لە ئوتێل باکۆ کە بالٚەخانەیەکی رازاوە و گەورە بوو لە نهۆمی چوارەم بە شێوەیەکی کاتی دەستی بە کارەکانی کرد. یەکەم کونسوولٚی عێراق لە باکۆ بەڕێز چەلەبی کە کابرایەکی قسەخۆش بوو، زمانی تورکی بە باشی دەزانی و بە ڕەچەلٚەک لە تورکمانەکانی کەرکوک بوو، کوردیشی دەزانی.

قوتابیانی هێزی دەریایی عێراق کە لە باکۆ دەیانخوێند لەگەڵ عەقید مەسعود عوبێدی سەربازی عێراق و بەرپرسی قوتابیانی نیشتەجێی باکۆ هاتوچۆی ماڵی ئێمەیان دەکرد و پێکەوە ئاشنایەتیمان پەیدا کردبوو. عەقید مەسعود زمانەکانی کوردی و تورکی بە باشی دەزانین، بۆخۆی لەبەرئەوەی ئێمە پێمان خۆشبێ خۆی بە کورد ناساند بوو، بەڵام دەمزانی عەرەبە و لە بەعسیە رەگەز پەرستەکانە.

جەمیل ناوێکیش کە نوێنەری نهێنی بەعسیەکان بوو وەکو قوتابییەک لەناو قوتابیەکاندا خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری بوو بۆ رێکخراوی ئەمنی عێراق و خەریکی جاسووسیکردن بوو. ئەویش رێگای بۆ ماڵی ئێمە خۆش کردبوو. لەگەڵ ئەفسەران و قوتابییە بەعسیەکان بە جلوبەرگی ئاسایی کۆت و شەرواڵێک دەهات و سەیری ئەو وێنەیەی مەلا مستەفای بارزانی دەکرد کە بە دیواری ماڵێمان هەڵواسیبوو. لە کاتی نانخواردندا جارجارە مناقەشە کانمان توند دەبوون. من بە بەڵگەوە هەڵەی بەعسیەکانم لە کوشتنی خەڵکی بێتاوان دەسەلماند، ئینجا بۆ ئەوەی بابەتەکە ئاسایی بکەمەوە دەمگوت بژی کورد و عەرەب و بابەتەکەم دەگۆڕی. ئەو کۆڕ و دانیشتنانەمان دۆستانە کۆتایی پێدێنا.

عەقید مەسعود و ئەوانیدیکەش هانیاندەدام پاسەپۆرتی عێراقی وەربگرم و سەفەرێک بۆ عێراق بکەم، ئەگەر پێمخۆشنەبوو دەتوانم بگەرێمەوە سۆڤیەت. وایان لەپێش چاوم وێنا کردبوو وەک ئەوەی بچمە وەڵاتێکی دیموکراسی. من پێشتر عێراقم نەدیتبوو، بەڵام خاتوو رەعنا لە فرتوفێڵ و دووڕوویی و دەغەڵکاریەکانی سەرانی ئەو وەڵاتە و بەتایبەتیش لە دەورانی عەبدولکەریم قاسمدا کە بۆ ماوەی چوار مانگ لەوێ لە چاوەڕوانی هاتندا بوو بۆ سۆڤیەت، گەلێک شتی بۆ باسکردبووم. حەمەدی مەولوودیان کە ساڵانێک لە عێراق بوو دەیگوت مەچوو.

ئەو عێراقیانەی پاک و راستگۆ و ئازایخواز بوون دەیانگوت نەکەی فریوی بەعسییەکان بخۆی و ئەو ژیانە خۆشەی خۆت تێکبدەی و ژن و منداڵەکانت بەدبەخت بکەی. هەتا یەکێک لە قوتابییەکان کە ناوی شێرزاد بوو دەیگوت لەوێ یاسای جەنگەڵ حوکمڕانە، دوورنییە نەخۆشێکت ژاراوی بکەن و بڵێن ئەو دکتۆرە غەوارەیە کارێکی وای کردووە. هەروەها لە یەک رۆژی چوونت بۆ عێراق دەخرێیتە ژێرچاودێری سیخوڕەکانی سەددام. ئەگەر بە ئارەزووی ئەوان هەڵسوکەوت نەکەی تەڵەت بۆ دەنێنەوەو بێسەروشوێنت دەکەن.

بۆ منێک کە دڵم لەوشوێنەو لەو نەخۆشخانەیەو لەو خەڵکەی هەڵکەندرابوو، پێکەنینم دەهات. دەمگوت دەی خۆ لەوێ ئەسەدۆفەکان و حسێنۆف و عەلیۆف و بابا جەبارۆڤیچ و پرۆفیسۆری ساختەی لێنین. ئەگەر پێم خۆشبوو دەمێنمەوە، دەنا ئێران هێندە دوورنییە، دەگەڕێمەوە ئێران، بێئاگا لەوەی وەک دەڵێن ئاش لە خەیاڵێک و ئاشەوان لە خەیاڵێک. ئەو کارە هێندە ئاسان نییە.

بەکورتی بە هاندان و دەست لە پشتدانی زۆران و نیگەرانی رۆژانەم لەسەرکار و دوڕویی ئەوانەی لە دەوروبەرم بوون لە نەخۆشخانە وایان لێکردم بچمە کونسوڵخانەی عێراق لە ئوتێل باکۆ. بۆ کەسێکی وەکو من کە مۆڵەتی مانەوەی کاتی و سنورداری هەبێ و زۆر هاتوچۆکردن لە دامەزراوەیەکی سیاسی دەوڵەتێکی بێگانە، لە رژێمی سۆڤیەت سەرکێشیەکی گەورەو ترسناک بوو. بەڵام ئاوم گەیشتبووە سەرئێسقان.

لە پایزی ساڵی ١٩٧٤ دوانیوەڕۆیەک چوومە کونسوڵخانەی عێراق و داوای کونسوڵم کرد، خاتوونێکی ئازەری زۆر جوان سکرتێر و وەرگێڕی کونسوڵ بوو، بە چاوێکی ئەبڵەق و سەرسوورمانەوە گوتی کونسوڵت بۆ چییە؟

لەوکاتەدا کونسوڵ کە کابرایەکی وەنێوکەوتوو، کورتەباڵا بوو، لە ژوورێکی تەنیشت دەهاتەدەر عەقید مەسعودیشی لەگەڵ بوو. لەبەرئەوەی پێشتر دەربارەی چاوپێکەوتنم لەگەڵ کونسوڵ رەزامەندی وەرگیرابوو، ئەویش چاوەڕوانی دەکردم، بۆیە خاتوونی سکرتێر هیچ چارەیەکی نەبوو بێجگە لەوەی بێدەنگ بێت. بێگومان ئەو سکرتێرانە لەلایەن دەزگای سیخوڕی (ئێم. گ. ب)ەوە دەناسێنران و رێگایان پێدەدرا لە دامەزراوە سیاسیەکانی دەوڵەتانی بێگانە کاربکەن.

لەگەڵ کونسوڵ گفتوگۆیەکی خۆمانەمان کرد. ئەو کابرایەکی باش و قسەخۆش بوو، ئەوەی بۆم دەرکەوت ئەو کابرایە لە بەعسییەکان نییەو کابرایەکی نیشتیمانپەروەرە. پێشتر ئاگای لەوە هەبوو سەردانی دەکەم. تا ویستم دەم بکەمەوە عەقید مەسعود زۆر تاریفی بنەماڵەو میواندۆستی و کەسایەتی منی بۆ کردبوو. منیش دڵخۆشی خۆم دەربڕی و داوای وەرگرتنی پەساپۆرتم کرد بۆ ئەوەی بچم بۆ عێراق. کونسوڵ گوتی بە چاوان هەر ئەمڕۆ پێشنیار دەکەم، هەر لەگەڵ ئەوەی لە بەغدا وەڵامی ئەرێنیت درایەوە ئاگادارت دەکەمەوە، بۆ تۆ و بۆ بنەماڵەکەشت پاسەپۆرتی عێراقیتان بۆ وەردەگرین.

بۆ بەیاسایی بوونی پێشنیارم کرد و گوتم: باوکم بە منداڵی لە عێراقەوە چۆتە ئێران، خزم و کوسوکاریشمان زۆرن لە عێراق، هەتا دەڵێن لە سلێمانی لە دایکبووم جا نازانم ئەوە راستە یان نا، بەهەرحاڵ دەمەوێ بچمەوە عێراق و خزمەت بە خەڵکی عێراق بکەم. لەگەڵ ئەوەی بنەماڵەکەمان دایک و براو خوشکەکانم لە ئێرانن ئەگەر کارەکەم باشبێ، لەوانەیە ئەوانیش بهێنمەوە بۆ عێراق. کونسوڵ پێشوازی لە پێشنیارەکەم کرد. دوای مانگێک وەڵامی ئەرێنی هاتەوە و لە خاکەلێوەی ساڵی ١٩٧٥ پاسەپۆرتی عێراقی بۆ من و هەموو ئەندامانی خێزانەکەم دەرکراو ئێمەیان وەک عێراقی دوورە وەڵات حساب کردو بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەی خۆیان بانگهێشتیان دەکردین.

لەوە بەدوا وەک عێراقییەکی ئازاد هاتوچۆی کونسوڵخانەی عێراقم دەکرد کە دوایی بۆ شەقامی خاقانی گوازرابۆوە. بەڕێز چەلەبی گۆڕدراو کەسێکیان لە جێگای ئەو دانا کە ناوی عەدنان و خزمی یەکێک لە رێبەرانی بەعسی و سەر بە دەزگاری سیخوڕی سەددام بوو. کابرایەکی کورتەباڵای قژ لوولی ماشوبرنجی لە دەوروبەری چل ساڵیدابوو، هاوسەرەکەی قژ زەرد و دەم و لفت شیرین بوو. جێگرەکەشی ناوی کاک عەتا بوو، کابرایەکی داڵەگۆشتی دڵساف و میهرەبان بوو. هاوسەرەکەی کورتەباڵاو قەڵەو قسەخۆش بوو، فێریش ببوو سووپی رووسی لێ بنێ.

کاک عەدنانماڵێکی ئەوتۆی نەبوو کە شیاوی کونسوڵێک بێت. لە رۆژانی نەورۆز و میوانداریە گشتییەکاندا دەهاتە ماڵمان و دەیگوت هەرکاتێک ماڵم داناو هاوسەرەکەم لە بەغداوە هات، داوەتتان دەکەم. تا ئەوە بوو لە هاوینی ١٩٧٥ لە ناوەندی شار خانوویەکی باشیان دایە لە نزیک کۆلێژی زمانە بیانییەکان. ماڵەکەی زۆر لە کونسوڵخانە دوور نەبوو. ماڵەکەی کەوتبووە نزیک گۆڕەپانی ناوەندی و تەنیشت بانکی ناوەند و پەیکەری سەمەد ئۆرغۆن. لەگەڵ کاک عەدنان نێوانمان خۆشبوو، زۆر رێزی دەگرتم.

هەر لە باکۆ، تازە کونسوڵخانەی ئێرانیش کرابووەوە. کونسوڵخانەی ئێران کەوتبووە کن ماڵەکۆنەکەی میربەشیر قاسمۆفی بەرپرسی دەوڵەت لە دەورانی میرجەعفەر باقرۆف، کە پیاوێکی بەناوبانگ و بە دەستەڵات بوو. ئەو باڵەخانەیە خانوویەک بوو لە نزیک باڵەخانەی کۆنی ئەکادیمیای ئازەربایجان کە لەلایەن حاجی زەینەدین تەقی

یۆفی ملیۆنێری بەناوبانگی ئازەری بەر لە شۆڕش، بە بۆنەی لە دایکبوونی کوڕەکەی دروستی کردبوو.

سەر کونسوڵی ئێران لە باکۆ بەڕێز گودورزنیا بوو، نەدیتبووم و نە دەشم ناسی. زۆر حەزم دەکرد بۆ وەرگرتنی ڤیزا بچمە کونسوڵخانەی ئێران، بەڵام زۆر لە بەرپرسانی سۆڤیەت و دەسگای ئەمنی دەترسام و غیرەتی ئەوەم نەبوو بچم.

کاک عەدنان بەبۆنەی وەرگرتنی خانوو و، هاتنی هاوسەر و منداڵەکەی لە بەغدا، لەگەڵ هاوسەرم داوەتی کردین بۆ ماڵێ. ئێمەش گالیسکەیەکی منداڵانەمان وەک دیاری بۆ منداڵە ساواکەیان کڕی و چووینە ماڵیان. لەپێش ماڵێیان ئۆتۆمبێلێک بە ئاڵای ئێرانەوە راگیرا بوو. کاتێک چاوم بەو ئۆتۆمبێلە کەوت تێکڕابووم. بە خاتوو رەعنام گوت پێدەچێ کونسوڵی ئێرانیش لێرەبێ. رەعنا گوتی نەچوونمان باشترە. گوتم ئەگەر نەچین دڵیان دێشێ و لەوانەیە بیری خراپمان لێبکەنەوە. کەواتە پەنا بەخوا ئەوەی دەبێ با ببێ.

بە پلیکانە گەورەی ماڵە دەوڵەمەندی دەورانی پێشووی ئازەربایجاندا وەسەر کەوتین، کە ئێستا درابووە سەر کونسوڵی عێراق و بۆ نهۆمی سێیەم رێنوێنیان کردین. هاوسەری عەدنان پێشوازی لێکردین و لەگەڵ خاتوو رەعنا یەکترییان ماچ کرد، تۆقەشی لەگەڵ من کرد و بە زمانی عەرەبی بەخێرهاتنی کردین. کاتێک چووینە ژووری پێشوازی هۆڵێکی گەورەو، ماڵێکی زۆر رازاوە بوو، وێنەی جوان و گرانبەهایان بە دیواری هەڵواسیبوو، لە گۆشەیەکی لای راستیش کونسوڵی ئێران دانیشتبوو، لەگەڵ دوو کەسی فارسی و عەرەبی زان لە وەزارەتی دەرەوەی ئازەربایجان کە لە هەمانکاتدا نوێنەری دەسگای ئەمنی (ئێم. گ. ب) بوون و سەرگەرمی قسان بوون. نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوە، بە مۆڕەوە تەماشای من و خاتوو رەعنایان دەکرد، هیچ چاوەڕوانی ئامادەبوونی ئێمەیان لە دانیشتنی دوو کونسوڵی دوو دەوڵەتی بێگانەدا نەدەکرد. منیش لەگەڵ عەقید مەسعوود ئەتاشەی هێزی دەریایی عێراق سەرگەرمی قسان بووین. خاتوو رەعناش لەگەڵ هاوسەری عەدنان پێکەوە قسەیان دەکرد. دوای سەعاتێک بۆ سەرمێزی نانخواردن فەرموویان کردین، کە دەبوو بە پێوە خواردنەکەمان بخۆین. عەدنان لە بەرێک و نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی ئازەربایجان لە نێوان دوو کونسوڵ راوەستا بوون، لە لایەکەی دیکەش من و خاتوو رەعناو کاک مەسعود راوەستا بووین. ئەوان کەمێک

مەشرووبیان خواردەوە و منیش وەک خووی هەمیشەییم شەربەتی لیمۆ ئاوی کانزایی بادامیلی ئازەری و بارژۆمی گورجیم دەخواردەوە. کەمێکیش خواردنمان خوارد. کاتێک سەرکونسوڵەکان لە مەشروب خواردنەوە کەللەیان گەرم بوو، دەستییان بە قسان کرد. لە پێشدا عەدنان پێکەکەی بەرزکردەوەو بە سەلامەتی سەددام حسێن هەڵیدا و دوایش بەڕێز گودەرزینا بە سەلامەتی شا پێکەکەی چۆڕەبڕ کردو لەژێر چاویلکەکەی تەماشایەکی منیشی کرد. پێدەچوو نەمناسێ، نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئازەربایجان لەگەڵ هەر دووک کونسوڵ خەریکی گفتوگۆ و خواردنەوە بوون.

دوای ماوەیەک لەو نێوەدا تەنیا من و خاتوو رەعنا بێگانەو بە ئاگابووین و دوور بووین لە مەی خواردنەوە. منیش پەرداخێک شەربەتی عەرەبیم وەک دەستپێکی قسەکردن و دەربڕینی رازی دەروونم بە دەستەوەگرت و لە هەر دووک کونسوڵ مۆڵەتم خواست چەند قسەیەک بکەم، دیارە ئەوان نەیاندەزانی چ قسەیەک دەکەم. خاتوو رەعنا بەردەوام دەیگوت ئاگات لەخۆتبێ قسەی بێجێ نەکەی. چاوەکان لە منەوە رامابوون.

گوتم میوانە بەڕێزەکان تکایە مۆڵەتم بدەن بە دوو زمان چەند قسەیەکتان بۆ بکەم. لە پێشدا بە زمانی رووسی بۆ ئەوەی هەمووتان تێبگەن، دوایش بە زمانی فارسی تا بەڕێز گودەرزینای سەرکونسوڵی ئێران گوێی لە قسەی دڵم بێت.

خاتوو رەعنا لە پەنام نقورچی لێدەدام تا ئاگام لە خۆم بێت. کاتێک دەستم بە قسان کرد، گوتم: ئێوە نوێنەرانی بەڕێزی دەوڵەتی ئێران و عێراقن و بە سەلامەتی سەردارانی خۆتان خواردتانەوە و خوازیاری ئاشتی و ئاسایش بوون لە ناوچەکە. من لە ئێوەزیاتر خوازیاری ئەوەم لەبەرئەوەی ئەگەر شەڕ لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە هەڵگیرسێ گەلی بێچارەی ئێمە تێدادەچێ. بەرپرسانی دەوڵەتی ئێوە دەبێ لەبیری خەڵکی ستەمدیدەی ئەو مەڵبەندە دابن، من ئەو شەربەتە عەرەبیە بە سەلامەتی دەوڵەتی سۆڤیەت دەخۆمەوە کە لایەنگری ئاشتییە و بۆ هەزاران کەسی وەک منی بێ پەنا و بێ جێگا و دوورکەوتە لە وەڵاتی ئازیزی خۆی، هەموو پێداویستییەکی بۆ دابین کردووم تا بە ئارەزووی دێرینەی خۆم بگەم و خوێندنی باڵا کە لە ئێران تەنیا بۆ من خەیاڵێک بوو نەمدەتوانی پێیبگەم و ببمە دکتۆرێک و دوور لە هەموو جەورو ستەمێک درێژە بە ژیانی خۆم دەدەم و دوو منداڵیشم بەبێ ئەوەی هیچ بڕەپارەیەک

بدەم چوونەتە کۆلێژ تا لەناو ئەو خەڵکە باشەو بە رابەرایەتی ئەو دەوڵەتە مرۆڤ دۆستە داناو سەربەرز بژین و هیچ جۆرە جیاوازیِ رەگەزیش هەست پێنەکەین.

ئەو قسانەم عەدنانی نیگەران کردو ئاغای گودەرزینای وەکەیف هێنا. نوێنەرانی سیاسی ئازەری بە پێکەنینەوە چەپڵەیان بۆ قسەکانم لێدا. گودەرزینا دوای قسەکانی من داوای کرد قسەیەک بکات، پێکەکەی بەرزکردەوەو بەسەلامەتی من- بێگومان نەیگوت ئێرانییەک، تەنیا ئاماژەی بۆ من کرد- ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی زانست و زانیاری، وەک رێزێک لە من و خاتوو رەعنا و تکای کرد هەر جۆرە ستەمێک لە بەرامبەر من کرابێ ئامادەیە هەموو جۆرە هاوکاری و دەستپێشخەرییەک بکرێ بۆ ئەوەی گرێی ئەو کێشەیە بکرێتەوە. منیش گوتم هەر سەلامەت بن دەوڵەتی سۆڤیەت باشترین ئیمکاناتی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی خستۆتە بەردەستمان، تەنیا شتێک کەمایەسی کە هەمبێت ئەوەیە کتێبی ئەدەبیاتی فارسیم دەستناکەون ئەگەر بکرێ بۆم پەیدا بکەن زۆر مەمنوون دەبم.

دوای ئەو قسانە کۆڕەکە رەنگێکی دیکەی بەخۆوەگرت و لاپەڕەیەکی تازە هەڵدرایەوەو گفتوگۆکان روونتر بوون. لەو نێوەدا من و خاتوو رەعناو عەدنان هوشیار بووین، ئەوانی دیکە سەریان لە بادەی نایاب گەرم ببوو قسەی هەللەق مەللەقیان دەکرد. نوێنەرانی سیاسی وەزارەتی دەرەوەی ئازەربایجان هەموو ببوونە چاوو و، گوێ بە بزەیەکی دۆستانەوە تەماشای من و هاوسەرەکەمیان دەکرد. کۆڕەکە تا درەنگانی شەو درێژەی کێشا. لە کاتی ماڵئاوایی سەرکونسوڵی ئێران لەسەرخۆ بە خاتووِ رەعنای گوت بۆ هەموو خزمەتێکی ئێوە ئامادەم. تۆقەمان کردو رۆیشتین. لەو رۆژەوە سەرکونسوڵی عێراق بە پارێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکردم.

چەند مانگێک بەسەر ئەو رووداوەدا تێنەپەڕیبوو کە تەلەفۆنیان بۆ کردم و گوتیان لە کونسوڵخانەی عێراق داوات دەکەن. کاتێک چوومە ئەوێ دیتم عەقید مەسعود لە ڕاڕەوی کونسوڵخانەی عێراق دێت و دەچێ و کەمێک نیگەران دێتەبەرچاو. لێمپرسی چ باسە؟ گوتی جێگری سەرۆککۆماری عێراق کە کەسایەتییەکی دیاری دەوڵەتە نەعیم حەدداد هاتووەو دەیەوێ بتبینێ. کەمێک چاوەڕوانم کرد ئینجا بۆ ژووری کونسوڵ بانگیان کردم. عەقید مەسعود لەگەڵم هاتەژوور و لە نێوان من و نەعیم حەدداد راوەستا. ئەو کابرایەکی دەستەپیاو و، گەنم رەنگ و قژ لوول بوو، دۆستانە تۆقەی

لەگەڵ کردم، باوەشی لێدام و ماچی کردم. منیش ناچار بووم باوەشی پێدابکەم و ماچی بکەم.
دوای کەمێک چاکوچۆنی و هەواڵ پرسین، گوتی نیشتیمان پێویستی بە تۆیە چ لەوەی باشتر بگەڕێیتەوە و لە زانکۆی بەغدا خزمەت بکە، کارێکی شایستەو پلەیەکی باشت دەدەینێ. کاک عەدنان و عەقید مەسعود و تێکڕای هاوڕێیان تاریفی تۆیان بۆ کردووم، جەنابی سەددام حسێن موشتاقی دیداری تۆیە. دەڵێن لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانیشدا نێوانتان خۆشەو یەکێکی لە لایەنگرانی ئەو. کاتێک هاتی راستی و جۆری ئەوت بۆ دەردەکەوێ.
سوپاسم کرد و گوتم حەتمەن دەگەڕێمەوە بۆ نیشتیمان. بەڵام نەیزانی مەبەستم کام نیشتیمانە. بۆ بەیانی کامێرایەکی وێنەگری زۆر باشم بۆ کاک نەعیم حەددادی جێگری سەددام برد بۆ کونسوڵخانەی عێراق و پێشکەشم کرد. ئەویش پێداگری کرد بچم بۆ عێراق. نەعیم حەدداد بەڵێنیدا لە هەر جێگایەک ئەگەر کێشەیەکت هاتەپێش چارەسەری دەکات. ماڵئاواییم لێکرد. بیرم لە ئایندەی خۆم دەکردەوە، لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی نەخۆشخانە زۆر شێوابوو دەمویست هەرچی زووە لەو گێژاوە دەربچم جا هەر جێگایەک بێت.
بۆئەوەی بزانم کارەکەم بەکوێ گەیشتووە و هەڵسەنگاندنی دۆخەکە بکەم چەند جارێک چوومە کونسوڵخانەی ئێران و لەگەڵ ئاغای گودەرزینای دووڕوو قسەم دەکرد. ئەویش بەردەوام بەڵێنی هاوکاری دەداو دەیگوت داواکارییەک بنووسە، منیش دەمنووسی و تکام لێدەکرد بۆ گەڕانەوەی خۆم و بنەماڵەکەم بۆ نیشتیمان هاوکارم بن. هەموو جارێکیش دیاری باشم بۆ دەبرد. بەڵێنی هاوکاری دەداو هەرجارێکیش چاوی پێدەکەوتم دەستیدەکرد بە گریان، پێموابوو لە رووی مرۆڤدۆستی و دڵسۆزیەوەیە. دەیگوت من قوتابی دکتۆر موکری بووم. بۆیە باسی چاکەکانی دکتۆر موکریم بۆ دەکرد کاتێک لە تاران بووم.
لەو دوودڵی و دڵخۆشی و نیگەرانیانەی نێوان ئەو دوو کونسوڵخانە بۆ رزگار بوون لە غوربەت لە هەوڵوکۆششدا بووم، تا رۆژێک کە بۆ کونسوڵخانەی ئێران دەچووم سەروکەللەی ساواکیەکی تازە لە ئێران هاتوو دەرکەوت و رووبەڕوی یەک بووین. حیسابی کاری خۆم لەگەڵ ئەو دێوەزمە خوێنتاڵە لێک دایەوە و هیچ ئومێدێکم بۆ رۆیشتن بۆ ئێران نەمابوو. بۆیە بڕیارمدا لەوە زیاتر سەردانی گودەرزیناو تارانچی

و ئەو پیرەمێردەی دیکەی کونسوڵخانەی ئێران نەکەم. چونکە هەموویان بەڵێنی بێ بنەما دەدەن و فریوم دەدەن، خودا تۆڵەیان لێبکاتەوە.

مەرگی پڕۆفیسۆر و کوشتن لە نەخۆشخانە

کۆچی دوایی پڕۆفیسۆر ئیبراهیم تۆپچی باشیف:

لە ساڵی ١٩٧٠ پڕۆفیسۆر ئیبراهیم تۆپچی باشیف، تاقانە کوڕی پڕۆفیسۆر مستەفا ئاغایۆڤیچ تۆپچی باشیف ئوستاد و مامۆستای خۆشەویستم کۆچی دوایی کرد. لە ناشتنیدا هەموو خەڵکی باکۆ بەشدارییان کرد. پزیشک و زانایانی ئازەری بە جلوبەرگی ڕەشەوە و مەرحوم ئیبراهیم تۆپچی باشیف بە کۆت و شەرواڵی خۆڵەمێشی، پرچی شانەکراو، لەناو باوەشێک گوڵی جوان کە لەسەر تابووتەکەی بوو، لەسەر شانی هەوادارانی زانست لە ماڵی باوکی کە لە پەنا پارکی کارڵ مارکس بوو، تا گۆڕستانی دەرەوەی شار بە ڕێزێکی زۆر و موزیک و مارشی تازیەباری بەرێکراو لە مەزاری ئەبەدی بە خاک سپێردرا. خودا لێی خۆشبێ، کۆستێکی گەورە بوو، بۆ باوکی.

پڕۆفیسۆر تەمەنی هەشتا ساڵ بوو، کوڕەکەشی نزیکەی چل و هەشت ساڵ ژیا، خودا پاداشتی بداتەوە کە کوڕێکی ئاوا چالاک و زانای بۆ کۆمەڵگا پەروەردەکرد، بەڵام مخابن ئەو هەموو عاشقە ژنی و خۆبەزۆرزانینەی سەرەنجامەکەی ئاوای بەسەرهێنا. لەناو خەڵکیدا ببووە دەنگۆ کە عادلە حسێنۆڤا ئەو ژنە نارەسەن و فێڵبازە کە بەردەوام لە کێشمەکێش دابوون بۆتە هۆکاری ئەوەی بە جەڵتەی دڵ بمرێ.

سەرکەوتن بە پەیژەکانی دەستەڵات بۆ کەسێک کە شایانی نییە:

لە نەخۆشخانەی ژمارە پێنج دوای مردنی پڕۆفیسۆر عەلیۆف بەرپرسی نەشتەرگەران کە پیاوێکی زۆر زاناو خاکەڕاو بەدڵ بوو، بەرپرسیارێتی بەشیان دایە پڕۆفیسۆر ئاغایۆف بیوک کەشی ئاغایۆڤیچی کوڕە جوتیاری لەخۆڕازی و قین لەدڵ. ئەو کابرایە لە فرتوفێڵ و ماستاوچێتیدا زۆر شارەزا بوو، شێوازی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ دژبەرەکانی، هەر لە منداڵییەوە فێر ببوو. ئەو پیاوە ئەو کەسانەی لەبەردەستیدا بوون بە چاوی سووک تەماشای دەکردن و چاوەڕوانی ئەوەی لێیان هەبوو کڕنۆشی بۆ ببەن و ماستاوانی بۆ بکەن، چونکە بۆخۆیشی ئەو ڕێگایەی بڕیبوو.

ئەگەر هەستی کردبا لە نەخۆشخانە لە دارودەستەکەی یەکێک مەیلی سەرکەشی و سەربزێوی هەیە، بە هەزار فرتوفێڵ و قسە هەڵبەستنی نابەجێ لەسەرێوە کارێکی وای دەکرد لای دەبردو بۆ جێگایەکی دەنارد زەرەری بۆ ئەو نەبێ.
لەناو دەستەی ئێمەدا دکتۆر و نەشتەرگەری زۆرباش هەبوون کە نەیاندەویست لەبەردەم ئەودا سەرنەوی بکەن و گوێڕایەڵی فەرمانە بێجێیەکانی بن. بۆیە دەبوو چاوەڕوانی لێدانی ئەو کابرا داخ لە دڵەبین.
ڕۆژێک ئەو پڕۆفیسۆرە بەڕێزە لەسەر نەخۆشێک تاقیکردنەوەی زانستی دەکرد، لەکاتێکدا دەبوایە تاقیکردنەوە لەسەر مشک یان کەروێشک بکرێ. قوتابیانی کۆلێژی پزیشکی لە ژووری نەشتەرگەری بوون. ئوستاد مستەفا یۆڤیچ هاوکاری پڕۆفیسۆری دەکرد.
ئەو نەخۆشە خوێنڕێژی گەدەی هەبوو، سکی لە ئەندازەی ئاسایی خۆی گەورەتر ببوو. بەڵام پڕۆفیسۆر لە رووی چ ئەنگێزەیەک و لێکدانەوەیەک ئەو هەڵەیەی کرد لە پێشدا سپڵی نەخۆشەکەی دەرهێنا، ئێنجا دەستیکرد بە نەشتەرگەری لەسەر گەدەی. لەوکاتەدا منیش گەیشتمە ئەوێ، دەمویست تەماشای چۆنیەتی نەشتەرگەریەکەی بکەم.
پڕۆفیسۆر لە کاتی نەشتەرگەریدا هۆکاری دەرهێنانی شپڵەکەو ئێنجا نەشتەرگەری گەدەکەی بۆ قوتابیەکان شیدەکردەوە و بە خۆڕانانەوە باسی ئەو شاکارەی خۆی دەکرد. مستەفا یۆڤیچ، ئەو ئوستادو پیاوە وشیار و نەشتەرگەرە، کاتێک چاوی بە من کەوت پرسی دکتۆر قادر ئەو نەشتەرگەریەت پێ چۆنە؟
ئەو دەیزانی من کەسێکی رووک و راستم ئەوەی چۆنە راستییەکەی پێدەڵێم. بە پێکەنینەوە گوتم: قوربان ببوورە، بەڵام ئەنجامی ئەو نەشتەرگەریە مردنێکی حەتمییە. ئەو بەڕێزە برۆی تێکناو بە رقەوە تەماشای کردم، منیش یەکسەر هاتمەدەر. ئەو تا ئێستا وەڵامێکی ئاوا راشکاوانەی لەکەس نە بیستبوو.
یەکسەر کارەکەی بە نیوەچڵی بە ئوستادی بەردەستی سپاردو چووە ژوورەکەی خۆی و بەدوایدا ناردم. هەر لەگەڵ وەژوورکەوتم گوتی ئەوە شێوازی هاوکارێک نەبوو کە تۆ لەبەر چاوی قوتابییەکان ئاوا وەڵامم بدەیەوە و ئەنجامەکەی نیشانبدەی.
گوتم بەڕێز پڕۆفیسۆر دەبوایە پێشتر هەموانت دەربارەی ئەم نەشتەرگەرییە ئاگادار کردبایەوە و ئوستادیش نەدەبوو ئەو پرسیارەی کردبا، لەبەرئەوەی من هەرشتێک

لەگەڵ زانست نەگونجێ ناتوانم بڵێم باشەو بە کارێکی هەڵە بڵێم راستە. گوتی تۆ لە پێشبینیەکەتدا توشی هەڵەیەکی گەورە بووی. گوتم ئەمشەو دەردەکەوێ. بە روویەکی ناخۆش لە ژوورەکەی وەدەرکەوتم.
بەیانی زوو لە کۆنفرانسی پێنج خولەکی، پزیشکی ئێشکگر هەواڵی هێناو گوتی نەخۆشەکە نیوەشەو گیانی سپارد. پرۆفیسۆر دەیزانی نەخۆشەکە مردووە هەر بۆیە لە کۆڕەکە ئامادە نەبوو، ئوستاد هۆکاری مردنەکەی پرسی، ئەو وەلامێکی دوولایەنەی دایەوە و هۆکاری مردنەکەی دەرنەبڕی. ئوستاد پێکەنی و تەماشایەکی منی کرد. منیش هیچ وەسەرخۆم نەهێنا. ئامادەبوان تێگەیشتن پێشبینیەکەم راست بوو. دکتۆر کازمۆف گوتی ئافەرین قادر بۆ ئەو پێشبینیەت.
دوای ئەو رووداوە پرۆفیسۆر هەمیشە لەگەڵم تێک دەگیراو لە هەموو راپۆرتەکانی بەیانیدا دوای ئێشکگرتنم وەبەر پرسیارانی دەدام و دەیویست خاڵێکی لاوازم لێ وەبینێ و لەناو هاوکارەکانمدا شەرمەزارم بکات. هەندێجاریش ئەو نەشتەرگەریانەی کە دەبوو من بیانکەم، دەیدانە یەکێک لەو کەسانەی ئالقەلەگوێی خۆی بوون. ئەو کێشمەکێش و قسەوباسانە بە شێوەی نهێنی و ئاشکرا بەردەوامییان هەبوو. ئەو دەیویست ئێشکگرتنی فریاگوزاری کە سەرچاوەی فێربوون و ئەزموون بوو لە نەخۆشخانە من وەلا بنێ، تا هەموو نەخۆشەکان پێشتر بە رازیبوون و فەرمانی راستەوخۆی ئەو بخەوێنرێن و هەموو دکتۆرەکانیش گوێڕایەڵی فەرمانی ئەو بن.
ئەو خووە خراپە لەنێو هەندێک لە پرۆفیسۆرەکانی ئازەربایجان هەبوو. دەیانویست تاقەسوارەی مەیدانی هەر خۆیان بن، هەتا ئەگەر بە ساڵیشدا چوون و تا ئەو کاتەی دەمرن وەکو پاشایانی قەدیم کەسانی جێی باوەڕ و گوێڕایەڵی خۆیان وەک جێگری خۆیان دابنێن یان پرۆفیسۆرێک بێننە سەرکورسی تا گیرفانی خۆیانی پێ پڕتر بکەن. لە دەوڵەتی سۆسیایستیدا نەدەبوو بە پارە نەخۆش چارەسەر بکەن، بەڵام تا پارەی نەشتەرگەرییان وەرنەگرتبا جەنابی پرۆفیسۆر یەک هەنگاویشی هەڵنەدەهێنایەوە و نەدەچووە ژووری نەشتەرگەری. ئەو ناسازگارییە فکریەو بەراورد لەگەڵ ئازادیخوازی و لایەنگری خەڵکی زەحمەتکێش و چەوساوە لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوتە رۆژانەیەی دەمدیتن پێم تەحەممووڵ نەدەکران. نەگوتنی قسەی دەروون و سەرپۆشی دانان لەسەر تێڕوانینی لۆژیکی و زانستی ئەنجامەکەی تووشی نەخۆشی جەستەییت دەکات و مرۆڤی دانا دەبەنگ و گوێڕایەڵ رادەکێشێ. هەتا مرۆڤی زاناو پزیشکی

چالاکیش دەکاتە ڕۆبۆتێک. بەرگەگرتنی ئەو هەموو جیاوازیە کوشندەیە بەلای منەوە ناڕەواو قبووڵ کراو بوو. بۆیە ڕووبەڕوبوونەوەی ڕۆژانە لەگەڵ دەیان لەو دووفاقێتی و دووڕوویيە دەیانبردمە دنیای خەیاڵ. بەردەوام لە غەیبەوە تێیانڕادەخوڕیم کە بۆچی خۆت خستۆتە ناو ئەو زەلکاوەو دەتەوێ تێیدا نغرۆبی و تەواوی بنەماڵەکەشت بکەیە قوربانی خەڵکانی ماستاوچی و بێ بەها.

خاتوو ڕەعنا بەردەوام پێیدەگوتم لە نەخۆشخانە هەموویان خۆشیان دەوێی و ڕێزت دەگرن، کەسیش کاری بەتۆ نییە. بۆچی بڕیارتداوە بچینە عێراق، لە جێگایەک کە مرۆڤی داناو زانا تێیدا دەبنە قوربانی دیکتاتۆرێکی خوانەناسی وەک سەددام حسێن و عێراقیە ئازادیخواز و زاناکانیان لەو کارە ترسناکە ئاگادارت دەکەنەوە. ئەوان هیچیان نەیاندەزانی من لە چ دۆخێکدام، نەیاندەزانی ئەو ئازادی دەرە خەیاڵیە قوربانیگایەکە هەر یەکەو بەهۆی یەکێکەوە هەڵدەلووشێ. پێشێلکردنی مافی گشتی بۆ گەیشتن بۆ سەرێ پەیداکردنی ناوبانگی بێ ناوەرۆک و درۆیە. پێمدەگوتن کەس ئاگای لە ناخی من نییە. با ئەو سەرکێشیە بکەم و گیانی خۆم و بنەماڵەکەم لەو زەلکاوە رزگار بکەم. کوڕەکانم دوای چوار ساڵ بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەی وزاری کۆلێژی پزیشکی ئەویش بە هەزار زەحمەت و کوێرەوەری تا لە ساڵی ١٩٧٠ چوونە کۆلێژی پزیشکی. لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا ئەنوەر لە ژێرزەمینی میترۆ کاری دەکرد و بەهمەنیش لە کارخانەی پلاستیک سازی کاری دەکرد. ئێواران کە دەگەڕایەوە دەتگوت لۆمبیایە[٨٤] لە ڕەشیان دەبریسکایەوە.

ئەوان هەردووکیان لە بەشی نەشتەرگەری و هەناوی قبووڵ ببوون کە لە هەموو بەشەکان گرنگتر بوون. کوڕەکانیشم نەفرەتیان لە واسیتەو واسیتەکاری فیرقەی دیموکرات دەکرد. ئەوانەی لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا لە کۆلێژ وەرگیرابوون لە ڕووی تێگەیشتن و زانیاری و خوێندەوارییەوە زۆر لە خوار ئەوانەوە بوون و زانیاری زانستیشیان زۆر لەوان کەمتر بوو.

ئەو قوتابیانەی فیرقەی دیموکرات کە بەهۆی حزب و پشتیوانی غولام یەحیای بەرپرسی فیرقەی دیموکرات لە زانکۆ و کۆلێژەکان وەردەگیران، بە ئەنوەر و بەهمەن پێدەکەنین. ئەوانە دەهاتنە ماڵی ئێمە ئەنوەر و بەهمەن دەرسیان پێدەگوتنەوە و ڕێنوێنیان دەکردن.

---

[٨٤] لۆمبیا: ئاماژەیە بۆ پاتریس لۆمبیای قارەمانی ڕەشپێست و خەباتگێڕ و ئازادیخوازی ئەفریقایی.

ئەو دیمەنە لەو جیاوازی پێکردنە لە منداڵەکانمدا رەگی داکوتابوو، بۆیە نەفرەتیان لە سیستەمی رژێم و جۆری هەڵسوکەوتی لەگەڵ پەنابەراندا لەلایەن بەرپرسانەوە لەگەڵ ئەوانەی حزبین و ئەوانەش کە حزبی نین زیاتر پەرەی دەسەند. ئەوانیش هاوڕام بوون پاسەپۆرتی عێراقی وەربگرین بۆ ئەوەی لەو جیاوازیکارییە کوشەندەیە رابکەین. ئامادەبوون لەگەڵ من و رەعناو کچەکەم بچینە بەغدا وەڵاتێک کە تا ئێستا نەمان دیتبوو، لە دوورەوە دەنگی ناڕەزایەتی و ترس و تۆقاندن و کوشتنمان بەگوێ دەگەیشت.

خودا لێی خۆشبێ لە ساڵی ١٩٧٦ نامەیەکم بۆ کاک عەبدولڕحمانی زەبیحی نووسی کە کابرایەکی ئێرانی و نیشتیمانپەروەر و ئازادیخواز بوو، بۆم نووسیبوو بە نیازم بێمەوە بۆ عێراق ئەویش بێ ترس لە سانسۆر لە وەڵامدا بۆی نووسیبوومەوە کاک دکتۆر ئەو بۆنەی کە بۆت هاتووە ئەوە بۆنی کەباب نییە ئەوە بۆنی داغکردنی کەرە. لەگەڵ هەموو ئەو ئاگادارکردنەوانە قیروسیام لێکرد و گیانی خۆم و بنەماڵەکەم خستە مەترسییەوە ئەویش لە رووی نەزانی و بێئاگایی نەبوو، بەڵکو دەمویست لەو ئاگرە هەڵێم و پەنا بۆ ئاگر ببەم. چوونم بۆ باوەشی ئەژدیها پێ باشتر بوو تا لە پەنا ئەو بەرپرسە لەخۆبایی و زانا کەللەوشکانە بم.

ئێواران لە شەقامەکانی باکۆ پیاسەم دەکردو لە خوداوەند دەپاڕامەوە دەمگوت خودایە لێرە نەجاتم بدەو با لێرە نەمرم. لە پشتی ئەو قورئانەیەشم نووسیبوو کە کردبوومە دیاری بۆ کاک ئەلحەیوو تا دەرسی دینی بە فەقێکان بڵێتەوە و دەرسی خواناسی و مرۆڤ دۆستی فێربین، ئەی قورئانی پیرۆز بەهۆی منەوە لە کەلێنان ئازاد بووی بۆیە بە هانامەوە وەرە تا لەو مەرگە حەتمییە رزگارم بێت. یارمەتیم بدات تا بگەڕێمەوە نیشتیمان. یائەڵلا.

بە فەرمانی ئەو پرۆفیسۆرە لەخۆبایی و گەمژە و سەرکێشەی بەناوی دکتۆر فازڵ وەلی یۆف کە یەکێک لە نۆکەر و ئاڵقەلەگوێی ئەو بوو، پیشەی پزیشکی بێهۆشکەر بوو. وەکو سەگی هار هێرشی بۆ دێنام و دەیویست ئەزیەتم بدات، هەتا لەناو نەخۆش و پزیشکەکاندا دەیویست لێم بدات و بێڕێزیم پێبکات. بەڵام من خۆم لێ لادەداو لەو هەموو تەڵەی لەلایەن پرۆفیسۆرەوە بۆی دادەنامەوە بەوپەڕی حەوسەلەوە خۆم لە شەڕو هەرای ئەو کابرایە دوور دەخستەوە. هەتا کار بەوە گەیشتبوو کە دەستەڵاتی

هەموو بەش درابووە دەست ئەو کابرا ئەحمەق و دزە. بە چەندین شێوە بەرتیلی لە نەخۆشان وەردەگرت.
هەندێک ژنی بەرەڵڵاش لە دەوری ئەو کابرا گەمژەیە کۆببوونەوە بۆ سیخوڕی کردن و لەملاو ئەولا خەریکی هەواڵ کۆکردنەوە بوون، بەیانی زوو بۆ پرۆفیسۆریان دێنا.
کاتێک دەمویست بچمە ژووری نەشتەرگەری ئەو ناپیاوە بە چەندین جۆر بیانوو ڕێگەی لێدەگرتم و ئەزیەتی دەدام.
کاتێک بە بەرپرسی بەشم دەگوت بە پێکەنینەوە دەیگوت شێتە خەمت نەبێ پێیدەڵێم. ڕێک دەتگوت خاتوو نەزیرەی قووبابیە ئەو رۆڵەی دەگێڕا.
ئەو نەخۆشانەی کە من نەشتەرگەریم بۆ دەکردن و دەبوایە دوای نەشتەرگەری لە ژووری چاودێریدا بمێننەوە، ئەگەر ئەو نۆکەرە چاوچنۆکە نەخۆشێکی منی وەرگرتبا، ئەوە وەکو زەروو پێیەوە دەنووساو خوێنی دەمژی. ئەوە بۆ ئەوە بوو چاودێری لە ئەستۆی ئەو بوو ئەگەر کەمتەرخەمی لە نەخۆشێک هەبا یان ئەو دەرمانە تایبەتەی لای پرۆفیسۆرە بە نرخێکی گران کڕدراون نەیدرێتێ لەوانەیە نەخۆشەکە بمرێ، ئەوە بەو مانایە کە نەشتەرگەرییەکەی من کردوومە لە ئاستێکی باڵادا نەبووە... تادوایی.
لەکاتێکدا کە دەبوو سەردانی ئەو نەخۆشە بکەم کە من نەشتەرگەریم بۆ کردووە، بۆیە دەبوو مۆڵەتم لە دکتۆری بێهۆشکەر و ئاڵقەلەگوێی پرۆفیسۆر وەرگرتبا، ئەویش لەگەڵ بیانووی گەمژانەی ئەو کابرایە ڕووبەڕوو دەبوومەوە. کاتێکیش نەخۆش رزگاری دەبوو ئەوە لەمێژ بوو مێشکیان شۆردبۆوە. جا وەرە بۆ ئەو کەسەی کە چەندان سەعات زەحمەت بکێشی و هەموو هونەر و توانای خۆتی بۆ بەکاربێنی تا لە چنگی مەرگ رزگاری دەکەی، دوای ئەوەی لەو ژوورە نەفرەتییە دێتەدەرێ یان بۆ بەشێکی دیکە دەگوازرێتەوە زۆر بەبێ خوڵقی لەگەڵت ڕووبەڕوو دەبێتەوە. دوایی بۆم دەرکەوت ئەو دزە لە ناو نەخۆشخانەو ژووری نەشتەگەریدا بە بیانووی جۆراوجۆر گیرفانیان بەتاڵ کردووە.
زۆری دەویست تا نەخۆش دەهاتەوە سەرحاڵی خۆی و مێشکی وەکار دەکەوتەوە و دەرکی بەوەدەکرد چییان بەسەر هێناوە.
خێرا خەریکی ئەنجامدانی کارە سەرەتاییەکانم بووم بۆ دەرکەوتن لە سۆڤیەت و وەرگێڕانی بەڵگە زانستی و کارنامەکانم بۆسەر زمانی ئینگلیزی و گۆڕینی دبلۆمی سۆڤیەتی بۆ دبلۆمی نێودەوڵەتی کە دوو ساڵ درێژەی کێشا.

ئەنوەر و بەهمەن کوڕانی ئازیزم لە ساڵی ١٩٧٧ لە کۆلێژی پزیشکی خوێندنیان تەواوکرد. ئەنوەر بۆ خوێندنی پسپۆڕی چووە مۆسکۆ، بەهمەنیش بە هەوڵوکۆششی و واستەی دکتۆر ڕەحیمی قازی لە نەخۆشخانەی سماشکا وەک پزیشکی نەشتەرگەری ئەزموونی دامەزرا. ئێمە وا ڕێکەوتبووین یەکەمجار من و هاوسەرم و کچەکەم بچین بۆ عێراق، ئەگەر ئەو بەڵێنانەی پێیاندابووین باشبوون، کوڕەکانیش دوای ئێمە بێن دەنا لە شوێنی خۆیان نەجووڵێن.

لە نەخۆشخانە قوتابییەکم هەبوو کە زۆر کاری لەگەڵ دەکردم، ناوی ئەحەد ئاغا بوو، خەڵکی شارۆچکەی ساعەتلی بوو لە باکووری ڕۆژئاوای باکۆ. کوڕێکی باش و داوێنپاک و دڵسۆز بوو، هەمیشە ئاگای لە حاڵ و باڵی من هەبوو. بەردەوام بەدوای ئەو نەخشانەوە بوو کە بۆ منیان دادەڕشتن. بە تەواوی مانا قوتابییەکی دڵسۆز و چالاک و لەسەرخۆ بوو، شەو و ڕۆژ لە نەخۆشخانە و لە ژووری نەشتەرگەری لەگەڵمدا کاری دەکرد.

هەر لەگەڵ ئەوەشدا بە هەوڵوکۆششێکی زۆر و نامرۆڤانە لە بەشی دووەمی نەشتەرگەری پرۆفیسۆر شامل بەشەرۆڤیچ قلیۆف وەکو پرۆفیسۆری دووەم لە بەشی دووەمی نەشتەرگەری قۆڵی لێهەڵماڵیبوو بە ڕاست و چەپ نەخۆشەکانی قەڵت و بڕ دەکردن و هیچ ناوچاوانیشی تێکنەدەنا، کەسیش لێی نەدەپرسی بۆ ئەو نەشتەرگەریەت کردووە و بۆچی بەردەوام ئەنجامی نەشتەرگەریەکانت نەخۆشەکە دەمرێ.

ئەو لە دەستنیشانکردنی نەخۆشی و نەشتەرگەریەکانیدا سەرچیخ دەچوو. لە بەرامبەر پرۆفیسۆر ئاغایۆفیش کە لەو فێڵبازتر بوو هیچ بەهایەکی نەبوو. بەردەوام لە پاشەملەی ئاغایۆف غەیبەتی دەکرد و دەیگوت من دەرس بە ئەو دەڵێمەوە. بەڵام ئاغایۆف چێژی لەو جۆرە شتانە دەبینی و بە ئیمتیازی وەردەگرت. لەبەرئەوەی لە بەرامبەر پرۆفیسۆر ئاغایۆف لە بەشدا دەستەڵاتی پەیدا کردبوو، لە نەخۆشخانەشدا دەستەڵاتی بڵاوتر ببوو، زۆر کەس دەستیان بۆ بە سینگەوە دەناو سیخوڕییان بۆ دەکرد.

ئەو قوتابییە گەنجە باشە ئەحەد ئاغا یەکێک لە کچە هاوشاریەکانی نەخۆش دەکەوێ و بە ورگی هەڵمساو دەیهێننە نەخۆشخانەی ئێمە و لە بەشەکەی من دەخەوێنرێ. هەر یەکەم پشکنین پێموابوو سپڵی گەورە بووە و دەبێ نەشتەرگەری بۆ بکرێ. کچە

نزیکەی چوارده ساڵێک دەبوو. کز و ریوەڵه و ورگی هەڵمساو، پاک و بێگوناه ئاگای لە هیچ نەبوو. دوای پشکنین بۆ نەشتەرگەری ئامادەمان کرد. مەبەستمان دەرهێنانی سپڵەکەی بوو کە لە ئەندازەی خۆی گەورەتر ببوو، تا تەبەڵەکەمان ئامادەکرد بۆ نەشتەرگەری هێندەمان هێناوبرد تا ئاوی پێیانمانداهات تا رۆژی نەشتەرگەریەکەمان دیاریکرد. بۆ بەیانی کە دەبوو تەبەڵەی نەخۆش لە کۆنفرانسی پێنج خولەکی ئاماژەی پێبدرێ کە نەخۆش ئامادەی نەشتەرگەرییە بەو دەرخستنەی کە پێشتر بۆی کراوە بۆ ئەنجامدانی کاری دەرهێنانی سپڵ بۆ ژووری نەشتەرگەری ببردرێ. ئەوەی نەشتەرگەری بۆ دەکرد دەبوایە من بام بە هاوکاری ئەحەد ئاغای قوتابی. ئەو رۆژە بەیانیەکەی پرۆفیسۆر ئاغایۆف لە کۆنفرانسی بەیانی لەوێ نەبوو، راپۆرتەکە دەبوو پرۆفیسۆر قلیۆف بیخوێنێتەوە. من و ئەحەد ئاغا دوای بینینی نەخۆشەکان چووینە ژووری نەشتەرگەری و ئامادەی کار بووین. لەناکاو سەروکەللەی پرۆفیسۆر قلیۆف دەرکەوت. قۆڵی هەڵماڵین و هاتەپێشێ. گوتی دکتۆر قادر ئەو کچەیان بە من سپاردووە تا نەشتەرگەری بۆ بکەم. زۆر باش دەمزانی درۆ دەکات. ئەحەد ئاغا کە دیاربوو بێجگە لەوەی هاوشارین ئەو کچە خزمیشیەتی و لە منی شاردبۆوە، بێئاگایی خۆی دەربڕی و سەری نەویکرد. هەمان وەلیۆف کە کاری بێهۆشکردن بوو، لە شێوازی بێهۆشی و دەغەڵکاریەکانی زۆر شتم بیستبوون. لەو پێشهاتە چاوەڕواننەکراوە نیگەران بووم. ئەحەد ئاغاش ئامادە بوو پێکەوە نەشتەرگەری بۆ بکەین، ئەویش سەری سوڕمابوو، پرۆفیسۆر خێرا دەستە نا موبارەکەکانی شووشتن و لە شوێنی نەشتەرگەری راوەستا، نەشتەرەکەی دەستدایە دوای ئەوەی ئامادەکرا نەشتەری بەسەر سکی ئەو کچە هەرزەکارەدا هێنا. سکی ناسکی کرایەوە و یەکسەر سپلەکە دەرکەوت. پرۆفیسۆری نەزان هاواریکرد ئەوە کیسە، کیس، کیسی هێلکەدانی ئاوا گەورەم نەدیتبوو. ئەوەندەی گوتم پرۆفیسۆر ئەوە سپڵە. بەڵام بێسوود بوو. گوتم بەرێز ئەوە سپڵە نابێ چەقۆی پێبکەوێ، دەبێ لە بنەوەڕا دەربێت. گوتم با دڕینەکە فراوانتر بکەین و سپڵەکە لەبنەوەڕا هەڵبگرین. گوتی نا، نا، هەزاران کیسم نەشتەرگەری کردووە، هەروەک ریخۆڵەکوێرە دەریدێنم و دوای دوو سێ رۆژی دیکە دەچێتەوە ماڵێ.

ئەو کابرایە هیچی لەگەڵ نەدەکرا بۆیە بە تورەیی لە ژووری نەشتەرگەری هاتمە دەرێ. ئەو بەرێزە دوای من بە نەشتەر سپڵەکەی دڕیبوو، بە سرنج خوێنی ئەو

بەستەزمانەی دەرهێنابوو، تا دوای بیست خولەک ئەو بێتاوانە گیانی سپارد. جەنابی پرۆفیسۆر هێشتا هەر پێداگری لە دەستنیشانکردنی کارە هەڵەکانی خۆی دەکرد، تا لە توێکاریدا دەرکەوت سپڵەکەی دڕیوە بێئەوەی دەرک بکات ئەو ئەندامە بەکیس ناچێ بەڵکو سپڵەو بەهۆی خوێن دەرهێنانەکەی ئەو نەخۆشەی کوشتووە.
لەناو پزیشک و نەخۆشەکاندا باسی کردارو ئاکارەکانی ئەو کابرا لەخۆڕازی و گێلەیان دەکردو چەندین پەند و شیعریان لەبارەوە دانابوون. بەڵام بەچی دەچێ ئامۆژگاری گەمژان وەک ئەوە وایە گۆرانی بۆ کەڕان بڵێی. ئەوە لێدانێکی توندوکاریگەر بوو لە روحیەی هەستیار و میهرەبانی من، کە تا ئێستاو سەرەڕای ئەو هەموو ساڵە لەبیرم نەچۆتەوە. هەتا باسی ئەو ئەحەد ئاغایە دێتەگۆڕێ ئەو بیرەوەریە تاڵەم دێتەوە بەرچاو.
ڕووداوێکی دیکەی دڵتەزێن پێنج مانگ دواتر ڕوویدا. نەخۆشێکی ئەرمەنی پەنجا ساڵە بوو ئازاری کۆئەندامی هەرس تەنگی پێهەڵچنیبوو. ئەو نەخۆشە کە ناوی قازاریان بوو، لەسەر داوای خۆی و خزمەکانی کە ئاشنام بوون و پێشتر ئاگایان لە کاری نەشتەرگەری من هەبوو، داوایان لێکردم، نەشتەرگەرییەکیان بۆ بکەم. نەخۆشەکەم خەواندو دوای پشکنینی سەرەتایی و گرتنی تیشکی ئێکس لە کۆئەندامی هەرس دەرکەوت لوویەکی بە ئەندازەی گوێزێک لە کەوانەی گەدەیدا دروست بووە. جارجارەش دەڕشایەوە و خوێنی لەگەڵ دادەنا. بۆ نەشتەرگەری ئامادەمان کردو لە ڕۆژی دیاریکراودا هێنرایە ژووری نەشتەرگەری.
ئەو پرۆفیسۆرە گەمژەیە دیسان بە رەزامەندی و مۆڵەتی پرۆفیسۆری یەکەم ئاغایۆف هاتە ژوورێ و گوتی منیش هاوکاریت دەکەم. دوای دڕینی سکی نەخۆش و کارکردن لەسەر گەدە و جیاکردنەوەی بۆ هەڵگرتنی سێ لەسەر چواری گەدە، ئەو گرێیە بێ ئاوسان دەوری گەدەی گرتبوو، نیشانەی ئەوە بوو زۆر مەترسیدار نییە، هەموومانی دڵخۆشکرد و هێزێکی دیکەی پێبەخشیم، کە نەخۆشییەکەی ترسناک نییە. لەوکاتەدا جەنابی پرۆفیسۆر هات و کاری نەشتەرگەریەکەی لێوەرگرتم. لەبەرئەوەی کەسوکاری ئەو ئەرمەنیە پێیانگوتبووم بێجگە لەتۆ کەسی دیکە هەقی نییە نەشتەرگەری بۆ قازاریان بکات، بۆ خۆشیان مۆڵەتیان لە پرۆفیسۆری یەکەم وەرگرتبوو، ئەویش بەڵێنی پێدا بوون کە من نەشتەرگەریەکەی بۆ بکەم. بەڵام ئێستا لە کێشمەکێشی ئەو کابرا خۆسەپێنەدا کەوتبوومە سەر دووڕیانێک ئەگەر لە ژووری

نەشتەرگەری بچمەدەرێ شەڕ و هەرا دەستپێدەکاو ئەو نەخۆشە نیوە نەشتەرگەری بۆ کراوەش تووشی حاڵەتێکی خراپ دەبێ. ئەگەر بەشداریشی لەگەڵ بکەم هەر خودا دەزانێ چی روودەدا، بۆیە ملم بۆ ئەو قەزاو قەدەرە راکێشا.
لەکاتی نەشتەرگەریدا بە ئامادەبوونی پەرستارەکان چەندینجار ئاماژەم بۆ کردو وەبنگوێم هەڵێنا، بەڵام گوێی نەدامێ. گۆیا لەکاتی نەشتەرگەریدا خێرایی خۆی نیشاندەدا و سێ لەسەرچواری گەدەی لەگەڵ گرێیەکە بڕیبوو، دەستی بە دروونەوەی کردبوو. ئێدی کێشمەکێش سوودی نەبوو.
زۆر زۆر نیگەران بووم. هەر لەگەڵ ئەوەی لە ژووری نەشتەرگەری هاتمەدەر خزم و کەسوکاری قازاریان دەورەیان لێدام و پرسیان هاوڕێ دکتۆر خۆ ئێمە هاتینە لای تۆ و بڕوامان بە تۆ بوو، بۆچی هێشتت پرۆفیسۆر قلیۆف بەشداریت بکات. پێشتر پێیانگوتبوو قلیۆف لەخۆڕا هاتووە و بەشداری کردووە. هەموو دەیانزانی هەرنەخۆشێک دەستی قلیۆفی بگاتێ مردنی مسۆگەرە.
لەسەرخۆ و بە نیگەرانییەکی ویژدانانەوە گوتم لەسەرخۆبن ئیشاللا باش دەبێ و ئومێدتان هەبێ.
نەخۆشەکە لە رۆژی دووەم و سێیەم ژانەزگێکی توندی لێ پەیدا بوو، کە تەقەڵەکانی گەدەو ریخۆڵەی شلەمەنییەک چووبووە ناو سکی و ئازارێکی لە رادەبەری هەبوو. سەعات بە سەعات نەخۆشەکە حاڵی خراپتر دەبوو. هەڕەشەو خۆگیف کردنەوەی ئەرمەنییەکانیش زیاتر دەبوو. لە رۆژی پێنجەم دوای نەشتەرگەری، قازاربینی بەستەزمان کۆچی دوایی کرد.
ئەو رۆژە تا درەنگ لە نەخۆشخانە بووم. خزمەکانی ئەو کابرایە هێرشیان بۆ هێنام و هەڕەشەیان لێدەکردم. ئەوە چ پرۆفیسۆرێکە خۆ هیچ نازانێ و شایانی شوانیش نییە هەر بۆیە لەپێشدا شوان بووە و ئێستاش هەر شوانە. (راستیان دەکرد پێشتر شوان ببوو.) ئێستا خۆی لێ کردووینە نەشتەرگەر خەڵکی دەکوژێ و کەسیش نییە پێشی پێبگرێ. ئەو شەوە دکتۆر بایەزید لە ژووری پزیشکان بوو، ئەگەر ئەو نەبوایە و بەقسەی خۆش خەڵکەکەی هێور نەکردبایەوە و دۆستەکانی منیش لەوێ نەبان، لەوانەبوو وەبەر چەقۆیانم بدەن و هەر خوداش دەیزانی چیم بەسەردێ.
توێکارییان بۆ قازاریان کردو دەرکەوت لێک جیاکردنەوەی گەدەو ریخۆڵە بۆتە هۆکاری مردنی ئەو نەخۆشە. لە رۆژی دووەمداو دوای مردنی قازاریان لەسەر داوای

کۆمەڵەی ئەرمەنیەکان و وەزارەتی تەندروستی کە سکالایان تۆمار کردبوو، پرۆفیسۆر مەحموود بەگ ئۆف کەسایەتی دیار و بە تەواوی مانا پاک و داناو تاقانە زانای نەشتەرگەری لە نەخۆشخانە ئامادە بوو. تەبەڵەی نەخۆشیان خوێندەوە و گوتیان نەدەبوو ئەو نەخۆشە بمرێ. ئەو نەخۆشە بە هەڵە نەشتەرگەری بۆ کراوە، کە بووەتە هۆی مردنی. بەڵام دەڵێی چی ئەگەر سەرپۆشێکی بەسەردا نەهێنرێ دەبێتە نەنگییەکی گەورە بۆ کۆمەڵەی پرۆفیسۆرانی باکۆ و دەبێتە پەڵەیەکی ڕەش بە ناوچەوانی ئەو کەسەی پلەی پرۆفیسۆری داوەتە ئەو کابرایە.

ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە دوا لێدان بوو کە وە روحیەی ئارامی بەندە کەوت، بۆیە ناچار بووم بۆ چوونەدەر لەو میحنەتە و دەرباز بوون لەو دۆخە کارێک بکەم. بۆیە بڕیارمدا سەفەرێک بکەم و یەک دوو مانگ لەو دەوروبەرە پڕ لە ئازارە دوور بکەومەوە.

لە ساڵی ١٩٧٦ بڕیارمدا سەفەرێک بۆ ئاسیای ناوەڕاست بکەم و سەردانێکی سەمەرقەند و بوخارا بکەم تا نەڵێن چەندین ساڵ لە سۆڤیەت بووی و سەمەرقەند و بوخارات نەدیت. بۆیە لە ناوەڕاستی جۆزەردانی هەمان ساڵ مۆڵەتی دوو مانگەم وەرگرت و بڕی دە هەزار رۆبڵیشم لەگەڵ خۆمان برد و سواری فڕۆکە بووین لە باکۆ وە چووینە تاشکەندی پایتەختی ئۆزبەکستان. ئەو شارەی کە دوای بوومەلەرزەکەی چەند ساڵ لەمەوبەر سەرلەنوێ نۆژەن کرابۆوە و باڵەخانەی زۆر گەورەیان لێ دروست کردبوون سەریان لە کەشکەڵان دەدا. شەقامەکانی پان و بەرین و پڕ دارو درەخت بوون. کاتێک لە فڕۆکەخانە دابەزین بەسواری تەکسی چووینە ناوشار و لە بەردەم ئوتێلێکی گەورەی تاشکەند دابەزین، کە بەڕواڵەت نایابترین و قەرەباڵغترین ئوتێلی شار بوو.

کەلوپەلەکانمان لەبەردەم ئوتێل دانان بەڵام هیچ کەسێک لە کارگوزار و کرێکارەکانی ئوتێل نەهاتنە پێش، لەکاتێکدا لە ئوتێلەکانی شوێنان وانییە و بە پێشوازی میوانەکانەوە دەچن. لەو سەفەرەدا تەنیا من و هاوسەرم و کچەکەم بووین. گوتم ئێوە ئاگاتان لەشتەکان بێت تا دەگەڕێمەوە. چوومە ئوتێل خاتوونێکی چل ساڵەی ڕووسی کە دیار بوو بەڕێوەبەرە داوای ژوورم لێکرد. گوتی جێگامان نییە. هەرچەندی تکام لێکرد ئەو خاتوونە بە گوێیدا نەچوو.

گەڕامەوە لای رەعناو کچەکەم، پێیانگوتم لە فلان ئوتێل و میوانخانە لەوانەیە جێگا هەبێ. بە تەنیا بە سواری تەکسی هەموو شوێنەکان گەڕام دەیانگوت جێگا نییە. هەر

چەندە لە هەموو ئوتێلەکان کارگوزار و کرێکارەکانی ئەوێ دەیانگوت ئەوەندەی بڵێی جێگا هەیە، هەتا نیوەی ژوورەکانیش چۆڵن. پرسیم ئەدی بۆچی نایدەن؟ گوتیان ئێرەیان بۆ موسافیرە بێگانەکان داناوە کە دۆلار دەدەن بۆ ئەو کەسانەش کە بەکاری ئیداری دێنە ئێرە، ئینجا بە پەنجە حاڵییان کردم چارەسەری کێشەکە بەرتیلە، بەڵام لە هەموو کەس دەترسن.
لەبەرخۆمەوە بیرمدەکردەوە دەبێ چیبکەم؟ بەرەبەرە تاریک دادەهات. لە نزیک ئیدارەی ئوتێل پۆلیس دیار بوون. کەلوپەلەکانمان هەڵگرتن بەسواری گالیسکەیەک بەرە و فەرمانگەی پۆلیس و لێپرسینەوە لە سکاڵای خەڵکی ستەمدیدە وەڕێکەوتین. ناسنامە و مۆڵەتی سەفەرم پێشانی ئەفسەرەکە داو تکام لێکرد هاوکاریمان بکات، بۆ ئەوەی چەند رۆژێک لە ئوتێل جێگامان بۆ بکەنەوە تا بەو شەوە لە کۆڵانەکانی تاشکەند هەڵوەدا نەبین.
گوتی ئەوە پەیوەندی بە منەوە نییە. گوتم ئەدی پەنا بۆکوێ بەرین. گوتی نازانم.
گەڕامەوە بەردەم ئوتێل تاشکەند و هاوسەر و منداڵەکەم لەوێ بەجێهێشتن، دیسان چوومەوە سەرێ. چوومە لای بەرپرسی ئوتێل کە کابرایەکی ئۆزبەکی چوارشانەی سمێڵ بابڕ بوو، لە قەڵافەتیڕا دیار بوو پیاوێکی باشە. دوای ئەوەی تاریفێکی باشی تاشکەند و خەڵکی نەجیب و ناوبانگی میواندۆستی ئەوانم کرد، ئینجا داوای شوێنێکمان کرد بماندەنێ. خەریکی ڕۆژئاوا بوون بوو، کابرا بە خۆڕانان و ویقارەوە گوتی کاکە جێگامان نییە. بڕۆ جێگایەکی دیکە. گوتم لە هیچ جێگایەک جێگا نەبوو. گوتی ئەوە خەتای من چییە؟ گوتم خەتات نییە، بەڵام بەڕێوەبردنی ئیدارەی ئوتێلەکانی سۆڤیەت زۆر نەگونجاوە. ئەوەش پەیوەندی بە منەوە نییە.
نائومێد و سەرگەردان خەریکبوو شێت دەبووم، لەو سەفەرە پەشیمان بووم. لەسەر نیوتەختێکی ساڵۆنەگەورەکەی پێشوازی دانیشتبووم و لەگژفکران ڕاچووبووم، کە ژنێکی کارگوزاری ئوتێل گوتی هاوڕێ هەستە ئێرە گەسک دەدەم.
ژنە چل و پێنج ساڵێک دەبوو، لە قەدوقەڵافەتیڕا دیار بوو رووسە. ژنە لێی پرسیم بۆ وا پەرێشانی؟ بە تورەییەوە گوتم هەڵەم کردو سەفەرم کرد، هاتوومەتە ئاسیای ناوەڕاست تا بەرلەوەی لە سۆڤیەت بڕۆمەوە نیشتیمانم، سەمەرقەند و بوخارا ببینم، ئێستاش لەو ئوتێلە گەورەیە جێگایەک پەیدا نابێ. خوا وەخێری گێڕێ. ژنە لەسەرخۆ گوتی چەند کەسن؟ گوتم سێ کەسین، خۆم و هاوسەرەکەم و کچێکم، ئێستا لەبەردەم

ئوتێل هەڵوەدان. گوتی من جێگاتان بۆ پەیدا دەکەم؟ گوتم ماڵت ئاوابێ. گوتی بیست ڕۆبڵم بدەیە ئێستا کارەکەت بۆ ڕایی دەکەم. پەنجا ڕۆبڵم دایە تا بۆ سێ ڕۆژ جێگایەکمان بۆ بگرێ. گوتی ئەوە بۆ کرێی مانەوە نییە، بۆ ئەوەیە دەبێ دەمی ئەو خاتوونەی پێ چەور بکەی تا جێگای مانەوەت بداتێ. سەرم سوڕمابوو، خاتوونی کارگوزار چووەلای ئەو خاتوونەی پێشتر جێگای نەدایێ، سرتەیەکی لەگەڵ کرد و پارەکەی لە گیرفانی هاویشت. خاتوون بە بزەیەکەوە دەفتەرەکەی کردەوە و شتێکی گوت، ژنەی کارگوزار بە غاردان هاتەلام و داوای ناسنامەکانی کرد. بە ناسنامەوە چوومە لای ناوی نووسین و ژمارەی داینێ.

ژنەی میهرەبان کلیلی وەرگرت و بە بزەوە گوتی فەرموو، ژووری ژمارە هەشت لە نهۆمی دووەم، باشترین شوێنی ئوتێلەکەمان. ئێستا پێمبڵێ کەلوپەلەکانت لەکوێن. گوتم لەبەردەرگا. خاتوون کەلوپەلەکانی بۆ هێنایە ژووری ژمارە هەشت.

ژوورێکی خاوێن بە سێ قەرەوێڵە و مێز و کورسی، بەفرگر، رادیۆ، تەلەڤزیۆن و تەلەفۆن، گەرماو و ئاودەستیشی تێدابوو. گوتی ئەوەش جێگای ئێوە. بیست ڕۆبڵم وەکو دیاری دایە ئەو خاتوونە. بە ڕاڕەوی ئوتێلەکەدا گەڕام تەماشامکرد هەموو ژوورەکان چۆڵن، بەڵام کەس نەیدەزانی بۆچی میوان وەرناگرن.

لە کارگوزاری نهۆمی سێیەمم پرسی هۆکارەکەی چییە؟ گوتی هاوڕێ ئەو سیستەمە هەر لەسەرەتاوە خراپ بوو، ئێستا خراپتریش بووە، زۆربەی نمرەکان ڕۆژانە و هەتا مانگانەش چۆڵن، بە بیانووی ئەوەی نەوەک لە پڕێکدا موسافیری بێگانەمان بۆ بێن یان کۆماندۆ مەدەنیەکان لە پڕێکدا پەیدابن، هەر بۆیە ئەو نمرانە بەتاڵن. لەسەرخۆ گوتی پارەی حەڵاڵ زۆر بە زەحمەتە. گوتم بەڵێ وایە بۆخۆشم ئەزموونم هەیە.

دوای سێ ڕۆژ گەڕان و تەماشاکردنی شاری جوانی تاشکەند و مۆزەخانە جۆراوجۆرەکان لەلایەن ئوتێلەوە پێیان ڕاگەیاندین مۆڵەتەکەتان تەواوبووە، دەبێ نمرەکەمان بدەنەوە. کاتێک هاتمە نهۆمی خوارێ ژنەی بەرتیل خۆر لەوێ دانیشتبوو بە چاوی فێڵبازانەو تەماعکارانە تەماشای خەڵکەکەی دەکرد، کە چاوی بە من کەوت گوتی هاوڕێ کاتەکەت تەواو بووە دەبێ ژوورەکە چۆڵبکەی، میوانی بێگانەمان دێن. تەماشایەکی دەوروبەرم کرد تا ئەو خاتوونە کارگوزارە میهرەبانە وەبینم. خاتوو ڤالیا دیار نەبوو، لە هاوکارەکانیم پرسی گوتیان تا دوو ڕۆژی دیکە نایەتەوە. بۆیە بە پێویستم زانی سکاڵا نامەیەک بنووسم و بیدەمە بەڕێوەبەری ئوتێل. سکاڵا

نامەیەكی توند و لۆژیكی. بەڕێوەبەر كاتێك سكالانامەكەی خوێندەوە سەری خۆی خوراند. لەوكاتەدا گوتم ئەو بابەتە لە هەموو ڕۆژنامەكانی سۆڤیەت و دەرەوەش بلاودەكەمەوە. تا بەرتیلتان وەرنەگرت جێگاتان نەكردمەوە لەكاتێكدا نیوەی ئوتێلەكە بەتاڵ بوو. بەڕێوەبەر گوتی هاوڕێ دانیشە. دانیشتم داوای چای كرد. ئینجا گوتی بەخودا بەدەست من نییە، ئەو خاتوونەی لەولای دانیشتووە هاوسەرەكەی بەرپرسی دەسگای (ئێم. ك. ب)یە، ناتوانم ملبەملەی لەگەڵ بكەم دەنا دەرم دەكات، بەڵام لە كۆبوونەوەی حزبی باسی دەكەم. گوتم لە كۆبوونەوەی حزبیشدا داشی ئەو سوارە، لەبەرئەوەی ئەو دەستەڵاتداری مەملەكەتە. تۆ ناتوانی لەگەڵ ژنی بەرپرسی دەسگای (ئێم. گ. ب) دەرگیربی. بە نائومێدی سەری راوەشاندو قسەكەی سەلماندم. گوتی ئێستا هەوڵدەدەم دوو رۆژی دیكەشتان بۆ تازە بكەمەوە و پارەكەش بۆخۆم دەیدەم. گوتم هاوڕێی بەڕێوەبەر تازە لەگرێژەنە چووە ناتوانم چیدیكە لە تاشكەند و ئەو ئوتێلە بمێنمەوە. بۆ سەردانیش لە تاشكەند سێ ڕۆژ بەسە بەڵكو زۆریش زیادە. بۆیە بە تورەیی هاتمەدەر و نیگایەكی رقاویم لە خاتوونی خاوەن ئوتێل كرد و وەدەركەوتم. بە سواری تەكسی چووینە فرۆكەخانەی تاشكەند، بلیتی سەمەرقەندمان وەرگرت، سەعات پێنجی بەیانی فرۆكە هەڵدەستا، شەوەكەی لە فرۆكەخانە ماینەوە لەسەر نیوتەختی سالۆنی فرۆكەخانە بە نۆرە ئێشكمان دەگرت. بەیانی لە تاشكەندەوە بەرەو سەمەرقەند وەڕێكەوتین. هێندەی پێنەچوو گەیشتینە شاری مێژوویی و ناوداری سەمەرقەند. بەسواری تەكسی چووینە نێو شاری.

شۆفێری تاكسی كابرایەكی دنیادیدە و میهرەبان بوو. لە ڕێگا هەموو بابەتەكەی تاشكەندم بۆ گێڕایەوە. شۆفێر گوتی هاوڕێ لە سۆڤیەت بۆ هەر كێشەیەك كلیلێك هەیە، تا ئەوەت دەستنەكەوێ ناتوانی گرێكوێرەكان بكەیەوە. ئێستاش خەم مەخۆ دەتانبەمە ئوتێلێك و جێگاشتان بۆ دابین دەكەم ئەویش بە برە پارەیەك. سوپاسم كرد و جیا لە هەقی خۆی پەنجا رۆبڵی زیادەشم دایە. لەپێش ئوتێلێك راوەستا و بۆخۆی چووە ژوورێ، دوای چەند ساتێك دوو كەس لە كارگوزارەكان غاریانداو كەلوپەلەكانی ئێمەیان بردنە ژوورێكی رازاوە. بێ ئەوەی لەگەڵ كەس رووبەروو بین پاسەپۆرتەكانیان لێوەرگرتین و ناونووسینیان كردو لە باشترین ئوتێل بە ناوی سەمەرقەند جێگایان بۆ دانایین. پەنجا رۆبلیشمان لەگەڵ پاسەپۆرتەكان دایە هاوڕێی میواندار و نزامان بۆ ماڵ و شۆفێری تاكسی كرد. چەند رۆژێك لە سەمەرقەند

مابنەوە. شارێکی دێرینە بێ باڵەخانەی گەورەو مزگەوتی نیوەوێران و گەورەی پاشماوەی دەورانی تەیموری لەنگ، کە بنیادەمی سەرسام دەکرد لەو بیناسازیەی دەورانی رابردوو. ئەو بینا مێژوویی و ئەو منارانەی سەریان لە کەشکەڵانی فەلەک دەدا و ئەو بەردە نووسراوانەی ئەو دەوران ئەویش بە خەتی جوانی عەرەبی و شیعری فارسییەوە سەرنجی هەموانی رادەکێشا.
چووینە ئارامگای ئەمیر تەیمووری گورگانی کە بە بگوور ئەمیر ناسراوە. ئەو نووسراوانەی لەسەر کێل و مەزاری ئەمیر نووسرابوون، سەرنجی گۆڕە بچووکەکانی دەوروبەریشمان دان و بە سەرنجەوە لێم ڕوانین. لەوێ دوو کەس هەبوون کە بە سەرنجەوە نووسینەکانیان دەخوێندنەوە. منیش بۆ میزاجی خۆم بە دەنگێکی بەرز لەسەر گۆڕی ئەمیر بەڵێنمدا ئەگەر تا ئێستا هەڵەیەکم کردبێ، دوای ئەوە لەسەر ئەو گۆڕە تۆبە دەکەم کە تاماوم هیچ گوناهێک نەکەم.
یەکێک لەو دوو گەنجانەی خەریکی خوێندنەوەی نووسینەکان بوون، سەری هەڵێنا، کاتێک من لە بەرامبەر گۆڕی ئەمیر و لە پەنا خاتوو رەعنا بە زمانی کوردی بەڵێن و پەیمانم دەبەست، ئەو گەنجە لە قسەکانم تێگەیشت و بە خەندەیەکی شیرین و بە زمانی کوردی پرسی خەڵکی کوێی؟ گوتم ئێرانیم و خەڵکی مەهابادم. گوتی تۆ باوەڕت بەو گۆڕە و خاوەنەکەی هەیە؟ لێرەدا سرەکەم ئاشکرابوو خۆشیەکەم نەما. خاتوو رەعنا تێگەیشت کە بەڵێ ناکرێ باوەڕت بەو جەللاد و خوێنڕێژە هەبێ و بە بەشێک لە پیرۆزیەکانی بزانی. بەڵام ئەو هێندە بە سەرنجەوە خەریکی خوێندنەوەی نووسینەکان بوو هیچ ئاگای لە بەڵێن و پەیمانەکەی من نەبوو، تا ئەو گەنجە کوردە سوریە کە بۆ خوێندنی دکتۆرا هاتبووە مۆسکۆ لەو دنیای خەیاڵە وەئاگای هێناینەوە. لەوە گەیشت لەگەڵ هاوسەرەکەم شۆخی و گاڵتەدەکەین، زۆر پێکەنین، لەگەڵ ئەو گەنجە زانایە نیوسەعاتێک قسەمان کرد و هەر یەکەو بە لەهجەی خۆمان دەدواین و زۆر باشیش لە یەکتری دەگەیشتین، پێکەوە چووینە ئەو شوێنەی ئەمیر تەیمووریان لێ ناشتبوو. خزمەتکار و ئێشکگری گۆڕی ئەمیر پیرەژنێکی وەنێوکەوتوو بوو، ئێمەی ڕێنوێنی دەکرد و سەربوردەی ئەوانی بۆ دەگێڕاینەوە. ئەو پیرەژنە ڕێزی لە گۆڕەکەی میر دەگرت، بەڵام هیچ باسی لەو تاوانەی سەرداری خوێنڕێژ نەدەکرد کە بەسەر مرۆڤایەتی هێنا بوو. تەنیا باسی سەرکەوتنەکانی دەکرد.

لەسەر نووسراوی کێلی ئەمیر تەیموور کە خۆی بە هەڵۆی چەنگیز دەزانی لە کاتێکدا ئەوە هیچ راست نەبوو ئەوە درۆیەکی مێژوویە سەیرە تا ئێستا ئەوە دیارنییە، چونکە ئەو بۆ خۆی کابرایەکی زانا بووە و قورئانیشی زۆر بەباشی زانیوە و خوێندوویەتییەوە، گۆیا هەتا توانیویەتی لە سەرەتاوە تا کۆتایی بیخوێنێتەوە. کە حافزی شیرازی لە ڕووبەڕوی ئەودا شکستی هێناوە.
دوای چەند رۆژ گەڕان بەناو شاری مێژوویی چەند هەزار ساڵەی سەمەرقەند دا کە حافزی شیرازی لە وەسفی یاردا هەمان سەمەرقەند و بوخارا کە دوایی باسی دەکەین بەخشیوە، کە دەبێتە هۆی تورەیی ئەمیر تەیموور و ئەمیر بۆ قسەکردن لەگەڵ حافزدا رادەکێشێتە شیراز، تا لە گفتوگۆ کردن لەگەڵ حافز هۆکاری بەخشینی پایتەختەکەی بزانێ کە هەموو جیهانی لە پێناودا تاڵان کردووە، ئەویش بێ ترس و بێ بەها دەیبەخشێتە خاڵی هندووی تورکی شیرازی. وەک دەڵێن کاتێک حافز دەبەنەلای میر تەیمووری سەرکەوتووی جیهان، حافز جلکوبەرگێکی شڕ و هەژارانەی لەبەردادەبێ، میر دەپرسێ بۆچی ئەوەت گوتووە. وەڵامە رازیی کردنەکەی حافزی شیرازی رقی میر تەیمووری ئەو زاڵمە دادەمرکێنێتەوە.
حافز دەفەرموێ ئەگەر هێندە بەخشندە نەبووبام ئاوا شڕ و شرۆڵ نەدەبووم. تەیموور ئەو قسەیەی پێخۆشدەبێ و دڵی حافز دەداتەوە و دیاریشی پێدەبەخشێ...
چەند رۆژێک لە سەمەرقەند گەڕاین، کەباب و پڵاوی ئۆزبەکیمان خوارد کە خواردنێکی تایبەتە لەگەڵ چای سەوز کە لەوێ ڕمێنی زۆرە. دەڵێن خواردنەوەی چای سەوز گەرمایی هاوین لە جەستەدا کەم دەکاتەوە و تینوێتیت دەشکێنێ. بەڵام چای ئۆزبەکی و شێوازی خواردنەوەی کە رۆنەکەرەی تێدەکەن هیچ چێژێکمان لێ وەرنەگرت و نەمانتوانی عادەت بەو کارەی تورکانی توران زەمین بکەین.
شاری سەمەرقەند وەکو شارێکی خاوێن و خەڵکێکی خۆڕاگری دەورانی ئەمیر تەیموورم چاوپێکەوت. ئەوان وەک یۆنانییەکان پێیانوایە هێشتا ئەسکەندەر هەر زیندووە و فەرمانڕەوایی جیهان دەکات و شانازی بە رابردووی خۆیانەوە دەکەن. سەمەرقەند میوەی زۆر بوو، کاڵەکی ئاسیای ناوەڕاست ناوبانگێکی جیهانی هەیە.
دوای گەڕان و پشوویەکی تەواو بە یادەوەری خۆشەوە لە سەمەرقەندەوە چووینە بوخارا. بەیانی زوو بە تەکسی چووینە ئوتێل بوخارا، غیرەتم وەبەرخۆم نا بە زمانی شیرینی فارسی لەگەڵ بەڕێوەبەری ئوتێل بێ بەرتیل دان ببمە ئاشناو رامی بکەم تا

بۆ چەند رۆژێک ژوورێکی باش و خاوێنمان بداتێ. چوومە ژووری بەڕێوەبەری ئوتێل لەگەڵ گەنجێکی جوانچاک و باڵابەرزی سی ساڵەی تاجیکی لووتبەرز رووبەڕوو بوومەوە. بە زمانێکی شیرین خۆم پێناساند و داوای جێگامان کرد. قسەکانم زۆر کاریگەرییان تێکردبوو، دەستەپاچە بوو، بەشێوەزاری تاجیکی قسەی لەگەڵ کردم. زۆر خۆشحاڵی خۆی دەربڕی، ئەو پێشوازییە وەکەیفی هێنام و ماندوویەتیم لەبیر چۆوە. دوای سێ رۆژ مانەوەمان لە ئوتێل ناسنامەکانمان وێندان.

هەر یەکەم رۆژ بە پێیان و بە سواری بەناو ئەو شارە مێژووییەدا گەڕاین. سەردانی گۆڕستانە کۆن و گونبەدە قایم و مزگەوتە جوانەکانمان کرد، شەوێ کاتێک گەڕاینەوە ئوتێل ویستم پاڵ کەوم تەماشامکرد دۆشەکەکە نیوەی کونەو بەتاڵە دیاربوو سووتا بوو نە گۆڕیبوویان و نە چاکیان کردبۆوە. هەندێک پەڕۆوپاڵم تێهاویشت و لێی نووستین. بەیانی کارگوزار هات و گوتی دەبێ ژوورەکە چۆڵبکەن، میوانی تازەمان دێن. چوومە لای بەڕێوەبەر لەگەڵ دوێنێ زۆر گۆڕابوو، نازانم بەرپرسانی باڵا سزایاندابێ لەبەرئەوەی جێگای داوەتە من یان هۆکارێکی دیکە هەبووە کە ئەو بەڕێزە سەدو هەشتا پلە گۆڕانی بەسەردا هات. روکورەوان گوتی جێگامان نییە. زیاتر نەمویست لەگەڵ ئەو جانەوەرە پێدابچم، کاتێک گەڕامەوە ژوورەکە دیتم جانتاکانیان لەپێش دەرگا داناون و ئێمەیان وەدەرناوە. کەلوپەلەکانم هێنانە دەرێ و سواری تاکسی بووین و بە دانی پەنجا رۆبڵ بەرتیل لە ئوتێلێکی دیکە شوێنمان پەیدا کرد کە زۆر خۆشتر بوو. دەستمان کرد بە گەڕان بەو شارەدا، بێئەوەی دیبێتم خۆشم دەویست و بە بەشێک لە ئێرانی خۆشەویستم دەزانی، تا زیاتر بەناو شاردا دەگەڕام ئاسوودەتر دەبووم.

چووینە سەرای ئەمیر بوخارا کە لە پەنا جۆگایەک بوو، ئارامگای شا ئیسماعیلیش لە دەشتێکی سەرسەوزی پەنا ئەوێ هەڵکەوتبوو. پەپووسلەمانەیەک دەیخوێند و لە دەورانی هێرشی مەغۆلە ناپاکەکان دەدوا. مرۆڤ کە دێتە ئێرە لەگەڵ مێژوو ئاوێزان دەبێ و رابردووی وەبیردێتەوە.

شوێنی فەرمانڕەوایی ئەمیر و جێگای زیندانی و دادگاییکردنی سەدەکانی ناوەڕاستم دیت کە تاوانبار و بێ تاوانی تێدا دادگایی دەکران.

سەرای ئەمیر لە باخێکی سەرسەوز هەڵکەوتبوو کە ببووە شوێنی حەوانەوەی منداڵان. لە بنمیچی ژووری حەوانەوەی میر بە خەتێکی جوان چەند شیعرێکی حافز

و سەعدی نووسرابوون، دیوارەکانیش گەچکاری و جوانکاری کرابوون. لە حەوشەی سەرای ئەمیر سێ تاوس لەژێر پیرەدارەکان خۆیان دەنواند و بە دەنگێکی ناخۆش ڕابردوو و، ئایندەیەکی بە ژانیان وەبیر مرۆڤ دێنایەوە.
گەڕان بە ناو مزگەوت و مەزارەکانی بوخارا پڕ لە بیرەوەری و خەیاڵاتی بوون. لە هەندێک لە مزگەوتە نیوەڕووخاوەکان بێجگە لە کوندەبوو دوکانی بیرەفرۆشی هیچ شتێکی دیکە نەدەبینران. هەندێک کۆگای دوکاندارەکان و هەندێکیش بەحیساب کۆگای دەوڵەتی بوون.
دوای هەفتەیەک بوخارامان بە مەبەستی شاری دووشەممە یانی ستالین ئاوای پێشوو، ناوەندی کۆماری تاجیکستان بەجێهێشت و ئێوارێ بە سواری فڕۆکە گەیشتینە شاری دووشەممە. تەکسی بردنیە ئوتێل دووشەممە، ئوتێلێکی گەورە و تازە بوو، کارگوزار و کارمەندانی ئوتێل پێشوازییان کردین. بەبێ بەرتیل وەرگرتن ژووریان داینێ. کاتێک بە فارسی قسەم لەگەڵ تاجیکەکان دەکرد دەگەشانەوە و وایان هەستدەکرد هاونەژادین. خۆیان بە بەشێک لە ئێرانی و ئێرانی نەژاد دەزانی و شانازییان بە ئێرانی و فارس بوونیان دەکرد. لە شاری دووشەممە کە زۆرتر وەک تاران دەچوو، زۆرمان پێخۆشبوو، کەسیش نەیپرسی چەند ڕۆژان دەمێننەوە. هەموو ڕۆژێ لەو کاڵەکە شیرین و ئاودارەی تاجیکیمان دەکڕی. ئێمە بە هەرسێکمان دەمانتوانی بە دوو ڕۆژان کاڵەکێک بخۆین. هەموو شوێنە سەرنجڕاکێش و شەقامە جوانەکانی شاری دووشەممە گەڕاین و حەزمان نەدەکرد بگەڕێینەوە باکو. هێندە خۆمان بە خۆمانە دەزانی و خەڵکەکەشمان وەکو خۆمان بە ئێرانی دەزانین ئەوەندەمان بیرەوەری خۆش لەو شارە جوان و خەڵکە میهرەبانە بینی هەموو خەمێکیان لەبیر بردینەوە. مەرهەمێک بوون لەسەر برینەکانمان کە لە ماوەی ئەو حەڤدە ڕۆژەدا لە تاجیکستان هەناسەو هەوایەکی تازەیان بە ڕۆحمان بەخشی کە بۆنی نیشتیمانی لێدەهات.
زۆر بە سەرنجەوە تەماشای پەیکەری شاعیرانی تاجیکمان دەکرد کە لە شەقامەکان دانرا بوون، شیعرەکانمان بە زمانی تاجیکی دەخوێندنەوە و شانازیمان پێوەدەکردن. دەتگوت تەماشای حافز و سەعدی و فیردەوسی دەکەین. زوڵمی مێژوو ئەو دیمەنە جوانەی لە ئێرانی ئازیز بە زەبری شمشێری دوژمنان و سەردارانی گەمژەی وەڵات

وەک گەوهەرێکی درەخشان لە دوورەوە خوازیاری ئەوەیە و هەڵپەدەکا بگەڕێتەوە سەر ئەسڵی خۆی.
ڕەنجی سەفەری ئاسیای ناوەڕاست و دەغەڵکاریەکانی ئوتێلەکانی تاشکەند و بوخارا لەگەڵ بیرەوەرییە خۆشەکانی دووشەممە تێپەڕین. بە نەفەسێکی تازەو وزەیەکی نوێ دوای حەڤدە ڕۆژ گەڕان لە دووشەممەی جوان و لەبەردڵان ئەو شارە دڵگیرەمان بەجێهێشت و بەرەو باکۆی نیشتیمانی دووەم و کانگای زانست و هونەر، ئامگای هەزاران ئێرانی دوورە وەڵات و دەرپەڕێنراو، گەڕاینەوە.
دوای دوو ڕۆژ پشوودان و یاداشت کردنی ئەو بیرەوەریە شیرنیانە لەو سەفەرە دوو مانگە، گەڕامەوە نەخۆشخانەی ژمارە پێنجی نزیک گۆڕستانی ئەرمەنەکان.
دیسان لەگەڵ قەدوقەڵافەتی دووڕوانە ڕووبەڕوو بوومەوە. شەڕو هەرا و کێشمەکێش سەریان هەڵدایەوە. خودایە پەنا بەتۆ لەگەڵ ئەو مرۆڤە سیفەت گورگ و گیاندارە دڕندانەی بەناو مرۆڤ چیبکەم.

بیرەوەری تاڵ و شیرینم لە نەخۆشخانەی ژمارەپێنج و ساڵانی مانەوەم لە ئازەربایجانی سۆڤیەت:

هەر لەگەڵ هاتنی خاتوو ڕەعنا و منداڵەکانم بۆ باکۆ لە پایزی ساڵی ١٩٥٩ شاعیری ناوداری کورد مامۆستا عەبدولڕەحمان هەژار کە بۆ چارەسەری نەخۆشی سییەکانی هاتبووە باکۆ لەلایەن بەرپرسە باڵاکانی ئازەربایجانی سۆڤیەت و شاعیر و نووسەرانەوە پێشوازییەکی شاهانەی لێکرا. هەر بەو بۆنەیەوە کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی سۆڤیەت ئێوارەخوانێکی لە کۆشکی پێشوازی سازکرد کە نزیکەی پەنجا کەس لە شاعیر و نووسەر و کەسایەتی سیاسی و هونەرمەند تێیدا بەشدار بوون، لەوانە هونەرمەندی ناوداری ئازەربایجان پرۆفیسۆر بولبول ئوستادی کانسرۆڤاتۆریای باکۆ، کە بەرامبەر بەیەک دانیشتبووین و بەشانازی خاتوو ڕەعناوە گۆرانی کوردن گوزلی گوت و ڕێزی لە قارەمانێتی خاتوو ڕەعنا گرت.

ئێرەجی ئەسکەندەری سکرتێری حزبی تودەش ئامادەبوو. بەشداربوان تا درەنگانی شەو باسی کار و چالاکیە ئەدەبییەکانی مامۆستا هەژاریان کردو چەند وێنەیەکی یادگاریشمان گرتن.
مامۆستا هەژار چەند رۆژێک لە ئوتێل تۆرینتۆ میوانی دەوڵەت بوو، چەندین کۆڕ و دانیشتنی ئەدەبی دیکەش سازدران کە بەردەوام شاعیران و نووسەرانی ئازەری سەردانیان دەکرد و بە هەستێکی پاکەوە رێزیان لەو شاعیرە مەزنە دەگرت.
مامۆستا هەژار بۆ چارەسەری نەخۆشی سیی هاتبووە مۆسکۆ لە ساناتۆری گرتسن (ماڵی تەندروستی) لە نزیک مۆسکۆ بۆ ماوەی شەش مانگ لەژێر چاودێری دکتۆری پسپۆڕدا بوو. ئەو شاعیرە ناودارە ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی و سەختتی لە ئێران و لە عێراق بەسەربرد، بەڵام هەرگیز لە بەرامبەر ملهوڕاندا سەری نەوینەکرد. لە بەغدا بۆ بژێوی ژیانی ماوەیەک دوکانی وێنەگری دانابوو، ژیانێکی کولەمەرگی دەژیا. سەردەمێکیش لە سوریا هەڵوەدا بوو، ماوەیەکیش لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی قارەمانی گەلەکەیدا بوو، دوای کشانەوەی بارزانی لە عێراقەوە بۆ ئێران مامۆستا هەژاریش لەگەڵ ئەوان لە کەرەج گیرسایەوە و خەریکی کارە ئەدەبییەکانی بوو.
لە ساڵی ١٩٥٧ لەلایەن کاک رەحیمەوە خەبەرێکمان بۆ هات کە کوردانی ئێرانی دانیشتووی باکۆ، داوایان بۆ کراوە باخمان بدەنێ و لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیشەوە بڕیارەکە پەسەند کراوە، کە هاوینان بۆ پشوودان بچینە ئەوێ. بەو هەواڵە خۆشحاڵ بووین کە دەوڵەت ئێمەی لەبیربووە و باخمان دەداتێ.
هەر ئەو هاوینە موژدەیان داینێ باخەکانتان دەدرێتێ، ئەو باخانە لە سێ ژوور پێکهاتبوون. هەواڵەکەش کاک رەحیم پێیگەیاندین، لەوێ زۆر خۆشحاڵ بووین و ئومێدمان دەخواست لە بەری ئەو دار هەنجیر و ترێیە بخۆین.
خوێندن و کاری ئەزموونی و پڕکاری دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخساندم کە هیچ نەبێ هاوینان لەگەڵ هاوڕێکانم بچمە باخی و لە نزیکەوە لەگەڵی رابێم.
لە هاوینی ١٩٦٠ کاک رەحیم بە بۆنەی هاتنی خاتوو رەعنا و منداڵەکان لەگەڵ کاک عەلی گەلاوێژ و دکتۆر جەواد موسەوی قوتابی بەشی پزیشکی کە پێکەوە هاودەورە بووین و لەگەڵ کاک رەحیمیش نێوانیان خۆشبوو، بۆ باخی بەلگا داوەتی کردین. زۆر خۆشحاڵ بووین بەو میواندارییە، هەر بۆ ئیحتیات هەندێک نان و پەنیر و خەیار و

تەماتەو میوەشمان لەگەڵ خۆمان برد. بە سواری شەمەندەفەری کارەبایی چووینە بەلگا.
باخێکی خراپ نەبوو دار هەنجیر و ترێ و توەسوورەی تێدا بوون. باخەکە بەو جۆرەی دابەشکرابوو هێندە گەورە نەبوو، بەڵام سێ ژووری تازە و مۆدێرنی تێدا بوو کە بۆ پشووی هاوینە تابڵێی باشبوو.
کاک رەحیم بە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆی هات. کە ئێمە کەلوپەلی سەفرەمان راخستبوو، هەر چاوەڕوانی خاوەنماڵمان دەکرد و چاومان لە دەست و کەرەمی ئەو بوو. ماوەیەک باسی باخ و بەرپرس و خوان و نیعمەتی سۆسیالیستیمان کرد، منداڵەکانیش زۆریان پێخۆشبوو کە هاتوونە باخی خاڵە رەحیم و بە ئارەزووی خۆیان یاری دەکەن و دوایش دەچنە سەردەریای خەزەر و لەوێ مەلەی دەکەن و خۆیان لەبەرهەتاوێ هەڵدەخەن.
لەناکاو خاوەن ماڵی میهرەبان رووی لە منداڵەکان کرد و گوتی هەتیوینە هەستن، وەرن بابچین ترێی لیوەکەین. ئەنوەر و بەهمەن کە گوێیان لەو قسە ناخۆشە بوو، تەماشایەکی منیان کرد و بزەیەکیان هاتێ، لە وەڵامدا گوتیان خاڵە ئێمە هەتیونین، ئەوە نییە دایک و باوکمان لەگەڵن. خاوەنماڵ دیسان تێیراخوڕین هەستن. منیش بە ئاماژە تێمگەیاندن برۆن ترێی لێوەکەن با نۆبەرەکەی بخۆین. بەرچنەیەک لەوێ بوو بە ئاماژەیەکی کاک رەحیم هەڵیان گرت و هەرسێکیان چوونە ناوباخی و خەزێکی ترێ لێکردنەوە بوون. ئێنجا بە فەرمانی کاک رەحیم هێندێک گیاشیان لەسەر بەرچنەکە داناو بە پەتێک شریتپێچیان کرد. ئێنجا رووی لە ئێمە کرد و گوتی بۆ شەوێ میوانم هەن با ئەو ترێیە بۆ میوانانی شەوێ بن. ئەنوەر بە سرتە پێیگوتم لە باخی هیچ ترێی لێ نەماوە ئێمە بیخۆین. دیارە ئێمە بۆیە هاتووینە ئێرە ترێ بۆ جەنابیان لێوەکەین و لەبەر ئەو خۆرەتاوەش ببرژێین، بە نان و پەنیری خۆشمان خۆمان تێرکەین. کاک عەلی و دکتۆر جەواد تەماشایەکی منیان کرد، منیش تەماشایەکی خاتوو رەعنام کرد. بۆیە دەبوو رێگا چارەیەک وەبینین.
دوای ماوەیەک بە کاک رەحیمم گوت چما ئەتۆ ناچیتە سەر دەریا مەلەیەک بکەی و خۆت بخەیتە بەر ئەم هەتاوە، دەریا شادی و سەلامەتی پێوەیە و چەوری دەتوێنێتەوە. پێشنیارم بۆ کاک عەلی کرد لەگەڵ کاک رەحیمی بچنە مەلەی. من و دکتۆر جەواد و منداڵەکانیش لە باخی گەڕاین، بەڵام هیچ ترێیەکی وامان دەستنەکەوت

بەکەڵک خواردن بێ هەمووی بەرسیلە بوو. بۆیە هەندێک بەرسیلەمان لێکردەوە و لەگەڵ ترێی ناو بەرچنەکە گۆڕیمانەوە. دەستمانکرد بە خواردنی ترێی دەستچنی منداڵەکان و بەرسیلەکەشمان خستە ناو بەرچنەکە و سەرمان داپۆشیەوە. بەسکی تێری ترێوە چووینە دەم دەریا. دوای ئەوەی مەلەمان کرد و تێر گەڕاین هاتینەوە باخی و دەستمانکرد بە نان و پەنیر و میوە خواردن. ئێوارێ کاتێک کاک رەحیم بەرسیلەکەی خستە ناو ئۆتۆمبێلەکەی بە دەستڕاوەشاندن ماڵئاوایی لێکردین و رۆیشت. ئێمەش بە پێکەنین و خۆشیەوە سواری شەمەندەفەر بووین و بەرەو ماڵ گەڕاینەوە. بەیانی زوو کاک رەحیم تەلەفۆنی کرد و گوتی ئەو ترێیەی منداڵەکانیش لێیان کردبۆوە هەر بەرسیلە بوون، منیش گوتم میوانی ئەو جۆرە ترێشی لێ دەبێتە بەرسیلە، ئەویش قاقاپێکەنی و گوتی دەستت خۆشبێ، دەستی خۆت وەشاند. ئەوەش دەورانێک بوو لە غەریبایەتی و شێوازی میواندارێتی بەپێی بنەمای سۆسیالیستی لە وەلاتی شووراکان.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ دوای ئەوەی پاسەپۆرتی عێراقیمان وەرگرت، بێ ئەوەی ئاگام لێبێ ژنێکی رووسی ویستبووی خاتوو رەعنای هاوسەرم هەڵخەڵەتێنی گۆیا من مەعشوقەم هەیە و لە جێگایەکە کە دەیەوێ چاکەیەک دەرهەق خاتوو رەعنا بکات و شوێنە نهێنیەکەی پێبڵێ. بەردەوام دێتە ماڵێ و دەڵێ وەرە بە سواری ئۆتۆمبێل دەتبەمە ئەو جێگایەی کە دکتۆری مێردت لەگەڵ مەعشوقەیەتی. ئەو پیلانەی داڕێژراو و، خوێڕیانەو ترسناک بوو. خاتوو رەعنا بە وریایی بۆی دەرکەوتبوو ئەو ماستە بێ موونییە، هەر کاتێک ئەو ژنە دەهات و ئەو دەیویست لە نەخۆشخانە تەلەفۆنم بۆ بکات ئەو ژنە نەیدەهێشت. هەتا لە تراماوش چەند جارێک پێشی بە خاتوو رەعنا گرتبوو وەرە با بەتەکسی بچینە فلان جێگا. بەلام خاتوو رەعنا بە پرسوڕاوێژ لەگەڵ خاتوو فاتمەی دراوسێمان ئەو پیلانەیان لە خۆیان دوور خستبۆوە. تا سەرەنجام سەروکەللەی کابرایەکی نەناس و ناقۆلا پەیدادەبێ و هەمان پێشنیار دەکات، لە کاتێکدا کە من لە نەخۆشخانە خەریکی کاری خۆم بووم ئەو چەپەڵە دێتە ماڵێ. ئینجا کاتێک خێزانم دەچێتە بازاڕ بۆ کڕینی پێداویستی رۆژانە سەرەڕێگای پێدەگرێ و هەڕەشەی لێدەکات هەتا جارێک ویستبووی بەزۆر سواری ئۆتۆمبێلی بکەن کە پێشتر ئامادەیان کردبوو، تا بیبەنە جێگایەکی نادیار، تا کاتێک خەڵکی دەوروبەر تێدەگەن و دێن یارمەتی خاتوو رەعنا دەدەن و لەدەست ئەو پیاوە پیس و چەپەڵە رزگاری دەکەن.

ئەو ئەشکەنجە رۆحی و دڵەڕاوکێیە تا ئەو ڕۆژەی لە یەکیەتی سۆڤیەت هاتینەدەر هەر بەردەوام بوو. ڕۆژانێکی تاڵ و ناخۆش و لەبیرنەچوونەوەی لە بیرەوەریمدا بەجێهێشت.

لە سەرەتای هاوینی ١٩٧٦ شەوێ لە دەرگایاندا، لە ماڵ بووم کاتێک دەرگام کردەوە دوو خاتوون وەژوور کەوتن، پێموابوو نەخۆشن و دەیانەوێ سەردانم بکەن. پێشوازیم لێکردن و دوای هەواڵپرسین گوتم کامتان نەخۆشن؟ ژنەکان یەکیان گەنج بوو ئەوەی دیکەش وەنێوکەوتوو بوو. ژنە گەورەکە گوتی دکتۆر گیان ئێمە بۆ کارێکی گرنگ هاتووینەلات. ئینجا گوتی ئێمە نەخۆش نین، بەڵکو باوکم نەخۆشە و بۆتە بەڵای ژیانی ئێمە، پارەیەکی زۆریشی هەیە و نامانداتێ. ئێستاش لەگەڵ خوشکم بڕیارمانداوە بەهاوکاری جەنابت لەناوی ببەین و لە بەرامبەریشدا دە هەزار ڕۆبڵت دەدەینێ.

کاتێک گوێم لەو قسانە بوو موچڕکێکم بەلەشداهات و تاسام. بەڵام زوو وەخۆهاتمەوە و بەسەرخۆمدا زاڵبووم، پرسیم ئێوە چ نەتەوەیەکن؟

گوتیان ئێمە جولەکەین، لێمان نیگەران مەبە. گوتم ئەنگێزەی ئێوە بۆ لەناوبردنی باوکتان چییە؟ گوتیان بۆ ئەوەی دەستبەسەر پارەکانیدا بگرین. پرسیم دەی باشە کێ ئێوەی ناردۆتە لای من؟ چما لە کەستان بیستووە من ئەو کارانە بکەم؟ گوتیان نا! بەڵام زۆر تاریفی تۆیان بۆ کردووین و دەڵێن کەسێکی بێ ئازاری و دکتورێکی باشی.

گوتم من دکتۆرم نەک مرۆڤکوژ. زۆر بەلامەوە سەیرە کێ ئێوەی ناردۆتە لای من. ئەوان خۆیان نەبان دەکرد و ڕاستییان نەدەگوت. منیش لەسەرەخۆ تێمگەیاندن و گوتم بڕۆن بەو پیس و بۆگەنە بڵێن کە ئێوەی ناردۆتە لای من، بڵێن من شەوانە لەلای نەخۆش شەونخونی و زەحمەت دەکێشم بۆ ئەوەی تا نەخۆشەکە نەمرێ و چەند ڕۆژێک زیندووبێ، ئێستاش ئێوە دەڵێن کە باوکمان ساغ و سەلیمە بیکوژم! کاتێک زانیان کاسەی سەبرم خەریکە لێیدەڕژێ و لەوانەیە سواری سەروپۆتەڵاکیان بم، خێرا هەستان و ڕۆیشتن.

دوای دوو ڕۆژان سەروکەللەیان پەیدابۆوە ئەوجارە بەکەیف و دەم بەخەندە بوون هەر لەبەردەرگا گوتیان دکتۆر گیان ئێمە بە ئاواتی خۆمان گەیشتین. گوتم ئەدی بۆچی هاتوونەوە؟ گوتیان دەمانەوێ پێتبڵێین بۆ سەفەرەکەی دەرەوەی وەڵات دە

هەزار رۆبڵت لەکیس خۆتدا. کاتێک گوێم لەو قسەیە بوو دەرهەڵبووم هەندێک قسەی ڕەقم پێگوتن و وەدەرم نان. نەفرەتی خودا لە پیلانگێڕانی سوکوچرووک و تاوانبار.
لە سەرەتای زستانی ١٩٧٦ شەوێک لەگەڵ دکتۆر فرانکبەرگ و دکتۆر ئەرسەلان محەمەدۆف ئێشکگر بووین. شەوێکی زۆر سارد بوو بەفرێکی ئەستووریش بارِیبوو. نەخۆشخانەکەمان لە نزیک گۆڕستانی ئەرمەنەکان بوو. جارجار شەوانی زستان گورگە برسییەکان لەو دەوروبەرانە دەخولانەوە، یان دزە شەوگەڕەکان خۆیان لە بۆسە دەنا تا ڕێبوارێکیان دەستبکەوێ و رووتی بکەن. ئەو ڕۆژە چەند نەخۆشێکی دژوارمان هەبوو کە دەبوایە زۆر بە وردی چاودێریمان کردبان و چارەسەری پێویستمان بۆ کردبان. خاتوونێکی پەرستاری ئازەری بەناوی خەجێ کە ژنێکی زۆربلێ و تەمبەڵ و دەمەوەڕ بوو، لەبەشی نەخۆشانی دوای نەشتەرگەری ئێشکگر بوو. کەمتر بە نەخۆشەکان رادەگەیشت گوێی نەدەدانێ و لێی دەنووست. ئەگەر یەکێکیش لە نەخۆشەکان پارەی دابایە ئەوە وەک پەپوولە بەدەوریدا هەڵدەسوڕا. نەخۆشێک حاڵی زۆر دژوار بوو لە دوانیوەڕۆ کە نۆرە ئێشکگرتنی ئەو خاتوونە بوو هیچ بەلایەوە نەچوو بوو دەرمانەکانیشی نەدابوونێ. کاتێک ئەوەم بیست بانگی خەجێم کرد زۆر لەسەرخۆ تێمگەیاند کە دەبێ بە نەخۆشەکە ڕابگات. ئاگادارم کردەوە ئەگەر چاودێری نەخۆش نەکەی خودا سزات دەدات و ئەو مووچەیەی وەریشی دەگری حەرامە.
خەجێ بە چاوی پڕ لە رقەوە لێم ڕاماو هیچ قسەیەکی نەکرد. شەوێ درەنگ خاتوو ڕەعنا ویستبووی لێم بپرسێ، تەلەفۆن دەکات و ئەو خاتوونەش هەڵیدەگرێ. دەپرسێ تۆ کێی؟ ئەویش دەڵێ هاوسەری دکتۆر قادرم. خەجێ بە پێکەنینێکی بێشەرمانە دەڵێ تۆ چ جۆرە ژنێکی ئاگات لە مێردەکەت نییە! خاتوو ڕەعنا دەڵێ ئەمشەو ئێشکگرە. ئەدی بۆ دەڵێی من ئاگام لێی نییە. خەجێ دەڵێ نا تۆ هەڵەی ئەو لە نەخۆشخانە نییە. ئەویش دەڵێ ئەدی لەکوێیە؟ ئەویش دەڵێ خەریکی کەیف و سەفای خۆیەتی! دەپرسێ لەکوێ؟ ئەویش دەڵێ ئەمن چوزانم، ئەوە تۆی دەبێ بزانی و پێش بە مێردەکەت بگری، بە بیانووی ئێشکگرتن بەدوای ژنان دەکەوێ و شەوانەش هەر لەوێ دەمێنێتەوە. ئەو قسەیە وا لە خاتوو ڕەعنا دەکات کە لە سەعات یەکی نیوەشەو لە کاتێکدا بەفر دەبارێ و بە ئەندازەی نیو مەتر بەفر کەوتووە، لەگەڵ ئەنوەری کوڕم بە جلوبەرگی پیاوانە بێنە نەخۆشخانە. بە هەزار زەحمەت و کوێرەوەری و

ترسولەرزەوە دێنە بەشی دووەمی نەشتەرگەری کە نیوسەعاتێک دەبێ لە نەشتەرگەرییەکی دژوار بوومەتەوە و بۆ کەمێک پشوودان چوومەتە ژووری پزیشکان و خەریکی تەبەڵەی نەخۆشم. لەگەڵ ئەنوەر دێنە ژووری و بانگم دەکات. دکتۆر ئەسڵان محەمەدۆف وادەزانێ نەخۆشەو پێویستی بە چارەسەرە یان بە نەشتەرگەرییە، دەڵێ خاتوون چما لەو نەخۆشخانەیە تەنیا دکتۆر قادری لێیە ئەدی ئەمن چ کارەم، هەر کارێکی هەتە لە خزمەتدام. دکتۆر فرانکیش کە لە هەمان ژوور خەریکی نووسینی تەبەڵەی نەخۆشان دەبێ. خاتوو رەعنا دەڵێ جەنابی دکتۆر من هاوسەری ئەوم، نە نەخۆشم نە کاریشم بە تۆیە، پێیانگوتووم ئەو لە نەخۆشخانە نییە، بۆیە منیش نیگەران بووم، هەر بۆیە بەو نیوەشەوە و بەو بەفرە زۆرەوە هاتوومە ئێرە تا بیبینم. یەکسەر دکتۆر فرانک تێدەگا مەسەلە چییە دەڵێ خاتوو رەعنا هەر ئێستا بانگی دەکەم، دوای نەشتەرگەری چووەتە ژووری پزیشکان تەبەڵەی نەخۆشەکان ئامادە بکات.
دکتۆر فرانکبەرگ هات گوتی خاتوو رەعنا هاتووە. زۆر نیگەران بووم گوتم دەبێ چی روویدابێ، وا بەو نیوەشەوەو بەو بەفرە زۆرە هاتبێ. گوتی کورەکەشتی لەگەڵدایە. بە پەشۆکاوی خێرا جلکەکانم گۆڕین و لەگەڵ دکتۆر وەدەرکەوتین. خاتوو رەعنا کاتێک ئاوا بە ماندوویەتی و نیگەرانی منی بینی، نەفرەتی لەو ژنە نانەجیبە کرد کە ناچاری کردبوو بەو نیوەشەوە بێتە نەخۆشخانە. بەڵام دەڵێی چی مرۆڤی ناپەسەند چاک ناکرێ. لەگەڵ دکتۆر فرانکبەرگ خاتوو رەعناو ئەنوەرمان بردنەوە ماڵێ و بۆخۆشمان گەڕاینەوە نەخۆشخانە. ئەوەش دیمەنی کەسانێکی دەبەنگ و ناخ بۆگەنیو و تەمبەڵ کە رێکەوت لە بەرگی پەرستاریدا دەیانهێنێتە نەخۆشخانە.
لە هاوینی ١٩٧٦ دایکێکی ئازەری کە کچە جوان و گەنجەکەی لە تەمەنی هەژدەساڵیدا بە هۆکارێکی نادیار دەمرێ، ئەو دایکە لە خەمی کچە میهرەبانەکەی ئاراوقارای لێهەڵدەگیرێ. شەوێک کچەکەی دێتە خەونی و دەڵێ دایە سێوێکم بۆ بێنە. دایکە بۆ بەیانی بە چەند سێوێکی سوور و چەپکێک گوڵەوە بە سواری تەکسی دێتە گۆڕستانی نزیک شاری باکۆ. بە شۆفێرەکە دەڵێ کاکە لێرە و لە پەنا گۆڕستان چاوەڕێم بە تا ئەو چەپکە گوڵەو ئەو سێوانە لەسەر گۆڕی کچەکەم دادەنیم و زوو دەگەڕێمەوە.

شۆفێر چاوەڕوانی ژنە دەکات، دەبینێ ژنە سەروسۆراخی نین، دوای ئەوەی نیوسەعات تێدەپەڕێ، ئینجا دەبینێ سێ کەس بە حاڵەتێکی پەرێشان لە گۆڕستان دێنەدەر جانتایەکیان بە دەستەوەیە و بە شۆفێر دەڵێن بمانگەیەنە شاری.
کاتێک شۆفێر لە گەڕانەوەی ئەو خاتوونە بێ ئومێد دەبێ، ئەوان سوار دەکات و بەرە و شار دەڕۆن. لە ڕێگا لە شێوازی گفتوگۆکردنیان وەشک دەکەوێ کە ئەوانە بنیادەمی باش نین و کارێکی خراپیان کردووە و دەشێ تاوانێکیان کردبێ. ئینجا بۆ ئەوەی کارەکە ئاشکرابێ کابرای شۆفێر لە ڕێگا بە پێچەوانەی یاسای هاتوچۆ ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕێ تا پۆلیسی هاتوچۆ دێن و پێشی پێدەگرن. شۆفێر دادەبەزێ و بە بیانووی ئەوەی دەیەوێ خۆی لەکۆڵ پۆلیس بکاتەوە، پێیاندەڵێ ئەو سێ کەسەی لەناو ئۆتۆمبێل دان لێیان بە گومانم هەربۆیە ئۆتۆمبێلەکەم ئاوا لێدەخوڕی تا ڕێگام پێبگرن و پۆلیسی لێ ئاگادار بکەمەوە. پۆلیس یەکسەر فەرماندەدا ئەو ئۆتۆمبێلە بەسەرنشینەوە دەبەینە بنکەی پۆلیس. ئەو سێ گەنجە دەیانەوێ پارەی ئۆتۆمبێلەکە بدەن و دابەزن، بەلام پۆلیس دەڵێ نابێ دابەزن بۆ ئەوەی لە بنکەی پۆلیس شایەدی ئەوە بدەن ئەو شۆفێرە بە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی هاتووچۆ ئۆتۆمبێلی لێخوڕیوە، ئەگەر ئێوەم لەگەڵ نەبن لەوانەیە شۆفێر بڵێ تەشقەڵەم پێدەکا.
پۆلیس دەیانباتە بنکەی ئاسایش و یەکسەر هەرسێکیان دەستگیر دەکەن. کاتێک تەماشای جانتاکە دەکەن دەبینن سەری بڕاوی ئەو ژنە بەستەزمانەی تێدایە کە سێوی بۆ کچەکەی هێنابوو. هەر دوو پەنجەشیان بڕیبوونەوە کە ئەنگوستیلەی زێڕی تێدا بوون.
ئەو تاوانبارانە سەری ئەو ژنەیان بڕیبوو لە پێناو ددانە زێڕەکانی کە کیفی زێڕی لە ددانەکانی گرتبوون. کاتێک نەیانتوانیبوو ئەنگوستیلەکان دەربێنن پەنجەکانیان بڕیبوونەوە. ئەو سێ کەسە دوو کەسیان ئەرمەنی بوون و ئەوەی دیکەش ئازەری بوو کە تازە لە زیندان ئازاد کرابوون. تا ماوەیەکی زۆر ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە وێردی سەر زمانان و سەروتاری ڕۆژنامەکان بوو. ئەوەش تاوانێکی دیکەی ترسناک لە پەیوەندی بە گۆڕستانی خاڵی لە خەڵک.
باوکی دکتۆر فرانکبەرگ لە ئەڵمانیا نەشتەرگەرێکی بەناوبانگ بوو، لە بەرلین خوێندنی تەواوکردبوو لەگەڵ دایکی دکتۆر فیما هاوسەرینی کردبوو و، لەگەڵ خۆی هێنابوویەوە سۆڤیەت. تاقانە منداڵی ئەو پێکگەیشتنە فیما بوو. لە جەنگی دووەمی

جیهانی بە تاوانی ئەڵمانی بوونی دایکی فرانکبەرگ بە چەند ساڵێک زیندانی و کاری زۆرەملێ لە ئۆردووگا جۆراوجۆرەکاندا بەسەر دەبات، دوای مردنی ستالین بێ تاوانی ئاشکرا دەبێ و لە زیندان ئازاد دەکرێ.
خاتوونی ئەڵمانی هەڵاتنی لە سۆڤیەت پێ باشترە لە مانەوەی لە سۆڤیەت لەلای مێردو منداڵەکەی و دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا. باوکی دکتۆر فیما ساڵانێک لە نەخۆشخانەی شارۆچکەی سابوونچی کاری دەکرد کە هێندە لە باکۆ دوور نەبوو، خەڵک خۆشیان دەویست. باوکی فیما پێشنیار بە کوڕەکەی دەکا بۆ هاودەنگی شەوانە لەو نەخۆشخانەیە وەمێنم و بە نەخۆشانی فریاگوزاری رابگەم. منیش بە هاندانی فیما بۆ ئەو کارە رازیبووم و بۆ ماوەی شەش مانگ و لە هەفتەدا دوو بۆ سێ جاران لەو نەخۆشخانە گەورەی یادگاری نۆبڵی سوێدی کاربکەم. بەرپرسی بەش، 'پڕۆفیسۆر ئازاد ئیسماعیلۆف بوو کە پەروەردەی دەستی پڕۆفیسۆر تۆپچی باشیف بوو. ئەو نەشتەرگەرێکی باشبوو بەڵام زۆر لەخۆڕازی دەهاتە بەرچاو.
سەید عەلیۆف کوڕێکی گەنج بوو تازە کۆلێژی تەواو کردبوو، هاتبووە لای فێری هونەری نەشتەرگەری بکات و هەم جێگایەکیشی بۆ بکاتەوە.
شەوانی ئێشکگرتنم لە ژوورەکەی دکتۆر فرانکبەرگ دەمامەوە و سوودم لە بەفرگرەکەی ئەو وەردەگرت. ئەو زانایەکی هەڵکەوتەو کابرایەکی خاکەڕاو دنیا دیدە بوو. خەڵکێکی زۆر لە نەخۆشان دەهاتنەلای و سوودیان لێوەردەگرت.
لەو شەش مانگەی کارکردنم لە نەخۆشخانەی سابوونچی گۆڕانێکی باشبوو بۆ ئەوەی گوشارە روحیەکانم کەم ببنەوە کە کاری رۆژانەم لە نەخۆشخانەی ژمارە پێنج بوو.
دکتۆر فیما هاوسەری هەبوو، ژنێکی جوان و داناو هونەرمەند و دوو کچی تێگەیشتووی هەبوو، زۆری خۆشدەویستن. فیما لەگەڵ ماڵی باوکی لە خانووی ئەواندا دەژیان و زۆر گوێڕایەڵی فەرمانەکانی باوکی بوو.
لە هاوینی ١٩٧٥ خاتوونێک بەناوی لینا ناوێک، لە ژووری ژنان کە نەخۆشی من بوو، خەوێنرابوو. ئەو ژنە لەگەڵ خاتوو فایای پەرستاری بەشی نەشتەرگەری دراوسێی رووبەڕوی یەک بوون. ئەو خاتوونە لەگەڵ هەموان جیاواز بوو. جۆری جلوبەرگ و هەڵسوکەوتی بە ئەرستۆکراتەکانی پێش شۆڕش دەچوو. کاتێک لە کاتی پشوو رادەکشا یان دەخەوت بە جلوبەرگە تەنکەکەی سەرنجی هەموانی رادەکێشا. ژنێکی

باڵابەرز و جوان و ڕێک و لەبار بوو. لەگەڵ خاتوو فایا هاودەم و هاوسێ بوون. هاتنی ئەو خاتوونە بۆ ئەو بەشەی من لە ڕێگای فایاوە کرا بوو. ئەو خاتوونە بەناز و غەمزە هەر ڕۆژەو جلکێکی سەرنجڕاکێشی لەبەردەکرد و نازی دەکرد. من هیچ جیاوازییەکم لەگەڵ نەخۆشەکانی دیکە پێ نەدەکرد. تا دوای هەفتەیەک چارەسەری و پسوڵەی ناردنەوەمان پێدا، خاتوو فایا هاتەپێش و گوتی ئەو خاتوونە دەیەوێ بەهۆی ئەو زەحمەتیانەی لەگەڵت کێشاوە بۆ نانی شێوان من و تۆی داوتی ماڵی کردووە. هەرچەندە ئەو جۆرە داوەت کردنانەم پێخۆش نەبوون، بەڵام بەهۆی پێداگری و تکای زۆری خاتوو فایا کە لەلای من ڕێزی هەبوو، داوەتەکەم قبووڵ کرد. ئێوارێ سەعات شەش بە هەمان ناونیشان بە کادۆیەکی باش چوومە ماڵیان. دیتم دراوسێی ڕووبەڕووی خاتوو فایان.

تا ئێستا نە چووبوومە ماڵی فایا بەڵام ناوی خۆی و مێردەکەی لەسەر دەرگاکە نووسرابوو. کاتێک لە زەنگی دەرگامدا، دەرگا کرایەوە خاتوو لینا خۆی لەسەر تەل ڕازاندبۆوە، جلکێکی سەرنجڕاکێشی لەبەر کردبوو. فەرمووی ژووریێ کردم و لەسەر کورسییەک بەرامبەری دانیشتم. دیتم خاتوو فایا سۆراخی نییە. سەعاتێک تێپەڕی خاتوو فایا هەر نەهات. لە هۆکاری نەهاتنەکەیم پرسی گوتی ئێستا دێت.

خاتوو لینا پێداگری دەکرد مەشرووب بخۆمەوە، منیش هەرگیز نەمدەخواردەوە، خۆم بەشەربەتی لیمۆوە دەخافڵاند و گوێم لە قسەکانی ڕاگرتبوو. ئەویش بە سەلامەتی من دەیخواردەوە. منیش جارجار بە شەربەتی لیمۆ و شوکۆلات خواردنەوە گوێم بۆ قسەکانی ڕاداشتبوو. خاتوو فایاش دیارنەبوو. تا سەعات یازدە دانیشتم و خاتوو فایا هەر نەهات. ئەوسا تێگەیشتم کە ئەوەش بۆسەنانەوەیەکە بۆ پیاوێک و دەبێ هەڵێم. هەستامە سەرپێ، هەرچەندە پێداگری کرد شەوێ بمێنمەوە بەڵام بێسوود بوو. یەکسەر هاتمە دەرێ دوولاقم هەبوو دەی دیکەشم بۆ قەرز کردن و هەڵاتم. کاتێک گەیشتمەوە ماڵێ درەنگ بوو، خاتوو ڕەعنا زۆر نیگەران بوو. دەیزانی لە میوانی بووم، بەڵام لەکوێ؟ نەیدەزانی.

تا وایلێهات ئەو خاتوونە تەڵەی بۆ دکتۆر فیما فرانکبەرگ دانایەوە و پێوە بوو. لە ئەنجامدا فیمای میهرەبان ژنەکەی تەڵاقداو لە ماڵی باوکی وەدەریان ناو لەگەڵ ئەو ژنەتیوە هاوسەرگیری کردو پەیوەندی لەگەڵ باوک و منداڵەکانی نەما. دوای ئەوەی لە سۆڤیەت ڕۆیشتم و دوای چەند ساڵێک شێت بوو و، کەوتە کۆڵانان. لە ساڵی

١٩٨٩ بەهۆی جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کردو بنەماڵەکەشی لەبەریەک هەڵوەشا. ئەوەش کاری ژنی خراپەکار کە بیەوێ نێچیرەکەی لەبەین بەرێ.

ئامادەکاری پێویستم بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمانگەی نشینگەو مانەوە و مۆڵەتی تایبەتی دەسگای (ئێم. گ. ب) وەرگرتبوو بۆ عێراق. لە فەرمانگەی نشینگەو مانەوە، پێیانگوتم زۆر هەڵەی، لە پێشدا بۆ ماوەی ساڵێک برۆ ئەگەر ویستت بمێنیتەوە، بمێنەوە دەنا بگەڕێوە بۆ سۆڤیەت. من گەڕانەوەم بۆ سۆڤیەت و رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ قلیۆفەکان و نموونەی ئەوان کە زۆر لێیان هەراسان بووم، یەکسەر گوتم نەخێر یەکجاری دەڕۆم هەرچی دەبێ با ببێ.

کەلوپەلەکانی ماڵیم هێنانە پارکی پەنا دەریای خەزەر و چەند سندووقێکی تەختەم بە هاوکاری دکتۆر یاشار حسێنۆفی قوتابی و کارمەندی پێشووی بەشی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی شائۆمیان ئامادەکرد، کە هاوڕێیەکی زۆر باشم بوو. کارمەندانی فەرمانگەی گومرگ هەموو شتەکانیان پشکنی، کەلوپەلەکان هێندە باش نەبوون دە تا بیست ساڵ دەبوو بەکارمان دێنان. بەڵام هەر بۆ دڵنیابوون بە هەندێک پارەی زیادە چوار کانتینەر (ئیتیکۆ)ی ئاسنم لە وێستگەی شەمەندەفەر بەکرێ گرتن و کەلوپەلەکانم تێهاویشتن تا بەندەری ئادیسا و لەوێشەوە گواستنەوەیان بۆ بەندەری بەسرە. هەوڵوکۆششێکی زۆرمدا تا توانیم مۆڵەتی گواستنەوەیان وەربگرم، لەبەرئەوەی چوونەدەرەوەی کانتێنەرەکان لە سۆڤیەتەوە یاساغ بوون. بەڵام دەستەو ئەژنۆ دانەنیشتم بە هەوڵێکی زۆر تا توانیم مۆڵەتی ئەو کانتێنەرانە وەربگرم بۆ بەندەری بەسرە بە مەرجێک کە گەیشتنە بەندەوری بەسرە بیاننێرمەوە. ئەوەش هەوڵێکی زۆری دەویست تا توانیم مۆڵەت لە بەرپرسانی باڵا وەربگرم.

کەلوپەلەکەی ماڵیم لە چوار سندووقی تەختەو لە چوار کانتێنەردا جێسازی کردن و لە بەندەری ئادیسا بەرەو بەندەری بەسرەی باشووری عێراق وەڕێکەوت. دەبوایە بچمە مۆسکۆ و لەوێوە بە هاوکاری سەفارەتی عێراق لە سۆڤیەت بڕۆم. ئەنوەر لە مۆسکۆ بوو بەهەمەنیش لەگەڵمان بوو بێتە مۆسکۆ بەڕێمان بکات. ئەنوەر لە مۆسکۆ ژنی هێنابوو، لەگەڵ تانیای هاوسەری لە دەرەوەی مۆسکۆ و، لە شارۆچکەی ئادین سوا لە ماڵی خەسووی دەژیان. ئەنوەر مۆڵەتی ئەوەی نەبوو لە مۆسکۆ نیشتەجێ بێت، بە ناچاری هەموو هەفتەیەک بە سواری شەمەندەفەر دەچووە سەرکار لە یاسینی پلانا شوێنی لە دایکبوونی لیۆ تۆڵستۆ و ئارامگای ئەو نووسەرە گەورەی

رووس، لەوێ وەک پزیشکی نەشتەرگەر کاری دەکرد. هۆکاری ئەو ژن هێنانەی ئەنوەر تەنیا بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بوو لە شاری مۆسکۆ، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، لەبەرئەوەی حزبی نەبوو هیچ کەسێکیش پشتیوانی نەدەکرد، بۆیە ئەو ئاوەتەی ئەنوەری ئازیزم نەهاتەدی.

هەموو هەفتان ناچار بوو لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی سەرخۆش بچێتە یاسنی پلاناو شەممان کە بەیانیەکەی پشوو بوو بچێتە ماڵی خەسوویی و چەند سەعاتێک لەلای ژنەکەی بمێنێتەوە و بگەڕێتەوە. کارێکی زۆر دژوار و تاقەت پڕووکێن بوو.

لە قۆناغی پێنجەمی کۆلێژ ڕێگایان نەدا بچێتە بەشی نەشتەرگەری کۆمپیوتەر، ئەو ئیمتیازەی دایە برا بچووکەکەی و بۆخۆیشی تووشی ئەو کارە دژوارە بوو. ئەوە ئەوپەڕی لە خۆبووردوویی ئەو کوڕەم بوو لە بەرامبەر برابچووکەکەیدا نواندی.

لە مانگی ئاپریل و گوڵانی ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ نەخۆشخانەی ژمارە پێنج دەوروتەسلیمم[٨٥] کرد. خواحافیزیم کرد. یەکسەر جێگاکەم بە پارەیەکی زۆر فرۆشرا و پزیشکێکی هەڵتۆقیو هاتە جێگای من و چووە ریزی پرۆفیسۆر بیوک کیشی.

دکتۆر کەمال عیسا یۆڤیچ بەرپرسی نەخۆشخانە کە پێشتر دەیزانی دەڕۆم گەلێک خۆشحاڵ بوو. لەگەڵ دکتۆر فیما فرانکبەرگ لەگەڵ هەڵوەراندنی فرمێسکی حەسرەت و عیسمەت حاجیۆف بەبێ وازی و دکتۆر عارف دەمیرۆف، هەروەها دکتۆر کەمال کازمۆف و تێکڕای ئەوانی دیکە، کە هەریەکەو بە جۆرێک یادگاری تاڵ و شیرینمانی دە ساڵەمان هەبوو، ماڵئاواییمان کرد. کارمەندو پەرستارەکان بە گریانەوە بەڕێیان کردم. لەگەڵ دیمتری گریگۆڤیچی بەرپرسی بەشی فیزیۆتراپی، کە زۆر وەک ستالین دەچوو، کابرایەکی حەفتا ساڵەی باڵابەرز و لووت هەڵۆیی کە دڵێکی پاک و میهرەبانی هەبوو خوداحافیزیم کرد. دواتر بیستمەوە کە قلیۆف شامیل بەشەرۆڤیچ گوتبووی ئەگەر بە چاوی خۆم ببینم سواری فڕۆکەش بووە و دەڕوات هێشتا باوەڕ ناکەم.

لە کۆتایی مانگی گوڵان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە دۆستان و دراوسێکان لە ماڵی ئێمە کۆبووینەوە، پاسەکە ئامادەبوو لەبەردەم دەرگا راوەستا بوو. بارانێکی بە خوڕ دەباری. هەموو دەگریان، ئێمە هەموومان دەگریان، سوەیلی هاوسەری کاک عەلی گەلاوێژ دەیگوت سروشتیش بۆ ئێوە دەگریەت. ئێوە بۆکوێ دەچن؟ بۆ چارەنووسێکی نادیار و ناو دەریایەک ئاژاوە و مرۆڤ کوستن و بێبەزەیی.

---

[٨٥] دەوروتەسلیم: نەستۆپاکی. وەرگێڕ

عەبدوڵڵا رەزم ئاوەر وەک منداڵان دەگریاو دەیگوت ئێوە ڕۆیشتن، منیش دوای ئێوە بەرگەی ئەو هەموو سەختیانە ناگرم، ماڵی ئێوە پەناگایەکی ئەمن و ئارامبەخش بوو بۆ من. عەبدوڵڵا و خاتوو مینای هاوسەری زۆر نیگەران بوون. فەیروزی کوڕی کاک عەبدوڵڵا لەوێ نەبوو ئەو لە ئاگری عەشقدا دەسووتاو ئاگای لەوە نەبوو کێ دەڕوات و کێ دێت.
خاتوو فاتمەی دراوسێمان و دکتۆر ڕەحمانی مێردی و لاریسای کچی و منداڵەکانی قولی یۆڤا هەر هەموویان دەگریان. ئافراسیاب و خاتوو شورا، باوەشیان لێدابووین و شیوەنیان دەکرد. پاسەکە لەبەردەرگا ڕاوەستا بوو، لەسەر داوای کاک ئافراسیاب هاتبوو تا بمانگەیەنێتە فڕۆکەخانەی باکۆ.
لە فڕۆکەخانە حەمەدی مەولوودیان و دکتۆر ڕەحیمی قازی لەوێ بوون، بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە تا سواری فڕۆکە بووین هەر لەوێ بوون.
بە یەک دنیا بیرەوەری و تەمەنێک هەوڵوکۆشش لەو شارە ئەفسانەیی و مێژوویی و جوانەی ئازەری کە تەمەنی گەنجیم لەوێ بەسەربرد، فێری زانست بووم و ئەزموونم وەرگرت، دۆست و دوژمنم ناسین و چاک و خراپم لێک کردنەوە. ژیانم لە نیشتیمانی دووەمم یانی باکۆ کامڵ بوو، خودایە تا هەتایە باکۆ لە هەموو بەڵایەک بپارێزە. شارێکە پەناگای بێ پەنایان، زۆربەی خەڵکەکەی میوانگر و میهرەبانن زۆر وەکو ئێرانیان دەچن. خۆزگە هەرچی زووە تەلیسمی ئەو سنوورە نەمێنێ و لەگەڵ ئێران پێکەوە بلکێنەوە.
دوای ئەوەی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی مۆسکۆ دابەزین، بەسواری تەکسی چووینە شارۆچکەی ئادینسوا و چەند ڕۆژێک لە ماڵی خەسووی ئەنوەرماینەوە. بەهۆی ئەوەی ئادینسۆا لە مۆسکۆوە دوور بوو، لە ڕێگای دکتۆر سەڵماسییەوە لەگەڵ عەقیدی پەراگەندە بەڕێز یەزدانپەنا بووینە ئاشنا، تا ئەو کاتەی ڕۆیشتم ماڵەکەی خۆی دا بە ئێمە. عەقید یەزدانپەنا یەکێک بوو لەو ئەفسەرە هەڵاتوانەی خوراسان کە ببوونە پەنابەری یەکیەتی سۆڤیەت و لە مۆسکۆ لە هۆڵێکی شانۆ وەک بەرپرسی کۆگا کاری دەکرد.
ژوورەکەی بەتەواوی چیرۆکی ڕابردووی دەگێڕایەوە. دەرودیواری کردبوونە وێنەی بڵاوکراوەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئێرانی و سۆڤیەتی. ئەو هەرچەندە لە دژی شا ڕاپەڕیبوو، بەڵام بە جددی وەک لایەنگرێکی شا دەردەکەوت. وێنەی جۆراوجۆری لە

شاو بنەماڵەی سەڵتەنەتی لە دیواریماڵەکەی دابوو. ماڵەکەی پڕ بوو لە کەولوپەلی بێ بەها قاپ و دەوری شکاوی لەسەر رەفتەو کەوەنتەرەکەی هەڵگرتبوون، وەک ئەوەی پەیوەندییەکیان بە رابردوویەوە هەبێ. وێنەی زۆری گۆرانیبێژانی ئێرانی و سۆڤیەتی دەبینران. ماڵەکەی جێگایەکی لەبار بوو بۆ ئێمە. لەبەرئەوەی جێگاکەی لە هەموو ئەو شوێنانەوە نزیک بوو لە وەزاتخانەکانی سۆڤیەت و سەفارەتخانەی عێراق کە ئێمە کارمان لێی هەبوو. لە مۆسکۆ لە رێگای سەفارەتخانەوە تاقمێک قەنەفەی جوانی یۆگۆسلاڤیم کڕی بەناوی تانیاوە ناردمەوە بۆ باکۆ تا بەهمەن لە جیات ئەو قەنەفانەی بردبوومن کەڵکیان لێوەربگرێ.

دوای ئەوەی ئێمە لە سۆڤیەت رۆیشتین دکتۆر بەهمەن لەگەڵ کچێک بەناوی رەفیقە نێوانی هەبوو دەیویست هاوسەرگیری لەگەڵ بکات. ئەو لەگەڵ ئەو کچە پێکەوە لە قوتابخانەی ئیڤانۆڤی نزیک مۆسکۆ ساڵانێک پێکەوە خوێند بوویان و یەکتریان خۆشدەویست. خاتوو رەفیقە لە نەخۆشخانەکەی ئێمەو لە بەشی نەشتەرگەری کاری دەکرد. کاک ئەنعامی باوکی پیاوێکی باش و میهرەبان بوو خەڵکی میانە بوو. لەگەڵ دەستەی فیرقەچییەکان ببووە پەنابەری سۆڤیەت و لە باکۆ لە هێڵی شەمەندەفەر کاری دەکرد.

نیگەرانی دکتۆر بەهمەنی کوڕم بووم کە دوای ئەوەی ئێمە بچینە عێراق لەوانەیە باوکی کچە رازی نەبێ، لێکدابڕانی کچ لە دایک و باوکی نەک کارێکی ناجوامێرانەیە بەڵکو گوناهیشە ئەویش بۆ چارەنووسێکی نادیار کە ئێمە گرتوومانەتە بەر. بۆیە بڕیارمدا چەند مانگ بەرلەوەی بڕۆم، لە باکۆ بچمە ماڵیان. لەگەڵ باوکی رەفیقە یەکتریمان ناسی، کاتێک چوومە ماڵیان کابرایەکی ئازەریشی لێ بوو. بارودۆخی نادیاری خۆم و منداڵەکانم بۆ روونکردەوەو گوتم بۆ خاتری خودا تا سەرەنجامی ئێمەو ئایندەی بەهمەنی کوڕم یەکلایی دەبێتە رێگا لەو هاوسەرگیریە بگرە، کاک ئەنعام بەڵێنی شەرەفیدا تا چارەنووسی تۆ لە عێراق یەکلایی نەبێتەوە ناهێڵم کچەکەم شوو بە دکتۆر بەهمەن بکات. ئەو هەڵسوکەتەی کاک ئەنعامم لە یەکەم دیداردا زۆر بە دڵ بوو. ئەوە دڵنیای کردم کە بەهمەن کاری نابەجی ناکات. بەو ئومێدەوە قەنەفە تازەکەم بۆ ئەو نارد تا ماڵێکی شایستەی هەبێت. ئینجا بڕی پازدە هەزار رۆبڵیشم بۆ بەجێهێشت تا لە کاتی پێویستدا کەڵکی لێوەربگرێت. خانوەکەشم هەر بۆ ئەو بەجێهێشت.

خاتوو رەفیقە لە مۆسکۆ بوو لە ماڵی زڕبراکەی چەند رۆژێک مایەوە. دوای ئەوەی هەموو رێکارەکانی رۆیشتنمان لە سۆڤیەت تەواوکردن لە کۆتایی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٩٧٨ لە شاری گەورەو پڕ شکۆ و پاکوخاوێنی مۆسکۆ و درەختەسەوزو پڕ شکۆفەکانی رۆیشتین. دکتۆر سەڵماسی و ئەنوەر و ژمارەیەک لە عێراقیەکانی دانیشتووی مۆسکۆش هاتبوونە فڕۆکەخانە ئەنوەر و هاوسەر و خەسووشی هاتبوون، هەروەها رەفیقەو بەهمەنیشمان لەگەڵ بوون بۆ بەڕێکردنمان.

لە فڕۆکەخانەو لە بەشی گومرگ و پشکنین تووشی کێشەیەکی گەورە بووین. خاتوو رەعنا کاتی هاتنی بۆ مۆسکۆ ملوانکەیەکی زێڕی هێنابوو کە هێندەش بە قیمەت نەبوو، کاغەزی رەسمی گومرگی مۆسکۆشی پێبوو، لەگەڵ دوو ئەنگوستیلەی ئاسایی کە لەماوەی بیست ساڵ کاروکۆشش کڕیبووم، کە لە پەنجەی کچەکەم و هاوسەرەکەمدا بوون. کاتێک چاویان پێکەوتن پشکێنەرانی گومرگ گوتیان نابێ ئەو زێڕانە لە سۆڤیەت بەرنە دەرێ. هێندەی دادو بێدامان کرد کە ئەوانەمان لە پای زەحمەتی بیست ساڵە وەدەست هێناوە، نەیانبیست.

لەوکاتەدا عەقید عوبێدی و ئەنوەر پەیدا بوون و بانگیان کردم. گوتیان هەرچی زووە زێڕ و زیوەکانتان بدەنە ئێمە لە رێگای دیبلۆماتکارەکانی عێراقیەوە دەیانێرینە ناو فڕۆکە. هەرکاتێک دابەزین وێت دەدەنەوە. ئێمە سەرەڕای ئەو چەند پارچە زێڕە بیست و چوار کەوچکی زێوکفتمان پێبوون کە نەیاندەهێشت لەگەڵ خۆمان بیانبەین، هەتا گوتم ئەگەر گازی ددانکێشانتان لایە بیهێنن ئەو ددانانەی کیفی زێڕم تێگرتوون دەریان بێنن و تەسلیمی کارمەندانی گومرگیان دەکەم.

ئەو خەڵکە بیانیانەی ئەو دیمەنەیان دەدیت زۆر نیگەران بوون. هەموو خشڵە بەنرخەکانم لە دەسرۆکەیەکەوە پێچان و وە عەقید مەسعوودم دان. لە شوێنی پشکنین و کۆمپیوتەر تێپەڕین و بە پلیکانەکاندا سەرکەوتین. لە سەرێڕا بە دەستڕاوەشاندن ماڵئاواییمان لە ئەنوەر و بەهمەن و دکتۆر مستەفاو تێکڕای ئەوانە کرد کە بۆ بەڕێکردنمان هاتبوون، بە چەند دڵۆپە فرمێسکێک ماڵئاواییمان لە دۆستان و مۆسکۆ و مۆسکۆڤیچەکان و سۆڤیەت کرد.

لە نزیک دەرگای چوونە دەرەوە کە دەبوایە ڤیزای رۆیشتن و پاسەپۆرتی سۆڤیەتیمان بدەینەوە، خاتوونێک بە غاردان دەهات دەیویست جەستەی خاتوو رەعنا بپشکنێ. خاتوو رەعنا بە توڕەییەوە گوتی دەسگاکانتان هەموو شتێکیان پشکنیوە، ئێستا تۆ

چیت دەویَ؟ ئەو خاتوونە پشکنەرە نەیدەویست خاتوو رەعنا دەنگ بەرزبکاتەوە، هەردەیگوت تیشی، تیشی، واتا ئارامبە، ئارامبە. ئەو خاتوونە، خاتوو رەعنای پشکنی، کاتێک دڵنیا بوو هیچی پێنییە ئێنجا رێگایدا برۆین.
پێش ئەوەی لە باکۆوە دەرکەوین لە بانکی ناوەندی رێگای ئەوەیان داین حەفتاو پێنج دیناری عێراقی بگۆڕینەوە، کە شەست دیناریان لەویَ داینیَ و پازدە دینارەکەش دەبوو لە بانکی رافیدەین لە بەغدا دەیاندایناین، کە دەبوو دوای چەند مانگی دیکە وەریبگرین. سێ هەزار دۆلاریشم پێبوو، لەبەرئەوەی فلزی نەبوو هەندەیان من نەپشکنی. پارەکەم بە هەزار قولهووەڵڵا لەگەڵ خۆم هێنا. کاتێک لە زەوی مۆسکۆ بەرزبووینەوە تا لە سنووری ئاسمانی تێپەڕین هەر نیگەران بووین دەمانگوت نەکا بمانگێڕنەوە. باوەڕمان نەدەکرد لە سۆڤیەت وەدەر کەوتووین، کاتێک گەیشتینە خاکی وشک و بیابانی عێراق هەستمان کرد گەیشتووینە عێراق، کارمەندانی فڕۆکە گوتیان گەیشتووینە خاکی عێراق. کابرای دیبلۆماتی عێراقی ئەمانەتەکەی وێدامەوە، هەروەها لەسەر داوی من کە بە کونسوڵی عێراقم گوتبوو لەوێش گومرگم لیَ نەستێنن، داواکەیان قبووڵ کردم، پێش ئەوەی ئێمە بگەینە ئەویَ فەرمانەکە گەیشتبوو کە تەنیا پشکنینێکی سەرپێیمان بکەن و هیچ گومرگێکمان لێوەرنەگرن.
کاتێک لە فڕۆکەخانەی بەغدا دابەزین دەگوت هاتووینە دۆزەخێکی سووتێنەر، کاتێک چووینە ساڵۆنی فڕۆکەخانە بە بەراورد لەگەڵ فڕۆکە خانەی مۆسکۆ جیاوازییان زەوی و ئاسمان بوو. هیچ پاکوخاوێنییەکی تێدا نەبوو. مێشوولە چاویان دەردێنایین. دوای پشکنینێکی سەرەتایی رێگایاندایین برۆین. لەناو ئەوانەی بۆ پێشوازی کردنمان هاتبوون تەنیا مامۆستا عەبدولڕەحمانی زەبیحی و دکتۆر کەمال مەزهەرم دەناسین. خاتوو رەعنا ئاماژەی بۆ حاجی محەمەدی رەشادی کرد ئەو کەسەی بەرلەوەی بێتە مۆسکۆ لە ماڵی ئەوان بووە. کاتێک ئێمە دەهاتین بیَ سەبرانە هەر تەماشای ئەملاو ئەولای دەکرد. بەرەوپیری پێشوازیکارانەوە چووم یەکێک لە کۆنە ئاشناکانم لەباوەش گرت وەک گوڵەباخ بۆنم پێوەکرد. لەناو حەشاماتی پێشوازیکاران دوو کەس لە بەرپرسانی ئەمنی عێراق هاتنەپێش و گوتیان گەورەم دکتۆر حەزدەکەی لە چ ئوتێلێک بمێنیتەوە؟ منیش گوتم دەچمە ماڵی یەکێک لە دۆستەکانم کە ئێستا لێرەیە، ئاماژەم بۆ حاجی محەمەدی رەشادی کرد، ئەوە هەڵەیەک بوو کردم یان ئەوەتا بە فەرمانی ئیلاهی بۆ من وەخێر گەڕا کە ئاوام گوت. ئەوان بە پارێزەوە تەماشایەکیان کردم و

تەماشایەکی خۆیان کرد، گوتیان زۆر باشە دوای سێ ڕۆژی دیکە دێینەوە خزمەتتان. لێمان دوور کەوتنەوە و ڕۆیشتن و ئێمەیان دایە دەستی قەزاو قەدەر.

من و خاتوو ڕەعناو ژیکەڵە بەو کەلوپەلەی پێمان بوو سواری دوو ئۆتۆمبێل بووین کە پێشتر ئامادە کرابوون و چووینە ماڵی حاجی محەمەدی ڕەشادی مەهابادی.

ماڵەکەی لە شەقامی مەنسوور بوو، خانوویەکی زۆر باشی هەبوو کە مڵکی تایبەتی خۆی بوو. دوای بیست و هەشت ساڵ دووری لە نیشتیمان لە بەغدا لە ماڵی حاجی دابەزیم و لەسەر کورسییەک لە حەساری دانیشتم. تەلەڤزیۆنەکەی ماڵی حاجی پێکرابوو. بێژەرێکی ئافرەتی عەرەب قسەی دەکرد، بەلای ئێمەوە باوەڕ نەکراو بوو. دوێشەو تەماشای بەرنامەکانی مۆسکۆمان دەکرد و لەپشت دیوارە ئاسنینەکانەوە بووین و ئەمڕۆش لە بەغداو لەژێر نوای بەعس بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەددام حسێنی جێگری دانیشتووین، هەر خودا دەزانێ چیمان بەسەردێ، پشت و پەنامان بە خودا بزانین چیمان بەسەردێ تا بینووسین. ئاگامان لە ئاگری بن کایە نەبوو. ئەو کارەساتانەی ڕوویاندەدا هیچ ئاگایەکمان لێیان نەبوو.

هەر لە حەساری و لەناو ئەو چیمەن و گوڵانە نانی شێوانمان خوارد. حاجی محەمەد، هاوسەر و چوار کوڕ و کچێکی هەبوو. کوڕە گەورەکەی ناوی سەمیر بوو تەمەنی سی و دوو ساڵ بوو، بەڵام ئەمشەوە لە ماڵ نەبوو. کوڕەکەی دیکەی کە ناوی سەلاح بوو گەنجێکی بە ڕێز و لەبەردڵان بوو، خێزاندار و دوو منداڵی هەبوو. ژنەکەی ناوی فەهیمە بوو کز و ڕەقەڵە بە قەڵافەتی دیهاتیان، هەر لە جۆری جلوبەرگیەوە دیار بوو ناکامڵە. کچەکەی ناوی زەینەب بوو تەمەنی هەشت ساڵان بوو، کوڕەکەشی ناوی حەسەن بوو تەمەنی پێنج ساڵان بوو. منداڵەکەی دیکەی حاجی محەمەد گەنجێکی بیست و دوو ساڵە بوو زۆر بەڕێز و میهرەبان و بە ویقار بوو. کوڕە گچکەکەی حاجی ناوی سەباح بوو حەزی لە کەیف و سەفا بوو.

ئەمشەوە تا درەنگان لەلای هاوشاریەکان و حاجی و بنەماڵەکەی دانیشتین. حاجی قەرەوێڵەکەی خۆی کە دوو کەسی بوو قالیچەیەکی خوری بەسەر هەڵکێشرابوو بۆ ئێمەی دانا. ژیکەڵەی کچم لەخواری دۆشەکی ڕاخست و لێی خەوت. هەر لە یەکەم شەو تەپۆ هێرشیان بۆ هێناین. بەیانی بە زەحمەت لە خەو ڕابووین. تازە هەستمان بە ماندوویەتی و بێتاقەتی دەکرد. ڕۆژی یەکەم لەگەڵ حاجی چووینە دوکانی زێڕنگەریەکەی لە نزیک بانکی ڕافدین، لەگەڵ بارودۆخی بازاڕ و مشتەریە

جۆراوجۆرەکانی ڕووبەڕوو بووم. کاتێک لە فڕۆکەخانە بووین ئەو دوو کەسەی گوتیان سێ ڕۆژ پشوو بدەن و دوایی بۆ خۆمان بەدواتان دێین و ژیان و کارە ئیدارەیەکانت بۆ ڕایی دەکەین. ئەو سێ ڕۆژەم زۆر بەبێ تاقەتی و بێ سەبری لێ ڕۆیشت. بەڵام سەرم لەو حاڵەتە گێژیەی بەیانیان دەرنەدەچوو. خاتوو ڕەعنا دەیگوت بەیانیان بێتاقەتم و شەوانەش لەدەست پێوەدانی ئەو مێشوولە سپیانە خەوم لێناکەوێ. دوای چەند ڕۆژێک بۆمان دەرکەوت ئەو حاڵەتە گێژیەی بەیانیان بەهۆی ئەو دۆشەکە ئەسفنجەوە بووە کە گوشاری خوێن دێنێتە خوارێ. ئەو ڕۆژانەی لە ماڵی حاجی و لەلای منداڵەکان دەمامەوە خەریکی خوێندنەوە و مێشوولە کوشتن بووم. مێشوولەکان زۆر و زەوەند بوون.

ملبەملە لەگەڵیان دژوار بوو، بەڵام بە سەرگەرمی و خۆخافڵاندنی ماڵێ حیساب دەکرا. هاتنمان بۆ عێراق ڕێکەوتی هاتنەسەرکاری کۆدەتای ئەحمەد حەسەن بەکر و سەددام حسێن بوو. سێ ڕۆژ تێپەڕین نوێنەرانی دەوڵەتی عێراق هیچ سەروسۆراخێکیان نەبوو. چاوەڕوانیمان هەفتەیەکی خایاند، ئەوەشم بۆ ئەوە لێک دەدایەوە کە پەیوەندی بە یادی ساڵوەگەڕی کودەتای بەعسیەکانەوە هەبێ کە زۆر سەرقاڵی پەیوەندی نێوان ئەنوەر سادات و ئیسرائیلن کە ناڕەزاییەتێکی زۆر و خۆپێشاندانی بەدوادا هات.

هەر هەفتەی یەکەم ئەوەم بۆ دەرکەوت تووشی گرفتاریەکی گەورەبووین کە دەربازبوونی مەحاڵ بوو.

دەستبەجێ نامەیەکم بۆ ئەنوەر و بەهمەن نووسی، کە نەکەن لە شوێنی خۆتان بجووڵێن. هەر لە نامەکەدا ئاماژەم بەوەکردبوو تووشی بەڵایەکی گەورەبووین کە زەحمەتە لێی دەربازبین. جەختیشم لەوە کردبووەوە فریوی عێراقییەکان مەخۆن و لە شوێنی خۆتان مەبزوون. دڵمان بەوەخۆشبوو ئەنوەر و بەهمەنمان لە جێگایەکی ئەمین بەجێهێشتوون.

هەر دوای گەیشتنی نامەکەم بەهمەن ژنی هێنا و ماڵی پێکەوەنا. هەفتە و مانگ تێپەڕین هیچ کەس سەری لێ نەداین. لە کۆتاییدا حاجی محەمەدی ڕەشادی داوای لە خزمێکی خۆیان کرد لەگەڵم بێتە ئەو شوێنانەی پەیوەندیدار بوون بە کارەکەی منەوە، ئەویش گوتی بە چاوان. لە پێشدا چووینە وەزارەتی تەندروستی. دوای ئەوەی سەعاتێک تەماشای ئەو دۆسیانەی کرد کە دوو ساڵ لەمەوبەر بوون و تەپوتۆزیان لەسەر نیشتبوو، مشک و قالۆچە هێلانەیان تێدا کردبوو، دۆسیەکەم هیچ ڕەونەقێکی پێوەنەما

بوو. بە ناڕەزاییەوە نامەی وەزیری تەندروستیم نیشاندا، کە وەزیرەکەتان نووسیویەتی کارەکەت رایی بوە و چاوەڕوانی هاتنی تۆ دەکەین بۆ بەغدا تا کورسی ئوستادی زانکۆ وەربگری. ئێستاش تووشی بێنەوبەرەم دەکەن. تەماشای یەکتریان دەکرد و پێدەکەنین.
چوومە لای نەعیم حەدادی جێگری سەرۆککۆمار دوای بەخێرهاتن و چاکوچۆنی بە بزەیەکی ساختەوە گوتی کاری جەنابت لە وەزارەتی خوێندنی بالآیە و فەرمانمداوە هەرچی زوویە کارەکەت رایی بکەن و کار بۆ دامەزراندنت بکەن. ئەو بیانووی بۆ ئەوە دینایەوە بۆ یادی ساڵوەگەڕی کودەتای بەعسیەکان زۆر سەرقاڵ بوون. بە تۆفیقی گوت با دکتۆر نیگەران نەبێ کارێکی باشی دەدەینێ لە باشترین نەخۆشخانە کە بەدڵی خۆی بێت.
ئینجا داوام لە نەعیم حەداد کرد کاتێک کەلوپەلەکانم گەیشتنەوە بەسرە لە هەقی گومرگ لێم خۆشبن. ئەویش دەستی لەسەر چاوی داناو یادداشتی کرد. ئینجا بەزۆر دوو سەد دیناری دامێ بۆ خەرجی رۆژانە تا کارەکەم رایی دەکرێ.
لە ماڵی حاجی هەستم بە غەریبایەتی نەدەکرد. حاجی کابرایەکی میهرەبان و خانەدان بوو، بەردەوام هەوڵیدەدا ئێمە نیگەران نەبین. خاتوو سەعدیەی هاوسەری، بەردەوام لەگەڵ حاجی شەڕوهەرایان بوو، زوو زوو دەتۆرا. حاجی محەمەد بۆ ماوەی چوار مانگان بەو پەڕی دلآوایی پێشوازی لێکردین. ئەو کابرایە هەتا قەرەوێڵەی خەوتنی خۆی دابوو بە ئێمە و ئیسراحەتی لە خۆی هەڵگرتبوو. ئەو پیاوە بەڕێزە بۆ ئەوەی نیگەرانییەکانی من برەوێنێتەوە رۆژانی هەینی کۆڕێکی گەرموگوڕی ساز دەکرد و کۆمەڵێک خەڵکیشی بانگهێشت دەکرد.
هەموو خەرجی بنەماڵەکەم لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا لە ئەستۆی ئەو بوو. ئەو پیاوە هەرگیز ناوچەوانی تێک نەنا. دەکرێ حاجی محەمەدی رەشادی بە پیاوێکی گەلێک گەورە لە قەڵەم بدەین لەو دەوروزەمانەدا کە هاوتای نەبوو.
کوڕە گەورەکەی سەمیر لە سەرەتای پایزی ١٩٧٥ لە لوبنان گەڕایەوە گەنجێکی دڵپاک و میهرەبان و نەجیب زادە بوو. هەرگیز چاکەو رێز و خۆشەویستی ئەوان لەبیر ناکەم. حاجی هەموو رۆژێ بەیانیان زوو دە دیناری دەدا بە خێزانی یان بە بووکەکەی تا خواردن و میوەی رۆژانە بۆ میوان و بنەماڵەکەی بکڕێ و خواردنی باش بۆ هەموان ئامادە بکات. هەرکاتێک کۆڕێکی خۆمانەمان ساز دەکرد، حاجی

کاسێتی گۆرانی کوردی ئەی دکتۆر ئەی دکتۆری هونەرمەندی ناودار حەسەن زیرەکی دەخستە سەر و بەگوێگرتن لەو گۆرانیە خۆشە کەیف ساز دەبووین.
ئەو سێ هەزار دۆلارەی لە سۆڤیەتەوە لەگەڵ خۆم هێنا بوو، بە ئەمانەت لە لە دوکانێ لە سندووقی حاجیم هاویشت، ئەویش بۆ رۆژانی مەباداو، رۆژانی رەش. هەر لە هەمانکات گرفتار و چارەڕەش ببووین. بەڵام حاجی نەیدەهێشت دەست لەو پارەیە بدەین. رۆژانی زیندانی سیبریایم وەبیر دەهاتنەوە و دەمگوت خۆزگە هەر لەوێبام نەک لێرە. لەو بارودۆخە نالەبارەدا هیچ شتێکم لەدەست نایەو دوو خاتوونی بێتاوانیشم بە خۆمەوە گرفتار کردوون. لە ماڵی حاجی زۆر بەسترا بوومەوە، لەبەرئەوەی لەوپەڕی هەبوونەوە کەوتبوومە ئەم رۆژە رەشەوە و داڕما بووم. هیچ شتێکم لە دەست نەدەهات و نەشمدەویست ببمە سەرباری خەڵکانی دیکە. بێنەو بەرەی ئیداراتی عێراق لەلایەک و دڵەڕاوکێ و بێکارییش لەلایەکی دیکە لەناویان بردبووم.
دوای دوو مانگ هێنان و بردن ئێوارەیەک کاک تۆفیق بە کەیفەوە هاتە ماڵی حاجی گوتی بە فەرمانی سەرۆککۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر لە وەرگرتنی گومرگی کەلوپەلەکانی ماڵێ و نۆڕینگەت خۆشبوون کە لەگەڵ خۆت هێناون.
ئەوەم بەلایەنی سۆزەوە وەرگرت. دوای دوو هەفتەی دیکە چوومەوە لای نەعیم حەداد، داوام لێکرد پەلەبکرێ لە ڕایی کردنی کارە ئیداریەکانم و هێندەم نەهێنن و نەمبەن، چونکە ئەوەی پێویست بووە هەم لە بەڵگەنامەی خوێندن و هەروەها مانەوەم لە عێراق ئەوەی پێویست بووە کردوومە. ئەوجارە نەعیم حەداد پرسی لە ئەسڵدا خەڵکی کوێی؟ ئەو باش دەیزانی من ئێرانیم و بەهەزار فرت و فێڵ لە سۆڤیەتەوە بۆ ئێران داوەتی عێراق کراوم. منیش بەپێی ئەو شتانەی پێشتر باسم کردبوون گوتم باوکم لە سلێمانی لەدایکبووە، ئینجا باسی شۆڕشی شێخ مەحموودم کرد کە دواتر چوونەتە ئێران، بەڵام هەندێک دەڵێن من لە عێراق و هەندێکیش دەڵێن لە ئێران لەدایکبووم. نەعیم حەداد گوتی کێشە نییە باوکت خەڵکی کوێبێت تۆش خەڵکی ئەوێی! هەروەها گوتی لەگەڵ وەزیری دەرەوە قسە دەکەم، بەڵام نازانم چۆن دەبێ. ئەو بەڵام و ئەشکەنجە روحیە دوومانگییە بە تەواوی نائومێدیان کردبووم و گەیشتبوونە بنبەست. نە رێگای گەڕانەوەمان هەبوو نە چوون بۆ ئێران. لەبەر ئەوەی پەساپۆرتی عێراقی تەنیا هاتن بوو بۆ عێراق، ئەویش کرا. ئەگەر ویستبام پاسەپۆرتی عراقی

وەربگرم دەبوایە ناسنامەی عێراقیم هەبوایە ئەویش مەحاڵ بوو، بۆخۆیشم بە هیچ شێوەیەک لەبیری وەرگرتنی ناسنامەی عێراقیدا نەبووم. لەبەر ئەوەی دەمدیت چەندین ئێرانی سادەو بێ نەوا کە نەفرەتیان لە شا دەکرد، ناسنامەی عێراقیان وەرگرتووە و بوونەتە پیاو و سیخوڕی عێراق و لەژێر باڵی ئیدارەی ئەمندا بوون و نانی بەکرێگیراویان دەخوارد. مردن باشتر بوو لەو ژیانە نەنگییە.
لەو پەڕی نائومێدی و پەرێشانی بە درەنگەوە گەڕامەوە ماڵێ، نانی شێوانم بە گەروویدا نەچوو. لە بیرکردنەوەدا دەتلامەوە، نیگەرانیم گەیشتبووە ئەو پەڕی خۆی کە خەریک بوو بتەقێتەوە.
خاتوو رەعناو کچەکەم چوون بخەون، هەر زوو خەویان لێکەوت. لە حەسارێ بە تەنیا پیاسەم دەکرد بە بیرێکی ئاڵۆزەوە لە کێشمەکێش دابووم. خەریکبوو توانای بەرەنگاریم لەدەست دەدا، نیازی ئەوەم هەبوو خۆم بکوژم. گوتم با بۆ دواجار تەلەفۆنێک بۆ ئێران بکەم و لەگەڵ یەکێک لە خزمان چەند قسەیەک بکەم. ژمارە تەلەفۆنی کاک میرزا خەلیل محەمەد جانی زاوام لە دەفتەرۆکە دیتەوە. حاجی لەسەربانی خەوتبوو کەس ئاگای لە تەلەفۆنی من نەبوو. شەوڕاشکا بوو ژمارەکەم لێدا. ژمارەکەی ئێران وەرگیرا، ئەوەی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت خاتوونێک بوو. پرسیم ماڵی میرزا خەلیلە گوتی بەڵێ، ئەو کەسە دوای بیست و هەشت ساڵ دووری دەنگی منی ناسیەوە گوتی کاکە ئەوە ئەتۆی؟ دکتۆر گیان چۆنی؟ من هاجەرەی خوشکتم. قوڵپی گریان گەرووی گرتبووم و فرمێسک بە چاوانمدا دەهاتنەخوار. بەزەحمەت توانیم هەواڵی بپرسم. گوتم باشم، بەڵام ئەگەر نەمتوانی بگەڕێمەوە ئاگاتان لە خاتوو رەعناو ژیکەڵە بێت! گوتم بە حاجی باقی باوکی خاتوو رەعنا بڵێ خۆی بگەیەنێتە لای کچەکەی ئەگەر دەتوانێ رزگاری بکات.
لەبەر ئەوەی حاجی باقی پێشتر هات و چۆی عێراقی دەکرد، شارەزا بوو خەڵکێکی زۆریشی دەناسی. بە چەند وشەیەک مەبەستەکەم وەک وەسیەتێک دەربڕی بۆ ئەنجامدانی کارێکی ناشایستە کە لەمێشکمدا هەبوو. ویستم بۆ دواجار تەماشای قەلافەتی بێچارە و بێ تاوانی خاتوو رەعنای هاوسەرم و کچەکەم بکەم. لەسەرخۆ چوومە لایان، سەیرمکرد فریشتە ئاسا کەوتوونەتە خەوێکی قووڵ و ئاگایان لەو بیرەترسناکەی من نییە، زۆر گریام و هاتم و چووم. کەسێک نەبوو بڵێ بۆچی بەو نیوەشەوە ناخەوی؟ لەناکاو وەک برووسکەیەک لە غەیبەوە رایچڵەکاندم، وەک ئەوەی

بڵێ: لەناوکێشەو گرفتەکاندا دەبێ وەک بەرداشی زێڕی ئاش بی، وام هاتە خەیاڵ باشە ئەگەر نیازی کوشتنی خۆت هەیە ئەی نازانی ئەو دوو بەستەزمانە چییان بەسەردێ؟ هەموو دەڵێن کابرایەکی ترسنۆک بوو توانای خۆڕاگرتنی ئەو دۆخە سەختەی ژیانی نەگرت.
لە دڵی خۆمدا گوتم ئەو کردارەت ئارەزووی بەعسیەکانە کە دەتەوێ بیکەی. ئەوان دەڵێن ئێمە نەمانکرد چ باشتر ئەوە بۆخۆی بە دەستی خۆی ئەنجامیدا و دەبێتە پەڵەیەکی ڕەشیش بۆ هەمیشە. هاتمەوە سەرخۆ، چووم دەست و دەموچاوم شووشتن و گەڕامەوە لای هاوسەرو کچەکەم و لێی خەوتم.
لە خەونمدا دیتم لە بیابانێکی کاکی بەکاکی و ترسناک ڕێگام لێ ونبووە. لە دوورەوە چاوم بە کەسێک کەوت مەشخەڵێکی بە دەستەوە بوو پێیدەگوتم قادر وەرە، مەترسە لەو گێژاوە ڕزگارت دەبێ! لە خەو ڕاپەڕیم و هیچم لای کەس باس نەکرد.
لە ناوەڕاستی مانگی خەرمانانی ١٩٧٨ خەبەریان بۆ هێنام کەلوپەلەکانم دوو مانگ دەبێ گەیشتوونەتە بەسرە. دەبێ هەرچی زووە بێ وەریان بگرێ و کرێی کۆگاکردنەکەشی بدات کە پارەیەکی زۆرە، دەنا سزا دەدرێ.
کاری ئیداری و هاوتاکردن زۆر بە سستی دەچوونەپێش. چوار مانگی تەواو لە هاتوچۆدا بووم ئەویش بە گوشارێکی زۆری روحیەوە لەگەڵ ئەو گەمژانەدا. بەڵگەنامەی دیبلۆم و بەڵگەنامەکانی دیکەی خوێندنم بە زۆری و گوشاری نەعیم حەددادی جێگری سەددام حسێن لە ماوەی چوار مانگدا هاوتاکردنیان بۆ کرا. تەنیا هاوتاکردنی پسپۆڕێتی نەشتەرگەری مابووەوە، دیبلۆمی پسپۆڕێتی ژینیکۆلۆژی پاریس هاوتاکرابوو. دیبلۆمی پسپۆڕێتی نەشتەرگەری لە وەزارەتی تەندروستی ونببوو، هەر دەیانگوت ئەمڕۆ بڕۆ سبەی وەرەوە.
دوای هاوتاکردنی سەرەتایی دوو دیبلۆم، لەسەر خواستی خۆم و ڕاوێژی دۆستان رەوانەی نەخۆشخانەی کۆماری شاری هەولێر کرام. ئێستا ئەوە مابوو کەلوپەلەکانی ماڵێ لەوێوە بۆ بەغدا یان بۆ هەولێر بگوازمەوە.
لە هەولێر بێجگە لە بنەماڵەی مامۆستا گیو موکریانی کەسی دیکەم نەدەناسی. ئەو کاتەی لە سۆڤیەت بووم نامەگۆڕینەوەمان هەبوو، ئەویش چەند مانگێک دەبوو کۆچی دوایی کردبوو، کەسم نەدەناسی و بە ماڵەکەشیانم نەدەزانی.

یەکێک لە دۆستەکانی حاجی محەمەدی ڕەشادی کە شەریکیشی بوو ماڵی لە هەولێر بوو، گوتی بچۆ ماڵی ئەوان تا خانوویەک پەیدا دەکەی. ئەو کابرایەش بە حسێنی زێڕنگەر ناسراوبوو.
پێش ئەوەی بچمە بەسرە ڕۆژێک لە ماڵی حاجی محەمەد دانیشتبووین، کە شەوکەت فایق پەیدا بوو. شەوکەت عەرەبی بەسرایی بوو، قوتابی کۆلێژی ئەفسەری هێزی دەریایی بوو کە لە باکۆ دەیخوێند و هاتووچۆی ماڵی ئێمەی دەکرد، نازانم چۆنی زانیبوو لێرەم. کاتێک لە باکۆ بووین خوازبێنی کچەکەی لێکردم، بەڵام لەبەرئەوەی بەعسی بوو بە قسەی شیرین و زمانی لووس لە کۆڵ خۆمان کردەوە. ئێستاش هاتبوو دەیویست بۆ ماڵی خۆیان بانگهێشتمان بکات. چی لەوەی باشتر! لە ئیدارەی گومرگی بەسرە دەستیان بەسەر کەلوپەلەکاندا گرتبوو، بۆیە ئەگەر بۆخۆم نەچووبام وەرنەدەگیرانەوە، ئێمەش بانگهێشتنەکەی کاک شەوکەت فایقمان قبووڵ کرد. دوای ئەوەی ناونیشانمان لێوەرگرت، دوای چەند ڕۆژێک چووینە بەندەری بەسرە، کاتێک چووینە ماڵی شەوکەت باوک و دایک و خوشک و براکانی پێشوازیەکی شاهانەیان لێکردین و دە ڕۆژان لەوێ ماینەوە.
بە هەوڵوکۆششێکی زۆری باوکی شەوکەت و بە هەزار زەحمەت دوای ئەوەی سەد و سی دیناریان هەقی جێگای کەلوپەلەکان لێوەرگرتین. بێ پشکنین لەبەر ئەوەی لە هەقی گومرگ بەخشرابووین کە گۆڤاری ئەلسەقافەی عێراقی بڵاوکرابۆوە بە ژمارە ٢٦٧٠ دووشەممە بیست و پێنجی ڕەمەزان ٢٨/ ئابی ١٩٧٨ ژمارە ١٠٦٢ لاپەڕە ١١٤١ بە پێی فەرمانی سەرۆککۆماری عێراق ئەحمەد حەسەن بەکر کە هێشتا دوای دوو مانگ پێیان ڕانەگەیەنرا بوو، هەر بۆیە بەپێی فەرمانی چاپکراو لە گۆڤاری ئەلسەقافە بەبێ وەرگرتنی گومرگ کەلوپەلەکانیان داینەوە.
کەلوپەلەکانمان لە ئۆتۆمبێلێکی گەورەی باری بارکردن و بە ناونیشانی ماڵی کاک حسێنی زێڕنگەر بەرامبەر مزگەوتی حاجی بەکر ڕەوانەی هەولێر مان کردن و بۆخۆشمان بەسواری شەمەندەفەر گەڕاینەوە بەغداو لەوێشەوە چووینە هەولێر. لە هەولێر کەلوپەلەکانمان وەرگرتنەوە و لە ماڵی حسێنی زێڕنگەر و گەراجی کوڕەکەی حاجی بەکر و دۆستی حاجی محەمەد دامانانن، بۆ بەیانی هەموو کەلوپەلەکانمان بردنە نهۆمی سەرێ و خوارێی ماڵی کاک حسێنی زێڕنگەری هەولێری و لەوێ دامانانن.

فەرمانی دەستبەکاربوونم بەبێ دەست نیشانکردنی بڕی مووچە لە نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر بۆ ماوەی ساڵێک تا ناسنامەی عێراقی وەردەگرم و بە فەرمی دادەمەزرێم، لە ناوەڕاستی پایزی ١٩٧٨ فەرمانەکە دەرچوو لەبەشی نەشتەرگەری دەستبەکار بووم. بەڕێوەبەری نەخۆشخانە دکتۆر عەبدولڕەزاق دەباغ بوو، پیاوێکی قەڵەو یەکێک لە دەوڵەمەندەکانی هەولێر بوو، خاوەنی گوند و کێڵگەیەکی زۆر بوو. ئەو پیاوە تەمەن پەنجا ساڵە بنیادەمێکی چاوچنۆک و دڵناسک و لەخۆڕازی و زمان لووس بوو، لەلایەن حزبی بەعسیشەوە جێگەی متمانە بوو. ئێوارانیش نۆڕینگەی هەبوو. داهاتێکی زۆری لە نەخۆشخانەو نۆڕینگەکەی دەست دەکەوت. نۆڕینگەکەی لە ناوەڕاستی شار بوو، سەروەتی زۆر چاوی ئەو کابرایەی پڕ نەدەکرد شەو و ڕۆژ خەریکی وەسەریەکنانی سامان بوو.
ئەو دکتۆر دەباغە چەند جارێک هاتە ماڵمان و بۆ یانەی پزیشکان داوەتی دەکردم. لەپێشدا پێموابوو هەڵسوکەوت و خۆشەویستی ئەو تەنیا لەبەر ئەوەیە کەسێکی غەوارەم بۆیە هێندە ڕێزم دەگرێ. هەتا دەمگوت لەوانەیە دڵی بەحاڵی کەسانی وەک من بسووتێ کە بیست و هەشت ساڵە دوورە وەڵاتم و هاتوومەوە بۆ عێراق و لەژێر چەنگاڵی ڕژێمێکی خوێنخۆری وەک سەددام ژیانێکی پڕ لە ترس بەسەردەبەم.
لە مانگی یەکەمدا سەردانی نەخۆش بۆ نۆڕینگەکەم کەم بوون، مووچەم لە نەخۆشخانە بەلەبەرچاو گرتنی حەڤدە ساڵ کاری پزیشکی سەد و سی دیناریان بۆ بڕیبوومەوە، ئەویش بەمەرجێک تا ساڵێک کارەکەم یەکلایی دەبێتەوە. جێگری فەرمانگەی پاسەپۆرت گوشاری بۆ دێنام زووتر ناسنامەی عێراقی وەربگرم، بۆ ئەو مەبەستە نامەیەکیشی بۆ فەرمانگەی باری کەسێتی بۆ نووسیبووم، بەڵام ئەو نامەیەم لە ماڵێ هەڵگرتبوو. هەرجارێک پرسیاری دەکرد چیت کردووە؟ بە نیگەرانییەوە دەمگوت تا ئێستا هیچم بۆ نەکراوە. لە وەزارەتی تەندروستیش زوو زوو ئاگاداریان دەکردمەوە زوو ناسنامە وەربگرم دەنا لە نەخۆشخانە دەردەکرێی.
بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر دەربکرێم بچمە کوێ، بۆیە دەبێ چیبکەم؟
چوار مانگ سەرگەردانی و پێنج مانگیش کارکردن لە نەخۆشخانە تێپەڕی. بەردەوام لەژێر چاودێریدا بووم، هەم لە نەخۆشخانەو هەم لەو خانوەی بەکرێشم گرتبوو. لە نەخۆشخانە سێ کەس لە دکتۆر و بەرپرسی بەشەکان چاویان لەسەرم بوو.

زوو زوو محەمەد زیوەری ئەمین عام یان باشترە بڵێم بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی هەولێر کە کابرایەکی خۆفرۆش و پیاوی بەعس بوو خەبەری لێدەدام. محەمەد زیوەر کابرایەکی قەڵەوی دووڕوو نۆکەری بەعسیەکان بوو. سەروەت و سامانێکی زۆری لەژێر سایەی بەعسیەکان کۆکردبۆوە، لە هەموو شەڕەکانی ناوچە کوردستانییەکاندا دەستی هەبوو. نەمدەزانی چ نەتەوەیەکە، زیاتر بە تورکی تێکەڵاو قسەی دەکرد. زۆر لەگەڵم رووناخۆش بوو. هەرکاتێک هەواڵی دەپرسیم چ بە تەنیاو چ لەناو خەڵک ئەو ستەمەی لێمکرابوو نیگەرانی خۆم دەردەبڕی.
هەرکاتێک کاری نەشتەرگەریم دەکرد دکتۆر عەبدولڕەزاق دەهات تەماشای دەکردم. منیش ئەو نەشتەرگەیانەی گەورە بوون کە ئەو خۆی لێ لادەدان لە بەشەکەی خۆم کە بەرپرسی ئەو بەشە بووم دەمدانە نەشتەرگەرە کەم ئەزموونەکان و بۆخۆیشم یارمەتیم دەدان. ئەو کارەم جێگەی پەسەندی ئەو نەبوو، بەرەبەرە بێ حەوسەلە دەبوو، خەریکی پیلاندانان بوو.
لە ماڵی خۆشمان سەیدێک پەیدا ببوو بەناوی ئەرسەلان، خەڵکی رانیە بوو. پێشتر شورتە بوو، ئەو کابرایە نەخۆشی دێنانە ماڵی ئێمە و لەگەڵ ئەوەشدا جاسووسی بەسەرمەوە دەکرد. هەموو قسەو هەڵسوکەوتێکی منی بە ڕاپۆرت بۆ ئەملاو ئەولا دەبرد. ئەو خانوەی کە بە بڕی هەزار و دوو سەد دینار بە ئیجارم گرتبوو بۆ ماوەی ساڵێک لە هەولێر لە گەڕەکی سەیداوا. خاوەنی خانوەکە ناوی تەحسین گوێ قووت بوو. لە مانگی گەڵاڕێزانی ساڵی ١٩٧٨ خانوەکەمان بەکرێ گرت و نۆڕینگەیەکیشم هەرلەوێ کردەوە.
تەحسین گوێ قووت هەر لە سەرەتای کردنەوەی نۆڕینگەکە گوتی جاسوسیان لەسەر داناوی و دێنە ماڵەکەشت بۆیە دەبێ وریای خۆتبی. هەرگیز پێموانەبوو ئەو سەیدە نمەک بە حەرامە کە نان و نمەکی کردووم خیانەتم لێبکات. لەگەڵ ئەوەی هیچ شتێکی نهێنیم نەبوو تا لێی بترسم، لەگەڵ ئەوەی ئەو کابرایە جنێوی بە سەددام حسێن دەداو دەیگوت دڕندەیە، بەڵام من ئامۆژگاریم دەکرد و دەمگوت کارت بە بەرپرسانی دەوڵەتەوە نەبێ. ئەو ناپیاوە تا ئەو کاتەی لە عێراق وەدەرکەوتم دەیویست تەڵەیەکم بۆ بنێتەوە و بمخاتە داوی بەعسیەکان.
شەوانە خەڵکی دەناردە سەربانی ئێمە یان خەڵکی گوماناوی بە ناوی نەخۆشەوە دەناردنە ماڵێ تا نیازە پیسەکانیان بێننەدی. چەندین جار لەگەڵی چوومە قەڵادزێ و

رانیه هەتا جارێکیش لەگەڵی چوومە سلێمانی، بەڵام لە هەموو جارەکاندا قەڵافەتی دزێوی خۆی بە جۆرێک دەردەخست و وای لێدەکردم بێدار ببمەوە.
فرت و فێڵ و پیلانەکانی دکتۆر عەبدولڕەزاقیش بەرەبەرە کاری خۆیان دەکرد. لەگەڵ یەکێک لە دکتۆرە باش و پیاوچاکەکان پرسوڕاوێژم کرد، گوتی خۆت وەک شێتان نیشانبدە، ڕۆژێک وەرە بۆ نەخۆشخانەو ڕۆژێک مەیە لە شەقامەکانی هەولێر بسووڕێوە و لەبەرخۆتەوە قسان بکە، هەندێجار شووتییەک یان هەندێک تەماتەو خەیار لە جانتایەک باوێ بەشانیدا بدەو بیبەوە ماڵێ. لەبەرئەوەی لێرە دکتۆرەکان ئەو کارە ناکەن، هەموویان ئۆتۆمبێلیان هەیە و دەست لە ڕەش و سپی نادەن، لە ماڵێ کارگوزاریان هەیەو شایانە دەژین. ئەگەر تۆ بە پێچەوانەی دکتۆرەکانی ئێرە بجووڵێیەوە ئەوە دەڵێن شێت بووە لەوانەیە زووتر پێتڕابگەن و زووتر بتنێرنەوە وەڵاتی خۆت. لەگەڵ کەسیش باسی هیچ مەکەو ئاگات لە خۆتبێ.
لە کۆتایی بەهار و سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٧٩ بە چەندین جۆر باجیان لێوەردەگرتم و بە جۆرەها شێوە ئازاریان دەدام. کاتێک بە شەقامدا دەڕۆیشتم لە گیانی خۆم ئەمین نەبووم، لەبەرئەوەی پلیشانەوە لەژێر ئۆتۆمبێلدا زۆر ئاسان بوو، ئەو دەستەش بەو دەستەی نەدەزانی.
لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ خۆپیشاندان و جوڵانەوەی ئازادیخوازانە لە ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر و گشتگیرتر دەبوو. زۆربەی ئازادیخوازان چ کورد چ عەرەب هاوسۆزی ئەو جوڵانەوەیە بوون بۆ دەرباز بوون لەو ستەمی شاهەنشاهی و خەباتیان دەکرد. لە کۆڕ و کۆبوونەوە تایبەتییەکاندا باسی قارەمانێتی گەلانی ئێران دەکرا بەتایبەتیش کاتێک بیستمان خومەینی لەژێر گوشاری سەددام و بەعسیەکان ناچار بوو عێراق بەجێبهێڵێ و ڕووبکاتە دەوڵەتی کوەیت. بێگومان لەبەرخاتری شا وایان پێباشبوو خومەینی بنێرنە فەرەنساو لەوێوە بگەڕێتەوە بۆ ئێران.
شەوێک لە کۆڕێکی دۆستانەدا دانیشتبووین کە کۆمەڵێک کەسی زاناو دکتۆر و شاعیری لێبوون، بە بۆنەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دەستمانکرد بە شایی و هەڵپەڕین و پیرۆزباییمان لە یەکتر دەکرد. لەو شەوەدا زۆر قسەوباس کران. نۆرە گەیشتە من بێ ترس و دڵەڕاوکێ دەستمپێکرد و خۆشحاڵی خۆم بەو بۆنە پیرۆزەوە دەبڕی کە گەلانی ئێران لەژێر چنگی ڕژێمی ستەمکاری پەهلەوی ڕزگاری بوو. هەموو گوتیان ئەوە ئاسۆی ئازادی کوردە. هەموو پێیان دەگوتم ئاسۆ. من کە ئێرانی و

یەکێک بووم لە لایەنگرانی ئەو بزووتنەوە رزگاری خوازیە، ناویان لێنام ئاسۆ. ئەو ناوە پیرۆزەم لێ نراو بوو بە ناسناوم، لەسەر تابلۆی نۆڕینگەکەشم نووسیم ئاسۆ. خەڵکی عێراق بە کورد و عەرەب و تورکمانەوە کە پەیوەندیم لەگەڵیاندا هەبوو، لە کۆڕ و کۆبوونەوە و لە نۆڕینگەکەم ریزی زۆریان دەگرتم. لە سەعات شەشی بەیانی تا دوازدەی شەو لەبەردەرگای نۆڕینگەکەم خەڵک کۆدەبوونەوە.

لە پایز و زستانی ١٩٧٨ خۆپیشاندان و رووداوەکان بەرەو گەورە بوون دەچوون و رەنگێکی دیکەیان بەخۆوە دەگرت. شا لە ئێران دەرپەڕێنرابوو، خومەینی جێگای گرتبۆوە. ئومێدی گەڕانەوەم بۆ نیشتیمان زیاتر ببوو. من هەقی چوونە دەرەوەم نەبوو لە عێراق، تۆڕی سیخوڕی سەددام حسێن لە ماڵێ و کۆڵان و بازاڕ و نەخۆشخانە، دەورەیان تەنیبووم. لە گیانی خۆیشم ئەمین نەبووم. خەڵکانی گوماناوی زوو زوو دەهاتن و دەچوون.

زوو زوو دەچوومە بەغدا. پازدە رۆژ دوای هەڵاتنی شا بەسەرکێشیەکی ترسناک چوومە سەفارەتخانەی ئێران لە بەغدا و خۆم پێناساندن و داوای گەڕانەوەم کرد. ئەو باڵیۆزەی رژیمی شا کە لەوێ مابۆوە و کابرایەکی باشبوو، ئومێدی ئەوەی دامێ لە چنگ رژیمی خوێنخۆری سەددام رزگارم دەبێ و گوتی دوو هەفتە ناخایەنێ مۆڵەتی گەڕانەوەت لە وەزارەتی دەرەوەی ئێران بۆ وەردەگرین.

زۆر دڵخۆش بووم. چوومەوە ماڵی حاجی محەمەد کە خاتوو رەعناو کچەکەم لەوێ میوان بوون. بەڵام چوونم بۆ سەفارەتخانەی ئێران بێجگە لە خاتوو رەعنا بە هیچ کەسی دیکەم نەگوت ئەوەم وەک نهێنییەک پاراست. لەبەرئەوەی ئەگەر ئەو بابەتە گەیشتبایەوە سیخوڕەکانی بەعس لەوانەبوو تووشی کێشەیەکی گەورەم بکەن.

هەر ئەو کاتەی لە ماڵی حاجی محەمەد بووم و بەسەرگەردانی مابوومەوە لەگەڵ کاک تۆفیق چووینە لای نەعیم حەدداد و داوامان لێکرد بوو تا کارەکەم یەکلایی دەبێتەوە لە نەخۆشخانە کارم بدەنێ، مۆڵەتەکەشم تەنیا بۆ یەک ساڵ بوو، کارە ئیداریەکانیش بە گوتەی عێراقیەکان ئەوەندە رۆتین هەبوو، ئاوێ پێیانت دادەهات.

لەوە نیگەران بووم تا چارەنووسم یەکلایی دەبێتەوە، ئەگەر لەکاری پزیشکی بە بیانووی ئەوەی ناسنامەی عێراقیم نییە دەرم بکەن بە خۆم و بنەماڵەوە تووشی چ رۆژگارێکی رەش دەبین. نە دەتوانین بگەڕێینەوە سۆڤیەت، ئەدی ئەگەر لە ئێرانیش مۆڵەتی گەڕانەوەیان نەدام چیبکەم.

نەعیم حەداد گوتی دەبێ لەکوێوە عێراقی بوونت بسەلمێنی. گوتم باوکم خەڵکی سلێمانییە و لەوێ لەدایکبووە، بەڵام لە زەمانی حکومەتی عوسمانی هیچ سجل و تۆمارکردنێک نەبووە بۆ سەلماندنی. قسەکانم لۆژیکی بوون. خۆ ئەگەر داوای ناسنامەی عێراقیشم کردبا داوای هەندێک کاریان لێدەکردم کە لەگەڵ من نەدەهاتنەوە. ئەو عێراقەی لە نزیکەوە دەست و پەنجەم لەگەڵ نەرم کردبوو، لەگەڵ ژیانی من نەدەهاتەوە.

ئەو جێگایەی کاری پزیشکیم لێ دەکرد شاری هەولێر بوو، زۆربەی خەڵکەکەی کورد بوون، بەڵام زمانی خانەدانییان لە ماڵ و کۆڕەکاندا تورکییەکی شەق و شڕ بوو. کە نە بە زمانی تورکی ئەستەمبوڵی دەچوو نە وەک زمانی تورکی دەوروبەری کەرکووک دەچوو. ئەو زمانە شەق و شڕە داسەپێنراوە پاشماوەی ساڵانی چەوساندنەوە و هاتوچوونی کاروانی تورکەکانی تورکیا بۆ بە غداو بەسرە بوو، هەولێریش وەک کاروانسەرای داگیرکارانی تورکی عوسمانی تاڵانیان دەکرد و خەڵکەکەیان دەچەوساندنەوە و وەک کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن، لە گیانی یەکتریان بەردەدان و بۆ خۆشیان تەماشایان دەکردن، لە شەڕ و هەرای کوردەکانیشدا سوودێکی زۆریان وەردەگرت و گیرفانی خۆیان پێ پڕ دەکرد و خاکی زێڕینی ئەوانیان داگیر دەکرد.

ساڵانی ساڵ مافی ئەو خەڵکەیان پێشێل کردبوو کە شەهامەتی گەلێک و نەتەوەیەک بوون، دەچوون سیخوڕیان بۆ دەکردن لاسایی زمانی داگیرکارانیان دەکردەوە. ئێستاش ئەو گەلە ستەمدیدەیە بە شانازییەوە و بە یادی ئەو رۆژگارە ڕەشەوە بە زمانی ئەو داگیرکارانەوە قسەیان دەکرد. زمانێک کە نە وەک تورکی دەچوو نە وەک کوردی، هەتا نەدەکرا ناوی بنێی زمان.

لە ناوەڕاستی بەهاری ١٩٧٨ بیستم ئەنوەر دڵسۆزی هاوڕێی سۆڤیەتم لە مۆسکۆ وە گەڕاوەتەوە بەغداو لە وەزارەتی رۆشنبیری کارێکی باشیان داوەتێ. ئەنوەر دڵسۆز دەیزانی لە هەولێرم، لە مۆسکۆش پێشتر بەڵێنی زۆری پێدابووم کە لە هەولێر خانوویەکی باشی هەیە و هەرکاتێک چوومە عێراق خانوەکەم بداتێ تێیدا بژیم. کاتێک هاتمە هەولێر و برایەکیم دیتەوە نە خانوویەکی هەبوو نە هیچ. ئەوە تەنیا خۆڕانان و کەشوفشێک بوو دەیکرد. بە کورتی جەنابی ئەنوەر دڵسۆز کاتێک هاتەوە هەولێر لەلایەن براکەیەوە کۆڕێکی شاهانەی بۆ ساز کردو خەڵکێکی زۆری لە کەسانی کاربەدەستی دەوڵەتی بانگهێشت کرد.

دوای ئەوەی نانی شێوانمان خوارد قسەوباس گەرم بوون. بەو زمانە شەق و شڕە قسەیان دەکرد، دەتگوت دەرزی ئاژنم دەکەن. لەو کۆڕەدا یەکێک لە خزمەکانی ئەنوەر دڵسۆز کە لە دایرەی ئەمن کاری دەکرد، کۆڕەکەی دەگێڕا، کابرایەکی چل ساڵەی بەخۆوە و سیمایەکی داخ لە دڵانەی هەبوو. دیارە من نەمدەزانی چییەو چ کارەیە، من پشت ئەستوور بە هاوڕێیەتی کاک ئەنوەر، بتوانم قسەیەک بکەم و هەندێک گلەیی دەرببڕم.

گوتم ئەگەر بە زمانێکی دیکەی زیندووی ئەدەبیتر لە زمانی کوردی قەسەتان کردبا، بەلامەوە ئاسایی بوو، بەڵام ئەو زمانەی قسەی پێدەکەن خەڵکانی زاناو دانا قسەی پێناکەن. بەلامەوە سەیرە کە بە زۆر بەسەر باب و باپیرانتاندا سەپێنراوە و هێشتا درێژەی پێدەدەن!

ئەو قسەیەم رائیدی دایرەی ئەمنی زۆر تورەکرد و گوتی، جەنابی دکتۆر ئەگەر هاوڕێی خاڵە ئەنوەرم نەبای بە جۆرێکی دیکە هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکردی. قسەکانیشتم بیستوونەوە کە دەربارەی شۆڕشی گەلانی ئێرانت کردوون بەڕێبەرایەتی ئیمام خومەینی، ناویشت لە لیستی ڕەشدایە بۆیە ئاگات لەخۆتبێ و لە بەرەی خۆت زیاتر پێ رامەکێشە! بەپێکەنینەوە رووم لە ئەنوەر دڵسۆز کرد، داوای لێبووردنم کردو گوتم، خوانەخواستە هیچ مەبەستێکی خراپم نەبووە، بەڵام مەبەستی من ئەوەیە هەر گەلێک لە کۆڕ و دانیشتنی ماڵاندا دەبێ بە زمانی زگماکی خۆی قسە بکات تۆش ئەوەت پێخۆش نییە؟

ئەنوەر دڵسۆز هاتە ناو قسان و بابەتەکەی بە لایەکی دیکەدا گۆڕی.

دوای دانیشتنەکە ئەنوەر دڵسۆز گوتی تۆ چ کارێکت بەوەیداوە بە چ زمانێک قسە دەکەن، ئەوانە هەر ئەو گەمژانەن کە پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر بوون و خۆیان بە تورک دەزانن و شانازی پێوە دەکەن.

بۆیە بیرم کردەوە کە دەبێ جۆری هەڵسوکەوتم بگۆڕم و وشیارتربم. لە نەخۆشخانەش لەگەڵ هەندێکان دەردەدڵم دەکردو خۆم لە زۆرانیش بەدوور دەگرت. خەڵکانێکی زۆر باش و بە ویقاریشم دۆزینەوە. زیاتر سەرنجم لەسەر ئەوەبوو لەو دۆزەخە رزگارم بێت. هەر لە هەوڵوکۆششدا بووم.

لە بەغدا میوانی برادەرێک بووم بە ناوی مامۆستا عەبدولڕەحمان کە یەکێک بوو لە پیاوە باشەکان. نیگەرانییەکانی خۆم لە لای باسکردن بۆ دەربازبوون لە عێراق و

گوتم، باڵیۆزی پێشوو پێیگوتم تا پازدە ڕۆژی دیکە کارەکەت رایی دەبێ. باڵیۆزی کۆماری ئیسلامیش هەر هەمان بەڵێن دەدات.
ئەو برادەرە خودا سەلامەتی بکات گوتی، لەپێشدا دەبێ مۆڵەتی چوونە دەرەوە لە سەددام حسێن وەربگری و دەبێ بەهانەیەک وەبینی. بۆ گەڕانەوە بۆ وەڵات هیچ ڕێگا چارەیەکم پێشک نەدەهات، مات و سەرگەردان بووم.
ئەو برادەرە گوتی من نەخشەیەکت بۆ دادەنێم کە ئینشائەڵلا تێیدا سەرکەوتوو دەبی. نیو سەعات مۆڵەتم بدە، نامەیەک بۆ سەددام حسێن دەنووسم، هیوادارم بتوانم نیشانەکە بپێکم و تۆش رزگارت بێ. ئەو پیاوە خواناسە چوو لە گۆشەیەکی ژوورەکەی دانیشت، قەڵەم و کاغەزی دەستدایەو خەریکی نووسین بوو.
دوای نیوسەعات بە خەتێکی جوان ئەو نامەیەی کە بە زمانی عەرەبی نووسیبووی بۆی خوێندمەوە. دوای تاریف کردنێک لە مرۆڤ دۆستی و دادپەروەری سەددام حسێن، نووسیبووی کە من سەروەتێکی زۆرم لە ئێران لە باوکمەوە بۆ بەجێماوە، ئێستاش کە دانیشتووی عێراقم و شانازی بە عێراقی بوونمەوە دەکەم داوا لەو ڕێبەرە ئازادیخوازە دەکەم بۆ ماوەی مانگێک مۆڵەتم بدات سەفەرێک بۆ ئێران بکەم تا بابەتی میراتە زۆرەکەم یەکلایی دەکەمەوە. لەبەرئەوەی هەموو سەروەتەکەی باوکم بە ناوی منەوە کراوە و وەسیەتی کردووە بیبەمەوە بۆ عێراق، تا بتوانم بەو سەروەتە نەخۆشخانەو قوتابخانەی پێ دروست بکەم کە لە ژێر سایەی ئەو ڕێبەرە مەزنە کاری باش و خێرۆمەندانەی پێبکەم.
ئەو نامەیەی هاوڕێکەم زۆر کاریگەر و هەڵخەڵەتێنەر بوو، گوتم ئەگەر ئەو نامەیە بگاتە دەستی حەتمەن جەنابی سەددام حسێن رازی دەبێت. ئیدی نامەکەم واژۆ کردو بە پۆست بۆ دەفتەری سەرۆکایەتی کۆمارم نارد، بۆ خۆم و بنەماڵەکەشم گەڕاینەوە هەولێر و چوومەوە سەرکاری خۆم.
لە سەرەتای هاوینی ساڵی ١٩٧٩ گوشاری روحی و نیگەرانی لە ئایندەی نادیارم وەزاڵەی هێنا بووم و لە هەموو شتێک بێزار بووم. وەڵامی نامەکەی سەددام حسێنم لە کۆتایی مانگی جۆزەردان بە دەست گەیشتەوە لە نەخۆشخانە. کاتێک نامەکەم خوێندەوە نووسرابوو دکتۆر عەبدولقادر مستەفا مۆڵەتی پێدراوە بۆ ماوەی مانگێک بە کەڵکوەرگرتن لە پشووی ساڵانە بچێتە ئێران. لە نامەکەی سەددام حسێن دا ناوی هاوسەرەکەم و کچەکەم نەهاتبوو، هەروەها باسی کەلوپەلی ماڵیشی تێدا باس

نەکرابوو، دەی ئەگەر وایە چیبکەم؟ بە مۆڵەتێکی دوو ڕۆژە چوومەوە بەغداو سەردانی سەفارەتخانەی کۆماری ئیسلامیم دەکرد تا هەرچی زووە کارەکەم یەکلایی بێتەوە و مۆڵەتی گەڕانەوەم بدەنێ. لە بنەماڵەکەمان تەنیا من ناسنامەی ئێرانیم پێبوو، ناسنامەی خاتوو ڕەعنا لە ئێران بوو ناسنامەی کچەکەشم تەنیا کارتێک بوو.
چوومە لای بەڕێز حوجەتولئیسلام دوعائی، ئەویش بەڵێنیدا هاوکارم بێت و مۆڵەتی گەڕانەوەم بۆ وەربگرێ. نوێنەری بەڕێز مەنوچێهری بێگدلی کە گەنجێکی چالاک و نیشتیمانپەروەر بوو، هاودەردی لەگەڵ دەکردم و زۆر هاوکاری دەکردم بۆ گەڕانەوە، بەڵام لە تارانەوە هیچ هەواڵێک نەبوو. چەندینجار سەردانی سەفرەتخانەی کۆماری ئیسلامیم کرد ئەویش لەو بارودۆخە ئاڵۆز و ترسناکەدا کە هەر جارێک لەگەڵ سەرکێشیەکی گەورەدا ڕووبەڕوو دەبوومەوە. هەروەها سەردانی ئەو کەسایەتیانەشم دەکرد کە لە عێراقدا دەستیان دەڕۆیشت بە تایبەتیش وەزیرەکان کە بەهۆی کەسانی باوەڕپێکراوی ئەوان داوای چوونە دەرەوەم دەکرد. هەموو دەیانگوت سەرۆک سەددام حسێن ڕێگای داوی بڕۆی ئێستا نۆرەی ئێرانە ڕێگات بدات. دەبێ ڤیزات هەبێ خۆ ناکرێ هەر ئاوا لە سنوور دەربازت بێت.
لە نەخۆشخانە دکتۆر عەبدولڕەزاق کابرایەکی بەعسی بوو بە نهێنی خەریکی پیلان داڕشتن بوو. بەرپرسی بەشی ژنان و منداڵبوونیش خاتوو ئومییە بوو کە ژنێکی چاوچنۆک و خراپ و دووڕوو بوو، تەنیا کەمێک شارەزایی لە نەخۆشی ژنان هەبوو، بەڵام توانیبووی هەندێک خەڵکی سادەو ساوێلکە هەڵخەڵەتێنێ و لە دەوری خۆی کۆیان بکاتەوە، لە ڕێگای دەڵاڵەکانیەوە بە پارە لە هەموو جێگایەکی کوردستان نەخۆشیان بۆ دێنا.
هاتنی من بۆ هەولێر زۆر لە نەخۆشەکانی ئەوی کەم کردبوونەوە، هەر ئەوەش بوو بە هۆکاری ئەوەی دژم بوەستێ و پیلانم بۆ دابڕێژێ. ئەو ژنە عەرەبی موسڵاوی بوو مێردەکەشی هەولێری بوو. ئومییە ئەندامی حزبی بەعس بوو یەکێک بوو لە کادیرە چالاکەکان لە ناو ژناندا. بەرپرسی نەخۆشخانە کە کابرایەکی باش و نەفس بەرز بوو بەرەبەرە کەوتبووە ژێرکاریگەری پڕوپاگەندەی شوومی محەمەد زیوەری ئەمین عام و عەبدولڕەزاق و ئومییە و لە وەرگرتنی مۆڵەت بۆ سەفەری بەغدا دژایەتی دەکردم. لەبەر ئەوەی دەبوو زوو زوو، یان هیچ نەبێ مانگی یەک دوو جار هاتوچۆی بەغدام کردبایە و چووبامە سەفارەتخانەی کۆماری ئیسلامی دەربارەی یەکلایی

بوونەوەی کارەکەم و گەڕانەوە بۆ ئێران، لەبەرئەوەی هەرچی زووتر دەربازبوونم لەو شوێنە ترسناک و پیلان گێڕیە چارەنووسساز بوو.
حاجی محەمەد کە پێشتر لە ماڵی ئەوان بووم هیچ ئاگای لە هاتوچۆی من نەبوو بۆ سەفارەتخانەی ئێران.
عەبدولڕەحمانی زەبیحی کە یەکێک لە پەنابەرانی کوردی ئێرانی بوو لە دەورانی رژێمی شاوە لە بەغدا نیشتەجێ بوو. لەلایەن بەرپرسانی کوردی عێراق ڕێزێکی زۆری لێدەگیرا، تا رادەیەکیش لەگەڵ دایرەی ئەمنی رژێمی سەددام پەیوەندی هەبوو. بەڵێنی هاوکاری پێدابووم بە مەرجێک لەگەڵ هیچ حزبێکی سیاسی پەیوەندیم نەبێ، لەوانەش حزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی عەبدولڕەحمانی قاسملوو و، حزبی توودە.
گوتم مامۆستای خۆم من رقم لە سیاسەت و سیاسەت بازییە. هیچ کاتێکیش بەدوای حزب و سیاسەتدا ناگەڕێم. بەڵام بە داخەوە بەڵێنەکانی ئەو دوورخراوە بەستەزمانەش هیچی لێ شین نەبوو. هەر زوو تێگەیشتم ئەویش هیچی پێناکرێ.
کابرایەک بەناوی مەلا عەبدولمەجید نەقشبەندی کە کەسێکی تا رادەیەک دەست و پێ گۆج بوو، زوو زوو دەهاتەلام و خەڵکێکی زۆری نەخۆشی لە گوندەکانەوە لەگەڵ خۆی دێنا. ئەو شێخە دەیگوت لەگەڵ دایکی سەددام حسێن ئاشنایەتیم هەیە و هاتوچۆی ماڵیان دەکەم، کارێک دەکەم مۆڵەتی چوونەوەت بدەنێ. بێئاگا لەوەی سەددام حسێن مۆڵەتی پێداوم، بەڵام تا ئێستا لە ئێران مۆڵەتی گەڕانەوەیان قبووڵ نەکردووم. ئەو کابرایە کە تەمەنی نزیکەی پەنجا و پێنج ساڵ دەبوو بەهۆی نەخۆشی رۆماتیزمەوە تەنیا بە بەکارهێنانی حەبی (کورتوونی) دەیتوانی بە ڕێگادا بڕوات.
ئەو جەنابی شێخە کە نەخۆشی دێنانە لای من بە تایبەتی ژن و کچی جوان و خڕوخۆڵ بەسرتە دەیگوت با من قوڵیان هەڵکەم تا تۆ فشاریان بۆ بگری. ئەو کابرایە کە دەستی لە دەستی ئەو ژنانە دەدا چێژی وەردەگرت و وەنەشە دەکەوت، دەتگوت زاوایەو دەچێتە ژووری پەردە یان لە ژووری پەردە دێتەدەر.
ئەو شێخە رەمزاوییە بەردەوام لە هاتوچۆدابوو دڵی دەدامەوەو هاوخەمی لەگەڵ دەردەبڕیم. رۆژێک شێخ پێیگوتم پێمخۆشە بێیە ماڵی ئێمە لەسەر ڕێگای هاوینەهەواری پیرمامە، ئەو مەڵبەندە لەژێر دەستەڵاتی شەمیە هاروون دایە. وەرە ماڵێ تا لەگەڵ شەمیە پێکتان بناسێنم، ئەو کابرایە زۆر دەستی دەڕوات.

من بێئاگا لەوەی ئەو هاڕوونە یەکێک بوو لە بەکرێگیراوانی رژێمی بەعسی خوێنڕێژ، کە بە پەنجە درێژەکانی تا ئێستا ژمارەیەکی زۆری لە گەنجانی کوردی عێراقی دژبەری سەددامی کوشتووە. ئەو وەسف و تاریفەی لە شەمییە کەڵکەڵەی خستە مێشکمەوەو بەڵێنم پێدا رۆژی هەینی بچمەماڵیان.

لە نەخۆشخانە بابەتەکەم لەلای یەکێک لە دکتۆرە باش و راستگۆکان باسکرد، کە هاوکارێکی دڵسۆزم بوو. ئەو برادەرە کە بەکرێگیراوەکەی باش دەناسی گوتی: باوکی ئەو شەمییە کاتێک بارزانییەکان لە عێراقەوە چوونە ئێران و لەوێشەوە چوونە سۆڤیەت، بە زەبرو زۆری لەگەڵ ژنێکی بارزانی هاوسەرگیری دەکات. بەڵام کاتێک بارزانییەکان لە سۆڤیەتەوە دێنەوە بۆ عێراق، کۆنەمێردەکەی ئەو ژنە داوای ئەو ژنە دەکاتەوە کە بەزۆر دەستی بەسەردا گرتووە، باوکی شەمیە داواکەی رەت دەکاتەوە و نایەڵێ بابەتەکە بە ئاشتی و رەزامەندی ژنە چارەسەر بکرێ. دوای تێکهەڵچوونێک باوکی شەمیە بەدەستی ئەو بارزانییە دەکوژرێ و شەمیەش لە تۆڵەی خوێنی باوکی ئاڵای شەڕ هەڵدەکاو لە دژی بارزانییەکان پاڵ وەرژێمی بەعس دەداو بە چەکی ئەوان دەستدەکا بەشەڕ.

دوای رێککەوتنی هەردووک وەڵاتی عێراق و ئێران و نسکۆی شۆڕشی ئەیلول ئەو ناوچەیە لەلایەن سەددامەوە دەدرێتە دەست شەمیە.

ئەو هاوڕێ و هاوکارە باشەم کە دکتۆرێکی نیشتمانپەروەر بوو هۆشداری ئەوەی دامێ لە دۆستایەتی شەمیەو ئەوانەی وەک ئەون خۆ بەدوور بگرم. قسەی ئەو پیاوە زانایە وەئاگای هێنامەوە، بەڵام لەبەرئەوەی بەڵێنم بەشێخی دابوو چوومە گوندەکەیان. ماڵەکەی لە ناوەڕاستی گوندی و لەسەر تەپۆلکەیەک هەڵکەوتبوو. خانوەکەی تازە دروستکرا بوو حەوشەیەکی گەورەی هەبوو. شێخ بە پێشوازیمانەوە هات، من هەمان سەید ئەرسەلانم لەگەڵ بوو کە هێشتا بۆم دەرنەکەوتبوو جاسووسە. چووینە ماڵی جەنابی مەلا عەبدولحەمیدی نەقشبەندی. دانیشتین، دوای چاکوچۆنی چایان هێناو خواردمانەوە. شێخ فەرمانیکرد مریشکێک بکوژنەوە. خەریکی نانخواردنی نیوەڕۆ بووین، لەوکاتەدا ژنێکی لادێی کە منداڵێکی نەخۆشی پێبوو وەژوور کەوت. دەستی شێخی ماچ کرد و داوای لێکرد نووشتەیەک بۆ منداڵە نەخۆشەکەی بنووسێ کە حاڵی زۆر خراپ بوو. شێخ خەریکی نووشتە نووسین بوو، لە بنەوەش بزەی دەهاتێ. نووشتەکەی بۆ منداڵەکە نووسی و بە ژنەشی گوت چۆن

بیخاته ناو ئاو و، بیداته منداڵەکە. نووشتەکەی دایەو ژنە رۆیشت. شێخ نەیگوت ئەوەی لەلام دانیشتووە دکتۆرە، با تەماشایەکی منداڵەکە بکاو دەرمانێکی بۆ بنووسێ. بێزم لەو دیمەنە دەکرد و ماهییەتی شێخم زیاتر بۆ دەرکەوت. ئیدی حەوسەلەم نەما دوای ئەوەی ژن و منداڵەکە رۆیشتن گوتم یا شێخ بۆ نەتهێشت تەماشایەکی ئەو منداڵە بەستەزمانە بکەم و دەرمانێکی بۆ بنووسم کە خێرەکەی لە نووشتەکەی تۆ باشتر دەبوو. پێکەنی گوتی لەو دەڤەرە و لەو گوندە زۆر باوەڕیان بە منە بە تایبەتیش دوای بابەتی بەفرگرەکە؟ گوتم کاری پزیشکی چ پەیوەندییەکی بە بەفرگرەوە هەیە؟ شێخ عەبدولحەمید گوتی پار هاوینێ بەفرگری یەکێک لە ماڵە دەوڵەمەندەکانی ئەو گوندە خراپ ببوو. بردیانە هەولێر و بەغدا چاکی بکەنەوە، گوتبویان چاک نابێتەوە، هێنابوویانەوە. هاتنەلای من دوعایەکیان بۆ بنووسم، کاتێک دوعاکەیان بە بەفرگرەکەوە هەڵواسیبوو، بەفرگر وەکار کەوتبۆوە. لەناو هەموان ببووە دەنگۆ شێخ موجیزەی کردووە. ئیدی لەمەودا دەستە دەستە خەڵکی نەخۆش و شێتیان بۆ دەهێنام و چاک دەبوونەوە. جا شێخێکی وەک من ئاوا بە کەشف و کەرامەت رێگا دەدەم کە یەکێک لە موشتەریە بەردەوامەکانم بخەمە بەردەستی تۆ ئەویش لە ماڵی خۆمدا کە میوانمی؟ ئەوە دەبێتە نەنگییەکی گەورە بۆ ناوبانگی من.

بە پێکەنینێکی مانادارەوە گوتم یاشێخ کاری باش لەوەدایە نەخۆش بچێتە لای دکتۆر نەک بچێتە لای دوعا نووس. دوای گفتوگۆیەک دەربارەی زانست و دوعاو نان و چایی خواردن خواحافیزیمان لە شێخ کردو لەگەڵ خزمەتکارێکی شێخ کە لەگەڵمان هاتبوو بەرەو ماڵی شەمیە وەرێکەوتین.

مەقەڕی شەمیە لە بەرامبەر ماڵی شێخ و لەسەر تەپۆلکەیەک هەڵکەوتبوو، ماڵەکەی قەڵایەک بوو بە بورجی دیدەبانی و دیواری قایم و بەرز. دارچنار چواردەوری قەڵاکەیان داگرتبوو، دەرگایەکی ئاسن لە پێشمانەوە دەرکەوت. لەبەردەم دەروازەی قەڵا سێ چەکدار لە دەوری پیاوێکی باڵابەرزی وەنێوکەوتوو راوەستا بوون و پێکەوە قسەیان دەکرد. پیاوەکەیَ شێخ سڵاوی کرد و گوتی، جەنابی شەمیە ئەوە هەمان ئەو دکتۆرەیە کە شێخ پێشتر بۆی باسکردبووی.

شەمیە هەمان ئەو پیاوە باڵابەرزە بوو، دەستی بۆ راداشتم، ئەنگوستە درێژەکانی قسەکانی دکتۆری هاوکاری وەبیرهێنامەوە کە لە نەخۆشخانە بۆی باسکردبووم، کە

بەو پەنجە درێژانەی چەندین گەنجی شۆڕشگێڕی کوردی خکاندووە. هەر لەگەڵ یەکەم چاوپێکەوتن لە قەلافەتیڕا دیاربوو چ تاوانبارێکە.
شەمیە بەگەرمی پێشوازی لێکردین و چووینە ژوورێ. ژووری پێشوازی زۆر گەورە بوو، کە دەورانەوری قەنەفەیان لێ ریز کردبوون. ئەو هۆڵە بە ئاسانی جێگای سەد کەسی تێدا دەبووەوە لێی دابنیشن و نانی لێ بخۆن. گفتوگۆم لەگەڵ شەمیەو تاقانە کوڕەکەی زۆر درێژەکێشا. ئەویش بەڵێنیدا هاوکاریم بکات بە مەرجێک لە ئێران تێکەڵی هیچ حزبێک نەبم کە دژی رژێمی سەددام حسێن بێ. گوتی بەیانی دەچم بۆ بەغداو ئەو بابەتەش لەگەڵ بەرپرسانی باڵا باسدەکەم.
لەگەڵ ئەوەی بێ هیوا بووم، بەڵام گوشارە روحیەکان زیاتر هەراسانیان کردبووم، ئامادەبووم کڕنۆش بۆ شەیتانیش ببەم و داوای یارمەتی لێبکەم.
دەرەنجامی کاری خۆم لە خەڵکی باشتر دەزانی، لە فرتوفێڵی رژێمی بەعس و بەکێگیراوانیشی گەیشتبووم. بۆیە هیچ بڕوایەکم بە شەمیەو بەرپرسانی سەرووی خۆیشی نەبوو. نیگەرانی من لە دواکەوتنی پاسەپۆرت یان باشترە بڵێم مۆڵەتی چوونەوەم بۆ ئێران بوو، کە تاران دەبوو زووتر کارەکەی ڕاپەڕاندبا، تا کارلەکار نەترازابوو. دەترسام (تا حەکیم دەهات سۆهراب لە ژیاندا نەمابا). نە سەفیری کۆماری ئیسلامی بەڕێز حوجەتولئیسلام دوعایی هێندە گوێی دەدامێ و نە وەزارەتی دەرەوەش گوێیان لە ئاهونالەی من دەگرت کە لە دەورانی رژێمی شاوە بۆم نەبوو بچمەوە ئێران.
هەر لە هەوڵوکۆششدا بووم، شەو و رۆژم نەبوو. هەر دەرگایەک ئومێدێکم لێ کردبا رووم تێدەکرد.
بۆ بەیانی کە چوومەوە نەخۆشخانە گوتیان سەرۆک وەزیرانی حکومەتی خۆجێی کە کەسایەتییەکی ناسراوی یەکێک لە شێخەکانی کوردستانی عێراق بوو دێتە نەخۆشخانەو دەیەوێ چاوی بە دکتۆرەکان بکەوێ. ئەو کەسایەتییە ناوی شێخ ئەحمەد بوو. لەلای ئەو و دکتۆرەکان، محەمەد زیوەری ئەمین عام پرسی دکتۆر چۆنی؟
زۆر بە توندی ناڕەزاییم لە ژیانی خۆم دەربڕی کە لە چ گێژاوێکدام. لەوقسانەم هەموویان سەریان سوڕما، دکتۆرەکان تەماشای یەکتریان دەکرد. شێخ ئەحمەد گوتی، دکتۆر چما چ کێشەیەکت هەیە؟

گوتم دەمەوێ بچمەوە بۆ ئێران، بنەماڵەکەم لە ئێرانن، هەرچەندە لێرە هەموو ئازادییەکم هەیە (ئەو قسەیەم بۆ خۆپەڕاندنەوە بوو) بەڵام نەخۆشی دایکم و خەزوورم کە لەسەرجێگا کەوتوون زۆر پەرێشانیان کردووم، دەمەوێ بەر لە مردن چاوم پێیان بکەوێتەوە. لەگەڵ ئەوەی مۆڵەتی سەرۆک سەددام حسێنم وەرگرتووە بۆ ماوەی مانگێک بچمەوە ئێران بەڵام تا ئێستا هیچ سەرەداوێک دیارنییە. نازانم چارەنووسی خۆم و خێزانم چۆن دەبێ.

شێخ ئەحمەد گوتی بەیانی وەزیرێک دێتە ئێرە بەناوی عەبد عوسمان، قسەی لەگەڵ دەکەم، کە دەتەوێ سەفەرێکی ئێران بکەی. زۆر خۆشحاڵ بووم.

بەڵام دیسان کەوتمەوە گومان چۆندەکرێ تا لە تارانەوە مۆڵەتی چوونەوەم نەدەنێ، دەتوانم لەو دۆزەخە دەربازم بێ.

دوای دوو ڕۆژ لە دایرەی ئەمنی هەولێر داوایان کردم تا چاوم بە عەبد عوسمانی وەزیر بکەوێ. لەگەڵ دکتۆر عەبدولڕەحمان وەکو وەرگێڕ و ڕاوێژکار داوام لێکرد لەگەڵم بێت تا بەڵکو سەرەداوی ئەو گرێ کوێرەیەم بکرێتەوە کە لەماوەی ئەو چەند مانگە بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە.

ئەو دکتۆرە زۆر مەردانە لەگەڵم هات. لەگەڵ بەڕێوەبەری دایرەی ئەمن و عەبد عوسمان دانیشتین. باسی ژیانی خۆم و ئەو ئازادیەی هەیە گەلێکم تاریف کردو گوتم، تەنیا دەمەوێ لەبەرخاتری دایکە پیرەکەم و خەزوورم کە لەسەر جێگان بچمەوە ئێران. لەوەزیاتر نەدەکرا بێزاری خۆم لەو دۆخە دژوارە باسبکەم و ناڕەزایی لە ژیان و گوزەرانم دەرببڕم.

عەبد عوسمان گوتی شێخ ئەحمەد لە کێشەو گرفتەکانی تۆ حاڵی نەبووە. ئەو دەڵێ لێرە بێزار بوویی و دەتەوێ بچیتەوە بۆ ئێران.

بۆ بەیانی شێخ ئەحمەد بە دوایدا ناردم بە گلەییەوە گوتی بۆ تکای منت لە عەردی دا؟ گوتم یا شێخ تۆ داشت سوارە و منیش پیادەم لە بیابانێکی چۆڵ و هۆڵدا هەر قسەیەک بکەم لەسەرم دەکەوێ. هەر قسەیەکی زبر بڵێم ژیانم دەکەوێتە مەترسییەوە، بەڵام ئەگەر قسەی جوان و دانایانە بکەم لەوانەیە بە قازانجی بابەتەکەم بشکێتەوە، خۆ ئەگەر هیچ کاریگەریەکیشی نەبێ بە زیانم تەواو نابێ. بە قسەی خۆش و ئاماژە تێمگەیاند کە کێشەکانم چەند لایەنن.

مەلا عەبدوڵڵای کانی مارانی

دوو رۆژ دوای ئەو باسە بە مۆڵەتی بەرپرسانی نەخۆشخانە لەگەڵ خاتوو رەعناو کچەکەم سەفەرێکی بەغدامان کرد. چووینەوە ماڵی حاجی محەمەدی رەشادی و بۆخۆشم چوومە دوکانی حاجی. کاتێک گەیشتمە دوکان دیتم لەگەڵ کابرایەکی داناو هەڵکەوتە دانیشتبوون و قسەیان دەکرد. ئەو کابرایە هەندێک شتی دەربارەی من دەزانی و ئەو زوڵمەی لێم دەکرا زۆری پێناخۆش بوو.

چەند مانگ لەمەوبەر لەگەڵ هاوسەرەکەشی هاتبوونە هەولێر و هاتبوونە نۆرینگەکەم، ئەو دەرمانانەی بۆم نووسیبوون پێیان باش ببوو، زۆر سوپاسی کردم.

حاجی گوتی ئەوە جەنابی مەلا عەبدوڵڵای کانی مارانییە، کە دادوەرێکی لێهاتوو و، پیاوێکی باش و نیشتیمانپەروەرە. مامۆستا زەبیحیش پەیدا بوو. دوای هەندێک گفتوگۆو زیاتر یەکترناسین، مەلا عەبدوڵڵا بە خێزانەوە بۆ سبەی شەو داوەتی ماڵێی کردین. من و خاتوو رەعناو ژیکەڵەی کچم بە ئۆتۆمبێلی خۆی چووینە ماڵیان. هاوسەرەکەی لەبەردەرگا پێشوازییەکی گەرمی لێکردین. هەموویان بە چوونی ئێمە خۆشحاڵ بوون.

لەگەڵ مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا سەرگەرمی قسان بووین، لەنێوقسان باسم لە نەخۆشی باوکی خاتوو رەعنا کرد و بۆی نیگەران بووم. مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا لوتفی نواند و گوتی ئەگەر دەتەوێ لەگەڵ باوکی خاتوو رەعنا قسەبکەی ژمارە تەلەفۆنەکەیانم بدەیە با تەلەفۆنیان بۆ بکەین. لەو پێشنیارەی خانەخوێ زۆر خەشحاڵ بووم. ژمارە تەلەفۆنی ماڵی حاجی باقی باوکی خاتوو رەعنام دایە کە لە شاری مەهاباد بوون.

خانەخوێ دوای چەند خولەکێک گوتی ئەلوو، ئەلوو ماڵی حاجی باقییە. گوتیان بەڵێ. گوتی خاتوو رەعنای کچی حاجی باقی دەیەوێ قسە لەگەڵ باوکی بکات. خاتوو رەعنا تەلەفۆنەکەی وەرگرت. حاجی قسەی پچڕاو بە زمانی تەتەڵەو گریان نەیهێشت قسەبکەن. تەنیا ئەوەندە دەبیسترا کە دەیگوت کەی دێنەوە؟ ئەنوەر و بەهمەن چۆنن؟ بۆچی ئەوانتان نەهێناونەتەوە.

خاتوو سەیزادەی زڕدایکی خاتوو ڕەعنا قسەکانی حاجی باقی بۆ من و خاتوو ڕەعنا دەگوتنەوە. شیوەن و گریان هەم لە ماڵی حاجی باقی لە ئێران و هەم لە ماڵی مەلا عەبدوڵلای کانی مارانی لە بەغدا تێکەڵی یەک ببوون.

بەداخەوە ئەوە یەکەمین و دواهەمین تەلەفۆن بوو کە گوێمان لە دەنگی حاجی باقی نەبووەوە.

بۆ بەیانی بە سوپاس و ڕێزێکی زۆرەوە لە ماڵی مەلا عەبدوڵلای کانی مارانی بەرەو گەراجی هەولێر وەڕێکەوتین. لەماوەی ئەو دوو ڕۆژەدا کە لە بەغدا بووین سەرێکیشم لە سەفارەتخانەدا، بەڵام هیچ هەواڵێک لە مۆلەتی چوونەوەمان نەبوو. گەڕاینەوە هەولێر.

هاوینی ساڵی ١٩٧٩ تێپەڕی و لە چارەنووسی نادیارماندا هیچ ئومێدیک پەیدا نەبوو. هەفتەیەک تێنەپەڕیبوو کە قسەکانی شەمیە وەدەرکەوتن، لەلایەن دایرەی ئەمنی هەولێر پێیان گوتم دەبێ بچمە دایرەی ئەمنی عێراق لە بەغدا. لەگەڵ هەمان سەید ئەرسەلان کە بۆخۆیشی سەر بە دایرەی ئەمن بوو چووینە بەغدا. لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی دیکە گفتوگۆیان لەگەڵ دەکردم. بینایەکە یەک نهۆمی زۆر کۆن و ناقۆڵا بوو. پرسیاری شوناسی منیاد دەپرسی، هەروەها مەرامی هاتنم بۆ عێراق. ئەوەی بەچاکم زانی وەڵامم دانەوە، کە لێکۆڵەرە نەخوێندەوارەکە سەرەدەری لێدەرنەدەکرد. تا ئێستاش نەمزانی بۆچی بانگیان کردووم و ئەنجامی ئەو دیدارە لەبەرچی بوو. بەڵام بۆخۆم هەستمدەکرد لە هەولێرەوە ڕاپۆرتیان لێداوم و وەک مارانگازان کەوتوونە خۆ. ئەو شەوە لەگەڵ ئەو بەناو سەیدە چووینە ماڵی مەلا عەبدوڵلا، بۆ دوو مەبەست یەکێکیان بۆ ناسینی ئەو ناپیاوەی لەگەڵم بوو، یەکێکیش بۆ ئەو گفتوگۆیەی لەگەڵ دایرەی ئەمن کە هەمبوو.

مەلا عەبدوڵلا گوتی لەو پیاوەی دوور کەوە، پیاوێکی باشنییە و سەر بەدەوڵەتە. وا دەردەکەوت پێیخۆش نەبوو لەگەڵ خۆم هێناوەتە ماڵی ئەوان. داوای لێبووردنم لێکرد و بڕیارمدا لە مەودوا لەگەڵ ئەو بەکرێگیراوە هیچ و پووچە بۆ هیچ جێگایەک نەچم و ڕێگاشی نەدەم بێتەوە ماڵەکەم. بەدەوروبەری ماڵی ئێمەدا دەهات و دەچوو خەریکی پیلانگێڕان بوو لە دژی خۆم و هاوسەرەکەم و کچەکەم. ئەو سەیدە ناموبارەکە زیانی زۆری پێگەیاندم. هیچ شەوێک نەبوو بە چەقۆیەکەوە لەبەردەرگا ئێشک نەگرم. بەرەبەرە خەو و خۆراکیان لێ حەرام دەکردین، کەمتر دەچوومە گەڕان

و میوانی. خاوەن خانوەکەشم تەحسین گویٚ قووت چاوەڕوانی ئەوە بوو ئیجارەی خانووەکەی کە بۆ ساڵێک بوو تەواوبێت و وەدەرمان بنێ. ئیجارەی یەک ساڵەکەم کە هەزار و دووسەد دینار بوو، لەو سێ هەزار دۆلارە دەدا کە لەگەڵ خۆم هێنابووم، دامە دەستی ئەو پیاوە ناپاک و هیچ و پووچە. هەرکاتێک بە سەفەر دەڕۆیشتین ئەو حاجی تەحسینە دەغەڵە کارەبای ماڵەکەی ئێمەی دەکوژاندەوە هەرچی لە بەفرگرەکە دابوو، هەمووی بۆگەن دەبوو. لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ ژنەکەی خەریکی تەڵە نانەوە بوون، چونکە دەیانزانی نەخۆشێکی زۆر روویان دەکردە نۆڕینگەکەم لە ماڵێ. جەنگی رووحی نەخۆشخانە سەری کێشابووە ماڵێ و دراوسێکانیشم.
کوڕێکی مامۆستا گیو موکریانی کاتێک هاتمە هەولێر چەند رۆژێک میواندارییەکی باشیان لێکردم و پێشمان وابوو لە ماڵی ئەوان لە هەموو بەلایەک پارێزراو دەبین، بەلام بەرەبەرە ئەویش گۆڕاو وە شکوگومان کەوتبوو، هەڵسوکەوتەکانی خۆش نەبوون.
کوردستانی خوشکی هەر لە مۆسکۆوە دەمناسی. زاواکەی شێخ ئیسماعیلی کوڕی شێخ عەبدوڵلا بوو، پیاوێکی باش و میهرەبان و میواندۆست بوو. بەردەوام بۆ ماڵی خۆی بانگهێشتی دەکردین و دڵسۆزانە پێشوازی لێدەکردین.
شێخ محەمەدی برای شێخ ئیسماعیلیش لە دادگای هەولێر دادوەر بوو. پیاوێکی شەریف خواناس بوو، دوور لە سیاسەت و خەڵک چەواشەکردن بوو، پیاوێکی دانا بوو. نێوانی لەگەڵ من خۆشبوو، کاتێک پرسوڕاوێژێکم پێدەکرد سوودم لێوەردەگرت. لە هەموو بەلای ناگەهان وەئاگای دێنامەوە و ڕێنوێنی دەکردم. براگەورەکەی شێخ قادر بە خۆیی و بە کوڕەوە لە خزمەت رژێمدا بوون. رۆژێک جەنابی شێخ بە ئاماژە تێیگەیاندم ئەگەر بیەوێ دەتوانێ بمنێرێتەوە بۆ ئێران. منیش بە خۆشحاڵی و لە ناخی دڵەوە گوتم یاشێخ دوو فەڕشی ئێرانیم هەن ئامادەم لە پاداشتی ئەو کارەخێرەدا پێشکەشی جەنابتانی بکەم. شێخ هەر بۆ بەیانی هاتە ماڵێ و دەستی لە فەڕشەکاندا دیتی لە بەرامبەر ئەو مامەڵەیە نییە، بۆیە گوتی ئەگەر دکتۆر نەبای دەمتوانی کارەکەت بۆ بکەم، بەلام ناتوانم بەو هەموو کەلوپەلەوە بتنێرمەوە بۆ ئێران. ئیدی خۆی لێ دزیەوە. دەی ئەوەش مامەڵەیەک بوو بۆ ئەوەی سوودی زۆرتری لێ دەستبکەوێ.

هەستم بە کارەساتی گریمانەی نەغەدەو پاوە دەکرد، پێشتریش بە سەفارەتی کۆماری ئیسلامیم گوتبوو، بەڵام بەداخەوە کەسانی سەرمەست لە بادەی سەرکەوتن گوێیان نەدامێ. تا ناوچەکە خەڵتانی خوێن کراو کەسانێکی بێتاوان تێیدا کوژران.
هاوسەری سەردار جاف برای سالار جاف کە کچی پێشەوا قازی محەمەد بوو، لە بەغدا دەژیان. بەردەوام دەهاتە دوکانی حاجی محەمەدو لەناو قسەکانیدا دەنگۆ و هەواڵی ناخهەژێن دەبیستران و هەر خێراش بەناو خەڵکیدا بڵاودەبوونەوە. ناردنی پیاوکوژانی سالار جاف بە ناوی پێشمەرگە بۆ پاوە و کوژرانی کۆمەڵێک پاسدار هەموویان نەخشەی سەددام حسێن و دارودەستەکەی بوون کە دووبەرەکی بخەنە ناو کورد و دەوڵەتی ناوەندی، ئەوانە هەر زوو لە بەغداوە بڵاودەکرانەوە. هەموو ئەوانەش دەبوونە هۆکاری نیگەرانیم لە ئایندەی وەڵاتی ئازیزم. چیدەکەی گوتنی ئاسانە، بەڵام بیستنی چەندە دژوارە.
لەو سەرگەردانی و هاتن و چوونەی نێوان هەولێر و بەغدا و گوشارە قورسەی نەخۆشخانەو کەمبوونەوەی نەخۆش، پەرێشانیان کردبووم. لە ناوەڕاستی پایزی سالی ١٩٧٩ پێیانڕاگەیاندم لەبەرئەوەی تۆ تا ئێستا شووناست یەکلایی نەبۆتەوە و ناسنامەی عێراقیت نییە، تا بە تەوای کارەکەت یەکلایی دەبێتەوە لە نەخۆشخانە دەردەکرێی و مووچەی دکتۆریت رادەگیرێ. ئەوە زەنگێکی ترسناک بوو کە لێی دەترسام.
هێندەی پێنەچوو دوای ئەو دیدارەم لەگەڵ عەبد عوسمانی وەزیر لە دایرەی ئەمنی هەولێر، دەرکەوت لە پیلانێکدا کە وەک دەڵێن دژی سەددام حسێنی سەرکردەی بەعسییەکان کردوویەتی بە دەستی هەندێک لە خزمانی ئیعدامی شۆڕشگێڕانەیان کرد. ئەو مۆرە گرنگەش بووە قوربانی نیازەکانی سەددام حسێن.
دوای ئەوەی ئێجارەی خانووەکەی تەحسین گوێ قووت تەواو بوو، چوومە خانووی یەکێک لە ئاغا دەرکراوەکانی سنووری ئێران لە عەشیرەتی برادۆست بە ناوی عیسا ئاغا. جێگاکەی دوورە شار بوو. پەنجەرەکانیشی هیچیان میلەی ئاسنیان پێوە نەبوو، کە ئەو کاتی یەکێک بوو لە زەروورەتییەکانی پارێزگاری لە ژیان. لەبەرئەوەی تەحسین گوێ قووت گوشاری زۆری بۆ هێنابووم و نۆڕینگەکەشم داخرابوو، ناچاربووم لەگەڵ ئەو دۆخە بسازێم و لەوێ بمێنمەوە. دوو مانگ لەوێ بووم، خەو و خۆراکمان لێ هەڵگیرابوو لە دەست ئەو سەیدە بەدکارە. لەدەست ئەو سەید

ئەرسەلانە رانیەییە وەزاڵە هاتبووم. بەردەوام خەریکی پیلانگێڕی بوو. شەوانە خەڵکی دەنارده سەربانی و رۆژانەش دوو کەسی لە تەنیشت ماڵی ئێمە بە ئۆتۆمبێلەوە بۆسەیان دەنایەوە بەنیاز بوون یەکێکمان بڕفێنن.
هاوسەر و کچەکەم نەیاندەتوانی لە ماڵێ بێنەدەر، منیش زۆر بە پارێزەوە دەهاتمە دەرێ و دەچووم لە دوکانەکانی نزیک ماڵی خۆمان پێداویستی رۆژانەم دەکڕی و زوو دەگەڕامەوە.
یەکێک لە تایبەتمەندیە باشەکانی ئەو خانووە ئەوە بوو دیوار بە دیواری ماڵی دکتۆر عەبدولڕەحمانی هاوڕێی ئازیز و مرۆڤدۆست و ئازادیخواز بووم. دایکی دکتۆر عەبدولڕەحمان بە دزیەوە بەسەربانیدا هاوسەر و کچەکەمی دەبردنە ماڵی خۆیان و لەژێرزەمینی ئەو خانوە دەژیان، هەتا هەندێک شەوان هەرلەوێ دەخەوتن. منیش لەگەڵ دکتۆر عەبدولڕەحمان و موحسین دزەیی کە لە سۆڤیەت خوێندبووی و یەکێک بوو لە ئەفسەرە پاک و دلێرەکان ئێشکمان دەگرت.
بەردەوام لە دایرەی ئەمن بانگیان دەکردم و پرسیاری جۆراوجۆریان لێدەکردم. هەتا رۆژێک لە سەرەتای پایزی ١٩٧٩ بەسەر ماڵی ئێمەیاندادا، چوار کەس دەستیان کرد بە پشکنینی ماڵەکەمان، تەماشای کتێب و کەلوپەلەکانی ماڵیانکرد. یازدە هەزار و حەوتسەد دینار پارەی عێراقیم هەبوو لە ماڵێ پارەکەیان هەڵگرت و لەگەڵ هەندێک کەلوپەلی باش لەگەڵ خۆیان بردو لە دەفتەرێکدا یاداشتیان کرد. گوتم بۆ وادەکەن؟ گوتیان هەرکاتێک چوویەوە بۆ ئێران دەتدەینەوە. هەموو بیانووەکەشیان بۆ پشکنین و تالانکردنەکەیان ئەوەبوو وێنەیەکی ئیمام خومەینی لەسەر مێزەکەم دانرابوو، کە ئەو ئەرسەلانە هیچ و پووچە خەبەری لێدابووم.
ئەو خانوەم لەگەڵ خانوەکەی دیکەی عیسا ئاغا بۆیە گۆڕیەوە، لەبەر ئەوەی ئەو خانوە تازە میلەی ئاسنی هەبوو، دراوسێی دیواربەدیواری ماڵی دایکی کەریم خانی سەرۆک هۆزی برادۆستی بوو، کە ژنێکی ئیماندار و مریدی زۆری هەبوون.
دایکی کەریم خان ژنی شێخ رەشیدی بەناوبانگ و دوژمنی سەرسەختی مەلا مستەفای بارزانی بوو، پێش ئەوەی بچێتە سۆڤیەت. ئەو خانوە لەزۆر رووەوە بۆ ئێمە گرنگ بوو. کچەکەم لەگەڵ خوشکی کەریم خان کە کچێکی جوان و میهرەبان بوو بە ناوی گوڵێ، دەستەخوشک بوون، بەسەردیواری نێوانماندا هاتوچۆیان دەکرد.

دایکی کەریم خان هەستی بە بارودۆخی ئێمە کردبوو بە پیاوەکانی گوتبوو شەوانە ئێشکمان لێبگرن.
بەهۆی دایکی کەریم خانەوە کوڕەکەی کە سەرۆک هۆزی برادۆست بوو، بووینە ئاشنا. باسیَ بارودۆخی نالەباری خۆم بۆ بەیان کرد. پێشتر حاجی فایقی ئامۆزای کەریم خانم نەدەناسی کە پیاوێکی بەڕێز بوو، پێش ئەوەی یەکتری بناسین ئەو ئەرسەلانە خوێڕیە زۆر شتی دەربارەی من بە کەریم خان گوتبوو. کەریم خان بۆ ماڵە رازاوەکەی بانگهێشتی کردم، خانوویەکی گەورە لەسەر رووکنی شەقامەکەی ماڵی ئێمە بوو. کاتێک پێکەوە دانیشتین زۆر شتی خۆم بۆ باسکرد و پرس و راوێژم پێکرد. کەریم خان گوتی سوێند بە گۆڕی بابم ناهێڵم تاڵە موویەکت لەسەری بکەنەوە، بە هەموو شێوەیەک پارێزگاریت لێدەکەم.
سکاڵام لە سەمەدی برای حاجی فایق کرد کە لەگەڵ ئەو کابرا هیچ و پووچە هاوبیرو هاو تەرازوون و یەکێکن لە کەسە خۆفرۆشەکان، کە بەردەوام چاویان لەسەر هەڵسوکەوتی منە و هەموو شتێک بەو شورتە ناجسنە دەڵێنەوە کە پیاوی بەعسیەکانە و ئەویش یەکسەر دەیگەیەنێتەوە دایرەی ئەمنی هەولێر و لەوێشەوە دەچێتەوە دایرەی ئەمنی بەغدا.
کەریم خان گوتی لەگەڵ سەمەد قسەدەکەم و پێیدەڵێم دەست لەو کارانە هەڵبگریَ. دایکی سەمەد زۆر رقی لە کارەکانی کوڕەکەی بوو بەردەوام سەرزەنشتی دەکرد. بەڵام سوودی چییە گۆزە هەر ئەوەی لێدەڕژیَ کە تێیدایەتی. ئەو کەسەی لە بنەڕەتدا خراپ بیَ هەرگیز چاک نابیَ.
دکتۆرە هاوکارەکانم کاتێک لەگەڵ یەک رووبەڕوو دەبووینەوە بێجگە لە چەند کەسێکیان روویان وەردەگێڕاو خۆیان لادەدا. هەمان هاوڕێی قەدیمی عەبدولڕەزاق دەباغ کاتێک بە پەنایدا تێدەپەڕیم دەتگوت هەر نەیدیتووم و نامناسیَ.
جارجار بە دزی نەخۆش دەهاتنە ماڵیَ و راچێتەم بۆ دەنووسین. بیستمەوە بە دەرمانخانەکانیان راگەیاندبوو دەرمان نەدەنە راچێتەکانی من.
لە ناوەڕاستی زستانی ١٩٧٩ عەقیدی پۆلیس عادل دزەیی بۆ مەرکەزی پۆلیس بانگی کردم و پێیگوتم بەهیچ شێوەیەک بۆت نییە کاری پزیشکی بکەی و دەبیَ کاری خۆت یەکلایی بکەیەوە.

کاتێک دەچوومە فەرمانگەی پاسەپۆرتی هەولێر بەرپرسی فەرمانگە بە هەڕەشەوە دەیگوت هەرگیز چاوت بە ئێران ناکەوێتەوە. هەتا عەقید عزەت کە چارەسەری نەخۆشی هاوسەرەکەیم کردبوو، لە دواییدا ببووە خاوەنی کوڕێک و خۆی بە نۆکەری من دەزانی، بە کەش و فشەوە دەیگوت بۆ ناسنامەی عێراقی وەرناگری و خۆت لەو گێژاوە رزگار ناکەی. ئەو هەستی بە مەترسییەک دەکرد بەڵام هیچی بە من نەگوت.
لە ساڵوەگەڕی شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ دایرەی ئەمن بانگیان کردم و بیست و یەک رۆژ لە ژوورێکی شێدار هێشتیانمەوە کە تەنیا بەتانییەکی پیس و قەرەوێڵەیەکی شڕی تێدابوو. شەو و رۆژ لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکردم. هەزار خۆزگەم بە رۆژانی زیندانیم لە زیندانەکانی سۆڤیەت. لە دەرەنجامی لێپرسینەوەکاندا بۆم دەرکەوت ئەو کابرا ناپیاوە و نمەک بە حەرامەی سەیدە تەزویرەوە لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە کە ئەو هەموو راپۆرتە دوژمنکارانە و بێ بنەمایانەی لەسەر منی داون. دوای ئەو هەموو لێکۆڵینەوە و سەردانی جۆراوجۆر بە کەفالەتی یەکێک لە هاوڕێ خۆشەویستەکانم ئازادیان کردم. کاتێک گەیشتمەوە ماڵێ تەماشامکرد کەس لە ماڵێ نییە. خاتوو رەعناو کچەکەم لە ماڵی کەریم خان خۆیان شاردبۆوە و پیاوانی برادۆستی چاودێری ماڵەکەیان دەکرد.
دوای ئەوەی چاوم بە بنەماڵەکەم کەوتەوە یەکسەر چوومە ماڵی کاک حسێنی زەڕنگەر و بە تەلەفۆنی ئەوان تەلەفۆنم بۆ سەفارەتی کۆماری ئیسلامی کرد لە بەغدا. کاک مەنوچێهری بێگدلی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت باسی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی ئەو بیست و یەک رۆژەی خۆم بۆ گێڕایەوە، گوتم لەوانەیە ئەوە دوا قسەی من بێت کە لە تەلەفۆن گوێت لێدەبێ و ئیدی نامبینیەوە. ئەو دڵی دامەوە و گوتی خۆڕاگربە خودا کەریمە. گوتی هەر ئەمڕۆ تەلەفۆن بۆ تاران دەکەم. دوای هەفتەیەک لە سەفارەتخانەوە مامۆستا حسێن زەڕنگەر تەلەفۆنی کردەوە گوتی هەرچی زووە خۆت بگەیەنە سەفارەتخانەی کۆماری ئیسلامی لە بەغدا. بنەماڵەی مامۆستا حسێن زۆر نیگەران بوون لەوەی لە سەفارەتخانەی ئێرانەوە تەلەفۆنیان بۆ کردوون، بەڵام لەبەر من وەسەرخۆیان نەهێنا.
بەنیگەرانی و پەلەپەلێکی زۆرەوە بۆ بەیانی چوومە بەغدا، هەر لە گەراجەوە یەکسەر چوومە سەفارەتخانە. پشوو بوو، رێگایان نەدام بچمە ژوور، بەڵام لە دەوروبەری سەفارەتخانە لە چەند لاوە پاسەوانی عێراقی لێبوون. بۆ بەیانی چوومەوە

سەفارەتخانە، هەر لەگەڵ چوومە ژووریّ لە دالآنەکە تووشی مەنوچێهری بێگدلی بووم. بەخۆشحاڵیی و پێکەنینەوە بەخێرهاتنی کردم و گوتی، وەڵامەکەت گەڕاوەتەوە و رەزامەندییان دەربڕیوە بگەڕێیەوە بۆ ئێران. بۆیە بەڵگەنامەکانم بدەیە تا کارەکەت بۆ رایی بکەین.
بەڵگەنامەی ئێرانیم تەنیا ناسنامە و گرێبەستی هاوسەرگیریم پێبوو کە لە عێراق دابوویانمیّ. ئەوانیش داوایان لێکردم نامەیەک بنووسم و بەڵگەنامەکانیان لەگەڵ هاوپێچ کرد. لە ناسنامەکەدا ناوی خاتوو رەعناو ژیکەڵەی تێدا نەنووسرا بوو، بۆیە رێنوێنییان کردم بچمە ژووری ناونووسینی ناسنامەی باری کەسێتی. کابرایەکی وەنێوکەوتوو ناوی بنەماڵەکەمیان لەسەر ناسنامەکە نووسین. لەگەڵ کاک مەنوچێهر چووینە لای باڵیۆز جەنابی حۆجەتولئیسلامی دوعایی. ئەویش ڤیزای گەڕانەوەی داینیّ و هیوای سەلامەتی و گەڕانەوەی بۆ خواستین. هەروەها گوتی بارودۆخەکە بەرەو خراپی دەچیّ تکایە وریای خۆتبە هەرچی زووە برۆ و خۆت گیرمەکە.
ئەوکاتە بوو کە سەددام حسێن دەستە دەستە ئەو ئێرانیانەی دەردەکرد کە چەندین وەچە بوو لە عێراق بوون، سەڵت و قوڵت لە ماڵەکانیان وەدەریان دەنان و رەوانەی سەر سنووری ئێرانیان دەکردنەوە.
هەرکە مۆڵەتی چوونەوەم وەرگرت خێرا بە ئۆتۆمبێل گەڕامەوە هەولێر. خاتوو رەعناو ژیکەڵە زۆر نیگەران بوون. منیش بە خۆشحاڵی بابەتەکەم تێگەیاندن و مۆڵەتی گەڕانەوەکەم پێنیشاندان. زۆر دوودڵ بووم لەوەی چەند لەمێژە بەدوای ئەو شتەوەم کە وەدەستم کەوتووە، بۆیە دەبیّ قایم بیپارێزم. نیگەران بووم لەوەی دەبیّ چیبکەم. لەبەرئەوەی زوو زوو لە دایرەی ئەمنی هەولێر بانگیان دەکردم و هەموو جارێش وەڵامێکی نەرێنیم وەردەگرتەوە. ئێستاش کاتێک ڤیزای گەڕانەوەم وەرگرتووە دەبیّ چیبکەم؟
لەگەڵ هاورێی گیانی بەگیانی و میهرەبانم کاک دکتۆر کەوتینە پرس و راوێژ.
گوتی ڤیزای ئێران بەومانایەیە کە تۆ بە ڤیزاوە دەچیتە فەرمانگەی پاسەپۆرت لەوێش بۆ خۆیان وەڵامێکی یەکلاکەرەوەت دەدەنیّ. یان رەوانەی بەغدات دەکەنەوە. بە دوودڵی و نیگەرانیەوە چوومە فەرمانگەی پاسەپۆرت لەویّ بەڕێوەبەر بە خوێنتاڵی پێشوازی کردم و تەماشایەکی ڤیزاکەی کرد. پەنجەیەکی بە زەنگەکەوە نا، عەقید عزەت هاتە ژوور، نامەکەی نیشاندا، عەقید گوتی جەنابی بەڕێوەبەر دکتۆر دەبیّ

بنێردرێته بەغدا تا لە ناوەند بڕیاری لەسەر بدەن لەبەرئەوەی ئەگەر یەکێک لە پەنابەرە بیانییەکان بێ دەبێ لەوێ کارەکەی رایی بکرێ، ئەگەر عێراقیش بێ هیچ بەڵگەیەکی عێراقی بوونی ئەومان لەبەردەست نییە.
گوتم عەقید من بۆ ماوەی مانگێک دەچمە ئێران و نامەی سەددام حسێنشم پێیە. نامەکەم نیشاندا سەری راوەشاندو گوتی، ڤیزاکەت تەنیا بۆ چوونە ئێرانە و ناتوانی بگەڕێیەوە لەبەرئەوەی دەزانم تۆ لێرە بێزار بووی. لەو قسانەدا بووین ژن و مێردێک وەژوور کەوتن. بەڕێوەبەر بە روویەکی ترشەوە بەو خاتوونە گەنج و جوانەی گوت تۆ ناتوانی بچیتە ئێران، مێردەکەت عێراقییە. ئاماژەی بۆ کابرایەکی کورتەباڵای خروێلکاوی کرد کە لە پەنا ژنە راوەستا بوو. گوتی ئەو برادەرە- ئاماژەی بۆ من کرد- کە عێراقیە و دەیەوێ بچێتە ئێران. خاتوونی ئێرانی زمانی عەرەبی نەدەزانی مێردەکەی قسەکانی بۆ وەردەگێڕان. خاتوون دەیگوت من ئیسفەهانیم دەمەوێ بۆ ماوەی مانگێک بچمەوە وڵاتەکەم. عەقید گوتی وڵاتی تۆ ئێرەیە و مێردەکەشت خەڵکی ئێرەیە. ئاماژەی بۆ من کرد. گوتی ئەو دکتۆرەش دەیەوێ بۆ ماوەی مانگێک بچێتە ئێران و نامەی سەرۆک سەددام حسێنیشی پێیە، ئێمەش بۆ یەکلایی کردنەوەی کارەکەی دەینێرینە بەغدا، پێشموانییە مۆڵەتی بدەن.
لەوکاتەدا خوێنم وەکوڵ هات و بە زمانی شیرینی فارسی گوتم خاتوونی بەڕێز تۆ چۆنە کەوتوویەتە ئێرە؟ خاتوون ئاهێکی هەڵکێشاو بە نائومێدیەوە وەڵامی دامەوە. کاکە مێردم بەو پیاوەی کردووە. ئەو فریوی دام و هێنامیە ئەو دۆزەخە. مێردەکەی یەک قسەی نەدەکرد و سەری نەویکردبوو. ژنە گوتی ئەو بێچارەیە پەنابەری ئێران بوو ژیانێکی خۆشی هەبوو لە ئیسفەهان، هەموومانی بە ئومێدی وڵاتەکەی واز لێهێنا و هاتەوە ئێستاش لێرە بێکارە و سواڵی دەکا و ئێمەی خستۆتە ئەو رۆژگارە رەشەوە. عەقیدی بەعسی لە قسەکانمان حاڵی نەدەبوو، بەڵام دیاربوو کەیفی بە زمانی فارسی دەهات. دەتگوت تا ئێستا گوێی لە زمانێکی ئاوا شیرین نەبووە، بەڵام پەنجەی هەڵێناو گوتی لێرە بێجگە لە زمانی عەرەبی قسەکردن قەدەغەیە.
بەتوڕەیی گوتم ئەدی دەکرێ بە زمانی ئینگلیزی قسەبکەم؟ لێم حاڵی نەبوو. گوتی بەڵێ! گوتم دیارە هێشتا لەژێر سوڵتەی ئینگلیزەکاندان. ئەگەر ئەو قسەیەم کرد عزەت پیلی گرتم و بردمیە ژوورێکی دیکە و فەرمانیدا داواکارییەک بنووسم و لەگەڵ

نووسراوی خۆیاندا هاوپێچی بکەن و بیبەمەوە بۆ بەغدا. ئەو کارە سەعاتێکی خایاند تا نووسراوەکەی فەرمانگەی پەساپۆرتی هەولێر تەواوبوو وێیاندامەوە.
هاتمەوەماڵێ پرسوڕاوێژم لەگەڵ خاتوو رەعناو برادەرە دڵسۆزەکانم کرد. بڕیاردرا بەیانی بە تەنیا بچمە بەغدا. ناونیشانەکە لەسەر پاکەتی نامەکە نووسرابوو. کە گەیشتمە بەغدا بۆ بەیانی بەسواری تەکسی یەکسەر چوومە ئەوێ و نامەکەم دانێ. دوای سەعاتێک ئەفسەرێک بردمییە ژێرزەمینێکی شێدار و وێران و تاریک کە لەژێر گڵۆپەکانی بە ئاستەم رووناکاییەک هەبوو. ئەو جێگایە شوێنی ئەرشیڤی کەسانی بیانی بوو. ئەو کارمەندانەی ئەوێ هەموویان دەموچاو هەڵمساو و رەنگ زەرد بوون. لەوێ دەستیانکرد بە پرسیار کردن، لە شێوەزاری قسەکرندنیدا دەردەکەوت عەرەب نیم و هەندێک رستەو دەستەواژەی وام بەکاردێنان بە لەهجەی جلفی عەرەبی عێراقی بەکار نەدەهاتن. لەناو ئەو دۆسیە تەپوتۆز لێنیشتوانەدا هیچ ناو و ناونیشانێکم نەبوو. بە تەوسەوە پێدەکەنین و دەیانگوت دیارە لە کورەی مەریخەوە هاتووی کە ناوت لەو دۆسیانەدا نییە.
زۆرنیگەران و سەرلێشێواو بووم، نەمدەزانی رێگاچارەم چییە. لەناکاو رەئیس عورەفایەک لە دووەرەوە دەهاتەژوور، گوێی لەو قسەوباسانە بوو. تەماشایەکی روخساری پەرێشانی منی کردو لە شێوازی قسەکانمڕا زانی عەرەب نیم. ئەو پیاوە چاکە دەتگوت لە غەیبەوە هاتووە. بەزمانی فارسی گوتی خەڵکی کوێی؟ بەکورتی سەربوووردەی خۆم بۆ باسکرد.
ئەو پیاوە ئینجا بە زمانی کوردی گوتی من خەڵکی کرماشانم، نیگەران مەبە کارەکەت بۆ رایی دەکەم. وەپێشم کەوت و گوتی وەرە با بچینە لای بەڕێوەبەر. بە پلیکانەکاندا سەرکەوتین و چووینە نهۆمی سێیەم، لەبەر دەرگایەکی گەورە راوەستاین. لە دەرگایداو داوای مۆڵەتی کرد، ئینجا پێکەوە چووینە ژوور. کابرایەکی تەنگەستوورە لەپشتی مێزێک دانیشتبوو، سڵاوی سەربازی کرد و بە عەرەبی کابرای حاڵی کرد کە مۆڵەتم لە سەرۆک سەددام حسێن وەرگرتووە بۆ ماوەی مانگێک، ئەوە شەش مانگە دەمهێنن و دەمبەن. تا لە ئێرانەوە مۆڵەتی چوونم بدەنێ. ئێستاش لە ئێرانەوە مۆڵەتەکەی گەڕاوەتەوە و داوا دەکات بۆ ماوەی یەک مانگ مۆڵەتی بدەنێ. ئەویش ئینشائەڵڵا بەخێر و بەرەکەتێکی زۆر و سەروەتێکی زۆر کە لە باوکیەوە بۆی

ماوەتەوە دەگەڕێتەوە و لە عێراق نەخۆشخانەو قوتابخانەی پێ دروست دەکات.
حەتمەن لوتفی جەنابی بەڕێوەبەریش بە خۆڕایی ناچێ.
ئەو ئاماژەیەی رەئیس عورەفای بە ویژدان کاری کردە سەر بەڕێوەبەری چاوچنۆک کە بەرتیلێکی باشی بەدواوە دەبێ. بەڕێوەبەر بزەیەکی هاتێ و گوتی، ئەو گەمژانە لەخۆڕا ئەزیەتی دەدەن. لەسەر نامەکە شتێکی نووسی و مۆری کرد. نامەکەی دایەوە بە رەئیس عورەفا. دەستی درێژ کردو تۆقەمان کرد، دەستی گوشیم و گوتی کاتێک گەڕایەوە سەرێکمان لێبدە. منیش دەستم بۆ لەسەر چاوم دانا و گوتم (زێن- باشە).
ئەویش گوتی (روح- بڕۆ).
بەو پەڕی خۆشحاڵی و دڵخۆشییەوە لەلای کاکی رەئیس عورەفا وەدەرکەوتم. روخساری نوورانی ئەو پیاوە پاکەم ماچ کرد و خێرا بەرەو هەولێر گەڕامەوە.

گەڕانەوە بۆ زێدی لە دایکبوونم

زستانی شوومی ١٩٧٩تێپەڕی و نەورۆزی بەختەوەری ١٩٨٠ دەستیپێکرد، چەند ڕۆژێک لە نەورۆز تێپەڕیبوو. لە ناوچە کوردستانییەکان شادیی و هەڵپەڕین بوو. جەژنی نەورۆز لەناو کوردانی باشووردا یەکێکە لە جەژنە حەماسەو قارەمانەکانی کاوەی ئاسنگەر کە ئەو وەک کەسێکی کورد لە قەڵەم دەدەن. دە تا پازدە ڕۆژ لە هەر گوندو ماڵێکدا شایی و توزەلە لێدان و شاییە. خەڵکی لە شایی و زەماوەندی خۆیاندا بوون و ئێمەش لە دەڵەڕاوکێ و نیگەرانی خۆماندا بووین. گەڕامەوە ماڵێ بە خاتوو ڕەعناو کچەکەم گوت ئەوان بە پارێزەوە شادی و خۆشحاڵییان دەردەبڕی، بەڵام زۆرێ نیگەرانی ئەو ئەرسەلانە نامەردە بووین.

لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانم پێکەوە چووینە فەرمانگەی پاسەپۆرت، لەگەڵم هاتە ژووری بەڕێوەبەر و تێیگەیاند چوونەوەم بۆ ئێران تەنیا بۆ ماوەی یەک مانگە، ئەویش بە تەنیا. ژن و منداڵەکەی هەر لە هەولێر دەمێننەوە. بۆیە جێگەی نیگەرانی نییە. مۆڵەتی سەرۆک سەددام حسێن و ئیدارەی ناوەندیشی پێیە. کەواتە چ کێشەیەک لە ئارادایە ئەگەر بۆ مانگێک بچێتەوە لای دایکە پیرەکەی و ئەو سەروەت و سامانەی باوکی لەگەڵ خۆی بێنێتەوە کە بۆ هەموان سوودی دەبێت. کاتێکیش گەڕایەوە بە دەستی پڕەوە دێتەوە لای جەنابی بەڕێوەبەر و عەقید عزەت.

منیش بە سەرڕاوەشاندن قسەکەم بۆ سەلماند. بەڕێوەبەر بزەیەکی هاتێ و گوتی زۆرباشە مۆڵەتت دەدەینێ، بەڵام دەبێ بۆ ماوەی یەک مانگ چاوەڕێ بکەی تا لە دایرەی ئەمنی بەغدا مۆڵەتی چوونەوەت دێتەوە. منیش بەڵێنم پێدا تا لە دایرەی ئەمنی بەغدا ڕەزامەندی وەرنەگرم ناڕۆمەوە. هاوڕێکەشم قسەکەمی سەلماند. جەنابی عەقید کارەکانی بۆ رایی کردم و مۆڵەتی چوونەوەیان وێدامەوە. خواحافیزیم لێکردن.

ڕۆژی پێنج شەممە بوو، بۆ بەیانی ڕۆژی هەینی و پشووی فەرمی بوو. هاوڕێکەم گوتی ئێستا کە مۆڵەتەکەت وەرگرتۆتەوە هەر ئەمشەو بڕۆ، دەنا دایرەی ئەمنی بەغدا هەزار فرتوفێڵت بۆ دێننەوە. گوتم ئاخر خۆمان ئامادە نەکردووە؟ گوتی ئەی بابە

ئێمەش هەموومان یارمەتیت دەدەین، دوو ژنی چوستوچالاک دێنم با لەگەڵ خاتوو ڕەعناو کچەکەت کەلوپەلەکان بپێچنەوە، لە لۆریەکیان باردەکەین و بەرەو سنوور بەڕێتدەکەین.
ئەو هاوڕێ میهرەبانە گوتی لۆری و شۆفێرت لەسەر من. خێرا لەگەڵ هاوڕێکەم هاتینەوە ماڵی خاتوو ڕەعنامان رازیکرد کە هەرچی زووە دەستبەکار بین. دراوسێکان و خوشکەکانی کەریم خان و دوو ژنی بەڕێز و هاوسەری شێخ محەمەد لە ماوەی چوار سەعاتدا کەلوپەلەکانمان پێچانەوە. پێشتریش خاتوو ڕەعناو کچەکەم کەلوپەلە ئەساسیەکانیان پێچابوونەوە تا لەگەڵ هەڵبەزدابەزی ڕێگا نەشکێن. خۆمان ئامادەی سەفەر کرد.
قەنەفەو غاز و بەرمیلە نەوتەکەم دانە دراوسێ و خەڵکانی هەژاری گەڕەک. وامان بڵاوکردەوە کە بۆ سلێمانی نەقڵ کراوم. سەمەد هەر دەهاتودەچوو، بەڵام ئەو ئەرسەلانە ناجسنە هیچ سەروسۆراخێکی نەبوو، دەتگوت بە ئیش و کارێک بۆ بەغدایان ناردووە، دەنا بەردەوام لە دەوروبەری ماڵی ئێمە دەخولایەوە.
ئەو هاوڕێ خۆشەویستەم لۆرییەکی بۆ گرتبووین بە بری سەد و سی دینار، سەعات دەی شەو ماڵەکە باربکەین و بەرەو سنووری خوسرەوی وەڕێبکەوین. نانی شێوانمان لە ماڵی دایکی کەریم خان خوارد. سەعات دە لۆریەکە هات لەگەڵ شەش کەس لە خزمانی دایکی کەریم خان ماڵەکەمان بارکرد، دراوسێکان و بەتایبەتیش دایکی کەریم خان دوعایان بۆ دەکردین.
لەگەڵ دۆستان و دراوسێکان خواحافیزیمان کرد و بەو نیوەشەوە لەگەڵ کاک محەمەد ساڵحی شۆفێری هەولێری سوار بووین و وەڕێکەوتین. لە ڕێگا دەترساین خوانەخواستە ئەو کابرا ناپیاوە خەبەرمان لێبدا و نەهێڵن بچینەوە بۆ ئێران. لە ڕێگا کاک محەمەدی شۆفێر بەسەرسوڕمانەوە تەماشای دەکردم و زوو زوو دەیگوت سبحانەالله لا حول ولاقوە الله بالله. گوتم کاکە چیبووە ئاوا بە سەرسوڕمانەوە تەماشامان دەکەی و دەڵێی سبحانە الله. گوتی لەوە دەترسم هەر پەنجا کیلۆمەترێک سەیتەرەیەکیان داناوە، تەماشای هەموو ئۆتۆمبێلەکان دەکەن و دەیپشکنن، بەڵام کەسێک نییە بە ئێمە بڵێ بۆکوێ دەچن؟ حەتمەن خدری زیندەمان لەگەڵە. گوتم ئینشائەڵڵا خودامان پشتوپەنایە.

بەیانی سەعات هەشت گەیشتینە گومرگی سنووری خانەقین. لە لۆریەکە دابەزین و بەڵگە نامەکانمان وە ئەفسەری گومرگ دا. کابرای ئەفسەر کە تەمەنی پەنجا ساڵەی قەڵەو و بەخۆوە بوو، بەڵام رووخۆش دەردەکەوت، بەڵگەنامەکانی لێوەرگرتم تەماشایەکی کردن و گوتی، بۆچی مۆڵەتەکەی سەرۆک سەددام حسێن ئاوا کۆن و گەچڵاوە؟

گوتم هۆکارەکەی ئەوەیە درەنگ لە ئێرانەوە رەزامەندیی چوونەوەیان پێداوین. کابرا قسەکەی سەلماند، بانگی ئەفسەری ئێشکگری کردو چووینە ژووری تۆمارکردن ناوی من و خاتوو رەعناو ژیکەڵەیان بە ژمارەی مۆڵەتی سەددام حسێن و ڤیزای ئێرانەوە لە دەفتەرێکی تایبەتدا تۆمارکرد و تەماشایەکی گۆڤارەکەشیان کرد کە بەرپرسی گومرگ بە سەرنجەوە لێی راما، بەڵام نەیدەزانی ئەو رەزامەندییە هی دوو ساڵ لەمەوبەرە کە هاتبوومە عێراق نەک بۆ چوونە دەرەوە لە عێراق. دوای رێکاری رەسمی مۆڵەتیان پێدام بەبێ پشکنین برۆین. خەریکی رۆیشتن بووین بەرەو ئێران، شۆفێر جەنەی گرت و گوتی من تا خانەقین بەکرێ لەگەڵت هاتووم و بۆ سنووری ئێران نایەم پاسەوانەکانی سنووری خومەینی دەمگرن و ناهێڵن بگەڕێمەوە. ئەوەندەی لەبەری پاڕامەوە سوودی نەبوو، هەتا گوتم پارەی زیاترت دەدەمێ هەر رازی نەبوو. نائومێد و سەرگەردان بەملاولادا دەمڕوانی، زۆر لە دڵەڕاوکێدا بووم، چاوەڕوانی دەرەنجامی خراپم دەکرد، کە لەناکاو لە چایخانەکەی نزیک گومرگ عەرەبێکی باڵابەرز هاتەدەر و گوتی دە دینارم بدەیە من مۆڵەتی رەسمیم هەیە ئۆتۆمێلەکە دەبەمە سنووری خوسرەوی لەوێ کەلوپەلەکان دابەزێنەو بە دوو سەعاتان دەگەڕێمەوە. ئەو کابرا عەرەبە محەمەد سالحی دەناسی و ئەویش تێپرادەبینی. منیش لە جیات دە دینار بیست و پێنج دینارم دایە، بە کابرای شۆفێری هەولێری گوت مەترسە زوو دەگەڕێمەوە.

سوپاسی کاک محەمەدم کرد و سوار بووین، بەرەو وەڵاتی ئازیز وەڕێکەوتین. ئەو کابرا عەرەبە لەوکاتە ناسک و دژوارەدا بە فریام هات، زۆر سوپاسم کردو سەعاتێکی دەستی رووسیم وەک یادگارییەک دا بە کابرای عەرەب.

چەند کیلۆمەتر و چەند خولەکێک بە ئەندازەی ساڵێکم لێ تێپەڕین. سەرەنجام گەیشتینەوە خاکی پیرۆزی نیشتیمان. کە گەیشتمەوە نیشتیمان کڕنۆشم برد و لەبەرچاوی هەموان ئەو خاکە پیرۆزەم ماچ کرد.

لەگەڵ هەندێک پرسیار و وەڵامی ڕۆتینی، زۆر بە زەحمەت ئۆتۆمبێلێکی باریم دەست کەوت لە سنووری پەروێزخانەوە بۆ مەهاباد بەبڕی سێ هەزار تمەن، کە بەیانی زوو دەبوو لەژێر چاودێری بەرپرسانی گومرگ کەلوپەلەکان لە ئۆتۆمبێلەکەی عێراقەوە بگوازنەوە بۆ ئۆتۆمبێلی ئێران.
سەرەڕای شەوێک تاخیر بوون بیست و پێنج دینارم دا بە کابرای عەرەب و بیست و پێنج دیناریشم بۆ محەمەد ساڵحی شۆفێر نارد.
شەوی یەکەم لە ساڵۆنی گومرگ ماینەوە، بەیانیش کاتێک کەلوپەلەکانیان دادەبەزاند پێیانگوتم تۆ ڕێگاپێدراونی، دەبێ کارەکەت روون بێتەوە.
ئەفسەرێکی گەنج و نیشتیمانپەروەری سنوور بە پێکەنینەوە گوتی کاکە تۆ لە دەورانی رژێمی شا ڕێگای گەڕانەوەت لێگیراوە، بەڵام ئێستا هیچ رژێمێکی شا لە ئارادا نییە، حەتمەن بە برووسکە وەڵامی ئەرێنیت دێتەوە، هیچ نیگەران مەبە.
ئەو ئەفسەرە گەنجە پیاوێکی بەڕێز بوو کاتێک زانی مەهابادیم گوتی پێنج ساڵ لە مەهاباد خزمەتی سەربازیم کردووە و هاوسەرەکەشم مەهابادیە. بۆ شەوی دووەمی مانەوەمان ئێمەی بردە قەسری شیرین بۆ ماڵی خاڵوانی و گوتی تا سبەی وەڵام لە تارانەوە دێت و ئۆتۆمبێلەکەتان ئامادە دەبێت لێرە وەمێنن. تەلەفۆنم بۆ مەهاباد کرد و گوتم لە سنووری خوسرەوین ئەگەر دەکرێ بە پێشوازیمانەوە وەرن. لەبەرئەوەی لە ڕێگا هەست بە نا ئەمنی دەکرا و شۆفێرەکەش پێیخۆش نەبوو بێتە مەهاباد، دەیگوت ئێوە دەچنە هێلانەی زەردەواڵەکان. بەڵام دڵنیام کردەوە لە مەهاباد تووشی هیچ کێشەیەک نایەت. شەوی دووەم کە لە سەرسنوور بووین بەرواری ١١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٩٨٠ بوو، لە ماڵی خاڵی ئەو ئەفسەرە میهرەبانە بووین لە شاری دڵگیری قەسری شیرین، پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین.
قەسری شیرین لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ بەڕاستی شارێکی جوان و دڵگیر بوو، بەیانی لە خەو هەستاین دوای ئەوەی نانمان خوارد بە سواری تەکسی بەرەو سنووری خوسرەوی وەڕێکەوتین. هەواڵی خۆشیان بۆ هێناین و پێیانگوتین دەتوانن بەرەو مەهاباد وەڕێبکەون.
چەند رۆژ لەمەوبەر عێراقیەکان تەقەیان لێکردبوون، شوێنی گوللەی بەعسیەکان بە دەرو دیواری ساڵۆنی گومرگەوە دیاربوو، ئەوەی چاوی پێکەوتبا نەفرەتی لێدەکردن. لەو رۆژەی ئێمە هاتبووینەوە سنووری خوسرەوی ئاڵۆز بوو پاسدارانی سەرسنوور

دلێرانە ئامادەی هەرچەشنە بەرەنگارییەک بوون بۆ پارێزگاری لە ئێرانی ئازیز. قارەمانانی چەکدار ئێشکیان دەگرت و چاوەڕوانی فەرمان بوون.

ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوە سەعات دەی بەیانی لە باکوورەوە بەرەو باشوور و شاری مەهاباد وەڕێکەوتین. لە ڕێگا هەندێک ئۆتۆمبێلمان دیتن کە لەلای باکوور بەرەو باشوور دەهاتن چونکە چاوەڕوان بووین لە ڕێگا تووشی خزمان بین و پێکەوە بگەڕێینەوە مەهاباد. بەلای شوێنەوارە کەوناراکانی دەورانی شاکانی ئێراندا تێپەڕین. سەیری کێڵگەی سەرسەوز و درەختانی میوەو دارچنار و سەروە قەد ئەستوورەکانی کرماشان و کێوە جوانەکانمان دەکردو چێژمان لێوەردەگرتن. دڵخۆش بووین هەوای سازگاری نیشتیمان کەیف سازی کردبووین. لەخۆڕا پێدەکەنین، لەدەست دێوەزمە ڕزگارمان ببوو، هاتبووینەوە نیشتیمانی ئازیزی دوور لە ستەمی شاهەنشاهی.

ڕۆژی دوازدەی خاکەلێوە سەعات دەی شەو گەیشتینەوە مەهاباد. لە نزیک شار ئۆتۆمبێلەکەیان ڕاگرتین دوای تەماشاکردن ڕێگایاندا‌ین بچینە ناوشار. لەگەڵ پێشوازی خزمان کە بە پاسی ئەبیووبی ئامۆزام هاتبوون و لە دەرەوەی شار ڕایانگرتبوو، هاتینەوە بەردەم ماڵی حاجی باقی خوالێخۆشبووی خەزوورم. بە هاوکاری دۆستان و خزمان کەلوپەلەکانمان بردنە ژێرزەمینی ماڵی حاجی باقی ڕەحمەتی. شەوێش هەرلەوێ نووستین.

دوو ئۆتۆمبێل کە بەپیرمانەوە هاتبوون بۆ سنووری خوسرەوی دوای چەند سەعاتێک گەیشتنەوە.

ڕۆژی سێزدەبەدەر لەگەڵ خزمان چووینە دەرەوەی شار و ڕۆژێکی خۆشمان بردەسەر، تا بە گوتەی ئێرانییەکان ناخۆشیەکانی ساڵی ڕابردوو لە سەری خۆمان دەرکەین. ئەوە یەکەم سێزدەبەدر بوو دوای سی ساڵ دووری لە نیشتیمان، کە ڕۆژێک بوو هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە. بە گێڕانەوەی چەندین بیرەوەری تاڵ لە عێراقی بەعسییەکان و بیست و دوومانگ ناخۆشترین ڕۆژگارم لە مەڵبەندی (بین النهرین)ی لانکەی شارستانیەتی سۆمەری و ئاشووری و بابلی و دەیان گەلی لەبیرکراوی مێژووی کەونارا کۆتایی پێهێنا.

ئومێدەوارم ئەو کوفەییانە خودا بۆ ڕێگای ڕاست هیدایەتیان بداو لە خەڵکانی دووڕوو کەم ببنەوە و بەرەو چاکەو چاکەکاری بڕۆن.

له مانگی پوشپەڕی ١٩٧٩ کە هێشتا هەر لە هەوڵوکۆششی گەڕانەوەدا بووم بۆ وەڵات لە ڕێگای فەرمی و نێودەوڵەتی، زۆرجار هیوابڕاو دەبووم، هەتا ئامادەبووم دەست لە کەلوپەلی ماڵێ هەڵبگرم و ئەوەی لە ئەنجامی بیست و هەشت ساڵ کۆششی شەو و ڕۆژدا بە دەستم هێنا بوو وازی لێبێنم. دەستی ژن و منداڵم بگرم و لەو وەڵاتە جەهەننەمیەی بەعسییەکان هەڵێم و لە ڕێگای سنووری قەلادزێ یان ڕواندزەوە خۆم بگەیەنمەوە نیشتیمانەکەم.

دەنگۆی ڕۆیشتنەوەم لە نێوان دۆستان بڵاوببووەوە. ئێوارەیەک لەناکاو لە زەنگی دەرگایاندا، ئەو ڕۆژە پشوو بوو. کاتێک دەرگام کردەوە کابرایەکی کورتەباڵاو داڵەگۆشت دەرکەوت، دوای چاکوچۆنی خۆی پێناساندم و هاتەژوور. گوتی من ئێرانیم و هاتووم هاوکاریت بکەم ڕێکارەکانی گەڕانەوەت بۆ ڕایی بکەم و هەتا مۆڵەتی گەڕانەوەشت بۆ وەردەگرم.

بە سەرنجەوە لە قەلافەتی ئەو کابرا کورتەباڵا چل ساڵەییەوە ڕامام. وام هەست دەکرد لە جێگایەک دیبێتم، یان پێشتر ئاشنایەتییەکمان هەبووبێ. ئێنجا کابرا گوتی هاوڕێکانت لە سنووری نێوان ئێران و عێراق چاوەڕوانی تۆن. گوتم هاوڕێکانم کێن؟ گوتی دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو و، مامەغەنی بلووریان. کاتێک گوێم لە ناوی مەمەغەنی بلووریان بوو کە ساڵانی پێش چوونم بۆ سۆڤیەت هاوپۆل بووین، بیست و حەوت ساڵیش لە زیندانەکانی شادا ئەشکەنجەو کوێرەوەری دیتبوو، ڕێزێکی زۆری لەلای من هەبوو. ئەوم بە پیاوێکی شۆڕشگێڕ و نیشتیمانپەروەر دەناسی.

لەگەڵ عەبدولڕەحمانی قاسملووش لە کۆتایی بەهاری ساڵی ١٩٦١ لە باکۆ شەوێک هاتەماڵمان و یەکتریمان دەناسی. دەمزانی بۆتە سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. بەڵام وەرگرتنی مۆڵەت لەبەرپرسانی عێراق و ئەویش بە ڕێگای قاچاغ زۆرم بەلاوە نائاسایی بوو. لەبەرئەوەی کەسێک بتوانێ هەموو کەلوپەلی ماڵێ بە ئۆتۆمبێلی باری و بە ڕۆژی ڕوون لە هەولێرەوە بەرێت و مۆڵەتی بۆ وەربگرێ و لە سنوور دەربازی بکات. حەتمەن بەکرێگیراوی بەعسییەکانەو ئەو ماستەش بێ موو نییە، بۆیە ناکرێ بەبێ بوار لە چۆمی وەپەڕی.

پێش ئەوەی من وەڵامی بدەمەوە خاتوو ڕەعنا بە کابرای گوت کاکە مەرجی چوونەوەمان چۆن دەبێ؟ گوتی تۆ و کچەکەت لەگەڵ کەلوپەلەکان بە ئۆتۆمبێلێک دەڕۆین و بۆخۆم دەتانبەمە مەهاباد. هاوسەرم گوتی ئاخر کەلوپەلەکانمان زۆرن بە

تویتایەک هەڵناگیرێن. گوتی گرنگ نییە دەیان کەین بەنیوە، نیوەی بۆ من و نیوەی بۆ ئێوە.
خاتوو رەعنا گوتی کاکە هاتووی بە رۆژی روون تالآنمان بکەی و سەرمان بە فەتارەت بدەی؟
منیش لە خۆڕا پێکەنیم و گوتم، ئافەرین بۆڕژێم بە ڕۆژی رووناک چەتەی بێ چەک دەنێرێتە سەر ماڵی خەڵکی و بە ئارەزووی خۆی تالآنمان بکات و سەریشمان تێدابچێ.
گوتم نەخێر کاکە زۆر سوپاس بۆ لوتفی جەنابتان، بە هاوڕێکانیشم بڵێ ئەگەر توانیم لە ڕێگای نێودەوڵەتی و بە مۆڵەتی رەسمی هەردووک دەوڵەت دەگەڕێمەوە. من بە دزی و لە ڕێگای قاچاغەوە ناڕۆمەوە.
دوای ئەوەی چایی و شیرینیمان خوارد بەبێ ئومێدی وەدەرکەوت. هێندەی پێنەچوو کەسێکی دیکە بەناوی ئەرسەلان کە دەهاتە ماڵی ئێمەو جارجار نانیشی لە ماڵی ئێمە دەخوارد. هەروەها نەخۆشی زۆری لە گوندەکانەوە بۆ دێنام و کاری سیخوڕیشی بۆ ڕژێم دەکرد. پێشتر پێیگوتبووم کابرایەک لە قەڵادزێ هەیە خەڵکێکی زۆریش دەناسێ و بە ئاسانی دەتوانێ لە عێراقەوە بتگەیەنێتەوە ئێران بێ ئەوەی تووشی هیچ کێشەیەک بیت. لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئێران ئێستا لە مەهاباد نییە. هانیدەدام بچمەوە مەهاباد و پاشان لە تاران هەوڵی هاوتاکردن و بەراوردکردنی بڕوانامەکانم بدەم. ئەو نەخشەیەی ئەرسەلان رانیەیی، کۆنە پۆلیس و جاسووسی بەعسییەکان هێندە پێداگری دەکرد، مێشکیان هەراسان کردبووم.
ئیدی لە ژیان و کارەساتی بەعسییەکان لە کوردستان وەزاڵە هاتبووم و بەدوای هەلێکدا دەگەڕام لەو گێژاوە ترسناکە رزگارم بێت. بە ئەرسەلانم گوت سبەی بڕیاری خۆم دەدەم و پێت دەڵێمەوە.
ئەو باسەم لەگەڵ دکتۆر عەبدولڕەحمان ئەو پیاوە باش و مرۆڤ دۆستە هێنا گۆڕێ. گوتی رۆژی هەینی بە ئۆتۆمبێلی خۆم لەگەڵ ئەرسەلان دەچینە ئەو شوێنەو لە نزیکەوە بارودۆخەکە هەڵدەسەنگێنین و دوایی بڕیاری لێدەدەین. ئەو پێشنیارەی دکتۆر بەلای من و خاتوو رەعناوە پەسەند بوو.
رۆژی هەینی بە سواری ئۆتۆمبێلی دکتۆر و ئەو سەیدە ناڕەسەنە بەیانی زوو بەرەو قەڵادزێ وەڕێکەوتین.

لە ڕێگا دکتۆر گوێی بۆ قسە هەڵلەق مەڵلەقەکانی ئەرسەلان ڕاگرتبوو تا گەیشتینە قەڵادزێ. لەبەردەم دەرگایەک ڕاوەستاین دوای لە دەرگادان، دەرگای خانوویەکی دوو نهۆمی نیوەکەلاوە کرایەوە کە پڕ بوو لە مێش. لەوێ کۆمەڵێک کەسێ ناجوور و سیخوڕی دوو لایەنە کۆببوونەوە، هەمان کابرای کە هاتبووە ماڵی ئێمە پاڵی دابووەوە و باسی سیاسەتی نێودەوڵەتی بۆ دەکردن.
لەگەڵ دکتۆر وەژوورکەوتین، کابرایەکی چل و پێنج ساڵە بەناوی مەلا مەحموود خۆی پێناساندین. بیستبووم ئەو کابرایە یەکێکە لە پیاوە باوەڕپێکراوە کانی بەعس لە سەر سنوور. مەلا مەحموود پێشوازی لێکردین و لەسەر دەستووری ئەو نانی نێوەڕۆیان بۆ هێناین، بەڵام لەبەر ئەو هەموو مێشەو پیسی قاپەکان ناچار بووین بیانوو بێنینەوە و بڵێین نانمان خواردووە. ئیدی تەماشای نانخواردنی ئەوانمان دەکرد. دوای نیوسەعات لە لانەی دزە کارامەو خۆفرۆش و سووکوچرووکەکان وەدەرکەوتین. لەگەڵ ئەو ئەرسەلانە دووڕوە گەڕاینەوە هەولێر و لەوێ لێی دابڕاین.
لەگەڵ دکتۆر چووینەوە ماڵێ، خاتوو ڕەعنا پێشوازی لێکردین و چێشتێکی خۆشی بۆ لێنابووین، بە ئیشتیاوە نانەکەمان خوارد. دکتۆر عەبدولڕەحمان ڕووی لە من و خاتوو ڕەعنا کرد و گوتی، ئەوە تەڵەیەکی ترسناک بوو بۆیان دانابووینەوە. ئەو چەند کەسە ناپیاوە هەموویان پیاوی بەکرێگیراون بەو نەخشەی پێشتر دایانڕشتبوو بە نیازبوون ئەوەی هەمانەو نیمانە لە دەستمان دەرێنن و سەرمان بە فەلاکەت بدەن. ئەوانەی ئەو نەخشە گڵاو و ناجوامێرانەیان داڕشتبوو هەموویان کورد بوون و لە ناویشدان سەید و مەلاش هەبوون. ئەوانە بەکرێگیراوی دەوڵەتی بەعس بوون. بەداخەوە لەناو هەر گەلێکدا خەڵکانی پەست و خاین پەیدا دەبن. لەو دۆخە پڕ لە دڵەڕاوکێیەدا کە بۆیان دروست کردبووین، دوو نامەم لە ئێرانەوە بۆ هاتن، یەکێکیان هی براکەم بوو کە نووسیبووی: کەلوپەلی ماڵێ ئەوە ناهێنی هێندە بە دیاریەوە دانیشی و گیانی خۆتی بۆ بخەیتە مەترسییەوە، هەستەو وەرەوە، ئەوەی هەتە وازی لێبێنە.
لە نامەی دووەمدا سەیزادە خاتوونی زڕدایکی خاتوو ڕەعنا بە توانجەوە نووسیبووی: لەبەر چەند قاپە شووشەیەک ژیانی خۆتان و ئایندەی خۆتان لە دەست مەدەن. نووسینی بێ بنەما و بێئاگا لە بارودۆخی پڕ لە گێرەوکێشە و پیلانی بەردەوام، لەجیات ئەوەی دڵمان خۆشکەن نیگەرانیان دەکردین. دەمگوت خۆشبەحاڵتان.

شەوی تاریک و پێلی ئاو و گێژاوی وەها سامناک
لە کوێ حاڵی دەبن حاڵی مە، سووکباری کەناراوان[86]
(حافزی شیرازی)

کاک داود ئەیازی زاوام و مێردی خوشکم نووسیبووی ئەگەر بێنە سەر سنوور هەموو کەلوپەلەکانتان دێنمەوە مەهاباد. بەڵام کێشەکە لەوەدایە چۆن بێمە سەر سنوور ئەویش بەو هەموو کەلوپەلەی ماڵێ کە دەیان سەیتەرە لە ڕێگا هەن؟

ئەو پێشنیارەم وەک نوکتەیەک دەهاتەبەرچاو کە لەگەڵ واقیع نەدەهاتەوە. بەهەرحاڵ هەر ساغ و سەلامەتبن خزمانی دڵسۆز. خۆ ئەگەر هیچیشیان لە دەست نەهاتبا لانیکەم پرس و ڕاوێژ و ئامۆژگاری کردنیش شتێکی خراپ نییە.

قەلەڕەشەکان لەسەر سنووری ئێران عێراق هەر خەریکی پیلان دانان و گێرەشێوێنی بوون کە لە لایەن بەعسییەکانەوە پڕچەک دەکران. تا سەرەنجام شەڕی براکوژی لێکەوتەوە. لە خەرمانانی ١٩٧٩ لە مەهاباد لە نێوان هێزەکانی دەوڵەتی و پارتیزانەکاندا شەڕ هەڵگیرساو شاریان وەبەر تۆپاندا. شار لە دەستی هێزی دیموکراتدا بوو، خەڵکێکی زۆر هەڵوەدای دەشت و دەر بوون و خەڵکێکی زۆریش پەڕاکەندەی عێراق بوون. لە کۆتایی خەرمانان ڕۆژێک قادری سەحابی کوڕەپووری خاتوو ڕەعنا لەگەڵ کوڕە مێرمنداڵەکەی هاتنە ماڵی ئێمە، باسی بارودۆخی خراپی خۆیانی دەکرد کە بۆ عێراق هەڵاتبوون. دەیگوت خۆزگە بە دەستی سەربازانی دەوڵەتی کوژرابایین، بەڵام ئەو تاوانەی بەعسیەکانمان نەدیبا. دەیگوت بەهۆی دەنگۆی ئەوەی دەوڵەتی ئێران خەڵکی قەلاچۆ دەکاو لە زەوی و ئاسمانەوە دەست لە هیچ ناپارێزێ و جیاوازی لە نێوان کەسدا ناکا، دەستی ژن و منداڵم گرت و هەڵاتم. قادر دەیگوت: پێش ئەوەی شەڕ هەڵگیرسێ لە سەردەشت حاڵ و گوزەرانم زۆر باشبوو، کارمەندی دەوڵەت بووم و لە سوپادا پلەدار بووم. بەهۆی ئەو دەنگۆیەی کە خەڵکی قەلاچۆ دەکەن بە هەندێک کەلوپەلی سەرەتایی بە ژن و منداڵەوە بۆ عێراق هەڵدێن و لەناو قوڕوچڵپاودا دەچنە ناو خێوەتی شێدار و مەمرەمەژی ژیان دەگوزەرێنن، ئەویش لەژێر چاودێریەکی توندی کارمەندانی بەعسی و بەحەسرەت قومە ئاوێکی خاوێنن.

---

[86] ئەم بەیتە شیعرەی حافزی شیرازی کامیل بۆکانی کردوویەتە کوردی

قادر و کوڕەکەی شەوێک لەلای ئێمە مانەوە و بەیانی زوو بەرەو ئۆردووگا گەمارۆدراوەکەی ئاوارەکان گەڕانەوە کە لە نزیک قەلادزێ بوو.
منیش دوای چەند رۆژێک لەگەڵ هەمان ئەرسەلانی گوێ لەمست بەرەو ئۆردووگای ئاوارە بەدبەختە ئێرانییەکان رۆیشتم، تا بەڵکو ئاشنایەک خزمێک وەبینم و لە قەدەر خۆم هاوکارییەکیان بکەم. لەو دەشتە پڕ قوڕ و بەردەلانە هەندێک کۆنە خێوەتیان هەڵدابوون و چەند بنەماڵەیەکی ئێرانی تێدا بوون کە لە بارودۆخێکی زۆر نالەباردا بەدوای پەیداکردنی دار و نەوتی گران قیمەتدا، دەگەڕان بۆ چێشتلێنان. خۆراکیش لەو دەوروبەرانە چوار بەرابەر گرانتر بوو. نان هەرپەیدا نەدە بوو. شەقاوە و لاتوپاتی عەرەب و کورد وەک دالاشان دەخولانەوە و چاویان دەگێڕا، چاویان لە ناموسی ئەو غەریبە و بێ پەنایانە بوو تا دەستدرێژییان بکەنەسەر یان کچۆڵەیەک هەڵخەڵەتێنن و بنەماڵە شەریفەکەیان لەکەدار بکەن. تا لە چایخانەکان بە خۆڕانانەوە بڵێن نێوانمان لەگەڵ ژن، یان کچێکی پەنابەر هەیەو پەڵەی نەنگی وەدوای ئەو بنەماڵەیە بنێن. کە لەناو کوردەواریشدا ئەو جۆرە ئەتوارانە کوشتنیان بەدواوەیە.
لە دوورەوە چاوم بە کابرایەک کەوت کە جلوبەرگێکی تازەی لەبەردا بوو، وەک ئەفەندیەکانی تورکیاو وەک خانەدانەکانی مەهەباد دەچوو. بە ئەرسەلانم گوت بابچینە لای ئەو کابرایە تا لە حاڵوگوزەرانی ئەو خەڵکە ئاوارە بپرسین. کاتێک گەیشتینە لای سەرنجمدا تەمەنی نزیکەی شەست و پێنج ساڵێک دەبوو، بە چاوی فێڵبازانە لە دەوروبەری دەڕوانی.
کە گەیشتینەلای دەمویست قسەی لەگەڵ بکەم و بزانم ناوی چییە، گوتی ناوم عەبدوڵڵایە. وای دەردەخست لە خزمانی غەنی بلووریانە. گوتم لە بنەماڵەی بلووریانی؟ گوتی تەقریبەن خزمین. تێگەیشتم درۆ دەکات، بەڵام وەسەرخۆم نەهێنا، لەبەر ئەوەی غەوارەیەکم لەپەنا راوەستا بوو. ئەویش جۆری هەڵسووکەوتی گوماناوی بوو. لەو دیدارە چەند خولەکییە ژەوان و نیگەران بووم و لە مەهابادی خۆیشم شەرمم دەکرد. جا سەیرکە دوای سی ساڵ دووری لە نیشتیمان و بە دنیایەک خەونی خۆش بە دیتنەوەی مەهاباد، کە خۆم لە دەیان گێرەو کێشەو کاری مەترسیداوە ئەنجامەکەشی ئەوەبێ. ئێستا دەتگوت ئەو پیرەمێردە مەهابادیە وەک نۆکەرێکی خۆی تەماشام دەکات و لەگەڵ دکتۆرێک کە دوای چەندین ساڵ ئاوارەیی و بە هەزار زەحمەت تا گەڕاوەتەوە ئاوا بە رووهەڵماڵاوی هەڵسووکەوتی لەگەڵ

بکات. دوایی بۆم دەرکەوت ئەو کابرایە ساڵانێک لە عێراق پۆلیس بووە و پیاوی ئینگلیزەکان بووە. ئێستاش بە چ مەبەستێک هاتۆتە ئێرە نەمزانی.
بە بیرەوەریەکی ناخۆش و پێشوازی بەعسییەکان لە ئاوارەکان گەڕاینەوە هەولێر. بەڵام دیداریِ ئەو کابرا مەهابادیە شیک پۆش و دووڕووە زۆری ئازار دام.
دوای ئەوەی لە خانووی تەحسین گوێ قووت گواستمەوە بۆ خانووی عیسا ئاغای برادۆستی لە کۆتایی مانگی سەرماوەزی ١٩٧٩ لە کاتێکدا بە ناچاری نۆڕینگەکەیان داخستبووم، چاوەڕوانی هەزاران پیلان بووم. سیخوڕی جۆراوجۆر جا چ ژن چ پیاو، کورتەباڵاو باڵابەرز، مل ئەستوور و ناقۆڵا لە دەوروبەری ماڵێ دەسووڕانەوە و چاودێریان دەکردم. تا بزانن کێ دێت و کێ دەڕوات.
مەحموودی برام و مەنسووری خوارزام کە ئادرەسی ماڵێیان لەلا بوو، بە ڕێنوێنی شۆفێری تاکسی لە زەنگی دەرگایان دا. خاتوو رەعنا دەرگای کردەوە و هاواریکرد کاک مەحموود بەخێربێی. من لە ژووریَ بووم بیرم لە ئایندەی نادیاری خۆم دەکردەوە، مەنسوورم نەدەناسی. لەگەڵ میرزا مەحموودی هاتنە ژوور، پێموابوو ئەو کابرایە خەڵکی هەولێرە. دوای چاکوچۆنی کاک مەحمووی برام گوتی کاکە ئەوەی ناناسی؟ گوتم بۆ خەڵکی ئێرە نییە؟ گوتا نا، ئەوە مەنسووری کوڕی خاتوو هاجەرەی خوشکتە. چەند جارێک نامەی بۆ نووسیبووم و هاودەردی ماقوڵانەی لەگەڵ کردبووم. باوەشم پێداکرد و ماچم کرد. لە ناخی دڵەوە خۆشمویست و گوتم ئافەرین هاجەرە کە کوڕێکی چەندە باشت هەیە بەو بارودۆخە نالەبارە لەگەڵ مەحمووی برام بەو سارد و سەرمایە لە ئێرانەوە ناردووتە عێراق تا ئێمە ببینێ.
مەحموود و مەنسوور چەند رۆژێک لە ماڵی ئێمە مانەوە. پێکەوە چووینە چەند میوانییەک، لەو میوانیانە چووینە ماڵی کاک حسێنی زێڕنگەر کە هاوسەرەکەی ناوی خاتوو بەدیعە بوو، لە کاتی قسانداا بە مەحمووی دەگوت زاری بەڵێت خۆشبێ، پێدەکەنین ئەویش وێڕای ئێمە پێدەکەنی. ئێمە هێندە پێدەکەنین کەفەزگ بین. بۆ ئەوەی ئەوانەی دەوروبەرمان نەزانن هەزار و یەک بیانوومان بۆ پێکەنینە بێجێیەکەمان دێنایەوە، کە لەڕێگا توشی فلان و فیسار بووین و هەندێک قسەی پێکەنیناویمان بیستوون بۆیە پێکەنینمان دێ.
کاک هاشم عەبدوڵڵا چەپەی قاچاخچی کە لە هەولێر دوکانی کوتاڵفرۆشی هەبوو، پێشتریش یەکتریمان دەناسی و جارجار دەچوومە دوکانەکەی، بە بۆنەی هاتنی

مەحموودی برام و مەنسووری خوارزام بۆ یەکەمجار بانگهێشتی کردین و شەوێکی خۆشمان بردەسەر.
چووینەماڵی شێخ ئیسماعیل و محەمەدی برای کە زۆر میهرەبان و خەڵکی باشبوون. میوانەکان بەو کەسە باش و بەڕێزانەی هەولێر ئاشنا بوون.
ڕۆژی چوونەوەیان بەهۆی کاک موحسین دزەیی ئەفسەری هێزی دەریایی ئەو کاتەی لە باکۆ دەیخوێند هاوڕێیەتییمان هەبوو، هەر بۆخۆی مۆڵەتی چوونەوەی میوانەکانی لە دایرەی ئەمن بۆ وەرگرتین کە بە ئازادی بچنەوە ئێران، هەر بۆخۆیشی زەمانەتی کردن و بەڕێی کردنەوە. کە دوای چەند ڕۆژێک بە سەلامەتی گەیشتنەوە مەهاباد.

شەوێکی ناخۆش و ناخ هەژێن:

سەرەتای بەفرانباری ١٩٧٩ کە لە ماڵی شێخ قادر بووین و بیرم لە ئایندەی خۆم دەکردەوە، لەگەڵ شێخ قادر و کەمالی کوڕی دانیشتبووین کە هەردووکیان لە دایرەی ئەمن و ئیستخبارات کاریان دەکرد. لەناکاو لە ورمێ تەلەفۆنیان کرد. خوشکە فەوزیە گوتی خەزوورت کۆچی دوایی کرد. دنیام لەپێش چاوان تاریکبوو. لەخۆڕا دەستمکرد بە جنێوان بە ڕژێمی بەعس و ئەوانەی بوونەتە هۆکاری ئەو هەموو بەدبەختیانەم کە ئەو هەواڵە ناخۆشەی بەدوادا هات و نەمانتوانی لەوێ بین. دەستمانکرد بە تووک و نزاو گریان.
شێخ قادر و کوڕەکەی دڵیان داینەوە. مەحموود و مەنسوور و خاتوو ڕەعناشم تێگەیاندن. کاک مەحموود گوتی حاجی باقی مانگێک بوو لەسەر جێگا بوو، چاوەڕوانی مردنی لێدەکرا، زۆری حەزدەکرد کچ و نەوەکانی ببینێتەوە. ئەو شەوە شیوەنمان گێڕا. چەندە شەوێکی ناخۆش بوو، شەوی یەڵدا بە درێژایی زەمانە درێژ ببۆوە.
دوای ئەو شەوە چاوەڕوانی ڕووداوی ناخۆشم دەکرد کە چەندەم جنێو بە ڕژێم دان. بەڵام شوکر بۆ خودا، خانەخوێیەکان لێمان خۆشبوون و بەگرتیان نەداین.
یەکێک لە شەوەکانی مانگی ڕەزبەری ١٩٧٩ کە هێشتا لە نەخۆشخانە کارم دەکرد لەگەڵ دکتۆر عەبدولڕەزاق دەباغ نێوانمان خۆشبوو، بۆ یانەی پزیشکان داوەتی کردم کە ژمارەیەک دکتۆری دیکەشی لێبوون. هەموو کەیفمان ساز بوو. گوێمان لە گۆرانی دەگرت و نانمان دەخوارد.

تاهیر تۆفیقی هونەرمەندی ناوداریش لەو کۆڕە بەشدار بوو. بە دەنگە بەسۆزەکەی هەمووەمانی وەجۆش هێنابوو. دەموچاوی هەندێک بریندار ببوو، بە سۆزەوە گوێمان بۆ گۆرانییەکانی ڕاگرتبوو. یەکێک لە هەولێریەکان رووی لە تاهیر تۆفیق کرد و گوتی مامۆستا بۆ لە خەمی خۆتدانی. تۆ تەنیا مولْکی خۆت نی، بەلْکو هی هەموو نەتەوەکەتی، دەبێ ئاگات لەخۆتبێ، هێندە مەشرووبی مەخۆوە کە نەتوانی لەسەر پێیان راوەستی.

وەک دەیانگوت ئەو هونەرمەندە بەڕێزە کە تەمەنی شەست ساڵ بوو، دوێنی زۆری خواردۆتەوە و قاچی خلیسکاوە و بەربۆتەوە دەموچاوی بریندار ببوون. زۆرم پێناخۆشبوو. گوتم مامۆستا ئەو برادەرە راست دەکات باشتر وایە هەرگیز مەشرووب نەخۆیەوە. قسەکەمی پێخۆشبوو. زۆری تکا کرد بۆ سبەی نیوەڕۆیە میوانی بم بە کفتەی تایبەت.

لەگەڵ دکتۆر عەبدولڕەزاق دەباغ بانگهێشتەکەمان قبووڵ کرد، بۆ بەیانی کە چووینە ماڵیان، لە ماڵ نەبوو، خێزانیشی ئاگای لە هیچ نەبوو. دیار بوو تاهیر تۆفیق داوەتەکەی لەبیرچۆتەوە و بە هاوسەرەکەشی نەگوتبوو. ئەوەش نەخۆشی لەبیرچوونەوە (سکلیرۆزی مێشک) کە لە ئەنجامی خواردنەوەی مەشرووبدا تووشی مرۆڤ دەبێت.

ئەو شەوەی لە یانەی پزیشکان بووین و گوێمان لە گۆرانی تاهیر تۆفیق راگرتبوو. کابرایەکی تەمەن چل و پێنج ساڵە رووی تێکردم و گوتی جەنابی دکتۆر من ساڵانێک شۆفێری مەلا مستەفای بارزانی بووم ئەو کاتە تۆش سەردانی بارزانیت دەکرد، تۆم خۆشدەویێ بەسەلامەتی تۆ دەخۆمەوە. ئەوەی گوت و پێکەکەی هەڵدا. دەمزانی لەو جۆرە شوێنانەدا سیخوڕ زۆرن و بێکار دانەنیشتوون. بۆیە لە وەڵامی ئەو کابرایەدا تەنیا سەرم راوەشاند و هیچ قسەیەکم نەکرد. کە ئەوە بە قازانجم شکایەوە. چونکە بۆ بەیانی پێیانگوتم ئەو شۆفێرەیان راسپاردبوو تا هانت بداو تاریفی مەلا مستەفای بارزانی بکەی و هەست و سۆزی خۆتی بۆ دەرببڕی کە دەستبەجێ دەیانگرتی و زیندانی دەکرای. پێشتر ئەو نادیەیان دانابوو بۆ لە داو خستنم. کە خودا پاراستمی. ئەو شەوەش بەخێرگەڕا.

خەونەکەی دایکی کەریم خان کە بۆ کچەکەمی گێڕابووەوە

مانگێک بەرلەوەی مۆڵەتی گەڕانەوە وەربگرم بۆ ئێران، دایکی کەریم خان خەونێکی دیتبوو کە کابرایەکی نوورانی بە سواری ئەسپێکی سپی لەبەر دەرگای ئێمە راوەستاوە و بانگمان دەکات. خاتوون دەڵێ لە پێشدا دکتۆر سواردەبێ و دواتر خاتوو رەعناو ئینجا ئەتۆ (کچەکەم) لە پاشکۆی ئەو سواری ئەو ئەسپە سپیە بەهێز و جوانە دەبن. ئینجا ئەو پیاوە نوورانییە جڵەوی ئەسپەکە رادەکێشێ و بە کۆڵانێدا دەڕوات و لە چاوان وندەبێ. ئێمە خەونی ئەو ژنە ئیماندارەمان بە خێر لێکدایەوە و شوکر بۆخوا وەدیش هات.

رۆژی سێزدەبەدەری ساڵی ١٩٨٠ یەکەم رۆژی دوای سی ساڵ دووری لە نیشتیمان لە مەهاباد بە ئۆتۆمبێلی مەحموودی برام چووینە گەڕان بەناو شادا. رۆژێکی خۆشبوو، پڕ بە چاوان و بەوپەڕی تامەزرۆیی لە دەوروبەرم دەڕوانی و چاوم بۆ ئاشنایانی دەورانی منداڵی و هەرزەکاریم دەگێڕا و بیرەوەریە تاڵ و شیرنەکانی پێش رۆیشتنم دەهاتنەوە بیر، کە هەموویان بۆ من تازە بوون و خۆشمدەویستن.

لە چیای سەرکەشی قوڵقوڵاغ رامابووم و دەورانی هەرزەکاریم لەگەڵ کوڕانی گەڕەک کە هاوتەمەن بووین و لە دامێنی ئەوێ دەگەڕاین و لە تاقانە کانییەکەی ئاومان دەخواردەوە و یاریمان دەکرد. کێوی خەزایی کە هەزاران موشەک و تۆپی لێدارابوو بە جەستەی بریندارەوە تەماشای دەکردم و بیرەوەری پێدا هەڵگەڕانی وەبیر دێنامەوە. کوشتنی مارە سوورەکان یادەوەریەکی دیکە بوو لە دەورانی گەنجێتی و بێ باکی. کانی و درەختەکانی خەزایی هێشتا هەر وەکو خۆیانن و تەماشای قەڵافەتی پیر و موی سپی و ریش و سمێڵی گۆڕاوم دەکەن.

باخەکانی داوێنی خەزایی شوێنی حەسانەوە و میوەخواردنی ساڵانی خوێندنم بوون. ئەو رووبارە بەخوڕ و هەندێجار ئارامە لەو دیوی پردی سوور و کۆنینەی دەورانی

بوداق سوڵتان بەنداوێکی گەورەیان لێ دروست کردبوو، کە تا مرۆڤ ئیرادەبکا رووبار هەستێ مرۆڤ سوود لەو وزەیە وەردەگرێ و رووناکایی بە شار دەبەخشێ و کۆڕ و دانیشتنەکان لە تاریکی لادەبا. بە کەڵک وەرگرتن لەو رووبارە مەهاباد رووناک بووەوە.

کانی شێخان ئەو کێوە کە دەتگوت دەروێشێکە و دوور لە چاوی نامەحرەم خەڵوە دەکێشێ و لەگەڵ درەختە کورتەبالاکانی دەوروبەری و ئاوە زووڵاڵەکەی سەرگەرمی زیکری ئیلاهین و لەگەڵ نزاو پاڕانەوەی سۆفیانی سەدەکانی بەرێ لە حاڵی خۆیاندان و دەنگیان دەگاتە گوێی پیاوانی خودا پەرست. ڕێبواران و عاشقانی سروشت و دڵداران بۆ عیرفان بانگ دەکاو لە باوەشیان دەگرێ و دەیانلاوێنێتەوە.

کێوەکانی دەوروبەری گڕاوان کە ئاوەکەی شیفا بەخشە و باخی میکایل بە درەختە پڕ لە میوەکانیەوە. لە بەرزاییەکانی دەوروبەری پادگان و تەپەی وەفایی شوێنی دانانی شاکارە شیعرەکانی ئەو شاعیرە ناودارەن، کێوەکانی بەردەسپیان و داشامەجیدیش بەسەر شاردا دەڕوانن. داشامەجید شەڕ و شۆڕی زۆری دیتوون، لە رووس و تورک و عەرەب.

لە دامێنی گۆڕستانی هەزاران ساڵەی مەلا جامییەوە کە هێشتا هەر وەکو خۆیەتی و قەڵش قەڵش بووە، درەختە سەرسەوزەکان بۆ مانەوەی سەوزایی بەسەر مەزاری شەهیدانی ئەو شارە ئەفسانەییە ریشەیان رۆچۆتە ئەو خاکەی، کە زۆرداران و بێنەوایانی برسێتی و مردووی سالانی گرانی دەورانی رابردوو و، پیاوانی خوداناسیان تێدا نێژراوە. لە قولایی ناخی ئەو رۆیشتوانە بۆ دیاری نەبوون هەواڵ دێنن و بەسەرسەوزی و گەشانەوەی بێ وێنەیان ئومێد بەژیان و هەوڵوکۆشش بۆ مانەوە و زیندوو بوون دێنن.

کێوی زاوابووک لە پشت داشامەجید شەڕ و هەرای زۆری دیتوون لە وانە قزڵباش و مەغۆلانی داگیرکەر لە داوێنی خۆی گرتوون. یەرغوو[87] و سەردارانی دەورانی داگیرکاری عەرەبەکان لە کەنار رووبار و دامێنی خۆی هەڵیگرتوون.

[87] یەرغوو: چۆمێکی بچووکی وەرزییە لە باشووری رۆژهەڵات بۆ باکوور دێت. بە هەندێک گووتە بەناوی یەکێک لە سەردارانی مەغۆل ناونراوە.

ئای مەهاباد چەندە جوان و دڵگیری. لە دوورەوە بەهێزی کێشکردنی خۆتەوە ڕۆڵەکانت ڕادەکێشیەوە و لە داوێنی پڕ لە سۆز و میهری خۆتیان دەگریەوە و لە کۆتاییدا لەناو جێگاو داوێنی خۆت بە خەوێکی ئەبەدییان دەسپێری.
من بۆ هەموو وجودمەوە خۆشمدەوێی. خاکەکەت سورمەی چاوانە. لە هەندێک هاوشاری دوورِوو و، دەغەڵ بێزارم، ئەوانەی هەم لە ناڵ دەدەن هەم لە بزمار. هەندێک لە دانیشتووەکانت شەوانە لەژێر ڕووناکایی چراو دانیشتنەکاندا تا شەودرەنگان دەست دەکەن بە غەیبەت و بنجوبناوانی کێشەو گرفتەکانی دۆست و هاوسێکانیان. زۆربەی خەڵکی عادەتیان وایە ئەگەر کەسێک بڵێ فلانی خراپە، کابرای هاودەمی بێ ڕاوەستان قسەی دەسەلمێنی، بێ ئەوەی ئەو کابرایەی دیتبێ یان بیناسێ. بۆیە لە کۆنەوە دەڵێن هەر جوانێک کەماسییەکی هەیە. بۆیە دەبینی ئەو کارە لە ناو خەڵکیدا بڵاوبۆتەوە، خۆزگە دەرمانێک پەیدا بووبا کە حەسوودی و دووزمانی لەناو دانیشتوانی ئەو شارە قارەمانەدا هەڵگرتباو نەیهێشتبا، خەڵکی لە پارە پەرستییەوە بۆ دڵکراوەیی و پێشکەوتن هاندابا.
خۆزگە گەنجەکان وەدوای زانست و هونەر کەوتبان و ئاستی زانستی خۆیان بردبایە سەرێ. دەستیان لە رق و کینە هەڵگرتبا، نەجنێویان بە دەوڵەمەندی پیسکە داباو نە ماستاویشیان بۆ کردبان. ئەو نەخۆشیە کوشەندەیە بۆخۆی گیانی ئەو قوربانییە ڕەش دەکاو هیچ پێویست ناکا سەری خۆتی پێوەبێشێنی و کاتی خۆتی پێبگری.
سەروەت دەبێ لەپێناو فێربوونی زانستدا کەڵکی لێوەربگیرێ، دەبێ وزە و توانای مرۆڤەکان بەکاربێنی و ژیانی بنەماڵەکانی پێ خۆشبکەی تا لە بەدبەختی و داماویدا ڕزگاریان بێت. وەدوای کارێکی وا نەکەوی کە هیچ سەرەنجامێکی نییە. وەدواکەوتنی هەستی بێبنەما هەر سەرگەردانی و مردنی لەدوایە. وەدوای زانست کەوتن لە پێناوی نیشتیماندا جێگەی ستایشە، بەڵام وەدواکەوتنی سیاسەت و سیاسەت کاری لە هەموو دەورانەکاندا هەر تووشی شکست بوونە.
ستالین بەو هەموو هێزەی خۆی کە هەیبوو، هەتا مردنیشی بە مردن نەچوو، نەیانهێشت لە گۆڕەکەیدا وەمێنێ، لە گۆڕیان هێنادەر و خستیانە گۆڕێکی چیمەنتۆیی و دایانپۆشی. پەیکەرەکانیان هەڵگرتنەوە و لە مێژووی مێژووسازانی دوای خۆیدا بە خراپەکار ناویان هێنا.
هیتلەر کە زەمانێک هەموو دنیا لەبەری دەلەرزی لە ترسان خۆی کوشت.

هۆزی تاڵانچییانی مەغۆل لەناوچوون و لەناو گەلانی داگیرکراودا توانەوە و ناوێکی خراپیان لەدوای خۆیانەوە بەجێهێشت. بەڵام فەرهەنگ و زانست بۆ هەتایە دەبێتە مایەی سەربەرزی گەل و کەسایەتییەکان.
لە گڵۆپەکەی ئەدیسۆن، لە ماڵی خوداو لە مەدینەی مونەوەرە سوودی لێوەردەگرن، لەژێر رووناکایی ئەودا نوێژ و خواپەرستی دەکەن و رەحمەتی بۆ دەنێرن.
غەزەلەکانی حافز ئارامبەخشی دڵانن و ئامۆژگاریەکانی سەعدیش ئیلهامبەخشی داماوانن، بەڵام ئەسکەندەر هات، کوشتی و سووتاندی و ناوێکی خراپی بۆ مایەوە.
کەواتا بەراوردی بکە بە دەستی بەتاڵ کۆششی زۆر دەتوانی پێگەو ناوێکی باش بۆخۆت پەیدابکەی. کەڵک وەرگرتن لە هێزی زۆرداری لەناوت دەبات، کەواتا سوود لەو پەندەم وەربگرە و واز لە هەواوهەوەس بێنە. سوود لە گەنجیت وەربگرە و سامانەکەی لە رێگای راستی و چاکەکاریدا بەکاربێنە. گەنجی دەڕوات، ئەگەر بەهاری ژیانت بۆ دەورانی پیریت گەنجینەیەکی پڕ لە زانست و دانایی پڕکردبێ، ئەوە بەسەرفرازی دەمێنیتەوە.
سەروەتی زۆر و پارەی دانراو وەک ئەو بەکرێگیراوە دەچێ کە تفەنگی بە دەستەوەیەو لە بەرامبەر سەرمادا پارێزگاری لە گەنجینەکە دەکات، ئەویش بە سکی برسی و دەمی تینوو لەو رۆژگارە ڕەشەدا دەمێنێتەوە تا فریشتەی گیانکێشان دێت و گیانی لێدەستێنێ، بە چاوی پڕ لە حەسرەتەوە دەکەوێ، تا میراتگرەکانی دێن و سەروەتەکەی دەبەن.
ماوەی دە پازدە رۆژان خەڵکی مەهاباد دەهاتنە ماڵی براکەم، ئەو خانووەی باوکم لە وەسیەتنامەکەیدا بە ناوی منی کردبوو. براکەم نۆژەنی کردبۆوە و تێیدادەژیا. پێشوازی لە میوانەکان بەشێوەیەکی باش بەڕێوە دەچوو. کونجکۆڵانە لە قەدو قەڵافەتی مەهابادیەکانم دەڕوانی چ ئەوانەی دەمناسین و چ ئەوانەی نەمدەناسین قسەم لەگەڵ دەکردن. ئەوان دەیانویست بزانن بارودۆخی سۆڤیەت چۆنە. گەنجە فریودراوەکان لە واقعیەتی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم پرسیاریان دەکرد. راستییەکەی چۆنبوو بۆم باسدەکردن و بۆ ڕێگای راست ڕێنوێنیم دەکردن.
لەوکاتەدا هێزی حزبی دیموکرات لە مەهاباد و دەوروبەری هەبوون. هێزی دەوڵەتیش لە چیاکانی مەهاباد جێگیر ببوون. هێشتا (شۆڕش[88]) هەموو وەڵاتی نەگرتبووەوە، لە

[88] نووسەر مەبەستی لە شۆڕش، شۆڕشی کۆماری ئیسلامییە. وەرگێڕ

گۆشەو کەنارەکانی ئەم وەڵاتە تێکهەڵچوون هەبوو. هەرکەسێک چەند چەکدارێکی بەدوای خۆیەوە دیتبا خۆی بە حاکمی موتڵەق و رۆستەمی زەمانە دەزانی. زۆردار بێهێزی لەناودەبرد. دەستەی چەکدار و حزبی جۆراوجۆر لە هەموو رەنگێک هەبوون، هەرکەسەو بە زوورنای خۆی هەوڵیدەدا لایەنگری زۆرتر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە. دوای ئەوەی کۆمەڵێک خەڵک سەردانیان کردم و بارودۆخەکەم هەڵسەنگاند و کۆمەڵێک شتیشم بۆ دەرکەوتن کە ئەو ماستە بێ موو نییە، لەو سەردانەیاندا کە بۆلام هاتبوون. نەمدەزانی چۆن سوپاسگوزاری خۆم لە بەرامبەر ئەو لوتفەیاندا دەرببڕم، بچمە ماڵیان و سوپاسیان بکەم؟

بە براکەمم گوت ئەو بەڕێزانەی سەردانیان کردووم و زەحمەتیان کێشاوە و سەرفرازیان کردووم، پێمبڵێ یەک یەک سەردانیان دەکەمەوە جا چ لە ماڵ بێت یان لە دوکان، خۆ ئەگەر هیچ نەبێ کاتێک هاتنە نۆرینگەکەم پارەی پشکنینیان لێوەرناگرم.

براکەم ئەو تکا راستگۆیانەی منی بەگوێدا نەچوو لەبیری خۆی بردەوە.

تا بەرەبەرە قەدو قەڵافەتە گەشەکان لە بەرامبەرمدا گۆڕان و مرچومۆن بوون. ئامێزە ئاواڵاکان داخران و روویان لێوەردەگێڕام. هۆکارەکەم بۆ دەرکەوت. ئەویش ئەوەبوو خێرخوایەک پێیگوتم کاکە لێرە دەستوور وایە ئەگەر کەسێک سەردانی کردی بۆ سوپاسگوزاری دەبێ بچیەوە ماڵەکەی، بەڵام تۆ ئەوکارەت نەکرد ئەوەش وا لێکدەدرێتەوە هیچ حیسابێکت بۆ نەکردوون، کەواتا چ چاوەڕوانییەکت لە خەڵک هەیە.

قسەکەی لەجێی خۆی بوو. دنیام لەپێش چاوان تاریک بوو. هەر لە رۆژانی هەوەڵێ بەرامبەر بە خۆم هەستم بە خیانەتێک دەکرد. خوشکەکانم هەریەکەو لە دژی ئەوەی دیکە قسەی دەکرد. لە نەبوونی باوکم و دەورانی پیریدا زۆر شتم بیستبوونەوە. بیرم لەوە کردەوە تا درەنگ نەبووە لە بیری پەیداکردنی خانوویەکدابم. بەبێ خانوو وەک ئەوە وایە مرۆڤ رووت و قووتبێ و لەناو کۆمەڵگادا هەڵوەدابێ.

چوومە لای میرزا خەلیلی مێردی خوشکم و گوتم بۆم لەبیری خانوویەکدابە. ئەویش پیاوانە قۆڵی لێهەڵماڵی و دڵسۆزانە لەفکری خانوویەکدا بوو.

بە هاوکاری حاجی ڕەوشەنزادە دوای دیتنی چەند خانوویەک سەرەنجام خانووی سەید جامی رەحمەتیمان دیتەوە کە هی کوڕی سەید قادر جەعفەری بوو، دەیویست بیفرۆشێ. چووین دیتمان و پەسەندمان کرد.

خانووەکە لە ناوەڕاستی شاریدا بوو، لە بازاڕ و دەرمانخانەکان نزیک بوو. رووبەرێکی زۆر و چەند ژوورێکی هەبوو، بەڵام باڵەخانەکە کۆن بوو. بەهەرحاڵ لەگەڵ بارودۆخی مندا دەگونجا و بەدڵم بوو. پێکەوە چووینە کتێبخانەکەی ماڵی خۆیان مامەڵەمان کرد بە ئامادەبوونی میرزا خەلیل محەمەد جانی و مەحموودی برام و حاجی ڕەوشەنزادەی بەڕێوەبەری نووسینگەی خانووبەرە.
دوای گفتوگۆیەکی کەم مامەڵەکەمان سەریگرت و بەڵێننامەمان نووسی و واژۆمان کرد. بەڵێننامەکە بەدەست و خەتی مەحموودی برام نووسرا و دوایی ئامادەبوان واژۆیان کرد کە بۆماوەی یەک مانگ خانووەکەم رادەستبکا و لە دەفتەری تۆماری دادوەر کاک سەید رەئوفی موکری تۆمار کرا. ئەوەی هەمبوو تەنیا دینار و دۆلار بوو. کاک سەید قادر گوتی من پارەی ئێرانیم دەوێت. بیست و پێنج هەزار دینارم لەلای هاوڕێی دێرینم حاجی رەحیمی خەرازی دانا و تکام لێکرد بە پارەی ئێرانی بە نرخی رۆژ بۆم بگۆڕێتەوە، تا بتوانم مامەڵەکەی سەید قادر تەواوبێ و خانووەکەم بۆ چۆڵ بکات، کە دەبوو لە ١٨ی مانگی گوڵانی ١٩٨٠ خانوەکەم رادەستبکات.
حاجی رەحیمی خەرازی لە رووی میهرەبانی و دۆستایەتی دەورانی گەنجێتی لە رێگای یەکێک لە هاوڕێکانی پارەکەی بۆ ناردمە ورمێ و بە بڕی سی و سێ هەزار تمەن گۆڕیبوویانەوە و پارەکەیان دابووە حاجی رەحیم و دواتر بخرێتە سەر چەکی حسابی سەید قادر. پێکەوە چەکەکەمان بۆ برد. کاک سەید قادر تا پارەکەی لە بانک نەدیت بەڵگەنامەکەی واژۆ نەکرد.
ئەو پارە دۆلارانەی پێمبوون بە نرخی چواردە تمەن و لە رێگای داودی زاوامەوە فرۆشتمەوە. کەمی پارەکە کە بڕی سەد هەزار تمەن بوو وەک قەرز لە حاجی رەحیمم وەرگرت و مامەڵەکە لە دەفتەری کاک قازی موکری بە دانی ئەو بڕە پارەیە ئەنجامدرا. بەڵام شەرت و مەرجی ئێمە لەسەر وەرگرتنی ئەو خانوە لە ١٨ی مانگی گوڵان هەر وەکو خۆی مایەوە تا لە کاتی دیاریکراودا هەر بۆخۆی تێیدابێت. ئێمە تازە مامەڵەکەمان لەگەڵ سەید قادر تەواوببوو کاری تۆمارکردنیشی تەواوببوو، بەڵام هێشتا خانوەکەی رادەست نەکردبووم، کە بیستم حاجی محەمەدی رەشادی هەمان خانەخوێی میهرەبانی هاوڕێی راستەقینەم لەگەڵ هەندێک کەسی دیکە لە عێراق دەرکراون و لە سنووری باشوورەوە هاتوونەتەوە تاران و ئێستا لە مەهابادە و لە ماڵی یەکێک لە خزمەکانی میوانە.

خێرا چوومە ئەوێ حاجی محەمەدم لە بارودۆخێکی پەرێشان دیت. یەکتریمان لەباوەشگرت و بەدیداری خۆشحاڵ بووم، بەڵام کاتێک دیتم ئەوەی بەسەر حاجیدا هاتووە و لە ماڵ و حاڵی خۆی بە دەستی بەتاڵ دەریان کردووە، زۆر نیگەران بووم. حاجی زۆر پەرێشان بوو بەردەوام فرمێسکی بە چاواندا دەهاتەخوار. دوای هەندێک گفتوگۆ باسەکەی خۆم بۆ گێڕایەوە. ئەو نەیدەزانی بە ئازادی لە سنووری خوسرەوی هاتوومەتەوە بۆ ئێران. هەندێک کەسی دەغەڵ و فشەکەر لە بەغدا پێیانگوتبوو گۆیا بە یارمەتی ئەوان لە ڕێگای قەڵادزێوە هاتوومەتەوە.

حاجیم بۆ ماڵی میرزا خەلیل بانگهێشت کرد سەعاتێک پێکەوە دانیشتین، زۆری باسی ئەوانەکرد دەردەکرێن و بە پێچەوانە لەسەر سنووری ئێران پێشوازییەکی باشیان لێدەکرێ. زۆر نیگەرانی منداڵەکانی بوو، ئاگای لە چارەنووسی ئەوان نەمابوو. لەبەرئەوەی حاجی لە دایکبووی ئێران بوو و منداڵەکانیشی لە عێراق لە دایک ببوون، بەپێی یاسای بەعسییەکان هەرکەسێک لە دەرەوە لە دایک بووبێ بێجگە لە وەڵاتانی عەرەبی دەبێ لە عێراق دەرکەون و ئەوەی هەشیانە بەجێبێڵن.

حاجی لە کڕینی خانوو و، گوزەرانی من زۆر خۆشحاڵ بوو. بەڵام دوای ماوەیەک حاجی بزر بوو و، گەڕایەوە بۆ عێراق. ئێستا لەوێ خەریکی کاری بازرگانییە. بیستم لە ژنی یەکەمی جیابۆتەوە و ژنێکی دیکەی هێناوە و ژیانێکی تازەی دەستپێکردووە. لەگەڵ سەلاحی کوڕی پێکەوە دەژین و منداڵەکانی دیکەشی بە جیا دەژین. بەڵام ئەو کەریمە میهرەبانە هیچ هەواڵێکی نەبوو، دەیانگوت بێسەر و شوێنە خۆزگە سەروسۆراخێکی هەبا.

هیوادارم خوداوەندی مەزن هەموو بنەماڵەکەی لە بەڵایان بپارێزێ. ئەو کابرایە پیاوێکی باش و بە تەواوی مانا بە ویقار و خانەدانە.

دوای کڕینی خانوو بە ئیسراحەت خەریکی هاوتاکردنی بڕوانامەکانم بووم، لەگەڵ خاتوو ڕەعناو کچەکەم چووینە تاران و میوانی کاک ئەحمەدی ئەحمەد زادەی مێردی خوشکی خاتوو ڕەعنا بووین. کاک عەبدوڵڵا عەبدی زاوای خاتوو گوڵێ گەنجێکی خوێندەوارو چالاکی بابەتە هەنووکەییەکان بوو. سەبارەت بە فەرمانگەو وزەراتەکانی پەیوەست بە کارەکەم زۆر سوودم لە ڕێنوێنییەکانی وەرگرت.

هەروەها سەردانی کاک عەلی خوسرەوی هاوشاریم کرد کە یەکێک بوو لە خزمانی خاتوو ڕەعناو زۆرم خۆشدەویست.

دوای ئەوەی پێشوازییەکی شاهانەیان لێکردین داوام لێکرد هاوکار و ڕێنماییم بکات بۆ هاوتاکردنی هەرچی زووتری بڕوانامەکانم. ئەویش لە ڕووی مرۆڤدۆستی و جوامێری خۆیەوە زۆری هەوڵ لەگەڵ دام و زۆر ماندوو بوو. بەڵگەنامەکانم لە ڕێگای وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی و سەفارەتخانەی سۆڤیەت رایی کران. مۆڵەتی کارکردن و نۆڕینگەیان دامێ بە ژمارە مۆڵەتی پزیشکی ١٩٢٥٤ لە مانگی گەلاوێژی ١٩٨٠. من مۆڵەتی پزیشکی عێراقم هەبوو بۆیە تا رایی کردن و بەراورد کردنی بڕوانامەی زانستی و دبلۆمەکان سوودم لە مۆڵەتی پزیشکی عێراقی وەرگرت و دەستبەکار بووم.
هێشتا دە ڕۆژ نەبوو خانوەکەم وەرگرتبوو، لە نهۆمی خوارێ دەژیاین و خەریکی دەستپێدا هێنانی ماڵێ بووین. ئێوارەیەک لە دەرگایانداو دەنگی ئایفۆن بەرزبۆوە، تا پرسیم کێیە؟ چەند پیاوێکی نەناسراو بانگیان کرد شێخ عەبدولکەریمی نەقشبەندی هاتووە دەیەوێ چاوی بە دکتۆر بکەوێ. کە گوێم لەو قسەیەبوو لەشوێنی خۆم وشک بووم. بیرەوەری تاڵی ماڵی شێخ و شەمیە هاروونم وەبیرهاتنەوە، پەیوەندی شێخ لەگەڵ دایکی سەددام حسێن و شەمییە هاروونی بەکرێگیراوی بەعسییەکان و نزیکی ئەو شێخە گەورە و بەڕواڵەت ئیماندارە لەگەڵ بەعسییەکان... هەموو ئەوانە بەهاتنی ئەو بۆ ئێران دەربڕی ڕووداوی ناخۆش بوون.
بەڵام هیچ چارەیەک نەبوو، دەرگام کردەوە، شێخ بەگۆچان و شەلەشەل لەگەڵ سێ چەکدار هاتنە حەساری. بەخێر هاتنم کردن و فەرمووم کردن بۆ ژووری.
بەڵام زۆر نیگەرانبووم. ناردم بەدوای میرزا خەلیل محەمەد جانی بەخۆی و سێ کوڕەوە هاتنە ماڵێ. لەگەڵ شێخی دانیشتین. شێخ کاتێک چاوی بە چوار پیاوی نەناس کەوت ترسی ڕێنیشت، بەڵام هیچ چارەیەکی نەبوو. ئێوارە خوانێکی سادەمان حازر کرد و لەپێشم دانان. شێخ لەگەڵ نانخواردن بە پارێزەوە لە دەوروبەری دەڕوانی تەماشای خانوەتازەکەی دەکرد. لێی پرسیم چۆنت رزگار بوو؟ بەکورتی بابەتی هاتنەوەکەم بۆ گێڕایەوە. شێخ گوتی سوێند بە خودا دوازدە ڕۆژ دوای ونبوونت فەرمانی گرتنت لە بەغداوە دەرچوو بوو بۆ هەولێر هاتبوو. ئێستیخبارات وەک مێشەکەرە بەدواتدا دەگەڕان و پرسیاریان لە دۆست و ئاشنایانت دەکرد تا وەتبینن. لە قسەکانی شێخی بۆم دەرکەوت بەدوای منیاندا ناردووە تا بزانن بە ڕاستی لە ئێرانم و چیدەکەم. شێخ گوتی دەریان کردووم. دەمزانی درۆ دەکات. دوای سەعاتێک

گفتوگۆ بە گومان و پارێزەوە گوتی دەچم بۆلای کاک مەسعوود بارزانی ئەگەر کارێکت هەیە پێمبڵێ تا بۆت ئەنجام بدەم. سوپاسی شێخم کردو گوتم کارم بەکاری هیچ کەسێک نییە، مادام هاتوومەتەوە وەڵاتەکەم لە هەمووشتێک گرنگترە و وادەزانم هەموو دنیام هەیە. شێخ بە پەشۆکاوی دانیشتبوو، دوای سەعاتێک چەند کەسێکی نەناس هاتن و شێخیان لەگەڵ خۆیان برد. هەر ئەو دیدارە بوو ئیدی ئاگام لە شێخی نەما.

هاوتا کردنی بڕوانامەکانم هەندێک درێژەی کێشا، بەڵام بەڵگەنامەی پێویستم بۆ دامەزراندن لە نەخۆشخانەی دەوڵەتی و دەستبەکار بوون وەرگرتبوو. خۆشحاڵ بووم بەمزوانە لە نەخۆشخانەی شێروخورشیدی مەهاباد و لەو جێگایەی مادام میس دال کە دەرسی ئینگلیزی پێدەگوتم کار دەکەم. دوایش دەچمە نەخۆشخانە تازەکەی نزیک پادگان. شەو و رۆژ لەو فکرانەدا بووم و خەونی خۆشم دەدیتن. لە ژووری نەشتەرگەری وەک سەردەمی سۆڤیەت لەناو پەرستار و کارمەندانی بەشی نەشتەرگەری خۆم دەبینمەوە.

لە رۆژی بیستی مانگی گوڵان خانوەکەم لە سەید قادر جەعفەری رەحمەتی وەرگرت و دەستمکرد بە نۆژەنکردنەوەی. ئەو کەموکوڕیانەی هەمبوون بە هاوکاری کاک داودی زارام لە ورمێ کڕیمن و هێنانمەوە مەهاباد. نۆڕینگەم کردەوە و دەستبەکار بووم. نەخۆشێکی زۆر لەملاو ئەولاوە دەهاتن. کاروباری پزیشکیم بەشێوەیەکی باش بەڕێوەدەچوو.

بەڕێز عەبدی لە تاران هەر بەدوای کارەکانمەوە بوو. دوای ساڵێک و چوار مانگ هێنان و بردن لە نێوان تاران و مۆسکۆ و باکۆ و سەفارەتخانەی کۆماری ئیسلامی راستی و بڕواپێکردنی بڕوانامەکانم بگەنەوە سەفارەتخانە. چەندە زیانبەخشە ئەو کارەڕۆتین و بۆرۆکراسیەی کارمەندانی دەوڵەتی کە ئاوا یاری بە ژیانی خەڵکەوە دەکەن.

بارودۆخی مەهاباد لەو مانگانەدا هێندە ئەمین و جێگەی باس نەبوون. بۆ نموونە رۆژێک لە نۆڕینگەکەم خەریکی پشکنینی پیرەژنێک بووم کە زۆر هیلاک بوو، لەناکاو کابرایەکی گۆچان بەدەست کە هەندێک وێنەی لە لاقە برینداریەکەی بەستبوو، کە مانگێک بوو بریندار ببوو، بێ سڵەمینەوە و مۆڵەت وەرگرتن وەژوور کەوت و گوتی دکتۆر تەماشایەکی ئەو وێنانە بکەو برینەکەم بۆ دەرمان بکە. زۆر رووهەڵماڵاوانە و

فەرمانبەرانە کە خۆی بە قارەمانێک دەزانی، بێئەوەی هەلومەرجی نۆڕینگەو ئەو نەخۆشە سەختە لەبەرچاوبگرێ کە لەسەر قەرەوێڵە درێژ ببوو. بە روویەکی خۆشەوە گوتم کاکە چاوت لێیە نەخۆشم لەبەردەستە با پشکنینی بۆ بکەم و راچێتەی بۆ بنووسم بە چاوان.
کابرا شیڕاندی و دەستیکرد بە جنێوان من لە ڕێگای ئازادی بە هاوەن بریندار بووم و ئێستاش ناتەوێ دەرمانم بکەی! گوتم برای ئازیز پێنج خولەک سەبرت هەبێ دوای ئەو نەخۆشە هەتا نۆرەش مەگرە برینەکەت بۆ دەرمان دەکەم. دیسان دەستیکردەوە بە هاتوهاوار لە کاتێکدا حاڵیشی زۆر باشبوو پێویستی بە فریاگوزاری نەبوو. بێ هیچ کێشەیەک دەکرا بۆ دەرمانکردنی کۆنەبرینەکەی ئارام بگرێ و بە نۆرەی خۆی بێتە ژووری. ئەو کابرایە بە سوودوەرگرتن لەو بارودۆخە شڵەژاوەی شار دەیویست بەزەبری چەک خواستە ناڕەواکانی بسەپێنێ. تا سەرەنجام پەرستاری نۆڕینگەکەم لێی تورەبوو بە زۆر کابرای وەدەرنا.
چوومە لای بەرپرسانی شار و هەتا چوومە لای بەرپرسی حزبی و سکاڵام کرد. ئەوە بوو جێگری بەرپرسی حزب گوتی دکتۆر دڵت نەڕەنجێ کۆنترۆڵمان لە دەستدا نەماوە و چاوەڕوانی شتی خراپتریش دەکەین.
بارودۆخی مەهاباد رۆژ بە رۆژ بەرەوپشێوی زیاتر دەچوو. لە کۆتایی مانگی گەلاوێژ لە مەیدانی چوارچرا کۆڕێکی جەماوەری فراوان بەڕێوە چووبوو، خەڵکێکی زۆر لەوێ کۆ ببوونەوە گوێیان لە وتاری یەکێک لە ڕێبەرانی سیاسی دەگرت. کە لەناکاو لە ناوەڕاستی مەیدان تەقینەوەیەکی گەورە روویدا. من لە ماڵێ بووم. قەت بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوانم نەدەکرد و لەو جەنجاڵیەی سیاسەتە خۆم بە دوور دەگرت. دوای ماوەیەک هەواڵ گەیشت ئەو بۆمبەی لە ناوەڕاستی مەیدانی چوارچرایان دانابۆوە تەقیوەتەوە و لە ئەنجامدا چەند کەسێک کوژراون و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون.
کاتێک ئەو هەواڵەم بیست زۆر نیگەران بووم و بارودۆخەکەم زۆر بە خراپ دەدیت. سەعاتێک بەسەر ئەو رووداوەدا تێنەپەڕیبوو لە دەرگایاندا. دەرگامان کردەوەو دوو کوڕەجحێڵە گوتیان دکتۆر لە نەخۆشخانەی شێروخورشید و لە بەشی نەشتەرگەری داوات دەکەن. یەکسەر خۆم ئامادەکرد و لەگەڵیان چوومە نەخۆشخانە. یەکێک لەو گەنجانەی بەدوامدا هاتبوو گوتی بەرپرسی نەخۆشخانەی مەهاباد بەڕێز جۆرابچی

تکای لە جەنابتان کردووە بێیە نەخۆشخانەو یارمەتی نەشتەرگەرەکانی ئەوێ بدەی. لەبەر ئەوەی بریندارەکان زۆرن و تەنیا سێ نەشتەرگەر دەڕۆستی ئەو هەموو بریندارە نایەن.
بەپەلە چوومە نەخۆشخانە و یەکسەر جلوبەرگی نەشتەرگەریم لەبەرکرد و چوومە ژووری نەشتەرگەری. کە تەماشای یەکێک لە ژوورەکانی نەشتەرگەریم دەکرد کە دکتۆرەکان هەموویان لەسەر یەک بریندار کۆببوونەوە و باسی منیان دەکرد. بە تەوس و پلارەوە دەیانگوت با بزانین نەشتەرگەری سۆڤیەت چیمان بۆ دەکات. یەکێک لە کارمەندەکانی ئەوێ گوتی بەڕاستی نەشتەرگەرە؟ یەکێکی دیکە گوتی جۆرابچی بەڕێوەبەر ویستوویەتی بە تیرێک دوو نیشانە بپێکێ. یەکێک نەشتەرگەری بوونی ئەو و، ئەوەی دیکەش لێهاتوویی خۆی لەو بوارەدا دەربخات. لەبەرئەوەی دەڵێن ئەو دکتۆر نییە و هەتا مۆڵەتی کارکردنی پزیشکیشی نییە. کاتێک گوێم لەو قسانە بوو، هیچ وەسەرخۆم نەهێنا و بە دەنگێکی بەرز گوتم هاوکاران من ئامادەم. بەرپرسی بەشی نەشتەرگەری کە خەریکی کاری نەشتەرگەری بوو گوتی ئەو بریندارانەی کە لەسەر عەردی کەوتوون و خەڵتانی خوێنن، هەرکامێکت دەوێ برۆ نەشتەرگەری بۆ بکە.
چوومە ناو بریندارەکان دەمویست کامەیان برینەکەی سەختترە نەشتەرگەری بۆ ئەویان بکەم. تەماشامکرد لە گۆشەیەکی نەخۆشخانە کە وەک ژووری نەشتەرگەری نەدەچوو، دکتۆرێک خەریکی دروونەوەی برینی بریندارێک بوو. گوتی جەنابی دکتۆر ئەو بریندارانەی برینەکانیان سووکە یەکێکیان ببەو برینەکەی بۆ بدرووەوە. کاتێک گوێم لە قسەی ئەو دکتۆرە بوو تێگەیشتم کە هەموویان رێککەوتوون لە رێگەی دکتۆر عەبدولقادر جۆرابچی بەرپرسی نەخۆشانەوە دەیانەوێ تاقیم بکەنەوە.
چ باشتر قۆڵم لێهەڵماڵی لە گۆشەیەکی هەمان ژوور کە دکتۆر خەریکی دروونەوەی پێی بریندارێک بوو، کابرایەکی تەمەن سی و پێنج ساڵە بە ورگی ئاوالا و رێخۆڵەی دەرهاتوو لە حاڵەتی بێهۆشیدا هەردەینالاند. بە پەرستارەکەم گوت ئەو نەخۆشە ببەنە سەر تەختی نەشتەرگەری. کە هەر لە پەنای ئەوێ ژوورێکی بچووکی لێبوو. بریندارە هیلاکەکەیان هێناو لەسەر تەختی نەشتەرگەری درێژیان کرد. گەنجێکی چالاک و میهرەبان کە دواتر بۆم دەرکەوت کاک رەحمەتی کەریمیە و بەرپرسی بەشی بێهۆشکردنە، هەر بۆخۆیشی بێهۆشکردنەکەی وە ئەستۆی خۆیگرت و دوای چەند

ساتێک بریندارەکەی بێهۆش کرد. دکتۆرێکی هیندی لەگەڵ کچێک، پێموابێ ئەنیتەر بوو، هاتنە یارمەتیدانم.
دوای خاوێنکردنەوەی برینەکان، لە ناوەڕاستەوە سکیم هەڵدڕی بە سەرنجدان لە گەدەو ریخۆڵەکان بۆم دەرکەوت لە چەند شوێن گەدەو ریخۆڵە و دوو برینیش لەسەر جگەری هەبوون. بەوپەڕی پارێز و پاکوخاوێنی تەواو دەستمکرد بە دروونەوەی برینەکانی گەدەو ریخۆڵەکان.
نەشتەرگەریەکە بەوپەڕی خێرایی بەڕێوەچوو. کە دوو سەعاتی خایاند. لە گۆشەیەکی خوار سکی سۆندەیەکم بۆ دانا، بۆ هاتنەخوارەوەی شلەمەنییە چاوەڕوانکراوە کانی دوای هەرسکردنی هەناوی.
بەپێی دەستووری سۆڤیەتی برینەکانم دروونەوە لەوکاتەدا دەمویست داوای هاوکاری لە دکتۆرە هیندییەکە یان کچەکە بکەم، بەڵام بەڕێز کەریمی گوتی نا دکتۆر بۆخۆت کارەکانی تەواوبکە و بەکەسی دیکەی مەسپێرە. ئەوەش ئاماژەو وشیار کردنەوەیەکی ئەو پیاوە باشە بوو بۆ من. ئەوە یەکەم ئەزمونم بوو لە شارەکەی خۆم و لە نەخۆشخانەی شێروخورشیدی کۆن.
کاتێک کارەکەم تەواو بوو جلکەکانم گۆڕین و چوومە لای دکتۆری بەشی نەشتەرگەری کە لە ڕاڕەوەکە لەسەر کورسییەک دانیشتبوو خەریکی تەبەڵەی نەخۆشەکان بوو کە نەشتەرگەری بۆ کردبوون. پێمگوت چ کارێکم ئەنجامداوە و خواحافیزیم لێکرد، هەروەها تکام لێکرد زۆر ئاگایان لەو نەخۆشەبێت لەبەرئەوەی لە دۆخێکی خراپدایە و ئومێدی زیندوو مانەوەی زۆر کەمە.
جەنابی دکتۆر بە پێکەنینەوە بەڵێنی پێدام ئەوەی لە دەستییان بێ دریخی ناکەن. گەڕامەوە ماڵێ، یەک هەفتە نەمتوانی بچمەوە و پەیوەندیش بە نەخۆشخانەوە بکەم لەبەرئەوەی بەهۆی ئەو تێکهەڵچوونانەوە هێڵی تەلەفۆن لەکار کەوتبوو، نەمتوانی لە حاڵی نەخۆشەکەم بپرسمەوە. دوایی بەڕێز دکتۆر حەبیبزادە گوتی مزگێنی بریندارەکە چاک بۆتەوە و بەپێی خۆی گەڕاوەتەوە ماڵێ. سەرەنجام نە من زانیم ئەو بریندارە کێ بوو، نە ئەویش زانی چ دکتۆریک نەشتەرگەری بۆ کردووە. باهەر ئاوا وەمێنێ.
رووداوێکی دیکەی ئەوکاتەی تێکهەڵچوونانەی مەهاباد ئەوە بوو، لەگەڵ بنەماڵە کەمان چووینە ژێرزەمینی بانکی میللەت کە لە پەنا ماڵی خۆمان بوو. ئەو تێکهەڵچوونە نزیکەی حەڤدە رۆژی خایاند. خەڵک حاڵیان پەرێشان بوو، دوکان و بازاڕ داخرابوون.

مزگەوت پڕبوون لە خەڵکی بریندار، کوژراوە کانیان هەر لە حەساری مزگەوتێ کفن دەکردن و بەشەوێ و بە کەڵک وەرگرتن لە تاریکی دەیانناشتن.
ئەو شەڕ و ئاژاوە و بەدبەتییەی کە سەرتاسەری ئێرانی گرتبووەوە بەهۆی سیاسەتی هەڵەی حکومەتی بەنی سەدرەوە بوو، کە لە کۆتاییدا بۆ خۆیشی یەکێک بوو لە کارەکتەرە سەرەکیەکانی کۆلۆنیالیزم و هەر بەنهێنیش لە ئێران هەڵات. خەڵکی ناوچەکە ئەو رۆژە پڕ لە کارەساتبارەیان دەخستە ئەستۆی بەنی سەدر کە بە فەرماندە سەربازیەکانی گوت پۆستاڵە کانتان لە پێیان دەرمەهێنن تا هەموو کوردستان خەڵتانی خوێن نەکەن. لە کۆتاییدا ئەو نە لە ئێرانی گەورە و نە لە کوردستان و نە لە هەمەدان و هیچ جێگایەکی دیکە جێگای نەبووەو پەڕاکەندە بوو.
یەکێک لە رووداوە ناخۆش و خەمبارەکانی ئەو سەردەمە تیرۆر کردنی زانای گەورە مەلا کەریمی شاریکەندی بوو، کە یەکێک بوو لە زانا هەڵکەوتەکان. ئەو زانا خواناسە لە مزگەوتی مەولەوی مەهاباد دوای نوێژێ کاتێک دەیویست پێڵاوەکانی لە پێ بکاتەوە و بچێتەوە ماڵێ، کابرایەکی خوانەناس کە کەس نەیزانی لە عێراقەوە یان جێگایەکی دیکەوە فەرمانیان پێکردووە شەهیدیان کردو شار شیوەن و ماتەمی گێڕا. بیرەوەری ئەو پیاوە گەورە هەرگیز لەبیرناکرێ، روحی شاد و بەهەشتی بەرین جێگای بێت.
لەو سەروبەندەدا زۆر رووداوی ناخۆش روویاندا، هەر وەکو گوتم لەو نووسینەدا جێگایان نابێتەوە، لەوانەشە لە ئایندەدا کەڵکی هەبێ. بەهەرحاڵ ئەو دیمەنە ناخ هەژێن و ئازار بەخشانەو لە گیانی خۆ ئەمان نەبوو، وایان لێکردم بە هەزار زەحمەت و کوێرەوەری داوای گواستنەوەی ئەرکەکەم بکەم. لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٩٨٢ بۆ تاران بگوازمەوە. چەند جارێک سەفەری تارانم کرد کە خانوویەک و نۆرینگەیەک پەیدا بکەم، بەڵام هەر دەبوو بڵێم ئەو نانە بەو دۆشاوەی.
لەگەڵ ئەوەی کرێخانوو لە تاران هێندە گران نەبوو بەڵام لە توانای من بەدەر بوو. تا سەرەنجام لە جۆزەردانی ساڵی ١٩٨٣ چوومە تاران و دوای دوو رۆژ گەڕان لە نووسینگەی خانووبەرەو تەماشاکردنی چەندین خانوو. سەرەنجام لە شەقامی بەهاری باکوور و کۆڵانی کەوسەر لە رێگای ئاگاداری رۆژنامەیەک خانوویەکی دوو نهۆمی باشم لەگەڵ کاک عەلی ئەحمەدزادە دیتەوە، کە خاوەنەکەی کابرایەکی ئازەری بوو. خانوەکە دوو نهۆم بوو، حەسارێکی چوارگۆشەیی هەبوو لەگەڵ دوو نووستن

و ڕاڕەوی جیا. دوای ئەوەی تەماشای خانوەکەمان کرد لەگەڵ کاک عەلی خوشکەزای خاتوو ڕەعنا چووینە نووسینگەی خانووبەرە.
لەوێ بانگی خاوەن خانوویان کرد، دوای ئەوەی زۆرمان یەکتری هێناوبرد لەسەر نرخی خانوەکە کە ڕووبەرەکەی ٢١٤ مەتر بوو بەنرخێکی گونجاو لێمان کڕی. بەڵێننامەمان نووسی و بڕیار وابوو دوای چوار مانگ خانوەکەم بۆ چۆڵبکات و نیو ملیۆن تمەن سزای ئەو کەسە بێت کە پەشیمان دەبێتەوە.
ماوەی وەرگرتنی خانوەکەش بە قیست بوو، لەبەرئەوەی پارەی تەواوم نەبوو بیدەم. لەپێشدا دوو سەد هەزار تمەنم داو ئەوەی دیکەش مایەوە دەبوو لە ماوەی ئەو چوار مانگەدا پارەکە بدەم.
بابەتی خانوو خەریکبوو چارەسەر دەبوو کە کێشەیەکی دیکەم بۆ هاتەپێش کە لە هەمووی دژوارتر بوو، ئەویش بابەتی مۆڵەت بوو، کە لەو ساڵەدا لە پەرلەمان یاسایەک دەرچوو بوو کە هەرکەسێک لەدایکبووی تاران نەبێ ناتوانێ لە تاران خانوو بکڕێ. بۆ وەرگرتنی مۆڵەتیش دەبوایە پشت و پەناو پارەیەکی زۆرت دابا تا مۆڵەتیان دەدایەی. لەو بارودۆخە خراپەی دارایی کە هەتا پارەی خانوویەکی بچووکیشم نەبوو، ئەوە چۆن دەکرا بۆ وەرگرتنی مۆڵەت پارەپەیدا بکەم. ئەوەش مەحاڵ بوو. لەو کاتەدا بابەتی مۆڵەت بەربەستێکی ئاسنین بوو.
کاک عوبەیدوڵلای عەبدی پیاوانە هاتەپێش و ئەو مۆڵەتی تازەی وەرگرتبوو بۆ خانووی دەوڵەتی ڕێی تێدەچوو بەو مۆڵەتە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کە بۆ خۆیشی کارمەندی ئەوێ بوو، دەیتوانی خانوو بکڕێ. ئەو پیاوە مەردە ویستی لەو گێژاوە دەرمبێنێ و مۆڵەتەکەی دایە من. ئیدی خانوەکەم بەناوی کاک عوبەیدوڵلای عەبدی کردو بەناوی ئەو تۆمار کرا.
لەماوەی ئەو چوارمانگەدا بە فرۆشتنی ئەو زێڕەی هەمانبوو، شتێکی باشمان پەیداکرد، تەنیا پەنجا هەزار تمەن کەمیمان هەبوو. سەرم لە زۆر دۆست و هاوڕێ هەڵێنا، لە زۆر دەرگایانمدا و داوای پەنجا هەزار تمەنم کرد هەر هەموو دەستیان بەڕوانەوەنام. تا سەرەنجام کاک ئیبراهیمی هەمزە ئازەری ئامۆزای خاتوو ڕەعنا کە ئەوکاتە لە خانووی ئێمەدا بوون لە مەهاباد و تازە خانووی فرۆشتبوو، کەمی پارەکەی بۆ هێنام و بەناوی ئاغای عەبدی لە تاران بوومە خاوەن خانوو. نهۆمی خوارێم کردە نۆڕینگەو ماڵەکەشم بردە نهۆمی سەرێ.

له مانگی گەلاڕێزانی ١٩٨٣ کەلوپەلەکانم گواستنەوە بۆ تاران و بووینە دانیشتووی تاران. خانوەکەی مەهابادیشم دایە سێ بنەماڵە لە خزمانی خاتوو رەعنا و هیچ کرێیەکیشم لێوەرنەدەگرتن. چاوەڕوانم دەکرد بارودۆخی مەهاباد هێور بێتەوە. شەش مانگی کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ رۆژانێکی ناخۆشمان بەسەربردن. زۆر لەگەڵ خەڵکی تێکەلاو نەبووم.

ماڵ و نۆڕینگەکەم کەوتبوونە یەکێک لە کۆلانە لاچەپەکانی شەقامی بەهار. سەرەتا نەخۆشم کەمبوون بەلام بەرەبەرە زیاد بوون.

ئەو ماوەیەی لە مەهاباد بووم بەردەوام دەچوومە لای دایکم کە لەسەرجێگا بوو. لە ماڵی مەحموودی دەژیا، لە دۆخێکی خراپدا بوو. ئەو بارودۆخەی لە ئارادا بوو رێگای ئەوەی پێنەدەدام زیاتر پێیڕابگەم. ئەو پەیدەوندییە گەمژانەی لەناو خوشکەکانمدا هەبوو ئەویش ببووە هۆکار. ئەو ئاواتەی سی ساڵ لە ئاوارەیی بە ئومێدی دیداری خزمان بووم بێ ئومێدی لێ شین ببووەوە. لە ناخی خۆمدا هەستم بە تەنیایی دەکرد. لە هەڵسوکەوتیانڕا بۆم دەردەکەوت قسەی زار و دڵیان یەک نین، ئیدی ڕۆژ بە ڕۆژ نێوانمان ساردتر دەبوو.

دایکم لە هاوینی ساڵی ١٩٨٣ کۆچی دوایی کرد. یەکێک لەو نموونە ناجوامێرانەی کە لەلایەن کەسوکارمەوە لەگەڵیان کردم ئەوەبوو، لە زستانی ١٩٨١ شەوێک تەلەفۆنیان بۆ کردم گوتیان دایکت لە گیانەلادایە، ئەو ئێوارەیەش لەناو شاری شەڕ و دەرگیری دروست ببوو. شار ئەمین نەبوو، زۆربەی کاتە مەترسیدارەکان شەوانە یان بەری بەیانی روویاندەدا. ئەو شەوە بەبێ قەراری رۆژم کردەوە، کاک قادری بابامیریش لە ترسی شەڕ و تێکهەڵچوون لە ماڵی ئێمە خۆی پەنادا بوو. بەیانی کاتێک چوومە ماڵی مەحموودی برام بۆ سەردانی دایکم لەسەری کۆلانێ ژنێکی دووگیان گوللەی وێکەوتبوو مردبوو. چەند نانێکی لە نانەواخانە وەرگرتبوون لەناو پارچە پەڕۆیەکی سپی خستبوو هەر وا لەناو دەستیدا بوو.

کاتێک چوومە ماڵێ تەماشامکرد دایکم حاڵی هێندە خراپ نەبوو. دوای ئەو درۆ بێشەرمانە ئیدی کاتێک تەلەفۆنیان دەکرد و دەیانگوت دایکت حاڵی خراپە بڕوام پێنەدەکردن و گوێم نەدەدانێ، وەک بابەتی شوانەی درۆزنم دەهاتنە بەرچاو.

تا له کۆتایی مانگی جۆزەردانی ١٩٨٣ گوتیان دایکت حاڵی زۆر شڕە کاتێک گەیشتمە ئەوێ دیتم له گیانەڵادایه. خودا لێی خۆشبێ، له ژیانی خۆیدا زۆری کوێرەوەری دیتن، بەڵام باوکم هەرگیز رووی خۆشی نەدەدایه. خودا له هەردووکیان خۆشبێ.
له سەرەتای مانگی گوڵان بەیانییەک سەعات هەشت دووکەس هاتنه نۆڕینگەکەم. نۆڕینگه چۆڵبوو، تازه کردبوومەوه. به زمانی کوردی لەگەڵم دوان و گوتیان جەنابی دکتۆر تۆ لێره بێجگه له دەردەسەری هیچ شتێکی دیکەت نەدی، باشتروایه بگەڕێیەوه بۆ عێراق. دەوڵەتی عێراق هەموو شتێکت بۆ دابین دەکات. ئەگەر خوازیاری گەڕانەوەت هەبێ هەموو شتێکی گەڕانەوەت بۆ ئاماده دەکەین. کاتێک سەرنجمدا دیتم یەکێک لەبەردەرگا وەک پاسەوان راوەستاوە، ئەو دوو کەسەش هەردووکیان دەمانچەیان پێبوو.
به زمانێکی شیرین تێمگەیاندن خوازیاری ئەوەنیم بگەڕێمەوه بۆ عێراق، لەبەرئەوەی کارم بەکاری هیچ کەسێک نییه بێجگه له کاری پزیشکی، سەر به هیچ حزب و لایەنێکیش نیم و خراپەشم بۆ کەس نییه. له شێوازی قسەکانیان بۆم دەرکەوت خەڵکی هەولێرن. دیار بوو له هەولێر منیان بینیوه و لەوێش چاودێریان کردووم، بەپشتیوانی خودای گەوره لەو پیلانەش رزگارم بوو. ئێستاش که هاتوومەتەوه تاران دیسان وەدوام کەوتوون و دەیانەوێ به زمانی لووس فریوم بدەن و بمبەنەوه زیندانەکانی سەددام. دیاربوو دەیانویست بێنەوە. ئینجا گوتیان کاریکی گرنگمان هەیەو دەڕۆین دوایش سەردانت دەکەینەوه.
هەر لەگەڵ رۆیشتن تەلەفۆنم بۆ یەکێک له کۆمیتەکان کرد و بابەتەکەم تێگەیاندن، بەوەش نەوەستام تەلەفۆنم بۆ حوجەتولئیسلام رەی شەهری کرد و بابەتەکەم بۆ باسکرد. ئەویش ژماره تەلەفۆنەکەی یادداشت کرد، هێندەی پێنەچوو دوو کەس لەلایەن کۆمیتەوه هاتن ماڵەکەیان پشکنی و گوتیان ئێمه ئاگامان له جەنابت دەبێ و هیچ خەمێکت نەبێ. ئەو پیلانەش به پشتیوانی خودا پوچەڵ کرایەوه.
له کۆتایی بەهاری ١٩٨٤ گەنجێکی سنەیی به ناوی خەسرەوی فەتحی هاته نۆڕینگەکەم. دوای ئەوەی پشکنینم بۆ هاوسەرەکەی کرد و دەرمانم بۆ نووسین کەوتینه قسان.
ئەو کاته دەمویست پاسەپۆرت وەربگرم و سەفەرێکی فەرەنسا بکەم. لەگەڵ خەسرەو کەوتینه قسەو دەردەدڵ و باسی نەهامەتیەکانی ژیانی خۆم بۆکرد. هیچ قسەیەکی

نەکرد. دوای دوو ڕۆژی دیکە هاتەوە خزمێکی هاوسەرەکەشی لەگەڵ دابوو. دوای پشکنینی نەخۆش و چاکوچۆنی گوتی دکتۆر بۆچی نایەی بۆ سنە. سنە شارێکی خۆش و میواندۆست و خەڵکێکی تێگەیشتووی لێن. ئەو برادەرە ئەوەندەی تاریفی سنە و سنەییەکان کرد کەڵکەڵەی خستە مێشکمەوە. من لەبیری دەربازبوون بووم لەو دۆخە ئازاربەخشەی کەسوکارە ناجۆرەکانم خولْقاندبوویان، بۆ هەرجێگایەکیش چووبام بەلامەوە گرنگ نەبوو.

گوتم بابزانین چۆن دەبێ. لەگەڵ خاتوو ڕەعنا پرسوڕاوێژم کرد زۆر دژ بوو. خەسرەو هەر دەهات و دەچوو و، هانیدەدام. سەرەنجام ڕەزامەندیم نیشاندا بە مەرجێک پازدە ڕۆژ بچمە ئەوێ و پازدە ڕۆژیش بگەڕێمەوە تاران. گوتم ئەگەر شار و خەڵکەکەم وەبەردڵ کەوتن بۆ هەمیشە لەوێ دەمێنمەوە. کۆتایی مانگی پوشپەڕ لەگەڵ خەسرەوی فەتحی چوومە سنە و میوانیان بووم. دایک و باوک و خوشک و براو کەسوکاری ماڵە خەزوورانی زۆر خەڵکی باش و میهرەبان و میواندۆست بوون. شاری سنەشم وەک شارێکی جوان و خەڵکێکی باش کەوتنەبەرچاو.

لەگەڵ کاک خەسرەو و، باوکی کە پیشەی مامۆستا بوو، پیاوێکی باش و لەبەردڵان بوو، بڕیارماندا جێگایەک بۆ نۆڕینگەکەم بەکرێ بگرم. زۆرگەڕاین تا سەرەنجام لە شەقامی سەلاحەدین نهۆمێکم لە باڵەخانەیەکی چوار نهۆمی بەکرێ گرت، کە باڵەخانەی حاجی ساڵحی جەوانمەردی بوو کە تازە هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردبوو هێشتا تازیەیان هەر مابوو. خانوەکەم بەکرێ گرت بە دوو سەد هەزار تمەن سەرقفڵانەو کرێی مانگانەش بە چوار هەزار تمەن.

لە کۆڕی مامەڵە کردنەکەدا ئەو بەڕێزانە ئامادەبوون: حاجی عەلیدی، حاجی ساڵح گەرسیوز، کاک محەمەد فەتحی باوکی کاک خەسرەو، کاک هۆشەنگ و هەروەها براگەورەیان حاجی ساڵح و حاجی عەلی کە پیاوێکی دیار و بە پیاوماقوڵی بنەماڵە هەژمار دەکرا.

مامەڵەکەمان بە بەڵێننامەیەک نووسی و بڕیار درا تا پازدەی گەلاوێژی ١٩٨٤ پارەکە لە تارانەوە حەواڵە بکەم و کەلوپەلی نۆڕینگەش بە ناونیشانی ماڵی ئەوان ڕەوانە بکەم و دەستبەکار بم. نهۆمی دووەم خانوویەکی تەواو بوو بۆ نۆڕینگەکە و شوێنێکی گونجاو بوو. خۆشحاڵ بووم لەوەی نۆڕینگەیەکی تازەم کردۆتەوە لە شارێکی تازەو

لەناو خەڵکانێکی میهرەبان. میهرەبانی بنەماڵەی فەتحی هۆگری خۆیان کردبووم، وام هەستدەکرد هاتوومەتە ناو خزم و کەسوکاری خۆم.
بەڵێننامەکە بۆ ماوەی سێ ساڵ بوو. لە مەهاباد و تارانەوە هەندێک کەلوپەلی پزیشکیم هێنان. خوشکێکی خەسرەو لەگەڵ کچە خاڵۆزایەکی وەک سکرتێر هێنانە نۆڕینگەکەم کە هەر هەفتە هەقی تەواوی خۆیان بدەمێ.
چەند مانگێک لە سنە کارم کرد و رێزێکی زۆریان دەگرتم. نەخۆشەکان هەموویان لێم رازیبوون و چارەسەرە باشەکانم لەو مەڵبەندە دەنگی دایەوە، لە هەموو لاوە دەستە دەستە نەخۆشی جۆراوجۆرم بۆ دەهات. مانگی پازدە رۆژ کارم دەکرد و پازدە رۆژەکەی دیکە دەگەڕامەوە تاران بۆلای بنەماڵەکەم. هەرکاتێک دەگەڕامەوە سنە پاشەملە دەنگۆی نارەوام لە دکتۆرەکان دەبیستنەوە. لەبەرئەوەی هێندەم ئەو قسەو قسەلۆکانە بیستبوون گوێم نەدەدانێ، تەنیا خەریکی کاری خۆم بووم.
هەتا رۆژێکی ناوەڕاستی پایز بەڕێز حاجی عەلیدی کە پیاوێکی دنیادیدە و دانا بوو، پێیگوتم دکتۆر چۆنی؟ نێوانت لەگەڵ خەڵکی ئێرە چۆنە؟ گوتم حاجی جێگایەکی باشەو لێیڕازیم. گوتی دکتۆر لە دەوروبەرت خەریکی پیلانگێڕانن. تۆ کابرایەکی غەوارەی و بە تەمەنیش وەنێوکەوتووی، ئەگەر بە قسەی من دەکەی بچیتەوە تاران باشترە. ئەوێ ناوەندە. تۆ ماڵ و منداڵت هەیە بۆ خۆت لێرەو ماڵ و منداڵت لەوێ باش نییە.
قسەکانی حاجیم بەهەند وەرگرتن، بەڵام دیسان درێژەم بەکارەکانی خۆمدایەوە. بەرەبەرە بۆم دەردەکەوت من هەڵە بووم. خۆزگە بە قسەی هاوسەرەکەم کردبایە. بڕیارمدا ئەو ساڵە وەمێنم تا بەهارێ و ئیدی نەگەڕێمەوە بۆ ئێرە. حسابی خۆم لەگەڵ حاجی دەکەم. بەڵام ئەو زەلکاوە کۆبۆوە و تەشەنەی کردبوو. ئەو کەسانەی میهرەبان بوون بوونە دڕندە و بە رووگرژی لێیان دەڕوانیم. ئەو خۆشەویستییەی پێشێ لە ماڵی فەتحی دیتبووم ببوونە پیلانگێڕ و بە بیانووی گەمژانە وەزاڵەیان هێنا بووم. تا سەرەنجام وایلێهات رۆژێک کە گەڕابوومەوە تاران هاتبوونە سەر نۆڕینگەکەم. لەگەڵ ئەوەی شوێنەکە قایم و پتەو بوو، لەژێر چاودێری کوڕانی حاجی ساڵحی خاوەن خانوودا بوو. کەلوپەلە بەنرخەکەیان دزیبوو. هەرچەندە لە بنکەی پۆلیسی سنە پێیانگوتم سکاڵات لەسەر کێیە و لەکێ بە گومانی ناوەکەمان پێبڵێ تا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەین. نەمویست ناوی هیچ کەسێک بێنم کە نان و نمەکم کردوون

و ناویان بزرێنم. کەلوپەلە دزراوەکانیشم بەخشیە ئەو دیدارانەی هەمانبوو، ئەوەی مابووشنەوە بردنمەوە بۆ تاران.

دوای شەش ساڵ بە هەزار زەحمەت و دەردەسەری و واستە و هەوڵوکۆششی حاجی ئیقباڵ، تا بەقیست توانیم ئەو پارەیە لە حاجی ساڵحی جەوانمەردی وەربگرمەوە. خودا ڕێگای راست نیشانی ئەو کەسانە بدات کە لە بیری ئازاردانی خەڵکیدان.

ساڵی ١٩٨٤ بە کۆمەڵێک بیرەوەری تاڵ و رووبەڕوو بوونەوەی کەسانی خراپ و پیلانگێڕ کۆتایی هات و بە ئومێدی ساڵی تازەو بەختێکی باش بەهاری ١٩٨٥ و نەورۆزی کەونارا بە بنەماڵەوە چووینەوە مەهاباد و چێژمان لەو سروشتە رەنگینە وەرگرت. لە هاوڕێیانی دێرین چوومە سەردانی بەڕێز سوڵتان شێخ ئاغایی و کاتێکی خۆشمان بە بیرەوەریەکانی رابردوو بردەسەر. دوای دە رۆژ مانەوە گەڕاینەوە تاران.

لە سەرەتای بەهاری ١٩٨٥ توانیمان پاسەپۆرت وەربگرین و بەنیازی سەردانی باکۆ بووین کە نیشتیمانی دووەمم بوو. ئەو شارە خۆش و پڕئاوازە و پڕ لە بیرەوەری تاڵ و شیرینەی دەورانی خوێندن و دەستکورتیم. بڕیارماندا سەفەرێک بۆ سۆڤیەت بکەین و بەتایبەتیش بۆ شاری باکۆ. سەردانی فەرمانگەی نشینگەو مانەوەی کاری پەنابەرانم کرد، هەروەها چوومە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانیش داوەتنامەی کوڕەکەم نیشاندان، ئەوانیش گوتیان ڕێگای ترانزێتی ئێران سۆڤیەتمان نییە و ناتوانی لە سنووری سۆڤیەتەوە سەفەر بکەی. ئەو ساڵە هەوڵ و زەحمەتێکی زۆرم دا، رووم لە زۆر جێگایان نا، هەر لایەو بە بیانوویەکی نادیار ئەو داوا یاساییەی منیان رەت دەکردەوە. خاتوو رەعنا لەژێر گوشارێکی دەروونی زۆر خراپدا بوو. سەرەنجام ئەو ساڵە دەستمان لە دیداری کوڕە ئازیزەکانمان هەڵگرت.

لە بەهاری ١٩٨٦ بە وەرگرتنی مۆڵەتی پێشتر لە سەفارەتی بولگاریا بڕیارماندا بچینە بولگاریا و لەوێ هەواڵ بۆ ئەنوەر بنێرین لە ئەڵمانیاوە بێت و بەهمەنیش لە باکۆوە بێنە لامان و لە بولگاریا چاومان بە یەکتر بکەوێ و لە حاڵ و باڵی یەکتر بپرسین و چارەنووسی داهاتوومان شەنوکەو بکەین.

بە ئوتوبووسی تاران بەرەو ئەستەمبووڵ وەڕێکەوتین. لەناو ئوتوبووسە کەدا زۆربەی سەرنشینەکان ئەرمەنی بوون. یەکێک لەوان لە فەرمانگەی پاسەپۆرت کاری

دەکرد و هەر لەوێش یەکتریمان ناسی. کابرای ئەرمەنی تەمەنی سی و پێنج ساڵ بوو، ناوی وازگۆن حەق وێردیان بوو. لەگەڵ دایک و باوکی پێکەوە سەفەریان دەکرد. ئاگام لەسەفەری ئەو کابرا ئەرمەنییە نەبوو، تا لە ئێران وەدەرکەوتین. کاتێک گەیشتینە ئەرزەڕۆم سەرنجمدا ئەرمەنییەکان هەموویان دابەزین و کەلوپەلەکانیان لە ئوتوبووسەکە هێنایە خوار. لە وازگۆنم پرسی ئێوە کرێی ئوتوبووسی تا ئەستەمبووڵتان داوە ئێستا بۆ لێرە دادەبەزن؟

گوتی ئێمە دەچینە سۆڤیەت. ئەگەر تۆش دەتەوێ بچیتە سۆڤیەت وەرە لەگەڵ ئێمە لە ڕێگای تورکیاوە دەچینە سۆڤیەت کە زۆریش نزیکترە. گوتم بۆنا، من کە هاتووم بە نیازی سۆڤیەتەوە هاتووم، دەنا دەبێ بچمە بولگاریاو لەوێ کوڕەکانم دێنەلام. وازگۆن گوتی کاری منداڵانە مەکە ئەوە باشترین و ئاسانترین ڕێگایە کە بە ئاسانی دەتوانی بچیتە سۆڤیەت و خەرجیشت کەمتر دەبێ.

بابەتەکەم لەگەڵ خاتوو ڕەعنا باسکرد و بڕیارماندا لەگەڵ هاوسەر و کچەکەم و نەوەکەم لە ئەرزەڕۆم دابەزین و لەگەڵ ئەو کۆمەڵە ئەرمەنیە ئێرانیە بەرەو قارس وەڕێکەوین کە هاوسنووری سۆڤیەتە.

دابەزین، هەموومان پێکەوە پاسێکمان گرت کە هەمان شەو بەرەو قارس وەڕێدەکەوت. لە ناو ئەو خەڵکەدا گەنجێکی زەنجانیشی تێدابوو، کە نەمدەزانی ئازەرییە. گەیشتینە قارس و لە میوانخانەیەک لاماندا.

کۆتایی مانگی گوڵان بوو، هەوای ئەوێ سارد بوو، ناچار بووین جلکی گەرم بکڕین و بۆ کاتی پێویست کەڵکیان لێوەربگرین. خواردنەکانی تورکیا زۆر گران بوون و لە ڕووی تەندروستیشەوە لەخوارێ بوون. هەر ڕۆژی یەکەم بە خواردنەکە ژاراوی بووم. بۆیە بە ناچاری ئەو دوو ڕۆژە خۆمان بە نان و پەنیر و خەیارەوە رابێنین. بلیتی شەمەندەفەری قارس بۆ سنووری لینین ئاکامان وەرگرت. لە وێستگەی شەمەندەفەر گوتبوومان بلیتی تەنیا تا سنووری سۆڤیەتمان دەوێ. بەڵام ئەو ئەفەندیانە بلیتی قارس مۆسکۆیان بە زۆری بە مل داداین، هێندەی گوتمان سوودی نەبوو.

بەیانی زوو سواری شەمەندەفەر بووین تا گەیشتینە سنووری سۆڤیەت، لە سنووری تورکیا پشکنینیان کرد و دوای هەندێک گفتوگۆ، لە واگۆنی تورکیاوە سواری واگۆنی سۆڤیەت بووین کە لە پەنا یەک ڕاوەستا بوون. دوای ئەوەی بە وردی تەماشای

بەڵگەنامەکانیان کردین لەناو سنوور پارێزانی چەکدار و سەگی ڕاهێنراوی سۆڤیەت بردیانین بۆ سالۆنی ئیدارەی گومرگ کە لە پەنا وێستگەی شەمەندەفەر بوو. لەوێ بە وردی پشکنینیان بۆ کردین.
موسافیرێکی ئازەری سۆڤیەتی کە تازە لە تورکیا گەڕابۆوە ژن و کچێکی لەگەڵدا بوون. هەندێک کەلوپەلی جوانکاری و زێڕیان لە تورکیاوە لەگەڵ خۆیان هێنا بوو. ئەوان پێش ئەوەی بپشکنرێن زۆر شاد و خۆشحاڵ و بەکەیف بوون، بەلام کاتێک نۆرەیان هات و دەستیان بەسەر کەلوپەل و زێڕەکانیادا گرت، دەستیان کرد بە دادو هاوار هەرچەند گوتیان ئەوانە دیارین براکەم لە تورکیا بازرگانە و بۆ کچەکەمی کڕیوە و فلانەکەس دیاری بۆ ژنەکەم کڕیوە سوودی نەبوو. ئەگەر بشفڕێ هەر بزنە. زێڕ و زیو هێنان بۆ سۆڤیەت قەدەغەیە و بردنە دەرەوەشی هەر قەدەغەیە. بەلام ئەگەر بچێتە گیرفانی سۆڤیەتەوە و بخرێتە سەر خەزینەی سۆڤیەت قەدەغە نییە. ئەی داد و بێداد کەوتووینەتە چ دەورو زەمانێکەوە.
نۆرە گەیشتە ئێمە لەناو کەلوپەلەکاندا شتێکی ئاوامان پێ نەبوو، تەنیا ناچار بووین ئەو شەرواڵانەی کڕیبوومانن لەبەریان بکەین. شەرواڵەکەی خاتوو ڕەعنا زۆر تەسک بوو، بەڵام لەبەر خاتری کوڕەکەی کە نەکا ڕێگای نەدەن، لەبەری کردبوو. گوشاری بۆ سکی هێنا بوو، هەتا نەیدەتوانی دوولا بێتەوە و شتێک لەسەر عەردی دەستبداتێ. ئەو دیمەنە گاڵتەجاڕیە نزیکەی سێ سەعاتی خایاند. ئەو میوە، خەیار و تەماتەو فستەقەی پێمانبوو، دەستیان بەسەرداگرت دەیانگوت ئەوانە تەندوست نین بۆیە نابێ بچنە ناو خاکی سۆڤیەتەوە. بەڵام سنوور پارێز و کارمەندانی گومرگ لەبەرچاوی ئێمە بە ئیشتیاوە دەیانخوارد و بە ساویلکەییمان پێدەکەنین.
وازگۆن لە سنوور لەگەڵمان نەهاتە ژوور، کاری ئەو تەنیا ئەوە بوو تا قارس لەگەڵ دایک و باوکی بێت و بەڕێیان بکات و بگەڕێتەوە. دوای پشکنین و دەستبەسەرداگرتنی هەندێک کەلوپەل و هەندێکیشیان لە کۆگای گومرگ هێشتنەوە تا کاتی گەڕانەوە بیاندەنەوە. لەوێوە بردیانین بۆ میوانخانەیەک کە لە پەنا فەرمانگەی گومرگ بوو، گوتیان ئەمشەو لێرە بمێننەوە بەیانیش بۆ کوێ دەچن دەتوانن بڕۆن. ئەو کوڕە زەنجانییە بۆ سەفەری باکۆ هاتە لای ئێمە جانتایەکی پێبوو. ئێمە هێشتا کەلوپەلەکانمان نەبردبوونە کۆگا، لەبەردەم ڕێگای چوونەدەرەوە لە بیری چارەسەرێکدا بووین ئایا بمێنینەوە یان هەر ئۆتۆمبێلێکمان لێ هەڵکەوێ بڕۆین.

پارەی سۆڤیەتیمان پێنەبوو، دۆلاریشیان زۆر بە هەرزان لێیان وەردەگرتین. لەناکاو دوو کورەجحێڵەی ئەرمەنی کە زانیان تێماوین بمێنینەوە یان بڕۆین، هاتنەپێش و گوتیان بۆکوێ دەچن؟ گوتم بۆ باکۆ. گوتیان ئێمە ئامادەین بە ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری بتانبەینە باکۆ. لە پێشنیارەکەیان خۆشحاڵ بووین. ئۆتۆمبێلێکی خاوێنی فریاگوزاری لەبەردەگا راوەستا بوو، گوتیان وەرن سواربن. خۆم و هاوسەر و کچ و نەوەکەم سواربووین و کابرای زەنجانیش لەگەڵمان سوار بوو. هیچ قسەیەکمان نەکرد لەبەرئەوەی پێموابوو وەک جاران هەموو شتێک نرخەکەی وەک خۆیەتی پێویستی بە سەوداکردن نییە. شەوێکی تاریک و باراناوی بوو، نزیکەی دە کیلۆمەتریک رۆیشتبووین، ئەو دوو کەسە ئۆتۆمبێلەکەیان لەناو دارستانێکی تاریک و دوور لە هەرچەشنە رووناکایی و ئاوایيەک راگرت. ئەو کابرایەی لە تەنیشت شۆفێر سوار بوو، رووی لە من کرد و گوتی تا باکۆ هەزار رۆبڵمان دەوێ هەقی سوارکردنتان، ئەگەر پێتان خۆشە دەڕۆین، پارەکەمان بدەنێ دەنا دەتوانن دابەزن. بەو شەوە تاریک و دوورە ئاوایی دابەزین بە ژن و منداڵەوە، ئەویش پڕ لە گورگی برسی و ئەو هەموو دزانە، کارێکی ترسناک بوو.

بە زمانێکی شیرین ئارامم کردنەوە گوتم ئەگەر دەزانن بمانگەڕێننەوە شوێنی خۆمان. لەبەر ئەوەی هەقی کرێی ئۆتۆمبێل لە لینین ئاکان تا باکۆ سەد بۆ سەدو پەنجا رۆبڵ زیاتر نییە. بەڵام ئێمە چوارسەد رۆبڵتان دەدەینێ بۆ باکۆ. گوتیان ناتوانین بگەڕێینەوە لەبەرئەوەی واژومان کردووە، بگەڕێینەوە توشی لێپرسینەوە دەبین. تێگەیشتم ئەوانە نیازی خراپیان هەیە و چاویان بڕیوەتە پارەو کەلوپەلەکانمان. گوتم پارەمان لەگەڵ خۆمان نەهێناوە تا لەو بارەیەوە خەیاڵیان ئاسوودەبێ. ئەوجار ئەو کولوپەلەی پێمانە هەموو کۆنە جلکوبەرگی دەستی دوون. بەڵام بەڵێنتان پێدەدەین هەر کە گەیشتینە باکۆ پارەی خۆتان دەدینێ. گوتم من ئامادەم حەوتسەد و پەنجا رۆبڵتان بدەمێ و ئەو برادەرەش دووسەد و پەنجا رۆبڵ بدات. کابرای زەنجانی گوتی رۆبڵم پێنییە. بە فارسی تێمگەیاند تۆ قسەمەکە گیانمان لە مەترسیدایە. با بمانگەیەننە باکۆ. من پارەکە دەدەم و تۆش دوایی بمدەوە. ئەویش رازیبوو.

ئەو دوو ئەرمەنییە بە درێژایی رێگا قسەیان دەکرد. گوماناوی دیاربوون. کە ئایا ئێمە شتێکی بەنرخمان پێیە یان نا. ئەو دڵەڕاوکێ و نیگەرانییە بەردەوام بوو تا گەیشتینە ئێریڤانی پایتەختی ئەرمەنستانی سۆڤیەتی سۆسیالیستی. ئۆتۆمبێلەکەیان لە کۆڵانێکی

بەردەلان و بەردەم خانوویەکی نیوەکەلاوەی قوڕوبەرد ڕاگرت و چوونە ژوور، دوای نیوسەعات لەگەڵ کابرایەکی مل ئەستووری ئەرمەنی چاوشین کە تەمەنی پەنجاو پێنج ساڵێک دەبوو هاتنەدەر. ئەو کابرایەی لەگەڵ شۆفیرەکە بوو لە لینین ئاکانەوە ئێمەیان هێنابووە ئێریڤان گوتی: ئەو برادەرە تەکسی پێیەو بە هەزار ڕۆبڵ دەتانباتە باکۆ، لەوێ پارەکەی بدەنێ.
هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشاو گوتم زۆرباشە. کابرا تەکسیەکەی لە گەراج هێنادەر، کەلوپەلەکانمان لێ بارکردن. خانووەکانی دەوروبەر بە خانووی دزانی دەریایی دەچوون. سواری تەکسی بووین و پەنا بەخوا بەو شەوە تاریک و بارانە بەرەو باکۆ وەڕێکەوتین. شۆفێر بە پارێزەوە ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕی، لە ڕێگا بە زمانی ڕووسی هەر تاریفی خۆی دەکرد، منی نەدیوونەناس قسەکانم بۆ دەسەلماندو دەمگوت لە قەلافەتترا دیارە کابرایەکی کارکوشتەو شۆفێرێکی باشی.
تا لە سنووری ئەرمەنستان تێپەڕین و گەیشتینە ناو خاکی کۆماری ئازەربایجان. پۆلیسی ڕێگای ئێریڤان – باکۆ، زوو زوو ئۆتۆمبێلی ئەو کابرا دەغەڵەیان ڕادەگرت، پێشتر پێیگوتبووم کە ڕایانگرتین لەگەڵم دابەزە ئەو پۆلیسانە تێبگەیەنە کە تۆ کابرایەکی بیانی و لە ئێرانەوە هاتووی و دەچیتە باکۆ بۆ سەردانی کوڕەکەت و مۆڵەتی فەرمیشت پێیە. هەرکاتێک پۆلیسێک پەیدا دەبوو پێش ئەوەی شۆفێر دابەزێ بۆ پۆلیسەکەم ڕوون دەکردەوە، ئەویش بەرێزەوە تەماشایەکی ناو ئۆتۆمبێلەکەی دەکرد و دەیگوت بڕۆن. تا لە یەکێک لە بازگەکان دوو پۆلیس لە کاتی قسەکردندا کە ئۆتۆمبێلەکەیان دەپشکنی یەکێکیان بە زمانی ئازەری گوتی ئەو شۆفێرە حەرامزادەیە بێژووی وا پەیدانابن. بەردەوام شتی قاچاخ باردەکات، ئەگەر لەبەرخاتری ئێوەنەبا هەتا بەیانی لێرەم ڕادەگرت و نەمدەهێشت بڕوات.
هەر زوو بۆم دەرکەوت ئەو دووکەسەی پێشێ و ئەو شۆفێرە ورگ زلە بنیادەمی خراپن. لە لینین ئاکانەوە تا باکۆ نزیکەی چواردە سەعات بە ڕێگاوە بووین نە هیچمان خواردو نەهیچیشمان خواردەوە لەبەرئەوەی هیچ نەبوو بیخۆین و بیخۆینەوە. لەسەر ڕێگاش هیچمان دەست نەکەوت خۆ ئەگەر هەشبوایە پارەی سۆڤیەتمان پێنەبوو شتی پێبکڕین.
ئەو منداڵە و دایەگەورە و دایکیشی لە ئۆتۆمبێل دانەبەزین. کابرای زەنجانیش هەر خەواڵوو بوو، هەتا بۆکاری سەراوێش دانەبەزی، دەتگوت هەموویان مۆمیا کراون و

سوورِی خوێن لە جەستەماندا وەستاوە. بێ گرنگیدان و بە حاڵەتێکی وەک ورِ بوون بە پەنا کەناری دەریای خەزەردا تێپەرِین کە چەندینجار مەلەم لێکردبوو لێی گەرِا بووم. بەرەولای کۆنە خانووەکەم رۆیشتین، کەسی لێنەبوو. ناچار بووین بۆ ئەوەی دکتۆر بەهمەن وەبینین چووینە شوێنی کارەکەی لە نەخۆشخانەی سماشکا.

ئۆتۆمبێلەکەمان لەپێش نەخۆشخانە تازەکە راگرت دیاربوو ئەو نەخۆشخانەیە دوای ئەوەی من لێرە رۆیشتبووم دروست کراوە. لەگەڵ ژاڵەی نەوەم چووینە نەخۆشخانە و بەشی نەشتەرگەری. دکتۆرێکی ئێرانی کە بەتەمەن بوو لە بەشی وەرگرتنی نەخۆش خەریکی پشکنینی نەخۆشێک بوو کە تازە هاتبوو. لەپێشدا نەیناسیمەوە، بەڵام کاتێک خۆم پێناساند سەری سورِما پێیوانەبوو لە ئێرانەوە هاتووم. دوای چاکوچۆنی غاریدا بانگی بەهمەنی کرد. دوای ساتێک کورِەکەم پەیدابوو یەکتریمان لە باوەشگرت، لە دایکی و خوشکی پرسی گوتم لە دەرێ راوەستاون. زۆر خۆشحاڵ بوو. لەوکاتەدا میرزاخانی هاودەورەی کۆلێژم ببووە ئوستاد و کۆمەڵێک قوتابی دەورەی قۆناغی سێیەمی پزیشکی لەگەڵ خۆیدا هێنابوون کە چاوم پێکەوت بانگم کرد: میرزاخان- میرزاخان. بە دەستەپاچەیی و سەرسورِمانەوە تەماشای کردم، بۆلام هات و یەکتریمان لەباوەشگرت و یادی رۆژانی رابردوومان وەبیرهاتنەوە. دیتم ئەو میرزاخانەی دەورانی خوێندن کە وەک نێرەقەل وابوو، رەنگی خۆی دەگۆرِین. بۆ خۆی کورد بوو بۆ ئەوەی خۆوەپێشخات حاشای لە کورد بوونی خۆی دەکرد. ئەو کورِە لادێییانەی دەیانناسی سووکایەتیان پێدەکرد کە بۆچی کورد بوون چ عەیبێکی هەیە تا حاشای لێبکەی؟ چما ئەتۆ بۆخۆت چی؟ ئاوا لەو جۆرە قسانەیان پێدەگوت.

هەر لەبەر ئەو هەڵسوکەوتانە نێوانم لەگەڵی خۆشنەبوو، ئێستاش کە بە پلەوپایەک گەیشتبوو دەرسی بە کۆمەڵێک قوتابی دەگوتەوە پیرۆزبایم لێکرد و هیوای سەرکەوتنم بۆ خواست.

لەگەڵ بەهمەن گەرِاینەوە خانووی جاران کە ئێستا بەهمەن بە خۆیی و ژن و دوو منداڵەوە تێیدا دەژیان. ئەو حەسارە پاک و خاوێنەی جاران کە دەبریسکایەوە پرِ ببوو لە کۆنە کەلوپەلی زیادە و ماڵی مەهدی زادە دراوسێیان بوو. ڤالیا ژنە هیچ و پووچەکەی پرِی کردبوو لە خرتوپرت و خاشاک. بنیادەم لەگەڵ یەکەم دیتندا تێدەگەیشت بارودۆخەکە چەندە گۆرِاوە.

گۆرباچۆف تازە هاتبووە سەرکار، بۆنی ئازادی دەهات.
بە بەهمەنم گوت حەوتسەد و پەنجا رۆبڵ بداتە کابرای شۆفێر. کاتێک ئەو قسەیەی بیست تێکرابوو، گوتی ئەوەندە پارەیە موچەی شەش مانگی منە. بەڵام چارەنەبوو، ئەو برە پارەیەمان دایە کابرای شۆفێری دەغەڵ و هاوکارە چەپەڵەکانی. کابرای زەنجانیش دوای ئەوەی پارەکەیدا لەماڵی ئێمەوە چووە ماڵی خزمەکانی.
لەباکۆ بارودۆخی ژیان زۆر دژوار بوو. لە شاری و زۆربەی ماڵەکان ئاو کرابووە سەرە. بۆریەکی گەورە تەقیبوو لە ناوچەی مۆنتین کە ئێمەی لێبووین تا چاکیان کردەوە پازدە رۆژی پێچوو. پارەی کارمەندانیان نەدەدا. بەهمەن دەیگوت چوار مانگە مووچەم وەرنەگرتووە، ئێمەی موسافیر لەگەڵ خەڵکەکە بە سەتڵ دەچووین ئاومان دێنا کە یەک کیلۆمەتر دوور بوو، بەرێز نۆرەمان دەگرت تا هەندێک ئاومان بەردەکەوت و دەمانهێنایەوە ماڵێ.
ئەو نەخۆشخانەی پێشتر کارم لێکردبوون لەوانە نەخۆشخانەی شائۆمیان و نەخۆشخانەی ژمارە پێنج و نەخۆشخانەی سابوونچی، هەندێک هاورێم لەوێ بوون و دەرودیوار و ژوورەکانی پڕ بوون لە یادەوەری لەبیرنەکراو کە لە مێشکمدا دەهاتن و دەچوون. ئەو دکتۆرانەی لە من گەنجتر بوون پیر ببوون. ئەوانەی پێکەوە کارمان دەکرد و لەلای من ئەرزشی پووشێکیان نەبوو ئێستا چۆن بوو ببوونە پرۆفیسۆر و بە فیزەوە لە خەڵکیان دەڕوانی و خۆیان بەسەرهەڵدەکێشان. لەگەڵ ئەوەی چۆن بوون هەر وەکو خۆیان بوون. کەر بچێتە بەغدا نابێتە ئێستر.
کەسانی بەوێقار و نەشتەرگەرە زاناکان دەبوایە ئەو کەسانەی تازە بەسەرداکەوتوون، گوێڕایەڵیان بن، لەبەرئەوەی ئەوانە بڕوانامەی پرۆفیسۆرییان هەیە. چۆنیان ئەو بڕوانامانە وەرگرتوون گرنگ نییە. دەبوو ئەوەی بەرێزیان دەیڵێن ملکەچی بن. ئەویش هی ئەو کەسەی چەند ساڵ لەمەوبەر فێری درووونەوەی برینی کردووە. رەنگە ئێستا برین درووونەوەشی لەبیرنەمابێ، بەڵام باڵاپۆشی ئوستادی بەسەرشانیدا داوە و دیبلۆمی پرۆفیسۆری بە دەستەوەیە.
ئەو دیاردە ناشیرنە لە سیستەمی پەروەدەو فێرکردن و سیستەمی نەخۆشخانە و زانکۆکاندا زۆر زیانبار بوون و رێگایان لە پێشکەوتنی زانست و هونەر دەگرت. کادری گەنجیان ناچاردەکرد فێرە ماستاوکردن و مەسینە هەڵگرتن بن، دەنا دەستی بەهیچ جێگایەک رانەدەگەیشت و نەیاندەتوانی ژیانێکی شایستەیان هەبێت.

له دەورانی برێژنێف کە نزیکەی بیست ساڵ حوکمڕانی بەسەر سۆڤیەتداکرد هەمووشتێک لە شوێنی خۆی وەستابوو. دەریای پڕ لە خرۆشانی ژیانی سۆڤیەت ببووە زەلکاوێک. ئەو نەزانکاری و لووتبەرزیەی کە برێژنێف بەسەر سیستەمی سۆڤیەتی هێنا لە هێرشی ماڵوێرانکەری هێتلەر کەمتر نەبوو. دوای هێرشی لافاو ئاسای ئەڵمانیای نازی، سۆڤیەت لە بەرامبەریدا راوەستاو شکستی پێهێنا، پشتی خۆی راستکردەوە و بوو بە یەکێک لە دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیا. بەڵام دوای نەمان و گۆڕبەگۆڕ بوونی برێژنێف سۆڤیەت گەیشتبووە سەرەولێژبوونی هەڵدێران، ئەو زلهێزەش لەبەریەک هەڵوەشاو ئێستاش لە حاڵی لەبەریەک هەڵوەشانی زنجیرەییدایە. ئابووری یەکیەتی سۆڤییەت بە ئەندازەیەک داڕما بوو کە بەهای رۆبڵ بە سفر گەیشت و ئەو خاکە پڕ بەرەکەتە نەیدەتوانی رۆڵە برسییەکانی تێربکات. کار بە جێگایەک گەیشتبوو ئەو دەوڵەتەی چەکوچۆڵ و خواردن و ئازووقەی دەدایە نیوەی دنیا، ئێستا دەستی گەدایی بۆ هەموان درێژ دەکرد. ئەوەیە بەڕێوەبردنی هەڵەو سەرەڕۆیی رێبەرە نەزان و هەلپەرستەکان کە تەنیا لەبیری مەدالیا لە سینگدان و لە خۆبایی و وەرگرتنی ناونیشانبن لەلایەن ماستاوچییەکانی دەوروبەریان.

بۆیە دەبێ پەند لە رابردوو وەربگری. هیچ شتێک تاسەرنییە. تەنیا کاری باش و خزمەتکردن بە خەڵک و دادپەروەری سەردەکەون. جیاوازی نەژادی خۆرکەی دەوڵەتانە. گەلان دوای لەبەریەک هەڵوەسانی سۆڤیەت هێشتا لە جەنگدان و رۆژێکی خۆشییان نییە. بەپێی ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەموو مرۆڤەکان بەرابەرن. تەنیا مرۆڤی باش ئەو کەسەیە کاری باشبکاو خۆی لەکاری خراپە بە دووربگرێ، راستگۆ و یارمەتیدەربێ. وەک پێشینان دەڵێن تا ماڵ پێویستی پێبێ لە مزگەوتێ حەرامە.

سەفەری دوو مانگەمان بۆ باکۆ هێندە بە شەوق و ڕەونەق نەبوو. دکتۆرە کۆنە هاوەڵەکانم لەژێر گوشاری زۆری بەرپرسە لەخۆباییەکاندا ژیانیان رۆژ لەدوای رۆژ دژوارتر دەبوو. زۆربەیان لەبەرم هەڵدەهاتن چونکە دەترسان کە دوای گەڕانەوەم لە باکۆ نەوەکو لەلایەن دەسگای سیخوڕی (ئێم. گ. ب)وە هێمایەکیان لەسەر دابنێن. هاتنی ئێمە بۆ باکۆ راستەوخۆ لە سنوورەوە هەواڵ بە مانگی سوور و دەسگای (ئێم. گ. ب) درابو. بەرپرسی ماڵەکان (موختاری گەڕەک) کە نوێنەری دەسگای ئەمنی بوو هەر شەوی یەکەم هاتەلام و پێیگوتم کە نابێ لە باکۆ دەرکەوی، خۆ ئەگەر نیازی

ڕۆیشتنیشت هەبوو دەبێ فەرمانگەی پەنابەرانی لێ ئاگادار بکەیەوە دەنا خۆت بەرپرسیاری.
لە باکۆ نەچووینە هیچ جێگایەک، تەنیا سەردانی نەخۆشخانەکان و هاوڕێ دێرینەکانم دەکرد. چوومە ماڵی محەمەد عەلی شەمیلۆف کە بانگهێشتی کردبووین، پیر ببوو. خێزانی خاتوو جەمیلە و کچ و کوڕێکی جحێڵی لەگەڵدا دەژیان. دوو قوتابیش لە خزمەکانی هەر لەو خانوە دەژیان. واپێدەچوو بنەماڵەی ئەو قوتابیانە کە لە دەوروبەری ئێریڤان بوون خواردنیان بۆ دێنان وەک گۆشت و ڕۆن و پەنیر و ماست کە بۆ ژیانی ڕۆژانەیان زۆر زەروور بوون. کە بنەماڵەی دکتۆریش لێی سوودمەند دەبوون، لەبەرابەردا ئەوانیش ژوورێکیان دابوونێ.
ئەو شەوە زۆر خۆشمان گوزەراند، باسی ساڵانی رابردوومان کرد. کاتی ڕۆیشتین خاتوونەکان بە ئاسانسۆر هاتنەخورێ و ئێمەش بە پلیکانەکاندا هاتینەخوار. ئاسانسۆر گیری کرد، هاتوهاواری خاتوو رەعنا بەرزبۆوە. گەڕاین هەتا ئێشکگرەکەمان دیتەوە و ئاسانسۆرەکەی وەگەڕ خستەوە، چەند خولەکێکی پێچوو، گفتوگۆی خاتوو رەعناو جەمیلە خان و بێسەبری هاوسەرەکەم لەناو ئاسانسۆردا بوو بە بەزمی پێکەنینی ئەو شەوەمان. بنەماڵەی محەمەد عەلی تا بەردەم میترۆی نەوتی چیلەر لەگەڵمان هاتن. درەنگانی شەو گەیشتینەوە ماڵێ.
لە دراوسێکانمان خاتوو فاتمە کە دۆست و هاودەمی خاتوو رەعنا بوو، توشی نەخۆشی شەکرە ببوو، دوای جەڵتەی مێشکی نیوەشەلەل ببوو. ئەو ژنە چالاک و بەجوڵەیە ئیدی هیچ کارێکی پێنەدەکرا، هەموو کارەکانی ماڵێ لاریسای تاقانە کچی دەیکردن. خاتوو فاتمە هەرکاتێک چاوی بە ئێمە دەکەوت چاوی پڕدەبوون لە فرمێسک. دکتۆر رەحمانی مێردی کە گوێچکەی لە جەنگی دووەمی جیهانی زەربەی دیتبوو کەڕ بوو، بە بیستۆکی تایبەت گوێی لە قسان دەبوو. ئێواران خەریکی یاری شەترەنج بوو. موچەی خانەنشینی وەردەگرت و ژیانی پێ دەگوزەراند. جارجاریش دەچووە راوەماسی.
کاک سوڵتانی مەهدی زادە هەروەک جاران مەست و خومار ئاگای لە دنیا نەبوو. ئەو ئێرانیانەی ئەوێ بە حەسرەتی نیشتمانەوە پیر ببوون لە قەلافەتی خەمگینیانەوە ئەوەت بۆ دەردەکەوت چەندە لە ناخدا پەرێشانن.

له نەخۆشخانەی ژمارە پێنج ئیدی نە حاجی یۆف و نە ئوستاد مستەفاو نە ئوستاد قولی یۆف سەروسۆراخیان نەبوو، پرۆفیسۆر ئاغایۆف هەموویانی دوور خستبوونەوە و ئەو گەنجانەی گوێڕایەڵی خۆنی لە دەوری خۆی کۆ کردبوونەوە و خستبوونیە ژێر کۆنترۆڵی خۆی.
وەلیۆف ئەو شێت و پەتیارەی بێ زنجیر هەروا لە بەشی بێهۆشی دەخولایەوە و ببووە نۆکەر و ئاڵقەلەگوێی پرۆفیسۆری تازە هاتوو.
سەردانی پرۆفیسۆری کۆن و پرۆفیسۆری تازەشم کرد کە بیوک ئاغا یۆف بوو. پێشوازیەکی گەرمی لێکردم بە دەستەواژەی زانستی قسەی دەکرد. پرۆفیسۆری دووەم قولیۆف لە نەخۆشخانە نەبوو دیاربوو لەگەڵ ئاغایۆف نێوانیان رێک نەبوو.
دکتۆر فرانکبەرگ فیما لە بەشی نەشتەرگەری هەوکردن بەردەوام خەریکی کاری خۆی بوو. کەمێک لەلای دانیشتم، باسی بیرەوەریە تاڵ و شیرنەکانی رابردوومان کرد. گوتم دکتۆر فیما بیستبووم شێت بووی. دواتر گوتم خاتوو لینا تۆی تووشی ئەو رۆژگارە کرد! بزەیەکی هاتێ و گوتی ئیدی ئەوە ژیانە دێت و دەڕوا.
بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ دکتۆر حاجیۆف و ئوستاد مستەفا یۆف کرد، بەڵام نەمتوانی سەردانیان بکەم. دەیانگوت ئوستاد قولیۆف لەسەجێگا کەوتووە. دکتۆر دەمیرۆف هەروا خەریکی کاری رۆژانەی خۆی بوو. لە مارکێتی ناوەندی شار چاوم چاوم بە هاوسەرەکەی کەوت ئەویش پیر ببوو، دەتگوت پیرەژنەیە ئەو کچە جوانەی جاران نەمابوو کە پێکەوە هاودەورە بووین.
زەینەڵ مامۆستای دکتۆر وێردیۆف دوای شەڕوهەراو دەمبەدمە لەگەڵ پرۆفیسۆر ئاغایۆف توشی جەڵتەی دڵ ببوو مردبوو. بەو هەموو خۆڕاگری و فرتوفێڵانەی کە هەیبوو نەیتوانی دەرۆستی ئەوانبێ و دیقەمەرگیان پێکرد و سێ کچۆڵەی لەدوا بەجێمان.
لە ژووری دکتۆر بەشیرۆفی بەرپرسی بەشی نەخۆشیەهەناویەکان بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر عەباسۆف نانی نیوەڕۆمان خوارد و باسی دەورانی رابردوومان کرد. پرۆفیسۆر عەباسۆف بە چاوی چلێس و لە کالانە دەرپەڕیوی، دیدارێکمان کرد. زۆرم هاندا سەفەرێکی ئێران و وەلاتانی دیکە بکات. بەڵام ئەو باش دەیزانی کە زۆرم کەیف پێنایەت و باشی دەناسم.

پرۆفیسۆر موتەلیبی ئێرانی بەداخەوە لە ژیاندا نەمابوو. ئەو کابرایە دوای ئەوەی خۆی کوشت هەر وەکو پێشتریش باسم کرد گیانی خۆی لەدەست ئەو ژنە عفریتەی ژنی رزگار کرد و دایکە پیرەکەشی دوای خۆکوشتنی کوڕەکەی بە هەزار زەحمەت و کوێرەوەری توانیبووی بگەڕێتەوە نیشتمان.
دکتۆر کازیمۆف دووچاری کێشەیەکی گەورە ببوو. دادگایی کردنەکەی لە نەخۆشخانە هەر مابووەوە. ئەو حاڵ و حەوسەلەیەی جارانی نەمابوو.
دکتۆر ئەسڵان محەمەدۆف لەکاتی قسەکردنندا خەوی لێدەکەوت و وێژینگی دەداو پێیەکی لەسەر لێواری قەبر بوو.
کامەران تاروێرۆدیف بەچاوی نیگەران و دوودڵیەوە لێی دەڕوانیم و بە بچووکترین هەڵسوکەوتم هەستیاری هەبوو، باش دەیزانی کە دەزانم چی لەبن سەریدایە.
لە نەخۆشخانەی شائۆمیان دکتۆر عادل ئاقالارۆف جێگری بەرپرسی نەخۆشخانە بوو لە جێگای حسێنۆڤای قەدیم نەخۆشخانەی بەڕێوە دەبرد. هێشتا حاڵەتی خۆبەگەورەزانینی دوای مەرگی براگەورەکەی پرۆفیسۆر ئاقالارۆفی واز لێنەهێنابوو.
چوومە لای پرۆفیسۆری گرانقەدر ئەمین ئەفەندیۆف، زۆر پیر ببوو، نەیناسیمەوە دیاربوو تووشی نەخۆشی لەبیرچوونەووە بووە. خەریکی خوێندنەوە بوو. زۆرم رێز لێگرت و سوپاسگوزاریم کرد.
دکتۆرە کوردەکەی تەورێزیش پیر ببوو، تاقەتی جارانی نەمابوو. پێدەچوو بیری چوونەوەی بۆ ئێرانی نەمابێ. چونکە منداڵەکانی هەموویان پسپۆڕیان لە رشتە جۆراوجۆرە زانستەکان وەرگرتبوو، ژیانێکی زۆر باشیان هەبوو. هاوسەرەکەی بەرپرسی بەشی تاقیکاری بوو لە نەخۆشخانەی ژمارە پێنج.
دکتۆر مستەفا پەناهیان دوای سەفەری بۆ بەغدا بە هەزار زەحمەت خۆی گەیاندە باکۆ و، بوو بە بەرپرسی بەشی قورگ و گوێ. هاوسەرەکەشی دکتۆری پسپۆڕی ژنان بوو، کاروگوزەرانیان زۆر باشبوو. کاتێک پێکەوە دانیشتین گوتی خۆت لە هەندێک لەو ئێرانیانە بە دوور بگرە، ئەوانە ئێرانی بوونی خۆیان لە دەستداوە و لە ئاوی لێڵ ماسی دەگرن. ئەگەر تۆ باس لە ئێرانی ئیسلامی بکەی هیچ بەلاتەوە سەیرنەبێ بۆ خۆشیرنکردن لەلای کونسوڵی ئێران قسەکانت بەشێوەیەکی دیکە هەڵگێڕنەوە و بۆیان باسبکەن، تا دڵسۆزی خۆیان نیشانبدەن و بەوهۆیەوە رێگایەک بۆ خۆیان بکەنەوە و بە درۆ و دەلەسە بگەڕێنەوە بۆ ئێران.

ئوستادی بەڕێز پرۆفیسۆر تۆپچی باشیف نەمابوو. ئوستاد خاتوو گوڵ جیهان و ئوستاد بۆرتیکۆڤا خانەنشین کرابوون. دەیانگوت خاتوو دڵشاد شەفیع ئۆڤا لە کونجی ماڵێ خزاوە و بەتاقی تەنیا دەژی. حەزم نەدەکرد سەردانی بکەم.
جوجەڵە پرۆفیسۆری تازە پەیدا بوو لە نەخۆشخانەی شائۆمیان و لە بەشی نەشتەرگەری خەریکی ڕاهێنانی تازەکاران بوون و گیرفانیان هەڵدروو بوون. دەیانگوت پرۆفیسۆر جەوادزادە ئێستا تەنیا سکەی زێڕ لە نەخۆشان وەردەگرێ. دەنگۆ بوو دەیانگوت حەیدەر عەلیۆف بانگی کردووەو پێیگوتوە پرۆفیسۆر تۆ بە پارەی ئەو خەڵکە بەو پلەوپایە گەیشتووی ئێستا ئەوە بۆوات لێهاتووە ڕۆبڵت وەلاناوە و تەنیا زێڕ وەردەگری؟ پێیان گوتبوو دەست لەوکارە ناشیرنانە هەڵبگرە. بەڵام بەچی دەچێ ماسی لەلای سەرێرا بۆگەن دەکات.
لە پارکی شار چاوم بە پرۆفیسۆر ئەحەد ئێرانی کەوت کە پیاوێکی پاک و زانا بوو. زۆر ئارەزووی دەکرد بگەڕێتەوە ئێران. چوومە ماڵی پرۆفیسۆر نیرالزمان وسووقی هاوسەری ئوستاد حاتەمی، لەگەڵ کوڕ و کچێکی لە حەسرەتی نیشتیماندا دەتلانەوە. بە یادی نیشتمان شیعری دەخوێندەوە، زۆر خەشحاڵ بوو بە ڕۆیشتنی شاو بە جێگرتنەوەی کۆماری ئیسلامی. هیوادار بوون ڕێگای نیشتمان بکرێتەوە و بگەڕێنەوە زێدی ئازیز.
ئێرانیانی سۆڤیەت بەڕاستی عاشقی نیشتیمانن و شەو و ڕۆژ بەیادی وەڵات دەناڵێنن. لەگەڵ سەید عەلیۆفی بەدناو لە نەخۆشخانەی نەفتچی یەکتریمان دیت، لە قەڵافەتی را دەتگوت محەمەد خانی قاجارە کزولاواز و پیر، بە چاوی چلێس و دەغەڵیەوە تەماشای دەکردم. لەو نەخۆشخانە شوێنێکی بۆخۆی کردبۆوە بە ڕاست و چەپ خەریکی فریودانی نەخۆشان بوو تا لەوێ نەشتەرگەریان بۆ بکرێ. چەرخێکی غازیم دایە. بۆ باخەکەی بانگهێشتی کردم، بەڵام قبووڵم نەکرد.
لە نەخۆشخانەی شائۆمیان حسێنۆف ئەیوب هەمان خزمەتکاری بێ بەهای پرۆفیسۆر ئیبراهیم تۆپچی باشیف ببووە پرۆفیسۆر و ژمارەیەکی وەدوای خۆی دابوون و فەرمانی بەسەردا دەکردن. ئێستاش دەیانگوت بەخشعەلیۆفی شێت و شوور چۆتە مۆسکۆ تا پرۆفیسۆری وەربگرێ. واوەیلا بۆ ئەو ڕۆژگارەی ئازەریە بێچارەکان کە لەژێر سایەی ئەو درەختە ژەقنەبووتە دەیانەوێ چارەسەرو شیفایەکان پێببرێ. نەشتەرگەرێکی لێهاتووی وەک عەلی ئەفەندیۆف دەبوو بە فەرمانی ئەو

نشتەرگەرییەکی وەک ریخۆڵەکوێرە ئەنجامبدات. تف لە زەمانەی چەپگەرد. پیاوانی هەڵکەوتە لەژێر زەبری زەمانە پشتییان کووڕبۆتەوە، بەڵام ئەو کەسە دووڕووو و، بێبەهایانە لەژێر سایەی ماستاوچێتی و زمانلووسی بە نوایەک دەگەن. وەک رۆبۆت دێن و دەچن و حوکمڕانی دەکەن.

دکتۆر قادر جەعفەرۆف و دکتۆر عەباس حسێنۆفم لە نەخۆشخانەی وەزارەتی ناوخۆ دیتنەوە. زۆر لە ژیانیان ناڕازیبوون. موچەکەیان بەشی ژیانی نەدەکردن. ئەوانە هەردووکیان نەشتەرگەری داناو پلەیەک بوون.

ئەو نوورە ئازەریەی کە شەوی یەکەمی کۆلێژی ئەفسەری لە بەشەناوخۆیی لەگەڵی تووشی شەڕ و هەرابووم، ئێستا بۆتە دەرمانساز و لەو نەخۆشخانەیە کاردەکات. لەگەڵم هاتەلای ئەو هاوکارانەی قەدیم لەبەشی نەشتەرگەری بووین، گوێی بۆ قسەکانم گرتبوو کە تاریفی کۆماری ئیسلامیم دەکرد. باسم لە ئایندەی درەخشانی ڕژێمی نوێ دەکرد. هاتەناوقسان و گوتی من لەگەڵ مامۆستا شەهریاری شاعیری گەورەی ئازەربایجان خزمین. سەعاتێک لەگەڵ یارانی دێرین قسەوباسمان کرد تەماشای قەڵافەتی پڕ لە رازی یەکتریمان دەکرد.

لەوێوە گەڕامەوە نەخۆشخانەی شائۆمیان لە ڕاڕەوەکە چاوم بە دکتۆر رەشاڵ کەلیمی کەوت. لەپێشدا نەیناسیمەوە، لەبەرئەوەی چاویلکەم لە چاو بوو. بەسوحبەتەوە گوتم هاتووم لەگەڵ خۆمت ببەم. گوتی بۆکوێ؟ گوتم بۆ جەهەننەم! چاویلکەکەم لە چاوم کردەوە، تۆقەمان کردو لە هەواڵی یەکتریمان پرسی. پێی سەیربوو. گوتم لە ڕێگای تورکیاوە هاتووم تا چاوم بە کوڕەکەم بکەوێتەوە و بەڵکو لەگەڵ خۆم بیبەمەوە. لەلای خەڵکی سۆڤیەت مەحاڵ بوو بە ئازادی لەسنوور دەربازت بێت. شانی هەڵتەکاند و گوتی تۆ کەسێکی ئاڵۆزی، چۆنە ڕێگایان داوی بێیە ئێرە؟ گوتم داوەتنامەی رەسمیم پێیە. دواتر چوومە لای دکتۆر عەباس ئالیک، پیاوێکی داناو نەشتەرگەرێکی لێهاتوو بوو. لە دووڕوویی و گەندەڵی بە دوور بوو. پیاوێکی رووک و راست و دڵێکی گەورە و ژیانێکی ئابڕوومەندانەی هەبوو.

سەردانی خاتوو مریەمی ئەحمەدئاوای بەرپرسی بەشی دووەمی نەشتەرگەریم کرد کە لەوێ کاری دەکرد. ئەویش پیر ببوو دەیگوت بەمزوانە خانەنشین دەبم. قورئانێکی باخەڵیم بە دیاری دایە. زۆری پێخۆشبوو، چاوی پڕبوون لە فرمێسک چەند جارێک قورئانەکەی ماچکرد و لە باخەڵی نا. زۆری سوپاس کردم.

پرۆفیسۆر عەبدولڕەحیم عەلیۆف زانای پایەبەرز، کاتێک بیستی هاتووم خۆی ڕانەگرت لە ژوورەکەی هاتەدەر و لە ڕاڕەوەکە باوەشی پێداکردم و ماچی کردم. باسی بارودۆخی ئێرانی کرد. گوتم شوکر بۆخوا هەمووشتێک باشەو لەو جەنگە داسەپاوەش سەزدەکەوین و داگیرکار ڕاودەنێین. پێکەوە قسەوباسێکی زۆرمان کرد، بە دڵێکی پڕ لە خەم لێک جیا بووینەوە.

دکتۆر قەنبەر حسێنۆفی کورتەباڵای چوارشانە بە چاوە سەوزەکانی ببووە ئوستاد و لە کۆلێژ دەرسی دەگوتەوە، کابرایەکی بێوەی بوو. پرسیاری دکتۆر شەفیعم لێکرد گوتی خانەنشین بووە و تا ئێستا نەمدیتۆتەوە.

هەروەها نەمتوانی چاوم بە دکتۆر مەحلیف بکەوێ، بەڵام بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ کرد. زۆری پێخۆشبوو لەوەی گەڕاومەتەوە نیشتمان. ئەو کابرایە پیاوێکی باش و دکتۆرێکی زاناو کابرایەکی خاکەڕا بوو، لە تەمەنی سەرووی پەنجاساڵی ژنی هێنا. کابرایەکی لەبەردڵان بوو.

دکتۆر محەمەد ئاغا موختارۆف پیر ببوو هەتا برۆیەکانیشی سپی ببوون. بەبێ منداڵی و ژیانەوە ئازاری دەکێشا. لە شارۆچکەی ئەحمەدلی دەوروبەری باکۆ خانوویان دابۆیە. ڕۆژێک لەگەڵ کاک مەحموودی سەرابی چووینە پلاژی[89] شێخۆف کە لە نزیک ساناتۆریای تازە دروست کرابوو، کە بۆ چارەسەری و پشوودانی کارمەندانی نەوت و بەساڵداچووان سازکرابوو. بیرەوەریەکانی ڕابردوو لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا بۆمن تازە بوونەوە. بەڕێز کەلانتەری قوتابی قەدیمی خانەی مامۆستایانی قووبا کە شوێنی مانەوەی لە تەنیشت ژوورەکەی من بوو لە ناوەڕاستی شەقامی تەرگۆڤی، لەوێ چاوم پێکەوت. ببووە شاعیرێکی ناودارو پیری بە ڕووخساریەوە دیار بوو.

سەردانی کاک ڕەحیمی قازیم کرد. هەروەها سەردانی کوڕەکەی عەبدوڵڵا ڕەزم ئاوەر و خاتوومینای هاوسەریم کرد لە ماڵی خۆیان و ئەوانیش سەردانیان کردینەوە. حەمەدی مەولوودیان مردبوو. ئەحمەد جاسمی عەرەب کە پێشتر لە کونسوڵخانەی عێراق کاری دەکرد و ژنەکەشی ئەرمەنی سۆڤیەتی بوو، بانگهێشتیان کردین و لە نزیکەوە لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانیان بووینە ئاشنا. دوای قسەوباسێکی زۆر ئەوەی لە عێراق بەسەرم هاتبوو هەموویم بۆ گێڕایەوە. گوتم ڕۆیشتنم بۆ عێراق سەرکێشیەکی گەورەو ترسناک بوو کە بەخۆمم کرد. تەنیا بە پشتیوانی خودا لەو

---

[89] پلاژ: شوێنی حەوانەو مانەوە لە قەرخ دەریا

گێژاوە ترسناکە رزگارم بوو. ئەحمەد جاسم گوتی کونسوڵی عێراق دەڵێ تۆ لە عێراق ڕاتکردووە. گوتم ئەوەش نیشانەی دادگەری رژێم بوو کە بە چ کوێرەوەرییەک توانیم لەو دۆزەخە هەڵێم.
رۆژێکیش میوانی مامۆستای دێرینی قورئان و زمانی عەرەبی مامۆستا ئەلحەیووم بووم. لە شارۆچکەی ئەحمەدلی خانوویەکیان دابۆیە. هەردوو کچەکانیشی پەرستار بوون. یەکێک لەو کچانە نەدەچووە سووری مانگانە و چارەسەریشی نەبوو. ژیانی شێوا بوو. هەروەها بۆم باسی سەردانی خانوەکەی و خزمانی کرد لە موسڵ. دەستیکرد بە گریان. گوتی هەر لەگەڵ ئەوەی تۆ ڕۆیشتی لە دەسگای (ئێم. گ.ب) بانگیان کردم و دەرس گوتنەوەی قورئانیان لێ قەدەغە کردم. بەڵام دەیگوت بەدزیەوە هەر بەردەوام بووم، دەمگوت چی دەبێ با ببێ. هەزار ئافەرین بۆ ئەو پیاوە فیداکارەی عەرەب و پیاوی بێوێنە.
سەردانی ئاغای ئەحەدی قوتابیم کرد. کاتی رۆیشتنم لە باکۆوە بۆ ئێریڤان بەشێکی زۆر لەو ئێرانیانەی دانیشتووی باکۆ تا وێستگەی شەمەندەفەر بۆ بەڕێکردنمان لەگەڵمان هاتن، چاوی پڕ لە فرمێسکی نیرا لزمان مامۆستای زانکۆ هەموویانی وەگریان هێنا. فەرهادی کوڕی هاواریکرد خۆشبەحاڵتان. لەناو گریانی ئەوانەی بەڕێیان دەکردین، بە ئومێدی ئەوەی دکتۆر شەمیلۆف بەڵێنیدا بوو لە ئێریڤان پێشوازیمان لێبکات و چەند رۆژێک میوانی بین، بەرەو ئێریڤان وەڕێکەوتین. لەسەر ڕێگای وێستگەی ساعەتلی ماڵی ئاغای ئەحەدی قوتابی وەفادار لەوێ بوو خواردنێکی خۆش و بەتامی بۆ هێنابنە ناو واگۆنی شەمەندەفەر. ئەرکی وەفاداری و جوامێری خۆی بەجێگەیاند. ئەو کوڕە ئایندەیەکی درەوشاوەی هەبوو لەبەرئەوەی دکتۆرێکی راستەقینەو مرۆڤێکی بەهەیبەت بوو. سەدان قوتابی بیانی و سۆڤیەتیم راهێنابوون، هیچیان وەکو ئەو ئەمەکدار نەبوون.
کاتێک لە باکۆ بووین قوتابییەکی دیکە دکتۆر مەحموود تارمی ئێمەی بۆ ماڵەکەی بانگهێشت کردین. ژنە ئێرانیەکەی تابلێی ژنێکی میهرەبان بوو دوو کوڕ و کچێکی جوانی هەبوو کە هەموویان دەیانخوێند. ماڵ و ژیانێکی باشیان هەبوو ئۆتۆمبێلێکی سواریشی هەبوو. کاتێک چووینە ماڵیان هێشتا دکتۆر مەحموود نەهاتبۆوە سەعاتێک درەنگتر لە کاتی دیاریکراودا گەڕایەوە ماڵێ. لە دەست دەسگای ئەمنی وەزاڵە هاتبوو، دەستیکرد بە گریان. باوەشێ پێداکردم و ماچی کردم لە بەرچاوی بنەماڵەکەی باسی

ئەو چاکانەی دەکرد کە دەرهەقیم کردبوو و سوپاس گوزار بوو. هێورم کردەوە، شەوێکی ناخۆش و پڕ لە دڵەڕاوکێمان لە ماڵی دکتۆر مەحموود بەسەر برد. قسەکانی کاریگەرییان کردە سەر هەمووومان. ژن و منداڵەکانی زۆر لە ڕەفتارەکانی نیگەران بوون. ئەو شەوە دکتۆر بەهمەنی کوڕیشم بە خێزانەوە لەوێ بوون. بە یادی ئێرانی ئازیزەوە گوێمان لە گۆرانییە دڵگیرەکانی جاویدان گرتبوو، کەوتبووینە ناو دنیای عارفانەی خۆمان و کێو و دەشت شار و گوندی وەڵاتمان تەی کردەوە. بە دڵپڕی گەڕاینەوە ماڵێ.

با ئەوەش ببێتە وانەیەک بۆ ئەو کەسانەی پێیانوایە لە دەرەوەی ئێران ڕەنگە بەهەشتێک هەبێ، نا هەرگیز. ئەوەی دیتوومە و بیستوومە سوێند بە مرۆڤایەتی هەمووی حەقیقەتە، ئەو نووسیانەی من دڵۆپێکن لە دەریایەک. ئەگەر خودا دەرفەت بدات ئێوە لە دنیای خەیاڵییەوە بۆ ڕێگای ڕاستی هاندەدەم.

بەڵێ هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد لە ئێریڤان دکتۆر شەمیلۆفی ترسنۆک بەهۆی بەرپرسانی دەسگای ئەمنی لە کۆڵ خۆی کردمەوە، ئێمەش لە ڕێگای لینین ئاکانەوە چووینەوە تورکیا و لەگەڵ کۆمەڵێک ئەرمەنی چەند ڕۆژێک لە قارس ماینەوە.

ئەوکاتەی لە لینین ئاکان بووین شکایەتم لەو دوو قۆڵبڕە کرد. لە فەرمانگەی گومرگ کۆبوونەوەیەکیان کرد، بەڵام ئەو قۆڵبڕانە خۆیان شاردبۆوە. ئەرمەنیە دەرگیرەکان بە هەندێک داوای لێبوردن ناچاریان کردم دەست هەڵبگرم. گلەییم لە بەڕێوەبەری میوانخانەش کرد کە بەردەوام سەرخۆشبوو، لەوەی بە میوانخانەکەی ڕاناگا و ئاگای لە حاڵی موسافیرەکان نییە. دوو ڕۆژ لە لینین ئاکان ماینەوە و دکتۆر بەهمەنیشمان لەگەڵ بوو. زۆر گەڕاین و پێکەنین تا سواری شەمەندەفەری لینین ئاکان بووین بۆ قارس.

هەندێک لەو ئەرمەنییە ئێرانیانەی لەگەڵ ئێمە هاتبوون، هەر لەگەڵ ئێمە دەگەڕانەوە. بە چاوی پڕ لە فرمێسک خواحافیزیمان لە بەهمەنی جگەرگۆشەم کرد و بەناو کۆمەڵێک هێزی سنوورپارێز و سەگی شوێنهەڵگر و تێلدڕوو کە نیشانەی دیواری ئاسنین بوو لە خاکی سۆڤیەت تێپەڕین و گەیشتینە خاکی تورکیا. بە دانی هەندێک دیاری خۆمان لە پشکنین دەرباز کرد. بەڵام زۆریان ئەزیەتی ئەرمەنییەکاندا. دوای ئەو عەزابە روحییە لە قەراخ جادەی سەر ڕێگای قارس دایانبەزاندین و داوای پارەی زیادەو بەرتیلیان لێدەکردین. نەیاندەهێشت سواری واگۆنەکان بینەوە، تا سەرەنجام

بە نێوانگیری من و بەرپرسی گومرگ هەندێک پارەمان کۆکردەوە و دامانێ و کێشەکە چارەسەر بوو، بە شەمەندەفەری دوایی وەڕێکەوتین. لە قارس دابەزین و دوو رۆژ لە ئوتێلێک ماینەوە، ئەوە بوو بلیتی شەمەندەفەری قارس ئەستەمبوڵمان بڕی و بەرەو ئەستەمبوڵ وەڕێکەوتین.

هۆکاری چوونیشمان بۆ ئەستەمبوڵ ئەوەبوو لەوێوە بچینە بولگاریا. هەروەکو لەگەڵ دکتۆر ئەنوەری کوڕم قەرارمان وابوو لە سۆفیا چاومان پێکبکەوێ، تا بزانین دوایی چۆندەبێ. لە قارس لەگەڵ کوردێکی میهرەبان کە لە نزیک وێستگەی شەمەندەفەر دوکانی هەبوو، بووینە ئاشنا. زۆر لەگەڵمان سەروروخۆش بوو، لە شەمەندەفەریش بە بەرپرسی شەمەندەفەری سپاردین کە ئەویش هەر کورد بوو. ئەو کابرایەش زۆرمان لەگەڵ میهرەبان بوو، تا گەیشتینە ئەستەمبوڵ.

لە قارسیش لەگەڵ خاوەنی ئوتێل ببووینە ئاشنا، ئادرەسی ماڵی براکەی داینێ کە کاتێک گەیشتینە ئەوێ چەند رۆژێک میوانی بین، نامەیەکیشی بۆ نووسیبوو. کاتێک گەیشتینە وێستگە زۆربەی ئەوانەی گالیسکەیان پێبوو کورد بوون. کرێکارێکی کورد هات کەلوپەلەکانی بردینە بەردەم گەراجی تاکسییەکان لەوێش بانگی شۆفێرێکی کوردی کرد کە ناوی مەحموود بوو ئەویش بە ئادرەسەکە ئێمەی بردە ماڵی کاک ئیسرافیل. کابرای شۆفێر ئێمەی گەیاند و ئەو بڕەپارەیەی لەسەری رێککەوتبووین دامانێ کە بڕی سێ هەزار لیرە بوو. یەکەمجار بوو کاک ئیسرافیلم دەدیت، ماڵیان لە نزیک جادەی فیل یوخۆشی بوو، کە کارخانەی ئۆتۆمبێل سازی فیاتی لێبوو.

دوای ئەوەی نامەی دووەمی براکەی وەرگرت بە رووخۆشی پێشوازی لێکردین و فەرمووی کردین. ژوورێکی لە سێ ژوورەکانی ماڵەکەی دا بە ئێمە و بۆ ماوەی هەفتەیەک لەوێ ماینەوە، کە دەبوایە بچینە بولگاریا و لە شاری سۆفیا چاومان بە دکتۆر ئەنوەری کوڕم بکەوێ کە لە ئەڵمانیای رۆژئاوا بوو، قەرار بوو بە ئۆتۆمبێلی خۆی لەگەڵ ژن و تاقانە کچەکەی بێنە ئەوێ.

ئێمە لە ماوەی ئەو حەوت رۆژە لەگەڵ بنەماڵەی کاک ئیسرافیل سەردانی زۆر شوێنی دیدەنی و سەرنجڕاکێشی ئەستەمبوڵ و شوێنە مێژوویی و مۆزەخانەکانمان کرد. ئاڵای پەیامبەری ئیسلام و ئەو سندووقەی تاڵەمووی پیرۆزی ئەو حەزرەتە و ئەو گەوهەرەی شەوی تارەی لە مەخمەرێکی رەشدا تێدا هەڵگیراوە، تەماشامان کرد. چەند جارێک چووینە بەشی ئەوروپایی ئەو شارە مێژووییە. لە یەکێک لە سەفەرەکاندا

له بەشی ئەوروپاییەکەی کە بەسواری کەشتی بۆ بەشی ئاسیایی دەگەڕاینەوە، لەگەڵ خاتوو رەعناو منداڵەکان بە زمانی کوردی قسەمان دەکرد. کابرایەکی ئەفەندی تورک لە پەنامان دانیشتبوو گوێی لە قسەکانمان راگرتبوو، بەڵام نەیدەزانی بە چ زمانێک قسەدەکەین. دوای ماوەیەک گوێی گرت و هیچ حاڵی نەبوو پرسی خەڵکی کوێن؟ گوتم ئێران. گوتی ئێران چۆن وەڵاتێکە. گوتم وەڵاتێکی خۆش و پڕ بەرەکەت و سەرسەوز، پڕ دارودرەخت و شاری ئاوەدان و جوان. ئەو ئەفەندیە پرسی لە ئێران درەخت دەڕوێن؟ زانیم پیاوێکی زۆر گەمژەیە. گوتم بەڵێ، بەڵام وەکو ئێرەنین. گوتی چۆن؟ گوتم درەختەکانی ئەوێ رەگەکانیان لە هەوان گەڵاکانیان بۆ سەر عەردی شۆڕ دەبنەوە. لەو پلار و توانجەم نەگەیشت و هیچیش حاڵی نەبوو. کاتێک دابەزین هەر سەری رادەوەشاند. گوتی وەڵاتێکی زۆر سەیرە.

له بەشی گەشتیارییەکەی بۆ ماوەی سێ رۆژ بلیتی بولگاریامان وەرگرت کە بە ئوتووبوس بچینە ئەوێ. ئەو مۆڵەتەی لە سەفارەتی بولگاریا بۆ ماوەی مانگێک وەرمان گرتبوو بە کەڵک نەدەهات. ئەو کەلوپەلەی پێمانبوون لێمان ببوونە بار بۆیە بە ئەمانەت لە ماڵی کاک ئیسرافیلمان بەجێهێشتن. رۆژی دیاریکراو بە سێ هەزار دۆلار و هەندێک لیرەی تورکی بە سواری ئوتووبووس بەرەو بولگاریا وەڕێکەوتین. لە سنووری تورکیا و بولگاریا زۆریان رانەگرتین، یەکسەر بردیانینە ئوتێلی گەورەی ئینتۆریست کە لەلایەن شەریکەی گەشتیاری تورکیاوە بۆیان گرتبووین. نمرەیەکی باشیان لە نهۆمی چوارەم داینێ، ئوتێلێکی زۆر باشبوو. شاری سۆفیا لەچاو شارەکانی ئەوروپایی و هەتا سۆڤیەتیش دانیشتوانی کەم بوون.

رستۆران و کافەکانیان هیچیان لە هی سۆڤیەت کەمتر نەبوون، هەر رۆژی یەکەم ئێوارێ کە لەبەردەم ئوتێل راوەستابووم سەرنجمدا تانیای هاوسەری دکتۆر ئەنوەر پەیدابوو، ئێمەش بەرەو لای ئەنوەر رۆیشتین کە خەریکبوو ئۆتۆمبێلەکەی رادەگرت. لەگەڵ ئەنوەر و هاوسەر و کچەکەی کەوتینە گفتوگۆ. هەر لەو نزیکانە رستۆرانێکمان دیتەوە و پێکەوە لەوێ نانی شێوانمان خوارد. قەرارمان دانا سبەی بچینە سەفارەتی کۆماری ئیسلامی کە لەنزیک سەفارەتخانەی یۆنان بوو، داوایان لێبکەین رێگامان بدەن سەفەری یۆنان بکەین. پێشتریش ئەنوەر چووبووە سەفارەتی یۆنان، جێگری سەفیر پێیگوتبوو تا مۆڵەتی سەفارەتی ئێران لەسەر پاسپۆرتان نەبێ ئێمە ناتوانین

مۆڵەتی سەفەری یۆنانیان بدەینێ. بۆیە پێویست بوو لەپێشدا بچینە سەفارەتی کۆماری ئیسلامی و پاشان بچینە سەفارەتی یۆنان.
بەیانی لە ئوتێل دەرکەوتین و چووینە سەفارەتی ئێران، دەرگا داخرابوو. ئەنوەر ئۆتۆمبێلەکەی لە نێوان دوو سەفارەتخانە راگرتبوو، لەگەڵ دایک و خوشکی سەرگەرمی قسان بوون. من بە پاسەپۆرتی خۆم و خاتوو رەعناو کچەکەم چوومە سەفارەتخانە بەو ئومێدەی جەنابی سەفیر بۆ ماوەی چەند رۆژێک مۆڵەتمان بدات بچینە یۆنان. کاتێک لە دەرگامدا خاتوونێکی بولگاری تەمەن چل ساڵی دەرگای کردەوە و گوتی چیت دەوێ؟
بولگاریەکان زۆربەیان زمانی رووسی دەزانن، منیش بە زمانی رووسی بەو خاتوونەم گوت دەمەوێ چاوم بە جەنابی سەفیر بکەوێ. گوتی چ کارێکت پێیە؟ پاسپۆرتەکانم نیشاندان و گوتم دەمەوێ داوا لە جەنابی سەفیر بکەم مۆڵەتمان بدات بۆ ماوەی چەند رۆژێک لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانم بۆ پشوودان سەفەری یۆنان دەکەین.
ژنە دەرگای پێوەداو رۆشتەوە ژوورێ، دوای چەند خولەکێک گەڕایەوەو داوای پاسەپۆرتەکانی کرد. پاسەپۆرتەکانم وێدان. دوای بیست خولەک چاوەڕوانی خاتوون گەڕایەوە. دەرگای کردەوە و لەگەڵ خۆی بردمیە ژوور. لە ژووری چاوەڕوانی دانیشتم دوای ماوەیەک جەنابی سەفیر کە پیاوێکی کورتەباڵای چل چل و پێنج ساڵە بوو بە چاوێلکەیەکی رەش و ریشێکی کورتەوە وەژوورکەوت. خۆی ناساند و تۆقەی لەگەڵ کردم. دوایی چەند کەسێکی دیکەش لە کارمەندانی سەفارەتخانە هاتنە ژوورێ و لەسەر کورسییەکان دانیشتن.
سەفیر هۆکاری هاتنی بۆ بولگاریا لێپرسیم. گوتم کوڕێکم لە ئەڵمانیایە هاتۆتە ئێرە تا چاوم پێبکەوێ، کوڕەکەم هەموو ساڵێک دەچێتە شاری سالانیکی یۆنان و بە ژن و منداڵەوە میوانی هاوڕێیەکی قەدیمی دەورانی خوێندنی دەبێت لەو شارە قەدیمی و کەونارایەی یۆنان دەمێنێتەوە. چوونی ئێمەش بەبێ مۆڵەتی رەسمی ئێوە جێبەجێ نابێ. سەفیر گوتی دەبوایە لە تاران مۆڵەتت لە سەفارەتی یۆنان وەرگرتبا. گوتم نیازێکی ئاوامان نەبوو، بەڵام ئێستا ئاوا هاتۆتەپێش کە چەند رۆژێک بچینە ئەوێ نەک لە بولگاریا وەمێنین. گوتی چما بولگاریا جێگایەکی باش نییە؟ گوتم هەزار رەحمەت لە سۆڤیەت. لێرە بێجگە لە ئوتێل ناتوانی بچیتە ماڵی هیچ کەسێک بە میوانی.

ئێمە بۆ ماوەی سێ رۆژ ئوتێلمان گرتووە ئەویش لە ئوتێلێکێ دیاری کراو لە ژێرچاودێری شەریکەی گەشتیاری و ناتوانین بچینە هیچ جێگایەک یان میوانی هیچ کەسێک بین.
جەنابی سەفیر گوتی ئێمە ناتوانین مۆڵەتت بدەینێ لەبەرئەوەی لە دەستەڵاتی ئێمەدا نییە. دوای گفتوگۆیەکی زۆر خواحافیزیمان لێکردن و بە پاسپۆرتەوە لە سەفارەتخانە وەدەرکەوتم. دەی ئەدی چارە چییە؟ ئەنوەر گوتی دەبێ دیسان بچینەوە سەفارەتی یۆنان. لەگەڵ ئەنوەر و منداڵەکان چووینە سەفارەتی یۆنان.
ئەنوەر لەگەڵ وەرگێڕێک بە زمانی ئەڵمانی قسەی دەکرد و سەفیری حاڵی کرد کە دایک و باوک و خوشک و خوارزایەکم لە رێگای دوورەوە هاتوونە سەردانی من، منیش هەموو ساڵێک بۆ چەند رۆژێک دەچمە سالانیک بۆ پشوودان، ئێستاش دەمانەوێ مۆڵەتمان پێبدەن لەگەڵ دایک و باوک و خوشک و خوارزایەکم تەنیا بۆ ماوەی یەک هەفتە میوانی وەلاتەکەتان بین و سەردانی شارە کەوناراکانی یۆنان بکەین کە ناوبانگی جیهانییان هەیە، لەگەڵ یەک و لە پەنا دەریای یۆنان و شاری سالانیک بحەسێینەوە و بە میهرەبانی و چاکەی ئێوە پێزانینمان هەبێ.
قسەبەجێ و داناکانی ئەنوەر کاریگەرییان لە سەفیری یۆنان کرد و فەرمانیکرد مۆڵەتمان بدەنێ. ئێمە داوای حەوت رۆژمان کردبوو، بەلام ئەو مۆڵەتی حەوت مانگی داینێ. بێگومان حەوت رۆژ بۆ ئێمە زۆر بوو تا چ بگا بە حەوت مانگ. دوای ئەوەی مۆڵەتمان وەرگرت و پاسپۆرتەکانیان مۆر و واژۆ کردن، زۆر سوپاسی جەنابی سەفیر و کارمەندانی سەفارەتی یۆنان مان کردو بەرەو ئوتێل گەڕاینەوە. لە جیات ئەوەی سێ رۆژ لە ئوتێل وەمێنین بە دوو رۆژ رازیبووین و بە سواری ئۆتۆمبێلی ئەنوەری کوڕم بە دڵخۆشی بەرەو یۆنان وەڕێکەوتین.
ئەوەی جێگەی سەرنجڕکێشان بوو لەسەر رێگا دارمێوەکان بە ئەندازەی مەتر و نیوێک لە ڕەزەکان هەڵچوو بوون پڕ لە هێشوەترێ. ماناستێری زۆر جوان و دڵگیرمان لە داوێنی چیاکانی یۆنان بینین کە بۆ ئەو راهیبانە سازکرابوون تەرکە دنیان. لەسەر رێگا زۆر شوێنی سەرنجڕاکێشمان بینین و وێنەمان لێگرتن، تا گەیشتینە سالانیک.
ئەنوەر ئۆتۆمبێلەکەی لەبەردەم ماڵی هاوڕێکەی ڕاگرت کە ناوی فۆرتس و هاوڕێی دەورانی دواناوەندی بوو لە شاری ئیڤانۆف، هاوسەرەکەشی کچێکی ئێرانی پەنابەری دەورانی پیشەوەری بوو. فۆرتس لەگەڵ هاوسەرەکەی کە گوێیان لە دەنگی ئەنوەر

و تانیا بوو بە خۆشحاڵییەوە لە ژووریٚ غاریاندا دەریٚ و پێشوازییان لێکردین. زمانی رووسی کە هەمووومان تێیدەگەیشتین بەو زمانە دەدواین.
خانوەکەی فۆرتس بچووک بوو جێگای هەموومان نەدەبۆوە. بۆیە ناچار بووین شەوی یەکەم بچینە ئوتێلێکی زۆر خاوێن و رازاوە. نرخی ئوتێل لە یۆنان زۆر گران بوو. ئەو شەوە لەگەڵ خاتوو رەعناو کچ و نەوەکەم لە ئوتێل ماینەوە. بۆ بەیانی بۆ بەکریٚ گرتنی خانوویەکی گەشتیاری چووینە کەنار دەریا و دوای گەڕان و مامەڵەیەک لەگەڵ دەلالان و بە هاوکاری کاک فۆرتس خانوویەکمان گرت بە باڵەکۆن و گەرماو و، ئاودەست و چێشتخانەو سیٚ تەختی نووستن، بۆ ماوەی هەفتەیەک. شەوانە لەویٚ دەخەوتین و رۆژانەش لە ناوشار و شوێنە سەرنجڕاکێشەکان دەگەڕاین و لەناو دەریا مەلەمان دەکرد. دوای پێنج رۆژ ئیدی وەڕەز ببووین، خانوەکەمان وێدانەوە و لە ترمیناڵی سالانیک لە ریٚگای فۆرتس بلیتی ئوتوبووسی ئەستەمبوڵمان وەرگرت و گەڕاینەوە. دوای ئەوەی دوو رۆژ لە ماڵی کاک ئیسرافیل ماینەوە و دیاریمان بۆ خۆی و هاوسەرەکەی و بووکەکەی هێنابوو، بە ئوتوبووسی ئەستامبوڵ تاران گەڕاینەوە نیشتمانی ئازیزمان، کە جوانترین وەلاتی دنیایە.
لەسەر ڕێگا قاوەخانەی تورکی و کەبابخانەی کوردی و جۆگاوجۆباری زۆر و چیای سەرکەشی ئاناتۆلیمان بینی، بە بیرەوەری تاڵی مێژووی ئیمپڕاتۆری عوسمانی و دەوڵەتەکانی دیکە، هەموومان دەهاتنە پێش چاو. سەرزەمینێک بەو هەموو فراوانی و نیعمەتە زۆرەی و بەو هەموو گرانیە سەرسوڕهێنەرەم نەدیبوو. کاربەدەستە بەرتیل خۆرە هەمەچەشنەکان وەک فیلمی سینەمایی بەپێش چاومدا تێدەپەڕین، تا گەیشتنە ئەمڕۆژە.
لەسەر سنوور هەریەکەو پەنجا تمەن هەقی بێدەنگییان لێورگرتین و ئوتوبووسە کەمان بیٚ پشکنین لە سنووری تورکیا تێپەڕی و گەیشتینەوە خاکی ئێران. شەو و رۆژێک لە گومرگی بازرگان راگیریان کردین. نەشوێنی لێبوو بۆ حەسانەوە نەشوێنێک هەبوو بۆ خەوتن. بەهەزار زەحمەت لە دەست گومرگ رزگارمان بوو. دوای ئەوەی تەماشای پاسپۆرت و قەلافەتی ماندووی ئەو سەفەرە دوورەیان کردین سواری ئوتوبووس بووین و بەرەو تاران وەڕێکەوتین.
پەنجا لیکۆمەتر لە سنوور تێنەپەڕیبووین لەسەر ڕێگای ماکۆ تەورێز لە جێگایەکی پڕ لە تەپۆ و تۆزو گەرمای تاقەتپرووکێن ئوتوبووسەکەیان راگرتین، ژنەکان لەو شوێنە

خەفەیە زیندانی کرابوون و پیاوەکانیش وەکو ئەو گوێلکەی دایکی لێ وەنبووە بە دەوری ئوتوبووسەکەدا دەخولانەوە و هەقیان نەبوو لە ئوتوبووسەکە نزیک ببنەوە. سەردەستەی ئەو پشکێنەرانە هاواریدەکرد و بە پەنجەی دۆشاومژە ئاماژەی دەکرد وس بن، پەنجەی لەسەر لێوی دادەنا. خۆی لێ ببووە رۆستەمی زەمانەو تاکە فەرمانڕەوا، بە نۆرە کەلوپەلی خەڵکەکەی دەپشکنی و بیانووی پێدەگرتن، تا سەرە گەیشتە من. گوتم جەناب ئیدی لەو سەفەرە و لەو هەڵسوکەوتەی تۆ بێزار بووم چما کۆماری ئیسلامی ڕایسپاردووی رووهەڵماڵاوانە لەگەڵ ئەو خەڵکە ماندووە ئاوا وەکو کۆیلان هەڵسوکەوت بکەی. قسەکانم کاریگەرییان تێکرد و نیگەران بوو، کە نەکا من کەسێکی بەرپرس بم لە جلوبەرگی مەدەنیدا. بۆیە کونجکۆڵانە تەماشای قەلافەتی منی دەکرد و وازی لە پشکنین و ئەزیەتدانی خەڵکەکە هێنا. بەکورتی هەڵسوکەوتی ناجوامێرانەی ئەو بەرپرسە بیابانگەڕە هەموومانی نیگەران کردبوو.
لە کۆتایی مانگی جۆزەردانی ١٩٨٦ گەڕاینەوە تاران و دەستم کردەوە بەکاری رۆژانە و پێشوازی لەو نەخۆشانەی چەند مانگێک بوو چاوەڕوانیان دەکردم. خاتوو رەعناو کچ و نەوەکەم بۆ ماوەی چەند رۆژێک چوونەوە مەهاباد، بە تەلەفۆن باسی خانوەکەی مەهابادیان بۆ کردم کە زۆر نیگەران بوون لەوانەی لە خانووەکە دان و هیچ گرنگییەکیان بەو خانووە بێ کرێیە نەداوە.
لە پایزی ١٩٨٦ لوویەک لەسەر سینگی خاتوو رەعنا دروست بوو، زۆری ئازار دەدا. ئەو لووەم دەرهێنا نموونەم بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی نەخۆشخانەی شارەوانی نارد کە لە نزیک ماڵی خۆمان بوو لە تاران، کە خاتوونێکی میهرەبان سەرپەرشتی دەکرد. وەڵامی پشکنینەکە گوماناوی بوو. لەسەر راسپاردەی دکتۆر عەلی مەولەوی هاوڕێی دێرین و هاوشاریم، هاوسەرەکەم لەگەڵ خۆم بردە بەشی دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکانی نەخۆشخانەی ئیمام خومەینی و لای پسپۆڕانی ئەو بەشە.
بەڕێز دکتۆر دێهشیری بەرپرسی بەشی پشکنینی دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان بوو، دوای ئەوەی تەماشای تیشکی ئێکسی کرد کە پێشتر گیرا بوو، لە وێدا هیچ نیشانەیەکی گوماناوی تێدا نەدەبینرا، لێی نووسرابوو ساغڵەمە. گوتی باشتر وایە دووبارە تیشکی ئێکسی بۆ بگریەوە و دوایی بیبەی بۆلای دکتۆری پشکنینی دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکان و با ئەویش رای خۆی بڵێ.

له تیشکی دووەمیشدا سەلامەتی تەواو دووپات کرابۆوە. لەگەڵ هاوسەرەکەم هەر دووک تیشکەکەم بردنە لای ئاغای عەینەکی کە تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵێک دەبوو، ناوەکەیم لەبیر چۆتەوە. لەگەڵ خاتوو رەعنا چووینە ژوورەکەی پشکنینی بۆ کردو بە وردی تەماشای شوێنی نەشتەرگەریەکەی بۆ کرد، ئینجا تەماشای تیشکی ئێکسەکەی کرد و گوتی من چاوم لوو ناسە، ئەو خاتوونە دەبێ نەشتەرگەری بۆ بکرێ دواتر دەرمانی کیمیایی بدرێتێ. گوتم جەنابی دکتۆر من بۆ خۆم بیست و پێنج ساڵە دکتۆرم لەو تیشکی ئێکسە لەو خاتوونە هیچ چەشنە لوویەک و نیشانەیەکی گوماناوی بەدی ناکەم و هیچ جۆرە نیشانەیەکی جێگەی نیگەرانی نابینم تا پێویست بە نەشتەرگەری بکات، یان دەرمانی کیمیایی بەکاربێنێ. هەر وەکو لە تیشکی ئێکسی دووەمیش دەردەکەوێ کە ساغ و سەلیمە و هیچ نیشانەیەکی تیدا بەدی ناکرێ.

نەمتوانی قەناعەت بەو بەرێزە لەخۆباییە بێنم کە زۆر هەڵە بوو. بۆیە بە ناچاری هاتمەدەرێ و تەلەفۆنم بۆ بەرێز دێهشیری کرد و گوتم هیچ پێویستم بە خێری ئەو نییە وازیش لەکاری کیمیاییەکەی دێنم، چونکە ئەو کارە ئەگەر لەسەر مرۆڤی ساغ بکرێ زەرەری زۆرترە لە قازانجی. لەو رووداوە لەناکاوە ئەوەم وەبیر هاتەوە کە دکتۆرێک لەو پلەوپایە دایە زۆری نیگەران کردم، هەروەکو بۆ خۆیشی دەیگوت هەفتەی دووجار بە فرۆکە دەچێتە کۆلێژی پزیشکی یەزد و لەوێ دەرس دەڵێتەوە، زۆر خەمم بەو کارەوە دەخوارد.

لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەی کە لە تاران بووم و نەخۆشی زۆرم دیتن کە لە خۆڕا نەشتەرگەرییان بۆ کراوە ویژدانیان زۆر ئازار دەدام. دەمگوت خۆزگە هەندێک لە دکتۆرەکان بە تایبەت دکتۆرە نەشتەرگەرەکان تەنیا لە پێناو پارەدا نەشتەرگەری بۆ نەخۆش دەکەن. دکتۆر دەبێ ویژدانی رێگای نەشتەرگەرێ پێبدا، ئەوەی ئەگەر ویژدانی هەبێ...!

هەوای ئالوودەی تاران بۆ سەلامەتی خاتوو رەعنای هاوسەرم سازگار نەبوو. زۆر بە نەخۆشی تەنگەنەفەسییەوە ئازاری دەکێشا، هەر کاتێک دەچووەوە مەهاباد حاڵی باشتر دەبوو. هاتوچۆی بەردەوامی بۆ مەهاباد لەبەرخاتری تاقانە کچەکەی کە لەوێ مێردی کردبوو، بەرەبەرە وایلێکرد بوو بچینەوە مەهاباد و لەوێ وەمێنین، بۆیە بەردەوام دەیگوت با بڕۆینەوە مەهاباد لەوێ دەژین و هەر لەوێش نۆڕینگە بکەوە.

له مانگی پوشپەڕی ١٩٨٨ بڕیارمدا بە رەسمی بگوازمەوە مەهاباد بەو ئومێدەی کارەکەشی ئاسانە و داوای کواستنەوەم کرد لە ناوەندەوە بۆ شارێکی دوورکەوتەی وەک مەهاباد. وەرگرتنی مۆڵەتی گواستنەوەش دوو مانگ درێژەی کێشا. دکتۆر مەیابی بەرپرسی بەشی دەرمانی لە ئەزیەتدانی من چێژی وەردەگرت، ناچاری کردبووم رۆژانە کارم ببێتە هاوچوون بۆ وەزارەتی تەندروستی. ئەو گرێکوێرەیە رۆژنامەی کەیهان چارەسەری کرد لە رێگای رۆژنامەنووسێکی رۆژنامەی کەیهانەوە بە تەلەفۆن گفتوگۆیان لەگەڵ کردم و منیش بابەتەکەم تێگەیاندن. ئیدی جەنابی دکتۆر ناچار بوو واز لە بڕوبێنوان بێنێ و فەرمان بدەن دوای دوو مانگ ئەشکەنجەدانی روحی و بێنەوبەرە ئەو کارە دوو سەعاتیەم تێک پەڕێنن و بگەڕێمەوە مەهاباد.

له کۆتایی مانگی جۆزەردانی ١٩٨٨ بێ ئەوەی پێشتر نەخۆشەکانی تارانی و هاورێیانی نزیکم ئاگادار بکەمەوە، گەڕامەوە مەهاباد. ئەو بیرەوەریە ناخۆش و ئازاربەخشەی لە بەرپرسێکی بێ هەست و نابەرپرسم بینی زۆر نائومێدی کردم. خۆزگە بەرپرسی هەموو وەزارەتەکان مرۆڤ ناس و بەهای گرانبەهای مرۆڤەکانییان زانیبا.

له مەهاباد دووبارە نۆرینگەم دانایەوە و نەخۆشی کۆن و تازە لەملاولاوە دەهاتن. شەش مانگەی کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ بە باشی و خۆشی تێپەڕین.

نەورۆزی ساڵی ١٩٨٩ هات. جێژنمان کرد و چووینە دەشت و گەڕان. شەوێک لە سەرەتای نەورۆز لە خەونمدا هۆڵپەزەیەکی رەش بە چەنگە مودارو ترسناکیەوە لە نۆرینگەکەم بە دیواری هەڵگەڕابوو بەدوای نێچیردا دەگەڕا. ڕاوی کێ؟ دەبێ ئەو گایانلەبەرە مەرگبارە کێ راوبکا؟ بەدوای شتێکدا دەگەڕام تا ئەو گیاندارە ترسناک و پیسەی پێ وەدەرنێم. بیرم کردەوە دەستم ناگاتە ئەو بەرزاییە، خۆ ئەگەر دەستیشم بیگاتێ نزیک بوونەوە لەو هۆڵەپەزە ترسناکە زۆر مەترسیدارە.

غارمدایە ژووری دەرزی لێدانی پیاوان لەژێر تەختی پشکنینی نەخۆش گەسکێکی دەسک داری درێژم دیتەوە. دەستمدایەو ویستم بەسەری بکێشم لەترسان وەخەبەر هاتم. بۆ سبەی شەو دیسان خەونێکی ترسناکم بینی. هۆڵەپەزەکە لە ژووری نەشتەگەری خۆی لە بۆسەناوە و دەیەوێ هێرشم بۆ بێنێ. لەگەڵی کەوتمە شەڕ و زۆر بەزەحمەت کوشتم. لەترسان و لە ماندوێتی زۆر ئارەقەم کردبوو،

لەوبگرەوبەردەیەدا وەخەبەر هاتم. پەنام بۆ قورئانی پیرۆز برد و داوای ئارامبوونەوەی ناخم لێ خواست.

- شەوی سێیەم دیسان خەونم بینی و هاتنەوە لام. دەتگوت چەند کەسێکی دزێون دەموو چاوی خۆیان دەمامک دا بوو هاتنە نۆرینگەکەم چەکمەجەکانیان کردنەوە و کەلوپەلی نەشتەرگەرییان بەگۆڕێ وەرکرد. ئەوەندەی هاوارم کرد بۆ وادەکەن؟ ئێوە چ کارەن. لەو خەوە ترسناکەدا دەمدیت نەخۆشەکان بە شلەژانەوە لە هۆڵی چاوەڕوانی دانیشتوون و تەماشای ئەو دیمەنە دەکەن، منیش لەگەڵیان لە شەڕدا بووم.

ژنێکی کورتەباڵاو کزۆڵەیان لەناودابوو دەموچاوی خۆی دەمامکدابوو دەتگوت شەیتانە هەڵدەسوڕاو گاڵتەی پێدەکردم. دیسان پەنام بردەوە بۆ گەسکەکە بە زەحمەت ئەو جنۆکانەی لە بەرگی مرۆڤدا بوون لە خۆم دوور خستنەوە. هەر لەگەڵ گوتم بسمیللا ئەو بوونەوەرانە بزر بوون. لەگەڵ گوتنەوەی بسمیللا هاوسەرم وەخەبەر هات و بانگی کردم و گوتی لەبەرخۆتەوە قسان دەکەی و هەردەڵێی بسمیللا... بسمیللا. ئەوسا تێگەیشتم لەو ساڵەدا ڕووداوێکی ناخۆشمان دێتەڕێ. پەنا بەخودا.

لە مانگی خاکەلێوە و سەعات دەی بەیانی لە نۆرینگەکەم خەریکی پشکنینی نەخۆشان بووم، لەخوارێ تەلەفۆنیان بۆ کردم کە تەلەفۆنەکەم هەڵگرت خاتوو ڕەعنا بە دەنگێکی لەرزۆک و شڵەژانەوە دەیگوت زووکە وەرەوە ماڵێ ئاگرمان لە ماڵێ بەربووە. کارمەندەکان بە تایبەتیش خاتوو ئێران حەبیبی بەوپەڕی فیداکاری لەگەڵم هاتەخوارێ و غارماندا بۆ ماڵێ. تەماشامکرد ماڵمان پڕە لە دووکەڵ و لە درزی پەنجەرەکانەوە دووکەڵەڕەشە دێتەدەر.

خاتوو ڕەعنا هاواریدەکرد بەفرگرەکەی سەرێ ئاگری گرتووە. ئەگەر دە خولەک درەنگتر هاتبامەوە ماڵەکە هەمووی ئاگری دەگرت. گوتم چما لە ماڵ نەبووی؟ گوتی چوومە لای سەیزادە هەر گەیشتمە ئەوێ هەستمکرد مەترسییەک لە گۆڕێیە چارشێوەکەم بە خۆمداداو یەکسەر بە تەکسی گەڕامەوە ماڵێ و تووشی ئەو ڕووداوە هاتم. بەفرگرەکە شۆرتی کردبوو ئاگری گرتبوو.

لەگەڵ خاتوو ئێران بەناو دووکەڵدا چووینە ژوورێ یەکسەر پەنجەرەکانمان کردنەوە، وایەری کارەباکەمان دەرهێناو بە زەحمەت بە ئاو ئاگرەکەمان کوژاندەوە. زیانێکی

زۆرمان پێگەیشتبوو. فەرش و دیوار و تابلۆ و سەعاتی دیواری بە دووکەڵ ڕەشهەڵگەڕابوون و هیچ ڕەونەقێکیان نەمابوو. لەو کاتە ناخۆشەدا پەنام بۆ خۆدا هێنا. ئەو خەونە ناخۆشە یەک لەدوای یەکە نیشاندەری تۆفانێکی ترسناک بوون لە ژیانمدا. لە عەزابی خودا پەنام بۆ خودای مەزن هێنا. ئەو ڕووداوە کە زیانێکی زۆری پێگەیاندم لەسەرمان تێپەڕی.

لە ناوەڕاستی مانگی پوشپەڕی هەمان ساڵدا لەگەڵ هاوسەرەکەم لە ژووری پێشەوە دانیشتبووین ژاڵەی بچکۆلە لە ژوورەکەی تەنیشتمان بە بوکەڵەکەی یاری دەکرد و سەرگەرمی گەمان بوو. لەناکاو خاتوو ڕەعنا هەستی بە بۆنی سووتان کرد. گوتی ئەتۆش هەست بە بۆنی سووتان ناکەی؟

تەماشایەکی دەوروبەرمان کرد و سەرێکی ژووری چێشتلێنانمان کرد هیچ شتێکی وامان نەدیت. گەڕاینەوە ژووری پشتەوە سەرنجماندا لە ژووری نوستن دووکەڵ لە درزی دەگا داخراوەکە دێتەدەر. دەرگامان کردەوە دیتمان قەرەوێڵەی ژاڵە ئاگری گرتووە و ئەو پارچە نایلۆن و خوریانەی لەسەر فەرشە گرانبەهاکەن ئاگریان گرتووە و بڵێسەی ئاگرەکە لە قەرەوێڵەی من نزیک بۆتەوە. خێرا وەخۆکەوتین بە بەتانی و ئاو ئاگرەکەمان کوژاندەوە. ژاڵەی بچکۆلە دیارنەبوو، تێگەیشتین ئەوە کاری ژاڵەی بچکۆلەیە.

لەترسان خۆی شاردبۆوە، هەر لە هەمان ژوور چووبووە ژێر قەرەوێڵەکەی من و نەماندەزانی لەکوێ خۆش شاردۆتەوە.

دیاربوو شقارتەی هەڵکردووە و ئەو پارچە قوماشە نایلۆنەی کە لەکنی بووە ئاگری گرتووە و لەوێوە تەشەنەی کردووە و شتەکانی دیکەش سووتاون. خودا ڕەحمی کرد ئێمە لە ماڵ بووین دەنا ماڵەکە دەبووە قەرەبرووت.٠لەو ئاگرکەوتنەوەیە تووشی زیانێکی زۆر بووین، دیسان پەنام بردەوە بەرخودا و پاڕامەوە لە بەڵای گەورە بمانپارێزێ.

هاوینمان بە نیگەرانی و دڵەڕاوکە تێپەڕی. پایزی زێڕین هات، مانگی ڕەزبەر و گەڵاڕێزان بە ئارامی و هەندێک ناخۆشی بچووک تێپەڕین. دەڵێن هاوڕێی باش لە براش باشترە. خوالێخۆشبوو سوڵتان شێخ ئاغایی دڵی دەدایەوە و هاودەردی لەگەڵ دەردەبڕین و دەیگوت پشتوپەناتان بە خودا قایم بێت.

لە سەرەتای مانگی ڕێبەندان تازە هاتبوومە نۆڕینگە کە سەرو کەللەی کابرایەکی چل ساڵە بە سمێڵی بابڕ و قەڵافەتی ئالوودە بوو دەرکەوت، ڕووی تێکردم و گوتی لە پایزی ١٩٨٩ خێزانم بە ناوی فاتمە هاتۆتە لای تۆ لە کاتێکدا دووگیان بووە دەسگای (ئای یو دی) ت بۆ داناوە، ژنەی دووگیان منداڵەکەی لەبەر چووە و پەرستارێک لە مەسجید سولەیمان کورتاژی بۆ کردووە، ڕەحمی کونبووەو حاڵی زۆر دژوارە. هەروەها دەیگوت ئالەتی میزەڕۆشیان کون کردووە. ئەو برادەرە دەیگوت ناوم جەبیب بوور بوورە و غولامی مەولا عەلیم. یەکسەر دەرکم بەوەکرد تەشقەڵەیەکی دیکەیە و لەلایەن هەندێک کەسی داخ لەدڵ کە وەک ماری کوڵەوەیباب دەیانەوێ لە گیانی منی بەردەن.

کاک جەبیب دەیگوت لە دادگای ورمێ سکاڵام لەسەر تۆمار کردووی و براکەشم لەوێ سەرۆکی دادگایە. ئێستاش هاتووم پێتبڵێم ئەگەر سزاکەی دەدەی هەتا سکاڵاکەم بکێشمەوە دەنا ڕاپێچی دادگات دەکەم. کە بۆچی بەبێ مۆڵەتی من دەسگای ئایو دی [90]ت بۆ خێزانم داناوە کە دووگیان بووە.

قسەکانی لەگەڵ واقع نەدەهاتنەوە لەبەرئەوەی دەبێ پێش هەمووشتێک پشکنین بکرێ. دووەم زیاتر لە ساڵێک بووە هیچ دەسگایەکم بۆ کەس دانەناوە. سێیەم. ناوی فاتمە تاهیری لە مەسجید سولەیمان یەکەمجارە دەیبیستم. دەی چارە چییە؟ ئەوە لەکوێ سەروکەللەی ئەو سکاڵاکارە پەیدا بوو؟

بۆیە بیرم کردەوە دەبێ ئەو کابرا درۆزن و فێڵباز و تریاککێشە زۆر ئاقڵانە رام بێنم، خۆ ئەگەر لەگەڵی بکەومە ملبەملە کەس باوەڕم پێناکا و دەڵێن ئەو کابرایە ڕاست دەکا. بۆیە لێرەدا ئەو پەندەی پێشینان وەڕاست دەگەڕێ: لە وشتریان پرسی بۆ ڕادەکەی؟ گوتی ڕێویان کەوڵ دەکەن، گوتیان خۆ تۆ ڕێوی نیت؟ گوتی هەتا دەیسەلمێنم ڕێوی نیم کەوڵم دەکەن.

بۆیە زۆر لەسەرخۆ گوتم برای بەڕێز ئێمەش هەموومان غولامی مەولا عەلین و هەر لە منداڵیشەوە گوێم کونکراوە بۆ ئەوەی ئاڵقەلەگوێی ئەو بم. گوێچکەم نیشاندا. ئێستاش ئەگەر خوانەخواستە ئەو کارەم کردبێ ئامادەم فەرشی ماڵێشت بۆ بفرۆشم. گوتی ئەگەر وایە با بچین تەماشای بکە. گوتم بۆکوێ؟ گوتی بۆ مەسجید سولەیمان دەمەوێ بیبەم بۆ تاران. گوتم من ناونیشانت دەدەمێ ئەو کەسە لەوێ نوێنەری منە

---

[90] ئای. یو. دی: بەستنی ئافرەت لە دووگیان بوون. مەنع. وەرگێڕ

پەیوەندی پێوە بکە هەرچی پێویستیکرد بۆت ئەنجام دەدات. ئەو قسەیەم کابرای چاوچنۆک و درۆزنی رازیکرد. بۆیە نامەیەکم بۆ دادگای ورمێ نووسی کە گۆیا بەڕێز بووربووری لەبارەی منەوە بەهەڵەچووە، ئەو دکتۆرەی سکاڵای لەسەری هەیە لێی تێکچووە و من نیم.
ئینجا نامەیەکیشم بە ناونیشانی تاران بۆ ئاغای عەبدی نووسی و کارتی خۆیشم دایە ئەگەر پێویست بوو تەلەفۆنم بۆ بکات.
دوای ئەوەی ئەو فێڵبازە رۆیی تەلەفۆنم بۆ ئاغای عەبدی کرد، کە لەو دۆخە ناهەموارەدا هەندێک کەس کە لەو مارە سڕانەن پیلانیان بۆ دارشتووم و فس فس پاڵەوانێکیان لە مەسجید سلێمانەوە هێناوەتەدەر و لە گیانی منیان بەرداوە. ئاغای عەبدی بەڵێنیدا بەدوای ئەو کارە بکەوێ و چارەسەری بکات. دوای دوو رۆژ لە تارانەوە تەلەفۆنیان کرد کە ئەو کابرایە هاتووە و هیچ بەڵگەنامەو ناسنامەیەکی پێنییە و خۆ گێل دەکات. هەر دوای تەلەفۆنەکەی ئاغای عەبدی ئاغای بووربووری تەلەفۆنی کردو هەڕەشەی دەکرد، دەیگوت هاوڕێکانت هەڵسوکەوتیان لەگەڵمدا باش نەبووە. هەر بە تەلەفۆن پێمگوت و ئامۆژگاریم کرد دەست لەو فرتوفێڵانە هەڵبگرێ و لە خودا بترسێ. ئەو فرتوفێڵانە دەرەنجامێکیان نابێ. بەکورتی خەتێکی راستوچەپیان بەسەر ئەو پیلانەدا هێناو بووربووریش رۆیشت و نەمدیتەوە.
لە مانگی سەرماوەزی ١٩٨٩ کە لەو پەڕی نیگەرانی و پەرێشانی فکریدا بووم، لە تارانەوە تەلەفۆنیان کرد، کابرایەکی نەناسیاو بە زمانی فارسی هەواڵی پرسیم و گوتی باوکی دکتۆر مەحموودی تارمیم. بانگهێشتیان کردبوو بۆ ماوەی دوو مانگ بێتە ئێران. ئەو کابرایە وازی لە رەگەزنامەی خۆی هێنا بوو، ببووە سۆڤیەتی. کوڕەکەشی وازی لە رەگەزنامەی خۆی هێنا بوو ببووە هاووەڵاتییەکی سۆڤیەتی، بەڵام دوایی پەشیمان ببۆوە و وازی لە رەگەزنامەی سۆڤیەتی هێنا بوو ببووەوە پەنابەری سۆڤیەتی و کارتی پەنابەرییان دابۆیە.
بانگهێشتی باوکی دکتۆر مەحموودم کرد بێتە مەهاباد و میوانمان بێت. ئەویش گوتی جارێ لە تاران و قەزوێن کارم هەیەو دەمەوێ سەردانی خزمان بکەم. بەڵێنیدا دواتر تەلەفۆنم بۆ بکاتەوە. لێی بێئاگا بووم تا لە بەفرانباری هەمان ساڵ دیسان لە تارانەوە تەلەفۆنم بۆ هات دکتۆر مەحموود تارمی گوتی هاتوومەتەوە بۆ تاران و باوکم بەهۆی رووداوی هاتوچۆ مردووە. زۆر نیگەران بووم، سەرەخۆشیم لێکرد و بۆ مەهاباد

بانگهێشتم کرد. دکتۆر مەحموود لە کۆتایی مانگی بەفرانبار لەگەڵ یەکێک لە خزمەکانی هاتنە مەهاباد و دوو رۆژ میوانم بوون.
لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا بووم هەوڵمدا ئەو میوانە تازەی کە لە سۆڤیەت گەڕاوەتەوە و هاوکاری کوڕەکەمە هیچ لە بارودۆخی دەروونیم حاڵی نەبێ و لەبارەی گەڕانەوەی کوڕەکەشم هیچ نەزانێ، چونکە لەگەڵ ئاغای عەبدی زۆر لە هەوڵدابووین بتوانین هەرچی زووە ئەنوەر و بەهمەن بێنەوە بۆ ئێران.
لە مانگی رەزبەری ۱۹۹۱ لە نۆڕینگەکەم خەریکی کاری خۆم بووم، کە خاتوونێک هاتەلام و گوتی دکتۆر من خوشکی سوڵتان ئوتەمیشیم و ناوم فاتمەیە. زۆر بە دیداری خۆشحاڵ بووم، لە هەواڵی مامۆستاو هاوڕێی دێرینی خۆم پرسی. گوتی لە یۆگسلاڤیا کاردەکات، نامەی بۆ نووسیوم و دەیەوێ بگەڕێتەوە. گوتم پێیبڵێ هەرچی زووە با بگەڕێتەوە و بێتەوە مەهاباد و لێرە کار بکات. چونکە لێرە خزم و هاوڕێی زۆری هەن. هەموو تامەزرۆی دیداری ئەون.
خاتوو فاتمە لەسەر قسەی من نامەیەکی بۆ نووسی و گوتبووی یەکێک لە هاوڕێکانت هەواڵت دەپرسێ و حەزدەکا بگەڕێیتەوە نیشتمان، تواناو ئەزموونی چل ساڵەت لە بواری زانستی پزیشکی و نەشتەرگەریدا لەناو گەلەکەت بەکاربێنی و خزمەت بەگەلەکەت بکەی.
نامەو نامەگۆڕینەوە لەنێوان خوشک و برادا بەردەوامبوو تا لە کۆتایی مانگی گەلاوێژی ۱۹۹۳ هەواڵیان پێدام کە دکتۆر سوڵتان بە ژن و منداڵەوە گەڕاوەتەوە تاران. بەبێ سەبری چاوەڕوانی هاتنەوەی ئەو نەشتەرگەرە لێهاتوەم دەکرد بگەڕێتەوە لامان. بۆیە جارجار تەلەفۆنم بۆ ماڵی خاتوو فاتمە دەکرد و لە هەواڵیم دەپرسی، بەتایبەتیش لەو کاتەدا لە یۆگسلاڤیا شەڕ هەڵگیرسا بوو، نیگەرانی چارەنووسی بنەماڵەکەی دکتۆر بووم. ئێستاش کە گەڕاوەتەوە پێیوابوو هەموو شتێک بە باشی دەچێتەپێش و دوای هەفتەیەک هاوتا کردنی دبلۆمە نێودەوڵەتییەکانی و پلەی دکتۆرای لە تاران دەدەنێ و وەک ئوستادی زانکۆ دادەمەزرێ.
بە خوشکیم دەگوت پێیبڵێ بگەڕێتەوە مەهاباد لەبەرئەوەی لێرە زۆرمان پێویست پێیەتی.
تا لە کۆتایی مانگی خەرمانانی ۱۹۹۳ خاتوو فاتمە تەلەفۆنی کرد و گوتی موژدەمان بدەیە دکتۆر بە خۆی و بنەماڵەکەی هاتوونەوە و لە ماڵی ئێمەن. دەستەپاچە بووم

ناونیشانی ماڵەکەیانم وەرگرت، بە قتوویەک شیرینی و دەستەگوڵێکی جوان چوومە ماڵی کاک قادر سەهۆڵانی مێردی خاتوو فاتمە. بە پرسیاران ماڵەکەیانم دیتەوە کە لە کۆڵانێکی نزیک رووباری یەرغوو بوو. چوومە ژووری و بە پلیکانەکاندا سەرکەوتم، پێڵاوێکی زۆر لەبەردەم دەرگا بوون ئەوەش نیشانەی ئەوە بوو میوانی لێن.
ئەو ژوورەی دکتۆری لێبوو لەگەڵ میوانان سەرگەرمی قسان بوو، لە ژووریێ گوێم لە دەنگی ژنێک بوو گوتی دکتۆر هات. دکتۆر سوڵتان هەستاو بەرەو پیرمەوە هات، یەکتریمان لە باوەشگرت، دوای سی و دوو ساڵ یەکتریمان دیتەوە. لە خۆشیان چاومان پڕبوون لە فرمێسک. لە قەڵافەتی پیری یەکتریمان دەڕوانی و پێک پێدەکەنین. لەو ساتەدا بیرەوەریەکانی رابردوومان دەهاتنەوە یاد. پێکەوە چووینە ژوورە پڕ لە میوانەکە. دانیشتین و گوێم لە قسەی میوانە نەناسراوەکان دەگرت. هەموویان نیەت پاکی خۆیان دەربڕی و دەستەونەزەر ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ ئەوەی خزمەتی بکەن.
دوای ئەوەی چایی و میوەمان خوارد سوپاسی میوانداری کاک قادر و خاتوو فاتمەمان کرد. بە زمانی رووسی بە دکتۆرم گوت هێندەش گەشبین مەبەو بە فریوی ئەو کارە رووکەشەی حازریان هەڵمەخەڵەتێ. پێمگوت ئەو ماستاوانەی لە دۆستانی دەبینی ئەوە مێشن لە دەوری هەنگوین دەخولێنەوە. هەروەها بە دکتۆرم گوت ئەگەر خانووی حەوانەوەو شوێنی نۆرینگەت نییە من لە خزمەتدام. ئەویش سوپاسی کردم. خوشک و زاوای دکتۆر کە دانیشتبوون بە گلەییەوە گوتیان جەنابی دکتۆر ئەوە دەڵێی چی ئێمەش کەلاوەیەکمان هەیە، هەتا ئەو بە ئێمە رازیبێ ئێمە لە خزمەتیدا راوەستاوین. هەتا دە بۆ پازدە رۆژی دیکە کارەکانی دکتۆر رایی دەکرێن. دکتۆری خۆشباوەڕ قسەکانی ئەوانی سەلماند و گوتی بەڵگەنامەکانم بەمزوانە رێکاری یاسایی خۆیان تەی دەکەن، ئەوسا هیچ شتێکی ئەوتۆ نامێنێ، هەروەها یەکێک لە خزمەکانیشم لە تاران ئەندامی لێژنەی هاوتاکردنە و بەڵێنیان پێداوە تا دوو هەفتەی دیکە کارەکان تەواودەبن.
دکتۆر سوڵتان بە شەش دبلۆمی پزیشکی و دکتۆرا لە زانکۆکانی نەشتەرگەری مۆسکۆ و بەلگراد و بە ئەزموونی چل ساڵی دکتۆری لە نەخۆشخانەکانی زانکۆکانی ئاسیاو ئەورووپا و ئەفریقا بە کۆڵێک باری قورس و سەنگینەوە گەڕابووەوە، کەس گومانی ئەوەی نەدەکرد کێشەو گرفتی بۆ دروست بکرێ. کەس بیری بۆ ئەوە

نەدەچوو بەو هەموو بڕوانامەنەوە لە روانگەی هاوتاکارانەوە بە مۆلەقی بمێنێتەوە.
بەڵام بەداخەوە دوای شەش مانگ وەرەو بڕۆ خەتێکی راست و چەپیان بەسەر بڕوانامەکاندا هێناو چل ساڵ خزمەت لەبواری نەشتەرگەریدا بە با چوو. ئەویان وەکو پزیشکی گشتی ناساندبوو. ئەویش بە ناچاری، برسێتی و ئاوارەیی و دەربەدەری و هەڵاتن لە دۆزەخی سربەکان لە هەرزە گۆڤین و گەڕانەوە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەویش بە دنیایەک ئومێدو بە دەستی بەتاڵ لەماڵی دنیا، بەڵام بە خەرواریک زانست و ئەزموون گەڕابووەوە کەسیش گرنگی پێ نەدەدا. تا سەرەنجام لە شەوی ٥ی ١٢ی رەشەمەی ١٩٩٣ خوشکەکەی چیدی تاقەتی نەماو لە ماڵەکەی دەریکرد.
ئەوەش کەمتەرخەمی کاری رۆتینی هاوتاکارانی بەڕێزی دانیشتووی تاران کە زانایەکی هەڵکەوتەی مەهابادیان دوای چل ساڵ دووری لە نیشتمان ئاوا ریسواکرد.
لەبەر کەسایەتی ئەو پیاوە بەڕێزە ناچاربووم ژووریکی نۆڕینگەکەی بدەمێ تا ژن و منداڵەکانی لەسەرمای زستانی مەهاباد لە کۆڵانان هەڵوەدا نەبن. ئەو بەڵێنەی لە رۆژی یەکەم پێمدابوو بەجێم گەیاند، بەڵام کاتێک مێش و مەگەزی دەوری شیرینی کە دیتیان هیچ هەنگوینێک لە ئارادا نییە بڵاوەیان لێکرد. سەرەڕای ئەوەش بە تەلەفۆن هەڕەشەیان لێدەکرد و وەزاڵەیان هێنا بوو. ئەو دکتۆرە بەڕێزە لە هاتنەوەی بۆ نیشتمانی ئازیز و مەهابادی خۆشەویستی پەشیمان بوو.
کاک حەسەنی مەحموودی لەگەڵ خاتوو فەریدەی هاوسەری کە دوو مرۆڤی میهرەبان و دڵسۆز بوون وەخۆکەوتن و هەندێک پێداویستی سەرەتاییان بۆ لە بنیادی ئیمام وەرگرتن، منیش ئەوەی لە توانامدا هەبوو دریغیم نەکرد.
دکتۆر سوڵتان لە مانگەکانی سەرەتادا تووشی کێشەو گرفتی زۆر بوو، ئەو بەڵێنانەی پێیاندابوو هەموویان بوونە بڵقی سەرئاو. زۆر دڵنەوایم دەکرد و دەمگوت ئایندەیەکی درەخشانت لە پێشە.
لەلایەکی دیکەشەوە منیش نیگەرانی هەراسانی کردبووم، کە نەکا منداڵەکانی منیش بگەڕێنەوە و تووشی هەمان گێرەوکێشە بن. کەسێک چل ساڵە سەروکاری لەگەڵ نەشتەرگەریدا هەیەو بە هەموو توانای خۆی هونەرەکەی خۆی خۆشدەوێ و دەیپەرستێ ئێستاش وەکو ئاسنی ژەنگاوی فڕێدراوەتە قوژبنێک و پێیانگوتووە تۆ نەشتەرگەر نی؟ هەقیشت نییە کاری نەشتەرگەری بکەی! بۆیە ناچار بووم تەلەفۆن

بۆ بەهمەنی کورِم بکەم و بڵێم جارێ راوەستە و پەلەی مەکە نەوەکو وەکو دکتۆر سوڵتان تووشی رۆژگارێکی رەش بیت!
دکتۆر سوڵتان وەکو پزیشکی گشتی دەستبەکار بوو. هەر لە پەنا خۆم ژوورێکم وەکو نۆرینگە و ژووریکیشم وەکو شوێنی حەوانەوە و سەرپەنا بۆ دابین کرد. ماوەی شەش مانگ بە خۆشی و هەندێجاریش بە نیگەرانی پێکەوە کارمان دەکرد. بەرەبەرە نەخۆشێکی زۆر روویان تێکرد بۆ چارەسەری دەهاتنەلای و چاک دەبوونەوە. دکتۆر سوڵتان رۆژ بە رۆژ ناوبانگی پەیدادەکرد.
ئەو بەڵێنانەی پێیاندابوو کە خانووت دەدەنێ هیچی لێ شین نەبووەوە و کەسیش ئاوڕی لێ نەدایەوە. هەر لە یەکەم رۆژدا وەزارەتی خوێندنی باڵا کوتکی خۆی وەشاندبوو، بەو زەربە وەشاندنەوە دەیناڵاند. ئاخر ئەو کابرایە چل ساڵ وەکو نەشتەرگەری پسپۆڕ لە وڵاتانی ئاسیاو ئەوروپا و ئەفریقا کاری کردبوو شەش دبلۆمی باڵای نێودەوڵەتی هەبوو. لە بلۆکی رۆژهەڵات خوێندنی تەواوکردبوو، هیچ مەیلێکیشی بۆ سۆسیالیستی کۆمۆنیزم نەبوو. کەواتە ئەو کوتکەی وێکەوتبوو دیارنەبوو لە کوێڕا لێیان داوە. بەردەوام دەیگوت من بە ئومێدی نیشتمان گەڕامەوە، کەچی ناتوانم ئەو هەموو زانستەی هەمە بەکاری بێنم. ئاخر ئەمن نەشتەرگەر نیم؟ چما دەبێ نەشتەرگەر کلک و گوێی هەبن؟ بۆچی ئاوا هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکەن؟ بۆ رێگا نادەن لەرێگای کردارەوە تاقیم بکەنەوە؟ رۆژێ هەزاران پرسیاری ئاوای لێدەکردم کە بێ وەڵام دەمانەوە! منیش سەرم لەو کارە دەرنەدەکرد نەمدەزانی چ سرێک لەو کارەدا هەیە کە دکتۆرە بیانییەکان کارێکی زۆر لە خوارتریان دەدەنێ، بەڵام نەشتەرگەرێکی پاک و فیداکار و خواناس کە هەقی خۆیەتی کاری خۆی بکات، رێگای لێدەگرن.
سەرەنجام دکتۆر سوڵتانی زانا رۆژی شەشی خەرمانانی ١٩٩٤ هەموو کەلوپەلە پزیشکیەکانی کۆکردنەوەو گەڕایەوە بۆ هەرزەگۆڤین، کە نقووم بوو لە ئاگر و خوێندا. هەرچەندە بە ئێمەی گوت بۆ ماوەی بیست و پێنج رۆژ دەچێتەوە نیشتمانی هاوسەرەکەی و سەردانی کەسوکاری هاوسەرەکەی دەکات، بەڵام دوایی بۆمان دەرکەوت ئەوێی پێ باشتربووە لەوەی لێرە سووکایەتی پێبکەن. ئەفسوس و هەزار مخابن لەو رۆتینیە و دەرک پێنەکردنی کەسانی شایستە و زانای راستەقینە.

بیرەوەرییە دوور و نزیکەکان:

لە زیندانی تاشائۆس کە لە باشووری دەریاچەی ئارالی ئاسیای ناوەڕاست هەڵکەوتووە، کاتێک کاک محەمەد شیرازی هاوشاریم و برای دکتۆر هاشم شیرازیم دیت، زۆر نیگەران بووم. دوای هەواڵپرسین و دڵدانەوە پرسیارم لێکرد چۆنە هاتوویە سۆڤیەت. کاک محەمەد گوتی لەبەرئەوەی لە ئێران بارودۆخی ژیانی باشنەبووە و خزمەکانیشی زۆر لەگەڵی بە لوتف نەبوون لەگەڵ کاک عەزیزی ئاسف کە گەنجێکی مەهابادی و هاوتەمەنی بوو لە ساڵی ١٩٥١ بڕیاردەدەن وەڵات بەجێبێڵن و بۆ درێژەدان بە خوێندن لە ڕێگای تورکەمەنستانەوە بێنە سۆڤیەت و ببنە پەنابەر.

هۆکاری هاتنیان بۆ سۆڤیەت بۆ ئەوە دەگەڕایەوە دکتۆر خەسرەو زولفەقاری هێندەی تاریفی خوێندنی بۆ کردبوون لە یەکیەتی سۆڤیەت، ئەوانیش ملیان لەو ڕێگا پڕ مەترسییە نابوو، بە ئاواتی ئەوەی لەوێ خوێندن تەواو بکەن. دکتۆر خەسرەو پێشتر لە باکۆ بوو کە لەوێوە گەڕابووەوە بۆ ئێران.

کاک محەمەد و عەزیزی ئاسف دوای پرسوڕاوێژێکی زۆر و بە زەحمەتێکی یەکجار دژوار و پڕ لە مەترسی ئەو دوو گەنجە دڵسافە بە ئومێدی ئاواتی دێرینەیان یانی درێژەدان بە خوێندن خۆیان دەگەیەننە تورکەمەنستان و لەسەر سنوور دەگیرێن. دوای ئەوەی لێیان دەپرسن کێ ئێوەی ناردۆتە سۆڤیەت محەمەد و عەزیز دەڵێن دکتۆر زولفەقار کە یەکێکە لە دۆستانی یەکیەتی سۆڤیەت ئەو ئێمەی هانداوە بۆ درێژەدان بە خوێندن باشترین شوێنی دنیا یەکیەتی سۆڤەیەتە بۆیە ئێمەش هاتووین بۆ وەڵاتی شوراکان و ببینە پەنابەر.

لێکۆڵەر لە کاتی پرسیارکردندا دەستێک لە کەلەکەی محەمەد دەدات کاتێک دەزانێ محەمەد بە قەدیلە[٩١] هەستیارە بۆیە لەژێر گوشاری روحی و قەدیلەدانی زۆر دیسان محەمەد ددان بەوەدا دەنێ کە زولفەقار ئەوی بۆ سۆڤیەت ناردووە. مەبەستی زولفەقاری قوتابی کوردی دەوروبەری سەقز و بۆکان بووە کە لە هۆزی بەگزادە بوو، بەڵام لێکۆڵەر لێی دەکاتە زولفەقاری ئاغای بەناوبانگی دەوروبەری زەنجان کە لەگەڵ دیموکراتەکان لە شەڕ دابوو. کەواتە با ئەو حەسەنە نەبێ و با ئەو حەسەنەبێ و بچێتە بەرپەتی سێدارە. لێکۆڵەری خوانەناس بۆ ئەوەی پلەوپایەکی دەستکەوێ محەمەد و عەزیز تۆمەتبار دەکا و مۆری سیخوڕییان بە ناوچەوانەوە دەنێ و بە

---

[٩١] قەدیلە: قدیلە. ختوکە. وەرگێڕ

بیست و پێنج ساڵ زیندانی حوکم دەدرێن بۆ یەکێک لە شوێنە ترسناکەکانی دوورەدەستی رۆژئاوای باکوری سۆڤیەت لە نزیک کامچاتکا یان دەنێرن.
لە رێگا بەهۆی هەڵبەز و دابەزی ئۆتۆمبێلەوە قونداخی تفەنگی پاسەوانێک وە دەمی محەمەدی بێچارە دەکەوێ و دوو ددانی پێشەوەی دەشکێن. محەمەد ئاگای لە عەزیز ئاسف نابێ. دوای مردنی ستالین بۆ دەسگای دادوەری روون دەبێتەوە کە محەمەد و عەزیز بێ تاوان بوون، بە جیاو دوای کۆدەتای ۲۸ی گەلاوێژی ۱۹۵۳ رەوانەی ئێران دەکرێنەوە. محەمەد یەک دوو مانگ لەگەڵ ئێمە بوو دواتر بیستمەوە لەگەڵ کۆمەڵێک ئێرانی گەڕاونەتەوە بۆ ئێران و ئێستا لە شاری مەشهەد دەژیت. ئاسفیش چووبووە فەرەنساو لەوێ زانکۆی تەواوکردبوو ببووە ئوستادی زانکۆ.
دکتۆر مەحموود تارمی:
لە بەهاری ساڵی ۱۹٦۹ لە بەشی وەرگرتنی نەخۆشان لە نەخۆشخانەی ژمارە پێنج تەلەفۆنیان بۆ کردم کە نەخۆشێک داوای تۆ دەکات. کاتێک لە نهۆمی پێنجەمەوە هاتمەخوارێ و لە بەشی وەرگرتنی نەخۆش گەنجێکی قژ زەرد و چاوشین کە چاویلکەیەکی لە چاو کردبوو، لەگەڵ کچێکی جوان لە پەنا یەک دانیشتبوون، پێموابوو ئەوانە بێگانەن، زیاتر وەک پۆڵۆنیان دەچوون. ویستم بە زمانی رووسی قسەیان لەگەڵ بکەم، کەچی ئەو کابرایە بە زمانی فارسی سڵاوی کرد و هەواڵی پرسیم. پێم سەیر بوو. گوتم ناوت چییە؟ گوتی ناوم مەحموودە و ناسناوم تارمییە لە ئێرانەوە تازە بە بنەماڵەوە هاتووینە ئێرە. کاک مەحموود هەتا ئەوەشی گوت باوکم پێشتر لە رووسیا ژیاوە و لە دەورانی ستالین لەگەڵ دایکم دەریان کردوون. دایکی رووس بوو. دەیگوت پێشتر لە شەریکەی نەوت کاریکردووە. بەڵام باوکی هێندەی تاریفی سۆڤیەت بۆ کردوون لەگەڵ دوو برای و خوشکە بچووکەکەی و باوکی دێنە سۆڤیەت و دایکیشی لەو هاتن و چوونەدا کۆچی دوایی کردبوو.
کاک مەحموود دەیگوت کاتێک هاتینە سۆڤیەت بنەماڵەی ئەو خاتوونەشمان لەگەڵ بوون کە ئێستا دەسگیرانمە.
لە کاک مەحموودم پرسی چۆنە هاتوویەتە لای ئێمە؟ گوتی تووشی نەخۆشی واریکوسلی[۹۲] بووم و زۆر ئازارم دەدات. ئەگەر پێتباشە نەشتەرگەریم بۆ بکە. پشکنینم بۆ کرد و دوای چەند رۆژێک نەشتەرگەریم بۆ کرد. کاک مەحموود دەترسا


[۹۲] واریکوسلی: هەڵاوسان و فراوانبوونی دەمارە خوێنهێنەرەکانی گون. وەرگێڕ

نەکا دوای نەشتەرگەری منداڵیان نەبێ. بەڵام دڵنیام کردەوە و بەڵێنم پێدا کە ئەو نەشتەرگەریە هیچ زیانێک بە ئەندامی زاوزێی ئەو نەگەیاندووە.
دوو مانگ دوای ئەو نەشتەرگەریە کاک مەحموود من و خاتوو رەعنای بۆ ئاهەنگی زەماوەندی دوو برا لەگەڵ دوو کچی ئێرانی بانگهێشت کرد لە تەلاری تایبەت بە شایی. زەماوەندێک بوو کە هەموویان ئێرانی پەنابەر و دڵبەخەم بوون کە لەو زەماوەندە کۆببوونەوە. لەو زەماوەندەدا هەندێک قسەیان کرد پیرۆزباییان لە بووک و زاواکان کردو یادێکیشیان لە نیشتمان کردەوە. شادی و خۆشی بوو بە شێوەنی دووری لە نیشتمان. هەر لەو زەماوەندە لەگەڵ کاک مەحموودی تارانی بووینە ئاشنا. داودی برای کاک مەحموود دوای چەند مانگێک لە ئەنجامی نیگەرانی دەروونی شێت بوو و، بردیانە شێتخانە. کاک مەحموود بە هەوڵوکۆششی خۆی چووە کۆلێژی پزیشکی و لە نەخۆشخانەی ژمارە پێنجیش لە بەشی تاقیگە دامەزرا. شەوانە لەگەڵ ئێمە ئێشکی دەگرت. هەستمکرد بارودۆخی دارایی باش نییە، بۆیە بڕیارمدا مانگانە بڕی پەنجا ڕۆبڵ وەک هاوکاری بیدەمێ تا کۆلێژی پێ تەواوکرد و دوایی وەک پزیشک لە پۆلی کلینکی شاری هەشت کیلۆمەتری نزیک ماڵی خۆیان دامەزراو بوو بە خاوەنی دوو کوڕ و کچێکی جوان. ژیانی بەرەو باشی دەچوو. بەردەوام بە باوکی دەگوت باوکە ئەوە هەمان ئەو مەملەکەتەیە کە باست دەکرد و دەتگوت سێوێکی هەیە ئەگەر لە دەمت هاویشت وەک شەکر دەتوێتەوە و بۆخۆی بەهەشتێکە، دەی ئەدی کوا بەهەشتەکە؟
باوکی کاک مەحموود دوای مردنی هاوسەرەکەی ژنێکی دیکەی هێنا، بەڵام ژیانی بەرەو ناخۆشی رۆیشت. لە نێوان منداڵەکان و باوکیشیدا کێشەی زۆر سەریان هەڵدا. هاوسەرەکەی دکتۆر مەحموودیش لە بانکی ناوەندی دامەزرا. ژیانێکی باشیان هەبوو.
لێرەدا بابەتەکەم کۆتایی پێدێ، بەڵام خوێنەرانی هێژا ئامانج لە نووسینی ئەو بابەتە سەرەڕای خواستی خۆم کە خزمەتێکم بە فەرهەنگ و ئەدەبیات کردبێ، دەربڕینی پەند و عیبرەتێکە کە پێویستە ئەوانەی دوای ئێمە ئاگاداربن و هەوراز و نشێوی ئەو قۆناغە دوورو درێژە کە بەرهەمی حەفتا ساڵ ئەزموونە و هێندە سەختیم پێوە چێشتووە وەکو پێشینان دەڵێن بەرداشی زەمانە بووم تکام لە گەنجانی پێگەیشتوو ئەوەیە هیچ کات پێیانوانەبێ ئێران سەرابە و دەرەوە بەهەشتە. دەبێ باوەڕمان وابێ ئەوەی هەیە هەر لەو نیشتمانە و لەو خاکەدایە، ئێمە بە ئیرادەی پۆلاین دەتوانین ئەوە

بکەین بە واقیع و پەندی ئەو باوکە پیرە لەگوێ بگرن، با ئەوانەی لەپێش ئێمەوە بنیاتیان نا، ئێمەش بنیاتی بنێیین.
لە کۆتاییدا هیوادارم ئەو ڕووداوانەی ساڵانی دوای هاتنەوەشم بە شێوازێکی شایستە و ڕاستگۆیانە لە دووتوێی کتێبێکی دیکەدا بخەمە بەردیدەی ئێوەی ئازیز.

بە ئومێدی خودا.
وەسلام. ئاسۆ

وێنەکان



رەحمەتی میرزا مستەفای باوکی ئاسۆ و مەحموودی کوڕی. ئەوە یەکەم
وێنە بوو کە بۆ سۆڤیەت بۆی ناردبووم لە مانگی گەلاڕێزانی ١٩٥٧



ئاسۆ لە قۆناغی سەرەتایی- مەهاباد




ئاسۆ لە دەورانی گەنجیدا



ئاسۆی قوتابی خاکەلێوەی ١٩٤١



حاجی عەبدولڕەحیمی زائری حجازی بانگبێژ و دەنگ خۆشی بەناوبانگی مەهاباد. کە سەدو دوازدە ساڵ ژیا.




ئاسۆ. شاری قوبا لە ساڵی ١٩٥٥ دەورانی سەرگەردانی و خوێندن




ئاسۆ. بشاری قوبا ١٩٥٤



میوانداری یەکیەتی نووسەرانی باکۆ بە بۆنەی هاتنی شاعیری ناوداری کورد مامۆستا هەژار. مامۆستا هەژار/ ئاسۆ/ خاتوو رەعنای هاوسەرم لە ساڵی ١٩٥٩



جۆزەردانی ١٩٥٥ نەخچەوان پێش ئەوەی بە نهێنی لە ئاراس بپەڕمەوە



وێنەی بارزانی نەمر

نامەی بارزانی

"بۆ عەزیز و خۆشەویستی خۆم جەنابی موحتەرەم قادر پێشکەشتبێت

لە پاش ئەحواڵ پر سین و سڵاو کردن، چاوانی بەچکە کوردەکانمان ماچ دەکەم، ساڵی تازە تان پیرۆز دەکەم و ئەمەلی خیری و موەفەقییەت بۆ هەموو کورد ستان تەمەننا دەکەین، حەقی میللەتی کورد و وەتەنی ئازیزمان لە سەرە تا ئەو دەرەجەیە کە ئێمە بە پاک و سافەوە عومری خۆمان بۆی سەرفی بکەین و هەرچی لە دە ستمان بێت قسوور نەکەین، نە بە گوفتار و قسە بەڵکی بە عەمەل و کاری موخلیسانە خدمەتی بکەین بە دڵ و رووحەوە، ئیتر قادر کاغەزی تۆم وەرگرتووە ئەوەی بەم تاریخە تان ڕەوانە کردبوو ١٩٥٧/٣/١٧و هەرچی فەرمووتانە هەمووم لێ مەعلووم بوو سەلامی ئێوەش بە هەموو ڕەفیقەکانی خۆمان تەبلیغ کردن و ئەوانیش هەموویان تەبریکتان دەکەن لە ساڵی تازە و عەرزی سەلامیان هەیە لێتان مەعلووم بێت لە ڕەفیقەکانیش هەموویان سەلامەتی و سوئالی سیحەتتان دەپرسن بە عومووم و منیش چاوتان ماچ دەکەم، والسلام

ڕەفیقتان بارزانی مستەفا

١٩٥٧/٤/٤




خوێندنەوەی وتاری زانستی لە کۆنفرانسی مانگانە لە کۆلێژی پزیشکی

ساڵی ١٩٥٨



خوالێخۆشبوو حاجی باقی باوکی خاتوو ڕەعنا و گەلاوێژی کچی



له راسته‌وه دکتۆر ئاسۆ ماموٚستا هه‌ژار گرتسن رۆژنامه‌نووسی

ئازه‌ری ۱۹۷۱



دکتۆر ئاسۆ/ مامۆستا هەژار ۱۹٦۰

УДОСТОВЕРЕНИЕ

Настоящее удостоверение выдано Махмуд-Заде
Кадыр Мустафа оглы
в том, что он(а) с 4 сентября 1973 г.
по 30 декабря 1973 г. повышал(а) свою
квалификацию на базе Азерб. Гос. Института
Усовершенствования врачей
по циклу общей хирургии

Тов. Махмуд-Заде К.М. овладел(а)
знаниями и навыками в соответствии с утвержденным
учебным планом и программой и сдал(а) установленные
испытания с оценкой отлично

30 декабря 1973 г.

№ 672

بڕوانامەی پسپۆڕی گشتی نەشتەرگەری
دکتۆر قادر مەحموودزادە – ئاسۆ بە پلەی نایاب

СОЮЗ СОВЕТСКИХ СОЦИАЛИСТИЧЕСКИХ РЕСПУБЛИК

ДИПЛОМ

ДН № 022911

Настоящий диплом выдан Махмуд-заде Кадыру Мустафа оглы

в свидетельствует о том, что он в 1955 году поступил в Азербайджанский Государственный Медицинский институт

и в 1961 году окончил полный курс названного института

по специальности лечебное дело

Решением Государственной экзаменационной комиссии

22 июня

присвоена квалификация врача

Особым решением Государственной экзаменационной комиссии

присвоено звание врача

Настоящий диплом дает право на самостоятельное выполнение всех работ, связанных с полученной квалификацией и специальностью.

Баку

UNION OF SOVIET SOCIALIST REPUBLICS

DIPLOMA

ДН № 022911

This is to certify that Mahmoud-Zade Kadir Mustafa

was admitted in 1955 to Azerbaijan State Medical Institute

and in 1961 completed the full course of above-mentioned Institute

having specialized in General Practice


By the Resolution of the State Examination Commission of June 22 1961 he/she is qualified as General Physician

By the special decision of the State Examination Commission he is conferred the degree of Doctor of Medicine

He/she is entitled by this Diploma to carry out independent work of any kind connected with the above-mentioned qualification and speciality

Baku

دبلۆمی کۆلێژی پزیشکی



قازی محەمەد لە رۆژی دووی ڕێبەندانی ١٩٤٥ وەکو پێشەوا هەڵبژێردرا و بە خەڵکی گوت ئەو کورسی سەرۆکایەتییە کورسی سێدارەشی بەدوادا دێ. هەروەکو چەند جارێکی دیکەش گوتوومە من لە خەڵکم و خوازیاری ئاشتی و ئازادیم. دەمەوێ دادپەروەری لە وڵاتەکەمدا باڵادەستبێ و خەڵک لە بەختەوەری و ئازادیدا بژین.

پرۆژەی هاوبەش



نرخ : ١٥٠٠٠

AWER 824 | Hevi Printing

Nawandi Awer

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە